# واتە

# 20

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئادار ٢٠١٢

کۆواری واتە

بەهاوبەشی لە نێوان

دەزگای شەفەق لە کەرکووک و

دەزگای ئاراس لە هەولێر

دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com

وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com

تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، ئاریان ئەحمەد

# بارزانی لە سی و سێیەمین ساڵوەگەڕی کۆچکردنیدا
# کاریزمای کەسی و واقیعبینیی سیاسی

د. عەبدولحوسێن شەعبان

ئەگەر شیاو بێ بڵێین ڕۆمانی ڕووسیایی لەژێر پاڵتۆکەی گوگڵەوە دەرچووە، ڕەنگە شیاویش بێ بڵێین بزووتنەوەی هاوسەردەمی کورد لە مێژووی دەوڵەتی نوێی عێراقدا، لەژێر جەمەدانییەکەی مەلا مستەفای بارزانییەوە هاتووەتە دەر.

ئەم گوتەیە کە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق ڕاستە، دوور نییە باڵ بەسەر بەشەکانی تری کوردستانیشدا بکێشێ. ئەویش بەهۆی ڕۆڵی دیار و بەرچاوی سەرکردایەتیی بارزانی و پێگەی ئەم کەسایەتییە لای گشت نەتەوەی کوردە، ئەو بەهۆی توان و پێگە و لێهاتوویی و دووربینیی خۆیەوە توانی زۆر شت بۆ گەلی کورد بهێنێتە دی و، ناوی پرسی کورد لە گۆڕەپان و کۆڕبەندە جۆرەوجۆرەکاندا بەرز بکاتەوە، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١١ی (سێپتەمبەر)ی ١٩٦١ لە کوردستانی عێراقدا، ئەمەش سەرباری گشت دۆخە ئاڵۆز و دەستوەردانە دەرەکییەکان و دۆخی ململانەی ناودەوڵەتیی سەردەمی شەڕی سارد، بەتایبەتیش لەگەڵ ونیی پرسی کورد لە ڕێڕەوە ناودەوڵەتییەکان، لە ١٩٢٠ـەکانەوە و دوای پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ١٩٩١، کاتی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی لە ٥ی نیسان (ئەپریل)دا دەرچوو لە پێناو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و ڕاگرتنی ئەو سەرکوتینەوەیەی ناوچەکانی کورد و سەرجەم ناوچەکانی تری عێراقی گرتبووەوە، بەو پێیەی کە هەڕەشەیە لە ئاشتی و تەناهیی ناودەوڵەتی.

کەسایەتیی بارزانی چەندان خاڵی بەهێزی لە خۆیدا کۆ کردبووەوە کە دەگمەنە ئەو خاڵانە بەیەکەوە لە یەک کەسێکدا هەبن. خاڵەکانیش بابەتی و خۆیین. ئەوەتا ئەو لە بنەماڵەی ناوداری بارزانی خاوەنی ڕێبازی نەقشبەندییە، کە دەسەڵاتێکی ئاینی و ئابووری و واتەیی گەورەیان هەیە.

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان



بارزانی نەمر

هەروەها لە خێزانێکی خەباتکەری ئازایە کە بەشداریی کردووە لە گەلێ بزاو و سەرهەڵدانی دژ بە حوکمڕانیی عوسمانی و دواتریش کاتێ کە عێراق کەوتە ژێر ڕکێفی بەریتانیا، بۆیە بە ڕێککەوت نەبووە ناوچەی بارزان لە ماوەی سەتەیەک و چەند ساڵێکدا ١٧ جاران وێران و تاڵان بکرێ و چەندان جاریش بۆمباران بکرێ.

***

بارزانی لە دۆخگەلێکی سەختدا پەروەردە بوو، ئەو کە تەمەنی بوو بە ٣ ساڵ لەگەڵ دایکی لە گرتیگەی مووسڵدا هاتنە گرتن. هەروەها (عبدالسلام)ی برای لەسێدارە درا. ئەو منداڵە لە سایەی دۆخی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی ململانە و بەرپەرچدانەوەی خۆسەپاندنا گەشەی کرد، لە سایەی بەرگریکردن لە خۆ و لە مافگەلی کورد، چ بە بەشداری لە شۆڕشی ١٩١٧-١٩١٩ی کوردستانی تورکیا و چ بە بەشداری لە سەرهەڵدانەکەی ساڵی ١٩١٩ی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی، بەڕێنوێنیی شێخ ئەحمەدی بارزانیی برا گەورەی.

لە ١٩٣٠یـەکانیشدا بەشداریی ئامادەکاری و جێبەجێکردن و پێشڕەویی بزووتنەوەکانی بارزانیی کرد و، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٦ لە مووسڵ هاتە گرتن و، خۆی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە بارزانییەکان بەرەو بەغدا و چەند شارێکی تری عێراق ڕاگوێزران و لەوێ دەستبەسەر کران، کە ئەمە کارێک بوو حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دژ بە کورد ئەنجامیان دەدا، کە بە بیانووی دۆخی تەناهییەوە ڕای دەگوێزان و لە ناوچەکانی خۆیانی دوور دەخستەوە.

لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا، بارزانی (ساڵی ١٩٤٣) توانی ڕابکات و بگاتە گوندی "شنۆ" لە ئێران، ئەویش وەک هەنگاوێک بەرەو گەڕانەوە بۆ بارزان و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی بارزان لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥، ئەوە بوو بارزانی شارەزاییی لە سەرکردایەتیی سەربازی پەیدا کردبوو، هەروەها توانیکی سیاسیشی بەدەست هێنابوو و ئەم لێهاتووییە لە سەرکردایەتیدا بەرهەمی خۆی هەبوو لە بەشداری لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا. ئەوە بوو بارزانی بەشداریی لە بەرگری لە کۆماری "کوردی"ی مەهابادی ئێران کرد لەگەڵ قازی محەمەد کە لە ١٩٤٧ کرا بەدارەوە، ئیتر بارزانی دوای ئەوەی گشت دەرگەکانی بە ڕوودا داخران ناچار بوو کوردستان بەجێ بهێڵێ و، داوای پەنابەریی سیاسی بۆ خۆی و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی لە یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو بکا و، نێزیکی ١٢ ساڵ لە مەنفا بژی.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٩٥٨، توانی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ بگەڕێتەوە عێراق، کە پێشوازییەکی ئاهەنگئامێزی لێ کرا لەلایەن حکوومەتی شۆڕش و زەعیم عەبدولکەریم قاسمەوە. لە ڕێی گەڕانەوەشیدا چاوی بە سەرکردەی میسری جەمال عەبدولناسر کەوت لە قاهیرە، بە مەبەستی جەختکردن لە گرینگی و پێویستیی برایەتیی عەرەب و کورد. هەروەها

بەندەر بەسـرای عـەرەبیـی هەڵبژارد بۆ ئـەوەی بیکاتە یەکـەمین وێسـتگەی گەیشـتنی بۆ عـێراق و لەوێوە بەرەو بەغدا چوو و ئینجا بۆ کوردستان.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە بارزانـی لە عێراق و ئێران حوکمی لەداردانی بۆ دەرچووبوو و پێـشـتـر ئـەو دوو حکوومـەتە ٥٠ هەزار دیناریـان کـردبووە خـەڵات بۆ ئەو کـەسـەی بیگرێ یان زانیاریی لەسـەر بدا (١٩٤٣). حکوومەتی تورکیاش، ماوەیەک پێش ئەوە، شێخ ئەحمەدی لە ساڵی ١٩٣٣ گرتبوو و ڕادەستی حکوومەتی عێراقی کردبووە کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕەهەندی نەتەوایەتیی بزووتنەوەکەی لەلایەک و، بۆ ڕۆڵی جوگرافیای سیاسی لە پەککخستنی خواستەکانی گەلی کورد و مـافـەکـانی لەلایەکی ترەوە و، هاوکـاری و دەسـتـێکەڵیی حکوومـەتی و تەناهیی نێـوان ئەو سێ حکوومـەتە کـە بۆ مـاوەی سێ چارەکە سـەتە و زیاتریش نیشـانەی هەرە زەقی سیـاسـەتەکانی ئەو سێ دەوڵەتـە بوو لە بەرامـبەر پرسی کورددا، لـە سـاڵانی ١٩٩٠ـەکانیـشـدا بەرپرسـانی ئێـران و تورکـیـا و سـووریا بە شـێوەیەکی دەوری کـۆ دەبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی پرسی کـورد لە عـێـراق، هاوشـان لەگەڵ پێشـهاتـەکانی دروسـتـبوونی قـەوارەیەکی کوردی جیـا لە حکوومـەتی ناوەندی لە عێراقدا.

***

بارزانی توانـی بە توندی بەرگـریی چەسـپـاوی خـۆی و بڕوای بێ سنووری بەپرسی گەلـەکەی و ڕەواییی ئەو پرسـە، کۆ بکاتەوە لەگەڵ توانی بەرفرەوانی خـۆی بۆ تێگەیشتنی سروشتی پێوەندیی تایبـەت لـەگـەڵ گـەلی عـەرەب. ئـەمـەش پێگەیەکی گـەورەی بۆی دابین کـرد، نـەک تەنیـا وەک سەرکردەیەکی دیاری خۆنەویستی کورد، بگرە وەک کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانیی عێراقیش کە ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە سیاسـەتی عێراق، بە تایبەتی لەو ٣٠ ساڵەی بەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨دا هاتن، چونکە نەدەکـرا پشـتگوێ بخـرێ و، نـەدەکـرا لە هـەر چارەسـەرێک بۆ تەنگژەی درێژخایانی حوکمڕانی لە عێراق دوور بخرێتەوە.

بۆیە حکوومـەت و "شـۆڕش" و کـودەتا سـەربازییـەکـان هەوڵـیـان دەدا ڕای ئەو وەرگـرن و بزانن هەڵوێسـتـی چیـیـە پێش ئەنجـامـدانی ئـەو کـارە یان یەکـسـەر دوای ئەنجـامـدانی، چونکە ئەو نوێنەرایەتیی خواسـتی شـەقامی کوردی دەکرد، ئەمـە دوور لەو ڕێککەوتن و جیـاوازییـەی لەسـەر سیاسـەت و ڕێبازی ئەو هەبوو لەلایەن سیاسەتوانانی تر و هەڵسەنگاندنەکانی دواتر.

ئەگەرچی بارزانی لە دوورەوڵات و دوور لەو خـاکـە پیرۆزەی کوردسـتـان، کە خـۆشی دەویست، سـەری نایەوە، بەڵام بەپێی وەسـیـەتی خـۆی روفـاتەکەی هـێنرایەوە بۆ ئەوەی لـە (بارزان)ی زێد و واری منـداڵیی بنێـژرێ. بـارزانی لە ١ی ئادار (مـارس)ی ١٩٧٩ لە وڵاتە یەکگرتووەکـان کـۆچی دوایـیی کـرد و، لە شـارۆکـەی (شنۆ)ی ئێرانیی (نێزیک لە سنوور) و روفـاتەکـەی پێشوازییـەکی مـیللیی لێ کـرا و لە سـایەی کـەشـێکی پڕ خـەم و شکۆ و وەفـاداری لە ١٦ی تشـرینی یەکـەم

(ئۆکتۆبەر)ی ١٩٩٣ هاتە ناشتن و، ئێستا گەلی کورد و دۆستانی دەتوانن سەردانی مەزاری بارزانی لە ناوچەی بارزان بکەن و، ساڵانە ڕێپێوانی میللی لە ساڵوەگەڕی کۆچی ئەودا ڕێک دەخرێن.

نووسەری ئەم دێرانە، لە ١ی ئادار (مارس)ی ٢٠٠٠دا لە کاتی سەردانی کوردستان بۆ وانەگوتنەوە بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەدین (کۆلێجی یاسا و سیاسەت)، چاوی بە کەوتنەڕێی کۆمەڵانی هاووڵاتییان کەوت کە لە بەیانییەکی زووەوە لە گشت ناوچەکانی کوردستانەوە کەوتبوونە ڕێ بەرەو بارزان. ئەو دیمەنە کاریگەری زۆری بەسەر دەروونی بنووسەوە هەبوو کاتێ دیتی کوردستان بەرگی جوانیی بەهاری پۆشیوە و بە خەمباری و هەستی پەرۆشی و لە بەرچاو دوورکەوتن نەخشاندوویەتی. ئیتر سەردانی مەزاری بارزانی بووە نەریتێکی میللی بۆ دەربڕینی پێوەندیی هاووڵاتییانی کورد بە سیمبولەوە. لەوانەشە کورد ویستبیان لە ڕێی دیمەنی ئاهەنگئامێزی وشیارانەوە نەک هەڕەمەکی، پێوەستی خۆیان دەربڕن بەو ڕێبازەوەی کە بارزانی هەڵی بژارد و بە ڕەواییی ئەو پرسەوە کە خۆی لە پێناودا بەخت کرد.

***

## بێهاوتایی لە نەرمی و واقیعبینی

بارزانی سەرکردەیەکی بێ هاوتا بوو، بە گشت مانایەکی ئەم وشەیەوە و، توانی جەختکرد و گیانی بەرگری لەلایەک، کۆ بکاتەوە لەگەڵ نەرمی نواندن و ئامادەیی بۆ چارەسەری قۆناخئامێز لەلایەکی ترەوە. لە پاڵ گیانی هەست بە گەورەیی و شانازیی نەتەوەییدا ڕێزی لە گەل و نەتەوەکانی تر دەگرت و بە تەوازووع و ئەدەبێکی زۆرەوە ناسرابوو. هەرچەندە ئەو شۆڕشوان و بەرهەڵست و هێرشبەر بوو لە مەیدانی شەڕدا، ئەوەندەش ئاشتیخواز و لێبووردە و دژ بە توندوتیژی بوو بەتایبەتی بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان و بێ چەک.

کاتێکیش کە پرسیارم لە برای مامۆستا مەسعوود بارزانی کرد، بۆ ئەوەی ئەم وێنەیە ڕوونتر و کامڵتر بکەم، پێمی گوت: دوای ئەو هەوڵی کوشتنەی کە لە ڕێگەی ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژەوە ئەنجام درا، کە دەزگە ئەمنییەکانی بە سەرۆکایەتیی نازم گزار، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی ئەو سەردەمە، پێی تاوانبار کران (١٩٧١)، کۆمەڵێک زانیاریمان دەست کەوت و ئەوەمان خەملاند کە دەتوانین بە هەمان شێوە وەلامیان بدەینەوە و پلانەکەمان سەرکەوتوو دەبێ، کاتێکیش کە ئەو زانیارییانەمان خستە بەردەستی بارزانییەوە ڕووی گرژ کرد و، سەرەتا هیچ وەلامێکمانی نەدایەوە، دواتر هەستا دەستنوێژێکی گرت و نوێژی کرد، ئینجا پێمانی گوت: ئێمە وەلامی تاوان ب تاوانی هاوشێوەی نادەینەوە، چونکە منداڵ و ئافرەت و بێتاوان دەبنە قوربانی، بۆیە بە توندی ئاگەدارتان دەکەمەوە و تکاتان لێ دەکەم دوور بکەونەوە لە بیرکردنەوە لەم جۆرە کارانە.

لەگەڵ ئەوەشی کە بەکارهێنانی چەک لە شۆڕشی کوردیدا بۆ بەرگری لەخۆکردن بوو، ئەو شۆڕشە خۆی لە "تیرۆر" بەدوور گرت و بارزانی ئەو جۆرە کارانەی بە ترسنۆکی دەژمارد نەک بەرگری و خۆپاراستن. ئەمەش بوو کە وای کرد کەسایەتییەکی وەک کرایسکی، ڕاوێژکاری نەمسا، شۆڕشی کورد بە "شۆڕشی خاوێن" وەسپ بکا چونکە تا پێی کرا لە کردەوەی تێکدەری و تەقینەوە و توندوتیژی و تیرۆر و ئەو کارانەی کە زیان بە هاوولاتیی بێتاوان و بێ چەک دەگەیەنن دوور خستەوە. چالاکییە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە بریتی بوون لە بەرگری لەخۆکردن و هەندێ جاریش هێرشکردنە سەر هێز و پێگە سەربازییە حکوومەتییەکان لە کوردستاندا، بەتایبەتی هێزە هێرشبەرەکان.

دروشمی بارزانی بریتی بوو لە "لێبووردن لە کاتی دەستڕۆیشتندا" و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ جاشەکان دەکرد و پێشوازیی لەوانە دەکرد کە شوێنەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت، هەرچەندە دەیزانی ئەوانە ناپاکییان لە گەلی خۆیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە نەرمی و بەرپرسیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم توێژە دەکرد و، تێگەیشتنی بۆ ئەو پاڵەپەستۆیانە پێشان دەدا کە ئاراستەیان کرابوو، جگە لە تەماحیش، کە وایان دەکرد بارودۆخەکان بێنە گۆڕین و هەڵوێستیش بگۆڕن بەرامبەر بە ڕێبازی لێبووردەیی ئەو و بەتایبەتی ئەو کاتەی کە دەستبەرداری پێوەندی لەگەڵ ئەو لایەنە دەبوون کە گەلی کوردی خۆش نەدەویست.

بزووتنەوەی کورد لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشت و، دوای سەرهەڵدانی ئادار (مارس)ی ١٩٩١، توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ بەسەر پارێزگە کوردستانییەکاندا و ژمارەیەکی فرە زۆر لە ئەفسەر و سەرباز و کارمەندانی حکوومەتی و حزبی بەعسی بە دیل گیران، بەلام بەگشتی بەشێوەیەکی مرۆیانە مامەڵەی لەگەڵیان کرد (جگە لە هەندێ حاڵەت) و بەپێی ڕێنوێنییەکانی "بەرەی کوردستانی" و بەتایبەتی مەسعوود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرباری گشت ئەو تاڵی و ئازارانەی گەلێ کورد چەشتبووی و بەتایبەتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٦–١٧ی ئاداری ١٩٨٨، کە ٥٠٠٠ هاوولاتی بوونە قوربانی و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کە دەیان هەزار هاوولاتیی کوردی بێ چەکی کردە قوربانی و، سیاسەتی خاکی سووتاو کە بووە هۆی ڕووخاندن و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و شارۆکە لە سەردەمی شەڕی عێراق– ئێراندا.

بزووتنەوەی کورد سوودی لەم پراوە سەرەتاییە وەرگرت و، ئامادە بوو لە کاتی ڕووخاندنی ڕێژیمی پێشوودا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاسەوانانی سنوور و ئەو کوردانەی بۆ حکوومەت کاریان دەکرد بە شێوەیەک کە دڵنیایان بکا، بەتایبەتیش لە ڕێی دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی تۆڵە و فێڵ، ئەمە ئەو شتە بوو کە گشت عێراقییەکان، نەک تەنیا کورد، پێویستیان پێی هەبوو بۆ بنیاتنانەوەی نیشتمان و بڵاوکردنەوەی کەشی ئاشتی و لێبووردەیی و ڕزگاربوون لە ژیگەی ڕق و کینە.

***

## وانەکانی ئەزموونە مێژووییەکە!

دەتوانم بڵێم کە بارزانی بەشێوەیەکی زیندوو و لە ڕێی ئەزموونی مێژوویی دەوڵەمەندی خۆیەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا، گرینگترین وانەکانی پێوەندییە دەرەکییەکان تێ گەیشت، بەتایبەتی لە بواری پێوەندی لەگەڵ هێزە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان، کە لە گوتەکەی کیسنجەری وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئەخلاق خۆی دەنوێنێ، بەتایبەتیش ئەمە لەوەدا دەرکەوت کە بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کورد کرانە قوربانیی بەرژەوەندییە ستراتیجییە باڵاکانی ئەمەریکا لە بواری پێوەندیی ناودەوڵەتی، کە ئەم پرسە ڕەنگە کرۆکی ستراتیجیی تورکیا و ئێران و ئیسرائیلیش بێ لە ناوچەکەدا، کاتی هەریەک لەمانە هەوڵی دا پرسی کورد لە عێراق بۆ قازانجی خۆی بەکار بهێنێ.

بارزانی بەهەستێکی تاڵەوە ئەم ڕاستییەی دەربڕی، کە لە نامەکانی بۆ ئیدارەی ئەمەریکا ئاشکرایە، بۆیە ناکرێ بە هیچ شێوەیەک پشت بە پێوەندی لەگەڵ دوژمنانی عەرەب ببەسترێ و بەدۆستی کورد بێنە ژماردن، هەروەها ناشکرێ عەرەب پشت بە دۆستایەتیی دوژمنانی کورد ببەستن، ئەم ئەنجامە گرینگە یەکێک بوو لە وانەکانی نسکۆی ١٩٧٥ بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ٦ی ئادار (مارس) لە نێوان شای ئێران، محەمەد ڕەزا پەهلەوی و سەرۆکی پێشوو سەدام حوسێن (کە ئەو کات جێگری سەرۆک بوو).

هەروەها بارزانی بەشێوەیەکی قووڵتر و بەتایبەتی دوای ڕێککەوتنی (بەیاننامەی) ١١ی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە گرینگی و پێویستیی دانانی پرسی کورد لە شوێنی گونجاوی لەنێو پرسی عێراق تێ گەیشت، چونکە بەش کار لە گشت دەکا و گشتیش کار دەکاتە سەر بەش. بۆیە چارەسەری نیشتمانیی دیموکراسی و برایەتیی عەرەب- کورد بەردی بناخەی چارەسەری کێشەی کوردە لە چوارچێوەی کێشەی حوکمڕانی لە عێراق بە گشتی.

بارزانی تێ گەیشت لە پێوەستی ئۆرگانیی نێوان چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و پرسی دیموکراسی، چونکە ناشێ باسی مافی گەلی کورد بکەی لە عێراق یان لە بەشەکانی تری کوردستان بەبێ ئەوەی باسی دیموکراسی بکەی، چونکە نەبوونی دیموکراسی دەبێتە مایەی بەرتەسکیی بواری چارەسەری پرسی کورد و دانانی بەمافەکانی گەلی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە، هەروەها ئەو چارەسەری سەربازیی بەنێزیکتر زانی کە ئەویش ناتوانێ بگا بە چارەسەری گونجاو و ڕەوا بۆ پرسەکە، بگرە ئاڵۆزتری کرد.

بۆیە دروشمی بزووتنەوەی نیشتمانیی چەپ و دیموکراتی عێراق، بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر برێتی بوو لە "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" کە واقیعیترین دەربڕینی ئەو سەردەمە بووە و لەو قۆناخەدا بۆ پێکەوە گرێدراویی

چارەسەری دیموکراسی بە تەنگژەی حوکمڕانیی عێراق و چارەی ئاشتییانەی پرسی کورد.

ڕەنگە سەختیی نەبوونی دیموکراسی لەوەدا ئاشکرا ببێ کە گەلی کورد بێبەش کرا لە مافە ڕەواکانی لە دەربڕینی دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی خۆی و بێبەشبوونی لە مافی خۆی لە دەربڕین و ڕێکخستن و بەشداریی سیاسی، کە مافی بنەڕەتین لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی ١٠ی کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ١٩٤٨ هەروەها لە هەردوو پەیمانە ناودەوڵەتییەکە: پەیمانی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و، پەیمانی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، کە هەردووکیان ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکران و، لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە کاریان پێ دەکرێ و دان بە مافی چارەنووسیندا دەنێن.

لەوانەشە خەمی نەبوونی دیموکراسی خۆی لەوەدا نواندبێ، کە دەوڵەتی عێراق بەردەوام خۆی دزیوەتەوە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی لە پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییانیدا، بە تایبەتی مافی هاووڵاتیبوونی تەواوی بێ جیاکاری و، ئەو حکوومەتە یەک لە دوای یەکانە بەردەوام بوون لە قۆرخکردن و دەستگرتن بەسەر حوکمڕانیدا و ئەمەش بووە مایەی زیادبوونی حەزی پێشێلکردنی مافەکان لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی شموولیی ستەمکار، بە ڕادەیەک کە وردە وردە بنکە جەماوەرییەکەی تەسکتر بوو لە پاڵ بەردەوامیی بێبەشی گەلی کورد لە مافە ڕەواکانی و بەتایبەتی مافە بنەڕەتییەکەی کە مافی چارەنووسینی خۆیەتی.

لەوانەیە ڕێگری لە بەشداریی سیاسی لە بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی و گەیشتن بە پۆستە باڵاکان یەکێک بێ لە ئیشکالییەتەکانی دەوڵەتی عێراق هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە. ئەم شتەش لەگەڵ بەردەوامیی دوورخستنەوەی گەلی کورد و جیاکردنەوەی زیاد بکات. تاقیکردنەوەش ئاشکرای کردووە کە پرسی کورد ناکرێ چارەسەر بکرێ بەبێ دانان بە سیستمێکی فرەلایەنی دەستووریی پەرلەمانی. ڕێگەکان لە بەردەم ئەزموونی یەکەمدا بەرتەسک بوون لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١دا و دەرچوونی یاسای بنەڕەتی لە ١٩٢٥دا، کاتێ پەڕاوێزە شێوەییەکان کەم کرانەوە و شڵەژان لە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق دروست بوو بە پشتگوێخستنی بوونی نەتەوەییی کورد و گرێدانی وڵاتەکە بە پەیمانی بێگانە کە پاشکۆیەتیی وڵاتیان زیاتر کرد، بەتایبەتیش دوای پەیمانی بەغدا (پەیمانی سنتۆ- پەیمانی پەیماننامەی ناوەندی) لە ١٩٥٥دا.

## پرسی کورد لە ڕووی یاساوە

سەرباری ئەو پێشکەوتنەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ڕووی دا، بە دانان بە هاوبەشیی عەرەب و کورد لە نیشتمانی عێراقیدا (مادەی ٣) کە بە یەکەمین دەقی دەستووری دێتە ژماردن کە دانی نابێ بە مافی گەلی کورددا، کەچی شڵەژانی دۆخەکە و داوای کورد بۆ تەواوکردن و پێشخستنی مافەکانی و وەرچەرخانی ڕووی وڵات بەرەو تاکڕەوی، بوونە مایەی تەقینەوەی دۆخەکە

و بۆمبارانی ناوچەی بارزان لە ١٩٦١ کە لەو ساڵەدا شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتیی بارزانی هەڵگیرسا.

ڕێککەوتن (بەیاننامە)ی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە نێوان حکوومەتی دوکتۆر عەبدوڕەحمان بەزاز و سەرکردایەتیی بارزانی وەک ئاگربەستێکی درێژخایان دەهاتە بەرچاو و، ئەو ئاشتییەی بەهۆیەوە هاتە کایەوە دڵەڕاوکێ و کەشی نەبوونی متمانەی و چاوەڕوانیی لەگەڵدا بوو و ئومێدی نەبوو ببێتە مایەی ئەو چارەسەر و خواستانەی گەلی کورد دەیویست.

ڕێککەوتنی (بەیاننامەی) ١١ی ئاداری ١٩٧٠ گرینگتر و فرەوانترین وێستگە بوو کە دانی بە مافەکانی گەلی کوردا نا. بەباشترین و قووڵترین دەقی سیاسی و یاسایی دێتە ژماردن کە گەلی کورد بەدەستی هێنابێ، لە مێژووی نوێیدا و، لە کاتی دامەزراندنی حوکمی ئەهلییەوە لە عێراق لە ١٩٢١ تا ئەمڕۆ. هەروەها بەیاننامەی ١١ی ئادار کاتی خۆی دەقێکی دیار بوو بەگوێرەی وڵاتانی ناوچەکە کە کێشەی کوردیان هەبوو و بەتایبەتی تورکیا و ئێران و سووریا.

بەیاننامەی ١١ی ئادار بنەوای دروستی دانا بۆ چارەسەری سیاسییانەی گونجاو بۆ پرسی کورد، کە دەکرا پێش بخرێ و قووڵ بکرێتەوە لەسەر بنەمای لەیەکگەیشتن و تەوافوق و بەرژەوەندیی هاوبەش دوور لە چارەسەری سەربازی و توندوتیژ کە تەنیا بووە مایەی دۆڕان و نائومێدی و شکستی بەردەوام. لەسەر بنەوای ئەو بەیاننامەیەش، یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی ١٩٧٤ هاتە داڕشتن. ئەو یاسایەی بەپێشهاتێکی گرینگ لە پرسی کورد دەهاتە ژماردن لەلایەن حکوومەتەکانی ناوچەکەوە، سەرباری گشت ئەو کەموکورتی و ناڕێکییانەی لە یاساکە و هەڵسوکەوتەکانی حکوومەتی لە دوای دەرچوونییەوە هەبوون، بە جۆرێک کە بوونە مایەی پووچکردنەوە و داماڵینی دەسەڵاتەکانی لە ڕووی کردەنییەوە.

دەلالەتی ئەو پێشکەوتنە لە پرسی کورد، لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە، بریتی بوو لە داڕشتنی دەستوورێکی نوێی (کاتی) بۆ وڵات لە ١٦ی تەمووزی ١٩٧٠ (تا داگیرکردنی عێراق لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ کاری پێ کرا)، ئەو دەستوورە داڕشتنێکی زۆر گرینگی هەبوو کە مایەی سەرنج بوو، هەرچەندە دەق خۆی لە خۆیدا گرینگ نییە و گرینگ کارکردنە بە دەقەکە، کە ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی دەقە نوێ و کارپێکراوەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوەی ٢٠٠٤ لە بەرچاو گیرا، هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی ٢٠٠٥، چونکە ئەزموونی پێشوو ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دانانی بنەواکانی دەستبەرداریی شێوازە توندوتیژەکان و سەربازییەکانی پرسی کورد، کە یەکێکە لە وانەکانی ئێستە و داهاتوو.

ڕەنگە ئەوەی کرایە بناخە، بە دەستپێکردن لەو بنەوا دەستوورییەوە کە هەندێ دەقی چەسپاند و پێشیانی خست بەشێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ پێداویستییەکانی پێشکەوتن و داواکارییەکانی گەلی کورد و مافەکانی ئەوانەی کە پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ بەدەرکردنی یاسای

یەکەتیی فیدراڵ دیارییانی کرد.

توێژەر هەست دەکا کە هەبوونی دەقێک کە دەڵێ گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێ کە عەرەب و کوردن، وەک لە مادەی پێنجەمدا هاتووە، بابەتێکی گرینگە لە پێشکەوتنی دەستووریی پرسی کورد، چونکە ئەو دەقە دوو دەربڕینی پڕ واتا لەخۆ دەگرێ کە یەکەمین جارە لە یاسادانانی عێراقیدا بەکار دێن، کە دەڵێ "نەتەوەی کورد" و "گەلی کورد".

مادەی ٧ی دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٧٠ (بڕگەی ب) جەخت دەکا لەسەر ئەوەی زمانی کوردی دەبێتە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچەکانی کورددا، ئەویش بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئادار کە زمانی کوردیی کردە زمانی خوێندن لەو ناوچانەدا و بڕیاری دا لێهاتوویی و ڕێژەی دانیشتوان لە بەرچاو بگیرێ لە دامەزراندن لە پۆستە باڵاکاندا وەک وەزارەت و سوپا و یەکێ لە جێگرانی سەرکۆمار کورد بێ.

بەڵام بەداخەوە کارەکان بە ئاراستەیەکی تردا چوون، ئەوە بوو شەڕ هەڵگیرسا و هەموو بوارێک بۆ لەیەک گەیشتن و چارەسەری ئاشتییانە نەما، ئەویش بەهۆی ڕێچکەی لووتبەرزی و تاکڕەوی لەلایەک و دەستوەردان و پاڵپەستۆی دەرەکی لەلایەن هێزە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکانەوە، بەتایبەتی ئێران، لەلایەکی ترەوە. ئیتر ئەوە بوو دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ حکوومەت توندوتیژیی زیاتر کرد و ڕێکی خست و چەندان کردەوەی سزادانی بەکۆمەڵ و ڕاگواستنی زۆرەملێی ئەنجام دا بۆ گۆڕینی کەتواری دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی.

وانەیەکی تر کە بارزانی لە ئەزموونی کەسیی خۆیەوە وەری گرت، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، ئەوەیە کە هەر چارەسەرێک چەند ئەرێنی بێ و تا ڕادەگەلی دیار بەدەنگ خواست و مافەکانی گەلی کوردەوە بچێ، بەناتەواوی دەمێنێ و شیاوی دوورخستنەوە دەبێ ئەگەر دەزگەی دەستووری و دیموکراتیی لەگەڵدا نەبن، چونکە دەکرێ فێڵی لێ بکرێ و پووچەڵ بکرێتەوە بەتایبەتی لەگەڵ نەبوونی چاودێری و لێپێچینەوەدا.

هەروەها دەبێ هەر چارەسەرێک بە پاڵپشتیی ویستی گەل بێ و لە گۆڕەپانێکی فرەوان کە بواری هەبێ تیایدا خۆی دەربڕێ، بۆ ئەوەی ببێ بەچارەسەرێکی جێگیر و دامەزراو و بواری پاشگەزبوونەوەی نەبێ و چارەسەرێکی کاتی و شلۆق و لە سەرەوە نەبێ. ئەمەش تەنیا لە سایەی کەشی ئاشتییانەی سروشتیدا دەبێ. ئەو چارەسەرە ستراتیجییە دەستەوارەیەکی سیاسی نابێ لەگەڵ یەکێ لە گرووپە سیاسییەکان، چونکە ئەوە ڕێ خۆش دەکا بۆ خۆدزینەوە وەک ئەوەی لە ئەزموونەکانی پێشتردا ڕووی دا، ڕەنگە ئەو چارەسەرە ستراتیجییەش دانان بە مافی چارەنووسین بخوازێ نەک وەک بەخششێک یان دیارییەک و منەتێک بگرە وەک دانان بە کەتوارێکی پڕ ژان کە تیایدا نەبوونی ئەو داننانە بووە مایەی ئازاردانی گەلی کورد و مافەکانی.

# تێگەیشتنی هەڵە لە فیدرالیزم

کاتێ کە پەرلەمانی کوردستان (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق) لە تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ١٩٩٢ فیدرالیزمی هەڵبژارد، بابەتەکە تەنیا دەربڕینی ئەوە بوو کە هەیە و دانانان بوو بە واقیعی هەرێمی کوردستان لە کاتی دانانی دەستووری عێراقی کاتی یان هەمیشەیی لە داهاتوودا، سەرباری کێشمەکێش و بگرە و بەردە دیارەکان کە تا ئێستا لەبارەی فیدرالیزمەوە هەن، هەرچەندە لایەنەکانیش هاتوونەتە گۆڕان و هەڵوێستەکانیان لەم بابەتە گۆڕیوە، ئەوەی دوێنێ دژی بوو و بە کارەساتی دادەنا بۆ عێراق ئەمڕۆ شاباشی بۆ دەکا و، ئەوەی پشتگیریی دەکرد ئێستا سڵی لێ دەکاتەوە، ئەم هەڵوێستانەش پێوەستن بە دووری و نزیکی لە دەسەڵات و حوکمڕانییەوە. هیچ گومانیشم نییە و لە ڕێی خوێندنەوەم بۆ سیستمی فیدراڵیی دنیایی کە لە نێزیکەی ٢٥ وڵاتدا پێڕەو دەکرێ و ٤٠٪ی خەڵکی دنیا پیادەی دەکەن، بۆم دەرکەوتووە ئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە دەبێتە مایەی گرفتی ڕێبازەکی و کردەنی بەشێوەیەک کە بەردەوام دەبنە سەرچاوەی ناکۆکی و، بە خەملاندنی من ناتوانرێ یەکەتییەکی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتی عێراق ناپارێزرێ بەبێ پتەوکردنی پێوەندی و برایەتیی عەرەب- کورد بە شێوە یاساییەکەی و لەسەر بنەوای هاوبەشایەتیی مرۆڤانە و تێگەیشتنی دووسەرە.

فیدرالیزم، بەبۆچوونی من وەک مافناسێکی عەرەب، جەختکردنە لە ئینتیمای کورد بۆ دەوڵەتی عێراق. ڕەتکردنەوەیەکی یەکجارییە بۆ جیابوونەوە و دابەشبوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکە بۆ چەسپاندنەوەی پێوەندییەکانی عەرەب- کورد و دیاریکردنی بەرپرسیاری لە نێوان حکوومەتی ناوەند (فیدراڵ) و ناوچەی کوردەواری (هەرێمی کوردستان) بەشێوەیەک کە بۆ کوردان زەمانەتی دواڕۆژ و دەسەڵاتگەلێک دابین بکا گونجاو بن لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی کێشەی کورد بە سوودوەرگرتن لە گەیشتنی ئەزموونی ئۆتۆنۆمیی ڕابردوو بەڕێگەیەکی داخراو و، شوێنەوارەکانی ماوەیەکی زۆر لە چەوسانەوە.

پێشتر ڕاستیی هەڵوێستی کوردم لا ڕوون بووەتەوە، ئەویش لە ڕێی چاوکەوتنە زۆرەکانم و هاوڕێیەتیم لەگەڵ بژارەی بیرمەند و ڕۆشنبیر و سەرکردایەتییەکانی کوردەوە، سەرکردە مێژووییەکانی کورد و نەوەی دووەم بە عەقڵانیەت و دووربینی و تێگەیشتنی قووڵەوە بۆ دۆخی جیۆپۆلیتیک و پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان دەڕواننە گرینگیی دروستکردنی سیستمێکی حوکمڕانیی دەستووریی فرەیی فیدراڵ بۆ عێراقێکی دیموکراتی یەکگرتوو، بەڵام ئەم کارە بێگومان وابەستەی پێشهاتەکانی دۆخی سیاسیی ناوخۆیی و هەرێمی و ناودەوڵەتی دەبێ لەگەڵ ئاستی سەرکەوتنی دەوڵەتی عێراق لە بنیاتنانی هاووڵاتیبوونی دروست لەسەر بنەوای یەکسانی، کە لە سایەیدا گشت پێکهاتە نەتەوایەتییەکان بەگوێرەی هاوبەشییەکی ڕاست و دابەشکردنێکی دروستی دەسەڵات و سامانەکان دەگونجێن.

ئەگەر ئەم جۆرە بوارە هەبێ، ئەوا پێویستە دووبارە بنیات بنرێتەوە لەسەر بنەوای دروست و ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن کە دێنە سەر ڕێگەی، بە گفتوگۆ و لەیەک گەیشتن و هاوبەشە مرۆیییەکان، چ ئەوەی پێوەستە بە مادەی ١٤٠ یان بە پرسی کەرکووک یان هەر پرسێکی تر کە پێویست بکا چارەسەر بکرێ لەسەر بنەوای ڕێزگرتن لە مافگەل مرۆڤ و ویستی دانیشتوان بەبێ زۆرداری و شان بەشانی لە بەرچاوگرتنی خەباتی هابەشی عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی تری عێراق و مافە ڕەوا و دادوەرانەکانیان.

پێم وایە کە بەرژەوەندیی کورد، پێش ئەوانی تر، دەخوازێ پرۆژەی گۆڕینی دیموکراسی جێبەجێ بکرێ، کە پێویستە دانـنان بە مافەکانیان لە بەرچاو بگرێ و لە پێشەوەی ئەو مافانەشدا چارەنووسینی خۆیان دێ لەگەڵ ڕێزگرتن لە هەڵبژاردنەکانیان بۆ جۆری پێوەندی لەگەڵ برا عەرەبەکەیان، جا فیدراڵی بێ یان هەر شێوەیەکی تر بێ.

چارەسەرێکی لەم جۆرە دەبێتە مایەی ڕەواندنەوەی ترس و بیانوو و پاساوەکانی مەترسیی "جیابوونەوە" و "دابەشکردن" و "لەتکردن" و "بەبەلقان کردن" و "بەلبنان کردن" و "بەئەفغانستان کردن"، بە تایبەتی لەگەڵ ڕاگەیاندنی ویستی هاوبەش بۆ یەکخستنەوەی دەوڵەتی عێراق بەشێوەیەکی نوێ و ڕەوا، کە ببێتە جێی متمانەی هاووڵاتییان و لەسەر ویستی ئازادانەی ئەوان بنیات نرابێ و بەگوێرەی مافی چارەنووسین کە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی خۆبەزلزانینی نەتەوەیی و شۆڤینیزم لەلایەک و حەزی خۆجیاکردنەوە و تەسکبینیی نەتەوەییش کەم دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم جۆرە چارەسەرە یەکەتیی دەوڵەتی عێراق پتەو دەکا قەوارە هاوپەیمانەکەی بەهێز دەکا لە چوارچێوەی یەکەتییەکی فیدراڵ کە بنەواکەی عەرەب و کورد بن نەک فیدراڵییەک کە لەسەر بنەوای تایەفەگەری و مەزهەبی دانرابێ و ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی نوێ بۆ یەکەتیی عێراق.

## گفتوگۆی عەرەب – کورد

دانـنان بە مافی چارەنووسین دانـنانە بە کەتوارێکی ئازاردەر کە گەلی کورد بەدەستییەوە ناڵاندی و بەهۆیەوە تووشی شەڕی قڕکردن و ڕاگواستن و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە و گومان خستنە سەر نیشتمانپەروەری و بەهاووڵاتیبوون و گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوان و سروشتی دیمۆگرافی بووەوە بۆ تاواندنەوە و شاردنەوەی و بزرکردنی ڕەنگ و سیما تایبەتەکانی.

بەبۆچوونی من، دانـنان بە مافی چارەنووسین لەو کاتەدا کە باسی ژینامەی بارزانی دەکەین، کە ژیانی خۆی بۆی تەرخان کردبوو، چاکەی کەسێک نییە و خەڵاتی لایەنێک نییە (حوکمڕان بن یان بەرهەڵستکار)، وەک لە توێژینەوەکەمدا لە کۆڕی گفتوگۆی عەرەب– کورد لە قاهیرە لە ١٩٩٨ باسم کرد و، پێشتر لەو کۆنگرەیە پێشکێشم کردبوو کە شەرەفی ئەوەم هەبوو ساڵی ١٩٩٢ لە لەندەن ڕێکی بخەم سەبارەت بە "گفتوگۆی عەرەب– کورد" لە چوارچێوەی ڕێکخراوی عەرەبیی

مافەکانی مرۆڤ کە سەرۆکایەتیم دەکرد، بگرە دەربڕینی دیدی مرۆڤانەی دروست و بیرکردنەوەی سەردەمییانەی شارستانییە، بەتایبەتی کە دنیای ئەمڕۆمان دان بە مافی چارەنووسینی گەلانێکدا دەنێ کە قەوارەیان زۆر بچووکە و ڕەنگە تەنیا خێڵگەلێ بن تازە لە دارستانەکانەوە هاتبنە دەرەوە و، ئەوەتا ئالاکانیان دەشەکێتەوە لە ڕێڕەو و کۆڕبەندە ناودەوڵەتی و دیپلۆماسییەکاندا بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، کە ئەمەش لەلایەن یاسا و بنەوا ناودەوڵەتییەکان و بنەواکانی مافەکانی مرۆڤ و بنەواکانی دادوەریی ناودەوڵەتییەوە دانیان پێدا نراوە.

## لەگەڵ بارزانی لە گەلاڵە!

لێرەدا، دوای ٣٣ ساڵ لە کۆچی دواییی بارزانی هەڵوەستە دەکەم، کە ئەوەم بۆ ڕێک کەوت لە بارەگەی خۆی لە گەلاڵە، چاوم بەو سەرکردە گەورەیەی کورد بکەوێ، کاتێ بە سەرۆکایەتیی شاندێک سەردانمان کرد بۆ پیرۆزبایی بەبۆنەی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و بۆ گازاندەکردن لە دەستدرێژییەکانی حکوومەت بۆ سەر هەندێ هێز و تەوژم و کەسایەتیی چەپ و نەتەوەپەروەر و لیبراڵ، ئیتر ئەوە بوو سەرکۆنەی تیرۆری کرد و بەڵێنی دا چیی لەدەست دێ بۆ ڕاگرتنی بیکا و بەشێوەی خۆی برایەتیی عەرەب- کوردی دەربڕی، کاتێ ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی کە ناکرێ بەشە کوردەکە چارەسەر ببێ لەو کاتەدا کە بەشی عەرەبی عێراق لە دۆخێکی چەوتدا بێ.

بارزانی بنەواکانی دیپلۆماسییەت و پرۆتۆکۆل و لێهاتوویی سیاسیی لەبیر نەکرد کاتێ نامەیەکی ئاراستە کرد بۆ ڕیسواکردنی تیرۆر، دوای چەند هەفتەیەک لە بەیاننامەی ١١ی ئادار و لە کاتی خۆیدا وەک ئاگری ناو پووش بڵاو بووەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر هەستیار بوو بەرامبەر بە تیرۆر بۆیە بە ئاشکرا ڕەخنەی لە حکوومەتی عێراق گرت و وریاداریی پێی دا لە ئاکامی بەردەوامی لەو ڕێیەدا.

دەستپێشخەریی بارزانی بە ناردنی نامەیەکی پشتگیری، کاریگەریی زۆری هەبوو لە هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، لەو کاتەدا مامۆستا ساڵح یوسفی (سەرنووسیاری تەئاخی)ی ڕاسپارد بە ئامادەیی مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا و مامۆستا عەلی سنجاری و دوکتۆر مەحموود عوسمان و مامۆستا فرەنسۆ هەریری.

ئەو نامەیە یەکەمین ئاگەدارکردنەوەی ئاشکرا و ئاماژەی نەرێی ئاشکرا بوو دژ بە هەڵسوکەوتە سەرکوتکەرەکان، چونکە بەیانی ١١ی ئادار نەدەکرا جێبەجێ بکرێ لە سایەی داڕمانی کرانەوەی سیاسی و خاوەخاوکردن لە ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی، کە سەمامی ئەمانی بەدەنگەوەهاتنی داخوازییەکانی گەلی کوردن.

بارزانی لە نامەکەیدا بەڵێنی دا چیی لەدەست دێ بۆ ڕاگرتنی ئەو دەستدرێژی و تیرۆرە ئەنجامی بدا و قسەکانی خۆی بەم ئایەتەی قورئان بەکۆتا گەیاند "لا یكلّف الله نفسا الا وسعَها"

خوا ڕاستی گوت.

بۆ بەدواداچوونی ڕێنوێنییەکانی، هەوڵی دا پێوەندییەکی تایبەت لەگەڵ مامۆستا سامی عەبدوڕەحمان (وەزیری دەوڵەت لەو سەردەمە) دروست بکا بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە لە ڕێی ڕۆژنامەی تەئاخی و پێوەندییەکی تریش لە ڕێی لقی پێنجی پارتییەوە لە بەغدا، لەوێ برایانی بەرپرس چەند زانیاری و ئاگەدارییەکیان لە من وەرگرت لەبارەی ئەو هەڵمەتەی حکوومەت دژ بە ژمارەیەک چەپ و نەتەوەپەروەرەوە ئەنجامی دەدا، هەروەها دژ بەژمارەیەک ڕێکخراوی فەلەستینی، لە دۆخێکی زۆر هەستیار و مەترسیداردا.

## بەدڵ عێراقی و بەناسنامە کورد

بارزانی ناسنامەی عێراقی بوو و بە ئینتیما کورد بوو، ڕووکاری نیشتمانپەروەر و سیمای نەتەوەیی بوو. سەرباری گشت ڕەشەباکان و هۆکارەکانی کێشمەکێش و جەمسەرگیریی ناودەوڵەتی و هەرێمایەتی و پاڵەپەستۆی زۆر، توانی ئەوەی هەبوو ناوەڕۆکی شتەکان بناسێتەوە. ئەو گشت پێداویستییەکانی سەرکردەی هەبوو: ئازایەتی، توانی یەکلاکردنەوە و بڕیاردان، دەستپێشخەری، نەرمی نواندن و، واقیعبینی... پێش گشت ئەمانەش دڵسۆز بوو بۆ گەلی کورد و پرسە ڕەواکەی... هەموو ئەمانەشی کۆ دەکردەوە لە چوارچێوەی ڕەقی و یەکلاکەری و هەستیاری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و زوڵمدا.

لێرەدا ئەو قەسیدەیەی جەواهیریی مەزنم بەبیر دێتەوە کە ساڵی ١٩٦٤ نووسیبووی و لە کۆنگرەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە میونیخ خوێندیەوە:

"قلبي لكردستان يُهدى والفمُ          ولقد يجود بأصغريه المعدمُ

تا دەگاتە ئەو شوێنەی دەڵێ:

سلّم على الجبل الأشم وأهله          ولأنت تعرف عن بنيه من همُ
باسم الأمين المصطفى من أمة          بحياته عند التخاصم تقسمُ
صلب الملامح تتقي نظراته          شهب النسور ويدريّها الضغيم

***

## ئەزموونێک بۆ توێژینەوە!

وەک دۆستێکی عەرەب و توێژەر و تایبەتمەندێک، لە کۆتادا دەڵێم کە پێویستە توێژینەوە لەسەر ئەزموونی بارزانی بکرێت لە چوارچێوەی ڕەهەندی مێژوویی و دۆخی ئەو قۆناخەی تێیدا ژیا و، کۆڕ و وۆرکشۆپی تایبەت بەم کارە ڕێک بخرێن ، بە گیانی ڕەخنەئامێز و کراوە بە ڕووی لایەنە ئەرێ و نەرێکاندا. ئەمە لە پێناو ڕووناکی خستنە سەر بۆچوون و ڕای سیاسی و سەرفرازی و

کۆمەڵایەتی و پێوەندیی ناودەوڵەتی و شارەزاییە تایبەتەکانی ئەو مرۆڤەوە، چ لە مەنفا کە ماوەیەکە تا ئێستە مافی خۆی نەدراوەتێ، مەبەستیشم ئەزموونی شکستی کۆماری مەهاباد ١٩٤٦-١٩٤٧ و لەداردانی قازی محەمەد و ئەزموونی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و بەتایبەتی دەستێکەڵیی ئێران- ئەمەریکا و، چ لە سەردەمی ڕابەرایەتی و ڕێنوێنیکردن و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆدا لە ١٩٦١-١٩٧٥ و دواتر.

ئەم ئەرکە پێویستی بە تیمێکی کار و پسپۆڕ و خۆبەختکەرە، لە پێناو کۆکردنەوەی ئەم کولتوورە و دانانی لە بەردەستی نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو، بۆ سوودوەرگرتن و هەڵهێنجانی وانە و پەندوەرگرتن بەو جۆرەی کە لە قازانجی گەلی کورد و نەتەوەی کوردە و، بەشداری دەکات لە برەودان بە خەبات لە پێناو مافەکانی و بەتایبەتی مافی چارەنووسین و دامەزراندنی قەوارەیەکی تایبەت بەخۆی کە خواستەکانی بهێنێتە دی و پێوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی و گەلانی دۆست ڕێک بخات لەسەر بنەوای هاوبەشی و هاوتایی و یەکسانی و بەرژەوەندی و سوودی هاوبەش و بەو جۆرەی کە پێشکەوتنی ئاشتییانە و گەشە و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بە گشت بەشەکانیەوە بەهێز دەکا، هەروەها لە گشت وڵاتانی ناوچەکەش.


لەم ڕوانگەیەوە، گفتوگۆیەک لە نێوان چوار نەتەوەکە، بەتایبەتی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی تورک و نەتەوەی فارس و نەتەوەی کورد، زۆر پێویستە بۆ بەدیهێنانی تەناهیی هەرێمایەتی، چونکە بەبێ بوونی پێوەندیی هاوسەنگ و ئاشتییانەی بنیاتنراو لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەش و قازانجی دوو لایەنە، ناکرێ ناوچەکە لە سایەی ئاشتی و تەناهی و گەشەکردندا بژی. ئەمەش بەبێ بوونی پێوەندیی پتەو لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوانە و مافی چارەی خۆنووسینیان نابێتە کەتوار.

ئەگەر نەتەوەی عەرەبیش زیاتر لە یەک دەوڵەت و قەوارەی هەبێ و، مافی خۆی بێ کە یەکەتی بەدی بهێنێ و، نەتەوەی تورک دەوڵەتی هەبێ و نەتەوەی فارسیش دەوڵەتی هەبێ، ئەوا تەنیا نەتەوەی کورد بە بێبەشی لە بوونی دەوڵەتی خۆی دەمێنێتەوە و، من وەک عەرەبێک کە شانازی بە عەرەبایەتیی خۆمەوە دەکەم، لە هەمان کاتدا ڕێز لە مافی نەتەوەی کورد لە یەکگرتن دەگرم، ئەو نەتەوەیەی بە دابەشکراوی ماوەتەوە لە نێوان: تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا و قەوارەیەکی تایبەت لە خۆی نییە، بگرە لە سایەی ناو و پاساوی جۆرەوجۆریشدا دووچاری چەوسانەوە و سەرکوتینەوە و نکووڵی لە مافە مێژووییەکانی بووەتەوە.

بەبێ دروستبوونی سیستمگەلی دیموکراسیی ڕاستیش لە وڵاتانی ناوچەکەدا، پرسی نەتەوەییی کورد نایەتە چارەسەرکردن، چونکە دان نانرێ بە پرسەکە و بە مافی نەتەوەی کورد لە چارەی خۆنووسیندا لە چوارچێوەی گواستنەوەی دیموکراسییانەی وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەو کاتەش گفتوگۆ و ئاشتی و لێبووردەیی و هاوبەشێتیی مرۆڤینی دەبنە ڕێ ڕاستی دەربازکردنی ئەم پرسە بەرەو واری جێبەجێکردن.

# کارتە کوردییەکانی سووریا

دێنیس ناتالی




دۆخی ئاڵۆزی سووریا ژمارەیەک بژارەی نوێی خستە بەردەستی گرووپە کوردەکان بۆ پێشوەچوون لە ئەجێندا نەتەوەییەکانیان، لەو کاتەدا وەک وەکیل بۆ وڵاتانی دراوسێ کار دەکەن. لە تورکیا، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) سوورە لە تێکچوونی نێوانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و حکوومەتی تورک وەرگرت بەوەی ڕووی لە یەکەمیان کرد بۆ هاوکاری لە ئەنجامدانی کردەوە چەکدارەکانیدا. لە عێراق، دوای ماوەیەک دواخستن، بژاردەی کورد دەستیان لە سیاسەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا وەردا، هەروەها لە ئاشکراکردنی کێشە و گرژییەکانی ناوەخۆیی ئەوانیش. حکوومەتی هەرێمی کوردستان (حهک) ڕژدە لەسەر قایلکردنی تورکیای، پشتگیریکەری سەرەکی لە ناوچەکەدا، بەوەی کە لە توانیدا هەیە ئەو ئەندامانەی پەکەکە کە لە عێراق لەخۆ بگرێ و داواکارییەکانی کوردی سووریاش سووک بکا، لەلایەکی تریشەوە برا کوردەکانی دڵنیا دەکاتەوە لەوەی کە پشتگیریی داواکارییەکانیان دەکا. لە سووریا خۆیشیدا، کورد ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردیان پێک هێناوە، کە تەریبە لەگەڵ قەوارەی سەرەکیی

..........

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەوبدلڕەحمان

ئۆپۆزسیۆن، ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا (ئەنس) – ئەمەش وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر شیمانەی ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا ببێتە ڕێژیمێکی جێگرەوە کە ئیخوان موسلمین سەرکردایەتیی بکەن و لەژێر کاریگەریی تورکیا.

ڕێژیمی ئەسەد بڕووخێ یان نا، ئەم هێزانەی دەرەوەی سنوور هەرێمیبوونی کێشەی کورد بەهێزتر دەکەن و، توانی لەقکردنی جێگیری بەو کێشەیە دەدەن.

## تۆڕگەلی وەکیل و لایەنداری

تەواو وەک ئەوەی گرووپەکانی کورد لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە وەک وەکیل بەکار هاتن، ئەوانیش ئەو حکوومەتانەیان بۆ شەڕەکانی خۆیان بەکار هێناوە. پەکەکە، بەشێوەیەکی تایبەت، پسپۆڕە لە هەناردەکردنی نەتەوەپەروەریی رادیکاڵی خۆی و بیری چەپ و شەڕی دژ بەدەوڵەتی تورکیای لەودیوی سنوورەکاندا. بۆ نێزیکی دوو دەیە، ئەم گرووپە خێوەتگەی مەشقی لە دۆڵی بیقاعی سووریا هەبوو، سەرباری پاڵەپەستۆ و هەڕەشەکانی ئەنقەرە و هەڕەشەی لێخستنی سەرۆکی ئەوسای سووریا، حافز ئەسەد[1]. لە کۆتادا، بنکەی پشتیوانییە سووریاییەکەی پەکەکە ڕما: لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، ئەسەد و حکوومەتی تورکیا ڕێککەوتننامەکانی ئەدەنەیان ئیمزا کرد، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنانە سووریا چالاکییەکانی پەکەکەی قەدەخە کرد و سەرۆکی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ناچار کرد سووریا بەجێ بهێڵێ، ئەمەش دواتر بووە هۆی گرتنی لەلایەن تورکیاوە لە نایرۆبی. بەڵام گرووپەکە هەر زوو پەناگەگەلی کاتیی بۆ خۆی لەو ناوچە سنوورییانەی کوردستانی عێراقدا دۆزییەوە کە بەئاسانی دێنە بڕین.

لەو کاتەوە، پەکەکە دوو بارەگەی سەرەکیی هەرێمیی هەیە کە لێیانەوە ئاراستە دەکرێ ـ یەکێ لە چیاکانی قەندیل لە باکوری عێراق، بەسەرکردایەتیی سەرکردەی توندڕۆ موراد قەرەیڵان و، ئەوەی تر لە گرتیگەکەی ئۆجەلانە لە دوورگەی ئیمرالی لە دەریای مەرمەرە. هەروەها تۆڕی لە قووڵاییەکانی عێراقیش دروست کردووە، لە کەمپی مەخموور کە لە ١٩٩٨ـەوە وەک شارۆکەیەکی خۆژێنی ١٢ هەزار پەنابەری کوردی تورکیا کە زۆرینەیان ژن و لاون خۆی دەنوێنێ. ئەم پەنابەرانی جاری یەکەم لە ١٩٩٢ هاتنە عێراق و لە کەمپی ئەتروش لە پارێزگەی دهۆک گیرسانەوە. دوایی لە ١٩٩٨دا کۆمیتەی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێگەی پەنابەری پێیان دا و لە مەخموور نیشتەجێیانی کرد، کە ٦٠ میل لە هەولێری پایەتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوورە و، "ناوچەیەکی جێی ناکۆکییە" واتە ناوچەیەکی هەردوو حکوومەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا داوای خاوەنداریی دەکەن. کەمپەکە هەڵبژاردنی شارەوانی ئەنجام دەدا و دەزگەی فێرکاریی هەیە کە خوێندن تیایاندا بە زاراوەی کوردیی کرمانجییە، لە پاڵ تورکی و ئینگلیزی. نەوەی دووەمی لاوان لە مەخموور ـ نێزیکی ٣٠٪ی

دانیشتوانن - بەئاشکرا لایەنگری ئۆجەلانن.

تەنگژەکەی سووریا، پەکەکەی هان دا چالاکییەکانی ئەودیوی سنوورەکان فرەوان بکا، لە ڕێی دووبارە ڕووکردن لە وەرگرتنی هاوکاری لە ڕێژیمی ئەسەد. ئەوەی لە نێوانیشە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، پاشکۆکەی پەکەکەیە لە سووریا، پارتی یەکەتیی دیموکرات (پید). "ئەمە هەلێکی مێژووییە بۆ ئێمە"، ساڵح موسلم سەرۆکی پارتی یەکەتیی دیموکرات جەختی کرد. "ئێمە مافێکمان هەیە و ئەو مافە بەکار دێنین"[٢]. بەشێک لەو هەلە بەدیتنی گرووپە کوردەکانی سووریا، لە تێکچوونی پێوەندییەکانی تورکیا- سووریا و سەرکوتینەوەی ڕێژیمی ئەسەدە بۆ سەرهەڵدانەکەی سووریا، کە ئەم پێشهاتە بووە هۆی زیندووکردنەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی دیمەشق و پەکەکە لە بەکارهێنانی یەکتر لە دژی ئەنقەرە. پەکەکە/ پارتی یەکەتیی دیموکرات بەتایبەتی و، کوردەکانی تری سووریاش، هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەن لە بەرامبەر گەشەکردنی دەسەڵاتی تورک بەسەر ناوچەکە و بەسەر سیاسەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریادا. بە لە بەرچاوگرتنی شکستی تورکیا لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی خۆی، ئەوان ترسیان لەوە هەیە داواکارییەکانیان، هەلێکی بەرچاوی دان پێدانانیان نابێ لە سایەی حکوومەتێکی نوێی سووریاییدا کە پاشکۆی تورکیا بێ. ئەم دڵەڕاوکێیە لەو بڕوایەوە سەر هەڵدەدا کە ئیخوان موسلمینی بە بیروباوەڕ سۆزداری حزبی ئیسلامی حوکمڕانی تورکیا (ئاکەپە) بالادەستە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا، کە پێشبینی دەکرێ دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد دەسەڵات لە دیمەشق بگرێتە دەست. کوردەکانی سووریا، بەهەمان شێوە ترسیان هەیە لەوەی ئەگەر دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئۆپۆزسیۆنێکی نەتەوەپەرستی عەرەب کە نەتەوەپەرستیی عەرەبی سوننە دەچەسپێنێ و لە بەرژەوەندیی نەتەوەییی کورد نابێ.

ئەم مەترسییانە لە سروشتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سووریاوە سەرچاوە دەگرن، کە برێتییە لە بەرهەمێکی لاوەکیی کەشی سیاسیی بەعسی عەرەب کە کورد، لەسەر بنەوای ئیتنی نەک ئاینی، وەلاوە دەنێ. هەروەها داواکانی کوردی سووریا ڕەنگدانەوەی کاریگەریی خۆپێشاندانی بزووتنەوە دیموکراتخوازەکانی ناوچەکەیە، بەتایبەتی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی کورد لە عێراق. ئەو میراتییە تاڵەی نەتەوەپەرستیی عەرەب بۆ کوردی بەجێ هێشتووە، ڕوونی دەکاتەوە بۆچی دوو لە داوا سەرەکییەکانیان برێتین لە دامالینی ناوی دەوڵەتی سووریا لە "نەتەوەپەرستی" و، گۆڕینی لە کۆماری عارەبیی سووریا بۆ کۆماری سووریا و، بەدەستهێنانی گەرەنتی بۆ حوکمی خۆجێییی کوردی. ئەم داواکارییانە پاش ئەو دەسپێشخەرییەی بەشار ئەسەد لە نیسانی ٢٠١١ بۆ بەخشینی مافی هاوولاتیبوونی "عەرەبیی سوورییایی" بە سەتان هەزار کورد کە بە فرمانێکی پێشووتری ئەو ڕێژیمە لە ١٩٦٠کانەوە بێ ناسنامە بوون، بەردەوامیی هەیە. هەندێ کوردی سووریا، تەنانەت چاویان بڕیوەتە فیدرالیزمەکەی عێراق دوای سەدام وەک نموونەیەک بۆ حکوومەتی پاش بەشار ئەسەد، سەرباری جیاوازیی زۆری دابەشبوونی جوگرافیاییی دوو کۆمەڵگە



کوردەکە. (کوردی عێراق نێزیکی ٢٠٪ی دانیشتوانی عێراقن و زۆربەیان لە یەک بەشی وڵاتەکەدا دەژین، باکور. بە پێچەوانەی ئەمە، ئەو دوو ملیۆن کوردەی سووریا نێزیکی ٨٪ی دانیشتوان پێک دێن و پەرت بوونە لەنێو چەندان ناوچەدا کە زۆرینە تیایاندا عەرەبە). هەروەها ئەوانەی تر کە دەترسن بەرژەوەندیی کورد لەلایەن نەتەوەپەرستیی عەرەبەوە پێشێل بکرێ و ئەوانەی لە دەوڵەتی سووریادا تواونەتەوە هێشتا پشتگیری لە گۆڕینی ڕێژیم ناکەن.

سیاسەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی سووریا، بەشێکیشە لە وێنەیەکی گەورەی وابەستەییی ئەودیوی سنوور و، ناکۆکیی ناوخۆییی کورد و، کێبەرکێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی ناسیۆنالیزمی کورد. چەندان پێوەندیی دیاری کولتووری، زمانی و مێژوویی هەن لە نێوان کوردانی سووریا و تورکیا، هەرچەندە سروشتی پێوەندییەکان بەپێی گرووپ و ناوچەکان جیاوازن. ڕەگی هەندێ لەو پێوەندییانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتوچۆی تەوژمی پەنابەران لە نێوان سووریا و تورکیادا لە پاش هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، هەروەها بۆ دابڕینی زەویی یەکتر کە بووە هۆی جێنشینکردنەوەگەلی مەزن. ئینتیما ئایدیۆلۆجییەکانیش لە نێوان گرووپەکانی دەرەوەی سنوور لەبەر هۆکاری سیاسی پەیدا دەبن. بۆ نموونە، زیاتر لە سێیەکی پەکەکە لە کوردی سووریا پێک دێ. ئەم پێوەندییانە پتەوتر بوون بەهۆی ماوەی درێژی مانەوەی پەکەکە لە سووریا لە سەردەمی ئەسەدی باوک، کە ڕێی دا تۆڕی ڕێکخراوەیی لەناو حزبە کوردەکانی سووریادا دروست ببن، تەنانەت پاش ڕۆیشتنی ئۆجەلانیش.

حزبە کوردەکانی عێراق کە تۆڕە هاوکارەکانیان لە قووڵاییدا کار دەکەن، ئەوانیش لە کێبەرکێی دەسەڵاتن لە کوردستانی تورکیادا. پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ک)ی مەسعوود بارزانی و، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی. ن. ک)ی جەلال تاڵەبانی، لە ساڵی ١٩٧٥ بوونیان لە

دیمەشق هەبوو و، بۆ زیاتر لە ٣ دەیە نوێنەرایەتیی تاکەکەسییان لە دیمەشق و شاری قامشلۆی سنووریی کوردنشین هەبوو. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبە کوردە سووریاییە پاشکۆکانیان پارەدار دەکرد، کە برێتین لە پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا و پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردستان- سووریا. ئەم پێوەندییە سیاسییانە تێکەڵ بە ئینتیمای خێڵەکی و جوگرافیایی دەبن، بەتایبەتی لەنێو کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی بادینانی کوردستانی عێراق و، گوردانی جزیرە لە سووریا و ئەوانەی هەکاری لە تورکیا، کە زۆربەیان لەژێر کاریگەریی بنەماڵەی بارزانیدان.

تۆڕەکانی حزبە کوردەکانی عێراق لە سایەی بنەماڵەدا لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە بەهێزتر بوونە، لەو کاتەوەی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و داهاتە هاوپێچەکانی کە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕێنەوە زیاتر بوونە وەک بەشێک لە فیدرالیزم لە عێراقدا[٣]. (لە ماوەی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مانگانە نێزیکی ٣٥ ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە وەک بەشە بودجەی حزبەکانیان لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق[٤]. داهاتەکانی ئەودیوی سنوور بوونە مایەی قەڵەوبوونی مووچەی کادیرانی حزب لە سووریا، کە مووچەی هەندێکیان گەیشتە دەوروبەری ٧ هەزار دۆلار و[٥]، پارەی کارکردنیشیان وەردەگرتن و، ئەمە هەمووی بەبێ ڕێگریی حکوومەتی ئەسەد و دەزگە ئەمنییەکانی بەڕێوە دەچوو. ئەم ڕێککەوتنە ڕانەگەیەنراوەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دیمەشق، لە سەرەتادا بووە مایەی دوورخستنەوەی لایەنە کوردەکانی عێراق لە تێکەڵبوون بەبزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی سووریا.

## ناسیۆنالیزمی کوردی یان بەرژەوەندیی کوردی؟

هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تەنگژەی سووریا گۆڕانی بەخۆوە دی، بەڵام لەگەڵ توندبوونی سەرکۆنەکردنی دنیایی بۆ سەرکوتینەوە لەلایەن ڕێژیمی ئەسەد و ئەو هەڕەشانەی بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی پەیدا بوون. سەرباری ئەوەی بژاردەی کوردی عێراق پشتیوانیی کادیرانی حزبیی خۆیان لە سووریا هەیە بۆ هەڵوێستی دەست وەرنەدان، بەڵام زوو هەستیان بەوە کرد کە ئۆپۆزسیۆنی کوردی سووریا بەزۆری لە لاوان و بێلایەنان پێک دێ، ئەوانەی ڕەخنەیان لە حزبە دەسکردەکان هەیە. بۆیە بۆ کێشانی نەخشەڕێی ناسیۆنالیزمی کوردی سووریا پێویست بوو سەرکردەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەوەی لاو و کۆمەڵگە ناحزبییەکان بەلای خۆیاندا بەکێش بکەن. پشتگیری لە گۆڕینی ڕێژیم و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە سووریا ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەیە.

لەوەیش زیاتر، لەو کاتەدا کە پەکەکە لە سووریادا چالاک بوو و کوردی سووریا ڕەتیان کردەوە

بچنە پاڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا، بارزانی هاتە ناوەوە بۆ خەفەکردنی مەترسییەکانی هاوبەشە تورکەکەی و پتەوکردنی هاوپەیمانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان – ئەنقەرە. تورکیا هۆکاری خۆی هەیە بۆ ئەوەی بترسێ. پەکەکە هەڵمەتە سەربازییەکەی توندتر کردووە و کوردەکان بە ئاشکراتر باسی داواکارییەکانی خۆیان بۆ ئۆتۆنۆمیی دیموکرات دەکەن. ڕێکخراوێکی خوشکی چالاکیی پەکەکە لە ئێراندا هەبوو و، بێگومان پەکەکە بوونی ئەوی لە چیاکانی قەندیل پاراستووە، لەناو هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. ئەنقەرە پێویستی بە بزووتنەوەیەکی تری ناسیۆنالیستی کوردی سەرەڕۆ نییە لەسەر سنووری باشووریدا. هەروەها، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ پێوەندییە پڕ قازانجە بازرگانی و سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا و ئەو ددان پیانانە نێودەوڵەتییەی بەوەوە پێوەستە، بخاتە مەترسی لە پێناو ناسیۆنالیزمگەلی کوردی ئەودیوی سنوور. سەرباری "ئۆتۆنۆمی"ی پاش سەدام، کوردستانی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر ناسەربەخۆ دەمێنێتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێزیکی گشت داهاتی خۆی (نێزیکەی ١١ ملیار دۆلار لە ٢٠١٢) لە بەغدا وەردەگرێ و، بەرهەمی خۆی لە هیچەوە نێزیکە، بەمەش زۆر پەرۆشی کالا و وەبەرهێنی تورک و بیانیی ترە. نێزیکی ٨٠٪ی هاوردەی کوردستانی عێراق لە خۆراک و جلوبەرگ، کە لە ٢٠١٠دا بەهاکەی ٦ تا ٩ ملیار دۆلار بووە، لە تورکیاوەیە. زیاتر لە ٦٠٪ی کۆمپانیاکانی باکوری عێراق و، کە سەرمایەیان لە ٦٢٠ ملیۆن دۆلار زیاترە، تورکیایین[٦]. ئەم ڕاستییانە پاڵیان بە بارزانییەوە نا هەوڵ بدا بۆ دڵخۆشکردنی ئەنقەرە: لە شوباتدا، کۆنفرانسێکی لە هەولێر بەست، تێیدا گشت هێزە سیاسییەکانی کوردی سووریای کۆ کردەوە، جگە لە پەکەکە/ پارتی یەکەتیی دیموکرات، بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو کە پشتیوانی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا بکا.

هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریی خۆیان پێشان دا لە هێورکردنەوەی هەندێ گرووپی ناسیۆنالیستی کوردی سووریا – زۆربەیان ئەوانەن کە لەژێر کاریگەریی بارزانیدان – ئەمەش ڕەنگە بەشێوەیەکی کاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا و سپۆنسەرە تورکەکەی هێور کردبێتەوە. سەرکردەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا بەڵێنیان داوە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد بخەنە سەر کارنامەی خۆیان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد زیاتر لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا نێزیک بووەوە. بەڵام هێشتا هاوپەیمانییەکە، لە باشترین دۆخیدا، دەڵەمەیە. هێشتا زۆرینەی کورد بەگومانن لە حکوومەتە چاوەڕوانکراوەکانی پاش ئەسەد و، لەوە دەترسن مافگەل کەمینەکان زیاتر بکەونە بەر مەترسییەوە.

پەیمانێکی کاتی ناتوانێ هەڕەشە زیادبووەکان و ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی ململانێی نەتەوەییی کورد لەو دیوی سنوورەکان چارەسەر بکا. ئەم مەترسییانە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێدەنگن. لەلایەکەوە، بارزانی دەبێ ددان بە برا کوردەکانی ئەودیوی سنووردا بنێ، کە خۆی پشتگیریی مافەکانیان دەکا لە کاتێکدا کە هێشتا پابەندە بە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی

کوردستان لەبارەی نەچوونە ناو شەڕی دژ بە پەکەکە. بەڵام لە کاتێکدا کە پەکەکە لە سووریا و ئێراندا بەردەوام بەهێزتر دەبێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دۆخێکی ناخۆش کە تێیدا ناچار دەبێ کار بۆ ڕاگرتنی کاریگەریی پەکەکە بکا نەک تەنیا لە ناوچەکەی خۆیدا، بگرە لە وڵاتانی دەوروبەریش کە تیایاندا بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و بەرژەوەندییەکانی تورکیا هاوشانی یەکن. هەوڵ بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا پێویستە بۆ بەرێوەچوونی کاروباری وەبەرهێنان و پێوەندییە گشتییەکان، لەو کاتەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە "عێراقەکەی تر" پێشان دەدا و دەیەوێ گەشە بە کەرتی ساوای وزەی خۆی بکا.

تەنگژەی سووریا مەترسییەکی چاوەڕوانکراوی ترە بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان. تەنانەت ئەگەر بژاردەی کوردی عێراق بتوانن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد بخەنە پاڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا و دەسەڵاتی پەکەکە لە سووریا دیاری بکەن، ئەوان بەگەرمی پێشوازی لە شیمانەی گۆڕینی ڕێژیم لە دیمەشق ناکەن. وەک برا کوردەکانی سووریایان، زۆر لە کوردانی عێراق ترسی ئەوەیان هەیە حکوومەتی سووریا بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئیخوان موسلمین و نیگەرانن لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی بە ناوچەکەیاندا. ئەم نیگەرانییانە زۆر زاڵن لای گرووپە عیلمانییە سەربەخۆکان و چالاکانی حزبە دامەزراوەکان، بەتایبەتی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان. (گۆڕان، ئەو حزبە نوێیە خەریکی داگرتنی ئەو عیلمانییانەیە کە نارازین لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێ دەچێ پێشوازی لە هەر گۆڕینی ڕێژیمێک بکا لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەو پێیەی کە بەهێزکردنی سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنە). بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێوەندییەکی تا ڕادەیەک پۆزەتیڤانەیان لەگەڵ سەرکردەگەلی چەند حزبێکی میانڕۆی ئیسلامیدا هەیە، لە کوردستانی عێراق و ئەنقەرە، بەڵام ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی پەرەسەندووی بنکەکانی ئیسلامییەکان دەبنەوە.

بەدرێژاییی مانگەکانی زستان، گرژیی ڕژد لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەبوو، لە پارێزگەی دهۆک، کە یەکێکە لە ٣ پارێزگەکەی ناوچەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک دێنن. لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١، دانیشتوانی شارۆکەی زاخۆ، نیزیکی سنووری تورکیا، چەند ئوتێل و دوکانێکی مەیفرۆشی و شوێنی مەساجیان سووتاند، کە زۆربەیان موڵکی کریستیان یان کەمینەی ئێزدی بوون. کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە کۆبوونەوە لە شەقامەکان و هێرشکردنە سەر بارەگەکانی یەکگرتوو لە ٤ شار، بە هەولێرەوە، وەڵامیان دایەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکا لەوەی مەلاکانی یەکگرتوو هانی خەڵکی زاخۆیان داوە، لە کاتێکدا یەکگرتوو و کەسانی تر لە وەڵامدا دەڵێن کە مەلایەکی تۆمەتبار بە دژایەتیکردنی ئەو دامەزراوانە، ئیسماعیل عوسمان سندی، لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەم ڕووداوە دوای ڕووداوی سووتاندنی بارەگەکانی یەکگرتوو لە دهۆک لەلایەن پارتی

دیموکراتی کوردستان له ٢٠٠٥، که بووه هۆی کوشتنی ژمارەیەک ئیسلامی، دێ. ئەو کاتە یەکگرتوو داوای لێبووردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی قبووڵ کرد. بەڵام ئەمڕۆ قبووڵ ناکا بچێتە ناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی و، لەگەڵ گۆڕان له ئۆپۆزسیۆندا دەمێنێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە نییە ئەوە ببینێ کە یەکگرتوو قووڵاییەکی ستراتیجیی هەیە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە گشت حزبەکان خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان لە ئەیلوول ئامادە دەکەن. حکوومەتێکی پاش ئەسەد، کە ئیخوان موسلمین یان نەتەوەپەرستانی عەرەب بەڕێوەی ببەن، لەوانەیە بەرژەوەندییەکانی کوردی عێراق پێشێل بکا، لە ڕێی هاوکاریکردنی گرووپەکانی عەرەبی سونەی عێراق، بەتایبەتی لەو ناوچانەی جێی ناکۆکین لە پارێزگەی نەینەوا (مەڵبەندەکەی شاری مووسڵە)، کە چەقی ئیمتیازاتی نەوتی کوردە و دانیشتوانی تێکەڵن.

لە ڕاستیدا، هەرچەندە زیاتر لە ٩٥٪ی کوردی عێراق موسڵمانی سونەن، ئایدیۆلۆجیای نەتەوەپەروەریی کورد لە عێراق هەر ئایدیۆلۆجیایەکی عیلمانی دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشی ئیسلامییە میانڕۆکان بەرەو ناو حکوومەتەکەیان بەکێش دەکەن، بژاردەی کوردی عێراق هەوڵێکی چڕیان داوە، بەتایبەتی دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، بۆ دووبارە ناساندنی ڕیشەی ناسنامەی کورد وەک زەردەشتی و تەنانەت ئێزدی، وەک هەوڵێک بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە عەرەبی سونەی عێراق. هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرامەکانی بەلاتینیکردن ("مۆدێرنیزە" بە زمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان)ی زمانی کوردی بە گەڕ خستووە. ئەم هەوڵانە ئاکامی تێکەڵیان لێ کەوتووەتەوە. لە کاتێکدا کە لاوانی ئاشنای ئەم گۆڕانکارییانە، هێشتا بە ئەلفبای عەرەبی دەخوێنن. زۆر لە موسڵمانان هێشتا مەیلیان بەلای ئەلفبای عارەبیدا هەیە لەبەرئەوەی هاوکارە بۆ خوێندنی قورئان.

## کاریگەرییەکانی جێگیریی هەرێمی

تەنگژەی سووریا و ململانێی هاوپێچی ناوکوردی، ئەگەر "بە پەکەکەکردنی" ئۆپۆزسیۆنی کورد لە سووریا پێشان دەدا، ئەگەر وای دابنێین کە ڕێژیمی ئەسەد دەمێنێتەوە، هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی کورت. تا ئەو ئاستەی دیمەشق ڕێ بە بوونی پەکەکە بدا و کێشەی کورد لە تورکیا بێ چارەسەر بمێنێتەوە، ئەوا ڕەنگە پەکەکە هەر لە سووریا بمێنێتەوە. بە هەمان شێوە، ڕێژیمی سووریا لە بەکارهێنانی پەکەکە وەک کارتێک لە ململانێ لەگەڵ تورکیا و، وەک ئامرازێکی پاراستنی یەکگرتوویی خاکی سووریا، بەردەوام دەبێ. لەم سیناریۆیەدا، پشتگیریی پەکەکە هاوکاریی ڕێژیم دەکا لە سەپاندنەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتدا. لە هەمان کاتدا، ئەگەر پەکەکە سەرکەوتنی

باش بەدەست بهێنێ لە شەڕی دژ بە تورکیا، ئەوە ئاکام دەبێتە ئەوەی کە کێشەیەکی پەکەکە بە ناوچە کوردییەکانی ٤ وڵاتدا بڵاو بووەتەوە.

داگرتنەکانی ئەودیوی سنووری کورد کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی گۆڕینی ڕێژیم لە سووریا هەیە، ئەو کاریگەرییەش لە سنووری کێبەرکێی بەرژەوەندییە تایفییەکان دەرچووە. دوورکەوتنەوەی زۆرینەی کوردی سووریا لە پشتگیریی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا بۆچوونی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەوەشێنێتەوە (هەروەها بۆچوونی هەندێ شیکەرەوەش) کە پێیان وا بوو هێزە سیاسییە هەرێمییەکان بەپێی هێڵی سونە- شیعە ڕیز دەبن. سەرباری ئەوەی زۆرینەی کوردی سووریا سونەن، بەڵام لەبەر ئەوە ناچنە پاڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا کە هاوپەیمانییەکی سونەیە و شەڕی ڕێژیمێک دەکا کە هاوپەیمانی ئێرانی شیعەیە. لە تورکیا، ئەوە ڕاستە کە کوردەکان لە دەوری ئاکەپە کۆ بوونەوە و بوونە بەهێزترین پاڵپشتی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیران. چونکە ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا وەک بزووتنەوەیەکی شاریی چەپ دەرکەوت و، بەڕادەیەکی زۆر بە عیلمانی و ئیتنی دەناسرێ.

ڕەوتی مێژووی کورد داوای ئەوە لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی سووریا دەکا ڕێبازێکی وردبینتر بگرێتە بەر بەتایبەتی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرژەوەندییە خێڵەکی و نەتەوەیی و ئابوورییەکاندا. بێگومان لە دەوڵەتێکی دوای ئەسەد، دداننان بە مافەکانی کوردا هەنگاوێک دەبێ بە ئاراستەی دروست و، پێ دەچێ ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا بەنیاز بێ ئەو هەنگاوە بنێ. بەڵام ئەو جۆرە هاوپەیمانییە تێک دەچێ و لەوانەیە کارەکە توندوتیژی بخاتەوە، ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا یان هەر حکوومەتێکی جێگرەوە بەڵێنەکانی ماوەی گواستنەوەی بۆ کورددا جێبەجێ نەکرد. نووچخواردنی تورکیا لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، سەرباری بەڵێنە بەردەوامەکانی ئاکەپە، نموونەی ئەمەیە.

بەهەمان شێوە، نابێ نەتەوەپەروەریی ئیتنیی کورد وا ببینرێ کە تەنیا، یان باڵادەستترین، فاکتەرە لە هەڵوێستی هەر یاریکەرێکی کورد. سەرباری هەبوونی ویستی کارکردن بۆ "کوردستانی گەورە"، بژاردەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەنیاز نین قوربانی بە شەرعیەت و ئۆتۆنۆمی و ئابووریی هەرێمەکەیان بدەن کە دوور لە یەککگرتن لەگەڵ برا کوردەکانیان لە وڵاتانی تردا بەدەستیان هێناون. لە ساڵانی ١٩٩٠ـەکانەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی پێش خۆی لەگەڵ ئەنقەرە و تاران ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی وڵاتانی دراوسێ سنوورەکانی خۆیان بە کراوەیی بهێڵنەوە و کوردی عێراقیش ئەو کوردانە ڕێک بخەن کە لە تورکیا و ئێرانەوە هاتوون و لەسەر خاکی ئەمان نیشتەجێن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی پێ خۆش دەبێ دەستەوارەیەکی هاوشێوە لەگەڵ ڕێژیمێکی دوای ئەسەد لە سووریا ئەنجام بدا، ئەگەر هەبوو.

کێشەی ئەم ستراتیجە برێتییە لە درزی زەقی نێوان ئەوەی کوردی عێراق لە ٢٠٠٥ـەوە

بەدەستیان هێناوە و، گرووپەکانی تری کورد نییانە. لە کاتێکدا سامان و دەسەڵاتی کوردستانی عێراق لە زیادبوونە، بژاردەی کوردی عێراق کاتی سەختیان لە پێشە بۆ هەوڵدان بۆ قایلکردنی کۆمەڵگە ناسیۆنالیستە کوردەکانی تر بەوەی داواکارییەکانیان سووک بکەنەوە. لە ڕاستیدا، وەک چۆن ئەنقەرە چاوەڕوانی ئەوە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا کوردانی ئەودیوی سنوور هێور بکاتەوە، کوردانی سووریا (و شوێنانی تریش) چاوەڕوان دەکەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتییان بکا و لە جیاتیی ئەوان پاڵەپەستۆ دروست بکا.

ئەم ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە کاتێکدا دێ، کە کوردی عێراق پێویستیان بە چارەسەرکردنی گرژیی نێوان خۆیان و بەغدایە، ئەو گرژییەی لە ٢٠١١دا زیاتر بوو، بەهۆی جیاوازیی بۆچوونی هەردوولا لەمەڕ سروشتی دەسەڵات لە دەوڵەتی عێراقدا. لەو کاتەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەنقەرە بەهێز دەکا و، ڕۆڵی وەک ناوبژیوانێکی هەرێمی زەقتر دەکا، هەوڵ دەدا ناوچەکانی جێی ناکۆکی وەرگرێت و دەستەوارەی گەڕان بەدوای نەوتی خۆیدا ئیمزا دەکا، ڕەنگە بەمەش هەنگاوی زیادی هاویشتبێ و هەڵەی لە حیسێبکردنی پێویستیی چارەسەرێکی مامناوەندیی لەگەڵ بەغدا کردبێ. لە هەمان کاتدا، لەوانەیە تورکیا بەردەوام بێ لە دامەزراندنی هاوپەیمانی لەگەڵ کوردی عێراق بۆ پاڵپشتیی گەشەی ئابووری، بەڵام هەرگیز لەوە ناکا پشتگیریی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بکا. خراپ تێگەیشتن لە ویستەکانی کورد و زیادکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان دەبنە مایەی ناکۆکی و پووکانەوەی ئەو دەسکەوتە سیاسی و ئابوورییانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستیانی هێناوە.

پەراوێزەکان:

١. ئەلیزا مارکوس، خوێن و باوەڕ: شەڕی کورد بۆ سەربەخۆیی (نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی نیویۆرک، ٢٠٠٧)، ل٥٥.

٢. کورد-وۆچ، ٨ی تشرینی دووەم ٢٠١١.

٣. دیمانەگەلێک لەگەڵ نوێنەری گۆڕان و نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی سووریا (سەربەخۆ)، لەندەن، ٢٤ و ٣١ی کانوونی دووەم ٢٠١٢.

٤. لیستێک بە خەرجییەکان لەم بەڵگەنامە (کوردی)یەدا هەیە:

http://sbeiy.com.UserFiles.File/2009-1-1/2009%20SAMTAR.listtt.pdf

٥. دیمانە لەگەڵ نوێنەری حزبە کوردییە عێراقییەکە، لەندەن، ٢٧ی کانوونی دووەم ,٢٠١٢

٦. خالد ئەلشارخ، "سڕینەوەی سنوورەکان: بازرگانی و وەبەرهێنانی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا"، NIMEP 6 (2011)، ل ١٠.

سەرچاوە:

میر (میدل ئیست ریپۆرت - ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ٢٦٢ ژمارە ٤٢، بەهاری ٢٠١٢

* لە ٢٠ ئاداری ٢٠١٢ بڵاو کراوەتەوە

# دادی قۆناغبەند:
# ئەزموونێکی عەرەبی لەناو ئەزموونە ناودەوڵەتییەکەدا

د. عەبدولحوسێن شەعبان

دوای ساڵێک لە دەستپێکردنی شۆڕشە عەرەبییەکان:

ئێمە لە کوێی چەسپاندنی دادی قۆناغبەنداین؟

## سەرەتا

هیگڵ لە راڤەکردنی گەڕانی مرۆڤ بەدوای راستیدا دەڵێ "مرۆڤ تا ئەو کاتەی دەمارێکی پل بدات و هەست لە گیانیدا مابێ، گەڕان بەدوای راستیدا دڵگەرمی و چالاکیی تێدا دەبزوێنێ"، ئەی دەبێ چۆن بێ کاتێ قوربانی بەدوای راستیدا بگەڕێ؟ رەنگە ئەوە لە زۆر لایەوە کرۆکی بیرۆکەی دادی قۆناغبەند و بواری تایبەتمەندی و چوارچێوەی کارکردنی لە ناواخنیدا هەڵگرتبێ.

چەمکی دادی قۆناغبەند لەو چەمکانەیە هێشتا تەماوی یاخۆ تێکەڵ و پێکەڵە، بە تایبەت لەو ئاماژانەی پێوەندییان بە بەشی دووەمی چەمکەکە واتە "قۆناغبەند"ەوە هەیە. ئاخۆ دادی قۆناغبەند هەیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ دادی باوی پێوەست بەبڕیارەکانی قەزا و پەنابردن بۆ دادگەکان بە جۆر و پلەکانیەوە هەیە؟.[١]

ئەگەر بیرۆکەی داد بەهایەکی رەهای هەیە و ناکرێ لەبەر هەر هۆ، بیانوو یاخۆ پاساوێکدا بشارێتەوە، نکووڵیی لێ بکرێ یاخۆ تەنانەت دوا بخرێ، ئەوا "دادی قۆناغبەند" لە سەلماندنی ماف و گێڕانەوەی بۆ خاوەنەکانی، ئاشکراکردنی راستی و بژاردنی زیان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان لەگەڵ "دادی باو"دا هاوبەشە، بەتایبەت لەوەی پێوەندیی بە پرسە سیاسی و مەدەنییە گشتییەکانەوە هەبێ.

بەڵام دادی قۆناغبەند لەگەڵ دادی باودا جیاوازە لەوەدا بایەخ بە ماوە ڕاگوزەرەکان دەدا وەک

.........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

گواستنەوە لە دۆخی ململانەی ناوەخۆییی چەکدارانە و شەڕی ناوەخۆوە بۆ دۆخی ئاشتی، یان لە دۆخی ململانەی سیاسیی ناوەخۆیی کە توندوتیژیی چەکدارانەی لەگەڵ بێ، بۆ دۆخی ئاشتی و چوونە ناو قۆناغی گۆڕانی دیموکراسی، یان گواستنەوە لە دەسەڵاتێکی سیاسیی خۆسەپێنەوە بۆ قۆناغی کرانەوەی سیاسی و گواستنەوەی دیموکراسی، واتە گواستنەوە لە دەسەڵاتێکی ئاسۆداخراو بۆ یەکێکی کراوە و فرەیی. دۆخێکی تریش هەیە کە رزگاربوونە لە کۆلۆنیالیەت یان رزگاربوون لە داگیرکردنی بیانی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆماڵی، وا باوە هەموو ئەم قۆناغانە چەند رێکارێکی ریفۆرمییانەی پێویست و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی قوربانییانی پێشێلکارییە ترسناکەکان، بە تایبەت خاوەن رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵدایە.

رەنگە ئەوە بەزەیندا بێ، وەک ئەوەی لە وۆرکشۆپێکی گرینگی ژمارەیەک لە پسپۆڕ و چالاکانی شاری ریباتی مەغریب بۆ دامەزراندنی تیمێکی عەرەبی بۆ دادی قۆناغبەند و ئاشتەواییی نیشتمانی لەسەر بانگهێشتنی ناوەندی کەواکیبی بۆ گۆڕانە دیموکراسییەکان و پەیمانگەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییەتی مەغریبی، رووی دا، کە رێگەی دادی قۆناغبەند لەگەڵ دادی تاوانکاری (جینایی)دا ناکۆکە چ لەسەر ئاستی نیشتمانی بێ یاخۆ ناودەوڵەتی، لە کاتێکدا هەڵبژاردنی رێگەی یەکەم بەواتای دوورخستنەوەی دووەم نایەت، بەتایبەت ئەوەی پێوەندیی بە قوربانییەکان و پرسی قوتاربوونی تاوانباران لە سزاوە هەیە.[٢]

بەڵام چەمکی دادی قۆناغبەند و پاڵنەرە سیاسی و یاسایی و مافبەندی و مرۆییەکانی، بە شێنەیی لە چەندان ئەزموونی ناودەوڵەتی و ناوچەی جیاوازی دنیا گەڵاڵە بوو، بەتایبەت لە ئەوروپا دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە پرسی قوربانییەکانی نازیدا، ئەگەرچی هەندێ بەسیاسیکردنیشی تێ کەوت، بەتایبەت دوای دابەشکردنی ئەڵمانیا لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە، هەروەها لە ئەمەریکای لاتینیش رەهەندێکی نوێی وەرگرت، بەتایبەت پاش ئەوەی لە چیلی بەهۆی کودەتا سەربازییەکەی ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٣ بە سەرکردایەتیی جەنەراڵ بینوشیە رووی دا.

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ دنیا زیاتر لە ٣٠ ئەزموونی دادی قۆناغبەندی بەخۆوە بینیوە، لە گرینگترینیان ئەزموونی چیلی و ئەرجەنتین و پیرۆ و سلڤادۆر و رواندا و سیرالیۆن و باشووری ئەفریقیا و تەیمووری رۆهەڵات و سربیا و یۆنانن. وڵاتانی پورتوگال و ئیسپانیا و دەوڵەتانی ئیشتراکیی پێشوویش جۆرێک لە جۆرەکانی دادی قۆناغبەند و ئاشتەواییی نیشتمانییان بینیوە، هەروەها ئەزموونی لبنانیش دوای شەڕی ناوەخۆ (١٩٧٥–١٩٨٩) و دوای کۆنگرەی تائیف شێوەیەک لە شێوەکانی دادی قۆناغبەند و ئاشتەواییی نیشتمانیی بەخۆوە بینی، ئەگەرچی مەرجە گشتییەکانی دادی قۆناغبەندی بەتەواوی تێدا نەهاتووەتە دی، بەتایبەت لە ئاشکراکردنی راستییەکان و پڕکردنەوەی کەلێنی زیانەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و ریفۆرمی سیاسیدا. بەڵام ئەزموونی لبنان وێڕای تێبینییەکانی سەری پێویستی بە ڕامان و

لێتۆژینەوە هەیە، نەخاسمە لە بارودۆخی ئێستەی لبنان و شەڕە سیاسییە دووپاتەکاندا، تا مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە!!

هەروەها دەبێ ئەزموونی مەغریبیش وەک یەکێک لە گرینگترین ئەزموونە عەرەبی و ناودەوڵەتییەکان لە ئیمکانیەتی گواستنەوەی دیموکراسییانەی ئاشتییانە لەناو دەسەڵات دابنرێ، بەتایبەت بە بەشدارکردنی ئۆپۆزسیۆن لەپێشیانەوە عەبدوڕەحمان ئەلیوسفی کە کرایە سەرۆک وەزیران (وەزیری یەکەم) و کردنەوەی فایلەکانی سەرنگونکردن و ئەشکەنجەدان و دواتریش پێکهێنانی دەستەی ویژدان و ئاشتەوایی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و کارکردن لەسەر چاکسازی و شیاندنی ژمارەیەکی بەرچاو لە دامەزراوەکان[٣].

## دادی قۆناغبەند لە ئەدەبی حقووقی و سیاسیدا

دوو دەیە و هەندێ لەمەوبەر بیرۆکەی "دادی قۆناغبەند" پێی نایە ناو ئەدەبی حقووقی و سیاسەتی حقووقی لەسەر ئاستی عەرەبی، سەرەتا لە مەغریب دوای ئەوە میسر و تا دەگاتە دەوڵەتانی رۆهەڵاتی عەرەبی، شتەکەیش پێوەستە بەبڵاوبوونەوەی کولتووری دیموکراسی بەگشتی و کولتووری مافبەند بەتایبەت، بەتایبەت لە پێوەندیدا بەسەرهەڵدانی چەندان دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکی و کاراییان، بەتایبەت دوای تەواوبوونی سەردەمی شەڕی سارد و ئەو شەپۆلی گۆڕانەی ئەوروپای رۆهەڵاتی گرتەوە و بووە مایەی سەرهەڵدانی گۆڕانکاریگەلی دیموکراسی و کۆتای بە سیستەمە شموولییەکان هێنا و دەرگەی بە ڕووی بڵاوبوونەوەی ئازادییەکان و بەهێزکردنی رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و زیادبوونی رۆڵی تاک و بەرتەسککردنەوەی دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروبارە ئابوورییەکان و کرانەوەکانی تر خستە سەرپشت، کە گەیشتە چەندان دەوڵەتی ئەمەریکای لاتینی و هەندێ لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا، بەشێوەیەک دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ بوونە بەهای باڵا کە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی ئەو پێوەرە دەستنیشان دەکرێ، کە گریمانەی بوونی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان سەردەست (حاکم) و بندەست (محکوم)دا دەکا لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی دەوریی سەردەستەکان لەلایەن بندەستەکانەوە و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و جەختکردن لە سەربەخۆیی دادگە و بەرجەستەکردنی پرەنسیپی سەروەریی یاسا و یەکسانی و هاووڵاتیبوون.

ئەگەر ئەو ڕەوتە پشت بەکۆمەڵێ رێسای گشتی وەک کۆڵکەی هاوبەشی مرۆیی دەبەستێ، ئەوا هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و وێڕای هاوبەشگەلەکانی نێوان گەلان، بەهۆی جیاوازیی پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و مێژووییانەوە، هیچ پرۆسەیەکی گواستنەوەی دیموکراسی لە یەکێکی تر ناچێ.

رەنگە ئەم پرسە تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر پرسی دادی قۆناغبەندا بچەسپێ کە دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لەو وڵاتانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە یاخۆ

ئەوانەی چاوەڕوانی ڕوودانی گۆڕانگەلێک دەکەن، کە بەهۆیەوە پێویست بە سوودبینین لە بنەماکانی دادی قۆناغبەند دەکا، زۆر باسوخواسی دەکرێ، ئەگەرچی هەر ئەزموونێکی عەرەبی تام و بەرامەی جیاوازی خۆی هەیە، ئەویش بەهۆی پەرەسەندنی مێژوویی و پۆلگیرییەکانی هێز و چینە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەتنییەکان و هەمەجۆریی کارایی و چالاکییە سیاسی و فیکرییەکان و کەڵەکەبوونی چەندان کێشە.[٤]

ئەگەرچی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە برێتییە لە تیشک خستنە سەر چەند ئەزموونێکی ناودەوڵەتی بۆ ئەوەی لە رووی فیکری و بنەما گشتییەکان و هەلومەرجەکانی جێبەجێکردنەوە لێیان بکۆڵینەوە، ئەوا ئامانج سوودوەرگرتن لە سەرکەوتنەکانیان و هاوکات ئاگەدار بوونە لە هەڵە و کەلەبەر و لایەنە خراپەکانیان تا خۆیانی لێ ببوێرین، چونکە هەر پرۆسەیەکی لاسایی و دووبارەکردنەوەی ئەزموونێک بەبێ لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەر ئەزموونێک، دەبێتە مایەی شێواندنی ئەزموونی یەکەم و زۆرکردن لە ئەزموونی دووەم، ناشتنی تۆوێک لە ژینگەیەکی ناسازدا جگە لەوەی گەشە ناکا، ئەگەر بشیکا گەشەیەکی کورتمەودا دەبێ و هەر زوو دەپڕووزێ و لەناو دەچێ. هەردوو بارەکە جێی مەترسین، ئەوەیش دەبێتە مایەی بەفیڕۆچوونی کات و کۆشش و سەرمایەکان بەبێ سوودێکی ئەوتۆ.[٥]

بەڵام هەر پێویستمان بەئەزموونی دەوڵەتان هەیە بۆ ئەوەی بە شەفافیەت و کرانەوەوە پەند و وانە و سوودیان لێ وەربگرین، ئەمە پرسێکی گرینگە بۆ پاراستنی ئەزموونە تایبەتەکان و دوورخستنەوەیان لە داخران لەلایەک، هەروەها دەرککردن بە تایبەتمەندیی ئەزموونەکان بەشێوەیەک ئەزموونە جیهانییەکە سەر نەکێشێ بۆ لەبەرگرتنەوەیەکی ناقۆڵا یاخۆ لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە لەلایەکی ترەوە، ئەوەیش پێویست بە ئاگەداری و ئاشناییە بە هەلومەرجی هەر وڵاتێک بەمەبەستی سەرخستنی پرۆژەیەکی نوێ بۆ رێکخستنی پێوەندیی سەردەست و بندەست، کە دەکرێ بنەما و رێسا بەهاییەکانی تێدا بەرجەستە ببێ و بگۆڕێ بۆ بنەماگەلی بالای دەستووری، بەوەیشەوە کە بەسەر دادی قۆناغبەنددا دەچەسپێ، لەبەرئەوەی پێوەندیی بە کرۆکەکەیەوە هەیە کە گۆڕانی دیموکراسی و ناوەڕۆکەکەی داهاتوویەتی.

بە ئەندازەی رێزگرتن لە تایبەتمەندییەکان و دەست پێوەگرتنیان، پێویست بە ئاگەداربوون لە ئەزموونەکان و لێکۆڵینەوەیان هەیە، بۆ تەواوکردنی وێنەی گۆڕانکارییەکە لەسەر ئاستی گەردوونی و گەڕان بەدوای هاوبەشییە مرۆییەکەدا.

## واتای دادی قۆناغبەند

رەنگە گرینگترین و مەترسیدارترین شت کە ڕووبەڕووی شۆڕشە عەرەبییە سەرکەوتووەکان و ئەوانەی دواتریش بەدوایاندا دێن دەبێتەوە، پرسی دادی قۆناغبەند و چۆنیەتیی مامەڵەکردنیانە لەگەڵ رابردوو، ئەوەیش هەمان پرسیارە کە ڕووبەڕووی ئەزموونەکانی پێشتر بووەتەوە. لە کاتی

کۆڵینەوە لە ئەزموونەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆهەڵات دەتوانین ئاماژە بۆ دوو ئەزموونی بنەڕەتی بکەین: یەکەم، ئەوەی بانگەشەی بۆ سەرەمرپی یاسایی دەکرد وەک لە ئەزموونەکانی پۆڵۆنیا و هەنگاریا، بەتایبەت کە گۆڕان تێیاندا شێنەیی و ئاشتییانە و درێژکراوە و پلە بەپلە بوو. دووەمیش لە هەردوو ئەزموونی ئەڵمانیای دیموکراسی و چیکۆسلۆڤاکیادا، کە گۆڕان تێیاندا شۆڕشگێڕانە بوو، هەر بۆیە داواکاریی دابڕان لەگەڵ رابردوو و پێڕەوکردنی دادپەروەریی سزایی و مێژوویی وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکانی رێژیمی پێشوو، زیادیان کرد، ئەگەرچی شۆڕش لە چیکۆسلۆڤاکیا لە ڕێی دابەزینیەوە بۆ شەقام و گۆڕەپانەکان ئادگار "ئەڵمانیایی" دەرکەوت، بەڵام لە کاتی گۆڕاندا ئادگاری پۆڵۆنی و هەنگاریی وەرگرت، نەخاسمە لە قایلبوون بە پرەنسیپی دانوستاندن و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات، رەنگە ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێک لە سەربازگەی رێژیمەکە تێکەیشتوو و نەرم بوو و هەندێکیان باینداپەوە بەلای شۆڕشی مەخمەڵیدا.

هۆکان هەرچی بن، ئەو وڵاتانە و هەندێ وڵاتی تریش لەگەڵ بابەتی دادی قۆناغبەند و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ رابردوو بە توندی یاخۆ بە نەرمی، ڕووبەڕوو بوون، بەڵام لەگەڵ پارێزگاریکردن لە بەهاکانی دادپەروەری و هاریکاریی کۆمەڵایەتی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و کارکردن بۆ چاکسازی لە سیستمی یاسایی، لەپێش هەموو شتێکەوە ئاشکراکردنی راستییەکان بەتەواوی و دیاریکردنی قەوارەی ئەو زیانانەی بەهۆی سیاسەتی خۆسەپاندن و بەدبەکارهێنانی دەسەڵات و هەژموونەوە بە کۆمەڵگە و تاکەکان گەیشتووە.

ئەی مەبەست بە دادی قۆناغبەند چییە؟ ئاخۆ دادێکی تایبەتە؟ یان دادێکە بۆ قۆناغی کاتی و لەگەڵ رێسا گشتییەکانی دادپەروەریدا جیاوازە، یاخۆ شتێکی ترە؟

دەتوانین بڵێین هەرەسی سیستمە یاساییەکان لە هەندێ وڵات یاخۆ نەگونجان و نەشیانیان لەبەر هۆی پێوەندار بە جەنگ و کێشە و شۆڕش و ململانە چەکدارییەکان یاخۆ داگیرکردنەوە، وا دەکا هەوڵ بدرێ شێوەی ڕاگوزەری نوێ بۆ دادپەروەری بدۆزرێتەوە تا دەگاتە دەوڵەتی یاسایی، ئەویش لە ڕێی چەند کۆڵکەیەکی هاوبەشەوە کە پێوەندییان بەدۆزینەوەی راستی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و جێ پڕکردنەوەی زیانەکان و دامەزراندنی بناغەی داهاتوویەکی جیاواز لە رابردوو، نەخاسمە بە چاکسازیکردن یاخۆ دانانی بناغەگەلێکی نوێ بۆ سیستمە یاساییەکە.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە جەنگ و یاخیبوونە چەکدارانەکان و کێشە ئەتنی و ئاینییەکان و رەفتارە سەرکوتکەرانەکان بوونەتە مایەی دەردیسەرییەکی گەورە و مردنی ملیۆنان خەڵک کە زۆربەیان لە مەدەنییەکان بوون. ئەو رووداوە تۆقێنانە پرۆسەی کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجەدانی درندانە و سەرنگونکردنی خەڵک و دەستدرێژی و قەسابخانەکاری و ئاوارەبوونی بەکۆمەڵیان تێدا بووە. هاوکات بەشێوەیەکی سیستماتیک کار بۆ قوتارکردنی تاوانباران لە سزا کراوە.

دوای ئەو پێشێلکارییانە داواکاریی ناودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی سیستمێکی نوێ زیادی کرد کە وەڵامدەرەوەی خواستەکانی دادپەروەری بێ تا دەگاتە راستی (هەقیقەت)، بەو شێوەیەی بگاتە ئاشتەوایی، نەخاسمە دوای تەواوبوونی لێپرسینەوە. هەندێ جار بەمجۆرە دادپەروەرییە دەگوترا "دادپەروەریی پاش کێشەکان" و لەو ڕوانگەیەوە "بنەماکانی شیکاگۆ" دانران کە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی پاش کێشەکان ئامادە کرا، ئەوەیش جگە لە ستراتیجیەتگەلێک بۆ نەهێشتنی قوتاربوون لە سزا یاخۆ "دادی قۆناغبەند" هیچی تر نەبوو، ئەوەیش پرۆسەیەکی فرەڕووە کە ڕێبازی یاسایی رەسمی لە تێڕوانین بۆ چەمکی دادپەروەریی باو، تێ دەپەڕێنێ.[٦]

لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا جیهان پێکهێنانی لێژنەگەلێکی تایبەت بەدادی قۆناغبەندی بەخۆوە بینی بەناوی "لێژنەکانی راستی" یاخۆ "لێژنەکانی راستی و ئاشتەوایی" یاخۆ "ویژدان و ئاشتەوایی" و ناوی تر، دەوڵەتانی دەستپێشخەر لەو رووەوە لە ئەمەریکای لاتینی و دواتریش ئەفریقیا بوون، بەم شێوەیە بابەتی دادی کۆمەڵایەتی و لێژنە تایبەتەکان دەچێتە ناو مێژووی فیکری سیاسی و یاسایی و رۆشنبیریی دیموکراسی، تاکە دەوڵەتی عەرەبی کە دەستەیەکی بۆ دادی قۆناغبەند پێک هێنا مەغریب بوو، ئەویش دوای ئەو چاکسازییانەی لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو ئەنجام دران.

لە راپۆرتەکەی سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێناسەی دادی کۆمەڵایەتی دەکا بەوەی "هەموو پرۆسە و میکانیزمەکانی پێوەندار بەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵگە بەخەرجی دەدا بۆ لێ حاڵیبوون و تێپەڕاندنی پاشماوەی بەرفراوانی قۆناغی ڕابردوو بەمەبەستی دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە و چەسپاندنی راستی و بەدیهێنانی ئاشتەوایی"، کوفی ئەنان ئەوەیشی گرێ دا بە ستراتیجگەلێکی هەمەگیر بەشێوەیەک بایەخی تەواو بە دادگەییکردنە تاکەکەسییەکان و ئامرازەکانی قەرەبووکردنەوەی زیان و بەدواداچوونی راستی و چاکسازیی دامەزراوەیی، یاخۆ هەر فۆرمێک ئەم رەگەزانە بەشێوەیەکی گونجاو پێکەوە جۆش بدا.[٧]

لایەنی بەرپرس لە بابەتی دادی قۆناغبەندیش کۆمیسیاری مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە. خاتوو نافانیتیم بیلای کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەوە دا پێویستە هەوڵەکانی دادی قۆناغبەند لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ بێت و پێ لەسەر ماف و پێویستییەکانی قوربانییەکان وماڵباتەکانیان و پێویستیی ئەنجامدانی دیالۆگی نیشتمانی دابگرێ. ئەو کەسانەی لە ئەنجامی سەرکوتکاری و یاخۆ کێشەکانی ڕابردووەوە زیانیان پێ گەیشتووە، پێویستیان بەوەیە ئازادانە بۆچوونەکانیان بگۆڕن بەشێوەیەک بوار بۆ پرۆگرامی دادی قۆناغبەند ساز بکا، کە ئەزموونەکانیان لە بەرچاو بگرێ و پێداویستی و بەرکەوتەکانیان دیاری بکا".[٨]

بنەماکانی شیکاگۆ بۆ پاش قۆناغی شەڕ و ناکۆکییەکان پرۆژەیەکە کە مەحموود شەریف ئەلبەسیونی ئیدارە و سەرپەرشتیی کردووە و هەریەک لە دانیاڵ رۆتنبێرگ و ئیتێل هیجونیە

ئامادەیان کردووە، لەم خاڵانەدا پوخت دەکرێتەوە:

١- دەوڵەتان ئەوانە دادگەیی دەکەن کە گومانیان لێ دەکرێ بەشێوەیەکی بەربڵاو مافەکانی مرۆڤ و یاسای ناودەوڵەتیی مرۆییان پێشێل کردبێ.

٢- دەوڵەتان ڕێز لە مافی زانینی ڕاستی دەگرن و هانی لێکۆڵینەوە ڕەسمییەکان لە پێشێلکارییە پێشووەکان دەگرن لە ڕێی لێژنەگەلی تایبەت بە بەدواداچوونی ڕاستییەکان، یاخۆ دەستەی ترەوە.

٣- دەوڵەتان دان بە دۆخی نوێی قوربانییەکاندا دەنێن و دەستەبەری بەدیهێنانی دادپەروەرییان بۆ دەکا، هەروەها ڕێگەی قەرەبووکردنەوەیان بۆ فەراهەم دەکا.

٤- پێویستە دەوڵەتان سیاسەتی لە کار لادان و سزا و ڕێوشوێنە ئیدارییەکان پێڕەو بکا.

٥- پێویستە ئەو دەوڵەتەی پاڵپشتی لە پرۆگرامە ڕەسمییەکان و دەستپێشخەرییە میللییەکان بۆ زیندووڕاگرتنی یادی قوربانییەکان دەکا، کۆمەڵگە لەبارەی توندوتیژیی سیاسیی ڕابردوو و زیندووڕاگرتنی یادەوەریی مێژوویی کۆمەڵگەوە هۆشیار بکاتەوە.

٦- پێویستە دەوڵەتان ڕێز لە ئامرازە کلاسیکی و ئەهلی و ئایینییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشێلکارییە ڕابردووەکان بگرێ و پاڵپشتییان بکا.

٧- دەوڵەتان بەشداری لە چاکسازیکردنی دامەزراوەیی دەکەن بەمەبەستی پاڵپشتیکردن لە سەروەریی یاسا و گێڕانەوەی متمانەی جەماوەر و چەسپاندنی مافە بنەڕەتییەکان و پشتیوانیکردن لە حوکمڕانیی دادپەروەر.[٩]

بەڵام گرینگترین ڕەگەزە بنچینەییەکانی دادی پاش کێشەکان لەسەر بنەمای مافە مرۆییە ڕەواکان و داواکردنی دادپەروەری و پشتبەستن بەیاسای ناودەوڵەتیی مرۆیی و یاسای مافەکانی مرۆڤ بۆ بەرگرتن لە قوتاربوون لە سزا و پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لەسەر تاوانەکانی ڕابردوو، هەروەها پشتبەستن بەبنەماکانی ئاشتی و دیموکراسی و لە بەرچاوگرتنی وەرگرتنەوەی مافی قوربانییەکان بەمەبەستی پڕکردنەوەی زیانەکان و داڕشتنی ستراتیجگەلێک کە پشت بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویی سیاسیی خۆماڵی ببەستێ، هەروەها پێداگرتن لەوەی ئەو بنیاتە بەشێکە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەڕوو، کە پێویستی بە تێڕوانین و ڕێزگرتنێکی درێژمەودا هەیە.

لایەنی جێبەجێکەری ئەم بنەما و بنچینانەیش دادگە خۆماڵییەکانن کە لە ڕووی دادوەرییەوە پسپۆڕن، هەروەها دادگە تێکەڵەکانی تاوانەکان (دەوڵەتی و ناوەخۆیی) بە پشتبەستن بە یاسا خۆماڵی و ناودەوڵەتییەکان، بەتایبەت ئەگەر قەزا و یاسای خۆماڵی لە توانایاندا نەبوو دادپەروەری دابین بکەن، ئەو کاتە دەکرێ سوود لە چوارچێوە ناودەوڵەتییەکە وەربگیرێ بۆ دامەزراندنی دادگەی تێکەڵ. بەڵام ئەگەر هاتوو یاسا و قەزای خۆماڵی داتەپیبوون، نەیاندەتوانی و

نەیاندەویست تۆمەتباران بە ئەنجامدانی تاوانی دژ بەمافی مرۆڤ و یاسای ناودەوڵەتیی مرۆیی دادگەیی بکەن، لەو کاتەدا پەنا بۆ دادگە ناودەوڵەتییەکان دەبرێ.

دادی قۆناغبەند دەخوازێ قەزا سەربەخۆ و بێگەرد بێ، رێز لە رێوشوێنە یاساییەکانی وەک پێویستیی لێکۆڵینەوە و لەدادگەدان بگیرێ و رێگە بە فرە لەدادگەدانی هەمان تاوان نەدرێ، سەلامەتیی شایەتەکان و رێوشوێنە تایبەتەکان و کارمەندان دەستەبەر بکرێ. هەروەها پێویستە هۆشیاری لەناو جەماوەردا بڵاو بکرێتەوە. لەم دۆخانەدا ئەوەی پێی دەوترێ کۆنبوونی تاوان پێڕەو ناکرێ و تۆمەتەکانی تاوانباران بەتێپەڕینی کات ناسڕێنەوە بەپاساوی ئەوەی ئەوان تەنیا فەرمانیان جێبەجێ کردووە، هیچ کەسێک، بە سەرۆکی دەوڵەتیشەوە، مافی پاراستن لە لەدادگەدان نییە.[10]

چەندان لێژنەی راستی و ئاشتەوایی پێک هاتوون، کە دەتوانین بەپێی مێژوو و ئامانج دامەزراندنیان ئاماژەیان پێ بکەین:

لە پۆلیڤیا ساڵی ١٩٨٢ دەستەی نیشتمانی بۆ گەڕان بەدوای شوێنبزرەکان پێک هێنرا. لە ئەرجەنتین لە ساڵی ١٩٨٣ دەستەی نیشتمانی لەبارەی بزربوونی کەسەکانەوە پێک هات کە رۆڵێکی گرینگی لە بواری دادی قۆناغبەنددا بینی. لە فیلیپین لە ساڵی ١٩٨٦ دەستەی سەرۆکایەتی لەبارەی مافی کەسەکان پێک هات. لە چیلی لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ دوو دەستە پێک هاتن، یەکەمیان تایبەت بە راستی و ئاشتەوایی و دووەمیان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و ئاشتەوایی. سلڤادۆر لە ساڵی ١٩٩١ لێژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی پێک هێنا. هەروەها هەریەک لە گواتیمالا لە ساڵی ١٩٩٤ لەبارەی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤەوە، پیرۆ لە ساڵی ٢٠٠١ و پاراگوای لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستەی راستی و دادپەروەرییان پێک هێنا.

لە ئەفریقیا، رواندا لە ساڵی ١٩٩١ و باشووری ئەفریقیا لە ١٩٩٥ و سیرالیۆن لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆمسیۆنی راستی و ئاشتەواییان پێک هێنا. رووداوەکانی تەیمووری رۆژهەڵاتیش وای لەو وڵاتە کرد دەستەی بەیەکگەیشتن و راستی و ئاشتەوایی لە ساڵی ٢٠٠٢ پێک هێنا. لە غینیا لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆمسیۆنی ئاشتەوایی نیشتمانی پێک هات. لە سربیا لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستەی راستی و ئاشتەوایی پێک هات. مەغریب لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستەی ئینساف و ئاشتەوایی بەسەرۆکایەتیی ئەلسدیق ئیدریس بن زیکرا کە ماوەی ١٧ ساڵ لە گرتیگەدا بوو و ئازاد کرابوو پێک هێنا، کارەکەی بریتی بوو لە دۆزینەوەی راستی و ئینساف بەگیانی لێبووردەییەوە.[11]

جێی باسە ئەزموونەکەی مەغریب لە دادی قۆناغبەنددا سێ کۆسپی مەزنی هاتە رێ، یەکەمیان ئەوە بوو بە دەستپێشخەریی هەمان رژێم بەردەوام دەبێ کە تاوانەکانی ئەنجام داوە. دووەم ئەوەیە بنمیچەکەی ناگاتە دامەزراوەی شاهانە کە خۆی دەستپێشخەرییەکەی کردووە، لێرەشەوە خۆی لە دەرەوەی بازنەی پرسوجۆوە مایەوە و پێشوەخت لێی ناوبگیر کرا. سێیەمیشیان درێژیی ئەو ماوەیە کە دەیگرێتەوە.

یەکەمین پریشکی هاوکاریی ناونەتەوەیی لەگەڵ قوربانییان لە چیلی دەستی پێ کرد لە ساڵی ١٩٧٥، کاتێ کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوەدا بە بوونی ئەشکەنجە و بەدمامەڵە و بەندکردنی زۆرەملێ لەو وڵاتە نا، ئەوەیش ناوەندە یاسایی و مافناسییەکانی سەرقاڵ کرد، نەخاسمە لە کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بیرکردنەوە لە پەرەدان بە چەمکەکە کە لە چەمکی "دادی قۆناغبەند"دا گەڵاڵە بوو، ئەویش وەک لە ناوەکەیەوە دیارە واتای ئەوە دەگەیەنێ کاتی و ناهەمیشەییە و لەناو کەفوکوڵی پرۆسەیەکی گۆڕان و گواستنەوەدا سەرهەڵدەدا، جا چ لە شەڕەوە بێ بۆ ئاشتی یاخۆ لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە بێ بۆ یەکێکی دیموکراسی، یاخۆ دوای ململانەی چەکدارانەی ناودەوڵەتی، هەرێمی یان ناوخۆییەوە بێتە کایە. زیاتر مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا دەکا بەتایبەت تاوانەکان و دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ وەک هەردوو پسپۆڕی سەنتەری ناودەوڵەتی بۆ دادی قۆناغبەند مارک فریمان و بریسیلاب هاینەر ئاماژەی بۆ دەکەن، یارمەتیی دەرخستنی ڕاستی، پرسینەوە لە پێشێلکارانی مافی مرۆڤ، دەستەبەرکردنی سەکۆیەک بۆ قوربانییان یاخۆ کەسوکارەکانیان، هاندان بۆ گفتوگۆی گشتی و ڕاسپاردن بۆ قەرەبووکردنەوە، ریفۆرمی یاسایی و دامەزراوەیی، بەهێزکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی گۆڕانی دیموکراسی دەدا.[١٢]

رەنگە هەر ئەمەش بێ کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی باسکردنی لە "کۆمەڵگەکانی ململانە و کۆمەڵگەکانی پاش ململانە" پێداگریی لەسەر پێکەوە گرێدانی دادپەروەری و ئاشتی و دیموکراسییەت کردووە، تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی قۆناغی ڕابردوو و دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە و بەرقەرارکردنی دادپەروەری و بەدیهێنانی ئاشتەوایی، کە ژمارەیەک ڕێوشوێنی قەزایی و ناقەزایی دەگرێتەوە.[١٣]

لە ڕووی مەرجەعیەتی سیستەمی دادی قۆناغبەند و ئەو لێژنانەی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و دادپەروەری لێی دەبنەوە، لەسەر مەرجەعیەتگەلی ناودەوڵەتی دامەزراوە کە بناغەکەی یاسای ناودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕێساکانی یاسای مرۆییانەی ناودەوڵەتییە، نەخاسمە چوار ڕێککەوتننامەکەی جنێڤ کە لە ١٢ ئابی ١٩٤٩دا ئیمزا کراون و دوو پاشکۆکەیان لە ساڵی ١٩٧٧ و حوکمەکانی دادگە هەرێمییەکان و پوختەکانی لێژنەکانی ڕاستی و ئاشتەوایی و ئەو یاسا نیشتمانییانەی لەگەڵ یاسای ناودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و هی تردا ناکۆک نین، هەر بۆیە پێڕەوکردنی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر قوربانییەکان دەبێ لە ڕێی گەڕانەوە ئیعتیبار و کەرامەتی ئینسانی و ئاشکراکردنی ڕاستی و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، هەروەها پێشخستنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک لەبارەی قەوارە و مەترسیی پێشێلکارییە پەنهان و پەردەپۆشکراوەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دیموکراسییەوە، هەروەها پشتیوانی و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دانانی بناغەی دەوڵەتی یاسا و ڕەوتی دیموکراسی.[١٤]

## پرسوجۆ و راستی لە ئەزموونەکانی دادی قۆناغبەنددا

بابەتی قوتاربوون لە سزا "پرسوجۆی تاوانباری" لەلایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکانی سەرنگونکردن یاخۆ ئەشکەنجەدان و باقیی پێشێلکارییە زەقەکانی تری مافەکانی مرۆڤ، یەکێکە لە پرسە بە گرێکان لە ئەزموونەکانی گواستنەوەی دیموکراسیدا، بە تایبەت ئەوانەیان دوای کۆتاهاتنی کێشەی سیاسیی چەکدارانە و گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی مەدەنی هاتوونەتە کایە، یان ئەو کێشە سیاسییانەی حاڵەتی توندوتیژیی چەکدارانەیان تێ دەکەوێ،یاخۆ ئەو پەرەسەندنانەی لەناو دەسەڵاتی سیاسیدا روو دەدەن بە کۆتاهاتنی حوکمڕانییەکی خۆسەپێن یاخۆ دەسەڵاتگەرا و هەنگاونان بەرەو حوکمڕانییەکی مەدەنیی دیموکراسی ، چونکە ئەم بژارەیە ئەگەرچی سەنگینە، بەڵام هێشتا هەندێ تێکەڵ و پێکەڵە، بەتایبەت لە ئاست ئەو ناسۆرییانەی دووچاری قوربانییەکان بووەتەوە، چ لە کاتی ململانە چەکدارییەکان و شەڕە ناوەخۆییەکان یاخۆ دەسەڵاتی سەربازی و سیستەمە دەسەڵاتگەراکاندا.[١٥]

ئەم بابەتە تەوەری گفتوگۆیەکی مەعریفیی قووڵ بوو لەلایەن تیمێکی عەرەبی لە پسپۆڕ و چالاکان، کە لەسەر بانگهێشتنی سەنتەری کەواکیبی و پەیمانگەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ و سەنتەری دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ لە مەغریب (ریبات ٢٢-٢٣ تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠٠٩) رێک خرا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێسا پێوانەییەکان، بەلای یاسای مرۆیی ناودەوڵەتی یاخۆ یاسای مافی مرۆڤی ناودەوڵەتی، ئەوا دەبێ تاوانباران بدرێنە دادگە . ئەمە رێسای گشتییە، بەڵام رووداوەکان هەندێ ئاماژەیان داوە بە قوتاربوون لە لێپرسینەوە، بەتایبەت بەهۆی تێکەڵکردنی کێشە سیاسییەکان بە بابەتە یاساییەکان.

جا ئەگەر ئەو لێژنەیەی بۆ بە دواداچوونی حاڵەتەکانی شوێن بزرکردن پێک هاتووە لیستێکی ١٠ خاڵی وەک مەرج بۆ حاڵەتەکانی شوێن بزرکردن دانابێ (ساڵی ١٩٩٣-خولی ٥٠یەمینی لێژنەی مافەکانی مرۆڤ) بە ئامانجی بەرگرتن لە قوتاربوون لە سزا، ئەوا چەندان لەمپەر و پاڵەپەستۆی بەهێز رێگر بوون لە جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دادی قۆناغبەند، کە مەرجگەلی سیاسی و یاساین، بۆ نموونە لە ئەرجەنتین وێڕای گواستنەوەی دەسەڵات بۆ مەدەنییەکان و پێکهێنانی دەستەی نیشتمانی بۆ بەدواداچوونی بێ سەروشوێنەکان، بەڵام مەترسی لە قوتاربوون لە سزا هەر مایەوە.[١٦]

حکوومەتی ئەرجەنتین لە وەڵامیدا بۆ ڕاپۆرتی تیمی تایبەت بە شوێن بزرکردنی گشتیی ساڵی ١٩٩٣ (لە بەردەم لێژنەی مافەکانی مرۆڤ ١٩٩٣) پاساوی بەوە دایەوە کە "ئەگەر هەرچی گوناهبارێک هەیە دادگەیی بکرێن، ئەوا دەبێ ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە بکەرانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تاوانەکان و یاریدەر و هاولف تێوەگلاوان لەگەڵیان بخرێنە قەفەسی

تۆمـەتبـارکردنـەوە، لەناو ئەو توێژانەیشـدا یاسا بەسـەر زۆربـەی ئەفسـەر و ئەفسـەرپۆلی هێـزە چەکداران و هێزەکانی ئاسایش و تانانەت سەربازەکانیشدا کە لە کاری نایاساییدا بەشدارییان کردووە جێبەجێ بکرێ، ئەمە جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان ئاشکرا دەکرد کە هەزاران لە فـەرمـانبـەرانی مـەدەنی لـە حکوومـەتی ناوەندی و گـرتیگەکـان و بەڕێوەبەرانی شـارەوانی و نەخۆشخانەکان و هەموو ئەو دامەزراوانەی لـە کارەکانی سەرکوتکردنەوە گلاون، بەرپرسیارن، ئەگەر هەموو ئەمانە بکرێن پشێوی لە وڵاتدا دەتەقێتەوە".

ڕەنگە ئەزمـوونەکـەی ئەرجـەنتین لـە ڕووی فـراوانی و هەمـەگـیرییـەوە، بەتایبـەت لە بابەتی تاوانبـاراندا، لە ئەزموونی وڵاتە سۆشیالیستەکانی ڕابردوو نێزیک بێتەوە، هەروەها لە ئەزموونی عێراق لە ڕابردوو و ئێستە، جا ئەگەر بەرپرسیاریەتیی بنەڕەتیی ڕابردوو بکەوێتە ئەستۆی ڕێژیمی پێشوو و دەزگا ئەمنی و حزبییەکانی، چ لە پرۆسەکانی شوێنبزرکردن، ئەشکەنجەدان، یاخۆ ڕاگواستنەوە و سەرکوتکردنی بەکۆمەڵ، بەتایبەت دژ بەکوردەکان بەگشتی و کوردە فەیلییەکان بەتایبەتی، هەروەها لە هەڵمەتەکانی ئەنفال و بۆردمانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لە ١٦-١٧ ئاداری ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شەڕی عێراق-ئێراندا و دواتر لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکە بە تایبەت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، هەروەها لە کوردستان لە کاتی گەمارۆ ناودەوڵەتییەکەدا، ئەوا لە دوای داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن ئەمەریکاوە پێشێلکردنە زەق و ڕەقەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی داگیرکەر و حکوومەتی عێراق. ڕووداوەکانی گرتووخانەی ئەبوغرێب و گرتووخانە ئەمەریکاییەکان و گرتووخانەکانی وەزارەتی ناوخۆ، قەوارەی ئەو پێشێلکارییانەی ئاشکرا کرد کە بەپێی ڕێساکانی یاسای مرۆیی ناودەوڵەتی و ڕێککەوتنامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و پاشکۆکانی ساڵی ١٩٧٧ دەکەوێتە ئەستۆیان. ئەمە گرووپە چەکدار و تیرۆریستەکانیش لە بەرپرسیارێتی نابوێری کە دوور لە یاسا و نەریتە ناودەوڵەتییەکان پەنا بۆ توندوتیژی و تۆقاندن دەبەن، هەر بۆیە ئەگەر بویستـرایە هەمـوو تاوانبـاران و دەست و پێوەندەکانیان لە ڕابردوو و ئێستەدا بدرێنە دادگە ئەوا پشێوی و پاشگەردانییەکی ئەوتۆ سەری هەڵدایە کە ڕەنگە زۆر زیاتر بوایە لەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کە پێشبینیی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆ و پاکتاوکردنی مەزەبی و عیرقی و ڕاگواستنی دانیشتوانی لێ دەکرێ.[١٧]

لەبەرئەوەی دەکرێ پێڕەوکردنی دادی قۆناغبەند لە ڕێی ئاشتەواییی نیشتمانییەوە، بەتایبەت دوای کشانەوەی هێزی داگیرکەر، ڕێگەی گەیاندنی عێراق بێ بە ڕێڕەوی گۆڕانی دیموکراسی، ئەویش بە دیاریکردنی بەرپرسیاریەتییەکان و ئاشکراکردنی ڕاستی و قەرەبووکردنەوەی زیانی قوربانییەکان و ئەنجامدانی چاکسازیی دامەزراوەییی پێویست لە داوودەزگا حکوومەتییەکاندا، ئەمە جگە لە ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بڵاوکردنەوە و قووڵکردنەوەی کولتووری دیموکراسی و مافناسین و بەرگرتن لە گەڕانەوەی ڕابردوو.

ئەزمـوونی دووەم ئەزمـوونی باشـووری ئەفـریقـیایە کـە وازی لە بیـرۆکـەی ڕاوەدوونان هـێنا

بەتایبەت بۆ کارەکتەرە سیاسییەکان کە لەبارەی دۆخی هەستیاری گواستنەوەی دیموکراسییانە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی یاسا و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤەوە لە دانوستاندندا بوون.

بەڵام بابەتی پرسوجۆ چەندان پرسیاری دژیەک و تیژ دەورووژێنێ: ئاخۆ دەکرێ لە روانگەی دادوەریی دادگەکانی نۆرتمبێرگەوە کە بۆ دەوڵەتێکی دۆڕاو دانرا بوون تۆمەتباران پەلکێشی دادگە بکرێن لە دۆخێکدا کە رەنگە ببێتە مایەی تەقینەوەی دۆخەکە و خراپترکردنی. رەنگە ئەزموونی وڵاتە سۆشیالیستەکانی پێشوو کە زیاتر لە ئەزموونێک لەبارەی بەردەوامیی یاساییەوە یاخۆ دابڕان لەگەڵ رابردوو پێشکێش دەکەن، ئەوەیش بڕگەیەکی بۆ تەرخان دەکەین.

لە چیلی دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر گەڕانەوەی حوکمی مەدەنی، پەرەسەندنێکی لە پڕ رووی دا کاتێ بینۆشیە پاش دەستبەسەرکردنی لە بەریتانیا و پێداگریی قەزای ئیسپانیا لەسەر لەدادگەدانی، وەک سەرەتایەک بۆ لەدادگەدانی ماڵبەند کرا. پێشتر سوپا بە سەرکردایەتیی بینۆشیە یاسای لێبووردنی خۆی دەرکرد، جیاواز لە ئەزموونی باشووری ئەفریقیا کە بنەمای لێبوردنی پەسەند نەکرد، هەروەها لە ئەرجەنتینیش لێبووردن دوا ئەڵقەی زنجیرەکە بوو. بەڵام ئاشکراکردنی راستی و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتییەکان بناغەی ئاشتەواییی نیشتمانی و دواتر هەڵدانەوەی لاپەڕەی رابردوو بوو.

دوای پرسوجۆی جینایی، ئاشکراکردنی راستی یەکێک بوو لە هەڤرکییە گەورەکان لە ئەزموونەکانی گواستنەوەی دیموکراسیدا، هەروەها رەنگە ئاشکراکردنی راستی یەکێک بێ لە نیشانەکانی ڕاستگۆییی پیاوانی سیاسەت و یاسا!. دەتوانین ئاماژە بە سێ جۆر و پاساو بکەین بۆ ئاشکراکردنی راستی:

یەکەم: ئارەزووی قوربانییەکان و ماڵباتەکانیان کاتێ پەیتاپەیتا پرسیار دەکرا: بۆچی هەموو ئەمە رووی دا؟ چۆن رووی دا؟ کێ بەرپرسە؟ بۆچی ئەو هەموو پێشێلکاری و زێدەڕۆییيانە روويان دا؟ راستی، واتە شوێنەکانی دفنکردن، لە کوێیە؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تری رەوا و مرۆیی.

دووەم: ئارەزوومەندی بۆ نەسڕینەوەی رابردوو، چونکە رابردوو بناغەی ئێستە و داهاتووە، بۆیە پێویستە داوەری یەک بخرێ و بەدۆکیومێنت بکرێ. هەروەک پێویستە وردەکاریی ئەوەی رووی داوە بزانرێ، بۆ ئەوەی لە بیر نەکرێ!

سێیەم: ئارەزووی زانینی راستی بەتەواوی. پرسیاریش ئەوەیە: ئاخۆ دەتوانرێ هەموو شت بزانرێ؟ ئاخۆ دەتوانرێ بەتێپەڕینی کات راستیی رووداوەکان بزانین؟ رەنگە هەندێ لە بڕیارسازان حەزیان لەمە بێ و هەندێکیش بیانەوێ لە بیر بکرێ، بەڵام تا ئێستە چەندان وڵات لە ئەزموونی خۆیاندا تەنیا ئەنجامگەلێکی سنوورداریان لەو رووەوە بەدەست هێنا.

بەڵام راستی و بۆ خۆیدا جۆرێک لە پاکبوونەوەی رۆحیی مرۆیی بۆ تاک و کۆمەڵگە دێنێ و دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم پێشێلکاری لە داهاتوودا، چ بە شایەتیدان بێ یاخۆ گێڕانەوە تەنانەت ئەگەر رووداوگەلێکی کۆمەڵایەتی یاخۆ سیاسی یاخۆ یاساییشیان تێکەڵ بووبێ، بەڵام

وەک دانپێدانێکی مافخوازانە کارێکی گرینگە بۆ گەلاڵەکردنی مەغزایەکی یاسایی کە یاداوەری تیژ دەکا و رێز بۆ قوربانییەکان دەگێڕێتەوە و بەشداری لە چەسپاندنی دادی قۆناغبەنددا دەکا، لەوێشەوە بناغەیەک بۆ ئاشتەواییی نیشتمانی و گواستنەوەی دیموکراسی دەستەبەر دەکا.

## رێگەی سەختی ئازادی: ئەورووپای رۆهەڵات وەک نموونە

لە کۆتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پرۆسەی گۆڕان لە وڵاتانی ناوەندی ئەورووپای رۆهەڵات رووی دا و لەوەشدا دوو رێگەی گرتە بەر:

یەکەم: رێگەی رێکاری (اجرائي)، ئەویش کاتێ پرسیارەکان لەبارەی پرۆژەی گۆڕان و ناسنامەی نوێوە کەڵەکە بوون، واتە بەگوێرەی کامە پێوەرگەلی یاسایی دەکرێ نموونەیەکی براگماتی (پراکتیکی) بۆ چەمکە سەرهەڵداوەکانی وەک دیموکراسییەت و فرەیی و ئابووریی بازاڕ و میراتی رابردوو دەستەبەر بکرێ، لە بەرامبەریشدا یاسادانان بە ئەندازەی سەرچاوەگرتنی لە واقیعەوە دەبێ هەڵگری بەهاگەلە باڵا سیاسییە ریشەداکوتاوەکانی ناو ویژدانی مرۆڤایەتی بێ وەک کەرامەت و ئازادی و ئەشکەنجەنەدان و داننان بە مافە مرۆیییەکاندا، تا ببێتە بناغە لە پرۆسەی پێکهێنانی چوارچێوەی دەستووریی نوێ و ئەو سیستمانەی لەسەری دادەمەزرێن.

دووەم: رێگەیەکی پێوەری (معیاري) کە پێوەندیی بەپێکهێنانی ناسنامەی نوێی کۆمەڵگەی سیاسییەوە هەیە، کە پێچەوانەی کۆمەڵگەی پێشووە کە هەرەسی هێناوە یاخۆ پاشەکشەی کردووە. هەر بۆیە هەردوو ستراتیجییەتەکە لەسەر دوو بەهای نموونەیین، بەڵام بەشێوەیەکی تەسەل و پتەو پێکەوە بەستراون.

بەهۆی گۆڕانی ئاراستەی ئابووری بەتایبەت لە گواستنەوە لە مولکایەتیی ئیشتیراکی (کۆمەڵایەتی)ەوە بۆ پرۆژەکانی تایبەتکاری (خەسخەسە) و ئابووریی بازاڕ دەبوو پێوەرگەلی یاساییی سیستەمی نوێ هەبێ کە ئازادیی ئابووریی دەستەبەر بکات و دەستوەردانی دەوڵەت کەم بکاتەوە بەربەستە دەروونییەکان نەهێڵێ، تا ئابوورییە تازەکە لەسەری باڵا بکا کە لە ئابووریی سۆشیالیزمیەوە بۆ ئابووریی لیبراڵی دەگۆڕێ. بەم شێوەیە بابەتەکە پێویستی بەگونجاندن هەبوو لە نێوان ئابووری و یاسادا، چ لە ئاستی رێکارەکانی رابردوو وەک خۆماڵیکردنەکان و گێڕانەوەی مولکەکان بۆ خاوەنەکانیان، یاخۆ لە ئاست شێوەی سیستمە ئابوورییە نوێیەکە. رێکاری یەکەم پێوەندیی بە قەرەبووکردنەوەوە هەیە، ئەمە جگە لە سافکردنی حیساب لەگەڵ تاوانباران و دامەزراندنی سیستمێکی نوێی دادپەروەری. ئەوەش پێویستی بەپرۆسەیەکی گواستنەوە هەبوو کە لە هەندێ وڵات نێزیکەی ١٠ ساڵ و زیاتری خایاند، بەڵام وێڕای کۆسپ و هەڤرکییەکانی بەردەمی و تەنانەت ئەو شکستانەش هاتنە رێی، بەئاراستەیەکی دروستدا رۆیشت.

بابەتەکە پێوەندیی بە دادی سزاییشەوە هەیە، بەتایبەت کە داوا هەبوو بۆ بە ئەرشیڤکردن و تۆمارکردنی دیمەنەکانی ستەم و نادادی لە سەردەمی رژێمی پێشوودا و ئاشکراکردنی لە بەردەم

واقیعی نوێی گەلدا کە تازە دروست بووە، هەروەها ڕێکخستنی بە شێوەیەک نەوەکانی داهاتوو سوودی لێ وەربگرن.

ڕەنگە سیستمی دادی قۆناغبەند کە لە برگەیەکی سەربەخۆی داهاتوودا باسی دەکەین لای بزاوتەکانی گۆڕان لە ئەورووپای ڕۆهەڵات هەبووبێ، کە بە ئەزموونگەلێکی گرینگ لە ئەمەریکای لاتینی بەتایبەت لە ئەرجەنتین و چیلی دەستی پێ کرد، کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەزموونی باشووری ئەفریقیا.[١٨]

ئەزموونی ئەورووپای ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دوو ئاراستەی جیاوازی بەرجەستە کرد: یەکەمیان مەیلی بەلای هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕابردووە دوای جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی دادی سزایی بەسەر ژمارەیەکی سنووردار لە سەرکردەکانی بەرپرس لە تاوانەکان، شان بەشانی ئاشکراکردنی ڕاستی و هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و پڕکردنەوەی زیانەکان و جەختکردن لەسەر چاکسازیکردن لە سیستمە یاساییەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەر شتێک ببێتە مایەی گێڕانەوەی سەردەمی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی. هەرچی ئاراستەی دووەمە مەیلی بەلای تۆڵەکردنەوە و سافکردنی حیساباتەکانی تۆڵە لەگەڵ ڕابردوو، بە بەکارهێنانی ئامرازگەلی نایاساییشەوە.[١٩]

ئەڵبەت هەر وردبینیکردنێکی ڕابردوو یان سەر دەکێشێ بۆ یەخەگیری لەگەڵ ئەو ڕابردووە و ئەنجامەکانی، یاخۆ دروستبوونی ڕایەکی گشتی تێپەڕاندنی بە ئاراستەی داهاتوویەکی نوێ، ئەویش بە بەکارهێنانی دادی قۆناغبەند بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی دادی سزایی، بەتایبەت لە دۆزینەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان تاوانەکانی ڕابردوو و شێوازی سزادانی دادپەروەرانەدا، واتە هەوڵدان بۆ لێک نێزیککردنەوەی ڕابردوو و داهاتوو.

ئەگەر ئەزموونی باشووری ئەفریقیا و تەنانەت چەندان لە دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینی ڕێککەوتننامەیەکی سیاسییان لە شێوەی نیوچە کۆدەنگییەکی حزب و هێزە سیاسییە سەرەکییەکاندا دانا، کە داوا دەکا بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و لێبووردەیی تاوانبارانی ڕابردوو ڕاوەدوو نەنرێن، ئەوا ئەزموونی ئەورووپای ڕۆهەڵات سیاسەتی سزادانی لەگەڵ تاوانە سیاسییەکاندا بەکار هێنا – ئەگەر لە سنوورێکی دیاریکراویشدا بووبێ – بەڵام ئەو سیاسەتە ئاڵۆز و هەندێ جار لە ڕووی تەکنیکییەوە مەحاڵ دێتە پێش چاو، نەخاسمە ئەگەر بە چاوگێڕان بە زۆر لە دۆخە تاکەکەسییەکاندا، هەندێ لە دادوەر و نوێنەرەکانی دەوڵەت دڵساردیی خۆیان بۆ بەدواداچوونی تاوانەکانی ڕابردوو نیشان دا.[٢٠]

ڕەنگە ئەزموونی پۆڵۆنیا و هەنگاریا جیاواز بێ لە ئەزموونی ئەڵمانیای دیموکراسی و چیکۆسلۆڤاکیا، چونکە هەردوو ئەزموونە پۆڵۆنی و هەنگارییەکە بە زنجیرەیەک پلەبەند لە گۆڕانی سیاسی و دەستووریی قۆناغبەندا (لە نێوان دەسەڵاتی پێشوو و ئۆپۆزسیۆن) تێپەڕ بوون، بەتایبەت لە گفتوگۆکانی ساڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩، لە کاتێکدا لە ئەزموونەکەی ئەڵمانیای دیموکراسی

و چیکۆسلۆڤاکیادا هیچ متمانەیەک لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا نەبوو و چەندان گۆڕانی دراماتیکیی رادیکاڵییان بەخۆوە بینی، هیچ جێیەکیان تێدا نەمابووەوە بۆ متمانە لە نێوان دەسەڵاتی پێشوو و سەنتەری گۆڕانەکەدا، ئەمەیش وای کرد بەردەوامیی یاسایی مەحاڵ بێ، هەروەها وای کرد لە پێناو بەرقەرارکردنی دادپەروەریدا تەنانەت لە یاسادانانیشدا بۆ جێکردنەوەی پاشئاسەوار (ئەسەری رەجعی)ی یاسای سزاکان(*) بگەڕێن، رەنگە پاساویان بۆ ئەم کارە پێوەندیی بەگێڕانەوەی متمانەی سیاسی و دینامیکیەتی بزوێنەری پرۆسەی گۆڕانەکەوە هەبێ ئەگەرچی ئەزموونە چیکییەکە لە دوایین قۆناغیدا لە واقیعیەتی سیاسی نێزیک بووەوە، بەتایبەت پاش ملکەچکردنی رێژیمی پێشوو و قایلبوونی بەوەی پاشەکشەی گەورە لە بەرژەوەندیی ئۆپۆزسیۆن بکا.

بەم شێوەیە پۆڵۆنیا و هەنگاریا لەگەڵ بەردەوامیی یاسایی و راوەدوونەنان و بەرگرتن لە دانانی یاسای خاوەن پاشئاسەواردا بوون، لە کاتێکدا ئەڵمانیای دیموکراسی و چیکۆسلۆڤاکیا لەگەڵ گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی رادیکالیدا بوون لە سیستمی کۆمۆنیزمەوە بۆ سیستمی دیموکراسیی لیبرالی، هەردوو گرووپەکەیش پاساوی خۆیان هەبوو لەبارەی دادپەروەریی خوازراو.[٢١]

## رەمزیەتی دیواری بەرلین[٢٢]

ئیریش هینکیری سەرکردەی ئەڵمانیای رۆهەڵات بەبیریدا نەدەهات دیواری بەرلین بەو زووییە بڕووخێ و پێشبینیی کرد ١٠٠ساڵ بەردەوام بێ، بگرە "ئەڵمانییە دیموکراسییەکان" لە حەفتاکاندا دەستووری نوێی خۆیان لەسەر بناغەی بوونی دوو ئۆمەتی ئەڵمانیایی داڕشت، کە لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی-ئابووری و جۆری سیستمی سیاسییەوە لێک جیاوازن و ٤٠ ساڵی دوای شەڕ لێکیان جودا دەکاتەوە.

هەندێ لە تیۆریزەکارە یاساناس و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بە ریتمێکی ئاهەنگئامێز پڕوپاگەندەیان بۆ بوونی دوو سیستم و دوو کۆمەڵگە و رێساگەلێکی بەهایی و رەفتاریی جیاواز لە نێوان هەردوو ئەڵمانیادا دەکرد، هەر بۆیە پێیان وایە شتێکی گۆڕاو هەیە کە لە رووی دەستوورییەوە جێگیر کرا، کە دان بەبوونی دوو "ئۆمەت"دا دەنێ با زمان و مێژوویەکی هاوبەشیشیان هەبێ و بە دوو دەوڵەتی جیاواز لەت کراون.

هۆنیکەر لە جەژنی کرێکارانی جیهاندا لە یەکی ئایار/مایۆی ساڵی ١٩٨٩ بارستەگەلێک مرۆڤی ریزبەستووی نمایش دەکرد کە هەموویان هوتافیان بە گیانی ئەو و سەرکەوتنی حزبەکەی و سۆشیالیزمی پایە بەرز دەکێشا، ئەویش وەک شاگەشکەبوونێک بە توانا سەربازییەکان و سەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و توانا ئیداری و رێکخستنەکان و شانازیکردنی بەهاوپەیمانی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت، بەڵام ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات کە کۆمەڵگەی ئەڵمانیای دیموکراسی لە هەمان کاتدا بەدەست لەرزۆکیی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و بەهاییەکان و نەبوونی ئازادی و پەککەوتنی گەشە

و نەمانی متمانە لە نێوان سەردەست و جەماوەرەکەیەوە گرفتار بوو. رەنگە ئەو دیوارەی بەرلین یاخـۆ ئەڵمـانیـا و بگرە ئەوروپای لـەت کـردبوو، وێڕای هەمـوو هەوڵەکـانی هـەڵاتن و پەڕینەوە لەمـبـەریەوە بۆ ئەوبەر، لە جـێی خـۆی بەبێ جـووڵە چەقـیـبـوو، ئـەوەیش بووبوو بە بەهـای ئازادیی لەدەستچوو.

هەر کاتێ لە ئەڵمانیای رۆهەڵاتەوە لە رێگەی بازگەی فریدریک شتراسەوە بەرەو ئەڵمانیای رۆئاوا دەپەڕیمەوە، بەهـای هەڵاتنم بیـر دەکـەوتەوە کـاتێ دەرفـەتی ئازادی بەرتەسک دەبووەوە. ئەڵمانییە رۆئاواییەکان لەوبەرەوە مۆزەخانەیەکی بچووکیان دروست کردبوو بۆ پێشاندانی وێنەی دیمەن و ئامرازەکانی هەڵاتنی ئەڵمانییەکانی رۆهەڵات بـۆ ئەڵمانیای رۆئاوا کە زۆربەیان بەهۆی دیوارە کارەباییکراوەکەوە گیانیان لەدەست دەدا، یاخۆ ئۆتۆمۆبێلەکەی ئاشکرا دەبوو یان تەقەی لێ دەکرا، یاخۆ بەهۆی دووزمانیی کەسێکەوە ئاشکرا دەبوو و دەگیرا. هەر بۆیە دیوارەکە ناو نرابوو "بەربەستی مەرگ".

ئەو دیوارە پێش لەوەی بە کـردەوە بڕووخـێ، لە ویژدان و عـەقـڵی خـەڵکدا هەرەسی هێنابوو، ئەوەیش ئاکامی هـەمـوو رژێمە دیکتاتۆرەکانە. شەپۆلەکە لە پۆڵۆنیا بە سەرکەوتنی سەندیکای هاوکاریی (سۆڵیدارێتی) بە سەرکردایەتیی ڤالیسیا دەستی پێ کرد، لەوێوە پەلی بۆ بۆدابێست هاویشت و گەیشتە بەرلین، لە رێگەشدا پراک سەرقاڵی گێڕانەوەی بەهارە درزاوەکەی بوو. هەستی دژیەک لە یادمدا ماون لەو رۆژەی بە رێککەوت لە پراگ بووم و شۆڕشی مەخمەڵی هەڵگیرسا، تێیدا جەماوەر وەک ئەوەی لە شایی و لۆغاندا بن بۆ داواکردنی ئازادی و فرەیی و دیالۆگ خڕ بووبوونەوە، دۆخەکە پەرەی گرت و سەری لە پێچانەوانەی بنە و بارگەی شوومی رژێمی سۆشیالیزمی بیرۆکراسییەوە دەرچوو، ئەویش دوای ئەوەی دۆخەکە گەیشتە رێگەیەکی داخراو و کە بەئاسانی نەدەهاتە تێ پەڕین. بەڵام ئەو سۆشیالیزمەی جێبەجێ دەکرا، لەگەڵ هەموو هەڵە و کەموکورتی و خراپییەکانی، کە گرنگترینیان ناکۆکییەتی لەگەڵ جەوهەرە مرۆیی و ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە دادخوازییەکەی و ملنانی بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا، بەڵام بە پێوەرەکانی ئەو رۆژانە لە رووی ئابووریی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنەوە هەندێ سەرکەوتنی بەدی هێنا، کە تا ئێستەش زۆر خەڵک لێی بێبەشن، بە تایبەت لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی و کار و هی تردا، بەڵام نەبوونی ئازادییەکان و باڵادەستیی سیستەمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری و دەستگرتنی کەمینەیەک بەسەر دەسەڵات و سڕبوونی گەشەپێدان، دۆخەکەی بەو ئاکامە گەیاند کە بواری بۆ خۆلێبووواردن نەهێشتەوە، ئەویش ئاکامێکی چاوەڕوانکراو بوو کاتێ ئایدۆلۆجیا بووبووە دێوەزمە و یەکێک لە هۆکانی خنکاندن نەخاسمە بە پێڕەوکردنی سیاسەتە ئابوورییە بیۆکراسی و دەسەڵاتگەرەکان بە تایبەت لە کێبەرکێ و پاڵەپەستۆی گەورەی ئیمپریالیستدا لە بابەتی خۆ پڕچەککردن و شەڕی ئەستێرەکان و تەرخانکردنی پتر لە ٢ تریلیۆن دۆلار بۆ ئەو پرۆسەیە، ئەمە جگە لە بودجەی زەبەلاح بۆ زانست و ئامانجە سەربازییەکان، ئەویش

لەو بارودۆخـە سیاسـی و ئابوورییە دژوارەدا ئاسـتـەم بـوو درێژەی پێ بدرێ، یەکـەتیی سۆڤـیـەت وێڕای چاکسازییەکانی کرانەوە (بیریستـرۆیکا) و بیناکردنەوە و شـەفافیـەت ( گلاسنۆست) لە سـەردەمی مـیـخـائـیل گـۆرباچۆفی دواین سـەرۆکی ئەو وڵاتەدا، نەیتـوانی لەو پێـشـبـڕکـێی خۆپڕچەککردنەدا بیباتەوە، ئیدی کار لە کار ترازابوو.

بیرم دێ سـاڵی ١٩٨٩ هەنگاریا لە هەنگاوێکی بێ پێشینەدا بانگهێشتنی ڕۆژنامەنووسـانی کرد بۆ ڕووداوێکی گـرینگ، کـەس نەیدەزانی چی دەبێ. کـەچی ل پڕ زوومی کـامێراکـان کەوتنـە سـەر وێنەی هەڵوەشـاندنەوەی ئەو تەلبـەندە کارەباییـەی لە نەمـسـای جیـا دەکردەوە و ڕێگە لە نێـوان بۆدابێـست و ڤـیـەننادا والا کـرد، ئەوەیش هانی سـەتـان کـەسی لە هەنگار و چیک و ئەڵمـانیـیـە ڕۆهەڵاتییـەکانی دا کـە ڕۆژانە بپەڕنەوە بۆ نەمـسـا، وەک ئەوەی لە بەهاری یەکەمی پراگ لە سـاڵی ١٩٦٨ کردیان.

هەڵوەشـاندنـەوەی ئەو تەلبەندە کارەباییە یەکەمین هەنگاو بوو بەرەو سەرنگونکردنی سیسـتـمی سۆشـیالیـزمی بیرۆکراسـی، مسـتی ئاسنین لە دژی بەزاندنی سنوور لە مـاوەی ٤ دەیە و زیاتردا لە کـاردا بوو و چەندان گـەل و نەتەوە و کۆمـەڵگەی لەپشت دیوارێکی ئاسنینـەوە شـاردبووەوە، کە بە گوتـەی سـارتەر بووبوو بـەقـەڵایەکی گـەورە و کەس لە دەرەوەوە نـەیدەتوانی بچـێتـە ناوی، بەڵام لە ناوەوە فشـۆڵ و لاواز بوو، هەر بۆیە بـینیمـان تەلبەنـدە کارەباییـەکە هەرەسی هێنا و کرێکاران لە پۆڵۆنیـا خـۆپێـشـاندانیـان کرد و ئۆپـۆزسـیـۆن لـە هەنگاریا بەهێـز بوو و بەدوای ئەویشـدا دیواری بەرلین ڕووخـا و بزووتـنەوە ناڕازییـەکـەی چیکـۆسلۆڤـاکـیـا حکوومـەتی نـاچاری دان پێـدانان و پاشەکشە کرد.

لە مـاوەی چەنـد مـانگێکدا بـەرلین و ئەڵمـانیـای دیموکـراسی هەڵاتنێکی نیـوچە کـۆیان لە ڕێی مەجەرەوە بۆ نەمسا بەخۆوە بینی و ژمارەی هەڵاتووان گەیشتە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس و لەلایەن ڕۆژنامەی نیوز ویکی ئەمەریکاییەوە ناوی "هەڵاتنی گەورە"ی لێ نرا. ڕەنگە ئەوەیش یەکێک بووبێ لە سەرەتا و هۆکانی ڕووخانی دیواری بەرلین.

هەڵگرتنی تەلبەندە کارەباییەکەی نێوان نەمسا و هەنگاریا بوو بەروونترین بەڵگە لەسەر ئەوەی دۆخێکی نوێی ناودەوڵەتی لە گـەڵاڵەبووندایە و ئەو دابـەشـبـوونەی لە ئەنجامی جـەنگی جیـهـانیی دووەمـەوە هاتە کـایە، دەسـتی بە ڕووخـان کرد. لـەبەریەکـهەڵوەشـانـی ئەو بەربەسـتـە ئاسـنینەی بۆ نێزیکەی چوار دەیە ئەوروپای ڕۆهەڵاتی لەپشتی خۆیەوە خەفە کردبوو، بە ڕووخانی دیواری بەرلین گـەیشـتـە لووتکە و بەدوای ئەوەدا دەوڵـەتانی بلۆکی سـۆشـیـالیسـتی وەک دەنکی تەزبیحـی پچڕاو بەدوای یـەکـدا کـەوتن، نەخـاسـمـە هەرەسی یەکـەتیی سـۆڤـیـەت لە سـاڵی ١٩٩١، کـە ئەو لەبەریەکـهەڵوەشـانە ژمارەیەک لـە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆهەڵاتیـشی گرتەوە، یۆگۆسـلاڤـیا بوو بە چەند دەوڵەتۆکەیەک و چەندان شـەڕ و کـوشـتـار و پاکـتـاوکردنی بەخـۆوە بینی، بەتایبـەت بەهۆی گەشەکردنی هەوا نەتەوەیی و ئەتنی و ئاینییەکان کە هەستـیان بە ستەم دەکرد لەلایەن ناسنامە

گشتگیرەکەوە. چیکۆسلۆڤاکیا بۆ چیک و سلۆڤاک دابەش بوو ئەگەرچی دابەشبوونەکەی مەخمەڵی بوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەڵمانیا بەرەو یەکگرتن هەنگاوی نا، نە دەستوورەکان و نە کۆت و بەندەکان و نە سنوورەکان نەیانتوانی ببنە بەربەست لە بەردەم هێزی یەکگرتنخوازیی ئەڵمانیاییەکاندا.

دیواری بەرلین تەنیا وەک یادەوەرییەکی ئازابەخش مایەوە. ئەگەرچی مۆدێلی سۆشیالیزمی هەرەسی هێنا، بەڵام خەونی ئیشتراکییەت هێشتا و تاهەتایەش لە خەون و بێداریدا ختوکەی ویژدانی ئەوانە دەدا کە خەون بە دنیایەکی دادپەروەرترەوە دەبینن کە ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ نەمێنێ. رەنگە تەنگژەی سەرمایەداریی جیهانی و هەرەسە ئابووری و داراییە گەورەکانی، نیشانەی ئەوە بن کە نهێنیی شکستی ئەو سیستەمە لە سەرکەوتنیدایە، ئەوەیش وا دەکا دوور نەبێ لە تەنگژە خولاو (دوري)یەکان، تەنانەت ئەگەر توانیشیبێتی تێیان پەڕێنێ و توانای خۆی بۆ مانەوە نوێ بکاتەوە، ئەوا تا ئەو کاتەی ستەم و چەوساندنەوە بمێنێ ئەو سیستەمە ڕووبەڕووی کێشەی نوێ دەبێتەوە، ئەوەیش لە ئەزموونی دوو سەدەی ڕابردووی خۆیدا ئاشکرا بووە. مۆتەکەی سەرمایەداری لەناو ناخی خۆیدایە.[٢٣]

## ئەزموونەکەی پۆڵۆنیا و ساڵی یەکلاکەرەوە ١٩٨٩

ساڵی ١٩٨٩ بە گوتەی پیتەر بلاجیک ساڵێکی ئەفسووناوییە بۆ ئەورووپای رۆژهەڵات، هەروەها دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆشیالیستی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٨٩ مێژووناس سیمۆتی غارسۆن ئاش ناوی نا "ساڵی موعجیزەکان"[٢٤]، هەروەک ساڵی ٢٠١١ بۆ عەرەب ساڵێکی ئەفسووناوییە، کە هۆکارەکانی گۆڕان تێر بوون و گوڵەکانی بەهاری عەرەبی دەستیان بە پشکوتن کرد.

دوای کەڵەکەبوونێکی درێژمەودا رووداوەکان لە پۆڵۆنیا تەقینەوە، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی بزاڤی هاوکاری بە سەرکردایەتیی لیخ ڤالیسیا، کە کرێکارێکی سەندیکایی بوو سەرکردایەتیی بزاڤی گۆڕانی لە کۆماری پۆڵۆنیا کرد و دوای گۆڕانەکەیش رۆڵێکی گەورەی بینی. بەهاری ئەورووپا لە پۆڵۆنیاوە دەستی پێ کرد وەک چۆن بەهاری عەرەبی لە تونسەوە دەستی پێ کرد.

ساڵی ١٩٨٨ سەندیکایەکی هاوکاریی ئەنجوومەنی مەدەنی لە ١١٩ کەس بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆن پێک هات، بەتایبەت پاش ئەوەی دەسەڵات وەک هاوبەشێکی سیاسی دانی بە سەندیکاکەدا نا لەبەرئەوەی نوێنەرایەتیی بەرهەڵستییە روو لە زیادەکەی دەکرد، دەسەڵاتی پۆڵۆنیایی بەسەرکردایەتیی حزبی کرێکارانی پۆڵۆنیی یەکگرتوو پێی وابوو دەتوانێ تانە لە جێی متمانەیی سەندیکای هاوکاری بدا، کە چووە ناو پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژی دانوستاندن لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵات.

دروشمەکان سادە و هەمەگیر بوون رێک وەک دروشمەکانی تونس و میسر و ڕاپەڕینە عەرەبییەکانی تر. سەندیکای هاوکاری لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی چاودێری، ئازادیی رۆژنامەوانی، رێگەدان بە کارکردنی ئۆپۆزسیۆن لە میدیاکان، نەهێشتنی

قۆرخکردنی دەسەڵات، ڕێکخستن، پەسندکردنی ئازادیی کۆبوونەوە و ئیدارەیەکی ناوخۆیی سەربەخۆ و ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووریی دەکرد.

سەندیکا هەوڵی دا کۆمەڵێ پاڵەپەستۆ بەکار بێنێ بۆ ناچارکردنی ڕێژیم بۆ بەدەمەوەچوونی خواستەکانی. لە ڕێی مێزی گفتوگۆوە پێداگریی لەسەر چەندان پرس کرد: سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ریفۆرمە سیاسییەکان و تەوافوقی کۆمەڵایەتی و ئابووری. لە ٥ نیسان/ئەپریلی ١٩٨٩ هەردوولا ڕێک کەوتن لەسەر گۆڕانی پێ بەپێ و پێڕەوکردنی دیموکراسییەت، بڕیار درا هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام بدرێ و هەرلایەک بۆی هەبوو تەنیا تا لە ٣٥٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی پۆڵۆنی بەدەست بێنێ، بەڵام لە ئەنجوومەنی پیراندا کراوە بوو، سەندیکا بەهۆی تەنگژە سیاسی و ئابوورییەکە و دەستوەردانی مۆسکۆوە نەیویست دەسەڵات وەربگرێ و وای بەباش زانی وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بمێنێتەوە.

کاتێ لە ٤ و ١٨ حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٨٩دا هەڵبژاردن کرا؛ حزبی دەسەڵاتدار زەبرێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت و سەندیکا بەسەرۆکایەتیی ڤالیسیا هەموو ئەو کورسییانەی بردەوە کە بۆ هەڵبژاردنە ئازادەکە دوای خستبوون و توانی لە کۆی ٥٦٠ کورسیی پەرلەمان ٢٦٠ کورسی بەدەست بێنێ و تەنیا ئەوەندەش مافی هەبوو. بەڵام لە ئەنجوومەنی پیراندا لە کۆی ١٠٠ کورسییەکە ٩٩ کورسیی بەدەست هێنا. ئەم سەرکەوتنە کتوپڕ و چاوەڕواننەکراوە وای کرد سەندیکا ستراتیجیەتی خۆی بگۆڕێ و داوای پۆستی سەرۆک وەزیران بکا ئەگەر هاتوو حزبی دەسەڵاتدار سەرۆکایەتیی کۆمار وەربگرێ.

لە ٩ی ئابی هەمان ساڵ فویتیخ یاروزلسکیی سەرکۆمار ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی بە تادوش مازوفیستکی (چالاکی کاسۆلیکی) سپارد و حکوومەت کە نیوەی ئەندامەکانی لە سەندیکا بوو، لە ١٢ ئەیلوولی ١٩٨٩ بە رەسمی دەستی بەکارەکانی کرد.

وێنای یاساییی پۆڵۆنی بەرامبەر بیرۆکەی دادپەروەریی سزایی لە تێڕوانینیدا بۆ دەوڵەتی یاسایی ئەوەیە ڕێگرتن لە پاشئاسەوار (ئەسەری رەجعی) بەشێکی گرینگە لە پرەنسیپی دەوڵەتی یاسایی وەک لەو زیادەیەی بۆ برگەی یەکەمی دەستووری کۆنی پۆڵۆنیا کراوە، بەو شێوەیەی لە بڕیاری دادگەی دەستووری لە ئاب/ئۆگستسی ١٩٩٠دا هاتووە.

بەو شێوەیەش دادگەی دەستووریی پۆڵۆنی شێوەیەک لە شێوەکانی بەردەوامبوونی یاساییی لە نێوان هەردوو سیستمی کۆن و نوێدا دروست کرد بەبێ ئەوەی پچڕانێک لە نێوانیاندا دروست ببێ. بگرە هەوڵی دا لە ڕێی پاکسازی و گۆڕینی پلە بەپلەوە ئەو بەردەوامییە دروست بکا، بەڵام ئەم ئاراستەیە پاشتر بەهۆی ئەنجامە نادروستەکانی پێوەست بە بەدواداچوونی تاوانەکانی سەردەمی ستالین لە ماوەی نێوان (١٩٤٤-١٩٥٦) لاواز کرا.[٢٥]

دادگە بڕیاری دا پێناسەی "تاوان" بکا تا بەشێوەیەکی سنووربەند کار بەبنەمای پاشئاسەوار بکرێ، چونکە هەر بەرگرتنێک لە پاشئاسەواری یاسایی بەئاراستەی پێڕەوکردنی پرەنسیپی

دادپەروەری، پێویستی بەدانانی پێناسەیەکی ورد هەیە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ رابردوو، واتە دادگە ئەو سیستمە یاساییەی پێشتر کاری پێ دەکرا بەتەواوی فەرامۆش نەکرد، بەڵام وەک شتێکی نائاسایی دانا کە تەنیا لە مەودایەکی زۆر سنووورداردا بەکار دێ کە لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەریدا ناکۆک نەبێ و دۆخی کۆمەڵایەتی نەهەژێنێ، بە گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێکی تایبەت کە لەلایەک دادپەروەری بپارێزێ و لەلایەکی تریشەوە رێگە لە گەڕانەوەی تاکڕەوی بگرێ.

## ئەزموونی هەنگاریا: هونەری بەردەوامی

ساڵی ١٩٨٩ رووداوەکان زۆر بەخێرایی و توندی چوونە پێش. حزبی کرێکارانی سۆشیالیستیی هەنگاری لەژێر پاڵەپەستۆی بەهێزی گەل و بەتایبەت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی روو لە گەشەوە، ناچار بوو دان بە فرەیی (پلورالیزم)ی سیاسیدا بنێ و دەستبەرداری قۆرخکردنی دەسەڵات ببێ. ئۆپۆزسیۆن ئیلهامی لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٥٦ وەردەگرت، کە دواتر یەکەتیی سۆڤیەت هاتە ناوەوە بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە و سزادانی ئەو سەرکردانەی حزبی شیوعیی هەنگاری پشتیوانییان کردبوو.

لەبارەی ئازادیی دەربڕینیشەوە پەرلەمانی هەنگاری زیاتریش چووە پێش و لە کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٨٩دا یاسایەکی دەرکرد کە مافی خۆپێشاندان و رێکخستنی گردبوونەوەی بەخشییە گەل، ئەوەیش بە رەسمی رێگەی بۆ دامەزراندنی حزبگەلی سیاسی و هەروەها رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆش کرد.

لە ٢٢ ئادار/مارسی ئەو ساڵە حزبە نوێکان کەوتنە کۆبوونەوە و گفتوگۆ بەمەبەستی یەکخستنی ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئامادەکردنی بۆ دانوستاندن بەشێوە پۆڵۆنیاییەکەی لەگەڵ حزبی دەسەڵاتدا بۆ مسۆگەرکردنی گواستنەوەی دیموکراسییانەی دەسەڵات. هەر وایش کرا، دوای هێنان و بردنێک لە ١٣ حوزەیران/یۆنیۆدا دانوستاندنی سێقۆڵی دەستی پێ کرد بەبەشداریی حزبی دەسەڵاتدار و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی.

دوای سێ رۆژ لە کۆبوونەوە، حزبی دەسەڵاتدار لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتنەوەی تەرمی ئیمیری ناجی سەرۆکی حکوومەت و هاوڕێکانی[٢٦] تووشی شکستێکی گەورە هات، ئەویش کاتێ ڕێوڕەسمەکە گۆڕا بۆ بزاوێکی مەدەنیی ئاشتیخوازانەی هەمەگیر کە لە دروشمەکانیدا داوای ئازادیی دیموکراسیی دەکرد.

حزبی دەسەڵاتدار لە ٦-١٠ حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٨٩ کۆنگرەیەکی نائاسایی گرێ دا و تێیدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی کرێکاریی سۆشیالیستیی هەنگاریی دەرکرد و لە جێی ئەو حزبی سۆشیالیستیی هەنگاریی ڕاگەیاند، ئەمەی دوایش دەستبەرداری قۆرخکردنی دەسەڵات بوو و پشتیوانیی بۆ سیستمێکی پەرلەمانیی فرەیی دەربڕی و داوای دامەزراندنی سیستمێکی کرد کە پیادەکردنە سۆشیالیستییە بیرۆکراسییە سەپاوەکان تێ پەڕێنێ، ئەویش لە ڕێی پەسندکردنی

سیستمی "موڵکایەتیی تێکەڵ" و ئابووریی کۆمەڵایەتیی بازاڕ و ئیدارەی مەدەنییەوە.[27]

هەر لە گفتوگۆ سێقۆڵییەکەدا بڕیار لەسەر چەند هەموارکردنێکی نوێی دەستووری لەبارەی حزبە سیاسییەکانەوە درا، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەڵوەشایەوە و لە جێی ئەو بڕیار درا پەرلەمانێکی نوێ و بەدوای ئەویشدا سەرۆکێکی نوێ بێتە هەڵبژاردن. هەروەها هەڵسەنگاندن و چاکسازی بکرێ لە بڕیارە دادگەییەکانی پێوەست بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٦ و وشەی "میللی" لە ناوی دەوڵەتەکە کرایەوە و هەنگاریا وەک دەوڵەتێکی یاسایی سەربەخۆ هاتە ناساندن، ئەمە لە ١٧ و ٢٠ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٨٩دا.

دۆخەکە بە سەقامگیری مایەوە تا سەرەتای ١٩٩٠، لە نیسان/ئەپریلدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام درا و کۆڕبەندی دیموکراسیی هەنگاری، حزبێکی راستڕۆی ئۆپۆزسیۆن بوو دوای هەڵبژاردنەکە چووە دەسەڵات، ٤٣٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا لە کاتێکدا حزبی سۆشیالیستیی هەنگاری تەنیا ٨,٥٪ی بەدەست هێنا، بەڵام هەر چۆن بێ بەو ڕێژەیە لە هەرەسی تەواوەتی دەرباز بوو.

دادگەی دەستووریی هەنگاریایی چەند ڕێنوێنییەکی بۆ بەردەوامیی یاسایی (الاستمرارية القانونية) داڕشت، ئەویش لە کاتی تاوتوێکردنی یاسای زیتینینی و تاکاشی تایبەت بە بەدواداچوونی تاوانە سیاسییەکان، کە دژ بەدەستووری دادەنا بەتایبەت لە ماوەی نێوان ٢١ کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ١٩٤٤ و ٢ ئایار/مایۆی ١٩٩٠، چونکە بەگوێرەی ئەو یاسایە ناتوانرێ ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە کە یاسای پێشووی سزاکان تێیدا کاری پێ دەکرا، ئەوەیش شتێکی نادەستووری بوو چونکە شێوەیەک لە شێوەکانی پاش ئاسەواریی یاسای پێشووی بەرجەستە دەکرد. دادگەکە لە چوارچێوەی بڕیارەکەیدا بۆچوونی تایبەتی خۆیشی لەبارەی سروشتی سیستمی سیاسیی هەنگاریا دەربڕیوە، لەناویاندا کێشەکانی بەردەوامیی یاسایی (واتە یاسا نوێکان لەسەر داروپەردووی یاساکانی قۆناغی پێشوو دێن داڕشتن، بە لە بەرچاوگرتنی دۆخی نوێ- وەرگێڕ) و جەختی کرد "جیاوازییەکی جەوهەری نییە لە نێوان پێوەرە یاساییەکانی سەردەمی سیستمی کۆمۆنیستی و ئەوەی پاش پەسندکردنی دەستووری نوێ".[28]

واتە تەنیا یەک پێوەر هەیە لە پرۆسەی وردبینیکردنی دەستووریبوونی پێوەرە یاساییەکاندا، چونکە دەستوور و ئەو یاسا بنەڕەتییانەی گۆڕانە شۆڕشگێڕییەکان سەپاندیان بەبێ گرێوگۆڵێکی شکڵی و بەپێی سیستمە یاساییەکانی سیستمە کۆنەکە پەسند کران و دەبێ پێوەی پابەند بن. دادگەی دەستووری جەختی کرد لەوەی گەرەنتییە یاساییە بابەتی و شکڵییەکە، کە لە چوارچێوە گشتییەکەدا بێلایەنە، لە دادپەروەری لەپێشترە، ئەویش بە بەکارهێنانی ڕاڤە پێوەرکارییەکەی یاساناس گلزن لەبارەی شۆڕشەوە وەک چوارچێوەیەک بۆ جەدەلیەتە تایبەتییەکەی، ئەوەیش دەربڕینێکی "ناشەرعی"یە بۆ سیستمە کۆنەکە بە سیستمێکی نوێ، نەخاسمە بە بەردەوامیی ئەوەی یەکەم، بەتایبەت لە قۆناغی گواستنەوە و بەکارهێنانی سیستمە بەردەستەکەدا.

ئەزموونی هەنگاریا خاوەن جەدەلیەتێکی تایبەتی خۆیەتی کە لەسەر بناغەی دینامیکییەتی بەردەوامیی یاسایی دامەزراوە تا گەیشتن بە دەوڵەتە یاساییەکە، ئەویش بە جەختکردن لە گۆڕینە نوێیەکانی سیستمە یاساییە کۆنەکە. دادگەی دەستووریی هەنگاری هەوڵی دا بەشدارییەکی چالاک بکا لە پرۆسەی گواستنەوەی سیاسی و یاسایی ئاشتیخوازانەدا، ئەویش بە سووربوون لەسەر ئەوەی سیستمە کۆنەکە لەسەر بنەماکانی دەوڵەتی یاسایی دانەمەزراوە، لەگەڵ جەختکردن لەسەر ئەوەی پێویستە سیستمە نوێیەکە ئەو بنەمایانە سەرسەختانە بپارێزێ.

رەنگە هەندێ پێیان وابێ جەدەلیەتی بەردەوامیی یاسایی واتای ئەوەیە رێژیمی کۆمۆنیستی کە بە یاسا سەرکۆنە کراوە، یاسادانەرە، بەڵام ئەو بۆچوونە نەیاری هەیە، چونکە دادگەی دەستووری خۆی بە بەشدار دادەنێ لە پرۆسەی بەشێنەیی گواستنەوە لە سیستمێکی بیرۆکراتیی سۆشالیستییەوە بۆ سیستمێکی دیموکراسیی لیبراڵی، لەوەیشدا بنەماکانی دەستوور و یاسا وەک چوارچێوەیەکی گشتی بەکار دێنێ. بەم شێوەیە ئەوەی پێی دەگوترێ بنەمای دادپەروەریی مێژوویی ملکەچی پێوەرەکانی دەوڵەتی یاسایی کرا، نەک ملکەچی سافکردنی حیسابات و سەپاندنی سیاسی.

بەحوکمی قۆناغە ڕاگوزەرەکە تا دەهات ڕۆڵی دادگەی دەستووری زیاد دەبوو و دەسەڵاتی فراوانتر لەوەی شایستەی بوو بەخۆی بەخشی، بەتایبەت دەسەڵاتی پێوەرسازی بەشێوەیەکی کاتی، ئەمەیش هەڵوێستی ئەنجوومەنی سەربازیی میسر و موشیر حوسێن تەنتاوی سەرۆکی ئەنجوومەنەکەمان بیر دێنێتەوە کە لە هەوڵی ئەوەدان قەوارەیەکی گەورەتر لەوەی لە ماوەی گواستنەوە و کاتیدا دیاری کراوە بە خۆیان بدەن.

لە بابەتی گێڕانەوەی موڵکەکانیشدا دادگە هەڵوێستێکی نەرمتری بەرامبەر پاشئاسەوار هەبوو، لە بابەتی دادپەروەریی جینایی، لێرەوە بوو رەتی کردەوە دەست بخاتە ناو یاساکانی دەوڵەتی تایبەت بە موڵکایەتی و بەیەکێک لە پێشێلکارییەکانی رێژیمی پێشووی دانا، بەڵام ئەوەی سەلماند کە دەکرێ لە بواری قەرەبووکردنەوەی موڵکە دەستبەسەرداگیراو یاخۆ خۆماڵیکراوەکاندا قەزا رۆڵ ببینێ و کار بە پاشئاسەوار بکرێ. رەنگە ئەم رێکارە نائاساییە زیاتر بۆ داهاتوو بێ و ناکرێ وەک رێسایەکی یاسایی دابنرێ، کە حکوومەتە نوێیەکان لە پرسی موڵکەکانی هاوولاتییاندا پابەند بکا.

## ئەزموونە ئەڵمانیاییەکە: نەریتی دابڕان

ئیریش هۆنیکەری ئەمینداری گشتیی حزبی ئیشتراکیی ئەڵمانیای یەکگرتوو رازی نەدەبوو هیچ سازشێک بکات و بەگومانەوە بۆ بیروسترۆیکا و گلاسنۆستی گۆرباچۆڤی دەڕوانی باوەڕی بە بوونی دوو دەوڵەتی ئەڵمانیایی بە دوو سیستمی دژیەک هەبوو، باڵی توندڕۆی ناو ئەڵمانیای دیموکراسی لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە بانگەشەی بۆ بیرۆکەی بوونی دوو ئۆمەتی جیاواز و دوو

سیستمی کۆمەڵایەتیی ناکۆک لە ئەڵمانیا دەر کرد، ئەوەیش لە دەستووری ساڵی ۱۹۷۷دا رەنگی دایەوە.

کاردانەوەکان لەناو ئەڵمانیا روویان لە زیادی دەکرد، ئەویش لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەمیان بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکان لە سایەی سیستمێکی تۆتالیتای هەناسەبڕدا، بە تایبەت لەلایەن پۆلیسی سیاسیی ناسراو بە" دەزگای یەشتاری"ەوە. دووەمیشیان بەهۆی نزمیی ئاستی گوزەران کە زۆر لە خوار ئاستی گوزەرانی ئەڵمانیای رۆئاوای هاوسێیەوە بوو. رەنگە ئەمە هۆی زیادبوونی هەستی تووڕەیی و بێ ئومێدی بووبێ. لای ناوەندێکی بەرفراوان ئەو باوەڕە چەکەرەی کردبوو کە چارەسەر تەنیا لە هەلاتندایە بۆ کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی (سەرمایەداری)، ئەوەیش هەمان رێگەچارە بوو کە سەرکردە دیموکراسییەکانی یەمەن هەر لەو ماوەیەدا لە کاتی ئاڵۆزبوونی تەنگژەی ناوخۆی وڵاتەکەدا بەگونجاویان دەزانی، هەر بۆیە بەرەو کۆماری عەرەبیی یەمەنی هەڵدەهاتن و سۆشیالیزمیان لە دوای خۆیان بەجێ دەهێشت بەتایبەت کە پەرەسەندنەکانی هەنگاریا وای کرد بۆدابێست هەموو بەربەستە سنوورییەکانی لەگەڵ نەمسا هەڵگرێ، ئەوەیش دەرگەی بۆ هەزاران لە دانیشتوانی ئەڵمانیای دیموکراسی والا کرد تا بچنە هەنگاریا، لەوێشەوە بە ئاراستەی رۆئاوا بۆ نەمسا هەڵبێن.

بەم شێوەیە ژمارەی کۆچکردن زیادی کرد و بوو بە نیوچە کۆڕەوێک، لە ناوەخۆیشدا بازنەی بەرهەڵستی و ناڕەزایی لە چوارچێوەی "کۆوەندی نوێ"دا زیادی کرد کە داوای " دیالۆگی نیشمانی " لەبارەی "دەوڵەتی یاسایی و ئەرکە ئابووری و کولتوورییەکانی"یەوە لە حکوومەتەکەی هۆنیکەردا کرد. دەستەبژێری دەسەلاتدار و حزبەکەی تا دەهات دەسەلاتیان لەدەست دەدا، ئەوەیش هانی جەماوەری دا تا بڕژێنە شەقام و گۆڕەپانەکان. لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ۱۹۷۹ هەزاران کەس جووڵان و ژمارەکە تا دەهات زیادی دەکرد و گەیشتە نێزیکەی ۳۰۰ هەزار کەس و پۆلیسی ناچار کرد دەست بداتە سەرکوتکردنی خۆپێشاندەران، ئەوەیش بووە مایەی ئەوەی خۆپێشاندانەکان لەپێناو ئازادی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاددا شارەکانی تریش بگرێتەوە، لە ۹ ی تشرینی دووەم خۆپێشاندەران دەسەلاتیان ناچار کرد خاڵە سنوورییەکانی نێوان بەرلینی رۆهەلات و رۆئاوا بکەنەوە، بەو شێوەیە دیواری بەناوبانگی بەرلین کە هێمایەکی خراپ بوو بۆ داگیرکردنی بەرلین و ئەڵمانیا و تەنانەت ئەوروپاش رووخا، دوای ئەوە داواکاریی خۆپێشاندەران بۆ ئازادبوون لە سیستەمی پۆلیسی و بەرقەرارکردنی دیموکراسییەت پەرەی سەند بۆ یەکگرتنی هەردوو کۆمارەکە، کە سەر بەهەمان نەتەوەن.

لە ئادار/مارسی ۱۹۹۰ هەڵبژاردنێکی نوێ لە ئەڵمانیای دیموکراسی بەڕێوە چوو یەکەتیی مەسیحیی دیموکراسی (بەسەرۆکایەتیی هیلمۆت کۆڵ) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەو شێوەیە پرۆژەی یەکەتیی هەردوو ئەڵمانیا سەری گرت و کاندیدەکانی کۆوەندە نوێیەکە شکستیان هێنا. یەکگرتن لە بوارەکانی دراو و ئابووری و کۆمەلایەتیدا چووە واری جێبەجێکردن و پەرلەمانی

ئەڵمانیای رۆهەڵات بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا بچێتە پاڵ کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی و دوای نێزیکەی ٤١ ساڵ کۆتاهاتنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسیی راگەیاند و ئەڵمانیاییەکان دوای لێکترازێکی زۆرەملێ لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی دووەم، یەکیان گرتەوە.

بەپێچەوانەی پۆڵۆنیا و هەنگاریا کە لەسەر رێبازی درێژبوونەوە و بەردەوامیی یاسایی و پێڕەونەکردنی یاسای خاوەن پاشئاسەوار دەچوون، فەلسەفەی سزادانی ئەڵمانیایی لە سزادانی تاوانی سیاسی لە هەموو دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئەوروپا چالاکتر و توندتر بوو. لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٨٩ پەرلەمانی ئەڵمانیای رۆهەڵات لێژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی چالاکییە تاوانکارییەکانی پێوەست بە بەدبەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی و ساختەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێک هێنا (لەو کاتەدا هێشتا پەرلەمان لەژێر بالادەستیی حزبی ئیشتراکیی ئەڵمانیایی یەکگرتووشدا بوو). دەستەبژێرە حزبییە شیوعییەکە ناچار بوو رەزامەندی بدا لەسەر راوەدوونانی تاوانکاران بەلام لەسەر ئاستی تاکەکەسی، تێیدا ژمارەیەک لە سەرکردەکانی حزب خرانە زیندان (کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ١٩٨٩). پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە نوێیەکەی ١٩٩٠یش هەموو حزبە براوەکانی ناو پەرلەمانی ئەڵمانیای رۆهەڵات رازی بوون لەسەر پێڕەوکردنی سیاسەتی ناسراو بە "دادی سزایی و بەدواداچوونی تاوانەکانی رێژیمی پێشوو" و رێککەوتننامەی یەکگرتنی هەردوو ئەڵمانیاکەی پسەند کرد، کە دواتر پەسند کرا.(٢٩)

بەپێی رێککەوتنەکە لەدادگەدانەکان بەپێی یاساکانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی دەبێ و هاووڵاتییانی ئەڵمانیای دیموکراسیی پێشوو ملکەچی حوکمەکانی یاسای جینایی ئەوێ دەبن لە کاتێکدا لە وڵاتی یەکەمیاندا کار بەو یاسایانە نەکراوە (ئەوەیش بڕیارێکە لەلایەن زۆر لە یاساناسەکانەوە تانەی لێ دەدرێ)، ئەو رێککەوتنە بە ئەندازەی ئەو مشتومڕە یاساییەی دروستی کرد، کاردانەوەی پراکتیکیی زۆریشی هێنایە کایە، بەتایبەت لەوەی پێوەندیی بە لادان و پەراوێزخستن و راوەدوونانەوە هەیە.

ئەو شێوازەی لەدادگەدان و سزادانی تاوانبارانی رێژیمی ئەڵمانیای دیموکراسیی پێشوو، یاخۆ ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان یان بەدبەکارهێنانی دەسەڵاتدا پێڕەوی لێ کرا، ناوی لێ نرا "دادپەروەریی دەرەکی".

کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی (یەکگرتوو) سیاسەتی دادی سزاییی جیناییی پەسند کرد، کە دامەزراوەکانی ئەڵمانیای رۆهەڵات لە سەرەتادا لەژێر پاڵپەستۆی ئۆپۆزسیۆن و شەقامی راپەڕیودا گرتیانە بەر.

بۆ تەواوکردنی سیاسەتی دادی سزایی لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزراوەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی فایلی سەرکردەکانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسی کە لە تاوانی سیاسییەوە گلاون پێک هات و ٥ ساڵ بۆ ماوەی کارەکەی دیاری کرا، بەلام ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بەشێوەیەک بوو نەک تەنیا لەسەر ئاستی ئەزموونەکەی ئەڵمانیا، بگرە لەسەر ئاستی زۆربەی

ئەزموونەکان نائومێدکەر بوو، چونکە لە کۆی ٢٢٧٦٥ کێشە کە لێکۆڵینەوەیان تێدا کرا، تەنیا ٥٦٥ حاڵەتیان گەیشتنە دادگە، هەر بۆیە لەبەرگرتنەوەی ئەزموونەکان ئامانجی خوازراو بەدەست ناهێنێ، ئەگەر ئەزموونە ئەسڵییەکە خۆی بەئامانج نەگەیشتبێ، ئاخۆ لە دۆخی دنیای سێ و لەناویشیدا وڵاتانی عەرەبی دەبێ چۆن بێ؟. پێم وایە ئەزموونی عێراق لە یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس و ئەو ناکۆکی و مشتومڕانەی لێی کەوتەوە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە. دەکرا لە بریی ئەو گشتاندنە، ئەنجامدەرانی تاوانەکان بدرایەنە دادگە و قەرەبووی قوربانییەکان بکرایەتەوە، گرینگ ئەوەیە لە بریی گشتاندن و دژایەتیکردنی بیروباوەڕ و سزادانی بێتاوان بەگوناهی تاوانبار، ڕاستیی ئاشکرا و سیستمی یاسایی چاک بکرێن.

سەبارەت بەیاساکانی پاشئاسەوار ئامێز، ئەڵمانیا چالاکترین سیاسەتی پەسند کرد، کە تێیدا ماوەکان درێژ دەکرانەوە بەشێوەیەک هەندێ ڕەفتار بکاتە تاوان کە لە رابردوودا رەوا و ڕێپێدراو بوون.

ماوەکە بە ١٩٤٩ تا ١٩٩٠ دەستنیشان کرا و ماوەی کاری لیژنەکەیش بۆ ١٠ ساڵ درێژ کرایەوە تا لەگەڵ دەیەمین ساڵوەگەڕی یەککگرتنەوەی ئەڵمانیا لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا یەک بگرێتەوە. لەبارەی تاوانەکانی کوشتنیشەوە ماوەکە تا ساڵی ٢٠٣٠ درێژ کرایەوە. یاسادانەرانی ئەڵمانیایی فەلسەفەی دادی سزاییبان لە چوارچێوەی فەزایەکی یاساییی نیوچە خەیاڵیدا داڕشت و بوو بەمایەی دەمەتەقێ و مشتومڕێکی زۆر کە تا ئێستەیش بەردەوامە، ئەو فەلسەفەیەش لەسەر ئەو بناغەیە دامەزرابوو کە سیستمی دادوەریی پێشوو وەک ڕژێمی نازی لەسەر بناغەی بەدبەکارهێنانی دەسەڵات بە بەردەوامی و تانەدان لە پێوەر و بنەما یاساییە گشتییەکانی دادپەروەری دامەزراوە.

ئەڵمانیای فیدراڵی بەپشتبەستن بە بنەمای پاشئاسەوار جارێکی تر هەندێ ڕەفتاری وەک تاوان حسێب دەکرد، ئەگەرچی ئەو شتە کارێکی ڕیزپەڕ بوو بەڵام لەوەدا بەهەمان جێپێی ڕژێمی پێشوودا چوو لە راوەدوونانی نازییەکان و دەستبەسەراگرتنی ماڵ و موڵکەکانیان. بەڵام سەرنجی گرینگ لێرەدا چۆنیەتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەرشیڤی پۆلیسی سیاسیی نهێنیی دەزگای ئەمنیی دەوڵەت (دەزگای یەشتازی) و هاوکارەکانیان، هەر بۆیە دامەزراوەیەکی تایبەت پێک هێنرا بەناوی دەزگای "گاوتس" و دەسەڵاتی پێشکێشکردنی زانیاریی تایبەتی درایە لەبارەی رابردووی کەسەکانەوە لە چوارچێوەی پێوەندییان بە لایەن و چالاکییەکانی داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسیی پێشوودا. دەزگاکە بۆی هەبوو "بەڵگەنامەی پاکتاوی ئەمنی" بدا، واتە چارەسەری کێشەکە لەرووی کارگێڕییەوە کە هیچ کاریگەرییەکی یاساییی راستەوخۆی نییە، بەڵام ئەو زانیارییانە ئەنجامی یاساییی ڕژدیان هەبوو کە سوودیان بە لایەنە پێوەندارەکان گەیاند.

ئەگەر چەمکە پۆڵۆنیایی و هەنگارییییەکە لەسەر بیرۆکەی بەردەوامیی یاسایی وەستاوە "شۆڕش لە ڕێی یاساوە دەکرێ"، ئەوا سیستمی قەزاییی ئەڵمانیا و دادگەی دەستووریی چیکی بە ئاراستەیەکی تردا چوون، بەتایبەت لە ڕێگەدانیان بە دانانی یاسای خاوەن پاشئاسەوار. رەنگە

هەردوو چەمکەکەیش لایەنگر و نەیاری خۆیان هەبێ. سیستەمی یەکەم رەنگە رێگە بە زۆر لە تاوانباران بدا لە سزا قوتار بن و بەو هۆیەشەوە لاوازکردنی دەوڵەتی یاسایی، کە تێیدا کەس لە سەروو یاساوە نییە، هەر بۆیە دەبێ حیسابات لەگەڵ تاوانەکانی رابردوو یەکلا بکرێتەوە. رەنگە وەڵامی بەردەوامیی یاسایی جیاواز بێ لە دابڕان لە رابردوو. ئەو سیستەمە لە پەرۆشییەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا دوور لە تۆڵە، هەوڵ دەدات پلە بەپلە رابردوو بەجێ بێڵێ. هەرچی سیستمی دووەمە دوور نییە ببێتە مایەی لێکترازانی کۆمەڵگە و تا رادەیەکی زۆر سەرقاڵکردنی لە پرۆسەی بنیاتنانەوە، بەتایبەت کە زۆر لە تاوانەکانی رابردوو ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە و هەندێ جار ئەستەمە تێیاندا دڵنیایی بەدەست بێ، بەڵام ئەم رەوتە لە هەمان کاتدا لە رێی بیرخستنەوەی تاوانەکان و راوەدوونانی ئەنجامدەرانیەوە، هەوڵ دەدا ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە.

بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ سافکردنی حیساباتەکانی رابردوو کارێکی ئاسان نییە، تاکە ڕێگە یاخۆ شێوازێکیش نییە کە لەسەری برۆین، هەموو کۆمەڵگە و حاڵەتێک دۆخی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە لە ئەزموونەکان بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی باشترین ڕێگە و نموونە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رابردوو بدۆزینەوە.

دەکرێ ئەم حاڵەتە رەنگدانەوەی دینامیکییەت و زیندوویێتیی هەر ئەزموونێک بێت لە رێی جموجۆڵە سیاسییەکەی و پەرەسەندنە دەستوورییەکەی و مشتومڕی دادوەر و دادگە و پەرلەمانەکانیەوە، بەڵام بابەتەکە پێوەندیی بە شێوازی گواستنەوەی دەسەڵاتەوە هەیە، شێوازەکە لەو وڵاتانەی گۆڕان بەشێوەی شۆڕشگێڕی کراوە جیاوازە لەو دەوڵەتانەی گۆڕان تێیاندا پلە بەپلە رووی داوە. لەوەی یەکەمدا رێبازی دابڕان لەگەڵ رابردوو هەروەها بەکارهێنانی یاساکان بەشێوەی پاشئاسەوار گیراوەتە بەر، بەڵام ئەوەی دووەم رێگەی درێژبوونەوە و بەردەوامیی یاسایی لەگەڵ رابردوو هەڵبژارد، ئەوەیش پێویستیی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی یاسا بەشێوەی پاشئاسەوار کەم دەکاتەوە، چونکە لە سایەیدا دابڕان لە نێوان دوو سیستەمەکەدا نییە، هەروەها تەنیا تایبەت نییە بەئەزموونەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتەوە، بگرە گۆڕانی شۆڕشگێڕانە لە تونس و میسر جیاواز بوو – بۆ نموونە – لە گۆڕانی پلە بەپلە لە مەغریب لە سەردەمی دەسەڵاتی شا حەسەنی دووەم و شا محەمەدی پێنجەمدا، بەهەمان شێوە لە پەرەسەندنە دەستوورییەکە ئوردن لە ساڵی ١٩٨٩ و دواتر دەرچوونی میساقی نیشتمانی، کە جیاوازە لەو گۆڕانانەی لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو لە یەمەن و بەحرێن رووی دا، هەروەها جیاواز دەبێت لەو پەرەسەندنەی لە لیبیا رووی دا و دوور نییە لە سووریا یان جەزائیر یاخۆ دەوڵەتانی کەنداو و هی تردا روو بدا.

### ئەزموونی چیکۆسلۆڤاکیا: لە نێوان دابڕان و بەردەوامبووندا

خۆپیشاندانەکەی قوتابیان لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٨٩(٣٠) بوو بە پریشکی ئاگر کە لە پووش و پەڵاش بەربووبێ، لەلایەن پۆلیسەوە سەرکوت کرا، لەگەڵ ئەوەشدا ناڕەزایییەکی بەرفراوان

بەبەشداریی رۆشنبیران و هونەرمەندان و شانۆکاران و سینەماکاران بەڕێوە چوو و بوو بەدەروازەی نارەزاییە مەدەنییەکە و پاش ئەوەیش نارەزاییی حزبەکان، کە بوو بەسەرەتای دروستبوونی کۆبەندی مەدەنی لە پراگ وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەرهەڵستکار بەسەرکردایەتیی ڤاتسلاف لاڤل، یەکێک لە دیارترین بەرهەڵستکارەکانی ئەوروپای رۆهەڵات.

لە براتسلاڤای پایەتەختی سلۆڤاکیایش بزاوتێکی هاوشێوە بەناوی "گەل دژی توندوتیژییە" دروست بوو کە دیارترین نوێنەرەکانی کەسایەتیی رۆشنبیری (یان بودای) و ئەکتەری بەناوبانگ (میلان کیانجکو) بوون و ئامانجیان دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵات بوو لەبارەی پرۆسەی رزگاربوون لە تاکرەوی و جێگیرکردنی دیموکراسیەت لە چیکۆسلۆڤاکیاوە، نەخاسمە لە رێی گفتوگۆوە.

لەژێر پاڵەپەستۆی جەماوەر و بەتایبەت مانگرتنی گشتی لە ٢٧ تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ١٩٨٩ دەسەڵاتی چیکۆسلۆڤاکی رازی بوو بەئەنجامدانی دیالۆگ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەسەرۆکایەتیی لاتیسلاڤ ئادامسی سەرۆکی حکوومەتی فیدراڵی. لە ئەنجامە گرینگەکانی ئەو دیالۆگەیش رازیبوون بوو بە بەردانی گیراوانی سیاسی و لابردنی ئەو برگە تایبەتانەی ناو دەستوور کە رۆڵی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگە دەدەنە حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکی و قەتیسکردنی چالاکیی سیاسی لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیدا، هەروەها رێگەدان بەکارکردنی ئاشکرای ئۆپۆزسیۆن و کارکردنی لە میدیایشدا.

هەریەک لە خەڵک و کۆبەندی مەدەنی داوای ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ریشەییان کرد لە پەیکەر و بەرنامەی حکوومەتدا، بەڵام ئامادە نەبوون بەشداری لە پرۆژەکەدا بکەن یاخۆ دەسەڵات وەربگرن یان لانی کەم بەشداریی تێدا بکەن، ئەویش چونکە بزاوتە مەدەنییەکە بەپەلە و بەبێ ئامادەکاریی پێویست راستەوخۆ دوای ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دروست بووبوو، پێویستی بە کات هەبوو بۆ خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی بەرنامەی خۆی.

ئەگەرچی ئادامس هێشتا پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەدەستەوە بوو لەگەڵ ١٥ پۆستی وەزاریی سەر بە حزبی شیوعی، بەڵام رەگەزە گرینگەکە هەر لای هەردوو گەلی تورەی چیک و سلۆڤاک بوو، کە ئەو حکوومەتەیان رەت کردەوە، هەر بۆیە ئادامس ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە و کۆوەندی مەدەنی ٧ وەزیری خۆی لە حکوومەتێکی هاوبەندی نیشتمانیدا بەسەرۆکایەتیی ماریان چالفا کۆمۆنیستی ریفۆرمخواز و هاوسۆز لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن سەپاند، هەروەها غۆتساف هۆساکی سەرکۆمار و سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەوەیش دەرفەتی رەخساند بۆ ڤاتسلاف هاڤل تا دوای ململانێ و پیلان و بەربەرکانێکی زۆر ببێتە سەرکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا، ئەلیکساندەر دوبشیکی سلۆڤاکی ریفۆرمخواز و سیمبولی بەهاری ساڵی ١٩٦٨ی پراگیش بوو بەسەرۆکی پەرلەمانی فیدراڵی و بەکۆی دەنگ لە پەرلەمان هاتنە هەڵبژاردن.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٩ هێزە سیاسییەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆ بوونەوە و تێیدا بڕیاری

سیاسی بۆ دەستەکانی یاسادانان گوێزرایەوە، ئەوەیش سەرەتایەک بوو بۆ گەڕانەوەی دیموکراسییەتی پەرلەمانی، کە سیستمی فرەییی پەسند کرد و دواتریش لە ساڵی ١٩٩٠، پەرلەمان پەسندی کرد، هەروەها ئازادییە مەدەنییەکان و مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان و یاسای رۆژنامەوانی و چاپەمەنی و یاسای مەدەنی کە بزووتنەوەی میساقی گشتیی ساڵی ١٩٧٧ داوای دەکرد، پەسند کرد.[٣١]

لەو ماوەیەدا چیکۆسلۆڤاکیا و یەکەتیی سۆڤیەت رێکەوتننامەیەکی نوێیان ئیمزا کرد بۆ کشانەوەی سوپای سۆڤیەتی بەتەواوی لە خاکی چیکی (دواین سەربازیان لە ٢٧ حوزەیران/یۆنیۆی ١٩٩١ کشایەوە)، لە قۆناغی گواستنەوەدا کێشەکانی ئاسایشی دەوڵەت سەریان هەڵدا و تەوژمێک زاڵ بوو کە پێی وابوو پێویستە ژیانی گشتی لە بەکرێگیراوەکانی داوودەزگە ئەمنییەکان پاک بکرێتەوە، هەروەها ئاراستە ئابوورییە نوێیەکەیش سەرچاوەی جیاوازییەکی قووڵ بوو، چیکۆسلۆڤاکیا دوای گۆڕان ڕووبەڕووی سێ هەڤرکی بنەڕەتی بووەوە:

یەکەم باری گوزەران و خۆشگوزەرانی، بەتایبەت دوای بانگەشەی یەکەم بۆ دەستگرتنەوە، چونکە هەندێ دڵەڕاوکە و ترس دروست بوو لە شیمانەی تێکچوونی دۆخی ئابووری یاخۆ داتەپینی بەشێوەیەک هەڕەشە لە سەتان هەزار کرێکار و داهات سنووردار لە سایەی ئابووریی بازاڕدا بکا.

دووەم: گەڕانەوە بۆ ئەورووپا پاش گۆشەگیری، چیکۆسلۆڤاکیا کە پێگەیەکی جوگرافیاییی گرینگی لە ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەورووپادا گرتووە، دوای گۆشەگیربوونێکی سەپاو، بەردەوام چاوی لەوە بوو رۆڵێکی گرینگی ئەورووپایی ببینێ، تا دوای رزگاربوونی لە سیستمی تۆتالیتاری بتوانێ بە ئەورووپا بگاتەوە.

سێیەم: پرسی نەتەوایەتی و ئارەزووی سلۆڤاکیا لە سەربەخۆیی، ئەم حاڵەتە پێ بەپێ لە ماوەی ٧٤ ساڵی تەمەنی کۆماری چیکۆسلۆڤاکیادا دەرکەوت، کە فیدراڵیزمی هەڵبژاردبوو بەڵام هەستێکی گشتیی بەسەر گەلی سلۆڤاکیدا زاڵ بوو بەئاراستەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و بەدیهێنانی مافی چارەنووس، نەخاسمە لە کاتی رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ و دەستوەردانی سەربازیی سۆڤیەتدا. ئەم ویستە لەگەڵ ویستی چیکییەکانی بۆ سەربەخۆیی یەکی دەگرتەوە، لەگەڵ هێشتنەوەی پێوەندییەکی سروشتی لە نێوانیان.

پەرلەمان پلانێکی بۆ گۆڕانی ئابووری پەسند کرد، بەتایبەت لە چوارچێوەی بەتایبەتکردن و یاسای گێڕانەوەی موڵکەکان بۆ خاوەنەکانیان (١٩٩٠). چیکۆسلۆڤاکیا هەوڵی دا پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیا و ئەورووپا بەهێز بکا و فاتسلاف هاڤل پێشوازیی لە پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەمی کرد لە یەکەمین سەردانیدا بۆ چیکۆسلۆڤاکیا.

دوای ٧٤ ساڵ لە یەکگرتنی چیکی-سلۆڤاکی لە ساڵی ١٩١٨، کۆماری چیکۆسلۆڤاکیاش هاوشێوەی شۆڕشە مەخمەڵییەکەی بەشێوەیەکی مەخمەڵی لە ١-١-١٩٩٣ بۆ هەردوو کۆماری چیک و سلۆڤاک دابەش بوو و پرۆسەکەیش لە چاو ئەو پاکتاوکردنە خوێناوییەی یۆگۆسلاڤیا یاخۆ

یەکەتیی سۆڤیەتی گرتەوە کە یەکەمیان بۆ ٥ دەوڵەت و دووەمیان بۆ ١٥ دەوڵەت دابەش بوون، بە هێمنی و ڕێکی و خێرایی بەڕێوە چوو. دابەش بوو.

ئەگەرچی سەرکۆنەی ڕژێمی پێشوو کرا، بەڵام دەستەبژێرە دیموکراسییەکە لە کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٩٠دا دانی بە حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیدا نا کە بەبێ هیچ جیاکارییەک هەموو مافێکی لە ژیانی سیاسیدا هەیە، دووریش نییە چوونە ناو شارستانیەتی یۆرۆئەتلەسی و پەیمانی ناتۆ و دواتریش بۆ یەکەتیی ئەورووپا لەپشت ئەو بڕیارانەوە بووبێ.

بەراورد بە ئەڵمانیای فیدراڵیی یەکگرتوو دادگەی دەستووریی چیکی و سلۆڤاکی (فیدراڵی) و دواتریش دادگەی دەستووریی چیکی نەرمییەکی زیاتریان بەرامبەر ئەوەی پێی دەگوترێ دادپەروەریی مێژوویی و گەرەنتییە یاساییەکانی یاسایی پاشئاسەوار پێشان دا. وێڕای بوونی یاسای "پاکتاوکردنی شەفاف" کە لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی یاسایی بەتایبەت بنەمای یەکسانیی هاوولاتییان لە بەردەم یاسادا، ناکۆکە، بەڵام دادگەکە لە ڕوانگەی پاراستنی سیستەمە دیموکراسییە نوێیەکە و بەرگرتن لە تێکدانی سەقامگیریی وڵاتەوە سەیری ئەو یاسایەی دەکرد و ڕێکارەکانی لە ڕوانگەی بەها نوێیەکانی دەوڵەتە دیموکراسییە یاساییەکەوە ڕاڤە دەکرد، بەو شێوەیە دابڕانی لەگەڵ ڕابردوو دروست کرد، چونکە دژیەکیی هەبوو لەگەڵ سیستەمە دیموکراسییە تازەکەدا، کە کرابووە ڕێبازی نوێی وڵات و لەگەڵ شەرعیەتی مافی مرۆڤی ناودەوڵەتی و جەوهەری سیستەمی دەستووری و یاساییدا کۆک بوو.

جیاوازییەک لە نێوان شەرعیەتی شکڵی و شەرعیەتی مادیدا لەبارەی سیستەمە نوێیەکەوە سەری هەڵدا، چونکە شۆڕشە مەخمەڵییەکە هەوڵی دا لە ڕێی ئامرازە مەدەنییە ئاشتییەکان و پێشکێشکردنی بنەماکانی لێبووردەیییەوە دەسەڵات وەربگرێ، جارێکیان ڤاتسلاف هاڤل ئاماژەی بەمە دا و گوتی "ئێمە وەک ئەوان نین" تا بەرگێکی ئەخلاقی بەشۆڕشەکە بدا.

وێڕای بوونی بەڵگەی زۆر لەبارەی حاڵەتەکانی سەرکوتکردن و ئازار و ئەشکەنجەدانی لە شوبات/فێبرایەری ١٩٨٤ەوە تا ١٩٨٩ و دەستدرێژیکردنە سەر موڵک وماڵی تایبەت، بەڵام دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێ کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک چووبوونە ناو حزبی شیوعی، وەک یرجی رۆجیک (ئەندامی کۆبەندی مەدەنی لە شاری دبروجیخوفیتسە لە کاتی گۆڕانکارییەکاندا کە دواتر بوو بە سەرۆکی شارەکە) دەڵێ، لە هەر ١٠ هاوولاتی یەکێکیان ئەندامی حزبی شیوعی بوو.

رۆجیک دەڵێ ڕەنگە بنکەی حزبەکە لەوانە پێک هاتبێ کە کارتە حزبییەکە دەرفەتی بەرزبوونەوەی پلەی وەزیفی و پێشکەوتن لە بواری زانستیی بۆ ڕەخساندوون.

کەواتە بابەتەکە پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆر یاخۆ کەمی سوودمەندانەوە هەیە، کە نە کەسیان کوشتبوو نە ئەشکەنجەی کەسیان دابوو نە کەسیان دەربەدەر کردبوو، ئیدی بۆ دەبێ گوناهبار بن؟، ڕەنگە ئەو لێکدانەوەیە لە کاتی باسکردن لە چارەسەری تێزی ڕیشەکێشکردنی بەعسیشدا لە عێراق باس کرابێ کە پۆل برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکا لە عێراق دەری کرد و کەرتەکانی

تەندروستی و بانکی و سوپا و پەروەردە و ژینگە و سەندیکاکانی گرتەوە، چ جای هەر شتێک پێوەندیی بە سامانی گشتییەوە هەبێ.

لە پۆلۆنیا بناخەی پەیمانگەی "یادەوەری نیشتمانی" لە تەمووز/یۆلیۆی ١٩٩٩ دامەزرا بۆ بەئەرشیڤکردنی تاوانەکانی نازیەت و ڕێژیمی پێشوو، نەخاسمە سەرکوتکردن و ڕاوەدوونانی سیاسی، بەتایبەت کێشە تاکەکەسییەکان و ڕێگە بە قوربانییانی سەرکوتکردن درا سەیری تۆماری زانیارییەکانی هەواڵگری و دەزگا نهێنییەکانی رابردوو بکەن، دیارە ئەوە هیچ ئەنجامێکی یاساییی لێ نەدەکەوتەوە، بەپێچەوانەوە لە چیکۆسلۆڤاکیا بەڕێوەبەرایەتیی "بە بەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە" لە تاوانەکانی رابردوو دامەزرا، لە ئەڵمانیاش لێژنەی "لێکۆڵینەوە" پێک هات.

گۆڕانکارییەکانی هەریەک لە پۆلۆنیا و هەنگاریا و ئەڵمانیای دیموکراسی و چیکۆسلۆڤاکیا کاریان کردە سەر باقیی بارستە سۆشیالیستییەکانی تر پێش لە بەریەکهەڵوەشانی یەکەتیی سۆڤیەت. لە بولگاریا "کودەتای کۆشک" لە تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ١٩٨٩ رووی دا، لە رۆمانیا لە کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ١٩٨٩ پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی خوێناوی رووی دا.

ئەگەر پۆلۆنیا و هەنگاریا شێوازی بەردەوامیی یاساییان هەڵبژارد، ئەڵمانیا بڕیاری دابڕان لەگەڵ رابردووی هەڵبژارد و چووە پاڵ ئەڵمانیای فیدراڵی، چیکۆسلۆڤاکیاش سەرەتا ڕێگەکەی ئەڵمانیای هەڵبژارد بە دابەزینی ئاپۆڕای جەماوەر بۆ شەقام و گۆڕەپانەکان و ناچارکردنی دەسەڵات بۆ پاشەکشێ لە ڕێی چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانەوە، ڕەنگە ئەوەش زەوینەسازی بۆ ڕێگەیەکی ناوەند کردبێ لە ڕێی مێزی گفتوگۆی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و گواستنەوە بۆ دیموکراسییەت، بەوەیش سوودی هەم لە ئەزموونی ئەڵمانیا و هەم لە ئەزموونی پۆلۆنیا و هەنگاریا وەرگرت، ئەوەیش تایبەتمەندیی هەر حاڵەت و وڵاتێک دەردەخا، چونکە هیچ وڵاتێک لە وڵاتێکی تر ناچێ، هەرچی شتە هاوبەشەکانە ئەوا گشتین، کە دەتوانین لە شۆڕشە عەرەبی و جیهانییەکاندا بیخوێنینەوە.

پەراوێزەکان:

١. بڕوانە: عبدالحسین شعبان – الشعب یرید..! تأملات فکریة في الربیع العربي. دار اطلس، بیروت ٢٠١٢ لا ٢١٥ و دواتر.

٢. کۆنگرەی ریبات لە ٢٤–٢٥ شوبای ٢٠٠٩ بەستراو و توێژەر لێکۆڵینەوەیەکی تێدا پێشکێش کرد بەناونیشانی (الفکر العربي و کیانیة حرکة المواطنة!!).

٣. ساڵی ١٩٩٩ لە بۆنەیەکدا یوسفیم دی کە تازە بووبووە سەرۆک وەزیران، پێشتر و لەو کاتەی سەرۆکی حزبی یەکەتیی ئیشتراکی و ئەندامێکی دیاری یەکەتیی مافناسانی عەرەب و ڕێکخراوی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ بوو، ناسیم، هەستی رۆژنامەوانیم جووڵا و لێم پرسی: ئاخۆ هەست بەنامۆیی ناکەیت کە لەم پۆستەدایت؟ وتی "بەڵێ تا ڕادەیەکی زۆر، بەڵام ئەوەی فریادڕەسمە ئەوەیە هێشتا هەڵگرێکی گوتارێکی بەرهەڵستانەم". ڕاستیی ئەوەیشم لە وتار و لێدوانەکانیدا هەست پێ دەکرد، بۆ نموونە لەو

کاتەی لە ماڵەکەیدا پێشوازیی ژمارەیەکی دیاریکراو لەوانەی کرد کە ناسراویی تایبەتی لەگەڵیاندا هەبوو، کە وێڕای داواکردنی شا بۆ مانەوە رەتی کردەوە تێیدا بمێنێتەوە، بەڵام گەڕایەوە ئەو شوقەیەی پێش لە وەرگرتنی وەزارەت تێیدا دەژیا. یوسفی گوتی "ئێمە لە دەرەوە بەرهەڵستیی دەوڵەتمان دەکرد و ئێستەیش لە ناوەوە هەندێ بەرهەڵستی دەکەین، ئەوەیش ئەزموونێکە وێڕای نەیاریی هەندێ دەنگ بە زۆرینە هەڵمان بژاردووە و پێویستە تێی پەڕێنین، هیواداریین بەسوود و سەرکەوتوو بێ، ئەوەیش ئەزموونێکی کراوەیە لە زەمەندا بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن".

یوسفی گوتی ئێمە پێمان وابوو هەندێ فایل هەن بەئاسانی دەتوانین بیانکەینەوە کەچی دەبینین بە رووماندا داخراون، هەندێکیشیان پێمان بوو کردنەوەیان دژوارە کەچی لە بەردەمماندا کرانەوە، بگرە توانیمان تا سنوورێکی گەورە لێی بچینە پێش، بە فایلەکانی ئەشکەنجەدان و لێپرسینەوە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیشەوە، ئەمە جگە لە چاوگێڕانەوە بە هەندێ یاسا و دانانی یاساگەلی نوێ.

لە کاتی دانانی کتێبێک لەبارەی کەسایەتیی نیشتمانیی عێراقی سەعد ساڵح ئەوەم بیر کەوتەوە. ساڵح وەزارەتی ناوەخۆی وەرگرت و ورده ورده بوو بەئۆپۆزسیۆن، لە پێگەی دەوڵەت و ئاگەداربوون لە تۆڕی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی، نەخاسمە خاڵەکانی لاوازی، نەک تەنیا بەرهەڵستی بە دروشمبازی. رەنگە ئۆپۆزسیۆنبوونیش ئەرکێکی هەمیشەییی نەبێ، هەروەک دەسەڵاتیش لە خۆیدا ئامانج یاخۆ ئەرکێکی سەرەمرە نییە، پێویستە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بەو مەرجەی دەرفەتی هەڵبژاردن و نۆرەکاری و دەستاودەستکردن هەبێ، چاوەڕوانی رای خەڵک بکەن لەبارەی بەرنامە و پڕۆژە سیاسییەکانیانەوە، ئا ئەمەیە ئێمە پێی دەڵێین "ئەزموونی دیموکراسی" لە دەوڵەتە هاوچەرخە پێشکەوتووەکاندا. کەواتە ئەزموون پێوەرێکی بنچینەیییە لە مەعریفە و پشکنین و وردبینیی تیۆردا و دڵنیابوون لە راست و دروستی و رادەی سازانی کردەوە لەگەڵ تیۆر و تەریببوونیاندا.

٤. بڕوانە: عبدالحسين شعبان، تأملات فكرية في الربيع العربي، پێشوو لا ١٧٧ و دواتر.

٥. بڕوانە: عبدالحسين شعبان- الربيع العربي و استنساخ التجارب، رۆژنامەی (الخليج)ی ئیماراتی، ٣ ئابی ٢٠١١.

٦. بنەماکانی شیکاگۆ دان بەبوونی جیاوازیی جەوهەری لە نێوان یاسای مرۆییی ناودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤی ناودەوڵەتی و یاسای تاوانی ناودەوڵەتیدا دەنێ، ئەویش بەبایەخدانی بە قوربانییەکە لە کاتێکدا یاساکان بایەخ بە کێشە دەدەن وەک ئامرازێک بۆ باشکردنی دۆخ و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی گرینگی بە ناسۆرییە مرۆیییەکان دەدەن. قبووڵکردنی ناودەوڵەتی بۆ بیرۆکەکانی دادپەروەریی پاش کێشەکان (دادی قۆناغبەند) بەستراوەتەوە بەزیادبوونی کردەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەناویاندا کردەوەکانی ئاشتیپارێزی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، نەخاسمە بە رۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش و پێکهێنانی لێژنەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی جەنگ لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو و دادگەی تاوانەکانی ناودەوڵەتی لە رواندا و دامەزراندنی دادگەی تاوانی ناودەوڵەتی ١٩٩٨ لە رۆما، ئەمە جگە لە دەستپێشخەریی تری پێوەست بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک دامەزراندنی دادگەیەکی ناودەوڵەتیی تێکەڵ لە سیرالیۆن و کۆسۆڤۆ و تەیمووری رۆژهەڵات و کەمبۆدیا.

٧. بڕوانە: ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی لەبارەی سەروەریی یاسا و

دادی قۆناغبـەندەوە، لە کۆمـەڵگەکـانی ململانە و کـۆمـەڵگەکانی پاش مـلـمـلانە، ٦- ٦- ٢٠٠٤ هـەردوو بڕگەی ٨ و ٢٦.

٨. بڕوانە: ادوات سيـادة القـانون في الدول الخـارجـة من نزاعـات، کۆمـسـيـاری مـافـەکانی مـرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرک و جنێڤ ٢٠٠٩.

٩. بڕوانە کتێبی : وثائق مؤتمر العدالة مابعد النزاعات المسلحة والمحكمة الجنائية الدولية (مؤلف جماعي)، پێشوو لا٢٦-٢٧.

١٠. سەرچاوەی پێشوو لا٣٣-٣٨.

١١. بڕوانە: بنیوب، احمد شوقی _العداله الاجتماعیه- تجارب مقارنه، بابەتێکە پێشکێشی سیمینارێک لە قاهیرە کراوە لە ٢٨ تەمووزی ٢٠١١، هەروەها بڕوانە: بنیـوب، احمد شـوقي _دليل العدالة الانتقالية، پێشکێشکردنی ئەلتەیب ئەلبەکوش، پەیمانگەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، تونس ئەیلوولی ٢٠٠٧.

١٢. بڕوانە: فریحان، مارک و هاینر، سەنتەری ناودەوڵەتی بۆ دادی قۆناغبەند. ئەویش لە ئەحمەد شەوقی بنیوب، پێشوو. هەروەها کتێبی : العدالة بعد النزاعات المسلح (مـؤلف جمـاعي)، د.محمـود شریف البسیونی لا٦٩.

١٣. ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان لەبارەی "سـەروەریی یاسـا و دادی قـۆناغبـەند لە کۆمەڵگەکانی ململانە و کۆمەڵگەکانی پاش ململانە، نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٣ ئاب ٢٠٠٤.

١٤. بڕوانە ئەحمەد شەوقی بنیوب: دليل حول العدالة الانتقالية، سەرچاوەی پێشوو.

١٥. بڕوانە کتێبی: العدالة مابعد النزاعات المسلحة، ملف جماعي، پێشوو لا٦٩-٢٥٢.

١٦. بڕوانە: عبدالحسين شعبان، الاختفاء القسري في القانون الدولي: الكيخيا نموذجا، شؤون ليبية، ١٩٩٨.

١٧. بڕوانە: عبدالحسين شعبان، اجتثاث البعث.. و شيء من المصالحة والمساءلة والعزل السياسي!، ڕۆژنامەی الزمان لە ٥ و ٦/٨/٢٠٠٧.

١٨. بڕوانە: احمد شوقي بنيوب، دليل العدالة الانتقالية، المعهد العربي لحقوق الانسان، تونس، ايلول ٢٠٠٧.

١٩. وەک ئەوەی پەرلەمـانی ئەڵمـانیـای فـیـدراڵی بڕیـاری پێکهـێنـانی لیـژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دا و ئەرکی هەڵسـەنگاندنی مـاوەی چل سـاڵی بوونی کـۆمـاری ئەڵمـانیـای دیموکـراسـیی پێ سـپـارد، لیژنـەکـەیش چەندان پرسـوجـۆی گشـتی و نهـێنیی کرد و چەندان بـازنەی گفـتوگـۆی لەبارەی مـێژووی ئەڵمـانیـای دیموکراسیی ساز کرد و کارەکانی لە ١٩٩٢-١٩٩٥ بەردەوام بوو.

٢٠. بڕوانە: بیرجی بریشتیان، سەرچاوەی پێشوو لا٣٤.

(*) وەک یاسـاناسـێک بۆی شـی کـردمـەوە، مـەبەست لە ئەسـەری ڕەجـعـی ئەوەیە، بۆ نموونـە پارسـاڵ کردەوەیەک لە ڕووی یاساوە ڕێپێدراو بووە، بەڵام ئەمسـاڵ بە یاسا قەدەغە کراوە و کردنی سزای بۆ دانراوە، ئەگەر کار بەبنەمـای ئەسـەری ڕەجعی بکرێ دەتوانرێ ئەو کەسـەی پارساڵ کارەکەی کردووە بەپێی یاساکەی ئەمسـاڵ مـامـەڵەی لەگەڵ دەکرێ و سزا بـدرێ. بەڵام بە گوتەی ئەو یاسـاناسـە بەپێی یاسا ئەو بنەمایە تەنیا کاتێ کاری پێ دەکرێ کە لە بەرژەوەندیی تۆمەتبار بێ، وەک ئەوەی پار کارێکی کـردووە بە تاوان حـسـێب بووە، ئەمـسـاڵ یاسـایەک دەرچـووە ڕێگەی بەو کـارە داوە، بەپێی ئەسـەری ڕەجعی ئەو کەسـەی پێشـتـر بەتۆمـەتی ئەنجامـدانی ئەو کارە سزای بۆ دەرچووبێ، سزاکەی لەسـەر

هەڵدەگیرێ. وەرگێر.

٢١. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی حوکمی دەستووری و پاشئاسەوارەوە لە ئەزموونەکانی ئەورووپای رۆهەڵاتدا، بگەڕێوە بۆ توێژینەوەکەی بیرجی برشیبان کە لە کتێبی (عملية التحول-التجربة التشيكية)دا بڵاو کراوەتەوە و لە وەزارەتی دەرەوە دەرچووە، سەرچاوەی پێشوو لا٣١-٤٥. شایانی ئاماژەپێدانە چیکۆسلۆڤاکیا کە چاوی لە ئەڵمانیا کرد و ڕێگەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی گرتە بەر لە ڕێی دابەزاندنی جەماوەر بۆ شەقام و گۆڕەپانەکان بەمەبەستی ناچارکردنی حکوومەت بۆ پاشەکشە، دواتر گەڕایەوە و سوودی لە ئەزموونی پۆڵۆنیا و هەنگاریا بینی، ئەویش بە گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەڵات و ناچارکردنی کە پێ بەپێ لە دەسەڵات پاشەکشە بکا. هەروەها بڕوانە: عبدالحسين شعبان، الشعب يريد.. تأملات فكريه في الربيع العربي، لا١٨١-٢٢٤.

٢٢. بنچینەی ئەم بڕگەیە دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی توێژەر کە لە ڕۆژنامەی (الجريدة)ی کوێتیدا لە ٢٠٠٩/٧/١٦دا بڵاوکرایەوە، کە لە ١٣٥٠٠ حاڵەتی هەڵاتن تەنیا ٣٠٠یان سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو.

دیواری بەرلین ئەو دیوارە کۆنکریتییە بوو کە نیکیتا خروشۆف لە پڕ لە ١٣ ئابی ١٩٦١ بڕیاری دروستکردنی ئاشکرا کرد. درێژییەکەی ١٦٥,٧ کیلۆمەترە کە هەموو پێچ و زیگزاک و دیوارە کۆنکریتی و تەلبەندە کارەباییەکانی دەگرێتەوە. بەرزییەکەی ٣,٦ مەتر بوو و ٣٠٢ تاوەری چاودێریکردنی تێدا بوو. دیوارەکە ٩٦ شەقام و ٦ لق (ی میترۆکان) و ١٠ گەڕەکی لە شاری بەرلیندا بڕیوە. لە هەندێ لاوە تەلبەندی دڕکینی بۆ دانراوە کە درێژییەکەی ٥٥٠٤ کیلۆمەترە و کارەبای خراوەتە سەر و ١٤ هەزار پاسەوان بە ٦٠٠ سەگی پۆلیسییەوە بەدرێژاییی شەو و ڕۆژ پاسەوانییان دەکرد. لە مێژووی دیوارەکەدا ١٦٩٣ جار تەقە کراوە، ٥٠٤٣ کەس توانیویانە لێیەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هەڵبێن کە ٥٧٤ کەسی سەربازییان تێدایە، ٣٢٢١ کەس لە کاتی هەوڵدانیان بۆ هەڵاتن گیراون و بەپێی دواین ئاماری ساڵی ٢٠٠٩یش ١٣٦ تا ٢٤٥ کەس (بە تەقە یان کارەباگرتن) کوژراون. دروستکردنی دیوارەکە ١٥٠ ملیۆن دۆلاری تێ چووە، ڕۆژئاوا ناوی نابوو "بەربەستی مەرگ". بۆ ئەم زانیارییانە سوودم لە مەوسوعەی مەعریفە وەرگرت. بەڵام ئەم وردەکارییانە لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی تردا جیاوازییان هەیە.

٢٣. جۆزیف أ. شومبیر لە کتێبی "سەرمایەداری و سۆشیالیزم و دیموکراسییەت"دا کە لە ساڵی ١٩٤٢ بڵاوی کردووەتەوە قسە لەسەر "لەناوبردنی داهێنەر" و ڕەفتارە قۆرخکارییەکان دەکا و جەخت لەوە دەکا، بە شیکردنەوەی شێوەی کارکردنی ئابووریی سەرمایەداری، دەردەکەوێ ئەو سیستمە توانای مانەوەی نییە و هەر بەهۆی سەرکەوتنەکانیەوە شکست دێنێ، چونکە بەو سەرکەوتنە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی دەیپارێزن لەناو دەبا و دۆخگەلێک دێنێتە کایە کە تێیدا هیچ بوارێک بۆ مانەوەی نامێنێ، بەم شێوەیە سیستمەکە لە ناوەوە دەگۆڕێ، ئەو گۆڕانەیش تەنیا لە سیستمی بەهاکان و هەڵوێست لە ژیان و ژیاردا دەبێ. کتێبەکەی شومبیر لە گرینگترین کتێبە سۆسیۆلۆجییەکانی سەرمایەداریی سەدەی بیستەمە.

٢٤. بڕوانە: بيتر بلاجيك، الانتقال الي الديمقراطية و الشفافية، لا ١٩٩.

٢٥. بڕوانە: بیرجی بریشتیان، پێشوو لا ٣٩.

٢٦. ئیمیری ناج ئەمیندارى گشتیی حزبی کرێکاریی سۆشیالیستیی هەنگاری لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانی لە ساڵی ١٩٥٦ لەدار دران پاش ئەوەی پاڵپشتییان لە ڕاپەڕینی گەلی هەنگاری کرد و دژ بە دەستوەردانی یەکەتیی سۆڤیەت وەستان، کە بەزۆری زۆرداری هاتە ناو هەنگاریا.

٢٧. بڕوانە: بيرجي سوك، عودة تشيكوسلوفاكيا، پێشوو ل ١١.

٢٨. بڕوانە: بیرجی بریشتیان، پێشوو ل ٣٧.

٢٩. بڕوانە: بیرجی بریشیبان، پێشوو ل ٤١.

٣٠. ١٧ی تشرینی دووەم لە یادەوەریی چیکۆسلۆڤیاکیادا بە سێ وێستگەوە گرینگەوە بەستراوەتەوە: یەکەمیان لە ساڵی ١٩٣٩ کاتێ قوتابیان لە پراگ خۆپێشاندانێکیان بۆ سەرکۆنەکردنی داگیرکردنی نازی و پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٩ لەنێوان ئەڵمانیای نازی و چیکۆسلۆڤاکیادا ساز کرد. ئەڵمانیاییەکان خۆپێشاندانەکەیان سەرکوت کرد و قوتابییەکیان بەناوی یان ئۆبتکیل کوشت کە بوو بە هێمایەکی ناونەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی جیهانیی قوتابیان، بەتایبەت لە یەکەتیی جیهانیی قوتابیان کە یەکێک بوو لە دیارترین ئەو رێکخراوە دیموکراتییانەی لە سەردەمی شەڕی سارددا لەلایەن بلۆکی سۆیالیستییەوە پاڵپشتی دەکرا. دوای ئازادبوونی چیکۆسلۆڤاکیا و سەرکەوتنی حزبی شیوعی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٨ و کرانەوەی دەوڵەتە سۆشیالیستییەکان زانکۆیەک بە هەمان ناو دروست کرا و بڕیار درا هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانیی قوتابیان لە ١٧ تشرینی دووەمدا بکرێتەوە.

وێستگەی دووەم پێوەندیی بە ڕووبەڕووبوونەوەی قوتابیانی چیکۆسلۆڤاکیاوە هەیە بۆ داگیرکردنی یەکەتیی سۆڤیەت لە ٢١ ئابی ١٩٦٨ بەتایبەت رەوتە ریفۆرمخوازەکانی سۆشیالیزم و خاوەن ئاراستەی مرۆیی بە سەرکردایەتیی ئەلیکساندەر دوبشیک، ئەویش کاتێ قوتابی یان بالاخ وەک نارەزایی لە دژی هاتنە ناوەوەی هێزەکانی پەیمانی وارشۆ بۆ ناو چیکۆسلۆڤاکیا ئاگری لە خۆی بەردا.

سێیەمین وێستگەیش ١٧ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ کە شۆڕشی مەخمەڵی هەڵگیرسا، ئەویش بەو خۆپێشاندانەی کە ئۆپۆزسیۆن ئەنجامی دا بۆ داواکردنی فرەیی و ئازادییەکان و هەڵوەشاندنەوەی قۆرخکردنی کاری سیاسی و مەدەنی لەلایەن حزبی شیوعیی دەسەڵاتدار و ئەو حزبانەی پێیان دەوترا حزبەکانی بەرەی نیشتمانی.

٣١. بزاوتێکی نارەزایی بوو لە ساڵی ١٩٧٧ چالاک بوو، میساقی CHARTER 77 کە گرینگترین داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆنی تێدا بوو، ئیمزا کرد، بەڵام تووشی راوەدوونان و گومانکردن لە ئامانجەکانی بوو.

٣٢. بڕوانە: بیرجی سوک، پێشوو لا٢٨– ٢٩.

# ڕووناکبیران و سیاسەت

ئەکرەمی میهداد

## ڕووناکبیر کێیە؟

لە زمـانـەکـانی ئەوروپاییـدا دوو زاراوە Intellectual و Intelligentsia بەمـانـای ڕووناکـبـیـران و بیرمەندان بەکار هێنراوە. هەندێک لە نووسەران و بیرمەندان هەوڵیان داوە هەموو ئەو کەسانەی لە کاری بیردا دەکارن لەم گرووپەدا دابنێن. هەر بۆیە ئەو کەسانەی خاوەن کاری زانستین وەکو مامۆستایانی زانکۆ، بیرمەندان و پسپۆڕان و لێکۆڵیاران، یان ئەوانەی خەریکی بەرهەمهێنان و ئەفراندنی بیروباوەڕ و سەرنج و ڕەخنەکانن، یان لە کاری فەرهەنگی و هونەرییدان، وەکو نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، فەیلەسووفان، ڕۆژنامەوانان و مامۆستایان وەکو ڕووناکبیر بناسێنن. هەروەها ئەم گرووپانە، هەندێک جار بەناونیشانی "چینی ناوەڕاستی نوێ" لە بەرچاو دەگیرێن، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە خەریکی کاری بیرکردنەوە و زهنین یان هەروەکو سی. رایت میلز بە "ئێخەسپی" ناویان دەبات. ئالان تۆرین، کۆمەڵناسی ناوداری فرەنسایی، گرووپەکانی ناو چینی ناوەندی نوێ وەکو تەکنیکاران، بەڕێوەبەران، ئەندازیاران، کارمەندانی پسپۆڕی لە کەرتی گشتی و پیشەسازیی تایبەتیدا، وەکو بەشێک لە "چینی کرێکاری نوێ " دەناسێنێ[١].

وشەی (ڕووناکبیر یان ڕۆشنبیر)ی کوردی هەروەکو پێناسەی باو بەرانبەر زاراوەی in-tellectualی ئینگلیزی بەکار دێ کە لە زاراوەی (intelligite)ی لاتینی وەرگیراوە و لە بنەڕەتدا بەمانای شیکردنەوە، یان لێک جیاکردنەوەی پرسەکان، ڕەوشەکان و شتەکان بەکار دێ. لەم دیدگایەوە، ڕووناکبیر– ڕۆشنبیر، دەبێتە ئەوکەسەی خاوەن توانای شیکردنەوە و جیاکردنەوەی شتەکانە و هەر لەبەر ئەوەش دەتوانێ دیدگای عەقڵانی و شیکردنەوەی وردی هەبێ. جێگەی سەرنج و شایەنی زانینە، وشەی (critique) کە بەکوردی بە(ڕەخنە) ناسراوە و لە ڕیشەی یۆنانی (krinein) وەرگیراوە، ئەویش بەمانای لێک جیاکردنەوە، یان تەنگژە دێ.

وشـەی ڕەخنە کە لە بنەڕەتدا لە ئێرانی و ئاڤێستایی وەرگیراوە، بەمانای (درز) یان (کەلێن) هاتووە، بێگومان ڕەخنە هەردەم درز و کەلێنەکان دروست دەکات. ڕەخنەگرتن کە توانای شیکردنەوە و لێک جیاکردنەوە و ڕووناککردنەوەی هەیە، دەتوانێ هەوڵ و توانایەک بێ بۆ دروستکردن، یان ئاشکراکردنی تەنگژە crisis، ئەم تەنگژەیە، تەنگژەی مانایی و تێگەیشتنی ئەو پەیامەیە کە دەتوانێ بەهۆی توانای عەقڵانی و شیکردنەوەی ڕاستییەکانەوە، ئەو بەها و پێوەرانە بۆ کۆمەڵگە ساز بکات کە هەموو ڕەوش و پرسەکان دەخاتە بەردەمی گومان و پرسیار. بیرکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی کە تواناکانی ڕووناکبیر پێک دێن، وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە سوودمەند دەبێ، بەڵام خودی پرس و ڕەوشی تایبەتی خودی ڕووناکبیریش دەخاتە بازنەی پەیام و کاری خۆیەوە. واتە؛ ڕووناکبیر، هێندەی خەریکی شیکردنەوەی ڕاستی و بیرکردنەوەی عەقڵانی و ڕەخنەی بنیاتنەری ڕوو لە داهاتووە، هەر بەو جۆرەش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. گرینگ نییە ڕووناکبیر لە کام ناوەند و پرسدا کار دەکات، گرینگ ئەوەیە، هەموو کاتێک ئەم پەیام و کارانەی لە بیر بێ و بەقازانجی گشتی سوودیان لێ وەرگرێ. تا ئێستە (هێندەی من بزانم)، سێ دیدگا و بیروڕای گرینگ بۆ ناوەندی کاری ڕووناکبیر پێشنیاز و باس کراون. یەکەمیان، ئەوەیە کە پێی دەڵێن (ڕووناکبیری ئۆرگانیک) کە بیرمەند و تێکۆشەری ناسراوی ئیتاڵیایی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) باسی کردووە. بەبڕوای گرامشی، ڕووناکبیران دەتوانن بەشێکی ئۆرگانیک بن لە دامەزراوەکاندا و خاوەن پەیامی عەقڵانی بن و بێگومانیش بەقازانجی گشتیی کۆمەڵگە کار دەکەن.

دووەم، ئەو دیدگا و بڕوایەیە کە دەبێ ڕووناکبیر بەشێک بێ لە سازوکاری کۆمەڵی مەدەنی و پرسەکانی خەڵک بۆ هێنانەدیی ماف، ئازادی، دادپەروەری و بەشداریی گشتی. ئەم دیدگایە لەلایەن زۆربەی ڕووناکبیرانی ناوداری جیهانەوە داکۆکی لێ دەکرێت و خۆشیان بەو جۆرە پەیام و کاریان ئەنجام داوە. سێیەم دیدگا، کە دیدگای نووسەر و بیرمەندی گەورە (ئیدوارد سەعید)ە و لە کتێبی (نەخشی ڕووناکبیر) داکۆکیی لێ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا میدیا و ڕاگەیاندن زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ڕووناکبیری هەیە، بۆیە دەبێ یان لەوانەیە، ڕووناکبیر باشتر بتوانێ پەیام و کاری خۆی بنەخشێنێ. لەو باوەڕەدام قەیدی ناکا ڕووناکبیران لە کام لەو سێ ناوەند و پرسانەدا کار دەکەن و ئەو مەسەلەیە بەندە بەبڕوا و ڕەوشی تایبەتیی خۆیان و دەبێ ڕێزی لێ بگرین. هاوکات دەبێ ڕووناکبیر ئەم سەرنجانە لە بەرچاو بگرێ:

١- ڕووناکبیر دەبێ توانای شیکردنەوە و جیاکردنەوەی عەقڵانیی هەبێ بۆ پرس و ڕەوشەکان و (دەخوازم!) کە پرسی سەرەکیی ڕووناکبیری لە زەوینەی شیکردنەوەی عەقڵانی و توانای زانستیدا بێت.

٢- ڕووناکبیر دەبێت لە بەرژەوەندیی گشتی و بەتایبەتی لە بەرژەوەندیی کەسانی پەراوێز و چەوساوە و زوڵملێکراودا کار بکەن. بەبڕوای من ڕووناکبیر مینبەری ئەو کەس و لایەنانەیە کە مینبەریان نییە یان لێیان زەوت کراوە.

٣- ڕووناکبیر دەبێ چاک ئەوە بزانێت کە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەپرس و ڕەوشەکان تەنیا سەرەتای کارە، ئەم سەرەتایەش ئەگەر توانای شیکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی بەدیلی نەبێ، بێگومان کورت و کەمخایەن دەبێ. ئەگەر هەڵوێست سەرەتا بێ، بێگومان شیکردنەوەی عەقڵانی دەبێتە مەبەست و ئامانج.

٤- گرینگترین کاری ڕووناکبیر ئەوەیە کە بزانێ پەیام و کاری ئەو تەنیا لە بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانەدا نییە کە ئەم هەڵوێست یان سەنگەری لێ گرتوون، بگرە لەوەشدایە کە هەڵوێست و سەنگەری دڵخوازی خۆشی شایەنی ڕەخنە و شیکردنەوەی عەقڵانییە. هاوڕێیانی ڕووناکبیر، دەبێ بزانن کە هەردەم هەڵوێستەکان (بەتایبەتی هەڵوێستی سیاسی!) کورتخایەنن، سەنگەرەکانیش بەردەوام تەنگن بۆ باڵەکانی فڕینی ڕووناکبیری.

٥- ڕووناکبیران ئەو کەسانەن، بەجیاواز لە خەڵکی تر بیر دەکەنەوە، یان زیاتر جیاوازن لە بیرکردنەوەی دەسەڵات و سیستەمی باو، بۆیە چاکتر وایە (یان دەبێ!) بڕوا بەو پەیامە بێنن و بەو جۆرە کار بکەن کە مەرجی یەکەمی دادپەروەری، خوێندنەوەی بەرامبەرە (ئیمانۆیل لێڤیناس). خوێندنەوەی بەرامبەر پەیام و کاری گرینگی ڕووناکبیران بەرەو دادپەروەری و ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤەکان دەبات.

## ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسی

زاراوەی ڕووناکبیران بەشێوەی گشتی بۆ باسی ئەو کەسانە بەکار دێت کە بە زۆری خەریکی کاری فیکری و بیرکردنەوەن. لە هەندێک وڵاتان وشەی ڕووناکبیر بە مانای داهێنەر و ڕەخنەگریش بەکار دەهێنرێ. بەڵام هێشتە پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕووناکبیران لە گۆڕێدا نییە. بەشێوەی گشتی، دەتوانین ناسنامەی ڕووناکبیر بۆ سێ دەستە لەوان بخەینە بەرباس و گفتوگۆ: دەستەی یەکەم لە ڕووناکبیران ئەو کەسانەن کە لە بەرهەمهێنان و پاراستنی بەهای ئامانجدار و نەگۆڕدا کار دەکەن لە زەوینەکانی ڕاستی، جوانی و دادپەروەریدا نەخش و کاریگەرییان دەبێ. لە دەستەی دووەمی پێناسەکاندا، ڕووناکبیران، بریتین لەو کەسانەی بیروڕاکان ڕادەکەیەنن، یان بنیاتنەرانی ئایدیۆلۆجیاکانن، یان ئەوانەن کە بەڕەخنەگرانی هەلومەرجی دەسەڵاتدار ناسراون. دەستەی سێیەم لە ناسنامەی ڕووناکبیران، بەتایبەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ڕووناکبیران وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی دەناسێن کە لە گەشە و بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی کۆمەڵگەدا نەخشیان هەیە.

ڕووناکبیران، بەشێوەی گشتی کە بەزەین، یان مێشکی کۆمەڵگە ناسراون، هەندێک جار لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا پێوەندییان دەبێ، یان ڕاستییەکەی مامەڵەیان دەبێ، زۆربەی جاریش لە نێوانی ئەم دووانەدا ناکۆکی و ململانێ ڕوو دەدەن. زەین و ئەندێشە لەگەڵ دەسەڵات و بنیاتی سیاسیدا بەدەگمەن ئاوێتە و ئاوێزان دەبن، چونکە دەسەڵات ناتوانێ بۆ ماوەی دوور و درێژ کارگوزاری ئەندێشەی ئازاد بێ و هەر کاتێک زەین و ئەندێشەکان پێڕەوی دەسەڵاتی سیاسی

بن، مانای خۆیان لە دەست دەدەن. ڕووناکبیر، ئەو کەسەیە "لە پێناوی ئەندێشە و فیکردا دەژی. دڵبەندی ئەو بۆ ژیانی بیریاری زۆر نێزیکە لە دڵبەندی ئاینی".[٢]

پێوەندیی نێوان ڕووناکبیران و سیاسەت، بەشێکە لە زانستی کۆمەڵناسیی سیاسی. کۆمەڵناسیی سیاسیش، ئەو زانستەیە کە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک، سیاسەت و دەسەڵات و سیستمی سیاسی لەلایەکی تر، دەکاتە بواری تایبەتی خۆی. ڕووناکبیران، وەک بەشێک لە هێزی کۆمەڵایەتی، کاتێک دەچنە ناو سیاسەتەوە، هاوکات، بەشێک لە زانستی کۆمەڵناسیی سیاسی دەنەخشێنن، یان ئەو بەشە لەو زانستە بەرهەم دێنن کە پێوەندیدارە بەلایەنی بیرکردنەوە و سەرنج و تێڕامانەکان بۆ ئەفراندنی بیر و ئەندیشە. دوکتۆر حوسێنی بەشیریە لە کتێبی "کۆمەڵناسیی سیاسی"، لە بەشی "ڕووناکبیران و سیاسەت"دا، بەم شێوەیە باسی نەخشی کۆمەڵناسیی سیاسی و فیکری ڕووناکبیران دەکات: "بەشێوەی گشتی ڕووناکبیران، بەپێی پێناسە جیاوازەکان، ئەو کەسانەن، لە چوارچێوەکانی نەریتی و دەسەڵاتدار و لە هەموو زەوینەکاندا فرەوانتر دەچنە پێشەوە. بەها تازەکان بەرهەم دێنن، یان ڕووخساری نوێ بۆ بەها کۆنەکان پەیدا دەکەن، دەزگە فیکرییە تازەکان پێشنیاز دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان، بەهۆی بەکارهێنانی ئەندێشە و توانای ڕەخنەییەوە دەچنە ناو چارەسەری پرس و کێشە پراکتیکییەکانەوە، فەلسەفە تازەکانی ژیان ئەفراندن دەکەن، ڕەخنە دەگرن لە هەلومەرجی پایەداری کۆمەڵایەتی و سیاسی، یان بەکورتی لە چوارچیوەی کۆن و نەریتی ئەندێشە، فەرهەنگ، زانست و هونەر فرەوانتر بیر دەکەنەوە".[٣]

ڕووناکبیران، لەبەرئەوەی بەردەوام هەلومەرجی پایەدار و دەسەڵاتدار ڕەخنە دەکەن، بۆیە بە"چەپ" دەناسرێن. دیمون ئارۆن، کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسایی لە کتێبی "ئەفیونی ڕووناکبیران"دا لەو بڕوایەدایە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی ڕووناکبیری، دڵنیابوونەوەیە لە ئامانجەکانی پێشکەوتن، ئازادی و یەکسانی، لە جیاتی و لە بەرانبەری ئاین، دەسەڵات و خێزاندا.

گرینگترین و دیارترین تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیران لە پێناسە و دیدگا جیاواز و فرەکاندا بریتین لە: هێنانەدیی بیر و ئەندێشە تازەکان، فرەوانتر ڕۆیشتن و دەربازبوون لە نەریت و چوارچێوە باوەکانی بیرکردنەوە، گرینگیدان بە بەرژەوەندیی گشتی، ئەنجامدانی کاری فیکریی بەردەوام وەک پیشەی سەرەکی (لە بەرامبەر کاری جەستەیی)، ڕەخنە لە هەلومەرجی دەسەڵاتداری سیاسی و کۆمەڵایەتی، وابەستەنەبوون بەپێوەندیی چینایەتیی تایبەت، باس و لێکۆڵینەوەکان لەبارەی پێڕەو و ئایدیۆلۆجی سیاسییەوە، خستنەڕووی شێوە تازەکانی ژیان، بیرکردنەوەی عەقلانی لەبارەی پرسەکانی کۆمەڵگە و سیاسەت و فەرهەنگەوە، هۆشیاری و ئاگایی لە ناکۆکی و ململانێکانی ناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی، بەرهەمهێنان و گەیاندنی فەرهەنگ، داهێنانی تیۆرەکانی کۆمەڵایەتی، پابەندبوون بەڕەهەندی عەقلانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر ڕەهەندی بابەتی و نەریتی، خستنەڕووی بەرنامە و نموونەکانی ژیانی گشتی، پشتکردنە

نەریتەکانی گشتیی ڕابردوو، ڕێنوێنیی کۆمەڵگە بەرەو خواست و پێوەندییە ڕاستییەکان لە بەرانبەر هەموو هەلومەرجێکی باودا، ناسینی کێشە و ناکۆکییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە و پێشنیازکردنی ڕێگەچارە و پێشبینی کاروانی داهاتوو، سەرلەنوێ بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی نوێ، گرینگیدان بەبیروباوەڕی مرۆڤایەتی و دنیایی لە بەرامبەر نەژادگەرایی و پەڕاوێزنشینی، دەردناسی کۆمەڵایەتی و حستنەڕووی ڕێگەچارەکان بۆ چارەسەری دەردەکان.

لەبارەی فەلسەفە و پێڕەوی ڕەسەنی ڕووناکبیرەوە، بیرمەندی گەورەی ئەڵمانیایی فیختە دەڵێ: "بیرکردنەوەی ڕووناکبیر دەبێ بۆ سوودی کۆمەڵگە بەکار بێ. ڕووناکبیر، دەبێ خەڵک بەنیاز و پێویستییە ڕاستییەکانیان ئاشنا بکات، هۆکارەکانی ئەو نیازانەش بۆ ئەوان ڕوون بکاتەوە".

ئەگەرچی لەوانەیە ڕووناکبیران بەشێوەی کارا بەرانبەر هەلومەرجی نەریتی و دەسەڵاتدار خەبات نەکەن، بەڵام بەردەوام وەک بەشێک لە نیازی کاری بیرکردنەوەیان، هەلومەرجی ئێستە دەخەنە بەرانبەر رەخنە و داوای گۆڕان و بەرەوپێش چوون دەکەن.

## پێوەندیی نێوان ڕووناکبیر و سیاسەت

نەخشی سیاسیی ڕووناکبیران، یان پێوەندیی نێوان ڕووناکبیر و سیاسەت لای (تۆم باتامۆر) لە دوو زەوینەدا بەرجەستە دەبێ:

١- لە بەرهەمهێنانی بیروباوەڕە سیاسییەکاندا.

٢- لە ڕابەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، یان لەناو پارتە سیاسییەکاندا.

ئەندێشە سیاسییە تازەکان لە وەڵامی ڕاستەوخۆ بۆ رەوش و هەلومەرجەکانی بزووتنەوەکان، پارتەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتوونەتە دی و بیرکردنەوەی سیاسیی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست لەم زەمینەدا، ئاشکرا و دیارن، هەروەها بیرکردنەوە سیاسییەکان بەدەوری خۆیان کاریگەر دەبن لە ژیانی سیاسیی ناو کۆمەڵگە. لەم رەوشەدا، پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان ئەندێشە و کار لە ژیانی سیاسیدا چییە؟ بیروباوەڕەکان و لێکۆڵینەوە و هەڵوێستەکانی بیرمەندانی سیاسی لە خەبات و ناکۆکیی سیاسیدا، چ نەخشێکیان هەیە و چۆن بیرکردنەوە و کاری سیاسی ئاوێتە دەبن؟ ڕووناکبیران لەگەڵ سیاسەتدا چ پێوەندییەک بەرقەرار دەکەن؟

بەبڕوای (باتامۆر)، ئاوێتەکردنی تیۆر و کاری سیاسی لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەو هەلومەرجە نیشان دەدات کە لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە سیاسەتدا، تەنیا کاری دامەزراوە سیاسییەکان نییە. ئەگەرچی کار و تیۆری و شیکردنەوە سیاسییەکانی دەزگە و زانکۆکان، هەروەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کاری شایەنی باسیان ئەنجام داوە و کاریگەری بەرچاویان هەبووە. بەڵام زۆرێک لە بیرمەندانی سیاسیی ناودار و بەرجەستە لە دەرەوەی زانکۆکان، بەتوندی و پەیگیرانە بەشدار بوون لە خەباتە سیاسییەکاندا و ئەوان بوون زۆربەی بیر و تیۆرە سیاسییەکانیان ئەفراندووە و بەشێک لە گرینگترین دەقە تیۆری و سیاسییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست لە دەرەوەی زانکۆ و

دامەزراوەکاندا هاتوونەتە ژیان.[٤]

هەروەها نەخشی رووناکبیران، بەتایبەتی بیرمەندان، لە ئەفراندنی بیر و ئەندێشە و تیۆرسازی و خستنەرووی تیۆر و چوارچێوە سیاسییەکان، یان لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی چەمک و تیۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیایی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دیسان لە کاری سیاسی و سازمەندانی بزووتنەوە و پارتە سیاسییەکان، یان لە ڕابەرایەتی ئەو پارت و بزووتنەوانەدا بەشێکە لە ژیانی سیاسی زۆربەی کۆمەڵگە مۆدێرن و هاوچەرخەکان. نەخشی سیاسیی رووناکبیران لە سەدەی بیستدا، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە پەرەئەستێن، لە ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکانی ڕزگاری و سەربەخۆیی، یان لە دژی ئیمپریالیزم لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا، هەروەها لە بزووتنەوە دیموکراتییەکانی ئەم وڵاتانەدا، دیاردەیەکی بەرچاو و درەخشانە. زۆربەی رووناکبیرانی وڵاتانی تازە پەرەئەستێن لە چینەکانی ناوەڕاستی نوێ بوون، لەو گۆڕان و رووداوەکانی ئەم وڵاتانەدا نەخشی گرینگیان بینیوە.(٥)

دوکتۆر حوسێن بەشیریە لە هەمان کتێبی ناوبراودا، لە بەشی "رووناکبیران و سیاسەت"دا، نەخشی رووناکبیران لە سیاسەتدا لەم سێ خاڵەدا باس دەکات:

١- ڕەخنە لە سیستمی سیاسی:

رەخنە لە سیستەمی سیاسی لەوانەیە بەشێوەی نەفی و ڕەتکردنەوەی تەواوی سیستەمی سیاسی بێ. رووناکبیران، لە شۆڕشەکانی ئەوروپادا، بەم شێوەیە نەخشیان نواندووە. بەڵام هەندێک لە رووناکبیران و لە وڵاتانی دیموکراتیک و مۆدێرندا، تەواوی سیستەمی سیاسییان نەخستووەتە ناو رەخنەوە، بگرە سەرەڕای پەسندکردنی چوارچێوەی گشتیی ئەو رێژیمە، بەڵام دیسان رەخنەگر بوون لە هەندێک لایەن و سیاسەت و هەلومەرجی ئەو سیستەمە. پەیدابوونی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (رفاە) لە ڕۆژئاوا، زەوینە و هۆکارێکی بەهێز بوو لە میانڕۆکردنی مەیل و دیدگای رووناکبیران. بەم شێوەیە نەریتی رەخنەی رووناکبیری، لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بێگومان ئاڵوگۆڕ دەکات.

هەروەها رووناکبیران، نەخشی گرینگ و کاریگەریان هەبووە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆکردنەوەی هێز و رێکخراوکردنی شۆڕشەکاندا. هێنانەدیی ئەندێشە و ئایدیۆلۆجیاکان بۆ هێنانەدیی شۆڕشەکان، یەکێک بووە لە وێستگە مێژووییەکانی کاری رووناکبیران. هەڵسووڕانی رووناکبیران لە بواری سیاسەتدا و لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، کەمتر بەشێوەی بەشداریی ڕاستەوخۆ بووە لەناو دەسەڵات و ژیانی سیاسیدا، بگرە زیاتر لە رێگەی کاریگەری بووە لەناو ڕای گشتی و لەناو جەماوەر و بزووتنەوەکاندا. کاری گرینگی رووناکبیر لەناو سیاسەتدا، زۆربەی جار بەهۆی هێنانەدیی بزاڤە فیکری و رۆشنگەرییەکان بووە لەناو پارت و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٢- بەشداریی رووناکبیران لە ژیانی سیاسیدا:

نەیاریی رووناکبیران بەرانبەر بەدەسەڵاتی سیاسی، یان رەخنەی ئەوان لە هەندێک سیاسەت و لایەنی دەسەڵاتی سیاسی، نابێتە هۆکاری وازهێنان لە ژیانی سیاسی و بەشداریی ئەوان لە سیاسەتدا سنووردار نابێ، بەبەشداری، یان وازهێنانیان لە دەسەڵاتی سیاسی. رووناکبیران، دەتوانن و دەبێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسیدا کارا و کاریگەر بن.

کاریگەریی ناڕاستەوخۆی رووناکبیران لە ژیانی سیاسیدا، زۆربەی جار گەلێک گرینگترە لە بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەوان لە سیاسەتدا. بەرهەمهێنان، یان بڵاوکردنەوەی ئەندێشە و بیروباوەڕە سیاسییەکان لە هەموو وڵاتاندا، کاری رووناکبیران بووە. بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕش، ریفۆرم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، ئەنترناسیۆنالیزم و لیبرالیزم، بەبێ بوونی رووناکبیران، شایەنی بیرکردنەوە و پەرەسەندن نەبووە. (هاینریش هاینە)، شاعیر و بیرمەندی ئەڵمانیایی لەبارەی نەخشی رووناکبیرانەوە دەڵێ: "هۆشدار بن ئەی پیاوانی سەربڵندی کار! ئێوە شتێک نین جگە لە هۆکار و ئامڕازی ناهۆشیار لە دەستی پیاوانی ئەندێشەدا کە زۆربەی جار لە گۆشەنشینی و کەمدەستیدا ئێوەیان بەکار هێناوە. ماکسیملیان رۆبسپێر شتێک نەبوو، تەنیا دەستی جان جاک رۆسۆ بوو".

بەشداریی رووناکبیران لە سیاسەتدا، شێوەی جۆرەوجۆری هەیە. لەناویاندا کاریگەریی هەژموندار لە سیاسەتی دەوڵەت و حکوومەتدا، یان لەناو خەڵک و رای گشتیدا، بەشداری لە ژیانی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، راوێژکاری سیاسی و فۆرمۆلەکردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی. رووناکبیران لە هەموو وڵاتاندا، بەناونیشانی گرووپەکانی نەیار و ئۆپۆزسیۆن لە بەرانبەر سیاسەتەکانی حکوومەتاندا دەناسرێن، یان لە داوودەزگاکانی حکوومەت بەشدارن، بەڵام زۆر بەدەگمەن، لە هەموو وڵاتاندا، تیۆر و بیروباوەڕ و نەخشەڕێگەی ئەوان لە سیاسەت و دەسەڵاتەکاندا پەسند دەکرێن.

لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا هەل و شیمانەی زیاتر بۆ بەشداری و کاریگەریی رووناکبیران فەراهەم دەبێ. لەوانەیە لە هەندێک وڵاتدا، رووناکبیران وەکو تاک بەشدار بن لە ژیانی سیاسی و لە دەسەڵاتدا، یان وەکو ڕاوێژکارانی دەسەڵاتە سیاسییەکان کار بکەن. هەندێک جار رووناکبیران وەکو نوێنەر، یان گوتەبێژانی گرووپە سیاسی و دەسەڵاتدارەکانیش کار دەکەن.

٣- کەنارگرتن یان وازهێنان لە سیاسەت:

گۆشەنشینی، یان کەنارگرتن لە سیاسەت لەناو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەلومەرجی تایبەتیدا، دەبێتە دیاردە. لە هەلومەرجەکانی کارەسات، یان هەستی نائارامی و بڵاوبوونەوەی تەوەهوم و بێ باوەڕی، یان لەو هەلومەرجانەدا کە شیمانەی گۆڕان و بەرەوپێش چوون کەم دەبێتەوە، وازهێنان لە سیاسەت و کەنارگیری بەرەو زیادبوون دەچێ. لە ڕوانگەی

دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە، کەنارگرتن لە سیاسەت بەشێوەی گشتی، هاوڕێیە لەگەڵ دیاردەکانی ترس و نەزۆکی و هەستی ڕق و بەدبینیدا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، هەلومەرجی پەڕاوێزنشینی، یان پەڕاوێزکردن، زەوینەیەکی گونجاو بۆ دیاردەی وازهێنان لە سیاسەت دەڕەخسێنێ. هەروەها لە زۆربەی ولاتاندا، بەشێکی زۆر لە ژنان، کەمینەکان، لاوان و ڕووناکبیران لەو هەلومەرجەدا بەسەردەبەن. بەشێوەی گشتی، وازهێنان لە سیاسەت، یان دوورکەوتنەوە لە ژیانی سیاسی لە ئەنجامی سێ هۆکارەوەیە: یەکەم، نەبوونی هۆکار و متمانە بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسی (هۆکاری دەروونناسی و فەرهەنگی). دووەم، نەبوونی هۆکار و توانای پێویست (وەکو خوێندن، زانین، پێوەندی، سازمان و ڕێکخراو). سێیەم، نەبوونی هەلی کار لە ڕوانگەی سیاسیدا، لە ئەنجامی داخرانی سیستەم و پێکهاتەی سیاسی. سەبارەت بەڕووناکبیران، کەنارگرتن لە سیاسەت لە ئەنجامی هۆکاری سێیەمەوە دەبێ.

دوورکەوتنەوە لە سیاسەت لەنێو ڕووناکبیراندا لە ولاتانی هەژموونخواز و توتالیتاردا زۆر بلاوە، تا ئەو رادەیەی کە هەندێک ئەم هەلومەرجە ناو دەنێن "کۆچ یان ئاوارەییی دەروونی". پێوەندیی نێوان ڕووناکبیران و ڕێژیمە هەژموونخوازە داخراوەکان زۆر ئاڵۆزە. لەلایەک حکوومەت و دەسەلات، خەریکی سەرکوتی ئاشکرا و نهێنی، یان سەپاندنی سیاسەت و بیروباوەڕەکانی خۆیەتی بەسەر ڕووناکبیراندا، یان دەیەوێ ڕووناکبیران بکاتە بەشێکی بێ وتار لە خۆی. لەلایەکی تر، ڕووناکبیران دەست دەکەن بەرەخنەی ئاشکرا و نهێنی، یان سیمبولێکی حکوومەت. لە شۆڕش و ڕاپەرین و خۆپێشاندانەکاندا، بەشێک لە ڕووناکبیران دەچنە ناو ژیانی سیاسییەوە، بەلام زۆربەی جاران، یان بەشێوەی گشتی ئەم هاوکارییە پایەدار نابێت. نەریت و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕووناکبیرانە لەگەڵ نیاز و پێداویستیی ژیانی سیاسیدا سازگار نین. یەکێک لە ڕەوش و دیاردەکان ئەوەیە کە ناکۆکی و نەیاریی نێوان دەسەلاتدارانی تازە و ڕووناکبیرانی پشتیوانیی ئەوان، بەشێکە لە ژیانی سیاسیی ولاتانی داخراو، یان هەژموونخواز.[٦]

## ماهیەتی ڕووناکبیری تەنیا سیاسی نییە!

ڕووناکبیران، وەکو کەسانی ئازاد و سەربەخۆ پێوەندیی بەهێزیان بەڕاستی و هەقیقەتەوە هەیە، لەگەڵ ژیان لە ڕاستیدا و لە پێناوی ڕاستیدا دەژین و لە دژی درۆ و فریو ئەندێشە و بیروباوەڕی خۆیان بەخەڵک دەگەیەنن. ڕووناکبیران، لەم هەلومەرجەدا، ڕووبەڕوو دەبن لەگەڵ پرسە گرینگەکانی خەڵک، بۆیە دەبێ بۆ ئاشتی و ئاسایش و ماف و ئازادی، خەبات بکەن و بیر بکەنەوە. هێنانەدیی هەلومەرجی ئاشتی و ماف و ئازادی، تەنیا لە ڕێگەی بەشێکی تازەوە لە ڕووناکبیران مەیسەر دەبێ کە پرسە ڕەسەن و بنیاتییەکانی کۆمەڵگە بۆ ژیانی داهاتوو و شایستە، دەبێتە پرسی سەرەکی و زەوینەی بیروباوەڕییان. ئەم شەپۆلە لە ڕووناکبیران، بێگومان ئەوانە نین کە تەواوی هەوڵ و خەمی خۆیان بۆ هێنانەدیی ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان تەرخان دەکەن، بگرە ئەو کەسانەن کە بیرکردنەوە و تیۆری سیاسییان، تەنیا لە سنووری بەرژەوەندیی سیاسی

ئایدیۆلۆژیدا نامێنێتەوە و پێوەر و دیدگای ئەوان بەرژەوەندیی ڕاستینەی هەمووانە.

هەڵوێست و چالاکیی رووناکبیرانە، تەنیا ماهیەتی سیاسی نییە، بگرە دژایەتی و ناکۆکیی بەردەوامە بەو رەوشەی کە (میشیل دوسیرتو) بە "باوەڕی سەپێنراو" ناوی دەبات[7]. ڕووناکبیرانی هەڵسووڕاو لە بواری کۆمەڵی مەدەنی و رای گشتیدا، دەبێ وەکو رەخنەکاران و نەیارانی ئەم باوەڕە سەپێنراوانە کاربکەن و هەوێن و مایەی نوێ بۆ ژیانی سیاسی بەدەست بێن. مەیل و ئارەزوو بۆ گفتوگۆی رەخنەیی لە بەرامبەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆجیک، یان هەر وەکو میشیل فۆکۆ و ئیدوارد سەعید ناوی دەنێن "راستیگوتن بەرانبەر دەسەڵات و سیاسەت". رووناکبیران، لەم زەوینەیەدا دەبێ رەوش و هەڵوێستی خۆیان لە دەرەوەی هێز و سیاسەت تەنانەت لە دەرەوەی جەماوەریش پێناسە بکەن و بەشێوەی تەواو بنیاتی و بوونناسیی چەمکی "مەیدانی گشتی" بخەنە بەر پرسیار و شیکردنەوە. رووناکبیر، تەنیا کاتێک دەتوانێ کە پارێزگاریی خەڵک و کۆمەڵی مەدەنی و مەیدانی گشتی (مانگرتن و خۆپێشاندان بەنموونە) بێ ء هەڵوێستی گفتوگۆی رەخنەییی لەگەڵ هەمووان هەبێ، کە سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی بپارێزێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ئازادی و سەربەخۆییە، بەرانبەر بەو پرس و خەڵکانەش بێ کە داکۆکییان لێ دەکات. لە بەرانبەر خود و بکەرانی سەرەکیی ناو کۆمەڵگە، وەکو دەوڵەت و دەسەڵات، یان ئەو هێزە سیاسییانەی بانگەوازی نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن، دەبێ رووناکبیر وەفادار بێ بۆ پرەنسیپە فیکری و بیروباوەڕە مرۆڤدۆستەکانی خۆی. لەبەر ئەوە، دەبێ رووناکبیران، دیدگا و پێوەرە گشتییەکانی ئەخلاق و بیرکردنەوەی تازە بۆ بەیان و گفتوگۆی گشتی لە مەیدانی گشتیدا ئافەرین بکەن.

بەها و شایستەییی ئەم کار و بیرکردنەوەیە، تەنیا بەهۆی بەشداریکردن نییە لە هونەری سازمەندانی کۆمەڵگە، یان بەشداریکردن و ڕابەرایەتیی مەیدانی گشتی (خۆپێشاندان و نارەزایی بەنموونە)، بگرە پێوەندیدارە بەو خاڵەشەوە کە ئەم هونەر و بەشدارییە یان ڕابەرایەتییە لە خۆیدا خاوەن کەموکووڕی و لاوازیشە. هەڵوێستی بەشداری و لە هەمان کاتدا رەخنەیی و بەتایبەتی گفتوگۆی رەخنەیی، بەشێکە لە نیگای فەلسەفی بەرانبەر بەپێکهات و ژیانی سیاسی، لە نەیاری بۆ دیدگا و پێکهاتەی حزبی، یان ئایدیۆلۆجیک، هاوکات، نەیار و رەخنەگریشە لە وتاری نارەخنەییی سیاسەتی حزبی و رووناکبیری سیاسی. هەڵوێست و بیرکردنەوەی رووناکبیرانە، لێرەدا دەبێتە هەڵوێستی رۆشنگەری وەکو سیاسەتی گومانباوەڕی لە بەرانبەر و لە نەیاری دیدگای ئایدیۆلۆجی و نافەلسەفی.

رووناکبیر، دەبێ خاوەنی هۆشیاریی تایبەتی و تاکانەی خۆی بێ کە عەقڵی سیاسیی باو دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە رووناکبیر لە پێناوی ئەندێشەی رەخنەیی و کاری ڕەخنەییدا، دەبێ هەردەم ئەخلاق و جوانناسی بخاتە پێش سیاسەتەوە. بەداخەوە ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کە تا ئێستە لە رۆژهەڵات، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمە رووی نەداوە. بەرپرسیاریی ئەخلاقی و بیرکردنەوەی جوانناسی، هێشتە لەپێش سیاسەتەوە ناخرێنە ڕوو، هێشتە سیاسەت بڕیار دەدات لە بیرکردنەوە و هەڵوێستی رووناکبیری، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە رووناکبیر

دەچێتە ناو سیاسەتەوە.

ڕووناکبیرانی سیاسی، یان ڕووناکبیرانی وڵاتی ئێمە، هێشتە توانای ئەوەیان نییە، یان نایانەوێ گرینگی و کاریگەری بوونناسیی چەمکی بەرپرسیاری بناسن یان لێی تێبگەن. تا ئێستە نەچوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا پایەی ڕەسەن و تەوەری کارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لە بەرپرسیاریی ئەخلاقی. بەرپرسیاریی فرەوانتر لە خێزان، کار، نیشتمان، سەرەنجام، بەرانبەر بەلایەنی سیاسیی دڵخواز. دەبێ ئەم بەرپرسیارییە بەرامبەر بەڕەوتی مێژوو بێ، واتە؛ بەرانبەر بەو شتەی کە تەواوی کارەکانمان دەبێ بەشێوەی فەرامۆشنەکراو بنووسرێ، تا ئەو جێگەیەی دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە خۆشمان دەبێ بچینە ژێر داوەریی لێپرسینەوەوە.

ئەگەر ڕووناکبیران فرەوانتر لە سیاسەت و لە دەرەوەی پابەندی سیاسی، یان پابەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و تەنانەت فرەوانتر لە پابەندیی جەماوەری، تەماشای ئەم دیدگا فەلسەفی و بیرکردنەوە بوونناسی و مێژووییە بیر بکەنەوە و هەڵوێست بنوێنن، بێگومان دەتوانن نیشانەکانی مرۆڤدۆستی و ماناکانی ئاشتیی گشتی بکەنە گوتار و دیدگای ڕەخنەییی خۆیان.

مینبەری سیاسیی ڕووناکبیر و مەبەستی سەرەکیی گوتاری ڕووناکبیری داکۆکیکردنە لە قوربانیان و ئەو بەشەی خەڵک کە ناتوانن دەنگی خۆیان بەگوێی کەسانی تر بگەیەنن. دەنگی ڕووناکبیر، دەنگی ئەو کەسانەیە کە بێدەنگ کراون. هێزی ڕووناکبیر، هێزی ئەوانەیە کە بێهێز کراون، یان پەراویز کراون. ڕووناکبیر، دەبێ لە پێناوی ئەفراندنی ئەو بەها و پێوەرانەدا بیر بکاتەوە و خەبات بکات بۆ هێنانەدیی سیاسەتی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیپەروەری بەسوود دەبن. ئەم گوتەیە بەو مانایە دەبێ کە چالاکیی سیاسیی ڕووناکبیران، بەتوندی بەو پرسەوە گرێ دراوە کە چ شتێک هەقیقەت و ڕاستییە لەدژی درۆ و فریو؟ ئەو شتەی کە هەقیقەتە و دژی درۆ و فریوە چۆن بەدەست دێ؟ بێگومان ئەگەر ڕووناکبیران ببنە بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەتی ڕۆژ، یان سیاسەتی دەسەڵاتدار، وەکو ئەو سیاسەتانە بەڵێن بدەن بەهەشت نزیکە و شایەنی بەدەستهێنانە، ئەوسا ناتوانن لە هەقیقەت و بۆ هەقیقەت بژین و خەبات بکەن. هەر بۆیە، ئەوەی ئێستە ئێمە نیازمەندین، درووشم نییە و تەنانەت سیاسەتیش نییە، بگرە قووڵبوونەوەی فەلسەفی و تێڕامانی ڕەخنەییە کە بتوانێ هۆشیاریی بیرکردنەوە و ڕەخنەمان بەرەو شێوەیەک لە پرۆژەی ڕۆشنگەری بەرێ کە پێویستمان بەدوژمن دروستکردن و تۆمەتباری و تووڕەیی نابێ.

بەدوژمن ناسینی ئەوانی تر، یان دوژمن دروستکردن، بڕوای بەو بیرەیە کە تاکەکان، فەرهەنگەکان و نەتەوەکان و تەنانەت چینەکان و بەشەکانی ناو یەک کۆمەڵگە تا دەگاتە پەیڕەوە سیاسییەکان، بوونەوەرە لەیەک جیاوازەکانن و فەرهەنگێک، یان باوەڕێک لە بەرانبەر کەسانی نامۆ و غەیرە، سیاسەت و پێڕەو و سیستەمێکی داخراوە. کارەسات لەوەدایە، ڕووناکبیری دوژمنساز، یان ڕووناکبیری سیاسی، هەموو ئەوانەی وەکو ئەو بیرناکەنەوە بەدوژمنیان دەزانێ، کاتێک دەچێتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، یان دەیەوێ ببێ بەڕابەری جەماوەر (وەکو ڕەوشی ڕووناکبیرانی سلێمانی لە خۆپیشاندانەکاندا)، ئەو سیاسەتە دوژمنکارانە بەکاردێنێ و تیۆری و

ئەندێشــەی بۆ ســاز دەکـات و لە مـینبـەری سـیـاسـیی گـشـتـیـیـەوە وتـار دەدات و تووڕە دەبێ و هەڵوێسـتی سـیـاسی دەنوێنێ. لەوەش کـارەسـاتتـر ئەوەیە، هەندێک لە رووناکـبـیـران لە پێناوی ئامـانجی سـیـاسـیـدا ( لە دژی لایەک و لـە بەرژەوەندیی لایەکی تـر) باس لەو یۆتۆپـیـایە بکات کـە هێــزەکــەی خــۆیان بـەوپەڕی ئازادی و هـۆشــیــاری و ســەربەخــۆیی و بوێری باس بکـات. دەبێ ئەوەشـمـان لە بیـر بێ کـە زۆرێک لە رووناکبیـرانی وابەسـتـە بەفـاشـیـزم، سـتـالینیـزم، بەعـسـیـزم و بنیـاتگەراییی ئیـسـلامی، هەردەم دەبێ دوژمنێک هەبێ، تا ئەوان مـەیدانی گـشـتی و سـیـاسـەتی جـەمـاوەری لێ هـان بدەن. رووناکـبـیـرانی فـاشـیـزم، دوژمـنی نەتەوەیان سـاز دا، هـی سـتـالینیـزم، دوژمنی نـیـشـتـمـانیی سـۆڤـیـەتی سـۆسـیـالـسـتی، ئەوانی بـەعـسـیـزم، دوژمـنـی حـزب و گـەل، بنیاتگەرایانی ئیسلامیش، دوژمنی خوا و دین. دوژمنسازی و هەوڵنەدان بـۆ ڕێگەچارەی ئاشتی و ئازادی و دادپـەروەری بۆ هـەمــووان، ســەرەڕای ئـەوەی هـەڵوێســتــێکی ئایدیۆلۆجـیکە، بێگومــان دەکەوێتە خانەی فاشیزم و لۆمپەنیزمەوە.

## رووناکبیران و لۆمپەنیزم

"ئەو چەمکەی ئێمـە لە فەلسەفەی سیاسیدا بەناوی "لۆمپەنیـزم" دەیناسـین، واتە؛ ئەو زاراوەیەی کە لە مارکسـیزمیشـدا هـاتووە، راستییەکەی بۆ ئەو گرووپ، یان ئەو کەسانە بەکار هێنراوە کە چینی کـۆمـەڵایەتیـیـان زۆر روون نیـیـە. ئەم گـرووپە، بەشـێـوەی هێـز و بەکـرێگیـراوانی جـەمـاوەری لە ئایدیۆلۆجییە تۆتالیتـارەکانی سەدەی بیستـەمدا نەخشی کاریگەرییان هەبووە. ئایدیۆلۆجیـای تۆتالیتـار وەکو فاشیـزم و سـتالینیـزم، سوودی زۆریان لەو کـەسانە وەرگرتووە کە لۆمپـەن بوون. بەڵام پاشان وشـەی "لۆمپەنیزم" وەکو زاراوەی سیاسی بەکار هاتووە"[٨].

بەڵام ئەمڕۆ کە لەبارەی لۆمـپـەنیـزمـەوە دەدوێین، مـەبەسـتـمـان لەو کەسـانەیە کە هیچ ئەخـلاق و ئاکاری مـەدەنییان نییـە و هـەستی بەرپرسیاری ناکـەن، هەروەها ئەو کەسانەن کە پێڕەوی لە یاسا و ڕێساکانی هاووڵاتیبوون ناکەن و مافـەکانی تاک و مەدەنیـەت لەلایان بەها و گرینگییان نییە. لە هـەمـوو وڵاتـانی دنیـادا، لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهـەڵات، لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا ڕووبەڕووین. یەکێک لـە ئەرکە رەسـەنەکانی رووناکبیر، خەباتە لە دژی لۆمپـەنیزم، بەتایبـەتی لۆمپـەنیزمی سـیاسی. لۆمپەنیزم لەبەرئەوەی هـەموو کـات پەنا دەباتە بەر توندوتیژیی سـیاسـی و سەرانە و هـەوڵدان بۆ دروستکردنی باندی سیاسیی توندوتیـژ، هەر بۆیە پێویستی بەتوندوتیژیی فیکری هەیە، وەکو درۆ و قـەبەکردنی شـتـەکان. لە کـاتێکدا رووناکـبیـربوون، خـەبات و تێکۆشـانە لە پێناوی هەقـیـقـەتدا، هەڵبـەت نەک هـەقیقـەتی رەهـای ئایدیولۆژیک، بگرە هەقیقەتی ئەخـلاقی و بەرپرسیاری. ئێمـە ئەو ئاسـۆیەی بیری بۆ دەکـەینەوە کـە هـەمـان ئاسـۆی راسـتی و هـەقـیـقـەتە، بەڵام لۆمـپـەنەکان، دەیانەوێ ئەم ئاسـۆیە لەنـاوبەرن و لە رێگەی درۆ، ڕیا، فــریو، جــەنجــاڵەوە، توندوتیــژی بەرهـەم بێنن و ڕاســتت دەوێ ڕێگەمان نادەن هێزی لێک جیاکردنەوەی پرسەکانمان هـەبێ، رووناکبیر، ئەو کەسـەیە کە دەبێ هێز و توانای جــیــاکــردنەوەی درۆی لـە ڕاســتـی هـەبێ. دروست و نـادروست بـناسـێ و لە پرســە

جیاوازەکاندا بەکاریان بێنێ.

هەڵوێستی ڕووناکبیر لە سیاسەت و لە کۆمەڵگەدا، جیاکردنەوەی سنوورە لە نێوان ڕووناکبیری و لۆمپەنیزمدا. ئەمەش بەو مانایە نییە کە کام پێڕەوی سیاسی، ئاینی، یان فەرهەنگی هەیە، بگرە مەبەست لەوەیە کە ڕووناکبیران نابێ وەکو لوومپەنەکان درۆ بکەن، فریوی خەڵک بدەن، یان شتەکان زل و قەبە بکەن و جەنجاڵی دروست بکەن. واتە؛ نابێ وەکو لۆمپەن بیر بکەنەوە و بنووسن. کاتێک کە لایەنگیری لە پرسێک، یان هەڵوێستێک دەکەن، بێگومان ئەمە مافی خۆیانە، نابێ لایەنەکانی تر نەخوێننەوە، یان پەراوێزی بکەن. ڕووناکبیر، کەسی توندوتیژ و قسەڕەق و بێ ئەدەب نییە، تەنانەت لە ڕەخنە لە بەرامبەر نەیارانیشیدا، بگرە لێبووردە و سنگفراوان و تەحەمولی جیاوازی دەکات. نەک تەکفیر و جنێو و بوختان هەڵبەستن، یان نادیدەگرتنی بەرانبەر. لەو کاتانەدا دیدگای پرس و خستنەڕووی ڕاستییەکان لای ڕووناکبیر شکست دەخوات و لە ڕوانگەی زمانەوانی و فکری و زەینیدا، دەگاتە پلەیەک لە لۆمپەنیزم.

یەکێک لە کار و مەبەستە گرینگەکانی ڕووناکبیری ڕاستینە لە بەرانبەر ڕووناکبیری سیاسی، یان لۆمپەن، ئەوەیە، لە بەرانبەر "لۆمپەنیزم" خەبات بکەن و داکۆکی لە کۆمەڵگە و ئازادی و ماف و ئاشتی بکەن. هەروەها دەبێ لە دژی لۆمپەنیزمی ئەندێشە و لۆمپەنیزمی کۆمەڵایەتیش خەبات بکەن. ئەمەش، کاتێک ڕوو دەدات کە ڕووناکبیر بەرەو ئایدیۆلۆجی نەڕوات و خۆی نەخاتە زیندانی ئایدیۆلۆجییەکانەوە، چونکە گەر وا بکات، ناتوانێ لە پێناوی هەقیقەت و هەقیقەتە جیاوازەکاندا خەبات بکات. ڕووناکبیر، دەبێ لە هەلومەرجی دیاردەناسی و مەعریفەناسیدا، قەرار بگرێت و لەو ڕەوەندەوە بتوانێ کە ژیان و خەباتی لە پێناوی هەقیقەتدایە.

یەکێک لە ڕەوش و ئاکارەکانی لۆمپەن دروستکردنی باند و جەماعەت و موریدەکانە. لۆمپەن، هەردەم دەیەوێ کەسانێک شوێنی بکەون، یان ببنە پیاوی و لە ژێر فەرمانی ئەودا بن، وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر لاوازییەکی هەبێ، یان بێهێزییەک بنوێنێ، ئەو کەسانە لە دەست دەدات. بەڵام ڕووناکبیر نایەوێ کە شوێنکەوتوو یان باند و موریدی هەبێ، لەوەش ناترسێ کە ڕەخنەی لێ بگیرێ، یان ڕەحنە لە خۆی بگرێ، چونکە کاتێک ڕووناکبیر لەبارەی پرسەکانەوە بیر دەکاتەوە و ئەم بیرکردنەوەیەش هەموو کات ئامادە نییە، بگرە شەپۆلدار و شێنەییە، هەر بۆیە شیمانەی نەزانین، یان هەڵە بەردەوام لە ئارادایە، بۆیە دەبێت ئەمە بۆ خەڵک و کۆمەڵگە بخاتە ڕوو.

ڕووناکبیر، هەموو کات لە هەڵوێستی نەوازشدایە و خۆی بەسەرکردە و فەرمانداری خەڵکانی تر نازانێ، کە بەو شێوەیە بێ، بێگومان یەکێک لە ڕەوش و هەڵوێستەکانی خوێندنەوەی بەرانبەر و دادپەروەریی مەعریفییە، ئەمەش وا دەکات کە هەموو کات ئاشنا بێ بە دیدگا و بیری نوێ. جیاوازیی نێوان لۆمپەن و ڕووناکبیر لەوەدایە، لۆمپەن، هەردەم کەسێکی بێ ناسنامەیە و لەلایەن هێزەوە بەکار دەهێنرێ و هێزی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی ئاراستەی دەکات، لەو ئاراستەیەشدا، هەموو توندوتیژییەک لە بەرانبەر کەسانی تر دەنوێنێ. هێزەکان دەتوانن لە کەسە لۆمپەنەکان ئۆردوویەک دروست بکەن، کە سبەینێ هێزی تر سوودیان لێ وەردەگرن. ڕووناکبیر، یان نووسەری

لۆمپەن، ئەوانەن کە ئەمڕۆ لە پێناوی هێزێکی سیاسیدا هەموو شت دەکەن، یان دەیڵێن و سبەینێ بۆ هێزێکی تر دیسان دەیکەن و دەینووسن. کاتێک کە دەچێتە مینبەری گشتی یان خەڵک، خۆی لێ دەبێ بەسەرکردە و هەرچی بەدەمیدا بێ دەیڵێ، یان دەیکات و بەهەموو شێوەیەک بەرانبەر، یان کەسانی جیاواز تاوانبار دەکات و یەکەمین کاری ئەوە دەبێ کە ئازادیی بەرانبەری پێشێل بکات. ئەگەر بەکرداریش نەتوانێ بێگومان لە وتاردا بە هەموو شێوەیەک بەرانبەر تاوانبار، یان سووک دەکات، لەم نێوەشدا دەست و دەم ناپارێزێ لە هەر سووکایەتی و هەڕەشەیەک. ئەگەر هیچ بەهانەیەکی نەبێ بۆ ڕەخنە، یان وەڵامدانەوە، دێتە سەر باسی کەسایەتی، یان قەوارە و شێوەی جەستەیی ئەو کەسە. ئاخر بۆیە وا دەکات، چونکە نووسەرێکی لۆمپەنە و هیچی پێ عەیب نییە.

هەڵوێستی سیاسیی نووسەر یان (ڕووناکبیری!) لۆمپەن لە هەردوو ڕەوشی حزبی و جەماوەریدا، هەوڵدانە بۆ هێزنواندن و تاوانبار و سووککردنی بەرانبەر، یان کەسان و لایەنی جیاواز. لەم نێوەشدا درۆ، فریو، ڕیاکاری و قەبەکردنی شتەکان و نووسین و تیۆرسازی بۆ ئەم مەبەستە، دەبێتە کار و پیشەی سەرەکی، یان ڕووناکبیری لۆمپەن، زۆربەی جار هێزی فیکری یان مرۆیی نییە، بۆیە پەنا دەباتە بەر توندوتیژی فیکری و وتاری. وتاری نووسەرانی کوردستان لەم زەوینەیەدا، هەندێک نموونەی بەرچاوی هەیە لە فاشیزمی فیکری و لۆمپەنیزمی (ڕووناکبیری!)دا.

## نەخش و قەڵەمڕەوی ڕووناکبیر لە سیاسەتدا

نووسەر و ئەدیبی گەورەی فرەنسا (ئەناتۆلی فرانس) بەم شێوەیە ڕووناکبیران دەناسێنێ:

"ڕووناکبیران ئەو گرووپە لە شارەزایان و بیرمەندانی کۆمەڵگەن کە بێ ئەوەی نیاز، یان بەرژەوەندیی سیاسی لە پشتی کار و تێکۆشانیان هەبێ، لەو پرس و ڕەوشانەدا بەشداری دەکەن، کاردانەوەشیان دەبێ کە پێوەندارن بەداواکاری و بەرژەوەندیی تەواوی کۆمەڵگەوە"[٩].

ئەم وتانە، شێوەی ژیان، یان قەڵەمڕەوی نەخش و کاریگەریی ڕووناکبیر ئاشکرا دەکات، ئەم شێوەیەش لە ژیان، نیشانەن بۆ کەسانێک کە خاوەن شەهامەت، سەربەخۆیی بیرکردنەوە و گیان و توانای لێکۆڵینەوە و هاودەردییە، سەبارەت بەو کەس و کۆمەڵانەی لەژێر پاڵەپەستۆدان. پرسەکانی ڕووناکبیر، وێڕای ئەوەی بەشێکن لە پرسەکانی کۆمەڵگە و سەرەڕای ئەوەی کە خودی ڕووناکبیریش هەر بەو شێوەیە بەشێکە لە کۆمەڵگە، بەڵام پرسەکانی پرسی دژوارن، ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت کە ئەو پرسانە وەڵامی تاکلایەن و سەخت و گشتیان هەبێ. بگرە بەو مانایە دێن کە وەڵامیان لەلایەک دەبێ ورد و زانستی و دروست بن و لەلایەکی ترەوە دەبێ لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا بن لە هێنانەدیی ئازادی، ماف و دادپەروەری و ئاشتیدا. ئەم ئامانجەی ڕووناکبیر لە چەند پرسی گرینگدا کە هەر هەمان نەخش و تایبەتمەندیی خودی ڕووناکبیرن، بەرەو هێنانەدی دەچن کە لەم خاڵانەدا دەردەکەون:

١- خاوەنداربوون لە دیدگای شارەزایی و بیرکردنەوەی دروست.

٢- گەڕان بەدوای ڕاستی و هەقیقەت و پەیداکردنی ڕێگەکانیدا.
٣- بەرپرسیاربوون بەرانبەر بەزانایی و رووناکبیری و گوتنی هەقیقەتەکان.
٤- بەئاگابوون لە رەوشی تایبەتی و هەلومەرجی گشتی.
٥- هەموو کات خاوەنداریێتی لە گوتار و دیدگای رووناکبیری و رەخنەیی.
٦- ئاوێتەکردنی ئەم پرسانەی سەرەوە لەگەڵ خەڵک و لە رێگەی خەڵکەوە.

ئەم خاڵانەی سەرەوە دیدگا و روانگەی زۆربەی رووناکبیران و بیرمەندانی بەرجەستەی جیهانن کە نووسەری گەورە "ئیدوارد سەعید" لە کتێبی "نەخشی رووناکبیر"دا دەیخاتە روو. ئیدوارد سەعید، لەبارەی ئەم پرسانەوە، کورتەیەک بەم شێوەیە دەخاتە روو: "بیرکردنەوەی دروست لەبارەی پرس و نیازەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دەبێ فێر بین، بۆ تێگەیشتن لەو ئامانجانەش، دەبێ لە نێوان بەرپرسیارێتیی تایبەتی و رێکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، سنووردانان پەسند بکەین، ئەمەش، بۆ هەمووان، بەتایبەتی بۆ رووناکبیران بە سوودە. رووناکبیر، هەر لەو ساتەوە وشەکان دەخاتە سەر لاپەڕەکان و پاشان چاپ دەکرێن، دەچێتە دنیای گشتییەوە. رووناکبیر، هەردەم لە نێوان دوو سنووردایە، یەکێکیان دیدگا و کاری تایبەتی خۆیەتی، دووەمیان پرس و هەلومەرجی گشتییە، بەڵام دەبێ باش ئەوە بزانین کە رووناکبیر بەشێک نییە تەنیا لە کایەی گشتی، بۆیە رووناکبیری گشتی، یان جەماوەری، یان نەتەوەیی و سیاسی بوونیان نییە. ئامانجی رووناکبیر، بۆ بەیان و ئاشکراکردنی راستییەکان، هێنانەدی و خستنەڕووی هەلومەرجێکە بۆ باشترکردنی ژیان و سیستەمی گشتی"[١٠].

لێرە بەدواوە ئەم میتۆدە بەکار دێنم بۆ بەیانکردنی نەخش و قەڵەمڕەوی رووناکبیر لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتیش لە سیاسەتدا. مەبەستم لەو میتۆدە، شیکردنەوەی ئەو شەش خاڵەی پێشووە:

یەکەم، زانیاری و شارەزاییی دروست:

هەموو دیدگا و بڕواکان بۆ ناسینی رووناکبیر بەوە دەست پێ دەکەن کە رووناکبیر کەسێکی شارەزا و خاوەن زانین و زانست یان فیکر و فەلسەفەیە. هۆکار یان ئامرازی یەکەمی رووناکبیر ئەو شارەزاییيە فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە گشتییە کە لەو رێگەوە دەچێتە ناو پرسەکانی کۆمەڵگەوە. هۆکار و ئامرازەکانی دەستی رووناکبیر کە بەرەو عەقڵانیەتی دەبات و لە رێگەی عەقڵ و بیرکردنەوەی عەقڵانی بەپێوەرەکانی جیهانی (ماف، ئازادی، سیستەم، دادپەروەری و پێشکەوتن) بیر دەکاتەوە بۆ خستنەڕووی چارەسەر و بەرەوپێش بردنی پرس و کێشەکان. هەروەها رووناکبیر کەسێکە کە توانای جیاکردنەوەی پرس و کێشەکانی هەیە، جیاکردنەوەی ژینگەی رووناکبیریی خۆی لە ژینگەی گشتی و جەماوەری و ژینگەی سیاسەت و دەسەڵات. رووناکبیر، راستی و هەقیقەت لە درۆ و گومڕایی جیا دەکاتەوە. لەم زەوینەیەشدا هۆکاری دەستی رووناکبیر؛ رەخنەیە لە درۆ و ناڕاستییەکان، پشتیوانییە لە هەقیقەتەکان. رووناکبیر، تەنیا ئەو کاتە بەشێکە لە مەیدان

و ژینگەی گشتی کە ئەو مەیدان و ژینگەیە، بەرەو هەقیقەت، فرەوانتر لەوەش، بەرەو ئاشکراکردنی ڕاستییەکان (یان کۆی ڕاستییەکان) بچێ.

لەم زەمینەیەدا، هەڵوێستی ڕووناکبیر بەرامبەر بەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی ئێستە لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا ڕوو دەدەن بەو شێوەیە دەبێ کە ڕووناکبیر بەشێکی جیانەکراوە نییە لەو ڕووداوانە، ئەگە چی لایەنگیرە لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و هەژموونخواز، یان لایەنگیرە بۆ پشتیوانیی ماف و ئازادی و دادپەروەری، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانێ و بیڵێ کە هێشتە ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە لەلایەن ئەو دروشمە هەقیقی و خەڵکە ڕاستینەیەوە بەڕێوە نابرێن کە ئەنجامەکەی هێنانەدیی ئاواتەکان بێ. هەڵوێستی زانین و شارەزاییی ڕووناکبیر لە بەردەرکی سەرای سلێمانی، دەبێ توانای جیاکردنەوەی داخوازیی گشتیی بۆ (ماف، ئازادی، عەدالەت، پێشکەوتن)، هەبێ، کە بەداخەوە زۆر لاوازە، لە داخوازیی سیاسی و کۆنەپەرستانەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و فاشیستی لە هەرێمی کوردستان. ڕووناکبیر، دەبێ بزانێ و بڵێ، ئەم شەپۆلە خۆپێشاندانەی ناوچەکانی سلێمانی لە لایەن خەڵک و درووشمە مرۆڤایەتییەکانەوە ڕێنمایی و بەڕێوەبەرێتی نەکرا، بگرە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و نادیموکراتییەوە ڕابەرایەتی دەکران. ڕووناکبیر، دەبێ چاک ئەوە بزانێ، یەکەمین مەرجی ئازادی، خوێندنەوەی بەرانبەر و پلورالیزمی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە بەردەرکی سەرا، بەفەرمانی جەماعەتی ئۆپۆزسیۆن، دەنگی جیاواز و ڕوانگەی جیا لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی قەدەغە دەکرا و هەندێک جار کەوتنە بەر هەڕەشە و سووکایەتیش. کاری ڕووناکبیر ئەوە نییە کە درۆ بکات و تیۆری درۆ بۆ ئەم خۆپێشاندانە سیاسی و نوێژدارە دابڕێژێ و بەهێنانەدیی تاکی ئازاد و خودی سەربەخۆ و شۆڕشی نوێ وەسفیان بکات، بگرە دەبێ چاک بزانێ و بڵێ، ئەم خۆپێشاندانانە بارمتە و دیلی دەستی هێزە سیاسییە کۆنەپەرستەکانی کوردستان بوون و لەم ژینگە سیاسییە کۆنەپەرست و دەسەڵاتخوازەشدا، بێگومان نە تاکی ئازاد و نە خودی سەربەخۆ و نە شۆڕشی تازە لەدایک نابێ. ئەوەی کە ڕووی دا، بەرنامە و ئەجیندای سیاسیی ئۆپۆزسیۆن و حکومەتە ئیقلیمییەکانی دژ بەکورد بوو. ئەو هەلومەرجە وتەیەکی پڕ ناسین و زیرەکانەی "ئیدوارد سەعید"مان بیر دەهێنێتەوە کە لەبارەی پرۆژەی (ئاشتیی ئۆسلۆ)ی ساڵی ۱۹۹۳ی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلەکانەوە دەڵێ: "گوتنی ڕەخنە لەو ڕێککەوتنەی ئاشتی و لەو سەردەمەدا، بێژەرەکەی دەخاتە ڕیزی کەمایەتییەکی بچووکەوە، بەڵام من لەبەر هۆکار و بەڵگەی ڕووناکبیری و ئەخلاقی بەو شێوەیە هەستم کرد کە دەبێ وا بڵێم"[11].

منیش بڕوام وایە قەیناکا لەناو ڕووناکبیرانی (ڕاستییەکەی خوێندەواران) کورددا لە کەمایەتیدا بمێنینەوە، بەڵام لەبەر خاتری ڕووناکبیری و هەڵوێستی ئەخلاقی بڵێین کە ئەم ناڕەزایی و خۆپێشاندانانە، سەرەڕای پشتیوانی لە داواکاری چاکسازی، بەڵام بارمتە و دیلی هێزە سیاسییە کۆنەپەرستەکانی کوردستانە.

دووەم، ڕاستی و هەقیقەتپەروەری:

گەورەترین هەقیقەتی رووناکبیر ئەوەیە کە هەموو کات دەبێ ویژدانی بێدار و زیندووی دنیا بێ و خاوەن پەیامی سیاسی و ئەخلاقیی هەقیقەت بێ. هەقیقەتیش، بەمانای حقوقی، ئەخلاقی و سیاسی، نەک بەمانای حەقیقەتی میتافیزیکی و خودایی، "لای رووناکبیرانی مۆدێرن حەقیقەت بەشێوەی ڕەهابوونی نییە، بگرە ئەوەی هەیە، چەندین رێگە و شیمانەی جیاوازن کە بۆ گەیشتن بەهەقیقەت پێویستمان دەبن. بەدیدگایەکی رۆشنتر، حەقیقەت، لای رووناکبیری هاوچەرخ بەشێوەی "ئیمان" پەیدا نابێ، بگرە بەشێکە لە زانین و بڕوا کە لەگەڵ بڕواکانی تردا لە مامەڵەدان، سەرەنجام، دەگەینە ئەو ئاکامەی، پەیامی رووناکبیر بۆ هەقیقەت، پەیامی ئاینی و پەیامبەرانە نییە، بگرە پەیامێکە بۆ ئەوەی ژیانمان هەقیقەت بێ و لە هەقیقەتدا ژیان بکەین"[١٢].

رووناکبیر، بۆ ئەوەی توانای ناسینی هەقیقەتی هەبێ، ئەم پەیامەش بەخەڵک بگەیەنێ، بێگومان دەبێ لە سنووری وتار و کاری خۆی فرەوانتر بڕوانێ و دیدگای مرۆڤدۆستانەی هەبێ، بەڵام لەم دیدگایەشدا نابێ دیدی رەخنەییی خۆی ون بکات. مافی رەخنەکاری کە یەکێکە لە کارە گرینگەکانی رووناکبیر، رێگەی یەکەم و کاریگەرە بۆ دۆزینەوەی راستییەکان. رووناکبیر، لەم رێوانەدا دەگاتە جێگەیەک تەنانەت هەڵوێست و بیرکردنەوەی رەخنەیی، دیارە بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان، نەک تەنیا هەر بۆ رەخنەگرتن، لە رەوشی تایبەتی خۆی و لە رێبازی مرۆڤدۆستانەی خۆیشی دەخاتە مەیدانی کارەوە و لێرەدا بەردەوام ئەو لە بەرزەخی پابەندی و تەنیاییدایە.

ژینگەی راستیگووتن و هەقیقەت، پەیڕەوی رووناکبیرە بۆ داکۆکیکردن لە دادپەروەری و ماف و ئاشتی لە نێوان هەمووان‌دا و بەڕێگەی هەمووان. ئەمەش، بەخەباتکردن لە پێناوی راستی و لە دژی درۆ دەبێ. ئەم خەباتە بۆ راستی لە بەرامبەر هەموو هێز و نەریتەکاندا دەبێ و تەنانەت لە بەرامبەر ئەوانەشدا دەبێ کە دەیانەوێ هەژموونگەریی فیکری و پاوانکردنی مەیدانی راستی و خەبات بکەنە رەوشی سەرەکیی خۆیان. لێرەشدا بێگومان هەقیقەتپەروەری بەمانای تۆڵەکردنەوە نییە.

رێبازی حەقیقەت پەیڕەوی لای رووناکبیر و لە مەیدانی سیاسەتدا، یەکێکە لە پرسە گرینگەکان و کێشە ئاڵۆزەکان. دیارە رەخنەگرتن و گوتنی راستییەکانی لایەنی بەرانبەر، یان نەیار، لە هەموو دنیادا، بووەتە کارێکی نەریتی و بەرژەوەندییەکی سیاسیی بەردەوام، بەڵام ئەمە رەوشی رووناکبیر نییە، بگرە رەوش و متیۆدی سیاسییەکانە، چونکە سیاسەت هەردەم دوو رەهەندی زاڵ تیایدا بەرقەرارە کە ئەوانیش (دەسەڵات و بەرژەوەندی)ن. گرینگترین و شەریفانەترین کاری سیاسیی رووناکبیر لەو کاتانەدا پەیدا دەبن کە زۆر بوێرانە و دلێرانە رەخنە لە خۆی و ژینگە و لایەنی سیاسیی خۆی بگرێ. لەم رەوشەدا، رووناکبیر، ئەوە دەسەلمێنێ کە ویژدانی بێداری کۆمەڵگەیە و کەسێکە لە پێناوی راستیدا هەموو هەڵەکانی، یان تاوانەکانی لایەنەکەی خۆشی دەڵێ. رەخنەگرتن لە لایەنی بەرانبەر و نەیار لە نەبوونی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتیدا، کارێکی ئاسانە و هێز و بەرژەوەندیی ئۆردووگای تایبەت پاداشتی دەکات، بەڵام لە پێناوی راستی و هەقیقەتدا، دەبێ

بزانین ئۆردوەکەی خۆشمان ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی پێشێل دەکات.

هەڵوێستی لایەنگیری، یان رەخنەییی رووناکبیران بەرانبەر بەخۆپێشاندانەکان دەبوا بەمجۆرە بێ. ئەوانەی لایەنگیرن، دەبێ ئەوە بزانن و کار بۆ ئەوە بکەن کە مافی خۆپیشاندان و داواکارییەکانی لەژێر هەژموون و بارمتەی هێزە سیاسییەکان دەربێنن، رووناکبیرانیش دەبێ چاک ئەوە بزانن کە هیچ کام لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ناتوانن و نایانەوێ هێزی دڵخواز بن بۆ ماف و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی. ئەوانەش کە نەچوونە خۆپێشاندان و هەڵوێستی رەخنەییان هەبوو، نابێ لەبەر ئەوە بێ کە مادام ئەوان نەیاری هێزە ئۆپۆزسیۆن و نووسەرە وابەستەکانیانن، بۆیە ئەو هەڵوێستە دەنوێنن. بگرە دەبێ لەبەر ئەوە بێ کە رووناکبیری رەخنەگر لە پێناوی داکۆکیکردن لە هەقیقەتی خۆپێشاندان و راستی داواکارییەکان ئەو هەڵوێست و دیدگا رەخنەییەی هەبێ. مەبەستم لەوەیە، رووناکبیر، نابێ لە دژ و بەرانبەر بەخۆپێشاندانی خەڵک و داواکارییەکان هەڵوێست بنوێنێ، بگرە دەبێ لە پێناوی داکۆکی لەو ماف و داواکاریانە، رەخنە لە خودی خۆپیشاندان و رەهەندە سیاسییەکەی بگرێ. رەخنەی رووناکبیر لە (سیاسەتی!) خۆپیشاندان، بۆ داکۆکیکردنە لە (مافی) خۆپێشاندان و لە پێناوی ئەوەیە کە ئەم مافە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی کۆنەپەرست و هەژموونخوازەوە هەلپەرستانە نەقۆزرێتەوە و کایە و سیاسەتی پێوە نەکرێ.

سێیەم، بەرپرسیاری و پابەندبوون:

پابەندبوونی رووناکبیر، یان بەڵێننامەی رووناکبیر، لە دوو پرس و مەبەستی گرینگدا دەردەکەوێت: ئەخلاق و بەرپرسیاری. چالاکی رووناکبیرانە دەبێ هاورێ و ئاوێتە بێ لەگەڵ بەرپرسیاریی ئەخلاقی و ویژدانی رووناکبیریدا. ناوەرۆکی ئەم بەرپرسیارییە رووناکبیرییەش لە رەخنە و هەڵوێست بەرامبەر سەخت ئەندێشی (جزمگرایی) و ئایدۆلۆجییەکاندا دەبێ، کە ویژدان و هۆشیاریی تاکەکان دەخەنە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەم زەوینەیەدا، ئیدوارد سەعید دەڵێ: "من بڕوای زۆرم بەهۆشیاریی تاک هەیە کە ریشەی لە کار و چالاکیی مرۆڤدایە. هۆشیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ لە زەوینەی گشتیدا مەیسەر نابێ لەو کاتانەدا نەبێ کە پێشتر لەلایەن کەسانی ترەوە بەرهەم هاتبن"[١٣]، یان وەک فیختە دەڵێ: "ئامانج لە زانین و شارەزایی بێدارکردنەوەی سەربەخۆیی بیری مرۆڤەکان" و بەرپرسیاریی یەکەمی رووناکبیر لە دنیادا ئەوەیە کە مرۆڤەکان سەربەخۆ و ئازاد بیر بکەنەوە.

بەرپرسیاریی رووناکبیر سنووردار نییە و شتێکە بێ کۆتایی، کە بێگومان لەم رەوشەدا بەرپرسیار نییە تەنیا لە نووسین و دیدگاکانی خۆی، بگرە بەرپرسیاریشە بەرانبەر ئەوانی تر، ئەو ئەوی ترە لەوانەیە مرۆڤێک، گیانەوەرێک، یان رووەکێک، یان پرسێک بێ. رووناکبیر لە بەرانبەر پرسینەوەی ئەوانی تردا بەرپرسیارە، ئەم پرسەش، دەکاتە مەسەلەیەکی گرینگ و بەرپرسیارێتیی راستەقینە لە بەرانبەر هەموو شتەکاندا.

بەڵام بەرپرسیاری گرینگ و مەبەستی رووناکبیر سەبارەت بە دیدگا و هەڵوێستەکانی لەوەدایە،

کاتێک دیدگایەک، یان هەڵوێستێکی فیکری و (سیاسی!) دەبێ، ئاخۆ لەوە شارەزا و زانایە کە چ کاریگەرییەکی لە بەرانبەر خەڵک و رەوشی گشتیدا دەبێ؟ مەبەست لەوەیە کە نابێ رووناکبیر لە دوو پرسدا توندڕۆیی بکات، یان نامەسئولانە هەڵوێست بنوێنێ. یەکەمیان، وازهێنان، یان کەنارگیرییە لە پرسە گشتییەکاندا. دووەم، توند و زوو هەڵوێست نواندنە بەرانبەر بەکێشەکان، بەتایبەتیش، کێشەی سیاسی. "هیچ شتێک لەو نەریت و خووە زەینییانەی رووناکبیر زیاتر شایەنی سەرزەنشت نییە کە یان توندڕۆیی و بازدانە، یان وازهێنان و کەنارگیرییە"[١٤].

هەڵوێستی بەرپرسیاری رووناکبیر لە پرسە سیاسییەکانیشدا، رەوشێکی شایەنی باس و تێڕامانە. بێگومان رووناکبیریش وەکو کەسانی تر هەڵوێست، یان پەیڕەوی سیاسیی دەبێ یان نایبێ، بەڵام لە هەردوو رەوشەکەدا، پێوەر و دیدگای بەرپرسیارێتی دەبێ لەوەدا بێ کە تا چ ئەندازەیەک ئەم دیدگا و بەرپرسیارێتییە، هاوڕێیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە هێنانەدیی باشترین ژیان و باشترین سیستەمی سیاسی کە رۆحی فەلسەفەی سیاسییە. هەڵوێستی سیاسی و دیدگای فیکریی سیاسی بەدرۆ و توندڕۆیی بەئەنجام ناگات، لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە، رووناکبیر دیدگا فیکرییەکانی بەپێی سیاسەت دابڕێژێ، سیاسەتەکەش، لە بەرژەوەندیی گشتی نەبێ، بگرە بەرژەوەندی و پەیڕەوی هێزێکی دیاریکراو بێ.

چوارەم، ئاگایی و هۆشیاری لە رەوشی تایبەتی و هەلومەرجی گشتیدا:

ئاگایی و هۆشیاریی رووناکبیر لەبارەی رەوشی تایبەتی خۆی و هەلومەرجی گشتییەوە لە پێش هەموو شتێکدا پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤێکی بیریار و سەربەخۆ بێ، هەردەم کاری ئەو لە ژینگەی زانین و ئازادیدا خاوەن پرس دەبێ. رووناکبیر، وەڵامدەرەوەی لۆجیکی دەسەڵات و نەریتی باو نییە، بگرە گوتەبێژی ئازای دەستپێشخەرییە بۆ کاری دلێرانە، ئەو بەیانکەری ئاڵوگۆڕ و بزووتنەوەیە، نەک داکۆکی لە وەستان و مانەوە لە هەلومەرجی کۆندا. لەم زەوینەیەشدا "رووناکبیر وەکو کەشتییەکی شکستەیە کە دەزانێ و هۆشیارە لەوەی چۆن لەگەڵ خاکدا نەک لە خاکدا ژیان بکات، ئەو وەکو رۆبنسۆن کرۆزۆ نییە کە ئامانجی داگیرکردنی دوورگەیەکی بچووکە، بگرە وەکو مارکۆ پۆڵو وایە کە لە بەهرەی دیاریکردن و ناسینی سەرسامهێنەری، هەرگیز تێدا نامێنێ، رووناکبیر کەسێکە هەموو کات رێنما و میوانی تێپەڕە، نەک مشەخۆر، داگیرکەر، یان هێرشبەر"[١٥].

رووناکبیر، ئەو کارمەند، یان نووسەرانە نین خۆیان تەسلیمی ئامانجی سیاسیی حکوومەتێک، یان رێکخراوێکی سیاسی و تەنانەت رێکخراو، یان بزووتنەوەیەکی جەماوەریش بکەن. لەوانەیە رووناکبیر لەگەڵ ئەم چوارچێوانەدا کار بکەن، نەک لەم چوارچێوانەدا، لەو کاتەشدا، دەبێ هەڵوێستی رووناکبیر، وەفاداریی بێ بەرامبەر بەدیدگا و دنیابینییەکانی خۆی و لە هەمان کاتیشدا، دەبێتە مینبەری ماف و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی بۆ هەمووان. بەم شێوەیە، دەردەکەوێ کە رووناکبیر سەرسپاردە نییە بۆ هیچ کام لە هێز و لایەنەکان، یان نەتەوە و ئاینەکان،

یان سیاسەت و پەیڕەوەکان، تەنانەت سەرسپاردەی ئەوانەش نابێ کە خۆی داکۆکییان لێ دەکات و لە پێناویاندا خەبات دەکات. سەرەنجام، رووناکبیر ئەو کەسەیە لە هەوڵ و سۆراخی پەروەردەی فیکریی خۆی و کۆمەڵگەدایە و توخمی سەرەکی کاری خۆی لە فەرهەنگدا دەبینێ. کاری رووناکبیری، هاوڕێگەیە لەگەڵ ئەو ڕەوەندەی کە هیگڵ بە (دیاردەناسیی رۆح) بەمانای فێرکردنی زەین دەیناسێنێ.

لەم کاروانەدا، بێگومان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، رووناکبیری، کارێکی رادیکاڵە، چونکە گەڕان بەدوای هەقیقەت و راستییەکاندا، یان هەڵوێستی رەخنەیی و رێنمای سەربەخۆیی و ئازادی، شێوەیەکی رادیکالن لە ژیانکردن. رووناکبیربوون، بەمانای بوونی ئازایەتییە بۆ بیرکردنەوەی ئازاد و بیرکردنەوە لەبارەی ئازادییەوە، یان هەروەکو نیکۆس کازانزاکی دەڵێ: "من تەماعم لە هیچ نییە و لە هیچیش ناترسم بۆیە ئازادم"، بەڵام ئازادی و سەربەخۆیی و بێ نیازیی رووناکبیر، شێوەیەک نییە لە قارەمانێتی، رووناکبیر نە لە هەوڵی دروستکردنی قارەماندایە و نە ستایشی کەسیان دەکات، هەروەها شۆڕشگێڕیش نییە. شۆڕشی واقیعی رووناکبیر لە زانین و پرسیارەکانیدایە و قارەمانسازیی ئەو لە خەباتکردنە بۆ راستی لە بەرانبەر درۆدا. توانای رووناکبیر بەندە بە هێزی بیرکردنەوەوە، هەر بۆیە، پرۆژەی رووناکبیری، چالاکییەکی تاکانەیە، نەک بەکۆمەڵ. رووناکبیر، نە درۆ و نە ڕیایی بۆ جەماوەر ناکات، هەروەها بەڵێن و وادەی فریودەریشیان بۆ نابژێرێ، بەڵام سیاسەتوان و شۆڕشگێڕ بۆ بەرهەمهێنانی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیاکەی، پێویستی بەخەڵک دەبێ. پرۆژەی رووناکبیری، ئەگەرچی لە مەیدانی خەڵک و لە پێناوی خەڵکدایە، وەلێ پێویست ناکات هاوڕێگە و هاوبیری خەڵک بێ.

لە هەلومەرجی خەباتی گشتی و خۆپێشانداندا، دیدگا و هەڵوێستی رووناکبیر ئەوە نییە کە دوای خەڵک بکەوێ، یان بەهەر نرخێک بێ لەگەڵ خەڵکا بێ، بگرە ئەوەیە کە دەبێ سەرەڕای داکۆکیکردن لە ژیانی شایستە و داواکاریی مەزن بۆ خەڵک، بەڵام هۆشیاری و ئاگاییبەخش بێ لە بەرانبەر ئەو سیاسەت و هێزانەی لە کەمیندان بۆ ئەو خەڵکە، لە هەردوو ئاراستەی دژ یان لایەنگیر لەو خەبات و داواکارییانە. هەروەها دەبێ لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و توندڕۆییی جەماوەریشدا هەڵوێستی هەبێ و بەردەوام ئەو چاودێر بێ بەسەر ئەو هێز و بکەرانەی دەیانەوێ سوود و هەلپەرستی لەو خەبات و تێکۆشانە بچننەوە. هەڵوێستی رووناکبیر بەرانبەر کەموکوڕی و نەزانی و کێماسیی خەباتی گشتی، پرسێکی گرینگە، نابێ رووناکبیر هەڵوێستی سۆزداری، یان وەفاداری بۆ خەباتی گشتی، وا بکات تیۆری خۆشبین و گەشبینی توندڕۆ بۆ خەبات و داواکاریی خەڵک دابرێژێ، بگرە دەبێ لە لایەنە لاواز و ترسێنەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە، خەڵک ئاگەدار بکاتەوە. هەروەها دەبێ ئەو هێز و سیاسەتانە ریسوا بکات کە دەیانەوێ سواری شەپۆلی تێکۆشانی خەڵک بن و بەهەر نرخێک بێ، بەرهەمەکانی خەباتی گشتی بقۆزنەوە.

پێنجەم، خاوەندارێتی لە وتار و دیدگای ڕەخنەیی:

هیچ کەس ناتوانێ دیدگای خۆی بۆ هەموو کات و دەربارەی هەموو پرسەکانەوە بخاتە سەر زمانی.

گوتاری ڕووناکبیریی ئەو دیدگا و تیۆرەیەیە کە (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ناوی دەنێ "جیاوازیی ناهەژمووندار"[١٦] کە بەهۆی ڕەخنەی ئازا و ئازاد لە توندوتیژییە فیکری و زانستییەکانی دژی مرۆڤ دێتە دی و هەردەم لە دیدگا و بیرکردنەوەیدا ڕەوایی و نەخشی "ئەوانی تر" پەسند دەکات، یان دەخوێنێتەوە. خەباتی ڕووناکبیر لە پێناوی "ئەوانی تر"دا، خەباتی مرۆڤێکی دوورخراوەیە، بەڵام لەناو دڵی بەها گشتی و دنیاییەکانی دادپەروەری و هەقیقەتدا لەنگەری گرتووە. ڕووناکبیر، بەهۆی گوتار و ڕەخنەی خۆیەوە، دەچێتە شەڕی ئەو هێزانەوە کە زمانی عەدالەت و حەقیقەتیان بەدیل گرتووە. ئەو هێزانە، تەنیا هێزە سیاسییەکان و حکوومەت و نەریتەکان نین، بگرە میدیا و زانکۆ و نووسەر و خوێندەوارەکانیشن.

کاری ڕووناکبیری لەبەرئەوەی تەنیا بۆ خودی ڕووناکبیر نییە، بگرە لە پێناوی ژیان و کەرامەتی مرۆڤایەتیدایە، هەر بۆیە، دەبێ بەرەو ئەوە بچێ، بیرەوەری مرۆڤایەتی سەرلەنوێ ساز بکاتەوە. ئەم سازکردنەوەیە، تەنیا لە ڕێگەی دۆزینەوەی شیمانە و هۆکارەکانی باس و گفتوگۆی نێوان خەڵک دەبێ کە پرسە گشتییەکان دەخاتە مەیدانی گشتییەوە. بەرپرسیاریی ڕووناکبیر هەر تەنیا ئەوە نییە کە ڕەخنە لە بەها و دیدگا و پێوەرەکانی کۆمەڵگە بێ، بگرە لەوەدایە کە کام دیدگا و گوتار دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەری کێشەکان.

کاتێک دەڵێین کەسێک ڕووناکبیرە، بێگومان دەبێ لە دیدگا و تێڕوانینی دیموکراتیکدا بیر بکاتەوە، دەبێ وەڵامی ئەو پرس و کەسانە بداتەوە کە وتاریان بۆ دەنووسێ. ڕووناکبیر، نابێ دیکتاتۆر بێ، دەبێ هەموو کات لە ڕەوشی بەرپرسیاریدا بێ بۆ ڕووناککردنەوەی دیدگا و گوتاری خۆی. کاتێک ڕووناکبیر دەچێتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، یەکەمین کاری ئەو دەبێتە هونەری سازماندان و سامانداني ژینگەی دیموکراتیکی کۆمەڵگە، کە ئەمەیان کاری ئەوە، بەڵام داکۆکیکردن لە ئایدیۆلۆجیایەک، یان ڕێبازێکی سیاسیی دیاریکراو، کاری ڕووناکبیر و گوتاری ئەو نییە.

دیدگا و گوتاری ڕووناکبیر لە سەردەمی خەبات و تەنگژە سیاسییەکاندا، ئەوە نییە داکۆکی لە ڕوانگە و هێزێکی سیاسی بکات، چونکە ئەوان گوتەبێژ و داکۆکیکاریان زۆرە، بگرە لەوەدایە بزانێ و هۆشیار بێ لە گەیاندنی ئەو گوتار و دیدگایەی کە چۆن پرسەکانی خەڵک، بەتایبەتی هەژاران و لاوازان و پەراوێزکراوەکان بکاتە خاوەن ڕوانین و هەڵوێست. لایەنگیری لە هێزێکی سیاسی، یان دژایەتیکردنی هێزەکانی تر، کاری ڕووناکبیر نییە، بگرە لایەنگیری و وتارسازی بۆ گەشانەوەی بیرەوەریی مرۆڤەکان، بۆ ئازادی و دادپەروەری و هەقیقەت کاری شایەنی ڕووناکبیرە.

شەشەم، خەباتکردن لە ڕێگەی خەڵکەوە:

"کاتێک دەخوازم لەبارەی مرۆڤەکانەوە بیر بکەمەوە، دەبێ لە نزیکەوە نیگا بکەم، بەڵام کە دەمەوێت لەبارەی یەک مرۆڤەوە بیر بکەمەوە، دەبێ سەیری دوور بکەم" جان جاک رۆسۆ.

نیاز و پێداویستی بۆ بوونی دیدگا و گوتاری ڕووناکبیریی ئەوەیە، سەرەنجام خەڵک خۆی بچێتە رەوشی ژیان و خەباتەوە، خۆیان ببنە گوتەبێژ و داکۆکیکار لە خۆیان. نەخشی ڕووناکبیر و ئەو رەوتەی کە ئەو نوێنەرایەتیی دەکات، هەردەم دەبێ بەشێکی زیندوو بێ لە ئەزموون و جووڵانەوەکانی کۆمەڵگە، ڕووناکبیر، هەردەم داکۆکی لەوان دەکات، بەڵام هەر خودی خەڵک دەکاتە خاوەنی پرسەکان. ڕووناکبیر، بەرپرس یان سەرکردە و قارەمان نییە، بگرە دەیەوێ پرسەکان بۆ خەڵک روون بکاتەوە و خۆیان بخاتە جووڵە و بزاوتەوە. ئەم مانایە لەبارەی هەژاران، بێبەشان، خامۆشان، کەسانی بێ نوێنەر، ناتوانا و بێهێزانەوە، ڕاستی پەیدا دەکات.

نەخشی جەماوەری، یان خەڵکانی ڕووناکبیر لەوەدا نییە هەموو کات لە مینبەر بێ و وتار بدات، یان لەگەڵ یەکەمین جووڵە و بزووتنەوەی گشتیدا، خۆی بکاتە نوێنەر، یان سەرکردە. کاری ڕووناکبیر و بەرپرسیاریی هۆشیاری لەوەدایە کە پرسەکان، کێشەکان و ڕێگری و ئامانجەکان، بۆ خەڵک روون بکرێتەوە، خەڵک بکرێتە خاوەنی کێشەکان، چارەسەری دیموکراسیش لەوەدایە، دەسەڵاتی خەڵک ئاوێتە بێ لەگەڵ نەخش و بەشداری و مافی خەڵک. هەر بۆیە، بەشداریی سیاسی و گشتی، دیدگایەکی گرینگی بزووتنەوە تازەکانی کۆمەڵایەتی و رەوتی ڕووناکبیریی نوێیە.

## پەیامی ڕووناکبیران بۆ دیموکراسی

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی دیموکراسی و شارستانیی مۆدێرنە، بێگومان پەیامی ڕووناکبیرانیش پێوەندارە بەدیموکراسی و مۆدێرنەوە. ڕووناکبیری و دیموکراسی، دوو چەمکی تەوەری و ناوەندین لە سەردەمی مۆدێرندا. پەیام و کاری ڕووناکبیران، لە دوو پرسی کاریگەردا بەرجەستە دەبێ: یەکەمیان، پێوەندارە بە رەوشی سەربەخۆیی، یان ئۆتۆنۆمیی ڕووناکبیرانەوە بەرانبەر بەژیان و سیستەمی گشتی، بەتایبەتی بەرانبەر سیستەمی دەسەڵاتدار. واتە؛ ڕووناکبیر، ئەگەرچی وەکو کەسانی تر بەشێکە لە ژیان و سیستەمی گشتی، بەڵام ئەو لە روانگەی بیرکردنەوەی عەقڵانییەوە، دیدگای رەخنەیی و هەستی بەرپرسیاری، هەڵوێست بەرانبەر بەهەموو پرس و رەوشەکان وەردەگرێ. ئەمەش، تەنیا لە هەڵوێستدا نابێ، بەڵکە شیکردنەوەی عەقڵانی و عەقڵانییەتی زانستی دەبێتە کار و پیشەی ئەو. ڕووناکبیر، سەرەڕای هەڵوێست و بیرکردنەوەی ڕووناکی بەرانبەر بەشتەکان، بەڵام پەیام و کاری تایبەتیی ئەو لەناو عەقڵانییەت و عەقڵی خزمەت بەگشت بەئەنجام دەگات. پرسی دووەم، دیموکراسی لە ئامانجی گشتیدا، بریتییە لە کارکردنی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیی مرۆڤەکان لە بەرانبەر دەسەڵات و سیستەمی سیاسیی باودا، یان کارکردن لە هەلومەرجی گشتیی کۆمەڵی مەدەنی، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین، دووەمین پەیام و کاری

رووناکبیران، هەوڵدانە بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەی عەقڵانی و شارەزا لە بەرانبەر سەرەڕۆیی و نەزانی لە هەموو پرس و ڕەوشەکاندا.

## دیدگای ڕەخنەییی رووناکبیر

ئەگەر ئەوە بزانین کە رووناکبیر کەسێکە هۆشیاری و تێگەیشتنی عەقڵانی کردووەتە پەیام و کاری خۆی، هەر بەو بۆنەیەشەوە دەتوانێ بەشێوەی نوێ و هاوچەرخ بیر بکاتەوە. ئەو هەروەکو چۆن بیرکردنەوەی (تر) و (نوێ)ی هەیە بەرامبەر بەپرسەکانی ژیان، هەر بەو شێوەیەش بیرکردنەوەکانی (تر) و (نوێ) لە ژیان و دنیادا دەبینێ و دەناسێ. بیرکردنەوەی نوێ، دەبێتە مایەی دیدگای سەرەکی لای رووناکبیر، ئەم بیرکردنەوەیەش، هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی دەستی بگاتە ڕەخنە. ڕەخنەی رووناکبیر تەنیا پێوەست نییە بەهەڵوێستی تایبەتیی ئەو بەرانبەر بەشتەکان، بکرە پێوەندارە بەپەیام و پێوەری گشتیی دنیایی و لە بەرژەوەندیی هەمووواندا بیر دەکاتەوە. رووناکبیر، دەتوانێ بەهۆی بیرکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی و پەیامی دنیاییەوە، ڕەوشی گشتیی ژیان و پرسەکانی دنیا شی بکاتەوە و ئەندێشەی نوێ بکاتە پەیام و پێوەر. پەیام و پێوەری رووناکبیری بۆ ڕەخنە و پێشنیاز لە دنیا، توانای دروستکردنی تەنگژەی هەیە لە چەمک و پێوەرە زاڵ و باوەکاندا، بەڵام ئەم تەنگژەیە بەمەبەستی هێنانەدیی هەلومەرجی نائارام و فەوزا نییە، بگرە تەنگزەیەکە بۆ هێنانەدی، یان ئەفراندنی گفتوگۆ بەمەبەستی چارەسەر. ئەخلاقی گفتوگۆیی، کە بەشێکە لەو پرسانەی (یۆرگن هابرماس) زۆر بەپەرۆشەوە باسیان دەکات، بۆ خۆی بەشێکە لە بنەمای سەرەکی بۆ راهێنانی دیموکراسی، دیموکراسیش بێ گفتوگۆ ناگاتە ئاکام و مەبەست. بەم شێوەیە، لە ئەنجامی پەیام و کاری رووناکبیری بۆ دروستکردنی تەنگژە و هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ئەخلاقی گفتوگۆیی، پرۆژەی شیکردنەوە و تێگەیشتنی عەقڵانی دەست دەکات بەرەخنە لە عەقڵی سیاسیی باو و تێ دەکۆشێ بۆ ئەوەی سنوورەکانی مەعریفەناسیی عەقڵی سیاسی دیاری بکات. یان دەتوانین بڵێین کە پرۆژەی رۆشنگەری دەبێتە وەڵام بۆ دوو پرسیاری گرینگی (ئیمانۆل کانت): (دەتوانین چی بزانین؟) و (دەبێ چ کارێک ئەنجام بدەین؟)، بەڵام رووناکبیر دەزانێ، یان دەبێ وەڵامی پرسیاری سێیەمی (کانت) بداتەوە کە دەڵێ: (دەبێت بە چ شتێک ئومێدەوار بین؟). ئومێدی رووناکبیر، ئومێدی ئاینی، یان خەیاڵاوی نییە و نایەوێ بەهەر شێوەیەک بێ، خەڵک لە چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە، بگرە ئومێدی ڕەخنەیە لە سیاسەت و دەسەڵاتی ناشایستە و هەوڵدانە بۆ هێنانەدیی زەینی گشتی لە ڕەخنەی سیاسی و فەلسەفی بەدژی چەوسانەوە و نەزانین و سەرەڕۆیی. لە دنیای ئەمڕۆدا کە سیاسەت لە هەموو ڕەوشەکاندا لەژێر مەترسی و ڕەحمەتی نەزانین، توندوتیژی و لۆمپەنیزمی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدایە، پەیام و کاری رووناکبیر، ڕەخنەی فەلسەفی و مەعریفەناسییە لە سیاسەت و بەدەستهێنانی بنەمای فەلسەفی و ماهیەتی تازەیە بۆ دیموکراسی. رووناکبیر، بۆ هێنانەدیی ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە لە

بەرچاوگرتنی دوو ئاسۆی بوونناسی (هەقیقەت) و مەعریفیناسی (دیموکراسییە). ئاسۆی یەکەم، دۆزینەوەی (هەقیقەت)ە کە رووناکبیر لە ناوەڕاستی واقیعەکاندا بۆ ناسینی هەقیقەتی گشتی کار دەکات. ئاسۆی دووەم، هەوڵی مەعریفەناسییە بۆ ناسینی (دیموکراسی) کە بریتییە لە گفتوگۆی نێوان کار و عەقڵ و دیدگاکان لە رەوشی کۆمەڵایەتیدا. بێگومان ئەمەش دەبێ دوو ئامانجی گرینگ پەیدا بکات، یەکەمیان، بەرپرسیاریی مەدەنی و دووەمیان، ئەخلاقی گفتوگۆییە. لەم دوو ئاسۆ و ئامانجەدا، رووناکبیر و ئەندێشەی رەخنەییی ئەو، رووناکی و رێنوێنیی رێگەکانە.

## بەرپرسیاریی رووناکبیر

لەو روانگەیەوە کە راهێنانی دیموکراسی و ئەخلاقی رووناکبیری، هەردووکیان لەگەڵ بەرپرسیاریدا هاورێگەن و تەنیا بەهەستکردن بەبەرپرسیاری و پێڕەوی گشتی بەئەنجام دەگەن، بۆیە پرۆژەی رووناکبیری، دەبێتە راهێنانی گفتوگۆیی و خستنەڕووی توانا و عەقڵە فرەکان بۆ هێنانەدیی دیموکراسی. بێگومان ئەمەش لە رەوش و پرسی گشتیی هەموو مرۆڤەکاندا دەبێ. گرینگترین رەوش و کاری دیموکراسی لە رێگەی راهێنان و ئەخلاقی گفتوگۆوە دەبێ بەسوودوەرگرتن لە عەقڵ لە زەوینەی گشتیدا. لێرەوە دەبێ ئەوە بڵێین، بەرپرسیاریی رووناکبیران، هێنانەدیی رەوشی گفتوگۆییە لە نێوان خۆیان و کۆمەڵی مەدەنی، لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا، ئەمەش، بەوە بەئەنجام دەگات کە عەقڵ و پێوەرەکانی عەقڵانییەت بکرێتە پرسی گشتی و دروستکردنی هەلومەرجی فرەیی، ئەو بەرپرسیارییە بەئاکام دەگەیەنێ. پرسی گرینگ و بەرپرسیاریی کاریگەری رووناکبیران، لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵی مەدەنیدا دەبێ. گومانی تێدا نییە، تواناکانی گەشەی دیموکراسی، زیاتر لە کۆمەڵی مەدەنیدا لە شیمانە و توانای ناو دەسەڵات فرەوانتر و بەهێزترە، چونکە لە کۆمەڵی مەدەنیدا، کەشی نێوان خود و بیروباوەڕەکان و پێوەندی و کاریگەریی نێوان کەس و لایەنەکان لە زەینی تاکانە و خاوەن بەرژەوەندیی دیاریکراوی دەسەڵاتدا، فرەوانتر و بەهێزترە. بەم بۆنەیەوە ئەرک و بەرپرسیاریی رووناکبیران، چالاکیی فیکرییە لە زەوینەی گشتیی گفتوگۆی کۆمەڵی مەدەنیدا. دیموکراتیککردنی داودەزگاکانی دەوڵەت، بەبێ گەشەی دیموکراسی لە کۆمەڵی مەدەنیدا مەیسەر نابێ. دیموکراسیکردنی کۆمەڵگەش، بەپلەی یەکەم، کەوتووەتە سەرشانی رووناکبیر، ئەمەش، لە رێگەی ئەخلاقی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی عەقڵانی و بەرپرسیاریی مەدەنییەوە بەئەنجام دەگات. توخم و بنەماکانی ئەم پرسانەش، لای رووناکبیر هەن و گواستنەوەیان بۆ ناو خەڵک و دەسەڵات، گەورەترین کار و بەرپرسیاریی رووناکبیران دەنەخشێنێ. پەیام و کاری رووناکبیران، تەنیا بوونی هیوا و ئامانجی باش نییە بۆ کۆمەڵگە، بگرە هەرچی زیاتر دەبێ رەواییبەخشین بێ بەگفتوگۆی دیموکراسی و شێوەسازکردنی کار و چالاکی دیموکراتیک. بەشێوەیەکی روونتر، دەبێ ئەوە بڵێین کە پرسی رووناکبیر، تەنیا خواست و داخوازیی دیموکراسی نییە، بگرە کارکردنە بەئاراستەی ئەوەی کە داوودەزگاکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، بکرێنە پرسێکی گشتی و دامەزراو. رووناکبیران، دەتوانن و

بەپێڕەوی لە (ڕۆسۆ) کە لە هەوڵی هێنانەدیی خواست و ئیرادەی گشتیدا بن، بۆ هێنانەدی و دامەزراوکردنی دیموکراسی. ئەمەش بەوە دەبێ کە (خودی) دیموکراتی و عەقڵانییەتی گشتیی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا بەهێز بێ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، داکۆکیی ڕووناکبیران، تەنیا داکۆکی نییە لە خواستی دیموکراسی، بگرە دەبێ بەئاراستەی دامەزراندن و بەهێزکردنی داودەزگاکانیش بێ. گەورەترین پەیام و بەرپرسیاریی ڕووناکبیر، هێنانەدیی جووڵەیەکی ئاسۆیییە لەناو کۆمەڵگەدا بەرانبەر جووڵەی ستوونی دەسەڵات و دەوڵەت. خەباتی ڕووناکبیری بۆ هەقیقەت و ژیان، ڕاستت دەوێ، شێوەیەکە لە بزووتنەوەی ئاسۆیی لە ئاستی کۆمەڵگەدا.

## ڕووناکبیرانی کورد و دیموکراسی لە کوردستان

تا ئێستە لە کوردستان سێ جۆر و سێ کاروان ڕووناکبیر هەبوون و ئەوان توانیویانە لەو کاروانانەدا، بەشێکی کاریگەر بن لە مێژووی وڵات. ڕووناکبیرانی سیاسی، ئەدەبی و فیکری، ئەو شێوە و کاروانانەن لە مێژووی کوردستاندا. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستان، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، نەوەیەک لە ڕووناکبیرانی خاوەن دیدگا و بیروباوەڕی فیکری و فەلسەفی لەناو سەرەتاکانی دیموکراسیدا پەیدا بوون، ئێستە ئەوان بەرێگەوەن بۆ پەیام و کاریان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا. لەسەر دەستی ئەم نەوەیە، بۆ یەکەم جار، بیرکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی و ئەخلاقی بەرپرسیاری، شکۆفەی کردووە. ئێستە پەیام و کاری ئەم نەوەیە، بەشێکە لە ژیانی ڕووناکبیری لە کوردستان. ڕووناکبیرانی ئەم نەوەیە، پرۆژەیەکن بۆ بیرکردنەوەی دیموکراسی و چوونە ناو سەرەتاکانی دیموکراسی، جوانترین و درەخشانترین سیمای ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە تا ڕادەیەک بەهرەمەندن لە عەقڵی دنیایی و پەیام و پێوەری ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤەکان. ڕووناکبیری کورد، مەبەستم نەوەی فیکرییە لە ژیانی ڕووناکبیریدا، تێ دەکۆشن کە پێوەرەکانی هاوچەرخبوون و سوودمەندبوون لە بەرهەمی دنیا، بکەنە بنەمای زەینی خۆیان بۆ ناسینی کوردستان و گەشەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا. هەروەک باسمان کرد، گرینگترین تایبەتمەندیی نەوەی تازەی ڕووناکبیری، دەست ڕاگەیشتنە بەدیموکراسی و بەهرەمەندبوونە لە پەیام و بەرهەمی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو، بەم بۆنەیەوە دەتوانین چەند پێشنیاز بۆ پرۆژەی ڕووناکبیریی ئەم سەردەمەی کوردستان بخەینە بەرچاوان.

١- تێپەڕبوون لە دیدگای ئایدیۆلۆجیک و فرەوانتربوون لە هەڵوێستی سیاسیی خۆیان بەرانبەر بەڕاستییەکانی ناو کوردستان. دوورکەوتنەوە لە تاکئەندێشی و سەختئەندێشی (جەزمگەرایی)، بەتایبەتی بیرکردنەوەی فرەوانتر لە هەڵوێست و سەنگەری تایبەتی خۆیان.

٢- هەوڵدان بۆ هێنانەدیی هەلومەرجی گفتوگۆیی و ئەخلاقی بەرپرسیاری لە نێوان دیدگا و ناسنامەکاندا، بەتایبەتی دیدگا و ناسنامە سیاسییەکان.

٣- بیرکردنەوەی عەقڵانی و شارەزا سەبارەت بەپرسەکانی وڵات، بەتایبەتی پرسی سەرەتاکانی

دیموکراسی و چوونە ناو قۆناغی تازەوە. عەقڵانییەت و شارەزایی سەبارەت بەناسینی هەموو راستییەکان و ئاستەنگ و تەنگژەکان لە بەردەمی گەیشتن بەهەقیقەتی بیرکردنەوەی فەلسەفی و دنیایی.

٤- پڕۆژەی رووناکبیری، یەکێک لە پەیامە گرینگەکانی ئەوەیە، ئەوان ئامادە بن بۆ شیکردنەوە و رەخنەی ئەو راستییانەی کە خۆیان بەرەهای دەزانن. رووناکبیر، دەتوانێ و دەبێ دوور کەوێتەوە لەوەی خۆی، یان ئەوانی تر بەڕاستی رەهای دەزانن.

٥- بەم شێوەیە رووناکبیران دەتوان ویژدانی بێداری کۆمەڵگە بن.

تۆماس جیفرسۆن بڕوای وابوو کە (بەهای ئازادی، پێویستی بەهۆشیاری و تیژبینیی بەردەوام هەیە)، لەوانەیە بتوانین بڵێین، رووناکبیران ویژدانی بێدارن بۆ چوونە ناو دیموکراسی، بەڵام ئەم ویژدانە، دەبێ خاوەن توانا و شارەزاییی بەردەوام بێ، یان وەک رووناکبیری گەورەی ئێرانی (رامینی جەهانبەگلو) دەڵێ: رووناکبیران دەتوانن (لەبارەی سیاسەت)ەوە نەک (لەگەڵ سیاسەت) بیر بکەنەوە، بۆ ئەوەی دووچاری نەزانی و داوەری هەڵە نەبن لەبارەی سیاسەتەوە. تەنیا ئەم پێوەندییە لە نێوان سیاسەت و ئەندێشەدا، بەردەبازی گەیشتنە بەدیموکراسی!.

سەرچاوەکان

١- تام باتامور، جامعە شناسی سیاسی، ترجمەی منوچهر صبوری کاشانی، انتشارات کیهان، چاپ اول، تهران ١٣٦٦، ل ٨٧.

٢- دکتر حسین بشیریه، جامعە شناسی سیاسی، نشرنی، چاپ نهم، تهران ١٣٨٢، ل ٢٤٧.

٣- هـ. س. پ.ل ل ٢٤٧- ٢٤٨.

٤- منوچهر صبوری کاشانی، جامعە شناسی سیاسی، انتشارات سخن، چاپ اول، تهران ١٣٨١، ل ل ٢٤٦- ٢٤٧

٥- هـ. س. پ. ل ل ٢٥٤- ٢٥٥.

٦- دکتر حسین بشیریه، هـ. س. پ. ل ل ٢٥٣- ٢٥٧.

٧- رامین جهانبگلو، بین گزشته و آینده، نشرنی، چاپ اول، تهران ١٣٨٤، ل ١٦٩.

٨- هـ. س. پ. ل ٢٩٦.

٩- ادوارد سعید، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عچدانلو، نشرنی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٢، ل ١٢.

١٠- هـ. س. پ. ل ١٥.

١١- هـ. س. پ. ل ١٩.

١٢- رامین جهانبگلو، مدرنیته، دموکراسی و روشنفکران، نشر مرکز، چاپ چهارم ١٣٨٥، ل ٦٧.

١٣- رامین جهانبگلو، بین گزشته و آینده، ل ١٦٢.

١٤- ادوارد سعید، هـ. س. پ. ل ١٤١.

١٥- ادوارد سعید، هـ. س. پ. ل ٩٨.

١٦- رامین جهانبگلو، بین گزشته و آینده، ل ١٦٣.

# پیاوێک و زمانێک

میر جەلادەت عالی بەدرخان

کاتێک کە پیاوێکی زیرەک و بەهێز پەیدا دەبێت، دەتوانێت بە تەنیا زمانێکی پارچە پارچە سازبکات و ئەو کات دوور نییە زمانێکی مردوویش زیندوو بکاتەوە.

ئێمە ئێستا باسی پیاوێکی لەو شێوەیە دەکەین کە پەیدا بووە و زمانێکی مردوویشی تازە کردووەتەوە و ئەو زمانەشی خستووەتە ناو زمانە زیندووەکانەوە، ناو ئەو زمانانەی کە مرۆڤ قسەی پێ دەکەن و مەبەستی خۆیانی پێ دەردەبڕن.

ئێمە وتمان زمانە زیندووەکان و زمانە مردووەکان، بێگومان لە بواری ژیاندا زمانیش وەکو مرۆڤ و وەکو هەر زیندەوەرێک زاوزێ دەکات، دەژی و دەمرێ.

هەندێک لە زمانە مردووەکان هەن بزر دەبن و دوای خۆیان هیچ شتێک بەجێ ناهێڵن، نە نووسینێک، نە پەڕتووکێک. هەندێکیش لە دوای خۆیان پاشماوەی گەورە و کتێبی هێژا بەجێ دەهێڵن، ئەو کتێبانەیش تا ئێستا دەخوێندرێنەوە. بەڵام ئەو زمانانە بۆ خۆیان مردوون، لەبەرئەوەی زمانی قسەکردن نین و هیچ کەسێکیش قسەیان پێ ناکات.

لە ئەوروپا زمانی لاتینی، لە ڕۆژهەڵاتیش زمانی عیبری زمانی مردوو بوون، لاتینی تا ئێستاش زمانێکی مردووە بەڵام عیبری ئیدی زمانێکی مردوو نییە بگرە زمانێکی زیندووە.

بەڵێ ئەو پیاوە بە توانایە لە نێوان جوولەکەکاندا دەرکەوت و زمانی عیبری نۆژەن و تازە کردەوە، عیبری خۆی زمانێکی سامیی کۆنە، هاوڕێی زمانی عەرەبییە. تەورات یەکێکە لەو چوار کتێبە گەورانەی کە بە عیبری وتراوە و نووسراوە. بە تەنیا زاناکان دەیانزانی و لە کڵێسکاندا تەورات بەم زمانە دەخوێندرایەوە.

جوولەکەکان بە زمانی تری ئەو وڵاتانەی کە تیایدا نیشتەجێ بوون قسەیان دەکرد، واتە زمانێکی میللیی سەربەخۆ بۆ جوولەکان نەبوو، لەبەر ئەوە، بە زمانە بیانییەکان قسەیان دەکرد.

لە سالی ١٨٧٧دا تورکیا لە شەڕی بەرامبەر رووسیادا شکستی خوارد و بەو هۆیەوە میللەتانی

.................................................................................

گۆڕینی بۆ کرمانجیی خواروو: کوردەوان و عەلی شێخۆ

بەلقان لەبن دەستی تورکەکان رزگاریان بوون. رزگارکردنی گەلانی بەلقان بە یارمەتیی رووسیا ئەنجام درا، رووسیا زۆر خەریکی ئەو کارە بوو، هەروەها رۆژنامەکانی رووسییش زۆر باس لە تێکۆشینی میللەت و وڵاتانی بەلقانی تازەی دەکرد.

لەو سەردەمەدا لە رووسیا گەنجێکی جوولەکە، بەناوی ئەلیێزەر بن یەهوودا هەبوو.

کوڕەکەی یەهوودا وەکو هەر کەسێک خەریکی ئەو شەڕە بوو تەماشای دەکرد، کە میللەتەکانی بندەست وەکو سربی و بولگاری و ئەوانی تر لەژێر تیری داگیرکەرەکەیان رزگار دەبن و ئامانجەکەیان بەرەو سەربەخۆبوون بەدی دەهێنن. یەهوودا لەگەڵ ئەم رووداوانەدا لە بارودۆخی میللەتی خۆشی ئاگەدار دەبوو بەو بارودۆخە زۆر خەمبار دەبوو.

یەهوودا تێبینیی دەکرد، کە رەوشی میللەتەکەی لە رەوشی هەر میللەتێکی تر خراپترە، چونکە جوولەکە نەک بەتەنیا بێ وڵات و بێ حکوومەت بوون، بگرە زمانیشیان نییە و بە زمانی خەڵکانی تر قسە دەکەن.

جوولەکەی گەنج بڕیاری خۆی دا و لە دڵی خۆیدا وتی: دەبێ جوولەکەکان بگەڕێنەوە وڵاتە دێرینەکەی خۆیان، وڵاتی کوڕەکانی ئیسرائیل، هەروەها دەبێ جوولەکەکان وەکو خەڵکی تر زمانیان هەبێت و هەموویان قسەی پێ بکەن، ئەم زمانەیش زمانی پێشتریان، زمانی عیبرییە.

یەهوودا فێری زمانی خۆی بوو و ساڵی ١٨٧٨ بەرەو پاریس ئەو شارە هاوینەهەوارە بەڕێ کەوت.

لەوێ ئەلیێزەر بن یەهوودا تێکەڵاوی جوولەکەکانی پاریس بوو. ئەلیێزەر لەلایەکەوە زمانەکەی بەرەوپێشەوە دەبرد، لەلایەکی ترەوە هزری میللیی خۆی بڵاو دەکردەوە. بەڵام میللەتەکەی خۆی لە بەرامبەری دەوەستان و پێیان دەگوت ئەمە مرۆڤێکی شێتە. بەڵام یەهوودا گوێی لە قسەیان نەدەگرت و لە پێناوی هیوای گەورەی خۆی بەهەستێکی جوان و بەرز خەباتی دوکرد. یەهوودا لە بەرچاوی خۆی دانابوو، لە میللەتی بێ زمانی خۆی میللەتێکی خاوەن زمان دروست بکات.

یەهوودا خۆی فێری زمانەکەی، زمانی عیبری بووە و ئێستا ئەو دەیەوێ عیبری لە نێوان کۆمەڵگەی میللەتەکەشیدا بڵاو بکاتەوە. بۆ چاندنی تۆوەکەی پێویستی بە زەوییەک هەبوو. لە ساڵی ١٨٨١دا ئەلیێزەر کچی مامۆستاکەی خۆی هێنا و بەرەو فەلەستین بەرێ کەوتن. بەم شێوەیە ژنێک، گەورە خانمێک لە بەردەستی پەیدا بوو. یەهوودا لە رێگەی گەشتەکەیدا وانەی بە ژنەکەی دەوت و هەتا گەیشتنە خاکی فەلەستین ژنەکەی فێری چەند وشەیێکی عیبری بوو.

کاتێ پێیان نایە خاکی پێشووی خۆیانەوە، یەهوودا بە ژنەکەی وت: لەمەودوا ئێمە تەنیا بە عیبری قسە دەکەین، ژنەکە زۆر کەم عیبریی دەزانی لەبەر ئەوە زۆر هەوڵی دا، بەڵام مێردەکەی لە بڕیاری خۆی پاشگەز نەبووەوە، پێویستی بە ئاماژەکردنیش نییە کە منداڵەکانی یەهوودا، تا گەورەش بوون بێجگە لە عیبری زمانێکی تریان نەدەزانی لەبەر ئەوە لەناو خەڵکدا وەکو کەسانی لاڵ لە قەڵەم دەدران، بەڵام بەم هەوڵە گەلی جوولەکە وەکو میللەتانی تر بووەتە خاوەنی زمانێکی سەربەخۆ.

یەهوودا و خێزانەکەی لە گەمارۆدا دەژیان، بەڵام بێباک بوون، لەبەرئەوەی ئامانجی گەورە پێویستی بە فیداکاریی گەورە هەیە، خواردنی یەهوودا نانی وشک بوو، بەڵام کاتێک کە ئەندامانی

خێزانەکەی بە عیبری قسەیان دەکرد، خۆی بە بەختیارترین مرۆڤ دەزانی لە جیهاندا.

دواتر یەهوودا رۆژنامەیەکی بە عیبری بڵاو کردەوە و خوێنەریشی بۆ خۆی پەیدا کرد، وردە وردە لە چەند خوێندنگەیەکی جوولەکەکان دەست بەخوێندنی عیبری کرا.

لەلایەکی ترەوە یەهوودا فەرهەنگێکی بۆ میللەتەکەی ساز کرد و ئەو وشانەی کە لە زمانە مردووەکاندا نین بۆ فەرهەنگەکەی زیاد دەکرد، زمانی عیبریش لەناو جوولەکەکاندا بڵاو دەبووەوە. لەساڵی ١٩٢٢ دا کاتێک کە ئەلیێزەر مرد، زمانی عیبری کە پێش ٣٠-٤٠ ساڵ زمانێکی مردوو بوو بووبووە زمانی میللەتەکەی. ئەم زمانە ئێستا "میر جەلادەت ئەم گوتارە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٢دا نووسیوە" لە فەلەستین هاوشانی عەرەبی و ئینگلیزی زمانێکی فەرمییە، زمانی دەوڵەت و حکوومەتیشە.

ئەی گەلی کورد ئەمەیە پیاوێک و زمانێک و ئەوەی کە بەتوانای پیاوێک دەکرێ.

لە ئاکامی کاری ئەم پیاوەدا پەند و شیرەتی گەورە هەیە، هەر میللەتێکی بندەست و بێ زمان یان بێ زمانی نووسین دەبێ پەندی لێ وەرگرێت، ئێمەی کورد زمانێکی نازدارمان هەیە و قسەی پێ دەکەین، زۆربەمان بێجگە لەم زمانە زمانێکی تر نازانین، ئەوەندە بەسە کە ئێمە فێری خوێندن و نووسینی زمانی خۆمان ببین. ئەمڕۆ فێربوونی خوێندن و نووسینی زمانی دایک بۆ هەر میللەتێک نەک کارێکی کەسییە، بگرە ئەرکێکی میللیشە، هەر کەسێک ئەم ئەرکەی جێبەجێ نەکردووە ئەرکی میللیی خۆشی جێبەجێ نەکردووە و بە کەڵکی میللەتەکەیشی نایەت، مرۆڤ تا خۆی سەر بە میللەتێک بزانێت دەبێ بە کەڵکی میللەتەکەی بێت.

دوای ئەوەی ئێمەی کوردیش وەکو میللەتانی تر بووینەتە خاوەنی ئەلفوبێیەکی سەربەخۆ، خوێندن و نووسینی زمانەکەمان زۆر ئاسان بووە، ئەزموونمان ئاشکرای دەکات کە مرۆڤی کورد توانای هەیە لە ماوەی هەفتەیێک تا چوار هەفتەدا فێری خوێندن و نووسینی زمانی خۆی ببێت.

بەڵێ زۆربەی کوردەکان تەنیا زمانی دایکی خۆیان دەزانن، لەبەر ئەوە چ لە ماڵ بێت چ لە دەرەوە تەنیا بە کوردی قسە دەکەن. بەڵام هەندێک لە کوردەکان هەن، لە وڵاتانی بیانی لەدایک بوون یان لەو وڵاتانە دەژین، ئەوەی کە بۆ ئەوانە پێویستە ئەگەر زمانی خۆیان نازانن، پێش هەموو شتێک فێری زمانی خۆیان ببن و دواتر لە ماڵی خۆیان لەگەڵ خزم و کەسوکاریان هەر وەکو ئەلیێزەر تەنیا بە کوردی قسە بکەن.

بەڵێ دەبێ ئەم کوردانە کاتێک لە دەرەوە دێنەوە بۆ ماڵەوە وەکو چۆن جلوبەرگی دەرەوە بە جلوبەرگی ناو ماڵ دەگۆڕن، زمانی خۆشیان بەو شێوەیە بگۆڕن و بە زمانی شکستی لە ماڵەوە قسە نەکەن و زمانی ماڵ، زمانی دایک وەکو شتێکی پیرۆز بپارێزن.

***

سەرچاوە: ئازیزان، هەرەکۆل، (١٩٤٢) "پیاوێک و زمانێک" "هاوار" ژماری ٤٠.


سەرچاوە بە نووسینی ئەسڵ:

Azîzan, Herekol, (1942), “Hawar”, “Zilamek û zimanek”, hjm.40

# چەند پڕۆژەیەک
# بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو، لە سلێمانی

حەمەفەریق حەسەن

ئێمە بۆیە ڕۆمانی شاکارمان پێ نانووسرێت، لەبەرئەوەی شارمان نییە. سلێمانیش گوندێکی هەڵئاوساوە. ئێستا زەینی لادێ، مامەڵەی لادێییانە و ناومالّی دێهاتییانە، بەڕەنگ و ستایلی دێهاتی لە سلێمانی باوێتی. سەرمایەیش بەزۆری کەوتووەتە دەست لادێیی شارنشین، کە ڕەنگە هەندێک لەوانە نەتوانن بەدروستی ناوی خۆیان بنووسن. لە کاتێکدا تاکی گوندنیشین لە گوندەکەی خۆی و لە کێڵگەدا، بەسواری ترەکتۆر و لە پاڵ کێڵگەی مەڕوماڵاتدا جوانە و وڵاتیشی پێ ئاوەدانە. د. وەلید ئەحمەد سەید، لە وتارێکدا بە ناونیشانی (هيئة نقاد العمارة، في عامها الاول) نووسیویەتی:




(ئەدەب و تەلار لە یەک هەوڵدا پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەویش توانای لە خەیاڵ ڕۆچوون و بەستنەوەی ڕووداوەیل و چنینیانە لە یەک قاڵبدا، کە لە بناخەدا پشت بە داهێنان دەبەستێت.. ڕۆمانی کلۆڵەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ، بە درێژی پاریسی سەدەی نۆزدەمی بە ئامانج گرتووە، هەوەها ڕۆمانی (چیرۆکی جووتێک شار)ی لەمەڕ چارلز دیکنز و (زقاق المدق)ی لەمەڕ نەجیب مەحفووز. زۆرێک لە ڕۆمانەیل هەن وەک سەکۆیەک بۆ گێڕانەوە، یان وەک تەختەی شانۆ، فەزای شار بەکار دێنن کە لەوێدا ڕووداوەیل بەڕێوە دەچن. بەهیچ کلۆجێک

ڕۆمان بەبێ شار مەیسەر نابێت و نایەتە نووسین).

ڕۆمانی (تەلاری یەعقوبییان)ی لەمەڕ عەلاء ئەسوانی، ناوی تەلارەکەی هەڵگرتووە و هەر لەو تەلارەیشدا بەڕێوە دەچێت. نەوەکان لەوێدا گەورە دەبن. ڕۆمانەکە باس لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەند نەوەیەک لە گەلی میسر دەکات. زۆری تریش هەن بەتانی شاردا دێنە خوار، بە تایبەتی شاری بێروت..

لە ڕاستیدا ئەدەب و هونەری تەلارسازی، ڕەگەزی خەیاڵیش کۆیان دەکاتەوە. تەلار دەبێتە شوێن بۆ بەڕێوەچوونی چیرۆک و ڕۆمان. ژانری ڕۆمان بەتایبەتی وەسفی وردی ئەو تەلارانە دەکات، کە ڕووداویان تێدا بەڕێوە دەچێت. لە سلێمانی، تۆ پێ نازانی ئامانج لە بەرزکردنەوەی ئەو تەلارانە چییە؟ ئاخۆ کەڵکی ئابوورییان هەیە، یان هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پارەدار و (سەرکار)ەکانیان لە پرسی سەرمایەگوزاریدا تێی ناهێنن و ئامانج تەنیا خەرجکردنی پارەی کەڵەکەبووە؟ لە بەرزکردنەوەی ئەم تەلارانەدا پێ ناچێت کولتوور و فەرهەنگی تەلارسازیی کورد بەهەند گیرابێت. لەبەرئەوەی نیشانەیەک بۆ ئەوێتیی (شوناس) کوردەواری بەو تەلارانەوە نابینرێت.

ژمارەیەکی زۆر لەو تەلار و کۆمەڵگە و گەڕەکە نوێیانەی، کە بۆ ژیانی دانیشتوان دروست کراون، ناوی بیانییان هەڵگرتووە، نەک ناوی کوردەواری. ئەمەیش خۆبەکەمزانین بەرامبەر بیانیی تێدا دەخوێنرێتەوە. دەنا بۆ لەبری سیتی شار و لەبری پەرەدایس بەهەشت بەکار ناهێنن. کەسانی پاشقەرۆ لە ئاستی خەڵکی بیانی و شارستاندا هەست بە کێماسی دەکەن، لە سەرێکی ترەوە، ئەو خاوەن پرۆژانە لەبریی ئەوەی وڵات بە شار و شارستان بکەن، دێن شارستان بەدێهاتی هەڵئاوساو دەکەن.

ئەوەتا دەیان تەلاری کوێرانە و هەڕەمەکیی بەرز، لە کەناری ئەو شەقامە گشتییانەدا بەرز بوونەتەوە، کە یەکسەر بەسەر شۆستەی شەقامدا دەڕوانن بێ ئەوەی باخیان هەبێت، بێ ئەوەی جێی وەستانی ئۆتۆمۆبێلیان هەبێت. دیارە ئەو خاوەن تەلارانە بەنیازن شەقامی گشتی و شۆستەی گشتیی بە گەراج بکەن، دەنا تەلارێک دە نهۆم هەڵچووبێت خۆ دەبێ شوێنی وەستانی پەنجا ئۆتۆمۆبێلیشی هەبێت.

سلێمانی کۆمەڵگەیەکی جەنجاڵی کەس لە کەسە، زەوینەکەی بە توێکڵی گوڵبەڕۆژە و توێکڵی پاقلەی کولاو و کارتی تەلەفوونی دەستی داپۆشراوە. تکایە لە ناوجەرگەی شاردا، کە دەکاتە بەردەرکی سەرا، کەمێک سەرنجی زەوی بدە. بە دەگمەن بەردێک دەبینیت بە ساغی مابێت. هەر کاسبکارێک وەختایێ لە کاشیرێژکردنی دووکانەکەی بووەوە، ئەگەر مەیلی لێ بێت، ئەوا شۆستەی پێشی دووکانەکەیشی کاشی دەکات و پلیکانە بۆ ڕێبوار چێ دەکات، واتە بەئارەزووی خۆی دەستکاریی موڵکی گشتی دەکات. تۆ کاتێک لەوێ ڕێ دەکەیت دەبێ لەبریی ئەوەی ئاسۆیی

بڕوانێت، گەرەکە سەرومڕ سەیری زەوی بکەیت دەنا تووشی بەڵایەکی نەخوازراو دەبیت.

لەوێ جێیەک بۆ مرۆڤی پیادە نەماوە بەسەلامەتی بەسەریدا بڕوات. بەدەر لە پارکی ئازادی، جێیەک بۆ خۆشی و کات بەسەربردنی ئەو هەموو خەڵکە بەڕێزە نەماوەتەوە. ئەویش بەپارەیە. لە غەفڵەتێکی خەڵکی شاردا کارێزی وەستا شەریف بوو بە بیابان و شوێنێک بەناوی باخی بەختیارییەوە لە نەخشەی شار و دەوروبەریدا نەما. سەرچنار، کە نێزیکترین هاوینەهەواری شاربوو، بۆ هەمووان بوو، بێ نموود و تەلبەندکراوە و دەروازەکەی لە دەروازەی زیندان دەچێت و چوار دەوری تەلبەند کراوە. ئەوەی سەردانی بکات دەبێ بەپارە بچێتە ژوورەوە. نێوان باخی بەختیاری و بەکرەجۆیشیان بەو خەڵکە ڕەوا نەبینی.

ئێستا سلێمانی کۆمەڵگەیەکە ئاوەکەی پیسە، هەواکەی پیسە، بەشێک لەو خۆراکەی دەگاتە ئەوێ ماوە بەسەرچووە و پیسە. شەقامەیلی پیسن و ژینگەی دەوروبەریشی پیس بووە، ئیتر چلۆن دەشێ بە کۆمەڵگەی وەها بوترێت شار. دوور لە زێدەگۆیی، ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری بووە بە زبڵدانێکی مەزن. دیسان دوور لە زێدەگۆیی دەبووایە، لە تاسلووجە سکیلتێک دابنرایەوە و بەپیتی درشت لە سەری بنووسرایە: (ئەی ڕێبواری ئازیز، سەردانی سلێمانی زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت!) لە کاتێکدا بیست ساڵێک لەمەوبەر، لە ڕۆژانی هەینیدا، وەختایێ مزگەوتی گەورە پڕ دەبوو، خەڵک بە دڵنیاییەوە بەرماڵیان لە گۆڕەپانەکەی پێشی ڕادەخست و نوێژیان دادەبەست، لەبەرئەوەی بە پاکیان دەزانی. ئێستایش ژیان لە سلێمانیدا سەرەڕۆیی و پڕ مەترسییە. پێم وایە ئەگەر هەروا بەم پیسی و پۆخڵی و جەنجاڵییەی ئێستای بمێنێتەوە، ئەوا ئەو نەوانەی لەم شارەدا دەردەکەون و گەورەدەبن تەمەنکورت دەبن.

کەم کەس لەم کۆمەڵگەیەدا بەساغی ماوە. سەرچاوە ئاگەدارەکان باسی هەڵکشانی ڕێژەی شێرپەنجە و نەخۆشیی دڵ دەکەن. گرانەتایش یەخەیان بەرنادات. شارێکە پرسەی ڕووداوەیلی ڕێوبانی لێ کۆن نابێ. دەشێ بڵێم نەبوونی لێپرسینەوە و یاسای هاتوچۆی توندوتۆڵ و ڕێوبانی نوێ، کارەساتێکی مرۆیی وەک ئەنفالی لێ کەوتووەتەوە؛ وەلێ ئەنفالێکی ڕۆژانە و هەمیشەیی بێدەنگ. خەمخۆرێکی کارسازیش بەرچاو ناکەوێت.. ئاسمانی بان شارەیلی دنیا شینە، کەچی ئاسمانی بان سلێمانی ساڵ دوازدەی مانگ خۆڵەمێشییە. تۆ ئەگەر بتەوێ ئاسمانی شین ببینیت، گەرەکە دەیان کیلۆمەتر لەوێ دوور بکەویتەوە.

ئەندازیار تەیب جەبار لە کتێبەکەیدا (چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو) بەچڕی و ڕوونی، ڕۆشنایی دەخاتە سەر پرۆژەکانی ئەم دواییەی ڕێوبانی سلێمانی و دەوروبەری. ڕێبوار سیوەیلی، کە پێشەکیی بۆ نووسیوە، لە خانەی فەلسەفەدا پۆلینی کردووە و لە زنجیرە کتێبی (پرۆژەی فەلسەفە)دا چواردەمینیانە. تەیب جەبار گلەیی زۆری لەڕێی نێوان سلێمانی و تاسلووجە هەیە. وەک باس دەکات هەڕەمەکی دروست کراوە. داهاتوو ڕەچاو نەکراوە و سەلامەتیی گیانی

هاووڵاتییان بەهەند نەگیراوە. پارەی زۆری تێدا بەفیرۆ دراوە. بەپێی ئەندازەی نوێی، ڕێوبانێکی نائەندازەیی و لە دوایە:

(بێ سەروبەری لە ئیشکردندا، بەوەی بەکەیفی خۆیان لم و کیربستۆن و مەوادی تر لەسەر هەردوو لای ڕێگەکە بەشەو و بەڕۆژ بڵاو دەکەنەوە و هیچ بیر لە سەلامەتیی گیانی خەڵک ناکەنەوە و بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆیش نقەی لێوە نایەت. ئەوەندەی من ئاگەدارم تا ئێستا (٢٠ تا ٢٥) کەس گیانیان لەدەست داوە.. ئەرێ بەڕاست کێ بەرپرسە لە گیانی هاووڵاتییان؟ ئەرێ بەڕاست کەسوکاری ئەو هاووڵاتییانە بۆ شکات لە بەرپرسان ناکەن؟ ل، ٢١)

وەک نووسەری ئەندزیار باس دەکات (جاری وا هەیە لە تاسلووجەوە تا سلێمانی سەعاتێک زیاتر دەخایەنێت، ل، ٢١) لە کاتێکدا نێوان تاسلووجە و سلێمانی نێزیکەی (١٥) کیلۆمەترە. بە ڕای نووسەر، کە خۆی شارەزای بوارەکەیە (ئەم پرۆژەیە (جەزرەیە) پرۆژەیەکی نا ئەندازەیی و ناشیرینە، هیچ خزمەتگوزارییەک ناگەیەنێت جگە لە دروستکردنی کۆسپ و گرفت... پارەیەکی زۆری تێ دەچێ بێ ئەوەی یەک زەڕە سوود بگەیەنێت... لە پردی کەنەکەوەوە تا سلێمانی، شۆستەکە سەتان چاڵ و چۆڵیی تێدایە وەک خەڵک دەڵێت بووە بە تەبەقی هێلکە. ل، ٢٢)

ئەم کتێبە دەیان پرسیاری بەجێ و ڕژدی سەبارەت بەناتەواویی ئەو ڕێگەیە دەورووژێنیت و داوای وەڵام لە بەرپرسان دەکات:

بۆ بەرپرسانی ئێمە جەزرەی ناوەڕاست دەشێوێنن و شۆستە چاک ناکەن؟ ل، ٢٣.

باشە بەرپرسانی ئێمە خەڵکی تاسلوجە بە مرۆڤ دەزانن؟ بە کوردیان دەزانن؟ ئەی بۆ خزمەتیان ناکەن؟ ل، ٢٤.

ئەگەر مرۆڤێک لەناو قوڕ و لیتە و زبڵ و خاشاکدا بژی و بەخێو بکرێت، دەبێ چۆن مرۆڤێکی لێ دەربچێت؟ ل، ٢٤.

ئێوە بۆ ئاو و کارەبا بۆ جەزرەی ناوەڕاستی ڕێگەیەکی دەرێی شار ڕادەکێشن؟ ل، ٢٥.

ئەندازیار تەیب جەبار، لە لاپەڕە (٢٥)دا، بە زمانی داتا بەرەوڕووی بەرپرسان دەبێتەوە و بڕی وەها مەزن لە پارەی بەفیرۆدراو لەم ڕێیەدا دەخاتە ڕوو، دەکرا دەیان گوندی پێ ئاوەدان بکرێتەوە. لە هەمان لاپەڕەدا هەندێک لەو کارانە بە (غەڵەت و وێرانکاری) ناو دەبات. لێرەدا وەرگر سەری دەسوورمێت و لەلای خۆیەوە، دەیانپرسیاری لە جێی بە خەیاڵدا دێت. ئەمانە بۆچی ئەوەندە نابەرپرسیارانە مامەڵە دەکەن، بۆ بەتەنگ گیان و سامانی خەڵکەوە نین؟ بۆچی نێوانی مرۆڤ و ژینەگە تێک دەدەن؟ بۆچی مرۆڤ بەژینەگەکەی خۆی نامۆ دەکەن؟

جا لەبەرئەوەی تەیب جەبار کەسێکی شاعیرە، لە هەندێک جێدا بەشیعر، ڕەخنە دەگرێت و ناونیشانی یەکێک لە باسەکانیش، کە لەمەڕ (٤٠) مەلەوانگەی سەقەتە. بەهەڵبەست دای ڕشتووە،

ڕەنگە بەو نیازە ئەمەی کردبێت، کاریگەیی پتری لەسەر زەینی بەرپرسان هەبێت. ناونیشانەکە لە خۆیدا کۆکردنەوەی دوو پارادۆکسە. مەلەوانگە دەبێت پڕ بێت لە ئاو، کەچی ئەوانەی لەمەڕ سلێمانی وشکن.

چل منالّم، چل پەنجەم، هەشتا چاوم

چل (مەسبەحی وشک)ی بێ ئاوم

نووسەر لەبەر ڕۆشنایی (١٣) هۆکار، کە لەم کتێبەدا بەدرێژی ڕوونی کردوونەتەوە، سەبارەت بە پرۆژەی چل مەلەوانگە سەقەتەکە، دەگاتە ئەم ئەنجامە: (ئەم پرۆژەیەیش یەکێکە لە پرۆژە وێرانگوزارییەکانی حکوومەتی هەرێم)

یەکێکی تر لە باسەکانی ئەم کتێبە، بە سەردێری (پرۆژەی مەسرەفی جێب)ە.. لێرەدا دەڵێت : (دەبووایە بە شەش مانگ تەواو بکرایە، بەڵام وا شەش ساڵ تێپەڕی و هێشتا (٥٠٪)ی تەواو نەبووە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک بەرپرس "مەسرەفی جێب"ی لێ دەردەکەن... ل، ٣٣) دواتر لەمەڕ ئەم پرۆژە سەیروسەمەرەیە دەنووسێت: (لە ماوەی ئەم (٦) ساڵەدا ئەم پرۆژەیە دوو سێ دەزگای کردووە، ئیتر کە دەگوازرێتەوە، دەزگای تازە لە دەزگای کۆنە ناپرسێتەوە چیتان کردووە و چیتان خەرج کردووە؟ یەکسەر لە (سفر)ەوە دەست پێ دەکات و کۆمەڵێک بەرپرسی تر (مەسرەفی جێب)ی لێ دەردەکەن. یەکێک لە خاسیەتەکانی تری ئەم پرۆژانە ئەوەیە (مەکان) و (زەمان) و (پارە)ی دیاری نییە، کەس نازانێت چەندە؟ بەکەیفی خۆیان پانی دەکەنەوە، باریکی دەکەنەوە، درێژی دەکەنەوە، کورتی دەکەنەوە، ئەمدیو و ئەودیوی دەکەن، جار جار لێی دەوەستنەوە و دوایی گوڕی لێ دەبەستنەوە....ل، ٣٤)

نووسەر بۆ لە قاودانی ئەم دیاردە ناجۆرە، پەنا بۆ شێوە نووسینی گاڵتەئامێز و کاریکاتێر دەبات، کە شێوازێکە زۆر جاران، ستوون نووسەیلی شارەزا لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکاندا پەنای بۆ دەبەن.. لە کۆتاییدا، بەتەوسەوە دەنووسێت: (سوپاس بۆ وەزارەتی دارایی و دەزگای چاودێریی دارایی)

پاژێکی تری کتێبەکە بە سەردێری (چەن پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو)ە، کە ڕەنگە گرینگترینیان بێت، باسی چەند پرۆژەیەک دەکات بۆ کۆکردنەوە و هەڵدانی ئاو بۆ بەرزایی و بەنداو دروستکردن، کە ئەمانەن:

(پرۆژەی چەمی قەڵاچوالان /هەڕووتەی ئەزمەڕ)

(ناوقەدی ئەزمەڕ/ بەنداوی وشک/ چەمی قەڵاچوالان)

(تووی مەلیک/ دەباشان)

دەریاچەی دووکان/ خانووەکانی دامێنی شاخی سارا)

کاتێک مرۆڤ لەم پرۆژانە ورد دەبێتەوە، تێ دەگات، کە بێ مەلامەت نەبووە کورد تاکو نهۆ نەیتوانیوە، ببێت بە خاوەنی کیانی خۆی و لەم دنیا بەرینەدا، جێ پێیەک بۆ خۆی بکاتەوە. ناشێ ئەو گەمانە ناوی پرۆژەیان لێ بنرێت، لەبەرئەوەی نەک ئەندازیار، هەر مرۆڤێکی نەخوێندەواریش لەوە تێ دەگات کە ئەم کارانە سەرناگرن و هەتا بلێی ساکار و بێ واتا و پارە بەفیرۆدانن.. بەڕاست (بەنداوی وشک) چییە؟ بەنداو ناوی خۆی وا بەخۆیەوە، دەبێت ئاوی تێدا کۆ کرابێتەوە؛ وەلێ ئەوەتا لە سلێمانی بەنداویان بۆ کۆکرنەوەی هەوا چێ کردووە. ئێمە لە بەرانبەر دۆن کیخۆتەدا نەوەستاوین. ئەمە زادەی خەیاڵی فراوانی رۆماننووسێکی سەر بە ریالیزمی ئەفسوونی نییە. ئەمە لەسەر زەوینەی واقیع لە سلێمانی ڕووی داوە و تەیب جەباری ئەندازیار و شاعیر ئاوا پێمانی دەناسێنێت:

(پرۆژەی بەنداوی وشکە و پێی دەوترێت (بەند با) وتم مەلەوانگەی وشک و (بەنداوی وشک)م بیستووە، ئەی (بەند با) چییە؟ وتیان (بەند با) حەوزێکە بەبەرد و کۆنکرێت و مونەی چیمەنتۆ و تەلی موشەبەک دروست دەکرێت، بەرپرسەکان (با)ی تێدا کۆ دەکەنەوە بۆ نەوەکانی دوارۆژ! منیش وتم: دەستخۆش بۆ داهێنانیان، سوپاسی دڵسۆزی و خەمخۆرییان دەکەم بۆ نەوەکانی دوارۆژ!... ل، ٤٥)

ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەکی ڕاستینە بۆ بنیاتنانی شاری سلێمانی بکەین، هەر دەبێ لە ڕوانگەیەکی کوردی و لە زەینێکی کوردانەوە ئەم کارە ئەنجام بدەین. خوێندنەوەی رۆئاواییانەی شار، بۆ سلێمانی، پڕبەپێستی نابێ، چونکە ئەو زەینەی پێتەختی بابانی لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی گوێزایەوە، لە زەین و هزری میرێکی کوردەوە دەرهەق بەو رۆژگارە سەرچاوەی گرتبوو. بۆیە لەم بەستێنەدا، واتە لە تافی چێکردنی سلێمانیدا، ئێمە پێویستمان بەوە نابێت، بە گوتەی ئەندازیار و تەلارسازە ئەوروپاییەکان، ڕاکانمان لەمەڕ بنیاتنانی سلێمانی بسەلمێنین.

پڕ بە واتای زاراوەی کوردەواری، سلێمانی شارێکی کوردەوارییە. ئەگەر ئێمەی نەوەی ئەمڕۆ، لەکۆنیدا پێ نەزانین، ئەو شارە کوردنشینانەی تاکو ئێستایش بەپێوە ماون، کێ بنیاتی ناون و کەی بنیاتنراون و لەسایە و پەنای کامە دەوڵەت و سوڵتاندا بنیات نراون، ئەوا یەک لەباری سلێمانی دامەزرێنەر و مێژووی دیاری هەیە و لە سایەی میرنشینی باباندا بەشار کراوە. واتە سلێمانی شارێکە لە سەتا سەت کوردەوارییە. بە مێنتاڵی کوردی نەخشەی شەقام، قشڵە، گەرماو، بازاڕ، مزگەوت و خوێندنگەی بۆ داڕێژراوە. بەو نیازەی پێتەخت بێت، نەک شارێکی ئاسایی.

واتە ئەگەر سلێمانی یەکەم شاریش نەبێت، ئەوا لە ڕیزی ئەو شارە دەگمەنانەی کوردستاندایە، کە کورد بۆ ئەوەی بنیات ناوە پێتەخت بێت. دیارە مەهاباد بەر لەوەی قازی بیکاتە پێتەختی کۆماری کوردستان خۆی شار بووە. هەولێر هێندە کۆنە کەس بەڕاست و دروستی پێ نازانێت

کەینێ و کێ دروستی کردووە. واتە بەهەزاران ساڵ بەر لەوەی ببێتە پێتەختی هەرێم، هەولێر شار بووە و چەند ناوێکیشی گۆڕیوە. وەلێ سلێمانی کۆرپەی بابانە و لە میرانی بابان کەوتووەتەوە. شارێک بووە لە قسڵ و بەرد و خشتی سوور و گڵ، بۆ ژیانی چەند هەزار کەسێک و بەپێودانگی ئەو ڕۆژە و لە جێیەکی مەحکەم و ستراتیجیدا بنیات نراوە.

وەلێ شاری سەردەم دەبێ تەلاری بەرز و مەزنە گومەزی تێدابێ، کە هەم بەرزە، هەمیش وەک نموونەیەک بۆ بەرزی و قووڵی و شینایی ئاسمان، فراوانە. شار کە جێ ژیانی دەیان هەزار مەردمە، گەرەکە لەوێدا ڕووبەرێک بۆ ئاو، ڕووبەرێکیش بۆ سەوزایی هەبێت، تاکو خەڵکی بەبەرچاو ڕوونییەوە بای باڵی خۆیانی تێدا بدەن، هەوای پاک هەڵمژن و ژینگەکەیان خاوێن بێت. گەرەکە خاوەنی شەقامی فراوان و پیادەڕەوی فراوان بێت. وا بێت ئۆتۆمۆبێلەکان و تاکەکانیش بەریەک نەکەون. گەرەکە ڕووبەرێک بۆ باڵندەکانیش هەبێ، هێلانەی لێ هەبەستن و بەئازادی چینەی تێدا بکەن و بفڕن.

شاری بێ پاساری و بولبول و لەکلەک و پەڕەسێلکە و کۆتر و قەلەباچکە و قەلەڕەش و مریشکەڕەشە و قاز و مراوی کەی شارە؟ ئەگەر نێزیک بە دەریا و دەریاچە و ڕووبار بوو، شاری بێ ماسیگرە (نەورەس) کەی شارە؟ شار دەبێ دوور لە هارەهارڕی ئۆتۆمۆبێل و مۆتۆڕسایکل و جرتوفرتی پایسکلسوار، پیاسە شەقامی هەبێت، تا ماڵخۆ و گەشتیاران تاوێک لەوێدا، دوور لە ژاوەژاو و ڕاکەڕاک، پیاسەی لێ بکەن و لەوێ بخۆن و بخۆنەوە و بکڕن، شانیان بەر شانی یەک و پێلاویان بەر پێلاوی یەک و دوو نەکەوێت. دەبێ لەگەڵ ئاژەڵدۆستی و پەلەوەردۆستیی دانیشتوانەکەیدا، ڕووبەری هێمنی بۆ کۆترەکان هەبێت، پیاسەی تێدا بکەن و بەیەکدا هەڵپژێن و بگمێنن، تا چاو و دڵی ڕێبواریان پێ ڕوون بێت. ترسی بەنێچیربوونیان نەنێت و بەژێر دەست و پێوە نەبن.

گەرەکە شار بۆ پیاسەی دۆستەیل، دڵدار و ژن و مێرد، دەیان مەزنە باخی تێدا بێت تا لە سای سێبەری درەختە هەڵچووەکاندا هەوای پاک و بۆنی گوڵ هەڵمژن و گوێیان لە چریکەی بانگخۆشکە بێت و چاویان لە فڕینی وردەمەل و پەپوولە و هەنگ بێت و لەوێدا دەردی دڵی خۆیان بکەن. گەرەکە شار بۆ نمایش و ڕایکردنی میهرەجان و گرێدانی کۆڕ و کۆبوونەوە، دەیان مەیدان و گۆڕەپانی فراوانی تێدابێت، تاکو دانیشتوانەکەی هەست بەکرانەوە و فراوانیی شارەکەیان بکەن، شاری بێ مەزنە گۆڕەپان خەڵکەکەی پشووکورت و تەنگەنەفەسن.

کەم شاری کوردستان هەیە هێندەی سلێمانی خەڵکەکەی متووی پەیکەر بن، بەڵام لە ڕووبەری سلێمانیدا یەک شوێنی گونجاو بۆ دانانی پەیکەر نادۆزییەوە،. لەبەرئەوەی نە مەیدانی فراوانی تێدایە نە پیادەڕەوی فراوان. پەیکەریش دەبێ لە فەزایەکی کراوەدا جێگیر بکرێت. وابێت، لەوسەری شەقامەکەوە لە ڕێبوارەوە دیار بێت. وابێت بەسەر دەوروبەر و تەواوی مەیدانەکەدا

بڕوانێت. دەبوایە گەشتیارەیل هەر بەپەیکەرەکاندا شتێک لە مێژووی ئەم شارەیان زانیبا. پەیکەر بۆ ئەو گەورە پیاوانەی بنیاتیان نا.

پەیکەر بۆ سالم و نالی و پیرەمێرد و گۆران و کامەران و ئازاد شەوقی.. ئەم زاتانە نموونەی ئەدەب و هونەری ئەم شارەن. ئەدی ئەوە نییە خۆتان نازناوی پێتەختی ڕۆشنبیریتان پی ڕەوابینیوە؟ ئەگەرچی دەبوایە بتانوتایە (پێتەختی فەرهەنگی، یان کولتووری) نەک ڕۆشنبیری. ئەدی کوان ئەو ڕۆشنبیرانە؟ بۆچی شوێن و ئەسەریان نادیارە؟ بۆ ڕێزلێنراو نین؟ کوا پەیکەریان؟ کوا ماڵ و مۆزەخانەی تایبەت بەخۆیان؟ تۆ بڵێی ئەو ئازیزانە ئێستا لە ژیاندابوونایە کەیفیان بە کەس لە کەس و گەڕەلاوژەی ئەم شارە بهاتایە؟

سلێمانی بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە، شارێکی مێژووییە. لەبەرئەوەی وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، وەک پێتەخت بەردی بناخەی دانراوە. بەڵام کوا دێرینخانەکانی؟ دەبوو بەلایەنی کەمەوە، دوو دێرینخانەی تایبەت بە بابان و سەردەمەکەی، بە شا مەحموود و سەردەمەکی تێدا بووایە و ساڵ دوازدەی مانگ لە بینەردا جمەیان بهاتایە و خەڵک بەدرێژاییی دەیان مەتر ڕیزیان بۆ ببەستایە و بووبووایە بەمایەی خێر و بەرەکەت بۆ شارەکە. دەبوایە هەر بیانییەک سەری ئەم شارەی دا، دوای چەند پیاسەیەک، هەر بە دێرینخانە و پەیکەرەکانیدا شتێک لە سەردەمی شا مەحموود و بابان حاڵی ببێت!

ڕەنگە بەهەڵدا نەچووبم ئەگەر بڵێم، دوای بڕینەوەی درەختەکانی، شەقامی مەولەوی هیچ نموودی نەماوە. وێڕای سێبەر و سەوزایی، ئەو درەختانە، سەربانە ڕووتەڵە دزێوەکانی هەردوو بەری شەقامی شاردبووەوە. لە کوێی دنیادا درەختی شەقام خاشەبڕکراوە؟ لە شارەیلی بیابانیشدا شەقامی بێ دەرخت نییە. بەڕاست کامانەن ئەو درەخت و گوڵانەی بە سلێمانی تایبەتن و وێنە و بۆنی شارەکەیان خۆش کردووە؟ کامانەن ئەو مەلانەی هێلانەیان لە درەختەکانی شار هەڵبەستووە و شاریان پڕ زریوە و نەغمە کردووە؟

تەلاری جوان ئەوەیە، کە بەو شارە تایبەت بێت و پێی بناسرێتەوە، نەک فۆتۆکۆپیی تەلاری وڵاتانی دراوسێ و دوور. قوللە و تەلار کاتێک جوانن، کە بێوێنە بن، وەک قوللەی ئیڤڵ و بورجی خەلیفە و ئۆپێرای سیدنی و تەلاری (المجلس الوطني) لە وڵاتی کوێت. گەرەکە شووشە و نەخشی پەنجەرەکانیشی جیاواز بن و لەبەرگیراوە نەبن، تاکو بەتێپەڕینی کات، شاریش مێژووییتر و جوانتر بێت. ئاوا شار گەشە دەکات، دەناسرێت و دەبێت بەڕووگەی گەشتیارەیل و شایانی ئەوەی پێی بوترێت شار!

گەرەکە شار هێڵی پاسی شەوانە ڕۆژی خۆی هەبێت، لەبەرئەوەی شاری نوێ شەو و ڕۆژی بۆ نییە. شار بەشەو چراخانە. بەڕۆژ جێی کار و فەرمانە. شار دەبێ قەتار و میترۆ و پاسی خۆی هەبێت، یان هیچ نەبێت لە قەتار و میترۆ یەکێکیانی هەبێت. وەلێ سلێمانی بۆ گواستنەوەی

ڕێبوار پاسیشی نییە. ناکرێ ئەو کۆستەرە شڕانەی پیربوونە و بەبێ نەخشە و پلان کار دەکەن، بەپاس بێنە ژماردن. شار گەرەکە پاسی گەورە و تایبەت بەخۆی هەبێت، نەک شڕە کۆستەری هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، کە هەر عەسری لێ هات پایدۆستی لێ دەکەن. ئەگەر سلێمانی یەکێک لە هۆیەکانی گواستنەوەی هەبووایە، پێویستی بەوە نەدەکرد هەر ماڵە تۆتۆمۆبێلێک دووان بکڕێت و بەریبداتە سەر شەقامەکان و دووکەڵی زیانیدەر بەسەر خەڵکدا ببەخشێتەوە. بەتایبەتی قەتار و میترۆی ئەم سەردەمە دۆستی ژینگەن! بەم پێیە سلێمانی ئەو شوێنەیە، کە عەسری لێ هات دەخەوێ. ڕاستت دەوێت ناشێ بەشوێنی وەها بوترێ شار! لەبەرئەوەی شار ناخەوێ. شڕە کۆستەریش پاس نییە و ڕووی ئەوەی نییە لە شوێنێکدا پێی بوترێ شار، ڕێبوار بگوێزێتەوە. کۆستەر بۆ کاری تایبەت شیاوە.

شار دەبێ شەو و ڕۆژ بۆنی قاوە و چایی لێ بێت. هەروەک دەبێت بۆنی گوڵی لێ بێت، شاری بێ گوڵ کوا هەیە. باشە بۆچی سلێمانی لەناو هەزاران گوڵدا یەکێکیان هەڵنابژێرێت تاکو بیکات بەگوڵی خۆی؟ هەر شارە بەشتێک ناوبانگی ڕۆیوە و پێی دەناسرێتەوە. باشە سلێمانی بەچی بەناوبانگە؟ یەک لەباری خۆم بەدەر لە (گەزۆ) هیچی تر گومان نابەم! ئەوەیش هیچ هونەرێکی بۆ شارەوانی و ئەو دەزگایانەی شار بەڕێوە دەبەن تێدا نییە. بگرە کاری چەند کاسبکارێکی دەسترەنگینە. ئەدی بۆچی لەناو سەتان جۆر باڵندەی جوانی ئەم کوردستانەدا، سلێمانی باڵندەیەک ناکات بەهێمای خۆی و ناهێنێتە ناو شار؟ بەڕاست شاری بێ باڵندە لە کوێ هەیە؟ ئەم شتانەن، کە سەرنجی گەشتیار ڕادەکێشن و تایبەتمەندییش بەشارێک دەبەخشن.

ئۆتۆمۆبێل لە ئاسن، لاستیک، شووشە و بڕێک کانزای تر دروست بووە و بێ گیانە. ئۆتۆمۆبێل ئامێرێکە بۆ خزمەتی مرۆڤ داهێنراوە. هەرچی مرۆڤیشە وەک مارکس وتوویەتی بەنرخترین سەرمایەیە، بەڵام لە کۆڵان و شەقامەکانی سلێمانیدا (ئەگەر بشێ ناوی شەقامیان لێ بنێین) پێشنوورە بۆ ئۆتۆمۆبێلە نەک بۆ مرۆڤ. هەموو پەڕینەوەیەک لە شەقام سەرەڕۆیی و دووبەختییە. یان ئەوەتا دڵ لەمست بە زیگزاگ، دەپەڕییەوە، یان دەبیت بەژێرەوە و ئاو و ئاو دەچیت. حاشایەکی گەلی خوێنەر و هەموو ئەو خەڵکە بەڕێزە، پەرژینێکی قایم لە نێواندا بێت. ناشێ و ناکرێ مرۆڤ ڕۆژانە وەک سەگی خوێڕی فیچەڵفاچ (زیگزاگ) بەنێوان قەتارەی ئۆتۆمۆبێلدا غار بدات و بپەڕێتەوە! لەم شاردا هەموو کات نێوانی مرۆڤ و مەرگ هەودایەکی هێند باریکە بەچاو نابینرێت.

بۆیە ئەوەی لەم شارەدا بژی هەر دەبێ توورە بێت و لە دڵەڕاوکێدا بژی. هەر دەبێت دەستی لەسەر دڵی بێت. هەر دەبێت لەگەڵ ژینگەکەیدا ناکۆک و لەململانێدا بێت. کاتی خۆی شەقامەیلی سابوونکەران و کانێسکان، بۆ بیست سی عەرەبانەی دوو ئەسپیی دروست کراون. وەلێ ئێستا لەم شارە تەنگەبەرەدا، ئۆتۆمۆبێل پیاو دەخوات! ئەگەر پیاسەیەک بەشاردا بکەیت، بەلایەنی کەمەوە ڕێکەوتی شەڕێک، دەمەقاڵێک دەکەیت. مرۆڤێک لەم شارەدا بژی بەسەریدا سەپاوە لە دەرفەتێک، بۆنەیەک بگەڕێت، تاکو لەو بێتاقەتی و خەفەتەی سالانێکە هەرا سی پێ تاڵ کردووە،

خـۆی بەتاڵ بکاتـەوە، جـا بـەشـەڕ بێت، یان بە خـۆپیـشـانـدان و ناڕەزایی دەربڕین. لێرەدا مـرۆڤ بەتۆپزی، ناچار بە پشـوو کورتی و تووڕەبوون و هەڵچوون کراوە. دڵنیا بە مرۆڤی وەهایش بێزار و تەمـەنکورتـە. تاک لەبەر تەنگەبەریی شـوێن، بێ ئەوەی داوای لێبـووردنی لێ بکەن، ڕۆژانە چەندان جـار پێ بەپێڵاوە تازە بۆیاخکراوەکەیدا دەنێن. بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەنـەوە و پێی بڵێن: (ببـوورە بەڕێز!) ڕۆژانە دەیان جــار شــانی لێ دەدەن. چـونکە ئـەم ئەتوارانـە ئەوەندە پـاتەبـوونەتەوە بـوونە بەکاری ڕۆژانە.

لەژێر عـەردی ئەم شـارەدا چەنـدان ڕووباری گچکە هـەیە، تکایە بەزێدەگـۆیی لەسـەرم حیسـێب مـەکە ئـەگـەر بڵێم، لەم هەمـوو کارێزانە، وێڕای ئەوەی گـۆمی بەفـوارە و کـەنار سـەوز چێ دەکرا، دەکرا بەلێکدانیان ڕووبارێکیش دروست بکرایە و بەناو شاردا تافەی بهاتایە. بۆچی نا؟ خۆ خاکی (لیبیا) بیابانە، کەچی لیبیاییەکان هاتوون لە دووریی هەزاران کیلۆمەترەوە، ئاوی بن بیابانیان گەیاندووەتە پێتـەخت و ڕووباریـشـیان لـێ دروست کـردووە. ئەوەتا لەلای ئێمـەیش کـارێزەکان، کە ڕەونەق و ئاوی زیندەگیی گشت شـارن، سـەریـان نراوەتەوە و داپۆشراون. بەم کـردەوەیەش هـاتوون شـارێکی ئاویـژەیان بەبیـابان کـردووە. لە هەمـان کـاتدا دەکرا لەم کارێزانە ئاوی کـانزایی بەرهـەم بهێـنرێ. وەک دەبینی بێ مەڵامـەت نییە، کە میرانی بابان ئەم شوێنەیان بـۆ پێتەخت هـەڵبژاردووە. بەڵام ئەوەندە هەیە، لە ئێستادا، لە پشت سلێمانییـەوە مێنتاڵی کراوەی بنیاتنەرانە لە کاردا نییە و هیچی بەدەست نییـە. هـەر کاتێک ڕووبەرە ئاوییەکان لە سلێمانی پەیدا بوون، ئەوسـا قاز و قوڵینگ و نەورەس و وردە مــەلە ئاوییــەکــانی تر خــۆیان ڕوو لە شــارەکــە دەکــەن. خــۆیان شــارەکــە بەسەردەکەونەوە و دەیکەن بە مەفتەنی خۆیان. ئاو ژیانە، شاریش جەرگەی ژیانی ئەم سەردەمەیە. ئاو شار جوان و فێنک دەکات. کوان ئەو سـەوزاییانەی چنگ لە دار و دیواران گیر دەکەن و دیوار سەوز و فـێنک دەکەن؟ کوا ئینجـانەی دەم پەنجەرە و بەلەکۆنەی مـاڵان بۆ ڕۆشنایی چاوی ڕێبوار. بۆ ڕازاندنەوە و بۆنخۆشکردنی هەوای شار؟

بۆ بنیاتنانی شاری جوان و خۆشگوزەران، پتر شووشـە بەکار دەبەن تا بەرد و گڵ و بلۆک. تۆ لە وڵاتان ئەوق دەبێت، کـاتێک دەیان بەرزە تەلاری لە شووشـە دروستکراو، بەگۆشە و شێوە و ڕەنگی جیـاواز دەبینی بەئاسماندا هەڵچوون. شاری ئێستا، لەچاو جاراندا کەمترین ئاسن و بەرد بەکار دەبات لای خۆیشمـان هێشتا (بلۆک) سەروەرە، بە تایبـەتی لە پێکهاتەی تەلارە ستوونییـەکاندا، کە بەحیسـێب فـلاتی (شـوققـە) نوێن، وەلێ شـوققـەی بەبلۆک هەڵچنراو، جۆرێکە لە وشکە کەڵەک. بە زستان سـارد و بەهـاوین گەرمن و بۆ ژیان دەست نادەن و ناجۆرترین خـانووی لێ بەرهـەم دێت، کە بەرگەی بوومەلەرزەی بڕێک بەهێز ناگرێت.

بەڕاست ئەگـەر سلێمـانی پێتـەختی فەرهـەنگییـە، کوان سینـەماکانی؟ کوان هۆڵەیل بۆ نمایشی شانۆ. خۆ دەبوو بەلایەنی کەمەوە هـەر گەڕەکە و هۆڵێکی سینـەما و هۆڵێکی شانۆ و کتێبخـانەیەکی گشتیی هەبووایە. ئاخر لەم عەسرەدا شاری بێ کتێبخانە چۆن دەبێت بە پێتەختی فەرهـەنگ؟ وەک

چۆن نابەجێیە ماڵت لە چوارباخ بێت و بۆ نوێژ بگەیتە زەرگەتە، ئاوا نابەجێیە ماڵت لەسەر کارێز بێت و بۆ خوێندنەوە و کتێب قەرزکردن بگەیتە شێخ محێدین. سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە تاکو ڕۆژانی ڕاپەرین مەڵبەندی فەرهەنگ بووە. بەڵام لە ڕاپەڕین بەدواوە ساڵ بەساڵ، هەنگاو بەهەنگاو دێتە دواوە. ئەدی ئەو ڕۆشنبیرانە بۆچی بە ڕووبەری شارەوە دیار نین؟ بۆچی بەشێکیان بەرەو هەندەران ڕەویان کرد، کە ئەوان لە سەردەمی بەعسیشدا دانیان بەخۆیاندا گرتبوو چۆڵیان نەدەکرد؟ ئەدی ئەوە نییە حزب (خەڵک)ی بە ئەدەب و فەرهەنگ نامۆ بە ئەندام و دەستەی بەڕێوەبەری یەکەتیی نووسەران تەعین دەکات، کە بەدرێژاییی تەمەنی خۆی سلێمانی دەستتێوەردانی وەها ناڕەوا و ترسناک و شموولییانەی بەخۆیەوە نەدیوە!

خۆ ئێستا هەر ئەندامێکی حزب ئارەزووی لێ بێت، بۆی هەیە ببێت بە ئەندامی یەکەتیی نووسەرانیش. پێڕەوی ناوەخۆی نووسەرانیش ئاوا نووسەر دەناسێنێت: ئەو کەسەیە، کە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی شانۆیی دەنووسێت. ڕۆشنبیر تاکێکی خاوەنی ئیرادەیە، تاکایەتیی خۆی دەپارێزێت و بەهەزری خۆی دەنووسێ و گوێ لە مستی هیچ کەس و حزب و دەستە و تاقمێک نابێت. لە سلێمانی ئەهلی قەڵەم و حیکمەت و فەلسەفە و فەرهەنگ پەراوێزخراوترین توێژی کۆمەڵن و کەس کا بەکڵاویان ناپێوێت. (ئەهلی تەقەڵ)، کە توێژێکن خۆیان بە فەرهەنگدا هەڵواسیوە و دەسەنە خۆرن، بە نای ناهەق جێی ئەم توێژە زیندووەی کۆمەڵی گرتووە.

حاڵی حازر لە سلێمانیدا، خانوو لە ڕووبەری سەت مەتردووجادا دروست دەکرێت. ئەمە بەداهێنان نایەتە ژماردن. چونکە ئەو خێزانەی لەوێدا بژی زیندانی هەتاهەتاییە! ئەو منداڵەی لەوێدا گەورە ببێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ مرۆڤێکی ساغڵەم دەرچێت. لەبەرئەوەی سەوزایی و پانتاییەک گومان نابات یاریی تێدا بکات، گوڵ نابینێت بۆنی بکات و چاوی پێی ڕوون بێت. خانوو دەبێ دوو لای باخ بێت بۆ دانیشتن و گۆشت برژاندن و گوڵزار و سەوزایی و جێیاریی بۆ منداڵ هەبێت. خۆ ئەگەر شوقەیش بێت ئەوا دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە دوو لاوە دنیای ڕوونی لێوە دیاربێت، وێڕای ئەوەی هەر تەلارێک، یان کۆ تەلارێک چەند دۆنمێک زەویی بۆ سەوزایی و گۆڕەپانی گچکەی تۆپی پێ و یاریی منداڵان و چی و چی هەیە. ڤێلایش بەو خانووە دەڵێن، کە هەرچوار لای باخ و سەوزاییە. ڤێلا خانوویەکە، لەسەر ڕووبەرەوە زەوییەکی چوارسەت مەتر و هەورازتر بنیات نرابێت. بەم پێیە بێ، زۆربەی ئەو تەلارە نوێیانەی سلێمانی بۆ ژیان دەست نادەن و ناچنە ڕیزی خانووەوە، بگرە ئەوانە داڵدەن بۆ تێپەڕاندنی ژیانێکی ناعیلاجی و ناجۆر. داڵدەگەلێکی بە ژینگە ناحەزن، لەبەرئەوەی بێ درەخت و ڕووبەری سەوزایین.

کاتێک لەسەر چیای گۆیژەوە سەیری سلێمانی دەکەیت، وەک برادەرێک وەسفی کرد (لە پشتی ڕادیۆی ترانسیستەر دەچێت!) کەڵەکە بەرد و بارستە کۆنکرێتی لەسەر یەک هەڵچنرای بێ ڕەنگی کەم سەوزایی بێ ڕووبەرە ئاوە. بە ئاسمانی شارەوە چڕەدووکەڵ کەپرۆکەی بەستووە و ترسناک

دێتە پێش چاو.. ڕووبەرێکە ئەگەر وێنەی بگریت و پێشانی هەر شارەزایەکی بیانیی بدەیت لەلای خۆیەوە وەهای وێنا دەکات نێزیکەی دووسەت هەزارێک مرۆڤی تێدا بژی. کەسێک بڕوات پێ ناکات ئەگەر بلێی نێزیکەی ملیۆنێک مرۆڤ لەم ڕووبەرە تەنگەبەرەدا ژیان دەگوزەرێنن. نە بازاڕ نەشەقام و نە پیادەڕەوی، نە ژمارەی قوتابخانەی، هی ئەوە نین لە دووسەت هەزار پتری تێدا بژی. شوێنێکە بەزۆر مرۆڤی تێ تەپێنراوە. لە چڕیدا لە گۆڕستانی سەیوان دەچێت! ئەگەرچی ژمارەیەک گەڕەکی نوێ پەیدا بوون، وەلێ لەبەر زۆر هۆ، هێشتا چڕەبەندانی خەڵک لە سنووری شەقامی بازنەییدا دەژین.

د. وەلید ئەحمەد سەید، لە وتارێکدا بەسەردێری (المدينة اللامنتمية) دەڵێت: (ساڵی ١٩٠٠، دە لەسەدی دانیشتوانی جیهان لە شارەکاندا ژیاون. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ، ئەم ڕێژەیە بۆ پەنجا لە سەت بەرز بووەتەوە، چاوەڕوان دەکرێت، لە ساڵێ ٢٠٥٠ دا ئەم ڕێژەیە بگاتە حەفتا و پێنج لە سەت.) بەڵام چڕیی دانیشتوان لە سلێمانی، لە ئەنجانی نابووتکردنی دێهاتی دەوروبەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک ئەوان لە کەسانی بەرهەمهێنەوە کران بە دەستوپێوەند.

هەتا پێش ڕاپەڕین، لە هەموو عێراقدا شاری سلێمانی فێنکترین مەڵبەندی پارێزگە بوو. ئێستایش بەپێی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، کە ڕۆژانە پلەی گەرمای پارێزگەکانی کوردستان بەیان دەکات، مەگەر بەدەگمەن، دەنا ڕۆژانە سلێمانی چەند پلەیەک لەهەولێر گەرمترە. ڕۆژ هەیە بەئەندازەی شاری مووسڵ و ڕۆژ هەیە لە مووسڵیش گەرمترە! ئەم جیاوازییە زۆرە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ خۆ هەڵکەوتەی سلێمانی وەک جوگرافیا لە جوانی بێبەش نییە، بەتایبەیی کۆمەڵێک گردی تێدایە تۆ دەتوانی لەوێوە بەشێک لە شار ببینیت. سلێمانی تەخت نییە. هەم مەترسی لافاو و سەرئاوکەوتنی لێ ناکرێت و هەمیش بەئاسانی ئاوەڕۆی بۆ دروست دەکرێت.

ئەوە چۆنچۆنی سلێمانی دەبێت بە پێتەختی کولتووریی گشت کوردستان، لە کاتێکدا نوێنەری موعتەبەر و ڕاستینەی فەرهەنگ برێتییە لە ڕێکخراوی (یەکەتیی نووسەرانی کورد) و ئەم یەکەتییە بەعس بارەگایەکی بۆ چێ کردبوو، شیاوی سەرۆکایەتیی وەزیران بوو، کەچی دەسەڵاتی خۆجێیی هات بەخورتی لێی داگیر کرد و ماڵەکەی بەسەربەشی ماڵان کرد و لە خانوویەکدا کردی بەکرێنشین؟ ئاخر چلۆن بەو وەزعەوە سلێمانی دەبێتە پێتەختی فەرهەنگی لە کاتێدا ئەندامانی ئەم یەکەتیی نووسەرانە مافی ئازادیی هەڵبژاردنی لێ سەندرابێتەوە و حزب دەستەی بەڕێوەبەری بۆ تەعین کردبێت؟ بەو هیوایەی جارێکی تر دانیشتوانی شار بەژینگەی خۆیان شاد و شوکر ببنەوە.

سەرچاوە:
(١) تەیب جەبار، چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.
(٢) د. وليد أحمد السيد، هيئة نقاد العمارة، في عامها الاول، القدس العربي، ٢٠١١/٩/٢٨.
(٣) د. وليد أحمد السيد، المدينة اللامنتمية، القدس العربي، ٢٠١١/٨/١١.

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

### ئەڵقەی پێنجەم

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران لە هەموو ڕووێکەوە شایانی خوێندنەوە و دووبارە پێداچوونەوەی تازەیە. یەکێک لەو خەوشانەی کە، تا ئێستە لە مێژوونووسیی کوردیدا لەناو ئەو لێکۆڵینەوانەدا بەدی دەکرێ کە، لەو بارەیە نووسراون ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکان پشت ئەستوور نین بە بەڵگەنامە و دەستاوێژی مێژوویی. ئەم بەڵگەنامانەی ئێرە کە هەموویان لە ئەرشیڤخانەکانی پاریس و لەندەن وەرگیراون بۆ یەکەم جار ڕووناکییەکی تازە دەخەنە سەر حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی ئەم شۆڕشە و ڕوانینێکی تازەمان لەمبارەیەوە پێشکێش دەکەن.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٣**

کۆماری فرەنسا

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

ئیدارەی کاروبارە

سیاسی و بازرگانییەکان

کۆپی

کۆنستانتینۆپل، ١٢ ی ئاداری ١٩٢٥

ورەی لەشکری تورک لەپێش ئۆپەیراسیۆنی داپڵۆسینەوەدا، ئاماژە بە نیشانەگەلی تا ڕادەیەک نەخوازراو دەکات. ئیحتیاتەکان، کە بە فرمانی تەعبیئەکردنەوە چەکیان هەڵگرتووە، کە لە سێ تاوەکو پازدە دەستەی گرتووەتەوە، هەرگیز لە خۆیانەوە پێوەندییان بە سوپاوە نەکردووە. باسی

........................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

ژمــارەیەکی زۆر ســـەربازی هەڵاتوو دەکــرێ، بە تـایبــەت لە نـاوچە هاوســێــیــەکـانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە.

ئەفســـەرەکـان درک بەوە دەکـەن، کـە هەڵمـەتێکی سـەخت بەڕێوە دەبەن. وەفـادارییـان لە وەحداتەکانی ڕۆهەڵاتدا، وا دیارە تـا ڕادەیەک جێگەی گومـان بێت بۆ ئەوەی تەبریری گۆڕینێکی کاردرەکانیان تێدا بکەن. ئەوە ڕاستە کەوا ئەفسەرگەلی جودابووەوە وەک دەڵێن بەسەدان هەن کە، لە ڕیزەکانی یاخیبووەکان خەبات دەکەن و هەروەها سەربازی هەڵاتووش هەن. بڕێک میتۆد، کە پێوەست بوو بەو ئاراســتـەیەی کـە هەڵمـەتـەکـانی شـۆڕشگێـڕە چەکـدارەکـانی بەڕێوە دەبرد و کۆششەکان لەوەدا چڕ کرابوونەوە، کە دەستەبەسەر چەند ناوچەیەکدا بگرن کە چەک و جبەخانە و ئازووقـەی تێدا بێت و پاشان بچنەوە ناو شـاخـەکـان. ئەم تاکـتیکە دژ بە شـاری خـارپووت و دیاربەکر بەکار هێنرا.

تکایە بیگەننە وەزارەتی جەنگ

جۆزی-کورێ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٤**

کونسوڵخانەی فرەنسا

لە میزۆپۆتامیا

بەغدا، ١٢ی نیسانی ١٩٢٥

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی و بازرگانی

ڕاگەیەندراوێک لە بەیرووتەوە

ئاسیا-ئۆقیانووس

ژمارە ٥٩

لە کونسوڵخانەی فرەنسا لە میزۆپۆتامیا بۆ

جەنابی بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران

لەبارەی بزووتنەوەی کوردەوە

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ وەرگیراوی ڕۆژنامە ناوەخۆییەکان لە بابەت بزووتنەوەی کوردتان بۆ ڕەوانە بکەم. لە کاتی ئەم گەشتەی دواییم لە مووسڵ توانیم تێبینیی ئەوە بکەم کە لێرەدا زۆر کەم زانیـاری لەبارەی (بزووتنەوەی کـورد)ەوە هەیە و چەند ڕۆژێک لەمــەوبەر سـێـر هێنری دۆبس* بۆ

خـۆی پێی گـوتم کـەوا کـوردەکـانی عـێـراق وا دیارە ئاگـایان لەم ڕاپەڕینە نیـیــە ( بڕوانە برووسکەنامەی ژمارە ٢٢-م لە ٤ی ئاداری ڕابردوو)

ئیمزا

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٥**

Bagdad Tims, 7 avril 1925

کورد و تورک

تێکدانی دواین ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی

"دەستی مۆسکۆ"

بۆچوونەکانی گەڕیدەیێکی ئەڵمانی

هێـر س.ز. کـۆتزێل* کـە، بەم دواییـیـە لە ڕێگەی کـوردسـتـانەوە سـەردانی ئێـرانی کـردووە وەک هەواڵنێری ڕۆژنامەی (Berliner Tageblatt) نووسینەکانی خۆی بەم شێوەیە بڵاو کردووەتەوە:

"ئێمە باشـترین شت لە کوردەکان فێر boowین و زۆرجـار پرسیـارمان لە خـۆمان کردووە کە چۆن ئەم خەڵکە دەشـتەکی، نەترس و زیرەکانە ڕێگەیـان بەخۆیان داوە بکەونە ژێر نیری تورکەکانەوە. لە ڕاستیدا دەسـەڵاتداریی تورک لە کوردستـان زیاتر شێوەیەکی ڕووکەشـی بووە تا ئـەوەی شێوەیەکی کـاریگەری بووبێ، هـەروەها کـوردسـتـانی ئێـران لەژێر دەسـەڵاتی دیکتـاتۆری ڕەزا خـاندا بوو، وڵاتێکی دروست کردبوو بە سـوپایەکی کاریگەر بەکاری هێنا بەئامـانجی گەڕانەوەی ئاسـایش بۆ باکوری ئێران. "هەروەها ئەوە ئاشکرا بوو کە حکوومـەتی سـۆڤیـەت نەیتـوانی بەتەواوی کوردەکـان لە ناوچـەی ئارارات بخـاتە ژێر کـۆنتـرۆڵی خـۆیەوە. بۆ ئەوە ڕێگەیەکی زیرەکـانەی گـرتە بەر بۆ ئەوەی ئەوان تووشـی شـەڕی خـوازراویان بکاتەوە و ئەمـەش شـتێکی سـەرنج ڕاکێش دەبوو ئەگـەر مۆسکۆ دەسـتی لەو ڕاپەڕینەدا نەبووایە. سـەرکونسوڵی رووسـیا لە ئەرزەڕۆم (Erzerum) پێی گوتم سـەرۆک هۆزە کوردەکـان هەمـوو هەفتـەیەک دەچنە لای ئەو و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن پێـوەندی بە فیـدراسیۆنی سـۆڤیـەتەوە بکەن. ئەویش پێی گوتوون کە، وەک کونسوڵ لەگەڵیان گفتوگۆ دەکات و قسەکان دەگەیەنێتە مۆسکۆ و ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە بەباش وەربگیرێ.

"تورکەکان زیـاتر لە ڕێگەی ئاین زیانیـان بە بەدواین ڕێککەوتننامـەی نێـوان خـۆیان و کوردەکـان گەیاند. کوردێکی ڕووناکبیر پێی گوتم ئەوان بۆ ڕێوڕەسـمـە ئاینییەکان خەلیفـەیەکی هاوبەشیـان هەبووە و بیـری کـردبووە خـەڵک هەسـتـێکی بەهـێـزی دادوەرانەی کـۆمـەڵایەتی لـەگەڵ تورکـەکـان دروست بکەن و لەو کاتەدا کە، خەلیفـەکە دوور خرایەوە و ئـەوەی بۆمان مـایەوە هەسـتی زۆرداری تورک بوو".

"دوو سەربازی جەندرمە بە سواری ئەسپەوە تێ دەپەڕن و شەڕێک رووی دا و کوردەکان نەترسان و لەلایەن جەندرمەیەک تەقەیان لێ دەکرێ و ئەوانیش تەقە دەکەن و تەرمەکان لەلایەن جەندرمەی ئەو ناوچە کۆ کرایەوە و شوێنی ژیانی کوردەکان بۆ زیاتر لە چەندان کیلۆمەتر دوور لە شوێنی کوشتنەکە وێران کرا....

"کوردەکان لە گوندەکانیان خەریکی کاروباری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی پەلەوەر بوون و زیرەکتر بوون لە تورکەکان و زیاتر کاریان دەکرد. بەڵام لەو کاتەدا مولْک و ماڵی بازرگانێکی ئێرانی چەتە بردی و ئەوان زۆر دڵخۆش بوون دەست بگیرێ بەسەریدا".

سەرکردایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا ڕاگەیەندراوێکی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچە یاخییانە لە کوردستان رەوانە کرد و رای گەیاند سوپای سەرکوتکردن ئامادەکارییەکانی کردووە و بەم زووانە ئەم شۆڕشە سەرکوت دەکرێت و ئەم کارە بەخێرایی و بەسەختی دێتە ئەنجامدان، بەڵام ئەم پرۆسەیە تەنیا یاخییەکان دەگرێتەوە. هەروەها داوا لە گوندنشینەکان کرا سەردانی نێزیکترین دامەزراوە ڕەسمییە سەربازی و مەدەنییەکانی کۆماری بکەن و ئامادە بن بۆ ئەوەی بەشێوەی خۆبەخشانە کار بکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو ئەو کەسانەی فریوی پێشنیازی سەرکردەکانیان خواردووە و "بەپارەی دوژمن کڕدراون" بەتەسلیمکردنی سەرکردەکان و یاخیبووەکان بەحکوومەت دەبەخشرێن. بەرپرسان فەرمانیان دا ئەو ڕاگەیەندراوە ئەوەندەی دەکرێ بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاو بکرێتەوە. سەرکردایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپا فەرمانی دا لەبارەی ناوی ئەو شوێنانەی ڕاگەیەندراوەکەی تێدا هاتووەتە بڵاوکردنەوە، ئەو دانیشتوانەی وەفاداریی خۆیان بۆ دەسەڵاتی کۆماری پێشان داوە، پێش دەستپێکردنی ئۆپەیراسیۆنەکان هەموو زانیارییەکانیان پێ بدرێ.

***

Bagdad Tims, 11 avril 1925

شێوازێکی نوێ لە کوردستاندا

تورکەکان بڕیاری لەناوبردنی دەسەڵاتی شێخەکان دەدەن

سیستمی هۆزنشینی لەناودەچێ

لەندەن، ٣١ ی ئادار، ١٩٢٥

هەواڵنێرێکی ئەستەمبۆڵ دەڵێ ئەنجامێکی گرینگی گفتوگۆ نهێنییەکانی حکوومەتی تورکی، برێتی بووە لە پێدانی دەسەڵات بۆ رێکخستنی بەڕێوەبردنی کوردستان لەو کاتەی کە، شۆڕشەکە شکستی هێنا. ئەم هەنگاوهەڵگرتنە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی شێخەکان و لەناوبردنی سیستمی هۆزایەتی بوو، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی رێژیمی ترادسیۆنی دەرەبەگایەتی بوو بۆ ئەوەی لە

جیاتیی ئەوە، سیستەمێکی نیشتمانیی ناوەندی لەژێر قەڵەمڕۆی تورک بێتە دامەزراندن. لیستێک بەناوی شێخە یاخییەکان کە، ڕەنگە بەشدارییان لە ڕاپەریندا کردبێ ئامادە کراوە. لەو کاتەدا کوردە یاخییەکان هەموو ئەفسەرە تورکە بەدیلگیراوەکانیان کوشتن. بەیانییەکەی هەواڵەکان لەناو هەموو سوپادا بڵاو بووەوە و بووە هۆی "جۆشدانێکی تەواوەتی"ی تورکیا و بووە هۆی پشێوی. لە سەرەتای شۆڕشی کورد ڕاگەیەندراوەکانی تورک زۆر ناڕۆشن بوون و ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانیان بەناو کوردستاندا ڕەوانەی سەر سنووری مووسڵ کرد و ئەمەش کردەوەیەکی گوماناوی بوو. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری مووسڵ کورد بوون، دڵەڕاوکەی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی عێراق هاوشێوەی تورکیا دروست بوو. هەر بۆیە عیسمەت پاشا لە گوتەیەکدا لە ئەنگۆرە (Angora) بڕیاری حکوومەتی تورکیای بۆ تەعبیئەکردن ڕاگەیاند و گووتی شۆڕشی کورد تاقە هۆی دەرکردنی بڕیاری تەعبیئەکردنەکە نییە. بیرۆکە دووفاقییەکەی تورکەکان ئاوا بوو کە، هێزێکی زۆری لەشکری ڕەوانەی مووسڵ بکەن کە، ئەوە هەژموونی دەبێ بەسەر هەر بڕیارێکی کۆمیسیۆنی سنوور کە، لە بەرژەوەندیی ئەوان بدرێت.

لەگەڵ هەموو ئەم ڕووداوانەدا ڕەوانەکردنی هێزی نوێی تورک بۆ کوردستان لەو کاتەدا بووە هۆی ئەوەی پرسی سنووری عێراق لە سەروبەندێکی ناسکدا بوو و بوو بەسۆنگەی بەباش چاودێریکردنی. دواتر ئەو دەنگۆیە بڵاو بووەوە کە، تورکەکان داوایان لە بەرپرسانی فرەنسەوی لە سووریا کردووە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ ژمارەیەکی زیاتر لە ٢٥ هەزار سەرباز لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا، بەناو سووریادا بگوازرێنەوە. هەرچەند ژمارەیەکی لە ڕێگەی ئەم هێڵەوە گوازرانەوە و دۆخی خراپی دەسەڵات ڕێک دەخرایەوە، بەڵام وا پێ دەچێ تورکەکان نەیانویستووە ریسکی ئەوە بکەن لەو ڕاستییەی کە، ڕەنگە توانای کوردە یاخییەکان زۆر بێ. دواتر ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە، شیمانەی هەنگاوهەڵگرتنێکی دڕندانە لەلایەن تورکەکانەوە هەڵگیرا، لە ڕووداوێکدا نێزیکی ١٠٠ میلی باکوری مووسڵ لەلایەن تورکەکانەوە کە ئەستەمە بوترێ ئەوە چۆن ڕووی دا.

جۆشدانی تورکیا

شۆڕشی کورد تەشەنە دەکا

"شەڕێکی سەخت"

ڕاگەیاندنی عیسمەت پاشا لە ئەنگۆرە

Bagdad Tims, 11 avril 1925

کۆنستانتینۆپل، ٩ی نیسان

لە ئەنجوومەندا عیسمەت پاشا دانی بەوەدا نا شۆڕشی کوردستان لەوە مەترسیدارترە لەوەی کە، ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان پێ داوە. ئەو ڕای گەیاند یاخییەکان هێرشیان کردووەتە سەر چەند

شوێنێک لەوانە مەڵاتییە، ماردین و میلازگێرد و بەم دواییە هەڕەشەیان لە ئگین کردووە. ڕەوشەکە شێوەیەکی زۆر مەترسیداری بەخۆوە گرتووە و پێ دەچێ دەیانەوێ بەشێکی زیاتر بەدەست بهێنن، بەڵام حکوومەت خێرا هەنگاوی سەربازی گرتە بەر. لە دوای شەڕێکی سەختدا یاخییەکان پاشەکشەیان کرد و بەرەو چیاکان ڕۆیشتن. چالاکییە سەربازییەکان کۆتاییان نەهات و یاخییەکان بەردەوام بوون لە شەڕکردن. لەو کاتەدا مەترسییەکان بۆ سەر ئەو وڵاتە زیاتر بوو و پێویست بوو بڕیاری تەعبیئەیەکی تەواو بدرێت.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٦**

L'Union Assyrienne
12 rue de Vaugirad
Parsi, VI

پاریس، ١٦ی نیسانی ١٩٢٥

بۆ جەنابی بەڕێز وەزیری کاروباری بێگانان، وەزارەتی دەرەوە، لۆندەرە

جەنابی بەڕێز،

یەکەتیی ئاسوورییەکان هاوپشتی و هاوڕەگەزی و هاوبنچینەیی لەگەڵ گەلی کورد دووپات دەکاتەوە و شەرەفی ئەوەی هەیە تکا لە حکوومەتی خاوەند شکۆی بەریتانیایی بکات کە، لەلای تورکیاوە دەخالەت بکات بۆ ئەوەی ڕادەیەک بۆ ئەو کاری تێکدان و کاولکارییە دابنێ کە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە لە کوردستاندا بەڕێوە دەچێت.

چیایەکانمان ئاگر و خوێنیان لێ دەبارێ. شار و ئاواییەکانمان تێک و پێک دراون. ماڵەکان تەخت کراون یان بوونەتە نێچیری گڕی ئاگر. دانیشتوان ڕەدوو نراون، تیرباران کراون، بەکۆمەڵ قەتڵوعام کراون. کەوتوونەتە ژێر ئەشکەنجەدانی زۆر کە هەر تازە لە دەستی ئاغا هەرە بەربەرییەکانی مرۆڤایەتی ڕزگاریان بووە. حوکمی لەداردان، ئەتکردنێکی ترسناک، کەوڵکردن، بەزیندوویی لە گۆڕنانی خەڵکانی بێ دیفاع، ئەوانە کردارگەلێکی ترسناکی ئاسایی تورکەکانن. هیچ ناشێ ویژدانی جیهان لە بەرامبەر نمایشێکی ئاوا تۆقێنەردا ڕانەچڵەکێ. ئەمە کاری لەناوبردنێکن کە، شایانی دەوران کۆن بێ کە، قەبیلەکانی ئەتیلە کردیانە سەر ڕۆئاوا و ئەوەی تەیموورلەنگ بۆ سەر ڕۆهەڵات.

تورکەکان بێ توانان لەوەی وا بکەن گەلان خۆشیان بوێن، بێ توانان لەوەی ئەو گەلانەی کە، چەندین سەدەیە خۆیانیان بەسەر سەپاندوون، تەنیا بە زەبروزەنگ و لەناوبردن دەسەڵاتی خۆیان قایم بکەن و درێژەی پێ بدەن.

ڕاپەڕینی چەکداریی کورد بەشێوەیەکی پراتیکی تێک شکاوە. زۆربەی زۆری پاڵەوانانی ئازادی

دەستگیر کراون و بەخوێنی خۆیان خۆشەویستیی خۆیان بۆ نیشتمانی خۆیان دەربڕیوە. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆ ڕاونان، لەداردانی بەبێ دادگە و کوشتارگە هەر بەردەوامن. دادگە سەربەخۆیەکان و دادگەی عورفیی سەربازی بێ وچان کار دەکەن و بەبێ ڕەحمانە حوکم دەدەن. تورکەکان لەوانە نین کە، بزانن دەست لە خوێن ڕشتن هەڵبگرن. بەم زووانە تەواوی کوردستان، هەموو ئەو وڵاتەی چیاییە شانازیکارانە، تەنیا دەبێتە چنگێ خۆڵەمێش و کەلاوە.

یەکەتیی ئاسووریان لە حکوومەتی خاوەند شکۆی بەریتانیایی دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بەهانای برایەکانی کوردستانمانەوە بێت. کوردەکان تاقە هەڵەیان ئەوەیە کە، ئازادییان دەوێ و دەیانەوێ ئاڵای سەربەخۆیی بەرز بکەنەوە. کەوا بوو بلێ خواست بۆ ئازادی تاوان بێت؟ ئەم مافە ئاخۆ بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو گەلان لە فرە شوێنان و ئەوهێندەش لە جاڕدانی هێزە گەورەکان و بەڕاشکاویش بۆ گەلی کورد لە بڕگەکانی پەیماننامەی سیڤەردا ڕانەگەیەندراوە؟

پەیامی ئەم پەیماننامەیە بە نووکە قەڵەمێک سڕایەوە. بەڵام ڕۆحی ئەم پەیماننامەیە هێشتا زیندووە، چونکە هێزی خۆی لە هەقیقەت و سروشت وەردەگرێ کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکی گرانبەهای کوردستانە. ئەوە بە لە خوێن هەڵکێشانی چیایەکانمان نییە کە، تورکەکان ڕۆحی ئازادیی تێدا دەکوژن.

یەکەتیی ئاسوورییەکان تکا لە حکوومەتی خاوەند شکۆی بەریتانیایی دەکات دەنگ بەرز بکاتەوە بە قازانجی ئەم گەلە بەدبەختە و حوکمی لەداردان بوەستێنێ کە، خراوەتە سەر ئەوهێندە خەڵکەی کە لە ئەرغان، دیاربەکر، مووش، وان، بتلیس، سلیڤان، سێرت، گەنجە... هتد دەژین کە، هیچێکیان لە ئەشکەنجەدان ڕزگاریان نابێ بەبێ دەخالەت تێداکردنێکی خێرا و شێلگیرانەی هێزە گەورەکان.

جەنابی خاوەند شکۆ، تکایە ڕێزی زۆر شایانی ئێمە قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

دوو- کابرانی

* Sir Henry Dobbs

* Herr C. Z Kotzel

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA 150

E

N° 82

OK

DIRECTION POLITIQUE ET COMMERCIALE 13 MARS 1925 SÉRIE E CARTON 311 DOSSIER 3

CONSTANTINOPLE, le 12 Mars 1925 - 21 h.45

reçu le 13 à 2 h.30

Le moral des troupes, à la veille des opérations de répression, marque des symptômes assez défavorables. Les réservistes touchés par l'ordre de mobilisation qui, suivant les armes, intéresse de trois à quinze classes, ne rejoignent point spontanément. On compte beaucoup de réfractaires surtout au voisinage de la zone insurgée.

Les officiers appréhendent une campagne difficile. (Leur) loyalisme, dans les unités de l'est, aurait paru assez suspect pour y justifier un remaniement des cadres. Il est avéré que des officiers défectionnaires, une centaine dit-on, combattraient dans les rangs des rebelles ainsi que de nombreux déserteurs. Une certaine méthode due à leur direction préside aux opérations des insurgés dont les efforts tendent à s'emparer des centres où sont déposés les armements et les munitions, puis à regagner la montagne. Cette tactique a été employée contre Karpout et Diarbékir.

Prière de communiquer au Ministère de la Guerre./.

JESSE CURELY

165

CONSULAT DE FRANCE
EN
MÉSOPOTAMIE

DIRECTION
DES
AFFAIRES POLITIQUES
ET COMMERCIALES.

ASIE-OCEANIE.

No 52

BAGDAD, LE 12 Avril 1925

E

Communique a Beyrouth

E 911-9

LE CONSUL DE FRANCE EN MESOPOTAMIE,

A SON EXCELLENCE,

MONSIEUR LE MINISTRE DES AFFAIRES ETRANGERES.

a.s. Du mouvement Kurde.

J'ai l'honneur de communiquer ci-joint à Votre Excellence des extraits de la presse locale relatifs au mouvement Kurde.

Lors de ma récente tournée à Mossoul, j'ai pu constater que l'on n'avait sur place que très peu de renseignements à ce sujet, et Sir Henry Dobbs me disait lui-même, il y a quelques jours, que les Kurdes iraquiens paraissaient tout ignorer de ce soulèvement (cf. ma dépêche No. 22 du 4 mars dernier.)./.

K. Maigret

# KURDS & TURKS.

## Last Bond of Friendship Destroyed.

## "HAND OF MOSCOW"

### IMPRESSIONS OF A GERMAN TRAVELLER.

Herr C.Z. Klötzel, who travelled recently through Kurdistan to Persia as a correspondent of the *Berliner Tageblatt*, writes as follows in that paper:

"As we grew better acquainted with the Kurds we often asked ourselves how it was that this wild, proud, intelligent people allowed themselves to be under Turkish subjection. In reality Turkish sovereignty in Kurdistan was always more nominal than effective; so also in Persian Kurdistan until the present dictator of Persia, Reza Khan, provided his country with a small but efficient army and used it to restore order in Northern Persia.

"The Soviet Government also appears to have been quite unable to subdue its Kurds in the Ararat region; it has shrewdly contented itself with directing their bellicose energies into politically desirable channels. It would be strange if the hand of Moscow is not in the present rising. The Russian Consul General at Erzerum told me that Kurdish tribal chiefs were coming to him almost every week and saying that they wanted to join the Soviet Federation. He had to tell them as Consul that in his diplomatic position it was out of the question for him to discuss that with them, and that he must refer them to Moscow. The rest may be pretty well imagined.

"The Turks have, moreover, themselves destroyed the last bond which remained between the Kurds and themselves—that of religion. 'Formerly,' said an intelligent Kurd to me, 'we had a common Khalif, and to our religiously minded people that gave a fairly strong feeling of community with the Turks. Since the Khalifate has been cast off, like a cracked water-pipe, all that remains to us is the feeling of Turkish oppression.'

"Our escort of two gendarmes on horseback through this robber country . . . was more of moral than material value. Two guns more or less would make little difference under a surprise attack. . . . What the Kurds fear is not so much being shot at by a gendarme as shooting one. On that the whole body of the local gendarmerie is collected and destroys every Kurdish settlement for many kilometres around the side of the murder. . . .

"Naturally the Kurds do not live entirely on robbery—the opportunities are not frequent enough. They live in their villages and are thoroughly capable agricul-

turists and cattle ...

---

The Baghdad Times

• • • • • •

A manifesto has been issued to the inhabitants of the rebel area in Kurdistan by the Turkish General Staff in which it is announced that the Army of Repression has completed its preparations, and that the work of stamping out the revolt will begin. This process, it is announced, will be rapid and severe, but it will be directed only against the insurgents. Villagers are therefore summoned to declare before the nearest civil or military officials of the Republic that they do not sympathize with the revolt and are ready to join for voluntary service. Populations which have been led astray by the suggestion that their chiefs have been "bought by enemy money" can purchase pardon by handing over such chiefs and agitators to the Government. Officials are ordered to distribute this manifesto as widely as possible, and the General Staff requires to be informed of the names of the places where the manifesto has been published and where the inhabitants have declared their fidelity to the Republic, in order to have the fullest information before operations begin.

• • •

# NEW METHODS IN KURDISTAN.

## Turks Decide to Break the Shaikhs' Power.

### TRIBAL ORGANISATIONS TO BE DISPERSED.

*London, March 31.*

A Constantinople correspondent says that as a result of important secret discussions the Turkish Government is likely to introduce a bill empowering it to reorganise the administration of Kurdistan when the insurrection is crushed.

Measures will be taken to break the powers of the shaikhs, to disperse tribal organisations, and to eliminate the traditional feudal regime and substitute in its place a centralised national system under Turkish domination.

A list of rebel shaikhs who will probably be shot has been drawn up. Meanwhile Kurdish insurgents are assassinating

### Turkey Mobilising.

The news published this morning in another column regarding the "complete mobilization" of Turkey is rather startling. From the commencement of the Kurdish rebellion the Turks' communiques have been very obscure, and their motives in sending large bodies of troops into Kurdistan towards the Mosul frontier are still under grave suspicion. As the Kurds form the majority of the population in the districts north of Mosul, the revolt concerns Iraq almost as closely as it does Turkey. It will be noted that Ismet Pasha, in a speech which he made at Angora announcing the Turkish Government's decision to mobilize, explained that the Kurdish outbreak was not the only factor to be considered.

There is a curious twist in the Turks' mentality which might well lead them to believe that the presence of large bodies of Turkish troops in the region immediately north of Mosul would influence the Frontier Commission to give a decision in their favour. At all events, the despatch of a new Turkish expedition to Kurdistan at a moment when the Iraq frontier question is at a critical stage is certainly something that calls for careful watching.

It was rumoured last month that the Turks had applied to the French authorities in Syria for permission to transport up to the maximum number of 25,000 men to Syria by the Bagbdad Railway. Whether such a number could be carried on this line, which is in a bad state of repair, is considered doubtful, but it seems evident that the Turks mean to take no risks in view of the fact that a serious check might increase the strength of the insurgent Kurds. Beyond the fact that very rigorous--possibly brutal--measures have been taken by the Turks in the distant hills about 100 miles north of Mosul, it is impossible to say what has happened.

# MOBILISATION IN TURKEY.

## Kurdish Rebellion Spreading.

## "SEVERE FIGHTING"

## Ismet Pasha's Statement at Angora.

*Constantinople, April 9.*

In the Assembly Ismet Pasha admitted that the Kurdistan rebellion was more serious than press reports indicated.

He stated that insurgents had attacked places as widely apart as Melatia, Mardin, and Melazgerd, and even recently threatened Egin.

The situation looked very grave, and it seemed likely to assume much greater proportions; but the Government's prompt military measures had begun to tell.

After severe fighting the rebels had been driven back to the mountains.

The operations were not yet over. The insurgents were continuing the struggle.

Therefore—and owing to other dangers to which the country was exposed--it was necessary to order complete mobilisation.

14 April 1925.

# AN OMINOUS MOVE IN TURKEY.

## The Order for General Mobilisation.

### CRICUMSTANCES WHICH JUSTIFY SUSPICION.

*London, April 11*

The *Daily Telegrph's* diplomatic correspondent says that the statement that the Angora Government has ordered a general mobilisation of the Turkish Army can only be regarded as ominous, at the very moment when the League Commission on the Iraq boundary is about to start drafting its report, and when the Kurdish insurrection has apparently failed. Nor has official confirmation reached London of strange story to the effect that Persia is rushing up troops to the Perso-Turco-Iraq frontier, in order to check a Kurdish rush from the south-eastern vilayets of Anatolia.

167

E 2372

21 APR 1925

L' UNION ASSYRIENNE

11, rue de Vaugirard, Paris VI.

U.A./3000

Paris, le 16 avril 1925

A Son Excellence Monsieur le Ministre
des Affaires Etrangères,
Foreign Office,
Londres.

Excellence,

L'Union Assyrienne, affirmant sa solidarité et son unité de race et d'origine avec le peuple Kurde, a l'honneur de solliciter le Gouvernement de Sa Majesté Britannique d'intervenir auprès de la Turquie pour qu'il soit mis un terme à l'oeuvre de destruction entreprise par celle-ci dans le Kurdistan.

Nos montagnes sont mises à feu et à sang. Nos villes et villages sont détruits. Nos maisons sont rasées ou deviennent la proie des flammes. Les populations sont pourchassées, fusillées, massacrées en masses. Elles sont soumises à des raffinements de tortures à peine surpassés aux ages les plus barbares de l'humanité. Les pendaisons, les affreuses mutilations, les écorchements, les enterrements d'etres sans défense et à l'état encore vivant, ce sont-là des atrocités coutumières aux Turcs. Il n'est pas possible que la conscience universelle ne se révolte devant de tels spectacles d'horreurs. Ce n'est point une oeuvre de pacification que la Turquie a entreprise au Kurdistan, mais une oeuvre d'anéantissement, digne de ces temps reculés, où les hordes d'Attila fondaient sur l'Occident et celle de Timourlan sur l'Orient. Les Turcs, incapables de se faire aimer, incapables d'assimiler les peuples sur lesquels pèse leur barbarie depuis tant de siècles, ne trouvent de moyens de se soutenir et de durer que dans la violence et la destruction.

L'insurrection est pratiquement écrasée. La plupart des Héros de la liberté sont déjà tombés, payant de leur sang leur amour pour leur Patrie. Cependant la chasse à l'homme, les exécutions sommaires, et le carnage continuent. Les tribunaux d'indépendance, les cours martiales travaillent et condamnent sans merci, sans relâche. Les Turcs ne sont pas de ceux qui savent s'arrêter sur le chemin du sang. Bientot, tout le Kurdistan, tout ce pays de fiers montagnards, ne sera qu'un monceau de cendres et de ruines.

L'Union Assyrienne implore le Gouvernement de Sa Majesté Britannique en faveur de nos frères du Kurdistan. Leur seul tort est d'avoir voulu la liberté et d'avoir levé le drapeau de l'indépendance. Est-ce donc un crime d'aspirer à la liberté ? Ce droit n'était-il pas reconnu, d'une façon générale à tous les peuples dans les multiples et si retentissantes proclamations des Puissances et, expressément, au peuple Kurde dans les clauses du Traité de Sèvres ?

La lettre de ce Traité a été abolie d'un trait de plume. Mais son esprit demeure, parce qu'il puise sa force dans la vérité et la nature et qu'il répond à un besoin impérieux du Kurdistan. Ce n'est pas en noyant dans le sang nos montagnes que les Turcs y tueront les aspirations à la liberté.

168

L'Union Assyrienne conjure le Gouvenement de Sa Majesté Britanniqu d'élever la voix en faveur de ce peuple infortuné et d'arreter la sentence de mort qui pèse sur tant d'hommes arretés à Arghana , Diarbékir , Mouch , Van , Bitlis , Silvan , Séert , Guendj , etc. et dont aucun n'échappera au supplice sans une prompte et énergique intervention des Puissances .

Veuillez agréer , Excellence , l'assurance de notre respectueuse considération .

Dr Korborany

# ئەفسانەی کوردی
# لە نێوان دێرین و سەردەمدا

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئەفسانە لە کۆمەڵگەی کورددا پێوەستە بە ٤ پرسی گرینگەوە کە بریتین لە یەکەم: پێوەندیی کۆمەلایەتی، دووەم: سروشت و دەوروبەر و جوگرافیا، سێیەم: ئاین، چوارەم: مێژوو.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانە لە بیری مرۆڤایەتیدا خەیاڵ رۆڵێکی گەورەی بینیوە، خەیاڵ هەوڵ بووە بۆ بەرجەستەکردنێکی واقیعبینانەی ژیان، واتە بەرجەستەکردنی هەموو ئەو پێوەندییانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا رەنگیان داوەتەوە، واتە هەوڵ بووە بۆ پێوەندی پەیداکردن لە نێوان ساتە نووستووەکان و ساتە پڕ لە نهێنیەکانی ژیان، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەندێ نهێنی لە شێوەی نهێنیی سروشت و نهێنیی گەردوون و نهێنیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەری خۆی.

گەر ئیستێک بکەین و تێبینییەکەی "میرچا ئیلیادە"ی ئایینناسی یۆنانی لە بەرچاو بگرین کە دەڵێت: ئەفسانە گێڕانەوەی بەسەرهاتە پیرۆز و بەهەشتیەکانە، ئەوە دەکرێ بڵێین لە مێژووی کورددا ئەفسانە چینبەندکردنی ئەو رووداوانەی پشتی واقیع بووە، ئەو رووداوانەی لە بەرچاودا وەک شتێکی سەیروسەمەرە دێنە بەرچاو. یان ئیرنست کاسیرەر گوتەنی مەسەلەی ململانێی نێوان زمان و رووداوەکان بووە.

خەیاڵ لای کورد لە کردارەکانیدا بەشێوەیەکی دەوڵەمەند زاڵە، خەیاڵ واتە روانین و خەون بینین و مەزەندەکردنی ئەو شتانەی کە حەز دەکات هەیبێت، گەلێک کەم تا زۆر پێوەندییەکانی خۆی لەسەر حەز و ئارەزووەکان بنیات ناوە، واتە حەز دەکات کۆمەڵێ شتی لەدەستچوو بەدەست بێنێتەوە، کۆمەڵێ شت پێکەوە کۆ بکاتەوە، واتە ئەو بازنەیە بدۆزێتەوە کە لێوەی خۆی دەگەیەنێتە نهێنێ شتەکان، ئەم میللەتە هەوڵی دۆزینەوەی بوونی خۆی داوە، هەر کاتێ ئەو بوونانەی خەونی پێوە بینیوە و نەبووەتە واقیع خەونی پێوەی بینیووە، چیرۆکی لەبارەوە دروست کردووە، گۆرانی و حیکایەتی بۆ خوڵقاندووە.

کەواتە بوونی خۆی پێوەست بووە بە بوونی خەیاڵەکانیەوە، بوونی کۆمەلایەتی و سیاسی و

بوونی بایەلۆجی ئەو رەنگدانەوەی بوونی ئەنتۆلۆجیی ئەو بوون، خەیاڵ هەروا لە ترسەوە دروست نەبووە، بگرە بنەمایەکی پتەوی هەبووە، شتەکان بێ مەبەست دروست نەبوون، لە پشتەوەی هەر رووداوێکەوە کۆمەڵێ دروستبوونی خەیاڵی هەبووە.

ئەفسانەش وەک شێوەیەک لە خەیاڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ خەیاڵ سەرهەڵدانەکەی لەم روانگەیەوە بووە، ئەفسانە شێوەیەک بووە لە بەئاوێنەکردنی خەیاڵ، هەندێک لەو ئەفسانانە خەیاڵ دروستی کردوون و هەندێکیشیان رووداو و کارەکتەرەکانیان کردووە بەخەیاڵ، ئەفسانە وەک رەگەزێکی گرینگ لەو دەمەوە چرۆی پەیدابوونی لە لق و پۆپی کۆمەڵگەوە سەر دەردێنێ، کاتێ کە ئەفسانە دەیەوێ خەونەکان لە شێوەی گێڕانەوەی واقیعیدا ببینێ، واتە دەیەوێ پێوەندییەکان لە کۆمەڵێ شتدا گەڵاڵە بکات کە لە شتی راستەقینە بچن، بەم شێوەیە ئەفسانە درزێک لە دۆزەکانی بوون پڕ دەکاتەوە.

کەواتە دێینە سەر شیکردنەوەی ئەو چوار پرسەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، وەک گوتمان پرسەکان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بوونی خۆیان هەیە، کۆمەڵگەی کورد بەپێی دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکی پێش کشتوکاڵییەوە گەیشتووەتە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و پاشان میرنشینی و پاشان ئەمارەت و لە دواییشدا شارنشین، بەڵام لە رووی گەشەکردنی تەکنەلۆجییەوە نەبووەتە کۆمەڵگەیەکی شارستانی، پێویستییەکانی بوون بە شار تا ئەم ساتەش سستە، لە بابەت گەشەکردنی ئابووری و فیکری و تەکنەلۆجی هەنگاوی ناوە بەڵام نەیتوانیوە پێویستییەکانی بوونی بیرکردنەوەیەکی کامڵی هەبێت.

کۆمەڵگەیەک کە لە قۆناغی پێش کشتوکاڵی دەبێت جا ئیتر خێڵەکی بێت یان ئەشکەوتنشین دەیەوێ بەسەرهاتەکان و دیاردەکانی دەوروبەری لە شێوەی گێڕانەوە و وێنەدا وێنا بکات، ئەفسانەیەکی بەهێز دەتوانێت وێنەی کۆمەڵگە بەشێوەی جوان بکێشێت. واتە دەیەوێ ئەو ژیانەی خۆی لە شێوەیەکی فەنتازیائامێزدا بخاتە روو، بۆیە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانە لە بوونی کۆمەڵایەتییەوە دەستی پێ کردووە، بوونی کۆمەڵایەتی بڕبڕەی پشتی سەرهەڵدانی ئەفسانە بووە، سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی لە بابەتەکانی پێکەوەژیان و جەنگی دژ بە ڕێگرەکان بووە ئەو ڕێگرانەی کە نەیانهێشتووە مرۆڤەکان پێکەوە بژین و پێکەوە بڕیاردەر بن، واتە دژایەتیی دیاردەکانی لێک جیاکردنەوە بوون.

لەبەرئەوەی شیکردنەوەیەکی ئارکیۆلۆجیی بەرفراوان بۆ مێژووی کۆمەڵگەی کوردی نەکراوە، بۆیە سەختە بتوانرێ ئەوە ساغ بێتەوە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەفسانە لە کوێوە بووە، ئاۆ سەرەتاکەی پێوەند بە مرۆڤەوە بووە یان گیانلەبەرەوە، زۆر لە ئەفسانەکان لە رۆحی گیانلەبەرەوە داستان و بەسەرهات و بیرکردنەوەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە، دەبینین هەندێ ئەفسانە پێوەند بووە بە ئاینەوە تا مرۆڤ، بەڵام ئەفسانەی کوردی لە مرۆڤەوە دەستی پێ کردووە، کورد وەک میللەت و وەک بوون و وەک تاک لە مرۆڤەوە هەڵهێنجانی ئەفسانەییی کردووە.

بەپێی پرسی یەکەم کە بۆچوونی کۆمەڵایەتییە، کورد سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکەی بیری ئەفسانەی لە پێوەندیی خۆی و رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست کردووە، هەر بۆ نموونە رووداوەکانی خۆشەویستی، سیحر، ونبوون و کوژانەوە و دامرکانەوەی تووڕە و پێکەوەبوون و گرێدان و پێوەندیی کۆ و دەستەجەمعی هەموو ئەمانە زاراوەی ئامادەن لەو شێوە ئەفسانانە هەر هەموویان سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ئەفسانەیی بوون، لە کتێبی ئەفسانەی کوردی کە نووسەری رووسی نووسیویەتی ژمارەیەکی زۆر ئەفسانە دەبینین پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنە روو لە بابەتی خۆشەویستی، ونبوونی شازادە و گەڕانەوەی، بێ پەیمانی و موفتەلابوون بە گرێی جادوو و سزا سیحرییەکان، پاشان بێ وەفایی و پەیمان شکاندن.

هەروەها لە زۆربەی ئەفسانە دێرینەکان وشەی راست و درۆ دەبینین، وشەکانی یەکگرتن و خیانەت نەکردن و بەجێنەهێشتنی یەکتری لە ساتە سەختەکان و گەڕانەوە بەو هیوایەی بۆی چووە، پاشان گەڕان بەدووی کەسی ونبوو، تا دۆزینەوە و پەیداکردن، ئیرەیی نەکردن بەو دەسەڵات و توانایانەی کە کەسوکاری یەکتری و پاڵەوانەکان بەدەستیان هێناوە، هەروەها ئامادەبوون بۆ خۆ خستنە گەورەترین ترسناکی و سەرچڵیکردن لە پێناو رزگارکردنی کەسێک، دۆستێک، خۆشەویستێک.

ئەگەر بۆ سەرەتاکانی بوونی پێوەندییە سەرەتایەکانی کۆمەڵایەتی بگەڕێینەوە ئەوەی لە ئەفسانەی کوردیدا رۆڵی سەرەکیی هەیە پاڵەوانە، پاڵەوان لە ئەدەبی کوردی سەرەتاکەی بۆ پەیدابوونی بیری رزگارکردن دەگەڕێتەوە، ئاخۆ کەی و چ زەمەنێک ئەم پاڵەوانە بیری لە رزگارکردن کردووەتەوە ئاشکرا نییە، ئەگەر بەپێی لەدایکبوونی پاڵەوانی مرۆڤایەتی تەماشا بکەین، پاڵەوان وەک جۆزیف کامبڵ دەڵێ دەبێ دابەزێ، دەبێ لە ئاسمانەوە بگاتە سەر زەوین و پێوەندی مرۆڤایەتی لە نێوان مرۆڤ و ئەو شتەی نامرۆڤە بنیات بنێت، لە ئەفسانەکانی تری دنیاشدا شتێکی ئاسایی بووە کە پاڵەوان پێوەندی دروست بکات، چونکە مرۆڤ نەیویستووە ئەو پێوەندییە بشێوێنێ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی پاڵەواندا ئەرکی میتافیزیکیی پێ بەخشراوە، واتە کەسێک بووە لە شوێنێکەوە دابەزیوەتە سەر زەوی تا شتەکان لە شوێنی خۆیدا دانێت، هەر پێش سەرهەڵدانی خواکانی یۆنان، چەندین نموونەی پاڵەوانی ئەفسانەیی هەبوون کە پێش"ئەخیل" بوون، "ڤایناموینین" پاڵەوانێک بوو کە چووە نێو ئاینەوە، بۆیە پاش ئەویش "سەرجونی ئەکەدی" و "شاندراگوبتا" دامەزرێنەری"ماوریای" هیندۆسی و "بودا"ش وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی تەماشا کرا.

لە بیری ئەفسانەییی کوردیدا چەندان نموونەی ئەفسانەیی هەبووە وەک نموونەکانی ئەژدیها و پەری و دێو و زار و سیمرغ و گای باڵدار و عەفریت و مرۆڤخۆر و قەقنەس و..... تاد. بۆیە بیری پاڵەوان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، بیری پاڵەوان لە شێوەی دەرەکیدا جیاوازیی هەبووە لە شێوەی ناوەکیدا، پاڵەوانی ئەفسانەییی ئەو کاتە تێکەڵەیەک بووە لە مرۆڤ و گیانلەبەر، پاشان ئەو

پاڵەوانە سیفەتێکی تەواو لە مرۆڤ وەردەگرێ کە ئەمە قۆناغی دواییی ئەفسانەیە، هەر بۆیە دەبینین لە ئەفسانە دێرینەکانی کوردیدا پاڵەوان لەشی ئەسپ و سەری مرۆڤی هەبووە، جەستەی شێر و سیفەتی مرۆڤ، باڵی باڵندە و رووخساری لاوێکی قەشەنگ و ... تاد.

پاڵەوان تا لەو قۆناغە بچێتە ئەم قۆناغە پێویستی بەبڕینی مەودایەکی زۆرە، بۆیە دەبینین حیکایەتە نووسراوەکان بۆ منداڵ کە بە زمانی گیانلەبەران دەگێڕدرێتەوە گەڕانەوەیە بۆ بیری سەرەتاییی ئەفسانە ئەو کاتەی گیانداران حیکمەت و بیرکردنەوەیان نواندووە، ئەو قۆناغە پاشان چووە قاڵبی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەر، هەروەها بووەتە هۆی لەدایکبوونی دەسەڵاتی گشتی بە مرۆڤ. گواستنەوە بۆ ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی دیارە و لە قۆناغی بیرکردنەوەی ئێمەدا زاڵە، ئەم قۆناغە هەوڵە بۆ پڕکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی واتە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆکارێک بۆ دووبارە پێکەوەژیانی مرۆڤ، دەکرێ ئەم قۆناغەش قۆناغێکی دواینی بیری ئەفسانە بێت، بێگومان پێشتریش لای ئاشووری و هیندۆسەکاندا هەبووە، واتە پێشتر ئەم بیر و بۆچوونە جێگەی خۆی کردووەتەوە و هاتووەتە نێو پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانەوە.

دەکرێ بیری پاڵەوانی مرۆیی وەک سەرچاوەی کۆمەڵایەتی سەرەتاییەکی روون بێت بۆ ئەفسانەی کوردی لەوێدا پاڵەوانی ئەفسانەیی ئەو کەسانەن کە وێنەکانیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دۆزراوەتەوە و ئەوانەش وەک نموونە هەڵگری گەلێ هێمان بۆ بوونی ئەفسانەی کوردیی دێرین لە ئەشکەوتی شانەدەر و ئەشکەوتەکانی تری کوردستان و لە پەرستگە دێرینەکاندا و ئەو ناوچانەی رووبەری ئاینی زەردەشتی بوون، مرۆڤ هەڵگری ئاگرە ئەو ئاگرە هەمان ئەو ئاگرەیە کە ئاینەکانی پێشتر دەست بە دەست داویانە بە پاڵەوانەکانیان بۆ ئەوەی پەیامێک بگەیەنن؛ پەیامێک بگوێزنەوە.

ئەو قۆناغەی کە جۆزیف کامبڵ باسی دەکات، پاڵەوان وەک جەنگەوەر تەماشا دەکرێ، "ئەو شوێنەی کە پاڵەوانی لێ لەدایک دەبێ، یان ئەو وڵاتەی کە لێی دەگەڕێتەوە تا کردارەکانی لەنێو خەڵکیدا ئاشکرا بکات دەکرێ کاوەی ئاسنگەر لە ئەفسانەی کوردیدا یەکێک بێت لە گەڕانەوەی پاڵەوان و ئاشکراکردنی کردارەکانی، هەروەها دەکرێ بەشێک بێت لەو دەرگەیانەی کە بە رووی ئەودا داخراون تا بیانکاتەوە، ئەفسانەی نەورۆز باس لە کەسێک دەکات نادیارە و پاشان دەگەڕێتەوە و دەردەکەوێ و دەبێتە پاڵەوانێکی نیشتمانی بۆ ئەوەی میللەتێک لە گرفتە سیاسییەکان رزگار بکات، کەواتە ئەمە تەواو لە کارەکانی هیراکلیس و تیسیوس دەچێت.

سەردەمی دروستبوونی ئەفسانە بۆ گۆڕانکاریی باری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەگەڕێتەوە، ئەفسانەکانی تایبەت بە پێوەندیی نێوان گیانلەبەران و مرۆڤ لە ئەفسانەی کوردیدا کەمتر دەردەکەوێ، کەواتە پەیدابوونی ئەفسانە لای ئێمە لەگەڵ دروستبوونی گوند و شارەکانەوە دەستی پێ کردووە.

پاڵەوان لەگەڵ گوند و شارەکاندا دەرکەوتووە، هەروەک چۆن جیاوازیی نێوان پاڵەوانی سەرەتایی و پاڵەوانی دێو و درنج و دەعجانی جیاوازیی نێوان گواستنەوەیە لە ئەشکەوت و پێدەشتە تەسکەکانەوە بۆ فراوانیی ڕووبەر و جێنشینی و دروستبوونی شار، ژمارەیەک لە پێوەندییەکان پێوەستن بەبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە" تەمەنی جیهانی پاڵەوان لە شێوەی مرۆڤدا لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کاتێ کە زەوی بە شار و گوند دادەپۆشرێ"[1]. نموونەی ئەم جۆرە پاڵەوانیەتییە دەکرێ تەنیا لەو ئەفسانانەدا ببینێ کە ڕەگێکیان لە نێوان ڕووداوی واقیعی و ڕەگێکیان لە نێوان ناواقیعی و خەیاڵدا داکوتاوە.

بۆ نموونە لە ئەفسانەکانی تری دنیادا هەمان دیاردە هەیە، کاتێ دەڕوانینە بەسەرهاتی هۆزی یاقوت لە سیبیریا، دەبینین پێوەندییەکان زۆر وردبینانە ورد کراونەتەوە، هەروەها باس لە دێرینی دەکات، کە گێڕانەوەکەی بەمجۆرەیە " لە دەرەوەی قووڵاییەکی گەلێک دوور، جێگیر و لە ناوچەیەکی سەنتەردا، لە راوەستاوترین شوێنێ سەر زەوی لە ناوکی جیهاندا، لەو جێگەیەی کە مانگ کەم ناکات و لەو جێگەیەی کە باڵندەی واقواق بێ راوەستان دەخوێنێ، لەوێدا "کوڕی سپێ" لێیە، کوڕی سپێ لێی دا و رۆیشت زۆر دوور کەوتەوە تا بزانێت خەڵکی کوێیە و لە چ جۆرێکە، لە رۆهەڵات کێڵگەیەکی دوورەدەستی ترسناک، لە ناوەڕاستیدا گردێکی مەزن هەبوو، لەسەر ئەو گردە درەختێکی زەبەلاح روابوو، چەسپی ئەو درەختە تەنک و بۆنێکی خۆشی هەبوو. توێکڵەکەی هەرگیز هیشک نەدەبوو، هەرگیزیش درزی تێ نەدەکەوت، ئاوی ئەو درەختە وەک زیو دەدرەوشایەوە، گەڵا چڕ و پڕبەرەکەتی نەیاندەزانی سیسبوون چییە، پشیلە گچکەکانی دەوروبەری لە زنجیرەیەک پەرداخی هەڵگەڕاوە دەچوون. پۆپکەی درەختەکە بەرەو حەوت چینی ئاسماندا هەڵچووبوو، ئەو ستوونە دامەزراوە هی خوای باڵا بوو خوای "یریان ئای تۆیان"، کەچی رەگی درەختەکە چووبووە نێو قووڵایی زەوی بۆ جێگەیەک کە لەوێدا وەک ستوون بۆ راگرتنی بوونەوەرە سەیروسەمەرەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، لە رێگەی گەڵاکانیەوە ئەو درەختە راز و قسەکانی لەگەڵ بوونەوەرەکانی ئاسماندا دەگۆڕێتەوە، کاتێ "کوڕی سپێ" بەهەنگاوەکانی رووی کردە باکور لە ناوەڕاستی پێدەشتێکی پڕ لە گەڵای شین گۆمێکی شیری مەنگی بینی کە کزەبا نەیجووڵاندبوو لە کەناری ئەوانیشدا شورای شیری بینی کە دەتگوت لە شیری ترشاوە، لە باکور دارستانێکی تاریک درێژ بووبووەوە شەو و رۆژ لقی درەختەکانی بەسەر یەکتریدا شۆڕ دەبوونەوە و بە یەکیان دادەدا، هەموو جۆرە گیانلەبەرێک هاتوچۆی تێدا دەکرد، لە پشتی ئەو دارستانەش چیایەک بەرز بووبووەوە هەروەک ئەوەی کڵاوی فەروەی کەروێشکی بەسەرەوە بێت ئاوەها وەستابوو، ئەم چیایانە بە شکۆمەندییانەوە لە ئاسمان نێزیک دەبوونەوە و ئەم شوێنەیان لە رەشەبا دەپاراست، لە نێزیکیشدا دارستانێکی بچووکی پڕ لە دەغڵ گەشەی کردبوو، لە پشتییەوە ڕووبەرێکی بەرفراوان لە دارستانی سنەوبەر روابوو، لە پشت هەموو ئەمانەش لە ئاسۆوە زنجیرەیەک چیای قڵیشاوی دابڕاو دەبریسکانەوە.

کاتێ کە "کوڕی سپی" چاوی کردەوە جیهانی ئاوەها بینی، کاتێ کە لە ژیانی تەنیایی بێزار بوو، لە درەختی زل و زەبەلاحی ژیان نێزیک بووەوە گوتی: ئەی ژنە گەورە و بەڕێزی بالابەرزم، ئەی خوای دارستان و خوای وڵاتەکەم، هەر کەسێ کە دەژی هاوسەرێکی هەیە و روحێک دێنێتە دنیاوە، بەڵام ئەوە من تا ئێستەش هەر تەنیام، بۆیە دەست دەکەم بە گەڕان بەدووی ئەو ئافرەتەی کە وەک من بێت، من دەمەوێ تواناکانم بە کەسێک تاقی بکەمەوە کە لە من بچێ، دەمەوێ خەڵکی بناسم و ژیانێک بژیم کە لەگەڵ هەر مرۆڤێ بگونجێ، بۆیە لە بەرەکەتت بێبەشم مەکە، بەهەموو بێ فیزییەک لێت دەپاڕێمەوە، بۆ مەزن و بەڕێزت سەرم دادەنەوێنم و بەچۆکدا دێم."[٢]

لێرەوە پاڵەوان رۆڵەکەی دەبێتە گەڕان، گەڕان بەدووی دۆزینەوەی ئەو پێویستییانەی کە مرۆڤ دەیەوێ، واتە لێرەوە ئەرکی پاڵەوان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە گەڕان بەدووی ئەو پێویستییانەی کە هەیەتی وەک هاوسەرێتی و دۆزینەوەی کەسێک کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەو بچێت پاشان هەستنەکردن بە تەنیایی، ئەو تەنیاییەی کە هەموو ئەو پاڵەوانانە لە ئەفسانەکانیاندا لێی بێزارن، بۆیە ئەوەی کە بۆ مرۆڤ پێویستە لەم شێوە ئەفسانانە ورد بێتەوە، هەردەم مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە.

کەواتە لە ئەفسانەی کوردی کە ئەوەی لە بەردەستدا بێت تەنیا ئەو بابەتانەن کە زیاتر ئێمە دڵنیا نین بەراستی تایبەتن بەبیری ئێمە یان ئەفسانەیەکی هاوبەشن، بێجگە لەم ئەفسانەیە ئێمە ئەفسانەی خۆشەویستیمان هەیە کە پاڵەوان لە گەڕانێکی بەردەوامە بەدووی ئەو پێویستییانەی کە بەدوویدا وێڵە و هەروەها هەڵدەستێ بەئەنجامدانی شۆڕەسواری و عەگیدی و کاری دلۆڤانە، رووخاندنی چیا و تێکشکاندنی ئەژدیها و نغرۆکردنی خانەی دێوان، دۆزینەوەی سەرچاوەی ئاوی داخراو و سڕینەوەی سەرچاوەکانی مەرگ و لەناوچوون، دۆزینەوەی ئاوی ژیان و گەڕاندنەوەی رۆح بۆ جەستە.

گەر ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانی مێژوو هەڵدەینەوە بەتایبەت مێژووی کولتووری و ئەفسانەییمان دەبینین کە کاراکتەری ئەفسانەییمان پێوەندیی بە رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر بەهێزە، رۆح ، گیان، ژیان سێکوچکەی ژیانی کۆمەڵایەتین، ئەو کارانەشی کە دەکرێت ئێمە وەک کارێکی کوردی تەماشایان بکەین، ئەوانەن کە لە گوێ ئاگردانەکان شەوان وتراونەتەوە، بەڵام هەر ئەوانەش تێکەڵەیەک بوون لە ئەفسانەکانی دەوروبەرمان.

بەسەرهاتی ٧ کورەکە، سێ کچ و شازادەیەک، هەروەها چیرۆکەکانی هەڵبژاردنی ئەو پێویستییانەی کە رەنگە گەڕان بیاندۆزێتەوە، ٣ کچ پیاوێک دێتە داوایان پاش راوەستانێکی دوور و درێژ بۆ ئەو کەسە دەبێ کە ئەم نهێنییانە بدۆزێتەوە، لە بەسەرهاتی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەردا کە من بە ئەفسانەی دادەنێم لەبەرئەوەی نموونەی زۆری دووبارە لەم بابەتە هەیە، لەم ئەفسانەیەدا کەسێک ئەرکێکی مەزن ئەنجام دەدات کە کەسانی تر ناتوانن پێی هەڵسن، بەمەش ئەو گرفتە گەورەیە لەسەر شانی برێکی زۆر لە جەماوەر لادەبات، بەو پێیەی کە لە شانامەی

فیردەوسیدا هاتووە ئاوەها ئەفسانەکە راڤە کراوە "هۆشەنگ لە دوای کوشتنی باوکی سیامەک لە جێگای باپیری بوو بە فەرمانڕەوا، هۆشەنگ رۆژێکیان لە دورەوە رەش مارێکی وەدی کرد و بەردی تێ گرت و بەردەکەی لە بەردێکی تر کەوت و ئاگری لێ کەوتەوە و لەودەمەیڕا پەیان بە ئاگر و گرینگیی ئاگر برد، هۆشەنگ ئاسنگەریی کردە پیشە و ئاسنی لە خۆڵ و خاک جوێ کردەوە، لەولاشەوە جەمشید سەرقاڵی خۆ مەزنکردن بوو، تەختێکی زێڕینی سازاند و لەسەری دانیشت و فەرمانی بەچوار دێو دا کە بە ئاسماندا بیگێڕن، ئەوەندە لە کار و کردەوەی خۆی بایی بوو دەیوت لەم جیهانەدا لەو مەزنتر نییە و نەبووە و داوای لە خەڵک کرد کە بیپەرستن، رۆژێکیان شەیتان بەشێوەی مرۆڤ خۆی گەیاندە لای زوحاک و هانی دا تا هەوڵی لەناوبردنی باوکی بدات، ئەویش بە پلانی شەیتان چاڵێکی مەزنی هەڵکەند و لەو رێگەیەی کە جەمشید هاتوچۆی پێدا دەکرد، بەو شێوە باوکی کەوتە چاڵەکەوە، کاتێ زوحاک چووە شوێنی باوکی شەیتان لە شێوەی چێشتەوانی زوحاک چووە لای و شانی زوحاکی ماچ کرد و دوو مار لەسەر شانی ڕوا، هەرچەند هەوڵ دەدەن چارە بۆ ئەو دوو مارە بدۆزنەوە سوودی نابێت، شەیتان وەک پزیشک پێشنیازی ئەوە دەکات کە دوو گەنج بکوژن و مێشکی دەرخواردی مارەکانی سەرشانی زوهاکی بدەن، بەڵام هیچ سوودی نابێت و هەر بەردەوام رۆژانە و هەفتانە مێشکی لاوان دەرخواردی مارەکان دەدەن، شەوێکیان زوحاک خەون دەبینێ، کە لاوێک بە چەکوشەوە لە شێوەی سەری گا دەیگرێ و دەیبا بۆ چیای دەماوەند، زوحاک داوا دەکات ئەو خەونەی بۆ شی بکەنەوە پاشان پێی رادەگەیەن کە سەرەنجام منداڵێک لەدایک دەبێت ناوی "فەرەیدوون" دەبێ و کە گەورە بوو بە گورز پەلامارت دەدا، دایکی فەرەیدوون لە ترسی کوشتنی کوڕەکەی بە شوانکارەیەکی دەسپێرێ تا بەخێوی بکات، پاش ئەوەی زوهاک گەورە دەبێ تەمەنی دەگاتە ١٦ ساڵان لە چیای ئەلبوورز دێتە خوارێ، دایکی پێی رادەگەیەنێت باوکی ئەو زوحاک کوشتوویەتی".

ئیتر بەم شێوە دوو شێوە گێڕانەوە هەیە، دەڵێن کاوە زوحاکی کوشتووە، بەڵام بەپێی ئەو گێڕانەوەی شانامە فەرەیدوون زوحاکی کوشتووە، بۆ زیاتر ئەمە لە کتێبەکەی خەسرەو جافدا دەخوێنرێتەوە بە ناونیشانی "درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە".

کەواتە ئەگەر وەک لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی تەماشا بکەین، دەکرێ ئەمە بە سەرەتایەک بێت بۆ سەرهەڵدانی ئەفسانەی کوردی. پاشان لێرەدا پاڵەوان پاڵەوانێکی شەڕوانە بەپێی مێژووی ئەفسانەش ئەمە قۆناغی سێیەمی سەرهەڵدانی ئەم شێوە ئەفسانەیە.

## سروشت و دەوروبەر و جوگرافیا

چیرۆکە دڵدارییەکانی وەک "ئەحمەد و گوڵزار" و "شیرین و فەرهاد" و"خەرمان و خان "رەنگە سەرەتاییەک بن بۆ پەیدابوونی پاڵەوانی بەرەنگاربووەوە، ئەو پاڵەوانەی کە سەری ئەژدیها و دانی شێر و شاخی دێو چیا کونکردن دەکاتە پیشە، لەم شێوە پێوەندییەدا مەسەلەی مرۆڤ و سروشت

دێته پێشەوە، لەلای میسرییە کۆنەکان بیری ڕێکردن بەسەر ڕووباردا هەبووە، لای ئاشوورییەکان بەمرۆڤکردنی سروشت و وەرزەکان هەبووە لای گریگەکان نێزیکبوونەوە لە هەتاو و کوشتنی دێوی یەک چاو هەبووە، بەڵام لەنێو ئەفسانەی کورددا بەرەنگاربوونەوەی سروشت هەبووە، واتە مرۆڤ هەوڵی داوە شتێک لە شتەکانی سروشت بگۆڕێت.

ئەفسانە و پێوەندیی سروشت پێوەندییەکی ڕەگ داکوتاوە سەرچاوەکەی لەو سروشتەوە هەڵقووڵاوە کە ئەفسانەی لێ هاتووەتە بەرهەم، ئەفسانە دەتوانێ سەرەتاییەک بێت بۆ دەستپێکردن و کۆتاهێنان سەرەتایەک بێت بۆ بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لە ڕێگەی سروشتەوە، هەندێ جار سروشت دەبێتە هاوڕێ و هەندێ جار دەبێتە قووڵبوونەوە، سروشت دەبێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ لەدایکبوونی بیری ئەفسانە یان ئەفسانە دەبێتە شێوازێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتدا.

سروشت و دەوروبەر و جوگرافیا لە ئەفسانەی کوردیدا زۆرتر پێوەندین تا کاریگەر بن، واتە کەسایەتیی نێو ئەفسانەکان لە پێوەندیدا بەسەرهاتەکانی خۆیان بردووەتە سەر، تەنانەت گێڕەوەی ئەفسانە کاتێ کە دیمەن و ڕووداوەکانی بەکار هێنانەوە، ویستوویەتی سوود لە شوێن وەربگرێت، بەمەبەستی گۆڕین و کارتێکردن، بۆ نموونە چیا لە ئەفسانەی کوردیدا سیمبولەکانی پێوەندیی حەشاردان و پاراستن و پتەوی بووە، دەشت و دەر پێوەندیی ئازادی و بیرکردنەوەی بووە، دیمەنەکانی تری سروشت وەک ڕووبار و کانیاو گژوگیا و دارودرەخت ئەرک و کرداری تریان هەبووە، لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکاندا ڕووبار دەبێتە هاوڕێ و هاودەم ، درەخت دەبێ بەمرۆڤێکی گوێگر، کانیاو دەبێتە ئاوێنە، درەخت دەبێتە پشت و پەنا، هەروەها وشکایی و هەتاو و گەرما دەبنە کاراکتەری چەوسێنەرەوە.

لەو ئەفسانانەی کە لە ناوچە چیاییەکاندا هەن سیفەتەکانی سەختی و گرانی و پتەویان هەڵگرتووە، بۆ نموونە گیانلەبەری خەیاڵی سەیر سەیر دەردەکەون کە شێوەی چیایان هەیە ئەمانەش دەکرێ شێوەیان لە ئەژدیها و دێو و درنج و هەمیشەش نێزیکبوونەوەیەکیان هەبێت لەگەڵ ئەشکەوت و کێو و تاوێر، بەڵام ئەو ئەفسانانەی لە دەشت و دەرەکان ڕوو دەدەن باس لە نهێنی و سیحر و گەردەلوول و با و نموونەکانی تری گیانلەبەری خەیاڵی دەکەن، وەک هۆمایۆن و سەمەندەر و قەقنەس.

لە بیری کەسی بیاوان و دەشتنشیندا بەرفراوانییەک هەیە، ئەو بەرفراوانییەش ئیلهامەکەی لە سروشت و بەرفراوانیی دەشت و بیاوانەوە وەرگرتووە، مەودای بینین و بیرکردنەوە و بیستنی ئاسۆیانەیە، واتە ڕوانگەیەکی قووڵی بینینی هەیە، ئەو ڕوانگەیە لەو کراوەییەوە هاتووە کە لە بەرچاویدا قوت بوونەتەوە، کاراکتەرە ئەفسانەییەکانی ماری درێژ و ئەژدیهای درێژ و ڕووبارە دەبێتە کەڵبەی درێژ، واتە کاراکتەرەکان وەک شێوە سروشتەکەی وێنا دەکرێن، هەروەها ڕووبەر و مەودا لە سروشتەوە دەچێتە نێو ناخی ئەو و ئەویش لە دەربڕینەکانیدا دەریان دەخات، کە ئەمەش

بۆ خـۆی ڕەنگدانەوەی لە هـەمـوو کـار و کـردەکـانی پێکهـاتنـی ئەفـسـانـەییی ئەودا دەبێت، بەڵام ئەفسانەی ناوچە چیاییەکان مەوداکانی زۆر فراوان نییە بۆیە کاراکتەرەکانیان هەردەم زەبەلاحن و مەزنن وەک چیاکان و بەرچاوی مرۆڤ دەگرن تا مەودا فراوانییەکە نەبینێت، لە زۆربەی ئەفسانە چیاییەکانی کورددا باس لە بوونی دیوار و گرتن و تاریکی دەکرێ، بەڵام هی دەشتەکان بیر تێیدا زاڵە و خەیاڵ دەڕوا سنووری سەیر سەیر دەبڕێ.

ئەفسانەی ڕۆهەلات کە سەرچاوەیەکی خەیاڵی قووڵتریشی هەیە لە ئەفسانەی یۆنانی، باس لە پێوەندییـەکانی نێـوان سـروشت و مـرۆڤ زۆر دەکـات، لە سـۆمـەر و ئەکـەد و ئاشـووردا نموونەی پێوەندیی نێوان سروشت و مرۆڤ زۆر بەرفراوانە، گیلگامیش هەموو ئەو سیفەتانە هەڵدەگرێ کە لە شێردا هەیە، بوونی ئەنکیدۆ[3] بوونێکی سروشتییە، مامەڵەکردن لەگەڵ دیمۆزی[4] مامەڵەکردنە لەگەڵ سەختیی ژیان و گەرمیی کەژ و وشکاییی سروشت، مامەڵەکردنی میسرییەکان لە ڕێگەی بەســەرهـاتی ئـیـزیس و ئـۆزیریس چیـرۆکی خـۆشـسـاڵی و وشکەسـاڵیی مـیـسـری کـۆنمـان بۆ دەگێڕێتەوە، بەم شێوەیەش داستانە میسرییەکەش دەست پێ دەکات "کاتێ هاتیتە دنیاوە، هاوکات ڕاگەیەندرا مامۆستایەکی پڕ لە ڕووناکی، دانایەکی ڕەها لەدایک بووە، ئێوە چڵەگەنمی سەرشار لە هەتاون هاتوون تا خەڵکی لە ترسناکییـەکـانی ڕاو ڕزگار بکەیت، ئێوە تووڕەییی ڕووباری نیل و جووتیار و کولتوور و مەدەنییەتی بەهەر چوار گۆشەی دنیادا پەلت هاویشتووە، ئەوەندە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، دواجار بۆت ئاشکرا دەبێ کە تۆ سـەرچاوە و سـەرەتای هەمـوو چاکـییـەکانی دەوروبەری خۆتیت"[5]. هەر بۆیە لەم ئەفسـانەیە پاڵەوانەکـان دەبنە هۆی بـووژاندنەوەی زەوییزار و خۆشبەختی بۆ ژیان، هەر ئەمە بۆ خۆی دەبێتە هۆی شیکردنەوە و خۆشبوونی ژیان.

کەواتە لە سـەردەمـە کۆنـەکانەوە سروشت بەشـێوەیەکی ڕاسـتـەوخۆ پابەند کراوە بە گەرمی و ساردی و لافاو؛ بەپێتی و قاتوقڕی و گەردەلوول و نغرۆ بوون، لە وڵاتەکانی نێزیک دەریادا هەردەم کاراکـتـەرە شـەڕخـوازەکان لە گیـانداری دڕندەی ژێر ئاو دەچن، تووڕەییـیـان لە شـەپۆلی دەریا و ڕەنگیـان لە شـینایی دەریـا دەچێ، بەردەوام ئەفـسـانەی ئـەو ناوچانە پێـوەندییـەکی ڕوحـیـان بە ڕەشەبا و دەریاوە هەیە.

ئەفسـانەی کوردیش بەپێی ئامادەبوونی جوگرافیاییی خۆی کەم تا زۆر ناوچەکەی پێوەندییەکی ڕاسـتـەوخـۆی بەهـەمـوو ئەو ڕووداوانەوە هەبووە کـە لەو نـاوچانە ڕوویان داوە، بـەپێی ئەوەی کـە زۆربەی ڕووداوە سـروشتییـەکانی مێژووی وڵاتی میزۆپۆتامیـا و فیرعـەونییـەکان و دروستبـوونی گرفتە مەزنەکان بەدووی یەکتردا هاتوون بۆیە کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستبوون و پێکهاتنی کاریگەری ئەفسانەی کوردییەوە، کورد زۆرتر کارەکتەرە سروشتییەکانی دەشت و دەر و چیاکانی بۆ گیـانلەبەر گۆڕیوە، بەڵام بەلایەکی ئەرێنی نەک نەرێنی، سـروشت پێـوەندیی لەگـەڵدا دروست کـردووە، جـارجـار لە نـاوچە زۆر سـارد و زۆر گـەرمـەکـاندا دوژمـنایەتیی سـروشت و مـرۆڤ دەردەکەوێ.

هەر بۆ زیاتر هێنانەوەی نموونە زیندووەکانی ئەفسانەی کوردی دەتوانین تەماشای نموونە فۆلکلۆرییەکانی کورد بکەین لە بابەتی ئەفسانەی "ئەحمەد گاوان" کە تەواو ئەفسانەیەکی خەیاڵییە هەندێ نموونەی سروشتیی تێدایە لە بابەتی کێو و ئەشکەوت و کانی "ئەفسانەیەکی تەواوە و دێو و پەری دوو کچی گوڵبارین و دوو ڕابرین هەروەها وڵاتی دێو و پەریانی هەیە"[٦]. دەتوانین بۆ زیاتر ئاشنابوون بە تێکستی ئەفسانەیی بڕوانینە ئەو کۆمەڵە ئەفسانانەی کە باس لە پێوەندیی مرۆڤ و گیانلەبەر دەکەن، وەک "تەیری هەزار تەیر" و "مەڕۆکە و بزنۆکە" و "خاکمار"[٧].

لە ئەفسانەکانی "حەمەدۆک و ئەنگوستیلە" و "گورگ و ئێستر"یش نموونەی پێوەندیی نێوان سروشت و ئەفسانە بەتەواوی دەردەکەوێت، پێ دەچێت کورد مامەڵەکردنی ئەفسانەییی لەگەڵ سروشتدا زۆر بە بەرفراوانی بەکار بردووە، لەبەرئەوەی دەوروبەرەکەی کاریگەری دەروونیی زۆر گەورەی لەسەر هەبووە.

## ئەفسانە و ئاین

زۆربەی زۆری ئەفسانەکان لە رووی جوگرافیایی و ئەو زەوینەی لەسەری دەجووڵێنەوە نێزیکایەتییەکی زۆریان پێکەوە هەیە، هەروەها زۆربەشیان لەوە دڵنیان کە بۆ یەک سەرچاوە دەگەڕێنەوە، بیری داهێنان و نووسین سەرچاوەکەی لەوێوە یەک دەگرێتەوە کە باس لە چی دەکەن هەر بۆ نموونە بەسەرهاتی نەورۆز بە زۆر شێوە هاتووەتە نێو بیری ئەفسانەی کوردییەوە، لە فارس و ئەفغان و وڵاتانی ئاسیاشدا هەبووە.

ئاین و ئەفسانە لە بیر و لێکدانەوەی ئەفسانەی کوردیدا شوێنەواری خۆی هەیە کاریگەرییەکانی بۆ پێش پەیدابوونی ئاین لەنێو میللەتی کورددا دەگەڕێتەوە، کورد وەک یارمەتیدەرێ سوودی لە ئەفسانە وەرگرتووە، سوودی وەرگرتووە بۆ تێگەیشتن لە دروستکەر و خوڵقێنەری ئاسمان و زەوی و ژیان، پێش سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشتی کە بە یەکێک لە ئاینە دێرینەکانی کورد دادەنرێ، کورد سوودی لەو ئاینە وەرگرتووە بۆ راڤەکردنی پرسیارەکانی بوون و دروستبوونەوە و کۆتاییی ژیان و دنیا، هەروەها سوودی لە ئەفسانە وەرگرتووە، لە وێنە و ئەو سەرچاوانەی کە دۆزراونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد بڕوای بە هێزێکی گەورە هەبووە ئەو هێزەش بە وێنەی هەمەچەشن نەخشاندوویەتی، گەر تێبینیی وێنەکانی سەر ئەو پاشماوانە بکەین کە دۆزراونەتەوە هەموو کات شێوەکانی سروشت دەبینین، وەک هەتاو و باران و زەوی و برووسکە و چیا، هەروەها تێبینیی دەسەڵاتی سروشت بەسەر مرۆڤەوە دەکەین کە ئەمەش مانای وایە ئەو کاتە زیاتر کورد بڕوای بە هێز هەبووە لە هەموو شتەکاندا، هەر پاشانیش کە ئاینی زەردەشت لە ناوچەکەی ئەودا بڵاو بووەوە، شێوەکانی سروشت لەو ئاینەشدا رەنگی دایەوە لە بابەت رووناکی و ئاگر و خۆڵەمێش.

(هەر بۆ نموونە کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئاینییەکانی هیندستان، بەمجۆرەی خوارەوە وەرم

گرتووە بۆ بەراوردکاری لەگەڵ ناوی خواوەندەکانی میدی و پێش زەردەشتیان کە دەکرێتە ٣ بەش "خودایانی ئاسمان" و "خودایانی زەوی" و "خودایانی نێوەند")[٨]. کەواتە بەو پێیەی سەرەوە ئاین لەو کاتەشدا بەشێک بووە لە سیفەتەکانی ئەفسانە و سروشت و ڕووبەر، واتە ئاین پێوەست بووە بە شتەکانی دنیاوە، کاتێکیش ئەو ئاینە دەگاتە زەردەشت هەر لەو تەوەرەدا دەسووڕێتەوە.

کە ئاینەکان دەبنە سەرچاوەیەک بۆ وێناکردنی ژیان و سروشت و دەربڕینی هێزی سروشت پێویستیان بە هێزێکە لە دەرەوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی عەقڵ "کە زەردەشت دێت و زەردەشتییەت سەرهەڵدەدا وەک ئاینێک یەکسەر بڕوا بە خواوەندی تاک و تەنیا دەهێنێ ئاهورامزدا هێزی رووناکی و ژیان و ناخ و فیکر ئەهریمەن هێزی تاریکی و مردن و بەڵا و نەخۆشییە لە هەمان کاتدا دەبینین لە سەردەمی زەردەشتیشدا "گا" دەوری پیرۆزی خۆی ون ناکات، کاتێ کە مرۆڤ دەستی بەمردوو دەکەوێ دەبێ خۆی بە "میزی گا" تەعقیم بکات، یان بشواتەوە".[٩]

گا وەک نموونەیەک لە زۆربەی ئەفسانەکانی ئاشوور و سۆمەردا بوونێکی ئەفسانەیی هەبووە، ئەو گایە لە هەندێ ئایندا سیمبولی پیرۆزی بووە، ئێستەش هیندۆزەکان بە سیمبولی پیرۆزی تەماشای دەکەن، واتە سیمبول بووە بۆ بەرەکەت و خێر و زیادکردن، هەر ئەمەش وای کردووە لە ڕێگەی ئاینەوە بێتە نێو ئەفسانەکانەوە، وەک نموونەیەک بۆ ڕووبەرووبوونەوە و زیادکردن و مەزن بوون.

کەواتە پێوەندی ئاین و ئەفسانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تا چ رادەیەک کاریگەری لە نێوان بڕوا و ئەو شتانەدا هەیە کە لەو ئاینەدا بەکار هاتوون، لە ئەفسانەی دێرینی کورردیدا تووڕەبوونەکانی خوا بەشێوەی ژیان و دووبارە زیندووبوونەوە، هەروەها نموونەی ئەفسانەیی لە کتێبە ئاینییەکاندا دەردەکەوێ لەبارەی مردن و ژیانەوە و دروستبوون و پێکهاتنی زەوی و سەوزبوون و هیشکبوونی سروشت.

پاشان لە ئاینی زەردەشتی کە ئاینی کۆنی کوردە وشەی سروشت بە بەربڵاوی پیرۆز کراوە " کەواتە کاتێ شاخ لەلای زەردەشتیاندا وەکو خاک رەفتاری لەگەڵ نەکراوە بگرە سەردەمێک شاخ پیرۆز نەبووە وەکو خاک کە گیا و گوڵ و دارودرەخت گەنم و دانەوێڵە وەبەرهەم دێنێت نەک وەکو شاخ کە رووەکی لێ شین نابێت بەواتایەکی تر ژیان وەبەرهەم ناهێنێ یان کەرەستەکانی ژیان"[١٠].

ئەم کاریگەرییە لە ئەفسانە نوێیەکانیشدا رەنگ دەدەنەوە، تا دەگاتە نێو ئاینی ئیسلامیش، مرۆڤی کورد هەوڵی داوە وێنە ئەفسانەییەکان ببەستێتەوە بە ئاینەوە بەڵام بەشێوەیەک کە ئەرکی هەبێت، واتە بەبێ هیچ ئەرکێک هیچ کاراکتەرێکی ئەفسانەیی پێوەندی ئاینی لەگەڵ مەسەلەکاندا دروست نەکردووە، واتە بەبێ هیچ پێوەندییەکی کۆن و دێرین ئەو کاراکتەرانە هەروا نەخراونەتە نێو چوارچێوەی نووسینەوە، لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام سزادان لە کەسانی

خراپ لەو ئەفسانانەدا وا تەعبیر دەکرا کە سزای قووڵی پێوەندییەکانن، مارێکی مەزن دەچووە لەشیەوە، ئەندامەکانی لەشی دەبوونە دوژمنی، خەونی بەدنیایەکی تاریکەوە دەبینی، مرۆڤەکانی دەگۆڕان بۆ گیانلەبەر، منداڵەکانی دڵیان لە لەشی دەهێنایە دەرێ، رۆحێکی شەڕانی ئۆقرەی لێ دەبڕی.

کاتێ ئاینی ئیسلام دێتە نێوەندەوە پێوەندیی ئەفسانە دەبێتە تۆڵە، تۆڵەسەندنەوە لە شێوەی ئەوەی کە پێوەندییەکان سەرتاپا سەرەونگوون دەبن، فریشتە شەڕانییەکان دەبنە میوانی، شەیتان دەچێتە گیانییەوە، وردە وردە لە پاڕانەوەکان دوور دەکەوێتەوە، هەروەها کاراکتەرەکان برێتین لە جنۆکە و تارمایی و رۆحە زیندووبووەکان و تەرمە هەستاوەکان...تاد.

لە رووی مێژووەوە زۆرێک لە چیرۆک و شوێنەوارە ئەفسانەییەکان پێوەندییەکی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئاین و میللەتەکانی تردا "زۆر شوێنی کوردستان بە (قەڵای گاوران) (ئەشکەوتی گاوران) و (دۆڵی کافران) و زۆری تر بەناوی (گاور) ناو دەبرێن"[١١] بۆیە شوێن نەک لای زەردەشتییەکان پێشتر لە ئاینەکانی تریشدا هەر هەبووە، دیمەن و شتەکانی سروشت حیسابیان بۆ کراوە، واتە ئەو دیمەنانە بەشێک بووە لە پێوەندیی رۆحیی ئەو کاتە.

کەواتە بیری داهێنان و نووسینی فۆلکلۆری کە سەرچاوەیەکە لە گێڕانەوەی خەڵکی کاریگەرییەکانی ئاینی بەسەرەوە بووە، نەک ئەمەش بڕێکی زۆر لەو گێڕانەوانە کەم تا زۆر لەگەڵ ئاین و بیری ئاینی پێش خۆیاندا تێکەڵ بوون، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت کورد بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام نەیتوانیوە بەدابڕاوی لە نێوان مێژووەکەی خۆی و مێژووی دەوروبەرەکەی ئەفسانەیەکی تەواو پاراو و پەتیی تایبەت بەخۆی هەبێ بەردەوام کاریگەرییەکانی دەوروبەری بەسەرەوە بووە.

هەر بۆ نموونە لە ئەفسانەی کوردی کاریگەری ئاین گەلێ مەزنە، لەو ئەفسانە دێرینانەی کە لە بەردەستدا ماون، کاریگەری ئاینی زەردەشتی لە ئەفسانەکانی نەورۆز و دێوەکان و ئەو ئەفسانانەدا ماوە کە باس لە دڕندەیی و هێزی گیانلەبەرە ئەفسانەییەکان دەکەن، بەڵام لە ئەفسانەکانی پاش ئەو سەردەمە واتە پاش پەیدابوونی ئاینی ئیسلام کاریگەری ئاین زۆر گەورەیە بۆ نموونە ئەفسانەکانی" خدری زیندە" و "شێخی سەنعان" و "غەوز" و "باباگوڕگوڕ" و دەیان نموونەی تر کە لە کوردستاندا تا ئەم ساتەش وەک ئەفسانەیەک تەماشا دەکرێن، زۆر لە سەرچاوە و مەرقەدە ئیسلامییەکان چیرۆک و بەسەرهاتی ئەفسانەیی سەیریان لێ دروست کراوە، زۆربەیان باس لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی سەیر سەیر دەکەن، لەمەڕ هێز و توانای ئەو ئیمام و مەرقەدە ئیسلامییانەی لەو سەردەمەدا ماون ئەو شتانەی کە زۆر دەگێڕدرێنەوە و لە شێوەی ئەفسانە ئامێزدا باس دەکرێن، باس لەو رێگریانە دەکەن کە ئەم شوێنانە دروستیان کردووە، رێگرتن لە نەبردنی شەقام و شکانی هێز و دەرکەوتنی رووناکی و چاککردنەوەی کەسانی پەککەوتە، هەروەها سەرهەڵدانی رووداوی پشت بەستووە بە ئیمام و جنۆکە و شێخ.

لە رووی هونەری ئەفسانەییەوە ئەفسانە ئاینییەکان تا رادەیەکی زۆر زیادەڕۆییی پێوە دیارە، واتە زۆر لە گێڕانەوەکان زیادەڕۆییان بۆ کراوە و رەنگە سەرچاوەکەشی لە بڕوا و ترسەوە هاتبێت، کاریگەری ئاینی ئیسلام کاریگەرییەکی ئەفسانەئامێز بووە بۆیە ئەو ئەفسانانەی پاش هاتنی ئیسلام لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەرکەوتن مۆرکێکی ترسئامێزیان پێوە دیارە، زیاتر مەبەستی بڕواخوازی لە پشتەوەیە تا هونەری گێڕانەوە، کارەکتەرە ئەفسانەییەکانیشیان بەزۆری لە یەکتری دەچن کە ئەمەش بۆ خۆی وای کردووە بیر و لێکدانەوەکان لە یەکترییەوە نزیک بن.

سەرچاوەیەکی تریش هەیە لەو رێگەیانەوە دەتوانین کوردیبوونی ئەفسانەکان دەستنیشان بکەین، ئەویش ناوهێنانی جوگرافییانەی ناوچەکانە لەنێو ئەفسانەکاندا، بۆ نموونە ئەفسانەمان هەیە باس لە کێوی پیرەمەگروون و حەسارۆست دەکات، یان ئەفسانەمان هەیە کاراکتەرە سروشتییەکانی بەناو ماون وەک "وەکاشە" و "دۆڵی گورگان" و "کچان" کە ئەمانە هەموویان ناوی جێگەن، کەواتە جوگرافییەکی ناسراوە، هەروەها ناوچە هەیە تەواو بەشێوەیەکی بەربڵاو جێگەی خۆی لەناو ئەفسانەکاندا کردووەتەوە، ئەمەش بۆ خۆی ئەو راستییە دەردەخات کە بیری ناوچە و جوگرافیا و سروشت پێوەندییەکی نەپساوەیان پێکەوە هەیە.

زۆر لە ناوی ناوچەکانی کوردستان ناوی ئەفسانەیین، ئاماژە نین بەهیچ مانایەکی جوگرافیایی، کۆمەڵایەتی و ناوی تاکەکەس، بگرە ناوی شتگەلێکن کە زۆرجار لە رووداوی ئەفسانە دەچن، پاشان زۆر گوند و گردۆڵکە لە رووداوێکی خەیاڵئامێزەوە ناویان پێ سپێردراوە، یان زۆرجار بۆ هەر شوێنێ/ کانییە جۆگەلەیەک ناوێکی ئەفسانەئامێز هەیە، ئەم شتەش پێویستی بەلێکۆڵینەوەی قووڵ هەیە، لە رووی شوێنەوارناسی و شیکردنەوەی فۆلکلۆرییەوە، پاشان دەبێ لە رووی ئەفسانەناسیشەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت.

## پاڵەوانی ئەفسانە

پاڵەوانی نێو ئەفسانەی نوێ جیاوازە لەگەڵ ئەفسانەی کۆندا، سیفەتی پاڵەوان لە ئەفسانەی دێرین لەوەدا بووە کە بتوانێ هەبێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ، لە ئەفسانەی یۆنانیدا پاڵەوانەکان دروست دەبوون و دەمردن و دەژیانەوە، لە سۆمەرییەکان هەر بەهەمان شێوە، بەڵام لە ئەفسانەی مۆدێرندا کەسایەتی ئەوەیە کە شتێکی تایبەت ئەنجام بدات و بەردەوام بێت، ژیانەوەی بۆ نییە بەڵام دەتوانێ کەسایەتییەکی تایبەت بێت، زۆربەی ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەی کە پاش سەدەی هەژدەم دروست بوون کەسانی ئاسایین.

پاڵەوانی ئەفسانەیی لەو سەردەمەدا بریتین لە کەسانی سیاسی و کولتووریی کەسانی رزگارکەر، بۆ کۆمۆنیستەکان لینین نموونەیەکی ئەفسانەیی بوو، بۆ دژایەتیکردنی ئاپارتهاید (دژ بە جیاوازیی رەگەزایەتی) نیلسۆن ماندێلا ئەفسانە بوو، بۆ شۆڕشی تەکنەلۆجی دۆزینەوەی رادیۆ لایەن مارکۆنی کارێکی ئەفسانەئامێز بوو، یاخۆ دۆزینەوەی کارەبا لەلایەن (ئەدیسۆن) بە

ئەفسـانەیەکی سـەردەم دادەنرێت، کـەواتە هـەر سـەردەمـە و هەر قـۆناغـە پاڵەوان و نموونەی ئەفسانەییی خۆی هەیە.

هەندێک پێیان وایە کەسانی ئەم سەردەمە نابنە کەسانی ئەفسانەیی، کەسی ئەفسانەیی ئەو کەسەیە کە پێوەندییەکان دەدۆزێتەوە، واتە رێگەچارەیەک بۆ هەموو ئەو گرفتانە دەدۆزێتەوە کە دەبنە رێگر لەبەردەم پێشکەوتن، واتە رێگەیەک ئاشکرا دەکات کە پێشتر کەس ئەو رێگەیانەی ئاشکرا نەکردووە، رێگەیەک دەدۆزێتەوە کە رێگرە لە بەردەم دووبارەبوونەوە.

پاڵەوانی ئەفسانە ئەو کەسەیە پێوەندییەکانی نێو چیرۆک بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرجەستە دەکات، پاڵەوانی نێو ئەفسانە هەوڵ دەدات گشت پێوەندییەکان لە خاڵێکدا پێکەوە ببەستێتەوە، زۆربەی ئەوانەی کە ئەم شێوە پێوەندییانە دەخوێننەوە هەوڵی ئەوە دەدەن، تا پردێک لە نێوان خۆیان و دەوروبەریان دروست بکەن.

پاڵەوانی نێو ئەفسانەی کوردی هەوڵی داوە ترسناکییە تایبەتییەکان دەستنیشان بکات و بارودۆخی رووداوەکان لە حاڵەتی تراجیدییەوە ببات بۆ کۆمیدیا، واتە پاڵەوان بە سادەیی دێتە پێشێ و پاشان لە حاڵەتێکی تایبەتیدا کە حاڵەتی گۆڕانکارییە لە ئاسانەوە بۆ رووداوە، پاڵەوان دێتە ناوەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر رووداوەکان هەبێت، هەندێ جار رووداوەکان روویان داوە و ئەو دێت چاکیان دەکاتەوە و رێڕەوەکەی دەگۆڕێ، یا ئەوەتا روویان نەداوە، بەڵام ئەو دێت ئاشکرایان دەکات، لەم حاڵەتەشدا دوو کاریگەری لە دەرەوەی هێز و توانای پاڵەوانەوە کار دەکەنە سەر رووداوەکان. لە هەموو سەردەمێکدا حاڵەتەکان بەم شێوەیە بووە، چ لە سەردەمی ئەفسانەی دێرین، یاخۆ ئەفسانەی نوێ، پاڵەوانی قەڵای دمدم دەکرێ بە پاڵەوانانی ئەفسانەی نوێ لە قەڵەم بدرێ، بەڵام ئەفسانەی "حەوت براکە " و "شازادەی نووستوو" پاڵەوانەکانیان ئەفسانەی دێرینن.

لە ئەفسانەی یۆنانیی کۆندا "پاڵەوان واز لە ژیانی ئاسایی رۆژانە دێنێت و بەدووی موعجیزەدا دەگەڕێت، موعجیزەی سەرووی سروشت، گەر بەسەر هێزە مەزنەکاندا سەرکەوێ و سەرکەوتنێکی هەمیشەیی بەدەست بێنێت، ئەوە لەو گەشتە پڕ نهێنییە بە توانایەکەوە دەگەڕێتەوە تا خۆشی و توانا بە مرۆڤە هاوڕەگەزەکانی خۆی ببەخشێت. برۆمیسۆس چووە ئاسمان ئاگری لە خوا دزی، جارێکی تر گەڕایەوە سەر زەوی"[١٢].

پاڵەوانی ئەفسانە یان ئەوەتا دەبێتە رزگارکەر یان قوربانی، لە ئەفسانەی نوێدا پاڵەوانی ئەفسانەیی هەموو کات قوربانییە یا ئەوەتا برێکی زۆر لە تەمەنی خۆی دەکاتە قوربانی یان گیانی خۆی لەدەست دەدات، ئەفسانەی نوێ نوێنەرایەتیی شتە خەیاڵییە بەچاو نەبینراو و بە عەقڵ مەزەندەکراوەکان، پرۆسەی بە پاڵەوانبوون هەوڵە بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو رووداوانەی کە پێشتر سەرسوڕمانیان لای مرۆڤ دروست کردووە، هەوڵە بۆ کردنەوەی دەرگە داخراوەکان ئەوەی کە بە کەس ناکرێتەوە.

لە مێژووی ئەفسانەی نوێی کوردیدا ناوەکانی ئەفسانەیی زۆرن کە دەکرێ بەسەر ٣ گرووپدا دابەش بکرێن، گرووپی ئەفسانە نیشتمانییەکان کە دەکرێ خۆیان لە سەرکردە و سیاسی و نموونە نیشتمانپەروەرەکاندا ببینەوە، گرووپی دووەم ئەو نموونە رۆشنبیری و کولتوورییانەن کە نموونەیان نییە و دووبارە نابنەوە، نموونەی سێیەم ئەو شتە خەیاڵییانەن کە لەم سەردەمەیەدا دەگێڕدرێنەوە وەک سەرهەڵدانی موعجیزەی سروشتی و کاری مەزندەنەکراوی تاکەکەس و هەڵتۆقینی هەندێ نموونەی کەسایەتی کە پێشتر مرۆڤ مەزەندەی نەکردووە و چاوەڕواننەکراو بووە کە شتی وایان لێ ببینێ.

ئەو سێ حاڵەتەی سەرەوە کە خستمانە ڕوو لە هەندێ ڕووەوە لەگەڵ نموونەی ئەفسانەی کۆندا یەک دەگرنەوە، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە لە نێوان ئەفسانەی کۆن و نوێ، ئەوەیە کە ئەفسانەی نوێ تا بۆی بکرێت لە فەنتازیا دوور دەکەوێتەوە، ڕووبەری خەیاڵ ڕووبەرێکە لەگەڵ واقیعدا یەک دەگرێتەوە، خەیاڵ هەوڵ دەدا دەرگەیەک بێت بۆ نزیکبوونەوە لە واقیع نەک دوورکەوتنەوە بێت، خەیاڵ هەوڵ دەدات بازدان نەبێ بەسەر واقیعدا بگرە بەکاربردنی خەیاڵ بێت بۆ گەورەکردن و فراوانکردنی مەوداکانی بیرکردنەوە.

شۆڕشەکانی کورد لە هەندێ حاڵەتدا نیمچە ئەفسانەیەک بوون لە بەگژداچوونەوەی ئەو دوژمنە زەبەلاحانەی کە بە کەمترین توانای مرۆیی و چەک و ماتەریالییی نشووستی پێ هێنراوە، هەروەها وەستانی کەسانی شۆڕشگێڕ بەرامبەر بە دوژمن شێوەیەک بووە لە خۆبەختکردنی ئەفسانەیی، سەرەڕای ئەوەی کەسانێک هەبوون بەدەستی ئەنقەست ویستوویانە ڕەنگدانەوەی ئەو ساتە ئەفسانەییانە بن کە کەسانی تر چاوەڕوانی نەبوون، کەواتە بیری ئەفسانەیی لەنێو بیری سیاسی و شۆڕشدا نموونەیەک بووە لە ئەفسانەی نوێ، ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە دوژمن شێوەیەک بووە لە تۆمارکردنی بارێکی ناوازە لە بەرهەڵستکاری، بەڵام لە هەمان کاتدا شێوەیەک بووە بۆ پێداچوونەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە سەردەمەکانی پێش خۆی ڕووی داوە و کەسی پاڵەوان دەیەوێ شوێنێکی نوێ لەو جێگەیەدا بۆ خۆی بکاتەوە.

کەسانی گۆرانیبێژ و شاعیر و نووسەر و مۆزیکژەن و کەسایەتییەکانی زانست و کۆمەڵایەتی دەکرێت ببنە ئەفسانەی نوێ، شاعیرێک بۆ ئەدەبی کوردی دەکرێ ئەفسانە بێت و جیاواز بێت لە هەموو شاعیرەکانی پێش خۆی، نالی دەکرێ ئەفسانەیەکی شیعری بێت، خانی داستاننووسێکی ئەفسانەیی بێت بۆ گەلی کورد، کەسێکی داهێنەر شتێک دابهێنێ کەسانی تر دایان نەهێناوە، هەروەها داهێنەر بەردەوام ئەفسانەیەکە بەڵام ئەفسانەیەکە لە سنوورێکی دیاریکراو.

هەندێ نموونەی ڕووداوی تایبەت لە بابەتی ڕوودانی خەیاڵئامێز دەکرێ بچنە خانەی ئەفسانەوە، کەسێک دەتوانێ بەتوانایەکی تایبەت کارێک ئەنجام بدات، ئەمانە هەرچەندە دەچنە خانەی بەرفراوانیی سایکۆلۆجی و پاراسایکۆلۆجی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەچنە خانەی هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی خانەکانی بیرکردنەوە.

کەواتە لێکۆڵینەوە لە توانای ئەفسانەیی لە بیرکردنەوەی ئێمەدا ئەو جیاوازەی هەیە کە ناتوانرێ رووپەکی روون و ئاشکرای هەبێ، ئەمەش بۆ خۆی ئەو پرسیارە دروست دەکات، ئاخۆ لە چ سەردەمێکەوە ئەفسانە لای ئێمە هەنگاوی ناوە بەرەو حاڵەتی مۆدێرنەوە لە چ سەردەمێکەوە وێنە کلاسیکییەکەی ئەفسانە سڕاوەتەوە، لە چ سەردەمێکەوە پێوەندییەکان بوونی خۆیان کوژاندووەتەوە؟


سەرچاوەکان:

١- البطل بألف وجة، جوزيف كامبل، ترجمة: حسن صقر- دار الكلمة- الطبعة الآولي ٢٠٠٣.

٢- قربانی ديگرانيم و جلاد خويش، گی كورنو، ترجمه: زهرا وثوق، كاروان ٢٠٠٨.

٣- تێر نەخۆرە، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨.

٤- گۆڕدەخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و ڕێورەسمی مردوو سپاردن بە شاخ، عەیدولخالق سەرسام، ئاراس ٢٠٠٩.

٥- زیاتر لە عەشقێک/ کۆمەڵێک بابەتی مێژوویی و کولتووری و فۆلکلۆریی ناوچە جیاجیاکانی نێو کوردەوارییە، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨ هەولێر.

١ - البطل بألف وجة، جوزيف كامبث، ترجمة: حسن صقر- دار الكلمة- الطبعة الآولي ٢٠٠٣ ، ص ٣٤١.

٢ - سەرچاوەی پێشوو لا ٢٣٩ , ٣- ئەنکیدۆ هاوەڵی گیلگامیشە لە داستانی گیلگامیش.

٤- دیمۆزی، یان تەموز یەکێکە بووە لە خواکانی شارستانییەتی سۆمەر.

٥- قربانی ديگرانيم و جلاد خويش، گی كورنو، ترجمه: زهرا وثوق، كاروان ، لا ٢٨.

٦- تێرنەخۆرە، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨، لا ١٠٨.

٧- بۆ شارەزابوونی زیاتر لەبارەی ئەم ئەفسانانەوە بڕوانە کتێبی: تێرنەخۆرە، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨.

٨- گۆڕ دەخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و ڕێورەسمی مردوو سپاردن بە شاخ، عەبدولخالق سەرسام، ئاراس ٢٠٠٩، لا ٢٩.

٩- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤.

١٠- گۆڕ دەخمەکانی میدیا و زەردەشتییان و ڕێورەسمی مردوو سپاردن بە شاخ، عەبدولخالق سەرسام، ٢٠٠٩، ئاراس، لا ١١.

١١ - زیاتر لە عەشقێک/ کۆمەڵێک بابەتی مێژوویی و کولتووری و فۆلکلۆریی ناوچە جیاجیاکانی نێو کوردەوارییە، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، بەدرخان ٢٠٠٨ هەولێر، لا ١١٢.

١٢- البطل بألف وجة، جوزيف كامبل، ترجمة: حسن صقر- دار الكلمة- الطبعة الآولي ٢٠٠٣ ، ص ٤١.

# فێمینیزم

ئەندریو هیۆد

لەبەرئەوەی تا ئێستا ڕوونکردنەوەیەکی ئەوتۆ بۆ دەستەواژە و چەمکی فێمینیزم نەکراوە، بۆیە هەندێک کەس وەک تابۆیەک سەیری ئەو ئایدۆلۆجییایە دەکەن. دیارە تا کاتێک ئێمە سەبارەت بە هەر دیاردەیەک ئاگایی و ناسینی تەواومان نەبێت ناتوانین خوێندنەوەیەکی دروست لەو دیاردە یان ئایدۆلۆجییە بخەینە روو. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ کورتە پێشەکییەک رابکێشم سەبارەت بە تەوەری فێمینیزم کە بەشێوەیەکی گشتی زانیاری و ئاشناییەکمان لە مێژووی فێمینیزم پێ دەبەخشێ:

تا ساڵەکانی١٩٦٠ لە ڕوانگەی سیاسییەوە پۆلێنبەندی ڕەگەزی کەمتر گرینگیی پێ دەدرا، بەشێوەیەک کە ئەگەر ڕۆڵی هەرە جیاوازی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیاریی ژنان و پیاوان لە بەرچاو گیرابوا، ئەوا وەک پرسێکی ئاسایی و نەگۆڕ لێی دەڕوانرا و لێکدانەوەی بۆ دەکرا. بۆ نموونە پیاوان و رەنگە زۆربەی ژنانیش ئەوەیان قبووڵ کردبوو کە هەندێک لە پۆلێنبەندیە رەگەزیەکان کە لە کۆمەڵگە لە بەرامبەر چین و توێژە زەحمەتکێشەکان پیادە کراوە بەرەنجامی راستییە ساکارە بایۆلۆجییەکانی ئەو دوو رەگەزە خۆیەتی، واتە ئەرکی ژنان کارکردنی ناو ماڵە، لەبەرئەوەی ئەوان دەتوانن منداڵ بنێنەوەو شیر بدەن. لە کاتێکدا پیاوان بەهۆی هێزی زۆری جەستەیی و فیزیکییان بۆ ئیشوکاری دەرەوەی ماڵ و نێو کۆمەڵگە لەبارن.

تیۆری سیاسیی پەیمانی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک بێ لە بەرچاوگرتنی پۆلێنبەندی رەگەزی لە جێگیربوونی ئەم جۆرە بیروباوەڕە رۆڵی خۆی گێڕاوە. بەهەرحاڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنان و بیری فێمینیزمی لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەدواوە، زۆر لێبڕاوانە ئەو خۆپەرستییانەی (یان بەواتایەکی تر تێڕوانینی پیاوسالارانە)ی خستووەتە ژێر تاقیکردنەوەوە. فێمینیزمەکان لەسەر ئەو پۆلێنبەندییە رەگەزییانەی کە لە هەموو کۆمەڵگە (مێژوویی و هاوچەرخ)ەکاندا باوە و هەیە

.........................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: گوڵباخ بەهرامی

راوەستاون و تایبەتمەندییە سیاسییەکانی ئەوجۆرە پۆلێنبەندییانەیان شی کردووەتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش فێمینیزم وەک ئایدۆلۆجیایەکی دیار کە خاوەن بیروباوەڕ و گریمانەگەلێکە کە لە ڕاستیدا نەک هێشتا ساغ نەبوونەتەوە و قسە هەڵدەگرن، بگرە گریمانە و بیری سیاسیی پەیماننامەییش دەخەنە ژێر پرسیار و تووشی تەنگژەی دەکەن ، پەرەی سەندووە. لە راستیدا فێمینیزم کار لەسەر خستنەڕووی ئەو (کۆبەندییە یەکلایەنییەی جیاوازیی رەگەزی )ی دەکات کە بەهۆیەوە خاوەن تێڕوانینە پیاوسالارییەکان وەک نەریتێک بەپەیڕەوکردن و پیادەکردنی تیۆری سیاسی و بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە رەگەزی نێر هەردەم چەندە سوودیان لە توانا و بەهرەکانی ژنان وەرگرتووە، رۆڵی ئەوانیان چۆن لە بەشداریی کاری سیاسی دوور خستووەتەوە. فێمینیزمەکان زۆر پرسی گرینگیان لەمەڕ پێوەندیی سیاسیی نێوان رەگەزەکان وەکو ئەلەویەتدان بە پیاوان و بێبایەخ پێشاندانی ژنان لە زۆربە یان تەواوی کۆمەڵگەکاندا زەق کردووەتەوە و خستوویانەتە بەرباس.

بەهەرحاڵ، رەنگبێ رەگەزپەرستە "نێر"ەکان ئاگەداری ئەو نایەکسانییە رەگەزییە بن کە هەیە، بەڵام لەو باوەڕەدان کە ئەم پرسە نە تەنیا واقیعێکی نەگۆڕە بگرە دیاردەیەکی ئارەزوومەندانە و خوازراوی مرۆڤەکانە. بەم پێیە فێمینیزم روونی دەکاتەوە کە دەکرێ و دەشبێ ئەو نایەکسانی و سەرکوتکردنە رەگەزییە رەت بکرێتەوە. فێمینیزم هەموو کات هاوڕێز و هاوبەند بووە لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەیەک کە بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی رۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنان هەنگاو دەنێت. ئەو بزووتنەوەیە لە کات و شوێنی جیاوازدا، بڕوای بە شێوەگەلی جۆرەوجۆر هەبووە و لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی جیاجیا و هەمەلایەنەدا بووە.

هەوڵی داوە کۆتا بەکردارە هۆڤیگەرییەکانی وەک خەتەنەکردنی ژنان بێنێت و یاسای سنووردارکردنی پۆشینی جلوبەرگ هەڵبوەشێنێتەوە، بۆ نموونە بۆ دەستەبەرکردنی مافی بەرانبەر و رەخساندنی زیاتری بواری بەدەستهێنانی زانست و دەرفەتی کار خەباتی کردووە، هەوڵی داوە ژمارەی ژنانی بژاردە لە پۆستە بالاکانی کار لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتیدا زیاد بکات و هتد. هەندێک لە فێمینیزمەکان پێیان وایە کە لە ڕاستیدا تەنیا ژنان دەتوانن لایەنگری لەو ئامانجانە بکەن، لەبەرئەوەی کە پیاوان وەک نەریتێک ئەو نابەرامبەرییە ڕەگەزییەیان لە هزردا چەسپیوەو و بڕوا ناکرێت کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەنگاو بنێن، بەم پێیە پیاوان ناتوانن فێمینیزم بن و وەک رەگەزی مێ لایەنگری تەواو لە ئامانجەکانی ژنان بکەن، بگرە لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن (بەسوودی فێمینیزم) یان (دژ بە ڕەگەزگەرایی) هەنگاو بنێن. هەندێک لە فێمینیستەکان، لەو باوەڕەدان ئەو تیۆرییانە پەرە بە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو دەدات و لە جیاتیی زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا زیاتر ئەو کێشانەی قووڵ کردوونەتەوە. ئەگەرچی فێمینیزم بەردەوام هاودەنگ و هاورا بووە لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو بزووتنەوەیە تەنیا بۆ باسکردنی پرسی (ژنان) نییە، بگرە ئاماژە بەپرسە نیگەرانکەر و گرینگەکانی تایبەت بە هەردوو رەگەز دەکات،

بەتایبەتی بیری فێمینیزمی هەوڵ دەدات کە زانین و دەرککردنی سیاسی لە ڕێگەی تێڕامانی کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و تیۆری فێمینیزمی هاوچەرخ وەک نموونە بیۆلۆجییەکانی هەڵگری پۆلێنبەندی ڕەگەزی کە بەهۆیەوە هەریەک لە ئێمە چ نێر و چ مێ مەرجدار دەکاتەوە، پەرە پێ بدات.

ئەگەرچی باسکردن لە بابەتی (فێمینیزم) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، بەڵام بیروباوەڕی فێمینیزمی لە کولتوورە جیاجیاکاندا باسی لێوە کراوە و دەتوانین لە شارستانییەتە کۆنەکانی (یونان و چین) بەدی بکەین. کتێبی (شاری ژنان) نووسینی (کریستیان دوپیزان) لە ساڵی ١٤٠٥ لە ئیتاڵیا چاپ کراوە، ئەو کتێبە بوونی هەندێک بیری فێمینیزمی نوێی لە چوارچێوەی کاری ژنانی ناوداری ڕابردوودا خستووەتە ڕوو کە داکۆکییان لە مافی ژنان لە بواری پەروەردە و چوونە نێو کاری سیاسەتدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تا سەدەی نۆزدە هێشتا بزووتنەوەیەکی تۆکمە و پەرەسەندوو، ڕێک نەخرابوو.

یەکەمین نووسین لەبارەی فێمینیزمی مۆدێرنەوە لە بەرهەمێکدا بەناوی (پشتیوانی لە مافی ژنان) کە ساڵی ١٧٩٢ لەلایەن (ماری وێڵستۆن کرافت ــ mary wollstone craft)ەوە دژ بەڕووداوە شاراوەکانی شۆڕشی فەرەنسا نووسراوە، ڕەنگی داوەتەوە. تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە، بزووتنەوەی ژنان خۆی لە چوارچێوەی کەمپێن بۆ مافی هەڵبژاردن و مافی دەنگدانی ژنان، کە سەرچاوە و ئیلهامی لە گەشەسەندنی پێشکەوتووانەی مافی دەنگدان و مافی دەربڕینی پیاوانەوە وەردەگرت، دەبینییەوە. ئەو قۆناغە بە(یەکەمین شەپۆل)ی فێمینیزم ناودەبردرێت و تایبەتمەندیی ئەو قۆناغە بریتی بوو لە داخوازیی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافی یاسایی و سیاسیی هاوسەنگ لەگەڵ پیاوان، ئامانجی سەرەکیی قۆناغەکەش بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی مافی دەربڕینی ژنان، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە ئەگەر ژنان توانییان دەنگ بدەن ئیدی دەشێ شێوەکانی جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی بە خێرایی لەناو ببرێن.

بزووتنەوەی ژنان لەو وڵاتانەی کە تیایاندا دیموکراسیی سیاسی بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا پێشکەوتووتر بووە، بەشێوەیەکی زۆر کارا و بەهێز دەرکەوتووە. ژنان خوازیاری ئەو مافانە بوون کە لە زۆر بواردا هاوسەر و کوڕەکانیان هەیانبووە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٠ بزووتنەوەیەکی ژنان سەری هەڵدا کە تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەریی خەبات بۆ نەهێشتنی کۆیلەداری دابوو.

پەیماننامەی بەناوبانگی (Senecta falls) لە ساڵی ١٨٤٨دا بەسترا کە لەدایکبوونی بزووتنەوەی مافی ژنانی ئەمەریکایی لە دوو توێی خۆیدا تۆمار کرد، ئەو ڕاگەیەندراوە لە ناوەڕۆکی کتێبی (سۆز و هەستەکان)ی (ئێلیزابێت کێدی ستانتن Elizabeth Cady Stanton) وەرگیراوە کە ئەو کتێبەش زۆر لێهاتووانە لە ناوەڕۆک و بنەماکانی (ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی)یەوە وەرگیراوە و زیاتر لە هەر شتێک بانگەوازی بۆ وەرگرتنی مافی هەڵبژاردنی ژنان دەگرێتە خۆ. ساڵی١٨٦٩

ڕێکخراوی نەتەوەییی (مافی دەربڕین و هەڵبژاردنی ژنان) بە سەرکردایەتیی (سوزان ب. ئانتۆنی ئێستانتۆن (suzan.B.Anthony Stanton) دامەزرا و لە ساڵی ١٨٩٠ لەگەڵ ڕێکخراوی هەرە پارێزکاری (مافی هەڵبژاردنی ژنانی ئەمەریکایی) یەکی گرت. چەند بزووتنەوەیەکی هاوشێوە لە وڵاتە رۆئاوایییەکاندا پەرەیان سەند. لە بەریتانیا ساڵی ١٨٦٧ بزووتنەوەیەکی ژنان بەشێوەیەکی تۆکمە و ڕێکخراو پەرەی سەند کە لە ساڵی ١٨٦٧ ئەنجوومەنی گەل داکۆکی لە یەکەمین پێشنیاز سەبارەت بەدەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی ژنان کرد و لەلایەن (جۆن ستوارت میل) گەلاڵەنامەیەکی چاکسازی بۆ دووەمین یاسای ڕیفۆرم، پێشکێش بەئەنجوومەن کرا. بزووتنەوەی مافی هەڵبژاردنی بەریتانیایی دوای فۆرمەلەبوونی یەکەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان لە ساڵی١٩٠٣ بەسەرکردایەتیی دایک و کچێک بەناوەکانی (ئێمێلین Emmelin–) و (پێنکۆیست چریستابێل Penkhuist Christabel–) تاکتیک و ڕێکاری بەرەنگاریخوازنەتریان گرتە بەر. پینکۆریستەکان لە ڕێگەی هێزە ژێرزەوییەکانی جێگیر لە پاریس کەمپینێکی کردەی راستەوخۆیان ئەنجامدا کە تیایدا (ژنانی لایەنگری مافی هەڵبژاردن) هێرشی هەمەلایەنەیان دەکردە سەر دەسەڵات و زنجیرە خۆپێشاندانێکی گشتییان بەڕێوە برد کە زۆر باش بانگەشەیان بۆ کرابوو. یەکەمین (شەپۆل)ی فێمینیزم بەهێنانەدیی مافی هەڵبژاردنی ژنان، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی١٨٩٣ لە نیوزیلەندا ناسێندرابوو کۆتاییی پێ هات. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی١٩٢٠ لە نۆزدەمین گەلاڵەنامەی چاکسازیی یاسای بنەڕەتیدا، مافی دەنگدان بە ژنان بەخشرا.

لە بەریتانیادا لە ساڵی ١٩١٨ پێدانی مافی هەڵبژاردن و ئازادی بە ژنان بووە باسێکی بەردەوام و گەرم، بەڵام ئەوان تا دەیەکانی دواتریش لە هەبوونی مافی دەنگدانی یەکسان لەگەڵ پیاوان هەر بێبەش بوون. لە هەندێ شوێندا سەرکەوتنی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، بزووتنەوەی ژنانی بەشێوەی کاتی لاواز کرد. خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی ژنان، بزووتنەوەی فێمینیزمی یەکدەخست و هیوای پێ دەبەخشی و پێکهاتەکەی ئامانجدار و یەکگرتووتر کرد. ئەمەو زۆربەی چالاکوانان، بەتێڕوانینێکی ساکارانە پێیان وابوو کە هێنانەدیی مافی هەڵبژاردنی ژنان، دەبێتە مایەی بەختەوەریی یەکجاری ژنان و رزگاربوونیان لە ژێردەستەییی پیاوان، بەڵام ئەمە نەهاتە دی تا ئەوەی کە لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا بزووتنەوەی ژنان دووبارە گیانێکی هاتەوە بەر و (شەپۆلی دووەم) دەرکەوت.

بڵاوکراوەکانی (The Feminine Mystique) و نووسینەکانی (بێتی فریدان Betty Friedan–) لە دووبارە بەرێخستنەوەی بیری فێمینیزمی زۆر کاریگەر بوو. فریدان سەبارەت بەو بابەتەی کە بە (کێشەی بێ ناونیشان) ناوزەد کرا، هەروەها لەبارەی هەستی نەزۆککردن و ناڕەزاییی زۆربەی ژنان کە لە ئەنجامی رۆڵی پێشتر دیاریکراویان وەکو ژنانی ماڵ و دایک گێڕابوویان، لێکۆڵینەوەی دەکرد. (شەپۆلی دووەم)ی فێمینیزم دانی بەوە دانا کە دەسپێڕاگەیشتنی ژنان بە مافی سیاسی

هێشتا وەڵامی (گرفتەکانی ژنان)ی نەداوەتەوە، سەرباری ئەوەش ئایدیا و پرسەکانی فێمینیزم گەیشتبوونە ئاستێکی زۆر رادیکاڵ و قۆناغی شۆڕشەوە. لە کتێبەکانی وەک (Sexal Politics-1970) نووسینی (کیت میلیت) و (The Female Eunuch-1970) نووسینی (جێرماین گاریل) ئەو سنوورانەی کە پێشتر بەسنووری (سیاسی) هەڵدەسەنگێندران، بە گرینگیدان بە لایەنە تاکەکەسی، جەستەیی و رەگەزییەکانی سەرکوتکردنی ژنان، شکێندران و پاشەکشەیان پێ کرا. ئامانجی (شەپۆلی دووەم)ی فێمینیزم تەنیا رزگاربوونی سیاسی نەبوو، بگرە ئازادکردنی ژنان و لەژێر کاریگەریی هزری گەشەی بزووتنەوەی ئازادیگەیێن ژنان دابوو.

وەها ئامانجێک تەنیا بەریفۆرمی سیاسی و گۆڕانکاریی یاسایی دەستەبەر نەدەبوو بگرە تەوەری فێمینیزمی نوێ، پێویستی بە پرۆسەیەک هەبوو کە دەبووا گۆڕانکاریی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی یان رەنگە شۆڕشگێڕی لەخۆ بگرێ. ساڵەکانی ١٩٨٠ هەندێک جار وەک قۆناغی پۆست فێمینیزم ناوبراوە، کە ئەو قۆناغە ئەوەی لە زەیهندا جێگیر کردووین کە هەم ئامانجە فێمینیزمییەکان دەستەبەر کراون و هەم لەلایەک تر وای کردووە کە هزری سیاسیی فێمینیزم، ئەو کارابییە رەخنەگرانە و ڕادیکاڵەی خۆی لەدەست بدات.

بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەی ژنان گۆڕاوە، بەڵام سەرەڕای سستبوونی دیسان درێژەی بە پەرەپێدان و گەشەکردنی خۆی داوەتەوە. لە ساڵەکانی ١٩٩٠ رێکخراوە فێمینیزمییەکان لە تەواوی وڵاتانی رۆژئاوادا بوونیان هەبووە و گرووپەکانی ژنان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پەرەیان سەندووە، بێگومان ئەو پەرەسەندنەی بزووتنەوەی ژنان هێز و ورە ەی لە کۆنفرانسی مەکسیکەوە وەرگرتبوو کە لە ساڵی ١٩٧٥ وەکو ساڵی نێونەتەوەیی ژنان دەستی بەکار کرد و تا دە ساڵ دواتر لەلایەن رێکخراوی نەتەوەکانەوە بەناوی دەیەی ژنان ناوزەد کرا. دوای قەتیس مانەوەی بیری فێمینیزمی لە کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٦٠ و سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ فێمینیزم بە هزر و تێڕوانینێکی دیاریکراو و سەقامگیر گەشەی کرد، کە بیرۆکە و بەهاکانی سەرەکیترین گریمانە و بیری سیاسیی پەیماننامەیی تووشی تەنگژە کرد. فێمینیزم وەکو تەواوی ئایدۆلۆجیاکان، لەخۆگری کارابییەکی بەربڵاوی نەریتی و تەنانەت حەزە تێکەڵاوەکانە. ئەم مەسەلەیە نابێتە هۆی ناڕێکی و پارادۆکسی فێمینیزم، بگرە رەنگدانەوەی گەشە و فرەڕەنگیی بزووتنەوەی ژنانی پێشکەوتوو و نوێخوازە.

أ: پیاوی دەرەوە ژنی ماڵ

ئەگەرچی هزری فێمینیزمی لەگەڵ ئایدۆلۆجییە کلاسیک و جێگرتووەکانی وەکو لیبرالیزم و سۆسیالیزم یەکانگیر نییە، بەڵام لەسەر بنەمای هەندێک پۆلێنبەندی و تیۆری دیاریکراوەوە دانراوە. تایبەتمەندیی تەوەری فێمینیزم ئەوەیە کە پۆلێنبەندییە رەگەزییەکان لە کۆمەڵگەدا زەق دەکاتەوە و مۆرکی سیاسی نەک سروشتی بەو پۆلێنبەندییانە دەدات. هەر بۆیە ئەو پۆلێنبەندییە رەگەزییانە وەک کاردانەوەی پێوەندیی دەسەڵاتی نێوان ژن و پیاو دەبینرێن. فێمینیزمەکان ئەو

پرسـیـارەیان هـێناوەتە بەرباس کـە ئەم پۆلێنبـەندییـانە چۆن داسـەپاون و لە کـوێوە سـەرچاوەیان گرتووە و چۆن دەتوانرێ بەربەرەکانێیـان لەگەڵدا بکرێ و هەڵبوەشێنرێنەوە؟ فێمینیزمـەکان لەم بوارەدا نەتـەنیا باسکردن لە پێـوەندییـەکـان و ژیانی سـیـاسـیی نوێیـان پەرە پێ دا، بگرە پرسی پەیماننامەییی چەمکی سیاسیشیان خستە ژێر پرسیارەوە.

بەشێوەیەکی دیاریکراو، فێمینیزمـەکان لەو باوەڕەدان کە ژیانی تایبەتی، تاکەکەسی، بنەماڵەیی و ڕێبـەرایەتیی ڕەگەزی بە تەواوی مـاناوە سیاسییە و هەر بۆیەش شـیاوی لێکدانەوەی سیاسییە. تیـۆرییە کـلاسیکەکان لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ مـەبەست لە (سیاسـی) چییە؟ بەمـشێوەیە لێکیان داوەتەوە کە شێوازی سیاسی زیاتر لە گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەکار دەهێنرێت تا لە ژیانی تایبەتیدا. زۆرجار شێوازە سیاسییەکان وەکو هەوڵ و تێکۆشانێک خوێندنەوەیان بۆ کراوە کە لە چوارچێوە کۆمـەڵایەتییەکانی ڕێکخراوە حکوومـەتییـەکان، حزبە سیاسییـەکان، گرووپەکانی پاڵەپەسـتۆ و ڕووبەڕووبوونەوە گـشـتـییـەکان، بەدیار دەکەون. لە هـەر حاڵدا، ژیانی تاکـەکـەسیی ناوەخۆیی و بنەمـاڵەیی بابەتێکی سیاسی نییە چونکە زۆرجار وەک بەشێک لە قەڵەمڕەوی تایبەتی سـەیری دەکرێ.

بەپێچەوانەوە فێمینیزمـەکان لەسـەر ئەوە پێدادەگرن کـە سیاسـەت هـەوڵ و تێکۆشانێکە کە تەنیا تایبـەت بەکاروبارەکانی حکوومـەت یان دەسـتـە و دامەزراوە کۆمـەڵایەتییەکان نییـە بگرە لە نێوان زۆربەی گـرووپە کـۆمـەڵایەتـیـیـەکـاندا هـەیە. لە هـەر کـوێ و لە هـەر کـاتێکدا کـە ڕووبـەڕووبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان ببیندرێن شێواز و دەرخستە سیاسەتەکانیش بوونیان هەیە. بۆ نموونە، (میلێت) وەکو پێوەندییە پێکهاتەییەکانی دەسـەڵات لە سیاسـەت دەڕوانێت کە تیایدا سیسـتـەم و ژیانی گرووپێک لە خەڵک لەلایەن گرووپێکی ترەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

بەم پێیـە پێـوەندیی نێـوان حکوومـەت و هـاووڵاتییـان، وەکـو پێـوەندیی نێـوان کـارمـەندان و کرێکاران لەگەڵ شوێنی کارکردنیان، هەروەهـا پێوەندیی خێزان لە نێوان ژن و مێرد، دایک و باوک و منداڵاندا یـەکێکە لە تایبـەتمەندییـە (سـیاسـی)یـەکان. دەسـتنیـشـانکردنی ئەوەی کـە چ شـتـێک (سـیاسـی)یە، تەنیا لە ڕووی ئاکـادیمییـەوە لێی نـاڕوانرێ، فێـمـینـیـزمـەکان ئەوە بـاس دەکەن کە نابەرانبەری ڕەگەزی مـوو بەموو پارێزراوە، چونکە پۆلێنبەندیی ڕەگەزی خەڵکی زەحمـەتکێش کە لە کۆمـەڵگەدا باوە، زیاتر وەکو پرسێکی سروشـتی سـەیر دەکرێ تا سـیاسی. ئەم بابەتە لە کتێبی (پیـاوی دەرەوە و ژنی مـاڵەوە) نـووسـینی (ب. ئێلشـتـاین) لە سـاڵی ١٩٨١دا ڕوون کـراوەتەوە. قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتیی ژیان کە سیاسـەت، کار، هونەر و وێژە دەگرێتە خۆی، بەشێوەیەکی جێگیر بۆ پیاوان پارێزراوە، لە حاڵێکدا ژنان لە بنەڕەتەوە خراونەتە چغزێکی تایبەتییەوە کە لەسـەر ئەرکە ناوەخۆیی و خێزانییەکاندا چڕ بووەتەوە. ئەگەر میـتۆدی سیاسی تەنیا تایبـەت بکرێ بەقەڵەمڕەوی کـۆمـەڵایەتی، ئـەوا ڕۆڵی ژنان و داخـوازیان بۆ یەکسـانی و بەرانبـەری ڕەگـەزی وەکو بابـەتێکی بێ نرخ و کـەمبـایەخی سـیاسـی دەردەکەوێت. لەبەرئـەوەی ڕۆڵی ژنان وەک کابانی مـاڵ و دایک قـەتیس

کراوه ، له کارتێکردنی سیاسەتدا بێبەش کراون، هەر بۆیە فێمینیزمەکان هەوڵیاندا مەودای نێوان (پیاوی کۆمەڵایەتی) و (ژنی تایبەتی) هەڵبوەشێننەوە. هەڵبەت ئەوان لە دەستنیشانکردنی ئەوەی کە رووخاندنی مەودای نێوان (کۆمەڵایەتی) و (تایبەتی) چ واتایەکی هەیە یان چۆن دەستەبەر دەبێت، رێک نەکەوتن. بەلای هەندێک لە فێمینیزمەکان، رزگاربوون لە دەسەلاتداریەتیی پیاوان، بەواتای هەبوونی توانای دەرچوون لەو بوونە سست و لاوازە ناوەخۆیی و خێزانییە دێت. هەر بۆیە ئازادیی ژنان بەواتای بەهرەمەندبوون و هەبوونی مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان و بەدەستهێنانی زانست، بەدواداچوونی پیشە، یان هاتنە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی دەبینن.

هەندێکیشیان لەو باوەڕەدان ئەو کاتە رزگاربوون بایەخی خۆی وەردەگرێ کە بەشێک یان تەواوی ئەرکەکانی ژیانی تایبەتی بۆ دەوڵەت یان رەوتە کۆمەڵایەتییەکانی تر بگوازرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێ بەئاسوودەکردنی خێزانەکان لە رێی دابینکردنی خزمەتگوزاریی زیاتری وەک کردنەوەی دایانگە و باخچەی ساوایان کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم بواری پەروەردە و پێگەیاندنی مندالان نەهێلدرێن. هەڵبەت پەروەردەی مندال دەکرێت بەتەواوی ببێتە ئەرکێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی، وەکو شێوازی (کیبووتز) کە لە ئیسرائیل هەیە و کاری پێ دەکرێ. بەهەرحاڵ خاڵی جیاوازیی نێوان (شەپۆلی دووەم)ی فێمینیزمەکان و (شەپۆلی یەکەم)ی پێشووتریان ئەوە بوو کە ئەوان واتە (شەپۆلی دووەم) خۆیان لە قەبووڵکردنی ئەوەی کە کارەکتەرە سیاسییەکان لە بەردەرگەی ماڵەکاندا ڕاگیراون و بەدروشمی (پرسی تاکەکەسی واتە سیاسی) بانگەشە دەکەن، خۆیان پاراستبوو.

سەرکوتکردنی ژنان بەم شێوە وێنا کراوە کە ئەوەی لە تەواوی قۆناغەکانی ژیاندا رووی داوە زۆرجار لە خودی خێزانەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. فێمینیزمە مۆدێرنەکان لە دڵەڕاوکێی لێکدانەوەی ئەوەدابوون کە چۆن دەتوانرێت (سیاسەتە رۆژانەییەکان) پێناسە بکرێن. ئەم پرسە پێویستی بەتێپەڕاندنی قۆناغەکانی کاری فەراهەمکردنی پەروەردەی مندالان لە کۆمەڵگە، لەگەڵ رۆڵی رەگەزی (ژنانە) و (پیاوانە)، دابەشکردنی ئیشوکاری ماڵ لە نێوان خێزاندا و هەروەها سیاسەتەکانی رێبەرایەتیی رەگەزی و تاکەکەسییەوە هەیە .

ب: باوکسالاری

فێمینیزمەکان، وەکو توێژێکی کۆمەڵایەتیی بەرچاو، هاوشێوەی پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتی، رەگەزی و نەتەوەیی، لە هاورەگەزبوون دەڕوانن. هەڵبەت هەندێکیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە هاورەگەزبوون قووڵترین و لە ڕوانگەی سیاسییەوە گرینگترین پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتییە. فێمینیزمەکان بەپێی ئەم تیۆرییە پەرەیان بە (سیاسەتە رەگەزییەکان) داوە و زیاتر وەکو سۆسیالیستەکان لەسەر بیرۆکەی (سیاسەتی چینایەتی) پێداگری دەکەن. سەرەڕای ئەوە فێمینیزمەکان وەکو جۆرێک لە سەرکوت ئاماژە بە (سێکسیزم) دەکەن و ئەنجامێکی هاوتەریب

وەکو (ڕەگەزپەرستی) یان سەرکوتی ڕەگەزیی لێ دەخەنە ڕوو. لە هەر حاڵدا تیۆری سیاسیی پەیمانی بەشێوەیەکی نەریتی چاوپۆشی لە سەرکوتی ڕەگەزی کردووە و لە ناسینی (جێندێر) وەکو پۆلێنبەندییەکی سیاسیی بەرچاو، کەمتەرخەمیی کردووە. لە ئاکامدا فێمینیزمەکان ناچار بوون پەرە بەتیۆری و گریمانە مۆدێرنەکان بدەن و نوێنەرایەتیی ئەو بیرۆکەیە بکەن کە کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای سەرکوتکردن و سیستەمی نابەرانبەریی ڕەگەزی دانراوە. فێمینیزمەکان لە تەوەری باوکسالاری بۆ شرۆڤەکردنی پێوەندیی دەسەڵات لە نێوان ژنان و پیاواندا کەڵک وەردەگرن. ئەم وشەیەی (باوکسالاری) یانی دەسەڵاتی باوک و بە شێوەیەکی وردبینانەتر ئاماژە بە لە سەرەوەبوونی (مێرد ـــ باوک) لە بنەماڵەدا دەکات و بەم پێیە باوەڕی بەژێردەستەییی ژن و منداڵ لە بنەماڵەدا هەیە. هەندێک لە فێمینیزمەکان بەمەبەستێکی دیاریکراو و سنووردار بۆ شرۆڤەکردنی پێکهاتەی بنەماڵە و زاڵبوونی باوک لە چوارچێوەی خێزاندا کەڵک لە باوکسالاری دەگرن و بەشێوەی بەربڵاوتر لەم وشەیە (باوکسالاری) وەکو تێڕوانینی لە سەرەوەبوونی پیاوان بۆ شرۆڤەی پێوەندییەکان لە ئاستێکی بەربلاوی کۆمەڵگەدا کەڵکیان وەرگرتووە. لە هەر حاڵدا فێمینیزمەکان لەو باوەڕەدان کە زاڵبوونی باوک لە خێزاندا لە سەرەوەبوونی پیاوان لە تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەدا سێمبلیزە دەکات. هەندێکیان زیاتر باس لەوە دەکەن کە خێزانیی باوکسالاری تەوەری قۆناغە سیستماتیککراوەکانی زاڵبوونی پیاوانە بووە، بە شێوەیەک کە بووەتە هۆی مشتوماڵکردنەوەی زاڵبوونی پیاوانە لە تەواوی قۆناغەکانی تری ژیان، لە خوێندەواری، لە کار و هەروەها لە سیاسەتدا. بەم پێیە باوکسالاری لە خوێندنەوەیەکی بەربڵاوتر و زۆر ساکاردا واتە: دەسەڵاتی پیاوان، هەم لە ماڵ و هەم لە دەرەوەی ماڵ. بۆ نموونە (میلێت) بەمجۆرە شرۆڤەی دەکات کە دەوڵەتی باوکسالاری وەکو شوێن و چوارچێوەیەکە کە نیوەی دانیشتوانی ژنانن و لەلایەن نیوەکەی تری کە پیاوانن کۆنترۆڵ دەکرێت. (میلێت) دەڵێت باوکسالاری بریتییە لە دوو بنەما: پیاوان دەبێت بەسەر ژناندا زاڵ بن و پیاوی بەتەمەنتر بەسەر پیاوی لاوتردا زاڵ بێت. بەم پێیە باوکسالاری کۆمەڵگەیەکی پلەبەندی کراوە کە بەسەرکوتکردنی ڕەگەزی و ریزبەندیی تەمەنی دەناسرێتەوە . هەر بۆیە تیۆری باوکسالاری باسێکی بەربڵاوە. ئەگەرچی فێمینیزمەکان لەو باوەڕەدان کە لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا پیاوان بەسەر ژناندا زاڵن، بەڵام قەبووڵیان کردووە کە شێوە و پلەی سەرکوتی ڕەگەزی لە کولتووره جیاوازەکان و ڕۆژگارە جیاجیاکاندا، لە گۆڕان و ناجێگیر بووە. لانی کەم لە سەدەی بیستەم لە وڵاتە ڕۆئاواییيەکاندا پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو ریفۆرمی بۆ کراوە، کە ئاکامەکەی دەست پێڕاگەیشتنی ژنان بووە بەمافی دەنگدان و ڕەخسانی هەلی بەربڵاوتر بۆ خوێندن و فێرکاری، گۆڕانکاری لە یاسای هاوسەرکاری، یاسامەندکردنی لەباربردنی منداڵ و... لە هەر حاڵدا باوکسالاری لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ستەمێکی ئاشکرایە، تەنانەت زۆر ستەمکارانە ٨٠ میلیۆن ژن، زۆربەیان لەئەفریقیادا خەتەنە دەکرێن، بووک کوشتن لە وڵاتی هیندستاندا بەردەوامە و سیستمی جێگیر و نەگۆڕی "مارەیی"،

کچەکان دەگەیەنێتە ئەو بڕوایە کە ئەوان بوونەوەرێکی نەخوازراو و هەندێک جار وا هەست دەکەن کە شیاوی مردنن. فێمینیزمەکان هاوڕا نین لەسەر ئەوەی کە رێکخراوەکانی باوکسالاری رێکخراوی جیهانی بن. هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵگە کۆنەکان کۆمەڵگەی دایکسالار بوونە. بەڵگەیان هێناوەتەوە کە لە ئاینی (پاگان)دا زیاتر باوەڕیان بەستایشکردنی (خواوەندی ژن) هەبووە. بەهەرحاڵ بەڵگەکانی شوێنەوارناسی ئاماژە بە دایکسالاریی دێرینە دەدەن. ئەگەرچی ستایشکردنی (خواوەندی ژن) دەربڕی ئەوەیە کە رەگەزی مێ لە ڕۆژگاری کۆندا جێگەی رێز و حورمەت بووە، بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کە ژنان بەسەر پیاواندا زاڵ بووبن، یان تەنانەت هاوسەنگ لەگەڵ ئەواندا ژیاوبن. تا رادەیەک هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەڵگە لە کۆمەڵگەکانی دایکسالاریدا لەم داخوازییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هۆکارێک بدۆزێتەوە کە پێکهاتە باوکسالارییەکان پێکهاتە و ئۆرگانێک نین نەتواندرێ دەستیان لێ بدرێت و هەڵبوەشێندرێنەوە، کەوابوو دەتوانرێت تێڕوانینی باوکسالاری لەناو ببرێت و هەڵبوەشێندرێتەوە. لە هەر حاڵدا ئەگەر تەواوی کۆمەڵگە مێژوویی و هاوچەرخەکان باوکسالاری بن، مانای ئەوە نییە کە زاڵبوونی پیاوانە سروشتی و نەگۆڕە. ئەگەرچی ئامانجی فێمینیزم لەناوبردنی باوکسالاری و کۆتایی پێهێنان بەسەرکوتی رەگەزییە، هەندێک جار فێمنیزمەکان سەبارەت بەم ئەنجامگیرییە و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی بەکردەوەی ئەو کارە خاترجەم نین. ژنان بە شێوەیەکی جێگیر و بەردەوام داوای بەرانبەری و یەکسانییان کردووە لەگەڵ پیاوان، بەڵام چەمکی (بەرانبەری) واتا و تێگەیشتنی جیاوازی هەیە. یەکەم ئەوەی کە ژنان دەیانەوێت لەگەڵ چ شتێکی پیاواندا یەکسان بن؟ کۆمەڵگەی پیاوانەش بۆ خۆی پلەبەندی کراوە و هەڵگری پۆلێنبەندیی بەرچاوی چینایەتی و رەگەزییە. فێمینیزمەکانی سەدەی نۆزدە زیاتر ژنانی چینی ناوەندی بوون کە ئامانجیان ئەوە بووە ئەو ماف و ئیمتیازانەیان هەبێت کە هاوسەر و کوڕەکانیان هەیانبووە. دووەم، ژنان لە چ شتێکدا ئامانجی یەکسانیان هەبووە؟ فێمینیزمەکان لێرەدا دابەش دەبن. فێمینیزمە ئازادیخوازەکان دەڵێن کە ژنان دەبێ لە بەرانبەریی سیاسی و یاسایی وەکو پیاوان بەهرەمەند بن، پێویستە ژنان بێ لە بەرچاوگرتنی رەگەز (مافی یەکسان)یان هەبێت بۆ یەکسانکردنی خۆیان بۆ کێبەرکێ لە قۆناغەکانی یەکسان لەگەڵ پیاواندا، بەڵام فێمینیزمە سۆسیالیستەکان لەو باوەڕەدان کە مافی یەکسان بێ بەهرەمەندبوون لە (بەرانبەری کۆمەڵایەتی) کە پێداویستیی لەناوبردنی سەرکوتی رەگەزی و چینایەتییە، بێ مانایە. سێیەم، هەندێک لە فێمینیزمەکان زۆر خاڵی زیاتر بۆ بەرانبەری باس دەکەن کە هەم دەبێتە هۆی گومڕایی و هەم نەخوازراوە. یەکسانبوون لەگەڵ پیاوان بەو مانایە دێت کە ژنان (شوناسی پیاوانە)یان دەوێت، کە ئەوان ئامانجەکانی خۆیان بەگوێرەی ئەوەی ئێستا پیاوان هەیانە دیاری بکەن، ئەوان دەیانەوێت (وەکو پیاوان) بن. فێمینیزمەکان بە دوای لەناوبردنی باوکسالارین نەک ئەوەی کە پیاوان وەکو مۆدێلی خۆیان لێ بکەن، کە ئەگەر بیانەوێ ئەو کارە بکەن پێویستیان بە دانانی سنووربەندی و رکابەرێتی هەیە و ئەمەش هەر لە تایبەتمەندییەکانی

کۆمەڵگەی پیاوانەیە. بۆ زۆربەی فێمینیزمەکان (ئازادبوون) بەمانای پێشکەوتن و گەیشتن بەدەستەبەربوونی شوناسی ژنانەیە. بەواتایەکی تر، بە مانای (ژنی خاوەن پێناسەی خۆی) دێت، فێمینیزمەکان بۆ خەبات و لە ئەنجامدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی باوکسالاری، دەبێ بزانن کە ئەم ڕێکخراوانە چۆن جێگیرو ئۆرگانیزە کراون . گرفتی ناسینی باوکسالاری ئەمەیە کە زاڵبوونی پیاوانە لە زۆربەی ئاستە جیاجیاکاندا و تەواوی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەرە. بۆ نموونە لە پێکهاتەی خێزانی کلاسیک و پرۆسەی مەرجدارکردن کە لە خۆیدا روو دەدات، بەکولتووری کلێشەیی لە ژنان، وەکو دایک، ژنانی ماڵ یان لایەنی بەرانبەری، کردەوەی سێکسیی ناوبراوە و لە بزربوونی ژنان و بوونیان لە پۆستە سەرەکییەکانی سیاسەت، بازرگانی، ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها لە ترساندن و توندوتیژیی جەستەییی ئەنجامدراو لەلایەن پیاوانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان بە تەواوی دەردەکەوێت و ئاشکرایە. فێمینیزمەکان لێکدانەوەیەکی ساکار و ئەبستراکت لە باوکسالاری ناخەنە ڕوو، هەندێکیان لەم باوەڕەدان کە رەگ و ریشاڵی ئەم پرسە لەنێو خێزان و قۆناغە بەکۆمەڵایەتیبووەکانی هاوڕەگەزبووندا هەیە. ئەوانی تر لەو باوەڕەدان کە (خوێندەواری) بالا و دەرفەتی بەربلاوتری کار دەتوانێت نابەرانبەری بسڕێتەوە و چاکسازیی بۆ بکات. لە ڕوانگەی هەندێک لە فێمینیزمەکانەوە سیستەمی ئابووری سەرچاوەی سەرکوتکردنە، لە حاڵێکدا هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە ژنان بەهۆی توندوتیژیی پیاوانە و ترس لە دەستدرێژیی سێکسییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. ناوەڕۆکی ئەم پرسیارانە رووبەڕووبوونەوەی نێوان گرینگیی سروشت و مەرجدارکردنی کردەوەی مرۆڤ دەگرنە خۆ. ئاخۆ مرۆڤ بەکاراکتەرێکی پایەدار و نەگۆڕ هاتووەتە دنیاوە، یان ئەوەی کە بەهۆی ئەزموونی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتووە و خووی گرتووە؟ ئەگەر فێمینیزمەکان بەدوای ئازادکردنی ژنانەوە بن لە ژێردەستی باوکسالاریدا، دەبێت توانای دیاریکردن و جیاکردنەوەی نێوان توخمە بیایۆلۆجییە نەگۆڕەکانی سروشتی مرۆڤ و ئەو تایبەتمەندی و جۆرە هەڵسوکەوتەیان هەبێت کە لەلایەن کۆمەڵگەوە سنووربەند کراون.

## فێمینیزمی رادیکاڵ

یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانی فێمینیزمی"شەپۆلی دووەم" ئەمەیە کە زۆربەی نووسەرانی فێمینیزم لە پێشەوەی ئەو رەهەندە ئایدۆلۆژییە سیاسییانەی کە لە ئارادان، هەنگاویان دەنا. بۆ یەکەم جار جیاوازییە رەگەزییەکان (Gender) لە کۆمەڵگەدا وەکو پرسێکی گرینگ ئاوڕی لێ درایەوە، پێویستی تێگەیشتن لە قۆناغەکانی هەست پێ کرا. بۆچوونە سۆسیالیست و لیبراڵییەکان لە پێناو باشترکردنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا گیرانە بەر، بەڵام لایەنی رەگەز بەزۆرترین پێگە و بنەما بۆ هەموو پۆلێنبەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری نەکرا. لە ماوەی ساڵانی١٩٦٠و١٩٧٠، بزووتنەوەی فێمینیزمی لە هەوڵی ئاشکراکردن و دەرخستنی هەژموون و کاریگەرییەکانی باوکسالاری نەک تەنیا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و شێوازە سیاسییەکان یان لە بواری ئابووری، بگرە

له ته‌واوی لایه‌نه‌كانی هه‌بوونی پێوه‌ندیی سێكسی، تاكه‌كه‌سی و كۆمه‌ڵایه‌تیدا بوو. ئه‌م ره‌وته له كاری فێمینیزمه رادیكاڵه سه‌ره‌تاییه‌كان وه‌كو (Germaine Gree) و (Ever Figess) ده‌بینرا. ره‌فتاره‌كانی "باوكسالاری" نووسینی (figess) له ساڵی ١٩٧٠دا، نه‌ته‌نیا سه‌رنج بۆ لای به‌ربه‌ستی كۆمه‌ڵایه‌تی یان یاسای خێزانداریدا كه ژنان به‌و هۆیه‌وه ئازاریان پێ گه‌یشتووه، راده‌كێشێ، بگره بڕوایان به‌م راستییه هه‌یه كه به‌هاكانی باوه‌ڕی باوكسالاری، له فه‌رهه‌نگ، فه‌لسه‌فه، ره‌وشت و ئاین له كۆمه‌ڵگه‌دا كاریگه‌ری هه‌یه. له ته‌واوی كاروباری ژیان و په‌روه‌رده و راهێناندا، ژنان وه‌كو گوێڕایه‌ڵ و خوارتر له پیاوان، له چوارچێوه‌ی ئۆلگویه‌كی دیاریكراوی "ژنانه"یی داسه‌پێندراو له‌لایه‌ن پیاوانه‌وه پیشان ده‌درێن. (Greer) له به‌رهه‌مێكیدا به‌ناوی (the female eunuch) ئه‌م بۆچوونه‌ی ده‌ربڕی كه ژنان به‌رۆڵێكی ره‌گه‌زیی بێ كه‌ڵك به‌ستراونه‌ته‌وه، كه ئه‌مه ویستی سێكسیی راسته‌قینه‌ی ئه‌وان و هه‌روه‌ها لایه‌نی ئه‌كتیڤ و بزۆز و هه‌ستیاره تاكه‌كه‌سییه‌كانیان سه‌ركوت ده‌كات. له راستیدا ژنان، نه‌زۆك كراون و به‌هۆی ئۆلگوی "مێییبوونی هه‌تاهه‌تایی" بوونه‌ته بابه‌تێكی بێ ڕه‌گه‌ز. ئه‌و به‌رهه‌مه‌ی Greer له‌ژێر كاریگه‌ریی نووسه‌رانی چه‌پی هاوچه‌رخی وه‌كو (ویلهێلم رایش) و (هێربێرت ماركۆس)دا بوو كه خوازیاری "ئازادیی ره‌گه‌زی" بوون و سروشتی سه‌ركوتكه‌رانه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ی قه‌راردادیان خسته ژێر ره‌خنه‌وه. له هه‌ر حاڵدا، له‌گه‌ڵ كاری نووسه‌رانی وه‌كو (Kate millet) و (shulmith fireston)دا بوو كه فێمینیزمی رادیكاڵ تیۆری سه‌ركوتكردنی سیستماتیكییانه‌ی په‌ره پێ دا كه به‌شێوه‌یه‌كی ئاشكرا، جیا له نه‌ریته‌كانی لیبڕاڵی و سۆسیالیستی بووبووه‌وه پرسێكی باو. تایبه‌تمه‌ندیی بنچینه‌یی فێمینیزمی رادیكاڵ له‌م باوه‌ڕه‌دایه كه سه‌ركوتی ره‌گه‌زی بنه‌ڕه‌تیترین دیارده‌ی كۆمه‌ڵگه و شێوه‌یه‌كی تری ناداده‌په‌روه‌رییه -چه‌وساندنه‌وه‌ی چینایه‌تی، دوژمنی ره‌چه‌ڵه‌كی و... هتد له پله‌ی دووه‌مدان. پرسی ره‌گه‌ز پێ ده‌چێت پرسی قووڵترین توێژی كۆمه‌ڵایه‌تی، نه‌ژاد یان نه‌ته‌وه‌یی بێت. هه‌ر بۆیه فێمینیزمه رادیكاڵه‌كان سوورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه كۆمه‌ڵگه بۆ زه‌قكردنه‌وه‌ی رۆڵی سه‌ره‌كیی سه‌ركوتكردنی ره‌گه‌زی كه به"باوكسالاری"یه‌وه ناو ده‌برێت، وێنا ده‌كرێ و هه‌ستی پێ ده‌كرێت، به‌و جۆره‌ی كه سۆسیالیسته‌كان كه‌ڵك له ناوی "كاپیتالیزم" وه‌رده‌گرن بۆ راكێشانی سه‌رنجی خه‌ڵك له زه‌قكردنه‌وه‌ی چه‌وساندنه‌وه‌ی ئابووری. مێلت له كتێبی (Sexual politics)، باوكسالاری وه‌كو "به‌رده‌وامبوونی كۆمه‌ڵایه‌تی"ی باو له‌ته‌واوی پێكهاته سیاسی، كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابوورییه‌كاندا وێنا ده‌كات و ئه‌م بابه‌ته‌ی له هه‌موو كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی مێژوویی هاوچه‌رخ و هه‌روه‌ها، له ته‌واوی ئاینه سه‌ره‌كییه‌كاندا، به‌دی كردووه. رۆڵه جیاوازه‌كانی ژنان و پیاوان له پرۆسه‌ی" مه‌رجداركردنه‌وه"دا سه‌رچاوه ده‌گرێت: هه‌ر له ته‌مه‌نی سه‌ره‌تاییه‌وه كچان و كوڕان بۆ گونجان له‌گه‌ڵ پێناسه‌ی ره‌گه‌زیی دیاریكراودا راده‌هێندرێن. ئه‌م پرۆسه‌یه به‌شێوه‌یه‌كی گشتی له خێزاندا روو ده‌دات، به‌ڵام پێوه‌ره سه‌ره‌كییه‌كانی باوكسالاری، هه‌روه‌ها ره‌گیان بۆ نێو وێژه و هونه‌ر، ژیانی گشتی و ئابووری رۆچووه و به‌دی ده‌كرێت. مێلت له‌و باوه‌ڕه‌دا بوو كه باوكسالاری له رێگه‌ی پرۆسه‌ی

"بەرزکـردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاری"یەوە تووشی ئاسـتەنگ دەبێ، بیـرۆکەیەک کـە بەشـێوەیەکی دیاریکراو لەژێر کـاریگـەریی بزووتـنە ی هێــزی رەش دابوو؛ بـەچەشنێک کـە لـە رێگەی وتـووێژ و فێـرکردنەوە، ژنان بـەشـێوەیەکی بەربلاو لە سێکسگەرایی (sexism) کە بەسـەر کۆمـەڵگەدا زاڵە هوشـیـار بکرێنەوە و توانای ئەوە بەدەست بێن کە بـاشـتر بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکەن. هەر بۆیە ئازادیی ژنـان پێویسـتی بـەگۆڕانێکی شـۆڕشگێـڕانە هەیە، دەبێ ئاڵوگۆڕی بـەسـەر پێـوەرەکـانی خـێزان دابێت و سـەرکوتکردنی رەگـەزی و دەروونیی ژنان کە لە تەواوی ئاسـتەکانی کـۆمـەڵگەدا بەکار دەهێنرێت، لەناو بچێت. (فایر ئێستۆن) لە بەرهـەمێک بەناوی 1970- (The dialectic of sex) هـەوڵی داوە روونکردنـەوەیەکی بەرزەفڕانەتر سـەبارەت بەپرۆسـە کۆمـەڵایەتی و مێژووییـەکان لە قـۆناغی پۆلێنبـەندییە رەگەزییەکاندا بخـاتە بەرباس. فـایر ئێسـتۆن بۆ شیکردنەوەی رۆڵی ژنان لە رێگەی دانانی "پۆلێنبەندیی رەگەزی" لە جێگەی "پۆلێنبەندیی کۆمـەڵایەتی" تیـۆری مـارکسیسـتی بەکـار هێنا . ئەو لـەو باوەڕەدا بوو جـیـاوازییـە رەگـەزییـەکـان بـە تەواوی نەک لە پێـبـەندکـردنی کۆمـەڵایەتی، بگرە لە بایۆلۆجییـەوە سـەرچاوە دەگرن. فـاکـتی بنەڕەتی کە ژنان منداڵـیـان دەبێت بووەتە هـۆی پێکهاتنی "پۆلێنبەندیی سروشتی هێزی زەحمەتکێش" بەشێوەیەک کە (فـایر ئێستۆن) بە"خێزانی بیۆلۆژیکی" ناوی دەبات. کۆمـەڵگە بەپێچەوانەی ئەوەی کە مارکس وتوویە، نە لە رێگەی پرۆسـەی بـەرهـەمـهـێنـان، بگرە لە رێگەی پرۆسـەی دووپاتەی بەرهەمـهـێناندا دەتوانرا هـەسـتی پێ بکرێت. بەهۆی بـەدنیـاهێنانی منداڵ، ژنان هەمـوو کـاتێک منـەتباری بیـۆلۆجیـی خـۆیان بوونە. هەر بۆیە وەکو منداڵان، بـۆ رزگارکردنی جـەستەی خـۆیان، بەپیاوان بەسترانەوە. سـەرەڕای ئەمـە، فایر ئێسـتۆن قبـووڵی نەکرد کـە باوکسـالاری دیاردەیەکی سـروشـتی و دواجـار نەگـۆڕە. لە هـەر حـاڵـدا ژنـان، تەنیـا کاتێک دەتوانن رزگاری بەدەست بێن کـە لە سـەرووی سروشـتی بیـۆلۆجیکی خـۆیان و لە "تەلیسـمی حەوا" دەرباز بـن. مـارکس لەو باوەڕەدا بـوو کە مێـژوو گەیشـتووتە خـاڵێک پێ دەچێ لەگەڵ هـەڵوەشـاندنەوەی ناکۆکییە چینایەتییـەکـاندا ڕووبـەڕوو ببێتەوە، هـەروەهـا فـایر ئێسـتۆن لەو باوەڕەدا بوو کـە تێکنۆلۆجـیـای مـۆدێرن پـانـتـایی و رەهـەندی یەکـسـانـیی راسـتـەقـینەی رەگـەزی بەئاسـوودەکردنی ژنان لە بەرگەگرتنی باری سکپڕی و هێنانە دنیـای منداڵ، بەرینتر کردووەتەوە. دەکرێت کە سکپڕبوون بەپێشگـیری و لەباربردنی منداڵ رابگیرێت، بەڵام تێکنۆلۆجیای مۆدێرن ئەو دەرفـەتەشـی بۆ ژنان فـەراهەم کرد بـتوانن خـۆ لە سـکـپڕبوونی دووبارە بـبـوێرن و لە جـیـاتیی ئەوە سـوود منداڵبوونی لوولەیی وەربگرن و بەرپرسیارێتیی بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵ بەرێکخراوە کۆمـەڵایەتییـەکان بسپێرن. بەوتەیەکی تر، دەکرێ پرۆسـەی دووبارە منداڵخستنەوە لە تاقیگەکاندا بەشێوازی (cybernetic) جێبەجێ بکرێت، ئەمەش بۆ یـەکەم جار لە مێژوودا رێگە بەژنان دەدات، لە خـێزانی بیـۆلۆجیکی دەرباز بن و بێنە نێو کۆمـەڵگە وەکو تاکێکی یەکسـانیی راسـتـەقینە لەگەڵ پیـاوان. ئەگەرچی مێلیت بنچینـەکانی باوکسـالاری لە مـەرجدارکردنی کۆمەڵایەتیدا وێنا دەکـات و فـایر ئێسـتـۆن لە بیـۆلۆجیـدا جێگیـریـان دەکات، بـەڵام هـەردووکیـان هاوڕان کە ئازادی پێویسـتی

بەداشکان و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی جیاوازییە رەگەزییەکانی نێوان ژنان و پیاوان هەیە. ئەوان هەردوو لەو باوەڕەدا بوون کە سروشتی راستەقینەی رەگەزەکان یەکسان و پێناسەی خۆیان هەیە. هۆکارێک کە لەوانەیە هەم لەلایەن نەریتی باوکسالاری و هەم بەهۆی بەدشانسیی ژنانەوە کە بەبەزەیییەوە لەدایک دەبن، کەوتووەتە ژێرکاریگەری ئەوانەوە. هەردووکیان سروشتی مرۆڤ کە دوو لایەنی هەیە قبوڵ دەکەن. لە هەر حاڵدا، فێمینیزمی رادیکاڵ هەڵگری هەندێک دیاردەی جیاوازە، کە هەندێک لەوانە پێداگری لەسەر جیاوازیی بنیاتی و نەگۆڕی ژنان و پیاوان دەکەن. بۆ نموونە بارودۆخی (pro-woman) بەتایبەتی بەشێوەیەکی زۆر دیار لە فەرەنسا و ئەمەریکا لەو نموونانەیە. ئەم بابەتە لەگەڵ بۆچوونی فایر ئێستۆن زۆر دژ بووە و کە دەیگوت ژنان پێویستیان بەرزگاربوون لە تەلیسمی بەدنیاهێنانی و پەروەردەکردنی منداڵ هەیە، راستیی پۆزەتیڤبوونی سکپڕبوون و دایکایەتیش پشتڕاست دەکاتەوە . ژنان نابێ هەوڵ بدەن کە "زیاتر وەکو پیاوان" بن. بگرە دەبێ زیاتر "خوشکبوونی" خۆیان بناسنەوە و قبوولّی بکەن و ئەمە هەر ئەو پێوەندییەییە کە ئەوان بەتێکڕای ژنانی تروە پێوەست دەکات، هەر بۆیە رەوشی "ژنگەرایی" قبوولّی دەکات کە بەها و رەفتاری ژنان لەگەڵ پیاوان جیاوازە و ئاماژە بەوە دەکات کە لە راستیدا لە هەندێ بواردا ژنان لە سەرەوەی پیاوانن. بۆ نموونە خاوەن داهێنانی بەرزتر، هەستیاربوون و سەرنجدانی زیاترن کە پیاوان هەرگیز ناتوانن خاوەن ئەم خەسڵەتانە بن ، یان پەرەی پێ بدەن. قبووڵکردنی جیاوازییە نەگۆڕەکانی نێوان ژنان و پیاوان، هەندێک لە فێمینیزمەکانی بەلای کولتووری لادان لە تێکۆشانی سیاسیی دژ بەدنیای گەندەڵ و سنوورشکێنی پیاوان بۆ شێوازێکی تری ژیان و کولتووری ژنگەراییی ناسیاسی ڕاکێشاوە. لەلایەکی تروە فێمینیزمەکانی تر لە روانگەی سیاسییەوە بانگەشەکار و تەنانەت بوونەتە شۆڕشگێڕ. ئەگەر جیاوازییە رەگەزییەکان سروشتی بن، کەوابوو بنچینەکانی باوکسالاری لە خودی رەگەزی پیاوانەدا بوونی هەیە؛ هەموو پیاوان لەباری جەستەیی و دەروونییەوە بۆ سەرکوتکردنی تێکڕای ژنان لە بەرچاو گیراون، بەواتایەکی تر "پیاوان هەمان ئەو دوژمنانەن".

ئەم تیۆرییە بەشێوەیەکی ئاشکرا بووە هۆی لێک جیابوونەوەی فێمینیزم. پیاوان "چینێکی رەگەزی" سەرکوتکەر پێک دێنن کە لە خزمەتی سەرکوتکردن، زاڵبوون و لەناوچوونی ژناندان؛ کەوابوو "چینی رەگەزیی ژنان" قوربانییانی جیهانین. بۆ نموونە، (سۆزان بێروان ویل) لە کتێبی"بەپێچەوانەی خواستی ئێمە" (١٩٧٥)دا جەخت دەکاتەوە کە پیاوان لە رێگەی پرۆسەیەکی خراپ کەڵک وەرگرتنی رەگەزی و جەستەیی بەسەر ژناندا زاڵ دەبن. پیاوان (ئایدۆلۆجیای دەستدرێژیی سێکسی– Ideology of rape)یان داهێنا کە بە"پرۆسەی هۆشیارانەی تۆقاندن کە پیاوان تێکڕای ژنانیان لە چوارچێوەی ترسدا هێشتووەتەوە" کۆتاییی پێ دێت. (بێروان ویل) لەم باوەڕەدایە کە پیاوان دەستدرێژیی سێکسی دەکەن چونکە دەتوانن، چونکە ئەوان "توانای بیۆلۆجیکی دەستدرێژییان" هەیە و تەنانەت ئەو پیاوانەی کە دەستدرێژیی سێکسی ناکەن

سەرەڕای ئەمە لە ترس و نیگەرانییەک کە ئەوان لەنێو ژناندا دروستی دەکەن، کەڵک وەردەگرن. ئەو فێمینیزمانەی کە شوێنی ئەم بۆچوونە کەوتوون لەو باوەڕەدان ئەم بابەتە کاریگەریی قووڵ لەسەر رەفتاری تاکەکەسی و رەگەزیی ئەوان دادەنێ و هارمۆنی و یەکسانیی رەگەزی ئەستەم دەکات لەبەرئەوەی کە تەواوی پێوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان بەناچار گیرۆدەی ئەو سەرکوتکردنەن. ژنانی هۆگری رەگەزی بەرانبەر لەبەر ئەوە کە "شوناسی پیاوانە"یان بەدەست هێناوە و لە بەخشینی راستیی تەواو بەسروشتی راستەقینەیان لەگەڵ "شوناسی ژنانە"دا بێ توانان، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی هاوڕەگەزبازیی سیاسی، کە لە سەرەوەبوونی رەگەزی بەباسێکی پڕ بایەخی سیاسیی نیگەرانکەر بۆ ژنان دەزانێت. تەنیا ئەو ژنانەی کە سەڵت دەمێننەوە، یان هاوڕەگەزبازی هەڵدەبژێرن، دەتوانن خۆیان وەکو "ژنانی خاوەن شوناسی ژن" وێنا بکەن. لە ئەنجامدا توانای دەربازبوون لە سەرکوتکردنی پیاوانەیان هەیە. هەروەها کە(T.Grece Atkenson) بۆچوونی داوە، فێمینیزمی تیۆریست، هاوڕەگەزبازیی کردارییە. لە هەر حاڵدا، باسی جیاکردنەوە و هاوڕەگەزبازی بەشێوەیەکی قووڵ بزووتنەوەی ژنانی لەت کرد. زۆربەی فێمینیزمەکان ئەم راستییە چاوپۆشی لێنەکراوانە وەکو رەنگدانەوەی چەواشەکراوی (Misogyny)، یان دژایەتیکردن لەگەڵ ژنان کە لە دنیای پیاوانەدا دیارە، چاو لێ دەکەن. لە بەرانبەردا ئەوان وەفادارن بەرانبەر بەئامانجی یەکسانیی رەگەزی و قبووڵکردنی ئەوەی کە دەرفەتی جێگیرکردنی هارمۆنی لە نێوان ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگەیەکی بێڕەگەزدا هەیە. لە ئەنجامدا ئەوان لەم باوەڕەدان کە هەڵبژاردنی رەگەزی بەوردی پرسێکی دڵخوازانەی تاکەکەسییە، نەک ئەرکێکی بەگژیەکداچووی سیاسی.

## فێمینیزمی سۆسیالیست

ئەگەرچی هەندێک لە نووسراوە سەرەتاییەکان ئاماژە بەبیرۆکەی سۆسیالیستی دەکەن، بەڵام فێمینیزمی سۆسیالیست لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بەئاستێکی بەرزی تایبەت بەخۆی گەیشت. فێمینیزمە سۆسیالیستەکان بەپێچەوانەی هاوڕیزە لیبراڵەکانیان، لەو باوەڕەدا نین کە ژنان تەنیا لەپوانی سیاسی و یاساییدا بێبەش کراون، کە دەتوانرێت بەمافی یاسایی بەرانبەر یان دەست پێراگەیشتن بەدەرفەتی بەرانبەر قەرەبوو بکرێنەوە، بگرە سەرتر لەوە، فێمینیزمە سۆسیالیستەکان لەو باوەڕەدان کە رەگ و ریشە و بناغەی پێوەندیی نێوان رەگەزەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەیە و شتێک کەمتر لەگۆڕانی قووڵی کۆمەڵایەتی، بەواتایەکی تر شۆڕشی کۆمەڵایەتی، ناتوانێت دوورنمایەک بۆ رزگارکردنی راستەقینەی ژنان بخاتە ڕوو. هەر بەو جۆرەی کە لە راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوەکان لە ساڵی١٩٨٠دا ئاماژەی پێ کراوە، لە حاڵێکدا کە ژنان پەنجا لە سەدی حەشیمەتی جیهان پێک دێنن و تا رادەیەک دوو لەسەر سێی کاتەکانی کاریان بۆ خۆیان تەرخان کردووە، بەڵام تەنیا یەک لەسەر دەی داهاتی جیهان وەردەگرن و خاوەنی کەمتر لە یەک لە سەدی سامانی جیهانن. باکگراوندی بنەڕەتی فێمینیزمی

سۆسیالیست ئەمەیە کە تەنیا لە بواری فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتەکانەوە دەتوانین لە باوکسالاری تێ بگەین. ئەم بۆچوونە لە کتێبی (فرێدریک ئەنگێلس) لە ساڵی ١٨٨٤دا بەناوی سەرهەڵدانی بنەماڵە، خاوەندارێتیی تایبەتی و دەوڵەت باس کراوە و بەڕوونی خراوەتە ڕوو. ئەنگێلس لەو باوەڕەدایە کە پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریو خاوەندارێتی تایبەتی، لە بنەڕەتدا گۆڕاوە. لە کۆمەڵگەکانی پێش سەرمایەداری، ژیانی بنەماڵەیی هاوبەش بووە و بەشێوەیەکی بەربڵاو، لەسەر مافی دایکایەتیش وەرگرتنی میرات لە سەروەت و سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی لەلایەن ژنانەوە- لێکۆڵینەوە کراوە. لە هەر حاڵدا سەرمایەداری، لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی دارایی تایبەتی لەلایەن پیاوانەوە، مافی دایکایەتیی لەناو بردووە و بووەتە هۆی ئاشکرابوونی ئەو شتەی کە ئەنگێلس بەشکستی مێژوویی جیهانیی رەگەزی مێ ناوی دەبات. وەکو زۆربەی فێمینیزمە سۆسیالیستەکانی دواتر، ئەنگێلس پێی وابوو کە سەرکوتکردنی ژنان لەرێگەی پێکهێنانی بنەماڵەوە جێبەجێ کراوە. ئەنگێلس ئەوە روون دەکاتەوە یەکەمین سەرکوتکردنی پلە یەک کە لە مێژوودا دەرکەوتووە بەپەرەسەندنی ناکۆکیی نێوان ژنان و پیاوان لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی یەک هاوسەریدا بووە. دووەمین حاڵەتی سەرکوتکردنی ژنان، لەلایەن پیاوانەوە بەکار هێنرا. خێزانی بۆرژوازی، خێزانێکی باوکسالار و سەرکوتکەر بوو، چونکە پیاوان دەیانویست دڵنیا بن لەوەی داراییەکەیان تەنیا بە کوڕەکانیان بدرێت. پیاوان لە رێگەی پێداگری لەسەر ژیانی هاوبەشی یەک هاوسەری، سنووربەندییێک کە بەتوندی لەلایەن هاوسەرانی ژنەوە پیادە دەکرا، توانییان مافی باوکایەتیی رەها بەدەست بێنن. بێبەشکردنی ژنان لە هاوبەشە رەگەزییەکانی تر، بەوتەی ئەنگێلس، بەڵام بەپێی نەریت لەلایەن مێردەکان چاوپۆشیی لێ دەکرا. بۆ قەرەبووی ئەم سەرکوتکردنە رێگە و شێوازی ژنانە گەشەی کرد، کە پەرەی بەهەست و بەهای عەشقی رۆمانسی دەدا، بەڵام لە راستیدا، پلانێکی ساختەکارانەی بۆ داکۆکیکردن لەپوان (ئیمتیازات) و داراییەکانی پیاوان بەرنامەڕێژی کرد. ئەنگێلس تا ئەو جێگەیە نەڕۆیشتە پێشەوە کە وەسفکردنێکی پوختە لە چۆنیەتیی ژیانی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیدا بخاتە ڕوو. بەهەرحاڵ، ئەنگێلس بەشێوەیەکی روون لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت هاوسەرکاری هەڵبوەشێتەوە، کاتێک کە تایبەتمەندییە باوکسالارییەکانی خاوەندارێتیی تایبەتیش پووچەڵ بوونەوە رەنگبێ لەو کاتەدا ئەو یەک هاوسەرییەکیش نەمێنێت. فێمینیزمە سۆسیالیستەکانی تر لەم باوەڕەدان کە دەبێت بنەماڵەی نەریتی و باوکسالاری لەلایەن سیستەمی ژیانێکی گشتی و عەشقیی ئازاد، بەشێوەیەک کە سۆسیالیزمەکانی ئۆتۆپیایی وەکو (فۆریەر و ئۆوێن) وێنەرایەتیی دەکەن، بگۆڕدرێت. ئەگەرچی (L.h.Morgan) لە ڕووی مرۆڤناسییەوە بۆچوونەکانی ئەنگێلس بەبۆچوونی پڕ لە گومان دادەنێت، زۆربەی فێمینیزمە سۆسیالیستەکان بەڵگە دەهێننەوە کە سنووردارکردنی ژنان لە چوارچێوەی کاری ماڵ و دایکایەتیدا، لە خزمەتی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی سەرمایەداریدایە. هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە ژنان پێکهێنەری لەشکری یەدەگی

کارن، کە دەتوانرێت ژنان وەکو هێزی کار، هەر کاتێک کە پێویست بەزیادکردنی بەرهەم هەبێت، دابمەزرێندرێن، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی تەنگژەی بێ کاریدا سووک و ئاسان وێڵ بکرێن و بگەڕێنەوە بۆ نێو جوغزی ژیانی ماڵەوە، بێ ئەوەی کە خاوەنکار یان حکوومەت ڕووبەڕووی بەرپرسایەتیی ئەو بێکاربوونە بکرێتەوە. جگە لەوە ژنان وەک کرێکارانی کاتی، بەقەبووڵکردنی هەقدەستی کەمتر و پیشەی نزمتر بەو مەرجانە بەستراونەتەوە، کە ئەمە پوانێکە بۆ یارمەتیدان بەبەهای هەقدەستی نزم، بێ ئەوەی کە هەڕەشە لە پێگەی پیشەییی پیاوان بکات و هاوکات کار و تێکۆشانی ژنان لە ماڵەوە بۆ باشبوون و لێهاتوویی ئابووری، زۆر پێویستە. لە راهێنان و پەروەردەی منداڵدا، ژنان بەدیهێنەرانی نەوەی داهاتووی هێزی کارن و بەرهەمی داهاتوو گەرەنتی دەکەن. هەروەها ژنان بەرپرسی بەکۆمەڵایەتیکردن، گونجاندنی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگە و تەنانەت فێرکردنی منداڵان و راهێنانیان وەکو کرێکارانی گوێڕایەڵ و بەدیسیپلین.

ژنان لە رۆڵی خۆیاندا وەک کابانی ماڵ، پیاوانیان لە ئەرکی کاری ماڵ و پەروەردەی منداڵ رزگار کردووە و دەرفەتی ئەوەیان پێ داون کە هێزی خۆیان لەسەر پیشە و کاری بەهەقدەست، چڕ بکەنەوە. لەم پێوەندییەدا، پۆلێنبەندیی رەگەزیی کار لە نێوان پیاواندا، کە کاری بەهەقدەست لە کارخانە و فەرمانگەکان وە ئەستۆ دەگرن و ژنان، کە کاری خێزانیی بێ هەقدەست ڕادەپەڕێنن، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی لێهاتوویی و هۆشیاریی ئابووری لە کۆمەڵگەدا و سەرتر لەوە، ژنانی کابان بەرپرسن لە ئامادەکردنی هاوسەرەکانیان بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بگەنە شوێنی کارکردنیان و لەبەرکردنی جلوبەرگی گونجاو و تێرکردن و سازدانیان بۆ رۆژێکی کاریی نوێ. خێزانی نەریتی بۆ کرێکار پێکهێنەری هاندەرێکی بەهێزە بۆ دۆزینەوەی پیشە و پاراستنی ئەو پیشەیە، چونکە کەسی کرێکار ژن و منداڵی هەیە کە دەبێت پشتگیریی داراییان لێ بکرێت. هەروەها، خێزان دەبێتە مایەی ئەوەی کە کرێکار هەست بەو لەخۆ نامۆبوون و چەقبەستنە نەکات کە ئەوی وەکو "کۆیلەی هەقدەست" هێشتۆتەوە. هەڵبەت، ژیانی خێزانیی قەراردادی بۆ هاوسەر (باوک) پوانێکی بەرچاو دەستەبەر دەکات: بۆ نموونە، ئەو وەک دابینکەری نان و بژێویی ماڵ لە پێگەیەکی بەرزدایە و بەم پێیەش ئاسوودەیی و پشوودانی لە ماڵدا پێ دەبەخشرێت، لە حاڵێکدا هاوسەری ژن (دایک) لەبەرئەوەی پیشەکەی کاری ناوماڵی بێ هەقدەستە، نرخێکی بۆ داناندرێت. هەندێک لە فێمینیزمەکان لەو باوەڕەدان کە ئەمە سروشتی کاری بێ هەقدەستی خێزانە کە بارودۆخی پیشە کۆمەڵایەتییەکە بەپلەی نزم دەژمێردرێت و ژنان لە بواری داراییەوە بەهاوسەرەکانیان دەبەستێتەوە، بەمجۆرە سیستەمێکی نابەرانبەری کۆمەڵایەتی جێگیر دەبێت. کەمپێینی هەقدەست بۆ کارخانە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیازی (جێمزو گۆستا) لە ساڵەکانی ١٩٧٠، کە خوازیاری ئەوە بوون ژنان دەبێت سەربەخۆییی ئابووری بەدەست بێنن و ئەگەر کار دەکەن دەبێت لە رەوشێکی کۆمەڵایەتیی سەرتر بەهرەمەند بن، وەک چۆن پیاوان وەکو بەرهەمهێنەر و بەهادار ناسراون و هەقدەستیان پێ دەدرێت، ئاواش مامەڵە لەگەڵ ژناندا بکرێت. ئەگەرچی

فێمینیزمە سۆسیالیستەکان لەسەر ئەوە رێک کەوتوون کە (وۆمێنز کوێیشن) ناتوانێت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیا بکرێتەوە، ئەوان بەوردی سەبارەت بەسروشتی ئەم بازنەی پێوەندییە دابەش دەکرێن. پۆلێنبەندییە رەگەزییەکان بەدیاریکراوییەوە بەتوێژە کۆمەڵایەتییەکاندا تێ دەپەڕن، دەبنە هۆکاری ئاڵۆزی لە لێکدانەوەی فێمینیزمە سۆسیالیستەکان سەبارەت بەگرینگیی رێژەیی پۆلێن (کلاس) و جۆری (جێندێر)و پرسیارگەلی دژوارتر بۆ فێمینیزمە مارکسیستەکان دروست دەکات. مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکان پێداگرن لەسەر ئەوەی کە سیاسەتە چینایەتییەکان لەسەرەوەی سیاسەتە رەگەزییەکانن. بۆ نموونە ئەنگێلس لەو باوەڕەدا بوو "خێزانی بۆرژوا" کە ژنانی گوێڕایەڵی هەبووە، ئاکامی خاوەندارێتیی تایبەتییە و هەر بۆیە لە راستیدا هاوزا و دووانەی کاپیتالیزم بووە و لەو باوەڕەدایە کە چەوساندنەوەی چینایەتی قۆناغێکی زەقتر یان قووڵتر لەسەرکوتی رەگەزییە. ژنان لەلایەن پیاوانەوە سەرکوت ناکرێن، بگرە بەهۆی پێوەرەکانی خاوەندارێتیی تایبەتی، لەلایەن کاپیتالیزمەوە سەرکوت دەکرێن. هەروەها لەو بۆچوونەدان کە رزگارکردنی ژنان پرسێکی دووانەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە کە کاپیتالیزمی تێک شکاندووە و سۆسیالیزمی لە جێی داناوە. ژنانێک کە بەدوای ئازادیدا دەگەڕێن دەبێت "شەڕی چینایەتی" گرینگتر لە"شەڕی رەگەزی" وێنا بکەن. لە ئاکامدا، فێمینیزمەکان دەبێت تواناکانیان زیاتر بۆ بزووتنەوەی زەحمەتکێشان تەرخان بکەن تا بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی سەربەخۆی پەرش و بڵاوی ژنان. لە هەر حاڵدا، فێمینیزمە مۆدێرنەکان لە قەبووڵکردنی ئەوەی کە سیاسەتە چینایەتییەکانیان لە سەرەوەی سیاسەتە رەگەزییەکانە، بەشێوەیەکی فراوان تووشی گرفت بوون، بۆ ئەوان سەرکوتکردنی رەگەزی هەر گەردیلەیەکی بەهەمان رادەی چەوساندنەوەی چینایەتی گرینگیی هەیە. نووسەرانێک لەوانە (ژولیت میچێل)، مارکسیزمی مۆدێرن کە رۆڵی ناوەندیی ئابووریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی هێزەکانی کۆمەڵگەی زیاتر قەبووڵ کردووە، پەسند دەکات تا مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس، کە پێداگری لەسەر گرینگتربوونی هۆکاری کۆمەڵایەتی و مادی دەکات. هەر بەم هۆیەوە (میچێل) لە ئەزموون و لێکدانەوەی پێگەی ژنان بەشێوەیەکی بەربڵاو سەرنجی زیاتری داوەتە بنەما ئایدۆلۆجی و کولتوورییە باوکسالارییەکان. لە کتێبەکەیدا بەناوی (In Women,s Estate) لەقەڵەمڕەوی ژناندا-١٩٧١) ئەوەی وێنا کردووە کە ژنان چوار کردەوەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکەن: یەکەم، ئەوان بەشێکن لە هێزی کار و لە بەرهەمهێناندا چالاکن، دووەم، ئەوان منداڵ بە دنیا دەهێنن و بەم پێیە بەردەوامی بەمانەوەی رەگەزی مرۆڤ دەدەن، سێیەم، ئەوان بەرپرسی بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵانن و دواجاریش، ئەوان لایەنی بەرانبەری پێوەندیی هاوجێیین، ئازادیی پێویستی بەگەیشتنی ژنان بەرزگاری لە هەریەک لەم بوارانەدا هەیە، نەک تەنیا بەدانانی سیستەمی سۆسیالیزم لە جێی سیستەمی چینایەتیی کاپیتالیزم.

تەلیسم شکاندن لەگەڵ مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دەگەڕێتەوە بۆ ئاکامی پێشکەوتنێکی

دەمساردکەرەوە کە فێمینیزم لە دەوڵەتی کۆمەڵگە سۆسیالیستییەکاندا هەیبووە. دوای شۆڕشی رووسیا، ئەم بۆچوونە کە یەکسانیی کۆمەلایەتی دەبێ تەنیا ببێتە هۆی یەکسانیی رەگەزەکان، لەلایەن (ئەلێکساندێر کۆلێنتای) کۆمیساری ئاسوودەیی کۆمەلایەتی، کە تەنیا ژن لە دەوڵەتی لێنیندا، نوێنەرایەتی کرا. (کۆلێنتای) بەقازانجی هەڵوەشاندنەوەی بنەماڵەی قەراردادی و لەجێدانانی سیستەمی پێوەندیی سێکسیی ئازاد کاری کرد. لە هەر حاڵدا، بیرۆکە رادیکاڵەکانی ئەو بەشێوەیەکی فراوان دوای راپەڕینی ستالین، خرایە پەراوێزەوە و رزگاریی ژنانی سۆڤیەت لە دامەزراندنی ژنان وەکو هێزی کار، وێنا دەکرا، کە بەتەیارکردن و تەرخانکردنی پێداویستییە دەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی منداڵان بەئەنجام گەیشت. گرینگتر ئەوەی کە، سەرنجێکی کەمتر بەپۆلێنبەندیی رەگەزیی هێزی زەحمەتکێش درا، لەیەکیەتیی سۆڤیەتدا بۆ نموونە، ژنان لە بنەڕەتدا کەمتر لە پلەکانی سەرتری ژیانی سیاسی و پیشەیی بوونیان هەبووە و ئەوانەش کە هۆگری بەدواداچوونی پیشەی خۆیانن هێشتا جێبەجێکردنی کاری ناوماڵ و بەرپرسیارێتییەکانی خزانیان لێ چاوەڕوان دەکرێت. گرینگترین حاڵەتی تایبەت لەو رووەوە وڵاتی (کوبا)یە، شوێنێک کە یاسای خێزانداریی پێویستی بەوە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کاری ماڵ و پاراستنی منداڵ لەلایەن مێردەکان و هاوسەران بەشێوەیەکی یەکسانە.

## رەگەز و جۆر sex and gende

بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە زۆربەی مشتومڕی نێوان دژە فێمینیزمەکان ئەوەیە کە پۆلێنبەندییە رەگەزییەکان لە کۆمەڵگەدا سروشتین، بەو مانایەی کە ژنان و پیاوان تەنیا ئەو رۆڵانەیان نواندووە کە سروشت بۆیانی داڕشتووە. پێ دەچێت رێکخستنی شێوەی دەناتۆمی و جەستەیی ژن وای کردبێت کە ژنان بۆ رۆڵی ماڵەوە و ژێردەستەیی لە کۆمەڵگەدا لەبار بن. بەکورتی ئەوەی کە بیۆلۆجیی چارەنووس، لە کردەوەدا، بنەمای پووچەڵی ئەو مشتومڕانەیە.

بەوجۆرەی کە رەگەزپەرستە نێرەکان ئاماژەی پێ دەکەن، رەنگە مێشکی ژن، چکۆلەتر لە مێشکی پیاو بێت، بەلام لە تەبایی لەگەڵ جەستەیدا گەورەترە کە زیاتر هێمایەکی دروستتر لە پلەی هۆش نیشان دەدات. هەروەها ژنان، لەباری جەستەییەوە لە چاو پیاوان هێز و ماسوولکەی لاوازتریان هەیە و ئەم پرسە تا رادەیەک کاریگەری لەسەر فاکتە کۆمەلایەتییەکاندا دەبێت. پیاوان بۆ وەئەستۆگرتنی کارە جەستەییەکان و دەرەوەی ماڵ و بەشداری لە وەرزشکردن بۆ بەهرەمەندبوون لە شکۆی پیاوانەی کلیشەیی هان دراون. لە هەر حاڵدا ئەگەرچی هێزی جەستەیی لە کۆمەڵگەی جووتیاری و کەمتر پیشەسازییەکاندا گرینگیی هەیە، بەلام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کە کەرەستە و ئامرازی میکانیکی لە سەرەوەی هێزی جەستەیی مرۆڤە، ئەم بابەتە گرینگییەکی کەمتری هەیە. کەسی نێری خاوەن ماسوولکەی بەهێز لە دنیای تەکنیکی رۆبۆتەکان و مایکرۆچیپسەکاندا نادیارە. بەهەرحاڵ کاری دژواری جەستەیی کە رەنگە بۆ لەشی

پیـاوانە لەبارتر بێت، بەشـێـوەیەکی نەریتی لەلایەن خـەڵکی پلە سێ کـە لە ڕەوشی پیـشـەییی خوارەوەی کۆمەڵگەدان وەئەستۆ گیراوە، نە لەلایەن بەرپرسانەوە. بەهەرحاڵ، هۆکاری بیۆلۆجی کە زیاتر پێـوەندیی بەپێگەی کـۆمــەڵایەتیی ژنانـەوە هەیە، توانای ژنان بۆ بەدنیـاهـێنانی منداڵە. بێگومان، منداڵخستنەوە تاکە تایبەتمەندیی ڕەگەزی مێیە، هاوڕێ لەگەڵ ئەم ڕاستییە کە ژنان، خـاوەن سـیکلی ژنانـەن و توانای شـیـردان بـەمنداڵـەکـانیـان هەیە. بەهەرحـاڵ، ئەم هـۆکـارە بیۆلۆجیکییانە، نە بەزیانی ئەوانە و نە چارەنووسی کۆمەڵایەتییان پایەدار دەکات. ڕەنگە ژنان (دایک) بن، بەڵام پێویستیان بەوە نییە بۆ بە قەبووڵکردنی بەرپرسایەتیی دایکانە وەکو: پەروەردە، ڕاهێنان و گەشەی منداڵان خۆیان تەنیا بـەماڵ و ناو چوارچێوەی خێزان ببەستنەوە. پێوەندیی نێوان منداڵخستنەوە و پەروەردە زیاتر لەوەی کولتووری بێت بیۆلۆجیکییە. چاوەڕوان دەکرێت کە ژنان لە مـاڵدا بمێننـەوە و منداڵەکـان گـەورە بکەن و خـەریکی کـاری مـاڵ بـن. بەهۆی پێکهـاتەی نەریتیی ژیانی بنەماڵەیی، دەتوانرێت ئەرکەکانی بنەماڵەیی لەلایەن مێردەوە وەئەستۆ بگیردرێت ، یان لە نێوان ژن و مێرددا دابەش بکرێت، لە خێزانە بەرانبەرەکاندا تەنانەت دەکرێت کە پەروەردەی منداڵ لەلایەن ڕێکخراو یان دەوڵەت و یان لەلایەن کەسوکاری نزیکتر لە خێزانە گەورەکاندا ئەنجام بدرێت. هەروەها گومڕاکردنە ئەگەر لەدایکبوونی منداڵ وەکو کارێکی نێگەتیڤی کۆمەڵایەتی چاو لێ بکەین و ژنان لە گێڕانی ڕۆڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەدواداچوونی پیشەی خۆیان بێبەش بکەین. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، لەدایکبوونی منداڵ تەنیا پشوویەکی کورت لە ژیانی کاریی ژناندا پێک دێنێت. بـەشـێوەیەکی بەرچاو، بەدنیـاهێنانی منداڵ، هاوڕێ لـەگـەڵ پێگەیـەکی کۆمـەڵایـەتیی بەرز، بەهێمای داهێنان و مسۆگەرکردنی ڕزگاری مرۆڤ دێتە ئەژمار. هەڵبەت هەندێک لە فێمینیزمەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بناغەی باوکسـالاری لەسەر ترسی پیاوان لـە بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی ژنان پێکهاتووە کە بەهۆی ڕاکێشەری سێکسیی ژنان و وەبەرهێنان و دەسەڵاتیان وەکو دایک، دەتوانن کاریگەر بن. پیاوان بەدوای ئەوەدان کە لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ژنان بۆ ئەرکەکانی ماڵداری و ناوەخۆیی، کۆنترۆڵیان بکەن و لە ئەنجامدا لە دەسەڵات بێبەشیان بکەن. سەرەڕای ئەوە، ئەگەرچی بیۆلۆجی لەوانەیە چارەنووس بێت، ناتوانین نکووڵی لە جیاوازییە جەستەییەکانی نێوان ژن و پیاو بکەین. تـەوەرێکی زۆر گرینگ و پڕ بایەخ بۆ ئەو فـێمـینیـزمـانـەی کە بەدوای بەرزکـردنەوەی ڕۆڵی ژنان و دروسـتکردنی کـۆمـەڵگەیەکی ناڕەگـەزین، تەنیـا ئەوەیە کـە تا چ ڕادەیەک ئـەو جیـاوازییـە سـروشتییانە قووڵن. بەهۆی لێکدانەوەی ئەم بابەتەوە، فێمینیزمەکان بەردەوام سێکس و جۆر و شێوەی (جێندێر)یان لە یەکتر جیا کردووەتەوە. سێکس ئاماژە بەو هۆکارە جەستەییانە دەکات کە نەگۆڕن و ژنان لە پیاوان جیا دەکاتەوە، بەڵام (جێندێر) قۆناغێکی فەرهەنگییە کە ئاماژە بەو ڕۆڵە جیـاوازانە دەکات کە کۆمـەڵگە بۆ پیاوان و ژنانی دیاری کردوون، هەر بۆیە جیـاکردنەوەی مۆدێلی مێ لە مۆدێلی نێرە. بیرۆکەکانی باوکسالاری جیاوازیی نێوان ڕەگەز و جۆر، خەوشدار دەکـات و لەو بـاوەڕەدایە کـە تـەواوی جـیـاوازییـەکـانی نێـوان ژنـان و پیـاوان لەئاناتۆمی و

زیندەوەرناسی سەرچاوەی گرتووە. فێمینیزمەکان پێداگری دەکەن کە پێویستی و پێوەندیی لۆجیکی لە نێوان ڕەگەز و جۆردا بوونی نییە و جەخت دەکەنەوە کە بەپێچەوانەوە، جیاوازییەکانی جۆری ڕەگەز، بەتەواوی نەریتین و لەلایەن کۆمەڵگەوە بەسەر یەک بەیەکی تاکەکاندا سەپێندراون.

زۆربەی فێمینیزمەکان لەو باوەڕەدان کە جیاوازییە سێکسییەکان لە نێوان ژن و پیاودا تا رادەیەک کەمە و پاساودەری جیاوازییەکانی جۆری (جێندێر)ن، لە ئەنجامدا وێنا دەکرێت کە سروشتی مرۆڤ لە بنەڕەتدا دوو ڕەگەزی یان بێ ڕەگەز بووە و تایبەتمەندییەکانی هەردوو ڕەگەزی تێدایە. بێ سەرنجدان بە نێر یان مێ بوون، هەموو مرۆڤەکان، جنێتیکێکی بە میراتگەیشتوویان لە باوک و دایکەوە هەیە، هەر بۆیە هەڵگری تێکەڵاوییەکی ڕەگەزی لە هەردوو نیشانەکان یان تایبەتمەندییەکانی نێر و مێیان هەیە. وەها گریمانەیەک قەبووڵی دەکات کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان، هۆکارگەلی بیۆلۆجیکین، بەڵام پێداگرن کە ئەوانە لە سەرەوەبوونی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ئابووریيان نییە. ژنان و پیاوان، نابێت بەهۆی ڕەگەزیانەوە هەڵبسەنگێندرێن ، بگرە بەشێوەی تاکەکان و کەسەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئامانجی فێمینیزم دەستەبەرکردنی هەڵسەنگاندنی (کەسایەتی)یەکانە. لە جیاوازییەکانی جۆر بە تەواوی دەستکردە و دەکرێت بسڕێتەوە. هەروا کە (سیمۆن دی بوڤار) لەبارەی جۆرداوە دەڵێ: ژنان بەم شێوەیە لەدایک نەبوونە بگرە بەم شێوە دروست کراون. جیاوازییەکانی جۆری ڕەگەزی کە ژنان ئامادە دەکات بۆ کلیشەییبوون لەگەڵ مۆدێلی کردەوەی ژنانە، لەلایەن کۆمەڵگەوە دروست کراوە و داوایان لێ دەکات کە ناچالاک و گوێڕایەڵ بن و رایاندەهێنێت کە بۆ ژیانی خێزانی و ئەرکەکانی، شیاو و لەبار بن. لە لایەکی ترەوە بە وردی پیاوان هان دەدرێن کە پیاوانە، خوازیار، سنوورشکێن و ڕکابەر بن و بۆ دنیای کار و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئامادە بن. لە کۆمەڵگەیەکی باوکسالاردا، ژنان بەگوێرەی چاوەڕوانییەکان و پێداویستییەکانی پیاوان فۆرمۆلە دەبن، ئەوان هان دەدرێن کە لەگەڵ یەکێک لە مۆدێلەکانی ژنانەی خوڵقێندراوی پیاوان وەکو دایک، کابانی ماڵ، داوێنپاک و سۆزمانی تەبابییان بێت.

دەتوانین بڵێین کە کەسایەتییەکانی هەردوو ڕەگەز گۆڕاون. ژنان هان دەدرێن کە سروشتی پیاوانەی خۆیان سەرکوت بکەن، ئەوان نابێت نارێکوپێک و داواکار و بەرزەفڕ بن. پیاوانیش ناچار دەکرێن کە نکووڵی لەلایەنی ژنانەی خۆیانەوە بکەن، لەوانە هەستەکانیان و شێوەگەلی نەرم و هەستیار وەکو: پیاوەکان ناگرین. لە هەر حاڵدا، تەواوی فێمینیزمەکان لەو باوەڕەدان کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان، دەکرێ و دەبێ لەناوبچن. هەندێکیان باوەڕیان بەهەلومەرجی ژنگەرایی (پرۆووۆمەن) هەیە، کە قەبووڵی کردووە جیاوازییە ڕەگەزییەکان بایەخی سیاسی و کۆمەڵاتییان بووە. هەندێ جار وەها تیۆرییەک بە فەندەمێنتالیزم ناودێر دەکرێت: ڕا لەسەر ئەمەیە کە سرشتی سەرەتایی ژنان و پیاوان لە بنەڕەتدا جیاوازە. وێنا دەکرێت کە سروشتی سنوورشکێنانە و ڕکابەرێتیی پیاوان و کاراکتەری داهێنەر و هەستیاری ژنان، ڕەنگدانەوەی جیاوازییە جێنێتیکی و

هۆرمۆنییەکانە، نەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە لە بەرچاونەگرتنی جیاوازییە رەگەزییەکان بۆ ئایدیالیزمەکردنی دوو رەگەزی یان کەسایەتگەرایی، هەڵەیە. ژنان دەبێ تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی رەگەزی مێ بناسن و قەبووڵی بکەن، ئەوان دەبێ لە گەڕان بەدوای ئازادکردندا، نە وەکو تاکێکی بێ رەگەز بگرە وەکو ژنانی شوناسدار و پێشکەوتوو بن. ئەم بابەتە رێنمایە. بۆ پێویستیی فێمینیزم، فەرهەنگی بووەتەوە کە تواناکانی ژنانیان پێ دەبەخشێتەوە. هونەر و وێژە و ئەو ئەزموونانەی کە بۆ ژنان نامۆ بوونە، روون دەکاتەوە و گرینگیی (ژنبوون) کە بەدنیاهێنانی منداڵ، سیکلی ژنانە و دایکایەتییە بەرز دەکاتەوە. وەها لێکدانەوەیەک کەسایەتییەکی زۆر جیاواز لە پیاوان نیشان دەدات. ئەگەر توندوتیژی و رەگەزپەرستیی پیاوانە بەشێوەی بیۆلۆجیکی دیاری کرابێت و مەرجی کۆمەڵایەتی نەبێت، ئەوە پیاوان بەوێنەی دوژمن، شیاوی چاکبوونەوە نین، ئەوان نە دەتوانن ئازاد بن و نە بۆ ژیان لە کۆمەڵگەیەکی یەکسان قەبووڵ دەکرێن. هەر بۆیە هەندێک لە فێمینیزمەکان لەسەر جیاکردنەوەی پیاوان لە کۆمەڵگەی پیاوانە پێداگری دەکەن، هەڵوێستێک کە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ستراتیجییە سیاسییەکان و کردەوەکانی رەگەزی و تاکەکەسیی ئەواندا دادەنێت.

## سێکس و سیاسەت

فێمینیزم ئایدۆلۆجیایەکی یەکانگیرەو هەڵگری سێ نەریتی سەرەکی، ئازادیخواز، یەکسانیخواز و رادیکاڵە. لە هەر حاڵدا روانگەکانی فێمینیزم ناتوانرێت لەلایەن کەسانێک بە روانگەی خۆپارێزانەی حزبی سیاسیی کۆنەپارێزەوە باس بکرێت. کۆنەپارێزەکان لەم باوەڕەدان کۆمەڵگە ئۆرگانیک و بەشێوەی پێداویستیی سروشتی پەرەی سەندووە . هەر بۆیە، پێکهاتەی باوکسالاریی کۆمەڵگە و پۆلێنبەندیی رەگەزی هێزی زەحمەتکێش لە نێوان "پیاوی کۆمەڵایەتی" و "ژنی تایبەتی"دا سروشتی و پارێزهەڵنەگر، وێنا دەکرێت. بەباوەڕی ئەوان ژنان بۆ ئەوە لەدایک بوونە کە کابانی ماڵ و دایک بن و ڕاپەڕین بەدژی ئەم چارەنووسە، هەم بێ سوودە و هەم هەڵەیە. زۆربەی کۆنەپارێزەکان مشتومڕیان لەسەر ئەوەیە کە ئەوان لە بەرانبەری رەگەزی لە بواری ئەوەی کە ئەرکە بنەماڵەییەکانی ژنان، هەر بەو ڕادەیە کە ئەرک و کارەکانی دەرەوەی پیاوان گرینگیی هەیە، داکۆکی دەکەن. بەم پێیە ژنان و پیاوان "بەرانبەرن بەڵام جیاواز". سەرەڕای ئەمە، فۆڕمێک لە فێمینیزمی کۆنەپەرستانە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ئاشکرا بوو. ئەم بابەتە لە کاتێکدا کە بارودۆخی نەریتی و پێگەی ژنان لەژێر گۆڕانکاری و وەرچەرخانی خێرای کۆمەڵایەتی (وەکو شەڕی ناوخۆییی ئەڵمانیا) هەڕەشەی لێ کرا، رووی داوە. سۆسیالیزمی نەتەوەیی بەشێوەیەکی رک هەڵگرانە لە دژی فێمینیزم بوو. رۆڵی ژنان لە دروشمەکانی "نازی"دا تەنیا پاراستنی منداڵان و بوونیان لە کڵێسا و چێشتخانەکاندا بوو. کولتوور و شێوازێکی مادرگرایی لە درێژەی سەردەمی (نازییەکان) بە بەخشینی میدالیا بە دایکانی بنەماڵە پڕ حەشیمەتەکان و بەڕێوەبردنی جەژنە

نەتەوەییەکان لە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی دایکی"هیتلێر"دا گەشەی سەند. سەرەڕای ئەمە ژنان بەلای "نازی"دا، رادەکێشران و رێکخراوی ژنانی ئەوان (ژنانی سۆسیالیزمی نەتەوەیی) لە ساڵی ١٩٣٩دا زیاتر لە (٢ملیۆن و نیو) ئەندامی بوو. ئەم پرسە بەهۆی قۆناغی پیشەسازیکردن کە هۆکاری پێکهاتنی بەربەستێکی دوو بەرانبەر لە بەردەم گەشەکردنی ژنانی ئەڵمانیدا بوو، هاتە ئاراوە. لە درێژەی ساڵەکانی ١٩٢٠دا، ژنان بەشێوەیەکی بەرفراوان وەکو هێزی کاری هەرزان، زیاتر لە رەوشی پیشەیی نزمتردا دادەمەزران و هاوکات چاوەڕوانی ئەوەشیان لێ دەکرا کە وەکو ژنی ماڵ و دایک، رۆڵی نەریتی و بنەماڵەیی خۆیان بنوێنن. سۆسیالیزمی نەتەوەیی لەم روانگەوە سەرنج ڕاکێش بوو کە بەڵێنی دووبارە جێگیرکردنی جیاکردنەوەی هەرێمی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیی دابوو، لە بەرانبەری دنیای کاردا، پشتیوانیی لە ژنان دەکرد و هەروەها بایەخێکی زیاتری بۆ بارودۆخی رۆڵی نەریتیی ژنان لە بنەماڵەدا دادەنا. لە راستیدا لەژێر کاریگەری ئەم پرسە، ژنان بۆ گەڕان بە دوای رزگاری و پێکهێنانی ئاسایش لە ڕێگەی بەجێهێشتنی هەرێمی کۆمەڵایەتییەوە خوازیاری کۆنترۆڵکردنی بنەماڵە و ژیانی ماڵەوە بوون. زیاتر ئەوەی کە، گەشەپێدانی رێکخراوەکانی ژنان بۆ گرووپێکی بچووک لە ژنان تەرخان کرا. لەوانە (گرترود شولتزکلینیک) رێبەری ژنی (نازی) دەرفەتی پێشکەوتن بۆ پۆستی سەرتر و ئەزموونی دەسەڵات و رەخنەکردنی بەدەست هێنابوو، هەرچەند کە وێنا دەکرا زانا هەڵکەوتووەکانی (نازی) هەموویان لە پیاوان بن. گرفتە هاوشێوەکان بوو بەکۆسپی بەردەم گەشەکردنی فێمینیزم لە بەشەکانی جیهانی سێیەمدا. بەتایبەت لە وڵاتانی موسڵماندا، سنوورێکی پتەو لە نێوان پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان و پیاواندا، دانرا، کە بە فرە ژنی، بەکارهێنانی لەچک و یاساکانی تری پۆشینی جلوبەرگ و هەندێک جار تەریککەوتنەوەی زۆرەکیی ژنان لە ماڵدا بەرجەستە دەبێتەوە. بەم پێیە بەرەنگاریی کولتووریی پتەو بەدژی بیرۆکەکانی فێمینیزمی کە بنەماکانی ئاینیی ئەخلاقی و نەریتی، بۆ بەربەرەکانێ بانگهێشتن دەکات و بەم شێوە چاونەترسانە و بەشێوازی رۆژئاوایی دەرئەکەوێت بوونی هەیە. سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە، گرینگیدان بەرۆڵی ژنان، گەشەی سەندووە، هەم بەهۆی رەخنەکردنی بایەخە رۆئاواییەکان، بەتایبەتی لە ناوچە شارنشینەکاندا و هەم بەرێوەبردنی دووبارەی یاسای توندوتیژیی ئیسلامی لە وڵاتانی وەکو ئێران، پاکستان ، سوودان و ئەو وڵاتانەی کە کۆنەپەرستی لەوێدا گەشەی کردووە. بۆ نموونە، هەڵبژاردنی (بینەزیر بۆتۆ) وەکو سەرۆک وەزیرانی پاکستان لە ساڵی ١٩٨٨دا بووە هۆی درووژاندن و دژایەتی لە نێوان جیهانی ئیسلامیدا؛ بەوەی کە ئاخۆ ژنان دەتوانن لە سەرەوەی دەسەڵاتداری دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دابنرێن؟

هەندێک جار، فۆرمێک لە فێمینیزمی ئیسلامی ئاشکرا بووە، بەتایبەتی رووداوەکان لە ئێران، بەشێوەیەک کە ژنان لە دووبارە داسەپاندنی یاسای توندی پۆشینی جلوبەرگ و حیجاب و وەلاوەنانی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پشتیوانییان کرد تەنیا بەو ئاواتەی کە وەها هەنگاوانێک جارێکی تر رێز و حورمەتی ژنان جێگیر دەکات و بەمجۆرە شکۆی کۆمەڵایەتییان بەرز دەکاتەوە.

# نووسینەوەی ڕەوشی چینەکانی بنەوەی ناو چین

لیاو ییمو

ئەوە بیست ساڵە من ئەو خەڵکە دەدوێنم ئەوانەی لە چینەکانی بنەوەی کۆمەڵگەی چینییەوە هاتوون، لەوانە ئەوانەی پایسکیل سوارن، مردووشۆرەکان، موزیکژەنی پرسەکان، گۆرانیبێژی سەرشەقامەکان، گۆڕهەڵکەنەرەکان، دەرگەوانی توالێتەکان و راهیبەکان و پاسەوانە سوورەکان... ئەوەش بەپێچەوانەی ئەو دیمەنەیە کە رێژیم لەسەر وڵاتەکەمان نیشانی دەدات و بە چینی نوێ ناوی دەبات و شارەکان بە ئابووریی تایبەت دەناسێنێ. هیوادارم یەک دوو نەوە قەدەر بیرەوەرییەکان و تۆمارەکانیان رەش نەکاتەوە و رەوشە تەماوییەکان و حاڵەتە ماتەمینەکانیش ون نەبن، چونکە مێژووی رەسمیی وڵاتەکە مەبەستیەتی ئەوان پەردەپۆش بکات و رەشیان بکاتەوە، ئەوانەی من دانوستاندن و دیالۆگم لەگەڵیاندا کردووە و رۆژانە و بیرەوەرییەکانم نووسیویەتی ژمارەکان دەگاتە ٣٠٠ کەس، وادەزانم ژمارەیەک یان زۆربەیان لەو ماوەیەدا کۆچیان کردووە و لە ژیاندا نەماون، بەو هیوایەی کە گەڕامەوە چین و لە ئەڵمانیا چوومەوە وڵات ئەو سەربردانە هەموو کۆ بکەمەوە و بیاننووسمەوە.

لە چین ئەوە باوە کە لێکۆڵینەوەکان و بینینەکان و گوتاری خەڵکەکە تۆمار دەکرێن، بەتایبەتی خەڵکە ئاساییەکە، بەڵام ئەو نەریتە بە کاری گەورە و مەزن تەواو نەبووە، یان نەبوونەتە سەرچاوەی بەسوود، تەنیا باس لە رووداوە گەورەکان کراوە و مێژووی کارەساتەکان بایەخیان پێ دراوە، هەتا ئێستاش بیر لەوە نەکراوەتەوە، کەس دەستی نەداوەتە ئەوەی ژیان و رۆژانەی خەڵکە سادەکە بنووسێتەوە و ئەوانەی لە پێشهاتی گۆڕانە مێژووییەکان چۆن خۆیان بەڕێوە بردووە، کاروباری خۆیان چۆن ڕاپەڕاندووە.

من وادەزانم ئیشەکەی من لەو بوارەدا لە چەندین جەمسەرەوە خۆی دەدۆزێتەوە، ڕووبەرێکی

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

بەرینی خەڵکیش دەگرێتەوە، ئەوەش بە جیاوازیی ڕەوشەکانیان و توانیان دەربڕین و پێناسە و گوزارشتی خەڵکەکەی تێدایە، ئەگەرچی هەندێکیان لاوازن لە تواناکان، کە نازانم چۆن چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە، نازانن لە کێوە دەست پێ بکەن و کۆتاییەکەش نازانن. ئەوەی گوێ لەو بەسەرهاتانە دەگرێت دەبێ خوویێکی مەلائیکەتی و خۆڕاگریی ئارامی هەبێت بۆ هاوێرکردنی هێڵەکانی ڕووداوەکان و جوان و زیرەکانە لە یەکتریان جیا بکاتەوە و بژاریان بکات ئینجا دووبارە داوەکان بەیەکەوە گرێ بداتەوە و کۆیان بکاتەوە، چونکە هەندێکیان لە کۆتاییەکانەوە دەست پێ دەکەن، سەرەتاکان گەرمتر دەکەن و لە کۆتاییەکان و هەواڵ و بابەتی تری لەبەر دەکەن، ئیتر لە ناکاویش کۆتاییی پێ دەهێنن و نازانم چۆنیش گرێیان بدەنەوە و بەوەش زانیارییەکان و بەبیرهاتنەوەکانیان لەنگیی تێ دەکەوێت. منیش کۆششم دەکرد لە هەستەکانیان نزیک ببمەوە و یارمەتییان بدەم بۆ بەیەک بەستنەوەی ڕووداوەکان و هەڵگرتنەوەی بەشە بەجێماوەکان.

لە سەفەری یەکەمم بۆ ئەڵمانیا لە پایزی ساڵی ٢٠١٠دا پیاوێک لەوێ خۆی بە من ناساند و وتی من کوڕی لیو وینکاییم، دیارە کەوا چینییەکانیش لیو وینکای بە سومبولی شەڕ و بەدکاری دەناسن. چینییەکان لەودەمانەی نینۆکەکانیان نەرم بووە، گوێیان لەوە بووە کەوا یەکێک لە گەورە مەلاکەکان، ئەوەی جووتیارە هەژارەکانی بە توندکارییەوە بەکار هێناوە و ئەو چینەی زۆر ئازار و ئەشکەنجە داوە و ڕەنجی ئەوانەی خواردووە، ئەویش بوویتە نموونەی زۆرداری هەتا لە ساڵی ١٩٤٩ لیو وینکای لە ئەنجامی چاکسازییە کشتوکاڵییەکە کە بە سەرکردایەتیی حزبی شیوعیی دەسەڵاتدار بەرپا کرابوو؛ دەکوژرێت. کوڕی ئەو پیاوە مولّکدارە بۆی گێڕامەوە کەوا لەودەمانە ئەو منداڵ بووە، تەمەنی ساڵێک و نیو بووە، ئەو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بەڵام دیارە کەوا ڕۆژ و شێوەی کوشتنی باوکی نازانێت، کە چۆن کوژراوە و چۆن دایکیان لەدار داوە، واتە دایکی ئەو پیاوەی کە لە ئەڵمانیایە قسەی بۆ دەکردم، ئەو پاش ئەو ڕووداوە بە تەنیا لەناو ماڵەوە دەمێنێتەوە، لەسەر چۆک و لەسەر دەستان، بە گاگۆڵە دەچێتە ناو کێڵگەیەک ڕەباس بە ئاو، لەوێ هاوار دەکات و نووزەی دێت و دەگرێت، یەکێک لە هاوسێیەکانی ئەگەرچی گوێی لە گریانی منداڵەکە بووە، بەڵام لە ترساندا نەیوێراوە یارمەتیی بدات و منداڵەکە هەڵبگرێتەوە، ئەو منداڵەی کوڕی زەویدارە زۆردارەکە بووە، بەڵام قسەی ژنێکی ئەندام لە لێژنەی ژنانەی حزبەوە دەربازی دەکات کە وتبووی:

ئەو منداڵە ساوایە تاوانی نییە، دەربازکردن و هەڵگرتنەوەی ئەرکێکی پیرۆزە. پاش ئەو قسەیە ژنەکەی هاوسێیان منداڵەکە لە باوەش دەکات، بەڵام سەرەتا ڕەزامەندیی یەکەی چاندنی ناوچەکە وەردەگرێت، ئەو یەکەی ژنەکەی کاری تێدا کردبوو، هەموو لایەک بڕیار دەدەن ئەو منداڵە ڕزگار بکەن. ئەو پیاوە هاتبووە لای من تا من چیرۆکی ژیانی بنووسمەوە و بڵاوی بکەمەوە، ئینجا ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین، پرۆسەکەی چاکسازیی کشتوکاڵییەکە دەبێتە تەنیا جۆگەیەکی ساردی ئاو و چەند ژمارەیەکی ڕووت.

مێژووی مرۆڤایەتی برێتییە لە چارەنووسی خەڵکەکە و ڕۆژگارەکانیان، چونکە مرۆڤ گۆشت و

خوێنی مێژووه، لیو بینیان شوێنەوارێکی مەزنی لەناو ئەدەبی شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوەدا لە چین هەبووە، ئەو ڕاپۆرتەکانی لە رۆژنامەی یەککگرتووی گەنجانی شیوعیەتی چینی بڵاو کردیتەوە، ئەو فێر بوو رووداوێکی کۆن بدۆزێتەوە و باس لە وردەکارییەکان و رۆژانەکانی بکات. لیو بینیان لە ساڵی ٢٠٠٥ لە تاراوگە و لە برینستۆن لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا مردووە.

یەکێکی تر لە نووسەرە دیارەکانی بواری نووسینی لێکۆڵینەوەکان سو شیاوکانگە، ئەوەی زنجیرەی بەڵگەنامەیی هیشانگ (پرسەنامەی رووبارەکە) ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ روویان داوە، نووسینی ئەو بابەتانەش لە لو یو گانگ هەتا کتێبەکەی شین گید ووشونتاو بەناوی (وەرزیرەکانی چینی ئیمرۆ) کە لە ساڵی ٢٠٠٧ نووسراوە و باس لە رەوشی ناوەوەی جووتیار و وەرزێرەکان دەکات، کە چەند بەژان و نهێنی و زەحمەتییەکان بووە.

من دەمەوێ ئەو کولتوورە نوێ بکەمەوە و دووبارە و بە ڕووێکی تر بیژێنمەوە، من لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم شاعیر بووم، دیارە کەوا شاعیریش ویستوویەتی خوێنەرەکان بورووژێنێت و باس لە نەمری و شکۆیی خۆی بکات. بەڵام پاش رووداوەکەی گۆڕەپانی تیان – ئان مینی ساڵی ١٩٨٩ی خوێناوی و پاش مانەوەم چەند ساڵێک لە زینداندا هەستم بەوە کردبوو، کەوا ئەوەی من دەینووسم بابەتی سادە و منداڵانەیە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٩ وەچەرخانێک لە ژیانی مندا روو دەدات و بەرەنجام بە چوار ساڵ زیندان حوکم درام پاش ئەوەی چامەی کۆمەڵکوژییە مەزنەکەم نووسی و گەیشتمە ناو خەڵکی بنەوەی کۆمەڵگە و لەناو ژێرزەوینەکانی بنەوە. جیاوازی لە نێوان زیندانیکردن و گرتنی کاتی هەیە، ئەگەرچی ئیشی قورسی لەگەڵدا نییە بەڵام لەناو ژوورێکی تەسکی تاریکدا دەبیت، من لەو زیندانەدا و لە کاتی مانەوەمدا خەڵکێکی زۆرم ناسی و قسەم لەگەڵدا کردن، کەسانی تێدا بوو خەڵکیان کوشتبوو، دەستدرێژییان کردبووە سەر ژنان، یەکێکیان لێزان بووە لە پارچە پارچەکردنی جەستەکان، شێتمان لەگەڵدا بوو، پلانگێڕ لەسەر کرێکارانمان لەگەڵ بوو، لەبەرئەوەی کەسیان هیچ ئیشوکارێکی نەبوو، بۆیە هەموو بەسەرهاتیان بۆ دەگێڕامەوە و بۆیە مێشکم بووبووە ئامێری تۆمارکردن و هەموو شتەکانم دەهاویشتە سەر. سەرەتا وتم من کەسێکی رۆشنبیرم چ کارم بەو قسانە هەیە بۆچی گوێیان لێ رابگرم، بەڵام راستییەکە وا بوو نەدەکرا خۆم لە بیستنی ئەوانە دوور بگرم، بۆیە کەوتمە بن باری ئەوان و قبووڵم کردن، بەرەنجام هەواڵەکان و سەربردەکان سەرقاڵیان کردم، بۆیە بەرنامەیەکم دانابوو، بۆ ئەوەی رۆژانەکانیان تۆمار بکەم.

کە من لە زیندان ئازاد بووم، ئەگەر کۆمەڵگەکەم لەناو باوەشی خۆیدا منی دانابوایە، ئەگەر دەسەڵاتداران تۆڵەیان لە من نەکردبوایە و کەمێک دلۆڤان و دەستنەرم بوانە و منیش بە مووچەیەکی مانگانە دەستم بە نووسین کردبوایە و چیی تر ئەوان منیان نەچەوساندبوایەوە، ئەگەر هاورێیەکانم هەندێ بایەخیان بە من دابوایە و دەستی یارمەتییان بۆم درێژ کردبوایە و بگەڕابوومایەوە سەر ژیانە ئاساییەکەی خۆمەوە، ئەوا بێگومان لەو سەرکەشییە وازم دەهێنا و

شل دەبووم و دەبوومـە ئەندامی ئەو وەفدەش کـە سـاڵانە بەشـداریی پێشـانگەی کتێـبی دەولی لە فرانکفۆرت دەکەن، بەڵام مـەسـەلەکە بە ئاراسـتەیەکی تر کەوتەوە و چینییـەکان چۆن پێش سـاڵی ١٩٨٩ سـەرقاڵی هەڵچوون و کێشـەکان بوون، وا ئێسـتـاش کێشـەکان وەک خـۆی مـاوەتەوە و هیچ چارەسەرییەکیان نەکردووە و ئاشووبەکان ماون.

ناڵێم و بانگهێشـتنی ئەوەش ناکەم کەوا من نوێنەر و ڕابەری چینە هەژار و دامـاو و لاوازەکانم، ئەوانەی بێدەسـەڵاتن و هیچ داهـاتوویەکی روونیـان نییـە، من ئەوانەشم نەدۆزیوەتـەوە، بگرە منیش وەک ئەوان لەناو ئەو چەرمـەسـەرییـەدا دەژیم و من یەکێکم لەوان، ناکرێ مـرۆڤ خـۆی لەوان باڵاتر بگرێت و یان خـۆی لـەوان بە باشـتر بزانێت، من وا رۆژانە ئیشـەکـانی خـۆم دەکـەم و دەتوانم قـاپە برنجـێک بۆ تێربـوون رۆژانە پەیدا بکەم، هەنگاو بەهەنگاویش بـە بوارەکەدا دەڕۆم و ڕەوشـەکەش بوارم نادات پێیەکانم بکەمەوە.

ئەوانەی رۆژانـەی خـۆیان دەگێـڕایەوە و هـەواڵی ڕەوشـەکەی خـۆیان بـۆم باس دەکـرد، ئەوانەی چاوەڕوان لەدار بدرێن و رۆژانـە چاوەڕوان بوون، هەمـوو شـتـەکانیـان باس کـرد و هـیـچیـان لە من نەشـاردەوە، هیـواداریش بوون گـوێیـان لێ رابگرم، ئەوانە زۆریان نەخـوێندەوار بوون، دڵنیـا بوون لەوەی شـوێنەواری ژیانیـان مـاوە و دەژیت و وەک خـۆیـان دەیانوت وەک مـیـزی ناو توالێتـەکـان نەڕۆیشتن.

لە بوومـەلەرزەکەی مانگی مایوی سالی ٢٠٠٨ کە تێدا ٨٧ هـەزار کـەس بوونە قوربانی، لـە کاتی تۆمارکردنی رووداوەکان و نووسینەوەی قسـەکاندا ژنێکم بینی پاش چەند رۆژێک تەرمی کیژەکەی بە بۆگەنیبوونەوە دەدۆزێتـەوە، ئەو لەسـەر تەرمی کیژەکەی دەگریا، ژنەکە تاقەتی نەبـوو قسـەم بۆ بکات، شـــەنگی ئەوەی نەبوو لێــدوان بدات، نەکــرا دەم بکاتەوە و بـەســـەرهـاتی خـــۆی پـاش ئەو کۆستکەوتنە قسـە بکات، منیش تەسجیلەکەم دانەخست بۆم راگرتبوو، کاسێتەکە دەسـووڕا و ئەویش قسـەی نەدەکرد و دەگریا، دوو سـەعـات ژنەکە گریا، منیش هەمـوو گریانەکەم تۆمـار کرد، پاش چەند رۆژێک ئینجـا ژنەکـە بە قـسـە دێتـەوە، گـریانە درێژەکـە و نـووزانەوە سـووتـاوەکـە و بێدەنگییە مـەندەکە و نەتوانینی دەربڕینی هـەستەکە، بەشێکە لە کاری نووسینەوە و تۆمارکردن و دیالۆگ، بەو گریـانە دەکرێ لە چیرۆکەکە تێ بگەیت، بەو سـووتانە مـەندە لە ژانـی چیرۆکەکە تێ دەگەیت.

لە مـاوەی مانەوەم لە ئـەڵمـانیـادا سـەرنجی گەیاندنـی بیرەوەرییـەکان و بەسـەرهـاتەکـان بووم، بیـرەوەرییـــەکـان مـەرج نییـە بە نووسـین و قـســەکـردن بێت، سـەیری دیواربەندییـەکـان بکەن چ دەگێـڕنەوە، سـەیری بەردە کـەڵەکەبووەکانی ناو گۆڕەپانەکـان بکەن کە بۆ یادی قـوربانییـەکانی نازییـەت دانراون، لەسـەر دیـوارەکـانیش بەڵگە و سـەلماندن زۆرە، لـەسـەر چوارڕیانەکـان زۆر دیمەن دیارن، ئەو ئەزموونە منی هەژاند و بەرەو هەنگاوی تری بردم.

بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەسەرهاتە و چیرۆکانەی ژیان کە تژین لە بواری بەپەنا و درێژ دەبێ هەموویان دابڕێژمەوە تا خوێنەرەکان باشتر تێیان بگات و وەریان بگرێت، ئەوەش بە سێ قۆناخ دەبێت: یەکەمیان دەبێ هەندێ لە پێوەندییەکانی نێوان رستەکان و رووداوەکان و وردەکارییەکان وەربگرین. ئەو زۆربڵێ و درێژگوتنەکەش کورت و چڕ بکرێنەوە و فەوزا زیانگەیێنەکانی هاوێر بکرێت و رووداوە زۆرەکانیش کورت بکرێنەوە، لە قۆناخی دووەمیشدا دەبێ نووسەرەکە بچێتە ناو رەوش و کەشی رووداوەکان، ئاوێنەی کەشەکە ئاکار و دەموچاو و جوولە و هەڵسوکەوتەکانە، من بەوردی کە ئەوان رووداوەکانیان دەگێڕایەوە سەیری ئاکارم دەکردن، کە بیریان دەکردەوە کە رامانیان دەبوو من بەدیقەتەوە سەیرم دەکردن. لە قۆناخی سێیەمەوە دەستم بە نووسین دەکرد، نووسینیش بە زمانێکی سادە و ئاسان، رستەکان لە لێدوانی کەسەکانەوە نزیک بێت و بە قسەکانی ئەوان بچێت، ئەگەرچی رستەکان بەوردی بەو شێوەیەش لەلایەن ئەوانەوە دەرنەچووبێت. من زۆر مەبەستم نەبوو خوێنەرەکان بەو چیرۆکانە مەست و سەرسام بکەم، یان مەبەستم نەبوو بە لێهاتوویی و شارەزاییەکانم چەواشەیان بکەم، من چیرۆکەکەم بە زمانی ئەوان و بە جەلالەتی قەڵەمەکەوە دەنووسییەوە، وادەزانم کەوا هەردوو برا گریم کە چیرۆکی جووتیارەکانی سەرەتای سەدەی نۆیەم لە ئەڵمانیایان نووسیوەتەوە هەمان کێشەیان هەبووە، دەبوایە لەگەڵ پەیڤدارەکان ئەوانەی بەسەرهاتەکانیان دەگێڕایەوە بە تەحەمول بن و توانای مانەوەیان لەگەڵ ئەو نەخوێندەوارانە زۆر بێت، بێگومان ئەوانیش وەک چۆن من وا دەکەم دووبارە ئاخاوتنەکانم داڕشتووەتەوە ئەوانیش ئەودەمانە لەو بوارەدا هەمان بەرنامەی و پلانیان هەبووە.

ئەگەر موزیک و گۆرانی نەبووە کە بەردەوام هاوشانی نووسین بووە ژیان بەڕاستی و بەو هاوسەنگییەوە نەدەڕۆیشت. ئەو نووسینانەش کە قسەی خەڵکە داماو و لاواز و دەربەدەرەکان بوو بەنهێنی دەمێنێتەوە. دەسەڵاتدارانی چینیش ئەگەر باس لە بابەتە هەستیارەکانی وەک بڵاوبوونەوەی ئاینی کریستیان و کلێسا نهێنییەکان و شاهیدەکانی کۆمەڵکوژییەکەی تیان ئان مین نەکەین، زۆر بایەخیان پێ نادات. بەڵام خەڵکەکەش لە ترسی دواڕۆژ و لێپرسینەوە نایانەوێ ناوەکانیان ئاشکرا و زانراو بێت و ئەوەش دەکەنە مەرجی قسەکردن. خاوەن رێستورانتێک بۆی گێڕامەوە کە چۆن رۆنی چێشتەکە ئەوەی پێشکێشی میوانەکانی دەکات لە زبڵ و پاشماوەکان و مادە کیمیاوییە ترسناکەکان دروست دەکات و نایەوێت خۆشی بەوە تاوانباریش بکات، کە میوانەکانی نامێنێت سەرکۆنەکەی کارمەندەکانی دەکات کە نهێنییەکانی ئاشکرا دەکەن، هەرگیز باس لە کەموکوورِی و کارە نایاساییە و رەوشتییەکانی خۆی ناکات.

* ئەو وتارە لەلایەن نووسەر و شاعیر و موزیکسازێک نووسراوە و بە زمانی فەڕەنسی لە کۆرییە ئەنتەرناسیونال لە ١٣ی نۆڤمبەری ٢٠١١ بڵاو کراوە و لەلایەن (منال نحاس)ەوە کراوە بە عەرەبی لە رۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلحیاتی لەندەنی بڵاو کراوەتەوە.

# قۆناغە مەزنەکانی فەلسەفەی ئەورووپا*

هاشم ساڵح

زۆر ئەو کتێبانەم بە دڵە کە بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی زانکۆ نووسراون، کە وەکو وانەیەکی بنەڕەتی وان، بۆ ئەوەی سنووری زانیاریی خوێندکاران فراوانتر بکات. ئەم کتێبەی کە لەلایەن لێکۆڵەوەری فەرەنسایی (دومینیک فولشید)ەوە نووسراوە، خۆی مامۆستایە لە زانکۆی (مارن لافانی) لە نزیک پاریس. ناونیشانی کتێبەکە بەمجۆرەیە: (وێزگە گەورەکانی فەلسەفەی کلاسیک و مۆدێرن و ئێستا). ئەم کتێبە لەلایەن چاپخانەی زانکۆکانی فەرەنساوە چاپ کراوە. نووسەر لەم کتێبەیدا باسی ئەو کتێبە فەلسەفییە گرینگانە دەکات، کە لە ئەوروپا لە سەدەی سێزدەدا تا ئەمڕۆ نووسراون. هەروەها نووسەر باسی ناوی ئەو کتێبانە دەکات، کە کاریگەری گەورەیان لەسەر فکری مرۆڤایەتی هەبووە. دیارە ئێمە لێرەدا ناتوانین باسی هەموو ئەو ناوانە بکەین، چونکە ئەوە بە چەندین وتاریش ناکرێت نەوەک ئەم وتارەی من. لێ من لە هەندێک وێزگەدا وەستانێک دەکەم، بەتایبەت ئەوانەی کە بەلای منەوە بنەڕەتین. هەر بۆیە سەرەتا داوای لێبووردن لە خوێنەرانی خۆشەویست دەکەم، چونکە ئەم گەشتە خێرا و زاڵمەی من، تەنیا لە چەند وێزگەیەکدا دەوەستێت و زۆر بە خێرایی دەڕوات و وێزگەکانی تر پەراوێز دەخات. بەڵام هەر ئەمەم لە دەست دێت و چارەی ترم نییە.

دیارە پێش ئەوەی دەست بە بابەتەکە بکەم، پێم خۆشە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم، کە نووسەری ئەم کتێبە، پێشتر بەچەندین کتێب، کتێبخانەی فەرەنسایی دەوڵەمەند کردووە، کە جێگەی بایەخن لەوانە: فەلسەفەی ئەڵمانی لە کانتەوە بۆ هایدگەر. ڕۆحی ئیلحاد و چارەنووسی، فەلسەفە گەورەکان... هتد.

سەرەتا لەسەر کانت دەوەستم، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بە دامەزرێنەری تازەگەریی فەلسەفە دادەنرێت. کتێبە ناسراوەکەی (ڕەخنە لە عەقڵی بێگەرد) کە لە ساڵی ١٧٨١ نووسراوە. جێگەی

---

* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

گوتنە مێـژووی فـەلسـەفـە لێرەوە بۆ دوو بەش دابەش دەکـرێت، پێش و پـاشـی ئەم کـتـێبـە. دیارە سـەرەتا کە کتێبەکە بڵاو بووەوە، پڕ بوو لـە دەسـتـەواژەی قـورس و ئاڵۆز و نادیار. هەتا مـاوەیەکی زۆر گرینگی و مەزنیی ئەم کتێبە بۆ خەڵکی دەرنەکەوتبوو. کتێبەکەی کانت وەکو لێکۆڵینەوەیەکی مەنهەجی وایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: "من چی دەتوانم لە ژیان فێر بم ؟. من دەتوانم چی بکەم؟. من دەتوانم چ خەون و هیوا و ئاواتێکم هەبێت ؟".

لە ڕاستیدا کانت دەیویست سنوورێک بۆ ئەو دوو ڕەوتە فەلسەفییە باوەی کە لە سەردەمی ئەودا ڕەواجیان هەبوو دابنێت: یەکەمیان ڕەوتێکی دیماگۆگی و میتافیزیکی بوو، کە پشتی بە کۆمەڵێک یەقینی ڕەهایی و کۆتایی دەبەست، کە هیچ جۆرە نیقاشێک قبووڵ ناکات. دووەمیشیان، ڕەوتێکی بێ گـومـانـی و بێ باوەڕی بوو، کـە بـاوەڕی بەهیچ شـتـێک نەدەکـرد. دیارە ئەم دوو ڕەوتە، هەردووکیـان فـەشـەلیـان هانی، چونکە خۆیان بە کۆمـەڵێک نیـقـاشـی قـووڵی مـیـتـافـیـزیکی خـەریک کـردبوو، کـە هیـچ سـوودێکی نـەبوو. لەم کـاتـەدا، کـانت پـەیدا بوو، بۆ ئـەوەی دەرگـایەکی نوێ بۆ فـەلسـەفـە بکاتەوە، لە هەمـان کاتدا واش لە فـەلسـەفـە بکات، کـە سـوودی بۆ ڕەگـەزی مـرۆڤـایەتـی هـەبێت. ئا لەم خاڵەشدا، گرینگی و مەزنیی ئەم فەیلەسووفە دەردەکەوێت.

بەبڕوای ئەو، گرینگترین شت کە لە سەردەمی ئەودا ڕووی دابێت، زانستی سروشـتی و فیزیایی و مـاتماتیکیـیـە. بـەواتایەکی تر، زانسـتـی " نیـوتن" کـە پشت بە ئەزمـوونگەرایی و گـەڕان بەدوای کەشفکردنی یاساکانی گەردوون دەبـەستێت. بەواتایەکی تر، پاش ئەوەی زانستی نیوتن پەیدا بوو، چیی تر ناتوانین باسی فـەلسـەفـە بەشێوەیەکی مـیـتـافـیـزیکی بکەین (واتە لـە خـتـوخـۆڕایی باسـی فـەلسـەفـە بکەین). لەمڕۆ بـەدواوە فـەلسـەفـە دەبێت تێڕوانینێک بێت لەبارەی زانست و ئـەنجام و مەنهەجەکەی، وە چیی تر نابێتە وەهمێکی بۆشی میتافیزیکی و چەلەحـانێ، کە هیچی تێدا بەسـەر نییە. بەواتایـەکی تر، ئێمـە چیی تر ناتوانین هەمـوو شـتێک بڵـێین، هەروەک پەیڤی فـەلسـەفیی کۆن دەیکرد، بەڵکە لـەمڕۆ بەدواوە، دەبێت پەیڤی فـەلسـەفـە، لەگەڵ پەیڤی زانسـت بێتـەوە، چونکە تەنیـا زانست ڕاسـتـە و یەقـینـە. بەمـانایەکی تر، ئەو سـەردەمـە بەسـەرچوو، کە هـەمـوو شـتـێک لەبارەی هەمـوو شـتێکەوە بڵـێین، هیچ شـتێکیش لەبارەی هەمـوو شـتێکەوە نەڵێین. تەنیا بە زمـانی زانست دەتوانین قـسـە بکەین. دیارە مـەبەسـتی کـانت، زانسـتی فـیـزیا و مـاتماتیک بوو، کـە نیـوتن بەشـێوەیەکی بنەڕەتی دای مـەزراند، پاش ئەوەی کـەشـفی یاسـاکانی جـازبیـەتی گـەردوون و چەند یاساییەکی سروشتیی تری کرد.

کـانت شـۆڕشـێکی کـۆپەرنیکۆسی لـە بواری فـەلسـەفـەدا کـرد، ڕێک وەکـو ئەو شـۆڕشـەی کـۆپەرنیکۆس وابوو، کـەلە بواری زانسـتی گـەردووناسـیـدا کردی. کـۆپەرنیکۆس گوتی کـە زەوی بەدەوری خۆردا دەسـووڕێتەوە نەک بەپێچـەوانەوە، کانتیش گـوتی کە فـەلسـەفـە دەبێت بەدەوری زانسـتدا بسـووڕێتەوە. زانسـتی فیزیا و مـاتماتیک دەتوانێت کـەشـفی یاسـاکانی سروشت بکات، ئەمـەش بنەڕەتی مەعریفەیە. بەم شێوەیە کانت فەلسـەفە و زانسـتی لە یەکتری جیا کردەوە، پاش

ئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە تێکەڵ بوون، وە زانستیشی پێش شتەکانی تر خست، دەتوانین بڵێین کانت ئەبستمۆلۆجیای داهێنا.

بەڵام دووەمین وێزگەی گرینگی تر لە مێژووی فەلسەفە، بە دڵنیاییەوە هیگڵە. دیارە پاش کانت یەکسەر هیگڵ دێت. کتێبە ناسراو و پڕ بایەخەکەی (فینۆمینۆلۆجیای رۆح) ، لە کتێبەکەی کانت (رەخنە لە عەقڵی بێگەرد) کەمتر نییە . دیارە هیگڵ ساڵی ١٨٠٧ تێکستێکی بەناوی (یاسای زانست) بڵاو کردەوە. تێیدا گوتی: کە فینۆمینۆلۆجیای رۆح، بەشی یەکەمی ئەم سیستەمەیە. بەڵام کتێبی دووەم کە هیگڵ بڵاوی کردەوە بەناوی (فەرهەنگی زانستی فەلەسەفی، ساڵی ١٨١٧) بوو. تێیدا دەڵێت: فەلسەفە خۆی لە خۆیدا پێش دەکەوێت و پێش هەموو شتێکیش دەکەوێت. هەروەها دەڵێت: مێژووی فەلەسەفە ڕەگێکی درێژی هەیە و، هەر بۆیە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر فەلسەفەیەکەوە، دەبێت ڕەچاوی ئەو زەمەنە مێژووییەی خۆی بکەین کە تێیدا فەلسەفەکە لەدایک بووە. چونکە فەلسەفەکە نەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی، وە ئامانجی فەلسەفەش چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانە لە سەردەمەکەی خۆیدا.

بەڵام لاهوت (زانستی ئاینی) چ پێوەندییەکی بە فەلسەفەوە هەیە؟. وە چۆن دەتوانین لە نێوانیاندا ڕێککەوتن چێ بکەین؟. جێگەی گوتنە لاهوتییەکان دەڵێن، کە راستیی رەهای ئاین، دژی هەموو ڕاستییەکی چکۆلانە و نایەقینی عەقڵ دەوەستێتەوە. بگرە سووکایەتی بە ڕاستییەکانی ژیانیش دەکەن، چونکە ژیان هەتاهەتا نییە و نامێنێت و ماوەیەکە.

بەڵام هیگڵ پێی وایە کە فەلسەفە و ئاین، هەردووکیان یەک ناوەڕۆکیان هەیە، هەردووکیشیان باسی یەک کێشە دەکەن، بەڵام بە ڕێگەی جیاواز. ئاین باسی ڕاستییەکی رەها دەکات، بەشێوەیەکی مەجازی و پشتبەستن بە وتەکانی پێغەمبەر بەشێوەیەکی خراپ، لە کاتێکدا فەلسەفە پشت بە ڕێگەیەکی مەنتیقی و عەقڵانی دەبەستێت. بەمانایەکی تر، تێڕوانینی فەلسەفی واتە گواستنەوە لە قۆناغی تێڕوانینی خەیاڵییەوە، بۆ قۆناغی تێگەیشتن و عەقڵانی سەیرکردنی شتەکان. وە بەهیچ جۆرێک فەلسەفە و کرۆکی ئاین دژی یەکتری نین. بەڵام فەلسەفە دژی تێڕوانینی ڕووکەشی و ساکاری ئاینە. ئا لەم حاڵەتەدا زۆر دژی یەکترن و ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

بەڵام وێزگەی سێیەم کە تێیدا وەستانێک دەکەین، بریتییە لە (ئۆگست کۆنت) و کتێبە بەناوبانگەکەی: "وانەگەلی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی "١٨٣٠-١٨٤٢". لەم کتێبەدا کۆنت دەڵێت:

"مەعریفە بریتی نییە لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆڕایی، بگرە ئامانجی ئەوەیە کە سوود بە مرۆڤایەتیی بگەیەنێت و پێشی بخات و باری ژیانی باش بکات." دیارە ناتوانین دیدی ئەزموونگەرایی تەنیا وەکو پرەنسیپێکی زانستگەرایی سەیری بکەین: واتە لە پەرستنی زانست و باوەڕبوون پێی، توندڕۆ بین . فەلسەفەی ئەزموونگەرایی پێی وایە کە گەیشتن بە مەعریفەی رەهایی، کارێکی ئاستەمە و نابێت. لەبەر ئەوە زانست ناتوانێت دەرک بەهەموو شتەکان بکات، کە ئەمەش پێچەوانەی دیدی زانستگەراییەکانە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە جیاوازی لە

نێوان ئەزموونگەرایی و زانستگەرایی هەیە. بە واتاییەکی تر هەردووکیان یەک شت نین، هەروەک هەندێک جار وا هەست دەکەین.

دیارە لێرەدا دەبێت بەکورتی باسی کتێبەکانی هیگڵ (فەلسەفەی مێژوو، مێژووی فەلسەفە) بکەم.

لەبارەی یەکەمیانەوە، هیگڵ پێی وایە کە مێژوو برێتی نییە لە فەوزاییەکی خۆڕایی، یان تێکەڵ و پێکەڵکردنی کۆمەڵێک ڕووداوی ئاڵۆز بەبێ هۆ و ئامانج، بگرە ئەمە کارێکی عەقڵانییە و هۆکار و ئەنجامی خۆی هەیە. خوا" الله"، مێژوو دەبات بەڕێوە و سەرپەرشتیی دەکات. بەڵام فەیلەسووف کاری ئەوەیە، پاش ئەوەی ڕووداوەکە ڕووی داوە و تەواو بووە، شرۆڤەی مێژوو بکات. ڕووداوە گەورە و ئاڵۆزەکانی مێژوو، پێویستییان بە فەیلەسووفێک هەیە بۆ ئەوەی شرۆڤەی بکات و تێی بگات، هەروەها دەزووی پێوەندیی نهێنیی ئەم ڕووداوانە بدۆزێتەوە. خەڵکیش لە ڕێگەی کارەکانیان لە بواری مێژوودا، دەتوانن لە پلانە گەورەکانی خوای گەورە تێ بگەن، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن.

بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوان ملکەچی ئامانج و هەڵچوونە بێ ماناکانیان و بەرژەوەندییە شەخسییە تەسکەکانیانن. هەرچەندە مێژوو کۆمەڵێک شێوەی ناعەقڵانی و فەوزاوی و جەریمەکاریی تێدا ڕوو دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو شتێکی عەقڵانییە.

بەڵام لەبارەی کتێبی " مێژووی فەلسەفە"وە، هیگڵ دەڵێت: ڕۆحی ڕەهای مێژوو لە ڕێگەی فەیلەسووفە گەورەکانەوە بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە لە ڕۆحی کەسانی وەکو سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ، دیکارت و کانت بەرجەستە دەبێت.

لە هەموو سەردەمێکدا فەیلەسووفێکی گەورە پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی عەقڵانیبوونی فەلسەفە لە خۆیدا بەرجەستە بکات. دیارە هەموو کاتێک عەقڵانییەت پلەیەکی زیاتر سەردەکەوت و پێ دەگات، هەتا لە فەلسەفەی هیگڵدا بەتەواوەتی پێ گەیشت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ڕۆحی موتڵەقی فەلسەفە لە خودی خۆیدا شێوەیەکی کامڵی هەیە. وە بەم شێوەیە هیگڵ باسی مێژووی فەلسەفەی دەکرد، لە دێرزەمانەوە هەتاوەکو ئێستا . بەڵام ئەم بەشێوەیەکی زاتی نەک بابەتییانە باسی فەیلەسووفەکانی دەکرد، چونکە ئەو بەپێی دیدی تایبەتیی خۆی و پڕۆژە فەلسەفییەکەی خۆی لێکدانەوەی دەکرد. هەر بۆیە هیگڵ "مێژووی فەلسەفی "ی فەلسەفەی پێش خست نەک مێژوو (مێژووی فەلسەفە).

بەڵام ئەمە هیچ لە گەورەیی و مەزنیی کارەکەی کەم ناکاتەوە. بگرە بەپێچەوانەوە ئێمە لە کارەکەی ئەودا کۆمەڵێک سەرنجی ورد و درشت و گرینگ دەبینین. (سەیری ئەوە بکە چی لەبارەی دیکارتەوە دەڵێت، یان لەبارەی فەیلەسووفەکانی تر و ئەو ڕۆڵە گرینگەی کە لە مێژوودا گێڕاویانە، بۆ پێشوەچوونی باری مەعریفیی مرۆڤایەتی.) ئەو تەنیا بە نووکە قەڵەمێک یان بە دەستەواژەیەکی کورت توانیویەتی گوزارشت بکات، بۆ نموونە لەبارەی دیکارتەوە دەڵێت: ئەو دامەزرێنەر و

مامۆستای فەلەسەفەی مۆدێرنە، ئەو فەلسەفە مۆدێرنەی، کە دەرگە بە ڕووی سەدەی ناوەڕاست و فەیلەسووفە سیکولائی و تیکراری وشکەکانی داخست.

یان دەڵێت: "ئەو پاڵەوانێکە کە پێشکێشی فیکر کرا". دیارە ئەم گوزارشتە پڕ بە پریەتی بۆ دیکارت، چونکە ئەو تەنیا زانایەکی مەزن نەبوو کە خاوەنی زانیارییەکی ئێجگار زۆر بوو، بگرە ئەو زۆر ئازا و جوامێریش بوو، چونکە زۆر ئازایانە توانی گەورەترین کودەتای فەلسەفی لە سەردەمەکەی خۆیدا بکات. واتە کودەتای بەسەر فەلسەفەی ئەرستۆ کرد و لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی فەلسەفە کردەوە.

من لێرەدا ساتێک دەوەستم بۆ ئەوەی بڵێم کە فەیلەسووفە گەورەکانی وەکو دیکارت و کانت و هیگڵ، گوزارشت لە دیاردە گەورەکانی مێژوو دەکەن، ڕێک وەکو پێغەمبەرەکان وان**. چونکە ئەوان لە هەر سەردەمێکدا زۆر دەگمەن و دانسقەن، بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن. کاتێک فەیلەسووفێکی مەزن دەردەکەوێت، خەڵکی وا هەست دەکەن کە شتێک ڕووی داوە، وە دەرگە داخراوەکان دەکرێنەوە. وا هەست دەکەن کە گرێ کوێرەکانی مێژوو چارەسەر کراون، پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە هەر وا مابوونەوە. یان بەواتایەکی تر، شتە داخراو و شاراوەکان کرانەوە و نەجات بوو. وە بەم شێوەیە مێژوو، پاش ماوەیەکی زۆر ناخۆش، هەناسەی ئازادی و مورتاحی هەڵدەمژێت.

وە بەم شێوەیە کاتێک کانت پەیدا بوو، ئەڵمانیاییەکان دەستیانکرد بە گێڕانی شایی و هەلهەلە لێدان، گوتیان ئەمە پێغەمبەرێکی تازەیە و ڕێگەی ڕاست و سەرفرازیمان پێ پێشان دەدات. وە بەم شێوەیە لە خۆیان دڵنیا بوون و چیی تر ترسیان لە داهاتوو نەما، چونکە ئەو پیاوەی چاوەڕێیان دەکرد لەدایک بوو. ئەو پیاوەی کە دەتوانێت ڕاستی کەشف بکات، ئێستا لە بەردەستیانە. هەر هەمان شتیش دەتوانین لەبارەی هیگڵەوە بڵێین. بەڵام لە عەرەبدا، کەس پەیدا نەبوو و کەسیش دڵگران نەبوو، یەک ڕووناکبیریشی نییە بتوانێت کە بە قووڵی شرۆڤە بۆ ڕووداوەکان بکات و پێمان بڵێت چی دەگوزەرێت. هەموومان لە دەوری خۆمان و بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێینەوە... هەموومان لەناو سەردەمێکی هیچ و پووچدا نوقم بووین. چونکە کەسایەتیی فیکری مەزنمان لێ نوقسانە، ناڵێم بە قەوارەی دیکارت یان جان جاک رۆسۆ یان کانت، هیگڵ، چونکە ئەمە کارێکی نەکردەیە، بگرە بە قەوارەی خوێندکارەکانیان یان خوێندکاری خوێندکارییەکانیشمان نییە.

لێرەوە دەپەڕێمەوە بۆ لای (کیرکگارد. ١٨٥٥-١٩١٣). ئەمیش وەکو مارکس، خوێندکاری هیگل بوو. بەڵام ئەمیش وەکو فەیلەسووفی کۆمۆنیستەکان، کودەتای بەسەر مامۆستاکەی کرد، هەرچەندە لەبەر هۆ و ئامانجی جیاواز بوو. کیرکگهارد جەختی خۆی لە فەلسەفەی بنیاتگەری و تاکگەرایی دەکرد و نکوڵیی لە فەلسەفەی بابەتی سارد دەکردەوە کە پشت بە زانست دەبەستێت (واتە فەلسەفەکە هیگڵ). کیرکگهارد هیچ لە زانکۆ نەیخوێند، هەروەک مامۆستاکانی " شیلینیگ و هیگڵ ". دیارە لە کاتی خۆیدا زۆر دژایەتی دەکرا، چونکە بەپێچەوانەی ڕەوتی باوەوە (ڕەوتی

فەلسەفی ئەو کاتە) هەڵدەسورا. بەڵام کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، چونکە هەندێک کەس پێیان وایە، کە ئەمە یەکەمین فەیلەسووفی فەلسەفەی بنیاتگەراییە. دیارە لەپاش خۆی فەلسەفەی بنیاتگەرایی بوو بەدوو بەشەوە: بەشێکیان بوونە هۆگر و هەواداری ئەو، ئەویان بە پێشەوای خۆیان دادەنا، وە بەشێکی مولیحدیش کە (هایدگەر و سارتەر) ڕابەرایەتییان دەکرد.

کیرکگهارد هەوڵی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، کە کۆمەڵێک دەستەواژە و چەمکی نامۆی فەلسەفیی داهێنا، وەکو: بنیاگەرایی، تاک، تناقض، دووبارە بوونەوە، تاکگەرایی، ترس، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی... هتد. وە هەموو فەلسەفەکەشی لە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکان تەرخان کرد، بەتایبەتی کێشەی دڵەڕاوکێی ترسناک، کە بەتەواوی ناخی کەسەکە داگیر دەکات و ناهێڵێت ئەو کەسە یەک دەقیقە مورتاح و ئاسوودە بێت. هەروەها بوونی هەستێکی قووڵ بەتاوان و هەڵەکردن.

جێگەی گوتنە پاشان نەخۆشیی دڵەڕاوکێ و هەروەها بڵاوبوونەوەی فیکری نامۆیی و نامەعقوول، بوو بە کێشەیەکی گشتیی هەموو رۆئاوا. هەر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە پشکەکانی کیرکگهارد زۆر بەرز بووەوە هەتا بوو بە یەکەمین فەیلەسووفی ڕۆئاوا.

بگرە زۆر لە وڵاتە بچووکەکەی خۆیدا گەورە بوو، واتە (دانیمارک). بە پێچەوانەی هیگڵەوە، کیرگهارد رووناکبیرێکی زاتی بوو نەک بابەتی. ئەو رووناکبیرێکی تەواو تراجیدی بوو، هەر بۆیە هەست بە تازەگەری و نزیکی دەکەین لێی، چونکە ئێمە نەوەی سەردەمێکی تراجیدین. ئەو لە دڵەوە بۆ دڵ قسەمان لەگەڵ دەکات. هایدگەر بە یەک ڕستە گوزارشتی لێ دەکات و دەڵێت : ئەو تاکە رووناکبیری مەسیحی بوو لە سەردەمەکەی خۆیدا. ئەو ئەم پرسیارەی دەکرد: چۆن دەتوانیت ببیت بە مەسیحی لە وڵاتێکدا کە هەموویان مەسیحین؟. دیارە لێرەدا مەبەستی کرۆکی ئاینی مەسیحی بوو، نەک طقووسات و خرافات و لادانەکان و کۆت و بەندەکانی. لەبەر ئەوە، ئەو یەکەمین دوژمنی پیاوانی ئاینی بوو لە سەردەمەکەی خۆیدا، چونکە زۆر ڕووکەش و موونافیق و ئوسووڵی بوون، ڕێک وەکو پیاوانی ئاینیی ئێستای لای خۆمان.

گرینگترین کتێبی برێتییە لە: (ترس و لەرزین، چەمکی دڵەڕاوکێ، چەند وێزگەیەکی ژیان، پەیامێک بۆ خەمۆکی... هتد). ئەوەی کە لە سەردەمی ئەودا زۆر ئازاری دەدا، بوونی هەستکردن بە خەمۆکی یا زۆرجار خەریک بوو شێت دەبوو.

ساڵی ١٨٦٣ ئێرنست رینان (١٨٢٣-١٨٩٢)، کتێبی (ژیانی عیسای پێغەمبەر) چاپ و بڵاو کردەوە. کە بۆ خوێندنەوەی دەقە ئاینییەکان، مەنهەجی مێژوویی بەکار هێنا. ئەمەش بوو بەهۆی پەیدابوونی هەڵمەتێکی گەورەی نارەزایی لەلایەن ناوەندە ئاینییە توندڕۆکان، ئەوانەی کە لەسەر پیرۆزکردنی شتەکان ڕاهاتوون. لەبەر ئەوە دیدە مێژووییەکەی زۆر بەقووڵی ئەوانی تووشی شۆک کرد. بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە کتێبی گرینگی "رینان"، کتێبی (چارەنووسی زاست)ە کە لە ساڵی ١٨٤٨ نووسی، بەڵام هەتاوەکو ساڵی ١٨٩٠ نەیتوانی چاپی بکات. تێیدا ڕینان باوەڕێکی

موتڵەقی بە زانست هەیە و، پێشی وایە دەتوانێت چارەسەری هەموو کێشەکان بکات. لەو کاتەدا زۆر کەس تاوانباریان کرد بەوەی، کە زۆر مەیلێکی زانستیی توندڕۆی هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی زۆر گرینگی بە زانستی فیزیا، ماتماتیک، بایۆلۆجی دەدا. هەروەها دەشڵێن گوایە ڕینان گوتوویەتی کە لە کۆتاییدا لە ئەوروپادا زانست جێگای ئاین دەگرێتەوە. بەڵام ئاخۆ لەم بۆچوونەیدا هەڵە بوو؟. ئاخۆ کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان نەبوونە بەهەشتی خوا لەسەر زەوی، بەتایبەت لە ڕووی زانست، عیلمانییەت، مۆدێرنیتە، بوونی ئازادییەکی ڕەها بۆ تاک و گرووپەکان؟

بەڵام لە سەدەی بیستدا، دەبێت باس " فەلسەفەی پراگماتیکی، ولیەم جیمس (١٨٤٢-١٩١٠) بکەین ". ساڵی ١٩٠٧ کتێبەکەی چاپ بوو، کە بوو بەهۆی ئەوەی ناوبانگێکی گەورە بۆ ئەم فەلسەفەیە پەیدابێت و هەژموونی خۆی بەسەر عەقڵیەی ئەمەریکایی بسەپێنێت. جیمس پێی وابوو، بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بیرێک بۆ ئەوەی بزانین باشە یان خراپە، پێوەستە بەوەی کە ئاخۆ ئەو فیکرەیە لە ئەرزی واقیعیدا چەندە سوودی هەیە، ئیتر هیچ ڕاستی و دروستیی ئەم فیکرەیە گرینگ نییە. دیارە ئێمە دەزانین کە "ڕاستی " گوزارشت لە پرۆسەیەکی بەردەوامی دەکات و مانایەکی حازردەستی نییە. وە ناشتوانین لێی دڵنیا بین هەتا ئەو کاتەی تاک لێی ڕازی نەبێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بەرەنجامەی کە لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕاستی ببینەوە. ئەمەش پرەنسیپی فرەیی " التعددیە" پێک دەهێنێت.

بەڵام دووەمین فەیلەسووفی گەورە کە کاریگەری بەسەر عەقڵیەتی ئەمەریکاییەوە هەبوو، (جۆن دیوی، ١٨٥٩-١٩٥٢) بوو. وەکو دیارە ئەم تەمەنێکی زۆر ژیا، کە دەگاتە نزیکەی یەک سەدە. گرینگترین کتێبی برێتییە لە (سروشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ). کە لە ساڵی ١٩٢٢ چاپ کرا. دیوی زیاتر لەناو فەلسەفەی پراگماتیکیدا ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕەوتێکی نوێی دانا، کە بە "فەلسەفەی ئامێری" ناودەبرێت. دیوی پێی وایە پێویستە مەعریفە وەکو ئامێرێک وابێت بۆ مومارەسە عەمەلی، گەر وا نەبێت ئەوا هیچ سوودی نییە. گەر فەلسەفەیەک نەتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ، ئەوا هیچ پێویست ناکات خۆمانی پێوە خەریک بکەین. هەروەها دیوی بە فەیلەسووفی سیستەمی پەروەردەی ئەمەریکایی دادەنرێت، زیاتر بەوەش ناوبانگی دەرکرد. هەموو قوتابییەکانی ئەمەریکاش لەسەر بنەمای تیۆرییە بیداگۆگییەکانی ئەو پەروەردە کران. ئەزموونیش سەلماندی، کە باشترین و سەرکەوتووترین تیۆرین.

هەروەها ئەم فەیلەسووفە گەورەیە، بەشدار بوو لە دامەزراندنی " زانستی کۆمەڵایەتیی ئەمەریکایی". جێگەی گوتنە ڕیشەی تیۆرییەکەی جۆن دیوی، دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفە گەورەکانی پێش خۆی بەتایبەتی " ئەرستۆ و هیگڵ". هەندێک کەسیش پێیان وایە کە تیۆرییەکەی جۆن دیوی، وەکو شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسی وایە لە بواری زانستی سایکۆلۆجی و پەروەردەدا.

ئەم فەیلەسووفە، گرینگییەکی زۆری بە دەوروپشتی کۆمەڵایەتیی ئەو منداڵە یان ئەو قوتابییە دەدا، کە تێیدا دەژی، وە پێی وا بوو کە دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە و حاسمی هەیە، لە پەروەردەکردن و دروستکردنی کەسایەتیی منداڵان. بەشێوەیەکی گشتی، عەقڵیەتی ئەمەریکایی پێوەستە بە

فەلسەفەی پراگماتیکییەوە، بەڵام مەرجیش نییە مەبەست لەمە تەنیا مانا هەلپەرست و هەرزانەکەی فەلسەفەی پراگماتیکی بێت.

لە ساڵی ١٩٤٧ کتێبێکی گرینگی دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت "هۆرکهایمەر (١٨٩٥–١٩٧٣) و تیۆدۆر ئادرنۆ (١٩٠٣– ١٩٦٩)، لەژێر ناونیشانی (جەدەلیەتی عەقڵی) بڵاو بووەوە. لەم کتێبەدا رەخنەی توندیان لە عەقڵیەتی رۆئاوایی گرت، کە بووەتە ئامرازێک بۆ هەژموونگەری و کۆنترۆڵکردنی نەک تەنیا سروشت، بگرە مرۆڤیش. پاشان هۆرکهایمەر کتێبێکی تری بەناوی (رۆئاوابوونی عەقڵ)، تێیدا گوتی: عەقڵ بۆ ئامرازێکی حیسابی و بێ گیان گۆڕاوە، کە تەنیا ئامانجی قازانج و هەژموونگەرییە، هەر ئەمەش بنەوای خراپەیە لە جیهانی مۆدێرندا.

جیهانی بۆرجوازی یان سەرمایەداری، عەقڵ وەکو ئامرازێک بۆ ئازادی بەکار ناهێنێت، بکرە وەکو ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی تر، یان کۆڵنیالیزەکردن و سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەریاندا بەکاردەهێنێت. بگرە ئەو (چینی سەرمایەداری) عەقڵ، لە کۆمەڵگەی رۆئاوایشدا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان بچەوسێنێتەوە، ئەمەش بۆ مەبەستی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری لەلایەن چینی بۆرجوازی بەرزەوە. لەبەر ئەوە عەقڵ ئامرازێکە لە ڕێگەی چاکە و خراپە بەکار دێت، هەروەها عەقڵ ئامرازێکی چالاک و کوشندەیە، بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان.

جێگەی گووتنە رەخنەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە بەهێزترین و ڕژدترین ڕەخنە دادەنرێت کە لە کۆمەڵگەی رۆئاوا گیراوە. لێ هەندێک ڕووناکبیر لەو باوەڕەدان کە قوتابخانەی فرانکفۆرت، زیاد لە پێویست ڕەخنەی لە عەقڵ و عەقڵانییەت گرتووە، بەشێوەیەک کە وای کردووە کە فیکری عەقڵ لەناوببات. دیارە بەهەمان شێوە ئەم رەخنەیە لە میشێل فۆکۆ دەگیرێت، کە ئەویش هەمان ڕێچکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی دەگرتە بەر.

لێ ئەم بابەتە پێویستی بەوەستانێکی باش هەیە، لەوانەبێت ئەمە ترسناکترین بابەتی فیکری بێت کە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا، فەیلەسووفەکانی رۆئاوا پێوەی خەریکن. هەر بۆیە لەبارەی ئەم بابەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێین، کە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ئەم بابەتەم.

پەڕاوێز:

* دیارە ئەم وتارە ناونیشانێکی تری هەبوو، بەڵام ئەم ناونیشانەمان بۆ هەڵبژارد، چونکە باشتر لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی دێتەوە.

** مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی وەکو دیکارت و هیگڵ و کانت، زۆر کەم کەسی وا زیرەک و بەتوانا هەڵدەکەوێت... وەرگێڕ.)

سەرچاوە: هاشم صالح. محطات الكبيرة في فلسفة الاوروبية. سايتي الاون.

# عەقڵی ڕەوشتی عەرەبی لای ئەلجابری

سەلاح حەسەن پاڵەوان

محەمەد عابد ئەلجابری، لە کتێبی "عەقڵی ڕەوشتی عەرەبی" لە گرفتی بیری ڕەوشت لە بنیاتی پێکهاتەی عەقڵی عەرەبیدا دەدوێ، ئەمجارەیان وەکو جارەکانی تر، خۆی لە هەستیارترین بابەت داوە و بە نێو شیو و دۆڵی ئەو بنیاتەدا چووەتە خوارێ، کە پڕە لە نهێنی و شتی شارەوە. ئەمجارە لە بەشی چوارەمی کتێبی ڕەخنەی عەقڵی عەرەبی کە یەکەمین بەشی بە پێکهاتەی عەقڵی عەرەبی دەستی پێ کرد، باس لە بیری ڕەوشت لە بنیاتی پێکهاتەی عەرەبیدا دەکات. ئەلجابری لە پێشەکیدا ئاماژە بەو بۆشاییە دەدات کە لەنێو کتێبخانەی عەرەبدا لەسەر مەسەلەی ڕەوشتی عەرەبی هەیە، هەروەها لە ڕوویەکی مەعریفییەوە باس لە مێژوو و بوون و نەبوونی تێکستی ڕەوشتی عەرەبی دەکات. لەم کتێبەدا ئاماژە بەچەند هەوڵێک دەکات کە لەنێو عەرەبدا دراوە بۆ خوێندنەوەی بنیاتی ڕەوشت لەنێو پرۆسەی بیرکردنەوەی عەرەبیدا، کە لێرەشدا ئاماژە دەکات بە بیرمەندانی وەک عەلی عەبدولڕەزاق و تەها حوسێن، ئەحمەد ئەمین و محەمەد یوسف مووسا. بەڵام هیچ یەکێک لەو هەوڵانەی سەرەوە و هەوڵەکانی دوا بەدوای ئەوانیش وەک دوکتۆر ماجد فەخری و محەمەد عەبدولدراز و عەبدولرەحمان حەسەن حەبلەکە ئەلمەیدانی.... نەیانتوانیوە بیرێکی پتەو بنیات بنێن لەنێو بنیاتی ڕەوشتی عەرەبیدا، هەریەکەشیان مەسەلەکەیان بە تەواوی داوەتە پاڵ عەرەب و قورئان و ئیسلام، یان هەموو مێژووی عەرەبیان بە ڕەوشتەوە بەستووەتەوە.

لە خوێندنەوەی یەکەمین بەشی ئەم کتێبەدا ئەلجابری دەڵێ "ئەم سەرسەختییەی کەوا خوێنەریش لەگەڵماندا پێی هەڵدەستێ، ئەو ناخۆشی و بارگرانییەی کە لەسەرمان پێویستە شانی بدەینە بەر، خوێنەریش شانی دەداتە بن، هەروەها بەو دیمەنانەش دڵخۆش دەبێ کە ڕەنگە لە ڕێگەماندا شێوە و سەربووردەی سەیری لێ ببێتەوە". ئەم کتێبە وا نووسراوە تا بگاتە خاڵێ لەوێدا بیسەلمێنێ کە عەقڵی ڕەوشتی عەرەبی خاوەنی سەربەخۆی بووە یان لەژێر کۆنترۆڵی شارستانییەکانی تردا گەشەی کردووە. لە سەرەتادا بەوە دەست پێ دەکات کەوا عەقڵی ڕەوشتی عەرەبی لە پێکهاتەیدا جۆرەوجۆرە بەڵام لە بنیاتدا یەک شتە. لە پێکهاتەیدا جۆرەوجۆرە

لەبەرئەوەی شارستانییەت و کەلەپووری عەرەبی لە کۆنەوە و تا ئێستەش شانۆیەکە هەموو میراتە رۆشنبیرییەکانی تر تێیدا یەک دەگرنەوە. میراتگیری عەقڵی رەوشتی عەرەبی لە ٥ میراتگیرییەوە کۆ بووەتەوە کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی ترە.

هەروەها ئەلجابری لە دوو پرنسیپەوە دەڕوانێتە شیکردنەوەی عەقڵی رەوشتی عەرەبی، یەکەمیان لە رووی روانین بۆ ئەم چەمکە بە روانینێکی کۆمەکی، واتە رووکردنە ئەم چەمکە لە رووی روانینی کۆمەکییەوە نەک تاکەکەسی، عەقڵێکی کۆمەکی وەک "سیستەمی بەها" کە هەڵسوکەوتی فیکری و رۆحی و کرداری دەگرێتە خۆی. لێرەدا ئەلجابری مەبەستی پشتکردنە تاک نییە، بگرە تاک وەک ئەندامێک لەنێو کۆمەڵدا لەنێو نەتەوەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

کەواتە ئەو ٥ میراتگیرییەی کە لەوێوە هەموو بنیاتی ئەم عەقڵە دێتە دەرێ، میراتگیرییەکی نامۆن و نامۆ نین بەبیری عەرەبی، واتە لە دەرەوە و ناوەوەی عەرەبەوە هاتووەتە نێو بیری رەوشتی عەرەبی، لێرەدا ئەو ٥ بەشەش بریتین لە میراتییەکانی کولتووری فارس، یۆنان، سۆفیگەری پەتی، ئیسلامی پەتی.

پاشان نووسەر پرەنسیپی دووەم دەگرێتە بەر کە ئەویش ئەنجامی یەکەمە، مامەڵەکردنە لەگەڵ هەریەک لە سیستەمی بەها، وەک دەستنیشانکردنی بە پلەی یەکەم بۆ رێنوێنیکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵ. لە پێناسەکردنی وشەی "رەوشت" ئەلجابری دەگەڕێتەوە بۆ بناغەی زمانەوانی ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا، لەنێو زمانی عەرەبیی کۆندا دوو وشە بۆ پێناسەکردنی رەوشت دەستنیشان کراوە، ئەو دوو وشەیەش بریتین لە (خولق) و (ئەدەب). وشەی (خولق) لە زمانی عەرەبی لە وشەی (خولقە)وە هاتووە هەروەها (ئەدەب) لە ئادابەوە. پاش قوڵبوونەوە بەنێو لێکدانەوەکانی ئەبوهیلالی عەسکەری و ئەسفەهانی و رازی و ئەبونەسری فارابی و ماوەردی، تێ دەگا کە ئەم چەمکە ڕەگێکی قووڵی لەنێو رۆشنبیری عەرەبیدا هەیە، هەروەها لێکدانەوەکانی ئەو زاتە بە نموونە دەهێنێتەوە. زیاتر ئەلجابری خۆی بە بناغەی ئەو وشانەوە سەرقاڵ دەکات و هەوڵ دەدات بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم وشانە لە کوێوە سەریان هەڵداوە و هەڵقووڵاون. ئەو پێی وایە وشەی رەوشت لە بناغەوە وشەیەکی کۆنی یۆنانییە کە خودی رەوشت لە مۆراڵەوە هاتووە، ئەویش ئادەتی رەوشت دەگەیەنێ، کە ئەمەش بەتەواوی پڕ بەپێستی وشەی ئەخلاقی عەرەبییە. دەستنیشانی ئەوە دەکات کە ئەدەب لە بناغەوە، لە شارستانییەتی فارسەوە خۆی خزاندووەتە نێو بیری عەرەبییەوە. هەر بۆیە دەبینین لەنێو فارسەکاندا ئادابی هاوڕێیەتی، ئادابی رەوشت، ئادابی خزمەت و هەق هەیە. بەڵام ئەو وای بۆ دەچێ کە ئەو دەستەواژەیە و ناوەڕۆکی ئەو دەستەواژانە بۆ هەریەکێ لەو لەفزانەی کە بۆ ڕەوشت دانراوە دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی بەها لەلای ئەو رۆشنبیرە تایبەتییانە، جیاوازیی نێوان هەردوو وشەی ئەدەب و ئەخلاق بەپێی بۆچوونی ئەلجابری لە رۆشنبیری عەرەبی بۆ ئەو پێوەندییە دەگەڕێتەوە کە رۆشنبیری عەرەبی لەگەڵ شارستانییەکانی تردا هەیبووە.

لە دەستنیشانکردنی بەشێک لە تەنگژەی بەهاکان دەڵێ "چەرخی تۆمارکردن سەرەتایەکە بۆ

باسکردنی بیری ڕەوشت". واتە سەرەتای نووسین و تۆمارکردنی بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان دەکاتە دەرگەیەک بۆ چوونە نێو باسکردن لە پەیدابوونی شێوە تۆمارکراوەکانی ڕەوشت، ئەو ساڵی ١٤٠ی کۆچی دەکاتە سەرەتای ئەو ئەزموونە. جیاوازییەکی گەورە هەیە لە پەیامی ڕەوشت لە دوو سەردەمدا، لە سەردەمی پێش کۆچکردنی محەمەد لە مەککە و پاش پەیامەکەی. لە سەردەمی ئەودا جیاوازییەک بەدی نەدەکرا لە نێوان مەسەلەی حوکمەکان و پرسی ڕەوشت، هەرچی لە قورئاندا هاتبوو هەر هەموو وەک شێوەیەک لە ڕەوشت تەماشای دەکرا.

سەرەڕای ڕووە سیاسییەکەی چەمکی بەها، خودی بەها دیاردەیەک بوو، لە ڕەوشتی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکە دەکرا. بەبڕوای ئەلجابری گۆڕانی بەهای ڕەوشت لە سەردەمی ئیسلامدا وەک کودەتایەک بوو، کۆیلەکان ئازاد کران، هەژارەکان دەستکەوتەکانیان بەسەردا دابەش کرا. بەتایبەت پاش هاتنی عومەری کوڕی خەتاب بۆ نێو ئاینی ئیسلام، کە ئەو دەوڵەمەندە گەورەکانی ناچار کرد پارە و پوول و ماڵیان بەسەر هەژاراندا دابەش بکەن. بەڵام ئەلجابری پێی وایە ئەم دیاردەیە ٢٠ ساڵ پاش کۆچی دوایی محەمەد گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات. گۆڕان لە هەڵسوکەوت و دیاردەکان، خانووبەرە و جلوبەرگ، خواردن و شیوەکان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەهاکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات، پەیدابوونی جاریە و خواردنەوە و گەڕانەوەی کۆیلەوە .... تاد. بەهەرحاڵ ئەوەی لەو تەنگژەیەدا جێگەی سەرنج بوو بوونی جۆرێک لە ئاژاوەی ڕەوشت بوو، ئیسلام لەگەڵ پەیدابوونی خۆی توانی بەهاکانی بوون و ڕەوشت و هەڵسوکەوت بگۆڕێ، ئەم دیاردەدیە پاش ئەوەی شیرازەی پێوەندیی نێوان دەسەڵاتداران تێکچوو، سەرۆک هۆزەکان کەوتنە گیانی یەکتری و شێوەیەک لە نائارامی و شڵەقاوی و چاوچنۆکی باڵی بەسەر پێوەندییەکاندا کێشا.

ئەلجابری نموونە لەسەر ئاڵۆزیی پێوەندی دەهێنێتەوە، ئاماژە بە مەعاویە دەکات، هەروەها باسی ڕەوشتی حوکمی مەعاویە و پەیدابوونی تیمە جۆرەوجۆرەکانی نێو ئیسلام دەکات، وەک تیمەکانی (ئەلعەباد و ئەلزوهاد)، خەوارج و موعتەزیلە... هتد، کوشتنی عەلی و فیتنەی مەزن، هەروەها باس لە سەربەستیی سەردەمی ئەمەویەکان دەکات، باڵاترین سەربەستی لەم سەردەمەدا بەدی دەکرێ، ڕێگە بە ئازادیی بیر دەدرێ، ئازادیی ڕادەربڕین تەشەنە دەکات، بەرپرسیاریی ڕەوشتی وەک ئەرکی ئاین لەنێو ڕەوشتی بەرپرسیارەکاندا سەقامگیر دەبێ، سەربەستی مەرجێکی پێویست بوو، لە هەموو ئاین و فەلسەفەکاندا مرۆڤ بەرپرسیار نییە بەرامبەر بەو کارانەی ئەنجامی دەدات، تەنیا ئەگەر هاتوو ئەو کارانە بە سەربەستی و بەپێی حەزی خۆی ئەنجامی دا. لە بەرپرسیاریدا سەربەستی تاکە مەرجە. سەربەستی مەرجە بۆ بەرپابوونی ڕەوشت. ئەم مەسەلانە زۆر سادە و بەدیهین ئەگەر هاتوو هەر کارێ لە دەرەوەی سەربەستی واتە لەژێر چەوسانەوە و ناچاری و پاڵەپەستۆدا ئەنجام درا، ئەو کاتە ناچێتە خانەی بەرپرسیاریی هۆشمەندییەوە، ئەو پرسیارەی ئەلجابری بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە، ئەوەیە ئاخۆ مرۆڤ کەسێکە خۆی شتەکان

هەڵدەبژێرێ، یان خۆی هەڵی نابژێرێ؟ واتە مرۆڤ موخەیەرە یان موسەیەرە؟

ئەم بابەتە چەندان نموونە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە، مرۆڤ دەبێتە خاوەن رەوشت ئەگەر هاتوو توانی بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی خۆی، هەروەها بەپێی فەرمانەکانی خوا سووڕایەوە. "کردارەکان" واتە کرداری خوا لە بەرامبەر کردارێکی تر هەیە پێی دەوترێ کاری چەپەڵ، هەر بۆیە موعتەزلەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە خوا زوڵم ناکات، کردارەکانیان وا دەکات کە خوا زوڵم بکات، کەواتە ئەلجابری دەیەوێ ئەوە بخاتە روو کە بابەتی دادەوەری و خوڵقاندنی کردارەکان بریتی نین لە بواری رەوشت، بگرە هەموو هەوڵی تیمە ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمە بۆ ئەوە بووە تا پێوەندی لە نێوان کردارەکانی خوا و کردارەکانی مرۆڤ رێک بخەن.

ئەو پرسیارەی ئەلجابری دەیخاتە روو ئەمەیە؟ ئاخۆ کامیان رەوشت دادەمەزرێنێ، عەقڵ یان گواستنەوە؟ بەپێی قوتابخانە فەلسەفییەکان هەموو کردارێ کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ بریتییە لە رەوشت (چێژ، عورف، ئاین، عەقڵ، ویژدان) ، لەبەرئەوەی هەر رەوشتێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە چەمکی ئیتنیک. بناغەی ئاین رەوشتە، ئیماندارەکان بڕوایان وایە عەقڵ سەرچاوەی دادوەری رەوشتییە، لە بناغەوە لە کەلەپووری ئیسلامیدا عەقڵ مانایەکی مەجازییە بۆ رەوشت و رەوش. وەک سەرەتا ئاماژەم کرد ئەلجابری سێ سەرچاوەی کولتووریی کردووەتە بناغە بۆ خوێندنەوەی کتێبەکەی، ئەو سەرچاوانەش بریتین لە "کولتوورەکانی یۆنان، فارس، عەرەب، سۆفیگەریی عەرەبی پاراو، ئیسلامی پاراو". ئەلجابری وەک نووسەرێکی راستڕۆی عەرەبی مامەڵە لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیە ناکات، لە زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە عەقڵی رەوشتی عەرەبی لەژێر کاریگەرییەکانی عەقڵی یۆنانی و فارسییەوە بەرهەم هاتووە. ئەو دەڵێ "کەلیلە و دیمەنە" کە ئیبن موقەفەع دەیکا بە عەرەبی زیاتر هەوڵێکە بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ دەسەڵاتدارانی فارس. لە پاڵ ئەوەشدا بڕوای وایە کە چەند بەشێکی ئەو کتێبە لە دەقە ئەسڵییەکەیدا نییە، بگرە خودی موقەفەع بۆ مەراییکردن لە بۆ سوڵتانەکانی فارسی نووسیویەتی، بۆیە بۆچوونەکانی لەمەڕ رەوشت زیاتر دەبەستێتەوە بە ئەدەبەوە و دەڵێ عەقڵی غەریزی پێویستی بە پەروەردەیە، وەک درەختێ وایە، خواردنی ئەدەبی، خواردنی عەقڵە.

هەروەها لەمەڕ کاریگەری یۆنانییەکان لەسەر عەقڵی رەوشتی، عەرەبی ئەلجابری پێی وایە ئەخلاقی یۆنانی ئەوەندە بەهێزە لەنێو ئەخلاقی عەرەبیدا مەزندە ناکرێ، عەقڵی عەرەبی و رۆشنبیری عەرەبیی کۆن تێکەڵەیەکە لە راکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و جالینۆس، لەلای ئەم زاتانەش بناغەی رەوشت عەقڵە. ئەلجابری ئەوەندە بەنێو کارەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و جالینۆس قووڵ دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو رادەیەی بەراوردیان بکات بە فارابی و ئیبن قوتەیبە و ماوەردی و هەموو ئەوانەی خۆیان لە قەرەی فەلسەفە و شیکردنەوەی عەقڵ و رەوشت داوە.

ئەلجابری لە دوایدا دەڵێ پوختەی هەموو لێکدانەوەکانی عەقڵی رەوشتی عەرەبی، بریتییە لە وەرگێڕانی کتێبەکەی ئەرستۆ بەناوی "رەوشتی نیگۆخامی"، ئەم کتێبەی ئەرستۆش تاقە

سەرچاوەی ڕەوشتی دێرین بووە. پاشان ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لەنێو بنیاتی عەقڵی عەرەبیدا مەسەلەی ڕەوشت باسکراوە، بەڵام باسکردنێکی زانستی نەبووە، هەر خۆشی دەپرسێ دەڵێ "ئاخۆ بۆچی ئەم زانستە لەلای عەرەب خۆیانەوە سەری هەڵنەداوە؟".

پاش ئەوەی ئەلجابری ۱۳۰ لاپەڕە لە کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ بوونی بناغەی ڕەوشت لە عەقڵی عەرەبیدا، دەگەڕێتەوە و دەڵێ "دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەم". بەڕای ئەو لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا نامەگۆڕینەوە و وتارخوێندنەوە دوو شێواز بووە بۆ بڵاوکردنەوەی بەها و بەکارهێنانی بەها. سەردەمی وتارخوێندنەوە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە تێیدا شاڵاوێکی زۆر وتاری لەگەڵ خۆیدا بەرهەم دەهێنێ، لە پاڵ ئەمانەشدا گەشەکردنی هونەری زمان و ئەدەبی نەفس پەرەی سەند، لە نامە گۆڕینەوەکاندا جۆرە داواکارییەک خراوەتە ڕوو بۆ بڵاوکردنەوەی بەها، دەسەڵاتداران بەتایبەت سوڵتان و خەلیفەکان پێڕەوی ئەم کارەیان کردووە. زمان لە پەرەسەندندا بووە، زمان ڕۆڵی خۆی هەبووە بۆ گەیاندنی پەیام و بڵاوکراوەکان. ڕەوانبێژی و پاراویی زمان ڕۆڵی خۆی هەبووە، بۆ نموونە خەوارجەکان و شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمە شێوازی لەم شێوەیان بەکار هێناوە تا بتوانن لە ڕووی توانای زمانەوە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە بەهێز بن بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر گوێگر.

جیاوازیی نێوان وتار و نامەگۆڕینەوە لە بواری هۆکارەکانی کارتێکردن ئەوە بووە کە وتار پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی "ڕاناوی کەسی ئامادە" کە وتاربێژ بووە بۆ دەربڕین و کارکردنە سەر گوێگر، بەڵام نامە پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی " ڕاناوی کەسی نائامادە" کە نامەنووس بووە. ئەم جۆرە وتارانە شێوەیەک بوون بۆ بڵاوکردنەوەی بەها و ڕەوشت لەو سەردەمانەدا.. هەروەها ڕاهێنانی مرۆڤی ئەو سەردەمە لەسەر گوێڕایەڵی ئیمام و داواکانی ئیسلام، کارێک بووە ئەنجام دراوە، لێرەوە دەتوانین ئەم نموونانە لە نامەکانی سالم و عەبدولحەمیددا بەجوانی ببینین. دیارە گوێڕایەڵی لەو کاتەدا بۆ دەوڵەت زۆر گرینگ بوو، بەهۆی ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوانەی لەو سەردەمەدا روویان دەدا.

مەسەلەی بوونی گوێڕایەڵی لە سەردەمی ئیسلامدا، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، بۆ سەردەمی پاشاکانی حیرە، بە تایبەت (مونزر کە لە ساڵی ٥٢٠ میلادی) حوکمی کردووە، هاوزەمەنی کیسرا و ئەنۆشیروان بووە، هەروەها نوعمانی کوڕی ئەویش وتاربێژێکی گرینگ بووە و هەر لە سەردەمی ئەو دوو پاشایەی فارسدا ژیاوە. بۆیە کاریگەری فارس بەسەر هەڵسوکەوت و پەیڕەوی دەسەڵاتی نوعمان و مونزردا گەلێ گەورە بووە. ئەم کاریگەرییە لەپاش پەیدابوونی ئیسلامیش هەر بەردەوام بووە، ئەو گۆڕانکارییە شێوەییەی کە لە شێوازی نامەگۆڕینەوە ڕووی دا، ئەنجامی گۆڕانکاری بوو لە بنیاتی دەوڵەتی ئەمەویدا، ئەو کاریگەرییە پاشان گەیشتە بوارەکانی سیاسەت و ڕەوشتیش.

لە سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی "عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان" وشەی دیوان هاتە بەکارهێنان،

ئەم وشەیە لە زمانی فارسییەوە وەرگیرا، هەروها دەڵێن سالم ناوێک نامەکانی ئەرستۆتالیس کە بۆ ئەسکەندەری نووسیوە لە فارسییەوە کردووە بە عەرەبی. بۆیە ئەم سەردەمە گەرمەی کاریگەری کەلەپووری فارسی بووە بەسەر عەرەبەوە، بۆیە نامەکانی عەبدولحەمید کە ئەو کاتە پێی دەگوترا (عەبدولحەمیدی کاتب) شێوازی نووسینەکانی شێوازی فارسی بوو. هەروەها ئەبوهیلالی عەسکەریش جەختی لەسەر ئەم کاریگەرییە کردووە.

هەر لە ساڵی ١١٣ کۆچی هەموو ئاداب و کولتووری فارسی گوێزراوەتەوە بۆ نێو ئاداب و کولتووری عەرەبی، بەتایبەت ئەو شتانەی پێوەندییان هەبووە بە پاشاکان و ئادابی سوڵتان و پرۆتۆکۆڵ و سیاسەت و رەوشت و نووسەر و نووسین... ئەم کاریگەرییە لە دەوڵەتی عەباسیدا جۆرە کاریگەرییەکی تر بوو، ئەویش بەکارهێنانی ئاین لە پاڵ شتەکانی تردا، ئەم سەردەمە دەوڵەتێ بوو تێکەڵە لە ئاین و پاشا، لە قورئان و وتەکانی پێغەمبەریشدا ئاماژەی بۆ نەکرابوو، دەڵێن ئەم کاریگەرییە لە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکەوە گوێزرایەوە بۆ نێو کولتووری عەرەبی، ئەگەر تەماشای سەردەمی یەکەمی عەباسییەکان بکەین، بەشالاو بەرهەم و کولتووری فارسی دەبینین، هەندێکیان دەقاودەق کراون بەعەرەبی، هەندێکیان بە دەستکارییەوە، هەروەها زۆر لە بەرهەمە فارسییەکان لەلایەن (تەبەری) و (مەسعوودی) کراون بە عەرەبی یان گوێزراونەتەوە بۆ نێو ئەدەبی عەرەبی. ئەو بابەتانەی بەزۆری لەو سەردەمەدا گرینگیی پێ دراوە، بابەتەکان بووە کە باسیان لە پێوەندیی نێوان ئاین و پاشا و پێوەندیی گوێڕایەڵی و دادپەروەری کردووە .

## ساسانییەکان

ئەلجابری کورتەیەک لە مێژووی خێزانە دەسەڵاتدارەکانی شانشینەکانی فارسی دەخاتە بەردەم خوێنەر، باس لە گرینگی خێزانە فارسییەکان دەکات، پاش ئەوەی ئەسکەندەری مەکەدۆنی وڵاتی فارسی داگیر کرد و ئاژاوەی خستە نێو ئەمارەتەکانی فارسەوە، ساسانییەکان توانییان ئیمپراتۆرییەتی فارسی جارێکی تر کۆ بکەنەوە.

ساسان پیاوێکی ئاینپەروەر بوو، کوڕەکەی پاشای یەکێک لە هۆزەکان دەبێ، فەرمانڕەوای شارێکی بچووک دەکات، کاتێک ئەردەشێر ساڵی ٢٢٦ میلادی دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەڵدەستێ بەیەکخستنی هەموو وڵاتی فارس و هێزێکی پتەو بنیات دەنێ. بۆیە نازناوی شای کۆکەرە و یەکخستنیان لێ نا، نەک تەنیا لە رووی سیاسی و سەربازییەوە بگرە لە رووی ئاینیشەوە توانی ئەو وڵاتە رێک بخات دیارە ئەمەش لە رێگەی هاوپەیمانە ئاینییەکانییەوە لە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی بەئەنجام گەیشت. دەقە ئاینییەکانی کۆ کردەوە و کردنی بەئاینی رەسمی، یەکەتیی ئاین و دەوڵەتی کرد بە بناغە بۆ شاهەنشاهییەکەی. لە کتێبە ئەدەبییەکاندا ئەردەشێر بەو گرینگەیە ناوبانگی دەرکرد کە بۆ پاشاکانی پاش خۆی بەجێی هێشت، ئەم وەسیەتنامەیە لەبەر گرینگییەکەی هەر زوو وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، لەلایەن شای عەباسییەکان دەخوێنرایەوە، ئەردەشێر لە وەسیەتنامەکەی بۆ شاکانی پاش خۆی کورتەیەک لە

ئەزمـــوونی خـــۆی دەنووسێ و داوایـان لێ دەکـات ئـەگـەر بیـانەوێ ســەربکەون دەبێ بەپێی ئەو وەسیـەتنامـەیە هەڵسوکەوت بکەن. ئەوەی لەو وەسیـەتنامـەیە تێبینـی دەکرێ درێژیـی رستـەکـان و هـەندێ شێـوەی تایبەتی قسـەکردنی تێدایە و هـەروەها ئەو هۆیانەی خستووەتە روو کە دەبنە هۆی ونبوون و لەناوچوونی وڵات، دەڵێ "سـەرخۆشی سولْتـان هـەمـوو بەڵایەکی لێ دەبێـتـەوە"، هـەروەها ئەردەشـێر ئاگەداریان دەکاتەوە کە دەبێ لە پیاوانی ئـاینی حەزەر بکەن. ئـەو هۆیەی کە وا دەکات سەرگەورانـی ئاین لە خـاوەن موڵک بەهێزتر بن ئەوەیە خاوەن مـوڵک لەسەر جەستەی رەعیەتەکانی بەهێزە، بەڵام پیاوی ئاین سوڵتانی دڵی خۆیەتی.. پاشان باس لە سیاسەتی پاوپێوەندەکان دەکات: ئادابی گشتی دەبێ چۆن بێ، تـا شـا سکون و رکونی خۆی زامن بکات، جوانیی ئەدەب و سیاسەت ئەوە دەستـەبـەر دەکات، بۆیە داوا لە پاشـاکـان دەکات ئاگەداری ئەوە بن لە بـەرچاوی جـەمـاوەردا گـەورە خـۆیان بنوێنن، لەبارەی پێـوەندیی نێـوان جـەمـاوەر لە نێـوان خـۆیاندا، دەبێ سیـستـەمی چینایەتـی هـەبێ، دەبێ چینەکـانی خـوارەوە ملکەچی سـەرەوە بن، ئەگەر خـوارەوە یاخی بوو دەبێ توندوتیـژی بەکار بهێنرێ، ئـەمـەش پێـویستـە بۆ پاراستنی سیـستـەم، بیانووی رەوشـتی بۆ ئەم کـارەش ئەوەیە کـە ئەمـەش شـێـوەیەکە لە قوربـانیـدانی کۆمـەڵێک لە پێناوی چاککردنی ئەوانی تر. ئەردەشێر شـاکانی ئاگەدار دەکردەوە کە نابێ ناوی جێگرەوەکانیان ئاشکرا بکەن، لەبەرئەوەی ئەم کـارە دەبێـتـە هۆی نانەوەی ئاژاوە وە پشـێوی لە نێوان شـا و جـێنشـینەکەی. دەبێ ئەم کـارە بەم شـێـوەیە ئەنجـام بدرێ: ئەم بڕیارە لە نـووسـراوێکدا بە ٥ دانە بنووسـرێتـەوە بدرێ بەکـەسـانێ کـە جێی باوەڕن، هـەرکە شـا مرد، ئەو ٥ بەشـە کۆ دەکرێتەوە و ئەو کاتە جێنشـین رادەگەیەنرێ.

پاشـان ئەردەشـێر باس لە چاکییـەکانی شـا دەکات، بۆ نموونـە دەڵێ شـا نابێ رەزیل و چرووک بێ، نابێ درۆ بکا و تووڕە بێ و دوور کـەوێتـەوە لە یاری و گـەمـەکردن، دەستـی بەتاڵ نـەبێ، ئیـرەیی بەکەس نەبا، نەترس بێ، نهێنیی خۆی لای کەسوکار و خزمەتکارە بچووکەکانی نەدرکێنێ... تاد.

هـەروەها لەسـەر چاوچنۆکیی کوڕ و برا دەڵێ "دەبێ بزانن کوڕی شـا و برای شـا و کوڕەزاکانی و ئامـۆزاکـانـی هـەر هـەمـوویان دەڵێن " خـۆزگـە ئـێمـە دەبووین بە شـا" بۆیە داوا دەکـات کـە بازنەی میراتگری شاهـەنشـاهی تەسک بکرێتەوە، بۆ ئەوەی داواکەرانی شاهـەنشـاهی کەم ببنەوە.

پاش ئەم کورتـەیە لەسـەر سیـفـەت و ئادابی رەوشـتی ئەردەشـێر، ئەلجـابری دەڵێ "ئەم دەقـە بۆ سیستـەمی حوکمی عەرەبی مەئموون ئەوەندە گرنگ بوو، ئەم وەسیەتە و کەلیلە و دیمەنە و قورئانی لە یەک ئاستدا دادەنا". دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ ئەو هـەڵوێستـەی ئەردەشێر بەرامبـەر بە پیاوانی ئاینی بیـانووی خۆی هـەبوو، ئەوان دەسـەڵاتی روحی و مـادییی بەرفراوانیـان بەرامبـەر بە جەمـاوەر بەکار دەهێنا، هـەندێک جار پیاوانی ئاینی هێزی کۆمـەڵایەتی و سیاسییان پێک دەهێنا وەک بوونی دەوڵەتێک لەنێو دەوڵەتێکی تردا، بۆیە سیاسـەتەکەی ئەردەشێر لە گرتنی پیاوانی ئاینەوە دەستـی پێ کرد تا گەیشتە پیاوانی خاوەن پارە و پووڵ.

ئەلجـابری باسکردنی ئەم پرسـەی ئەردەشـێری بۆ ئەوەیە تا بڵـێ لای فارسـەکان شـا ڕەگـەزێکی گـرینـگ و پڕ بایەخ و پێـویسـتــە، گـوێڕایەڵی بۆ ئەم رەگـەزە واتـە رەوشت. هـەر بۆیـە وا پێ دەچێ

"جاحیس" سوودێکی زۆری لەو کتێبەی ئەنۆشیروان بینیبێ، بەتایبەت لە نووسینی کتێبی "تاج لە ڕەوشتی شاکاندا"، لەم کتێبەدا وێنەیەکی جوان دەکێشێ لەمەڕ خزمەتکار و پێوەندەکانیان.

مانای وایە وڵاتی ئیسلامی عەرەبی سەردەمی خەلیفە راشیدینەکان زۆربەیان لاسایی دەوڵەتی ساسانیان کردووەتەوە، ئاشکرایە لە مێژووی ئیسلامیدا (ئیبن موقەفەع) گەورەترین بوقژەن و بلاوکەرەوە بووە بۆ ئایدیۆلۆجیای گوێڕایەڵی و بەهای کیسرەوی، کتێبی (خودانامە) کە پێی دەگوترا کتێبی شاکان، باس لە مێژووی شاکانی فارس دەکات، هەروەها کتێبی "ئایننامە" باس لە داونەریت و یاساکان دەکات، کتێبی "تاج" باس لە بەسەرهاتی ئەنۆشیروان دەکات، هەروەها کتێبی "ئەلدرە ئەلیەتیمە" بریتییە لە وەرگێڕانی هەندێ لە بەرهەمەکانی سوکرات لە بواری لۆجیک. بەناوبانگترین کتێبەکانی ئیبن موقەفەع بریتین لە کتێبەکانی "کەلیلە و دیمەنە، ئەدەبی گەورە، ئەدەبی بچووک، نامەی سەحابەکان".

ئەم کتێبانە زۆر بەناوبانگن لەبەرئەوەی لە نێوان ئەدەبی زمان و ئەدەبی نەفس پێوەندییەکیان دروست کردووە، بۆیە بووە بەسەرچاوەیەکی نەمر، بەتایبەت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ عەرەبی فێر بن و حەزیان لە حیکمەتە .

پێشتر ئەوەمان باس کرد کە ئیبن موقەفەع کتێبەکەی بەیدەبای هیندی لە زمانی سانسکریتییەوە کردووە بە عەرەبی، ئەلجابری رای وایە ئەم کتێبە بە ئەمانەتەوە نەکراوەتە عەرەبی، نەک لە رووی زمانەوانییەوە بگرە لە رووی زیادکردنی بەشەکانی کتێبەکە، بەشەکانی ئەم کتێبە هەندێکی باسی "گوێڕایەڵیکردنی سوڵتان" دەکات، بەشێکی تری باس لە ترسناکیی هاوڕێیەتیی سوڵتان و حەزەکانی بەرەو داگیرکردن و دەسەڵات دەکات. ئەلجابری ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵات و داگیرخوازی لای سوڵتانەکان ئەو بەشەی کە لە (کەلیلە و دیمەنە) هاتووە، ئەوە بەشە هیندییەکەیەتی بەڵام ئەوەی بە شان و بازووی سوڵتاندا هەڵدەدا وەرگێڕە فارسییەکەی خۆی بۆی زیاد کردووە، کە لەو بەشەدا گوێڕایەڵی بەپێویست دەزانێ.

لە راستیدا بەیدەبای هیندی خۆی دەڵێ بۆیە ئەو کتێبەی بەزمانی گیانداران نووسیوە، تا سەربەستیی ئەوەی هەبێ رەخنە لە زۆرخوازی شاکان بگرێ.

## گوێڕایەڵی

کەواتە رەوشتی بەرز لە دەوڵەتی کیسرەویدا رەوشتی گوێڕایەڵی بووە بۆ شا، ئەمەش چووەتە ناخی نووسەرەکانی ئەو سەردەمەوە، لە ئەدەبی هاوڕێیەتی و دوژمنایەتیدا دەڵێ "عەقڵدار" کە لێرەدا مەبەستی ئەو کەسانەیە دەتوانن جیاوازی دانێن لە نێوان چاکە و خراپە، نێوان سوود و زیان، جوان و ناشیرین. لەوێدا دەڵێ هەندێ سیفەت هەیە ئەگەر کەسی عەقڵدار ونی بکات دەچێتە ریزی تاقمی بێعەقڵانەوە، ئەو سیفەتانەش ئەمانەن:

١- هەڵسوکەوت و هەڵبژاردن، لێرە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەو شتانەی لە ناخدا بەردەوامن و

دوورکەوتنەوە لەو شتانەی بە بەردەوامی ئازار بە جەستە و ڕۆح دەگەیەنن، هەروەها گرینگیدان بەو شتانەی کە لە دنیای دووەمدا هەن و دەستهەڵگرتن لە حەزەکانی ئەم دنیا، هەروەها هیوا و ترسەکان لە شوێنی خۆیان دابنرێن.

٢- هەڵوێست بەرامبەر بەخۆی، ئەوەی پێوەندیی بە لێپرسینەوەی نەفس و چاوقایمی کردن لەگەڵیدا و لەدادگەدان و نوێنەرایەتیکردنی خۆ هەیە، ئەمەش بەوە دێ کە دادوەری لە ناخدا سەقامگیر بێ.

٣- لە سیفەتەکانی عەقڵدار ئەوەیە هەموو ڕۆژ و شەوێ بیر لە مردن بکاتەوە.

٤- بەردەوام سەرژمێریکردنی خراپییەکانی نەفس.

٥- تەماشاکردنی باشییەکانی خەڵکی تر بکات.

٦- خەم بۆ ئەو شتە نەخوات کە لە دنیادا لە دەستی دەڕوا.

٧- وا بکات خاوەن عەقڵەکان پاسەوانی نەفس و گوێ و چاوی بن.

٨- کاتەکانی بەسەر چواردا دابەش بکات، کاتێک داواکانی دەخاتە بەردەمی خوا، کاتێک لە خۆی دەپرسێتەوە، کاتێک ڕێگەی لێ دەگرن لە کارە درێوەکان، کاتێک واز لە خۆی دێنێ، کاتێکیش ئەرک دەخرێتە سەرشانی.

ئەمانە و کۆمەڵێ خاڵی تر کە باس لە سیفەتەکانی کەسی عەقڵدار دەکات. ئەگەر بڕوانینە ئەو سیفەتانە هەمان ئەو سیفەتانەیە کە لە سەردەمی هیلینستیدا بۆ کەسی هۆشدار دانراوە، لەوێوە هاتووەتە نێو کولتووری عەرەبی ئیسلامییەوە، بەڵام پێشتر لای فارس و یۆنانەکان هەبووە.

## بەشی هەشتەم

لێرەدا باشی پەیژەکانی بەها لە بازاڕی ئەدەبدا دەکات. کاتێ ئیبن ئەلموقەفەع کۆچی کرد، نێزیکەی ١٠ ساڵی بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسییەکاندا چووبوو، ئەو کاتە ئەبوجەعفەری مەنسوور لە هەموو بوارەکاندا بەهای کیسرەوی بنیات نابوو، لەسەر ئاستی ئەم بەهایانە دەوڵەتی نوێی دامەزراند، کە سەردەمی عەباسیی یەکەم سەروسیمای ئەم بەهایانەی پێوە دیاربوو، بە دەستەواژەی مێژوونووسەکان پێی دەگوترا سەردەمی "کاریگەری فارسەکان". لەو سەردەمەدا بەربەرەکانییەکی بێ وێنە سەری هەڵدا دژ بە کاریگەری کولتووری فارسی، بەتایبەت لەسەر ئاستی دانانداا. لەم سەردەمەدا شەڕی نێوان کتێبەکان پەیدا بوو، ئیبن قوتەیبە خاوەنی کتێبی "عیون ئەلئەخبار" نووسینەکانی تەواو بەپێچەوانەی ئیبن ئەلموقەفەع بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە نووسینەکانیدا بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئەودا بوو، ئەو کتێبە نەیتوانی لەژێر ئەو کاریگەرییە ڕزگاری بێت، لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ " لە بناغەدا پڕۆژەی نامەیەک بوو کە بۆ کتێبی "ئەلدەواوینی" نووسیبوو. بەڵام لە ڕاستیدا کتێبێکی ڕەوشتییە. بۆ یەکەم جار باسی "ئەدەب" دەکات، باسکردنێکی بەرفراوان، هونەری ئەدەب هونەری کراوەیە، ئامانجی سەرکەوتنە لە ژیاندا.

سەرکەوتن بۆ هەموو چین و توێژەکان، بەڵام بەبێ پشتگوێخستنی پاشەڕۆژ. بۆ ئەوەی خوێنەر بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکەی ئیبن ئەلقوتەیبە بدات، دەتوانی لە ناونیشانەکانیەوە ئەو بۆچوونەی لا گەلاڵە بێ، بابەتەکانیشی بریتین لە "کتێبی سوڵتان، کتێبی جەنگ، کتێبی سروش و رەوشت، عیلم و بەیان، زوهد، برایان، پێویستییەکان، خواردن، ئافرەتان".

نووسەر باسی داگیرکردنی گۆڕەپانەکە دەکات لەلایەن بەهای کەسرەوییەوە. ئاشکرایە هەموو ئەو بەشانەی باس کران باس لە کاریگەری کولتووری فارسی لە بواری رەوشتدا دەکەن. نووسەر دەپرسێ: ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە خاوەنی هیچ بیرێکی رەوشتی نین، واتە کتێبخانەی عەرەبی هیچ مێژوویەکی رەوشتیی تێدا نییە. نووسەر بەناچاری دەکەوێتە گەڕانی ئەرکیۆلۆجی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، ماوەردی لە رەوشت و سیاسەتدا گەلێ کتێبی داناوە، هەندێکیان مۆرکی ئەدەبییان پێوەیە و هەندێکیان سیاسەت، لە کتێبەکانیدا مۆرکی یۆنانی زیاتر لە مۆرکی فارسی زاڵە، هەر بۆ نموونە دەلالەتەکانی نێو کتێبەکەی زیاتر لە کاریگەری یۆنانیمان نیزیک دەکاتەوە، لە باسکردنی شاردا لەلای کولتووری یۆنانی، شاری دادپەروەری دەبێ فەیلەسووف بێ، کەسێک بێ خاوەنی هۆشمەندی بێت کە توانیبێتی خوێندن تەواو بکات، هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە تا بالاترین قۆناخی فێرکردنی بالا، کەس هەڵنابژێرێ تەنیا کەسێک کە خاوەنی خوێندنی بالا بێ و چەندان ئەرکی زانستیی بالای وەخۆیە گرتبێ، لەلای ماوەردی سەرۆکی شاری دادپەروەری کەسێکە لەنێو برێکی زۆر مرۆڤدا خوا هەڵی دەبژێرێ. بۆیە خوا شاکانی لە باقیی تری چینەکانی مرۆڤ بە باشتر داناوە، هەروەها مرۆڤی لە گیانلەبەرەکانی تر بەباشتر داناوە. نموونەشی بۆ ئەم بەڵگەیە هۆش و ئیدراکی مرۆڤ وەک نموونە دەهێنێتەوە.

پاش ئەو هەموو کاریگەرییە کە کولتووری فارس هەیبوو، بۆ سەر ئەدەب و سیاسەت و رەوشتی عەرەب، ئەوەندە ئاسان نەبوو ئەم کولتوورە بەتەواوی بتوانێ خۆی لەژێر ئەو کاریگەرییە رزگار بکات، چونکە کاریگەری ئەم کولتوورە لە دەقە یۆنانییەکانیش ئامادە بوو. باسی ئەو بەهایانەمان کرد کە کولتووری فارسی بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەویش بەهای کیسرەوی بوو " لە کۆندا خەلیفە یان شا یان سوڵتان یان شێخ یان مورید" بوو. کیسرا کە هەموو کەس خزمەتی دەکرد و خزمەتی کەسی نەدەکرد، لە کاتی پێوەستدا خۆی دەکرد بە نێوەند لە نێوان خوا و خەڵک. ئەو بەهایانەی تر کە بۆ وەزیر و نووسەر و موریدان دادەبەزی، واتە بۆ ئەو خەڵکانەی کە پێیان دەگوترا "خوارەوەی گشت" هەمیشەش "ئافرەتان" لە خوارەوەی خوارەوە بوون، دەڵێم ئافرەتان بەشێوەی کۆ، هەڵەش بووم لە بەشەکانی ئەم کتێبە (ئەمە نووسەر ئەلجابری) دەڵێ ، وتم ژن بەشێوەی تاک چونکە تاقانە لە مەیدانی بەهای کیسرەوی "کیسرایە" هەر ئەوە و هیچ کەسێ شەریکی نییە، ئەوەشی لە سیستەمی کیسرەویدا سەرنجراکێشە ونبوونی مرۆڤە وەک تاکەکەس، یان چاکتر بڵێین ونبوونی چەمکی "مرۆڤ"ە. چونکە پرەنسیپی ئەو رێژیمە لەسەر بناغەی بەهای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی کیسران، پرەنسیپێکی چینایەتی بوو، هەروەک پێشتر وتراوە خوارەوە دەبێ ملکەچی سەرەوە بن. ئەمەش بناغەی بیرکردنەوەی کیسرایی بوو. ئەو پرسیارەی لێرەدا

قووت دەبێتـەوە ئەوەیە بۆچی لە سیـستـەمی دەسـەڵاتی کـیسـراییدا تاک ون بـووبوو؟ لەبەرئەوەی هەمـوو شـتێ بەدەوری ئەودا دەسـووڕایەوە. لەسەر شـێوەی بازنە و زنجیـرەکان: سـەرباز، پیـاوانی ئاینـی، وەزیر و نووسـەران، کـەسـانی تایبـەت و گـشـتی. کـیسـرا لە هـەمـوو شـتێ ئامـادە بوو بۆ گوێڕایەڵی، پەرسـتن، هـەروەهـا دەرچوون لەو دوو شـتـە واتە شکاندنی پیرۆزی، کـە ئەم سـیـفـەتە لە دواییدا بەجوانی لە بیری دەوڵەتی عەرەبیدا رەنگی دایەوە.

## دیوانەکان

هـەروەک باسـمـان کرد "وتاری گـوێڕایەڵی" لە کـتێبی دیوانەکـانی دوا دەوڵەتی ئەمـەوی لە رێی نامـە گۆڕینـەوەیدا لەگەڵ سـالم و عەبدولحـەمید دەرکـەوت، کە لەوێدا کولتووری فـارسی کاریگـەریـی خۆی بە مـەزنی پێـشـان دا، بێگـومـان دووری و نـێـزیکیی فـارس لە عـەرەبەوە هۆکـارێک بووە بـۆ ئەم کـاریگـەرییە، لە راسـتـیدا کولتـووری فـارسـی ببـووووە بەشـێک لە کـولتـووری عـەرەبی، بەو مـانایەی ئەمـەوییـان بـووبوون بە مـیراتگری دەوڵەتی سـاسـانی و شـارسـتـانییـەکـەی، زەوین و خـەڵکەکـەیان بەمـیـراتی وەرگـرتبـوو. دەوڵەتی ئەمـەوی پێـویسـتی بەرەوشـتی "گـوێڕایەڵی" بـوو تا بتـوانێ لە هەڵسوکەوت و پێکهاتەییی سیاسیدا فۆرملەی شـێوە رەوشـتێک بکات، ئەم شـێوە رەوشـتـەش لە کولتووری فارسیدا ئامـادە بوو، بەپێی بۆچوونی ئیبن خـەلدون، دەوڵەتی ئەمـەوی پاش کۆچکردنی هیشـامی کوڕی عەبدولـەلیک، چووە قـۆناغی هـەرەمـەوە، لەو سـەردەمەدا فـیتنە و ئاژاوە و شـۆڕش زیادی کرد، شیبوونەوەی دەوڵەت و زیادبوونی دووزمانی و ئاژاوەچێتی و کودەتا و شۆڕش سیمای بارودۆخی ئەو کاتە بوو.

هەمـان بارودۆخ ڕووبەڕووی شـۆڕشـی عـەباسـیـیـەکـانیش بووەوە، شـیـبـوونـەوەی دەوڵەت و زیادبوونی دووزمـانی و کـودەتا. لە دواین سـەردەمـەکـانی ئەمەوییـەکـان هەندێ دەسـتـە و هۆز پەیدا بوون هەڕەشـەیان لە هەڵوەشـاندنەوەی دەسـەڵاتی عـەباسـییـەکـان دەکرد. بەڵام لە کۆتاییدا بەهـای کیسـرەوی خودی خـۆی دەسەپێنێ. دوای ئەوەی بەرهـەمەکـانیان وەرگێڕدران و گونجێنران لەگـەڵ کەشوهـەوای عەرەبی ئیسلامی هاوچەرخدا.

## میراتگیری یۆنانی

پرەنسـیپـەکانی بیـری ئەفلاتوونی لەمـەڕ تاکە، هـەروەهـا خـودی دەوڵەت لە وتاری فـەلسـەفـیی یۆنانی مـانای "سوڵتان"، یان "دەسـەڵات" نییـە کە سـەر بە ئیمـپـراتۆرییـەت بێ، یان شـاهـەنشـایی نییە کـە سەر بە شـا بێت. هەروەهـا شـار تەنیا شـوێن نییە، بگرە شـار سـەر بە دانیشـتوانە، واتە دراوەتە پاڵ دانیشـتوان، کەواتە دەوڵەت و شـار کۆمـەڵێ هـاووڵاتین. بەرامـبەرەکـەی شـار، کـەونە، بۆ هـاووڵاتیش سروشتە. مرۆڤ بیر و مادەیە، مادەش بەشێکە لە سـروشت. فەیلەسووفە یۆنانییەکان لە سەرەتادا لە سـروشـتـەوە دەسـتـیـان پـێ کـرد، لـە سـەرەتـادا ئەوان زانای سـروشـتـی بوون، زیاتر لەوەی فـەیلەسـووف بن. هـەمـوو ئامـانجـیـان ئەوە بـوو کـە هـەمـوو دیاردەکـانی سـروشت بۆ یەک پرەنسـیپ

بگەڕێننەوە، یان بۆ هەندێ پرەنسیپ، تا بتوانن لە ڕێگەیانەوە ئەو شتانە شی بکەنەوە و ڕاڤەی بکەن و لێی بگەن کە لەم جیهانەدا ڕوو دەدەن. بەمجۆرە لە (ئەبوقراتە) و دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئەرستۆ و ئەفلاتوون و سوقرات و جالینۆس ئەمە ئامانجیان بوو. لە ئەنجامدا نووسەر ئەلجابری کورتەیەک لەسەر کتێبەکەی کۆمارەکەی ئەفلاتوون دەخاتە ڕوو ، ئینجا سێ ڕێچکە دەگرێتە بەر بۆ شیکردنەوەی مەسەلەی ڕەوشت لە عەقڵی عەرەبی و ئەغریقیدا. ئەو پێی وایە لە سەردەمی یۆنانییەکان چەند تەوژم و حەزێکی تایبەت هەبووە بە لێکۆڵینەوە بەپێی بوارەکان، بۆ نموونە تەوژمی پزیشکی هەبووە، پاشان تەوژمی فەلسەفی و هەڵبەستراوی. تەوژمی زانستی کە لە جالینۆس–ەوە دەست پێ دەکات، بریتییە لە تەوژمی پزیشکیی ڕەوشتی، نەخۆشخانەیەک بۆ چاککردنەوەی ئەوانەی کە گرفتی ڕەوشتیان هەیە، لە مێژووی فەلسەفەی عەرەبی ئەم تەوژمە لەلایەن کیندییەوە دەست پێ دەکات. کیندی یەکەم فەیلەسووفی عەرەبە، چەند نووسینێکی لە بواری پزیشکی و فەلسەفیدا هەیە ، هەروەها چەند نامەیەکی لە بواری پزیشکیی ڕەوشتی و سیاسەت نووسیوە. نووسینە فەلسەفییەکانی کیندی دەیسەلمێنن کە ئارەزوویەکی ئەرستۆیانە لە نووسینەکانیدا زاڵە. هەروەها پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەرهەمەکانی جالینۆس دا هەبوو. بەتایبەت لە بواری پزیشکیدا. لە نووسینەکانیدا باسی جالینۆس دەکات، هەروەها لە مەسەلەی پزیشکیی ڕەوشتیشدا سەر بە قوتابخانەکەی جالینۆسییە. لە یەکێ لە شیکردنەوەکانیدا دەڵێ "جێگیری و نەمری تەنیا بۆ مەسەلە عەقڵییەکانە، بەڵام مەسەلە هەستییەکان هەر هەموویان بەرەو لەناوچوون دەچن. ئەگەر بمانەوێ پارێزگاریی بەردەوامی بکەین ئەو بەردەوامییەی کە هەمانە دەبێ گرینگی بە مەسەلە عەقڵییەکان بدەین، چونکە ئەم مەسەلانە بە نەمری دەمێننەوە". هەروەها بە شێوەیەکی بەرفراوان پەنای بردووەتە بەر تەمییەکانی جالینۆس.

پاشان ڕازی دێت کە زیاتر گرینگی بە پزیشکیی ڕۆحانی داوە، لە نامەیەکیدا بەناونیشانی "چاککردنی ڕەوشت" باس لە مەسەلەکانی ڕەوشت دەکات، بەڵام لە پزیشکیی ڕۆحانیدا لەمەودای عەقڵ و جەستەدا دەسووڕێتەوە و باسی گرفتەکانی ڕۆح دەکات، ئەم کتێبە لە ٢٠ بەش پێک هاتووە". دەکرێ ئەم کتێبە وەک هاوسەری کتێبی پزیشکی تەماشای بکرێ، نەک تەنیا لە ڕووی ناونیشانەوە بگرە لە ڕووی ئاست و نموونە مەعریفییەکانیشیەوە.

ڕازی پێی وایە پزیشکیی ڕۆحانی لە ڕووی مادە و ئاسۆی زانستییەوە پێوەستە بە جالینۆسەوە. بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە بەباگراوندێکی ئاینی هرمسی دەورە دراوە، ڕازی لەژێر کاریگەرییەکاندا کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا. مەبەست لە هرمسی ئەوەیە کە ئامانجی ڕزگارکردنی ڕۆحە لەو تێکەڵبوونەی لەگەڵ بووندا ڕوو دەدا. ئامانجی ڕەوشتیش ڕزگارکردنی ڕۆحە لەو نەفسە شەڕانگێزییەی کە بووەتە هۆی سووتاندنی دڵ و بارگرانییەکانی ژیان. هەر بۆیەش سۆفییەکان ئازاری نەفسی خۆیان دەدەن تا بگەنە ڕزگاربوونی ڕاستەقینە. ڕازی خۆی بە لایەنگری ئەفلاتوون دادەنا، ئەفلاتوون تیۆرەکەی بەوە پێک دەهێنێ تا بزانێ لە بواری سیستەمی بەهادا چ ئامانجێکی دەست دەکەوێ، ئەفلاتوون سەرگەورەی فەیلەسووفان سێ جۆر نەفسی

دەستنیشان کردووە، ئەو سێ جۆرەش برێتی بوون لە یەکەم: نەفسی وتە و خۆڵ، دووەم: نەفسی توورەیی و حەیوانی، سێیەمیان: نەفسی رووەکی و گەشەکردوویی و شەهەوەتبازی . لە بواری رەوشتدا رازی جێپێهەڵگری ئەفلاتوونە، راکانی ئەفلاتوون لە بواری چێژدا دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای بیروباوەڕی سروشتییەکان، رازی لە باسی عەشقدا دەڵێ ئەشق کارێکە گەڕانە بەدوای خۆشی.

لە کتێبی "رەخنەی عەقڵی رەوشتی" عەرەبی گرینگییەکی بێ وێنە دەداتە رەوشتی پاشاکان، لە زنجیرەی پلەکاندا لە شوێنێکی بەرزدا دای دەنێ، هەروەها باس لەو بەشانە دەکات کە رەوشتی لێ پێک دێ، کە لە دوایدا لە سێ بەشی سەرەکی کۆی دەکاتەوە کە ئەوانەش برێتین لە رەوشتی شەهوەتبازی و توورەیی و عەقڵانی. شەهوەتبازی سیفەتی مرۆڤ و گیانلەبەرە. دووەمیشیان لە هەردووکیان هەیە بەڵام سێیەم سیفەتی عەقڵانییە تەنیا لای مرۆڤ هەیە. مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە قسە دەکات، لەوێشدا نووسەر دابەشکردنی یەکێک لە بیرمەندە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە بە نموونە دەهێنێتەوە، کە تێیدا باس لە ٢٠ سیفەتی هێزی نەفس دەکات لەوێدا ئەو ٢٠ بەبناغە دادەنێ بۆ جێگیری مرۆڤ، ئەو سیفەتانەش ئەمانەن "نەفسگرتن، رازیبوون، خۆپاراستن، سەبر و تەحەموول، ویقار، خۆشەویستی، بەزەیی، ئەمەکداری، پاراستنی ئەمانەت، نهێنپارێزی، سادەبین، رووخۆش، راستگۆیی، نیەتپاکی، دەست و دڵ فراوانی، ئازایەتی، پێشبڕکێ، لە کاتی ناخۆشیدا دان بەخۆداگرتن، هیمەتبەرزی، دادوەری". هەروەها چەند نموونەیەکیش لەسەر ئەو سیفەتانە دێنێتەوە کە سستیی نەفسن، لەوانە "خواردنەوەی مەی، داوێنپیسی، هەوەسبازی، کۆکردنەوەی پارە بەهەر شێوەیەک بێت، سووکایەتی، پێشێلکاری، زیادەڕۆیی لە ئەشق و ئەشقبازی، توندوتیژی، خیانەت، غەدر، ئاشکراکردنی نهێنی، لووتبەرزی، چارەگرژی، درۆکردن، هەڵخەڵەتاندنی کەسانی تر، رەزیلی، ترسنۆکی، چاوچنۆکی، بێ هیمەتی، جەور".

## ئیبن حەزمی ئەندەلووسی

ئیبن حەزمی ئەندەلووسی ساڵی ٤٥٦ی کۆچی ژیانی بەجێ هێشتووە، لە نامە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (نامەیەک لەبارەی چاککردنی نەفسەکان و باشکردنی رەوشت)ەوە گرینگییەکی زۆری داوە بە مەسەلەی رەوشت. لەوێدا ژمارەیەکی زۆر نموونەی تایبەت دێنێتەوە لەسەر چۆنیەتیی بیر و بیرکردنەوە لەمەڕ رەوشت، ئەم نامەی حەزم سەر بە تەوژمی پزیشکییە و دەچێتە خانەی رەوشتەکانی خۆشبەختییەوە، وەک ناوەڕۆک سەر بەکولتووری یۆنانی و جالینۆسە. ئیبن حەزم جیاوازی لە نێوان سێ جۆر هێزدا دادەنێ: هێزی شەهەوانی و توورەیی و عەقڵانی. ئەو دەڵێ تەندروستیی رەوشت وەکو تەندروستیی لەش وایە، بۆیە دەبێ لە نێوان ئەم دوو رەوشتەدا هاوسەنگییەک بێتە ئاراوە. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا راکانی خۆی لەمەڕ رەوشت دەخاتە روو، ئەو دەڵێ هەموو ئەو نەخۆشییە رەوشتییانەی کە تووشی مرۆڤ دەبن، بۆ یەک هۆ دەگەڕێنەوە، ئەویش تەماهکارییە، چونکە تەماهکاری وا لە مرۆڤ دەکات بەدوای چێژدا بگەڕێ، جا گرینگ نییە

ئەو چێژە چ جۆرێک بێ، ماتەریالی یان مەعنەوی، جەستەی یان فیکری یان رۆحی، بۆیە دەبێ مرۆڤ هەوڵی ئەوە بدات هەرچی خەمە لە ناخی خۆیدا نەیهێڵێتەوە. ئیبن حەزم خەم بە بناغەیەک دادەنێ بۆ نەمانی تەماح و خراپەکاری، بۆیە حەزکردن لە دەرپەڕاندن و ڕاونانی خەم وەک دەرپەڕاندن و ڕاونانی تەماح و خراپەکارییە، ئەمەش بناغەیەکی سەرەکییە بۆ جووڵاندنی راستی لای مرۆڤ. بەم شێوەیە ئیبن حەزم هەوڵ دەدا بنیاتێکی پتەوی رەوشت دروست بکات. بەڵام ئەو سەرەتا و بناغەیەی ئەو داوای دەکات هەمان و رێسا و یاسایانەیە کە تەوژمی پزیشکی بەکاریانی دەهێنا. پەیڕەوانی ئەم تەوژمە هەر لە جالینۆسە باسی ئەو سەرەتایانەیان کردووە کە گرینگن بۆ پاککردنەوەی نەفس، ئەوان سێ هێزی نەفس دیاری دەکەن : ئەو سیانەش برێتین لە پرەنسیپی رەوشت، پرەنسیپی چاکەکارییەکان، پرەنسیپی کاری خراپە.

دیارە ئەو سێ تەوژمەش بۆ خۆی چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، ئیبن حەزم شێلگیرانە دژی ئەوانە دەبووەوە کە ئەم تەوژمانەیانە لە یەکتری جیا دەکردەوە.

## تەوژمی فەلسەفە

ئەلجابری پێی وایە بەهای کیسرەوی شارەکەی فارابی داگیر دەکات، فارابی لەنێو عەرەبدا بەوە ناسراوە کە لۆجیکی لەنێو عەرەبدا بڵاو کردووەتەوە، هەروەها پاش ئەرستۆ بە مامۆستای دووەمی بواری لۆجیک دادەنرێ. فارابی لە کتێبە بەناوبانگەکەی "هۆشداری لە پێناوی دەستکەوتی خۆشبەختیدا" دەڵێ خۆشبەختی ئامانجێکە هەموو مرۆڤێ حەزی لێ دەکات، هەرکەسەش کە بۆی دەڕوا و هەوڵی بۆ دەدات، بەو مەبەستەیە تا بگاتە کامڵبوون، بۆیە خۆشبەختیی راستەقینە دوا قۆناغە و پلەی کامڵبوونە". کامڵبوون چەمکی بنەچەییی ئەرستۆیە، ئەویش ئەم چەمکە بۆ دوو لق دابەش دەکات، کامڵبوونی یەکەم و دووەم، هی یەکەم کامڵبوونە لە بابەتی شێوە، هەروەک شێوە بۆ شمشێر و هەناسە بۆ مرۆڤ ، دووەم کە ئەمیش پاشکۆی یەکەم هەروەک بڕین بۆ شمشێر، ژیان بۆ مرۆڤ، لێرەدا فارابی دەیەوێ بڵێ بەبێ یەکگرتنی ئەو دووانە کامڵی رەهابوونی نابێ.

هەروەها کردارەکان پێداهەڵدانیان بەردەکەوێ ئەگەر هاتوو جوان بن، گەر ناشیرینیش بوون ئەوە بە خراپی دەکەونە سەر زاران، نەفسیش بەهەمان شێوە بەباشە باس دەکرێ ئەگەر هاتوو دوور کەوتەوە لە دزێوییەکان، رەوشت جوانییەکان و ناشیرینییەکانی هەر هەموو بە ئاسایی وەرگیراوە، جوانی لە کاتێکدا دێتە دی، ئەگەر هاتوو هەموو شتەکان لە پێوەندیدا هارمۆنییەتی خۆیان پاراست. مەبەستی مرۆڤایەتی سێ شتە، خۆشی و سوودبەخشین و جوانی.

# نەمانی چینی مامناوەند
# هەڕەشەیە بۆ داهاتووی دیموکراسی

فرانسیس فۆکۆیاما

فۆکۆیاما، پرۆفیسۆر لە بواری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ستانفۆردی ئەمەریکا و یەکێک لە تیۆریسیە ناودێرەکانی مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دنیا، لە بابەتێکدا کە مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی "ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە" لە ئەمەریکا بڵاوی کردووەتەوە، ئەو پرسیارەی درووژاندووە کە "ئاخۆ لە دوای نەمان و توانەوەی چینی مامناوەند، داهاتوو و پاشەڕۆژی دیموکراسیی لیبراڵی ناکەوێتە ژێر مەترسییەوە؟"

فۆکۆیاما لە پێشەکیی لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا ئاماژە بۆ تەنگژەی ئابووریی دنیا لەم ساڵانەی دواییدا دەکا و دەڵێ ئەم تەنگژەیە بە پلەی یەکەم لە بەرەنجامی چاودێریی لاواز و ناتەواویی حکوومەتەکان بۆ سەر سیستەمی سەرمایەداری رووی داوە، بەڵام خاڵی سەرنج ڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە لە بەرتەکدانەوەی ئەم تەنگژەیەدا لە جیاتیی بەهێزبوونی هێزە چەپەکان، باڵە پۆپۆلیستە دەستە ڕاستییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا بەهێزتر بوونەتەوە.

بە بڕوای فۆکۆیۆما، هۆکاری سەرەکیی لاوازبوونی هێزە چەپەکان، لاوازیی هزر و ئەندێشە و نەبوونی بیرۆکەگەلی وەهایە کە بتوانێ ببێتە هۆی ڕاکێشان و کۆکردنەوەی جەماوەر.

لە دەیەکانی دواییدا، تیۆرییە دەستە ڕاستییەکان کە لاگیرییان لە کەمکردنەوەی ئاستی چاودێری و کۆنترۆڵ بەسەر سیستەمی سەرمایەداریدا دەکرد، جڵەوی کارەکانیان گرتووەتە دەست و توێژە چەپەکانیش لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بێجگە لە گەڕانەوە و پەنابردنە بەر تیۆرییە کۆن و سواوەکانی سۆشیال دیموکراسی هیچی تریان بەدەستەوە نەماوە و نەیانتوانیوە ئەلتەرناتیڤێکی باشتر پێشکێش بکەن.

.......................................................................................

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

فۆکـۆیامـا هۆشـداریی ئەوە دەدا کە لاوازبـوونی هێـزە چەپـەکـان، ئاسـتـی پلورالیـزم و مـەیدانی ململانەی سیـاسـی لەو جـۆرە کۆمـەڵگەیانەدا خسـتـووەتە ژێر مـەترسـییـەوە و خـێـراتربوونی ڕەوتی بەجیـهـانیـبـوونی سـەرمـایـەداریش هـەمدیس بەشـێـوەیەکی بەرچاو، چینی مـامناوەندیی بێـهـێـزتر و لاوازتر کردووە. ئـەم توێژە (توێژی مامناوەند) بە پێگەی کۆمەلایەتیی لیبراڵ دیموکراسی دادەنرێ کە لە حاڵەتی لاوازبوونیدا، ئایندەی دیموکراسیش دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

## شەپۆلی دیموکراسیخوازی بە درێژاییی مێژوو

فرانسیس فۆکۆیاما، بە پشتبەستن بە وتەیەکی مارکس دەڵێ تیۆرییە سیاسییە، کۆمەلایەتییەکان تەنیـا لەو کاتەیدا کـە بە شـێـوەیەکی ڕاسـتـەقینە ببنە نوێنەرایەتیی خواست و نیگەرانییـەکـانی توێژێکی بەرفـراوانـی خـەڵک بکەن، دەتوانن ببن بە هێزێکی کـاریگەر و دەسـترۆیشـتـوو. لە هـەمـان کاتیشدا مێژوو سەلماندوویەتی کە تا نزیکەی سێ سەدە پێش ئێستا گشت تیۆرییە بەهێزەکان، بە جۆرێک لە جۆرەکان یان ئەوەتا ئاینی بوون یاخۆ لە ئاینەوە هەڵقوولا بوون و سەرچاوەیان گرتبوو. یەکەمین جیـهـانبینیی نائاینی کە بە لیبرالیزم ناوزەد کرا، نزیکەی سێ سـەدە پێش ئێـسـتـا و بە پشتبەستن بە پشتیوانیی بزووتنەوە سیاسییەکانی چینی مامناوەندی سەریان هەڵدا.

ئەم بزووتـنـەوەگـەلە لە سـەرەتـادا خـاوەن جـومـگ و و پێکـهـاتەی دیمـوکـراتیک نەبوون و نـوێنەرە سـەرەکییـەکـان و سـەرکردەکـانیـانی ئەو بزووتنەوەگەلە لاگیـرییـان لە جۆرێک لـە پێکەوەهەڵکردن و ئاشـتـەوایی لەگەڵ سیـسـتـەمە پاشـایەتییـەکان یاخۆ لـە باشـترین حـاڵەتدا خـوازیاری بەرپاکردنی جۆرێک لە پاشایەتی دەستووری بوون. بەتێپەڕبوونی کات لە سـەرەتاکان و لە ناوەڕاسـتـی سـەدەی نۆزدەمی زاینیـدا هـەندێک لە بنەواکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی لیـبرالّی، بۆ نموونە بیـرۆکەگـەلی وەکو مـافی دەنگدان بۆ چینی مـامناوەند و کـەمکردنەوەی هـەندێک لە مـاف و دەسـەلاتەکـانی چینی بۆرجوازییان هێنایە ئاراوە.

لە سـاڵی ١٨٤٨ و لەگەڵ دەسـتـپـێکی یەکـەمین بزووتنەوە بەهێـزە سۆشـیـالیـسـتـییەکـان کـە لەژێر هـەژمـوون و کـاریگەریـی بۆچوونەکـانی مـارکس لە ئەوروپـادا سـەریان هـەڵدا، ململانێـیـەکی توند لە نێوان دوو جیـهـانبینیی نائاینی لـە دنیای مۆدێرندا دەستی پـێ کرد. مـارکسـییـەکان بەشێوەیەکی گـشـتـی لایـەنگری ئەو بۆچوونە بوون کـە لە پێناو گـەیشـتن بە دیموکـراسـیی ڕاسـتـەقـینـە واتە دابەشکردنی سـەرچاوەکـانی سـەروەت و سـامـان بەشـێـوەیەکی یەکسـان و دادپەروەرانە، دەتوانن چاوپۆشی لە دیموکراسیی سیاسی و پلۆرالیزمی زاڵ بەسەر دەسـەلاتدا بکەن. بەڵام لە بەرامبەردا لیـبرالّییـەکان بەرگرییـەکی زۆریان لە موڵکدارییـەتی تایبەتی بۆ سەروەت و سامـان و ئامرازەکـانی بەرهـەمـهـێنان دەکـرد لە هـەمانکاتیـشـدا پەیـتـاپەیتـا قـایل بوون بەوەی کـە بەشداریی چالاکانەی سیـاسـی و بەرفراوانـتـری چینەکـانی تـری کۆمەڵگە بەتـایبـەتی چینی مـامناوەند لە کایەی سیـاسـیدا

قبووڵ بکەن.

فرانسیس فۆکۆیاما لە درێژەی قسەکانیدا نووسیویەتی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی سەت ساڵەی ڕابردوو نیشانی داوە تیۆری یاخۆ جیهانبینیی سیاسیی لیبراڵی بە پشتبەستن بە هۆکارگەلی جیاجیا وەکو بەرزکردنەوەی هێزی کڕین و سوودمەندبوونی خەڵک لە دەستکەوتەکانی پێشکەوتنی سەرمایەداری توانیویەتی جەمسەری لایەنگری مارکسیزم لاوازتر بکات. لیبراڵیزم بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێگە بەهێزە، لە بەرامبەر پشتبەستنی مارکسییەکان بە چینی کرێکاری پیشەسازی و چینە کەمداهاتەکان، ئەویش هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی چینی مامناوەندیی داوە.

لە دەیەکانی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا بڵاوبوونەوە و بەرفرەوانبوونی سیستەمە دیموکراسییەکان بۆ شوێنەکانی تری دنیا لەوانە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەمەریکای باشوور و ئاسیای ڕۆژهەڵات بووەتە هۆی ئەوەی کە لەو وڵاتانەیشدا چینی مامناوەند گەشە بکات و هێز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەم چینە وەکو هەموو چینەکانی تر لە بنەڕەتدا خوازیار و پشتیوانکاری دیموکراسی نەبوو، بەڵام بۆ بەرگریکردن لە هەبوون و بەرژەوەندییەکانی خۆی پێویستییەکی زۆری بە دیموکراسی هەبوو. لەلایەکی تریشەوە مەرج نییە سیستەمە دیموکراتیکەکان وەڵامدەرەوە و وەدیهێنەری تەواوی خواست و داواکاری و بەرژەوەندییەکانی چینی مامناوەندی بن. لەم حاڵەتەدایە کە هەندێک جار چینی مامناوەندیش تووشی نائارامی و یاخیبوون دەبێت.

## هەڵبژاردنی باشی ڕێژەیی

فرانسیس فۆکۆیاما لە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا کە لەلایەن مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی "ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە" لە ئەمەریکا بڵاو کراوەتەوە، دەنووسێ ئەمڕۆکە لە سەرانسەری دنیادا جۆرە کۆدەنگییەک لەسەر شەرعییەتی بنەواکانی "لیبراڵیزم" هاتووەتە ئاراوە. هەرچەندە بنەواکانی دیموکراسی لە زۆربەی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان وەک یەک جێبەجێ ناکرێن یاخۆ تێگەیشتنێکی یەکسانیان بۆ دیموکراسی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی دنیا کە قۆناغێکی باشیان لە پێشکەوتنی مادی بڕیوە و ئەمەیش یارمەتیدەر و زەوینەخۆشکەرە بۆ نەشونماکردنی چینی مامناوەندی، دیموکراسیی زێتر لە هەموو شێوازەکانی تر لەلایەن کۆمەڵگەکانەوە قبووڵ کراوە و دانی پێدا نراوە، هەر بۆیەشە کە هەردەم پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان سەقامگیریی دیموکراسی لەگەڵ ئاستی گەشەسەندنی مادیی کۆمەڵگەکاندا هەیە.

هەندێک لە دەوڵەتەکان وەکو ئێران یاخۆ عەرەبستانی سعوودیە بە پشتبەستن بە ئاین،

سیستەمی سیاسی بە پاش دەدەنەوە، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی بەردەوامبوونی ئەو جۆرە حکوومەتانە سەرکەوتوویی سیستەمی سیاسیی ئەوان نییە، بگرە سوودمەندبوونە لە سەروەت و سامانی نەوت. ڕووداوەکانی یەک ساڵەی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە خەڵکی کۆمەڵگە عەرەبییەکان هاوشێوەی هاوولاتییانی ئەورووپای ڕۆهەلات یاخۆ ئەمەریکای لاتین لە دەیەکانی دواییدا، ئامادەییی ئەوەیان تێدایە کە ڕێژیمە سەرکوتکارەکانی خۆیان برووخێنن و بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێن. هەرچەندە دەبێ ئەوەیشمان لە یاد نەچێ کە لەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدا هەنگاونان بەرەو دیموکراسی نە کارێکی ئەوەندە ساکارە و نەیش بەو خێراییە ڕوو دەدا کە چاوەڕوان دەکرێ بگاتە ئامانج.

بە بڕوای فۆکۆیاما گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوە لە بەردەم پەرەسەندنی دیموکراسی لە سەرانسەری دنیا نموونەی وڵاتی "چین"ە کە سیستەمێکی سیاسیی خۆسەپێنی لەگەڵ سیستەمی ئابووریی بازاڕدا تێکەڵاو کردووە. "چین" مێژوو و پێشینەیەکی دوور و درێژی لە سیستەمی ئیداری و حکوومەتی کارامەدا هەیە و دەبێ دان بەوە دابنێین کە سەرکردەکانی ئەم وڵاتە بۆ نموونە بە بەراورد لەگەڵ ئەمەریکا لەو قۆناغەی دواییدا لە بواری بەڕێوەبردنی خۆیاندا کارنامەیەکی باشتریان تۆمار کردووە. دوا بەدوای سەرهەڵدانی تەنگژەی قووڵی ئابووریی ئەورووپا و ئەمەریکا، چینییەکان مۆدێلی خۆیان وەکو مۆدێلێکی باشتر لە لیبراڵ دیموکراسی پێناسە دەکەن.

ئەوەی کە "مۆدێلی چینی" لە دەرەوەی ئاسیا یاخۆ لەناو وڵاتانی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست ببێ بە ڕکابەرێکی جیدی بۆ "لیبراڵ دیموکراسی"، کارێکی وا هاسان نییە و دوورە لە ڕاستییەوە. هەندێک وڵاتگەلی وەکو کۆریای باشوور یاخۆ سەنگاپوور کە تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەریی مۆدێلی چینی دان، هەر لە ڕۆژگارانی کۆنەوە لەژێر هەژموون و کارتێکردنی سیستەمی کارگێڕی وڵاتی چیندا بوونە، بەڵام وڵاتانی تر دنیا خاوەن داوونەریت و توانای وڵاتی چین نین تاوەکو بتوانن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاوێتەیەک لە سیستەمی ئابووریی بازاڕ و سیستەمی حوکمڕانی تاکڕۆیانە پێکەوە بگونجێنن و جێبەجێی بکەن. کە وابێ لەلای سەرکردە چینییەکان هێشتا هەر دەستەواژەی "ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆئاوا" هەستیارتر و سەرنج ڕاکێشترە لە دەستەواژەی شادمانی لە زاڵبوونی چین بەسەر دنیادا.

لە هەمان کاتدا مۆدێلی ئابووریی چین لە ناخی خۆیدا چەندان بنەوا و پرەنسیپی دژبەیەکی قووڵ پەروەردە دەکا. هەر بۆیەشە کە ناتوانرێ تا هەتاهەتایە تەنیا بە پشتبەستن بە هەناردەکاری یاخۆ دابەشکردنی ئیمکانیات لە سەرەوە بۆ توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگە درێژە بکێشێ و بەردەوام بێ.

گرفتێکی تری چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک لەلایەن داوودەزگا حکوومەتییەکانەوە ئەوەیە کە بە ناچاری و بە تێپەڕبوونی کات دیاردەی گەندەڵی پەرە دەستێنێ و

له حاڵەتی نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسیی تۆکمەدا، تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە سەقامگیریی ئێستای وڵاتی چین ناتوانێ تا سەر بەردەوام بێ و ئەستەمە لە ٤ یاخۆ ٥ دەیەی داهاتوودا بەشێکی گەورە لە وڵاتانی دنیا بتوانن شێوازگەلی وڵاتی چین بگرنە بەر.

## پاشەڕۆژی دیموکراسی

فرانسیس فۆکۆیاما جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە نێوان گەشەسەندنی ئابووری و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان و زاڵبوونی جیهانبینیی "لیبراڵ دیموکراسی"دا پێوەندییەکی دەروونی و پێکەوە گرێدراو هەیە. لە ئێستادا هیچ جیهانبینییەکی تر ناتوانێ بەرەورووی جیهانبینیی بەهێزی "لیبراڵ دیموکراسی" ببێتەوە و ڕکابەرایەتیی لەگەڵدا بکات، بەڵام ئەگەر بێتو هەندێک لە ئاراستە و ڕەوتەکانی ئەم دواییەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە نیگەرانییەکی زۆریان هێناوەتە ئاراوە، بەم شێوەیە بەردەوام بن، هەم سەقامگیریی دیموکراسییە لیبراڵییەکانی ئێستا و هەمدیس ئەو جیهانبینییەشی کە ئەمڕۆکە بەناوی "لیبراڵ دیموکراسی" دەناسرێ، دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

یەکێک لەو ڕەوتانە کە نیگەرانییەکی زۆری خستووەتەوە، ئەوەیە کە بەردەوامبوونی خێرای تەوژمی بەجیهانیبوونی سەرمایەداری و پێشکەوتنی خێرای بواری تەکنۆلۆجیاکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە زۆرینەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا تەنیا بەشێکی سنووردار لە هاووڵاتییان بتوانن ئەو پێگەیە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن کە پێی دەوترێت "چینی مامناوەند". یەکێک لە ئاماژە ئاشکرا و بەرچاوەکانی ئەو بارودۆخە، کەمبوونەوەی داهاتی زۆرێک لە خێزانە داهات مامناوەندییەکانی ئەمەریکا لەم چوار دەیەی ڕابردوودایە.

یەکێک لەو شێوازگەلەی کە لە ئەمەریکا بەمەبەستی بەخشینی یارمەتیی ئابووری بۆ توێژە "مامناوەند"ییەکان پەیڕەو کراوە، ئاسانکاریی زیاتر و پێدانی قەرزی بانکی بووە. لەو ساڵانەی ڕابردوودا ئەم شێوازە وەکو جێگرەوەیەک بۆ پرەنسیپی دووبارە دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سەروەت و سامان بۆ چینەکانی خوارووتری کۆمەڵگە هاتووەتە بەکارهێنان. بەڵام لە پراکتیکدا بووەتە هۆی ئەوەی کە شاڵاوی سەرمایە نەختینەییەکان لە چین و وڵاتانی تری دەوڵەمەند بڕژێتە ناو سیستەمی بانکیی ئەمەریکاوە و ئەمەش لە ئەنجامدا بووەتە یەکێک لە سەرچاوەکانی دروستبوونی تەنگژەی ئابووری کە لەو ساڵانەی دواییدا بەرۆکی ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپاییەکانی گرتووە.

فرانسیس فۆکۆیاما لە درێژەی نووسینەکەی خۆیدا دەڵێ هۆکارێکی تر لەبارەی نەمان و توانەوەی چینی مامناوەندەوە ئەوەیە کە بەشێکی گەورە لە ئیمتیاز و سەروەتی وەدەستهاتوو لە ئەنجامی دواین پێشکەوتنەکانی سیستەمی سەرمایەداری و بەتایبەتیش لە بواری تەکنۆلۆجیا تازەکان و هەروەها دامەزراوە داراییەکان تەنیا بەر ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا

دەکەوێ. بۆ نموونە لە دەیەی ١٩٧٠ تەنیا سامانی ١٪ لە چینەکانی سەرووتری کۆمەڵگە بارتەقای ٩٪ ی تێکڕای بەرهەمی نیشتمانیی ئەمەریکا بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەو ڕێژەیە بۆ نزیکەی ٢٤٪ بەرز بووەتەوە. هۆکارێکی تر کە هەڕەشە لە پێگەی ئابووریی چینە مامناوەندییەکان دەکات سیاسەتەکانی وەرگرتنی باجە. زۆرینەی دەوڵەتە دەستە ڕاستییەکان لە جیاتیی خاوەن سەرمایە گەورەکان و دەوڵەمەندەکان باجێکی زیاتر لە چینە مامناوەندییەکان وەردەگرن و دواجار دەبێ هۆکاری گەشەسەندنی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و سەرهەڵدانی زلهێزە ئابوورییە تازەکانیش فەرامۆش نەکەین. بەهۆی تەوژمی ڕوو لە خێراییی بەجیهانیبوونی سەرمایەداری و لە کاتێکدا کە وەدەستهێنانی سوود و قازانجی زیاتر بۆ کۆمپانیاکان بووەتە کارێکی لە پێشینە و ئەمەیش بەبێ بوونی هیچ جۆرە چاودێریی و کۆنترۆڵێک ئەنجام دەدرێ، لەو حاڵەتەدا زۆربەی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان بۆ دەرەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان دەگوازرێنەوە و دەستەی کاری ئەو وڵاتانەش یان ئەوەتا تووشی بێکاری دەبن یاخۆ ناچار دەبن بە کرێیەکی کەمتر قایل بن.

## ئامادەنەبوون (غیاب)ی هێزە چەپەکان

فرانسیس فۆکۆیاما لە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا کە لەلایەن مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی "ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە" لە ئەمەریکا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ سەرسووڕهێنەرترین پرس لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە لە جیاتیی هێزە سیاسییە چەپەکان کە هەردەم ڕەخنەیان لە ڕەوتی خێرا و بێ کۆنترۆڵی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی گرتووە، ئێستا خەریکە هێزە پۆپۆلیستە دەستە ڕاستییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست. بۆ نموونە لە ئەمەریکا بزاوی ناسراو بە "تی پارتی" (حزبی چای)، لە دروشمەکانی خۆیدا وەها خۆی دەنوێنێ کە گوایە بە توندی دژی دەسەڵاتدارەکان دەوەستێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاراستەی سیاسیی ئەو حزبە ڕێک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدارە گەورەکان یەک دەگرێتەوە. هەڵبەت لەبارەی ئەو بزاوەوە چەندان هۆکاری کولتووری و کۆمەڵایەتی وەکو مافی لەباربردنی کۆرپەلە و بەرگریکردن لە مافی هەڵگرتنی چەک بۆ هاووڵاتییان یاخۆ بڕواهەبوون بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان (نەوەک یەکسانی لە دابەشکردنی سەروەت و سامان) ڕۆڵێکی باڵایان گێڕاوە.

بەبۆچوونی فۆکۆیاما، هۆکاری سەرەکیی لاوازبوون و کزیی هێزە چەپەکان بۆ لاوازیی هزر و ئەندێشەیان دەگەڕێتەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا هیچ بیردۆزەرەوەیەک لەلایەن جەمسەری چەپەوە نەیتوانیوە یەکەم: شرۆڤەیەکی گشتگیر لەبارەی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانەوە لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا پێشکێش بکات و دووەمیش: نەیتوانیوە ڕێکار یاخۆ بەرنامەیەکی سیاسیی کاریگەر و واقیعبینانە بۆ بەرگریکردن لە چینە مامناوەندییەکان بخاتە ڕوو.

دوا بەدوای نەمانی مارکسیزم وەکو چاوگەی سەرەکیی ئایدیۆلۆجیا چەپەکان، بەدرێژاییی چەند

دەیەی ڕابردوودا، بیریارە چەپەکان خەریکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر چەندانی تیۆریی وەکو پۆستمۆدێرنیزم و فمینیزم و فرە کولتووری بوونە کە لە ڕاستیدا سەرلەبەری ئەو تیۆرییانە کار لەسەر پرسە کولتووری و (سەرخان)ییەکان دەکەن، نەوەک مەسەلەی ژێرخان کە هەمان پرسی ئابوورییە.

کێشەی سەرەکیی جەمسەری چەپ، نەبوونی متمانە و بڕواپێکراوەییە لە بواری هزری و بیریاریدا. بەدرێژاییی دوو وەچەی دواییدا، هێزە سیاسییە چەپەکان هەر لەسەر مۆدێلە کۆن و سواوەکانی سۆشیال دیموکراسی وەکو مافی بەرگری لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو مافی خانەنشینی و مافی بیمەی بێکاری و هەروەها پەروەردە و تەندروستیی بەخۆڕایی بەردەوام بوونە، بەڵام پەیڕەوکردنی ئەو جۆرە مۆدێل و پارادایمە لە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بە بنبەست گەیشتووە. سیستەمەکانی ناسراو بە "دەوڵەتی دابینکاری خۆشبژێوی (رفاهية)" لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەرەیان سەندووە، بەڵام بەهۆی خەرجیی قورس و سیستەمی بیروکراتیی زەبەلاح و کورتهێنانی بودجە کە بەسەر وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا سەپاندوویانە، پێگەی جارانیان نەماوە.

## جیهانبینیی پاشەڕۆژ

فرانسیس فۆکۆیاما لە بەشی کۆتاییی بابەتەکەی خۆیدا ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە ئاخۆ چ جیهانبینییەک لە پاشەڕۆژدا دەتوانێ هەم ببێ بە پاڵپشت و زامنکاری بەردەوامبوون و مانەوەی دیموکراسی و هەمیش بتوانێ بەرگری لە هەبوون و بەرژەوەندییەکانی چینی مامناوەندی بکات؟

جیهانبینییەکی لەو چەشنە دەبێ بە لانی کەمەوە دوو جومک و بنەوێی سیاسی و ئابووری لەخۆ بگرێ. لە ڕوانگەی سیاسییەوە ئەو جیهانبینییە، دەبێ سیاسەتە دیموکراتیکییەکان لە سەرووی سیاسەتە ئابوورییەکان دابنێ و لە ڕێی تەرجەمەکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان بۆ ناو کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا شەرعییەتی جەماوەری بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە.

کەرتەکانی تری تایبەت بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تۆڕەکانی پاراستنی هاووڵاتییانیش ناتوانن بەم شێوازە کۆن و لە کارکەوتووەی ئێستا بەردەوام بن. دەبێ ئەوانیش لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا تازەکانەوە تازە و سەردەمییانەتر بکرێنەوە و سەرەنجام دەبێ کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە و سیاسەت لە دەست چەند گرووپێکی تایبەت کە تەنیا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی توێژ یاخۆ چەند کۆمپانیایەکی تایبەتی دەکەن، دەربهێنرێ.

لە ڕوانگەی ئابووریشەوە ئەو جیهانبینییە نابێ سیستەمی سەرمایەداری بە سیستەمێکی لەکارکەوتوو ناوزەد بکات. لێرەدا ڕێکاری چارەسەرکردنی ئەو دۆخە ئەوەیە کە چەندان بیرۆکە و ئایدیاگەل و شێوازی جیاجیای سەرمایەداری و ڕێکارەکانی دەستێوەردانی حکوومەتەکان لە

ئاراسته و خێرایی پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی تەوژمی بەجیهانیبوون، کاریان لەسەر بکرێ و بڵاو بکرێنەوە.

ڕەوتی بەجیهانیبوون قەدەرێک نییە کە دەبێ بەناچاری ملکەچی بین، بگرە دەرفەتێکە کە دەبێ بە وریایی و وردبینی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گشت هاونیشتمانیان لە ڕوانگەی سیاسییەوە کۆنترۆڵ بکرێت.

لەم جیهانبینییە تازەیەدا دوا ئامانج پەیڕەوکردنی سیستەمێکی پشتبەستوو بە بازاڕی ئازاد و ڕێساکانی تایبەت بەو سیستەمە نییە، بگرە ئەو سیستەمە (سیستەمی بازاڕی ئازاد) ئامرازێکە بۆ گەشەسەندن و بووژانەوەی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەک کە توێژێکی بەرفرەوان لە خەڵکی لێی سوودمەند بن، نەوەک تەنیا زیادکردنی سامانی نیشتمانیی وڵاتێک بکرێتە ئامانج.

فرانسیس فۆکۆیاما لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا وریایی ئەوە دەدا کە بزاوە پۆپۆلیستەکان، چ ئەوانەی کە سەر بە باڵە ڕاست و کۆنزیرڤاتیزمەکانن و چ ئەوانەشی کە لایەنگری لە ئایدیۆلۆجیا چەپەکان دەکەن، ئاڵۆزیی و تێکچڕژاوەییەکانی چەند دەیەی ڕابردوویان ڕەچاو نەکردووە و لەو ڕێکارانەیاندا کە وەکو چارەسەر دەیانخەنە بەر، تەنیا باس لەو مۆدێل و پارادایمانە دەکەن کە دواجار تەنیا لاوازبوون و گۆشەگیریی ئابووریی ئەمەریکای بەدوادا دێت. پەنابردنە بەر ئەو جۆرە ڕێکارانە ناتوانێ خواست و داواکارییەکانی چینە مامناوەندییەکان کە لە دەیەکانی ڕابردوودا پەراوێز خراون، وەدی بهێنێ. لە هەمان کاتیشدا بەردەوامبوونی ئەو دۆخەی ئێستا بە واتەی بەردەوامبوونی هەژموون و دەسەڵاتی گرووپە بەرگریکارەکانی چینە زۆر دەوڵەمەند و لۆبییە داراییە دەستڕۆیشتووەکان لە کایەی سیاسەت و حوکمڕانیی ئەمەریکادا دێ. لەژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەدا جیاوازی لە سەروەت و سامان لە ئاستی کۆمەڵگە و زیادبوونی هەژاریی چینە مامناوەندییەکان زیاتر دەبێ. لە چوارسووچی دنیادا و بەتایبەتیش لە ئەمەریکا خاوەن سەرمایە زەبەلاحەکان ئیمتیاز و پێگەی تایبەتیی خۆیان بۆ کار تێکردن و کاریگەری خستنە سەر کایەی سیاسیدا بەکار دەهێنن.

تا ئەو کاتەی کە چینە مامناوەندییەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هەر لەناو وەهم و خەیاڵی ئەو چەند دەیەی ڕابردوودا ژیان بەسەر ببەن، ئەو وەهمەی کە گوایە بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە چوارچێوەی سیستەمێکی سەرمایەداریی ئاوەڵاتر و سەربەستتر و حکوومەتی بچووکتر دەپارێزرێ، هیچ بزاوێک بە ئاراستەی دروستکردنی گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی و ستراکچەری لەو بارودۆخەی ئێستادا سەر هەڵنادات. ئەو جیهانبینی و تیۆریگەلە سیاسییە ئابوورییەی کە دەتوانرێ وەکو جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤێک بۆ بارودۆخی هەنووکەیی جیهان بهێنە بەکارهێنان، خەریکی لەدایکبوون و سەرهەڵێنانە.

سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا

# بنەواکانی رۆژنامەوانی

## ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ

### بەشی چوارەم

---

بەشی پێنجەم

### سەربەخۆیی لە کوتلە

چەند مانگێک پاش تێکهەڵچوونی مێژووییانەی نێوان نیویۆرک تایمز و حکوومەتی فیدراڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆنەوە لە ١٩٧١دا، ویلیام سەفایر، گوتارنووسێکی سەرۆک نیکسۆن لە ئێوارەخوانێکی کارێکی خێرخوازانەدا بۆ دانیشتن کەوتە تەنیشت ئارسر "پانچ" سولزبێرگری خاوەن ئیمتیازی تایمز. لە کاتی گفتوگۆکەیاندا سەفایر ئاماژەی بەوە دا بەنیازە واز لە خزمەتی حکوومەتی بێنێت.

تێبینییەکەی سەفایر چووە ناو گوێیەکی وەرگرەوە. لەوەتەی هەڵبژاردنی نیکسۆنەوە لە ١٩٦٨دا، سولزبێرگر لەژێر پاڵەپەستۆدا بوو بۆ ئەوەی دەنگێکی کۆنەپارێزانە بدۆزێتەوە بۆ هاوسەنگکردنی لاپەڕەکانی تایبەت بە بۆچوونی پێچەوانە لە تایمزدا. پاڵەپەستۆکە لە سکۆتی رێستنەوە دەهات، هەواڵنێری ئەفسانەیی واشینتۆن، سەرۆکی پێشووی نووسینگە و نووسیاری جێبەجێکار کە نیگەران بوو سەبارەت بەبۆچوونی جیهانی سیاسی و هەروەها ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی تایمز بەرامبەر بە رۆژنامەکەوە، ئەو دەستەیەی پێیان وابوو هاوسەنگییەکی پتر لە دەنگەکان سەرکەوتنی پلانێک بۆ چاپکردن لەسەر ئاستی نەتەوەییدا مسۆگەر دەکات. لەو کاتەدا لیبراڵەکانی وەک تۆم ویکر و ئەنتۆنی لویس و فلۆرا لویس و بەشێوەیەکی مامناوەندییانە

---

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

خودی ڕێستن لاپەڕەکانی بۆچوونی پێچەوانەیان داگیر کردبوو. سولزبێرگر گەیشتبووە ئەو باوەڕە: دەنگێکی کۆنەپارێزی بەهێز پێویستییەکی ڕاستەقینە بوو.

سەفایر هەڵبژاردنێکی بەپێز بوو. ئەو نیویۆرکییەک بوو کە زۆر هاوڕێی لە شارەکەدا هەبوو. هەروەها نووسەرێکی درەوشاوەش بوو کە نووسینە روون و هەندێک جار برەڕەکەی رەخنەی نایابی لەبارەی چاپەمەنییەوە هەڵدەگرت. ئەو ڕاستییەی کاسرین گراهامی خاوەن ئیمتیازی واشینتۆن پۆستیش کە سولزبێرگر ڕێزی لە بۆچوونی دەنا، هەوڵی دابوو سەفایر دابمەزرێنێت بەڵام بەهۆی مووچەکەوە ڕێک نەکەوتبوو، بیرۆکەکەی تەنانەت سەرنج ڕاکێشتریش کرد.

لە دواییدا ڕێککەوتنێک کرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هێنانی سەفایر پاڵەپەستۆی سەر سولزبێرگری لەلایەکەوە کەم کردەوە، لەلایەکی ترەوە زریانی ئاگرینی رەخنەی هەڵکرد لەناو خوێنەرە کۆنەکان و هەروەتر زۆرێک لەوانەی ناو ژووری هەواڵی تایمز کە لەوە دەترسان گوتارنووسێکی سەرۆکایەتی ڕێگەی پێ بدرێت خۆی وەک ڕۆژنامەنووسێک بسەپێنێت.

بە چ پێوەرێک چالاکوانێکی سیاسیی پێشوو و پارتیزانێک دەیتوانی لە ناکاو خۆی بە ڕۆژنامەنووس ناو ببات؟ ئاخۆ ئەوە بەس بوو کە ئێستا ستوونێکی هەبوو؟ بەدڵنیاییەوە بەبۆچوونی ڕۆژنامەنووسانی تایمز شتێکی پتر لەوە پێویست بوو. کاتێک سەفایر دواتر بەبیری هاتەوە کاتێک لە کۆتایی لە ١٩٧٣دا چووە ناو تایمز، سێ هەفتە بەر لەوەی ریسواییی واترگێیت بەتەواوی ئاشکرا ببێت، بەتەواوەتی "لەلایەن هاوکارانم لە نووسینگەی واشینتۆنەوە وەک پڕوپاگەندەکارێکی خۆنەگونجێنی نیکسۆن پەڕاوێز خرابووم. تاکە هەواڵنێرێک کە ویستبای لەگەڵم نانی نیوەڕۆ بخوات مارتین تۆڵکین ، کۆنە هاوپۆلێکم لە کۆلێجی زانستی برۆنکز ".

دوو ڕووداوی ناپێوەست بارودۆخی سەفایریان گۆڕی. یەکەمیان کەسێنی بوو. "لە سەیرانی ساڵانەی نووسینگەدا منداڵە سێ ساڵانەکەی هەواڵنێرێک بەربووە ناو حەوزێک و خەریک بوو دەخنکا. لەبەرئەوەی من تاکە هەراش بووم کە لە نزیک شوێنەکە ڕاوەستابووم، بە هەموو جلوبەرگەوە خۆم هەڵدا تاوەکو دەری بێنم. بۆچوونی گشتی گۆڕا بۆ: ئەو بە یەکجاری خراپ نییە". دووەمیان ڕۆژنامەوانییانە بوو. جۆن کرودسنی هەواڵنێری تایمز هەواڵێکی بڵاو کردبووە گوایە وایەری نهێنی بۆ گوێگرتن لە شازدە هەواڵنێر و یاریدەرێکی نیکسۆن بەکار هاتبوون. یاریدەرەکە سەفایر بوو. "ئەوە وێ دەچوو هێرشێکی بێوێنە بێت لەسەر ئازادیی چاپەمەنی و دواتر بووە نایاسایی. بەڵام لەبەرئەوەی من یاریدەرە سووسە لێکراوەکە بووم، من وەک دەستەواژەی نیکسۆنی بە "یەکێک لەوان" هەژمار دەکرام و کاتێک هەمبانەی خۆمم لەبارەی وایەرە نهێنییەکانەوە لە ستوونێکی تایمزەوە هەڵڕشت، ئەوە لە کۆواری تایمز بە "سەفایر ئەفایر بڵاو بووەوە و ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی سەربەخۆییم جێی بکاتەوە. وەک سووکە خۆشووشتنێک بوو، من ئیتر بێزەوەر نەبووم."

سی و دوو ساڵ دواتر سەفایر بە خەڵاتێکی پولیتزر و ڕێزلێنانێک نەک تەنیا لەلایەن هاوکارە

ڕۆژنامەنووسەکانی بگرە بە ملیۆنان خوێنەر لە تایمز خانەنشین دەبوو. چ شتێک بووە هۆی ئەم ستایشە؟ بەدڵنیاییەوە شتەکە بێلایەنی یان تۆنێکی مامناوەندی یان ئارەزوو بۆ دادپەروەری نییە. سەفایر وەک کۆنەپارێزێکی تۆخ بەخۆ بە سەرسەختییە تەواو لیبراڵانەکەیەوە مایەوە کە دەیتوانی دوژمنانی لە سیخ بدات، کاروباریان بە کۆتا بێنێ و قسەی چووزێنەر بێت کاتێک بیەوێت. کەواتە ئەو شتە چی بوو سەفایری لە پارتیزان و چالاکوان و پڕوپاگەندەکار جیا دەکردەوە؟

پرسیارەکە یەکجار پێوەستە بە رادەستکردنی هەواڵ و زانیاری لە سەدەی نوێدا. لەگەڵ بەرینبوون گەشەسەندنی مەودای میدیا بۆ وەدیهێنانی پێویستییەکانی جەماوەرێکی بەرفراوانتر و چالاکتر کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ١٩٦٠ەکان و بە دیموکراسیکردنی ئەم دواییانەی چاپەمەنی کەوتووەتەوە، ئاخۆ چ شتێک دەبێتە ڕۆژنامەوانی؟

ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییان بەشێکن لەو شتە. بەهەمان شێوەش ڕۆڵگێڕان وەک چاودێر و دابینکردنی کۆڕبەندێک بۆ مشتومڕیی جەماوەری. بەڵام ئاخۆ ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی بۆچوونی لە کوێدا دەگونجێت؟ ئاخۆ بێلایەنی یەکێک لە بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی نییە؟

وەڵامەکە ڕێی تێ ناچێت بەڵێ بێت. ئەگەر وا بوایە، ستوونووس و نووسەرانی بۆچوونی ڕۆژنامە لەناو پیشەکەدا هەژمار نەدەکران. هەواڵنێری براوەی خەڵاتی پوڵیتزر وەک پۆڵ گیگۆی وۆڵ ستریت تایمز و تۆماس فریدمەنی نیویۆرک تایمز ڕەنگە تا ڕادەیەک ناچار بوونایە واز لە پلە و پایەیان وەک ڕۆژنامەنووس بێنن کاتێک بوونە ستوونووس. ئاخۆ دێیڤید برۆدری واشینتۆن پۆست یان ڕۆناڵد بێرنستاینی لۆسانجلێز تایمزمان بەچی ناو دەبرد- ڕۆژنامەنووسانێکی ڕێز لێنراو کە ستوون دەنووسن و هەروەها وەک هەواڵنێر کار دەکەن- یانیش تۆم برۆکاو یان واڵتر کرۆنکایت کە وەک بێژەر ناوەناوەش بابەتی شرۆڤەکاری پێشکێش دەکەن.

هەر ساڵە و دەستەی پوڵیتزر خەڵاتێک بۆ شرۆڤەیەک دەبەخشێت و ئەو خەڵاتە لەژێر ناوی "ڕۆژنامەوانی" دادەنێتو زۆر کەس پێیان وایە چاپەمەنیی نوێی ئەمەریکایی، بەشێکی زیندووی مەودای ڕۆژنامەوانی، بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەر بە کۆمپانیا هاوبەشییە گەورەکانەوە کە پێیان وایە گوزارشێکی بێلایەنەی هەواڵی پێشکێش دەکەن، لە ڕیشەکانی ڕۆژنامەوانییەوە نزیکترە.

باشترە خاڵەکە دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕوون ببێتەوە. بێلایەنبوون یان لایەنگرینەکردن بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی نییە. وەک لە بەشی پێشوو لەبارەی سەلماندنەوە ڕوونمان کردەوە، بێلایەنی هەرگیز بەمانای بابەتییانەبوونەوە نەبووە. بەڵام ئەگەر بێلایەنی بەردی بناخەی ڕۆژنامەوانی نەبێت، کەواتە ئاخۆ چ شتێک دەبێتە ڕۆژنامەوانی بەپێچەوانەی، با بڵێین، پڕووپاگەندە؟ پڕووپاگەندەکاران چاپ دەکەن. سیاسەتوانانیش چاپ دەکەن. جێسی جەکسن شۆیەکی گفتوگۆی بۆ چەپڕۆکان هەیە. ڕوس لیمباویش بۆ ڕاستڕۆکان. کۆمەڵێک لایەنگری هەردوولای ڕێرەوە سیاسییەکە بلۆگی پارتیزانی دەنووسنەوە. ئاخۆ ئەوان ڕۆژنامەنووسن؟ ئاخۆ

هەر کەسێک شت چاپ بکات یان بڵاو بکاتەوە ڕۆژنامەنووسە؟

پاش ئەوەی سەفایر تایمزی بەجێ هێشت، داوامان لێ کرد بیر لەو تایبەتمەندییانە بکاتەوە کە ئەویان ڕێنوێنی کرد و بوونە هۆی گۆڕانی لە سیاسەتوانێکەوە بۆ ڕۆژنامەنووسێک. خاڵێکی سەرەکی پێوەندیی بەدڵسۆزییەوە هەیە.

"ئاخۆ لایەنگری لە کوێدایە بۆ هاوڕێ و هاوکارە کۆنەکانی خۆتە، بۆ ئایدۆلۆجیا یان پارتە سیاسییەکەتە، بۆ ئامرازی هەواڵیی میدیاکەتە، بۆ ڕاستییە ساردوسڕەکانە، یان بۆ هەقیقەتە؟

لە ژیانی واقیعدا لایەنگری تێکەڵەیەکی بگۆڕە لە هەر هەموو ئەمانە. تۆ سەرچاوەیەکی باشی درێژخایەن لە پێناو هەواڵێکی تا ڕادەیەک باش نافەوتێنیت. ڕێگە نادەیت ئایدۆلۆژیاکەت تۆ لە هەواڵە باشەکە دوور بخاتەوە. (ڕێگە نادەیت نووسیارێکی ناوەندی بەبێ شەڕکردن "هەواڵێک" بۆ "گوتارێک" بگۆڕێت). ڕێگە نادەیت زنجیرە ڕاستییەکی ڕەق بەرەو بەرەنجامێکی بۆشی ناواقیعی یان هەڵخەڵەتێنەر بەرێت. بە هاوبەشیکردن لە ڕێکەوتنێک کە هاوڕۆحە ئایدۆلۆجییەکانت تووڕە دەکات، نابیتە قارەمان. تۆ ناتوانیت بۆ گوزارشتێکی ڕاست و دروست بەشێکی ئەم پەرەگرافە هەڵبژێریت چونکە ئاوا تەواوی ماناکەی تێک دەدەیت."

بەواتایەکی تر سەفایر وەک هەر ڕۆژنامەنووسێکی تر خۆی بۆ بێ کەموکووڕێتی و ڕاستییەکانەوە بەخت کردبوو و دڵسۆزیی بۆ ڕاستییە ڕەق و بەرەنجامەکانی ڕاستەقینە ئێستا ئەوی لە تیمە پارتیزانەکەی پێشووی جیا دەکردەوە. ئەو پیاوی خۆی بوو، هێشتا کۆنەپارێز بوو، بەڵام ئێستا بۆ خوێنەرانی خۆی کاری دەکرد.

سەفایر هەروەها پێی وابوو ئەزموونی خۆی لە سیاسەت یارمەتیدەر بووە بۆ نوێکردنی دووەم پیشەی وەک ڕۆژنامەنووس نەک دوورکەوتنەوە لێی. بەڵام ئەو بەهەمان ڕادە لێی ڕوون بوو ئەمە گۆڕانێکە ناتوانێت دووبارەی بکاتەوە. ئەو گوتی" هەڵگەڕانەوە و وەرگەڕان هەر چەند ساڵ جارێک سەر لە خوێنەران/ بینەران دەشێوێنێت و کەسی وەرگێڕی کۆنەکاریش تووشی کێشە دەکات". بەواتایەکی تر ڕۆژنامەوانی شتێکی زیاترە لەوەی تەنیا جێگەیەکت لەناو وێستگەیەکی تەلەڤزیۆنی یان لاپەڕەیەکی بۆچوونی پێچەوانەدا هەبێت. بەڵام سەفایر پێی وایە ئەزموونی سیاسی ڕاهێنانێکی باشە بۆ بوونە هەواڵنێر.

"فێربوونی دەورەدان لە بابەتێک یان شێواندنی لێدوانێک لە ناوەوەڕا یارمەتیی ڕۆژنامەنووس دەدات ئەو جۆرە ئیستیغلالکردنەی وشەکان لە دەرەوەدا بدۆزێتەوە. کاتێک تۆ لە ناوەوەیەت، پێوەندیی بە قەدەر ژیانت درێژ لەگەڵ ئەو خەڵکانەی دەبەستیت کە متمانەت پێیانە (و ئەوانی کەمتر باوەڕپێکراوەشت لە بیرە.) کاتێک لە شەقامەکە پەڕیتەوە، ئەم هاوڕێیانە ڕەنگە ببنە سەرچاوەکانی متمانەپێکراو: هونەری وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەی ناوخۆیی نهێنی یان سەرچاوەی ناوخۆیی نهێنیی سەردەمی پێش ئەوانیش، کە تۆ وەک ڕۆژنامەنووس لێت چاوەڕوان ناکرێت ئەو زانیارییە وەدەست بهێنیت. هیچ شتێکی ناگاتە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو کە

لەگەڵی سەنگەرێکی سیاسیی هاوبەشت هەیە. تۆ دەزانیت لەو کەسەوە چاوەڕێی چی بکەیت، ئەو کەسەیان کە دەزانێت تۆ تا چەند دەتوانی نهێنی بپارێزیت".

سەفایر تەنانەت پێی وایە رۆژنامەنووسانی بۆچوونی ئازادییەکی پتر نەک کەمتریان هەیە لە چاو رۆژنامەنووسانی تر بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی شتەکە دەبینن، ناوی بنێن بەبێ تایبەتمەندییە هەڵسەنگێنراوەکانی هەواڵنێرێکی ئاسایی. ئەوان رەنگە بەرپرسیارێتییەکی زیاتریشیان هەبێت. سەفایر گوتی "حەز دەکەم وا بیر بکەمەوە یارمەتیی وەگەڕخستنی بوارێکم دابێت بەناوی "هەواڵنێریی بۆچوونی". ئەوەش کاری بەنهێنی لایەنگریکردنن لەناو شتێک بەناو هەواڵدا نییە: لێکۆڵینەوەیە بۆ راستییەکی نوێ کە ستوونێکی بە روونی ناونراو بەبۆچوونی پێچەوانە روون بکاتەوە یان لانی کەم سەرنجی بۆ رابکێشێت."

بابەتێکی تر هەبوو هاوکارانی نوێی سەفایری لە تایمز بێزار کردبوو و ئەو بڕیاری دا نەیسڕێتەوە. "هێشتاش کێشەی گوتەگوتی فەرمانڕەوایانی نەرێنیگەرا لە ئارادا بوو"، سەفایر بەبیری دەهاتەوە کاتێک ئاماژەی بە لێدوانێک دا کە ئەو لە دارشتنیدا دەستی هەبوو، نووسینێک کە دەبووە یەکێک لە بەناوبانگترین سەرکۆنەکاری بۆ میدیای ئەمەریکایی کە تا ئەو کات کەسایەتییەکی سیاسیی پێشکێشی کردبێت. "من ئەو دەستەواژەیەم لە گوتارێکی ١٩٧٠ بەکار هێنا کە لەلایەن ئەگنیووی جێگری سەرکۆمار لە سان دییگۆ پێشکێش کرا و سەرکۆنەی شکستەکانی دەکرد بەگشتی نەک بەتایبەتی لە چاپەمەنیدا. بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە گوتارێکی تەلەڤزیۆنیی ئەگنیووی بەدوادا هات کە لەلایەن پەت بیوکانەوە نووسرابوو و بەبۆنەی "شرۆڤەی دەستبەجێ" و ناڕەواییی ترەوە رەخنەی دەگرت، دەستەواژەی نوێی من کە بەخشندانە لەلایەن ئەگنیووەوە درابووە پاڵ من، لەگەڵ ئەم هێرشە بەرێککەوتە بۆ سەر میدیا گرێ درا. (من هەرگیز هەوڵم نەدا ئەوە راست بکەمەوە، چونکە ناوبانگ دەرکردن وەک رەخنەگرێکی میدیایی هیچ زیانێکی بە پێوەندیی من و خوێنەران نەدەگەیاند)". ئەمەش شتێک دەردەکێنێت. سەفایر زیاتر لەوەی گرینگی بەبۆچوونی هاوکارانی نوێی بدات، بایەخی بەکاردانەوەی جەماوەر دەدا.

راستییە رەقەکان. بەرەنجامە راستەقینەکان. رێگرتن لەوەی ئایدۆلۆجیا لە هەواڵەکە دوورت بکاتەوە. ناونانێکی روون. راستگۆیی. ئەمانە ئەو وشانەن سەفایر بەکاری هێناون. بەکورتی ئەو بە تێپەڕینی کات ناوبانگی پەیدا کرد، چونکە خوێنەران لەناو ستوونەکەی ئەودا هەمان ئەو شتەیان دۆزییەوە کە هاوکارانی ئەو لەناو تایمزدا دۆزیبوویانەوە، کە ئەمەش ئەو لاساردییەکەی پێشووی سڕییەوە. ئەوان کەسێکی سەربەخۆیان بینی، راستگۆ بەرامبەر بەکۆمەڵێک بیرۆکە نەک ئەندامێکی تیمێک، کەسێک کە خوێنەرانی بە پلەی یەکەم دادەنا. بەواتایەکی تر ئەوان کەسێکیان بینی کە پێیان وابوو کەسایەتییەکەیان بەدڵە، کەسێک کە رەنگە هەر لەو جۆرە کەسانە بێت دەتوانێت خۆی هەڵداتە ناو حەوزێک بۆ ئەوەی منداڵێک رزگار بکات، کەسێک کە تا ڕادەیەکی زۆر پیاوی خۆی بوو و لەوە تێ گەیشتبوو هاوکارانی لە کۆشکی سپی رەنگە بیانویستبا بەدزییەوە

گوێی لێ بگرن.

ئەم تایبەتمەندییانە بەم شێوەیە وەک چوارەم بنەمای سەرەکیی رۆژنامەوانی دەردەکەون:

پێوستە رۆژنامەنووسان لەوانەی گوزارشیان لێ دەکەن، سەربەخۆ بن.

ئەمە تەنانەت لەسەر ئەو کەسانە پیادە دەبێت کە لە جیهانی بۆچوون، رەخنە و شرۆڤە کار دەکەن. ئەوە ئەم سەربەخۆیی لە رۆح و هزرە نەک بێلایەنی کە پێویستە رۆژنامەنووسان بیکەن بە تیشکۆی کار.

بابەتنووسانی نووسیاری و رۆژنامەنووسانی بۆچوونی وەک سەفایر بێلایەن نین. باوەڕپێکراوبوونی ئەوان لە جیاتی لە هەر هەمان خۆبەختکردن بۆ وردبینی، سەلماندن و بەرژەوەندیی گشتیی بەرفراوانتر و مەیلێک بۆ ئاگەدارکردنەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر هەموو رۆژنامەنووسانی تریش پابەندن پێی. سەفایر پرسیاری کرد "ئاخۆ پێویستە هەردوو ئاراستە پێشکێش بکەیت بۆ ئەوەی بێلایەن بیت؟ ئاشکرایە، وا نییە. لەوە مەترسیٚ کەسێک بە "تیرۆریست" ناو ببەیت کە بە کوشتنی بەئەنقەستی هاوولاتییان ترس بەناو جەماوەرێکدا بلاو دەکاتەوە. ئەو بکوژە "شەڕوان" یان "چالاکوان" نییە، ئەمانە زاراوەی گونجاون بۆ خۆپێشاندەرانی سیاسی یان شۆڕشگێڕان، ئەو کەسە "چەکدار"یش نییە، وشەیەک کە نەک تەنیا ناڕوونە بگرە سێکسیشە. یەکجار دادوەرانەبوون وەک بەریتانیاییەکان دەڵێن، لە ناشارەزاییەوەیە.

سەفایر هەروەها هەستی کرد دادپەروەریی رووکەشییانە بە زیانی خوێنەرانیەتی. "کارکردنی بە راست و دروستی بەو مانایە نییە هاوسەنگییەک لە مەودا و کاتدا دروست بکرێت. کاتێک لایەنێکی ناکۆکییەکە دەبێتە هەواڵ- دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە یان رووداوێک لەخۆ دەگرێت- کاری هەواڵنێر نییە بەدوای ئەو خەڵکەدا بگەڕێت کە شتەکە پێچەوانە بکەنەوە و بەیەکسانی سەرنجیان بۆ رابکێشێت. تێبینی، بەڵێ بۆی هەیە، "هاوسەنگی" بەپێی ئینچی ستوون و کاتی دیاریکراو، نەخێر".

لە هەندێک باردا ئەم چوارەم بنەمایە زیاتر لەناو پرەگماتیزم نەک تیۆردا ریشەی کردووە. رەنگە کەسێک بێتە خەیاڵی هەم گوزارشت لە رووداوەکان بکات و هەم بەشدار بێت تێیاندا، بەڵام راستییەکی ئەوەیە بەشداربوون مەترسی دەخاتە سەر هەر هەموو ئەرکەکانی تری رۆژنامەنووس جێبەجێیان دەکات. دیتنی شتەکان لە روانگەکانی ترەوە سەخت دەبێت. وەدەستهێنانی متمانەی سەرچاوەکان و شەڕوانانی بەرە جیاوازەکان سەختتر دەبێت. ئەو کاتە ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، سەختە باوەڕ بە جەماوەرت بێنیت بەرژەوەندیی ئەوانت خستووەتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی ئەو تیمەی تۆ ئیشی بۆ دەکەیت. بەواتایەکی تر رەنگە تۆ ببیتە ڕاوێژکارێکی نهێنی یان گوتارنووسێک بۆ ئەوانەی لەبارەیانەوە دەنووسیت یان پارە وەردەگریت. بەڵام کارێکی خۆویستانە یان رەنگە ساویلکانە یان خەیاڵاوابییانە بێت کە بیر لەوە بکرێتەوە شتەکە ناهێتە رێت. بەم شێوەیە وەک سەفایر دانی پێدا ناوە، ئەو لەوە دەترسا سەر لە خوێنەران - بینەرانی بشێوێنێت بۆیە هەوڵی دا راستەرێ کاریان بۆ بکات.

## سەربەخۆیی لە هزر

کاتێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی وڵات کە سەر بە بواری جیاواز بوون دواین و لە پاڵنەر و ئامانجە پیشەییەکانمان کۆڵینەوە، دەرکەوت سەفایر دانی بەو چمکە سەرەکی بەڵام بچووکانە ناوە کە یەکجار گشتین. بۆ نموونە لەلایەکی تری مەودای ئایدیۆلۆجیی ئانتۆنی لویس کە ئەو کات ستوونووسێکی بۆچوونیی لیبراڵ لە نیویۆرک تایمزدا بوو، گوتی جیاوازییەکە نەک تەنیا بەندە لەسەر خۆتەرخانکردن بۆ هەقیقەت بگرە بۆ جۆرە باوەڕێک کە لەم خۆبەختکردندایە. "ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تووشی نووسینی ستوونی بۆچوونی دەبن، بۆچوونێکیان هەیە.. .بەڵام هێشتاش ڕاستییەکانیان لە سەرووی هەموو شتێک دادەنێن. سی. پی. سکۆتی نووسیاری بەتوانای زێ مەنچێستر گاردییەن (ی بەریتانیای گەورە)، گوتوویەتی "تێبینی ئاساییە بەڵام ڕاستییەکان پیرۆزن". من پێم وایە ئێمە زیاتر لە تایبەتەوە بۆ گشتی دەجووڵێینەوە، ئێمە ڕاستییەکان دەدۆزینەوە و لەوانەوە بەرەنجامێک دادەڕێژین"، لویس لە درێژەدا گوتی "وروژێنەرەکانی میدیایی وەک ئان کۆڵتر یان جۆن مەکلافلین بەپێچەوانەن. تەواوی ئەو شتەی بۆیان گرینگە بۆچوونە، کە حەز دەکەن وەک هاوار دەربڕابێت. ڕاستییەکان ئەگەر هەر بوونیان هەبێت، بەرێککەوتن. ڕاستییەکان دوا بەداوی ئامۆژگاریی شاژنی دڵان- (سەرەتا قسە، دواتر فرمان)- دێت".

سەربەخۆیی لە ویست تەنانەت دەگاتە ئەو نووسینە بۆچوونییەش کە نائایدۆلۆجیکە واتە کاری ڕەخنەگرانی هونەر و هەڵسەنگێنەران. جۆن مارتین کە سەردەمێک ڕەخنەگری سەما بوو لە نیویۆرک تایمزدا گوتی کاتێک ئەو بەرەو هەڵسەنگاندن و بۆچوونەوە چوو، پێی وابوو جۆرە سەربەخۆییەکی ڕۆژنامەوانانەی پاراستووە. "پێم وایە یەکەم بەرپرسیارێتیم ڕاگەیاندنی ڕووداوەکەیە و دووەمیان، با بڵێن، دەربڕینی بۆچوونم یان لێکدانەوەیەکە یان ئەوەیە تا ئەوپەڕی توانا بەکورتی ئەم ڕووداوە تایبەتە لە شوێنی خۆی لەناو بارودۆخەکەدا دابنێم و من پێم وایە بەشێوەیەک هەواڵنێریش هەر ئاوایە".

هیوادارین ئەم گفتوگۆیە سەرلێشوانێکی بەربڵاوی تر ڕوون بکاتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا پرسیارکردن لەوەی کێ ڕۆژنامەنووسە و کێ هەو نییە، بووەتە نەریت. ئێمە پێمان وایە ئەمە پرسیارە هەڵەکەیە. ئەو پرسیارەی خەڵکەکە پێویستە بیکات ئەوە نییە ئاخۆ کەسێک پێی دەگوترێت ڕۆژنامەنووس یان نا. پرسیارە گرینگەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو کەسە کاری ڕۆژنامەوانی دەکات یان نا. ئاخۆ کارەکە بەگوێرەی پابەندبوون بە بنەماکانی ڕاستگۆیی، دڵسۆزی بۆ هاوولاتییان و کۆمەڵگە بەگشتی و ئاگەدارکردنەوە نەک ئیستیغلالکردن ئەو چمکانەی ڕۆژنامەوانی لە فۆرمەکانی تری پێوەندیکردن جیا دەکەنەوە - بەرەو پێش دەچێت؟ لەم ڕووەوە بلۆگەکان، وەک نموونەیەکی زۆر جەماوەری، تەنیا سەکۆن. ڕەنگە بۆ ڕۆژنامەوانی یان بۆ چالاکیی سیاسی بن.

ڕەنگە درۆخواز یان مشتومڕی ئەکادیمیانەی ورد بن. بابەتەکە لەوەدا نییە ئاخۆ زانیارییەکە لەسەر بلۆگەکە بڵاو دەبێتەوە یان نا. بابەتەکە پێوەندیی بە سروشتی خودی کارەکەوە هەیە. پێویستە خەڵک نەپڕژێنرێتە سەر شتی چەوت.

واتای گرینگ ئەمەیە: ئازادی دەربڕین و چاپەمەنی بەو مانایەیە کە ئازادیی بۆ هەمووانە. بەڵام پێوەندیکردن و ڕۆژنامەوانی زاراوەی هاوواتا نین. هەر کەسێک دەتوانێت ببێتە ڕۆژنامەنووس. هەر کەسێک ڕۆژنامەنووس نییە.

هۆکاری یەکلاکەرەوە ئەوە نییە ئاخۆ کەسەکان دەزگایەکی چاپەمەنی یان جەماوەرێکیان هەیە یان نا. فیلّ دۆنهیوو لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانماندا ئاماژەی بەوە دا ئەو پیاوەی چووە ناو بارەکەی چێرنۆبلّ و گوتی "شتەکە تەقییەوە"، لەو ساتەدا هەواڵنێر بووە. ئەگەر ئەو گوزارشی لە ڕووداوێک کردبێت کە خۆی بینیویەتی یان لێی دڵنیا بووەتەوە، نەک ئەوەی دەنگۆیەکی گواستبێتەوە، ئەو ڕۆژنامەوانیی کردووە. سەفایر گوتی "خانووی ڕۆژنامەوانی زۆر ژووری هەن. بۆ هەواڵنێری بابەتییانە، بۆ کەلەموستمژەی وریا، بۆ نووسیارێکی پارتیزانی گوێدڕ و کەسی هاوارکار لەناو تەلەڤزیۆن، بۆ ڕێکخەری خانووەکە و بۆ هەڵچنی ماڵپەڕی جاڵجاڵۆکەیی و لە بیرت نەچێت لەناو خانووەکە شوێنێکی ژوورئاسا بۆ ئەو شتەی بەڕوونییەوە بە هەواڵنێرایەتیی بۆچوونخوازانە ناوبراوە، بەجێی بێڵیت".

ئەوە شتێکە و تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەنووسی بۆچوونی و پڕوپاگەندەکاری پارتیزانی بەشێوەیەکی هۆشەکییانە شتێکی ترە. پابەندبوون بەو جیاوازییە ڕەنگە سەختتر بێت. هاوڕێیەتی و دەرفەت و مەرایی بۆ کردن هەر هەموویان دەست دەخەنە ناو دەست بۆ لەخشتەبردنی نووسەری بۆچوونی تاوەکو سنوورەکە ببەزێنێت.

حاڵەتی مەگی گەڵەگێر ئامۆژگارانەیە. لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانمان لە ١٩٩٧ گەڵەگێر کە ئەو کات ستوونووسێک بوو لە سەندیکای چاپەمەنیی جیهانی و لە نیویۆرک پۆست، یەکێک لەو هزرمەندە بێ پێچ و پەنایانە بوو ئێمە لە باسی سنووری نێوان ڕۆژنامەوانیی بۆچوونی و چالاکوانی و پڕوپاگەندا بینیبێتمان. گەڵەگێر ئەو کات گوتی "پێم وایە سێ پێوەر هەن بەکاریان دێنم و لە ئاواتم بۆ مانەوە وەک ڕۆژنامەنووسێکی خاوەن بیر و بۆچوون دەیانخەمەوە یادم. یەکەمیان خۆبەختکردنێکی تەواوە بۆ هەقیقەت... من هیچ شتێک بە خوێنەرانم ناڵێم ئەگەر خۆم پێم وابێت ڕاست نییە".

ئەو گوتی پێوەری دواتر ئەوەیە "کەسێک دەتوانێت پارتیزان، ڕۆژنامەنووسێکی بۆچوونی بێت و لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابێت بەرپرسیارێتییەکی بەرزی هەیە سەبارەت بە دادوەربوون بەرامبەر بەوانەی لەگەڵیان ناکۆکە. ئەوە پێوەندیی بەهەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە جەماوەرەوە هەیە". ئەو گوتی بۆ ئەوەش پێویستە "کراوە بیت لەگەڵ خوێنەران تاوەکو بۆچوون و لایەنگرییەکانت بۆ خوێنەران ڕوون بێتەوە... ئەوە جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەنووس و پڕوپاگەندەکارە. من نامەوێت

ئیستیغلالی جەماوەرم بکەم. دەمەوێت جیهان بەو شێوەیەی دەبینم بۆیان ئاشکرا بکەم و پێیان رابگەیەنم".

گەڵەگێر گوتی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمە هەمووی بێتە دی پێویستە دووریی خۆت لە لایەنەکەوە بپارێزیت:

"وابزانم ئەستەمە رۆژنامەنووسێکی راستگۆ بیت و لایەنگریت بۆ پرسێک هەبێت. لە ڕاستیدا ناکرێت رۆژنامەنووسێکی راستگۆ بیت و وەفاداریش بیت بەرامبەر بە کەسێک، پارتێکی سیاسی یان لایەنێک. من بۆچی وا دەڵێم؟ پێم وایە ئەوە پێوەندیی بەبیروباوەڕی بنەڕەتیمەوە هەیە: جۆرە پێوەندییەک لەن ێوان رۆژنامەوانی و تێگەیشتنی کەسێک لە هەقیقەتەوە هەیە. کەسێک رەنگە پێی وابێت کۆمەڵێک شت و بیرۆکە یان پێشنیاز بۆ ئەمەریکا باش بن و بەئاشکرا باسی لێوە بکات. بەڵام لایەنگریی کەسێک یان لایەنێک بۆ پارتێکی سیاسی بەو مانایەیە تۆ ئامانجی سەرەکیت وەک پابەند بوون بە راگەیاندنی هەقیقەت بەو خەڵکەی جەماوەری تۆن، نابینیت. لێرەدا ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە لایەنگریدا هەیە".

لە یەکەم چاپی ئەم کتێبەدا ئێمە بەدەربڕینی ئەم جیاوازییانە لەلایەن گەڵەگێرەوە یەکجار سەرسام بووین، بۆیە لە سەرەتای ئەم بەشەدا تیشکمان خستنە سەر. بەڵام لە ٢٠٠٥دا دەرچوو گەڵەگێر خۆی ئەو بنەمایانەی پاڵپشتیی لێ دەکردن، پێشێل کردووە.

نووسەری میدیایی واشینتۆن پۆست، هاوارد کێرتز ئاشکرای کرد گەڵەگێر گرێبەستێکی ٢١٥٠٠ دۆلاریی هەبوو بۆ ئەوەی بۆ وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بنووسێت. کێرترز نووسی کاری گەڵەگێر بانگەشەکردن بوو بۆ پێشنیازی سەرۆک بوش بۆ هاوسەرکاری وەک رێگەیەک بۆ بەهێزکردنی خێزان. گرێبەستەکەی کە بۆ ١٠ مانگ لە ٢٠٠٢دا کارپێکراو بوو، نووسینی گوتارێکی کۆواری بۆ کاربەدەستانی وەزارەتەکە، نووسینی برۆشوور و پێشکێشکردنی پوختەیەک بوو. هەواڵەکە پاش ئەوە هات کە ئاشکرابوو وەزارەتی پەروەردەی ئیدارەی بوش پتر لە ٢٤٠٠٠٠ دۆلاری داوە بە ئارمستڕۆنگ ویلیامزی شرۆڤەکاری کۆنەپارێز بۆ برەودان بە پرۆگرام بوش بەناوی (هیچ منداڵێک پشتگوێ ناخرێت). لەگەڵ ئاشکرابوونەکە ویلیامز ستوونەکەی لە رۆژنامەدا لەدەست دا.

گەڵەگێر گوتی پێی وایە حاڵەتی ئەو لە هی ویلیامز جیاوازە. ئەو نووسی "من شارەزایەکی هاوسەرکاریم. من بۆ نووسین و نووسیاریکردن و لێکۆڵینەوە و فێرکاری لەبارەی هاوسەرکارییەوە پارە وەردەگرم. ئەگەر رۆشنبیرێک یان شارەزاییەک لە بریی کارکردن بۆ حکوومەت پارە وەربگرێت، ئاخۆ پێویست دەکات ئەوە بدرکێنێت ئەگەر لەسەر هەمان بابەت یان بابەتێکی لێکچوو لێکۆڵینەوەیەک، گوتارێک یان لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانەی بنووسێتەوە؟ ئاخۆ ئەمە ستانداردی ئەخلاقییە، ستانداردێکی تەواو نوێیە؟".

لە ڕاستیدا ستانداردێکی نوێ نییە. کۆنە و هەم بۆ ئەکادیمی و هەم بۆ رۆژنامەوانیی بنەڕەتییە:

ئەگـەر لە بەرژەوەندیدا ناکـۆکـیـیـەکی ڕێ تێـچـوو هەبوو، ئەوە دەبێت ئاشکرا بکرێت و ئـەگـەر ئاشکرابوونەکە بووە هۆی ئەوەی کـەسێک بخرێتە بارودۆخێکی بەئاشکرا سازشکارانەوە، کارەکە ئەنجام مـەدە. لە ڕاسـتـیدا شکسـتی گەڵەگێر لـە ئاشکراکردنەکە ئاماژە بەوە دەدات ئەو دەیزانی خەریکی چییە و لەسـەر ئەو سەربەخۆییەی بۆ ناوبردنی خۆی بە ڕۆژنامەنووسێک پێویست بووە، سـازشی کردووە. ناکـۆکی لەبارەی ڕۆڵەکەی خـۆی خـاڵەکـە دەسـەلمێنێت و ئامـاژە بەوەش دەدات پابەندبوون بە بنەماکە تا چ ڕادەیەک سەختە.

## گەشەسەندنی سەربەخۆیی

فـەیلەسـووفـەکـانی کۆنـی یۆنانی تێ گـەیشـتن مـرۆڤـەکان بە سـروشت سـیاسـین و کۆمـەڵگەیەکی ڕێکخـراو پێویسـتـیی بە جـۆرە چالاکـیـیەکی سـیـاسـییـەوە هـەیە. لە پێناو ئەم دەفـرەی کاروباری سیاسی بوو کە یەکەم وەرزنامـەکان لەدایک بوون و بانگهێشـتنی جـەماوەری گەورەتریان کرد بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ئەو بڕیارە سیاسییانە بن کە کاریگەری لەسەر ژیانیان هەبوو.

وەک لە بـەشی سـێــیـەم لـەبارەی لایەنگری بۆ هـاووڵاتـیــان پێـشـنیـازمــان کـرد مــێـژووی ڕۆژنامەنووسی لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا لە دڵسۆزی بۆ پارتی سیاسییەوە بۆ بەرژەوەندیی گشـتی گۆڕاوە. جێیمـز کـێیری کۆچکردووی سـەر بە زانکۆی کۆڵۆمـبیا نووسـیبووی "لە ڕووی ڕۆژنامـەوانـیـیـەوە سـەدەی بیسـتـەم دەکرێت بە خـەبات لە پێناو دیمـوکراسی لە دژی پڕوپاگـەندە، خـەباتێک کـە بەمـسـۆگـەری بە چاپەمـەنی (بـابەتیـانە) و (سـەربەخـۆ)وە هەڵدەسـەنگێنرێت، ناو بنرێت".

لە بنەڕەتدا چاپەمـەنی لایەنگریی پارتیزانانـەی بە پەیماننامـەیەکی نوێ گـۆڕییـەوە – ئەوەی کـە پێویسـتـە ڕۆژنامـەوانی هـیچ ئەجێندایەکی شـاراوە نەگوازێتـەوە. بابەتی نووسـیـاران و بۆچوونی سیاسی کە پێشتر تێکەڵ بوون و تەنانەت هەندێک جار لاپەڕەی یەکەمیان داگیر دەکرد، ئێستا بە مـەودا و بە ناو جیـا کـرابوونەوە. لەم بڕیارە سـادانەوە–ئەو شـتـانەی ئەمـڕۆکە ڕوون و ئاشکرا دێنە بەرچاو بەشـێکی زۆری ئەخـلاقی سـتـانداردی ڕۆژنامەوانـی پێک هات، بەتایبـەتیش ئەو بنەمـایانەی پێوەسـتن بە هـەڵویست وەرگرتنی سیاسییانەی هەواڵنێرانەوە.

ئەو پێڕەوانە بەگشـتی لە سەدەی بیستەمدا بەهێز بوون کاتێک پیشـەگەرایەتییـەکی پتر سروشی بۆ ڕۆژنامەنووسـان هێنا و ژمـارەی ڕۆژنامەکانی ڕکابەر لەناو شـارەکاندا لە کورتی دا و ئەوانەشی کـە مـانەوە نـاچـار بوون جێی پەسندی جـەمـاوەرێکی گـەورەتر بن، شـتێک کـە دامـەزراوە هـەواڵییـە تەلەڤزیۆنییەکانیش ئاواتەخوازی بوون.

لە سـەدەی بیست و یەکـەمدا یەکێک لـە پرسـیارەکـان ئەوەیە ئاخـۆ ئـەم چمکـەی سـەربەخـۆیی ڕۆژنامـەوانی لاواز دەبێتـەوە. لە دەسـتپێکی سـەدەکـەدا سـەربـەخۆییـیـەکە وا خـەریکە لەناو دەچێت بەشـێـوەیەکی سـەرەکـیش بـەهۆی تەکنەلۆژیای نوێ و ئەو ڕکـابەرێتـیـیـە نوێیـەی لەگـەڵ خـۆی

هێناویەتی، ڕێگە بە بازاڕدۆزەرەوەکان لەسەر ئاستی وڵات دەدات گەشە بسەنن و ئەوانەش لە پێناو ژێرخانێکی ئابووریی پەلکێشەوەن. ئەم نەریتانە خەریکە هەلە ئابوورییەکانی بازاڕە گەورەکان کە ڕۆژنامەوانیی ناپارتیزانی بەپلەی یەکەمەوە هان دەدەن، لاواز دەکەن.

## سەربەخۆیی لە کارکردن

یاساکان بەتێپەڕینی کات هەموار و بەهێز کراون تا ئاستێک کە ئەمڕۆکە هەواڵنێران و نووسیاران زۆربەی جار لە بەشداریکردن لە کردەوەی سیاسی وەک خۆپێشاندانی جەماوەری لەبارەی بابەتی بەسیاسیکراوەوە قەدەخە کراون. بۆ نموونە لە ١٩٨٩دا هەواڵنێری نیویۆرک تایمز لە دادگەی باڵا، لیندا گرینهاوس، بەبۆنەی بەشداریکردنی لە خۆپێشاندانێکی "ئازادیی هەڵبژاردن" کە بۆ پاڵپشتی لە مافی لەبارچوواندنی منداڵ بوو، ڕەخنەی لێ گیرا. ئەو بەشداریی خۆی بە چالاکوانییەکی ناونەهاتوو لە قەڵەم دا و تێبینیی لەسەر ئەو ڕاستییە دا سەرنجی کەسی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە. ئەو دواتر گوتی "من تەنیا ئافرەتێکی تر بووم کە کابۆی شین و چاکێتێکی سادەم لەبەرە". بەڵام تایمز گوتی ڕێپێوانی ئەو مەترسیی خستووەتە سەر چۆنیەتیی گوزارشکردنەکەی و سەرزەنشتی کرد.

بەسەرهاتەکەی گرینهاوس لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژنامەوانی بەرامبەر بە تۆمەتی لایەنگریی لیبراڵانە هەستیارتر دەبوو. سروشتی مشتومڕی سیاسی لەوەتەی ١٩٦٠ەکانەوە لە گۆڕاندا بوو، گۆڕانێکی تا ڕادەیەک درووژێنراو بەهۆی داهێنانی تۆڕێکی چالاک لە تینک تەنکەکانی کۆنەپارێزەوە کە بیرۆکەی نوێیان دەخستە ناو مشتومڕی گشتییەوە و کاتێک سپیرۆ ئەگنیووی جێگری سەرۆک ڕۆژنامەنووسانی واشینتۆنی بە "فەرمانڕەوایانی گوتەگوتکاری نەرینیگەرا" وەسف کرد پەرلەمانتارانی کۆماری دەمکراوەتر بوون بۆ ئەوەی بڵێن چاپەمەنی لایەنگرە.

لە ١٩٩١دا ڕۆژنامەکان یاساگەلێکی توندیان لە دژی بەشداریکردن لە چالاکیی سیاسیی پارتیزانی پیادە دەکرد. مۆرنینگ نیووز تریبیوون لە تاکۆمای واشینتۆن هەواڵنێری پەروەردەیی، سەندی نێلسنی بۆ بەشی نووسیاریی هەواڵ گواستەوە، چونکە ئەو یارمەتیی ڕێکخستنی ڕاپرسییەکی ناو شاری دابوو لەبارەی قەدەخەکردنی جیاکاری لەسەر بنەمای بە باشترزانینی ڕەگەزییەوە. دێیلی لێجر لە فێرفیلدی ئایۆوا دوو نووسیاری لە کار لادا پاش ئەوەی ڕێکخراوێکی دژی لەبارچوواندنی منداڵیان دامەزراند. مۆرنینگ تریبیوون لە لویستۆنی ئایدۆهۆ و دێیلی هەمشایێرگەزێت لە نۆرسەمپتۆنی ماساچۆسێتس کارمەندانی لە بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکان لە دژ یان لەبەرژەوەندیی شەڕی کەنداو قەدەخە کرد. دە ساڵ دواتر چالاکیی سیاسی هێشتاش ناپەسند بوو. لە ٢٠٠٤دا سان فرانسیسکۆ کرۆنیکڵ دوو ئافرەتی هەواڵنێری لێک دابڕاند پاش ئەوەی ئەوان لە سیتی هۆڵدا هاوسەرکارییان کردبوو.

سەکۆکانی نوێی چاپەمەنی، وەک بلۆگەکان، مشتومڕی لەسەر ئەو شتەی ڕۆژنامەنووسان بۆ

نموونه لەناو ژیانی تایبەتی خۆیاندا دەتوانن یان ناتوانن بیکەن، خۆشتر دەکات. لە نیسانی ٢٠٠٤دا ریچڵ مۆستێلر لە دورهام هێراڵد سان دەرکرا چونکە بلۆگێکی هەبوو بەناوی "رۆژنامەنووسانی لاقرتێپێکەر "کە تێیدا ئەو باسی ژیانی ناو ژووری هەواڵی دەکرد. بلۆگەکەی ناوی کۆمپانیا یان هاوکارانی ئەوی نەبردبوو. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٦دا دۆڤر پۆستی هەفتانە هەواڵنێرێکی لە کار لادا، چونکە بلۆگە کەسێنییەکەی لە نێوان شتەکانی تردا ئاماژەی بێ ڕێزانەی بەرامبەر بەو کەسانە تێدا بوو کە داوایان دەکرد هەفتەنامەکە گوزارشتیان لێ بکات.

## سەربەخۆیی دووبارە هەڵسەنگێندراو

تەنانەت لەگەڵ توندتربوونی یاساکانی سەربەخۆیی لە دەیەکانی رابردوودا، هەموو کات ئەو کەسانە هەبوونە کە بەرەنگاریان بوونەتەوە یان تەنانەت ملیان نەداونەتە بەر.

لە ئاداری ٢٠٠٣ی پێش شەڕی عێراق ستوونووسی کۆنەپارێز جۆرج ویڵ ستوونێکی نووسی بۆ رەتدانەوەی ئەو بیرۆکەیەی ئەمەریکا پێویستە چاوەڕێی رەزامەندیی هاوپەیمانانی بێت پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئەو وڵاتەی رۆهەڵاتی ناوین. بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی کە چاوەڕێکردن گەمژانەیە، ویڵ پارچەیەک لە گوتاری کۆرنارد بلەکی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پەرلەمانی لۆردەکانی بەریتانیا و خاوەنی رۆژنامەی خواستەوە. لە گوتارەکەیدا بلەک گوتبووی ئەمەریکا سەرکەوتووترین سیاسەتی دەرەوەی هەیە، چونکە ئامانجی ئەوەیە هەڕەشەی لێ نەکرێت و کاتێک هەڕەشەی لێ کرا، هەڕەشەکە لاببات.

ئەوەی ویڵ لە ستوونەکەیدا نەینووسی ئەوە بوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەو لەلایەن بلەکەوە پارەی وەردەگرت بۆ ئەوەی لە دەستەی راوێژکاری نێونەتەوەیی کۆمپانیای رۆژنامەییی بلەک بەناوی هۆلینگر ئینتێرنەشناڵ بێت. نیویۆرک تایمز گوتی ویڵ بۆ ئامادەبوون لە هەر کۆبوونەوەیەک ٢٥٠٠٠ دۆلاری وەردەگرت. ویڵ گوتی بەبیری ناهێتەوە چەند کۆبوونەوە بەشدار بووە. گرووپی نووسەرانی واشینتۆن پۆستیش کە پاڵپشتییان لە ویڵ دەکرد، لەم ناکۆکییە ئاگەدار نەبوون. کاتێک تایمز لە ویلی پرسی ئاخۆ پێویست بوو ئەو بەخوێنەرانی بگوتبایە کە پارەی لە بلەک وەردەگرت، وەڵامی داوە "کاری من بازرگانیی منە، تێ گەیشتیت؟".

کار لەگەڵ کۆرنارد بلەک یەکەم کار نەبوو بۆ ویڵ. لە ١٩٨٠دا ویڵ کە ئەو کات پشتیوانێکی تۆخی کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەو کات، دۆناڵد ریگانی کۆماری بوو، ریگانی بۆ ئامادەکاریکردن بۆ مشتومڕی کاندیدانە لەگەڵ سەرۆک جیمی کارتر رادەهێنا. دواتر ویڵ بۆ وێزگەکانی گواستەوە پاش مشتومڕیکردن وەک شرۆڤەکارێکی ئێی بی سی و پەسنی کاراییی ریگانی دا و گوتی ریگان لەژێر پاڵەپەستۆدا "کەسێکی رەوشت بەرزە".

ئەم لایەنگرییە نهێنییە بۆ سیاسەتوانان وێنەی یەکجار زۆری لەپێش خۆیدا هەیە. لەناو ئەوانی تردا واڵتر لیپمەن گوتاری بۆ چەندین سەرۆک نووسیوە، لەوانەش لیندن جۆنسن. بەڵام یاساکانی

هەڵسوکەوتکردن بەتێپەڕینی کات گۆڕان و ئاشکرابوونی درەنگەوەختی راوێژکارییە نهێنییەکە ناوبانگی لیپمەنی لەکەدار کرد.

لە حاڵەتی ویڵدا شتی نوێ بوو ئەوە بوو ستوونـنووسەکە بەردەوام دەڵێت بەلایەوە گرینگ نییە. کاتێک هەواڵی راوێژکاریکردن بۆ ڕێیگان لە دواییدا ئاشکرا بوو، ویڵ لە بنەڕەتدا رەخنەگرتن لە راوێژکارییەکەی بە رەخنەی هیچ و پووچ ناوبرد. "رۆژنامەوانی (وەک خزمەتی گشتی بەخۆ بەدەستەواژەی "ناکۆکی لە بەرژەوەندیدا" ئێستا خەڵکانێک بەسەریدا زاڵن کە "گەرمیپێوی ئەخلاقیی بچووکن"، بەپەلەن بۆ پێوانی گەرمیی خەڵکانی تر و بەوێنەی شێتە سەرلێشێواوەکان ویژدانێکی گەمژانە و گێژەنی تر بلاو دەکەنەوە".

ویڵ مشتومڕییەکی ئایدۆلۆجییانەی نەدەکرد. لە جیاتیی ئەو ئاماژەی بە شتێکی تر دەدا، شتێک کە ئەوانی تر بێ رەچاوکردنی ئایدۆلۆجیا دووبارەی دەکەنەوە: ئەوەی کە خووڕەوشت یان ئەخلاقی رۆژنامەوانی خۆییانە و ناڕەوا بووە.

مشتومڕیی ویڵ تەنیا کێماسییەکی هەبوو، هەر هەمان ئەو کێماسییەی دەری دەخات بۆچی چمکی سەربەخۆیی لەسەر بابەتی پرەگماتیکی دامەزراوە نەک تیۆری. ویڵ راوێژکاریکردنی بۆ ڕێیگان بەنهێنی هێشتبووە. ئەو نەیدەویست بە خوێنەرانی بڵێت یارمەتیدەر بووە بۆ کارایی سەرۆک ڕێیگان کە ئەو کات ئەو بەئاشکرا هەڵسەنگاندنی بۆ دەرکرد.

شێوازی ویڵ کۆن نییە، بەڵام بەردەوام متمانە بە رۆژنامەنووس وەک چالاکوان لاوازتر دەکات. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ۲۰۰۰دا، ویڵیام کریستۆڵی نووسیاری زێ ویکلی ستەندرد زۆربەی جار وەک شرۆڤەکار لەسەر تەلەڤزیۆن دەردەکەوت و هەڵسەنگاندنی خۆی لەبارەی هەڵوێست و ستراتیج و هەڵەکانی کاندیدەکانەوە پێشکێش دەکرد. لە وەرزی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا ئەو خۆی وەک کەسێکی بێلایەن ناساند. لە ڕاستیدا ئەو ڕاوێژکارێکی نافەرمی و لایەنگرێکی جۆن مەکین بوو. وەک ویڵ ئەویش هەوڵی دا خۆ بە شتێکی تر دەربخات.

لە ۲۰۰۵ ئیدارەی بوش بەهەمان شێوە لەگەڵ جۆران رۆژنامەنووس لەبارەی رەشنووسی دووەم گوتاری ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی سەرۆکدا راوێژی کرد و لە نێوانیاندا کریستۆڵ و ستوونـنووسی گوتارفرۆش چارڵز کراوتهەمر، هەردوو رۆژنامەنووس ئەوەیان پشتڕاست کردەوە پێش گوتاری ڕێوڕەسمەکە چاویان بەکاربەدەستان کەوتووە، بەڵام گوتیان ئەوانە گفتوگۆی نافەرمی بوونە لەبارەی جۆران سیاسەتی ئیداری نەک ئامادەکاریی گوتارەکەوە. هەردووکیان سەبارەت بە پێدانی بۆچوونیان داوای لێبووردنیان نەدەکرد و بە واشینگتۆن پۆستیان گوت ئەمە هەڵسوکەوتێکی گونجاوە بۆ شرۆڤەکاران. کریستۆڵ و کراوتهەمر هەردووکیان پاش ئەوەی گوتارەکە پێشکێش کرا پەسنیان دا.

کێشەیەکی تر لەبارەی ئەم بەرگریکردنەوە هەیە کە شایەنی تێبینیکردنە. لە کاتێکدا ئەوانەی ڕێگە بەخۆیان دەدەن وەک سەرچاوەی نهێنی رۆڵ بگێرن، کێشەیەکی کەم دەبینن، رەنگە خۆیان

سەبارەت بەواقیعی ئەو شتەی لەوێدا روو دەدات، هەڵبخەڵەتێن. وەک یاسا، ئێمە گرەو دەکەین سیاسەتوانانی سەر بەهەر هێڵێک یەکجار بێ مەیلن بەرامبەر بە هەر شتێک رۆژنامەنووس بیەوێت لە ڕاستیدا بیخاتە ناو گوتارێکەوە، گوتارێک کە لەوانەیە ئەو کاتە هەر بۆ خۆی زیاتر لە نووسەرێکی نووسیبێت. سیاسەتوانان زیاتر حەز دەکەن رۆژنامەنووسان وا بیر بکەنەوە زمانپاراوی و توانستە هزرییەکانی سیاسەتوانان ئەوەندە سیحراوین کە پێویستە ڕاوێژیان بۆ بکرێت. بەواتایەکی تر زۆربەی جار ئەو دانوستاندنانە بەگشتی وێ دەچێت پتر هەوڵدان بن بۆ هەڵخەڵەتاندنی رۆژنامەنووسان بۆ دڵنیاکردنەوەی چاپەمەنی نەک هەوڵدانی راستەقینە بۆ ویستنی هەر شتێک کە ئەوان بیدەن.

ئەوانی تر مەترسیی بەهێزتریان لەبارەی چمکی سەربەخۆیی لە هەڵوێست و هزری رۆژنامەوانی هێناوەتە ئاراوە. ئەوانە شایەنی ئەوەن بەجیا لێیان بکۆڵرێتەوە.

نیگەرانی و ترس لەوەیە سەربەخۆیی رۆژنامەوانانە بەگشتی بۆ جۆرە دابڕانێکی تاکڕەوانە لە کۆمەڵگە کە خۆسەپێنرانەیە، لای داوە. وەک هەواڵنێری پێشووی سان فرانسیسکۆ کرۆنیکڵ کە دواتر چووە کۆشکی سپیی کلینتۆنەوە، ئێلیۆت دیرینگر بە هاوکارانی لێکۆڵەری ئەکادیمیی ئێمەی گوت "ئەم چمکە هەیە کە پێویستە تۆ بابەتەکەت بەلاوە گرینگ نەبێت... پێویستە ئەگەر رۆژنامەنووس بیت خۆت لە بابەتگەلی شارستانییەوە بکێشییەوە و زانیم ئەوە نەختێک کێشەی هەیە. من تێ ناگەم بۆچی هاووڵاتییەکی بەپرۆش لە دژی رۆژنامەنووسبوونە".

دوو کاردانەوە هەبوونە بەرامبەر بەم تێگەیشتنە کە ژووری هەواڵ دوور و بێگانە بووە. یەکێکیان وەک لە بەشی تایبەت بە وەفاداری بەرامبەر بە هاووڵاتییانەوە پێشانمان دا، ئەو بزووتنەوەیە بوو کە بە رۆژنامەوانیی گشتی ناومان برد کە دەڵێت رۆژنامەوانی نابێت بەتەنیا کێشەکان دەستنیشان بکات، بگرە پێویستە لە وەڵامە رێتێچووەکانیش بکۆڵێتەوە. لایەنگرانی بزووتنەوەکە ئەم رێبازە، ئەگەر بە وردییەوە جێبەجێ بکرێت، وەک رەتدانەوەی بنەمای سەربەخۆیی رۆژنامەوانی نابینن. رەخنەگران پێیان وایە رێبازەکە رۆژنامەنووسان دەخاتە هەلومەرجێکەوە کە ئەوان وەک لایەنگر دەبینرێن، چونکە لە ڕێگەی بەرەنجامەکانەوە خۆیان دەناسێنن. ئەو دابەشبوونەش لە دواییدا پێوەندیی بەجێبەجێکردنی وردەوە هەیە.

کاردانەوەی تر هەوڵدان بووە بۆ سوودوەرگرتن لە دڵسۆزیی جەماوەر بەرامبەر بە رۆژنامەوانی، لە ڕێگەی دەستبەرداربوون لە بنەمای سەربەخۆیی و گەیشتن بە جەماوەر لە ڕێگەی مشتومڕیکردن بۆ لایەنێک یان یەکێکی تر. لەم نموونە زیندووەدا، پارتیزانان وەک "خەڵکانی میدیاکار" واتە میواندارانی شۆی گفتگۆئامێز، شرۆڤەکار یان میوانانی تەلەڤزیۆن یان رادیۆ کار دەکەن. زۆربەی کات ئەوان وا دەنوێنن شارەزای سەربەخۆن وەک نوێنەرانی پێشووی فیدراڵی، رۆشنبیرانی یاسایی یان شارەزایانی تری بێلایەن پێناسە دەکرێن کاتێک لە ڕاستیدا نوێنەرانی حزبین. رەنگە ئەوان بەشێوەیەکی باشتر بە "چالاکوانانی میدیاکار" وەسف بکرێن. وەک لە بەشی حەوتەم

لەبارەی رۆڵی کۆڕبەندانەی رۆژنامەوانییەوە پتر روونی دەکەینەوە، ئەم خەڵکانە بەشێوەیەکی رووەو زیادبوون یەکجار کەمتر لەوەی پێشانی دەدەن، شارەزان و زۆربەی کات گرینگییەکی کەم بە راست و دروستبوونەوە دەدەن. بەڵام رێبازی پارتیزانانە لە جیاتیی پەنجە خستنە سەر تووڕەییی جەماوەر لە چاپەمەنی، هەوڵ دەدات ئیستیغلالی بکات. پرۆفیسۆری دەروونزانی بێرکلی، فیلیپ تێتلۆک راپرسیی لەگەڵ پتر لە ٢٥٠ کەس ئەنجام دا کە بژێوییی خۆیان لە بەشینەوەی شارەزایی و شرۆڤەکانیان وەدەست دەهێنا. لێکۆڵینەوە بیست و پێنج ساڵییەکەی هەوڵی دا بۆ هەڵسەنگاندنی شیمانەی هاتنەدی یان نەهاتنەدی ئەو بەرەنجامە جۆرەوجۆرانەی شارەزاکان پێشبینییان کردبوون. ئەنجامەکان دەریان خست شارەزاکان پێشگۆی بێدەسەڵاتن. ئەوان خراپتریش دەردەکەوتن ئەگەر هەموو بەرەنجامە رێتێچووەکانیان پێ وەک یەک بوایە.

رەنگە باشترین نموونە بۆ ئەم دیاردەیە هی سیاسەتی راسترۆ بێت، کە تێیدا باڵادەستیی میدیاییی کۆنەپارێز رۆپێرت مێردۆچ تۆڕێکی تەواوی هەواڵی، فۆکس نیوزی دامەزراندووە کە بەچڕی پرژاوەتە سەر مشتومڕی و ئایدۆلۆجی. بەنهێنییەوە رۆژنامەنووسانی ناو فۆکس باس لەوە دەکەن ئەوان هاوسەنگییەک دروست دەکەن لە رێگەی دیاریکردنی ماوەی پەخش بۆ کۆنەپارێزان. لێرەدا پاڵپشتێک هەیە.

بەڵام فۆکس بەئاشکرا مشتومڕییەکی وردتر و رەنگە لە رووی لۆجیکییەوە کەمتر راستگۆی کردووە. بەرێنوێنیی رۆجێر ئێڵیز هەڵسوراوێکی سیاسیی پێشوو و رێکلامکارێک بۆ بەکارهێنانی وەک ریچارد نیکسۆن و جۆرج بوش، فوکس ئاگەدارە لەوەی بەرنامەکانی لەژێر ناوی سەربەخۆییدا هەڵپێچێتەوە. لە یەکەمین هەڵمەتی بازاڕ دۆزینەوەیدا فۆکس دروشمی "ئێمە گوزارش دەکەین، ئێوە بڕیار دەدەن"ی زەق کردەوە کە دواتر بۆ "دادوەر و هاوسەنگ" گۆڕا. ئەوە بەنزیکەیی بەهەمان شێوەیە هیرست و پولیتزر ویستیان بانگەشە بۆ خۆیان بکەن نەک بەو شێوەیەی کە هەن بگرە بەو شێوەیەی ئەوان دەیانویست خەڵکەکە وێنایان بکات، وەک وردبین و دادوەر نەک تەنیا وەک سەرچاوەیەک کە رەنگە کەسێک لەگەڵی هاوڕا بێت. ئەوە بانگەشەیەکە بۆ هەر ئەندامێکی جەماوەر تا لایەنەکە بە ماقووڵ دابنێن. ئەگەر تۆ ئێمەت بەدڵ بێت، لەبەرئەوەیە ئێمە راست و تەواوترین نەک لەبەر ەوەی تۆ لەگەڵمان هاوبۆچوونی.

بەڵام ئەمە دەرخەری لادانێکە لە خواستی بازاڕ کە لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەم بەدواوە بووە ئاکاری رۆژنامەنووسیی ئەمەریکایی و لە سەدەی بیستەمدا گەشەی سەند. ئەو خواستە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراوەبوونی رۆژنامەوانی دامەزراوە. دەنگێکی سەربەخۆی وەرگرت و پشتگیریی لە هیچ لایەنێک نەکرد و رای گەیاند بەنوێنەرایەتیی جەماوەرە چاوێکی گوماناوی دەخاتە سەر هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵات.

لە بەرامبەردا بانگەشە بۆ چاپەمەنیی نوێی پارتیزانەی ئەمەریکایی لەسەر بەهێزکردنی دەمارگیرییەکانی جەماوەر لە جیاتیی بوون بەچاودێرێکی دەسەڵاتداران دامەزراوە. رەنگە پێی

بگوترێت ڕۆژنامەوانیی پشتگیریکارانە. ئەوە جیاوازە لە چاپەمەنیی کۆنی پارتیزانانەی ئەمەریکاییی سەردەمی کۆلۆنیاڵ و سەرەتای سەدەی نۆزدەم کە لەلایەن پارتێکەوە دەستی بەسەردا گیرابوو و بەمەبەستی برەودان بە ئەجێندای سیاسی بۆ هاندان و تەنانەت فێرکاریش بوونی هەبوو. ڕۆژنامەوانیی پشتگیریکارانەی نوێ وەک ستراتیجییەکی هاوبەش بوونی هەیە: سیاسەت ئامرازێکە لە پێناو ئامانجێک.

هەروەها گرینگە جیاوازی بکرێت لە نێوان ڕۆژنامەوانیی بۆچوونی- بۆچوونەکانی ویلیام سەفایر و ئەنتۆنی لویس لە زێ ویکلی ستەندرد و زێ نێیشندا و کاری پارتیزانان بۆ گەیاندنی هەواڵ، وەک چۆن هەندێکیان لە فۆکس پرۆگرامیان هەیە. هەواڵ گەیاندنی پارتیزانانە هەروەها بلۆگەرەکانیش دەگرێتەوە کە زۆربەیان وەک ڕۆژنامەنووسی سەرەتایین و لەگەڵ کەسانی هاوبیریان دەدوێن و ئامانج لێیان هێنانە ڕێزی ئەوانەیە کە هێشتا بڕیاریان نەداوە. یەکێکیان لە مەبەستی ڕوون و ئاشکرایە و بە هەموو بنەماکانی ڕۆژنامەنووسانی ترەوە پابەند دەمێنێتەوە. ئەوەی تریان وا دەنوێنێت شتێک بێت، بێلایەن لە کاتێکدا زمان و فۆرمی مشتومڕی بۆ هێنانەدیی شتێکی تر جۆرێکی پڕوپاگەندە بەکار دێنێت.

ئەم جیاوازییە هەڵگری مانایەکی گرینگە. ڕۆژنامەگەریی بۆچوونی کە لە مەبەستەکەیدا ڕوون و ئاشکرایە هەروەها لە پابەندبوونی بە کۆمەڵێک بنەمای لۆجیکییەوە کە لە سەرووی لایەن یان پارتی دادەنێت، ڕوون و ئاشکرایە. جۆرج ویل خۆی بە ترۆی ئەمەریکا ناو دەبات، ویلیام سەفایریش بە لیبراڵێکی کۆنەپارێز، ئەنتۆنی لویس بە لیبراڵێک و ڤیکتۆر ناڤاسکی بە پێشکەوتنخواز. کاتێک دامەزراوە یان کەسایەتییەکی بەدەسەڵات لەو ئایدیالانەوە لابدات، ڕۆژنامەنووسانی بۆچوونی زۆربەی جار خێرا، تەنانەت ئەوانەش کە وەکی تر بەزۆری لەگەڵیان هاوپەیمانن، دەدەنە بەر ڕەخنە. ڕۆژنامەگەریی پشتگیریکارانە کە ئیدیعای دادپەروەری و هاوسەنگی و بێلایەنی دەکات ئەو جۆرە گورجوگۆڵی و ڕاستگۆیییەی نییە.

جیاوازییەکی تریش هەیە. ڕۆژنامەگەریی بۆچوونی جا چ لە شێوەی ستوونێکی نووسەرێکی کۆنەپارێز دابێت یان لیبراڵ، لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە ڕاگەیاندنی هەواڵەوە نییە، بگرە بۆ تێگەیشتنە لە هەواڵ. ڕۆژنامەگەریی بۆچوونی وای دادەنێت گوزارشەکە لە شوێنێکی تردا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر ڕۆژنامەگەریی بۆچوونی گوزارشکردنیش لەخۆ بگرێت، گومان لەوەدا نییە ئەمە لە دەرەوەی جیهانی بۆچوون و لێکدانەوەدا ڕوو دەدات کە پرسی سەرەکیی ڕۆژنامەگەریی بۆچوونییە.

ڕۆژنامەگەریی پشتگیریکارانە ئیدیعای خۆی لەوەی کارەکەی گوزارشکردنە دەخاتە مەترسییەوە. سەرکەوتنی فۆکس یان گوتەی خەڵکانێک وەک ڕوس لیمباو کاریگەری هەبووە لەسەر پاشماوەی چاپەمەنی. دەرگەی بۆ هەڵسوراوانی سیاسی و ناودارانەوە و لە هەندێک بۆنەدا بۆ هەردووکیان والا کردووە. لە ١٩٩٧دا سی بی ئێس نیوز سوزان مۆلیناری، ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی، بۆ میوانداریکردنی یەکێک لە شۆوە هەواڵییەکانی بۆ کاتی بەیانیان تاقی کردەوە. ئێی

بی سی نیوز جۆرج ستێفانۆپۆڵۆسی کاربەدەستێکی پێشووی کلینتۆنی وەک شرۆڤەکار دامەزراند و رووماڵکردنی سیاسەتەکانی سەرۆکایەتیی پێ سپارد و لەو ئەرکەدا ئەو گوزارشی لەبارەی خەڵکی وەک ئاڵوگۆری جێگری سەرۆک پێشکێش کرد، کەسێک کە لەگەڵیدا لە کۆشکی سپی خزمەتی کردبوو. پاشان ستێفانۆپۆڵۆس بووە میوانداری شۆی گفتۆگۆئامێزی هەواڵیی بەیانیانی یەکشەممە.

لایەنگری زەقی ئەم میواندارانە زیان بە چمکی راست و دروستی ناگەیەنێت، بەشێوەیەکی ورد لەبەرئەوەی پشتگیریکردن لە رەشۆمۆن (ئەوەی کە هیچ شتێکی راست و دروست یان هەقیقەتێک بوونی نییە) ئەوەندە ئاسانە بۆ ئەوەی ببێتە بیانوویەک. ئەو چمکەی کە تاکە رێبازی باوەڕپێکراو بۆ گەیشتن بە زانیاری لە رێگەی بۆچوونە، بەدڵی هەندێک خەڵکە چونکە داوای هیچ بنەمایەکی پیشەییانە یان تەکنیک یان تەنانەت ئایدیالێک ناکات. بێگەردییەکی هەیە وەک بڕواکردن بە بازاڕە پاکەکان یان ئەو بیرۆکەیەی کە هەر هەستێک راست و دروستە ئەگەر بەهێز بێت.

ئەم لێڵکردنەی پێناسەکانی رۆژنامەگەری رەهەندێکی تری وەرگرتووە. بیر و بۆچوونەکانی لەبارەی پێوەندییە کەسێنییەکانی نێوان رۆژنامەنووسان ئەوانەی رۆژنامەنووسان گوزارشیان لێ دەکەن، گۆڕیوە. بۆ نموونە زێ نیویۆرک تایمز رێگەی بە تۆد پێردم دا رووماڵی ئیدارەی کلینتۆن بکات تەنانەت پاش ئەوەی ئەو لەگەڵ سکرتێری رۆژنامەوانیی پێشووی کۆشکی سپی، دیدی مایرزدا پێوەندیی هەبوو و لە دواییدا لەگەڵی ژیانی هاوسەرێتیی پێک هێنا. بارودۆخەکە کە لەوانەیە پێش چەند ساڵێک لە تایمزدا رێگەپێنەدراو بوایە، تەنانەت رەخنەیەکی زۆریشی بەداوادا نەهات. یەک نەوە پێشتر زانراو هەواڵنێری تایمز لۆرا فۆرمەن لەگەڵ سیاسەتوانێکی گەندەڵدا کە خۆی لەبارەیەوە دەینووسی، پێوەندیی سۆزداریی هەبووە. کاتێک پاش ئەوەی تایمز فۆرمەنی دامەزراند پێوەندییەکە ئاشکرا بوو، نووسیاری جێبەجێکاری تایمز دەبێ رۆزێنتاڵ بە لەباری گوتی "بۆم گرینگ نییە ئەگەر لەگەڵ فیلیش بخەوێت بەمەرجێک رووماڵی سێرک نەکەیت". بەپێچەوانەوە پێوەندیی مایرز و پێردم ئەوەندە ئاشکرا بوو کە وەک چیرۆکێکی لاوەکیی سەرنج ڕاکێش و بەرواڵەت پەسندکراوی زێ وێست وینگ، درامایەکی تەلەڤزیۆنی لەبارەی کۆشکی سپییەوە، دەوەشێندرایەوە. ئەی بۆ وا نەبێت، کاتێک سەرپەیامنێری بیانیی سی ئێن ئێن، کریستیەن ئەمانپوور لە کاتی رووماڵکردنی شەڕی کۆسۆڤۆ لە درەنگانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێوەندیی لەگەڵ جێیمز روبینی گوتەبێژی ئەو کاتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەبوو و دواتر بووە هاوسەری.

بەپێچەوانەی حاڵەتی فۆرمەن، حاڵەتەکانی وەک مایرز و پێردم یان ئەمانپوور و روبین بە بەڵگەوە لە کولتوورێکی میدیایی سەردەمییانەدا گونجاوترن چونکە ئەوان ئاشکراترن. بەڵام ئاخۆ ئەوە بەڕاستی بەسە؟ ئاخۆ لۆجیکییانە دەکرێت کەسێک رووماڵی ئەوانە بکات کە لایەنگریی کەسێنی یان تەنانەت سۆزداریی لەگەڵدا هەن؟ ئاخۆ ئەمە چۆن لەگەڵ یەکەم پابەندی لە

پیشەکەدایە، واتە وەفاداری بەرامبەر بە هاوولاتی، دەگونجێت؟

ئاشکرابوون گرینگە. ئێمە وەک هاوولاتی مافدارین بزانین ئاخۆ هەواڵنێرێک بەگرٍ و تینەوە تێکەڵ بەو بابەتانە یان ئەو خەڵکە بووە کە رووماڵیان دەکات. بەلام پاش گوێگرتن لە رۆژنامەنووسان و هاوولاتییانی نیگەرانەوە بۆمان دەرکەوت ئاشکراکردنەکە بەس نییە. وەک چۆن سەفایر و لویس و ئەوانی تر بە تێگەیشتنێکی بۆچوونیانە دەنووسنەوە، پێویستە تا ڕادەیەک دووریی کەسێنی بپارێزرێت بۆ دەرکەوتنی شتەکان بەڕوونی و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سەربەخۆیانە.

بەهەمان شێوە بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە ناکۆکییانە ئەمڕۆکە لە سەردەمی بوونی ژنان لەناو شوێنی کارکردندا و ژمارەیەکی زۆرتری خێزانی دوو پیشەدا باوترە. ئەوە ڕەنگە هەروەها بۆ ئەوان بووبێتە شتێک کە خەڵکەکە خێرا سەرکۆنەی نەکردووە، چونکە بنیویەتی ژنان خەریکە بەتەواوەتی لە هەموو رۆڵەکانی کۆمەڵگەدا قبووڵ دەکرێن. بەلام بنەماکە ناگۆڕێت چونکە زیاتر بەهەرڵستی دەکرێت.

چارەسەرەکەش بەنزیکەیی ئەوەندەی بەخەیاڵی ئەو کەسانەدا دێت کە ئەوەیان بەدڵ نییە، دژوار نییە. دەکرا پێردم گرەوێکی تری هەبووایە، رۆبێن و ئەمانپووریش پۆستی تریان هەبووایە. لە ڕاستیدا کاتێک بەشێکی زۆرتری جەماوەر گومانی لە پێشەییبوونی رۆژنامەنووسان هەیە، ئەو پشتگیرییە لەم بنەمایەی سەربەخۆیی بۆ جەماوەرێکی بەگومان روونی دەکاتەوە دامەزراوە هەواڵییەکان چەند بەرژدییەوە بەرپرسیارێتییەکانیان لە ئەستۆ دەگرن و چەند ئامادەن بۆ پابەند بوون بەو بەرپرسیارێتییانە بەنرخی ناڕەزایی و شەرمەزاری و جاربەجاریش قوربانیدان و ناخۆشی لە کاری بەڕێوەبەرایەتییخۆیاندا.

## سەربەخۆیی لە چین و پێگەی ئابووری

پرسی سەربەخۆیی تەنیا پێوەست نییە بە ئایدۆلۆژیا. لە ڕاستیدا رەنگە مامەڵەکردن لەگەڵی لێرەدا نەک لە بوارەکانی تر ئاسانتر بێت. چارەسەری لایەنگری، وەک لە بەشی چوارەم لەبارەی سەلماندنەوە باسمان لێوە کرد، بریتییە لە پەرەدان بە مێتۆدێکی روونتری گوزارشکردن. بەلام بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لە رۆژنامەوانی، گرینگە چاوێک بە جۆرەکانی تری ناکۆکی و تێکچڕژانەکان بگێرین.

کاتێک رۆژنامەنووسان یەکجار باشتر راهێنراون و باشتر رۆشنبیر کراون و لە هەندێک ناوچەدا باشتر پاداشت کراون، ئاڵۆزییەکی تر بۆ چمکی سەربەخۆیی دەرکەوتووە. وەک خوان گۆنزاڵێزی ستوونووسی پێشووی نیویۆرک دێیلی نیوز لە یەکێک لە کۆڕبەندەکانی لێژنەی رۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە بە ئێمەی گوت "گەورەترین کێشە... ئەوەیە خەڵکی ئەمەریکایی هەست دەکەن دابەشبوونێکی چینی هەیە لە نێوان ئەوانەی هەواڵ و زانیارییەکان بەرهەم دێنن و ئەوانەی

وەریان دەگرن. هەست دەکەن دابەشبوون لە چیندا دەرخەری دەمارگیرییەکەی چینییە بەرامبەر بە زۆربەی ئەمەریکاییەکان جا چ کۆنەپارێز بن چ میانڕۆ چ لیبراڵ: ئەگەر ئەوان بە چینی کرێکار و هەژار بن، لە کۆمەڵگەدا بە کەم بایەختر دابنرێن. من پێم وایە ئەوە دەمارگیرییە بنەڕەتییەکەیە".

ریچارد هاواردی کۆچکردوو، چاودێری پێشووی واشینتۆن پۆست، لە هەمان کۆڕبەنددا پێی وابوو "رۆژنامەنووسان وەک ئەندامانی دەستەبژێری ناسراو، بۆچوون و روانگە و دەمارگیرییەکانیان لە هاوکارانیان وەردەگرن. کارەکەیان بەشێوەیەک دارێژراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەلیقە و پێویستییەکانی ئەم چینە نوێیە بەرزە بگونجێت. پێویستە بڵێم بەڵگەیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی چاپەمەنیی گشتی بەهۆی ئەم چینەوە داهاتووی خۆی دەخاتە مەترسی، چونکە بەردەوام پتر بەرز دەبێتەوە و... خەڵکی کرێکار، خەڵکی کەمدەرامەتتر رەت دەکاتەوە یان لە دەستیان دەدات ".

تۆم مینێری، رۆژنامەنووسێکی پێشوو کە دواتر بووە جێگری سەرۆکی فۆکس ئۆن فەمیلی، رێکخراوێکی مەسیحیی ئینجیلی کە بنکەکەی لە کۆلۆرادۆ سپرینگز، لە کۆلۆرادۆ بوو، لە کۆڕبەندێکی تردا بە ئێمەی گوت دەمارگیریی چینی رێخۆشکەر بووە بۆ خێراترکردنی بەبازرگانیبوونی هەواڵ. مینێری گوتوویەتی "ئاراستەی رووماڵکردنەکە... شێواندنی شێوەی ژیانی جەماوەرێکی بەرفراوان و یەکجار ناوەندییە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ١٪ی جەماوەر ٣٥٪ی هەموو پشکە بەگشتی بازرگانیپێکراوی هەیە. لە رێگەی تەماشاکردنی هەواڵی ئێواران یان خوێندنەوەی رۆژنامەکانەوە بیر لەوە دەکەیەوە هەر هەمووومان لە ماڵەوە تەماشای موئەشیری لە جووڵەدابووەی ژێرنووسی سی بی ئێن سی دەکەین". لە درێژەدا گوتی یان تەماشای شۆی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن بکە لە کاتی بەیانی "و چاوت دەکەوێت بە رووماڵێکی چڕ و بەشێوەیەکی دڵکێش پڕ وردەکاری لەبارەی نوێترین ئامێری پێشکەوتوو و کەلوپەلی بەردەستبووە لە شۆی کۆمەدێکس، کاتێک لە ڕاستیدا تەنیا ١٢,٥٪ی ماڵانی وڵاتە یەکگرتووەکان کۆمپیوتەر و مۆدێمیان هەیە. سیروانی بازرگانی و رووماڵکردنی هەواڵ ئێستا ئەوەندە قووڵ و چڕە کە ئیتر ناتوانین لێوارەکانی ببینین".

بەڵام ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت پیشەسازیی رۆژنامەگەری نەیتوانیوە ئامانجەکان بپێکێت. وەک لە باسی بنەمای وشیاریی کەسێنیدا روونی دەکەینەوە، چمکی جۆرەوجۆرێتیی کۆمەڵێک کێشەی هەیە ئەگەر تەنیا بۆ مانای ئیتنیک و رەگەز یان ئامانجە ژمێرەیییەکانی تر بەرتەسک کرابێتەوە. ئەمانە ئامرازی پێویستن، بەڵام پێویستە نەبن بە ئامانجی جۆرەوجۆرێتی.

ئەم دابڕانە رێتێچووە لە رووی چینییەوە بەهۆی ستراتیجیەتی بەئامانجکردنی کۆمەڵگەی دەستەبژێرەوە، سیاسەتێک کە زۆر لە کۆمپانیا هەواڵییەکان گرتوویانەتە بەر، بەهێز دەبێت. بەرەنجامەکەی هەڕەشەیەک بووە بۆ سەر تەواوی رۆژنامەوانی و دەشمێنێتەوە. خەڵک تا دێت چاپەمەنی پتر وەک بەشێکی دامەزراوەیەک دەبینن کە پێی نامۆن، نەک وەک نوێنەرێکی جەماوەری

که ببێته زمانحاڵیان.

بەڵام چارەسەری ئەم دابڕانە نکووڵیکردن لە چمکی سەربەخۆیی نییە. چارەسەرەکە دامەزراندنی خەڵکانێکی زیاتری سەر بە جۆران چین و پیشینە و بەرژەوەندییە لە ژووری هەواڵدا تاوەکو بەرەنگاریی ئەم بیرتەسکییە ببنەوە. ئەو رۆژنامەگەرییەی خەڵکی خاوەن روانگەی جۆرەوجۆر بەیەکەوە بەرهەمی دێنن، باشترە لەوەیان کە هەر یەکێک لەو خەڵکانە بەتەنیا دەتوانێت بەرهەمی بێنێت.

هەندێک رۆژنامەنووس باسیان لەوە کردووە لەوانەیە تەنانەت سیستەمێک پێویست بێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە دابمەزرێنێت کە جۆرەکانی تری ئەزموونی ژیانیان هەیە. گۆنزالێز گوتی "ئەگەر بتەوێت پێکهاتەی هێزی کاری رۆژنامەگەری بگۆڕیت، پێویستە جۆرە پرۆگرامێکت هەبێت تاوەکو خەڵکانی سەر بە پیشەی تر دابمەزرێنێت... (و) هەلێکیان بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی لە رەنگاورەنگی لە رووی چینەوە یارمەتیدەر بن."

## سەربەخۆیی لە نەژاد و ئیتنیک و ئاین و رەگەز

دوا سیساڵی سەدەی بیستەم بەرزبوونەوەیەکی لە وشیاری سەبارەت بەپێویستی بۆ دەرخستنی رەنگاورەنگیی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی لە ژوورەکانی هەواڵدا بەخۆوە دیت. گرووپی بازرگانی وەک کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامەگەری لەسەر ئاستی پیشەسازییەکە بۆ رۆژنامەکان ئامانجی جۆرەوجۆرێتیبوونی داڕشت. دامەزراوی هەواڵیی جۆرەوجۆر کتێبەکانی ستایلی خۆیان لە نوێ داڕشتەوە لە پێناو ریشەکێشکردنی زمانی نەژادپەرستانە.

بەڵام کێشەیەکی تر لەناو پرسی جۆرەوجۆرێتی هەیە کە پێویستە سەرەتا ململانێی لەگەڵدا بکرێت. پرسی ئەوەی ئاخۆ تا چ ئاستێک ئیتنیک و رەگەز دەکرێت لەگەڵ پێناسە و ئەزموونداهاوڕێژە بکرێت. ئاخۆ ئێمە وا بیر دەکەینەوە ئەفریقیاییە ئەمەریکاییەکان دەتوانن بەگونجاوی رووماڵی ئەفریقیاییە – ئەمەریکاییەکان بکەن یان ئاسیاییە ئەمەریکاییەکانیش بەگونجاوی دەتوانن رووماڵێکی پڕ بەپێستی ئاسیاییە ئەمەریکاییەکان بکەن و... هتد؟ ئاخۆ رۆژنامەنووسێکی باش نابێت بتوانێت هەموو شتێک رووماڵ بکات؟

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بواری بازرگانی، پیتێر بیلی ئەفریقیایی – ئەمەریکایی پێی وابوو "لێکدانەوەی جۆرەوجۆرێتی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردن... لە ناوەڕۆکی خۆیدا گریمانەی ئەوە دەکات کەسانی سەر بە هەمان نەژاد و رەگەز بەهۆی ئەزموونی هاوبەشیان لەبارەی نەژادپەرستی و رەگەزگەراییەوە وەک یەک بیر دەکەنەوە. لێکدانەوەکە، من پێم وایە، کاریگەریی چین و خوێندەواری و هەرێم و خێزان و سایکۆلۆجیای کەسێنی و ئاین لە شێوەدان بە بیرۆکە و بیروباوەڕە کەسێنییەکانمان، پشتگوێ دەخات یان بچووکی دەکاتەوە... نیشانەی بەرچاوی وەک نەژاد و رەگەز وەک ئاماژە وان و پێم وایە بۆ بیرۆکەکان ئاماژەی کرچوکاڵن. ئاخۆ هەڵویستی

ڕەشپێستان سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراوەوە چییە؟ وەڵامەکە هەڵبەتە ئەوەیە شتێکی وا هەبوونی نییە".

زۆر ڕۆژنامەنووس تەنانەت ئەوانەی سەر بە گرووپە کەمایەتییەکانن گومانی هاوشێوەیان هەیە. جۆن هۆکێنبێریی هەواڵنێری رادیۆ و تەلەڤزیۆن و براوەی خەڵات گوتوویەتی "ئەگەر تەنیا بڵێیت... بەنیاز بیت ئاسیایی و ڕەشپێستێک و کەسێکی سەر کورسیی پەککەوتان لە ژووری هەواڵ دابنێیت و ئەمەش بەشێوەیەک ڕێگەت پێ بدات بڵێیت تۆ جۆرەوجۆریت، واتە چوونە سەر هەمان ڕێباز بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکەکەت لەسەر بنەمای دیموگرافییەکان. تۆ دەتوانیت بەگوێرەی دیموگرافی داهات دیاری بکەیت، بەڵام هەرگیز ناتوانی ناوەڕۆکەکە بناسییەوە. شتەکە دامەزراندن لە ژووری هەواڵ و بوون بە ئاماژە بۆ سەرچاوەی جۆرەوجۆریتی نییە، بگرە ناسینی جەماوەرەکەت و بەڕاستی حەزکردن بە جەماوەرەکەتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە ڕاست بۆ چەپ و لە هەموو ئاستە ئابوورییەکان."

ڕەخنەکان پەنجە دەخنە سەر خاڵێکی ڕژد: تا چ ڕادەیەک پێشینە کاریگەریی لەسەر کاری ڕۆژنامەنووس دەبێت؟ ئەگەر نووسیارێک تەنیا بەگوێرەی میراتی ئیتنیکی یان ڕەنگی پێست بڕیار لەوە بدات کێ چ شتێک رووماڵ بکات، ئاخۆ ئەوە جۆرێکی تری کلێشەسازیی نەژادپەرستانە یان ئیتنیکی نییە؟ ئەو مانایە دەبەخشێت شتێکی لە جۆری وەک تاکە ڕوانگەیەکی ڕەشپێستان یان تاکە روانگەیەکی ئاسیایی هەیە.

لە شوێنێکی نێوان قسە ڕەقەکانی ژووری هەواڵ و ترس لە بیروباوەڕی نوێی "ڕاست و دروستبوون لە رووی سیاسییەوە" ڕووبەڕێکی دەوڵەمەندتر هەڵکەوتووە. ئێستا بەڵگەی زۆر هەیە ئەو ژوورە هەواڵانەی جۆراوجۆریتییان تێدا نییە ناتوانن کارەکانیان بەتەواوەتی ئەنجام بدەن. هەلیان لە کیس دەچێت. رووماڵەکەیان کەلەبەرە. کلارێنس پێجی شیکاگۆ تریبیوون گێڕاویەتەوە "نووسیارێک لە باکوری ئیلێنۆیزدا گوتی ئەوەی ئەو بەراستی لە شارەکەیدا جەماوەرێکی کەمینەی ئەوتۆی نییە و هەوڵی دا لە بەڵێنی (بۆ رووماڵکردنی کەمایەتییەکان) پاشگەز ببێتەوە هەرچەندە من دەزانم لە ڕاستیدا شارەکەی ئەو ١٧٪ی جەماوەری لاتینۆ بوون ١٧٪ی... نووسیارێکی ناوچەی لادێییانەی ویسکۆنسین پێی گوتم بەڕاستی لە ناوچەکەی ئەودا هیچ کەمایەتییەکی لێ نییە، هەرچەندە ڕۆژنامەکەی هەر لەسەر شەقامەکەی نشینگەیەی سەرەکیی هیندییەکان بوو."

سنووردداربوونی پێناسەکانی کۆن بۆ هەواڵ بەڵگەی تەواون لەسەر ئەوەی روانگەی کەسێنیی ڕۆژنامەگەری دەنەخشێنێت. کۆمپانیاکانی میدیایی کە لەم کێشەیە تێ گەیشتن داوای یارمەتییان لە دامەزراوەی وەک ئەنیستیتۆی ماینارد کرد کە بۆ یارمەتیدانی دەزگاکانی میدیا پەرەی بە وۆرکشۆپ دا بۆ باشتر تێگەیشتن لە نیگەرانییەکانی هەر هەموو جەماوەرەکەیان و یارمەتیدەرە بۆ فراوەنکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی دامەزراوی هەواڵی.

بەڵام ئەگەر کەسێک پێی وابێت شتی وەک نەژاد گرینگە، ئاخۆ ئێمە چۆن کاریگەری

حـاشـاهـەڵنەگری روانگەی کـەسێنی لەگـەڵ ئامـانجی پاراسـتنی شـتـێک بەناوی سـەربەخـۆیی ڕۆژنامەگەری دەگونجێنێن؟

سـەربەخـۆیی لە دەسـتـە بەو مـانایەیە ڕێگەیـەک هـەیە بـۆ بوون بە ڕۆژنامـەنووس بەبـێ ئەوەی نکووڵی لە کاریگەری ئەزموونـی کەسێنی بکەیت یان گیرۆدەی بیت. خاڵی سـەرەکی ئەوەیە ئاخـۆ کـەسـەکـە پابەندە بە بنەمـا بنەڕەتیـیـەکـانی ڕۆژنـامـەگـەری کـە بە ئاراسـتـەی راسـتگۆیی و ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر بەرز دەبنەوە. بە هەمان شێوەی پێویستە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای سیاسیدا وا بێت، پرسـەکە بێلایەنـی نییـە بگرە ئامـانجـە. ئەم بانگەوازە ڕۆژنامـەگەرییـە بۆ سـەربەخـۆیی لە دەستە پێویستە لە سەرووی هەموو ئەو مێژوو و کولتووری و کەسێنییەوە بێت کە ڕۆژنامەنووسان بۆ ناو کارەکەیان دەیگوازنەوە. هەر ئاوەڵناوێک خـۆی بەوانەوە بلکێنێت وەک ڕۆژنامەنووسی بودی، ئەفـریقـیـایی ئەمـەریکایی و خـاوەن پێـداویسـتـیی تایبـەت و نێـرباز و ئیـسـپـانی و یەهوودی و پرۆتێـسـتـانی سـپـیـپێـسـتی ئەمـەریکای باکور یان تـەنانەت لیـبـراڵ یان کـۆنەپارێز-ئاوەڵنـاوەکە وەسـفـیـیـە نەک تـەسککەرەوە. ئەوان ئـەو ڕۆژنامـەنووسـانەن کـە هـەروەهـا بودی، ئەمـەریکایی - ئەفـریقـیـایی یان کـۆنەپارێزن- نەک سـەرەتا بـۆزی و دواتر ڕۆژنامـەنووس. کـاتێک ئەوە دێتـە دی پێشینەی نەژادی و ئێتنیکی و ئاینی و چینی و ئایدۆلۆجی زانیاری دەبەخشێتـە کارەکەیان بەڵام کارەکە ناسەپێنێت.

گومـانی هۆکێنبێریی ڕۆژنامەنووس لـەبارەی کاریگەری پەککەوتەی خـۆیەوە دەیسـەلمێنێت ئەمـە چۆن دەتوانێت کـاریگەر بێت. هۆکـێنبـێـری سـەردەمـێک خـۆی لـە ئەنجـامـدانی "هـەواڵ لەبارەی پەککەوتـەیی"یەوە دەپاراست، بەڵام دواتـر زانی ئەو دەتوانێت چ شـتـێک بخـاتە سـەر ئەو هەواڵانە. "کـاتێک چوومـە دێیتـڵاین بەرهەمـهـێنەرێک هاتە لام و گـوتی ئێـمـە بـەنیـازین هـەواڵێک، هـەواڵێکی کامێرای شاراوە، لەبارەی خاوەن پێداویستییەکانی تایبـەت لە ڕووی دامەزراندن و بەکرێگرتنیان بکەین... هـەرچەنـدە پاڵنەرەکانم کاریگەرییـەکان هـەبوو لەسـەر ئەو بابـەتەی کـە وەک هـەواڵنێـرێکی خـاوەن پێـداویسـتـیی تایبـەت هـەژمـار نەکـرێم، ئەو شـتـەی گـوتم ئەوە بوو: بەگـوێرەی ئەزمـوونم سـەبارەت بە جیاکاری، هەواڵەکە بێ سـوودە. من خەڵکانێک دەبینم کە بـەجۆرێکی هەڵـە تەماشـام دەکەن یان رەنگە جـۆرە بڕیارێک بدەن و من هـەرگیـز بەڕاسـتی تەواو تێ ناگـەم... چۆن کـاریگەری لەسـەرم دەبێت."

هۆکێنـبێری گـوتی"ئەم پیاوە گـەنجە (بەرهـەمـهێنەرەکە) کۆریایی ئەمـەریکاییەک بـەناوی جۆ ری گوتی "جۆن جیاکاری کاتێک روو نادات کە تۆ لەوێیت. ئەو ساتەی دەڕۆیت روو دەدات. هـەر بۆیەش ئێمە کامێرای شاراوەمان هـەیە". ئەنجامەکەی هـەواڵێک بوو کە پێشانی دەدا چۆن کۆمپانیاکان لە هـەر بارێکدا پیـاوێکی پەککەوتەیان لە پێناو بەکرێگرتنی پێشکێشکارێکی سـاخ فـەرامۆش دەکرد. "بەئاوێتـەکردنی کـاری هـاوبەشیـمان لە ژووری هـەواڵدا هـەواڵێک پێک هـات کە لە ڕاسـتیـدا شـتێکی بەسوودی بە ئەنجام گەیاند".

ئەزموونی هۆکێنبێری دەری دەخات ئامانجی ژووری هەواڵ تەنیا خولْقاندنی جۆرەوجۆرێتی بە ژمارە نییە لەم حاڵەتەدا هەواڵەکەی خاوەن پێداویستیی تایبەت نەدەبوو ئەگەر هەواڵنێری خاوەن پێداویستیی تایبەت بەتەنیا کاری کردبایە. ئامانجی بنەڕەتی لە جۆرەوجۆرێتیی ژووری هەواڵ ئەوەیە ژینگەیەکی تێکەڵی رۆشنبیری بخوڵقێنێت کە تێیدا هەر کەسێک سەرسەختانە پابەندی بیرۆکەی سەربەخۆییی رۆژنامەگەری بێت. ئەزموونە جۆرەوجۆرەکانیانن پێکەوە ئاوێتە دەبن بۆ داهێنانی گوزارشتێکی دەوڵەمەندتر لەو گوزارشتەی بەتەنیا بەرهەمی دێن. و لە کۆتاییدا ئەوە دەبێتە هۆی روانگەیەکی دەوڵەمەندتر و پڕتر بۆ جەماوەر سەبارەت بە جیهان.

رۆژنامەنووس خۆی بۆ کۆمەڵگە بەخت کردووە. مۆدێلەکە بێلایەن نییە. گوماناویش نییە. سەربەخۆش نییە. رۆڵی رۆژنامەنووس بەگوێرەی جۆرە سەرقاڵییەکی تایبەت خۆبەختکردن بۆ ئاگەدارکردنەوەی جەماوەر، بەڵام نەک رۆڵگێڕانێکی راستەوخۆ وەک چالاکوانێک پێشبینی دەکرێت. رەنگە ناوی لێ بنرێت "سەربەخۆییی ئاڵۆز".

گیل سێڵنی نووسیاری جێبەجێکاری تەمپا تریبیوون سەخت بیری لەم رۆڵە کردووەتەوە. سێڵن بەو بیرۆکەیەی گوایە رۆژنامەگەریی شارستانی بۆ بەیەکەوەگەیاندنەوەی رۆژنامەنووسان و کۆمەڵگەیە هەڵخەڵەتابوو، بەڵام ئەو هەروەها بۆ پاراستنی بنەمای سەربەخۆییی رۆژنامەگەری بەرەنگاری خاوەن ئیمتیازەکان بووەوە. ئەو لە کۆتاییدا وازی لە رۆژنامەیەکی دامەزراوەی نایت رایدر هێنا بەهۆی جیاکردنەوەی هەواڵ و بەرژەوەندییەکانی بازرگانی.

سێڵن رۆڵی رۆژنامەنووسانی وەک رۆڵی "چاودێرانی خۆبەختکردوو" وەسف کردووە. سێڵن روونی دەکاتەوە لەمەدا مەبەستی ئەوەیە رۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە دانەبڕاوە. رۆژنامەنووسان و پێداویستییەکانی هاوولاتییانی هاوڕێیان "پشتبەستوون بەیەکتر". ئەگەر کێشەیەکی سەرەکی لەناو شارێکدا هەبێت کە داوای چارەسەر بکات و دامەزراوەگەلی ناوچەکە لێیان کۆڵیبێتەوە "ئەرکی ئێمەیە وەک چاودێر ئەم پرۆسەیە بەدرێژایی بگوازینەوە". شتێکی نابەرپرسانەیە کە هەڕەمەکییانە رووماڵ بکرێت یان لەبەرئەوەی بێزارکەر دێتە بەرچاو فەرامۆش بکرێت. سێڵن پێی وابوو پێویستە رۆژنامەنووس خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەخت بکات و رێگەی ئەنجامدانی ئەو کارە بۆ رۆژنامەنووس ئەوەیە رۆڵی هەواڵنێرێکی بەرپرس بگێرێت.

بیرۆکەکانی سێڵن لە گوتەی رۆژنامەنووسانی تردا رەنگی داوەتەوە کە باس لە چاپەمەنییەک دەکەن زمانێکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەش دەخوڵقێنێت یان دەبێتە بەشێک لەو سریشەی کۆمەڵگە پێناسە دەکات و دەیلکێنێت بەیەکەوە. ئەمە ئەو تێگەیشتنە گونجاوەیە کە زۆر لە رۆژنامەنووسان هەیانە لەبارەی رۆڵی سەربەخۆییی ئاڵۆزەوە.

ساراسۆتا هێراڵد تریبیوونی فلۆریدا تەنانەت پەرەی بە پرۆگرامێکی داهێنەرانە دا بەناوی "پارێزگاری خوێنەر" لە هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لەوەی هەواڵنێرانی سەربەخۆ دەمێننەوە بەبێ ئەوەی دابڕێن. هەر رۆژنامەنووسێک لە دامەزراوە هەواڵییەکەدا وەک نوێنەری خوێنەران بۆ یەک هەفتە

کـار دەکـات و پێـوەندیی تـەلەفـۆنیی خـوێنەران وەردەگـرێت و دەیانگوازێتـەوە بۆ هـەواڵنێـر یان نووسیاری تایبەت و هەر پێوەندییەک بە تێبینیی یان سکاڵا یان پێشنیاز دەست تۆمار دەکات.

سێ سـاڵی بـرد تاوەکـو هـەمـوو کـارمـەندان کـارەکـە بکەن، بەڵام نووسـیـاری جـێـبـەجـێکاری رۆژنامـەکە لەو کاتەدا، جانێت ویڤر پێی وابوو کارەکە ئەوە دەهێنێت. کارمەندانی ئەو دەیانگوت تەنیا لە رێگەی گوێگرتن لە چۆنییەتی کاردانەوەی هاووڵاتییان بەرامبـەر بە رۆژنامەکە، ئەوان لە پێـوەندیی خۆیان لـەگەڵ خـەڵکی ناو کۆمـەڵگە وشـیـارتر بوونەتـەوە. ویڤر گـوتی "خـەڵکانێک هەن بەردەوام کاتێک ناوەکانیان دەردەکەوێت من زۆر دەترسم. من دەزانم ئەوان چۆن مامـەڵەم لەگـەڵدا دەکەن بۆیە تەنیا دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئەوان چۆن لەگەڵ جەماوەردا مامەڵە دەکەن". بەڵام کەسێک لەوبەر مـێـزەکـە دانیـشـتـووە کـە رۆڵی نوێنەری خـوێنەر دەکـات و زانیـاری دەبینێت بـەو چوار رۆژنامەنووسەی ئەرکەکە لە هەر مانگێکدا وەردەگرن.

رۆژنامــەنووسـانـی تریش پەرەیان بە رێگەی وێکچـوو داوە بـۆ دڵنیـابوون لەوەی ئەوان دەتـوانن پارێزگاری لە سـەربەخۆیی هزریی خۆیان بکـەن. پۆل تێیلـر، سەرهـەواڵنێری سـیـاسـیـی پێشـووی فـیلادێلـفـیا ئینکوایرر و واشـینتۆن پۆست رێگەیەکی پاش و پێشی بەکار دەهێنا. ئەو کاتەی ئەو هەواڵێکی پێ دەسپێردرا کە گوزارشکردنێکی تێروتەسەلی ویستبایە، تێیلر لە دەستـپێک لیدەکەی دەنووسی پێش ئەوەی هیچ شـتێک گوزارش بکات. پاشـان ئەو لیدەی لەگەڵ ئەوەیان کـە لە کۆتاییی گوزارشکردنەکە نووسـیبووی، بەراورد دەکرد. ئەگەر دوو لیدەکە یەکجار لێک چووبان، دەیزانی شـتێکی زۆری وەرنەگرتووە و رەنگە بەپێی پێویست گوزارشـی نەکردبێت و رەنگە تـەنیـا دووبارە بیروباوەڕی خۆی دارشتبێتەوە.

لە کـۆتاییـدا هیچ کـۆسـپـێکی سـەخت لە دژی هەر جـۆرە تێکەڵاوییـەکی کـەسـێنـی یان هزری رێخۆشکەرە نییە بۆ دڵنیابوون لەوەی رۆژنامەنووس سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، جا چ دەستەی سـیـاسی بێت چ جۆرێکی تر. لە کۆتاییـدا بە پلەی یەکـەم هەڵسـەنگاندنی باش و خۆبەخـتکردنی بەردەوام بۆ بنەمای دڵسۆزی بۆ هاووڵاتییـان رۆژنامەنووسـان لە لایەنگران جیا دەکاتەوە. خاوەنی بیـروباوەڕبوون نەک تـەنیـا رێگەپێـدراوە، نەک تەنیـا سـروشـتـیـیـە، بگرە بەسـوودیشـە بـۆ ئەو گومـاناوییـبوونە سروشتییـەی بەهۆیەوە هەر هەواڵنێرێکی باش لە هەواڵێک نزیک دەبێتـەوە. بەڵام دەبێت رۆژنامـــەنووس بـەڕادەی پێـویست زیرەک و راســتگۆ بێت بۆ تێگەیشـتن لەوەی بـۆچوون پێویستە لەسەر شـتێکی بەبناغەتری لـە بیروباوەڕە کەسێنییەکان دامەزرابێت ئەگەر بۆ مـەبەستی رۆژنامەگەری بەکار بێت. ئەوە پێوەندیی بەباوەڕکردن بە خـەڵک یان کۆمـەڵانی خەڵکەوە نییە. ئەوە پیـشـــەیەکـە لـەســەر بنەمـای گـوزارشـکردن و فـێـربوون و تێگەیشـتن و فـێـرکـردن دامــەزراوە. دروستکردنی بەربەست لەم پرۆسەیەی دۆزینەوەدا لە دواییدا بێ وەفاییە بەرامبەر بە جەماوەر.

گـرینگیی ئەم سـەربەخـۆییـیـە تەنانەت ئاشکراتر دەبێت کـاتێک ئێـمـە لە بەرپرسـیـارێتـیـیـە تایبەتەکەی دواتری رۆژنامەگەری واتە لە رۆڵەکەی وەک چاودێر دەکۆڵینەوە.

# ئاخۆ NGOکان
# دەتوانن هەواڵەکان بگۆڕن؟

سیلڤیوو وەیسبۆرد

بەشی دووەم

بارودۆخی دینامیک لە نموونە زۆرەکانی ڕێککەوتنی نێوان NGOکان و ڕاپۆرتنێراندا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەم ڕەنگدانەوەش لەو شوێنانەدایە کە NGOکان بیرۆکەی داستان دادەڕێژن، ڕەوتی کۆکردنەوەی زانیاریی بەڕێوەبەری و شیکاری دەکەن و هەروەها زانیاری لە شکڵی "پڕهەواڵ"دا ڕێک دەخەن. لە هەندێ جاردا، ئەوان لە ڕەوتی پڕکردنەوەی ئەو داواکارییەی بۆ زانیاریی حکوومەتی هەیە و هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە کاتگرەکانی تردا، پشتیوانی لە ڕاپۆرتنێران دەکەن. ڕاپۆرتنێران ماکەکانی خاوەن بەهای هەواڵی پێناسە دەکەن، دواتر ئۆگرییەکانی سەرنووسیاری بەراورد دەکەن و پاشان لە پێناو نووسینەوەی ڕووداوەکان خەبات دەکەن و کراوەییە لواوەکان دەناسێنن.

چ شتەیەک لە کەڵک وەرگرتن لە NGOکاندا وەکو سەرچاوەی هەواڵ سەرنج ڕاکێشە؟ بۆ ڕۆژنامەنووسان، NGO کاریگەرەکان ئەو یارمەتییە بەهادارە دابین دەکەن کە بە هۆیەوە کێشە ڕاستەقینەکان چارەسەر دەکەن. لە جەرگەی هەنگاوی پڕ جموجۆڵی هەواڵسازی ڕۆتینیدا، ڕاپۆرتنێران پێویستیان بەسەرچاوەی متمانە پێکراو و دەست پێراگەیشتنی ئاسان بە زانیاریی زیندووە. بە دڵنیاییەوە، وەها داخوازیگەلێک هاوبەشن و ئەمە تەنیا ڕاپۆرتنێرانی ئەمەریکای لاتیندا ناگرێتەوە. هێشتا بارودۆخە دیاریکراوەکانی کاری هەواڵ لە ناوچەدا پێویستیان بە زانیاریی خێرا، متمانە پێکراو و بەجێی زیاتر و زیاترە. ئەوە ئاسایی نییە کە ڕاپۆرتنێران لە چەند

..........................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

دامــەزراوەی هــەواڵ وێکڕا کــار بکەن. بەرنـامـەدارِشـتنی درێژمـاوە بۆ دامــەزراندن و ڕووداوەکــان، زریقــە و بریقــەدارە. کــات و ســـەرچاوە بـۆ ڕاپۆرتە لێــپـرســـینەوەییــە قــووڵ و بـەرینەکــان (ئەو ڕاپۆرتانـەی بە قـووڵی و بە شـێـوەیەکی شـیکارییـانە دەچنە نێـو قـووڵایی بابـەتەکـەوە) بە زۆری دەگمــەنن. لە نێـو ئەم بـارودۆخـەدا، ڕاپۆرتنێـران بـە گـشـتی بەبێ کـاتی تەواو بۆ کـۆکـردنەوەی فـاکتـەکان و پێداچوونەوە، وەدووی "داسـتانی ڕۆژ" دەکەون و سەرنـووسیـارانیش وەک بەڕێوەبەری NGOیەکی مـەکسیکی باسی دەکات، بە گشتی وەکو "لێپرسێنەری هـاتوچۆ"ی ڕووداوگەلێک کـار دەکەن کە بە ڕوانینێکی جیاوازەوە وەدووی "لا کۆیونتۆرا"، واتە زانیـاریگەلێک کە بەسـەر سـووڕی هـەواڵـەکـانی ڕۆژنـامـــەکــانـدا زاڵن، دەکــەون. NGOگــەلێک کــە یارمـــەتیی چارەســـەرکــردنی کـەمـوکـووڕییـەکـانی کـات و پارە دەکـەن، کـاتێک سـاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مـاوەی دیاریکراو و داستانە دارِێژراوەکان دێ، سەرنج ڕاکێشن.

بۆ ڕۆژنامەنووسان، NGOکان بەپێی بیاڤی کاری و دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕۆڵگێڕانی ســەرەکـیی سـیـاســەتدا لە هـەر وڵاتێکدا، هێـزی جیـاوازیان هەیە. لە کـاتێکدا، چالاکـانی NGO "جـەمـاوەری"یەکـان لە گەڕەکەکان و کۆمـەڵگەکاندا، لەمـەڕ پرسـەکان و کۆمـەڵگەکانەوە زانیـاریی دەسـتی یەکـەم پێـشـکێش دەکـەن، NGO تەکنیکییـەکـان بـە شـێـوەی جـۆرەوجـۆر لەمــەڕ بـابەتە دیاریکراوەکــان ئـەزمــوون و داتایان هـەیە. ئەوەی یـەکــەم، بۆچـوون و بەڵگەکــان لە شـــارۆمـــەندە ئاساییەکان دابین دەکات، ئەوەی دواتریان کۆمەڵێک پرسی ڕەخنەگرانە تاوتوێ دەکات و داتاکان نوێ دەکاتـەوە. چونکە ڕووداوە جیـاوازەکـان پێـویستـیـان بەجۆرە جـیـاجیـاکـانی زانیـاری هـەیە، هـەردووکیان لەوانەیە بە ئەندازەی یەک پێویست بن.

بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان لەبارەی NGOکانەوە لە بۆچوونیان لەمەڕ دەوڵەتەوە جیاواز نییە، وەک ئەوەی هـەردووکیان، بەسـەر سـەرچاوە زاڵەکانی زانیـاری و گـۆڕەپانە ناوەندییـەکانی ڕکـەبەرایەتیی سـیاسـیدا دەسـەڵاتدارن. بەگشتی، ئـەوان زانیارییەکانی NGO تەکنیکییەکان زیاتر لە داتاکـانی ئاژانسـە فەرمـییەکان بە شـایانی بەسـتراوەیی دەبینن (Calvo, 2009). لە سـەرانسـەری ئەمەریکای لاتیندا، ئەوە بۆ زانیــاریی دەوڵەتی نائـاســایی نیـیـە کـە بەهـۆی خـەباتی پارتیــزانی و ملمــلانێی تاکەکەسییـەوە ڕەنگی کـاڵتر ببێتـەوە (لە بایەخی کـەم ببێتـەوە). بۆرۆکراسییـە حکوومـەتییەکان (هێندێ جـار بە کــاغـەزبـازیی نێـوان دایرە حکوومــەتیـیـەکــان ناوزەد کـراوە) بـە کـەمی هـێـزی تەکنۆکــراتیکن یان بـە کــەمـی هێندێ پاشـــمـــاوەی کــادیرە کـارنـاســـەکــان لـە هەوڵە زۆرەملێ پارتیـزانیـیـەکـان پارێزراون. ناکـرێ دیموکـراسـیـیـەکـانی نـاوچە لەگـەڵ مـۆدێلی ئـەو ڕێکخـراوە سیاسییانەی بەهۆی کارناسانەوە بەڕێوە دەچن، بە گونجاو بزانین کە بەسـەر هـەواڵـەکان و بابەتە گـشـتـیـیـەکـانـدا زاڵن. لە جـیـاتیی ئـەمـە، بەسـیـاسـیکردنی ئاژانسـە دەوڵەتیـیـەکـان و لاوازیی سـیستـمـەکانی خزمـەتگوزاریی شـارۆمـەندی زاڵ بوون و لەبەر ئەمـە، کەڵکی نابەجێ وەرگـرتن لە زانیارییە بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ مەبەستە پارتیزانی و تاکەکەسییەکان ئاسان بووە.

ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بەوە نییە زانیاریی NGO وەکو شتێک لە دەرەوەی بازنەی ئایدیۆلۆجییەکان یان ئۆگرییە تاکەکەسییەکان سەیر بکەن، هێشتا ئەوان بەپێی ئەوەی چۆن NGOکان لە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتییەکان، حزبە سیاسییەکان و سیاسەتوانە کارتێکەرەکان هەڵوێست دەگرن، جیاوازی دادەنێن. بەستراوەییی نێوان NGOکان و گۆڕەپانی سیاسی، تەواوەتیی بوارەکە وەگەڕ دەخات. هەندێ لە دامەزراوەکان بە شێوەیەکی کەم بایەخ سەیری "کلاسی سیاسی" دەکەن. ئەوانی تر بە هۆی سیما و ئایدیۆلۆجیی سیاسیی دیاریکراوەوە پێناسە کراون. ئەوانی تر بەشێوەیەکی ستراتیجیک لەگەڵ سیاسەتوانان دەستیان تێکەڵاو کردووە، لە حاڵێکدا دیسانیش مەودایەکی پارێزگارانەیان پاراستووە. گرێدراوی بەپێی گۆڕانکاری لە بارودۆخەکان و دینامیکی سیاسی، لەوانەیە بپچڕێ یان بەهێز بێ (March, 2008).

سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی وتووێژم لەگەڵیان کردووە، ئەوەیان قبووڵە کە NGOکان بەگشتی لە بەراورد لەگەڵ ئاژانسە حکوومەتییەکاندا، زیاتر متمانە پێکراو و سەرچاوە کارای زانیارین (Calvo, 2009; Jacquelin, 2009). نەبوونی ڕەوتە کاریگەرەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی فەرمی هاوکات لەگەڵ پێکهاتەی پێچەڵاوپێچ و بەڕێوەچوونی کەم خێراییی بۆرۆکراسییە حکوومەتییەکان، دژوارییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ ڕۆژنامەنووسان لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری لە دەورەیەکی زەمەنیی کورتدا دروست دەکات. NGOکان، لە جیاتیی ئەوە، دەست پێڕاگەیشتن پێیان ئاسانترە و کاراترن. بەهۆی ئەوەی NGOکان وشیارترن، ئەوان بەگشتی زانیارییەکان بەشێوازێکی کاتبەندی دابین دەکەن. جگە لەمە، NGOکان بەگشتی داتاگەلێکی هەنووکەیی و گشتگیر دەپارێزن و زۆرجار خێراتر لە نووسینگە دەوڵەتییەکان دەتوانن وتەبێژەکان ڕیزبەندی بکەن.

## نەگونجاویی لۆجیکە پرۆفیشناڵەکان

پێوەندییەکان هەموو کات بەشێوەی دەستێکەڵاوکردن نییە. بەرپرسانی NGOکان چەندین ڕەخنەیان هێناوەتە بەرباس کە ماکە سەرەکییەکانی لۆجیکی ڕۆژنامەنووسی دەپێکن. ئەوان ڕەخنەیان لە بەها هەواڵییەکان گرتووە کە بەسەر ڕەهەندەکانی دراماتیک، موناقشەخوڵقێن و هەستبزوێن پلەبەندی کراون. ئەو NGOگەلەی لە بواری مافەکانی ژناندا کار دەکەن، ئەو تۆمەتە دەخنە ڕوو کە توندوتیژیی بنەماڵەیی بەگشتی پتر لەوەی وەکو پرسێکی گشتی ڕووماڵ بکرێ، وەکوو زنجیرەیەک تاوانی پەراوێزخراو ڕووماڵ دەکرێ (Lagunes, 2009)، یان زیاتر ئەو کاتە ڕووماڵ دەکرێ کە پای سیاسەتوانانە پلە بەرزەکان و کەسە ناودارەکانی بواری سەرگەمی تێیدا گیرە تا ئەو کاتەی پای ژنانی ئاسایی. NGO ژینگەپارێزەکان بەداخن کە داشۆرانەکانی خاکی کەناری دەریا تەنیا دوای کارەساتە سروشتییەکان دەبنە هەواڵ (Green Gonzalez, 2010). ئەو NGOگەلەی تەرکیزیان کردووەتە سەر هەژاریی گوندەکان، لەوە دەناڵن کە بارودۆخی دراماتیکی

قوتابخانه گوندییەکان تەنیا لە سەرەتای ساڵی خوێندندا دەکرێتە هەواڵ (Dutton, 2010).

بەرپرسانی NGO هەروەها لەوە دەناڵن کە ئاراستەداریی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی ڕاگەیێنە شارییەکان، هەواڵەکان بەلاڕێدا دەبەن. ئەو پرسانەی بەشێوەی بنەڕەتی لەسەر حەشیمەتی وەپەڕاوێزخراو لە باری کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری دادەنێن، بەتایبەت لە ناوچە گوندییەکان و ئەو ناوچانەی دانیشتوانی لە گرووپە خۆجێیییەکان پێکهاتوون، بە کەمی دەکرێنە هەواڵ. نەخۆشییەکان (بۆ نموونە سیل، تاوی ئێسک شکێنەر، چاگاس)، وە مەترسیی کەوتنەکانی لەشساخی (بۆ نموونە، مردنی دایک و منداڵ) کە بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ لەسەر حەشیمەتە هەژار و گوندییەکان کاریگەری دادەنێن، بە دەگمەن سەرنجی ڕاگەیێنە هەواڵییەکان رادەکێشن Loewy, 2009; Roman, 2009. لە جیاتیی ئەمە، ئەو ڕیسکە لەشساخییانەی کە بەگشتی لەسەر وەرگرە سەرەکییە ڕاگەیێنییەکان (ئەو توێژەی خوێنەر یان بینەری ڕاگەیەنەکانن) کاریگەری دادەنێن، زیاتر پێ دەچێ ببنە هەواڵ. لە حاڵێکدا دەستپێڕاگەیشتن بە پەروەردە لەنێو حەشیمەتە هەژارەکان و باری چۆنایەتیی قوتابخانە گوندییەکان بە کەمی دەبنە هەواڵ، مانگرتنی مامۆستایان کە کاریگەری لەسەر سیستمەکانی قوتابخانەی شاری دادەنێن، بەشێوەیەکی بەرین ڕووماڵ دەکرێن. هەر بەو شێوە، ئاسایشی گشتی ئەو کاتە زیاتر پێ دەچێ سەرنجی چاپەمەنییەکان ڕابکێشێ کە تاوانەکان لەسەر شارۆمەندە دەوڵەمەندەکانی شار کاریگەری دابنێن. بەرپرسانی NGOکان وەبیر دێننەوە کە هەلومەرجی سەرنووسیاری هێندێ جار بەربەست دروست دەکەن Jusidman, 2009; Romero Leon, 2009 هەواڵسازی لەبارەی ئاریشە گرێدراوەکانەوە بە ئۆگرییە ئابوورییەکانی کومپانیاکانی هەواڵ، ئەندامانی دەستەی نووسیاران و ستوونووسە بەرچاوەکان لە ڕادەبەدەر دژوارە. بۆ چالاکانی ئەرجەنتین، ڕووماڵکردنی جاروباری کارە دژە ژینگەیییەکان کە بە هۆی بەرینبوونەوەی کەڵک وەرگرتن لە سۆیا و "پەرەپێدانی دەرهێنانی کانگا" لەنێو وڵاتدا بەڕێوە دەچن، ئۆگرییە لێک تەنراوەکانی دامەزراوەکانی هەواڵیان لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی پێگەیان لەو ناوچانەدایە کە بەروبوومی زۆری کشتوکاڵی و گرووپگەلی بازرگانیی کشتوکاڵیان هەیە (Napoli, 2010).

لە حاڵێکدا هێندێ ڕۆژنامەنووس ئەوەیان قبووڵە کە زۆربەی ڕەخنەکان ڕاستن، ئەوانی تر لە مل خۆیانی دەکەنەوە. ئەوان ماکەگەلێکی جۆرەوجۆری لۆجیکی ڕۆژنامەوانی بۆ نەرمکردنەوەی بڕیارەکان وەبیر دێننەوە. لە باری خۆڕێکخستن لەگەڵ پێشنیازەکان، زانیاری و ڕێنوێنییەکان، ڕۆژنامەنووسان دەڵێن کە دیاریکردنی بەها هەوالییەکانیان گرینگترین مەسەلەیە. بەهۆی ئەوەی کە هەژاری، پیسیی ئاووهەوا و لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا هەن، داستانەکان پێویستیان بە ماکەگەلی نوێیە (Camps, 2008). بەڵگەمەندکردنی ژیانی دژواری ملیۆنان شارۆمەند کە لە بێبەشییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوت ئازار دەچێژن، لەوانەیە گرینگ بێ، بەڵام دۆزینەوەی ئەوەی کە "هەواڵ چییە" گرینگترینە. لەنێو رکابەرایەتیی توند بۆ شوێنی

نێـوەخـۆیی (رکـابەری بۆ دەرکـەوتن لە لاپەڕەکـانی ڕۆژنامـەکـان) و لەوپەڕ بیـاڤـەکـانی هـەواڵەوە، زانیاریگەلێک کە ماکەکانی بەهای هـەواڵییان تێدا نییە، پێ ناچێ بکرێنە هـەواڵ.

هـەورەها، ڕۆژنـامـەنووسـان دەزانـن کـە هـێندێ پرس زیاتر پێ دەچێ لەگـەڵ گـرفـتـە سەرنووسیارییەکان تێگیرێن، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ بارودۆخەکانی سەرنووسیاری نەگونجێن یان ئەگەر ڕووبەڕووی ئۆگرییە نێوەخۆیییەکان ببنەوە. هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە داخوا داستانەکان جێی ئۆگریی وەرگرە سـەرەکییەکانی دامـەزراوە هەواڵییەکانیانن، نیگەرانییەکی باوە، وەک چۆن دیاریکەری ئەوەیە کە گەلۆ زانیارییەکان لەگەڵ پێویستییەکانی ڕاگەیێنەکانیان دێنەوە یان نا. ڕاپۆرتنێران دەتوانن بۆ داستانگەلێکی دیار هەوڵ بدەن، ئەمە ئەوان دەڵێن، بەڵام ئەوان پێویستیان بەوەیە لەمەڕ ناوبانگ و چاوەڕوانییەکانی ژووری هەواڵ هەستیار بن، ڕاستییەک کە زانیاریی NGOکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بەگشتی وەکو "پڕکەرەوەی زانیاری" دەناسێنێ (Moralejo, 2009). ئەوان بەقەدەر هەواڵە "گەرم"ەکان درک پێکراو نین کە دەکرێ بکرێنە مانشێت، دەکرێ سەرنجی خوێنەران و وەرگران و پەسندی زاڵی پرۆفیشنالی ڕابکێشن و خۆراکی بابەتە ناوەندییەکانی موناقشەکان لەسەر بڕیارە سەرنووسیارییەکان لەمەڕ پێ ئەسپێردراوەکان و هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەم دابین بکەن.

وەها جیاوازیگەلێک لە پێوەندییەکانی نێوان سەرچاوەکان و ڕاپۆرتنێراندا نائاسایی نین. ئەوان ئۆگـرییـە ناهاوچەشنەکـان و کـاری سـەرەکـیی دامـەزراوەکـان لەوپەڕ NGOکـان و ڕاگـەیێنە سـەرەکـیـیـەکانەوە ڕەنگ دەدەنەوە. بەرپرسـانی NGOکـان ڕاپۆرتنێـران بە پێبـەندی بە لۆجـیکی ڕۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵ لە جیاتیی ڕووماڵکردنی ئەو ئاریشانەی پێوەندییان بە ژیانی گشتییەوە هەیە، تۆمەتبار دەکەن. ناکامییەکەیان لە بنەڕەتڕا لەگەڵ ڕوانگەی بەلارێدابەرانە بۆ جیهانە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە پێشکێش دەکرێ. ڕۆژنامەنووسان داکۆکی لە بڕیارەکانیان لە گۆڕەپانەکەدا دەکەن و دەڵێن تەنانەت ئەگەر ئەوان بۆ ڕووداوگەلێکی دیار دژی خەمساردی یان وەکو بەرهەڵستی سەرنووسیاری هەوڵ بدەن، پێویستیان بە ڕەچاوکردنی نۆرم و پراکتیکە دامەزراوەییەکانە.

## NGOکان، هەواڵەکان و بژاردە سیاسییەکان

بۆ تێگەیشتن لە پێوەندیی نێـوان NGOکـان و دامـەزراوەکـانی هەواڵ، ناسـینی پێگەی زاڵی سـیاسـەتوانە بەرچاوەکـان وەکـو هەواڵسـاز گـرینگە، وەک چۆن ناسـینی پرسـتـیـژی هـەواڵە سیاسییەکان لە کولتووری ڕۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵدا گرینگە. هەڵکەوتەی بەرپرسانی سیاسی لە بەرامبەر پرسە دیاریکراوەکاندا، بەسەر دوورەدیمەنی هەواڵسازیی NGOکان کاریگەری دادەنێ. بە ئاسانی، چانسەکانی هەواڵسازی بەهێزن ئەو کاتەی NGOکان لە نێوان بژاردە سیاسییەکاندا هاریکاریی درک پێکردن دەدۆزنەوە، بەتایبەت لە نێوان ئەو بەرپرسانەی دەسەڵاتی هەواڵسازییان

هەیە. لە جیاتیی ئەمە، دوورەدیمەنەکە کاڵتر دەبێ ئەو کاتەی NGOکان ئۆگریی بەهێز لە نێوان بژاردە سیاسییەکان نادۆزنەوە، یان ئەو کاتەی تەنیا پشتیوانیی ئەو بەرپرسە گشتییانە بەدەست دێنن کە دەسەڵاتی هەواڵسازییان نییە. هەروەک چۆن لێککاردن لەگەڵ بژاردە سیاسییەکان و حکوومەت بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریدانانی سیاسی لە ئەمەریکای لاتیندا چارەنووسسازە (Forewaker, 2001)، ئەمە بۆ هەواڵسازیش مەسەلەیەکی بنەماییە.

توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیێنەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە لە بواری NGOکانەوە، هیچ کامیان بە شێوەیەکی پڕ بەپێست ئەم پێوەندییەیان شیکاری نەکردووە. زۆربەی ئەم ئەدەبیاتە، وەک هێندێ نووسیار بە دروستی قبوولیانە Bebbington, Hickey, &Mitlin, 2008;Edwards, (2009)، بارودۆخی ناکۆکی نێوان ئەنجوومەنە کۆمەڵایەتیی مەدەنییەکان و حکوومەتیان زەق کردووەتەوە. ئەنجوومەنە مەدەنییەکان وەکوو شوێنی هاریکاریی هاوڵاتییان و بەردی بناغەی دیموکراسی بەپێویستییەکی "باش" لە قەڵەم دەدرێن، و حکوومەتیش بە شێوەیەکی نەرێنی دەبینرێ چونکە کارکردی سوودمەندیی بازاڕەکان بەلاڕێدا دەبا (بۆ ئاسۆگەی بازاڕی ئازاد) یان وەکو ئامرازی زاڵبوونی ئابووری ـ سیاسی کار دەکات (بەبۆچوونی مارکسیست ـ پێکهاتەگەراکان). وەها بۆچوونێکی دووفاقیانە تەنیا بەشێوەیەکی ئاسایی پاساوهەڵگر نییە و هەم چەندین جۆری پێکەوەهەڵنەکردن و دژە پەرەپێدانگەرایی لە کۆمەڵگەی مەدەنیی لێ دەکەوێتەوە و هەم پۆتانسییەلی سیاسەتە حکوومەتییەکان بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤی لێ بەرهەم دێ. ئەوە هەروەها لە باری شیکارییەوە کەموکوورە، چونکە هەم بۆ ناسینی جیاوازییەکانی نێوان ڕێژیمە سیاسییەکان و هەم جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵە سیاسەتەکان بێ توانایە.

بە ڕوونی دیارە، پێوەندیی نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکوومەت لە ڕێژیمە سەرەڕۆکان و ڕێژیمە دیموکراتیکەکاندا وەک یەک نییە. ڕێژیمە دێموکراتیکەکان، کەلێنە سیاسییەکان و جیاوازییە ئایدیۆلۆجیکییەکان لە دەسەڵاتە دەستوورییەکاندا دەخەنە ڕوو کە لە دەورانی دیکتاتۆریی نیزامیدا بوونیان نییە. لە ١٩٨٠کانەوە، حزبە سیاسییەکان نیشاندەری نیوبازنەیەکی بەرینی ئایدیۆلۆجییەکانن کە پێکەوە ڕکەبەری دەکەن و بارودۆخە دەوڵەتییەکان لە دیموکراسییەکانی ئەمەریکای لاتیندا ڕادەگرن. لە ئاستی نەتەوەییدا، دەسەڵات لە لیبراڵەکانەوە بۆ پارێزگاریخوازەکانی بازاڕی ئازاد و بۆ پۆپۆلیستەکان کە جۆرەوجۆرییەکی شایانی سەرنجیان لە سەرانسەری وڵاتەکاندا هەیە، دەستاودەست دەبێ. لە ناسیۆنالیستەکانەوە تا سۆسیالیستەکان، لە داکۆکیکارانی مافەکانی خەڵکی خۆجێیی تا لیبراڵە میانڕۆکان، لە خاچپەرستە یاسا ڕەچاوکەرەکان تا پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان ـ کۆمەڵێک کەسایەتی و حیزبی سیاسیی جیاواز لە باری ئایدیۆلۆجیکەوە دەسەڵاتدار بوون. بۆ خۆبواردن لە وەها پێک نەگونجاوییەکی سیاسی بەسەر جیاوازییە ماناداراەکانی نێوان بژاردە سیاسییەکان و دەسەڵاتداران کە لەسەر ئامانجەکانی هەواڵسازیی NGOکان کاریگەری دادەنێن، باز دەدرێ.

خاڵی سەرەکی، زەقکردنەوەی شاعیرانەی جۆرەوجۆریی ئایدیۆلۆجیک یان پلۆرالیزمی رکابەرخوازی دیموکراسییەکانی ئەمەریکای لاتین نییە. زیاتر، پێشبینیی پێویستبوونی لێڕوانینێکی شیکارانەی هەستیار بەنیسبەت جیاوازییە ئایدیۆلۆجیکییەکان و شەڕی نێوان بژاردە سیاسییەکان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی دەستێکەڵاوییە هەواڵسازییەکانی نێوان بەرپرسانی گشتی و NGOکانە. هەروەک چۆن NGOکان لەگەڵ رۆژنامەنووسان یەکەتی پێک دەهێنن، زۆرێک بەدوای پشتیوانیی بژاردە سیاسییە دیارەکانەوەن. هۆکارەکەی سادەیە: سەرکۆمارەکان، ئەندامانی کابینەی دەسەڵاتدار و ڕێبەرانی کۆنگرە هێزێکی هەواڵسازییان هەیە کە NGOکان لێی بێبەشن.

تاوتوێی دوو نموونە لە ئەرجەنتین. NGO ژینگەپارێزەکان لەگەڵ یاسادانەرگەلێک بەشێوەیەکی نزیک کار دەکەن کە پشتیوانی لەو یاساگەلە دەکەن کە بۆ پارێزگاری لە سەرچاوە سروشتییەکان داڕێژراون و دەستێکەڵاویی دەسەڵاتداران و کۆمپانیا مەزنەکانی کانگادەرهێنان و کشتوکاڵ لە قاو دەدەن (Brukman, 2009; Girolami, 2009). لە ٢٠٠٧دا، نوێنەری پەرلەمان، میگوێل بۆناسو (سەرۆکی کۆمیسیۆنی سەرچاوە سروشتییەکان) گەڵاڵەیەکی (لەژێر ناوی "یاسای دارستانەکان") پێشکێش کرد کە تەرخانکردنی بودجە بۆ پاراستنی دارستانەکان و قەدەغەکردنی کەمتەرخەمی لە هەمبەر وەبەرهێنانی داری پێشنیاز دەکرد. گەڵاڵەکە داواکاریگەلێکی درێژخایەنی لەلایەن NGOکانەوە بەدواوە بوو، کە دژی پەرەگرتنی بێ وێنەی بازرگانیی مەزنی کشتوکاڵ لە ناوچە دارستانییەکان وەجموجۆڵ کەوتن، بەتایبەت لە باکوری وڵاتدا. وەک چاوەڕوان دەکرا، نوێنەرانی پەرلەمان لە پارێزگا باکورییەکان، لەوانە ئەندامانی بلۆکی زۆرینەی "پێرونیست"، گەڵاڵەکەیان رەت کردەوە. ئەوان گەڵاڵەکەیان لە بوارگەلێکدا رەت کردەوە کە دەربڕی ئۆگرییەکانی "ترەمپس" بوو کە ئاماژەیە بە NGO ژینگەپارێزەکان (Clarín, 2007). بۆناسۆ هەروەها لە رەوتی باسە سەرەتاییەکان لەمەڕ بەناو "یاسای چۆمە سەهۆڵییەکان"دا ڕۆڵی ڕێبەری گێڕا. یاساکە بەدوای بیمەکردنی پاراستنی چۆمە سەهۆڵییەکان بەهۆی ناوزەدکردنیان وەکو "سەرچاوەی ئاوە ستراتیژیکییەکان"، قەدەغەکردنی "مەترسی" چالاکییە پیشەسازییەکان، داواکاری بۆ نرخاندنی کاریگەریی ژینگەییی چالاکییە کانگاییەکان و سەپاندنی سزا بەسەر پێشێلکاران بوو. گەڵاڵە پێشنیازکراوەکە لە جەرگەی پەرەگرتنی "دەرهاویشتنی کانگا" لە پارێزگاکانی زنجیرە کێوەکانی ئاند خرایە ڕوو، واتە لە دەورانی ڕێککەوتنێکی دوولایەنە لە نێوان ئەرجەنتین و شیلی بەمەبەستی پەرەپێدانی کەڵک وەرگرتن لە کانگا و نارەزایەتیی مەدەنی دژی دەوڵەتە ئەیالەتی و نەتەوەییەکان و کۆمپانیاکانی کانگا دەرهاویشتن.

لە هەردوو نموونەکەدا، NGOکان لە داڕشتنی رەشنووسی گەڵاڵەکان و پەروەندەسازی بۆ پاراستنی یاسایی ("recursode amparo") دژی سەرکۆمار کریستین فێرناندێز دێ کرچنێر هاریکارییان کرد، سەرکۆمار یاسای "چۆمە سەهۆڵییەکان"ی کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا بە زۆربەی

دەنگ لە کۆنگرێس پەسند کرابوو، ڤیتۆ کرد. یاسادانەرەکانی لایەنگری ژینگەپارێزی بۆچوونێکی هاوڕایان لەگەڵ ئەو NGOگەلە هەبوو کە لە دژایەتی لەگەڵ بەرپرسانی بالای تردا بوون، وەک وەزیری کاروباری ژینگەپارێزی، هۆمێرۆ بیبیلۆنی کە لە وتاردانی ساڵانەیدا پێداگرانە پرسیاری خستبووە سەر ئەوەی کە NGOکان بەشێوەیەکی کاریگەر نوێنەری شارۆمەندان بن (Ves Losada, 2008). بەرپرسانی NGO ژینگەپارێزەکان لەگەڵ ئەوەن کە بۆناسۆ و یاسادانەرە درکپێکەرەکانی تر لە رەوتی بەرەوپێشبردنی ئەجێندا یاساییەکان و ڕاکێشانی سەرنجی ڕاگەیێنەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. هێزی هەواڵسازیی بۆناسۆ لە چەندین هۆکار سەرچاوە دەگرێ: وێڕای ئەوەی کە سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی وەئەستۆ بوو، ئەو ستوونووسێکی کاریگەر و دامەزرێنەری "Página/12"ی چەپگەرا بوو و ئەو هەڵوێستانەی لە ئەستۆ بوو کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامی حزبە هاوتاکەی و هاوپەیمانی پێشووی سەرکۆمار، فێرناندز دێ کرچنێر، دژایەتیی دەکرد.

هەروەها، NGOکان و بژاردە سیاسییەکان لە هەواڵسازی لەبارەی کۆنترۆڵی تەمباکۆ دەستیان تێکەڵاو کرد. ALIAR (The Alianza Libre de Humo de Tabaco)، بەرەیەکی پێکهاتوو لە زیاتر لە حەفتا NGO کە بۆ توندکردنی سیاسەتەکانی کۆنترۆڵی تەمباکۆ خەباتیان دەکرد، لە ساڵی ۲۰۰۷دا دامەزرا. زۆربەی ئەندامانی، لەوانە بەڕێوەبەری بەرەکە، لەگەڵ وەزیری پێشووی لەشساخی، گینێز گونزالێز گارسیا,Schoj, 2009) کاریان کردووە. تەنانەت سەرەڕای ئەوەی وەزیرانی پێشووی کاروباری لەشساخی پشتیوانیی یاساگەلێکی بەهێز دژی تەمباکۆ بوون، سەردەمی بەرپرسایەتیی گونزالێز گارسیا، بۆ مێژووی کۆنترۆڵی تەمباکۆ لە ئەرجەنتین گرینگ بوو. ئەو بەشێوەیەکی زیرەکانە لە مینبەری قەشەییەکەی بۆ داواکردنی توندوتۆڵکردنی سیاسەتەکانی کۆنترۆڵی تەمباکۆ و تۆمەتبارکردنی یاسادانەرەکانی ئەو پارێزگاگەلەی پیشەسازیی تەمباکۆ تێیاندا پەرەی گرتووە و دژی وەها بەربەستدانانێک لە بەردەم بازرگانی تەمباکۆدا بوون، کەڵکی وەرگرت و لەگەڵ سەرکۆمار نێستۆر کرچنێر لە ماوەی ئامادەبوونی گەلاڵەکە کە نێردرابووە کۆنگرە هاوکاریی نزیکی هەبوو.

هێزی هەواڵسازیی بەرپرسانی سەرەکیی دەوڵەت و بڕیارە هاوڕا پەرلەمانییەکان یارمەتیی هەوڵەکانی ALIARی بۆ بەردەوامبوونی پرسی کۆنترۆڵی تەمباکۆ لە هەواڵەکاندا دا. گونزالێز گارسیا بە ڕۆژەڤبوونی زەقبوونی گشتیی پرسە پێوەندیدارەکان بە تەمباکۆی لە ڕێگەی دەرکەوتنی بەردەوامی ڕاگەیێنییەوە ڕاگرت (Schoj, 2008). هەروەها، ALIAR لە ڕێگەی کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕووداوگەلێکی ترەوە بۆ پاراستنی بابەتی کۆنترۆڵی تەمباکۆ لە هەواڵەکاندا هەوڵی دا. بڕیارەکانی یاسادانەر "ڤێس لۆسادا" هەم لە ئاستی ئەیالەتی و هەم لە ئاستی شارەدارییەکاندا ـ حەوت پارێزگا و پتر لە دەیان شار لە نێوان ساڵەکانی ۲۰۰٦ تا ۲۰۰۸دا توندترکردنی یاساکانی تەمباکۆیان پەسند کرد ـ وەکو بیانووی هەواڵی کەڵکیان لێ وەرگیرا. دوای ئەوەی ئەیالەتەکان و شارەکان یاساکەیان پەسند کرد، ALIAR بەڕێوەچوونی یاساکانی

مۆنیتۆرینگ (نمایشدان) کرد، بۆ ئەم کارە کەڵکی لە دۆزینەوەکانی بەرهەمهێنانی مادەگەلێکی خاوەن بەهای هەواڵی وەرگرت. ئەم دوو وێنە بەڵگەی خستنەڕووی ئاکامگیرییەکی گشتگیر لەبارەی پێوەندیی نێوان NGOکان، هەواڵەکان و بژاردە سیاسییەکان پێشکێش ناکەن، بەڵام ئەو نیشانی دەدەن کە هاریکاریی هەواڵسازی لە نێوان دامەزراوە مەدەنییەکان و بژاردە سیاسییەکان کارێکی لواوە.

## لەوپەڕ باسەوە

ئەزموونگەلێک کە لێرەدا جێی باسن، دوو پەرەگرتنی گرینگ ڕەنگ دەدەنەوە: بەپرۆفیشناڵکردنی لێڕوانینی NGOکان بۆ هەواڵسازی و یەکەتیی پرسی سیاسەتە میدیاییەکان. ئەم پەرەگرتنانە بۆ تێگەیشتن لە NGOکان و هەواڵەکان لە ئەمریکای لاتین و بەشێوەیەکی بەرینتر، بۆ شیکاریی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیێنەکان لە دیموکراسییەکانی سەردەمدا چارەنووسسازن.

بە زیادکردنی لێڕوانینێکی پرۆفیشناڵ بە هەواڵسازی، NGOکان لە نەریتی هەواڵسازیی مەدەنی لە ناوچەکە لادەدەن. بەشێوەی مێژوویی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە چالاکگەراکان بۆ گەیاندنی داخوازییەکان و شوێنە پەروەردەکراوەکان بۆ دەربڕینی گشتی، بەگشتی پەنایان بردووەتە بەر"ڕووداوە جیابیرەکان" و ڕاگەیێنە جێگرەوەکان. وەها کەناڵگەلێک بە پێویست لە قەڵەم دراون، بەتایبەت بۆ دەستهەڵگرتن لە نەریتێکی درێژماوەی ئۆتۆریتەخوازیی سیاسی لە ناوچەکەدا . بۆ چەندین دەیە، دەستێکەلاویی نێوان ڕاگەیێنەکان و دیکتاتۆرییە سەربازییەکان، هاوکات لەگەڵ وەزاڵەهاتنی جیابیران، گۆڕەپانی گشتی بۆ دەنگە جێگرەوەکانی بەستووە. ئۆگرییە مەدەنییەکان، دەرەتانی کەمیان هەبووە، ئەویش بۆ فۆرمە وەبەرهاتووەکانی پێوەندیکاری لە دەرەوەی ڕاگەیێنە سەرەکییەکان.  ئەم مێژووە، میراتی دەوڵەمەندی تیاتری سەرشەقامی ناوچەکە و پێوەندیکاریی جێگرەوەی لێ کەوتووەتەوە، پێوەندیکاری وەکو فۆرمێکی شارۆمەندان هەم بۆ بەرینترکردنەوەی سنوورەکانی دەربڕینی گشتی و هەم بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر دەوڵەتەکان بەمەبەستی پێکهێنانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئەم نەریتە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا زیندوو ماوەتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی دەسەڵاتی دیموکراتیک لەو وڵاتانەدا کە بەشێوەیەکی مێژوویی بوون بە بابەتی سووڕی بەردەوامی دەوڵەتە سەربازی و مەدەنییەکان، یەکگرتوو دەبێ. نەریتەکان کە لە بنەڕەتڕا گرێداوی بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی ئۆتۆریتەخوازین، لەو فرە جۆرییەی فۆرمە ئیمرۆییەکانی تیاتری سەرشەقام و ڕووداوە جیابیرەکان کە بۆ هەواڵسازی بەکار هاتوون، نوێندراونەتەوە.

بۆ NGOکان، "ڕووداوە جیابیرەکان" لە باشترین دۆخیدا بۆ هەواڵسازی و هاریکاری لە گۆڕەپانە گشتییەکان بۆ پەرەپێدانی گۆڕانکارییە پێشکەوتووەکان بەس نین. "کردەوەی نافەرمانی

مـەدەنی" و "ڕاگـەیێنی جـێگرەوە" لەوانەیە لە بـارودۆخگەلێکی دیاریکراودا جێ بگرن، بەڵام ئەوان دەرخـەری سـتراتیـجـییـەکی بەس بۆ پەرەپێدانی گـۆڕانکارییە بەرین و شـایانی هەڵکردنـەکان لە ڕوومـاڵکردنی هـەواڵەکان و سیاسەتە گشـتییەکان نین. ئەوان لە بنەڕەتدا دەرەتانگەلی پێوەندیکاری بۆ "وتووێژ لەگەڵ خـۆمـان" و "ئامـۆژگاریکردنی ئەخـلاقی گـۆڕاوەکـان"ن تا چوارچێـوەگەلێک بۆ دەسـتڕاگەیشتن بە جـەمـاوەرەکانی تر، بردنـە سـەرەوەی ئاسـتی دەرکـەوتنی گشـتیی پرسـەکان و گۆڕینی نیگەرانییەکان بە کێشـەی گـشـتی. لە باوەڕی ئەواندا، دەسـتڕاگەیشتن بەو وەرگرانەی ئۆگـرییـان نییـە یان هاوئاهـەنگ نین و تەنیـا ڕێگە بە سـەمـپـاتی دەدەن بچـێـتـە نێـو ئارمـان و داخوازییەکانیانەوە، لە ڕەوتی بەمیدیاگەراییی سیاسەتە هەنووکەییەکاندا چارەنووسسازە.

ئەم لێڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی NGOکان لە پێوەندی لەگەڵ کەڵک وەرگرتن لە نمایشی گشتی و "ڕووداوە جیابیرەکان" بۆ هـەواڵسازی بە پارێز بن. NGOکان بە ڕاشکاوی ئەوە ڕەت ناکەنەوە کە "تیللی" (١٩٩٩) پێـی دەگوت "سیاسـەتە بـەرهـەڵسـتکارییـەکان"، واتە ئەو جـۆرە سـتراتیـجییـانەی لەگـەڵ بزووتنەوە کۆمـەڵایەتییە کلاسیکەکاندا یـەکیـان گرتووە. لە جیاتیی ئەمـە، ئەوان بە پارێز و دەسـتـچـینکراو لەم ڕووداوانە دەڕوانن، ڕێک وەک ئەوەی تاکـتـیکێکی هـەواڵسـازی لەوانەیـە لە بارودۆخگەلێکی دیاریکراودا کـاریگەری هـەبێ. ئەوان کـردەوە نایاسـاییە تێکدەرانەکان وەکو تاقە بەربژاری لە بەردەسـتی شـارۆمەندان بۆ ڕاکێشـانی سەرنجی هـەواڵەکان سـەیر ناکەن. لە باوەڕی ئەواندا، ڕووداوگەلێک وەک ڕێگەبەستنەکان، مـانگرتنەکان، داگیرکردنەکان و شـێوەکانی تری نافـەرمـانی مـەدەنی، هـاوشـێـوەی بەرهـەمـهـێنانی ڕوومـاڵکردنی ئەو هـەواڵانـە نین کـە قـووڵ و بێـلایەنانەن و لـەگـەڵیـان هـەڵدەکـرێ. ئەوان لەوانەیە داسـتـانگەلی هەواڵی کـاتی، شـڵـەژێنەر و ڕووداوتەوەر بەرهـەم بێنن کە بۆ سـەرنجی هـەڵکردنی بکەرە سیاسی و گشتییەکان بەسن. تەنانەت ڕووداوە سـەرنج ڕاکێشەکان کە بە گشتی لەگەڵ پێڕەوی پێوەندیکاریی "ئاشتیی سەوز"دا پێوەندیی هـەیە، هـەموو کات هێزی هـەواڵسازی ناپارێزن. بەها تازە و داچڵەکێنەرەکان دوای چەند جار بەرە بەرە بایەخیان دادەبەزێ. هـەروەها، ئەوان پێویستیان بە وەجموجۆڵخستنی بەربڵاوی بودجەکان و خەڵک بە لێکەوتەگەلێکی نەناسراو و پێشبینەکراوەوەیە.

لە روانگەی NGOکانەوە، بەکارهـێنانی سیاسـەتە موناقشـەخـولقێنەکـان، دوو ڕیسک دەخـاتە بەردەم هـەواڵسـازییـەوە. یەک ڕیسکیـان، وەک بەرپرسـێکی پێـشـووی NGOیەک بـەو ئاکـامـە گەیشـتووە، ئەوەیە کە ڕۆژنـامـەنووسـان لەوانەیە ئەو تیاترگـەلەی سـەرشـەقام ڕەت بکەنەوە کە بە ڕواڵەت وەکو "لقێکی فێڵەکان بۆ ڕاکێشـانی سەرنجی ڕاگەیێنەکان" لە پێناو دروسـتکردنی هـەواڵ ئامـادە کـراون (March, 2009). لە حـاڵێکدا ڕاپۆرتنێـران لـەوانـەیە وەکـو ئـەرکـێـک هـەوڵـە پروپاگـەندەییـەکـانی دەوڵەت ڕوومـاڵ بکەن، ئەوان لـەوانەیە دەسـتیـان بەو ڕووداوە ڕاگەیێنییـانە ڕانەگات کە بە هۆی گرووپە مـەدەنییـەکانەوە بەهەمـان شێوە بەڕێوە دەچن. ڕیسکەکەی تر ئەوەیە کە سـەرنجی هەواڵی پێ دەچێ ئەو کاتە کە ڕووداوە جیـابیـرەکان ببێتـە هۆی توندوتیـژی و کردەوە

تێکدەرانەکان، زیاد بێ. "کۆنترۆڵکردنی پەیامەکە" لەم بارودۆخانەدا دژوارترە.

وەها تێڕوانینێک، فرە جۆریی هەواڵسازی لە نێوان دامەزراوە مەدەنییەکان پێشنیاز دەکات. NGOکان کردەوەگەراییی سیاسی پلەبەندی دەکەن، تەنانەت ئەو کاتەی بۆچوونە نەرێنییەکان لەبارەی ئەنجوومەنە سەرەکییەکانەوە لە پێوەندییە سیاسییەکاندا دەپارێزن. لە ڕاستیدا، زۆرێک لەو بەرپرسانەی وتووێژم لەگەڵ کردوون، وەکوو بەرپرسیارەتی بۆ دەرکەوتی کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی لە باسە گشتییەکاندا بیریان لێ دەکەنەوە. ئێستایشی لەگەڵدا بێ، ئەو NGOیانە وەکو پێویستییەک بۆ هەواڵسازی و سیاسەتسازی لێی دەڕوانن. سەرەڕای فرەبوونی دەرەتانە پێوەندیکارییەکان لە ئێکنۆلۆجیی زانیاریی چەندلایەنە، "لۆجیکی رۆژنامەوانی"ی زاڵ وەکو پارێزەری سەرەکیی گۆڕەپانە گشتییە میانڕۆیانەکان ماوەتەوە. NGOکان هاریکاریی هەواڵسازی لەگەڵ ڕاگەیێنە سەرەکییەکان و بژاردە سیاسییەکان بەدەر لەو باوەڕە قووڵە پێک دێنن کە پێی وایە گۆڕان، پێویستییەکی بێ ئەملا و ئەولای بە دەستڕاگەیشتن بە جەماوەرگەلێکی جیاواز و میکانیزمگەلێکی یاسایی شوێندانەرە.

کردەوەگەراییی سیاسی پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە لۆژیکی رۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵ لە ڕەوتی پەرەپێدانی ستراتیجییە هەواڵییەکاندایە، هەروەک ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو ڕاگەیێنە هەواڵییانەی بە شێوەی نەریتی بەرهەڵستی ئامانجە مەدەنییەکان دەبنەوە یان ئۆگرییان پێیان نییە. نموونەکانی ئەمەریکای لاتین جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە NGO باشوورییەکان، هەر وەک هاوتا باکوورییەکانیان، لێڕوانینی هەواڵسازییان زیاتر و زیاتر بە پرۆفیشناڵ کردووە و ستراتیجییەکانیان لەنێو لۆجیکی ڕۆژنامەوانی لە ڕاگەیێنە سەرەکییەکاندا تواندووەتەوە Cottle) (& Nolan, 2007. ئاکامگیرییەکانی ئەم رەوتە، ڕێک وەک بە پرۆفیشناڵکردنی سەرانسەری NGOکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (Markowitz & Tice, 2002)، تەمومژاوین. هەڵەیە ئەو بەرەنجامە هەڵێنجرێ کە پشتیوانیی ڕاگەیێن ـ هەواڵ، دامەزراوە مەدەنییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی گشتی دوور دەخاتەوە و لە بژاردە سیاسییەکان نزیک دەخاتەوە. وەها ئاکامگیرییەک بەربژاری "هیچ کام ـ ئەم یان ئەو" دەخاتە ڕوو کە بە دژواری وێڕای کاری ڕاستەقینەی ئەو NGOگەلە ڕاپۆرت دەدرێ کە بە جۆرێک دەستیان بە چەندین جەماوەری جۆرەوجۆر، لەوانە شارۆمەندە ئاساییەکان، رۆژنامەنووسان و بژاردە سیاسییەکان ڕادەگا. ئەوان شوێنگەلێکی جیاواز و هاولێوار بۆ هەواڵ و زانیاری بەرهەم دێنن.

ئەزموونەکانی هەواڵسازیی NGOکان جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان تاکتیکەکانی هەواڵسازیی NGOکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گەرەنتی ناکەن. بە هاوواتە لە قەڵەمدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ تاکتیکە تێکدەرانەکان و NGOکان لەگەڵ تاکتیکە میانڕۆکان، بێ هەڵە نییە. هەروەها ئێمە نابێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ چوارچێوە جەماوەرییە ڕاستەقینەکانی پێوەندیکاری و NGOکان لەگەڵ چالاکگەرێتیی هەواڵی بەپرۆفیشناڵ پێناسە بکەین (Demirovic,

2000, Edelman, 2008). لە پاڵ رۆمانتیککردنی ناپێویستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەها بۆچوونگەلێکی دووفاقییانە، هەم ئامانجە جیاوازەکان و ئەو تاکتیکانەی بەهۆی NGOکانەوە درێژە دەدرێن و بەکار دەهێنرێن و هەم بارودۆخیان لە بەرامبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان رەت دەکەنەوە. لە حاڵێکدا هێندێ لە NGOکان لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەدا بەشداری دەکەن کە وەکو "چالێشە جەخت لەسەرکراوەکانی دەسەڵاتبەدەستان لەژێر ناوی خەڵکێک کە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتدارانە ژیان دەکەن" (Tilly, 1999, p.257)، ناسراون، بەڵام هێندێکی تر لە وەها بزووتنەوەگەلێک بەشداری ناکەن.

لە حاڵێکدا هێندێکیان بەشگەلێکی تێکەڵاوی بزووتنەوەکانن کە رادەی دزەکردنی داخوازییەکانی شارۆمەندان لە حکوومەتدا هەڵدەسەنگێنن، ئەوانی تر ئەو کارە ناکەن. لە حاڵێکدا هێندێکیان بەهۆی خەڵکێکەوە پێناسە دەکرێن کە دەستێکی باڵایان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتە حزبییەکاندا هەیە، ئەوانی تر دامەزراوەگەلێکی تەکنیکین. ئەم پێوەندییانە لە دەقە دیاریکراوەکانی NGOکان، بزووتنەوەکان و ژینگە راگەیێنی ـ سیاسییەکاندا لواون.

## بەرەنجامەکان

جۆرەوجۆریی ئەزموونەکان لەوپەڕ دامەزراوەکانەوە خستنەڕووی وەڵامێکی سادە بەو پرسیارە بنەڕەتییەی نەلواو کردووە کە "ئاخۆ NGOکان دەتوانن هەواڵەکان بگۆڕن؟". ئەو نموونانەی ئەمەریکای لاتین کە لێرەدا شیکاری کران، پێشنیاز دەکەن کە ئاسۆگەکانی NGOکان بۆ گۆڕینی هەواڵەکان لە پێناو خستنەڕووی ئاکامگیریگەلێکی بێ ئەملا و ئەولادا، بەهۆی زۆر هۆکاری پێشبینی هەڵنەگرەوە دەلوێ. جیهانی NGOکان و هەواڵسازی زۆر پێک نەگونجاون و پێوەندییان فرە لایەن و گۆڕان هەڵگرە.

دۆزینەوە توێژینەوەیی و تیۆریکییەکانی لێکۆڵینەوە لە وەجموجۆڵخستنی مەدەنی و هەواڵەکان چین؟ ئەو ئەزموونانەی لەم وتارەدا کەوتنە بەرباس، ڕوونی دەکەنەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە دژواری پڕۆژەی هاوبەشی هەواڵەکان و چاکسازیی راگەیێنییە. لە جیاتیی ئەمە، وەک شوێنێکی ناحەز و تیکە تیکەکراوی سیاسەتە ئاریشەتەوەرەکان و هەوڵە پشتیوانیکەرە راگەیێنییەکان دەرکەوتووە. بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی مەدەنی بۆ "گۆڕینی هەواڵەکان" بوونی نییە، بەڵام زیاتر هەوڵگەلێکی جیاجیا و تیکەتیکە بۆ راکێشانی سەرنجی هەواڵەکان لەمەڕ پرسگەل و دامەزراوەگەلێکی دیاریکراو لە ئارادایە. لەلایەکی ترەوە، چاپەمەنیی سەرەکی، دامەزراوەکانی هەواڵ بەهۆی بژارکردنە سەرنووسەرییە جیاوازەکان، بارودۆخە جیاوازەکان لە بەرامبەر بکەرە سیاسییەکان و ئۆگرییە جۆرەوجۆرەکان لە NGOکان و داخوازییەکانیان لەخۆ دەگرن. بە دڵنیاییەوە، ڕاگەیێنە هەواڵییەکان دەتوانن بە شێوەی پێکهاتەیی لە بابەتەکانی خاوەنداریەتی و سەرچاوەکانی بودجەبەندی جیاوازتر بن و رۆژنامەڤانیی سەرەکی دەتوانن لە بەرامبەر بکەرە

مەدەنییەکاندا زیاتر خۆگونجێنەر بن. ئاوێتەبوونی تەبلیغاتگەرایی و خۆگونجاندنی ئاماری ڕۆژنامەڤانیی پرۆفیشناڵ، دەرەتانەکانی بەردەم NGOکان بۆ هەواڵسازی بەرتەسک دەکاتەوە.

پەرش و بڵاویی بزواندنی مەدەنی، هاوکات لەگەڵ پەرەگرتنی جۆربەجۆریی ڕاگەیێنە هەواڵییەکان، هەلومەرجگەلێک بۆ یەکخستنی "سیاسەتە ڕاگەیێنییە ئاریشەییەکان" دابین دەکەن. پرسە جیاوازەکان (هەروەک ئەو دامەزراوانەی بە هۆیانەوە دەناسرێن) ڕووبەڕووی چانسگەلێکی ناهاوشێوەی ڕاکێشانی سەرنجی هەواڵەکان بوونەتەوە. لەم کاتەدا، هێندێ لە NGOکان یەکەتییەکی کاریگەری هەواڵسازییان لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتنێر و بەرپرسانەدا پێک هێناوە کە درکیان پێ دەکەن. NGOکانی تر، لە هەمان کاتدا، لەگەڵ زۆر بارودۆخی دژواردا ڕووبەڕوون، واتە ئەو کاتەی دامەزراوەکانی هەواڵ و بژاردە سیاسییەکان ئۆگریگەلێکی کەمتریان بەنیسبەت داخوازییەکانیان هەبووە.

سروشتی تیکەتیکەبوونی "سیاسەتە ڕاگەیێنییە پرسگرەکان" لە دەوڵەمەندبوونی داخوازییەکان و ئەزموونەکان لە ڕەوتی وەجموجوڵخستنی مەدەنی و بەهەمان شێوە لە بەستراوەیی بێ سەروبەرە و هەردەم لە گۆڕانی نێوان NGOکان، ڕاگەیێنەکان و بژاردە سیاسییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. سروشتی پەرش و بڵاوی هەوڵە هەواڵسازییەکانی NGOکان وەها تایبەتمەندیگەلێک بە شێوەی بەردەوام دەپارێزێ. ئامانجە دیارەکان (و دامەزراوەکان) لەنێو ڕەوتی سەرەکیی ڕاگەیێنی ـ سیاسیدا (بە شێوەی جاروبار) حەرەکەت دەکەن، لە کاتێکدا ئەوانی تر لەگەڵ بارودۆخە بەردەوامە دژوارەکان ڕووبەڕوون. وەک کاتڵ (٢٠٠٨) دەڵێ، لە دەقی بەریتانیایدا، دەنگە مەدەنییەکان ئەوە نییە کە لە ڕاگەیێنەکاندا بوونیان نەبێ، بەڵام دیسانیش هەموو پرسەکان و دامەزراوەکان خاوەنی چانسی هاوشێوە بۆ هەواڵسازی نین. بڕیاری ڕاگەیێن ـ سیاسی بۆ هەموو داخوازییەکان بە شێوەی هاوساون هەوسارپچڕاو نییە. دووەم، ئەم پرۆسە، جیاوازییەکان و هیرارشییەکانی نێوان دامەزراوەکان ( هێندێ "هەواڵی" و زۆرێک کە لە ڕاگەیێنەکاندا دەردەکەون) بەهێزتر دەکات. تەنیا NGO گەورە و خاوەن بودجەکان دەتوانن پلانە پێوەندیکارییە ستراتیجیکەکان پەرە پێ بدەن و کۆمەڵێک ستراتیجیی ڕاگەیێنی بۆ دەستڕاگەیشتن بە بکەرە جۆرەوجۆرەکان بەڕێوە ببەن.

لە ئاکامدا، لێکۆڵینەوەکە لەسەر دۆزینەوە پێوەندیدارەکان بە بەپرۆفیشناڵکردنی هەواڵسازی و کاریگەریدانانی NGOکان لەسەر هەم هاریکاریی مەدەنی و هەم سیاسەتە نەتەوەیی و جیهانییەکان جەخت دەکاتەوە. NGOکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زۆر کێشەی سەقامگیر ـ لەم نموونەدا، هۆکارە پێکهاتەیی و دامەزراوەییەکان کە هەواڵە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی دوور دەخەنەوە "گوللەی سیحراوی" نین. سەرکەوتنی پێوەندیداری زۆر دامەزراوە لە هەواڵسازیدا، هەر چۆنێک بێ، پێشبینیی ئەوەی پێدەکرێت کە هەموو دەرکەکان دانەخراون. زۆرجار لە دەستێکەلاویی دامەزراوە هەواڵییەکان و بکەرە سیاسییەکان، NGOکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە هەواڵسازییان کردووە. وەها دەستکەوتگەلێک نابێ لە ناوەڕۆکی دیموکراسییە

ڕاگەیێنییەکان بە نابەرابەرییە قـووڵەکان لە دەسـتـڕاگەیشـتنی مـیدیایی لە بەرچاو ون بکرێ و هەروەها نابێ گرینگییەکەیان گەورە بنوێندرێ. ئەم نموونانە زیاتر ئەو پێشنیازە دەخەنە ڕوو کە ئێمە نابێ ڕاگەیێنە سەرەکییەکان وەکو بەستێنێکی بێ جیاوازی کە بەشێوەیەکی یەکدەست بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێنەوە یان دژایەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، سەیر بکەین. سێ هۆکار بۆ شـــیکاریی زیاتر دەتوانێ لەم لێکۆڵینەوەدا ڕەچاو بکرێ. یەکـــەم، پەرش و بڵاویی ژینگە میدیاییەکان، ئاوێتە لەگەڵ پێک نەگونجاویی کۆمـەڵگەی مەدەنی و بژاردە سـیاسـییـەکان لە دیموکراسییە هەنووکەییەکانی ئەمەریکای لاتیندا، دەرەتانەکانی پەروەردەکردنی پرس و ئاسۆی جـۆرەوجـۆر لە گـۆڕەپانی گـشـتـیی مـیـانڕۆدا دەخـاتە ڕوو. کـەوابوو، شـیکارییـەکە پێـویسـتی بە پاراستنی هەستیاری بەنیسبەت جیاوازییە ئەوپەڕ ناوچەییەکان لە سیستمە ڕاگەیێنییەکانە، هەروەک چۆن پێـویسـتی بە لێکگرێدانی میدیا و بکەرە سـیاسـییـەکان لە پێناو هەڵسەنگاندنی سـەرکـەوتنی NGOکـان لە ڕەوتی هـەواڵسـازیی شـوێندانەر و جـۆرەوجـۆرکـردنی ناوەڕۆکی هەواڵەکانە.

دووەم، زاڵبوونی ڕۆتین و نۆرمە رۆژنامەوانییەکان، NGOکان بە لاساییکردنەوەی نەریتەکانی هەواڵە سەرەکییەکان ناچار دەکا. NGOکان ئایدیۆلۆجییە پرۆفیشناڵەکانی زووری هەواڵ بە چالێش ناکێشن یان داهێنانی سەرلەنوێی هەواڵەکان ناکەنە ئامانج. لە جیاتیی ئەمە، ئەوان لە ڕێگەی یەکخستنی پێویستییەکان و چاوەڕوانییەکانی زووری هەواڵەوە، لەگەڵ نەریتەکانی هەواڵ خۆیان دەگونجێنن. ستراتیژییەکان لە هەڤپشکبوون لەگەڵ هەواڵسازیی بژاردە سیاسییەکان بۆ ڕاکێشانی سـەرنج بەرین دەبنەوە، هەمـوویشی بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاپۆرتنێر و سـەرنووسـیارە تاکانەی کە درک بە ئامانجەکانیان دەکەن. لە کولتووری رۆژنامەڤانییەکان لەو شوێنانەی کە ڕێساکانی بێلایەنی و بەویژدانبوون بە شێوەیەکی بێ بەرنامە بەهێز کراون، NGOکان لە ئەمەریکای لاتیندا دەرەتانگەلێکی (و بەربەستگەلێکی) جیاوازیان بۆ هەواڵسازی هەیە.

سێیەم، شیکارییەکە، پێویستیی شیکارییەکی زیاتر و ورد لەبارەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیێنە هەواڵییەکان و بژاردە سیاسییەکانەوە پێشنیاز دەکا. بەش بەشکردنە ڕوونەکان و پلەبەندیی بارودۆخە ناکۆکەکان بەسەر کەمکردنەوەگەرایی ساف دەست پێ دەکات. ئۆگرییەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیێنە هەواڵییەکان و بژاردە سیاسییەکان بە خەستی یەکپارچە و نەگۆڕن. لەبەر ڕووناکیی لێڕوانینە کردەکییەکانی NGOکان بۆ هەواڵسازی و پێکهاتنی گۆڕان لە بارودۆخەکانی ڕاگەیێنە هەواڵییەکان و بەرپرسە پێوەندیدارەکان بۆ کۆمەڵێکی بەرینی داخوازییە شارۆمەندییەکان، ئێمە نابێ کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو پرۆژەیەکی یەکپارچە و بەکۆمەڵ دژی حکوومەت و ڕاگەیێنە سەرەکییەکان ببینین. لە جیاتیی ئەمە، پالاوتنی شیکارییەکە لە پێناو توێژینەوە لە کەلێنەکان، هاریکارییەکان و ناکۆکییەکانی نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕاگەیێنە هەواڵییەکان و بەرپرسانی دەوڵەتی پێویستە. بواری هەواڵسازی بە دڵنیاییەوە هاوئاست نییە. لە ڕاستیدا، هەوڵە بەپرۆفیشناڵکردنەکانی NGOکان لە درێژەدانی دەسەلاتی

ڕاگەیێنە هەواڵییەکان و بژاردە سیاسییەکان لە پرۆسەی هەواڵسازیدا ڕەنگدانەوەیان هەیە. NGOکان پرسیار ناخەنە سەر پێکهاتە زاڵەکانی دەسەڵاتی بەناوبانگبوون، بەڵام زیاتر ستراتیجییەکانیان لەگەڵ لۆجیکی ڕۆژنامەوانیدا دەگونجێنن کە لەو سیستمە ڕاگەیێنییانەدا زاڵن کە بە قازانجی بازاڕ و دەوڵەتەکان شکاونەتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی ئەوەیە کە ئاخۆ ئەم ئاکامگیرییانە تەنیا لە ئەمەریکای لاتیندا بەجێن، یان ڕەنگدەرەوەی نموونە پێگەیشتووەکانی هەواڵسازی و کردارە ستراتیجیکەکانی NGOکان لە سەرانسەری وڵاتان و ناوچەکاندان.

چەمکە ڕاگەیێنییەکان ـ بەشی یەکەم و دووەم

بیاڤی هەواڵی: Beat

مەجاڵی هەواڵی: Newshole

چەمک، بابەت: Term

گۆڕەپان، مەیدان: Platform

دزەهەڵگر: Permeable

ژووری هەواڵ: Newsroom

هەواڵە سەرەکییەکان، هەواڵەکانی ڕەوتی سەرەکی: Mainstream News

ڕووماڵکردن: Coverage

ڕایەڵە: Network

دەرکەوتن: Visibility

ناسراوی ڕاگەیێنی: Media Publicity

لێڕوانین: Approach

نۆرمەکانی کاری هەواڵ: Norms of Newswork

ڕۆتینە زاڵەکان: Dominate Routines

ڕاپۆرتنێر: Stringer

سەردێرە هەژێنەرەکان: Grim headlines

بردنەسەرەوەی ژمارەی بینەران: Rating-obsessed

هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکانی کاتژمێرە پڕ بینەرەکان: Prime Time Television News

لێپرسێنەری هاتوچۆ: Traffic Cop

ئاراستەداریی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری: Socioeconomic biases

زەقبوونی گشتی: Public Profile

بیانووی هەواڵی، دەلاقەی چوونە نێو هەواڵ، ماکەیەکی تازە و سەرنج ڕاکێش بۆ ڕۆژنامەنووس: News Peg

# خەونە نمایشێک
# 'کۆرپەی ژانە بەسۆکانیستریندباری'

دانا ڕەئووف

### تەنگژەی سێپتێمبەر

پایزی ساڵی ۱۹۰۱ ستریندباری بە تەنگژەیەکی دەروونیی گەلێ ئاڵۆزدا تێ دەپەڕێت و بەپێی نامە و یاداشتەکانی، ئەو تەنگژانە گرانترین ساتەکانی ژیانی بووە و پسپۆڕانی بواری سریندباری بە ''تەنگژەی سێپتێمبەر'' ناوزەدیان کردووە. '' چل ڕۆژ ئازار و پەژارە، گرانترین ساتەکانی ژیانم'' وەک ستریندباری خۆی ئاماژەی بۆ کردووە.

ئەم تەنگژە دەروونییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنە بچووکەکەی، هارییەت بوسە، بە سکی پڕەوە ستریندباری بەجێ دەهێڵێ و بەپێی نامەیەکی هارییەت بوسە کە لە ۲۲ی مانگی ئۆگستی ساڵی ۱۹۰۱دا نووسیویەتی '' کە چیی تر ناگەڕێمەوە بۆ لات ''. ستریندباریش لە وەڵامێکی ئەو نامەیەدا وتوویەتی "بەهیچ شێوەیەک ئەم پێوەندییە خێزانییەمانم بۆ لێک نادرێتەوە، خۆشترین و ناشیرینترین ساتەکانی ژیانمە. هەندێ جار تەنیا خۆشەکەیان دێتە پێشەوە، بەمەش دەگریم، دەگریم تا خەوم لێ دەکەوێت، بۆ ئەوەی بەشە ناشیرینەکەیم بیر بچێتەوە."

لەم ساتانەدا هەست و سۆزێکی بەهێز و هەڵچوو بەهەموو شێوەیەک شاڵاوی بۆ ستریندباری هێناوە، تەنگی پێ هەڵچنیوە و بەتەواوەتی تێکی شکاندووە. ستریندباری تووشی ئازارێکی دەروونی دەبێت لە نێوان بیرکردنی ساتەوەختەکانی ژیان لەگەڵ هارییەت بوسە و ڕقێکی گەورە[1].

ژیانی ستریندباری لەم تەنگژە چل ڕۆژییەدا دەبێتە دۆزەخ و بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، هەر لەم کاتەدا سەرقاڵی نووسینی کۆمەڵێ شانۆنامە بووە، یەکێکیان خوڵقاندنی جیهانێکی تایبەتمەند بووە و لەو جیهانەدا وێنەیەکی شکۆداری کریستینا، شاژنی سوێد کە پایە و ڕۆڵێکی گەورە و گرینگی لە مێژووی سوێددا هەبووە و کارەکتەرێکی بەهێز و لێهاتوو دەنەخشێنێ، لە هەمان کاتدا وێنە خەونئامێزەکانی کۆشکە هەڵکشاوەکەی شانۆنامەی (خەونە نمایشێک) ڕۆدەنێت. ستریندباری هەردوو شانۆنامەی (کریستینا) و (خەونە نمایشێک)ی بەتایبەتی بۆ هارییەت بوسە نووسیون[2].

که ستریندباری شانۆنامەکانی نووسیون، کارەکتەرە سەرەکییەکانی لە هارییەتدا بینیون و بۆ ئەوی نووسیون، هارییەتی لەسەر شانۆ و لەو ڕۆڵانەدا بینیون، هەڵسوکەوت و جووڵانەوەکانی، نەبرەی دەنگ و نیگا و زەردەخەنەی سەر لێوی. هارییەت هەردەم لە بیر و هۆشی ستریندباریدا ژیاوە و لە کارەکتەرەکانیدا گەمەی کردووە، بەمەش ویستوویەتی کار لە هارییەت بکا و بگەڕێتەوە بۆ لای. هارییەت بوسە خاوەنی جوانییەکی سروشتی و ئەفسوناوی بووە، قژێکی پڕی ڕەش و درێژ، چاوەکانی بادامی، سیمایەکی پڕ لە نهێنی و بالایەکی بەرزی هەبووە و زیاتر وەک فیگۆرێکی میتۆلۆجی هاتووەتە پێش چاو. ڕۆژی پێنجی ئۆکتۆبەر، دوای چل شەو و چل ڕۆژ هارییەت بوسە دەگەڕێتەوە بۆ لای ستریندباری و شانۆنامەی خەونە نمایشێکیش، دوای ئەم گەڕانەوەیە، لە خۆشترین ساتەکانی ژیانی ستریندباریدا و تەنیا بە چەند هەفتەیەک و لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠١دا نووسراوە[٣].

هارییەت بوسە لە چەندین نامە و بۆنە جیاوازەکاندا دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە ستریندباری ڕۆڵی ئەگنێس، کچی ئیندرای خواوەندی بۆ ئەو نووسیوە. ستریندباری خۆشی لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بۆ هارییەتی نووسیوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوازدەی سێپتێمبەری ١٩٠١، نووسیویەتی: " کۆشکە هەڵچووەکان دەنووسم، مەزن، جوان هەروەک خەونێک. بێگومان شانۆنامەکە باسی تۆ دەکات، ئەگنێس کە بەندەکە لە کۆشکەکە ڕزگار دەکەیت." ستریندباری هەر لە یاداشتەکانی ئەم قۆناخەیدا نووسیویەتی: 'خۆشەویستی گوناهە، هەر لەبەر ئەوەشە کە بیرکردنەوە لە خۆشەویستی گەورەترین دۆزەخە کە لەسەر زەوی هەیە.'

یەکێک لە مۆتیڤە سەرەکی و گرینگەکانی خەونە نمایشێک مەسەلەی نایەکسانی و ئازار چێژتنە، ئەم مەسەلەیەش بەشێوەیەکی بەهێز لەلای کارەکتەرە پیاوەکان بەرجەستە دەبن، ئەم کارەکتەرانەش هەموویان، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەزموونی ژیانی ستریندباری خۆیین[٤].

ستریندباری بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە دژی ئافرەت بووە و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا هێرش دەکاتە سەر ئافرەت و ئافرەت دەکاتە هێماگەلێکی دڕندە، دێوەزمە، گێل، ناپاک و شێت. بەڵام لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا بەتەواوەتی لە ئافرەت خۆش بووە و لەو ڕقە بەهێزەی کە لە ژن هەیبووە، دوور کەوتووەتەوە و شانۆنامەکەی لەو دیدە بە تەواوەتی خاوێن کردووەتەوە و لە بریی ئەوە بووەتە لایەنگری ئەوان و نوێنەری خواوەند و دەنگی مرۆڤایەتی لە کارەکتەری کچەکەی ئیندرا (ئافرەتێک)دا بەرجەستە دەکات و ئەو ڕۆڵ و بەها گەورەیە دەبەخشێتە ئافرەت. ئەگنێس گەشتێکی خواوەندی بە ناوەوە و دەرەوەدا دەکات، لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەورەکانەوە دێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و زۆر بە قووڵی خۆی دەخزێنێتە نێو ئەزموونەکانی خۆشەویستی، خێزان، دەست لێک بەردان، ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوە و تەنانەت مەسەلە کۆمەڵایەتییە جیاواز و هەمەچەشنەکانیشەوە. لە هەمان کاتدا جووڵانەوە و ئاراستەیەکی پێچەوانەش لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لەم ئاراستەیەوە ئەگنێس گەورە دەبێت، دەکرێتەوە و لە جیهانە بچووکەکەوە دێتە دەرەوە و

ئاوێزانی جیهانە گەورەکە، گەردوون و تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت. لەم گەشتەوە ئەگنێس لە کچی خوداوە دەبێتە مرۆڤ و هەست بە ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکات.

خەونە نمایشێک بەهایەکی گەورەی لەلای ستریندباری هەبووە، ستریندباری زانیویەتی کە داهێنانێکی گەورەی کردووە و لە یەکێک لە نامەکانی ساڵانی ١٩٠٧دا کە بۆ وەرگێڕە ئەڵمانییەکەی نووسیوە دەڵێت: "خۆشەویستترین دراماکانم، کۆرپەی ئازارە گەورەکەم." لە خەونە نمایشێکدا تەکنیک باڵادەستە، لە ڕووی مێژووییەوە بێ هاوتایە، لە ڕووی مانا و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەند و بێ سنوورە، بەڵام لە ڕووی هێڵی گشتیی ڕووداوەکانەوە، هەروەک خەونێک پچڕپچڕە[5] خەونە نمایشێک شانۆی شیعرە، شیعرە لە شانۆدا و فانتازیایەکی شیعریی بنەماکانی پێک هێناوە "شیعر چییە؟ واقیع نییە بەڵام زیاتر لە واقیع... خەون نییە بەڵام خەونێکی بێ ئاگایە" وەک سریندباری ئاماژەی بۆ کردووە.

هیچ شانۆنامەیەکی تر لە مێژووی شانۆ و مێژووی ئەدەبدا هێندەی خەونە نمایشێک وێنەی جیاواز و چوونیەک لەخۆ ناگرێت، دیمەن و بەشەکان کە لە شیعرەکاندا بەرجەستە دەبن، خێرا و لە چاوترووکانێکدا لە بیرەوەریماندا دەچەسپێن و جێگەیەکی گرینگ و پێگەیەکی بێوێنەی لەلای شانۆکاران، بینەران و خوێنەران، بە درێژاییی مێژوو بەدەست هێناوە.

خەونە نمایشێک بە زمانێکی بینراو، بەرجەستەکراو و وێنەیی نووسراوە و خودی دیالۆگەکانیش بەرهەمی وێنە خەونییەکانە، ئەو وێنانەی کە ستریندباری بە وێنەیەک لە ژیان ئاماژەیان بۆ دەکات.

ئەم نووسەرە هەوڵی داوە کە هەموو کارەکتەرە پیاوەکان لە کارەکتەرێکدا کۆ بکاتەوە و هەموو ئافرەتەکانیش لە ئافرەتێکدا. لە سەرەتادا بیری لەوە کردووەتەوە کە هەموو شانۆنامەکە تەنیا دوو کارەکتەر، پیاوێک و ئافرەتێک لەخۆ بگرێت و لە یەکێک لە دەستنووسە کۆنەکانیدا کارەکتەرەکانی لەژێر دوو ناودا، یان دوو خانەدا: پیاو و ئافرەت کۆ کردووەتەوە. هەر لەو دەستنووسە کۆنانەدا پێشنیازی چەندین ناونیشانی بۆ شانۆنامەکە نووسیوە، بۆ نموونە درامای ڕاڕەوەکە، کۆشکێکی هەڵکشاو، کچی ئیندرا، هەروەها ئەم ناوانەشی بۆ بەشەکان نووسیوە: پایز، دوای هاوین، زستان و سەرلەنوێ پایز. بەڵام دوایی لەسەر خەونە نمایشێک گیرساوەتەوە.

خەونیش وەک مەسەلەیەکی گرینگ زۆر سەرنجی ستریندباری ڕاکێشاوە و بەردەوام لە بەرهەمەکانیدا سوودی لێ وەرگرتووە، بەکاری هێناوە و گەڕاوەتەوە سەریان. ستریندباری لە ساڵی ١٨٨٧دا وتوویەتی: "من وا هەست دەکەم بەدەم خەونەوە دەڕۆم، هەروەک ئەوەی ژیان و شیعر تێکەڵاو بووبێت." ئەم وێنەیەش بەشێوەیەکی گشتی لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە بەشێکی گرینگی ڕووداوەکان، بەتایبەتی ناوەندێکی گرینگی ئەم دیمەنەیە:

شاعیر: کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

کچەکە: یان خەون!

شاعیر: یان شیعر

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

بێگومانستریندباری سوودی لە وێنە میتافۆرییە ورد و پارچە پارچەکانی خەونەکانی خۆیشی وەرگرتووە و لە دەروازەکانی بەکارهێنانێکی تری زمانەوە، ژیانێکی تری کردووە بە بەردا. هەر ئەم خەونانە بوونەتە وێنە و وێنەی مەجازی و دیمەنەکانی خەونە نمایشێکی لەسەر بنیات ناوە[٦].

## خەونە نمایشێک باسی چی دەکات!

کچی ئیندرای خواوەند لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە تا لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخی ژیانی مرۆڤایەتی بکات و گوێ لە ئازار و پەژارە و خەمەکانیان بگرێت. ئەم کچەی ئیندرا لە گیانی ئاگنێسدا بەرجەستە دەبێت و لە سەرەتای گەشتەکەیدا لەسەر زەوی و لە بەردەمی کۆشکێکدا کە بەردەوام گەورە دەبێت قسە لەگەڵ وەستایەکی شووشەدا دەکات[٧] دوای ئەوە دەچنە کۆشکەکەوە تا ئەو ئەفسەرە ڕزگار بکەن کە لە کۆشکەکەدا بەند کراوە. دیمەنەکە هەر زوو گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و دواتر ئەفسەرەکە لە ماڵی خانەوادەکەیدا دەبین و دواتریش لە بەردەم دەرگەی ئۆپێراکەدا، هەر خێراش لەوە دەگەین کە ئەفسەرەکە ساڵ دوای ساڵ لە بەردەم ئەو دەرگایەدا لە چاوەڕوانی ڤیکتۆریای خۆشەویستیدایە.

دەرگەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی ئەفسەرەکە تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و پۆلیس ڕێگەی پێ نادات کە ئەو دەرگەیە بکاتەوە، بەڵام ئەفسەرەکە کۆڵ نادات و دەچێتە لای پارێزەر تا مەسەلەکەی بۆ بگەیەنێتە دادگە. پارێزەرەکە ئەگنێس دەبینێت و هەر لەوێدا ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە کە هەر ئێستا بڕوانامەی دوکتۆرای لە بواری یاسادا پێ دەبەخشرێت، لە دیمەنێکی تردا، لە کڵێساکەدا سەما و ئاهەنگی بڕوانامە بەخشینەوەیە، بەڵام پارێزەرەکە بڕوانامەکە وەرناگرێت، لەبەرئەوەی بەرگریی لە ئازارەکانی مرۆڤ کردووە. دیمەنەکە لە کڵێساکەوە دەبێتە ئەشکەوتی فینگال و لە هەمان کاتدا پارێزەرەکە و ئەگنێس بڕیاری ئەوە دەدەن کە ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێن. ژیانی ژن و مێردایەتیی کچەکە و پارێزەر بە ئاژاوە و ناخۆشی کۆتاییی دێت و ئەفسەرەکە دێت تا کچەکە لەو دۆزەخە ڕزگار بکات، بە ڕزگاربوونی کچەکە دەچینە ناو دیمەنەکانی سکامسیوند و فاگێرڤیک. کە کچەکە لە دوای ئەم دیمەنانەوە دەگەڕێتەوە شاعیرێک دەبینێ، کچەکە دان بەوەدا دەنێت کە ژیانی سەر زەوی بێزاری کردووە و بڕیاری داوە بۆ ئاسمان بگەڕێتەوە.

دیمەنەکە دەگۆڕدرێت بۆ ڕاڕەوی شانۆکە و دواتریش دەرگەکە دەکرێتەوە، هەموو لەو بڕوایەدان کە لەپشت دەرگەکەوە نهێنیی مەتەڵەکانی گەردوون خۆی حەشار داوە و ئەوانەشی کە لەوێدا کۆ بوونەتەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگەکەیان دەکرد، دەیانەوێ لە نهێنییەکان بگەن. وەستای شووشە دەرگەکە دەکاتەوە، بەڵام دواجار هیچ شتێک لەپشت ئەو دەرگەیەوە نییە.

لە دوا دیمەندا کە سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ بەردەم کۆشکەکە، هەروەک دیمەنی یەکەم، کچەکە

لە ساتەکانی ماڵئاواییدایە و کۆشکەکەش دەسووتێت، کچەکە دەچێتە کۆشکەکەوە، بەو شێوەیەش لە دەروازەی ئاگرەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان و خونچە گوڵێکیش لەسەر سەربانی کۆشکە سووتاوەکە دەپشکوێ و دەبێتە گوڵە بەیبوونێکی گەورە.

## سێیینەیەکی گرینگی خەونە نمایشێک

سێ مەسەلەی سەرەکی لەم شانۆنامەیەدا بە ڕوونی، وەک سێیینەیەکی پێکەوە بەستراو دیارە، یەکەمیان: "مرۆڤ شایانی بەزەییە". ژیان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر زەویی ئازار و ژانە، خواکانیش پێویستە کە ئەم ڕاستییە بزانن. دووەمیان:" خۆشەویستی بەسەر هەموو شتێکدا سەردەکەوێت"، لەوانەیە خۆشەویستی بتوانێت کە ڕێگەیەک لەنێو ئەم ئازار و ژانەدا بدۆزێتەوە. سێیەمیشیان: "هەڵهێنانی مەتەڵی جیهان". ئەوەی لەپشت ئەو دەرگە ئەفسووناوییەوە پێویستە ئاشکرا بکرێت کە بنەمای ئازارەکانی مرۆڤی لەسەر بنیات نراوە، یان ماناکانی، ڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بەو دەرگەیەوە بەندە.

## سەرچاوە میتۆلۆجی و فەلسەفییەکانی خەونە نمایشێک

ستریندباری بۆ نووسینی شانۆنامەی خەونە نمایشێک پەنای بردووەتە بەر چەندین سەرچاوەی فیکری، میتۆلۆجی و ئاینە کۆنەکان و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەرگرتوون و بەشێوەیەکی سەرکەوتووش بەکاری هێناون.

هەروەها ستریندباری کە ئاوڕی لە بەکارهێنانی میتۆلۆجیا جۆرەوجۆرەکان داوەتەوە، بیری لەوە کردووەتەوە کە دەبێت بەشێوەیەکی ڕاستگۆ و بێ شێواندن لە چاوگە ڕۆحییەکان بڕوانێت و بە شێوەیەکی قووڵ پابەند بێت بە ژیانی ڕاستی و واقیعی ژیانەوە. هەموو هێماگەلێکی میتۆلۆجی، رۆحی یان ئەفسانەیی، دەبێت لەپشت چوارچێوەیەکی پڕ لە وردەکاریی ڕاستیدا خۆیان حەشار دابێت. میتۆلۆجیا و ئاینی هیندی و فەلسەفەی شۆپینهاوەر هەر لە سەرەتاوە جێگەی سەرنجی ستریندباری بوون و لە زۆر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

ئاینی هیندییش لە ڕێگەی بودیزمەوە سەرنجی ستریندباری ڕادەکێشێت، لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە ساڵی ١٨٩٦دا نوسیویەتی، ئاماژەی ئەوە دەکات کە تازە لە خوێندنەوەی کتێبێکی سەفەرنامە، بۆ هیندستان بووەتەوە. لە هەمان نامەدا باسی ئەوەی کردووە کە کتێبەکە زۆر بە وردی ئاینی هیندیشی ڕوون کردووەتەوە و لەو ڕوونکردنەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە چۆن بالاترین ئاستی بەرەوپێشەوە چوون و گەشەکردنی مرۆڤ بریتییە لە خۆڕزگارکردن لە خود، هەروەک وەهمێک، بەمەش بەدەستهێنانی هەستکردن و هەستی بەزەیی بە ئازارەکانی ئەوانی تر گەشە دەکات. ئەم مەسەلەیەش ناوەندێکی گرینگی بیر و بۆچوونەکانی ستریندبارییە لە خودی شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا.

ستریندباری لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا تەنیا سوودی لە میتۆلۆجیای هیندی وەرنەگرتووە، بگرە بەشێوەیەکی دەوڵەمەند، چڕ و لە دیدی داهێنانێکی گەورەوە، چەندین دیانەت، میتۆلۆجیا و فانتازیا تێکەڵاو دەکات و میتۆلۆجیایەکی تایبەتمەندی شانۆیی دەخوڵقێنێت. لەم کارەیدا جگە لە دیانەت و میتۆلۆجیای هیندی، میتۆلۆجیای گرێکی و ڕایەڵە ئەفسووناوییەکانی ئینجیل، بودیزم، سوودی لە چیرۆکی ترادیسونی سوارچاکەکان و هەروەها چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە وەرگرتووە. بەکارهێنانی ئەم هەمـوو زنجیـرە، میناتۆر و وێنە جیاوازانە پێک دادەچن و لە بەرەنجامدا یەک وێنەی سەراپاگیر و یەکگرتوویان پێک هێناوە. ئیندرای خواوەند لە میتۆلۆجیای هیندیدا هیچ کچێکی نەبووە و ستریندباری ئەو مەسەلەیە وەک هێما و مەجاز بەکار دەهێنێ.

ئەگنێسیش نزیکە لە (ئاگنی) خوای ئاگری هیندی، ئەم خواوەندە کارەکانی تایبەتمەند بووە بە گەیاندنی پەیام یان ناوبژیکردنی نێوان خواوەند و جیهانی مرۆڤ. ستریندباری لە یەکێک لە یاداشتەکانی ئەو دەمەیدا کە خەریکی نووسینی شانۆنامەی خەونە نمایشێک بووە، دەڵێت: "ئاینی هیندی زۆر شتی لە خەونە نمایشێکدا بۆ چارەسەر و ڕوون کردوومەتەوە، بەتایبەتی مانای کچی ئیندرا، نهێنیی دەرگەکە= عەدەم. هەموو ڕۆژەکە خەریکی خوێندنەوەی بودیزم بووم[٨]".

لە پاڵ بودیزم و میتۆلۆجیای هیندیدا، خەون بابەتێکی گرینگ بووە لە ژیانی تایبەتی و لە بەرهەمەکانی ستریندباریدا خەونە ڕۆژانەکانی و ئەو خەونانەشی کە دەیبینین، زۆرجار ئەو خەونانەی کە دەیبینین دواتر تۆماری کردوون و لە کاتی نووسیندا گەڕاوەتەوە سەریان و بەکاری هێناون. ستریندباری لە کتێبی (تەنیایی)دا کە لە ساڵی ١٩٠٣دا نووسیویەتی، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە خەون بە شێوەیەکی لۆجیکی و زانیاری لێک داوەتەوە.

چەندین کتێبی لێکدانەوەی خەون و زانیاری و ئەدەبی سەبارەت بە خەون لە کتێبخانە تایبەتمەندەکەی ستریندباریدا دۆزراوەتەوە. لە ڕاستیشدا گەڕان و لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی خەونیش لە ناوەڕاستی ١٨٠٠ەکانەوە دەرکەوتووە. فرۆید لێکۆڵینەوە و کتێبە گرینگەکانی خۆی سەبارەت بە لێکدانەوەی خەونەکان لە ساڵانی ١٩٠٠ و ١٩٠١دا بڵاو کردووەتەوە. بێگومان تا ئێستا شانۆنامەی خەونە نمایشێک تاکە بەرهەم و گەورەترین شاکارە کە لە تەکنیک و جیهانی خەونەکان نزیک بووبێتەوە. هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ستریندباری کتێبەکەی فرۆید سەبارەت بەخەونی بەردەست کەوتووە و خوێندوویەتییەوە.

هەندێ لێکۆڵەرەوەی تر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە فرۆید و شوێنپێنهاوەر وایان لە مرۆڤ کردووە بە چاوێکی نوێوە بڕوانێتە خۆی، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک لە بەردەستدا نییە دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە ستریندباری فرۆیدی خوێندبێتەوە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ستریندباری لە سۆنگەی خەونەکانەوە، توانیویەتی کارەکتەری زیندوو، ئەتمۆسفێری فانتازیئامێز، ڕووداوی بێ سنوور لە پانتاییەکی جیاوازی دوور لە کات و شوێنە تەقلیدییەکانەوە دەستەبەر بکات.

ستریندباری دەیەوێت بەم شانۆنامەیە دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە ژیان پەژارەیە. بنەمای ئەم

بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە دەڵێن لە ڕوانگەی ئازار و ژانەوە دەگەینە دیدێکی ڕوون و ئاشکرا. لەپشت وتەی کچەکەشەوە کە دەڵێت: "مرۆڤ شایانی بەزەییە" فەلسەفەی شۆپینهاوەر خۆی حەشار داوە، بەتایبەتی بەهای ئازارەکانی مرۆڤ، بەرزترین ئاستەکانی پاکییە. ستریندباری کاریگەری کتێبەکەی شۆپینهاوەر "جیهان وەک ئیرادە و بیر"ی بەسەرەوە بووە و بیرۆکە فەلسەفییەکەی ئەو کتێبەش "گرنیگیی ئیرادەی ژیان زیاتر بوونێکە لە ناوەوەیە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە تەنیا بەرەو هەستکردن بە نەبوونمان دەبات، بۆیە پێویستە نەفی ئەو بوونە بکرێت." ئەم کاریگەرییەش تەنیا لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بگرە بەر لە خەونە نمایشێک لە سێینەی بەرەو دیمەشق و سۆناتای تارماییدا ناوەندێکی گرینگە.

## تەکنیک و تەکنیکی خەون لە خەونە نمایشێکدا

ستریندباری ئاگای لە ڕەوتی شانۆی جیهانی بووە و پێوەندییەکی بەردەوامی بە شانۆی ئەورووپاییەوە هەبووە، گۆردن گریکی ناسیوە و سەردانی شانۆکانی پاریس و بەرلینی کردووە. بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٨٠٠ەکاندا کە لە پاریس دەبێت، بەردەوام سەردانی شانۆی Chat Noir دەکات و ئەم شانۆیەش وەک گازینۆیەکی هونەری وابووە و لە نمایشەکانیاندا وشە، وێنە و مۆسیقا لە یەکەیەکی هونەریدا یەکیان گرتووە و ستریندباریش چەندین جار دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە خەون بە شانۆیەکی ئاوهاوە دەبینێت.

خەونە نمایشێکیش بۆ ستریندباری شیکردنەوەی وزە و ئێستاتیکای شانۆ بووە، بوارەکانی کردە و دیدی شانۆی تاقی کردووەتەوە و تا ئەودیو و ناوەوەی شتەکانی بەکار هێناوە، دید و بوارە نابابەتییەکانی پێکەوە گرێ داون و سەرلەنوێ بەرجەستەی کردوونەتەوە. ستریندباری لەم شانۆنامەیەدا، بەهەمان شێوە لە شانۆنامە گوزارشتئامێزەکانیدا، یاساکانی تەماشاکردن و گەوهەری بنیاتنانی وێنەکان بەتەواوەتی دەگۆڕێت، بەتایبەتیش هەر لە ڕێگەی بەدەستهێنان و خوڵقاندنی دنیایەکی بینراو یان ژوورێکی شیعرئامێزی بینراوەوە، ژوورێک بۆ بینین، نەک بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، ئەمەش تەواو پێچەوانەی سەدەی هەژدە و تەوژمەکانی شانۆی ریالیزم و ناتورالیزم بووە.[9]

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لە بەشێکی زۆری سەدەی بیستیشدا، شانۆنامەی خەونە نمایشێک بە شێوەیەکی ناتورالیستی پێشکێش کراوە و زۆر کەم لە ڕیژیسۆر و و شانۆییەکان توانیویانە ئەو جیهانە وێنە خەونییانەی شانۆنامەکە بدۆزنەوە و بەرجەستەی بکەن[10] بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا کە شانۆیەکی ئەزموونگەری، ئەفانتگەر و پۆست مۆردێنیست دەروازەی شانۆکانیان کردەوە، شانۆنامەی خەونە نمایشێکی ستریندباری دەبێتە شانۆنامەیەکی گرینگی ئەم ڕێبازانە و نمایشەکانیشیان لە دید و خەونەکانی ستریندباری نزیک دەبێتەوە.[11]

بەدرێژاییی مێژوو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم شانۆنامەیە بەهەمان شێوەی کۆشکەکەی ناو

شانۆنامەکە چ لەلای هونەرمەند، یان بینەران و پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی شانۆوە لە هەڵچوون و داچوون و گۆڕانکاریدا بووە. زۆر وردەکاری و میناتۆری شانۆنامەکە زەوینەیەکی واقیعی هەیە و ستریندباری ڕاستەوخۆ لە ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەیەوە وەری گرتووە " دوایی زیاتر دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم خاڵە" بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە ستریندباری چۆن توانیویەتی ئەو مۆتیڤە واقیعییانە تێهەڵکێشی خەون بکات و واقیع و خەیاڵ لە تەکنیکی بەرزی خەوندا بەرجەستە بکات.[١٢]

ستریندباری لە پێشەکییەکی کورتی شانۆنامەکەیدا چەند دێڕێک سەبارەت بە خەونە نمایشێک و تەکنیکی خەون دەنووسێت[١٣] لەو پێشەکییەدا بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی گیونار ئۆللێن کە پسپۆڕ و پشکنەری بواری شانۆی ستریندباری ییە دەڵێت: "ستریندباری لەم نواندنە خەونەیدا کە بە نواندنە خەونەکەی پێشووی "بەرەو دیمەشق"ەوە ڕایەڵە، هەوڵی داوە لاسایی پێکەوە گرێنەدراوی بەڵام ساختەیی فۆرمە لۆجیکییەکەی خەون بکاتەوە. دەکرێ هەموو شتێک لە خەوندا ڕوو بدات، هەموو شتێک لە خەوندا شیاو و لواوە، زەمەن و شوێن بوونیان نییە، لەسەر بناخەیەکی نادیار و واقیعییانە وەهەم دەڕێسێ و نەخشەگەلی نوێ دەچنێ: تێکەڵەیەک لە زەین، ئەزموون، هۆنینەوەی ئازاد، ناماقووڵییەت و ڕاگوزەری.

کەسایەتییەکان لەت دەبن، دووبەرابەر دەبن، دووبارە دەکرێنەوە، دەبنە هەڵم. دەئاخنرێن، ڕەوان دەڕۆن، گرد دەکرێنەوە، بەڵام ئاگەییەک چاوەڕێی هەمووان دەکات، ئەویش ئاگایی ئەو کەسەیە کە خەونەکە دەبینێت، چونکە چ نهێنیگەلێک، چ ناکۆکییەک، چ بیرێکی ویژدانی و چ یاسایەک نین. ئەو کەسەی خەونەکە دەبینێ داوەری ناکات، ڕاشکاوانە نادوێ، تەنێ دەگێڕێتەوە، بەوەی کە خەونەکە زیاتر دەردهاوەرە، بۆیە کەمتر شادمانانەیە، تۆنێکی لە غەم تێدایە، لە میانەی ئەو چیرۆکە پارسەنگ تێکچووەدا هەڵگری هاودەردییە لەگەڵ هەموو شتێکی زیندوودا. خەون، ڕزگارکەر، بەزۆری شەرماوەر وەدیار دەکەوێت، بەڵام کاتێ کە ئازارەکە دەجەڕێت، ئیدی خۆی بێداربوو دەبینێتەوە و کەسی ئازارچەشتوو لەگەڵ واقیعدا ئاشت دەکاتەوە، کە هەرچەندێک پڕ لە پەژارە بێت، بە بەراورد لەگەڵ خەونە ئازاراوییەکەدا، ئەو پەژارەیە لەم ساتەدا دەبێتە جۆرە لەزەتێک". ئەم پێشەکییەش دووپاتکردنەوەیەکی ئاشکرای ئەم نووسەرەیە کە چ ئاگەدارییەکی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی بواری لێکدانەوەی خەونەوە هەبووە. ستریندباری لەوێدا ئاماژەی ئەوە دەکات کە چۆن لە خەوندا کات و شوێن و کەسی خەونبینەکەش بوونیان نامێنێ و هەموو سنوور و یاسایەک لادەبرێت.

ستریندباری لە خەونێکی بەئاگادا دەسوورێتەوە، هەروەها ستریندباری بۆ ئەوەی بینەرانی شانۆنامەکە لەنێو جیهانە بێ سنوور و نالۆجیکییەکەی خەوندا ون نەبن و بزانن چی دەبینن، بیرۆکەیەکی سەرەکی لە چەند دیمەنێکدا بە درێژایی شانۆنامەکە لە هێڵێکی لۆجیکیدا بەرجەستە کردووە، هەر لەم دەروازەیەشەوە هەندێک جار لە سنووری خەونەکان دێتە دەرەوە.

خەونەکان بەردەوام بێ ڕەنگن، ڕەش و سپی دەنوێنن، بەڵام ستریندباری لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا ڕەنگ دەبەخشێت بە دیمەن و ڕووداوەکان، زۆرجار یان بە شێوەیەکی گشتی خەونەکان بە بێدەنگی تێ دەپەڕن و دەنگیان تێدا نییە، بەڵام ستریندباری خەونەکەی بە دەنگ و ڕەنگ و ئەتمۆسفێر دەوڵەمەند کردووە. شاعیرەکە بە کچەکە دەڵێت: "شیعر چییە؟" کچەکەش بەم شێوەیە وەڵامی شاعیرەکە دەداتەوە: "واقیع نییە بەڵام لە واقیع زیاترە... خەون نییە بەڵام خەونە کە بە بێداری دەبینرێ...." شوێن و کات بوونیان نییە، هەر لەبەرئەوەشە لە بەرچاوی هەمووانەوە ڕاڕەوە شانۆیییەکە دەگۆڕێت و دەبێتە ژووری پارێزەرەکە، ژووری پارێزەرەکە دەبێتە کڵێسا، هەر لە چاوتروکانێکدا هاوین دەبێتە پایز.... هتد.

شانۆنامەکە سەرەتا لە ئاسمانەوە، لە باوەشی هەور و ئەستێرەکانەوە دەست پێ دەکات. کچەکەی ئیندرا لە ئاسمانەوە بۆ ناو تاریکی و پیسیی سەر زەوی دێتە خوارەوە، سەرەتا بۆ بەردەم کۆشکە هەڵچووەکە و دواتریش بۆ ناو کۆشکەکە، بۆ ناو ماڵەکە، بۆ ناو شارەکە. هەروەک فیلم سەرەتا لە دوورەوە، لە ئاسمانەوە وێنەی سەر زەوی دەگرێت، دوای ئەوە لە ڕوانگەی قووڵبوونەوە و هاتنە خوارەوە و لە وێنەیەکی وردەکاری و سەراپاگیرییەوە. شانۆنامەکەش بە شێوەیەکی وا ڕۆنراوە کە هیچ جۆرە گرژی و ململانێیەک، بەشێوە تەقلیدییەکە لەخۆ ناگرێت، بگرە لە ڕەوتی دیمەنە یەک لە دوای یەکەکانییەوە تیشک دەخاتە سەر گەشتەکەی کچەکە لەسەر زەوی. ستریندباری بەوپەڕی وریاییەوە ئەم گۆڕانکارییانەی بە شێوەیەکی ساکار و خێرا و بەبێ ڕتووش و هاتوهەرا ئەنجام داوە، بەشێوەیەک کە هەستی پێ نەکرێت و ئەمەش بەشێکی گرینگی سترکتوری شانۆنامەکەیە: ستریندباری بەهۆی ئەم تەکنیکە خەونئامێزەوە، ژیان لە کۆمەڵێ وێنەی پاش و پێشدا، لە میتافۆر و لە فۆرمێکی سەربەستدا شانۆ لە ڕێسا تەقلیدییەکانی، شوێن، کات و یەکەی ڕووداو ڕزگار دەکات. خەونبینەکە دەنگمانە کە هەرگیز گوێمان لێی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا و بەهۆی ستریندبارییەوە هەموو گەمەکان پێشکێش دەکات.

کارەکتەر و مرۆڤەکانی خەونە نمایشێک بوونیان هەیە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، هەروەها پێگە و ڕەوتی ژیانیشیان، کە ناتوانێ کاریگەرییان بەسەریانەوە هەبێت. زۆربەی کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە و ڕەفتارەکانیان ناکرێت بەهیچ شێوەیەک لە ڕوانگەی پرۆسێسێکی سیکۆلۆجییەوە شرۆڤە بکرێن، هەر لەبەر ئەوەش کە ئەوانە لە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چووندا نین. ئەم کارەکتەرانە تەنیا لە پێکەوەگرێدراوی، یان لە ڕیزبەندیی ڕووداوەکاندا بوونیان هەیە. لەم جیهانە پڕ لە گۆڕانکارییەدا کەسانێکی زۆر دێن و دەچن، هەندێکیان هەروەک خەونێک لە هیچەوە دەردەکەون و لە بەرچاو ون دەبن، گوزارشت لە ئازار و ژانەکانی ژیان دەکەن. هەندێ لە کارەکتەرەکان پابەندی هێڵی سەرەکیی دراماکەن، هەندێکی تریان بە سەربەستی بەنێو دیمەن و ڕووداوەکاندا دەبزوێن، بەڵام هەموویان لە بەردەم کۆشکەکەدا کۆ دەبنەوە. هەندێ جار پێکەوە دەدوێن، یان ڕوو دەکەنە بینەران و هەندێ جاریش بە گلەیی و داخ و ئازارەوە ڕوو دەکەنە خودی خوا خۆی. خەونە نمایشێک شانۆنامەیەکی گەورەیە سەبارەت بە

ژیان کە هەروەک خەونێک وایە.

لەم تەوژمی خەونەدا چەندین خەون و خەونبین وەدیار دەکەون، هەر بۆ نموونە: ئەگنێس و ئەفسەرەکە، ئەگنێس و پارێزەر، ئەگنێس و شاعیرەکە. هەموو خەونەکانیش بە تەنیا و دواتریش لەگەڵ ئەوانی تردا دەردەکەون و گەشە دەکەن. هەندێ جار خەونی یەکێکیان دەبێتە بەشێک لە خەونی ئەوانی تر و بەمەش کاریگەرییەکی بەهێزیان بەسەر یەکترەوە دەبێت. دیمەنەکان تروسکەئاسا دەچنە ناو یەکەوە، تێکەڵاو دەبن و کارەکتەرەکان دەچنە دیوارەکانەوە، بە دیوارەکاندا ڕەت دەبن و ڕووداوەکان لە جیهانێکی تارماییی ئاسادا دەجووڵێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم هەست دەکەین کە زۆر نزیکین لە ڕاستیی ژیان و واقیعەوە.

ستریندباری لەم خەونە نمایشەدا هیچ دیمەن و بەشێکی شانۆنامەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاری نەکردووە، بگرە هەوڵ دەدات حاڵەتەکان، ڕووداوەکان و وێنەکان لە خەوندا بەرجەستە بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت با ئاسانی سێ بەش لە سترکتوری شانۆنامەکەدا جیا بکرێتەوە، ئەم بەشانەش بە دابڕانێکی کتوپڕی، یان وەدەرکەوتنی کەسێکی گرینگ یان پچڕاندنی ڕووداوەکان لە زنجیرەی دیمەنەکاندا، کارەکتەرەکانیش ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەژین، لە وێنەیەکی گشتگیردا دانراون و بە هێنانە دەرەوەیان دەمرن، شانۆنامەکەش بریتییە لە کۆمەڵێ وێنە، وێنەی هەڵوێستە و ڕەوشەکانی مرۆڤ، بەبێ دەروازە و دابەشکردن و جیاکردنەوەی دیمەنەکان.

## هێڵە گرینگەکانی خەونە نمایشێک

ستریندباری لە شانۆنامەی خەونە نمایشێکدا میتۆلۆجیایەکی تایبەتمەندی داهێناوە، هێما و وێنە مەجازی و خەونەکان دەکاتە دەروازە و بنەمایەکی گرینگی ئەو میتۆلۆجیا مۆدێرنەی شانۆ.

ستریندباری کچێک بۆ ئیندرای خواوەند[١٤] دروست دەکات و دەینێرێتە سەر زەوی تا لە نزیکەوە لە گوزەران و بارودۆخی مرۆڤ بڕوانێ[١٥]. ستریندباری ئەم خواوەندە هیندییە تێکەڵاو و ئاوێتەی ئاینی مەسیحی و بودیزم دەکات، لەم دەروازەیەوە ژیانی لاوێتیی خۆی، پێوەندییەکانی بە ئاین بەشێوەیەکی گشتی و مەسیحییەت بەشێوەیەکی تایبەتی و قۆناخە ڕەشبینەکانی ژیانی و کاریگەری فەلسەفەی شۆپینهاوەر و هاوتمان- ەوە.

ڕۆڵی کچەکەی ئیندراش لەسەر زەوی تەنیا دڵنەوایی و خەم ڕەواندنەوەی مرۆڤە مۆدێرنە کلۆڵەکان نییە، بەڵکو ئەو بۆیە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، تا ئەویش شتەکان بەچاوی خۆی ببینێ. کچەکەی ئیندرا لە شانۆنامەکەدا ڕۆڵێکی دووفاقیی هەیە، لە یەک کاتدا دەور بینە و لە هەمان کاتدا بێدەسەڵاتە لە بەردەم سروشت و فۆرمی خەونبینەکەدا. کچەکە وەک ڕۆژنامەنووسێک وایە و ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە باری مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە.

خوێندنەوەی خەونە نمایشێک لە یەک کاتدا ئاسان و گرانیشە، بەڵام هەموو خوێنەرێک، بینەرێک و هونەرمەندێک دەتوانێت شتێکی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، هەموو کەسێک بە شێوازی

تایبەتمەندیی خۆی، لە خەونە نمایشێکدا ڕووبەڕووی ستریندباری دەبێتەوە.

شانۆنامەکە سەفەرنامەیە، باسی ڕەوش و هەڵوێستەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەکات، میناتۆر، مۆسایک، وێنەکان، مرۆڤەکان، ئەتمۆسفێر و جیهانی دەرەوە و ناوەوە، لە سترکتورێکی خەونەئامێزدا کۆ دەکرێنەوە و بەرجەستە دەکرێن. هەروەها شانۆنامەکە باسی زۆر شتی تر دەکات، هەر بۆ نموونە داواکاریی ژیانێکی یەکسانی، نایەکسانی و نادادپەروەرییەکانی ژیان، هەستکردن بە ئازاری ویژدان، یان هەستنەکردنی، نهێنییەکانی ژیان، شەڕخوازی و خێرخوازی لەلای مرۆڤ و ماناکانی ئازار و ژان.

خەونە نمایشێک دەکرێت بە چەندین شێوە بخوێنرێتەوە، لێک بدرێتەوە و ڕاڤە بکرێت و هێماگەلی جیاواز و هەمەچەشنەی تێدا بدۆزرێتەوە. لەوانەیە لەلای ستریندباری خۆی "مرۆڤ شایانی بەزەییە"، ئازارەکانی مرۆڤ و ئەو پرسیارەی کە بۆچی لە جیهاندا هێندە خەم و ئازار زۆرە، بەشێک بووبێت لە ناوەڕۆکە گرینگ و سەرەکییەکان. چاوەڕوانییش مۆتیڤێکی گرینگە لەم شانۆنامەیەدا، مرۆڤ دەبێت خۆی بە کاتەوە ببەستێتەوە، مەرگیش ڕزگارکەرە، هەروەها شانۆنامەکە بەرجەستەیەکی چڕ، قووڵ و بەربڵاوی بیر و هۆشی ستریندبارییە سەبارەت بە گومان و باوەڕ.

هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ستریندباری لەم شانۆنامەیەدا شتەکان لە ڕێگەی کارەکتەرە پیاوەکانەوە دەردەخات، دوای ئەوە کارەکتەرە ئافرەتەکان و لە بەرەنجامیشدا هەموو شتەکان لە تەنیا یەک مرۆڤدا، بۆ ئەم مەبەستەش کارەکتەرە پیاو و ژنەکانی بە شێوەیەکی یەکسان دابەش کردوون، بەڵام ستریندباری بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کارەکتەری کچەکەوە هەموو کارەکتەرەکانی تر و ڕووداوەکان لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە.

ئەفسەر، پارێزەر و شاعیرەکە هێماگەلێکی هێزی ڕیتمی جووڵانەوەکانی ژیانن، هەروەها هەرسێکیان پێکەوە ئاماژە و هێماگەلی هێزی پیاون، هەروەک چۆن ئەگنێس هێماگەلی هێزی ئافرەتە و ئەوەی کە لە شانۆنامەکەشدا گرینگە، ئەو پێکداچوون و لێبووردەیی و لەیەک خۆشبوونەیە لە نێوان پیاو و ژندا. لە بەرەنجامیشدا ئەو ئاشتبوونەوەیە تای تەرازووی نێوان هەموو هێزە گەورە و دژ بەیەکەکانە: ئافرەت و پیاو، ئاسمان و زەوی، خێر و شەڕ، مرۆڤ و خوا.

خەونە نمایشێک لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا ئەفسەرەکە، لە بەشی دووەمدا پارێزەرەکە و لە بەشی سێیەمیشدا شاعیرەکە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. بەشی یەکەم لە بەردەم کۆشکەکەدا دەست پێ دەکات و لە ئەشکەوتی فینگالدا تەواو دەبێت، لەوێدا کچەکە و پارێزەرەکە بەیەک دەگەن. بەشی دووەم لە ماڵی کچەکە و پارێزەرەکەدا دەست پێ دەکات و بە بڕیاری گەڕانەوەی کچەکە بەرەو ئاسمان کۆتایی دێت، بەشی سێیەمیش لە ئەشکەوتەکەدا دەست پێ دەکات، لێرەدا کچەکە شاعیر دەبینێ و دیمەنەکەش لە بەردەم کۆشکەکەدا کۆتایی پێ دێت. لە بەشی سێیەمدا ستریندباری چەند دیمەنێک لە بەشی یەکەم دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە: وەک ئەشکەوتی فینگال، ڕاڕەوەکە و کۆشکەکە.

سترینندباری لە شانۆنامەی "بەرەو دیمەشق"دا کە ئەویش شانۆنامەیەکی گوزارشتئامێز و خەونە نمایشە، لە کەسایەتیی (نەناسراو)ەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام لە خەونە نمایشێکدا لە هەرسێ کارەکتەرە سەرەکییەکەدا: ئەفسەر، پارێزەر و شاعیرەکەدا دەردەکەوێت.

ئەم سێ کارەکتەرە هەرسێکیان ڕووبەڕووی ئەگنێس، کچەکەی ئیندرا دەبنەوە و ئەگنێس دەبێتە ناوەندی شانۆنامەکە و هەموو لق و پۆپ و کارەکتەر و ڕووداوەکان کۆ دەکاتەوە. ئەفسەرەکە خەونبینێکی بەهیوایە، بەردەوام لە چاوەڕوانی ڤیکتۆریاکەی خۆیدایە، لە واقیع ڕادەکات و هەموو کات هیوا و خەونەکانیشی پشتی تێ دەکەن، پارێزەرەکەش پیاوی ڕاستی و واقیعە، بەدەست ئەرکە جێبەجێنەکراوەکانیەوە لەسەر زەوی گیری خواردووە، بەندی ڕاستییە و لە پرۆسە دوور و درێژ و دۆزەخی ژیانی هاوسەریدا نێژراوە[١٦] تەنیا شاعیرەکە دەتوانێت هاوسەنگییەک بدۆزێتەوە و چەند هەنگاوێک بەرەو ئاستە بەرزەکان، لەگەڵ کچەکەی ئیندرادا بڕوات.

شاعیرەکە کارەکەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە داواکانی مرۆڤ و ئازار و شکاتەکانیان بەرێت بۆ لای هێزە نەمرەکان. کەواتە ئەم سێ کارەکتەرە خەون و ڕاستی پێکەوە دەبەستنەوە و لە بەرەنجامدا شیعرێکی بەرز دەخوڵقێنن. خەونی ئەفسەر و پارێزەرەکە بۆ چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە و ئامادەبوونێکی زیاتریان لە خەونەکاندا هەیە، بەڵام شاعیرەکە زیاتر لە بەشی کۆتاییدا دەردەکەوێت. شانۆنامەکە چەندین هێڵی ئەفسوونی و میتۆلۆجی لەخۆ دەگرێت و کارەکتەر و دیمەنەکان گۆڕانکاریی خێرایان بەسەردا دێت، بۆ نموونە کچەکە گۆڕانکارییەکی بەردەوامی بەسەردا دێت و لە یەک کاتدا چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینێ: دەبێتە دایکی ئەفسەرەکە، خێزانی پارێزەرەکە و بەشێوەیەک لە شێوەکان خوشکی شاعیرەکە.

کچەکە: چی لە مندا دەبینیت؟

کچەکەی ئیندرا ئەم پرسیارە لە ئەفسەرەکە دەکات، ئەو کارەکتەرە پیاوەی کە هەموو کات چاوەڕوانە و تووشی ڕووداوی نایەکسانی یەک لە دوای یەک دەبێتەوە، بەڵام ئەفسەرەکە لە وەڵامدا دەڵێت:

ئەفسەرەکە: ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا... هێڵگەلێک لە قڵافەتتدایە کە من تەنیا لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکیدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت..

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کە کچەکە دێتە خوارەوە تا لە مرۆڤ بڕوانێ و ژیانیان بەسەر بکاتەوە، خۆیشی دەکەوێتە ژێر ڕوانین و تەماشاکردنەوە، ئەویش دەبێتە بەشێک لەو ژوورە بینراوە، کچەکە لە هەمان کاتدا دەکەوێتە ژێر ڕوانین و تەماشاکردنی کارەکتەر و بینەرانیشەوە.

هەرسێ کارەکتەرە پیاوەکە لە بنەڕەتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان پابەندن بە ژیانی ئەگنێس-ەوە و هەندێ لە شرۆڤەکارانیش ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە لە خواوەندەکانی ئاینی هیندی

دەچن: ئەفسەرەکە نوێنەری شەڕ دەکات، بە شێوەیەکی کاریگەر و چڕ ئامادەکاری بۆ شتەکان دەکات، پارێزەرەکە یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت، سنوورەکانی کار و فەرمانەکانی نێوان مرۆڤ دەستنیشان دەکات کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخات، شاعیرەکەش وەک هونەرمەندێکی ئەفرێنەر لەو بنەما خوڵقێنەرانە دەچێت کە سەرەتاکانی گەردوونیان ڕاگرتووە.

ئەفسەرەکە لەگەڵ ڕۆیشتنی زەمەندا، چەپکە گوڵەکەی دەستی سیس دەبێت و خۆیشی دەچێتە تەمەنەوە و پیر دەبێت و ڤیکتۆریاش هەر نایەت. لە واقیعدا ستریندباری ئەم وێنەیەی لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە وەرگرتووە. ستریندباری لە سەرەتای ژیانیدا کە (سیری فۆن ئێسن) خێزانی بووە، لە شانۆی پادشایەتی کاری کردووە و ستریندباری لە بەردەرگەی شانۆکەدا چاوەڕوانی کردووە، کە پیریش دەبێت و بە تەواوەتی سەر و ڕیشی سپین، بەهەمان شێوە و لە بەردەم هەمان دەرگەدا چاوەڕوانی کردووە، ئەمجارەیان چاوەڕوانی هارییەت بۆسە، ژنە گەنجەکەی کردووە کە لە هەمان شانۆدا کاری کردووە و ستریندباری بۆ چەندین جار و لە وەرزە جیاوازەکانیساڵدا، لەناو دەرگەی شانۆکەدا چاوەڕوانی کردووە[١٧].

ستریندباری بە دیقەت و سەلیقەیەکی هونەریی گەورەوە شانۆنامەکەی نووسیوە، دیمەن بە دیمەن، بە وردی داڕێژراوە و هەموو گۆڕانکارییەکان دەخاتە ڕوو، ئەتمۆسفێرەکان، دیمەنە وێنەیییەکان، ژوورە جیاواز و فۆرمەکانیان دەنەخشێنێ و بەوردی هەموو شتەکانی دیاری کردوون.

"ئێستا دەنگگەلێک لەودیو پەردەی دوای شانۆوە دەبیسترێت کە یەکسەر دوا بەدوای ئەوە پەردەکە لادەچێت. ئەفسەرەکە و کچەکە لەوێ دەنوێن، پاشان چ بە قەڵافەت و چ بە ڕووخسار وشک هەڵدەگەڕین. لەسەر مێزێک دایکەکە، ناتەندروستانە دانیشتووە، لە بەردەمیدا مۆمێکی پیو دەسووتێ کە جارجار بە مقەستی مۆم خاوێنی دەکاتەوە. لەسەر مێزەکە کراسی تازە دووراو کەڵەکە کراوە کە بە مەرەکەب و پەڕی قاز ئیشارەتیان لێ دەدات، دۆڵابێکی جلک لای چەپەوەیە. باوکەکە عەبایەکی ئاوریشم دادەنێت."

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەم ڕێنوێنییانەی ستریندباری یاریدەرێکی باشی ڕیجیسۆر و لە هەمان کاتدا بینەرانیشە کە هەموو شتەکان بە وردی و کۆنکرێتی بەرجەستە کراوە. ستریندباری دەستنیشانی یەکە بەیەکە گۆڕانکاری، فۆند و کالوسەکانی کردووە کە چین و چۆن بن و چۆن گۆڕانکارییەکانیان بەسەردا دێت. بۆ نموونە بەشی دووەم لە ژوورێکی ماڵی پارێزەرەکە دەست پێ دەکات و ستریندباری لەم دیمەنەدا دراماییەکی بچووکی مینیاتری ژن و مێردایەتی لەناو خەونەکەدا دروست دەکات. ئەفسەرەکە دێت و ئەگنێس لەم دۆزەخە ڕزگار دەکات، هەرچۆن ئەگنێس لە سەرەتای شانۆنامەکەدا ئەفسەرەکە لە بەندایەتی ڕزگار دەکات. لە هەمان کاتدا کە ئەفسەرەکە کچەکە دەباتە دەرەوە تا چێژ لە ژیان وەربگرێت، ژوورەکەش دەگۆڕێت و دەبێتە سکام سوند و ڤاگەرڤیک. جیهانە بچووکەکە بە ڕووی جیهانێکی تری گەورە و فراواندا دەکرێتەوە[١٨].

## خەون و واقیع

کچەکە زیاتر پەی بە شتەکان دەبات و زیاتر لە مرۆڤ دەزانێت کە چارەنووس، ڕێچکەی ڕووداوەکان چ ئاراستەیەک وەردەگرێت، هەر زوو لەوە دەگات کە ژیان خۆی خەونە، وەهمێکە سەبارەت بە خۆشەویستی و بەختیاری. لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا، کە کچەکە و شاعیرەکە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، شاعیرەکە فێ ردەکات کە شیعر، هەروەک خەون " زیاتر ڕاستییە". لەم چاوترووکانەدا، تێکەڵاوێکە لە خەون، لە شیعر، ڕاستی و واقیع.

شاعیر: وابزانم پێشتر ئەوەم بینیوە...

کچەکە: منیش!

شاعیر: ڕەنگبێ لە خەوندا بینیبێتم؟

کچەکە: یان ڕەنگ بێ بەشیعر نووسرابێ؟

شاعیر: یان بەشیعر نووسرابێ!

کچەکە: کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە!

شاعیر: کەواتە دەزانم خەون چییە!

کچەکە: وابزانم پێشتر لە جێگەیەک یەکترمان بینیوە و ئەم قسانەمان کردووە!

شاعیر: کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

کچەکە: یان خەون!

شاعیر: یان شیعر!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

لەم دیمەنەدا خەونەکان بەرگێکی شیعری لە خۆدەگرن و لە هەمان کاتدا لە سەرچاوەکانی ژیانەوە نزیک دەبنەوە، شیعر، خەون، ژیان و ئەفسانە تێکەڵاو دەبن. ئەگنێس و شاعیرەکە هەروەک ستریندباری لە یاداشتەکانی ئەو سەردەمەیدا، لە چەندین شوێن و بەبۆچوونی جیاوازەوە، دووپاتی کردووەتەوە " ژیان وەهمە "، شاعیرەکەش لێرەدا بەندی ئەو خەونە ڕاستییەیە کە خۆی دەیبینێت. هەموو شتێک لە واقیعی ژیانی ئاگاوە هاتووە، ڕاستی واقیعێکە کە وەک خەونێک بەرجەستە دەکرێت و شیعر خەونێکی بەئاگایە. لە پشت دنیادیدە و شیعرەکانی ستریندبارییەوە، بۆچوونە خەونەئامێزەکانی سەبارەت بە واقیع بەرجەستە دەبێت.

## کارەکتەرە سەرەکییەکان

کچەکە/ ئەگنێس

کچەکەی ئیندرا ناوەندی کارەکتەر و ڕووداوەکانە، ئیندرا خواوەندێکی بەدەسەڵاتە و کچەکەی دەنێرێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی تا لە نزیکەوە، بەچاوی خۆی ببینی کە چۆن دەژین.[١٩]

کچەکە لەناو هەموو ڕۆڵ و کارەکتەرەکاندا، تەنیا کەسایەتییەکە کە مرۆڤ لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دەبینێت، تەنیا ئەوە کە دەبینێت مرۆڤ وەک کەسێکی شەڕانی لەدایک نەبووە، بگرە لە ژیاندا دەبێتە کەسێکی شەڕانگێز.

کچەکە دەبینێت کە مرۆڤ چەندە بێدەسەڵاتە و ناتوانێت لە بەرامبەر دروستکردن و خوڵقاندنی مێژووی خۆیدا هیچ بکات، هەر لێرەوە، جار لە دوای جار دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە: "مرۆڤ شایانی بەزەییە!" بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە دەبینێت مرۆڤ بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، کە تەقەلاکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو عەدەم دەچێت.

ئەگنێس ناچاری بینینی ئەو هەموو ئازار و پەژارەیە دەبێت، دەبینی مرۆڤەکان دووچاری ئازار بوون و بەڵام توانای هیچی نییە بیکات و ناتوانێ یارمەتییان بدات.

کچەکەی ئیندرا لەسەر زەوی تێکەڵاوی مرۆڤ دەبێت، ئەو لە یەک کاتدا مرۆڤە و خواوەندیشە، ئەمەش سنوورێکی ئاشکرای لە نێوان مرۆڤ و ڕەوش و ئەتمۆسفێرەکاندا بۆ دەستەبەر دەکات، هەر لەبەر ئەوەشی کە ئەو خەڵکی سەر زەوی نییە، زۆر بەباشی گوێی لە شتەکانە، دەبیستێ و دەبینێ. کچەکە هەوڵ دەدات ئەفسەرەکە لە بەندیخانە ڕزگار بکات، دەرگەوانەکە لە کارەکەی خۆی دوور بخاتەوە، تا ئەو لە بریی دەرگەوانەکە گوێ بۆ ژان و ئازارەکانی خەڵکی شل بکات، لە ڕێگەی ئەوەوە کە ببێتە ژنی پارێزەرەکە، دەیەوێت ئازارەکانی پارێزەرەکەش کەم بکاتەوە.

کچەکە لەو بڕوایەدایە کە ئەو بەهۆی ئەو هێزە خواوەندانەیەوە کە هەیەتی، بتوانێ بەرگەی هەست و سۆزەکانی، دژایەتی و ناکۆکییەکانی پێوەندییە خێزانییەکان ببێتەوە، بەڵام پێوەندییە ژن و مێردایەتییەکەی لەگەڵ پارێزەرەکەدا زۆر ناخایەنێ و هەڵدەوەشێتەوە. کچەکە وەک میوانێک لەلای مرۆڤ چەندین ڕۆڵ دەبینێت تا مرۆڤ ئاسوودە و ئازاد بکات، بەڵام خۆی وەک کەسایەتییەکی زۆرجار نادیار و گران دەبێت، هەندێ جار مرۆڤە و هەندێ جاریش کچی خوایە و لە دەرەوەی کات و شوێنەوە چاودێریی ژیان و ڕاستییەکان دەکات، لە ڕوانگەیەکەوە کە کەسانی ئاسایی ئەو توانایەیان نییە.

کچەکە کات بەپێوانەی ئاسمان، بە پێوانەی کچی خوا سەیر دەکات و یەک ساڵ بۆ ئەو یەک چرکەیە، دەرگەوانەکە کە کارێکی سەخت و گرانی بەسەر شانەوەیە و بەردەوام دڵی بۆ ئازاری خەڵکی کردووەتەوە، یەک چرکە هێندە درێژە، هەروەک ئەوەی ساڵێک بێت وەهایە.

(توند تاریک دادێت)

ژنە دەرگەوان

(چراکە دادەگیرسێنێ)

ئەمڕۆ زوو ئێوارە داهات!

کچەکە: یەک ساڵ بۆ خواکان وەک دەقیقەیەک وایە!

ژنه دەرگەوان: بۆ خەڵکیش دەکرێ یەک دەقیقە هێندەی ساڵێک درێژ بێت!
شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دەرگەوانەکە باوەش بۆ ئازارەکانی ئەوانی تر دەکاتەوە، بەڵام ڕێگە بە کەسیش نادات کە بێتە ژوورەوە، دەرگەوانەکە وێنەیەکی تری کچەکەیە، وەک کچەکە وایە بە پیری و ئەو ئەزموونەی کە کچەکە دەیەوێت لەسەر زەوی کۆی کاتەوە، ئەو هەیەتی، هەر لەبەر ئەوەشە کە شاڵەکەی خۆی پێشکێش دەکات.

لە کاتێکدا کە پارێزەرەکە باسی ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆی دەکات، کچەکە ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەو دوو ئەرکی هەیە و لەم نێوانەدا تووشی ئازار دەبێت. کچەکە دەبێت لە یەک کاتدا مرۆڤ و خواوەندیش بێت، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە منداڵی پارێزەرەکە، هەروەها بەرپرسیاریشە بەرامبەر بە خوا. کچەکە دەیەوێت بمرێت، نەک بگەڕێتەوە بۆ دۆزەخی ژن و مێردایەتی. مردن زۆر باشترە لەوەی کە تەنیا " ببمە مرۆڤ ".

کچەکە لە دیمەنەکانی سەر زەویدا و لەگەڵ پێوەندییەکانی بە سێ کارەکتەرە پیاوەکانەوە، ئەفسەرەکە، پارێزەر و شاعیرەکە گەشە دەکات و زیاتر دەگاتە ئەو ڕایەش کە مرۆڤ شایانی بەزەییە و هەر بەم بیر و بۆچوونەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

کچەکە لەلای ئەفسەرەکە بیرەوەرییەکانی دایکی زیندوو دەکاتەوە، لەلای پارێزەرەکە دەبێتە پێوەندییەکی سێکسی بە بەروبووم و لەلای شاعیرەکەش دەبێتە ڕۆحێکی ئاگراوی و بەرزترین ئاستەکانی پێوەندییەکی ڕۆحی بەرجەستە دەکەن.

ئەرکی سەرشانی ئەگنێس ئەوەیە بە دوو ئاراستەدا پەیامەکانی بگەیەنێ، ڕاستییەکانی خواوەند سەبارەت بە سروشتی مەرگ و ڕاستییەکانی مرۆڤیش سەبارەت بە سروشتە خواوەندییەکان.

کچەکە لەگەڵ دەروازەی بەرەوپێشەوە چوونی ڕووداوەکاندا خەونەکەی و پێوەندییەکانی بە خەڵکی سەر زەوییەوە فراوان دەبێتەوە، لە بەشی دووەمدا دەگاتە ئاستە قووڵ و ناواخنەکانی ژیانەوە، لە بەشی سێیەمیشەوە زیاتر بەئاگا دێتەوە و خۆی بۆ گەڕانەوە بەرەو ئاسمان ئامادە دەکات.

ئەفسەرەکە/ کچەکە

کچەکەی ئیندرا لە سەرەوە، لە ئاسمانەوە دێت، بەسەر باڵی هەورەکانەوە دەفرێت و وەک نوێنەری خوا دێتە سەر زەوی. کچی خوا لە بەرگی ئەگنێسدا لەسەر زەوی دەگەڕێت و هەر لە سەرەتاوە ئەفسەرەکە لە کۆشکەکەدا دەبینێت و ئامادەییی خۆیشی دەردەبڕێت تا لەو بەندیخانەیە ڕزگاری بکات.

کچەکە: تۆ لە ژوورەکانتدا زیندانیت، من هاتووم ڕزگارت بکەم!

ئەفسەرەکە: هەڵبەت من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، بەڵام هیچ دڵنیا نەبووم کە تۆ دەتەوێ ڕزگارم بکەیت.

کچەکە: کۆشکەکە قایمە. حەوت دیواری هەیە، بەڵام... دەبێت دەرەقەت بێین... دەتەوێ یان ناتەوێ؟

ئەفسەرەکە: ڕاستیت دەوێ نازانم، لەبەرئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا من ئازارم پێ دەگات! هەموو شادمانییەک لە ژیاندا دەبێ بە دوو بەرامبەر غەم بەهاکەی بدەین. لێرە کە دانیشتووم زەحمەتە، بەڵام گەر ئەو ڕزگاربوونە خۆشەش بکرم ئەوا دەبێ سێ ئەوەندەی ئەوە ئازار بچێژم.... ئاگنێس، من پێم باشترە لێرە بمێنمەوە، تەنیا بۆم هەبێ بتبینم!

کچەکە: چی لە مندا دەبینیت؟

ئەفسەرەکە: ئەو جوانییەی کە هارمۆنییەتە لە گەردووندا... هێڵگەلێک لە قەڵافەتتدایە کە من تەنیا لە خولگەکانی سیستمی خۆردا دەیبینمەوە، لە دەنگی خۆشی ژێدا، لە لەرینەوەکانی ڕووناکیدا، تۆ منداڵێکی ئاسمانیت...

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەفسەرەکە بەندە و دەبێت بە بەندیش بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی نرخی ئازادی گرانە و هەروەها بەئاسانی دەست ناکەوێت، هەر لەبەر ئەوەشە خۆشەویستییەکی نادیار و دووراودوور دەبێتە چارەنووسی ئەفسەرەکە. ئەوەشی کەوا لەم ئەفسەرە دەکات کە لە یەک کاتدا نەتوانێت سەربەست و ڕازی بێت ئەوەیە کە ژیان بەرامبەر ئەو زۆر نایەکسان بووە، لە وەڵامی کچەکەدا دەڵێت: "ئا! نادادوەرانە.... " خۆشەویستەکەی ڤیکتۆریایە و هەڵوێستەکان زۆر بەخێرایی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەفسەرەکە بە ڕاڕەوەی شانۆکەدا دێت و دەچێت و چاوەڕوانی ڤیکتۆریا دەکات، بەجلی مەدەنییەوە دێتە پێشەوە و شمشێرەکەی دەستی بووەتە چەپکە گوڵێک. ئەفسەرەکە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە ڤیکتۆریا ببینێ، ڤیکتۆریاش دەبێتە کەسێکی نەبینراو، بەڵام ڤیکتۆریا لە ئەندێشەی ئەودا بوونی هەیە و بە تەنیشتییەوە ڕێ دەکات. ڤیکتۆریا تەنیا کەسێکە کە مانایەکی بۆ ئەم کەسایەتییە هەبێت. ئەفسەرەکە هیچ پێوەندییەکی فیزیکیی بەو کەسانەوە نییە کە لە ڕاڕەوی شانۆکەدا دەردەکەون، لە جیهانەکەی ئەودا تەنیا ڤیکتۆریا هەیە و تەنیا ڤیکتۆریاش بوونی بۆ ئەو هەیە. کات دەڕوات و ڤیکتۆریا هەرگیز نایەت، بەڵام کات لەلای ئەفسەرەکە وەستاوە و ناڕوات، پیر دەبێت و چەپکە گوڵەکەی دەستیشی وشک و سیس دەبێت. چاوەڕوانیی ڤیکتۆریا هاوسەنگییەکی ناوەکی و وزەیەکی هێمنی پێ دەبەخشێ و لە هەمان کاتدا هارمۆنیی دەداتێ. ئەو سێ دیمەنەی کە لە کۆشکەکەدا دەست پێ دەکات و لە کۆڵانەکەدا تەواو دەبێت، دەستنیشانی هەموو پرۆسێسی گەشەکردنی خەونەکانی ئەفسەرەکە دەکات. ئەفسەرەکە سێ جار ئەو هەلەی بۆ

دەرەخسێت کە لە پەیامەکەی ئەگنێس بگات: یەکەمیان کە بڕوای بەو کچە هەبێت وەک ڕزگارکەرێک، دووەمیشیان کە بتوانێت خۆی لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی دایکی ڕزگار بکات، سێیەمیشیان کە خۆی بتوانێت کچەکە ڕزگار بکات. لە بۆچوونێکی ترەوە خەونەکەی ئەفسەرەکە لەو دیمەنە کاریگەر و خۆش و لە هەمان کاتدا زیندەخەونەدا: دیمەنی قوتابخانەکە دووبارە دەبێتەوە. لەم دیمەنەدا ئەفسەرەکە، وەک کەسێکی گەورە لە پۆلێکی سەرەتاییدا، لەگەڵ منداڵەکان لەسەر کورسیی قوتابخانە دانیشتووە و ڕووبەڕووی هەمان مامەڵەی گران و بەزەبری مامۆستاکەی دەبێتەوە کە بە منداڵی دووچاری هاتووە. کە لەم هەڵوێستەش ڕادەمێنێ و دەیەوێت نارەزایی دەرببڕێت لەوەی کە وەک منداڵێکی قۆناخی سەرەتایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا ئەو بڕوانامەی دوکتۆرای پێ بەخشراوە، مامۆستاکەی ئەو وانەیەی بیر دەخاتەوە هەرگیز فێری نەبووە: "دەبێت کامڵ بیت"

مامۆستا: بەڕاست! تۆ سەعیت نەکردووە!

ئەفسەرەکە: (شەرمەزار)

با، کردوومە، بەڵام... دەزانم چۆنە، بەڵام ناتوانم بیڵێم....

مامۆستا: تۆ نیازتە شانی پیا کەیت! دەزانیت بەڵام ناتوانیت بیڵێیت... ڕەنگە من بتوانم یارمەتیت بدەم!

(قژی ئەفسەر ڕادەکێشێت)

ئەفسەرەکە: ئاه، ناجۆرە، ناخۆشە!

مامۆستا: بەڵێ ناخۆشە کە کوڕێکی ئاوها زل، بەهیمەت نەبێت...

ئەفسەرەکە: (بە ئازارەوە)

کوڕێکی زل، ئا، من زلم، زۆر زلتر لەوانی ئەوێوە، من تەواو کامڵم، من قوتابخانەم تەواو کردووە.... (وەک ئەوەی وەئاگا بووبێتەوە) من دوکتۆرام پێ بەخشراوە... باشە بۆچی لێرە دانیشتووم؟ ئەدی من دوکتۆرام پێ نەبەخشراوە؟

مامۆستا: بەڵێ وایە، بەڵام تۆ دەبێ دانیشیت و خۆت کامڵ بکەیت، دەبێ کامڵ بیت... وا نییە؟

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەفسەرەکە لە کۆتاییی دیمەنەکەدا داوا لە لێپرسراوانی قەرەنتینە دەکات کە لە دەست مامۆستاکەی ڕزگار بکات: "ڕزگارم کە! لە چاوەکانیم ڕزگار کە!" ئەفسەرەکە دەچێتە تەمەنەوە و پیر دەبێت، بەڵام هەرگیز گەورە نابێت و هەرگیز ڤیکتۆریاکەشی نابینێت.

خەونی ئەفسەرەکە پابەندە بە کۆشکەکەوە، کچەکەش هەر لەم کۆشکەوە سەفەرەکەی سەر زەوی دەست پێ دەکات و دەچێتە کۆشکەکەوە تا ئەفسەرەکە ڕزگار بکات. دوای ئەوە چەندین جار

بەدرێژاییی شانۆنامەکە وێنەکانی کۆشکەکە، میتافۆر و هێماگەلەکانی دەردەکەوێتەوە و لە کۆتاییشدا ئەو کۆشکە دەبێتە وێنەیەکی سەراپاگیریی گەورە (کاتێ کۆشکەکە دەسووتێ، خونچەی گوڵەکە لەسەر سەربانەکە دەپشکوێ و دەبێتە گوڵە بەیبوونێکی زەبەلاح)

کارەکتەری دایک و باوک

کەسایەتیی دایک لە شانۆنامەکەدا ڕۆڵێکی گرینگ و پایەیەکی دیاری هەیە، هەرچەندە زۆر کەم و بەتایبەتی لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت:

باوکەکە: (بە نەرمی)

ئەمەت ناوێت؟

دایکەکە: عەبای ئاوریشم بۆ من، هاوڕێی ئازیز، ئاخر ئەوە سوودی چییە کە من بەم زووانە بمرم!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دایکەکە دەزانێت کە ئەو بەو زووانە دەمرێت، لە ژیان دوور دەکەوێتەوە و بە تەواوەتی لە مەرزەکانی مەرگەوە نزیکە، هەروەها باوکەکەش ئەم ڕاستییە دەزانێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە باوکەکە دەیەوێت دایک بدوێنێت، بەڵام ئەو زیاتر هۆشی لەلای منداڵەکانیەتی.

دایکەکە: خۆ ئەوە ژیانی منە! ڕەوای خۆمە... شادمانی و غەممە...

باوکەکە: کریستینا لێم ببوورە... لە هەموو شتێک!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەم کۆتاییهێنانە زۆر شت سەبارەت بە ژیانی ئەم دوو کارەکتەرە دەڵێت:

باوکەکە: (سەر دەکێشێتە ژوورەوە)

دەتەوێ دیارییەکەم بدەیتە کارەکەرەکە؟

دایکەکە: وا مەڵێ... بیرت بێ کە منیش کارەکەر بووم... بۆچی تۆ هەستی بێتاوانێک بریندار دەکەیت؟

باوکەکە: ئەی بۆچی تۆ... من، مێردەکەت بریندار دەکەیت...

دایکەکە: ئۆه لەم ژیانە! کاتێ مرۆڤ جوان مامەڵە دەکات هەموو کات کەسێک هەیە کە بە ناشیرینی تێ دەگا... مرۆڤ باشەیەک دەکا، لەولاشەوە خراپەیەک دەکا. ئۆف لەم ژیانە!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دایک گەورەیە و بەرەنجامەکان دەزانێ چییە و هەروەها لە ژیانیش گەیشتووە (ئۆف لەم ژیانە!) دواتر دایک لە شانۆنامەکەدا دەمرێت و هیچ ئامادەبوونێکی فیزیکی نامێنێت. هەروەها باوکیش دیار نامێنێ. لە پێوەندییەکەشیاندا لە ئازاردانی یەکتر بەولاوە هیچ شتێکی تریان نەکردووە، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی[٢٠].

لە خەونە نمایشێکدا چەندین کارەکتەر ئەو پرسیارە دووبارە دەکەنەوە کە بۆچی هێندە ئازار و ژان لە دنیادا هەن، بۆچی مرۆڤ یەکتر دەچەوسێننەوە، دایک و باوکەکە هیچ وەڵامێک و لێکدانەوەیەکیان بۆ (بۆچی) پرسیارەکانی خۆیان وەرناگرن و نییە، نەک هەر ئەوە بگرە دایک دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە پرسیارەکان ژیان زیاتر ئاڵۆز دەکەن. باوک و دایک لە شانۆنامەکەدا هێماگەلی وەچە پیرەکە، وەچە کۆنەکەن و بەرێگەی مەرگەوەن، ئەوان دەمرن و لە بەرچاو ون دەبن، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان لەلای هەندێ لە کارەکتەرەکان دەمێننەوە و جارناجارێک وەبیر دەهێنرێنەوە.

هەر لەم ڕووەوە هەستی قەرزاریاری لە ڕابردوودا و هەروەها لە ئێستاشدا، مەسەلەیەکی گرینگە. لەوانەیە شانۆنامەکە بۆ خودی ستریندباری باسی ئەو دایکە بکات کە لە سەرەمەرگدایە، یان بە تەواوەتی مردووە و بەردەوام دەسەڵاتی لە ترۆپکدایە و هەستی قەرزاریاریی خۆی وەک چەکێک دژی منداڵەکانی بەکار دەهێنێ.

### دەرگەوان/ پارێزەر

هەردوو کارەکتەری دەرگەوانەکە و پارێزەر هێماگەلێکی بەهێز و ڕاستەوخۆی ئازارچێشتن، خەم و ژان و ئازار لە سیمایاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم دوو کارەکتەرە باسی کلۆڵی و خەمەکانی خۆیان دەکەن و بەمەش لە پێوەندییەکی بەردەوامدان بە کەسایەتییەکانی ترەوە. دەرگەوانەکە لە ماوەی سی ساڵدا جێگەی متمانەی کەسە کلۆڵەکان بووە و ئەو کەسانە گلەیی بەختی خۆیان لای ئەو کردووە، ڕاڕەوی شانۆکەش شوێنی کارەکەی ئەوە.

مرۆڤە بەدبەختەکان خەڵکانی سەر شانۆکەن، ئەو شانۆیەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرگەوانەکە سەمازانێکی بلیمەت و ناودار بووە، ئێستاش کاری ئەوە کە گوێ لە پەژارەکانی خەڵکی بگرێت. دەرگەوانەکە دەڵێت: "خەم شتێکی ناپەسند نییە... ئەوە شتێکە... بەهەرحاڵ شتێک باشترە لە هیچ."

بەر لە سی ساڵ دەرگەوانەکە پێوەندیی بە خودی خۆیەوە لە دەست دەدات، لەگەڵ (ئەو، من)ی خۆیدا دادەبڕێت، هەر بەم شێوەیەش توانای سەماکردن لەدەست دەدات و ترووسکەی سەما لە جەستەیدا نامێنێ و لە بریی ئەوە دەبێتە دەرگەوان. دەرگەوانەکە ناتوانێت دەستبەرداری ئەو خەڵکە دڵشکاو و غەمگینانە بێت و دەبێت شەو و ڕۆژ بە بەردەوامی کار بکات، بە کچەکە دەڵێت: "بەڵام مرۆڤ نابێت لە کاتی ئیشدا بنوێت، هەرگیز نابێ بنوێت، نە بە شەو و نە بە ڕۆژ.... "

کچەکەش لە دەرگەوانەکە نزیک دەبێتەوە و جێگەکەشی دەگرێتەوە و شاڵەکەشی دەدات بە شانیدا، ئەو شاڵەی کە چەندان ساڵە ئازار و ژانی خەڵکی هەڵمژیوە.

کچەکە: (بۆ ژنە دەرگەوان)

ئێستا شاڵەکەم بدەرێ، دەتوانم لێرەدا دانیشم و لە عەبدەکانی خوا بنۆڕم! بەڵام تۆ لە دواوە ڕاوەستە و قسەم بۆ بکە!

(شاڵەکە بەخۆیدا دەدا و لای دەروازەکەوە دادەنیشێت)

ژنە دەرگەوان: ئەمڕۆ دوایەمین ڕۆژە و ئۆپێراکە دادەخرێت... ئەمڕۆ ئەوان دەزانن کە ئاخۆ دادەمەزرێن....

کچەکە: ئەی ئەوانەی کە دانامەزرێن... چی؟

ژنە دەرگەوان: ئا، ئەی حەزرەتی مەسیح، دەبینین.... من شاڵەکە دەدەم بە سەرمدا، من.....

کچەکە: ئای مرۆڤی داماو!

ژنە دەرگەوان: بنۆڕە وا یەکێک هات... ئەو هەڵنەبژێردراوە.. بنۆڕە چۆن دەگری...

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

پارێزەرەکەش بەهۆی کارەکەیەوە ناتوانێت دوورەپەرێز بێت لە مرۆڤ و گیروگرفتەکانیەوە. مرۆڤەکان خۆیان دەخزێننە ژیانیەوە، ئەوان بە شکایەت و ناڕەزایی و گیروگرفتەکانیانەوە، بە کێشە و ئاژاوەکانیانەوە ڕوو دەکەنە پارێزەرەکە، خەڵکی هەست دەکەن کە بە ناڕەوایی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و هەر لەبەر ئەوەشە دێنە لای پارێزەرەکە تا داواکانیان بگەیەنێتە دادگە. پارێزەرەکە خۆی لە یەکسانیدا دەبینێتەوە و دژی دووبارەبوونەوەیە، بەڵام ژیانی خۆی لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامدایە، نە دەتوانێ واز بهێنێت و نە دەشتوانێ شتێک لە هەڵویستەکانی ژیانی بگۆڕێت. دەبێت بەردەوام بێت وەک پارێزەرێک، دووبارەبوونەوەیەکی هەتاهەتایی. پارێزەرەکــــە و ئەو مرۆڤانەی کە گلەییان هەیە پێویستیان بە یەکتر هەیە و یەکتری تەواو دەکەن.

**شاعیرەکە/ کچەکە**

هەردوو کارەکتەری کچەکە و شاعیرەکە ڕۆڵێکی تایبەتمەندیان هەیە، دیالۆگەکانی نێوانیان زۆر جیاوازترە لە دیالۆگەکانی تری هەموو کارەکتەرەکانی تر، هەر بۆ نموونە زمانە چڕ و لیریک ئامێزەکەیان، ئەو بابەتانەی کە ستریندباری لە دەروازەکانی ڕۆڵی کچەکە و شاعیرەکەوە دەیانخاتە ڕوو، قەرزارباری، ویژدانێکی بێ ئازار و ئاسوودە، باوەڕ و گومان، ئازارەکانی مرۆڤ.... هتد لە ڕوانگەیەکی گەلێ هۆشیارییەوە، بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تری شانۆنامەکە و کارەکتەرەکانی تریش، مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەم دوو کارەکتەرە ڕۆڵ و کەسایەتییەکانی یەکتر

دەوڵەمەند دەکەن، یەکتر تەواو دەکەن و ڕووداوەکان بەرەوپێشەوە دەبەن. لە دیالۆجەکانیاندا زۆر نزیکن لە یەکترەوە، هەردووکیان باسی خەون، شیعر، ڕاستی و واقیع دەکەن.

شاعیر: من کەرەتێک ئەوەم کردووەتە شیعر!

کچەکە: کەواتە تۆ دەزانیت شیعر چییە...

شاعیر: کەواتە دەزانم خەون چییە... ئەدی شیعر چییە؟

کچەکە: واقیع نییە، بەڵام لە واقیع زیاترە... خەون نییە بەڵام خەونێکە بە بێداری دەبینرێ...

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کچەکە وەک میوانێکی سەر زەوی زۆربەی کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە دەبینێ و نوێنەری ئەو ڕووداوە، کردارەیە لە شانۆنامەکەدا کە بوونی بۆ نییە. بەڵام شاعیرەکە زیاتر لە بەشی کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، خێرا چەندین هێڵی هاوبەش لەگەڵ کچەکەدا دەدۆزێتەوە.

کچەکە و شاعیرەکە هەروەک ئەوە وایە کە پێناسی یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن، لە چاوترووکانێکدا کچەکە دەبێتە وێنەیەکی، ئاوێنەیەکی ئەو، لە چاوترووکانێکی تریشدا شاعیرەکە دەبێتە هی ئەو. بەڵام دواتر ئەم پێکداچوونە دەوەستێت و کچەکە لە پڕ هەست بەوە دەکات کە بوونی بەمرۆڤ و دەسەڵاتی ئینکەرناشونی ئەو لەسەر زەوی چی لەخۆ دەگرێت.

کچەکە: تۆ هەقی خۆتە سەرزەنشتم بکەیت، من لەم خوارەوە زۆرم پێ چوو، وەک تۆ لە گەرماوی قوڕدا خۆم شت...

ئیدی ئەندێشەکانم نافڕن، باڵەکانم قوڕاوین...

پێوپلم خۆڵاوین... منیش خۆم... (باسکەکانی بڵند دەکات)

من غەرق دەبم، غەرق دەبم.... باوکە ئەدی خوای ئاسمان

یارمەتیم بدە! (بێدەنگی) من ئیدی وەڵامی نابیستم! ئیدی ئەتمۆسفار دەنگ لە لێوی ئەوەوە ناگەیەنێتە سەدەفی گوێچکەی من.... ئیدی داوی زیویین پچڕا... بێچارە خۆم، من بە ئەرزەوە بەستراوم.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کێ بەرپرسیارە لەوەی کە ژیان ئاسوودە نییە؟ ئاخۆ مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە یان هێزە ئاسمانییەکان؟ شاعیرەکە هەندێ جار مرۆڤ تاوانبار دەکات و هەندێ جاری تر ئاماژەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ بەتەواوەتی بێتاوانە. هەروەها شاعیرەکە هانی کچەکە دەدات کە هەموو ئاخ و داخی مرۆڤ وەربگێڕێتە سەر زمانێک کە (نەمرەکان) تێی بگەن.

شـاعیـرەکە ئەو نـایەکسـانیـیانە دەبیـنێت کـە لـێپـرسـراوی قـەرەنتـینە، بەهۆی پابەنـدبوونیـیـەوە بەدەسەڵاتەوە ناتوانێت بیانبینێت.

لێپـرسـراوی قـەرەنتـینە دووپاتی ئەوە دەکـاتەوە کـە مـرۆڤ خـۆی بەرپـرسـیـارە لە ناخـۆشی و پەژارەکانی خۆی، شاعیرەکەش دژی ئەم دیدە دەبێتەوە. شاعیرەکە هەندێ جار لە گومان و دانایی و بڕواوە دەڕوانێتە بوونی خوا، زۆرجار هەست و هۆشێکی قووڵ و تێفکرینێکی بەرزی هەیە، بەڵام دوای چەند ساتێک ون دەبێت، هەروەک خۆی دەڵێت: ''نەو! من زۆرجار خاوەن دڵنیایی بووم، بەڵام دوای سەردەمێک ئەو دڵنیاییە نەما، وەک خەونێک کاتێک کە مرۆڤ بێدار دەبێتەوە!''

کـچـەکـەش دەکـرێت وەک هـاووێنـەیەکی، هـاوشـێـوەیەکی بەسـەرهـاتەکـانی هەزار و یەک شـەوە بخـوێنرێتـەوە، سـتـریندبـاری خـۆیشی لـەم شـرۆڤـەیە نزیک بووەتەوە و لە دیمـەنە خـەونێکدا ئەو لێکچوونە دەخـاتـە ڕوو: هارونە ڕەشـید، خـەلیفـەی بەغدا کە لە بەرگی کەسـێکی ئاساییدا خـۆی دەگۆڕێت و دەچێتـە ناو خـەڵکییەوە تا بزانێت چۆن چۆنی پەیڕەوی یاسـاکـانی دەکـەن. لە هـەمـان کـاتدا شـاعیـرەکـە داوای لێ دەکـات کـە باسـی ئەو نایەکسـانییـانەی بۆ بکـات کـە لە سـەفـەرەکـەیدا بینیویەتی.

کچەکە: وەڵامدانەوەی پرسیـارەکانتان زۆر قورسـە، چونکە چەندان شت هەن کە پێشبینی ناکرێن....

شـاعیـر: خـەلیـفـە هـارونە ڕەشـیـد(*)یش هـەر وای دەبینـی! بێ جـووڵە لەسـەر عـەرشـەکـەی دادەنیشت و قـەت لەو سەرەوە تەمـاشـای نەدەکرد کـە لە خوارەوە چ باسـە! دواجار داد و بێـدادی خـەڵک گـەییـیـە گـوێ بەرزەکانی. ئـەوسـا لە ڕۆژێکی خـۆشـدا هاتە خـوارەوە، بەشێوەیەک کـە نەناسرێتـەوە، خـۆی گـۆڕی و بێ سـرتە خـۆی کرد بەنێـو حەشاماتی خەڵکدا تا بزانێ وەزعی عەدالەت چۆنە.

کچەکە: هەڵبەت خۆ پێتان وانییە کە من هـارونە ڕەشید بم؟

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

کـچـەکـە چارەسـەری مـەتەڵە گـەورەکە، نهـێنییـەکانی ژیان دەکـات: ژیان وێـنـەیەکی خـەونە (خـەونە وێنەیەکە). شـاعـیـرەکـەش دەیەوێت کـچـەکـە وەڵامی نـهـێنیـیـەکانی ژیانی بداتـەوە، دەیەوێت بەهۆی پرسـیـارێکی ڕاسـتەوخـۆ و کۆنکرێتییـەوە لە کچـەکە بگات، شاعیرەکـە دەیەوێت بزانێت کە کـچـەکـە لەسـەر زەوی زیاتر بـەچی ئازاری چەشـتـووە، کـچـەکـەش دەڵێت ئەوەی کـە هـەبم، واتە بـوونی ئەو لەسەر زەوی و لەناو مرۆڤدا ئازاراوی بووە:''من هەموو عەزابەکانی ئێوەم چەشتووە''.

شـاعیر: کەواتە بەر لەوەی بڕۆیت... پێم بڵێ: لە خـوارەوە، چ شـتێک لە هـەموو شـتـەکانی تر زیاتر ئازاری دایت؟

کچەکە: شتێکی وەک ئەوەی... کە هەبم، ئەوەی کە هەست بکەم چاوێک ڕوانینمی لاواز
کردووە، کە گوێیەک بیستنمی تەمبەڵ کردووە، ئەوەی کە ئەندێشەم، ئەندێشە
بەرئاوەڵە و ڕووناکەکەم لە پێچاوپێچی چەوراییی ئەقڵدا شەتەک بدرێ. هەڵبەت تۆ
مێشکێکت بینیوە.. ج ڕێگەگەلێکی پێچاوپێچ... چ ڕێگەگەلێکی خشۆکی...

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا کچەکە ئامادەییی خۆی دەردەبڕێت کە پەیامی شاعیرەکە لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئیندرای خواوەند، بەڵام بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، پیلاوەکانی دادەکەنێ و فڕێی دەداتە نێو ئاگرەکەوە، کچەکە دەیەوێت بەمە هەموو وەهمەکانی سەر زەوی بسووتێنێ و بەم شێوەیەش هەموو پێوەندییەکانی بە جیهانی سەر زەوییەوە نەمێنێ. دوای ئەوە و لە هەمان کات و بەپێی هەمان ڕیتواڵ کارەکتەرەکانی تریش شتە تایبەتمەندەکانی خۆیان: ژنە دەرگەوانەکە شاڵەکەی، ئەفسەر گوڵەکانی دەستی، پۆستەرهەڵواسەرەکە پۆستەرەکانی، وەستای شووشە ئەڵماسەکەی، پارێزەر پرۆتۆکۆڵی دادگەییەکەی.... هتد بەم شێوەیەش کارەکتەرەکان وەهمەکانی خۆیان، وەهمە زەوینییەکانیان فڕێ دەدەنە نێو ئەو ئاگرەوە کە ئەگنێس، کچەکەی خوا خۆی پێ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاسمان. کە کچەکە دەچێتە کۆشکەکەوە، هێماگەلێکە بۆ ڕزگاربوون لە وەهمەکان و ئەمەش یەکێکە لە وانە گرینگەکان و پەیامە سەرەکییەکەی دیانەتی هیندیش.

کچەکە: ماڵئاواییمان بەڕێوەیە و کۆتایی نزیک دەبێتەوە
خواحافیز ئەی زارۆکی ئینسان، ئەی خەونبین
خواحافیز تۆ ئەی شاعیر کە باشترین ژیان دەژی
بە باڵی شکاوەوە بەسەر ئەرزدا دەسووڕێتەوە
جار بەجار لە خۆڵدا غەرق دەبێ
تا ئەوەی کە بە ئەسپایی بەری کەوتووە، پێیەوە
نەنووسێت

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

## ئەفسوون و هێماگەلی دەرگە

لە خەونە نمایشێکدا چەندین هێماگەلی بەهێز هەن و ئەم هێمایانەش یەکتر تەواو دەکەن و پێکەوە وێنەیەکی گشتگیر و سەراپاگیر لە ستروکتوری شانۆنامەکەدا دەخوڵقێنن: کۆشک، شانۆ، ئەشکەوت و دەرگە داخراوەکە بەشێکن لەو هێماگەلانە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لە نهێنییەکانی هێماگەلی دەرگەکە بکەینەوە.

یەکێک لە ناوەندە گرینگ و هێما ئاشکراکانی خەونە نمایشێک، بوونی دەرگەیەکی داخراوە، ئەم دەرگەیەش بە درێژاییی شانۆنامەکە دەبێتە جێگەی سەرنج و هەموو کەسایەتییەکان لە تێرامانێکی بەردەوامدان کە چ شتێک لە پشتی ئەو دەرگەیەوەیە.

لە پشت ئەو دەرگەیەوە چارەسەری گەردوون خۆی شاردووەتەوە، وەڵامی نهێنییەکانی ژیان. دەرگەکە بکرێتەوە یان نەکرێتەوە، لەوانەیە لەپشت دەرگەکەوە ڕاستییە دڵتەزێنەکان، خەتەرناکەکان، جیهانە نادیار و شاراوەکان، شتە قەدەخەکراوەکان و نائاگاکان خۆیان شاردبێتەوە، لەبەر ئەوە ڕەنگە هەموو کەسێک نەیەوێت کە ئەو دەرگەیە بکرێتەوە.

چی لەپشت دەرگەکەوەیە؟ چاوەڕوانییەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا گەورە دەبێت، بەشێوەیەک لە بەرەنجامدا ئەو چاوەڕوانییانە دەگاتە ئاستێکی بەرز و لە هەمان کاتدا جیاواز و نامۆ.

کردنەوەی دەرگەکە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوونە و وەڵامیش بۆ ئاشکراکردنی نهێنی و هەڵهێنانی مەتەڵێکی وەها گەورە تەنیا یەک شتە: عەدەم[٢١].

ستریندباری لە یەکی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠١دا، کە ئەو کاتە بە تەواوەتی شانۆنامەکەی نووسیبوو، لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی کە ڕوونکردنەوەیەکی گرینگی سەبارەت بە خەونە نمایشەکەی لە کتێبێکدا سەبارەت بە ئاینی هیندی دۆزیوەتەوە:" نهێنیی دەرگەکە، هیچ، عەدەمە." مەتەڵی جیهان لە هیچدا دەدۆزێتەوە، ئەمەش خوێندنەوە و بۆچوونی تر و جیاواز دەخوڵقێنێ.

خەونبینەکان دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە دەرگەکە بەرەو کوێمان دەبات و نهێنییەکانیش لە چاوی ئەو کەسانەدایە کە چاودێریی شتەکان دەکەن. کاتێک ئەفسەرەکە خەون بە منداڵی خۆیەوە دەبینێت، دەرگەکە لە دۆڵابێکدایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێکی دڕاوی تێدا شاردووەتەوە، لە دوای ساتێکی تر خەبەری دەبێتەوە کە لە چاوەڕوانی ژنێکدایە کە هەرگیز نایەت، دەرگەکەشی دوو هەزار و پێنجسەد و پەنجا و پێنج جار دیوە، بەبێ ئەوەی لەوە بگات کە چ نهێنییەکی لە خۆیدا حەشار دابێت.

ئەفسەرەکە: حەوت ساڵە من بێرەدا دێم و دەچم! حەوت زەربی سێسەد و شەست و پێنج دەکاتە دوو هەزار و پێنجسەد و پێنج! "ڕادەوەستێ و پەنجە دەخاتە سەر دەرگەکە کە گوڵە چوارپەڕەکەی پێوەیە" دوو هەزار و پێنجسەد و پەنجا و پێنج کەرەت تەماشای ئەم دەرگەیەم کردووە بەبێ ئەوەی توانیبێتم حاڵی بم لەوەی کە ئاخۆ دەچێتەوە سەر کوێ! ئەم گوڵە چوارپەڕەیش کە بۆ ڕووناکی دەکەوێتە سەرپشت... ئەدی دەبێ بۆ کێ، ڕێگە بداتە ڕووناکی بێتە ژوورێ؟ ئاخۆ کەسێک هەیە لە ناوەوە؟ ئاخۆ کەسێک لەوێ دەژی؟

ژنە دەرگەوان: نازانم! من قەت نەمدیوە بکرێتەوە.

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

دەرگەکە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر دەگۆڕێت، ماناکانی، ناواخنەکەی و تەنانەت شێوازەکانیشی، دەبێتە دەرگەی ژووری جلوبەرگ، بۆ ئەوانەشی کە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا بەند کراون، دەبێتە قوفڵی بەندیخانە، بۆ پارێزەرەکەش دەبێتە ئەو دەرگەیەی کە شکاتەکانی لە پشتەوە شاردووەتەوە، بەڵام لەلای کچەکە پاڵەوانێک لەپشت ئەو دەرگەیەوە بەند کراوە و پێویستە لەپشت دەروازەی دەرگەی کۆشکەکەوە ئازاد بکرێت.

خەونە نمایشێک لە یەک کاتدا و لەسەر چەندین ئاستی جیاواز، ڕاستی و واقیع و شیعرێکی خەیاڵئامێزە، ئەو کۆشکەی کە گەورە دەبێت و هەڵدەکشێت، ئەو گەشتەی کە لە ئاسمانەوە دەست پێ دەکات و شوێن و کات تێکەڵاو دەکات، وەک ڕاستییەکی ڕەها دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا ژیانی ڕۆژانە و ڕاستی و واقیع مەودا و سۆنگەیەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لەخۆ دەگرێت.

بینەران و ڕووداوەکان لە یەک کاتدا وەک خەون، فەنتازیا و واقیع دەبینێت. خەونە نمایشێک گەمەی وێنەکانە، دەرگەکەش بینەران لە یەکەم وێنەی ئەو گەشتەوە دەبات تا دوا وێنەکان. دەرگەکە دەرگەیە، سینۆگرافیایەکی کۆنکرێتییە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی میتافۆریشە، دەرگەکە بە ڕووی بێئاگایی، جیهانە تاریک و نادیارەکاندا دادەخرێت، بەخەبەرهاتنەوەش مەرگە!

لە کۆتاییشدا کە دەرگەکە دەکرێتەوە، هیچ شتێک لە پشت ئەو دەرگەیەوە لە عەدەم لە هیچ زیاتر نابینین، سەرلەنوێ لێرەدا، دەرگەکە دەبێتەوە بەهێماگەلێکی نوێ، ئەمەش گوزارشتێکە لە بیر و بۆچوونە بودیست و ڕەشبینییە فەلسەفییەکانی ستریندباری. لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکیشە بۆ خوێنەر و بینەران تا خۆیان بەدوای فەلسەفە نادیار و شاراوەکانی پشت ئەو دەرگەیەدا بگەڕێن[٢٢] لە بەرەنجامدا دەگەڕێنەوە بەردەمی ڕاڕەوی شانۆ و خەڵکەکە کۆ دەبنەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگەکەن، چونکە چارەسەری مەتەڵی جیهان لەپشت دەرگەکەوەیە، بەڵام کەس دڵخۆش نییە کە دەرگەکە دەکرێتەوە و وەڵامی مەتەڵەکەش برێتییە لە: هیچ.

ئایناسەکە بەم بەرەنجامە تووشی هیچ حەپەسانێک نابێت و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە: "هیچ! ئەمە هەڵهێنانی مەتەڵی جیهانە! خوا لە سەرەتادا لە هیچە ئاسمان و ئەرزی خوڵقاند."

ڕاست بیرکەوەرەکان، مافناس، پزیشک و وەزیری داد هەموو مەسەلەکە بە هەڵخەڵەتاندن ناوزەد دەکەن و وەزیری داد داوای ڕوونکردنەوەیەک دەکات.

وەزیری داد: کچەکە حەز دەکا بفەرمووی پێمان بڵێ مەبەستی لەم دەرگە کردنەوەیە چی بوو؟

کچەکە: نەو، هاوڕێیانی میهرەبان! گەر بیڵێم باوەڕم پێ ناکەن!

پزیشک: هەڵبەت هیچە!

کچەکە: تۆ زانیت! بەڵام تێی نەگەیشتوویت!

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

ئەگنێس لەم دەروازەیەوە دەگاتە ئاستێکی تری ڕاستییەکان لەسەر زەوی و بەچاوێکی ترەوە مەتەڵەکەی گەردوون دەبینێ: لە سەرەتادا هەر زوو لەوە حاڵی دەبێت کە مرۆڤ شایانی بەزەییە، وەک هاوسۆزی و هاوخەمییەک لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی، بە دەرگەکردنەوەکەش دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە گەردوونیش هیچە، بەتاڵە یان بۆشە.

لەم ڕەوشە هەمەچەشن پڕ لە جیاوازییەدا، تەنیا شاعیرەکە دەیەوێت گوێ لە کچەکە بگرێت. دیمەنەکە دەگۆڕێت بۆ بەردەمی کۆشکەکە، هەموو شتێکیش هەر لێرەوە دەستی پێ کرد، ئەگنێس/ کچەکە بە یارمەتیی ئاگر دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

شاعیر: باوەڕ بە تۆ دەکەم، چونکە دەزانم تۆ کێیت!

کچەکە: ئێ باشە، پێت دەڵێم!

لە بەراییی دنیادا بەر لەوەی هەتاو بکەوێت، براما، هێزی مەزنی خوایی، ڕۆیشت تا مایای دایکی دنیا بۆ زاووزێ فریو بدا. ئەم بەریەککەوتنەی توخمە خوایی لەگەڵ توخمی ئەرزیدا، گوناهی مەزن بوو، بەم شێوەیە دنیا و ژیان و خەڵک تەنیا تارماییەکن، سەرابێکن، خەونە وێنەیەکن.....

شانۆنامەی خەونە نمایشێک

پەراوێزەکان

١. یاداشتەکانی ستریندباری لە کۆتاییی مانگی ئۆگۆستییەوە تا گەڕانەوەی هارییەت بوسە لە شەشی ئۆکتۆبەردا، بریتییە لە خەم و پەژارەیەکی قووڵ و هەر لەم ماوەیەشدا بیر لەوە دەکاتەوە کە کۆتا بە ژیانی خۆی بهێنێت، هەر بۆ نموونە لە یەکێک لەو یاداشتانەدا دەڵێت: هەست دەکەم کە چۆن ئەم ئافرەتە بە جوانترین بەشەکانی ڕۆحی منەوە هاتوچۆ دەکات و بانگهێشتنم دەکات بۆ هاودەمی و پێکەوە بوون. من هەست دەکەم بەهۆی ئەوەوە پیس بووم. پیاوی نامۆ بە تێڕوانینە ناپاکەکانیان ئەو پیس دەکەن و بەو شێوەیە منیش پیس دەکەن. بەهۆی ئەم ئافرەتەوە ڕۆ دەچمە خوارەوە بەنێو چڵپاودا، هەرچەندە ئێمە جیا بووینەتەوە، بەڵام هەردەم لە دوورەوە دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

٢. ستریندباری لە ساڵی ١٩٠١دا حەوت شانۆنامەی نووسیوە، هەر بۆ نموونە: بەشی دووەمی بەرەو دیمەشق، کارڵی چواردە، بەشی سێیەمی بەرەو دیمەشق، کریستینا و خەونە نمایشێک.

٣. شانۆنامەی خەونە نمایشێک بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی سوێدی لە ١٧ی ئەپریلی ساڵی ١٩٠٧دا نمایش کراوە. دوای نمایشەکە بینەران قایل نەبوون بچنە دەرەوە تا خودی ستریندباری نەبینن، بۆ ئەم

مـەبەسـتـەش دوای چەپڵـەڕێزان و بـە یەکـەوە بە پێ کـێـشـاویانە بـە زەوییـەکـەدا، تا لە بـەرەنجـامـدا بەڕێوەبەری شـانۆکە نـاچار دەبێت کە بێتـە دەرەوە و پەیمانیان بـداتێ کە بە تەلەفۆن پێوەندی بکات بە سـتـریندبارییـەوە و ئەم داوا و کـاردانەوە بـەهێزەی بینـەرانی بۆ بگێڕێتـەوە. ئەوەی جـێگەی ئـامـاژەیە هـارییەت بوسە لەم نمایشەدا ڕۆڵی کچەکەی بینیوە.

٤. ستریندباری لە یاداشتـەکانی سـاڵی ١٩٠٧دا نووسـیویەتی: ئەم شانۆنـامەیە دوای چل ڕۆژی پڕ لە ژان و ئازار نووسراوە.

٥. ستریندباری زۆر باسـی ئاگەداری تەکنیک و بەرەوپێشەوە چوونـی شـانۆیەکی هـاوچەرخ و مـۆدێرن بووە، خـەونە نمایشـێک بۆ ئەو شـانۆ مۆدێرنە نووسراوە. سـتـریندباری پلانی هـەبووە کە خـەونە نمایشـێک لە شـانۆی ئـەنتـیم نمایش بکات و پرۆجـێکتـەر و تەکنیکێکی سـاکـاری جـیـاواز بـۆ دیمەنی هـەڵکشـانی کۆشکەکە بەکار بهێنێ و سەما و گۆرانی بخاتە نێو بەش و دیمەنەکانی نمایشەکەوە.

٦. پێنج سـاڵ دوای نـووسـینی شـانۆنـامـەکـە، سـتـریندباری دیمـەنێک وەک دەروازە و دەسـپـێک بـەناوی (دەسـپـێکە نوانـدن بۆ خـەونە نمایشـێک) دەنووسـێت. وا پێ دەچێ کـە ئەم دیمەنەی لە سـاڵی ١٩٠٦دا نووسیبێت و کچەکەی ئیندرا و ئیندرای خواوەند کۆ دەکاتەوە. ئەو دیمەنە سیمایەکی میتۆلۆجی، چڕ و پاکژ لەخۆ دەگرێت، لە ئاسماندا ڕوو دەدات و دەبێتە سەرەتایەک بۆ هـەموو شانۆنامەکە.

٧. وەسـتای شـووشـە بە باوکی کچـەکە لەسـەر زەوی دادەنرێت و کە کـچەکە دەڵێت ئەم کۆشکە بەردەوام لە زەوییەوە گەورە دەبێت، بە گومان و حەپەسانەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی کچەکە دەداتەوە و دووپاتی ئەوە دەکـاتەوە هـەرگـیـز نەیبینیـوە کـە کـۆشکێک گـەورە ببـێت، بەڵام خـێـرا قـسـە دەگـۆڕێت و دەڵێت وایە کۆشکەکە گەورە بووە.

٨. سـتـریندباری هێندە بـودییـەت سـەرنجی ڕاکـێـشـاوە و کـتـێبی جـۆرەوجـۆری لەبارەوە خـوێندووەتەوە، لە ئەنجامدا خۆیشـی کتێبێکی لەسـەر بودییەت نووسیوە.

٩. دروسـتکردنی سـینۆگرافیـایەکی واقیـعی هیچ هـونەرێکی تێدا نییـە، بەڵام چۆن بـتوانین ئەو واقیـعـە وا بەرجـەسـتـە بکەین کـە وا لە بینـەران بگەیەنێ ئـەوەی دەیبـینن واقیـعێکی ئاشکرای ژیـان نییـە، بگرە لە هـەمان کاتدا خەون و شیعریشە.

١٠. خەونە نمایشێک لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١دا لەسەر شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم و لە ڕێژی ڕێژیسـۆری گەورەی ئەودەمـە (مـاکس ڕاینـهـارت) نمایش دەکـرێت. مـاکس ڕاینـهـارت لەو سـەردەمـەدا کـۆمـەڵێ لە شـانۆنامـەکـانی سـتـریندباری پێـشکێش دەکـات، هـەر بۆ نمـوونە سـەمـای مـەرگ ١٩١٥، سـۆناتای تارمـایی ١٩١٧، کەڵک و باوبۆران ١٩٢٠ و زۆربەشـیان بـە گەشـتـی هونەری سـەردانی سـوێد دەکەن و لە شارە گەورەکاندا نمایش دەکرێنەوە.

١١. ڕێژیسـۆری کەنەدی ڕۆبێرت لێپاک لە ساڵی ١٩٩٤دا، لەسـەر شانۆی پادشـایەتی لە سـتۆکهۆڵم خـەونە نمایشـێک پێشـکێش دەکات، لێپاک ڕۆڵی ئەفسـەرەکە دابەش دەکات بەسـەر سێ ئەکتـەری پیـاوی بە تەمـەن جیـاوازدا. بەڵام ڕێژیسـۆری ئەمـەریکایی ڕۆبەرت یۆڵسـۆن کە لە سـاڵی ١٩٩٨دا لەسـەر شـانۆی شـار لە سـتـۆکـهـۆڵم خـەونە نمـایشـێک پێـشکێش دەکـات، وێنەیەکی ئەبسـتـراکت و شـانۆیـەکی پۆست مۆدێرنیزمی باڵا لە خەونەکانی ستریندباریدا دەدۆزێتەوە.

١٢. ئینگمار بێرگمان بۆ یەکەم جار شانۆنامەی خەونە نمایشێک لە ساڵی ١٩٧٠دا لەسەر شانۆی پادشایەتی نمایش دەکات. بێرگمان ڕۆڵی کچەکەی لە نێوان دوو کارەکتەری ئافرەتدا دابەش کردووە، کچەکەی ئیندرای خواوەند و کچێکی مرۆڤ و ئاسایش لەسەر زەوی. ئینگمار بێرگمان سەرلەنوێ و لە ساڵی ١٩٨١دا خەونە نمایشێک نمایش دەکاتەوە، ئەمجارەشیان ڕۆڵی کچەکە دابەش دەکات بەسەر سێ بەشدا، لە دیمەنی یەکەمدا لەلایەن کچێکی گەنجەوە، لە دیمەنی دووەمدا کچێکی تەمەن مامناوەندی و لە دواییشدا لەلایەن ئافرەتێکی بە تەمەنەوە.

١٣. ستریندباری پێشەکییەکی گرینگی بۆ شانۆنامەی خەونە نمایشێک نووسیوە و ئەو پێشەکییە دادەنرێت بە ڕاپۆرتێکی گرینگی دیدێکی قووڵی شانۆیی. ستریندباری لە ساڵی ١٨٨٨یشدا کە شانۆنامەی خاتوو ژۆلیا دەنووسێت، پێشەکییەکی تایبەتیش بۆ شانۆنامەکە دەنووسێ. لەو پێشەکییەدا نموونەیەکی باڵای شانۆیەکی ناتورالیست دەخاتە ڕوو، دواجار ئەو پێشەکییە نەک تەنیا بووە مانیفێستێکی گرینگ بۆ بزووتنەوەی ناتورالیزم لە ئەورووپادا، بگرە بووە دۆکیومێنتێکی گرینگ لە مێژووی شانۆ و درامای هاوچەرخدا.

١٤. ئیندرا خواوەندێکی هیندییە و لە میتۆلۆجیا دێرینەکانی هیندیستاندا مانای هەور و تریشقە و باران دەگەیەنێت. ئەمە جگە لەوەی هێماگەلێک بووە بۆ (خوای جەنگ). ئیندرای خواوەند بەوە ناسراوە کە هێز و توانای شەیتانەکانی تێک شکاندووە. چەکی بەکارهێنانی ئیندرا "تریشقە" بووە، سەرچاوە میتۆلۆجییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ئیندرا لە کاتی جەنگدا خۆی بەهێز و وزەی هەور و تریشقەی ئاسمانی بەهێز کردووە.

١٥. ئیندرای خواوەند هیچ کچێکی نەبووە و ستریندباری لە فەنتازیا و داهێنانی خۆیەوە ئەم کچە خواوەندییەی خوڵقاندووە.

١٦. هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژەی ئەوە دەکەن کە کارەکتەری پارێزەرەکە بەرجەستەیەکی ڕاستەوخۆ، قووڵ و ئاشکرای حەزرەتی مەسیحە، ئەم کارەکتەرە شیکایەت و ژان و ئازار و نایەکسانییەکانی مرۆڤایەتی بەسەر شانیەوەیەتی، بەڵام ناتوانێ هیچ بکات و ڕزگارکەر نییە.

١٧. ستریندباری زۆر بە وردی ئەتمۆسفێر و دیمەنی شانۆنامەکەی لە ستۆکهۆڵمەوە هێناوە، کۆشکەکە، کڵێسا، بەندەر، پاپۆڕ و زۆر شتی تر، ئەو شوێن و شتانەی کە ستریندباری هەموو ڕۆژێک لە پیاسەی بەیانیاندا بینیونین، یان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە لە ناوچەی کالاپلان تەماشای کردوون.

١٨. خوێندنەوە و خستنە سەر شانۆی خەونە نمایشێک هەموو کات جۆرەوجۆر بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی پیەسەکە و ڕەخسینی خوێندنەوەی جیاواز. بۆ نموونە هەندێک وەک وێنەیەکی ڕاستیی ژیان، یان خەونێک و هەندێکیش وەک شیعرێک بەرجەستەیان کردووە. بەڵام بۆ خودی ستریندباری ئەو سێ دیدە یەک شت بوون و ویستوویەتی ئێمەیش زۆر بە ساکاری و وریایی بەنێو ئەو سێ دیدەدا گوزەر بکەین. ستریندباری خۆی لە ڕوانگەی ئەم دیالۆگەی نێوان شاعیر و کچەکەوە دووپاتی ماناکانی شانۆنامەکە دەکاتەوە:

شاعیر: کەواتە بەو زووانە دەزانیت واقیع چییە!

کچەکە: یان خەون!

شاعیر: یان شیعر!

١٩- ئیندرای خواوەند وەک خوایەک ناتوانێ لە خوارەوە، لەسەر زەوی هەناسە بدات، هەر لەبەر ئەوەشە لە بریی خۆی کچەکەی دەنێرێتە خوارەوە.

٢٠- هەندێ سەرچاوە ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە ئەم دیمەنە گەڕانەوەیەکی ستریندبارییە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی و دایکی و باوکی. دایکی کارەکەر بووە لەلای باوکی و، دایکی چەندین منداڵی بووە و دواجار باوکی ناچار بووە کە مارەی بکات.

٢١- ئێمە لەلای ستریندباری هەر لە سەرەتاوە لە خەوندایین، دەرگە داخراوەکەش کە لە کۆتاییدا دەکرێتەوە، خەونەکەش تەواو دەبێت.

٢٢- دەرگەکە مۆتیڤێکی واقیعی هەبووە و یەکێک بووە لە دەرگەکانی نێو ڕاڕەوەکانی شانۆی پادشایەتی و ستریندباری زۆرجار بە ڕامانەوە لێی ڕوانیوە و پرسیاری کردووە کە ئاخۆ ئەو دەرگەیە دەچێتەوە سەر کوێ.

سەرچاوەکان

بۆ نووسینی ئەم باسە چەندین سەرچاوەم خوێندووەتەوە، بەدوای چەندین کتێبی کۆندا گەڕاوم و بۆ چەندین جار خودی شانۆنامەکەم خوێندووەتەوە، لاپەڕەکانیم هەڵداوەتەوە و لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دواوم. بەڵام گرینگترین ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ وەرگرتوون برێتیین لەمانەی خوارەوە:


1. Strindbergs drömspelsteknik i drama och teater, av Richard Bark, 1981

2. Strindbergs inre landskap, av Sara Rydin, 1999

3. Det gäckande könet, strindberg och genusteori, av Anna Cavallin och Anna Westersthl
, 2006 (.stenport (red

4. Svensk litteratur 1870-1970, av Cunnar Brandell, 1974

5. Strindbergs dramatik, av Gunnar Ollen, 1982

6. August Strindberg, svenska folkets litteratur historia, av Sven Stople1987


7. Strindberg och myterna, av Harry G Carlson, 1979

8. Strindberg- ett författarliv, av Gunnar Brandell. Fjärde delen, 1979

9. Tv_ Drömspel, fr_n strindbergs modernism till potters television, av Staffan Ericson, 2004

10. Ett drömspel av August Strindberg, nationalupplagan, 1988


(*) kalifen, Harun Den Rättr_dige خەلیفە هارونە ڕەشید ٧٦٦-٨٠٩، لە ساڵی ٧٨٦دا بووەتە خەلیفەی بەغدا، لە حەکایەتگەلی (هەزار و یەک شەو)دا، باس لەم خەلیفەیە دەکرێت کە چۆن لە قیافەتی بازرگانێکدا خۆی دەگۆڕێ و دەچێتە ناو خەڵکی بەغدا تا لە ژیان و گوزەرانیان ئاگەدار بێ.



# بژی بارام حاجۆ

ئاغاله

زانیاریم لەسەر کەسایەتی و ژیانی کاک بارام حاجۆ نییە. بەڵام توانای بینین و سەرنجم لەسەر تابلۆکانی هەیە.

کاک بارام حاجۆ لە ساڵی ١٩٥٢ لە کوردستانی رۆئاوا سووریا لەدایک بووە، ئێستا نیشتەجێی ئەڵمانیایە.

ئەو ناوێکی دیاری هونەری شێوەکاری کوردییە لەناو شێوەکارانی کورد و ئەڵماندا. ناوێکی ناسراوە لە ئەڵمانیا لە نیگارکێشە دیارەکانی (گوزارشتی نوێی ئەڵمانیا).

کارەکانی بە چەند گۆران و شێوازی چڕ و سادە تێ پەڕیون، توانایەکی بەهێزی ئەکادیمیی لە کارەکانی ڕەگیان داکوتاوە.

چاونەترسە لە فڵچە وەشاندن و پڕکردنەوەی ڕووبەرەکان بە خواست و بە نەخواستنەوە واتە هێزی متمانەی رەنگ دانان وای لێ کردووە لەخۆوە رەنگ بوەشێنێ بە سەروگێلاک و قاچ و قولی ڤیوگەرەکانی.

بەرەنگاربوونەوەی بە ڕووبەری گەورەی کانفاسەکان بۆتە جێگەی سەرنجمان، لەگەل

بەجێـهێشـتن و سوود وەرگرتن لە رەنگی کانفاسـە ئامادەکراوەکەو بەجێـهێشـتنی بۆ رەنگی لەشی رووتی ڤیوگەرەکانی.

لە پاش سـالآنی ۱۹۹۳ەوە گۆرانی زۆر و سادەبـوونـەوە و گیرکـردن و پاڵخسـتنی ڤیگەرەکانی لە ژوورێک بـە روونی دەبینـی و بەر لەو سـالآنەی ئەو لە قـۆناغـێکی تـر کـاری کـردووە کـە مـرۆڤ و سـروشت بەیەکەوە نیگار کێشراون یا پڕکردنەوەی بۆشایی لـە ڤیگەر و سـروشت زۆر بەشـێوازی (ئیمرێشینـزم) سەرنجـەوە پڕ کراوەتەوە. خێرایـی و توڕەیی نەکێشـانی هێل لە نێوان سـروشت و ڤـیگەر یـا نەکـێـشـانی (ئاوت لاینـی) فـیگەر، واتە پێـچـەوانەکـەی راسـتـی شـێـوازی سـالآنی ئەو دوایەیەتی.

کەسایەتیی ناو تابلۆکانی کەسانی شـەهوانی و لینگ بازیچن و تێر و وەڕسبـووی جووتبوون. وا هـەست دەکـەی ئەو ڤـیـوگـەرانە وەسـتـاون یا پاڵ کـەوتوون دوای رابواردن یا تازە خـۆیان رووت دەکەنەوە.

جیهانی لەش و ئیرۆتیک پەیام و ناوەڕۆکی ئەو کارانەی بارامن.

ئەوە بواری ئازادیی ئەوروپایە ئـازادیی مسـۆگەر کردووە بۆ ئەو تـا ژیانی بێ سـەرئێشـە بێت، لە نیگارکێشانی ژنی رووت و مەمک دەرپەڕیو، ژنی بێ لیباس و قون خڕ و دەست لەسـەر (سێگۆشە و بۆری) دابنێن.

بێگومـان هەمان شـێوەکاری ئیرۆتیککێش لە کوردستان بژیت رێگە و سەرئێشـەی کەسـایەتی و رەوشتی بۆ قیت دەکەنەوە.

لە هونەری بارام حـاجـۆ زۆر کـەم دەتوانـی باسی هونەری کوردی و شـەڕی رەسـەن و نارەسـەن بکەیت، وە خـۆشی لەوە ناچێ بەلایەوە گرینگ بێت. وە مانای ئەوە نییـە کە شـێوەکاری ناوبراو بێ ئاگایە لەو کێشـەیە، ئەوەش بە لای منەوە نابێتە هۆکارێ بۆ لاوازیی کاری بارام.

بژی بارام حاجۆ.






























# چۆنیەتیی پێشخستنی پێوەندی لەسەر کاردا

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

بوونی پێوەندییەکی کاریگەر لەسەر کاردا گرینگە. ماکس دی پری بنووسی "هونەری سەرکردایەتیکردن" لەم بارەیەوە نووسیویەتی "شیمانە هەیە هیچ شتێک گرینگتر نەبێ لە هەوڵ و کۆشش بۆ گەیشتن بە کارێکی پڕ مانا و دەستەبەرکردنی پێوەندی، جگە لە فێربوون و پراکتیزەکردنی هونەری پێوەندیکردن".

شوێنی کارکردن لە ژمارەیەک مرۆڤی جۆرەوجۆر پێک دێ، توانی ئەو کەسانە لە گۆڕینەوەی زانیارییەکان، ڕێکخستنی ڕیزەکانیان و هاوکاریکردنی یەکتر برێتییە لە کلیلی گەیشتن بەڕەفتاری پیشەوەر و سەرکەوتوو. تەنیا هۆکارێکی سەرەکی نییە لە بەڕێوەبردن و باشیی پێوەندیی فەرمانبەران، بگرە پێوەندیی نێوان کارمەندان لەسەر کاردا، هەروەها پێوەندییان لەگەڵ کڕیار و ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەندە و پێوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ سەرکەوتنی کارسازی و دەسمایەگێڕییەوە هەیە.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کۆمپانیاکانی دنیا شێوازی پێوەندیکردنی ناوخۆیان هەیە وەک ڕۆژنامە و کۆوار بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی پێوەندار بەخۆیان، بەڵام ئەو شێوە پێوەندییە جێگرەوەیەکی قایلکەر نییە بۆ پێوەندیکردنی ڕاستەوخۆ وەک گفتوگۆ، چونکە پێوەندیکردنی نووسراو تەنیا یەکلایەنە، بەڵام پێوەندیکردنی دوولایەن پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی ڕاست و ڕەوان ئاسانتر دەکا و کەشێکی پێویست بۆ ئەفراندن و بەیەکەوە کارکردن دروست دەکا.

هەموو شێوازێکی پێوەندیکردن وەک یەک نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن و هەستکردن بەجۆرەکانی پێوەندیکردن و چ کاتێک بە دروستی دێنە کارکردن سوود بە پرۆسەکە دەگەیەنێ.

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

گرینگە کۆسپەکانی بەردەم پێوەندیکردن بێنە ناساندن، ئەگەر هەبن. هەروەها شتێکی باشە هەست بەکاریگەریی کەسایەتییە جۆرەوجۆرەکان لەسەر پێوەندیکردن بکرێ و سوودەکانی گوێگرتنی چالاکانە بێتە پێزانین.

جۆرەکانی پێوەندی لەسەر کاردا زۆرن. شیمانە هەیە پێوەندییە کردارییەکان لە ناوەوە ڕوو بدەن لە نێوان دەستەی بەڕێوەبردن و کارمەندان یاخۆ لە دەرەوە لە نێوان کڕیار و دابینکەردا.

دەکرێ پێوەندیکردن بەشێوەی ئەلیکترۆنی بێتە ئەنجامدان لە ڕێگەی قسەکردنی ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وارگە ئەلیکترۆنییەکاندا، هەروەها بە نووسین وەک نووسینی یاداشت و نامە، پێوەندیی ڕووبەڕووش هەیە کە گفتوگۆی ڕەسمی، بازاڕی و فێرکردنی پیشەیی دەگرێتەوە.

هەموو پێوەندیکردنێک زارەکی نییە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستگەی لۆس ئەنجلۆس لە کالیفۆرنیا دەری خستووە کە ٩٣٪ی کاریگەرییەکانی پێوەندیکردن لەلایەن هێمایە سەرنج ڕاکێشە نازارەکییەکانەوە دێتە ئەنجامدان. لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا دەرکەوتووە کە "وشەی بەکارهاتوو لە کاتی ئاخاوتن یاخۆ چالاکی تەنیا ٧٪ی کاریگەرییەکانی پێوەندیکردنەکە دەگرێتەوە. جۆری دەنگی بەکارهاتوو ٣٨٪ و ٥٥٪یش کە بڕە زۆرەکەیە لە پێوەندیی نازارەکیدا خۆی دەبینێتەوە".

دەکرێ جۆری پێوەندی لە ڕێگەی مەبەستیەوە بناسرێتەوە. هەندێک پێوەندیکردن بۆ مەبەستی گواستنەوەی زانیارییە، هەندێکیان بۆ ڕازیکردن، دەمارگرتن، لەدایکبوونی داهێنانی بەرهەمهێن یاخۆ هاندان بۆ بەیەکەوە کارکردنە.

زۆربەی خەڵک لە چۆنیەتیی داڕشتنی وشەکانیان و شێوازە زارەکییەکەی پێوەندیکردن ورد دەبنەوە، بەڵام ئاگەدار نین لە چۆنیەتیی دەرچوونی پێوەندییە نابێژەکییەکانیان. دێتە گوتن "پێوەندیکردنی نابێژەکی بەدەنگێکی بەرزتر لە وشەکان دەدوێن". ئەوەش ڕاستە، چونکە هەستی بینین لە زۆربەی خەڵکدا باڵادەستە.

پێوەندیکردنی هێمادار (نابێژەکی) بەندە بەو هێما و جووڵانەی بەمەبەستی ناردنی پەیام دێنە بەکارهاتن و هەروەها بە توان و زیرەکیی هەستی مرۆڤ بۆ پێشوازیکردن و وەرگرتنی ئەو هێمایانە.

هێما و جووڵە نابێژەکییە گرینگەکان بریتین لە: پێوەندیکردن بەچاو، دەربڕین بەدەموچاو، شێوازی دەنگ و قسەکردن، دۆخی وەستان و دانیشتن، دەست لێدان، چڕی و زۆری، کاتی گونجاو، خێرایی و ئەو دەنگانەی مانا دەبەخشن و مرۆڤ تێی دەگەن.

پێوەندیکردن بەچاو کە بریتییە لە تەماشاکردن و هەستگرتن لە جووڵەی مرۆڤ و دەوروبەری لە کاتی پێوەندیکردندا، وا دەکا هەستی مرۆڤەکە بخوێنیتەوە، هاوکات دەربڕینی دەموچاو و شێوازی دەنگی مرۆڤ دووپاتی ئەو هەستانە دەکەنەوە.

چۆنیەتیی وەستان بەهەمان شێوە دەتوانێ زانیارییەکی زۆر بگوازێتەوە، بۆ نموونە خراپ وەستان و جووڵەکردن ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسەکە لە دۆخێکی ڕەحەتدا نییە بۆ گفتوگۆکردن یاخۆ بەختەوەر نییە لەگەڵ دەوروبەرەکەی.

هەروەها دەکرێ لە ڕێگەی لێدانی دەست لە مرۆڤی بەرامبەر پەیام بێتە گەیاندن: لێدانی بە زەبر و هێز شیمانە هەیە بەرگە نەگیرێ و نەیەتە قبووڵکردن، هاوکات دەست لێدانی بە شەرم ڕەنگە لاواز دەرکەوێ.

دەکرێ دەست لێدان بەمەبەستی بەخشینی ئارامی، زیاتر دڵنەواکەر بێ لە داڕشتنی وشە، بگرە شیمانە هەیە چڕی لە گەیاندنی زانیاری کاریگەریی لەسەر مانا و قەوارەی کارتێکردنی پێوەندیکردن هەبێ. شێوازی دڵنیا و کارتێکەرانە لە گەیاندن، هەستێکی بەتەواوەتی جیا لە شێوازی دوودڵ و نەرێنی دروست دەکا.

دیارکردنی کات بۆ گفتوگۆ و خێرایی لە پێوەندیکردن و گەیاندنی زانیاری، پەیامەکە بەباشی دەگوازنەوە. کاتێک قسە لەگەڵ کەسێکی بێ ئۆقرە دەکەی و وشەکانی بەخێرایی لە دەمی دەردەچن و بە وریایی و بەباشییەوە گوێ لە گفتوگۆکە ناگرێ، ئەوە ئاماژە بەوە دەکا کە کەسەکە حەزی لە ئاخاوتنەکە نییە، بەڵام کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک دەکەی کە بەهێواشی وشەکانی لە دەم دەردەچن و کات بە بەرامبەرەکەی دەدا بۆ گوێگرتن لە پەیامەکەی، مانای ئەوەیە کەسەکە حەزی لە گفتوگۆکەیە و گرینگیی پێ دەدا.

هەندێک دەربڕین هەیە هەرچەندە نامۆ و ناباو دەردەکەون وەک "ئا"، "ئمم" و "ئێی" لە کاتی گفتوگۆکردندا، بەڵام دەربڕینە بۆ دان پێنان و ڕێککەوتن کە ئاماژە بە تێگەیشتن لە یەکتر و بوونی پێوەندیی سۆزدار دەکا.

هەندێک لەو نیشانە نابێژەکییانە بەمانای حەزکردن و بەرژەوەندیی تایبەت و وەبەرهێنان لەگەڵ کەسانی تردا دێ و پێناسەی گرینگی ئەو ئامرازە سەرەکییانە دەکا کە لە نێوان وشەکاندا کاری خۆیان بەڕەوانی و چڕی ئەنجام دەدەن. هەروەها باشترین هەل بە دروستبوونی پێوەندیی سۆزدار دەدەن.

پێوەندیکردن لە ڕێگەی قسەکردنەوە، ئەو جۆرەیە کە زۆربەی خەڵک کاتەکانیان تێیدا بەسەر دەبەن کە شێوازێکی خێرا و ڕاستەوخۆیە. لە ڕێگەی قسەکردنەوە، دەتوانی ڕاستیی ورد و هەستی کەسی و زانیاریی پێویست بگەیەنی.

پێوەندیی زارەکی پێویستە بە ڕەوانی و نێزیک لە ئاستی گوێگر بنێردرێ بۆ ئەوەی وەری بگرێ، بۆیە ئەو کاتەی قسەکەر دەست بە قسەکردن دەکا، پێویستە کەمێک لە بنەچە "Background" و توانی گوێگرتنی گوێگر بزانێ.

هەڵبژاردنی وشە و زانینی خوازە لە کاتی قسەکردندا پێوەندییەکە فرەوان و قووڵتر دەکا و شیمانەی ئەوەش زیاد دەکا کە گوێگر لە گفتوگۆکە تێ دەگا.

زۆربەی پێوەندییەکانی سەرکار شێوازی قایلکارانەی هەیە. خاوەن کار پێویستە کرێکارەکانی قایل بکا بۆ ئەوەی کارەکانیان باش ئەنجام بدەن و لە کاتی خۆیدا تەواوی بکەن. پێویستە سەرۆکی ڕێکخراو یاخۆ خاوەن کارخانە دید و بەرنامەیەکی قایلکەر پێشان بدا و هەمووان لەگەڵ بەرنامەکەدا بن تا هەموو بەرەو یەک ئامانج بەنیازێکی پتەو بۆی بچن.

کرێکار دەتوانێ خاوەن کار قایل بکا تا مووچەی زیاد بکا و ناسناو و پلەی کارکردنی بەرز بکاتەوە، هەروەها قایلی بکا بۆ ئەوەی بیرۆکەی وەبەرهێن و چالاک پێڕەو بکا کە پێیان وایە دۆخی سەرکار دێنێتە پێشخستن.

هەموو ئەو سیناریۆیانە پێویستیان بە لێهاتوویی و شارەزایی هەیە بۆ ئەنجامدانی پێوەندیی قایلکەر، بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵک لێهاتوو نین لە قایلکردن و گەیشتن بەڕەزامەندیی بەرامبەرەکەیان. زۆرجار دەبنە قوربانیی پێدوایستییەکانی ئەم شێوازە و بەهەڵە پێشبینیکردنیان. لە شێوازی "سەرقفڵانە و گران فرۆشتن" کە پێکهاتووە لە بەرەنگاربوونەوەی سازشکردن، ئەو شتە دەبینرێ کە کەسەکە هەوڵی زۆر دەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی گەورە یاخۆ تەنیا یەکجار هەوڵدان بۆ گفتوگۆکردن، کەسی بەرامبەر قایل بکا.

جەی کۆنگەر شارەزا لە ڕەفتاری ڕێکخراو لە زانستگەی باشووری کالیفۆرنیا لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر سەرانی کارساز و دەسمایەگێڕانی سەرکەوتوو و چەرچییەکانی بازاڕ ئەنجام دا کە ١٢ ساڵی خایاند. لە کاتی پێداچوونەوەی بە نووسینێکی ئەکادیمی لەسەر قایلکردن، زمانپاراوی و ڕەوانبێژی، کۆنگەر ئەوەی دۆزییەوە کە چوار هەنگاوی سەرەکی بۆ قایلکردن هەیە کە بریتین لە بنیاتنانی متمانە، نەخشەکێشانی ئامانجەکان بەپانایی زەوینەی هاوبەش، پتەوکردنی هەڵوێست لە ڕێگەی زوانێکی ڕەوان و زیندو و بەڵگەی بەهێزدا" و بەیەکگەیشتنی سۆزدار لە نێوان کەسەکە و ئەوانەی گوێی بۆ دەگرن.

دروستکردنی متمانە لەلایەن کەسی قایلکەر، هۆیەک بە خەڵک دەدا باوەڕی پێ بکەن، هاوکات نەخشەکێشانی ئامانج لە چوارچێوەی زەوینەی هاوبەشدا تیشک دەخاتە سەر بەرژەوەندیی هەمەلایەنە. زوانی پاراو و زیندو و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر "شێوەیەکی قایلکەر و هەستپێکراو بەبۆچوونی ئەو کەسە دەدا کە لە هەوڵی ڕازیکردنی دەوروبەرەکەیەتی".

قایلکەری باش بەشێوەیەکی کاریگەر لە دەرگەی هەستی گوێگر و هەواداران دەدا، ئەوەش بەهۆی ئەوەی پێشەنگی بە هەست و سۆزی شوێنکەوتووان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن و وەڵامدانەوەی هەستەکانیان دەدا.

بەدروستکردنی پێوەندیی سۆزاوی و هەستیار لەگەڵ جەماوەر لە کاتی قسەکردن، قسەکەر لە

گەیشتن پێیان سەرکەوتوو دەبێ، نەک تەنیا بەشێوەیەکی کاریگەر ڕازییان دەکا، بگرە بەیەکگەیشتن و پێوەندییەکی سۆزدار دروست دەکا کە لە داهاتوودا پرۆسەی هاوکاریکردنی یەکتر و قایلکردن ئاسانتر دەکا.

جۆری کەسایەتی، کاریگەریی بەهێزی لەسەر شێوازی پێوەندیکردن هەیە و لەگەڵ خۆیدا بەهێزی و لاوازی بۆ پێوەندییەکە دێنێ.

کەسی کراوە و گۆشەگیر بەوپەڕی جیاوازییەوە پێوەندیکردن ئەنجام دەدەن. کراوە بە ئاسانی گفتوگۆ ئەنجام دەدا و چێژ لە قسەکردنی ڕووبەڕوو وەردەگرێ. بەگشتی ئەو جۆرە کەسانە ئەوەی هەیانە دەیڵێن و بەکراوەیی قسەکانی خۆیان دەکەن.

لایەنە نەرێنییەکەی کەسایەتیی کراوە، بریتییە لەوەی ڕەنگە کەسەکە زۆر قسە بکا و بواری کەسی بەرامبەر نەدا بۆ وەڵامدانەوە و حەز لە قسەکردن دەکا بێ ئەوەی بەتەواوی بیر لە مانای وشەکان بکاتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی بریندار بوونی هەستی کەسی بەرامبەر.

ئەو کاتەی کراوە قسە لەگەڵ کەسی گۆشەگیر دەکا، ڕواڵەکی و ناڕاستگۆ و خۆسەپێن لەلایەن گۆشەگیر دێتە دەرکەوتن. گۆشەگیر حەز بە قەرەباڵغی ناکا و ئارەزووی پێوەندیکردنی ناڕاستەخۆ دەکا و بە زەحمەت خۆی دەناسێنێ و هاوەڵێکی کەمیشی هەیە و هەروەها هەستی خۆیان لە ڕێگەی نیشانە و هێما نابێژەکییەکانەوە دەردەبڕن زیاتر لە کەسانی تر.

لایەنە نەرێنییەکەی کەسی گۆشەگیر ئەوەیە کە بە کەسی ناکۆمەڵایەتی، لاواز و لووتبەرز لەلایەن کەسی کراوە دێنە تەماشاکردن.

جۆرەکانی کەسایەتیی مایەرز-بریگس پێوەندییان بە جۆرەکانی گفتوگۆکردن و پێوەندیکردنەوە هەیە. مایەرز-بریگس سێ جۆر کۆمەڵی جیا لە پێوەندیکردن دیار دەکا کە لەگەڵ یەکتردا دژن. جۆری یەکەم بریتییە لە "هەست پێکردن بەرامبەر لەخۆوە زانین"، جۆری دووەم "بیرکردنەوە بەرامبەر سۆز و هەستکردن" و جۆری سێیەمیش بریتییە لە "سەرپشکیکردن و بڕیاردان بەرامبەر تێگەیشتن".

کەسی هەستیار قسەکەرێکی کرداری و ڕاستەقینەیە و لەبارەی ئەو شتانەی پێوەندارە بەخۆی بەدرێژی و بەگونجاوی و بەسوودەوە تێکەڵیان دەبێ و کات و خەرجی بۆ تەرخان دەکا و ڕێوشوێنی بەقۆناغ دەگرێتە بەر. لایەنی نەرێنیی ئەم جۆرە بریتییە لەوەی کە هەندێک جار ڕەخنەی هیچ دەگرن و ڕێگەی ڕەشبین دەگرنە بەر. جۆرە بەرامبەرەکەی هەست پێکردن بریتییە لە لەخۆوەی زانینی شتەکان کە هەڵگری ئەو جۆرە خەسڵەتە کەمتر حەزیان لە کردەوە و ڕاستییەکانی پێوەندیکردن هەیە و تەماشای شتەکان دەکەن لە سۆنگە دنیاییەکانەوە، بەڵام لە لایەنە نەرێنییەکەیدا کەمێک لێڵ و نائاشکرا دەردەکەون.

جۆری هزردار دادپەروەر و بابەتییانە و بەئامانجن و بە ئەقڵانییەت و وردکارییەوە کار دەکەن. ئەوانیش خاڵی لاوازیان هەیە وەک ساردوسڕی و ونبوونی کەسایەتی و نەبوونی بیرۆکەی کرداری تێیاندا. کەسی سۆزداریش برایانە و دۆستانەیە و گرینگی بە بەهاکان دەدا و لە ڕووی سۆزەوەش قایلکەر و کراوەیە بە ڕووی دەوروبەرەکەی، بەڵام هەندێک جار کات بە فیڕۆ دەبەن و بابەتییانە مامەڵە ناکەن.

جۆری سێیەم بڕیاردەرە کە کەسایەتییەکی ڕێکخراو و پێڕەوکەر و ئامادەی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دیودەری و گرتنەبەری ڕێگەی توند و سەختەوە دەناڵێنن. جۆرە بەرامبەرەکەی برێتییە لە کەسی تێگەیشتوو، جۆرێکە تێبینیی شتەکان دەکا و دیودەری هەیە و کەسێکە حەزی لە هاوکارییە. ئەو کەسانە زۆر فێر دەبن لەبارەی وەڵامدانەوەی داوا و پێداویستیی بەرامبەر و گونجان لەگەڵ بۆچوونی کەسانی تر لەوەی بۆچوونی خۆیان بسەپێنن. لایەنە نەرێنییەکەی ئەو کەسانە برێتییە لە ناڕێکی و بەخراپی خۆمادەکردن و دوودڵی و کەمتەرخەمی.

لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵک تێکەڵن لە جۆرەکانی کەسایەتی، هەڵگری خەسڵەت و ڕەفتاری چەند جۆرێک لە کەسایەتین. ئەو ئاڵۆزییە کۆسپە لە بەردەم ناسینەوە و دیارکردنی جۆرەکانی کەسایەتی و ئەنجامدانی پێوەندیکردن.

هەتا خەڵک و ڕێکخراوانیش لە کاتی سەرقاڵبوونیان لە پێوەندیی کاریگەر، شیمانە هەیە لە زۆربەی دۆخەکاندا ئەو ستراتیجانەی بۆ پێوەندیکردن بەکاری دێنن، لە کاتی تەنگی و کێشەکاندا لە کورتی بدا.

لە کاتی بەرزبوونەوەی ئاستی شڵەژان و نائارامی و کارنەکردنی ڕێوشوێنە ئاساییەکان، ڕەنگە شتەکان پشێوییان لێ بکەوێتەوە. کلیلی دروستکردنی پێوەندیکردنی کاریگەر لە کاتی دژواری و تەنگانەدا برێتییە لە پلاندانان.

پلانی بەڕێوەبردن لە کاتی تەنگانەدا پێویستە ڕێگەکانی پێوەندیکردن و نیشانە پەسندکراوەکان بگرێتەوە، تێرکینتن و رید دوو پیشەوەری پێوەندی پێشنیازی ٦ هەنگاو بۆ پێوەندیکردن دەکەن:

١- خەملاندنی خاڵە لاوازەکان.

٢- بەپێشخستنی ئەوەی بەپەلەیە و پێویستە.

٣- پێشبینیکردنی ئەو پرسیارانەی کە شیمانە هەیە بێنە پێشەوە.

٤- وردبوونەوە لەوەی دێتە گوتن و ئەنجامدان لە سەرەتای دەستپێکردنی تەنگانە.

٥- ئامانج و مەبەستی ستراتیجەکە پێویستە "خۆگرتن و بەرەنگاربوونەوە"ی تێدا بێ تا ببێتە پێشەنگ نەک دروستکەری کاردانەوە.

٦- دروستکردنی پێڕەونامەی دۆخی تەنگانە و کارەساتدار و دابەشکردنی بەسەر بەرپرسانی

جێبەجێکردن و کارمەندان. هەروەها پێویستە تیمی دۆخی تەنگانە وێنەیەکیان لەو پێڕەونامەیە لە ماڵ هەبێ.

خۆئامادەکردنی پێشوەختە وا دەکا پەیوەندیکردن لە کاتی تەنگژە و پشێویدا ئاسانتر بێ و زۆربەی ئەو مەترسییانە بسڕێتەوە کە پێوەندارن بە شێوان و تێکدانی پێوەندیکردن.

سەرەڕای بوونی کۆسپی فیزیایی لە بەردەم پێوەندیکردن، خراپیی توانی گوێگرتن و ڕێکنەخستنی ژووری چاوپێکەوتن بۆ ئەنجامدانی پێوەندیکردن، هەموو کات باوترین کۆسپن لە بەردەم پێوەندیکەران و لە شێوەی هەڵسەنگاندنی کوێرانە و خراپیی تەکنیکەکانی پێوەندیکردن دەردەکەون.

بوونی نەریتی گفتوگۆکردنی وەک ڕەخنەگرتن، ناوهێنان و ناو لێنان و دەست خەستنەسەر شت و مرۆڤەکان و دیاریکردنیان، خەڵک پەست و زویر دەکا و نایەڵێ پێوەندیکردنی کاریگەرانە بێتە ئەنجامدان. هاوکات هەڵوێست و کردەوەی وەک داواکردن، هەڕەشەکردن، پێدانی وانەی ڕەوشت، زۆر پرسیارکردن و ئامۆژگاریکردن، خەڵک دەترسێنێ و ئەنجامدانی پێوەندیکردن سنووردار دەکا.

تەکنیکی پێوەندیکردنی وەک گۆڕینی ئاراستەی گفتوگۆکە بۆ لای خۆت و کەمکردنەوەی ئازار و خەمباری کەسی بەرامبەر، نەفرەت و تێکدەری پێوەندیی کاریگەرانەیە. هەموو ئەو کۆسپانە بەهۆی کەمیی زیرەکیی سۆزەوە دێنە دروستبوون، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەر بە سۆزەوە ئەو کۆسپانە کەم دەکاتەوە و پێوەندیکردنەکە بەرەو دۆخێکی باشتر دەبا.

لە نێوان کلیلەکانی پێوەندیکردن، گوێگرتنی کاریگەر یەکێکە لە تەکنیکە گرینگەکان. بەبێ گوێگرتنی کاریگەر لەلایەن هەردوولاوە، پێوەندییەکی کەمیی ڕاستەقینە دێتە ئەنجامدان، هەروەها ئەو دۆخەی هاتووەتە ئاراوە، شیمانە نییە پێش بکەوێ و بەرەو باشتر بچێ.

لەگەڵ گوێگرتنی کاریگەر کە بریتییە لە "شێوازێکی ڕێکخراو لە گوێگرتن و وەڵامدانەوە و پرۆسەیەکە ورد دەبێتەوە و سەرنج لە قسەکەر دەدا"، قسەکەر دەتوانێ بزانێ ئاخۆ گوێگر لە قسەکانی تێگەیشتووە و ئەگەر پێویستیشە زیاتر ڕوونکردنەوە بدا.

گوێگرتنی کاریگەر نایەڵێ ناتێگەیشتن ڕوو بدا و هانی خەڵک دەدا زیاتر ئامادە بن بۆ قسەکردن، هەروەها دەری بخا کە گوێی لە قسەکەر گرتووە.

لە ڕێگەی گوێگرتنی کاریگەرەوە زۆربەی ئەو کۆسپانەی دێنە پێش پێوەندیکردن، دەکرێ چارەسەری بکەی و لە دۆخەکە تێپەڕ بیت و بگەیتە بڕیارێک.

پێوەندیکردن بۆ کارسازییەکی کاریگەر پێویستە و هەروەها تێگەیشتن لەوەی کە چۆن پێوەندییەکی باش بێتە ئەنجامدان، بەهرەیەکی بنەڕەتییە پێویستە هەبێ لە ڕێکخراو و کارخانەکاندا.

له ڕێگەی تێگەیشتنی جۆرەکانی پێوەندیکردن کە پێک هاتوون لە توانی پێشاندان و ناسینەوەی نیشانە نابێژەکییەکانی پێوەندیکردن، شارەزایی لە گفتوگۆکردن و پێوەندیکردنی قایلکاری و توانی زانین و تێگەیشتن لە جۆرەکانی کەسایەتی، وا دەکا کەسەکە پێوەندییەکەی باشتر و کاریگەرتر ئەنجام بدا.

بە خۆئامادەکردن بۆ پێوەندیکردن لە کاتی تەنگانەدا و لەگەڵ سڕینەوەی کۆسپەکانی پێوەندیکردن، دەکرێ پێوەندییەک بێتە ئەنجامدان کە کۆسپ و نەریتی خراپی گفتوگۆکردنی تێدا نەبێ، هەروەها لە ڕێگەی گوێگرتنی چالاکانە سوودەکانی پێوەندیکردن بەباشی دێنە دەسکەوتن.

سەرچاوەکانی وتار


Active listening.(1998).Conflict Research Consortium.Retrieved November 18, 2008, from http://www.colorado.edu/conflict/peace/treatment/activel.htm

Falikowski, A.(2002). Interpersonal communication and personality type.Mastering Human Relations 3rd Edition.New York: The McGraw-Hill Companies.

Foster, N.J.(n.d.).Barriers to every day communication .Cadre.Retrieved November 18, 2008, from http://www.directionservice.org/cadre/foster.cfm

Foulger, D.(2004).Models of the communication process.Retrieved November 18, 2008, from http:///foulger.info/davis.research/unifiedModelOfCommunication.htm

Harrison, K.(n.d.).Four steps in persuasive communication at work.Cutting Edge PR.Retrieved November 18, 2008, from http://www.cuttingedgepr.com/articles/empcommfoursteps.asp

Heathfield, S.M.(2008).Listen with your eyes.About.com.Retrieved November 18, 2008, from http://humanresources.about.com/od/interpersonalcommunicatio1/a/nonverbalcom.htm

La Lone, J.(n.d.) Communication in the workplace.Retrieved November 18, 2008, from http://www.tarleton.edu/~lalone/lalone/GB3123%20BC/P%20P%20T%2003/Ch%20001%20BC%2010ed.ppt

Osborne, S.(2004).Business performance.Organization Communication.Retrieved November 18, 2008, from http://www.businessperform.com/articles/organizationcommunication.html

Segal, J.(n.d.).Nonverbal communication: The hidden language of emotional intelligence.Helpguide.org.Retrieved November 18, 2008, from http://www.helpguide.org/mental/eq6nonverbalcommunication.htm

Turkington, P., & Reade, C.(n.d).Communicating in crisis situations.Strategic Communications Solutions.Retrieved November 18, 2008, from http://www.stratcommsolutions.ca/PDF/Communicating%20in%20Crisis%20Situations%20-%20FINAL.pdf

# باوڵەکەی باوکم

ئۆرهان پاموک

لێدوانی نۆ بڵ، ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦

باوکم دوو ساڵ بەر لە مردنی، باوڵێکی بچووکی پڕ لە نووسین و دەستنووس و دەفتەرەکانی خۆی دامێ. چون هەر کاتێکی تری بەچوونەوە ناو بارودۆخی گاڵتە و گەمەکەی خۆی، داوای ئەوەی لێ کردم دوای خۆی، واتە دوای مردنی ئەوانە بخوێنمەوە.



بە سووکە شەرمێکەوە گوتی:" چاوێکیان پێدا بگێڕە بزانین، شتێکیان تێدایە سوودی کارێکیان هەبێ، بەڵکو دوای من لێی هەڵدەبژێری، بڵاویان دەکەیتەوە."

لە نووسگەی مندا، لەنێو کتێباندا بووین. باوکم وەک کەسێک بیەوێ خۆی لە بارێکی زۆر تایبەتی ئازارگەیێن ڕزگار بکا، بێ ئەوەی بزانێ باوڵەکەی لە کوێ دادەنێ بە نووسگەکەمدا گەڕا. ئینجا بە هێواشی ئەو شتەی بەدەستییەوە بوو لە گۆشەیەکی سەرنج ڕانەکێش دانا. هەرکە ئەم ساتەی هەردووکمانی خستە شەرمەوە بەسەرچوو و نەچوو و گەڕاینەوە ڕۆڵە ئاساییەکانی خۆمان، کە ژیان بە سادەیی وەردەگرێ، بۆ کەسایەتییە گاڵتە و

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە



ئۆرهان پاموک

گەمەخواکانمان، حەساینەوە. هەروەک جاران، باسی کەش و با و ژیان و خەمە سیاسییە دوانەهاتووەکانی تورکیا و ئەو کارانەی باوکم کە زۆرجار سەرنەکەوتووانە بە ئەنجام دەگەیین و خەمێکی زۆر داگرتنەوەیمان کرد.

لە بیرم دێ دوای ڕۆیشتنی باوکم بێ ئەوەی دەستێکی لێ بدەم، چەند ڕۆژێک بەدەوری باوڵدا سەروخوار ڕێم کرد. باوڵی چەرمین و گچکە و سیا، کلیلەکەی و لایە خڕەکانیم هەر لە منداڵییەوە دەناسی. باوکم کە دەچووە ڕاگوزارییە کەمخایەنەکانی و جارجاریش لەماڵەوە بۆ شوێنی کار کە بارێکی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت ئەویشی دەبرد. بە منداڵی ئەم باوڵە گچکەیەم دەکردەوە و کەلوپەلی

باوکە لە ڕاگوزاری گەڕاوەکەمم تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد، ئەو کۆڵۆنیایانەی لە ناویەوە دەردەچوون، لە بیرمە بۆنی وڵاتە بیانییەکانم پێ خۆش بوو. ئەم باوڵە بۆ من لە ڕابردوو و یادەوەریی منداڵییەوە گەلێک شتی بۆ هێشتوومەتەوە و کەلپەلێکی سەرنج ڕاکێشن، بەڵام ئێستا تەنانەت پێم ناکرێ دەستیشی لێ بدەم، بۆچی؟ ئەڵبەتە لە ڕووی قورساییی بارە نهێنیدارەکەی ناویەوە.

ئێستاکە باس لە چەمکی ئەم قورساییە دەکەم. ئەو شتەی مرۆڤێک بە چوونە ناو ژوورێک و لەسەر مێزێک دانیشتن و کشانەوە گۆشەیەک و بە کاغەز و قەڵەم لەبارەی خۆیەوە شت دەردەبڕێ کە، واتە چەمکی ئەدەبییات ئەمەیە.

بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی دەست لە باوڵەکەی باوکم بدەم و بیکەمەوە، بەڵام ئاشنای هەندێک لە دەفتەرەکانی ناوی بووم.

باوکمم لە کاتی تێیاندا نووسینی شتێلێکدا بینیبوو. وە نەبوو یەکەم جارم بووبێ بە بارودۆخی ناو باوڵەکەم زانیبێ. باوکم کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو. لە ساڵانی لاوێتیدا، لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٤٠دا، لە ئەستەمبۆڵ ویستوویەتی ببێتە شاعیر، ڤالێری-ی بۆ تورکی وەرگێڕاوە، بەڵام نەیویستووە لە وڵاتێکی کەم خوێندەوار و نەداردا شیعر بنووسێ و زەحمەتییەکانی ژیانی ئەدەبیی تێدا بچێژێ. باوکی باوکم - باپیرم - پیاوێکی کاری دەوڵەمەند بوو، باوکم منداڵی و لاوێتییەکی ئارامی بەسەر بردبوو، نەیدەویست بۆ ئەدەبیات و نووسین زەحمەتی بکێشێ. ژیانی بە هەموو جوانییەکانییەوە خۆشدەویست. لەوە تێ دەگەیشتم.

بێگومان یەکەم ئەندێشەیەک کە منی لە شتەکانی ناو باوڵەکەی باوکم دوور ڕاگرتبوو، پەسندنەکردنی ئەوانە بوو کە دەیانمخوێندەوە. لەبەرئەوەی باوکیشم بەمەی دەزانی ئامادەکاریی خۆی کردبوو، خۆی وا پێشان دەدا کە ناوەڕۆکەکانی باوڵەکەی بە هەند هەڵنەگرتووە. کە ئەمەم دوای ژیانێکی نووسەرایەتیی بیست و پێنج ساڵە دەبینی، دڵم دەگوشرا. بەڵام لەبەرئەوەی وەک پێویست ئەدەبیاتی بەهەند هەڵنەدەگرت ، تەنانەت نەمدەویست تووڕەش بم لە باوکم... ترسە ڕاستەقینەکەم. کە تەنانەت نەمدەویست بیزانم و تێی بگەم، ئەوە بوو بشێ باوکم نووسەرێکی باش بێ. لە ڕاستیدا لەبەر ئەم ترسە باوڵەکەی باوکم پێ نەدەکرایەوە. سەربار نەمدەتوانی تەنانەت هۆیەکە بە ئاشکرا بەخۆم بڵێم. چونکە ئەگەر لە باوڵەکەی باوکمەوە ئەدەبیاتێکی ڕاستەقینە و گەورە دەربچێ، دەبوو ئەوە پەسند بکەم کە پیاوێکی تەواو جیاواز لە ناخی باوکمدا هەیە. ئەمە شتێکی مەترسیدار بوو. چونکە من لەو تەمەنە بۆ پێشەوەچووەشمدا دەمویست باوکم تەنیا باوکم بێ نەک ببێتە نووسەر.

بۆ من بوونە نووسەر، دۆزینەوەی کەسی دووەمی پەنهانی ناو مرۆ، دۆزینەوەی ئەو جیهانەیە وا بەساڵانێک خەریک بوون و دان بەخۆدا گرتن ئەو مرۆیەی دروست کردووە. کە دەڵێین نووسین لەپێشدا نەک ڕۆمانەکان، شیعرەکان، نەریتی ئەدەبی، مرۆیەکم دێتە بەرچاو، لەسەر مێز

دانیشتووه و بە تاکی تەنیا ئاوڕی لە ناوەوەی خۆی داوەتەوە و لەم سایەیەدا بە وشەگەل جیهانێکی نوێ دادەمەزرێنێ. ئەم پیاوە، یانیش ئەم ئافرەتە، دەشێ تایپڕایتەر بەکار بهێنێ، سوود لە ئاسانکارییەکانی کۆمپیوتەر وەربگرێ، یانیش وەک من دەتوانێ، بە درێژاییی سی ساڵ بە قەڵەمی پڕ کراوە، بە دەست لەسەر کاغەز بنووسێ. بەدەم نووسینەوە دەتوانێ قاوە، چای، بخواتەوە، جگەرە بکێشێ. جارنا لەسەر مێزەکەیەوە هەڵسێ لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکا، سەیری ئەو منداڵانەی لە کۆڵاندا وازی دەکەن بکا، ئەگەر بەختی هەبێ سەیری درەختەیل و دیمەنێک بکا، یانیش دەتوانێ تەماشای دیوارێکی تاریک بکا. دەتوانێ شیعر، یا شانۆنامە، یانیش وەک من ڕۆمان بنووسێ. هەموو ئەم جیاوازییانە لە ڕاستیدا لە دوای چالاکییەکان و دوای دانیشتنی سەرمێز و ئاوڕدانەوە لە ناخی خۆیدا دێن، نووسینی نووسین، ئاخنینەوەی ئەم ئاوڕدانەوە لە ناخی خۆیە بەناو وشەکاندا، بە تێپەڕبوونەوە لە ناخی مرۆ خۆیدا بە دان بەخۆدا گرتن، بە سووربوونەوە و گەشبینی توێژینەوەیی لە جیهانێکی نوێ من هێدی هێدی بە وشەی نوێ نانەوەی سەر لاپەڕە بەتاڵەکان تا لەسەر مێزەکەمدا ڕۆدەنیشم، تا ڕۆژان و هەیڤان و ساڵان بەسەر دەچن، دامەزراندنەوەی جیهانێکی نوێ بۆ خۆم، ئەو مرۆڤەی تری ناوەوەی خۆمە، هەروەک کەسێکم هەست پێ دەکرد، بەرد بە بەرد پردێک یانیش گومەزێک دادەمەزرێنێ. بەردەیلی ئێمەی نووسەران وشەکانمان. بە دەست پێداهێنان و بە هەستکردن بە پێوەندییەکانیان، جارجار بە لە دوورەوە ڕوانین و سەیرکردنیان، جاروباریش بە پەنجەکانمان و نووکی خامەکانمان وەک ئەوانە بلاوێنینەوە و قورساییان هەڵبسەنگێنین و بەرە بەرە بە جێگیرکردنەوەی وشەکان، بە چەندین ساڵ سووربوونەوە و دان بەخۆداگرتن و ئومێدەوە جیهانگەلی نوێ دادەمەزرێنین.

نهێنیی نووسیاری بۆ من لە سرووشێکەوە نییە کە لە کوێوە هاتنی هیچ دیار نییە، لە سووربوونەوە و دان بەخۆداگرتندایە. ئەو دەستەواژە جوانەی لە تورکیدایە و دەڵێ، بیر بە دەرزی هەڵکەندن، بەلای منەوە وەک بۆ نووسیاران گوترابێ وەهایە. دان بە خۆداگرتنی فەرهادی کێو کوناودەرکەرەوەی ناو داستانە کۆنەکانم خۆشدەوێ و تێی دەگەم. لەو ڕۆمانەمدا کە بەناوی " ناوی من سوورە "وەیە، کە باسی یەک لە نەققاشە کۆنەکانی ئێران دەکەم، بە تامەزرۆییەوە وێنەی هەر ئەو ئەسپە، ساڵانێک هەر دەکێشێ و دەکێشێ و لەبەری دەکا. تەنانەت بە چاوبەستراویش دەیتوانی وێنەی ئەسپێکی جوان بکێشێ، دەمزانی باسی پیشەی نووسیاری و ژیانی خۆم دەکەم. توانستی هێدی هێدی گێڕانەوەی ژیانی خۆت وەک چیرۆکی کەسانی تر بێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ناخەوە هەست بەم توانستی باسکردنە بکرێ، لام وایە، نووسیار کە لەسەر مێزدا دادەنیشێ و ساڵانی خۆی بەم هونەر و پیشەیە دەدا، پێویستە گەشبینییەک بەدەست بهێنێ. پەریی سرووش کە هەرگیز نایێتە لای هەندێک و هەروەها زوو زووش سەر لە هەندێکان دەدەن ئەم متمانە و گەشبینییەی خۆش دەوێ و لەو ساتەدا کە نووسەر هەست بە تەنیاییی خۆی دەکا و دەکەوێتە باری بەگومانترین ساتی لە بەهای کۆشش و خەیاڵ و نووسینەکانی خۆی، واتە ئەو ساتەی پێی وا

دەبێ چیرۆکەکەی تەنیا هی خۆیەتی، ئەو چیرۆکانەی، وێنەکانی، خەیاڵەکانی کە لە ناخیەوە دەردەچێ لەگەڵ ئەو جیهانەی دەیەوێ دای بمەزرێنێ یەک دەخەن، وەک بڵێی کۆتاییان دێ. لە کاری نووسینمدا کە هەموو ژیانم پێ بەخشیوە، جاری وا بووە گومانم کردووە، بۆ من هەژێنترین هەست، ئەوەیە کە هەست دەکەم هەندێک لە ڕستەکان و خەیاڵەکان و لاپەڕەکان کە ئێجگار شادم دەکەن، هی خۆم نەبوون، هێزێکی تر دۆزیویانییەتەوە و بە خواردەیی بۆ منیان هێناوە و پێیان ڕاگەیاندووم.

لە کردنەوەی باوڵی باوکم و خوێندنی دەفتەرەکانی دەترسام، چونکە دەمزانی ئەو تەنگژانەی من خۆمم لێیان داوە، ئەو هەرگیز خۆیانی لێ نەدەدا، ئەو حەزی لە تەنیایی نەبوو، بگرە حەزی لە هاوڕێیەتی، قەرەباڵغی، هۆڵەکان، سوعبەتەکان، حەزی لە تێکەڵیی ناو کۆمەڵ بوو. بەڵام دواتر بیرێکی ترم پیادە کرد، دەشێ ئەم بیر و چلەکێشی و خەیالانەی دان بەخۆداگرتنە، پێشبڕیاری خۆم بن و لە ژیانی خۆم و ئەزموونی نووسەریمەوە هەڵم هێنجابن. نووسەری زۆر زۆر پرشنگداریش هەن لە قەرەباڵغی و ژیانی خێزانی و لەناو بریقەی کۆمەڵ و جریوەی کامەرانیدا نووسیویانە. سەربار باوکم، لە منداڵیماندا لە ئاساییێتیی ژیانی خێزانی بێزار بووە و ئێمەی جێ هێشتووە، چووەتە پاریس، لە ژوورەکانی ئوتێلدا – وەک زۆر نووسەری تر – دەفتەرەیلی پڕ کردبوونەوە. دەشمزانی بەشێکی ئەو دەفتەرانە لە باوڵەکەدان، چونکە لەو سالانەی بەر لە هێنانی باوڵەکە، ئیدی باوکم بۆ من دەستی بە باسکردنی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆی کردبوو. باسی لە منداڵیی لەو سالانەی منیش دەکرد، بەڵام شکستەکانی خۆی و ویستی بە شاعیر – نووسەر بوون و دڵتەنگیی ناسنامەی لە ژوورەکانی ئوتێلدا باس نەدەکرد. باسی ئەوەی دەکرد لەسەر پلیکانەکانی پاریسدا چۆن زوو زوو سارتەری دەبینی. لە ناخەوە و بەهەڵچوونەوە وەک کەسێک کە هەواڵێکی زۆر بەبایەخ ڕابگەیەنێ باسی ئەو کتێبانەی خوێندبوویانەوە و ئەو فیلمانەی بینیبوونی دەکرد. کە بوومە نووسەر، ئەڵبەتە بەشی ئەوەم کە، لە ماڵەوە باوکێکم هەبوو لە پاشاکان و گەورەپیاوە ئاینییەکان پتر باسی نووسەرانی جیهانی دەکرد، لە مێشکمەوە دەرنەدەکرد. بگرە بەهێنانەوە یادی ئەوەی چەند شتی زۆر قەرزداری کتێبخانە گەورەکەی بووم، دەبوو دەفتەرەکانی باوکم بخوێنمەوە. دەبایە سەرنجی ئەوەی بدەم، کە لەگەڵماندا دەژیا ، باوکم زۆر بایەخی بەوە نەدەدا – کوتومت وەک من _ لە ژوورێکدا بە تەنیا لەگەڵ کتێبان و بیرەکانیدا ( حەشر و نەشر ) ببێ، هەروەها بایەخیشی بە چۆنێتیی ئەدەبیی نووسینەکانی نەدەدا.

بەڵام ئەو کارەی نەمدەتوانی ئەنجامی بدەم، ڕێک ئەمە بوو، کە بە نائاسوودەییەوە لە باوڵە جێهێشتووەکەی باوکم دەڕوانی هەستم بەوە دەکرد. باوکم جاروبار لەسەر ئەو دیوانەی بەردەمی کتێبخانەکەیدا بوو ڕادەکشا، ئەو کتێبەی یان ئەو کۆوارەی بەدەستییەوە بوو دادەنا و بە دوور و درێژی بە بیرکردنەوە و خەیالاندا ڕادەما. بە ڕوویدا دەربڕینێکی تەواوی جوایەز لە سوعبەت و گەپ و وردە دەمەقاڵێی دەمانی ژیانی خێزانی، ڕوانینێکی ئاوڕ لە ناوەوەی خۆی دەنواند.

لەمەوە بەتایبەتی لە ساڵانی یەکەمی منداڵی و لاویمدا لە نائارامیی باوکم تێ دەگەیشتم و خەم دای دەگرتم. ئەمێستا دوای ساڵانێک دەزانم ئەم نائارامییە یەک لەو ورووژێنە بنەڕەتییانەیە کە مرۆ دەکەنە نووسیار. بۆ بوونە نووسیار، بەر لە دان بەخۆداگرتن و پەژارە؟، لە ناخماندا، دەبێ هاندەری هەڵاتن لە قەرەباڵغی و کۆمەڵ و ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی و لەهەموو ئەو شتانەی هەموو کەسێک ژیانی پێ دەباتە سەر و بخزێتە ناو ژوورێکەوە. دان بەخۆداگرتن و ئومێدمان بۆ ئەوە دەوێ بە نووسین جیهانێکی قووڵ بۆ خۆمان دابمەزرێنین. بەڵام خواستی خزانە ناو ژوورێک، بە ژوورێکی پڕ لە کتێب یەکەم شتێکە ئێمە دەخاتە بزاوت. نموونەی یەکەمی ئەو نووسەرە ئازاد و بێلایەنە، ئەوەی بە ئارەزووی خۆی ئەم کتێبانە دەخوێنێتەوە، تەنیا بە گوێ لە ویژدانی خۆگرتن و گفتوگۆ لەگەڵ قسەکانی کەسانی تر و بە دەم کتێب خوێندنەوە بیرەکانی خۆی و جیهانی خۆی پێک دەهێنێ، مۆنتێن–ی سەرەتای ئەدەبیاتی مۆدێرنە ئەڵبەتە. مۆنتێن ئەو نووسەرە بوو باوکم زوو زوو دەگەڕایەوە سەری و دەیخوێندەوە و پێشنیازی خوێندنەوەی بۆ دەکردم. حەز دەکەم خۆم بە پارچەیەکی ئەو نەریتی نووسەرانە ببینم کە لە هەر لایەکی جیهاندا، لە ڕۆهەڵاتدا بێ، یان لە ڕۆئاوا، لە کۆمەڵەکەی دادەبڕێ و خۆی لەگەڵ کتێبەکان بە ژوورێکدا دەخزێنێ. بەلای منەوە شوێنی دەستپێکردنی ئەدەبی ڕاستەقینە ئەو ژوورەیە کە پیاو لەگەڵ کتێبەکانیدا خۆی تێدا دەخزێنێ.

بەڵام لەو ژوورەدا کە خۆمانی تێدا دەخزێنین، ئەوەندەی پێمان وایە تەنیا نین. لەپێشدا قسەی کەسانی تر، چیرۆکەکانی کەسانی دیکە، کتێبەیلی کەسانی تر، ئەوەی پێی دەڵێین نەریتی نوێ هاوەڵیمان دەکەن. لەو بڕوایەدام ئەدەبیات بەبەهاترین کۆمەڵێکە وەچەی مرۆ بۆ لە خۆگەیشتنی داهێناوە. کۆمەڵانی مرۆ، تیرەکان، میللەتان ئەوەندەی بایەخ بە نووسەرانیان دەدەن و بەو پێوەدانگەوە کە گوێیان لێ دەگرن زیرەک دەبن، دەوڵەمەند دەبن و بەرز دەبنەوە و وەک هەموومان دەزانین، سووتاندنی کتێبان و سووکایەتی بە نووسەران، بۆ میللەتان هەواڵهێنی سەردەمانی تاریک و بێ ئەقڵییانە. بەڵام ئەدەبییات هیچ کاتێک تەنیا بابەتێکی میللی نەبووە. ئەو نووسەرەی بە کتێبەکانیەوە بە ژوورێکدا دەخزێ و لە پێشان لە ناخی خۆیدا بۆ ڕێگوزارییەک بەڕێ دەکەوێ، لەوێدا لە ماوەی ساڵانێکدا ئەو بنەما ئەدەبییانەی دەستیان لێ هەڵناگیرێ دەدۆزێتەوە. ئەدەبیات ئەو هونەرەیە کە بتوانین باس لە چیرۆکی خۆمان بکەین وەک چیرۆکی کەسانی تر بێ و باس لە چیرۆکی کەسانی تر بکەین وەک ئەوەی چیرۆکی خۆمان بووبێ. بۆ ئەوەی بتوانین ئەمە بکەین، لە چیرۆککگەلی کەسانی تر و کتێبەکانیانەوە بەڕێ دەکەوین.

باوکم کتێبخانەیەکی هەزار و پێنجسەد کتێبیی هەبوو کە بە زیادەوە بەشی نووسەرێکی دەکرد. کە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بووم، بگرە هەموو کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیەم نەخوێندبووەوە، بەڵام یەکە یەکەی هەموو کتێبەکانم دەناسی و دەمزانی کامیان بەبایەخ و کامیان سووکەڵەیە بەڵام بەئاسانی دەخوێنرێتەوە، کامەیان کلاسیک و کامیان پارچەیەکی دەست لێ هەڵنەگیراوی ئەم

جیهانەیە، کامیان شاهێدێکی مێژووی ناوەخۆییە و لە بیر دەکرێ بەڵام خۆشە. کامەشیان کتێبی نووسەرێکی فرەنسایییە وا باوکم زۆر بایەخی پێ دەدا. جارجار لە دوورەوە سەیری ئەم کتێبخانەیەم دەکرد. خەونم بەوەوە دەبینی کە خۆمیش لە ماڵێکی تردا کتێبخانەیەکی وەها، تەنانەت لەمە باشتریش، لە کتێبانەوە جیهانێک بۆ خۆم دادەمەزرێنم. کە لە دوورەوە دەمڕوانی جارجار کتێبخانەکەی باوکم وەک وێنەیەکی گچکەی جیهان بێ وا دەهاتە پێش چاوم. بەڵام لە گۆشەنیگای ئێمەوە، جیهانێک بوو کە لە ئەستەمبۆڵەوە دەمانڕوانی. کتێبخانەکەش ئەمەی دەردەخست. باوکم ئەم کتێبخانەیەی لەو کتێبانەوە کە لە ڕێگوزارییەکانی دەرەوەی وڵاتدا بە تایبەتی لە پاریس و ئەمەریکادا کڕیبوونی، هەروەها لەوانەی لە لاوێتیدا لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠کاندا لە دوکانەکانی کتێبی بیانیفرۆشەکانی ئەستەمبۆڵی سەندبوو و هەریەکەیانی لەو کتێبفرۆشە کۆن و نوێیانەوە کە منیش دەیانمناسی وەدەست هێنابوو، پێک هێنابوو. جیهانی من ئاوێتەیەکی جیهانێکی ناوەخۆ و میللی، لەگەڵ جیهانی ڕۆئاوایە. هەر لە ساڵانی ١٩٧٠وە منیش بە شێوەیەکی خەیاڵی دەستم بەدامەزراندنی کتێبخانەیەک کرد بۆ خۆم. هێشتا بەتەواوی بڕیاری بوونە نووسەرم نەدابوو. وەک لەو کتێبەدا باسم کردووە کە ناوی ئەستەمبۆڵە، ئیدی بەوێنەکێش نەبوونم یەکلایی کردبووەوە بەڵام بەتەواوی نەمدەزانی بە کام ڕێدا دەچم. لە ناخمدا، لەلایەکەوە بەرامبەر هەموو شتێک مەراقێکی لە ڕاگرتن نەهاتوو و برسێتییەکی خوێندن و فێربوونێکی گەشبینی زیادەڕۆ هەبوو. لەلایەکیشەوە هەستم بەوە دەکرد ژیانم بەشێوەیەک ژیانێکی " ناتەواو " دەبێ، ژیانم وەک هی کەسانی دیکە نابێ. بەشێکی ئەم هەستەم ، وەک ڕێک کە سەیری کتێبخانەی باوکم دەکرد، هەستم پێی کردبێ، بەبیری دووربوونەوە لە چەق، وەک ئەوەی لەو ساڵانەدا ئەستەمبۆڵ هەموومانی خستبووە سەر ئەم هەستە، بە هەستی ژیانی هەندەرانمانەوە پێوەست بوو، کەموکوورییەکی تر ئەندێشەی ژیانیش، بێگومان ئیدی وێنەکێشان بێ، یان ئەدەبیات بێ، بە زیادەوە زانینی ئەوەم بوو کە لە وڵاتێکدا دەژیم پێوەندیی زۆر بە هونەرمەندەکانیەوە نانوێنێ و ئومێدی ناداتێ. لە ساڵانی ١٩٧٠دا وەک بمەوێ بۆ لابردنی ئەم کەموکوورییانەی ژیانم بە، لەسەر سووربوونەوەیەکی زیادەڕۆوە لە کتێبفرۆشە کۆنەکانی ئەستەمبۆڵەوە بەو پارەیەی باوکم دەیدامێ، کە کتێبەیلی گەچراو و خوێنراوە و تۆزاویم دەکڕی، داخی ئەم دوکانەیلی کتێبفرۆشە هەژارانەی لە کەناری ڕێگەکان و حەوشەی مزگەوتەکان و لەبن دیوارە ڕماوەکاندا جێی خۆیان دەکردەوە و گەلێک جار بەزۆری ئەو نائومێدییەی تا ڕادەی پەرێشانی ئاین دەتداتێ، ئەوەندەی ئەو کتێبانەی دەمویست بیانخوێنمەوە کاریگەرییان بەسەرمەوە هەبوو.

لە بابەتی شوێنمەوە لە جیهاندا، وەک لە ژیاندا، لە ئەدەبیاتیشدا ئەو هەستە بنەڕەتییانەی ئەوسا هەڵمگرتبوون ئەم هەستی " لە چەقدا نەبوون "ە بوو. لە ناوەندی جیهاندا، ژیانێک هەبوو لەوەی ئێمە دەژیاین دەوڵەمەندتر و سەرنج ڕاکێشتر بوو و من و هەموو ئەستەمبۆڵییەکان و لەگەڵ

هەموو تورکیا پێکەوە لە دەرەوەی ئەمەدا بووین. ئەمڕۆ لەو بڕوایەدام لەم بۆچوونەدا لەگەڵ زۆرینەی زۆری جیهاندا هاوبەشم. هەر بەو شێوەیە ئەدەبیاتێکی جیهان هەیە و ئەو ناوەندێکی زۆر دوور لە منی هەیە، لە ڕاستیدا ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە ئەدەبیاتی ڕۆئاوایی بوو. نەک ئەدەبیاتی جیهان و ئێمەی تورک لە دەرەوەی ئەمەشدا بووین. کتێبخانەکەی باوکیشم ئەمەی پشتڕاست دەکردەوە. لەلایەکەوە جیهانی ناوەخۆیی ئێمە، کە وردەکارییەکانیم زۆر خۆش دەوێ، کە ناتوانم واز لە خۆشەویستیی بهێنم. کتێبەکانی ئەستەمبۆڵ و ئەدەبیاتی هەبوو، هەروەها کتێبەکانی جیهانی ڕۆئاوا هەبوو، کە هەرگیز لەو نەدەچوو و لەو نەچوونەکەشی خەمیش و ئومێدیشی پێ دەداین. نووسین و خوێندنەوە چوونە دەرەوەیە لە جیهانێک و وەدەستهێنانی جیاوازی، سەمەرەیی و دڵخۆشی بەو ناوازەیییە پەیداکردنە. باوکیشم جاروبارێک، هەروەک ئەوەی دواتر من دەمکرد، هەستم دەکرد بۆ هەڵاتن لە ژیانی خۆی بۆ ڕۆئاوا، ڕۆمانی دەخوێندەوە. یانیش ئەو سەردەمانە وەک شتێلێکم دەهاتنە بەرچاو بۆ لابردنی ئەم جۆرە هەست بە کەموکووڕیی ڕۆشنبیرییە سەرمان لێ داون. نەک تەنیا خوێندنەوە، نووسینیش شتێکی وەک لەو ژیانەی ئەستەمبۆڵمانەوە چوونە ڕۆئاوا و هاتنەوە بێ وابوو. باوکم بۆ ئەوە چووەتە پاریس تا بتوانێ زۆرێکی ئەو دەفتەرانەی لە باوڵەکەیدا بوون پڕیان بکاتەوە، خۆی خزاندووەتە ژوورەکانی ئوتێل و دواتر ئەو شتانەی نووسیبوونی هاوردبووەوە تورکیا. ئەمەش کە سەیری باوڵەکەی باوکم دەکرد هەستم دەکرد من نائاسوودە دەکا. دوای بیست و پێنجساڵی نووسەرایەتی لە تورکیا، بۆ ئەوەی بتوانم بەسەر پێوە بمێنم دوای ئەوەی خۆم بە ژوورێکدا خزاند. نووسینی ئەوەی لە ناخمانەوە هەڵدەقووڵێ، کارێکی پێویست بەنهێنی و شاردنەوەی لە کۆمەڵ و دەوڵەت و میللەت هەبوو، ئیدی کە تەماشای باوڵی باوکم دەکرد یاخی دەبووم. بگرە زۆرترینیش لەم ڕووەوە لە باوکم تووڕە دەبووم کە ئەوەندەی من نووسەرایەتیی بە هەند هەڵنەگرتبوو.

لە ڕاستیدا بۆیە لە باوکم تووڕە بووم چونکە ژیانێکی وەک ئەوەی من نەژیا و بێ ئەوەی تەنانەت هیچ پێکدادانێکی بچووکیشی بۆ هیچ شتێک بەبەرچاوەوە گرتبێ. لەناو کۆمەڵدا، لەگەڵ برادەرانی و خۆشەویستانیدا بە پێکەنین و شادی دەژیا. بەڵام لە جیاتیی " تووڕە دەبووم " توانستی گوتنی " ئێرەیی پێ بردن " و شیانی ڕاستتر بوونیم بەلایەکی ئاوەزم زانیبێتم، نائارام دەبووم. ئەوسا وەک هەموو کاتێک بە دەنگە تایبەت و تووڕەکەم لە خۆم دەپرسی " شادی چییە ؟". داخۆ شادی گریمانەی بە تاکی تەنیا لە ژوورێکدا ژیانێکی قووڵ بەسەربردنە؟ یان لەگەڵ کۆمەڵدا لەگەڵ هەموو کەسێکدا باوەڕ بە شتی هاوبەشکردن و هەڵسوکەوتی وەک باوەڕی کردبێ ژیانێکی ئاسوودە بەسەربردنە؟ لە کاتێکدا وا دیار بێ کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا سازاوە و دەژی، لەلایەکی ترەوە لە شوێنێکی کەس نەدیودا، بە نهێنی نووسین شادییە، داخۆ لە ڕاستیدا ناشادییە؟ بەڵام ئەمانە زێدە هەڵەشەیین، پرسیارەیلی تووڕەن. سەربار شادمانیی پێودانگی ژیانێکی باشم لە کوێوە هێناوە؟ مرۆیەل، ڕۆژنامەکان، هەر هەموو کەس، پێودانگی بەبایەخترین ژیان وەک شادمانی بێ،

هەڵسوکەوتی دەکرد. تەنانەت ڕاستبوونی تەواوێک پێچەوانەی ئەمەش، داخۆ ناچێتە سەر باری بابەتێکی شایەنی لێکۆڵینەوە؟ لە ڕاستیشدا ئەو باوکەم کە لە ئێمە، لە خێزان هەڵاتبوو چەند دەناسی. چەندم لە توانستدا بوو نائاسوودەیی ئەو ببینم؟

ئیدی باوڵەکەی باوکمم سەرەتا بەم هاندەرانەوە کردەوە. تاکە یەک نائومێدییەک لە ژیانی باوکمدا پێم نەزانیبێ، داخۆ دەشیا نهێنییەک بێ ئیدی بە دارشتنەوەی ناو نووسینیدا دەیتوانی خۆی ڕابگرێ.؟ هەرکە باوڵەکەم کردەوە و نەمکردەوە بۆنی جانتای گەشتوگوزارم هاتەوە بیر، کە هەندێک لەو دەفتەرانەم دەناسییەوە، بێ ئەوەی زۆر زیاتر لەسەر باوکم بوەستم، هەستم بەوە کرد کە ساڵانێک لەمەوبەر ئەوانەی پێشان دابووم. ئەو دەفتەرانەی تاک تاک دەستم لێ دان و تێکم وەردەدان، زۆربەیان لە ساڵانی لاوێتیدا گیراون کە باوکم ئێمەی جێ هێشت و چووە پاریس، لە کاتێکدا من، ڕێک وەک ئەو نووسەرانەی بیۆگرافیاکانیانم خوێندبووەوە و خۆشم ویستوون. دەمویست بزانم باوکم لەم تەمەنەی ئێستای من بووە چیی نووسیوە، بیری لە چی دەکردەوە. تێ گەیشتم لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەڕووی شتێلێکی وەها نابم. سەربار لەم ماوەیەدا لە دەنگی نووسەرەوە کە لەملا و ئەولای دەفتەرەکانی باوکمدا ڕووبەڕووی دەبوومەوە بێزار بووبووم. بیرم دەکردەوە ئەمە دەنگی باوکم نەبێ، ڕاستەقینە نەبوو. یانیش ئەم دەنگە هی ئەو کەسە نەبوو کە بەباوکی ڕاستەقینەم دەزانی. ترسێکی ئاسوودەیی تێکدەری وەک لە ترسی بە باوکم نەبوونی باوکم لە کاتی نووسیندا گرانتر. ترسی ڕاستەقینە نەبوونی ئەوەی ناوەوەم. باش نەبینینی نووسینەکانی باوکم، تەنانەت بینینی زیادە کاریگەریی باوکم بە نووسەرانی تر سنووری ئەندێشەمی ڕەت کردبوو، بەتایبەتی وەک ئەوەی لە لاوێتیمدا بوو، هەموو بوونم، ژیانم، ویستی نووسینم و ئەوانەی خۆم نووسیومن، دەکەوتە ناو تەنگژەیەکی ڕاستیێتی، کە لێم بپرسرێتەوە. لە دە ساڵی یەکەمی دەست بە نووسینکردنی ڕۆمانمدا قووڵتر هەستم بەم مەترسییە دەکرد و لە بەرەنگاربوونەوەی ئەوەدا زەحمەتم دەکێشا، هەروەک واز لە وێنەکێشان هێنانم، دەترسام ڕۆژێک تووشی دۆڕان بێم و بەم ئەندێشەیە واز لە نووسینی ڕۆمانیش بهێنم.

باسی دوو هەستی بنەڕەتیم کرد کە ئەو باوڵەی دام خست و هەڵم گرت لە ماوەیەکی کورتدا لە ناخمدا بە ئاگای هێنانەوە: هەستی لە دەرەوەبوون و ئەندێشەی توانستی ڕاستەقینەبوون. قووڵکردنی ئەم هەستە نیگەرانیبەخشانە نەبوو، ئەم هەستانە، بە هەموو فراوانییەکانی، یان ئەنجامەکانی، سەرەتاکانی دەمارگرژی و گرێکانی ناوەوە و بە ڕەنگە جۆرەوجۆرەکانیەوە، ئەڵبەتە ئەمە یەکەم جارم نەبوو تێیدا دەژیام. من بە درێژاییی ساڵانێک بە دەم نووسین و خوێندنەوەوە، لەسەر مێزدا لە خۆم توێژیوەتەوە، دۆزیومەتەوە، قووڵم کردووەتەوە. ئەڵبەتە ئازارەیلی دیار و نادیار، هەستەوەرییە ( کەیف – ڕەوێنەکان ) و جارنا ئەو مێشکئاڵۆزییەی لە ژیان، تەنانەت لە کتێبانەوە تێم وەردەبوون بە تایبەتی لە لاوێتیمدا گەلێک جارانم بەسەر بردوون. بەڵام هەستی لە دەرەوەبوون و ئەندێشەی ڕاستەقینەیی، ئیدی بەنووسینی ڕۆمان و کتێبانم لەبارەی ئەوانەوە،

توانیـومــە خـڕیان بناسم (بۆ نموونە، بۆ لە دەرەوە : بەفـر و ئەسـتـەمـبـوول، بۆ ئەندێشــەی ڕاستەقینەیی: من ناوم سوورە، یان کتێبی ڕەش). بۆ من گوتنی بە نووسیاربوون، ئەوەیە کە ئەو شـتـانـەی لە ناخـمـاندا هەڵمـان گـرتوون و بـە زۆری ئەوەی هەڵی دەگـرین هـەندێکی دەناسین و هەڵوەسـتـە لەسـەر برینە نهـێنییـەکانمان دەکـەین. ئەوانە بـە دان بەخـۆداگـرتنەوە بدۆزینەوە، بیـانناسـینەوە، بە جـوانی بیـانخـەینە ڕوو و ئەم برین و ئازارانـە بە زانینەوە وەک پارچـەیەکی ئەو نووسین و ناسنامەیە بکەین کە خاوەنداریێتییان دەکەین.

نووسـیـاری باسکردنی ئەو شـتـانـەیە وا هەمـوو کـەسـێک دەیانزانێ و نـازانێ کـە دەیانزانێ، دۆزینەوە و پەرەپێـدان و هاوبەشـیکردنـی ئەم زانیـارییـە، زەوقـەکـانی، ( بەسـەرسـامـیـیـەوە بە جیهانێکدا گەڕان ) بە خوێندەوار دەدا، کە زۆری دەناسێ. ئەڵبەتە ئەم زەوقانە، لە هونەری ڕۆمانە ناو نووسینی ئەو شتانەوە وەردەگرین کـە – بە گشت ڕاستییـەکانیشـیانەوە – دەیانناسین. لە کاتێکدا ئەو نووسیـارەی خۆی بە ژوورێکدا دەخزێنێ و سالانێک پەرە بەهونەرەکەی دەدا و هەوڵی دامـەزراندنەوەی جـیـهـانێکی داوە کە لـە زامـەکانی خـۆیەوە دەست پێ دەکـا، بزانێ یان نەزانێ متمـانەیەکی قـووڵیش بـە مـرۆزادە دەبەخشێ. لەبەرئەوەی کەسـانی ترش لێـچووی ئەم برینانەیان پێیە، لەم ڕووەوە لە یەکتری گەیشتن و ئەم هەستی متمانەیەی کە مرۆڤان لەیەک دەچن، هەردەم لە ناخـمـدا بووە. هەمـوو ئەدەبیـاتێکی ڕاسـتـەقـینە، پێـوەند بە لە یەکـتـری چوونی مـرۆڤـان، پشت بە متمـانەیەکی منداڵئاسایی و گەشبین دەبەستێ. یەکێک کە بە ژووردا دەخزێ و سالانێک دەنووسێ حەز دەکا بەرامبەر بە مرۆڤایەتییەکی وەها و جیهانێک کە ناوەندی نییە بێتە گۆ.

بـەلام وەک لە بـاوڵەکــەی بـاوکـــــەوە و بێگومـــان وەک لە ڕەنگە ژاکـــاوەکـــانی ئـەو ژیانـەی ئەستەمبۆڵمـانەوە دەردەکەوێ، جیهان ناوەندێکی دوور لە ئێمـەی هەبوو. ئەم ڕاستییە بنچینەیییەی ژیان بەدەسـتـەوەی دەدا، لە هەسـتی دەرەوەیی چیخـۆڤ_انەوە، لە کتێبەکانمدا گەلێک باسم لە ئەندێشـەی ڕاستەقینەیی کە ئەنجامێکی لاوەکیی ترە، کردووە. بەم هەسـتانەوە ژیان بەسـەربردنی زۆرینەیـەکی گـەورەی جـیـهـانیـیـان، لە ژیانی خـۆمـەوە دەزانم، تەنانەت ملـمـلانێی لەگـەڵ بوونی گرانتریان، کـە ترسی پڵـیشـانەوە و بێ متمـانەیی بە خۆ و بەسـووک تێ ڕوانین ژیان بەسـەربردنە. بەڵێ، هـێـشـتـا یـەکـەم خـەمی مـرۆزاد، بێ مـوڵکداریێـتی، بێ بژێوی، بێ خـانـوویـیـە... بەلام ئیـدی تەلەڤزیۆنەکـان، ڕۆژنامـەکان ئەم خـەمـە بنچـینەیـیـانە، زۆر لە ئەدەبیات بەپەلەتـر و بەشـێـوەیەکی گونجـاوتر پێمانیان ڕادەگەیەنن. ئیمرۆ ئەو شـتە بنچینەییـەی پێویسـتە ئەدەبییات ڕای بگەیەنێ و لێی بکۆڵێتـەوە، ئەگـەر خـەمی بنچـینـەیی مرۆزادە، لە دەرەوە مـانەوە و ترسـەکانی هـەست بە بێ بایەخیی خـۆکردن، ئەو هـەسـتـە بێ بەهـایانەی بەمانەوە پێـوەستن، وەک کۆمەڵ ئەنـدێشـەی ژینی ناو تێکشکانی بەخـۆنازین، دڵناسکی، بەگچکـەکردن، تووڕەیی جۆرەوجـۆر، دڵشکان و خـەیاڵە کۆتایی نەهاتووەکـانی بەنزم دانان و شـانـازیی مـیللیی برای ئەمـانە، هـەلاوسـانەکـان... گـەلێک جـار بە زمـانێکی لە ئاوەزبـەدەر و هـەسـتـەوەرییـەکی زیادەڕۆوە ئەم خـەیاڵەی لە دەرەوە دەدرێ لە تـاریکیی

ناوەخۆمدا دەتوانم لەهەر ڕوانینێکمدا تێی بگەم. توانستی بە سانایی خۆ بەهاوتاکردن لە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا، بە چاو دەبینین ئەندێشەکانی سووککردنەوەی ئاپۆرە گەورەکان، کۆمەڵەکان و میللەتان، لە ڕووی هەستەوەرییانەوە جارجار ڕاپێچی مەترسیگەلێک دەبن کە دەگاتە گەمژەیی. ئەوەش دەزانم کە، لە جیهانی ڕۆژئاواشدا، کە هەر بەو ئاسانییە توانستی خۆ بە هاوتاکردنم هەیە، بە دۆزینەوەی ڕێنیسانس، ڕووناکبیری، مۆدێرنێتی و بە شانازی لە ڕادەبەدەری بە دەوڵەمەندییەوە، جارجار میللەتان و دەوڵەتان بەنزیکبوونەوە لە گەمژەییەکی لەوچوو ڕاپێچی خۆپەسندی دەکا.

کەواتە، بە تەنیا باوکم نییە، هەموومان زیادەڕۆیی دەکەین لە بایەخی بوونی ناوەندێک بۆ جیهان. کەچی ئەو شتەی بۆ نووسین ئێمەی سالانێک بە ژوورێکدا خزاندووە متمانەیەکی تەواو پێچەوانەیە، ڕۆژێک نووسینەکانمان بخوێنرێنەوە دێنە تێگەیشتن، چونکە ئەمە باوەڕێکە پێوەندیی بەلەیەکچوونی مرۆڤانەوە هەیە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا. بەڵام ئەمە، لە خۆم و لە نووسینەکانی باوکمەوە دەزانم، گەشبینییەکی بە تووڕەیی وەلاوە نران و لە دەرەوە مانەوەوە، بریندار و خەماوییە. بە درێژایی هەموو تەمەنی دۆستۆیەڤسکی، ئەو هەستی عەشق و نەفرەتەی بەرامبەر ڕۆژئاوا هەستی پێ دەکرد زۆرجار لە ناخی خۆمیشدا هەستم پێ کردووە. بەڵام ئەوەی لەو بنچینەییتر کە لێی فێر بووم، سەرچاوەی بنچینەییی گەشبینییە. لە سەرشاری پێوەندیی عەشق و نەفرەتی بە ڕۆژئاوای ئەم نووسەرە گەورەیەوە، دامەزراندنی ئەو جیهانە تەواو جیاوازەی لەولاتری ئەوانەوەیە.

هەموو ئەو نووسیارانەی تەمەنیان بەم کارە بەخشیوە ئەم ڕاستییە دەزانن. ئەو جیهانەی بە لەسەر مێز دانیشتن لەگەڵ هەموو هۆیەکانمان، سالانێ بە ئومێدەوە بە نووسین دامان مەزراندووە، لە کۆتاییدا بە شوێنی جودا جودادا جێگیر دەبن. بە پەژارەوە یان بە تووڕەییەوە لەسەر ئەو مێزەی لەسەری دادەنیشین لەولاتری ئەو پەژارە و تووڕەییە دەگەینە جیهانێکی تەواو جوداواز. داخۆ باوکیشم نەیدەتوانی بگاتە جیهانێکی وەها؟ دوای ڕاگوزارییەکی دوور و درێژ ئەو جیهانەی دەیگەینێ، وەک لەپاش ڕاگوزارییەکی دەریا، کە تەم دەرەوێتەوە هێدی هێدی وەک دوورگەیەک بە هەموو ڕەنگەکانییەوە لێمان دەردەکەوێ هەستێکی چون پەرجۆمان پێ دەبەخشێ. یانیش ئەمە لەو شتانە دەچێ کە گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان ئەو ئەستەمبوڵەی لە باشوورەوە بە کەشتی لێی نزیک دەکەونەوە، کە تەمتومانی بەیانیانی لێ دەرەوێتەوە دەیبینن، هەستیان پێ دەکەن. لە کۆتاییی ئەو ڕاگوزارییەی بە ئومێدەوە، بە مەراقەوە بۆی دەکەوینە ڕێ،

لەوێدا مزگەوتگەل، منارەگەل، تاک تاکە ماڵان، گردەیل، پردەیل، بە هەورازەکانیەوە شارێکی تەواو، جیهانێکی تەواوی لێیە. مرۆ، هەروەک ونبوونی خوێندەوارێکی چاک لەناو لاپەڕەکانی کتێبێکدا، کتومت دەیەوێ بچێتە ناو ئەم جیهانە نوێیەی بەرامبەری هاتووە و تێیدا بزر بێ. لە کەناردا، لە دەرەوە، لە دەرەوەی شاردا، تووڕە یانیش ڕاست و ڕێک لەبەر خەمباربوونمان لەسەر

مێزدا دادەنیشین و جیهانێکی زۆر تازەی لەبیربەرەوەی ئەم هەستانە دەدۆزینەوە.

لە منداڵیمدا، لە لاوێتیمدا تەواوێ پێچەوانەی ئەوەی هەستم پێ دەکرد ئیدی بۆ من ناوەندی جیهان ئەستەمبۆڵ بوو. لە هەر کوێیەک بێ تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ژیانم لەوێ بردووەتە سەر، سی و سێ ساڵە کۆڵانەکانی، پردەکانی، مرۆڤەکانی، سەگەکانی، ماڵەکانی، مزگەوتەکانی، چەشمەی ئاوەکانی، قارەمانە سەیرەکانی، دوکانەکانی، کەسە ناسیاوەکانی، خاڵە تاریکەکانی، شەوان و ڕۆژەکانی لەبەرئەوەی خۆم بە هاوتای ئەوانە کردووە و یەکە یەکە باسم کردوون. لە دوای خاڵێک، ئەم جیهانەش کە بە خەیاڵ بیرم لێ کردووەتەوە لە دەستی من دەردەچێ و لەو شارەی لەناو مێشکمدا تێیدا دەژیم ڕاستتر دەبێ. ئەوساکە، هەموو ئەو مرۆڤ و کۆڵانانە، شمەکەکان و بیناکان وەک بڵێی هەموو پێکڕا لەنێو خۆیاندا دەست دەکەنە قسە، وەک بڵێی بە دامەزراندنی پێوەندیی ئەوتۆ لەنێو خۆیاندا کە من پێشتر هەستم پێ نەکردوون، وەک بڵێی نەک لە خەیاڵی مندا و لە کتێبەکانمدا، خۆ بەخۆ دەست بە ژیان دەکەن. وەک بە دەرزی بیر هەڵکەنی بە دان بە خۆوە گرتنەوە، بە خەیاڵکردنەوە ئەم جیهانەی بنیاتم ناوە، ئەوساکە بەلای منەوە لە هەموو شتێک ڕاستتر دەنوێنێ.

باوکیشم، بگرە، ئەم ڕەگەزی شادمانییەی ئەو نووسەرانەی هەڵهێناوە کە ساڵانیان بەم کارە بەخشیوە. کە سەیری باوڵەکەیم دەکرد دەمگوت با پێشەکی بڕیاری بەسەردا نەدەین. وەکی تر، کە باوکێکی ئاسایی و فەرماندەر و قەدەغەکار و پلیشێن و سزادەر نەبوو، منی هەردەم بە سەربەستی هێڵاوەتەوە، لەبەرئەوەی کە هەموو کات ڕێزی لە ڕادەبەدەریشی لێ نواندووم سوپاسگۆی ئەوم. بە پێچەوانەی گەلێک زۆر لە برادەرانی منداڵی و لاوێتیم، لەبەر نەزانینی ترسی باوک جاروبار بڕوام بەوە دەکرد کە هێزی خەیاڵم دەتوانێ سەربەستانە یانیش منداڵانە کار بکا. جارجارەش لەبەرئەوەی باوکم لە لاوێتیدا ویستبووی ببێتە نووسیار، لە دڵەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە دەتوانم ببمە نووسیار. بە سنگفراوانییەوە دەبێ بخوێنرێتەوە، دەبێ ئەوانە، کە لە ژوورەکانی ئوتێلدا نووسیونی تێ بگەم.

بەم بیرە گەشبینییەوە ئەو باوڵەی باوکم کردەوە کە ڕۆژانێک بوو لەو شوێنەدا بوو کە داینابوو و هەموو توانستێکی خۆم بەکار هێنا، هەندێک لە دەفتەرەکان، هەندێک لە لاپەڕەکانم خوێندەوە. باوکم چیی نووسیوە؟ دیمەنێلێکم لە ئوتێلەکانی پاریسەوە لە بیرە، هەندێک شیعر، هەندێک دەستەواژەی هاودژ، بیر ورووژێن... ئەوەی دوای ڕووداوێکی هاتوچۆ بەسەریدا هاتووە و کە بەحاڵ بەبیریدا هاتووە، ئێستاکە خۆم وەک کەسێک هەست پێ دەکەم زۆریشی لێ بکرێ نەیەوێ زۆری لێ بەبیردا بێتەوە. بە منداڵیم دایکم و باوکم دەهاتنە کۆتاییی دەمەقاڵێیەک، واتە لە دەستپێکی یەک لەو بێدەنگییە بکوژانەدا باوکم بۆ گۆڕینەوەی کەش یەکسەر ڕادیۆی دەکردەوە و بەزووترین کات ئەوەی هەبوو و نەبوو لە بیر دەبردینەوە.

منیش هاوشێوە چون کاری مۆسیقا گۆڕینەوە، بە یەکدوو وشەی خۆش، با، بابەتەکە بگۆڕم!

وەک دەزانن، ئەوەی پتر لە نووسەران دەپرسرێ، دڵگیرترین پرسیار ئەمەیە: بۆچی دەنووسن؟ لە ناخمەوە هەڵدەقووڵێ بۆیە دەنووسم! لەبەرئەوەی وەک ئەوانی تر ناتوانم کارێکی ئاسایی بکەم بۆیە دەنووسم. بۆ ئەوەی کتێبی وەک ئەوانەی من دەیانخوێنم کتێبێلێک بنووسرێ و بیانخوێنمەوە دەنووسم. چونکە لە هەموومان، لە هەموو کەسێک زۆر زۆر تووڕەم دەنووسم. چونکە بە درێژاییی ڕۆژ لە ژوورێکدا دانیشتن و نووسینم زۆر پێ خۆشە بۆیە دەنووسم. ئیدی دەزانم بە گۆڕینەوەی ئەو و توانستی بەلای ڕاستیدا بردنم هەیە دەنووسم. من، ئەوانی کە، هەمووماں، ئێمەمانان لە ئەستەمبۆڵ، لە تورکیا چۆن ژیانێک ژیاین، دەژیین، بۆ ئەوەی هەموو جیهان ئەمە بزانێ دەنووسم. چونکە بۆنی کاغەز و قەڵەم و مەرەکەبم خۆش دەوێ دەنووسم. لەبەرئەوەی بڕوام بە هونەری ئەدەبیات و ڕۆمان لە هەموو شتێک پترە دەنووسم. لەبەر بوونی هۆگرییەک، تامەزرۆییەک دەنووسم، چونکە، لەبیرچوونەوە دەترسم دەنووسم. لەبەر ئەو ناوبانگەی هێناویەتی و لەبەر پێخۆشحاڵیی پێوەندی دەنووسم. بۆ بە تەنیا مانەوە دەنووسم، بۆیە دەنووسم بەڵکو لەوە تێ دەگەم بۆچی ئەوەندە زۆر لە هەمووماں لە هەموو کەسێک تووڕەم. چونکە خوێندنەوەم پێ خۆشە دەنووسم، بەوەی بە جارێ با ئەم ڕۆمانە، ئەم نووسینە، ئەم لاپەڕەیەش تەواو بکەم دەنووسم. بەوەی کە هەموو کەسێک چاوەڕێی ئەمەم لێ دەکا دەنووسم، لەبەرئەوەی بڕوایەکی منداڵانەم بە نەمریی کتێبخانەکان و لەسەر ڕەفەکاندا مانەوەی کتێبەکانم هەیە دەنووسم. لەبەرئەوەی ژیان، جیهان، هەموو شتێک تا ڕادەی باوەڕنەکردن جوان و سەرسوڕمێنە دەنووسم. لەبەر بە زەوقبوونی بە وشەگەلدا ئاخنینی هەموو ئەم جوانی و دەوڵەمەندییانەی ژیانە دەنووسم. چیرۆک نەک بۆ باسکردن، بۆ دامەزراندن دەنووسم. بۆ ڕزگاربوون لە هەستی ئەوەی، هەردەم شوێنێک هەیە – هەروەک لە خەوندا – بە هیچ جۆرێک لە توانامدا نەبووە بچمێ، دەنووسم. لەبەرئەوەی بە هیچ جۆرێک شاد نەبووم دەنووسم. بۆ ئەوەی ئاسوودە بم دەنووسم.

هەفتەیەک دوای هاتنە نووسگەکەم و دانانی باوڵەکەی، باوکم، وەک هەموو دەمێک پاکەتە چوکۆلاتەیەکی بە دەستەوە ( لە بیری دەکرد کە لە تەمەنی چل و هەشتساڵیدام ) دیسانەوە سەری لێ دام. وەک هەموو دەمێک دیسانەوە لەبارەی ژیان و سیاسەت و مقۆمقۆی ناو خێزانەوە دواین و پێکەنین. ماوەیەک چاوی باوکم لەسەر ئەو گۆشەیەدا گیریان خوارد کە باوڵەکەی لێ دانابوو و تێ گەیی کە لەوێم هەڵگرتووە و لابردووە. چاومان بەرچاوی یەکتری کەوت، بێدەنگییەکی دڵگوش و شەرمهێن بوو. بەوم نەگوت باوڵەکەم کردووەتەوە و هەوڵی خوێندنەوەی ئەوانەی ناوەوەیم داوە، چاوەکانم هەڵڕفاند. بەڵام ئەو تێ گەیی، منیش تێگەیشتم کە ئەو تێ گەیی. ئەویش تێ گەیی کە تێگەیشتنی ئەو تێگەیشتم، ئەم تێگەیشتنانەش چەند چرکەیەک چەند بخایەنێ ئیدی ئەوەندەی خایاند. چونکە باوکم مرۆیەک بوو باوەڕی بەخۆی بوو و ئارام و دڵخۆش بوو، وەک هەموو کاتێک لە پێکەنینیدا. کە لە ماڵیشەوە دەچووە دەرێ وەک هەموو جارێک قسەی بەتام و دڵخۆشکەرەوەی وەک باوکێک دووبارە کردەوە. وەک هەموو جارێک ئێرەییم بە شادمانیی باوکم ، بارودۆخی بێخەمی، بێ پەژارەیی دەبرد و بە دوایەوە ڕوانیم. بەڵام لە بیرمە، ئەو ڕۆژە جووڵەی دڵخۆشییەکی

شەرمیبەخشم بە ناخدا دەگەڕا. بگرە ئەوەندەی ئەو ئاسوودە نیم، وەک ئەو ژیانێکی بێ خەم و کامەرانم بەسەر نەبردووە، بەڵام هەستی هەقی نووسینم داوە، تێگەیشتن... لەبەرئەوەی ئەمەم بەرامبەر باوکم هەست پێ کردووە شەرمم دەکرد. سەربار باوکم، نەبووبووە ناوەندی داپڵۆسێنی ژیانی من، منی سەربەست کردبوو، دەبێ هەموو ئەمانە بەبیردا بهێنینەوە کە، هەموو ئەمانە دەبێ لە قووڵاییەوە پێوەستیی نووسین و ئەدەبیات لەگەڵ ئەو کەموکووڕی و شادمانی و هەستەکانی تاوانبارێتییەی لە ناوەندی ژیانماندا هەیە، وەبیر بهێننەوە.

بەڵام وێنەدانەوەیەکی چیرۆکم، دەمخاتە سەر هەستی تاوانبارییەکی قووڵتر، ئەو ڕۆژە نیوەیەکی تری هەیە کە دێتەوە بیرم. بیست و سێ ساڵ بەر لەوەی باوکم باوڵەکەیم بۆ بەجێ بهێڵێ، کە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بووم وازم لە هەموو شتێک هێنا بوو و بڕیاری بە ڕۆماننووسبوونم دابوو، خۆم بە ژوورێکدا خزاندبوو و دوای چوار ساڵ یەکەم ڕۆمانم ( جەودەت بەگ و کوڕەکانی )م تەواو کردبوو و ڕوونووسێکی تایپکراوی ئەو کتێبەی هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە، بەوەی کە بیخوێنێتەوە و بۆچوونەکانی خۆیم پێ بڵێ، بە دەستی لەرزۆکەوە دابوومە باوکم. نەک تەنیا لەبەر پشت بە زەوق و زیرەکی بەستن، بە پێچەوانەی دایکم، لەبەرئەوەی باوکم دژ بە نووسەربوونم نەوەستا بۆچوونی ئەوم بەلاوە بایەخدار بوو. لەودەمانەدا باوکم لەگەڵماندا نەبوو، دوور بوو. گەڕانەوەیم بە بێئارامی چاوەڕێ کرد. دوای دوو هەفتە کە هاتەوە بەغار چووم و دەرگەم بۆ کردەوە، باوکم هیچی نەگوت، بەڵام یەکسەر وەها تێم ئاڵا کە تێگەیشتم کتێبەکەمی زۆر خۆشویستووە. ماوەیەک لە ساتەکانی هەستەوەریدا جۆرە بێدەنگییەک هاتە گۆڕێ کەوتینە تەنگژەیەکی جۆرە بێدەسەڵاتییەک و بێدەنگییەک. دوایی کە تۆزێک حەسایەوە و دەستی بە قسە کردەوە، باوکم متمانەی بە من یان بە یەکەم کتێبم بەهەڵچوونەوەیەکی زیادەوە و بە زمانێکی زل کردنەوەوە دەربڕی و بەمجۆرە پێی گوتم ڕۆژێک دەبێ ئەم پاداشتەی ئەمڕۆ بە شادییەکی گەورەوە قبووڵی دەکەم وەردەگرم.

پتر لەوەی باوەڕ بەم قسەیە بکا یانیش دەرخستنی کردنە ئامانجی ئەم پاداشتە، بۆ پشتگیریی کوڕەکەی، بۆ دڵ بەهێزترکردنی، وەک باوکێکی تورک بەو بڵێ " ڕۆژێک دێ دەبیتە پاشا " گوتوویەتی. بەدرێژاییی ساڵانێکیش بۆ من لە هەموو ڕوانگەیەکیدا پشتگیری بکا ئەم قسەیەی دووبارە کردووەتەوە.

باوکم لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢دا مرد.

ئەندامە بەڕێزەکانی ئەکادیمیای سوێد کە ئەم پاداشتە گەورەیە، ئەم شانازییەی پێ بەخشیم، میوانە بەڕێزەکان، ئەمڕۆ زۆرم حەز دەکرد باوکم لەنێوماندا بووایا.

***

سەرچاوە:


http://www.scribd.com/doc/65545988/Orhan-Pamuk-Nobel-Konu%C5%9Fmas%C4%B1

# فوزووڵی(*)

## لەیلا و مەجنوون

حەمید ئەراسلی

### پێشەکی بۆ چاپی "لەیلا و مەجنوون"ی فوزووڵی




فوزووڵی (١٤٩٨ – ١٥٥٦)، هونەرمەندێکی بەهرەوەرە، شوێنێکی پڕبایەخی لە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی ئازەربایجانیدا گرتووە. چوارسەت ساڵ پترە ناوی ئەو لە گشت وڵاتانی ڕۆهەڵاتدا بەڕێز و خۆشەویستییەوە یاد دەکرێتەوە. ئەو دیوان وانەی شاعیر بە سێ زمان نووسیونی، ئەو شیعر و بەرهەمەخوازە ئامێزانەی لەنێو میللەتانی ڕۆهەڵاتدا بەشێوەیەکی فراوان بڵاو بوونەتەوە.

لیریک لە بەهرەی دەوڵەمەندی داهێنانی فوزووڵیدا شوێنێکی بەبایەخی هەیە. بەتایبەتی لەو غەزەلانەیدا کە شاعیر بە زمانی دایک (واتە تورکیی ئازەری) نووسیونی، پەژارەیەکی ڕوون و خاوێن، هەڵچوونی بەرزی خۆشەویستی و بەزمانێکی دڵسۆزانەوە چریونی. فوزووڵی بەچاوی عاشقەوە سەیری هەموو جیهان دەکا. وا تێ دەکا کە بوون لەسەر بناغەی خۆشەویستی ئەفرێنراوە. لە کرانەوەی بەرەبەیاندا، لە هەڵهاتنی خۆردا، لە زەردەخەنەی بەهاردا، لە ناڵەی بەلبەلاندا خۆشیەیستییەک دەبینێ. هەموو ئەمانە بە زمانی خۆشەویستییەوە ڕوون دەکاتەوە. ئەو، بەتایبەتی ئەو خۆشەویستییەی بۆ مرۆ هەیەتی دەچڕێ. خۆشەویستی لە شیعری فوزووڵیدا هێزێکی پیرۆزە

.......................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: ئەحمەد تاقانە

مرۆڤەكان لەیەک نزیک دەكاتەوە. دۆستایەتی، میهرەبانی دڵسۆزی تەنیا لە بناغەی خۆشەویستیدا دەخولقێنرێ. خۆشەویستی هێوێکی ئەتۆیە کە، ئەو، مرۆ ناچار دەكا دەست لە بەرژەوەندیی خۆی هەڵبگرێ و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا واز لە بوونی خۆی بهێنێ.

ئەم خۆشەویستییەی لە شیعرە لیریکییەكانی فوزوولیدا دەخوێنرێنەوە، لە بەرهەمی "لەیلا و مەجنوون"ی نموونەی هونەری بەرزی هونەرمەنددا گشتێنراوە.

ئەم داستانەی " لەیلا و مەجنوون " ە کە لە داهێنانی زۆر دەوڵەمەندی شاعیری بیرمەنددا شوێنێکی تایبەتی دەگرێ.

بابەتی " لەیلا و مەجنوون " لە ئەدەبییاتی ڕۆهەڵاتی نزیكدا مێژوویەكی زۆر كۆنی هەیە. سەرچاوە مێژووییەكان ڕوونی دەكەنەوە كە ئەم بابەتە لە سەردەمە دێرینەكاندا، لە ئەدەبیاتی سەرزارەكیی میللیی عەرەبدا هەبووە. " مەجنوون لەیلا " كە بە درێژاییی سەدەگەلێک بە شێوەی سەرزارەكی لەناو گەلانی ڕۆهەڵاتدا بڵاو بووەتەوە. بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١١٨٨دا لەلایەن " نیزامیی گەنجەوی "ی شاعیری بەهرەمەندی ئازەربایجانەوە لە قەڵەم گیراوە. دواتر لەلایەن شاعیرانی ڕۆهەڵاتی نزیكەوە ڕیزە " لەیلا و مەجنوون " ێک بەرهەم هێنراوە، كە بەرهەمی " فوزوولی "ی شاعیری ئازەربایجانی شوێنێكی تایبەتی لەناو ئەمانەدا گرتووە.

قارەمانی بەرهەمی " لەیلا و مەجنوون " مەجنوون–ە. فوزوولی لە سیمای مەجنووندا كەسایەتییەكی كردووەتە بابەت، نایەوێ ملكەچی كەشی دەرەبەگی و كۆمەڵی باوكسالاریی سەدەی شازدە بێ. پەیڕەویی داوونەریتەكان نییە، هەستی بە دیلێتیی كردووە، بۆ ڕزگاربوون گیان دەبەخشێ. ئەو كەسێتییەی نووسیوە، بیرلە ئازادی دەكا.

بەڵام خەباتی مەجنوون نەیتوانیوە لە چوارچێوەی خۆشەویستی بێتە دەرێ. ئەو مرۆڤەی لەو ژیگەیەدا دەهاتە جیهان كە فوزوولیی تێدا دەژیا، داوونەریتیی باوكسالاریی یاساكانی ئاین و شەریعەتی تێدا باڵادەست بووە، ئازادییەكەی تەنیا لە جیهانی گوزارەییدا لە شێوەی ئازادیدا وێنە دەكێشا. ئەمەش شاعیر بەخۆشی وەهای هاتبووە مێشک. ئەودەمە، ئارەزووی ڕزگاربوون لە داوونەریتە ناشیرینەكانی ناو ڕووناكبیران، چەند بەهێزیش بووبێ، بیری گۆڕینی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی هێشتا پەیدا نەبووە. ئەوان بیریان لە ئازادیی كەسایەتییەكان دەكردەوە و ئازادیی مرۆڤیان لە خۆشەویستی، لە جیهانی دڵدا ڕادەگەیاند، لە كاتێكدا قارەمانانی وەها لەبەرئەوەی لە دەوروبەردا تووشی بەڵای جۆرەوجۆر هاتوون، لە كەناری كۆمەڵدا، لەناو باخەڵی سروشتدا بە دوای ئازادیدا دەگەڕان. لە كۆمەڵ هەڵدەهاتن.

چوخدر بنی آدم ایضره بیداد

ایت گوکلمی وحشت ایله معتاد

واتە:

بێداد (زۆردار) زۆرن لەناو ئادەمیزادانداا
دڵ لەگەڵ تەنیاییدا ڕابهێنە!!

لەم نیوە دێرە شیعرانەدا کە لە زاری مەجنوونەوە گوتراون سکاڵا لەو زۆرداریيەی ناو کۆمەڵ دەکرێ. ئەوەیە کە، قارەمان ئارەزووی شوێنێکی وەها دەکا کە مرۆ پێی پێدا نەنابێ:

بیر ملکده ویر مکا قراری
کیــم یتمەیە آدمی غباری

واتە:

لە وڵاتێکدا جێیەکم بدەرێ ستاری لێ بگرم
تەنانەت تۆزی ئادەمیزادیشی نەگاتێ

ئەمەش نەک تەنیا لەلای مەجنوون، ئەو بێدادی و زۆرداری و دیلێتییەی لەناو کۆمەڵی ئەو سەردەمەدا هەبووە، ئەو بارودۆخە گیانییە بووە کە لەلای هەندێک لە ڕووناکبیران دەورووژا.

قارەمانی فوزووڵی خاوەنی ڕیزە تایبەتمەندییەکە، کە ئەم لایەنانە لای هاوچەرخەکانیدا نییە. ئارەزووی ئازادی، خۆشەویستیی ڕوون، وەفا، دۆستێتی و فیداکاری. بەڵام دڵداریی مەجنوونییش دواتر لە خۆشەویستیی جیهانییەوە دەبێتە خۆشەویستیی خوایی. دواتر ئەو بەخۆی، درک بەوە ناکا بۆچی خۆشی ویستووە.

گرچه جاناندان دل شیدا ایچون کام ایسترم
صــورسه جانان بلمــزم کام دل شیدا نەدر؟

واتە:


گەرچی کام (داخوازی) بۆ دڵی شەیدا لە خۆشەویست دەکەم
ئەگەر خۆشەویست بپرسێ، نازانم داخوازیی دڵی شەیدا چییە؟

ئەو قارەمانەی، سەرەتا لەیلای بەئەڤینێکی قووڵەوە خۆشدەویست، بە بیانووگەلێک، بۆ بینینی خۆشەویستی گیانی دەبەخشی، ئەو مەجنوونە لە کۆتاییی بەرهەمەکەدا وەهای لێ دێ لەیلاکەی ڕەت دەکاتەوە، دەڵێ ئەو بە خەیاڵی ئەوەوە دەژی، دۆزەکە لێرەیە شاعیر بەخۆی ئەمە بەڕاست دادەنێ، ئەمە، وەک گەیشتنە ترۆپکی خۆشەویستی ڕوون دەکاتەوە.

شاعیر نەیدەتوانی ئەوان بەیەکتری بگەیەنێ، چونکە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بە شێوەیەکی کارەساتاوی دامەزرابوو، کە ڕووداوەکان هەردوو لاوەکەی بەر لەوەی بگەنە ئارەزووی خۆیان بەرەو مردن دەبەن. شاعیر ئەگەر هاوسەرێتیی ئەوانی وێنە بکێشایە، ئەنجامێک دەهاتە کایە، کە لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکان و ناوەڕۆکی بەرهەم و ناواخنیدا نەدەهاتەوە.

ئەوەی لە چامەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە داهێزراوترین وێنە لەیلایە. لەیلا یەکێکە لەو

کیژە خانەدانە بێ مافە ئازەربایجانییانەی سەدەی شازدەمە، کە لە سەردەمێکی پڕ کارەساتدا ژیانیان بردووەتە سەر. بەڵام ڕەوشتی ئەم کچە لەوانی تر جودایە. ئەو کە بە خۆشەویستییەکی قووڵەوە دڵداری دەکا. دڵسۆزی ئەوینیەتی و کچێکی بەوەفایە، بەڵام دەوروبەرەکەی خۆی، ژیگەی خۆی تێی ناگەن.



لەیلا قەیسی بۆچی خۆش دەوێ؟ چونکە قەیس لە هەمووان زیرەکترە و لاوێکە بەقووڵی لە ئەوین تێ دەگا، لەیلا کە بەڕێککەوت قەیسی لە قوتابخانەدا بینی هێشتا منداڵ بوون، گیرۆدەی یەکتری بوون. لەگەڵ ئەودا سەرەتا بە ئاشکرا و دواتر بە پارێزەوە دڵداریی کردووە. بەهەموو دڵ و گیانییەوە پێوەستی ئەو بووبوو. ئێستاکە بەربەستگەلێکی گەورە گەورە لە بەردەمی ئەم خۆشەویستییەدا وەستاوە. لەیلا توانای لادانی ئەم بەربەستانەی نییە. ئەوینی ئەو کەوتووەتە سەر زاران. ئیدی دایکی ناهێڵێ بچێتە قوتابخانە، باوکی ئەگەر ببیێ دەبێتە کارەسات، ئەمانە هەر هەموو ئاسانن، دۆزی نامووس بەربەستی سەرەکییە.

لەیلا بتوانێ دەستبەرداری هەرچییەک بێ ناتوانێ دەست لە نامووس هەڵبگرێ. ئایکی بەبیری دەخستەوە کە:

اوغلان عجب اولماز اولسا عاشق
عاشقلق ایشی قیزا نە لایق
ای ایکی گوزوم یمان اولور عار
ناموسیمزی ایتیرمە زنهار!...

واتە:

کوڕ سەیر نابێ ئەگەر عاشق بێ
کاری دڵداری شایەنی کیژ نییە
ئەی هەردوو چاوی من، شەرمێکی زۆر خراپ دەبێ
نەکەی نامووسمان بزر بکەی!...

دۆزی بنەڕەتی، نەدرکاندنی لەیلا و ناچاریی بەنهێنی شاردنەوەی تەنانەت لەو دایکەی زاویشیەتی، دۆزی نامووس و بەدناوی بووە. چونکە لەم ژیگەیەدا، دڵداری بۆ کچ، عاشق بوون بە

بێناموسی دادەنرا. دایک لە ڕێنوێنییەکانیدا لەسەر هەق بووە. دایکی لەیلا دەیزانی کە، ئەگەر ئەو قسانەی لەبارەی ڤینداریی لەیلاوە دەکرێ بڵاو ببێتەوە کۆمەڵ وەک خێزانێکی بێناموس سەیری ئەوان دەکەن. پێیان پێ دەکەنن، پێی دەڵێن: "دایکی ئەو کچەیە کە عاشقی قەیسە". لەوانەشە منداڵان لە کووچە و کۆڵاندا گۆرانیی ئابڕووبەرەیان بۆ هەڵدەبەستن. باوکی لەیلا ئەگەر ببیێ، دۆزەکە ڕەنگێکی تر بەخۆوە دەگرێ. کیژە سزای توند دەدرێ و دایکیشی لە بەرچاوان دەکەوێ.

کەچی لەیلا ئافەریدەیەکی دەگمەن بوو، ئەو خۆشەویستی نازانێ، چونکە ئەو بە هەموو دڵیەوە پەژارەی ئەو ئەوینەی پابەندی بووە، ماوەیەکی دوور بە تەنیا کێشابوو. ئەو دەردی بۆ کەس باس نەکردبوو، لە دڵی مرۆدا بە تایبەتی کچانی خەیاڵپەروەر، نهێنییە پەنهانبووەکانی ناو دڵی لەو ماوەیەدا نەکرێتەوە پتەوتر دەبێ. لەیلا هەر لەو کاتەدا لە بەرامبەریدا عاشقێک دەبینێ، بە گەرمییەکی پتر دڵداری دەکا. لە بەرامبەر پەژارەکانی خۆیدا تا هەست بە فیداکاریی ئەو دەکا، خۆشەویستیی توندتر دەبێ. بە درێژاییی تەمەنی کچی لاو خەمبار دەکا:

نه بیــر فــرحی، نه بیــر نشـــاطی
نه کـیـمـسـه ایله بیـر اخـتـلاطی
قـیـزلار قـاشـا ویرسـه وسـمـەدن رنگ
جان گوزگوسینه سالوردی اول ژنگ...
نـه ایکـنـەده، نـه ایـپکده مـــیلی،
مـــژگـــانه توکـــردی اشک ســیلی،

واتە:

نە شادییەکی هەبوو نە چالاکییەک
نە لەگەڵ کەسێکدا تێکەڵاوی
کیژان لە وەسمەوە ڕەنگ بدەن بە برۆ
ئەوا ژەنگی دەخستە سەر ئاوێنەی گیان.
نە ئارەزووی دەرزیی هەبوو نە لە ئاوریشم،
پێڵی ئەسری بە برژانگدا دەڕشت.

لەیلا تەنیا بەجیهانی گوزارەییەوە دەژی، ئەوینێکی قووڵ ڕۆژ بەڕۆژ ئەو دەتاوێنێتەوە، کە ئەمە بەپێی بیرکردنەوە لەیلا لە دەستەخوشکانی جودا دەکاتەوە. بە بەشی خۆیان ڕازی دەبن، ئامادە دەبن لەگەڵ ئەو مێردەدا ژیان ببەنە سەر کە دایک و باوک بەوانەیان دەدەن. ئارایش و ڕازاندنەوە فێر دەبن، لەیلا جوایەز لەو کیژانە بیر دەکاتەوە. کە جیهانی دڵی خۆیان تەواوێک لە بیر دەبەن، لەیلا کە هەموو کات خۆی لەگەڵ مەجنوون بەراورد دەکا، خۆپۆشی " حیجاب " و ئاوڕوو و دیلی

خەوشبوونی، بێدەسەڵاتیی بیر دەکەوێتەوە.

ئەو، دەیەوێ مەجنوون بە جللاکی ببینێ. چونکە بەرامبەر مەجنوون، ئەو تەگەرانە نییە وا لە بەردەمی لەیلادا هەیە. ئەو، چونکە پیاوە، خۆشبەختە:

من توت کە مقید حصارم
محبوس حجاب ننگ و عارم
گر شمعە اچلسە شرح رازم
سایەمدن اولور میک احترازم
گر سایەمە سویلسم غم دل
شمعک حسدی گلور مقابل
نە یازماغا نامە اختیارم
نە ایتمگە عرض رازدارم
غنچە کیمی یم من پریشان
اغزم توتولی ایچم دولو قان

واتە:

من، بگرە کە بەندی گەمارووم
بەندیی ڕووپۆشی نەنگ و خەوشم
گەر لێکدانەوەی ڕازم بۆ مۆم بکرێتەوە
هەزار خۆپارێزیم لە سێبەری خۆم دەبێ
ئەگەر غەمی دل بە سێبەری خۆم بڵێم
مۆم بەرامبەر بەمە حەسوودیم پێ دەبا
نە دەتوانم نامە بنووسم
نە دەتوانم ڕازی دڵ دەرببڕم
وەک غونچەم منی پەرێشان
دەمم دەگیرێ ناخم پڕ خوێنە

لەناو چوار دیواراندا، ئەو ئافرەتانەی بەندی سەرورووپۆشی و ناموس و شەرموشۆ بوون بەڕاستی قسەی ناودڵیان کە بۆ مۆم دەدرکاند لە سێبەری خۆیان دەترسان، ئەوان نە لە توانایاندا بووە دەردەکانیان بنووسنەوە، نە بۆ درکاندنی نهێنییەکانیان هاوڕازیان هەبووە. ئەوەیە کە ئەم بەدبەختانەی بە ڕواڵەت بە خۆشبەخت دەبینران، بەدبەختترینی ئەم ئافەریدە بەستەزمانە لە ژیانی سەربەستی بێبەشانە، کەسانی وەک لەیلا لە سەروویانەوە بوو. ئەوانەی هەست بە دیلێتیی خۆیان دەکرد و نەیاندەتوانی نارەزایی دەربڕن و دەردەکانیان لە دڵیاندا دەشاردەوە. دوای ئەوەی لەیلا بە


شوو درا، لەو نامەیەیدا کە بۆ مەجنوونی دەنووسێ بێبەشیی خۆی لە ماف و بارودۆخی دیلێتیی خۆی بەمجۆرە دەردەبڕێ:

من گــوهـرم اوزگــەلر خــریدار
منده دگل اخـــتــیـــار بازار
دوران کــە منی مــزاده ســالدی
بلمن کیم ایدی ساتان کیمالدی
اولسـیـدی منم بیـر اختـیـارم
اولماز ایدی سندن اوزگــە یارم.

واتە:

من گەوهەرم و ئەوانی تر کڕیار
هەڵبژاردنی بازاڕ لە دەستی من نییە
دەوران، کە منی خستووەتە مەزاد
نازانم فرۆشیار کێ بوو؟ کێ بوو کڕیار
ئەگەر من هەڵبژاردنم بۆ بووایە
جگە لە تۆ یارم نەدەبوو.

هەموو ئەمانە لە مەرجەکانی سەدەی شازدەمدا تا سەردەمی شۆڕش ئەم دەردی کیژانی ئازەربایجان بووە. فوزوولی ئەم کارەساتە گرانانەی هەریەک لە کچانی ئازەربایجان چەشتوویانن لە دەوروبەری لەیلای کۆ کردوونەتەوە. بەڵام ئەوەی لەیلای لە هەموو هاوچاخەکانی خۆی جودا کردووەتەوە هەست بەم دەردانە وەک مرۆڤێکی تازە کە هەستی بەم بارودۆخەی دیلێتییە دەکا قەڵەمنووس کردووە.



شاعیر بۆ پێشاندانی دەردەگرانەکانی قارەمانی خۆی ئەوی هەروەک لە شیعری ڕۆهەڵاتی نزیکدا وەک هێمای دڵدار کاری لەسەر کراوە، لەگەڵ پەپوولە " پەروانە " و مانگ و هەور و مۆم و هی تر بەراورد کردووە. لێوانی لەیلا لەگەڵ مۆم و پەروانە و مانگ و هی تر، جوانترینی

شوێنەکانی چامەکەن. کچی لاو لەبارەی دڵدارییەکەیەوە سووتانی مۆم دەبینێ کە ئەفسانەیەکی زۆری لەبارەوە بیستووە. درک بە سووتانی ناو ئاگری دابڕانی خۆی دەکا. بەڵام مۆم لە خۆی بە خۆشبەختتر دەژمێرێ.

من هم سنه بکزرم وفــــــاده
بلكه نبـــچــــه مــــرتبـــه زياده،
سن گـيـجـه همين ينارسن اى زار
من گــيـجـه و گـوندوزم گـرفـتـار
خوشدور سنه سركى، توكوب ياش
مـجلسلر ايچـينده ايلمك فـاش
كـــوكلك چو دگل وفــــاده قـــائم
كـــوكلكدەكــــيــــدر ديلكده دائم
من ثابت عــــــرصـــــــهء بلايم
نی كــــيــــمی خـــــزانهء هوايم
اولم اولور اولمز ايله دمــــســـاز
باشم كـسـيلرسـه سـويلمم راز.

واتە:

منیش لە وەفادا لە تۆ دەچم
بگرە چەند پلەیەکیش لە تۆ پترم
تۆ کە شەوان هەر دەسووتێی ئەی بێزار
من، شەو و ڕۆژ گرفتارم
بۆ تۆ خۆشە کە نهێنیت بە ئەسری چاو هەڵدەڕێژی
لەناو کۆڕەکاندا دەیاندرکێنی
دڵی تۆ چ لەسەر وەفادا نامێنێ
ئەوەی لە دڵتدایە، لەسەر زمانتدایە
من خۆڕاگری گۆڕەپانی بەڵام
وەک نەی " شمشاڵ " گەنجینەی هەوام
مەرگم دەبێت، کەسی تر نابێتە هاودەمم
سەرم بەبڕین چێ، ڕازم نادرکێنم.

کەواتە دەردی لەیلا گرانترە و پەژارەکانی پترە. لەیلا لە پەپوولەشدا فیداکارییەکی گەورە دەبینێ، بەڵام پەپوولە هەر هیچ نەبێ دەتوانێ بچێتە ئەو شوێنەی ئارەزووی لێی بێ. ئەو، هەموو

شەوێک خۆشەویستەکەی خۆی دەبینێ، کەچی لەیلا گیرۆدەیە و هەردەم دووری دەچێژێ، پەپوولە بۆ یەکجار گیانی دەکاتە قوربانی و ڕزگاری دەبێ، بەڵام لەیلا ڕۆژی دە جار دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە. بەردەوام دەرد دەچێژێ، لەم دەردچەشتنە ئازاری پێ ناگا.

لەیلای فوزووڵی لە لەیلاکەی نیزامی چەوساوەتر و داخراوترە. لە بەرهەمەکەی نیزامیدا لەیلا دۆزەکە لە ئیبن سەلام ناشارێتەوە. نەک هەر نایشارێتەوە، بگرە تەنانەت خۆشەویستیی مەجنوونیش و تا کۆتاییش بە ڕاستگۆیی مانەوەی لەگەڵ ئەودا بەڕوونی باس دەکا. ئیبن سەلام کە لەو نزیک دەکەوێتەوە، شەقاوللەیەکی وای لێ دەدا کە، کوڕە دەکشێتەوە و ڕادەکشێ.

بەڵام لەیلای فوزووڵی لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا نەبووە شەقازللە لە ئیبن سەلام بدا. ئەو، خۆشەویستیی مەجنوون بە هیچ کەسێک نابێژێ، تەنانەت بە دەستەخوشکە نزیکەکانیشی ناڵێ. دایکیشی ئەم نهێنییە نازانێ، هەمووگومان لەوە دەکەن مەجنوون ئەوی خۆشدەوێ و ئەمی خەمبار کردووە. کە ئەویان بێ ئەوەی بۆچوونی ئەو بپرسن بە ئیبن سەلام –ی بە شوو دەدەن، لەیلا ناوێرێ دەردی خۆی بە ڕوونی بدرکێنێ. کە ڕازێنەوەکان ئارایشی بووکێنییان دەکرد، کیژە دەگریا. بەڵام هەموو ئەمەیان وەک دەردی دوورکەوتنەوە لە دایک و باوک بیر لێ دەکردەوە. دڵی ئەویان دەداوە:

دیرلردی حقکدر ای سمن بو
توتمشدک اتاک، اناک ایله خو
حالاکه بولاردان ایریلورسن
غربت ستم اولدیغیک بیلورسن
افغانکه هیچ منع یوخدر
سن کیمی یانان فراقه چوخدر.
قیز دائم اتا ایونده قالماز
پیوستە انایە مهر سالماز.

لەیلا ناچار بوو بڕوا بەمانە بکا، چونکە تانەی خەڵکی، ئابڕوو دۆزی بێگوناهی سەری ئەوی دەبڕی:

لیلی بو سوزه قیلوردی اقرار
دیمزدی بیر اوزگە محنتم وار
گورمزدی انی اوزینه لایق
کیم طعنه ایده اکا خلایق
قیز هر نیجه یاره اولسا طالب
البتە گرک حیاسی غالب

لەیلا دوای ئەوەی بۆ ئیبن سەلام بە بووک برا ئەو فریو دەدا، ئەگەر دان بە دیلێتیی خۆشیدا نابێ، لەوەدا سەردەکەوێ دوور لەو بژی:

من کیم دیمەیم غنی فقیرم
مهمان دیمەیم سنه اسیرم
ظلم ایلمک ایتمه من اسیره
اظهار ترحم ایت فقیره.

واتە:

من کە ناڵێم دەوڵەمەند یا هەژارم
ناڵێم میوانم، من دیلی تۆم
زۆرداری لەگەڵ منی دیل مەکە
میهرەبانی لەگەڵ هەژاردا بنوێنە.

بەمجۆرە بێدەسەڵاتیی خۆی پێشان دەدا و بە هەڵبەستنی درۆیەک دەکارێ ئەو هەڵبخەڵەتێنێ.

کۆتاییی لەیلا زۆر کارەساتئامێز دەبێ، دوای مردنی ئیبن سەلام مەجنوون دەبینێ، حوشتر لە کاروان دوور دەکەوێتەوە و لەیلا دەباتە ئەو نشیمەنییەی مەجنوونی لێ دەبێ. ئیدی مەجنوون هەموو هێزێکی ژیان بەسەربردنی لە دەست داوە. ئەمێستاکە ئەو نەک بەیەک گەیشتنی دڵدارانە، بە خەیاڵی ئەوەوە دڵی دادەکاسێ. ئەو تەنانەت لەیلا هەر ناشناسێتەوە:

چون منده یوخ احتمال ادراک
سن سویله اوزک که کیمسن ای پاک؟

واتە:

چونکە ڕێ تێچوونی درک پێکردنم تێدا نییە
تۆ بە خۆت بڵێ ئەتو کێی ئەی پاک؟
بەم شێوەیە پرسیاری کێ بوونی لێ دەکا.

بەڵام لەیلا بە ئومێدی بەیەکگەیشتنەوەوە دەژی. ئەو وای دەزانی کە خۆشەویستەکەی هەرکە دەیبینێ یەکسەر بە ملیدا دەئاڵێ. دوای ئەوەی نیشانەی خۆی پێشانی خۆشەویستەکەی دەدا، سەیری لە بایەخنەدانی ئەو دەمێنێ. ئەمە بە کەمزانین و خەوش دادەنێ:

ای گل بو مکا دگلمیدر ننگ
کیم اولمایاساک منمله هەم رنگ
من عرض ایدم افتاب رخسار
سن قیلمایاساک حرارت اقهار.

ئەم ڕوو پێنەدانەی مەجنوونە، بۆ ئەو کچەی هەموو ژیانی خۆی بە ئومێدی بەیەکگەیشتنەوە بەسەر بردووە و هێشتا بەو ئومێدەوە دەژی، ئیدی لە مردن کاریگەرترە. ئەو خۆی لەم ژیانەدا بێ بایەخ دادەنێ. هەست دەکا ئەو جوانییەی بۆ مەجنوونی پاراستووە و شاردووەتەوە، ئیدی هیچ واتایەکی نەماوە:

من بسلەدیگم بو زلف و خالی
چشم سیە و عذار آلي
اوز جانم ایچون دگل شب و روز
نذر نظرکدر أی دل افروز
یوخدر چو نظارە میلی سندە
نیلر بو جمال خوب مندە.

واتە:

من ئەم زوڵف و خاڵەی پەروەردەم کردوون
چاوی ڕەش و کوڵمە ئاڵەم
بۆ گیانی خۆم نەبوو، شەو و ڕۆژ
بۆ ڕوانینی تۆم تەرخان کردووە ئەی بریقە بە دڵ بەخش
کە مەیلی سەیرکردنیت لەلا نەبێ
ئەم جوانییەم بۆچییە ئیدی.

لە بەرهەمەکەی فوزووڵیدا داوونەریتەکانی سەردەمی خۆی، بە تایبەتی ئەوانەی تایبەت بە قوتابخانە و شایی و پرسە و یاساکانی جەنگی بەشێوەیەکی ڕاستی خراونەتە ڕوو، ئەو، ئەو باوکەی بە ئومێدی منداڵبوونیەوە دەژیا، ئەو شادییەی بە منداڵبوون لە خێزاندا دەهاتە کایە و لەلایەن دایەنەوە پەروەردەکردنی تاقانە، بە جوانی وێنە کێشاوە کە لێرەدا هیچ شتێکی دوور لە ژیانی ڕاستەقینە نییە. بەڵام یەکسەر ئەو قارەمانەی خۆی دەخاتە ڕوو کە هێشتا منداڵە لە ئامێزی بووکێکی جواندا ئارام دەگرێ و ڕووداوێکی ڕۆمانتیک دەخاتە سەر دیمەنە ڕاستەقینەکان کە ئەمەش دەبێتە نیشانەیەک کە ئەو منداڵە لە داهاتوودا دەبێتە ئەویندار. ئەو ئامادەکارییانەی مەجنوون بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆیدا بئاخێوێ زۆر بە مەراق و ڕاستەقینەن. ئەو، نەزانینی وانەکەی دەکاتە بیانوو. دەمێک بە ئەنقەست نووسینەکەی بەهەڵە دەنووسێ، گەهێ کتێبەکانی دەشارێتەوە و خۆی لە کووچە و کۆڵاندا خەریک دەکا. بەم بیانووانە لەیلا دەدوێنێ.

چامەی " لەیلا و مەجنوون "ی فوزوولی لایەنی کەموکووڕیشی هەیە. لە سەرووی هەموو ئەو کەموکوورییانەدا ئەوەیە کە قارەمانی سەرەکیی شاعیر. خستنە بارودۆخەیلێکی نائاساییەتی. فوزووڵی لەیلای چەند لە پلانێکی ڕیالیدا نووسیوە، دوای ئەوەی مەجنوونی هێناوە بیاوانەکان و ئەوەندە لە بارودۆخێکی نائاساییدا پێشانی داوە. ئەم لایەنە لە هەوڵی شاعیرەوە بەپیرۆزکردنی

قارەمانەکەی خۆی هاتووە. فوزوولّی وەک کوڕی سەردەمی خۆی و ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە هەر دەبوو وا بکا. شاعیر لە سەردەمی خۆیدا زۆر بەرەو پێشەوەچووە، شاعیر کە دەست بە ڕوانینی ڕەخنەگرانە دەکا بەرامبەر ناهەقییەکانی سەردەمی خۆی دەبێتە هونەرمەندێکی بێ هاوتا. بەڵام ئەودەمانەی دەیەوێ بێتاوانی بداتە پاڵ ئەم بیرانەی دادەبەزێتە ئاستی سەردەمەکەی خۆی. بە زمانی ئەو هاودەمانەیەوە دێتە قسە کە بڕوا بەسەرئاساییەتییەکان دەکەن. بەمجۆرە بەرگی پیرۆز بە قارەمانەکەی لەبەر دەکا.

فوزوولّییەک کە بە چاوێکی کراوە لە ڕیزە داوونەریتێکی سەردەم دەنۆڕێ، دیارە خۆشی بڕوا بە ڕیزە شتێکی ئاینی – سەرابئامێز دەکا. لافی ئەوەی کە ئەو ئاژەڵانەی لەلای مەجنووندا بوون، پەرییانێکن چوونەتە ناو پێستەی ئاژەڵان. ئەو دێرە شیعرانەی مەجنوون دەنوێنی کە لەگەڵ ئەو گیانلەبەرە دڕندانەی دەوروبەریدا دەچین و میهرەبانی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، شوێنە ڕۆمانتیکەکانی چامەکەیە. یانیش مردنی قارەمانەکان کاتانەدا کە خۆیان ئارەزوو دەکەن، بەرەو ئەوە دەچێ کە پیرۆزی بەوانە بدا، هەموو ئەمانە لایەنە لاوازەکانی چامەکەن.

لە بەرهەمەکەدا لەلایەن دوو دەرەبەگی سەرەک عەشیرەتەوە باس لە بۆنەی خێزان و منداڵ دەکرێ. بەڵام ئەم بۆنەیە جوداوازە. باوکی مەجنوون کە بە قووڵی کوڕە تاقانەکەی خۆشدەوێ، باوکێکە لە دڵەوە خەم بە ژیانی کارەساتاوی دەخوا. کەچی ئەو لە بنچینەی دەردی مەجنوون نازانێ. ئەو بۆ جوداکردنەوەی کوڕەکەی کە بە گەرمی لەیلای خۆشدەوێ دەست بۆ چارەسەری جۆرەوجۆر دەبا. دەیباتە سەر نزرگەکان، کچەکە لای مەجنوون دزێو دەکا، بۆ بە ئارەزوو گەیاندنی کوڕەکەی نێرراو دەنێرێتە ماڵی لەیلا، بەڵام دوای ئەوەی وەڵامی ڕەتکردنەوە وەردەگرێ، هەوڵی دوورخستنەوەی لەم خۆشەویستییەی دەدا.

فوزوولّی کارەساتی باوکی مەجنوون بە خەمێکی قووڵەوە بەدەستەوە دەدا. ئەو پێشانی دەدا کە باوک ئەودەمەی ئارەزووی کوڕی دەکرد، لە بیری ئەوەدا بوو کە سەرەک عەشیرەتێک پێک دەهێنێ، دەبێتە خاوەنی ئەو ماڵ و دەوڵەتەی هەیەتی. بەڵام مەجنوون ئارەزووەکانی باوکی خۆی بەدی ناهێنێ. باو لەمەوە تووشی دەرد دەبێ و دەمرێ.

لە کاتێکدا گەرچی دایکی مەجنوون بە قووڵی هەست بە کارەساتی کوڕەکەی خۆی دەکا، ئەم دەردە ناهێنێتە سەر خۆی. ئەو دایکەی بانگی کوڕەکەی دەکا لە مەیدانەکاندا قارەمانی بنوێنێ و ناو و ناوبانگ پەیدا بکا، لە دۆزی ئەویندا ئەمیش وەک هاوچەرخەکانی خۆی لە ئەوین دەڕوانێ. بەوەی کە لەیلا نەبێ با کچێکی تر بێ، بەرەنگاری ئارەزووی پێکهێنانی خێزانی لەسەر بناغەی خۆشەویستیی بەرانبەرکێ دەبێتەوە.

باوکی لەیلا لە دایکی مەجنوونیش پارێزگارترە، پابەندی داوونەریتەکانی سەردەم، باوکێکە دوژمنی خۆشەویستیی ئازادە. ئەو مەراقی ئارەزوو و ویستی کچەکەی خۆی نییە. ڕاستگۆیی لەگەڵ نەریتەکان بە پیرۆز دەزانێ. دوورکەوتنەوە لەم نەریتانە بەبێ ئابڕوویی دادەنێ. تەنیا و هەر

لەبەر ئەمەش باوکی مەجنوونی ڕەت دەکاتەوە. باوکی مەجنوون دەڵێ خۆشی وەک ئەو، سەرەک عەشیرەتە. هەبوون و خاوەن دەسەڵاتە و هۆیەکی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نییە ببێتە تەگەرەی بەردەمی ئەم خزمایەتییە، باوکی لەیلا وەڵام دەداتەوە کە:

قربک بیلرم منه شرفدر
اما خلفک عجب خلفدر
مجنون دییه طعن ایدیر خلایق
مجنونه منم قیزیم نەلایق؟

واتە:

دەزانم نزیکیت بۆ من شانازییە
بەڵام نەوەکەت نەوەیەکی سەیرە
خەڵکی بەوەی کە مەجنوونە تانەم لێ دەدەن
کچی من چۆن شایەنی مەجنوون "ە شێت" ە؟

بەمجۆرە باوکی لەیلا بایەخ بە کەسانی زۆربلێ و بیر لە قسەی پووچ و غەیبەتیان دەدا، کچەکەی خۆشی و مەجنوونیش بەدبەخت دەکا. ئەو ئەو کاتەی کچەکەی دەداتە ئیبن سەلام ڕای لەیلا ناپرسێ.

ئیبن سەلامیش لە هاوچەرخەکانی خۆی جودا نییە، ئەو تەنیا بە یەک جار بینینی لەیلا حەزی لێ دەکا، بێ ئەوەی ڕای کچەکە بزانێ خوازبێنی دەنێرێ، بەدەسڕۆیی و هێزی لە خواستنی ئەودا سەردەکەوێ. بوون و نەبوونی خۆشەویستیی کچە بۆ ئەو هیچ نایخاتە مەراقەوە. فوزووڵی کە ئیبن سەلام و مەجنوون بەراورد دەکا، بە زمانی لەیلاوە پێشان دەدا کە:

اول نقش صحیفەء وفادر
بو طرز جریدەء فنادر
اول غرقەء بحر ذوق جاندر
بۆ محو تنعم جهاندر
اول خیر یولونا راهبردر
بۆ باشلادیغی طریق شردر
جانانەسی ایچون اول دیلر جان
اوز جانی ایچون دیلر بو جانان.

واتە:

ئەو نەقشی سەر لاپەڕەی وەفایە
ئەم جۆری نووسروەیی لەناوچوونە

ئەو نوقمی زەریای زەوقی گیانە

ئەم لەناوچووی دەسترۆییی ناو جیهانە

ئەو ڕێبەری ڕێی چاکەیە


ئەم ئەو ڕێیەی دەستی پێ کردووە بەدکارییە

ئەو گیانی بۆ خۆشەویستەکەی دەوێ

ئەو یاری بۆ گیانی خۆی دەوێ

لەم نیو دێرە شیعرانەوە دەردەکەوێ کە ئیبن سەلام لە جیهانی خۆشەویستیدا، لە جیهانی گوزارەییدا بێگانەیە، پیاوێکە لە تەک شان و شکۆ، دنیاپەرستی و بەرژەوەندیی خۆیدا ڕێ دەکا.

فوزوولّی وێنەی نەوفەلی لایەنگیری خۆشەویستیی بەرانبەرکێ " دوو لایەنە "شی جوان کار لەسەر کردووە، ئەو ئازایەکە شەڕوانانی سەدەکانی ناوەڕاستمان دەخاتەوە بیر، نەوفەلێک کە بەبینینی مەجنوون دڵی پێی دەسووتێ، لە ئەنجامدا بێ ئەوەی کۆمەکی قارەمان بکا کارەکە لە نیوەدا جێ دەهێڵێ. تەواوێک بەپێی ئەمەش مەجنوون بە بەڵێن بەجێ نەهێنان تاوانبار دەکا.



لە بەرهەمدا ئەوەی بە دەردی قارەمانە سەرەکییەکان دەزانێ، ئەوەی بەسەریدا دێت و تاکە کەسێک کە یارمەتیی ئەوانە دەدا زەیدە. زەید، لە چیانی خۆیدا هەستی بە کرۆکی خۆشەویستی دەزانێ و لەبەر کاریگەریی جوانی شیعر و هونەرەکەی، دەیەوێ یارمەتیی مەجنوون و لەیلا بدا. فوزوولّی بە داهێنانی وێنەی زەید پێشانی دەدا کە پیاوەیلی چون مەجنوون تاکانە نین، کەسانێکیش هەن بایەخ بەوان بدەن.

لە چامەی " مەجنوون لەیلا "ی فوزوولّیدا، تەنیا پیاوەیلی سادە ڕێز و پێزانی بەرانبەر ئەو خۆشەویستییە دڵسۆزانە و خاوێنە دەردەبڕن. شاعیر تۆماری دەکا کە ئەو مەجنوونەی لەلایەن پیاوە نەزانەکانەوە سووک کراوە، لەلایەن خەڵکەوە بە خۆشەویستی پێشوازیی لێ کراوە. ئەو پێشانی دەدا کە دوژمنانی کاتێک دەیانەوێ بیکوژن ئەوان زوو باوکی ئاگەدار دەکەنەوە. هەوادارانی مەجنوون پیاوماقوولە دەرەبەگەکان نین بگرە کەسانی وەک زەیدی نوێنەرانی خەڵکن.

لایەنێکی چەسپاوە، شاعیر کە ئەوە پێشان دەدا کۆمەڵانی خەڵک پتر پارێزگاری لە قارەمانەکە

دەکەن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خۆشەویستیی ڕەسەن لەناو کۆمەڵانی فراوانی خەڵکدا هەیە.

فوزووڵی لە بەرهەمەکەیدا بە وێنەگەلێکی سروشتیی جوان و ڕەنگدانەوەی لیریکییەوە کۆمەڵە غەزەلێکی لەگەڵ ڕووداو و بارودۆخی دەروونیی بەشدارانیدا گونجاویشی پێشکێش کردووە. ئەم غەزەلانە جوانیی چامەکەی هێندەی تر زیاتر کردووە. ئەو لە داستانە میللییەکان نزیک دەخاتەوە. زمانی چامەکە دەوڵەمەند و بە دەربڕینی دانایانە ڕازێنراوەتەوە و خاوەنی شیعرییەتێکی بڵندە. هەر بەپێی ئەمە ئەم بەرهەمە نەمرەی شاعیر ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێناوە. ساڵی ١٩٤٢ بۆ زمانەکانی ڕووسی و ئەرمەنی و ئەڵمانی وەرگێڕراوە.

ساڵی ١٨٤٨ چامەکە لە ئەستەمبوڵ و تەبریزدا بە چاپی بەردین چاپ و بڵاو کراوەتەوە، دواتر لە ئەستەمبوڵ و تەبریز و میسر و تاشقەند و باکۆ چەندین جار چاپ کراوەتەوە، بەڵام دەقەکە ساڵی ١٩٤٩ بەتوێژینەوەی زانستی و ڕەخنەگرانەوە لەلایەن ئەنستیووی نیزامی –یەوە بڵاو کراوەتەوە. بەڵام هەر لەو چاپەدا بەشەکانی پێشەکی و نزا و پەسن و پێداهەڵدان، کورت کراونەتەوە. لە دەستنووسە کۆنەکان و لەو چاپانەدا کە بە ئەلفوبێتکەی عەرەبی چاپ کراون ڕێنووسەکانیان جیاوازە. ئەم جیاوازییە لە چاپەکەی ئێمەشدا هەیە، بەڵام لە هەندێک شوێندا ڕێ بە گۆڕانکاریش دراوە.

*

سەرچاوە:

فضولی – لیلی و مجنون – اذربایجان اوشاق و گنجلر ادبیاتی نشریاتی – باکو – ١٩٥٨، لاپەڕە (٥ – ٢٢).

(*) فوزووڵی (١٤٨٠ – ١٥٥٦ی ز) ناوی ڕاستەقینەی محەمەدی کوڕی سولەیمان _ە. لە کەربەلای عیراق لەدایک بووە. گەورەترین و بەناوبانگترینی شاعیرانی دیوانی تورکە. بە گچکەیی عەرەبی و فارسی و زانستەکانی سەردەمی خۆی خوێندووە لەگەڵ هەندێک نۆشداری. لە بەغدا و کەربەلا و نەجەف_دا ژیاوە، شا ئیسماعیلی سەفەوی لە (١٥٠٨ی ز)دا کە بەغدای گرتووە دوو بەیتی " مەسنەوی "ی بەنگ و بادە (حەشیشە و مەی)ی بۆ خوێندووە. لە بەغدا لە سایەی ئیبراهیم خانی والیی سەفەوییاندا ١یاوە.

ساڵی (١٥٣٤ی ز)، کاتێک سوڵتان سولەیمانی قانوونیی عوسمانی بەغدا دەگرێ، کۆمەڵە چامەیەک بۆ سوڵتان و چەند سەرکردەیەکی تری لەشکری عوسمانی خوێندووەتەوە.

لەیلا و مەجنوون: داستانێکی ئەویندارییە، لە ئەدەبی میللیی عەرەبیدا زۆر بەناوبانگە، گەلێک لە شاعیرانی میللەتانی ڕۆهەڵات بە زمان و شێوە و بۆچوونی جودا جودا دایان ڕشتووەتەوە. فوزووڵیش یەکێکە لەو شاعیرانە کە داستانەکەی وەرگرتووە و بە شێوەیەکی بەهرەمەندانە بە زمانی تورکیی ئازەری دای ڕشتووەتەوە.

ئەمەی سەرەوە پێشەکیی چاپێکی ئەو داستانەیە کە (حەمید ئەراسلی)ی یەک لە پسپۆڕە ناسراوەکانی ئەم بابەتە نووسیوێتی.

# پێشوەچوونی مێدیاییەکان

رۆژنامەی ژورنالیستێن

بەشی سێیەم

---

بەشی چوارەم:

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لە جێی سەرەتا:

### پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرجەم ئەو چالاکییانە وەبەر دەگرن کە لەودا لە ڕێگەی تەکنیکەوە لێک نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی و وەرگرتن و دانی زانیاری بەیەکتری لە نێوان مرۆڤەکاندا بەبێ لە بەرچاوگرتنی سنوور و جوگرافیا دێتە گۆڕێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو شێوازێکی کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت، پێوەندی، بلۆگنووسی، پۆدی گرووپی ویکی و پۆد ڕادیۆ و دانانی بۆچوون وەبەر دەگرێ. زۆرجار تێرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک دەربڕینێکی ئاسایی بۆ هەموو خزمەتە مەجازییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەکار دەبرێ.

پێناسەیەکی تر بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیموکراتیزەکردنی ناوەڕۆک و تێگەیشتن بۆ ئەو ئەرکەیە کە مرۆڤەکان نە تەنیا کار لەسەر خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەکەن بگرە چۆن ئەوان بۆ خۆشیان لە خولقاندن و بەشداری لە ناوەڕۆکی ئەو زانیارییانە دەکەن کە بەهۆی کەسانی ترەوە دەئافرێندرێن.

............................................................

وەرگێڕانی سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی

پێناسەی سێیەم بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەی ئەو پێوەندییەیە کە ڕۆژانە لەلایەن بە ملیۆنان لە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێک دێ و هەروەها هونەری گرتن و پێکهێنانی چۆنیەتیی ئەو پێوەندییە.

ئیمڕۆ زۆر شەریکە و ڕێکخراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێوەندی بە ئەندامان خۆیان و خەڵکییەوە کەڵک وەردەگرن. لەبەرئەوەی بە پلەی یەکەم زۆر ئاسان و خێرا دەتوانن لەگەڵ کەسانی دڵخوازی خۆیان پێوەندی و دیالۆگ بکەن. یەکێک لە شێوازە هەرە ئاسانەکانی بازارگەرمی و مامەڵەکردن کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە خۆیدا چەمکێکی کۆمەڵناسییە کە پێوەندیی مەجازی یان ئینتەرنێتی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتیگر پێناسە دەکا و لەگەڵ چەمکی میدیا کۆمەڵایەتییەکان هاومانا و هاوتای یەکترن.

ئیمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەیەکی نوێ و پێشوەچووی گرینگن لە بازاڕ و مامەڵەکردندا. یەکێک لە نموونە بەرچاوەکان لەم پێوەندییەدا ویکییە.

ویکی Wiki وشەیەکی هاواییییە کە مانای خێرا دەدا. ویکی ماڵپەڕێکی سەرنج ڕاکێشە کە لەودا زۆر کەس پێکەوە بە ئەرکی جیاوازەوە یارمەتی و هاوکاریی یەکتری لە خوڵقاندنی ناوەڕۆکی ماڵپەڕ یان شتێکی نوێدا دەکەن. یەکێک لە ماڵپەڕە هەرە ناسراوە ویکییەکان لەم پێوەندییەدا ماڵپەڕی فەرهەنگی ویکیپێدیایە کە هەر ئێستا دوو ملیۆن بابەتی لەسەر داندراوە[1].

تۆڕێکی تری کۆمەڵایەتی، بلۆگە. بلۆگ شوێنێکی ئینتەرنێتی یان ماڵپەڕێکە کە بەشێوەی ئاسایی لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە بابەتەکانی بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆجیانەی بەپێچەوانە نوێ دەکرێنەوە. کاراکتەری زۆربەی بلۆگە جیاوازەکان ئەوەیە کە لەبارەی ناوەڕۆک و بابەتەوە قەتیس و داخراو نین بگرە بابەتی گشتی و هەمەچەشنەیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام ژمارەیەک بلۆگیش کاراکتەری تایبەتی خۆیان هەیە، وەک نموونە شەخسی و تایبەتی تاکن، یان بازرگانی و بەمەبەستی کاروباری مامەڵە و شەریکەکان داندراون. وەک ناولێنانێکی گشتی بۆ بلۆگەکان باسی جیهانی بلۆگەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێ.

بلۆگەکان ماتۆڕێکی گەورەیان هەیە و بەهۆی ئەم ماتۆڕەوە لە جیهانی بلۆگدا گەڕان و پشکنین دەکرێ. تێکنۆکراتی Technorati یەکێک لە گەورەترین ماتۆڕەکانی بلۆگە کە ١٠٠ ملیۆن بلۆگ و ٢٥٠ ملیۆن کاربەری تۆڕی کۆمەڵایەتی وەبەر دەگرێ. ماتۆڕی تێکنۆکراتی لە جیهانی مەجازیدا هەم لەگەڵ گووگڵ و هەم لەگەڵ یاهوو ڕکبەری و مونافەسە دەکا.

له جیهانی بلۆگەکاندا دوو جۆر بلۆگ هەیە؛ میکرۆ بلۆگەکان و ماکرۆ بلۆگەکان. بلۆگە بچووکەکان یان میکرۆ بلۆگەرەکان ئەو بلۆگانەن کە خاوەنەکانیان هەموو باسێکی تایبەت بەخۆیان دێننە گۆڕێ وەک ئەوە چ دەکەن، چ دەخوێننەوە، چاودێریی چ دەکەن، چ فێر دەبن؟ و بەکورتی هەموو باسوخواسێک دەخەنە سەر لاپەڕەی بلۆگەکان[٢]. میکرۆ بلۆگەکردن ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە کەسی بلۆگەر ستاتۆی خۆی بەردەوام نوێ دەکاتەوە. جیاوازییەک کە هەیە، درێژی و هەژماری بەکارهێنانی نیشانە لە بلۆگپۆستدایە. لە میکرۆ بلۆگدا لانی زۆری نیشانەی بەکارهێنراو لە بۆچوونێک یان پەیامێکدا ناتوانێ لە ١٤٠ نیشانە تێ بپەڕێ. ئەو زمانەی بۆچوونی پێ دەنووسرێ لە خۆیدا کاریگەری بەسەر ئەمەوە هەیە بۆ نموونە لە چەند وشەدا بلۆگەرێک دەتوانێ پەیامی خۆی بە شێوازێکی ڕوون دەربڕێ؟ میکرۆ بلۆگەکردن لە ڕاستیدا پارادیگمێکی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ شێوازی گفتوگۆ و دیالۆگکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری خوڵقاندووە. ساڵی ٢٠٠٧ ژێرەمیاه ئویانگ Jeremiah Owyang بۆ یەکەم جار چەمکی "دەمەتەقێی میدیایی"[٣]ی داهێنا. چەمکی دەمەتەقێی مێدیایی بە کەسێک دەگوترێ کە پەیامی کورت دەدا یان وەردەگرێ و بەو شێوەیە جۆرێکی نوێ لە ئاخافتن و گفتوگۆکردنی دێتە گۆڕێ. ئەمە لە دانانی بۆچوونیشدا لە میکرۆبلۆگیش هەر بەو شێوەیە و بۆچوونەکان لە ڕستەی بچووک و هەژماری کەمی بەکارهێنانی نیشانە پێک دێ و بەگشتی بۆچوونەکانیش کورتن. بۆ نموونە تویتر لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئێمڕۆکە یەکێک لە گەورەترین میکرۆ بلۆگەکانە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەیەکی تر هەیە پێی دەگوترێ نیشانەی کتێبی کۆمەڵایەتی. ئەمە شێوازێکە بۆ هەمارکردن، ڕێکخستن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ نیشانەی کتێبی لە ماڵپەڕەکاندا بەهۆی مێتاداتا یان زانیاریی مێتایی. شێوازی هەرە ئاساییی تاگارکردن یان دەستنیشانکردنە. خەڵکی ئاسایی بەمە دەڵێن دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتی کاتێک کەسێک وشەی لێگەڕان بۆ ماڵپەڕ و نیشانەی کتێبییە کۆمەڵایەتییەکان لای خۆی هەمار دەکا. دوو لە نموونە بەرچاوەکان لەم پێوەندییەدا دێلسیۆس Delicious و دیگۆ diigoیە. ئەم نیشانە کتێبییە کۆمەڵایەتییانە لەلایەن تاک، یان گرووپی بچووک هەمار دەکرێن بۆ ئەوە دواتر بە سەرەنج ڕاکێشی ڕیزبەندی بکرێن و لە ماتۆڕی گەڕاندا جێگە بگرن. وشەیەکی تر بۆ دەستنیشانکردنە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکسۆنۆمییە، تێکەهەڵکێشێک لە دوو وشەی "خەڵک" و "تاکسۆنۆمی". خەڵکسۆنۆمی بەپێچەوانەی سیستەمە ڕیزبەندییەکانی تر لە نیشانەی کتێبییە کۆمەڵایەتییەکاندا "لە خوارەوە بۆ سەرەوە" لەلایەن پسپۆڕانی ئینتەرنێتییەوە دانانرێ بگرە خەڵک و کاربەرانی ئینتەرنێتی بۆ خۆیان ڕیزبەندییەکان دەکەن.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شوێنە دیجیتاڵانەن وەک ناویان لێ نراوە شوێنی پێوەندیی مەجازی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئینسانییەکان ڕێک دەخەن. ئەندامان بۆ خۆیان پرۆفایل یان ناسنامەی خۆیان دادەنێن پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵکانی تردا گرێ دەدەن و پێکەوە و وێکڕا لەسەر شتە هاوبەشەکانیان یان پرسی تر لە پێوەندیدا دەبن. پێوەندییەکان لە ڕێگەی نوێکردنەوەی ستاتۆ یان دانانی پەیام و بۆچوونی ئەندامانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێ. زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێک ئەو شیانەیان پێک هێناوە کە خەڵکانێک لە گرووپی بچووک یان گەورەدا وەک دۆست لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە.

فەیسبووک ئیمرۆکە یەکێک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گەورانەیە کە زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن کاربەری لە پانتایی جیهاندا هەیە. ئا لێرەدایە کە شەریکەکان هێز و توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لە کۆکردنەوەی خەڵکی بەدەوری یەکتریدا بۆ دەردەکەوێ.

لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە چەمکێکی تر هەیە پێی دەگوترێ؛ ئاگراتورەکان. ئاگراتورەکان ئەو خزمەتە ئینتەرنێتییانەن کە بابەتێکی تایبەت و دیاریکراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆرەوجۆرەکان لە شوێنێکدا کۆ دەکەنەوە. وەک نموونە نوێکردنەوەی ستاتۆکان لە زۆر تۆڕی کۆمەڵایەتیدا لە یەک شوێندا یان تۆڕێکی کۆمەڵایەتییدا کۆ دەکرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ کاربەران کە زانیارییەکان لە یەک شوێندا ببینن و ناچار نەبن گەڕانی جۆرەوجۆری ئینتەرنێتی بکەن.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوکات تۆڕی دەنگوباسە کۆمەڵایەتییەکانیشن. لێرەدا مەبەست ئەو ماڵپەڕانەیە کە کاربەران دەتوانن دەنگ بە هەواڵ و دەنگوباسەکان لە سۆنگەی بایەخی خەبەری یان نووچەییی ئەو هەواڵانەوە بدەن. بۆ نموونە ماڵپەڕی دیگ Digg سەبارەت بەم خزمەتەی نێوبانگی دەرکردووە کە لە خۆیدا ئەو خزمەتە وەک دیموکراتیزەبوونی هەواڵ و دەنگووباسەکان دەنرخێندرێ. واتە پێوەندیی دەسەڵات بەسەر هەواڵ و دەنگوباسدا لە سەرەوە لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە بەرەو خوار بۆ لای خەڵکی دابەزیوە. بۆ نموونە لە ماڵپەڕی دەنگوباسی وەک گووگڵ نیوزدا Google News ئەو هەواڵ و دەنگوباسەی لە هەمووان زیاتر ببیندرێ و کرتەی لەسەر بکرێ ئەوە دەکەوێتە سەرەوە و لە ڕیزبەندیدا وەک هەواڵی گرینگ دادەندرێ. چەمکێکی تر لە باسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا فورووم ئینتەرنێتە. فورووم ئینتەرنێت لە ڕاستیدا وەک تابلۆیەکی دیجیتاڵی ڕێکلامە کە لەودا کۆمەڵێک خەڵک بە سەرنجی هاوبەشەوە لە دەوری یەکتری کۆ دەبنەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن. ئار ئێس ئێس Really Simple Syndication شوێنێکە کە زانیارییەکان لەسەر بۆچوون و پەیامە بلۆگییەکان کۆ دەکاتەوە. بۆ نموونە دەنگوباسی دەنگی یان دیمەن لە فورماتێکی ستانداردا دەخاتە هەوێڵی

کاربەران. ئەمە زیاتر لە جیهانی بلۆگدا جێگەی خۆی کردووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوە زانیاری لە نێوان بلۆگکارانی جۆرەوجۆردا ئاڵوگۆڕ پێ بکا.

سەرچاوە: http://sv.wikipedia.org/wiki/Socialamedier

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەربیجەیەک

### تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین؟

کورتەیەک لە کاپیتلی "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەربیجەیەک" لە نووسینی ماتیاس بوسترۆم[٤]




MATTIAS BOSTRÖM den 23JULI 2010 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئێستا هەموو چالاکییەکانی نێو ئینتەرنێت وەبەر دەگرن کە لە حاڵەتێکی وادا پێناسەکردنی وەک چەمک لە ئەو گرینگییەی نامێنێ. هەر ئێستا چوار لە یەکی ئەو کاتەی ئێمە لەسەر ئینتەرنێتین بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکرێ. خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئینتەرنێت بوونەتە یەک شت.

بریت ستاکسۆن Brit Stakston تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک شێوازە پێوەندییە دیجیتاڵییەکان پێناسە دەکا کە ئەزموونی کاربەران لە نێویدا ڕەنگ دەداتەوە[٥].

فەیسبووک، بلۆگەکان، تویتر، یوتیوب، لینکەدلن، ویکیپێدیا هەموو ئەو نموونانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەواندا کاربەرانی ئینتەرنێتی بابەتەکان بڵاو دەکەنەوە و زانیارییەکان پەخش دەکەن. کاربەران تەنیا زانیارییەکان لە هەوێڵ ناخەن بگرە بۆ خۆیان لە شێواز، ناوەڕۆک و بڵاوکردنەوەیدا چالاکن.

بۆ نموونە کاتێک کاربەرێک لینکێک لە فەیسبووک لایک دەکا تەنیا لە فەیسبووک نا بگرە سیمبۆلی قامک هەڵهێنانی لایک لەسەر سایت و ماڵپەڕی ئەو شوێنانەش لە دەرەوەی فەیسبووک وەدەردەکەوێ. بەو شێوەیە زۆر بە خێر او ئاسان لەو ڕێگەیەوە ئەو کەسە لەگەڵ

کاربەرگەلێکی تر پێوەندی دەگرێ و لە پێوەندیی دیجیتاڵدا دەبێ.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە زۆربەی شێوازەکاندا خزمەتە خۆڕاییەکانن کە لەواندا بە شێوازێکی ئاسان هەموو کەس دەتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ و تەنیا شتێک کە ئەو کەسە لێرە دەیدا کاتە و مایەدانان لە کاتی خۆیەتی.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەروەها لە سەر بەشێکی زۆر لە ئینتەرنێت هەیە. لە زۆربەی ماڵپەڕەکاندا کاربەران ئەو شیانەیان هەیە کە ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکان لەگەڵ خۆیان لە فەیسبووک یان تویتردا دانێن یان ئەوە ڕاستەوخۆ لە ماڵپەڕەکاندا بابەتێک هەڵسەنگێنن و بۆچوونی خۆیانی ل سەر بنووسن.

لێرەدایە کە سنووری نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشەکانی تری ئینتەرنێت دەسڕدرێتەوە. هەر لەبەرئەوەشە کە پێناسەکردنی چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیتر ئەو گرینگییەی نامێنێ. گرینگ ئەوەیە کە بزاندرێ چۆن و بە چ شێوازێک لەو شیانانەی کە ئینتەرنێت لە هەوێڵی خستووین، کەڵک وەربگرین. لەوەش گرینگتر و بنەڕەتیتر ئەوەیە کە بۆچی ئێمە لە ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرین؟

## زانیاریی پەروەردەیی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان[٦]

هانا یوهانسۆن، سێپتەمبری ٢٠١٠، ماڵپەڕی خوێندنگەکانی سوێد
Hanna Johansson


هانا یوهانسۆن

لێرەدا هەوڵی من ئەوەیە کە باسی ئەوە بکەم، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین و چۆن کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ؟ لەم نووسینەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاربەرانیان شیتەڵ دەکەین.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی بەرفراوانە کە زۆر شوێنی وێب و خزمەتە ئینتەرنێتییەکان وەبەر دەگرێ، دەکرێ بەو شێوەیە باس بکرێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شوێنانەن کە لەواندا کاربەران بابەتەکانی خۆیان دادەنێن، پێوەندییەکانیان ساز دەکەن و زۆرجار لەگەڵ کاربەرانی تر، گرووپی تایبەتی خۆیان چێ دەکەن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێندێک جار بەناوی وێبی دوو webb ٢,٠ ناودێر کراوە.

تایبەتمەندییەکی هاوبەش کە هەموو ئەو خزمەتانەی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسراون،

هەیانە بوونی ئەندامـەتی و چوونە ژوورەوە بۆ تۆڕە كـۆمـەڵایەتیـیـەكـانە. دوای چوونە ژوورەوە تایبەتمەندییەكانی كاربەر و ئەگەریش پێویست بكا وێنەیەكی كاربەر دەكەوێتە سەر لاپەڕەی ئەو كـەسـە و دواتر لەو ڕێگەیەوە ئەو كـەسـە چوارچێـوەی پێـوەندییـەكـانـی و تۆڕی دۆسـتـانـی خـۆی دادەمەزرێنێ. پێوەندی لەگەڵ دۆستان و دامەزراندنی گرووپی دۆستان بەستراوەتەوە بەوە كە چۆن دۆستانی نوێ پەیدا بكرێن و چوارچێوەی پێوەندییەكان بەرفراوان بكرێنەوە.

## هێندێك نموونەی ئاسایی

نموونەیەك لە پێشوەچوونەكان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا یان وەك دەگوترێ وێب ٢ ئەو خزمەتەیە كە دوای هەر نووسین و وتارێك كاربەران دەتوانن بۆچوونی خۆیان لەسەر ناوەڕۆكی بابەتەكان لە ڕۆژنامەكان، بلۆگەكان دەرببڕن. هەروەها خزمەتەكانی ویكی كە لەودا ژمارەیەكی زۆرتر پێكەوە هاوكـاری دەكـەن و جـۆرێك فـەرهەنگۆك بۆ بابەتی جـیـاواز بۆ نموونە لە ویكیـپـێـدیا یان سەرچاوەكانی ویكی چێ دەكەن. تویتر یان شـوێنێكی پێكەوەگـەیشـتنی وەك فـەیسـبـووك یان لینكەدین Linkedin نموونەی تری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانن. بێجگە لەوانە بۆ نموونەی ماڵپەڕێكی تایبەت بە وێنەی وەك فلیكر كـۆم Flickr.com یان یوگیلە كـۆم Yogile.com لەواندا كـاربەران دەتوانن وێنەكانی خۆیان دابەزێن و هاوكات وێنەی دابەزێندراوی كەسانی تر ببینن و كەڵكیان لێ وەربگرن. یان نیشانی كتێبی وەك دێلسیۆس Delicious و دیگو Diigo . هەروەها شوێنێكی تر لە تۆڕە كۆمـەڵایەتییـەكـان بە ناوی دێلا Dela هەیە كـە تایبـەتە بۆ پێكهێنانی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ نموونە لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا یان سبنینگ SBNING لە باكوری ئەورووپا بۆ پێوەندیی نێوان كتێبخانەكان.

گـفـتـوگـۆ و پێـوەنـدی بناغـەی تۆڕە كـۆمـەڵایەتیـیـەكـان پێك دێنێ. بەردی بنەڕەتی لـە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا پێوەندی و لە سۆنگەشەوە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ كەسێك یان چەند كەسێكە لە نێـوان كـاربـەراندا لـە كـەناڵ و ڕێگەیەكی هـاوبەشـەوە. كـاركـردێكی گـرینگی تری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ئەوەیە كە كاربەران بتوانن هاوكاری بكەن و لە خولقاندنی بابەت و بڵاوكردنەوەی زانیاریدا لە شوێنێكی وێبیدا ڕۆڵ بگێڕن. دروستكردنی پێوەندییەكان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بە زۆر ڕێگەدا شیانی هەیە وەك ئەوە بۆ نموونە دۆستی دۆست بكرێتە دۆست یان ئەوە لە بابەتێك یان پیشەیەكی تایبەتی هەمان كەسان كە شتی هاوبەشیان لەگەڵ كاربەرێك هەیە ببیندرێنەوە. بۆ نموونە ئـاسـاییـیـە كـە لای مـامـۆسـتـایەك، دۆسـتـەكـانـی زۆربەیان مـامـۆسـتـان یان كـارمـەند و دامـەزراوانی قـوتابخـانـە و خـوێندنگەكـان بن. هەروەهـا بەشـێك لە مـامـۆسـتـایان وەك بژاردە قـوتابیـانی خـۆیان وەك دۆست لە تۆڕە كـۆمـەڵایەتیـیـەكـاندا هەڵبـژاردووە. ئەمـەش نەك تەنیـا لە فەیسبووك بگرە لە زۆربەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی تردا لە ئینتەرنێت بەرچاو دەكەوێ.

كاركردەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان زۆرن، یەك لەوان ئەوەیە كاربـەرانی تۆڕە كۆمـەڵایەتییـەكان

لە دەنگوباسێک کە بەهۆی کاربەری ترەوە دادەندرێ، کەڵک وەردەگرن و لە زۆر بارەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن. کاربەر ئاگەدار دەبێ دۆستەکانی بەچییەوە خەریکن، چ ئەرک و هەرمانێکیان هەیە و لە کوێ دەژین و لە کوێ کار دەکەن و لەسەر پرسی جۆرەوجۆر ئێستا چۆن بیر دەکەنەوە. پێوەندییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زۆری لەسەر ڕووداوە هەنووکەییەکان ڕاوەستە دەکا، ئێستا چ باسە و خەڵکی چۆن بیر دەکەنەوە. وەدیارکەوتن و بەشداریکردن دوو کۆڵەکەی سەرەکییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بوونی ئێمە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەگشتی جۆرێک پێوەندیی نوێ و کراوەیی نەک تەنیا لەنێو خۆماندا بگرە لە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئینتێرنێدا ساز کردووە. چەمکی سەرەکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداریکردن، شیان و بوون و خۆدەرخستنە.

کە بەشداری دەکەی واتە لە وەرگرتنی زانیاری و دانی زانیاریدا لە ڕێگەی دانانی لینک، وێنە، کلیپی فیلمی و پرۆفایل و خۆناساندن بەشداری دەکەی. بۆ نموونە مامۆستایەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەزۆری بابەتی وەک زانیاری لەسەر لینکی نوێ، زانیاری لەسەر دەرس و مەشق لە چوارچێوەی خوێندنگەدا بڵاو دەکاتەوە. کۆنسێپتەکەش ئەوەیە کە لە هەوێڵخستنی زانیاری و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە خۆیدا مافێکی دیمۆکراتیکی هەر کەسێکە، کە لەودا هەموو پێکەوە لە دانی زانیاری و وەرگرتنی زانیاریدا پێکەوە لە پلاتفۆرمێکدا بەشداری دەکەن و هاوکاریی یەکتری دەکەن.

بوون و خۆدەرخستن یان ترانسپارێنس بەو مانایەیە کە بە شێوازی جۆرەوجۆر خۆت دەربخەی. وەک چەمک لە شەریکە و داوودەزگاکاندا ترانسپارێنس بۆ کاتی وەدەرکەوتن و خۆدەرخستن یان خۆنیشاندان بەکار دەبرێ. لە پێوەندی لەگەڵ ئێمەدا وەک تاک بەو مانایە کە کاتێک ئێمەش خۆمان وەک تاقە کەس لە ئینتەرنێتدا نیشان دەدەین. بوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە زۆری بەو مانایەیە کە ئێمە خۆمان زانیاری لەسەر خۆمان لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەینەوە، باسی ئەوە دەکەین ئێمە کێین و چ کارێک دەکەین و بە نیشاندانی وێنەی خۆمان چ لە ژیانی شەخسی و چ لە شوێنی کار و پیشەمان خۆمان نیشان دەدەین و لینکی بەرهەمە کارییەکانی خۆمان دادەنێین و هەروەها زۆر زانیاریی تر لەسەر خۆمان لە ئینتەرنێتدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکەینەوە.

## بلۆگ

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٩ کراوە ڕێژەی ٦٥٪ لەوانەی بلۆگیان هەیە تەمەنیان لە خوارەوەی ٢٥ ساڵە. وشەی بلۆگ وشەیەکی ئینگلیزییە و وەک کورتکراوەی وێببووک وەرگیراوە و دەکرێ بگوترێ مانای دەفتەری یاداشت لە ئینتەرنێتدا دەدا. دیاردەی بلۆگنووسین و نووسینی یاداشتی ئینتەرنێتی لە کۆتاییی ١٩٩٠وە دەستی پێ کرد و ساڵی ٢٠٠٥ بەتایبەتی لە سوێددا پەرەی گرت. زۆربەی بلۆگەکانیش کاراکتێری دەفتەری یاداشتی شەخسییان هەیە بەڵام دیسان

ئەوە تەنیا جۆرێکە لە بلۆگەکان و بلۆگەکان بە ناوەڕۆکی جیاواز لە ئینتەرنێتدا دەردەکەون. لە ساڵی ٢٠١٠دا بلۆگ هەیە تایبەت بە پیشە، ڕێکخراو یان گرووپێکی تایبەتی کە زۆرجاران بە هاوکاریی چەند کەسێک دەنووسرێن و بەڕێوە دەچن. بۆ نموونە زۆر مامۆستا بلۆگی پەروەردەیی بەڕێوە دەبەن و وەک ئامرازێکی پەروەردە قوتابیان کەڵکی لێوەردەگرن.

بلۆگەکان هەتا ڕادەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بۆ نموونە لە فەیسبووک و تویتر لەو بارەوە جیاوازییان هەیە کە بلۆگەکان وەک ئەوان لە خۆیاندا خزمەتێک نین کە لەلایەن شەریکەیەوە بەڕێوە بچن. بگرە بلۆگ جۆرێک ماڵپەڕە بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. بۆ نووسینی بلۆگەکانیش ئامرازی جیاوازی زۆر هەیە. بۆ نموونە لە سویددا بە زۆری بلۆگێر Blog-ger و وۆردپرێس Wordpress کەڵک وەردەگیردرێ. بۆ نموونە زۆر لە مامۆستایان کە بلۆگێک دەکەنەوە، بلۆگەکەیان لەگەڵ دەرکەی بلۆگی قوتابخانەکانی سویدی Skolbloggen.se کە هەموو بلۆگەکانی لەسەر خوێندنگە و باسی پەروەردە تێدایە، گرێ دەدەن.

بلۆگەکان کارکرد و شێوازی جیاجیایان هەیە. بلۆگەکان دیارە بەزۆری وەک یەک دەچن بەڵام بۆ ئەوە شێواز و فۆرمی جیاوازیان هەبێت، کاربەری بلۆگ دەتوانێ لە ڕێگەی کەرەستەی دابەزاندنەوە بەپێی زەوقی خۆی بلۆگەکەی بڕازێنێتەوە. هەموو بلۆگێک ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەموو بابەتێکی بڵاوکراوەش ناو و سەردێڕێکی تایبەتی و هەروەها مێژووی نووسینی بۆ دادەندرێ. هەموو بۆچوونە داندراوەکانی بلۆگ بە ڕیز لەسەر لاپەڕەی سەرەکی دەبیندرێن و بەو شێوەیە خوێنەر دەتوانێ هەموو بۆچوونە داندراوەکان بە شوێن یەکدا ئەڵبەت بە ڕێکەوتی بەپێچەوانەوە بە ڕاکێشانی لاپەڕەکە بۆ خوارەوە بخوێنێتەوە. هەروەها شتی سەرنج ڕاکیش لە بلۆگدا ئەوەیە کە هەموو بۆچوونەکان مانگانە لە شوێنێکدا کۆ دەکرێتەوە و و بە کرتە لەسەر مانگێکی خوازراو هەموو بۆچوون و بابەتەکانی ئەو مانگە دەکەونە سەر لاپەڕەی یەکەمی بلۆگ.

ئەوەی وەک کارکردێکی باشی بلۆگەکان دەژمێردرێ ئەوەیە کاتێک بابەتێک لە بلۆگدا دادەندرێ دەکرێ وەک سەردێڕێکی تایبەت ناوی لێ بندرێ یان لە کاتەگۆرییەکدا یان ئێتیکێت یان شێوەزمانی تایبەت لە بلۆگدا ڕیزبەندی بکرێ. لەم سەردێڕەدا دەکرێ ناوەڕۆکی بابەتەکە بەکورتی باسی بکرێ. بۆ نموونە ئەگەر هاتوو مامۆستایەک بابەتەکەی لە سەر شێوازی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە بوو کە قوتابیان وەک وانە بیخوێنن ئەوە بابەتەکە وەک سەردێری بۆ نموونە وانە، سەرچاوە و بلۆگ دیاری دەکرێ. ئەمە دەکرێ لەگەڵ شێوەی ڕیزبەندیی کتێبخانەکان کە چۆن کتێبەکان لە کاتەگۆری جیاوازدا دەستەبەندی یان ڕیزبەندی دەکرێن، بەراورد بکرێ. لە زۆربەی بلۆگەکاندا ڕیزبەندییەک کە دەتواندرێ کرتەی لەسەر بکرێ هەیە کە هاوکات هەموو بابەتەکانی نێو کاتەگۆرییەک بەکۆمەڵ و لە ڕیزبەندیدا دەکەونە سەر لاپەڕەی یەکەمی بلۆگ کە ئەمە کارئاسانی بۆ کاربەران دەکا کە هەموو بابەتە هاوشێوە و هاوناوەڕۆکەکان لە یەک جێگەدا وەبینن و کەڵکیان لێ وەرگرن. بێجگە لەوە زۆربەی بلۆگەکان شوێنێکیان بۆ لێگەڕان داناوە کە بە

نووسـینی وشـەیەک و کرتـەکردن لـەسـەر وشـەی گـەڕان هـەموو بـابەتە وەکـیـەکـەکـان لە بلۆگـدا دەبیندرێنەوە.

## بلۆگەکان وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

یەکەم هـۆکار کە دەبێـتە هۆی ئەوە کـە بلۆگەکـان وەک تـۆڕە کـۆمـەڵایەتـیـیەکان چاویـان لێ بکرێ ئەوەیە کـە خـوێنەران و کـاربـەرانی بلۆگ دەتوانن بـۆچوونەکـانی خـۆیان لـەسـەر بـابـەتێک لە بلۆگـە جیاوازەکاندا دابنـێن. لە ژمارەیەک بلۆگدا بۆچوونەکان ڕاستەوخۆ دادەندرێن و لە بلۆگەکانی تردا دوای خـوێندنـەوەو پەسـەندکـردنی نـاوەڕۆکی بۆچوونەکـان لـەلایەن کـاربـەرێکەوە دادەنـدرێن و بڵاو دەکرێنەوە. هـەروەهـا کـاربەرانیش بۆچوونەکانـی خـۆیان لەسـەر بۆچوونە بـڵاوکـراوەکان دادەنێن و ئەم بۆچوونانە بەهـۆی دانانـی لینکەوە لە گـەڵ بلۆگـی تر و بۆچوونی تر گـرێ دەدەن. بەو شـێـوەیە شـێـوازێکـی گفـتـوگۆ و پێـوەندیی نێـوان بلۆگـە جیـاوازەکـان چێ دەبێت. هـەروەها لـە بلۆگـێکدا ڕیزبەندییەک لە بلۆگە جێگە سەرنجەکانی کاربەری ئەو بلۆگە دادەندرێ لە خوێنەران لە بلۆگێکەوە سـەردانی بلۆگی تر دەکـەن و لێـرەشـدا پێـوەندی نێـوان بلۆگـەکـان و خـوێنەری بلۆگـەکان لەگـەڵ یەکتری چڕ دەبێتەوە. بلـۆگەکان لەگەڵ تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تردا لە پێشوەچووندان و لە خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیدا لە تێکەڵیدان. بۆ نموونە کاربەرێکی بلۆگ دەتوانێ لینکی بلۆگەکەی لە فـەیسبـووک یان تویتـردا دابنێ و نوێـترین ڕووداوەکـانی جیـهـانی بلۆگ بۆ نێـو تۆڕە کۆمـەڵایەتییـەکانی تر بـگوێزێتەوە. یان بە پێـچەوانە بلۆگـەرێک بابەت و بۆچوونەکانـی خۆی لە فەیسبووک و تویتر بۆ نێو بلۆگ بگوێزێتەوە.

کـارکـردێکـی تر لە بلۆگدا ئەوەیە کـە دیمەن و فـیلـم لە یوتیـوبدا بۆ سـەر بلۆگ دەگـوێزرێتـەوە. کـە کرتە لـەسـەر فیلمـەکان دەکرێ وەک ئەوە وایە کە فـیلمـەکـان ڕاستەوخـۆ لە بلۆگەوە بڵاو دەکرێنەوە. بەو شێوەیە بلـۆگەرەکان بە بڵاوکردنەوەی وێنە و دیمـەن لە بلـۆگدا تێکستـەکانیـان دەوڵەمەند دەکەن و جۆرێک لە زیندووبوونی بلۆگەکـانی خـۆیان دەپارێزن و بەو جـۆرە سـەرنجی خـوێنـەران و بینەران بۆ لای بلۆگەکانیان ڕادەکێشن.

## شێوازە جیاوازەکانی بلۆگ:

ئەوەی کـە وەک تایبـەتمەندیی بلۆگ ناسـراوە ئەوەیە کە بلۆگـەکـان زۆرتر کـاراکـتـەری شـەخـسی و تاکـەکـەسـیـیـان هـەیە. ژمـارەیەک بـلـۆگـارە بـابەتی درێژ دەنووسن و بـەو شـێـوەیە خـوازیاری هـەڵگیرسـانی باس و مـوناقـەشـە لـەسـەر بـابـەتێکی تایبـەتـین. ژمـارەیەک بـلـۆگـارەش ئـەو بژاردەیە هـەڵدەبژێرن کە بلۆگەکان کەمتر شەخسی بن. ژمارەیەک بلۆگارەی تریش هـەم لـەسـەر خۆیان وەک تاک دەنـووسن و هـەم لـە سـەر کــاری پیــشــەییی خــۆیان کــە لێــرەدا زەحــمــەتە سنوورێک بۆ تاکـەکـەسـیـبـوون و گـشـتـیـبـوون یان فـەرمـیـبـوون دابندرێ. لێـرەدا چەند نموونەیـەک لە بلۆگـە

جیاوازەکان دەخرێنە بەر سەرنج:

بلۆگە تاکەکەسییەکان ڕەنگە کۆنترین و ئاساییترین شێوازی بلۆگ بن. ئەم جۆرە بلۆگانە وەک دەفتەری یاداشتی ڕۆژانە دەچن کە بەزۆری بابەتەکان ڕۆژانەیین وەک بڵاوکردنەوەی وێنەی بنەماڵە و خزم و دۆستان و هەروەها یادگاریی سەفەر و گەڕان. کەسانی تریش بۆ نموونە لەسەر بابەتی تایبەتی جێگەی سەرنجی ئەو کەسانە وەک مۆدە، چێشت لێنان، تەکنیک و زۆر بابەتی تر کە بۆ خاوەن بلۆگ گرینگ و جێگەی سەرنجە. دواتر بلۆگی تر هەیە کە تایبەتە بە کار و پیشە و ئەوەی بۆ بلۆگەر گرینگە بۆ نموونە مامۆستاکان و ئەوانەی لە کتێبخانەکاندا کار دەکەن لەسەر کار و پیشەی خۆیان لە بلۆگەکانیاندا دەنووسن و بابەت بڵاو دەکەنەوە.

ئێستا زۆربەی شەریکەکان بێجگە لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیان وەک تەواوکەرییەک لە بلۆگەکانیش کەڵک وەردەگرن. مەبەستەکە ئەوەیە کە دەنگوباسەکانیان هەرچی زووتر بڵاو بکەنەوە، لەگەڵ کڕیارەکانیان پێوەندی بگرن و بە گشتی لە ڕێگەی بلۆگەکان کە دینامیکی کارکردی بەرچاوە، مامەڵە و بازاڕی خۆیان گەرم ڕابگرن. کاتەگۆرییەکی تر لەنێو بلۆگەکاندا ئەو بلۆگانەن کە هی کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانن. ئەم جۆرە بلۆگانە بە زۆری لەلایەن گرووپێکەوە بەڕێوە دەچن و لێرەدا بلۆگەکان دەبنە جێگەی باس و موناقەشەی جۆرەوجۆر هەروەها گوێستنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان. هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەرێمی سوێد لە ساڵی ٢٠١٠دا ساڵێک بوو کە سیاسەتوانان لە هەموو کاتێک زیاتر لە بلۆگەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی کەڵکیان وەگرت. لەو ماوەیەدا سیاسەتوانگەلێکی زیاتری تر بلۆگی تایبەتی خۆیان کردەوە و لەو ڕێگەوە لەگەڵ دەنگدەراندا کەوتنە باس و گفتوگۆ[7].

لەلایەکی تریشەوە بلۆگی لەو چەشنە هەیە کە خاوەنەکانیان زۆر دیار و بەرچاو نین و لەو جۆرە بلۆگانەدا لە ڕێگەی پرۆڤۆکاسیۆن و هێندێک جاریش چەواشەکاری هەوڵ دەدرێ، پرسی جۆرەوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە گشتی پرسەکانی نێو کۆمەڵگە بکەوێتە بەر باس و موناقشە لەنێو خوێنەرانی بلۆگەکاندا.

## بەکارهێنانی بلۆگ لە خوێندنگەکاندا

بلۆگەکان ئامرازی زۆر باشی پەروەردەن کە لەو ڕێگەیەوە دەکرێ دەرس و مەشقی قوتابییەکان ببێتە جێگەی باس و موناقەشە. زۆر هۆکار هەیە کە مامۆستاکان هانی قوتابیان و خوێندکاران دەدەن کە بلۆگەکان بەکاربێنن. خودی بەکارهێنانی بلۆگ و نووسین لەوێدا دەبێتە هۆی ئەوە قوتابی ئاستی نووسین، لێکۆڵینەوە و شێوازی گێڕانەوەی ناوەڕۆکی نووسین یان کتێبێک بەرز بکاتەوە. هاوکات بلۆگەکان هەرە شێوازی ئاسانن بۆ ئەوە قوتابیان نووسین و تێکستەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاو بکەنەوە. لە بلۆگەکاندا مامۆستایان و قوتابیان پێکەوە دەبنە خوێنەر و هەردوو پێکەوە ناوەڕۆکی نووسینەکان هەڵدەسەنگێنن و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر دەردەبڕن.

نووسین و بڵاوکردنەوە لە وێبدا دەبێتە هۆی ئەوە قوتابی زیاتر لەسەر پرسی بەکارهێنانی سەرچاوە، مافی بڵاوکردنەوە و ئاسایشیی ئینتەرنێتی خۆی چڕتر بکاتەوە.

## فەیسبووک

زۆرجار فەیسبووک وەک گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ئینتەرنێت ناوی دەبردرێ. تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەندامی چالاکی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش هەژماری ئەوان زیاتر دەبن.

ساڵی ٢٠٠٤ مارک زوکربەری Mark Zuckerberg و ژمارەیەکی تر لە هاوڕێ خوێندکارەکانی لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمەریکا بناغەی فەیسبووکیان دانا. فەیسبووک لە سەرەتادا وەک تۆڕێکی تایبەت بۆ خوێندکاران کەڵکی لێ وەردەگیرا و هەر لە سەرەتاشەوە بە هەمان مەبەست دامەزرابوو. بەڵام لە ساڵی٢٠٠٥ بەدواوە ئیتر فەیسبووک گەیشتە دەرەوەی زانکۆ و هەموو ئەمەریکا و دواتر هەموو جیهان و ئێستا لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیک بە یەک میلیارد ئەندامی لە هەموو گۆشە و قوژبنی جیهان هەیە.

بۆچی فەیسبووک لە هەموو جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە و بەو شێوەیە خەڵکی بووە لەنێو هەموو چین و توێژێکدا بەبێ لە بەرچاوگرتنی تەمەن و خزمەتەکانی و بۆچی بەکار دەبردرێ؟ شوێنە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئینتەرنێتدا هەر لە سەرەتادا لەنێو گەنجاندا لە دەسپێکی پەرەگرتنی ئینتەرنێت لە سەرەتای نەوەتەکان جێگەی سەرنج بووە.

### کاربەر و ئەندامەتی لە فەیسبووک

لە دەسپێکی ٢٠٠٠ گەنجانی سوێدی لە دەوری تۆڕگەلێک کە ئەو دەم پێی دەگوترا کومونیتی com-munities وەک لونارستروم Lunarstorm ، پلای هید Playahead و دواتر ئاپ بەریەت Ap-berget(مەیموونی چیا) ، بیلداگبوک Bilddagboken (وێنەی یاداشتی ڕۆژانە)، هابو هوتێل Hab-bo Hotell و زۆری تر کۆ بوونەوە. خاڵی هاوبەشی ئەم شوێنە جیاوازانەی پێوەندی لە ئینتەرنێتدا کەم تەمەنی کاربەرانی ئەندام لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا بوو. کاتێک فەیسبووک هات، لە پێشدا لە میدیاکاندا زۆر لەسەر ئەوە باس کرا کە فەیسبووک شوێنی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی گەورەساڵانە هەتا گەنجان و هەتا ئێستا بەزۆری توانیویەتی گەورەساڵان هەتا گەنجان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. شیانی ئەوە هەیە کە ئێستا فەیسبووک بە زۆری لای کەسانی تەمەن مامنێوەنجی بەکا ربێت و بەو حاڵەشەوە لە هەردوو جیلی بەتەمەن و گەنج کاربەری هەیە.

هەموو کەس دەتوانێ ببێتە ئەندامی فەیسبووک بەبێ شەرت و مەرجێکی تایبەتی. بێجگە لەوە بەکارهێنانی فەیسبووک زۆر ئاسانە و هەر ئێستا فەیسبووک بە زۆر زمانی جیاواز هەیە.

هەروەها بۆ کاربەرێکی فەیسبووک زۆر ئاسانە کە بڕیار بدا کامە ئەندامی فەیسبووک دەتوانێ زانیارییەکانی لەسەر خۆی ببینێ و کامە نەتوانێ بیبینێت.

## کارکرد و پانتاییی کەڵک وەرگرتن لە فەیسبووک

لە ستاتۆ یان پرۆفایلی کاربەری فەیسبووکدا، کاربەر دەتوانێ زانیارییەکان وەک ئێستا چ دەکا، چۆن بیر دەکاتەوە و لە چ حاڵ و هەوایەکدایە؟ هەر ئان و سات نوێ بکاتەوە. هاوکات لە لێگەڕانی فەیسبووکدا دەتوانی بە شوێن ئەو دۆست و ناسراوانەدا بگەڕێی کە ڕەنگە ئەوانیش ئەندامی فەیسبووک بن. هاوکات لە فەیسبووکدا دەکرێ دیمەن، وێنە، لینک و هەر چەشنە زانیارییەکی تر بڵاو بکرێتەوە و بەو شێوەیە پێوەندی لەگەڵ ئەندامی تری فەیسبووکدا دابمەزرێ، لە ڕێگەی جۆرەوجۆرەوە پەیام بۆ دۆستانی فەیسبووک بنێردرێ و پەیامیان لێ وەربگیردرێ. بینینی گوتوبێژەکان و پەیامەکان زۆرجاران بۆ دۆستانی تر لە فەیسبووک کراوەیە و ئەگەر تێبینییەک لەم بارەوە ڕەچاو بکرێ ئەوە لە بەشی دامەزراندنی ئاسایشیدا دەکرێ ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ. بەڵام هەموو کاربەرێکی فەیسبووکیش سندووقێکی تاکەکەسی پۆستە هەروەک ئیمەیل هەیە کە دۆستانی فەیسبووک دەتوانن نامەکانی خۆیان لەو شوێنە دابنێن کە ئەودەم تەنیا پەیامنێر و پەیاموەرگر دەتوانن بیبینن. کاربەرێکی فەیسبووک دەتوانێ گرووپێکی دۆستان دابمەزرێنێ و دۆستانی خۆی داوەتی ئەو گرووپە بکا یان بۆ خۆی لە گرووپگەلی تری دۆستاندا داوەتی ئەندامەتی پەسند بکا، وەک لاپەڕەی تایبەتی بۆ بەشداری لە تاقیکاریی جۆرەوجۆر یان کێبەرکێی جیاجیا. هەروەها کاربەر دەتوانێ زۆر کەرەستەی تر لە فەیسبووکدا بە پێی پێویستی لاپەڕەکەی خۆی دابەزێنی کە کارکردی جیاوازیان هەیە. دۆستان دەتوانن چالاکییەکانی کەسێک لە فەیسبووک ببینن و هاوکات بۆچوونی خۆیان لەسەر نووسین یان ئەو کارانەی تری دەرببڕن. ئەم وەرگرتنی زانیارییە ڕاستەوخۆیانە و هەروەها پێوەندی و تێکەڵاوی لە نێوان کاربەراندا لە یەکەم کارکردە ئاساییەکانی فەیسبووکن.

## فەیسبووک لە نێوان سنووری دوو وڵاتی تاکەکەسی و کار

فەیسبووک لە خۆیدا وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ پێوەندیی شەخسی و تاکەکەسییەکان دەژمێردرێ کە لەودا کاربەرێک دەتوانێ پێوەندییەکان لەگەڵ خزم و دۆستاندا دابمەزرێنێ. بێجگە لەوە هاوکات لە فەیسبووکدا کاربەر دەتوانێ خۆی لە قەرەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بدا و بەدامەزراندنی گرووپگەلی دۆستان و پێکەوەنانی دەستە و گرووپ لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چالاک بێت. لە ڕێگەی فەیسبووکەوە دەتوانێ بەشداریی فیزیکی لە کۆبوونەوە و چالاکیی ئەوەی کە پێی دەگوترێ: events بکا. دەیان نموونە هەیە کە خەڵک چۆن لە پێوەندییەکانی نێوان کار و پێوەندی بە پیشەوە لە فەیسبووکدا کەڵک وەردەگرن.

زۆر لە گرووپ و لاپەڕەکان لە فەیسبووکدا ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کار و شوێنی کارەوە هەیە وەک قوتابخانە، کتێبخانە، ڕێکخراوەکان، شەریکەکان و داوودەزگاکان. شوێنە کارییەکان و تۆڕەکان لە فەیسبووک وەک پلاتفۆرمێک بۆ دامەزراندنی پێوەندییە نێوەخۆییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیارییە پێویستەکان کەڵک وەردەگرن. بێجگە لەوە فەیسبووک بۆ شەریکە شەخسییەکان یان هەڵسووڕانی فەرمی کەرەستەیەکی باشی مامەڵەکردن و گەرمکردنی بازاڕە کە لەودا چالاکییەکان و خزمەتەکان دەخرێنە پێش چاوی کاربەران. بۆ نموونە زۆربەی کتێبخانەکان لاپەڕەی تایبەتی لە فەیسبووکدا بۆ خۆیان دەکەنەوە و داوا لە خەڵکی دەکرێ ببنە ئەندام. هەر بۆیە لێرەدا دەبینین کە لاپەڕەی فەیسبووک وەک کەرەستەیەکی بازاڕگەرمی بۆ کتێبخانەکان وەک ناساندنی کتێبە نوێیەکان، نووسەرەکان و وەشان و کلووبەکانی جیاجیای کتێب کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

## تویتر

تویتر یەکێکی تر لە کەرەستەکانی پێوەندیگرتن لە ئینتەرنێتە. دەکرێ تویتر وەک تێکەڵاوێک لە نێوان بلۆگ و ژووری دەمەتەقێ chatt بناسێندرێ. بە جیاوازی لەگەڵ کەرەستەی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە تویتردا بە کورتی و ڕوونی شت دەنووسرێ. هەموو پەیامێک کە لە تویتردا دەنووسرێ نابێ لە ١٤٠ نیشانە زیاتر بێت.

تویتر ئامرازێکە کە لەودا تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێک کەس دادەمەزرێندرێ وەک تۆڕی مامۆستایان کە لە پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ یەکتریدان و لە یەکتری لە ڕێگەی تویترەوە لەیەک ئاگەدار دەبن و بە شوێن یەکتریدا دەڕۆن. بەشوێندا ڕۆیشتن لێرەدا ئەو مانایە دەدا کە تۆ لەگەڵ دەکەوێ و بۆچوونی کەسێک دەخوێنییەوە و بە شوێن ئەو کەسەدا دەچی و لە بیر و بۆچوونی زیاتری ئەو کەسە لە ڕێگەی پەیامەکانیەوە tweets ئاگەدار دەبی. کاتێکیش لە ڕێگەی تویترەوە کەسێک خۆی بە چالاکییەکانی نێو تویتر خەریک دەکا، بۆچوون دەنووسێ و وەڵامی پەیامی کەسانی تر دەداتەوە و لەگەڵ کەسانی تر لە پێوەندیدا دەبێ، پێی دەگوترێ ئەو کەسە تویترە دەکا. دیارە زۆر خزمەتی وەک تویتر لە ئینتەرنێتدا هەیە بەڵام هەتا ئێستا تویترە کە لە هەمووان گەورەتر، وە پێشکەوتووە لەلایەن تاکەکەس، شەریکەکان، ڕێکخراو و دامەزراوەکان و هەروەها سیاسەتوان و پارتە سیاسییەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

### چۆن تویترە دەکرێ؟

کاتێک کەسێک لە تویتردا ژوورێک دەکاتەوە، ئەوە دەبێتە خاوەن ماڵپەڕێکی تایبەت کە ئەو ماڵپەڕە لە بۆچوونەکانی ئەو کەسە و کەسانی تر کە بەدوای ئەو بۆچوونانەدا ڕۆیشتوون و بۆچوونی تریان داناوە، پڕ دەبێ. ئەو پەیامانە دەکرێ لەلایەن دۆستان و هاوکارانەوە نووسرابن کە ناوەڕۆکەکەیان بریتییە لە بۆ نموونە پرسیارکردن، تێفکرین، گاڵتە و جەفەنگ، لینکدانان، وێنە و زۆر شتی تر کە

بە ناوی لێشاوی تویتری ناسراوە.

لە زۆر بارەوە تویتر هەروەک فەیسبووک دەچێ. لە تویتریشدا هەروەک فەیسبووک، پرۆفایلەکان نوێ دەبنەوە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە فەیسبووک وەک جۆرێک پێوەندیی نێوان دۆستان و ناسراون دەچێ بەڵام لە تویتردا تۆڕێکە کە زیاتر بۆ پێوەندیی نێوان هاوکار و هاوپیشەکان کەڵکی لێوەردەگیردرێ وەک مامۆستایان، کارمەندانی کتێبخانە و پەروەردەکار و پسپۆڕانی بواری ئای تی. ئەم کەسانە کە پسپۆڕییەکی تایبەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە پێکەوە لە تویتردا لە پێوەندیدا دەبن و لەسەر کارەکانیان ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن، یان لە پڕۆژەیەکدا پێکەوە هاوکاری دەکەن، زانیاری سەبارەت بە وانەیەک لە هەوێڵی یەکتری دەنێن، لە دەنگوباسی پیشەییی یەکتری ئاگەدار دەبن. لە تویتردا تەنیا لە ڕێگەی پەیام ناردنەوە پێوەندی دانامەزرێ بگرە ڕاستەوخۆ کاربەران دەکەونە دیالۆگ و پێکەوە تویتەرە دەکەن و بەشوێن یەکتریدا دەچن. هەروەها لە تویتردا بە ئاماژەکردن بە تویتەی کەسانی تر، کەسێکی تر لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا بۆچوونەکانی لەسەر مژاری جێگەی باسی کەسانی تر دەردەبڕێ بەو شێوەیە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان کاربەرانی تویتردا چێ دەبێ.

## تویتر چۆن بەکار دەبردرێ؟

تویتر بە شێوازی جیاواز کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. تویتر دەبێتە هەمان شت کە کەسێک مەبەستییەتی و ئەو کەسە لەسەر ئەو شتەی کە بۆ ئەو جێگەی سەرنجە تویترە دەکا. ئەو پەیامانە هەڵدەبژێردرێن کە کەسێک دەیهەوێ بەدوایاندا بڕوا و هەمان کەسیش لەسەر ئەو شتەی کە بۆ ئەو باڵکێش و جێگەی سەرنجن ئاڵووێری پەیامان دەکا.

لەلایەکەوە تویتر دەکرێ وەک تۆڕێکی هاوبەش لە نێوان کەسێک و کەسانی تر کە هەمان سەرنجی هاوبەشیان هەیە کارکردی هەبێت. کە لەودا شتەکان دەتوانن شەخسی و تاکەکەسی بن. لەلایەکی ترەوە تویتر تۆڕێکە بۆ کۆمەڵێک هاوکار بە کار و پیشەی هاوبەشەوە، کە دیارە لێرەدا شتی هاوبەشی وەک باسی کار و پیشەیە نەک شتی تاکەکەس کە ئەو کەسانە لێک نزیک دەکاتەوە. لێرەدا تویتر دەبێتە تۆڕێکی گەورەی هاوکار و هاوپیشەکان لە هەموو لایەکەوە بەبێ لە بەرچاوگرتنی سنوور و وڵات بەشەرتێک کاربەران لە زمانێکی هاوبەش کەڵک وەربگرن و پێکەوە دیالۆگ بکەن.

## تویتر وەک مەکۆی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەوروبەر

تویتر هەروەها ئامرازێکی سادەیە بۆ چاودێریکردن و وەرگرتنی زانیاری لەسەر دەوروبەر. ئەگەر کەسێک بیەوێ نوێترین هەواڵ لەسەر پرسێک چ پیشەیی و چ شەخسی بزانێ ئەوە دەتوانێ بە

شـوێن ئەو کـەسـانەدا بگەڕێ کە لەسـەر ئەو پرسـە شت دەنووسن و بـیروڕای خـۆیان لە تویـتـردا دەربڕیوە.

## تویتر وەک کەرەستەی گەڕان بەشوێن زانیاری

ئەگەر کەسێک بیەوێ لەسەر کەسێکی تر کە تویترە دەکا شت بزانێ و بەدوای زانیارییەکانی ئەو کـەسـەدا بچێ ئەوە تـویتـر بۆ خـۆی مـاتۆڕی لێ گـەڕانی تایبـەت بـەخـۆی هەیە وەک دوو مـاتۆڕی Twingly Microblog searchو Topsy.

## تویتر بۆ بازاڕگەرمی

لە تویتردا دەکرێ بۆ زۆر خزمەت و بەرهەم ڕێکلام بکرێ. بەڵام لە جیاوازی لەگەڵ بازاڕگەرمی و ڕێکلامی نەریتیدا لە تویتردا هەموو کاربەران دەتوانن لەسەر ئەو بەرهەم و خزمەتانەی ڕێکلامی بۆ دەکرێ بۆچوونی خۆیان دەربـڕن و ئیتر لێرەدا بازاڕگەرمی و ڕێکلام یەکلایەنە نییە و خەڵکی ئەو شانسەیان هەیە بە چاک یان خراپ بۆچۆنی خۆیان دەربڕن.

## **یوتیوب YouTube**

یوتیوب شوێنێکی خەڵکییانەی کۆکردنەوەی فیلم و فیلم کلیپە لە ئینتەرنێتدا کە هەموو کەسێک دەتوانێ سەردانی بکا، چاو لە فیلم بکا یان بۆ خۆی فیلم بۆ چاولێکردنی خەڵکی تر دابنێ. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٩ لەنێو گەنجانی سوێددا کراوە ڕێژەی ١٦٪ی کوڕان و ٩٪ی کچان لە نێوان تەمەنی ١٤ هەتا ١٥ ساڵ فیلمیان لەسەر یوتیوب چاو لێ کردووە.

یوتیوب ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا و هەر زوو بوو بە شوێنێکی جێگەی باس و خەڵکییانە لەسەر ئینتەرنێت. ساڵێک بەسەر وەڕێخستنی یوتیوبدا تێ نەپەڕیبوو کە یوتیوب لەلایەن گووگڵەوە Goo-gle Inc کڕدراو بەو شێوەیە بوو بە بەشێک لە شەریکەی گەورە و زەبەلاحی گووگڵ.

لە یوتیوبدا خەڵکی لە هەموو گۆشە و کەناری جیهان دەتوانن چاو لە یوتیوب بکەن. ئەوەی بەتایبەتی یوتیوبی کردووەتە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە لە یوتیوبدا کەسێک دەتوانێ فیلمە هەڵبژێردراوەکانی خۆی دابنێ و بۆ خەڵکی تر بنرێ و بێجگە لەوە لەبن فیلمەکانەوە هەر کەسە و بۆچوون و بیروڕای خۆی بنووسێ. هەروەها پلەی باش و خراپ بۆ فیلمەکان دابندرێ.

بۆ ئەوە کەسێک بتوانێ لە هەموو خزمەتەکانی یوتیوب کەڵک وەربگرێ پێش لە هەموو شتێک دەبێ ئەو کەسە ژوورێک، شوێنی یوتیوب بکاتەوە. دیارە کردنەوەی ئەو ژوورە بەخۆڕاییە و بە ئاسانیش ئەنجام دەدرێ. دوای کردنەوەی ژوورێک ئەوە کەناڵێکی تایبەت لە یوتیوبدا دەکەوێتە هەوێڵ کە لەودا فیلمە هەڵبژاردەکان هەمار دەکرێن و هەروەها چاو لە فیلمی ژووری تر بژاردە

دەکرێ. هەموو ئەو فیلمانەی کە دادەبەزێندرێن لەو کەناڵە تایبەتییەدا بە ناوی کەناڵی یوتیوب هەمار دەبن. لە کاتی دابەزاندنی فیلمێک لە یوتیوبدا کەسی دابەزێنەر بۆ خۆی بڕیار دەدا کە فیلمەکە کێ چاوی لێ بکا ئاخۆ تەنیا دۆستان بیبینن یان فیلمەکە فەرمی بێت و هەموو کەس چاوی لێ بکا. بۆ نموونە کەسێک دەتوانێ فیلمە دابەزێندراوەکانی تەنیا نیشانی دۆستان و خزمان بدا و کەسانی نەناسراوی تر لە یوتیوب بۆیان نەبێت بیبینن.

## یوتیوب وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی

یوتیوب هەروەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، کاربەران دەتوانن لەودا پێوەندی پێکەوە بگرن و باس و موناقەشەی فیلمەکانی یەکتری بکەن. بۆ نموونە کەسانی تر و کەناڵی تر وەک دۆست دیاری بکرێ و لە یوتیوبیشدا گرووپی دۆستان پێک بهێندرێ و پەیام بۆ یەکتری بنێردرێ. بێجگە لەوە لە یوتیوبدا فۆرمێکی یارمەتیدان هەیە کە کاربەران دەتوانن لەوێ ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن، پرسیار لە یەکتری بکەن و یارمەتیی یەکتری بدەن. وەک کاربەری یوتیوب کەسێک دەتوانێ ژوورەکەی بە پرۆفایلی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەک فەیسبووک، مای سپایس MySpace، تویتر، گوگڵ ریدەر Google Reader یان بلۆگەکەی گرێ بدا و لەو ڕێگەیەوە فیلمە بژاردەکان یان فیلمەکانی خۆی بە ئاگەداریی خەڵکی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بگەیەنێت و بەو شێوەیە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەرفراوان بکا.

کارکردێکی خەڵکییانە لە یوتیوب ئەوەیە کە کەسێک دەتوانێ فیلم کلیپێک لەسەر ماڵپەڕی تایبەتی خۆی لە یوتیوب دابنێ بەبێ ئەوە لە کاتی نیشاندانیدا دەربکەوێ کە لە یوتیوب وەرگیراوە، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا فیلمەکە لە یوتیوبەوە نیشان دەدرێ بەڵام لایەنی تەکنیکی یوتیوب وای کردووە کە ئەوە دەرنەکەوێ و فیلمەکە ڕاستەوخۆ لە ماڵپەڕەکەوە بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک فیلم کلیپێکی بەلاوە باش بێت، دەتوانێ ڕاستەوخۆ لە یوتیوبەوە بۆ سەر بلۆگەکەی خۆی بگوێزێتەوە و بۆ خۆی و کەسانی تریش بۆچوونەکانیان لە بن فیلمەکە بنووسن.

## یوتیوب لە خوێندنگە

لە یوتیوبدا هەموو چەشنە فیلم کلیپێک هەیە لەو فیلمانەوە کە بەرهەمهێنەرە گەورەکان وەبەرهەمیان هێناوە و لەو فیلمانەش کە بە شێوازێکی ئاماتۆرانە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە چێ کراون. لە یوتیوبدا فیلمی هەمەچەشنەی وەک ڕێکلام، موزیک، فیلمی پڕوپاگەندە، گاڵتە و زۆر جۆری تری فیلم هەیە. بێجگە لەمانە لە یوتیوبدا فیلمی پێداگۆگی، پەروەردەیی هەیە کە تایبەت و بۆ مەبەستی پەروەردە و بارهێنان وەبەرهەم هێنراون وەک وانەوتنەوە، سیمینار و گاید و زۆر بابەتی تر. هەروەها هێندێک داوودەزگای فەرمیی سوێدی بۆ خۆیان لە یوتیوبدا ماڵپەڕی تایبەتی بۆ هەمارکردنی بەرهەمەکانی خۆیان کردووەتەوە وەک ڕاوێژکاری میدیاییی دەوڵەت -Statens me

dierd و دەستەی کارگێڕیی گەنجان Ungdomsstyrelsen لە سوێد. بەکورتی زۆر فیلمی باشی پەروەردەیی لە یوتیوبدا هەیە کە دەکرێ لە خوێندنگەکاندا کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

## یوتیوب وەک شوێنی نیشاندانی بەرهەمە میدیاییە نایاساییەکان

دیارە هەموو کات بەتایبەتی لە ساڵەکانی دەسپێکی یوتیوبدا بەباشە باسی یوتیوب نەکراوە. کاتێک لێشاوی فیلمەکان لە یوتیوبدا دەستی پێ کرد و بە ملیۆن کلیپ نیشان دران، لەو نێوەدا هێندێک بەرهەمیش کە خاوەن ئیمتیاز بوون و مافی بڵاوکردنەوەیان بە یوتیوب نەدرابوو، بڵاو کرانەوە. ئەمە لە خۆیدا بوو بە ژانەسەر بۆ یوتیوب کە چۆن بتوانێ لێشاوی نیشاندانی ئەو فیلمانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە مافی بڵاوکردنەوەی تەنیا لە ئەستۆی شەریکەکانی فیلم، تەلەڤزیۆنەکان و بەرهەمهێنەران و خاوەنەکانیان بوو؟ هەر بۆیە لە یوتیوبدا بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە فیلم کلیپێک کە مافی بڵاوکردنەوەی نەدرابێ، قەدەغەیە. هەموو بینەرێکی ئاسایی یوتیوب بەهۆی کارکردێک کە لەبن فیلمەکان هەیە دەتوانێ شکات لە فیلمێک بکا و هەر زوو ڕاپۆرتی شکاتەکە بگاتە لای بەڕێوەبەرانی یوتیوب. سەرەڕای ئەمەش دیسان فیلمی وا لە یوتیوب نیشان دەدرێ کە ئیزنی وەشان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە نەدراوە و ئەمەش لە خۆیدا کێشەیەکە کە یوتیوب لەگەڵی دەژی و زۆرجار یاسای چاپ و بڵاوکردنەوە لە یوتیوبدا وەبن پێ دەخرێ.

## ئامارەکان لە س تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ دەڵێن؟


ئێریک فوشبەری – Erik Forsberg ٦/١٠/٢٠١٠



ئێریک فوشبەری

بەپێی تەمەن کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێ. بەتایبەتی کاتێک باسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان[8] و سندووقی پۆستەی ئیمەیل بکرێ، ئەم جیاوازییە بەرچاوترە. بەپێی ئامارێک کە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن ناوەندی ئاماری نوردیکۆم Nordicom سەر بە زانکۆی یۆتەبۆری لە سوێد ئامادە کراوە بۆ نموونە کەڵک وەرگرتن لە ئیمەیل لای گەنجان کەمترە هەتا لای تەمەنی بۆ سەرەوەتر. بۆ کەسانی لە نێوان تەمەنی ٦٥ هەتا ٧٩ ساڵدا لە هەر دە کەس ٦ کەس بە شێوەی نێونجی ڕۆژانە چاو لە ئیمەلەکەی خۆیان دەکەن. لەنێو گەنجاندا لە نێوان تەمەنی ٩ هەتا ١٤ ساڵ کەڵک وەرگرتن لە ئیمەیل ڕێژەی ١٠٪ پێک دێنێ. لە کۆی گشتیی کەڵک وەرگران لە ئینتەرنێت ڕێژەی چاولێکردن لە سندووقی پۆستەی ئیمەیل ٥١٪یە.

بە پێچەوانە، گەنجان و کەم تەمەنان زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. لەنێو گەنجاندا لە نێوان تەمەنی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ کە کەڵک لە ئینتەرنێت وەردەگرن. هەروەها ڕێژەی




کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ٦٦٪ی کاتی ڕۆژانەی ئەوان وەبەر دەگرێ. لەلایەکی ترەوە لەلای کەڵک وەرگرانی کەم تەمەنتر لە نێوان ٩ هەتا ١٤ ساڵ ڕێژەی ٢٨٪ی کاتی ڕۆژانە بۆ کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەچێ.

بەپێی هەمان لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێژەی ٨٥٪ی گەنجان و ڕێژەی ٣٤٪ی خانەنشینان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری کەڵک وەردەگرن. کەسانی تەمەن مامنێوەنجی و بەتەمەنتر بە زۆری چاو لە ماڵپەڕی میدیا نەریتییەکان[9] دەکەن بەڵام گەنجان و منداڵان بە زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە لە فەیسبووک کەڵک وەردەگرن. ڕێژەی ٦٥٪ی گەنجان لە نێوان تەمەنی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ ڕۆژانە خۆیان لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەریک دەکەن. ڕێژەی ٥٠٪ لەو گەنجانە چاو لە یوتیوب دەکەن و ڕێژەی ٣٧٪یش خۆیان بە بلۆگ خوێندنەوە خەریک دەکەن. بە گشتی لەلای تەمەنی نێوان ٩ هەتا ٧٩ ساڵ ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئینتەرنێت بە هەمان ڕادەی میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت چاویان لێ دەکرێ. ڕێژەی یەک لە چوار یان ٢٦٪ی سوێدییەکان ڕۆژانە سەردانی ئینتەرنێت دەکەن. بە هەمان ڕێژەش چاو لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت دەکرێ. لەنێو مێدیا نەریتییەکاندا ڕۆژنامەکان ڕێژەیەکی بەرچاو پێک دێنن. بەگشتی ڕێژەی ١٧٪ی سوێدییەکان ڕۆژانە چاو لە ڕۆژنامەکان لە ئینتەرنێتدا دەکەن.

وەک لە ئاماری ساڵی ٢٠٠٩دا دیتمان بە گشتی ڕێژەی ٢٦٪ی سوێدییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. بە هەمان ڕێژەش چاو لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت دەکەن. بەڵام وەک لەو ئامارەدا دەردەکەوێ کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا نەریتییەکان بەپێی جیاوازیی تەمەن، زۆر لەیەک جیاوازن. وەک نموونە ڕێژەی ٦٤٪ی گەنجان لە نێوان تەمەنی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ ڕۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. هاوکات لەلای گەنجان لە هەمان تەمەندا کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان تەنیا

ڕێژەی ٣١٪.

لەلای کەسانی بەتەمەن کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان بە بەراورد لەگەڵ گەنجاندا کە زیاتر کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن، زۆر بەرچاوە. لەلای کەسانی نێوان ٦٥ هەتا ٧٩ساڵ تەنیا ڕێژەی ٤٪ ی کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان لەلای هەمان کەسان بەهەمان تەمەنەوە بە پێچەوانە ڕێژەی ١٣٪.

## ڕێژەی کاربەرانی ئینتەرنێت لە ئاستی ئەوروپا

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن ناوەندی ئیرۆستات -Internet usage in 2010 Households and individuals لە هەر ٤ گەنج لە ٥ گەنج کە لە ئەوروپا کەڵک لە ئینتەرنێت وەردەگرن، لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن. بەپێی لێکۆڵینەوەکە ڕێژەی ٨٠٪ ئەوانەی لە نێوان تەمەنی ١٦ هەتا ٢٤ ساڵاندا لە ئەوروپا ئینتەرنێت بەکار دەبەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک بلۆگ و ژوورەکانی دەمەتەقێ کەڵک وەردەگرن.

ڕێژەی هەرە بەرز لە وڵاتی پۆڵەندایە کە لەوێدا ڕێژەی ٩٤٪ لە تەمەنی نێوان ١٦ هەتا ٢٤ ساڵدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن. دواتر لە وڵاتگەلێکی وەک سلۆڤێنی، پورتوگال و سوێد ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. لێرەدا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەوروپای ڕۆئاوا و ئەوروپای ڕۆهەڵاتدا نابیندرێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەیەکی زۆرتر لە خەڵکی ئەوروپای ڕۆئاوا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن.

## جیاوازیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا نەریتییەکان

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لە ساڵی ٢٠١٠دا لەلایەن ناوەندیی نوردیکۆم کراوە، ئێستا کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییترە هەتا کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێتدا. لە کۆی گشتیی خەڵکی سوێد لە نێوان تەمەنی ٩ هەتا ٧٩ ساڵیدا ڕێژەی ٣٥٪ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە کەڵک وەردەگرن. هەمان ڕێژە لە هەمان تەمەندا بۆ کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان تەنیا ٢٨٪. واتە هەبوونی ڕێژەی ٨٪ی جیاوازی لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا نەریتییەکان.

گەنجان بەڕێژەیەکی زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. لە نێوان گەنجانی تەمەن ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ڕێژەی ٨٠٪ لە ڕۆژدایە. بێجگە لەوە لە لای کەسانی تەمەن ٢٥ هەتا ٤٤ ساڵ و هەروەها منداڵانیش ڕێژەی بەکاربردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئینتەرنێتدا لە ئاستێکی بەرزدایە. ڕێژەی ٤٠٪ منداڵان و ڕێژەی ٥٤ ٪ کەسانی تەمەن ٢٥ بۆ ٤٤ ساڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن.

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی دەنگوباس

www.mjukvara.se

ڕۆژنامەوانان لەو باوەڕەدان دەنگوباسەکان بەخێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبنەوە. هەروەها ڕاپۆرتی هەواڵ و دەنگوباسەکان لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە کە لە مەیدانی ڕووداوەکاندا دەنگوباسەکان بڵاو دەکەنەوە، لە خۆیدا کاریگەری لەسەر تێڕوانین بۆ خودی ناوەڕۆکی دەنگووباسەکانیش هەیە. ئەم شێوازە هەواڵنێرییە لەلایەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی سادە دەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی کە دواتر لەلایەن ئاژانسە هەواڵنێرییە گەورە و جێگرتووەکان بڵاو دەبنەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن ناوەندیی لێکۆڵینەوەی میدیایی Aalunds PR-barometer لە باکوری ئەوروپا کراوە، بەتایبەتی ڕۆژنامەوانانی بواری ئابووری زۆربە جیدی چاو لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەواڵنێری و چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی دەنگوباسەکان دەکەن. لەو لێکۆڵینەوەیەدا ٩٠٠ ڕۆژنامەوانی بواری ئابووری لە باکوری ئەوروپا بەشدارییان کردووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکە بۆ وەدەستخستنی هەواڵ و دەنگوباس فەیسبووک، تویتر و بلۆگ لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەن کە زیاتر ڕۆژنامەوانان کەڵکی لێ وەردەگرن. بەپێی لێکۆڵینەوەکە ڕۆژنامەوانە سوێدییەکان، کەمتر لە ڕۆژنامەوانانی تر لە باکوری ئەوروپا کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. بەو حاڵەش گۆڕانکارییەک لەم پێوەندییەدا لەنێو ڕۆژنامەوانە سوێدییەکاندا ڕووی داوە چونکە بە بەراورد لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی تر کە پێشتر ئەنجام درابوو، ئێستا ڕێژەی ٥٩٪ی ڕۆژنامەوانە سوێدییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی دەنگوباس کەڵک وەردەگرن. ئەمەش ڕێژەی ٩٪ پێشوەچوون بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدا. هاوکات ڕۆژنامەوانانی باکوری ئەوروپا بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەوانانی تر لە شوێنەکانی تری ئەوروپا زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی دەنگوباس کەڵک وەردەگرن. بەپێی لێکۆڵینەوەکە ڕێژەی ٧٤٪ لە ڕۆژنامەوانان گوتوویانە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی هەواڵ و دەنگوباس کەڵک وەردەگرن. ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ساڵی ڕابردوو پێشوەچوونێکی ڕێژەی ١٠٪ نیشان دەدا.

ڕێژەی زیاتری کەڵک وەرگرتنی ڕۆژنامەوانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو مەزەندەیە دەسەلمێنێ کە دەگوترا خەریکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە خۆیان لەنێو ئاژانسە هەواڵنێرییە جێگرتووەکان دەخزێنن و جێپێیەک بۆ خۆیان دەکەنەوە.

دیاردەیەکی جێگەی سەرنج لەم نێوەدا ئەوەیە کە ئاخۆ ڕۆژنامەوانان دەتوانن دان بە جۆرێک لە ڕۆژنامەوانی هاووڵاتییەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بنێن، کە ئێستا کاریگەری لەسەر کاری ڕۆژنامەوانیی ئەوانیش هەیە و بەجۆرێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسێسی هەواڵنێریدا

بەشـدارن؟ ئایا لە کـاتی بڵاوکـردنەوەی هـەواڵ لە ئاژانســەکـانی هەواڵنێـریدا باس لـەو خـەڵکە ئاساییە لە تۆڕە کۆمەڵایـەتییـەکاندا دەکرێ کە لە ناردنی هـەواڵ و دەنگوباسـەکاندا بەشدارییان کردووە؟ یان ڕۆژنامـەوان بەبێ ئاماژە بە سـەرچاوەی هـەواڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هـەواڵەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و لەمـلاشـەوە خـەڵکی ئاسـایی لە تۆڕە کۆمـەڵایـەتییـەکـان بەبـێ گرینگیدان بە ئاژانسـەکانی هـەواڵنێری درێژە بە بڵاوبوونەوەی دەنگوباسـەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن؟

سـەرچاوە:

september 30,2011

http://www.mjukvara.se/blogg/sociala-medier-en-allt-vanligare-nyhetskalla

## بەهاری عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ماڵپەڕی سوێدی: www.mjukvara.se




لەسـەر ڕۆڵـی تۆڕە کۆمـەڵایـەتییـەکـان لە سـەرهـەڵدانی بەهـاری عەرەبیدا زۆر شت نووســراوە. مــیــدیاکــان و هـەروەهـا سـەرهـەڵداوانیش بۆ خۆیان باس لە ڕۆڵی گرینگی تۆڕە کۆمـەڵایـەتییـەکان دەکـەن. بەتایبەتی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخـــــستن و ئـیـــــدارەکـــــردنی خۆپێشـاندانەکاندا زۆر بەرچاوە. تۆڕە کـۆمـەڵایـەتیـیـەکـان لەلایەک چالاکـان و خۆپێشاندەرانیـان لە دەوری یەکتـری کۆ دەکردەوە و لەلایەکی ترەوە هـەواڵ و دەنگوباسـەکانی شـۆڕشیـان بەهـەموو جیـهـاندا بڵاو دەکردەوە. وێنە، دیمەن و نووسین لە هـەمان کاتدا کە لەلایەن سـەرهـەڵداوانەوە بڵاو دەکرایەوە دەستـبـەجێ لە تۆڕە کـۆمـەڵایـەتیـیـەکـاندا و لە هەمـانکات و سـاتدا بـڵاو دەکـرایـەوە. ئەمـەش لـە خـۆیدا بـوو بە پاڵەپەسـتۆیەکی گەورە هـەم بۆ سـەر حکوومـەتە عەرەبییـەکان هـەمیش بۆ سـەر جیـهـانی دەرەوە کـە کاردانەوە لە خۆیان نیشان بدەن.

عـاتیـاف ئـەلوەزیر چالاکێکی ژنی سـیاسـیی خـەڵکی یەمـەن لە کۆنفرانسێکدا Conference of-Cyberspace لە لەندەن کە تایبەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەریتانیا لە لەندەن پێک هات، قـامکی بۆ سـەر ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایـەتییـەکان لە بەهـاری عـەرەبیدا ڕاکێشـا. عـاتیاف دەڵێ ڕاسـتـە سـەرچاوەی شـۆڕش و سـەرهـەڵدان خـودی خـەڵکی بوون بەڵام تۆڕە کۆمـەڵایەتییـەکان کەرەسـتـەیەکی

هەرە گرینگ بوون کە شۆڕش و سەرهەڵدانیان بە خێرایی وەپێش خست. بەتایبەتی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو بارەشەوە جێگەی سەرنجە کە بەڕاگوێستنی خێراییی هەواڵ و دەنگوباسەکانی سەرهەڵدان، خەڵکانی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنی لە شوێنەکانی تری جیهان وەک پشتگیری بۆ سەرهەڵدان کۆ کردەوە و بەو شێوەیە پردێک لە نێوان وڵاتانی سەرهەڵداو و جیهانی دەرەوە پێک هات.

ئەلوەزیر باسی ئەوە دەکا کە ئینتەرنێت بەگشتی ئەو شیانەی بۆ چالاکان پێک هێناوە کە هەموو تاوانێکی دژی ئینسانی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بکەنە بەڵگە و بڵاوی بکەنەوە. هەم ئەو پێشێلکارییانەی لە ماوەی خودی سەرهەڵدان و خۆپێشانداندا روو دەدەن و هەم ئەو بەڵگانەش لە شوێن و جێگەکانی تر وەدەست دەکەون. سەرەڕای ئەوەش لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ئینتەرنێت لە هەوێڵی زۆرایەتیی خەڵکدا نییە بەڵام ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدان لە وڵاتانی عەرەبی لە بەهاری عەرەبیدا ڕۆڵێکی گرینگیان بینی.

سەرچاوە:

september 30,2011

http://www.mjukvara.se/blogg/sociala-medier-en-allt-vanligare-nyhetskalla/

## بەهاری عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

www.sakerhetspolitik.se

کاتێک بە ڕوونی دەرکەوت کە خۆپێشاندانەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا خۆپێشاندانی خۆبەخۆ و تاکەجار نین، نیگەرانیی دەستەڵاتدارانی عەرەبی لە ناوچە پەرەی گرت. لەبەرئەوەی وڵاتانی عەرەبی لە زۆر بارەوە پرسی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتری زۆرە، دەستەڵاتداران بەسەرلێشواوی و دەستوپێی خۆ ونکردن کەوتنە ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرمکردن لە پانتاییەکی بەرفراواندا لە ناوچە.

ناوەندیی مێنا (MENA (Middle-East & Northern Africa لە کۆتایییساڵی ٢٠١٠دا ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیای وەک هەرێمێک بە کاراکتەری بوونی حەشیمەتی گەنج، لە سەرەوەبوونی ڕێژەی بێکاری بەتایبەتی لای گەنجان، بەرفراوانیی ئاستی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و هەروەها هەبوونی بێ ڕێزی و لە بەرچاونەگرتنی بایەخە دیموکراتیکەکان لەلای دەستەڵاتداران پێناسە کرد. ئەم هەموو کێشە و پرسە کەڵەکەبووە لە یەکەم مانگەکانی ساڵی ٢٠١١دا بە یەکجاری تەقینەوە.

فاکتۆرێک کە لەلایەن زۆر کەسەوە زۆرجار باس کراوە و بوو بەهۆی پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی خێرای سەرهەڵدان لە هەموو هەرێمی باکوری ئەفریقیا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی فەیسبووک و تویتر بوو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەی گرینگ بوون

بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان لەو وڵاتانەدا بەڵام هاوکات وەک سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی سەرهەڵداودا ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت بەگشتی کارکردی وەک کاتالیزاتۆریان بۆ سەرهەڵدانەکان هەبوو، واتە کەرەستەیەک کە لە شۆڕش و سەرهەڵداندا کەڵکی لێ وەرگیرا بەڵام لە جێدا هۆکاری ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی، بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو، بگرە ئینتەرنێت وەک کەرەستەیەک کارئاسانیی لە شۆڕش و سەرهەڵداندا کرد. چونکە لە ڕاستیدا سەرهەڵدان و خۆپێشاندان بۆ نموونە لە وڵاتگەلێکی وەک لیبیا، تونس و میسر دیاردەیەکی نوێ نەبوون و پێشتر زۆرجار لەو وڵاتانەدا خۆپێشاندان و سەرهەڵدان ئەنجام درابوون. شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ نموونەیەکی بەرچاوە کە ئەودەم نە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نە ئینتەرنێتیش هەبوو. بەڵام ئەوەی کە کاراکتەری تایبەتی بەهاری عەرەبی بوو ئەوە بوو کە سەرهەڵدان و شۆڕش بە خێرا هەموو وڵاتانی عەرەبی و ناوچەی گرتووە و لەم ناوەشدا ڕۆڵی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەگرتن و خێراکردنیدا لە کەس شاراوە نییە.

سەرچاوە:

http://www.sakerhetspolitik.se/Konflikter/Mellanostern-och-Nordafrika/

## ڕۆڵی مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبیدا

وتووێژێک لەگەڵ ڕیاد منتی لە تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە
ئامادەکردنی: هانا یونس Hanna Younes
ڕۆژنامەی سوێدسڤێنسکا
١ سێپتێمبەری ٢٠١١

بەپێی قسەی ڕیاد منتی پسپۆڕ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی بەبێ بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شیانی نەبوو. ئێستا تەکنیک لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە نزیکتر بووەتەوە.

پێوەندیی نێوان ئەلجەزیرە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبیدا چۆن بوو؟

– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی یەکجار گرینگ بوون لە گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان لە ماوەی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیدا. یەکەم جار بە لاوبوونەوەی دیمەنی ئاگر لەخۆبەردانی بووعەزیز لە تونس لە فەیسبووک دەستی پێ کرد. ئەودەمە ئێمە هەواڵنێرمان لە تونس نەبوو هەر بۆیە ناچار بووین کە هەواڵ و دەنگوباسەکان لە خەڵکی ئاسایی و خۆپێشاندەر وەربگرین. ئەمە لە خۆیدا بوو بەهۆی ئەوە پێوەندییەکی باشی ئێمە وەک ئەلجەزیرە و خەڵکی دابمەزرێ. ئێمە لە ئەو

هەواڵ و دەنگوباسانەی کە ئەوان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاویان دەکردەوە کەڵکمان وەردەگرت و بەو شێوەیە ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە تەنیا لە چوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەدەمان و بەهۆی ئێمەوە دەگوێزرایەوە بۆ نێو خەڵکێکی بەرفراوانی تر.

ڕۆڵی میدیاکان لە سەرکەوتنی شۆڕش و سەرهەڵدانەکان چەندە بوو؟

– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکی زۆر بەخێرایی بجووڵێنەوە، ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن، هەواڵەکان بڵاو بکەنەوە. بەڵام تۆڕ ەکۆمەڵایەتییەکان لە خۆیاندا هۆکاری شۆڕش و سەرهەڵدان نین. خەڵک ڕادەپەڕێ و سەرهەڵدان دەکا لەبەر ئەوە کێشەی هەیە نەک ئەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکی هان دەدەن.

– بۆ نموونە ئێمە لە ئەلجەزیرە پێوەندیمان بە یاوێکەوە هەبوو کە ئەو ڕاستەوخۆ لە بنغازییەوە لە ماڵەکەی خۆیەوە هەواڵ و دەنگوباسی لیبیای بڵاو دەکردەوە. بە هەزاران کەس هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئەویان دەخوێندەوە. کاتێک ئەو کەسە لەلایەن لایەنگرانی قەزافییەوە کوژرا، ژنەکەی لە پەخشێکی ڕاستەوخۆدا بەشداریی کرد و چۆنیەتیی کوژرانی مێردەکەی باس کرد. ئەمە نیشاندەری هەبوونی هێز و توانای تەکنیکە. ئێستا هەر کەسێک هەیە با ببێ کە ئەگەر مۆبایل تەلەفۆنێکی لە هەوێڵدا بێت ئەوە دەتوانێ کاری ڕیپۆرتێری بکا.

ئێوە چ وانەیەکتان لە بەهاری عەرەبی وەرگرت؟

– هاوکات نابێ باوەڕ بە تەکنیک بکرێ. کە دیترا ڕەوش پڕ مەترسییە ئەوە دەستەڵاتداران پێوەندییە تەلەفۆنی و ئینتەرنێتییەکان دادەخەن. ئێمە هەوڵمان دا بەر لەوەی هەموو تەکنیکەکان دابخرێن لە بلۆگەر و چالاکوانەکان پێوەندی بگرین. کاتێک سەرهەڵدان لە میسر، سووریا و لیبیا دەستی پێ کرد ئێمە لە ڕێگەی سکایپەوە پێوەندیمان بەوانەوە دەکرد، دەنگوڕەنگیان تۆمار دەکرا و دواتر لە تەلەڤزیۆن بڵاو دەکرایەوە.

هەڵەکانتان چ بوون؟

– ئێمە چەند جارێک تووشی هەڵە بووین کاتێک لەو مەتریالەی خەڵکی دەیانناارد بەبێ سەرنج و تێبینی کەڵکمان لێ وەرگرت. بۆ نموونە کەسێک لە یەمەن دیمەنێکی نیشانی هەواڵنێری ئێمە دا کە ئەو ڕووداوە هەر ئێستا ڕووی داوە. دیارە پێش لە بڵاوکردنەوە دەرکەوت کە ئەو کەسەی لە دیمەنەکەدا قسە دەکا بن زاراوەی عێراقی هەیە. بەڵام من بەبێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەم هەبێت کە لە ڕاستی و دروستیی دیمەنەکە بکۆڵمەوە، ئەو دیمەنەم لە تویتردا بڵاو کردەوە دیارە دواتر هەر زوو کە هەڵەکەم بۆ دەرکەوت، لینکی دیمەنەکەم لە تویتردا لابرد.

ئەو مەتریالانەی بەدەستتان دەگات چۆن کۆنترۆڵ یان پشتڕاست دەکەنەوە؟

– ئێمە هەزاران دیمەنمان لە ڕۆژدا پێ دەگا. زۆر کات دەگرێ کە کۆنترۆڵی هەر هەمووی بکەی و زانیاریی هەڵەی لێ دەربهاوێژی. هەرچەند ڕۆژێک لەمەوبەر چەند دیمەنێکم لە لیبیاوە بۆ هات کە

وترابوو لەلایەن هەواڵنێرانی ئێمەوە نێردراون بەڵام دواتر دەرکەوت کە ڕاست نەبوو.

– ئێمە قەت ئەو دیمەنەی بەدەستمان دەگا ڕاستەوخۆ بڵاوی ناکەینەوە. لە زۆر بارەوە چاو لە دیمەنەکان دەکەین و هەروەها هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دیمەنەکەیان ناردووە پێوەندی بگرین. ئێمە ناتوانین تەنیا لە سۆنگەی دیمەنێکەوە باسی شتێک بکەین بۆیە، بۆ نموونە تاقە دیمەنێک هەموو هەلومەرجی میسرمان بۆ ڕوون ناکاتەوە هەر بۆیە دەبێ لە زۆر بارەوە ئەو دیمەنە بەر لە بڵاوکردنەوە تاوتوێ بکەین. یان ئەوە پشت ببەستین بەسەرچاوەی جۆرەوجۆر بۆ پشتڕاستکردنەوەی دیمەن و هەواڵەکان.

سەرچاوە:

http://www.sydsvenskan.se/varlden/article6176351/rdquoVem-som-helst-som-har-en-mobil-kan-fa-ut-sin-historiardquo.html

## بەهاری عەرەبی لە کۆمپیوتەرە سوێدییەکانەوە

جۆن ئانتۆنسۆن – ٢٠١١/٩/٢٩

بەهاری ٢٠١١ وەک ئەو مانگانەی کە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان بۆ ئازادی کرا و ئاخرەکەشی ئازادی سەرکەوت دەچێتە نێو کتێبە مێژووییەکان. لە ماوەی چەند حەوتوویەکدا خەڵکی بەبێ لە بەرچاوگرتنی داوودەزگای قەدەغەکاری دیکتاتۆر ڕژانە شەقامەکان. لە میسردا موبارەک نەماوە، لە تونس بنعەلی هەڵهاتووە و لە سووریاش خۆپێشاندان و سەرهەڵدان لەنێو شەقامەکان لە دژی دیکتاتۆری بەردەوامە. ڕەنگە یەکەم جار لە مێژوودا بێت کە خەڵک ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێز و قوەتی سەرهەڵدانیان دیبێ. دوو چالاکیی ئینتەرنێتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سوێدەوە لە ماوەی سەرهەڵدان لە میسردا لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە لە زۆر بارەوە یارمەتیی شۆڕشی میسر و بە گشتی خەبات بۆ ئازادییان لە وڵاتانی عەرەبیدا کرد.




ساڵی ٢٠٠٠ مەهدی غەربی پەنابەری تونسی نیشتەجێی سوێد تۆڕێکی لە ئینتەرنێت بەناوی هەواڵەکانی تونس Tunis News بە هاوکاریی دۆستێکی لە سوێد وەڕێ خست. لە سەرەتاوە بیریان لەوە دەکردەوە ماڵپەڕێک وەگەڕ بخەن بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو ئاکامە کە هەم باشتر و هەم جێگەی باوەڕترە کە تۆڕێکی وا دابمەزرێنن کە خوێنەرانیان بتوانن پێوەندی بگرن و لەو ڕێگەوە

هەواڵ و دەنگوباسەكانی نێوەخۆی تونس بۆ تۆڕی ئینتەرنێت بگوێزنەوە. ئەم تۆڕە هەواڵنێرییە لە سەرەتادا تەنیا ٤٠ كەس لێی ئاگەدار بوو و دەیخوێندەوە بەڵام ئێستا بە هەزاران خوێنەری لە هەموو تونسەوە هەیە. تۆڕی هەواڵنێری تونس نیوز زۆر سادە دامەزراوە بەڵام هاوكات هێز و كاركردێكی گەورەی هەیە. هەموو ڕۆژێک زانیاریی لە گۆشە و كەناری تونسەوە بە تونس نیوز دەگا و پاش ڕێكوپێككردن و خستنە چوارچێوەی دەنگوباس دواتر لە تونس نیوزدا بڵاو دەكرێتەوە.

مەهدی غەربی دامەزرێنەری تونس نیوز دەڵێ هەر دیكتاتۆرێک لەسەر سێ كۆڵەكە ڕاوەستاوە، ئەم سێ كۆڵەكە بریتین لە وڵاتانی ڕۆئاوا، پۆلیس و دیواری پۆڵاین. ئێمە بڕیارمان دا كە بەهێرشكردنە سەر دیواری پۆڵاینەوە دەستپێ بكەین. لێرەدا دوو ئەلتەرناتیڤ هەیە یان ئەوەیە لە دژی ئەم دیوارە پۆڵاییینە توندوتیژی بەكار دێنێ یان ئەوە چەكی فەیسبووک، تویتر و ئینتەرنێت بەكار دێنێ. ئێمە بڕیارمان دا كە چەكی نوێ واتە ئینتەرنێت بەكار بەرین.

ماوەی ١١ ساڵە كە مەهدی غەربی هەموو بەیانییەک، نیوەڕۆیەک و شەوێک لەگەڵ تونس نیوز خەریكە. هەموو كاتەكانی بۆ تونس نیوز تەرخان كردووە، نە پشوویەكی وەرگرتووە و نە بۆ سەیران و گەڕانێک چووە. بەڵام ئەم كارە تاقەت پڕووكێنە بەرهەمیشی هەبووە. بنعەلی دیكتاتۆر تونسی بەجێ هێشتووە و هەڵاتووە و خەباتكارانی دیمۆكراسی لە تونس دەڵێن، تونس نیوز ڕۆڵی گرینگ و ژیانی هەبوو لە هیوابەخشین و دواتر لە سەركەوتنی شۆڕشدا.

مەهدی غەربی دەڵێ ئەو كەسەی بتوانێ زانیاری بدا ئەوە سوپەرمانە، لەو سۆنگەیەوە پێم وابێ ئێمەش لە تونس نیوز هەمان شتمان كرد و بە ئامانجی خۆشمان گەیشتین.

***

چالاكێكی تری ئینتەرنێتی لە سوێد، ناوی فیدا ئەلسەعیدە هەمان كەس كە بە هاوكاریی چەند كەسێكی تر گرووپی شۆڕشی سووریای The Syrian revolution لە فەیسبووک دامەزراند. دامەزراندنی ئەم گرووپە لە فەیسبووكدا ڕۆڵی گرینگی لە سەرەتای دەسپێكی سەرهەڵدانەكان لە سووریادا گێڕا. بۆ نموونە بەهۆی ئەم گرووپەوە لە ڕێگەی فەیسبووكەوە داوا لە خەڵكی كراوە لە ماڵەكانیان بچنە دەرەوەو بەشداریی خۆپێشاندانەكان بن. لەپێشدا كەم كەس گوێبیستی بانگەوازەكانی ئەم گرووپە دەبوو و دەیوێرا لە ماڵ بچێتە دەر. دواتر وردە وردە خەڵكی لە خۆپێشاندانەكاندا بەشدارییان كرد. ئێستا هەمان گرووپ لە فەیسبووک هەتا ٢٨٠ هەزار كەس بەدواداچوونی دەكەن و هاوكات سەرچاوەیەكی گرینگیشە بۆ دانی زانیاریی نوێ لەسەر پێشوەچوونەكانی شۆڕش لە سووریا.

فیدا ئەلسەعید دەڵێ لە سەرەتادا بۆ چاوترسێنكردنم تەلەفۆنیان بۆ دەكردم و دەیانگوت دەتكوژین. هەموو شەوێک تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی سووریا فیلمێكی نیو سەعاتیی لەسەر من بڵاو دەكردەوە كە من سوورياييیەكی ڕەسەن نیم و بەفیتی ئەملا و ئەولا كار دەكەم. بەڵام پڕوپاگەندەی

داڕەشاندنی من لەلایەن حکوومەتەوە لە ڕاستیدا باشترین ڕێکلام بوو بۆ ئێمە.

ئێستا گرووپی شۆڕشی سووریا لە فەیسبووک نەک تەنیا بۆ نێوەخۆی سووریا بگرە بۆ جیهانی دەرەوەش سەرچاوەیەکی باشی وەرگرتنی زانیارییە لەسەر سووریا.

فیدا ئەلسەعید دەڵێ ئێستا خەڵک وشیارن و ئامادەن بۆ دیموکراتیزەکردنی سووریا، ئەوان بۆ خۆیان لەنێو ڕووداوەکاندا دەژین و هەر بۆ خۆشیان دەتوانن لەسەر پاشەڕۆژی خۆیان بڕیار بدەن. ئێمە لە دژی دەستێوەردانی سەربازی لە سووریاین. لە باتیی یارمەتیی سەربازی با لە باری میدیایی و سیاسییەوە یارمەتیمان بدرێ.

سەرچاوە: http://www.frihet.se/index.php?sid=1&pid=12&tid=2022.

## چەند لایەنی نەرێنی لەلای فەیسبووک[١٠]

"تۆ خاوەنی خۆت نیت فەیسبووک خاوەنی تۆیە" گرێبەستێکی کۆیلایەتی لە نێوان کاربەران و فەیسبووکدا لایەنی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی کار ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر
ئۆکتۆبەری ٢٠١٠
Joanna Wågström



سەرجەمی ئەو ٤٠٠ هەزار کەسە سوێدییەی کە ناوی خۆی لە فەیسبووکدا نووسیوە و بووەتە ئەندام گرێبەستێکی ئیمزا کردووە کە هەموو مافی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان و نهێنییەکانیان بە شەریکەی گووگڵی ئەمەریکایی بۆ هەتاهەتایە بەخشیوە.

ئەو گرێبەستە کە ١٣ لاپەڕە دەبێ بەر لەوەی کەسێک ببێتە ئەندام دەبێ ئیمزا بکرێ و بەو شێوەیە بەشێوەیەکی دڵخواز هەموو مافی بڵاوکردنەوەکان لەلایەن ئەو کەسەوە بە شەریکەی فەیسبووک دراوە. لە لاپەڕەی ٤ی کۆنتراکتەکەدا هاتووە کە فەیسبووک ئەو مافەی هەیە کە هەموو وێنە و بڵاوکراوەکانی کاربەرانی فەیسبووک بەشێوەیەکی خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیک کۆپیی لێ هەڵبگرێ و بەهەموو جیهاندا بڵاو بکاتەوە.

پەر ستڕۆم Pär Ström ئەندامی لێژنەی ڕاوێژکاری کاروباری ئای تی لە دەوڵەتی سوێد لەو بڕوایەدایە ئەم گرێبەستەی فەیسبووک جۆرێک بە کۆیلەکردنی خەڵک و گرێبەستێکی کۆیلایەتییە. پەر پێی وایە ئەم گرێبەستەی فەیسبووک زۆر کەم، ڕەنگە پرۆمیلەیەک (یەک لە هەزار) بیخوێننەوە و شەریکەی فەیسبووکیش کەڵک لەم گرێبەستە وەردەگرێ. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ئەوان بەخۆڕایی لە فەیسبووکدان بەڵام ئەمە وا نییە و نرخی بوون لە فەیسبووک یانێ دانی شتە



پەر سترۆم

کەسییەکانی ئەو کەسە و هەروەها داهاتووی ئەو کەسە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بێتو دوای ٣٠ ساڵی تر داوای کارێک بکا ئەوە کێ دەزانێ ئەوەی ئەو کەسە ئیمڕۆ لە فەیسبووکدا نووسیویەتی لەسەری نابێتە ماڵ و خاوەنکار لە ڕوانگەی ئەو نووسینانەی ئێستا بڕیار لەسەر دامەزران یان دانەمەزرانی ئەو کەسە نادا.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١دا ئێنیسا Enisa ڕێکخراوی ئاسایشیی ئینتەرنێت لە ئەورووپا بە بڵاوکردنەوەی لێدوانێک وشیاریی دا بەهەموو کاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو وشیارییە بەتایبەتی روو لەو کەسانەیە کە وێنەی خۆیان، دۆستان و خزم و کەسوکار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکەنەوە. Ulf Bergström وتەبێژی چاپەمەنیی ئێنیسا دەڵێ ئەو وشیارکردنەوە لەبەرئەوەیە چونکە ئەو وێنە و بەڵگانە بۆ هەتاهەتایە لە ئینتەرنێتدا هەمار دەکرێن و هەموو کاتێک لە هەوێڵدا دەبن و لە داهاتوودا لەو وێنە و بەڵگانە لە شوێنی تری نەخوازراودا بەپێچەوانەی ئەوەی کاربەر بیری لێ کردووەتەوە، کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. دیارە هەتا ئێستا بەرێوەبەری فەیسبووک وەڵامی میدیاکانی سەبارەت بەو پرسانە نەداوەتەوە.

پرسێکی تر لە فەیسبووکدا ئەوەیە کە فەیسبووک بەبێ ئەوەی کاربەرانی بزانن لە زەوق و سەلیقەی ئەوان کەڵک وەردەگرێ و لە ڕاستیدا هەم زەوق بە شەریکەکان دەفرۆشی. لەگەڵ ئەوەی هەر ئێستا فەیسبووک نرخەکەی بە میلیارد مەزەندە کراوە بەڵام هەتا ئێستا لە ڕێگەی کاربەرانەوە پارەیەکی زۆری وەدەست نەکەوتووە. بۆیە لە بەرنامە و پلانی فەیسبووکدا هەیە کە لەم ڕێگەشەوە پارە قازانج بکا و سیستەمێکی نوێی ڕێکلام دابمەزرێنێ کە لەسەر بنەمای پرۆفایل و ناسنامەی کاربەرانی فەیسبووک ڕادەوەستێت. پەر سترۆم لەسەر ئەم مژارە دەڵێ ئەم سیستەمە نوێیە بەو مانایە کە بۆ نموونە ئەگەر کاربەرێکی فەیسبووک لە پرۆفایلەکەیدا نووسی ئیمڕۆ حاڵم باش نییە و برێک بێوازم ئەوە شەریکەیەک کە دەرمانی ئانتی دەپرەسیڤ دەفرۆشی وەناو دەکەوێ و لەسەر دیواری ئەو کەسە لە فەیسبووکدا ڕێکلامی ئەو دەرمانە دادەنێ.

یەکە یەکەی ئەو ٤٠٠ هەزار کەسە سوێدییانەی کە لە فەیسبووکدا ڕێژیستر کراون، هەر کامەیان بۆ فەیسبووک نرخی ٢٦٠ دۆلاریان لە پێوەندی لەگەڵ نرخی مەزەندەییی ڕێکلامدا هەیە. ئەوە تەنیا لە سوێددا کۆی نرخی هەموو سوێدییەکانی فەیسبووک دەکاتە ٧٥٠ ملیۆن کرۆنی سوێدی بۆ فەیسبووک.

## لایەنی نەرێنیی فەیسبووک لە شوێنی کاردا

بەپێی ماڵپەڕی dagensmedia.se فەیسبووک لەمەودوا بە شوێن کاربەرانیدا دەگەڕێ کە سەردانی کامە ماڵپەڕ و کامە شوێن لە ئینتەرنێتدا دەکەن و بەو پێیە زەوق و ڕوانین و تێگەیشتنی

کـاربـەرانی بۆ دەرکـەوێ و لـەو سـۆنگەوە ڕێکلامـەکـانـی بۆ کـاربەر دەنـێـرێ و ئەوان دەخـاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕۆژانەی خۆیەوە.

لەلایەکی ترەوە پێ بە پێی ئەوە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک، تویتر، لینکەدین و هی تر نەک تەنیا لە مـاڵەوە بگرە لە شـوێنـی کـاریش هـەروا لە پەرەگرتنـدان، بەرپرسە کارییەکان لە ئەوروپا لەم بارەوە نیگەرانـن و پێیان وایە هەتا دەچێ خـەڵکی لە شـوێنی کارەکـەیان زیاتر لە تۆڕە کـۆمـەڵایەتییـەکـان کـەڵک وەردەگرن و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئەوە لەلایەکـەوە ئاسـتی بەرهەمـهێنانی ئەوان دابـەزێ و لەلایەکی تریشـەوە هـەرچی زیاتر نـهێنییـەکانی شـوێنـی کار بۆ دەرەوە درز بکەن و بڵاو ببنەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ئەوروپا لەلایەن ناوەندی Economist intelligence unit ئەنجام دراوە؛ لە هـەر بەرپرسێکی ئـەوروپایی کەسێکیـان بەشێوەیەکی نەرێنی لە تۆڕە کـۆمـەڵایەتییـەکان دەڕوانێ. بەتـایبـەتی ئەوە ئێـسـتـا ئازادییـەکی بەرفـراوان لەسـەر بەکـارهـێنانـی ئینتـەرنیت و تۆڕە کـۆمەڵایەتیـیەکـان لە شـوێنی کـار هەیە. ئاکـامی ئـەم لێکۆڵینـەوەیە لەسـەر پرسـیاری ئانکێت و چاوپێکـەوتنی قـووڵ لەگـەڵ ٣٩٠ بـەرپرس لە ٧ وڵاتـی ئەوروپاییـدا وەدەست هـاتووە. لەنێـو ئەو بەرپرسـانەدا ١٨ بەرپرسی سـوێدیش لە لێکۆڵینـەوەکـەدا بەشـدار بوون. بەپێی لێکۆڵینـەوەکـە بەرپرسـانی سوێدی زۆرتر نیگەرانی ئەوەن کە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمـەڵایەتییـەکان لە شـوێنی کار دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهـەمهێنان و هـاوکاتیش نهێنییەکانی شوێنی کار ئاشکرا دەکرێن.

## فەیسبووک وەک هۆکاری جیابوونەوەی ژن و مێرد

ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر دیسەمبری ٢٠١٠

www.dn.se

بەپێی لێکۆڵینـەوەیەک کە لەلایەن شـەریکەی دیڤۆرس ئونلاین Divorce-Online لە بەریتـانیا کـراوە، فەیسبووک وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی یەکێک لە هۆکـارەکانی جیابوونەوەی ژن و پیـاو لە یەکترییە. وەک هۆکاریش بۆچوونی کەسانی تر و هـەروەها بـڵاوبوونەوەی وێنەی نـاڕێک کە لەگەڵ چوارچێوەی ژن و مێردایەتیدا ناگونجێ، دەستنیشـان کراون.

بەپێی ڕۆژنامـەی دەیلی مـایل Daily Mail کـە لێکۆڵینـەوەکـەی دیوە، بڵاوبوونـەوەی هێندێک هـەڵسـوکەوتی نـەگونجـاو لە دەرەوەی چوارچێوەی بنەماڵە لە فـەیسبووک هـۆکـارێک بووە کـە بووەتە هـۆی جـیـابوونـەوەی ڕێژەی سێ لە بەشـی جـیـابـوونـەوەکـان لە بـەریتـانـیـا. بۆ نموونـە بینیـنی ئەو ڕەفـتـارە نەگـونجـاوانە لە شـێـوازی وێنە یان دانانی بـۆچووندا لە فـەیسـبـووک بووەتـە هـۆی ئەوە داخـوازی جـیـابوونەوە لەلایەن ژن و پیـاوێکەوە بکـەوێتـە ڕۆژەڤ. هـەر بەپێی لێکۆڵینـەوەکـە لە فـەیسبـووکدا خـەڵک لەگەڵ ژن و پیـاوە پێشـووەکانی خۆیان کـەوتوونـەتە پێوەندی، ئەم پێوەندییـەش دواتر ئاشکرا بووە و بووەتە هـۆی ئاژاوە لە ماڵدا. یان ئەوە کـەسێک بۆچوونێکی نەشیاوی لەسـەر

ژن یان پیاو داناوە و ئەمەش بووەتە هۆی توورەیی یان شک و گومانی هاوسەر. بێجگە لەوە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە، یەکێک بۆ جێژنێک یان بۆنەیەک داوەت کراوە کە ئەمە دواتر بۆ هاوسەر ئاشکرا بووە و بووەتە هۆی ئاڵۆزی و نەمانی متمانە لە نێوان ژن و مێرددا.

مارک کینان کە لێکۆڵینەوەکەی سەرپەرشتیی کردووە بە ڕۆژنامەی دەیلی مایل دەڵێ فەیسبووک نە تەنیا بەر لە جیابوونەوە دەتوانێ زەرەرمەند بێت بگرە لە دوای جیابوونەوەش کاریگەری خەراپی لەسەر پێوەندییەکانی ژن و مێردی لێک جیابووەوە دادەنێ. مارک دەڵێ: خەڵک دەبێ لە بەکارهێنانی فەیسبووکدا بەپارێز بن. هەر ئێستا لە مەحکەمەکاندا وەک بەڵگە لە زۆر وێنە و بەڵگەی تر لە فەیسبووک بۆ نموونە لەسەر کێشەی دابەشکردنی موڵک و ماڵ و هەروەها لەسەر ئەوە منداڵەکە بە لای ژن یان مێردەوە بێت و کامەیان منداڵەکە وەخۆ بگرن، کەڵک وەردەگیردرێ.

## پاشکۆی بەشی چوارەم

### ئینتەرنێتی کوردی و دیاردەی "ناوچەگەری"[11]

سیاوەش گۆدەرزی

لەم نووسینەدا دەمەوێ لە پێوەندی لەگەڵ ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ئینتەرنێتی کوردیدا چەند کورتە تێبینییەک لەسەر دیاردەی ناوچەگەری بخەمە بەر سەرنج. پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەو دیاردە ناوچەگەرییەی من لێرەدا باسی دەکەم، بەتەواوەتی لەگەڵ دیاردەی ناوچەگەریی کوردی کە لەنێو هێزی سیاسی و ئەدەبیاتی سیاسیی کوردییدا، باوە، جیاوازە. من ئەم دیاردە نوێیە، نە تەنیا وەک شتێکی خراپی نابینم بگرە ناوچەگەری لە ئینتەرنێتی کوردیدا وەک مەسەلەیەکی نوێ و پۆزەتیڤ دەیبینم. بوونی ئەم ناوچەگەرییە بە دژایەتی کردن و داڕەشاندانی ناوچەی تر، نەبەستراوەتەوە، بگرە گرینگیدان بە ناوچە وەک پێویستییەکی ناوچەیی و پاشان هەرێمی دەبینرێ. لەم دیاردە ناوچەگەرییەدا خۆیی دەرکەوتن لە ناوچە نەک تەنیا بە زیانی ناوچەی تر نییە و لەسەر حیسێبی ناوچەی تر نییە بگرە ناوچەگەرەکان چ بیانەوێ، یان نەیانەوێ ئەوە لە ڕێگەی خزمەت بە ناوچەیەکەوە، خزمەت بەناوچەکانی تر یان هەموو کوردستان دەکەن.

دیاردەی ناوچەگەریی نوێ چ لە بواری ئاخاوتن و نووسین بەزاراوەی ناوچەیی یان نووسین لەسەر مێژوو، جوگرافیا و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شار و گوندەکانی کوردستان لە ماڵپەڕە تایبەتییە ناوچەیییەکاندا لە خۆیدا کۆمەک و پاڵپشتێک دەبێ بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و لەلایەکی تریشەوە بایەخ پێدان و بەرفرەترکردنی دۆزی سیاسیی کوردی. هەر لە گۆشەنیگایەکی تریشەوە، ئەم ناناوەندی بیرکردنەوە و گرینگیدان بە ناوچە لە خۆیدا دیاردەیەکی دیموکراتیکە و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی باوی ناوچەگەریی کوردی وەک کرمانجی و سۆرانی (کوردستان)، سلێمانی و هەولێری (باشووری کوردستان) و ناوەندی و جنوبی (ڕۆهەڵاتی

کوردستـان) لە دەمـارگرژیی ناوچـەیی و پاوانخـوازیـی ناوچەیەک یان دیالێکتێکی سـەردەست بە دووەرە و یەکێک لە ئاکامـە سەرەتاییەکانیشی ئەوە دەبێ کە وردە وردە کولتووری دیمـوکراتییانە لەنێو کورددا یان لانی کەم لە ئینتەرنێتی کوردیدا پەرەی پێ دەدرێ.

کاتێک کۆمەڵناسـەکان کۆمەڵگەی پێشـوویان بە "کۆمـەڵگەی پێشـەسازی" ناودەبرد و کۆمەڵگەی ئیمرۆ بە "کۆمـەڵگەی ڕاگەیاندن" پێناسە دەکەن، بێگومـان هۆیەکەی تەنیا بەئاگابوون لـە شۆڕشـی گەورەی زانیاری و ڕاگەیاندنە، شۆڕشێکی کولتووری کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە خەریکە بگاتە هەموو کون و قوژبنێکی هەتا دوێنێ نەناسراوی جیهان.

ڕەوتی بەجیـهانیبوون لە بواری میدیا و پەرەگرتنی لە ڕادەبەدەری ئینتەرنێت زۆر جێگەی بەتاڵ و کەلێنی گـەورەی لە جیـهانی میدیا و ڕۆژنـامـەوانیی کوردیدا پڕ کردووەتەوە. لێرەدا مـەبەست، ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی کوردییە کە ئیمڕۆ بە سـەدان و ئەگەر ماڵپەڕە کەسییەکانیش لە بەرچاو بگرین بە هـەزارانـی کەوتووەتە سـەر شـاشـەی کۆمپیوتەرەکان. لەپاش تەلەڤزیۆنە مـانگیلە کـوردییـەکـان، ئینتـەرنێت و ڕۆژنـامـەی ئەلیکتـرۆنیـیـەکـان ڕۆڵێکی هەرە مـەزن لە گـواسـتنەوەی هەواڵەکان و هەروەها ڕۆشنگەری خەڵکدا دەگێڕن.

تیـۆری بەجـیـهـانیـبـوون بە تایبـەتی لە بـواری بەجـیـهـانیـبـوونی مـیدیادا لـە خـۆیدا لـە چەمکی گلۆکالیزاسیـۆندا بەشێوەیەکی چڕ باس لە مـەسەلەی ناوچەگەری دەکا. لێرەدا جێی خـۆیەتی هـەم وەک پاڵپشتێکی تیۆری بۆ باسەکە و هەمیش لەبەرئەوەی باشتـر دەربکەوێ کە تابووی ناوچەگەری وەک هـەتا ئێستا لە کوردستاندا باو بووە، لە جێی خۆیدا نییە، ئاوڕێک لە چەمکەکانی لۆکالیتە و گلۆکالیزاسیۆن بدرێتەوە.

لۆکالیتـە یان ناوچەگەری یانێ گرینـگیدان بەناوچەیەکی تـایبەت یان بیـرکـردنەوەی ناوچەیییـانە سـەبارەت بەهـەمـوو کێشـەیەک ئیتـر سیاسـی، فـەرهـەنگی، کۆمەڵایەتـی و، ... بێ. بەڵام لە سـەردەمی بەجیـهانیبووندا و بەتایبەتی لە گلۆکالیـزاسیـۆندا لۆکـالیتە یان ناوچەگەریی بەستراو کە پێوەندیی لەگەڵ جیـهـانی دەرەوەی خۆی نییـە و قەتیس ماوە، بوونی نییـە و هەموو کێشـە ناوچـەیییـەک یان هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی ناوچە تەنیا لە کـۆنتێکستێکی بـەرفرە و جیـهـانیدا دەتوانێ مـانا بدا. چونکە بەجیـهانیبوون و سەردەمی نوێش ڕاست بەو مانایەیە کە هەمـوو کێشـەکان لە پلەی هەرە خوارەوە وەک سوبلۆکاڵ (لە ناوچە چکۆڵەتر)، لۆکال (ناوچە)، ڕێجیناڵ (هەرێمی) هەتا پلەی هەرە سـەرەوە گلۆباڵ (جیـهانی) بگرە هەر کامـە لە حـاستی خـۆیەوە تێکهەڵکێشـی ئەوی تر بووە. هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە کـێشـەیەک بـۆ نموونە کێشــەیەکی ناوچەیـی ناچارین ئەو کێـشـەیە تەنیـا لە پێوەندیی خۆیدا نەبینین بگرە ئەو کێشـەیە لە گۆشـەنیگای جیاوازی جیـهانی، هـەرێمی، ناوچەیی و تەنـانەت گـوندی (سـوبـلـۆکـاڵ) ببـینین. کـۆمـەڵناسـێکی وەک ئـولریش بێک لەو بڕوایـەدایە کـە بەجیـهانیبوون لە خـۆیدا نە بەمـانای ئەوەیە، ناوچە لە ڕادە بەدەر بەهێز (ڕێلۆکالیتـە) دەبێ، نە بە مانای ئەوەشە کە بە تەواوەتی ناوچەیی بیرکردنەوە (دێلۆکالیتە) نامێنێ. ناوچەییی بیرکردنەوە

یان لۆکالیتەیەک کە لە بەجیهانیبووندا باس دەکرێ و لەگەڵ پرۆسێسی بەجیهانیبووندا دەتوانێ بگونجێ و مانا بدا ئەوەیە کە لە خۆیدا دەبێ تەنیا خاوەنی تایبەتمەندیی لۆکاڵ یان ناوچەیی نەبێ بگرە لە هەمان کاتدا لۆکاڵە تایبەتمەندیی جیهانیشی هەیە، یانێ گلۆکالیزێرەیە.

گلۆکالیزاسیۆن چەمکێکە کە لە باسی بەجیهانیبووندا زۆر وەبەرچاو دەکەوێ و مانای ئەوە دەدا کە بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون لە یەک پرۆسێس و کاتدا تێکەڵ بە یەکتری دەبن. ئەم چەمکە بەهۆی سۆسیۆلۆجی هیندی- ئەمەریکایی ئاپارادووری Apparadurei لە پێوەندی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی لەسەر چۆنیەتیی ژیانی هیندییەکانی دانیشتووی ئەمەریکا و شێوەی کەڵک وەرگرتنیان لە سیمبۆلە ناوچەیییەکان لە میدیادا بە چڕ و پان و بەرینی هێنایە نێو باسەکانی بەجیهانیبوون. مەبەست لە گلۆکالیزاسیۆن ئەوەیە کە دیاردە جیاوازە جیهانی و ناوچەیییەکان پێکەوە و لە کات و پرۆسێسێکی وەک یەکدا تێکەڵ بەیەکتری دەبن و لە هەمان کاتدا ناوچە هەوییەتی خۆی دەپارێزێ بەڵام جیهان بەرەو تاک کولتووری یان کولتووری وەک یەکی ناچێ و مۆزایکی کولتووری جیهان تەنانەت لە پرۆسێسی بەجیهانیبووندا نەک تەنیا دەپارێزرێ بگرە بەهێزیش دەبێ. هەوییەتێکی ناوچەیی کە تایبەتمەندیی جیهانیی هەیە، بەهێز دەبێ.

من لە نووسینەکانی ترمدا[١٢]. لەسەر گونجاندنی تیۆری گلۆکالیزاسیۆن لەسەر ئیتنیسیتەی کوردی باسی ئەوەم کردبوو کە ئەم جۆری بیرکرنەوەی سۆسیۆلۆجییانە لەسەر ناوچەییبوون و هەروەها بە تایبەتی تیۆری گلۆکالیزاسیۆن دەکرێ لەگەڵ دروستکردنی هەوییەتی کوردی و بەتایبەتی بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی کوردی لە پرۆسێسی بەجیهانیبووندا لە میدیای کوردیدا بگونجێ. چونکە دروستکردنی هەوییەتی کوردی بۆ خۆی لە سەردەمی ئێستادا دوو لایەنی گلۆباڵ و ناوچەیی هەیە. ناوچەیییە بەو مانایە کە سیگناڵە میدیایییەکان بەمەبەستی دروستکردنی هەوییەتی کوردی دەنێردرێن کە لە خۆیدا هەوییەتی کوردی لە پێوەندیی جیهانیدا ناوچەیییە و تەنیا پێوەندیی بە ناوچەیەکی چکۆڵە لە جیهانەوە هەیە کە تەنانەت ئەم ناوچەیەش بە شێوەیەکی فەرمی بوونی نییە یانێ لەسەر نەخشەی جیهانیبوونی یاسایی نییە. کەوایە هەوییەتی کوردی هەوییەتی ناوچەیییە. بەڵام ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە لە دروستکردنی ئەم هەوییەتە ناوچەیییەدا بەکار دەبرێن وەک تەلەڤزیۆنە مانگیلەیییەکان و ئینتەرنێت لە خۆیدا تایبەتمەندیی جیهانییان هەیە و پێوەندییان بە ناوچەیییەکی دیاریکراوەوە نییە و سیگناڵە میدیایییەکان بەهۆی ئەم ئامرازانەوە لە هەموو بەشە جیاوازەکانی جیهاندا بڵاو دەبنەوە.

مەبەستی من لە گونجاندنی تیۆری گلۆکالیزاسیۆن لەسەر دروستکردنی هەوییەتی کوردی لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەوەیە کە هەوییەتی کوردی کە هەوییەتێکی ناوچەیییە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و بەهۆی پێشکەوتووترین ئامرازی ڕاگەیاندن وەک تەلەڤزیۆنی مانگیلە و ئینتەرنێتدا لە جاران زیاتر بەرچاوترە. یانێ هەوییەتێکی ناوچەیی تێکەڵکێشی پرۆسێسی بەجیهانیبوون بووە یان ئەوە کە هەوییەتی کوردی تایبەتمەندییەکی هەوییەتی گلۆکالیزاسیۆنی هەیە.

ئێمە دەتوانین ئەم تایبەتمەندیی هەویەتی گلۆکالیزاسیۆنە لە پلەیەکی خوارەوەتر یانێ لە ئاستی زاراوە و ناوچەکانی کوردستانیشدا بە ڕوونی ببینین. کرانەوە و وەگرکەوتنی سەدان و بگرە هەزاران ماڵپەڕی بچووکی گرووپی یان کەسیی کوردی تایبەت بە زاراوە بچووکەکانی کوردی، ناوچە و شارەکانی کوردستان و تەنانەت گوندەکانی کوردستانیش نموونەی پەرەگرتنی دیاردەی ناوچەگەری لە ئینتەرنێتی کوردیدان. من لێرەدا تەنیا دوو نموونەیەکی بچووک لەم دیاردەی ناوچەگەرییە لە ئینتەرنێتی کوردیدا بە نموونە دێنمەوە:

- زاراوەی هەورامی

زاراوەی هەورامی هەتا نیو سەدەیەک لەمەوبەر، زمانی سەردەستی نووسینی شیعری کوردی نە تەنیا لە ناوچەکانی هەورامان بگرە لە بەشێکی زۆر خاکی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. دیالێکتی هەورامی لانی کەم مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی هەژموونی لە زمانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا هەبووە. بەسەرهەڵدان و پەرەگرتنی نووسین بە کرمانجیی خواروو لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان و بەتایبەتی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی، وردە وردە زاراوەی هەورامی کەوتە قەراخەوە و تەنانەت ئاخێوەرانی دیالێکتی هەورامیش بۆ خۆشیان لە زاراوەی هەورامی کەڵکیان وەرنەدەگرت. بەسەرهەڵدانی ئینتەرنێت و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، خەریکە جارێکی تر زاراوەی هەورامی گیانێکی نوێی وەبەر بخرێ.

ئیمڕۆ بێجگە لەوە چەند ماڵپەڕ بەناوی هەورامان هەیە یەکێک یان دوو لەو ماڵپەڕانە بە تەواوەتی بە زاراوەی هەورامی دەردەچن. زاراوەی هەورامی نە تەنیا لە باسە ئاساییەکاندا بەکار دەبرێ تەنانەت نووسین و تێکستی قووڵی سیاسیشی پێ بڵاو دەکرێتەوە (وەک وەبیرهێنانەوە پێویستە بگوترێ کە پێشتر بێجگە لە شیعر، زۆر بەکەمی تێکست و نووسینی نەسر بەهەورامی بڵاو کراوەتەوە). وەک نموونە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە وەرگێڕانی کتێبێک لەسەر فیدرالیزم[١٣]. لە زمانی سوێدییەوە بکرێ کە وەرگێڕدراوەتە سەر هەورامی و لە ماڵپەڕی هەورامان www.hawraman.com دانراوە. وەرگێڕانی کتێبێکی لەو بابەتە بۆ سەر هەورامی کە لە خۆیدا نووسینێکی ئەکادیمیی سوێدییە نیشان دەدا کە چ گرینگییەک بە ناوچە یان زاراوەیەکی ناوچەی دراوە. لێرەدا دەتوانین ئەو ئاکامە وەربگرین کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە، زاراوەیەکی کوردی کە مەترسیی مرانی لە نووسیندا هەتا دوێنێ وەبەر نرابوو، ئیمڕۆ ئەو شانسەی دراوەتێ کە جارێکی تر بگەڕێتەوە. ئەمەش لە خۆیدا یانێ فرە دەوڵەمەندتربوونی زاراوەی هەورامی و لە ئاکامیشدا زمانی کوردیش بەگشتی.

- شاری کرماشان و وێبلاگ و ماڵپەڕەکانی

ئیمڕۆ کەم شاری کوردستان هەیە کە لە ئینتەرنێتدا ماڵپەڕی تایبەتی بۆ چێ نەکرابێ. هەر لە لیستی لینکی ماڵپەڕەکانی ماڵپەڕی "دیمانە"دا دەتوانرێ دەیان ماڵپەڕی شار ببیندرێتەوە. بە چاوخشاندنێک بەو ماڵپەڕانەدا دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەی قورساییی کار خراوەتە سەر نووسینی

پێوەندیدار بە شارەکانەوە و شارەکانن کە لە ناوەندی باسەکانی نێو ماڵپەڕەکەدان، بەڵام شارەکانیش وەک شارەکانی کوردستان یان بەشێک لە خاکی گشتیی کوردستان سەرەنجیان دراوەتێ. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ کە لە ڕێگەی شارێکەوە یان ناوچەیەکەوە، هەموو کوردستان ناسێندراوە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوە مێژوو و هەلومەرجی ئێستای شارەکان لە جاران باشتر بناسرێن.

بۆ نموونە بێجگە لە ٧٧ ماڵپەڕی فەرمی و نافەرمی کە بۆ کرماشان دانداروە تەنیا لە لیستی وێبلاگەکانی کرماشاندا زیاتر لە ١٣٨ (ڕۆژێک دوای نووسینی ئەم نووسینە ژمارەی وێبلاگەکان بوون بە ١٤٠ و ڕەنگە ئێستاش لەو ژمارەیە زیاتر تێپەڕ بووبێ) وێبلاگ بە کوردی و فارسی بەهۆی کرماشانییەکانەوە کەوتوونەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. وێبلاگەکان هەمەچەشنەن و هەر وێبلاگێک بیر و بۆچوون و تێڕوانینێکی جیاواز بڵاو دەکاتەوە وەک وێبلاگی فەرهەنگی، ئیتنیکی، سیاسی، کوردایەتی و هی تر. ئەم وێبلاگانە لە خۆیاندا بێجگە لەوە هەوییەتێکی ناوچەییان هەیە و نیشانەی گرینگیدان بە ناوچەیەکی تایبەتیان پێوە دیارە لە هەمان کاتیشدا کوردستانین و ناوچە نەک وەک تەنیا ناوچە بگرە ناوچە لە کۆنتێکستێکی بەرفرەی کوردستانیدا لەم وێبلاگانەدا خۆ دەنوێنێ. جۆرەوجۆریی ئەم وێبلاگانە لەلایەکی تریشەوە دەکرێ بگوترێ کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەو جێگیربوونی خۆبەخۆی جۆرێک دیموکراسی لە ئینتەرنێتی کوردیدا . بۆچی دیموکراسی؟ چونکە ماڵپەڕ و وێبلاگە جۆرەوجۆرەکان، خوێنەرەکان بە تێگەیشتنی جیاوازی سیاسی و سەلیقەی جۆرەوجۆرەوە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

سەرچاوەکان:

Beck, Ulrich (1998), Vad innebär globaliseringen? :Missuppfattningar och möjliga politiska svar.Daidalos AB, Göteborg

http://www.hawraman.com/

http://www.kermanshahweb.com/4/req/Viewsite.asp

http://www.kermanshahweb.com/4/req/Viewsite.asp

پەراوێزەکان:

(١) بو لۆف Bo Leuf لە وتارێکدا بە ناوی The wiki way: Quick collaboration on the web دەنووسێ: ویکی ئەو شیانە دەخاتە بەردەم هەموو کەسێک کە بە تێکست و نێوەرۆکی تایبەتی ئەو کەسەوە بەئاسانترین شێواز لە دەوڵەمەندیی ماڵپەڕی ویکیپێدیادا بەشداری بکا و هاوکات بە لینک دانان هەموو بابەت و ناوەڕۆکە جیاوازەکان پێکەوە لێک گرێ دەدا و پێکەوە لە شوێنێکدا پێکیان دەبەستێتەوە.

(٢) براین سۆلیس Brian Solis پێناسەی میکرۆبلۆگارە بەم شێوەیە دەکا:

"Any form of concentrated content created using social tools that broadcast voice, video, images, or text to friends and followers within dedicated Web and mobile communities"

(3) "Media Snackers"

(٤) ئەم نووسینە بەر لە بڵاوکردنەوەی لە شێوازی کتێبدا ماتیاس بوسترۆم لە ئینتەرنێتدا بڵاوی

کردووەتەوە بۆ ئەوەی خوێنەران لەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکە بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن و دواتر ماتیاس لە کتێبەکەیدا کەڵکیان لێ وەربگرێ. تێکستی ئەم وەرگێڕانە هەمان نوسخەی یەکەمە کە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە. (وەرگێڕ).

(5) Brit Stakston: Politik 2.0. Konsten att använda sociala medier. Beijbom Books 2010

(٦) ئەم نووسینەی هانا یوهانسۆن تایبەت بۆ قوتابیان نووسراوە و لە ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردەی سوێددا داندراوە. هەم چوارچێوە و هەم ناوەڕۆکی بابەتەکە زۆر بە سادەیی نووسراوە و زانیارییە پێویستییەکان لە پێوەندی لەگەڵ پێداویستییەکانی قوتابیاندا باس کراوە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش لەلایەن منەوە هەمان زانیاریی چڕوپڕ و سادەبوونی تێکستەکە بوو. (وەرگێڕ).

(٧) بۆ نموونە لە سوێددا لە سەرجەمی ٣٤٩ ئەندامی پەرلەمان ٣١٥ کەس لە فەیسبووکدان، یانێ ڕێژەی ٩٠٪ی کۆی ئەندامانی پەرلەمانی سوێد. (وەگێڕ).

(٨) بەپێی پێناسەی ناوەندیی ئامارگیری نوردیکۆم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان تۆڕە میدیاییەکان بریتین لە هەموو جۆرە میدیایەک لە ئینتەرنێتدا وەک تەلەڤزیۆنەکان، ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتر، بلۆگ و یوتیوب و هی تر.

(٩) مەبەست لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت ئەو تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە نەریتییانەن کە ئێستاش ئەوان بۆ بازاڕگەرمی ناچار بوون ڕوو لە ئینتەرنێت بکەن و خزمەتەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کە زۆرجار بەخۆڕاییە، پێشکەش بکەن. (وەرگێڕ)

(١٠) من بۆ خۆم لە فەیسبووکدا هەم و بەهەمان شێوەش بەدەیان هەزار کوردی تریش هەروا. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یەک لەوان فەیسبووک نەک تەنیا لە ڕۆژئاوا بگرە لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەی فەیسبووک بەبێ جیاوازیی سنوور و جوگرافیا نزیک بە میلیاردێک کاربەری لە پانتاییی جیهاندا هەیە بەو حاڵەش و سەرەڕای هەموو ئەو لایەنە ئەرێنییانە لەم کتێبەدا باس کران، لە فەیسبووکدا چەند لایەنێکی نەرێنیش هەن، کە لەم بەشە لە کتێبەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ. (وەرگێڕ)

(١١) ئەم نووسینە ساڵی ٢٠٠٥، حەوت ساڵ لەمەوبەر لەلایەن منەوە تایبەت بە بلۆگەکەی خۆم نووسراوە. ئەگەر فاکتای ناو نووسینەکە کۆنن لەبەر هەمان هۆکارە. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم باسە ئەگەرچی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەباسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە بەڵام هاوکات پرسی ناوچەگەری و قایمبوون و لێک گرێدانی هەرێمی لە ئینتەرنێتی کوردیدا ئێستاش لە ڕۆژەڤدایە. بەکورتی ئەو تیۆرییەی باسەکەی لەسەر دارێژراوە ئێستاش تیۆرییەکی گەرم و جێی باس و موناقەشەی کۆمەڵناسییە لە بواری کاریگەری ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر بۆیە دانانی ئەم نووسینە وەک پاشکۆ لێرەدا ئەگەر سوودی نەبێ ئەوە زەرەریشی نییە. (وەرگێڕ).

(١٢) ١: نامەی بەکالۆریۆسی نووسەر لە سۆسیۆلۆجی

Kurdiskt identitetsskapande i en kontext av globalisering

En studie av den kurdiska satellittelevisionens inverkan på kurdisk identitetsbildning

(١٣) ناوی کتێب: Federalism

نووسەر: Petersson Olof ، پرۆفیسۆر لە زانستی سیاسی و بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە ناوەندیی SNS سوێدی

ساڵی چاپ: ٢٠٠٤.

# کەڤاڵە...
# فیستیڤاڵی فیلیپی و ئۆتێللۆ

دانا رەئووف

هەموو گەشتێک بۆ گریکلاند وەک ئەوە وایە بەدوای نهێنییەکی دێرین، سەرەتاکانی دنیا و گەردوونێکی بزر و لە هەمان کاتدا ئامادەدا بگەڕێیت. ئەم وڵاتە وەک کتێبێکی کراوە وایە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێیدا رەوشی نوێ، ناواخنی جیاواز، وێنە و بابەتی تری تێدا دەدۆزیتەوە.

گرێکلاند مێژوویەکی دێرینە و چەندین مێژووی تر لەنێو ڕووپەرەکانیدا، لەنێو ڕووداوەکانیدا، لەنێو جەنگە یەک لەدوای یەکەکانیدا، لەنێو فیستیڤاڵەکانی دیۆنیزیۆسدا، لەنێو ئەفسانە و داستانەکانیدا، لەنێو سووڕە بەردەوامەکەی شەو و رۆژیدا و لەنێو گفتوگۆی فەیلەسووفەکانیدا لەخۆ دەگرێت. گرێکلاند دنیایەکە پڕ لە هەتاو و زەریا و دوورگە. شانۆ و زانست و فەلسەفە لە ئامێزی گەرمی و رووناکی، چیای بەرز و دۆڵی سەوز، دارزەیتوون و ڕەزی ترێدا، لەدایک بوون.

لە گرێکلاند هەست بەدەستپێکی لەدوانەهاتووی جیهان دەکەیت، پاشماوە دێرینەکان ئاماژە و ئامادەبوونێکی بەهێز و بەردەوامییەکی راستەوخۆی ئەمڕۆمانن. شانۆی گرێکی، سەرەتاکانی فەلسەفە لەگەڵ شانۆیەکی مۆدێرن و تەوژمە فەلسەفییەکانی ئەمڕۆ لە پێکداچوونێکی بەردەوامدان و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین.


دە ساڵ لەمەوبەر لە (ئەسینا) و لە کەناری دوورگەی (پیرۆیۆس)ەوە، لەو کەنارەدا کە زۆربا، رۆژێکی باراناوی بەرەو کرێتا رۆیشت، بەرێ کەوتم: لە ئەمەرگۆزەوە بۆ ناکسۆس، سیرۆس، میکۆنۆس، دێلۆس و کوفوونیس... هتد. بۆ یەکەم جار لە ئەسینا و لەم دوورگانەدا هەستم بە وزە و هێزی مێژوو کرد، بە کاریگەریی رابردوویەک کە هەرگیز لە رابردوودا بزر نەبووە و لەسەر ئاستێکی بەرز لە ژیانی کولتووری و رۆشنبیریماندا، لە هەست و نەستی تاک و کۆماندا بوونی هەیە و دەژی.

## کەڤاڵە/ دەروازەیەک بۆ مێژوو

کەڤاڵە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی گریکلاند، لە هەمان کاتدا شارێکی مۆدێرنە و چەندین جار بەهۆی شەڕ و پێکدادانەوە وێران کراوە و سەرلەنوی ڕۆنراوەتەوە[1] ئەم شارە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی بەر لە زاینەوە، بەناوی (نیاپۆلیس)ەوە دروست کراوە. ئەم ناوەش بە گریکیی کۆن مانای (شاری نوێ)ی گەیاندووە و بۆ ئەودەمەی شارستانییەتی گریکلاند شار و ناوچەیەکی گرینگ بووە. ئەم شارە نوێیە هەر لە سەرەتاوە لە رووی گرینگیی شوێن و جوگرافیای ناوچەکەوە، هاوپەیمانییەکی سەربازی و بازرگانیی لەگەڵ ئەسینا مۆر کردووە[2] بەڵام شا فیلیپی دووەم لە ساڵی ٣٥٦ی بەر لە زاین، کەڤاڵە و دەوروبەرەکەی داگیر دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە تا ئێستاش بەشێکی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی شاری فیلیپی بەناوی ئەم پادشایەوە ناوزەد کراوە[3].

لە ئەسیناوە بەڕێ دەکەوم و دوای نیوەڕۆیەکی گەرم لە شاری کەڤاڵە، لە نزیک کەنارەکانی دوورگەی تاسۆس دادەبەزم، تیشکی هەتاوەکە بە شاقووڵی هاتووەتە خوارەوە، هیچ شوێنێک نییە خۆمان لە گەرماکە بشارینەوە، خانووبەرە و ژووری چاوەڕوانی لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەکەوە دوورە.

گرفتێک لە ئارادایە و ئێمە تێی ناگەین. پاسەکان کە دەبێت بمانگەیەننە هۆڵی چاوەڕوانی و چوونە دەرەوە، دیار نین و کارمەندەکان بە تەلەفۆنەکانی دەستیانەوە، بەشپرزەیی و لە رەوشێکی



پەشێودا دێن و دەچن و بەدەنگی بەرز لەگەڵ یەکتریدا قسە دەکەن.

ئەم سەفەرەم بۆ شاری کەڤاڵە لەسەر ئەرکی یەکەتیی نووسەرانی سوێدە و بۆ ماوەیەک لە (ماڵی سوێد) کە خانووبەرەیەکی گەورەیە و بەسەر یەکێک لە بەرزاییەکانی ئەم شارەوە، دوور لە سەرقاڵی و گێروگرفتەکانی رۆژگارەوە، دەخوێنمەوە، دەنووسم و سەیری شانۆ و ئاسەوارە دێرینەکان دەکەم[٤].

بە تەکسییەکە، کە لە ماڵی سوێدەوە بۆیان ئامادە کردووم، دەگەمە ناو کەڤاڵە. شارەکە دەکەوێتە ئامێزی چیا و کۆمەڵێ گردی گەورەی سەوز و لە بەردەم دەریای ئیجەدا، بە سەرێکی بەرزەوە راوەستاوە.

شۆفێرەکە کوڕێکی گەنجە و ماشێنەکەی لە تەکسی ناچێت، بۆیە لێی دەپرسم: "ئەمە لە تەکسی ناچێت، ماشێنەکەت زۆر جوان و پاکوخاوێنە". ئەویش دوای ئەوەی چاویلکە رەشەکەی لادەبات، بە سیمایەکی پڕ لە پرسیارەوە سەیرێکم دەکات، وەک ئەوەی من ئاگەداری رووداوێکی گرینگ نەبووبم.

– شۆفێری تەکسییەکان مانیان گرتووە، هیچ تەکسییەک لە هەموو گرێکلاندا کار ناکات، ئەمە ماشێنی خۆمە، بۆ ئەوەی نەمناسنەوە، خۆم و باوکم کار بۆ ماڵی سوێد دەکەین و دەبێت لەم کاتانەشدا یارمەتییان بدەین. من ناوم (تییۆ)یە و تا لێرەیت من یارمەتیت دەدەم.

## ماڵی سوێد

ژوورەکەم دەکەوێتە نهۆمی سەرەوە، بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوم و لە دەستە چەپەوە و بە ڕاڕەوێکدا دەچمە ناوەوە، دەرگەی ژوورەکەم دەکەمەوە و دەچمە ژوورەوە[٥].

کڵێسایەکی گەورە بەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەم خۆی راست کردووەتەوە، زەنگی کڵێساکە بەشێوەیەکی لار نەویوەتەوە و تاوەرە بەرزەکەشی بە خاچێکەوە، رووەو ئاسمان لە نوێژ و نزایەکی بەردەوامدا وەستاوە.

بە دەستە راستدا دەرگەیەکی تری گەورە دەچێتەوە سەر بانیژەیەکی فراوان. دەچمە بانیژەکە، تا چاو بڕ بکات زەریایەکی گەورە خۆی بەهەموو لایەکدا بڵاو کردووەتەوە، لەو سەرەوە، لە خاڵێکی نادیارەوە، لە ئاسۆگە دوورەکانەوە زەریاکە بە شێوەیەکی ئەفسووناوی درێژ بووەتەوە و لە جووڵەیەکی ئەبەدی و لە پێکداچوونێکی خواوەندانەدایە، زەریا گەورەکە بە ڕەنگە سپی و شینە کاڵەکەیەوە لەنێو بریسکەی هەتاو و تەمی ئاسۆگە و ڕەنگی ئاسماندا تێکەڵاو بووە.

ڕەنگەکان بە بەردەوامی گۆڕانیان بەسەردا دێت: ڕەنگی دەریا و ئاسمان و تیشکی هەتاوەکە. ڕەنگی هەموو شتەکان بە بەردەوامی لە گۆڕاندان، دیوار و ساپیتەی ژوورەکەم، بەلەمی

ماسیگرەکان، لمی کەنار زەریاکان، لق و پۆپی دار و درەختەکان، پەڕوباڵی نەوڕەس و تەنانەت ئەستێرەکانی ئاسمان. ڕەنگەکان لەم ولاتەدا لە گەمەیەکی پەلکەزێڕینەدان و لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لە بانیژەکەدا دادەنیشم و تەماشای زەریاکە دەکەم، وەکو ئەوە وایە لەناو بەلەمێکدا دانیشتبم. بەلەمەکە لەنگەری گرتووە، زەریاکەش لە چاوەڕوانیی شنەبا و شەپۆلێکی بچووک و گەمەی نەوڕەسەکاندا وەستاوە. چەندین کەشتیی چارۆکەدار لە دوورەوە بە بچووکی دەبینم، زەریاکە دەبڕن و لە ئاسۆگە سپییەکاندا، لەنێو تەمومژ و هەور و زەریا و ئاسماندا بزر دەبن. ئێرە (نیشتمانە شاراوە)کەی کازانتزاکیس- ەو ئێستا و لەم ساتەدا، لەژێر تیشکی خۆرەکە، وەک پارچە زێڕێک دەبریسکێتەوە و لە چاوتروکانێکدا بەرگە ئەفسانەییەکەی جارانی دەپۆشێت.

## قەلایەک دەبێتە شار

ئەم ناوچانە لە سەردەمە دێرینەکانی بەر لەدایکبوونی مەسیحدا بەشێک بوون لە سەرەتا و دەستپێکردنی شارستانییەتی گریکلاند. کەشتییەکان لە کەنارەکانی ئەم ناوچانەوە هاتوچۆیان کردووە، سوپاکان لەم شوێنانەدا بە یەکدا هەڵپژاون، فەیلەسووف و رۆشنبیرەکان لێرەوە چوون بۆ ئەسینا و شار و جێگەکانی تر. شاری کەڤاڵە لە قەلایەکەوە دەست پێ دەکات، قەلاکە فراوان دەبێت و بەچواردەوریدا بۆ خوارەوە دەبێتە شار. ئەم قەلایە بەسەر تەپۆلکەیەکی بەرزەوەیە و دەکەوێتە ناوەندی ئەمڕۆی شاری کەڤاڵەوە، هەر لێرەشەوە بەشێک لە مێژووی ئەم شارە دەست پێ دەکات و هێزە داگیرکەرەکان ئەم قەلایە دەکەنە پێگە و بنکەیەکی سەربازی و ئیداریی خۆیان. رۆمەکان، مەکەدۆنییەکان، بێزەنتینییەکان، فێنیسییەکان و تورکەکان دێنە ئەم قەلایەوە، خاپووری دەکەن و سەرلەنوێ دروستی دەکەنەوە و دواتر بەو شێوەیەی لێ دەکەن کە خۆیان مەبەستیان دەبێت[٦].

لە کەناری زەریاوە سەیرێکی قەلاکە دەکەم، رێگەکەی لە بەشە دێرینەکەی شارەوە بەرەو سەرەوە، بۆ ناو قەلاکە درێژ بووەتەوە. لە دوورەوە وەک شوورایەکی گەورە یان پردێک (ئەکڤادوکت)ێک بە تاقە بەرز و زەبەلاحەکانیەوە بەرز بووەتەو[٧].

لە تاقەکانی ئەم ئەکڤادوکتە گەورانەوە کە بووەتە دەروازەیەک بۆ قەلاکە، دەچمە ژوورەوە، بە کۆلانە باریکە پێچاوپێچەکاندا یەک لەدوای یەک سەردەکەوم تا دەگەمە ناو قەلاکە. بەر لەوەی بچمە نێو دەرگەکەوە، لەبەردەم تاوەرە بەرزەکە و بە بەرزاییەکەوە، شانۆیەکی بچووک بەشێوەی نیوە بازنەیی بە رووی ئاسماندا کراوەتەوە[٨] قەلاکەش لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی دەرەوە و بەشی ناوەوە، ئەم دوو بەشەش بە شوورایەک لەیەک جیا کراونەتەوە، لە دەروازەی قەلاکەشدا تاوەرێکی خڕی گەورە بەرز بووەتەوە.

لەسەر تاوەرەکەوە نەک تەنیا شاری کەڤاڵە، بگرە هەموو ناوچەکە، کەنارەکان، ڕێگەکانی دەوروبەر، چیاکانی پشتەوە، هەموو ئاسمان لێرەوە، لەسەر ئەم تاوەرەوە دیارن(٩).

## شارێک لەودیو سنوورەکانی بیرچوونەوەدا

دەمەوئێوارەیەکی درەنگ لیسا و دالیا لە دانیمارکەوە دەگەنە کەڤاڵە. تییۆ-ی شۆفێر دێت و پێکەوە دەچین بەشوێنیاندا، تییۆ بە ڕێگەیەکی کۆندا دەڕوات کە بەنێو کۆمەڵێک چیا و کەناری زەریا و دارزەیتوون و ڕەزی ترێدا تێ دەپەڕێت.

شەقامەکە لە پێچپێکدا، لە تووڵە ڕێگەیەکەوە بەنێو چیاکاندا بەرز دەبێتەوە، هەندێک جار لێرە و لەوێ ئاسەواری کۆشک و هۆڵە گەورە دێرینەکان دەبینین. تییۆ لە نزیک ئەم ئاسەوارە دێرینانەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆشکی پادشا، پەرستگەی خواوەندەکان و ماڵی دەسەڵاتداران بووە، ماشێنەکەی هێدی دەکاتەوە، بە پەنجە ئاماژەیان بۆ دەکات و چیرۆکە مێژووییەکانم بۆ دەگێڕێتەوە.

لەو جیهانەدا خواوەندەکان لەنێو خەڵک و لەسەر زەوی ژیاون، ئەفسانەکانیش بەشێک بوون لە واقیعی ژیان و واقیعیش ئەفسانەکانی دروست کردووە. ئێستاش ئەم ئاسەوارانە بوونەتە شاری مردووەکان و خواوەندەکانیش نە لە واقیع و نە لە ئەفسانەکانیاندا نەماون و بەتەواوەتی لەبیر کراون.

مێژووی ئەمڕۆ، مێژووی دوێنێ و مێژووی ڕابردوویەکی دێرین لەسەرە ڕێگەیەکدا، بەقەد چیا و لاپاڵی گردەکانەوە، لە بەردەوامییەکی هەمیشەییدایە. بەر لەوەی بگەینە فڕۆکەخانەکە لە پێچپێکدا ئاسەوارەکان، شاری پادشا و کۆشکەکان لە پشتمانەوە و لەناو تەپوتۆزی دوای ماشێنەکەوە بزر دەبن.

بەردەم فڕۆکەخانەکە چۆڵ و هۆڵە، مانگرتنی شۆفێرەکان هەر بەردەوامە. تییۆ بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، ماشێنەکەی لە پەنایەکدا ڕادەگرێت و هەر لەناو ماشێنەکەشدا پێشوەخت کرێکەی وەردەگرێت.

## فیستیڤاڵی فیلیپی

لە ئاسەوارە درێرینەکانی شاری فیلیپی-دا، شانۆیەکی کۆنی گرێکی وەک خۆی پارێزراوە، تا ئێستاش نمایشی شانۆیی تێدا پێشکێش دەکرێت و لە ساڵی ١٩٧٥یشەوە ساڵانە و لە وەرزی هاویندا فیستیڤاڵی فیلیپی لەم شانۆ دێرینە و لەنێو ئاسەوارەکانی شاری فیلیپی و ئامێزی چیاکانیدا ساز دەدرێت[١٠].

له سەدەی پێنجسەد تا چوارسەدی بەر لە زایندا، چالاکیی شانۆیی و فیستیڤاڵی دیۆنیزیۆس، بە چەشنی فیستیڤاڵەکانی ئەسینا، لەسەر ئەم شانۆیە و لە شاری فیلیپی پێشکێش کراوە.

شانۆی گریکی لەم بەشەی گریکلاندیشدا، لە سەرچاوە پڕ لە ڕاز و نهێنییە ئاینییەکانەوە، لە ریتواڵەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکییەوە، لە فیستیڤاڵەکانی دیۆنیزیۆسەوە، لە ئەفسانە و جموجوڵە رۆشنبیری و کولتوورییەکانەوە وزەی خۆی وەرگرتووە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە کەسی تاک وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ لە فەلسەفە و مێژووی گریکیدا، لە شانۆ و بوارەکانی تردا بە بەردەوامی دووپات کراونەتەوە و بینراون. ئەو تاکە کەسانە کە چارەنووسیان لەوەوبەر لەلایەن خواوەندەکانەوە دیاری کراوە، ناو و پێناسێکی تایبەتمەندیان هەبووە و لەناو خەڵک و کۆمەڵگەدا ژیاون. ئەو کەسانە یان ئەو پاڵەوانانە وەک پادشا، سەرکردە، خەڵکی ئاسایی، کەسانی بێ بەزەیی، میهرەبان و بێباک، لەناو رووداو و رەوشە درامی و بارودۆخە جیاوازەکاندا دەرکەوتوون.

لەم شانۆنامانەدا هەموو کات کەسانێک بەناوی ئەنتیگۆنا، مێدیا، کەساندرا، ئاگامێمنون، کریۆن، ئێلێکترا، ئۆرێستیێن، پەیامنێر و سەرباز... هتد دەرکەوتوون. ئەفسانە تێکەڵاوی واقیع بووە و واقیع بووەتە ئەفسانە و شتێکی تریان دروست کردووە. بینەرانیش بەر لەوەی بچن بۆ شانۆکان، رووداوەکانیان زانیوە، کەسایەتییەکانیان ناسیوە و ئەفسانەکانیش بەشێک بوون لە ژیانیان.

فیستیڤاڵی فیلیپی-یش هەوڵێکی بە بەهای زیندووکردنەوەی ئەو شانۆ و کولتوور و ژیانە دەوڵەمەندەی گریکییەکانە، ساڵانە لەم فیستیڤاڵەدا تراجیدیا و کۆمیدیای گریکی بە بەردەوامی نمایش دەکرێن. هەروەها شانۆنامە مۆدێرنەکانی گریکلاند، شانۆی کلاسیکی ئەوروپایی، شانۆی ئەمەریکایی، گرووپی میوانی شانۆی چینی و ژاپۆنی، سەمای مۆدێرن و هەموو جۆرە نمایشێکی تری تێدا پێشکێش دەکرێت. ئەمساڵ شەکسپیر بەشێکی گرینگی ئەم فیستیڤاڵەیە، ماکبس، هاملێت و ئۆتێللۆ لەسەر شانۆ دێرینەکەی فیلیپی و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم شارەوە نمایش دەکرێن.

## بەدەم چاوەڕوانیی ئۆتێللۆ-وە

دیواری نیوە روخاو، شوورا، تاوەر و بناغە دێرینەکەی شارەکە، بەبێ خواوەندەکانیان، بەبێ پادشا و پاڵەوان و دەست و پێوەندەکانیان، لێرە و لەوێ دیارن. لە باخچەیەکی بچووکدا نووسەرێک بەجلوبەرگی کۆنی گریکییەوە، کۆمەڵێ کەسی لە خۆی کۆ کردووەتەوە و شیعریان بۆ دەخوێنێتەوە[١١].

شاعیری باخچەکە لە خوێندنەوەی شیعرەکانی بووەتەوە، هەندێک کەس لێی چوونەتە پێشەوە و وێنەی لەگەڵ دەگرن، گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن و ئەویش بە سیمایەکی پڕ لە زەردەخەنەوە وەڵامیان

دەداتەوە، بەباشی چووەتە رۆڵەکەیەوە و وا هەست دەکات فیگورێکی سەدەی پێنجی بەر لە زاینە و بەسەردانێکی کتوپڕ بۆ ئەم زەمەنە مۆدێرنەی ئێمە گەڕاوەتەوە.

هێدی هێدی تاریک دادێت، کاتی نمایشەکە نزیک دەبێتەوە و شەپۆلی خەڵکەکە بەرەو دەروازەی شانۆکە دەڕۆن. ئەکتەرەکان لە هەموو لایەکەوە، بە شاپڵیتەی ئاگرەوە دێنە دەرەوە، ڕێنوێنیی بینەرەکانیان دەکەن و بەرەو شانۆ ئێجگار گەورەکە بەڕێمان دەکەن. ئاگر لەلای گریکییەکان سەرەتای هەموو شتە ماتریاڵییەکان و هێماگەلی بزاڤێکی بەردەوام بووە: هەموو شتێک لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدایە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە، هەموو جووڵانەوەیەکی کڵپەی ئاگر بۆ ئەوەیە بە بەردەوامی لە هەڵکشاندا بێت. هەموو شتێک دەجووڵێت، بەڵام لەو جووڵانەوەیەدا گۆڕانکاری دروست دەبێت و شێوازی جیاوازی سەمائامێز لە خۆی دەگرێت.[١٢]

بە کۆڵانێکی باریکی خۆڵاویدا دەڕۆینە نێو شانۆکەوە، پانتاییەکی ئێجگار گەورە، بەشێوەیەکی نیوە بازنەیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە ئامێزی گردێکدا بەرز بووەتەوە. پانتاییی شانۆکەش بە بەرزاییەکەوە و بە نیوە بازنەیی، لەگەڵ نیوەکەی تریدا، بازنەیەکی ئێجگار مەزنیان دروست کردووە. پانتاییی شانۆکە لە بەردەمی دارستانێکدایە و چیا بەرزەکانیش لە دوورەوە بوونەتە فۆندێکی سروشتی و دیمەنێکی هەست ورووژێنیان دروست کردووە.

بینەران لە هەموو لایەکەوە بە شانۆکەدا هەڵدەگەڕێن و کورسییە بەردینە پان و ڕەقەکانی پڕ دەکەنەوە و چاوەڕوانی نمایشەکەن. ئەمجارە هیچ کام لە تراجیدیاکانی گریکلاند نمایش ناکرێت، بگرە لە بریی ئەوە بازێکی گەورەمان بەسەر زەمەندا داوە و لە سەدەی پازدە و لە ڕێنیسانسی ئەوروپاوە ئۆتێللۆ-ی شەکسپیر لە فیلیپی میوانە و چیرۆکی شەڕانگێزی و دڵپیسی و خۆشەویستیمان بۆ دەگێڕنەوە.

## تراجیدیای ئۆتێللۆ

شانۆنامەی ئۆتێللۆ لە پێنج پەردە پێکهاتووە، پەردەی یەکەمی لە بەندەرەکانی ڤێنیسیا-ی ئیتاڵیا و چوار پەردەکەی تری لە قوبروس روو دەدەن. شەکسپیر ئەم شانۆنامەیەی لە نێوان ساڵانی ١٦٠٢ -١٦٠٣دا نووسیوە.

لە سەرەتای بەشی یەکەمدا دێزدەمۆنە رەدووی ئۆتێللۆ دەکەوێت، لەبەرئەوەی باوکی دێزدەمۆنە بەو پێوەندییە رازی نییە، لە هەمان کاتدا ئۆتێللۆ، کاسیۆ دەکاتە بەرپرسێکی باڵای سوپا و بەوەش یاگۆ رق لە ئۆتێللۆ هەڵدەگرێت.

لەم کاتەدا کەشتییە سەربازییەکانی تورکیا بەرەو قوبروس دەڕۆن، دێزدەمۆنە شوو بە ئۆتێللۆ دەکات و هەر لەم ساتەوەختە گرژەدا، گەورە پیاوانی شار ئۆتێللۆ وەک سەرکردەیەکی سەربازی



بەرەو قوبروس دژی تورکەکان دەنێرن. یاگۆ دەیەوێت تۆڵە لە ئۆتێللۆ و کاسیۆ-ش بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ ڕێگەخۆشکردنی پیلانەکەی، بەگوێی ئۆتێللۆدا دەچپێنێت کە کاسیۆ عاشقی دێزدەمۆنەیە. لە هەمان کاتدا شانۆگەرییەک دروست دەکات و دەتوانێت کاسیۆ و ڕۆدریگۆ بە شەڕ بدات. ئۆتێللۆ تووڕە دەبێت و سزای کاسیۆ دەدات. یاگۆ لە هەمان کاتدا کاسیۆ هان دەدات کە داوا لە دێزدەمۆنە بکات تا لای ئۆتێللۆ داوای یارمەتیسی بۆ بکات، بەمەش هێندەی تر ئۆتێللۆ خانەگومان دەکات.

سەربازەکانی ئۆتێللۆ بەهۆی تێکشکانی کەشتیگەلی تورکەکانەوە ئاهەنگ دەگێڕن، هەرچەندە کاسیۆ پاسەوانە، بەڵام یاگۆ بە فێڵ و زۆرزانی سەرخۆشی دەکات و لەگەڵ مۆنتانۆ بەشەڕی دەدات. ئۆتێللۆ هێندەی تر لە کاسیۆ تووڕە دەبێت و بە تەواوەتی لە خۆی و لە سوپا دووری دەخاتەوە. یاگۆ سەرلەنوێ هانی کاسیۆ دەدات بچێتە لای دێزدەمۆنە تا لەلای ئۆتێللۆ تکای بۆ بکات. یاگۆ خۆیشی ئەم کێشەیە لەلای ئۆتێللۆ دژی کاسیۆ و دێزدەمۆنە بەکار دێنێت و ئۆتێللۆ بە تەواوەتی دەخاتە گومانەوە.

دێزدەمۆنە ئەو دەستەسڕەی کە ئۆتێللۆ بە دیاری پێشکێشی کردووە، لێ دەکەوێت و ئێمیلیا-ی ژنی یاگۆ، کە کەنیزەکی نێزیکی دێزدەمۆنەیە، هەڵی دەگرێتەوە، بەڵام یاگۆ بەزۆر ئەو دەستەسڕە لە ئێمیلیا وەردەگرێت و بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە فڕێی دەداتەماڵی کاسیۆ-وە. دواتر یاگۆ دەستەسڕەکە وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ناپاکیی دێزدەمۆنە بەکار دێنێت، ئۆتێللۆ بەمە شێتگیر

دەبێت و بڕیاری تۆڵەسەندنەوە ئەدات. لە ئەنجامدا ئۆتێللۆ دێزدەمۆنە دەکوژێت، کە پلانەکانی یاگۆش ئاشکرا دەبن و ئۆتێللۆ پاکی دێزدەمۆنەی بۆ دەردەکەوێت، یاگۆ بریندار دەکات و لە کۆتاییدا خۆیشی دەکوژێت.

## بنەماکانی شەڕ و ریژیسۆرێکی میکیاڤیللی

ئۆتێللۆ هەروەکو شالیر و ماکبس تراجیدیای ئەو مرۆڤانەن کە بە تەنیا خۆیان لەژێر ئاسمانێکی خامۆشدا دەبیننەوە. لە کۆتاییدا و دوای ئەوەی هەموو پلانەکان ئاشکرا دەبن، یاگۆ دەخرێتە ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام ئۆتێللۆ هەر لە سەرەتای پەردەی دووەمەوە ئەشکەنجە دەدرێت و بە چەشنی شالیر و ماکبس دەکەوێت و راپێچی مەرزەکانی دۆخێکی دەروونیی ناهەموار دەکرێت. ئۆتێللۆ بەئەزموونێکی چڕ و توندوتیژیی مرۆڤایەتیدا، زۆر بەخێرایی لە ترۆپکەوە بۆ خوارەوە، بەرەو کەوتن و داڕمانێکی سەراپاگیر و تەواوەتی دەڕوات. ماناکانی ژیان و بێ ماناییی گەردوون، تەنیا لە کۆتاییدا، لە دوا وێستگەکانی ئەو تراجیدیایەدا دەردەکەوێت، لەوێدا لە بنەماکانی داڕمان و لەدەستدانی هەموو شتەکاندا، لە شەوە تاریکە پڕ لە پیلانەکاندا گەوهەرە ڕاستەقینەکانی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت. ئۆتێللۆ دەبێتە هێمای شەو، لەبەرئەوەی ئەو شەوە، لەبەرئەوەی ئەو دەیەوێت تۆڵەی ناموسی خۆی لە شەودا بکاتەوە و کەسێکی نێزیک و خۆشەویستی خۆی لە شەودا بکوژێت. ئۆتێللۆ چ شتێک لەم شەوە تاریک و توندوتیژانەدا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی تاوانەکەی پێ ئەنجام بدات؟

ژەهر

تەور

چەقۆ

چەک

یان پەتی سێدارە؟

نەخێر لە بریی ئەمانە سەرینێک بەکار دێنێت. ئۆتێللۆ دێزدەمۆنە بەو سەرینە دەخنکێنێت کە یەکەم ماچەکانی لە شەوی تاریکیی بووکێنیدا لەسەر کردووە و هەر ئەو سەرینەش لە شەوێکی تاریکی تردا، دوا هەناسەکانی دەگرێت و دەیخنکێنێت. شێواز و ئامرازی کوشتنی دێزدەمۆنە بەهایەکی هێماگەلی هەیە و پابەندە بە ژیانی هاوسەرکاری ئۆتێللۆ و دێزدەمۆنەوە.

یاگۆش لەم تراجیدیایەدا، هێماگەلی شەڕێکی رەهایە و تەنیا رقی لە ئۆتێللۆ نییە، بگرە رقی لە هەموو کەسێک و هەموو شتێکە و بەردەوام بە بێ وچان بە دوای قوربانییەکانیدا، بەدوای فێڵێکدا و بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێت تا خاپووری بکات. یاگۆ تەنیا بیر لە دروستکردنی تراجیدیایەک

ناکاتەوە، تراجیدیا هێزی شەڕانگێزی دەروونی ئەو دانامرکێنێتەوە، بگرە دەیەوێت هەر خۆیشی تراجیدیاکە دروست بکات، پلانەکانی دارێژێت، پێوەندییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، کارەکتەرەکانی بە دەستی یەک بە کوشت بدات و هەر خۆیشی رۆڵەکان بەسەر چواردەور و دەوروبەرەکەیدا دابەش دەکات و رۆڵی سەرەکییش بەخۆی دەبەخشێت.

یاگۆ لەم گەمەیەدا ریژیسۆرێکی میکیاڤیللییە، فێڵەکانی زۆرن و لە هەمان کاتدا نادیار و شاراوەن و پلانەکانی هەر لە سەرەتاکانی پەردەی یەکەمەوە دیارن.

ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان گفتوگۆیەکی قووڵی نێوان ئۆتێللۆ و یاگۆیە و هەردووکیان دەیانەوێت لە شوێنی خۆیانەوە پێناسەیەک بۆ سروشت و جیهان بکەن: پێوەندییەکانمان بەم جیهانەوە چییە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین، خێر یان شەڕ و پاساوی ئازارەکانمان لە چیدا بدۆزینەوە و چ سنوورێک بۆ بەرگەگرتنی ئازارەکانی مرۆڤ هەن؟ جیهانێک کە ئۆتێللۆ بەئاسانی بڕوا بە ناپاکیی دێزدەمۆنە بکات، کە ناپاکی و خیانەت شتێکی شیاو و ئاسایی بێت، کە لەوێدا ئۆتێللۆ دێزدەمۆنە بکوژێت، لەو جیهانەدا کە نە هاوڕێیەتی، نە پاکی و لایەنگیری نەبن. لەو جیهانەدا ئۆتێللۆ بڕوا بە هەموو درۆکان دەکات، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە ئامادەیە کاسیۆ بکوژێت و لە دێزدەمۆنە بەگومان بێت.

ئۆتێللۆ دەیەوێت بە کوشتنی دێزدەمۆنە ماناکان بۆ ژیان، بۆ خۆی و بۆ جیهانیش بگەڕێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە دێزدەمۆنە دەکوژێت تا بتوانێت بنەما ئاکارییەکان رزگار بکات، بۆ ئەوەی تۆڵەی نامووسی خۆی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەهاکانی خۆشەویستی و پاکیزەیی بگەڕێنێتەوە بۆ رێسا مۆراڵییەکان.

ئەو جیهانە دنیایەکی شەڕانگێزە و یاگۆش ریژیسۆرێکی وریا و بە سەلیقەیە. یاگۆ شەڕەکە تەنیا لەسەر ئاستە هۆشیارییەکە ناباتەوە، بگرە ستراکتور و زمانی گەمە و ئەکتەرەکانیش دەباتەوە. ئۆتێللۆیەکی ئازا، جوامێر و سەربەرز دەبێت سووکایەتیی پێ بکرێت و تێک بشکێنرێت.

هۆکار و رووداوەکان ئۆتێللۆ بە چەشنی لیری پادشا بەرەو شێتبوون دەبەن، ئۆتێللۆ بە زمانی لیری شێت و تەنیا قسە دەکات و زمانە رەوانبێژەکەی، زمانە سەربازییەکەی و زمانە دیپلۆماتییەکەی لەدەست ئەدات. لە کۆتاییشدا هیچ شتێک لە مرۆڤەکەی ناوەوەیدا نامێنێتەوە.

دێزدەمۆنەش دەست لە هەموو شتێک هەڵدەگرێت، هەموو شتێک لە پێناوی ئۆتێللۆدا بەجێ دەهێڵێت، پەلەیەتی و نایەوێت چیی تر هیچ شەوێکی تر بە تەنیایی رۆژ بکاتەوە و رەدووی ئۆتێللۆ دەکەوێت و لەگەڵیدا دەڕوات بۆ قوبروس.

دێزدەمۆنە عاشقی ئۆتێللۆیە، لە هەمان کاتدا هەموو پیاوەکانی تر، یاگۆ، کاسیۆ و رۆدریگۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان گیرۆدەی عەشق و کەسایەتی دێزدەمۆنەن، دێزدەمۆنەش لەم دووڕیانەدا قوربانیی ئازارەکانی خۆیەتی. خۆشەویستییەکەی، عەشقەکەی بۆ ئۆتێللۆ دژی خۆی قسە دەکات

و دەشبێتە هۆی مردنی.

لە کۆتاییشدا دێزدەمۆنەی پاک و شۆخ، ڕۆدریگۆی گێل، ئەمیلیای بەوەفا و ئۆتێللۆش دەمرن. هەر هەموو دەمرن. بە کورتی دەتوانین بڵێین لە تراجیدیای ئۆتێللۆی شەکسپیردا هەر هەموو کارەکتەرەکان دۆڕاون.

## نمایشەکە

– ئۆتێللۆ لە نێوان باوەڕ و گوماندا

سینۆگرافیا و پانتایی شانۆکە ڕووبەرێکی بەتاڵی چوارگۆشەئاسای سوورە، پارچە قوماشێکی گەورەی زەرد بە نەخش و نیگار و پیتی عەرەبی رازێنراوەتەوە و لەو پانتاییە بەتاڵەی شانۆکەدا دانراوە. فۆندێکی گەورە لە قووڵاییی شانۆکەدا و بەرامبەر بە بینەران بەرز بووەتەوە، بەهەمان شێوە فۆندەکەش چەند پیتێکی عەرەبی، کە بە شێوەی زەخرەفە و تابلۆ چوون بەناو یەکدا، لەسەر کێشراوە.

ڕیژیسۆری شانۆییەکە ڕۆڵێکی گەورەی بەخشیوە بە دەستەسڕەکەی دێزدەمۆنە کە ئۆتێللۆ لە دایکییەوە بۆی ماوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە دیدێکی شانۆیی و چارەسەرێکی هونەرییەوە، کارەکتەری دایکی ئۆتێللۆ کە لە شانۆنامەکەی شەکسپیردا نییە، بە شێوەی تارماییەک دەردەکەوێت.

دەسپێکی نمایشەکە بەدەم ئاواز و مۆسیقایەکی عەرەبییەوە، تارمایی ئافرەتێک بە جلوبەرگی ئاودامانی ڕەشەوە دێتە دەرەوە، پارچە قوماشە زەردەکەی سەر شانۆکە هەڵدەگرێت و سەمایەکی قەرەجانە، نزیک لە سەمای میللیی عەرەبییەوە دەکات. ڕیژیسۆری شانۆنامەکە ئەم سەمایە، ئەم کۆریۆگرافیا جیاوازە، دەکاتە دەستپێکی پێوەندییە ئاڵۆزەکان، بەرجەستەکردنی کولتوورێکی تر و سەرەتای کێشەکان، ئەم کارەکتەرە کە هێماگەلی دایکی ئۆتێللۆیە، بە چەشنی تارماییەکەی باوکی هاملێت لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت و پێشبینیی کارەساتێک دەکات. ئەم دیمەنە لە تاریکیدا روو دەدات، لە پڕ گوێمان لە دەنگی بانگە و دنیا بە هێواشی رووناک دەبێتەوە، دایکی ئۆتێللۆ لەنێو تاریکییەکەدا بزر دەبێت و رووناکییەکەش ڕێگە بۆ ئێمیلیای ژنی یاگۆ خۆش دەکات، دەستەسڕەکە دەبینێت، هەڵی دەگرێتەوە و دەچێتە دەرەوە.

لێرەدا بانگی بەیانی دەبێتە سەرەتای هێماکان و بانگەشەی ئاینی ئیسلام، کولتوورێکی تر و داوونەریتە کۆنەکان دەکات، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئاینێکی تر و داوونەریتێکی تری دەکاتەوە و بەمەش دووپاتی شەڕی ئاین لە نێوان ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتدا، لە نێوان ئیسلام و مەسیحیدا دەکاتەوە.

ریژیسۆری شانۆنامەکە رووداوەکانی هێناوەتە پێشەوە، کارەکتەرەکان جلوبەرگی مۆدێرنیان لەبەردایە، دیمەنی ئاهەنگی سەرکەوتنەکە دەبێتە ئاهەنگی شەراب و شەمپانیا خواردنەوە، سەما، مۆسیقای جاز و سەربازەکان بەجلوبەرگی سەربازیی نوێوە دێنە ژوورەوە. هەر لەم دیمەنەدا دێزدەمۆنە و ئێمیلیاش وەک دوو کیژی گەنجی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ دەردەکەون، دێزدەمۆنە لەم دیمەنە بەراییەدا دەستەسڕەکەی بەدەستەوەیە، سەمای پێ دەکات و نمایشەکەش لەم رووەوە رۆڵێکی گەورە دەبەخشێتە بوون و بەهای ئەو دەستەسڕە. تارماییەکی ئامادە و نەبینراو بە درێژاییی شانۆنامەکە لێرە و لەوێ دەردەکەوێت، چاودێریی رووداوەکان دەکات و هەندێک جار بە کوپێک قاوەوە دێتە ژوورەوە بۆ لای ئۆتێللۆ و لە دیمەنێکی کورت و لە چاوترووکانێکدا، لەگەڵ ئۆتێللۆ دەکەوێتە گفتوگۆ. کە کاسیۆ و رۆدریگۆ بە پیلانی یاگۆ بە شەڕ دێن و لە بەرەنجامدا رۆدریگۆ دەکوژرێت، ئافرەتە رەشپۆشەکە، تارماییی دایکی ئۆتێللۆ، دێتە ژوورەوە، نوێژ دەکات و لە هەمان کاتدا لە پشتەوە گوێمان لە دەنگی قورئان خوێندن دەبێت.

ریژیسۆر بەم وردەکارییانە دووپاتی کولتووری ئیسلام و ترادیشونێکی تر دەکاتەوە و هەموو کات ئاماژەی ئەوە دەکات و بیری بینەرانیش دەهێنێتەوە کە ئۆتێللۆ سەر بە کولتوور و ئاین و داوونەریتێکی ترە. ئۆتێللۆ سەر بە ئێمە نییە (رۆژئاوا)، بگرە ئەو رەشپێستە، ئیسلامە و مەغرېبییە.

نمایشەکە دەیەوێت بەم کۆدە ئاینیانەوە، بەدووپاتکردنەوە و وەبیرهێنانەوەیەکی بەردەوامی هێماگەلە ئیسلامییەکانەوە، ئۆتێللۆ ببەستێتەوە بەرووداوە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی جیهانەوە، بەدیدی گلوبالیزمەکردنی تیرۆریستە ئیسلامییەکان و لە هەمان کاتدا بەکێشەکانی رۆژئاوا/رۆژهەڵاتەوە.

هەر لێرەشەوە لە بریی تارماییی باوک، وەک لە هاملێتدا دەردەکەوێت، تارماییی دایک دەهێنێت و یادگارەکەش (دەستەسڕەکە) دەگەڕێتەوە بۆ دایک نەک بۆ باوک.

ئەم دیمەنە دەبێتە گەمەیەکی شانۆیی و بە پارچە قوماشێکی رەشی گەورە و بە یارمەتیی کورسییەکانی سەر شانۆکە، ژووری نووستنەکەی ئۆتێللۆ و دێزدەمۆنە دروست دەکەن. هەموو دیمەنەکە لە پارچە قوماشێکی گەورەی رەشدا دەبێتە شەوەزەنگێکی شووم و ئۆتێللۆ لەو تاریکییەدا، لە پێخەفەکەی خۆیاندا، لە ساتەوەختێکی پڕ لە دڵپیسی و تووڕەبوونێکی شێتانەدا، بەبێ بیرکردنەوە دێزدەمۆنە دەکوژێت. تاوانەکە ئاشکرا دەبێت و ئۆتێللۆ دەگیرێت، یاگۆش بە دەستبەسەرکراوی دەهێنرێتەوە و لەگەڵ ئۆتێللۆدا پێکەوە کەلەپچە دەکرێن، ئۆتێللۆ فرسەت دێنێت و بە دەستی کەلەپچەکراوەوە خۆی دەکوژێت.

یاگۆ دەگاتە بەرەنجامی پیلانەکانی خۆی، دوا تاوان بە ئۆتێللۆ دەکات و لە هەموو بنەما گەوهەرییەکانی مرۆڤایەتی دای دەماڵێت. کەوتنێکی تراجیدی دەبێتە ترۆپکی تاوانەکان و رۆژێکی

تر بەبێ ئۆتێللۆ، دێزدەمۆنە، ئەمیلیا، ڕۆدریگۆ لە تاریکیی نیوەشەوەوە هەڵدێت.

سەعات دوازدەی شەو نمایشەکە کۆتاییی دێت، ئۆتێللۆ و کارەکتەرەکانی تر لەنێو تاریکییەکە و بەدەم چەپڵەڕێزانی بینەرانەوە لە چاو بزر دەبن. ئاگری شاپڵیتەکانی دەرەوە، لە تاریکییەکەدا سەما دەکەن و ڕێگە باریک و بەردەڵانەکانمان بۆ ڕووناک دەکەنەوە، شوورا و دیوارە رووخاو و ئاسەوارە دێرینەکانی تر وەک تارمایی دیارن و چیا بەرزەکەی بەرامبەریشمان بە تەواوەتی لەنێو ئاسمانە رەشەکەدا شانی داداوە.

## محەمەد عەلی پاشا لە کەڤاڵە



لە گۆڕەپانێکی گەورەی بەشە کۆنەکەی شاری کەڤاڵە پەیکەرێکی گەورەی شەڕوانێک بە سواری ئەسپێکەوە بەرز بووەتەوە، جەنگاوەرەکە لە ڕۆژهەڵاتیی دەچێت و بە کڵاوجامانەیەکەوە هەر دەڵێی ئەسپسوارێکی کورد، تورک یان فارسە[١٣].

ماڵی محەمەد عەلیش ڕێک بەرامبەر پەیکەرەکەیە، خانووبەرەیەکی دوو نهۆمی بە بەراورد لەگەڵ هەموو خانووبەرەکانی تری شاری کەڤاڵەدا جیاوازە. ئەرشیکتورەکەی عەرەبی و ئیسلامییە و لەسەر تابلۆیەکی هەڵکەندراو، کە بە دیواری ڕووکاری دەرەوەی خانووبەرەکەدا هەڵواسراوە، بە پیتی عەرەبییەکی کۆن نووسراوە (ماڵی محەمەد عەلی پادشا)[١٤] ئەم خانووە دادەنرێت بە گرینگترین هێماگەلی ئیسلام و قۆناغی داگیرکردنی عوسمانییەکان.

محەمەد عەلی پاشا والیی کەڤاڵە بووە و دواتریش فەرمانڕەوایەتیی میسری گرتووەتە دەست و هەر لەوێش یەکێک لە بنەماڵە گەورە و ناسراوەکانی دروست کردووە، بەڵام لە کەڤاڵە و لە ساڵی ١٧٦٩دا، لەدایک بووە.[١٥]

ئەو ماڵەی محەمەد عەلی پاشا تیایدا لەدایک بووە، دواتر دەبێتە بارەگەکەی، ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پارێزراوە و یەکێکە لە مۆزەخانە گرینگەکانی کەڤاڵە و هەروەها سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەشە.[١٦]

لە ماڵی محەمەد عەلی نزیک دەبمەوە، دەرگەکانی داخراون، بە ڕێککەوت کارمەندێک دێتە

دەرەوە، لێی دەچمە پێشەوە و سڵاوێکی لێ دەکەم:

– داخراوە؟

– کەی دەکرێتەوە؟

– دوو مانگی تر.

شتێک پارە دەردێنم، بەشێوەیەکی نهێنی و شاراوە بۆی رادەگرم. زەردەخەنەیەک دەیگرێت، جگەرەکەی دەستی فڕێ دەدات و ئاماژەیەکم بۆ دەکات، منیش شوێنی دەکەوم.

لیسا و دالیا لە دەرەوە چاوەڕێم دەکەن، من بە پێپلیکانەکاندا، لەسەر شەقامەکەوە دەچمە سەرەوە، لە پڕ لە دیوەخانەکەی محەمەد عەلی پاشادا خۆم دەبینمەوە.

خانووەکە لە دوو دەستە و لە دوو نهۆم پێکهاتووە. دیوەخانەکە گەورە و فراوانە، سەقفەکەی نزمە، چەند پەنجەرەیەکی بەسەر زەریاکەوە هەیە، بانیژەیەکی گەورەش بە درێژایی ژووری دانیشتنەکە و رووەو زەریاکە، دیوەخانەکەی کردووە بە بەشێک لە زەریاکە.

وێنەیەکی گەورەی محەمەد عەلی پاشا بە ریشێکی سپیی درێژ و سەر و سەربەستێکی تێکەڵاوی گەورەوە هەڵواسراوە و لە هەر کەسێک ورد دەبێتەوە کە دێتە ئەم دیوەخانەوە.

لە دەستە راستەوە و لە ڕاڕەوێکی باریک و بە پێپلیکانەیەکی پێچاوپێچدا دادەبەزمە خوارەوە بۆ بەشە تایبەتمەندەکەی محەمەد عەلی، ژووری نووستن و چێشتخانە و باخچەیەکی دڵڕفێن و رازاوە.

کارمەندەکە ئاماژەیەکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکات کە کاتی سەردانەکە تەواو بووە، بەهەمان پێپلیکانەکاندا سەردەکەومەوە بۆ سەرەوە و لە دەرگەی دیوەخانەکەوە دێمەوە دەرەوە.

کارمەندەکە بەسیمایەکی میهرەبان و دوو چاوی زیتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پارەم لێ وەربگرێت، ماڵئاواییم لێ دەکات و دەرگەکە دادەخات.

## دوورگەی تاسۆس و سەرەتا دێرینەکانی گرێک

بە کەشتییەکی گەورەی دوو نهۆمیی کراوە دەڕۆین بۆ تاسۆس، ئەم دوورگەیە لە کەنارەکانی شاری کەڤاڵەوە تەنیا سەعات و چارەکێک دوورە. هەتاوەکەی گەرمە و موسافیرەکان بە خێرایی لە کەنارەکەوە دەپەڕنەوە و سواری کەشتییەکە دەبن.

دوورگەی تاسۆس دەکەوێتە باکوری زەریای ئیجەوە و یەکێکە لە دێرینترین دوورگەکانی گرێک، ئاسەوارە دێرینەکان، شانۆ کراوەکەی، سروشتە رازاوەکەی گەواهیی ژیانێکی دەوڵەمەند و شارستانییەتێکی چڕی سەرەتاکانی دروستبوونی گرێک دەدەن. ئەم دوورگەیە سەوزە، دارستانی

چڕ و چیای بەرز و سەرکەشی تێدایە، چیاکان کەوتوونەتە ناوەڕاستی دوورگەکەوە، دارستانەکانیش لەملا و لای چیاکانەوە بە چڕی بەیەکدا چوون و بەشێوەیەکی سروشتی تا لووتکەی چیاکان هەڵکشاون.

کەشتییەکە لەگەڵ بەڕێکەوتنی، دووکەڵە سپییەکەی بە ئاسماندا بڵاو دەکاتەوە و دەریاکەش دەشڵەقێنێت، نەورەسەکان بە پۆل لەنێو شەپۆلە سپییە کەفاوییەکەدا بە قیرەقیر دوامان دەکەون.

لە کەشتییەکەوە سەیری کەڤاڵە دەکەم، کە تۆزێک بەر لە ئێستا لە زەریاکەدا خۆی ڕادەژەند، چیاکان و بەندەرەکان هێدی هێدی لەبەرچاوم بچووک و بچووکتر دەبنەوە تا لەوسەری ئاسۆگەوە دەبنە تەنیا تیشکێکی بەردینی بریسکەئاسا. لە هەمان کاتدا کەشتییەکە بە گوڕێکی مەزنەوە زەریاکە دەبڕێت و ڕوو دەکاتە دوورگەی تاسۆس و لە کەنارەکانیدا و لەگەڵ ئاوەکەدا، لە دەستەویەخەبوونەوەیەکی بەهێز و هەڵچوودا لەنگەر دەگرێت.

تاسۆس دوورگەیەکی بازنەییە، ڕێگەیەکی قیرتاوکراو بە درێژایی نەوەد و پێنج کیلۆمەتر ئەمسەری دوورگەکە دەبەستێتەوە بەوسەرییەوە و ئاسەوارە دێرینەکانیش لە کەناری زەریاکان، لەسەر چیا و لە ڕێگە بەردینەکانەوە، بەردەوامییان بەخشیوەتە ئەو ژیانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسپێکی شارستانییەتی گریک بووە.

لەودیو کەنارێکی ماسیگرەکانەوە دەڕۆینە خوارەوە، ماسیگرەکان تۆڕەکانیان بڵاو کردووەتەوە، هەندێکیان گۆرانی دەڵێن و هەندێکی تریان خەریکی تۆڕەکانیانن. لەم گوێ زەریایە بۆنی خوێ،



ماسیی وشکبووەوە، قەوزە و هاوین دێت. بە ڕێگە بەردەڵانەکەی ئەم کەنارەدا دەڕۆینە خوارەوە تا دەگەینە ئەوسەری گوێ ئاوەکە، یەکێک لە دێرینترین ئاسەوارەکان لێرەدا، لە قووڵاییی‌یەکانی ژێرزەوینەوە، وەک شارێکی نوستوو دۆزراوەتەوە.

بناغەی شارەکە، کۆشکی پادشا و تاوەر و پەرستگەکان لە ڕووبەرێکی گەورەدا بڵاو بوونەتەوە، لەسەر گردەکەی بەرامبەری ئەم شارەش، شانۆیەکی بچووکی کراوە دەڕوانێتە خوارەوە.

خەڵکی ئەم شارە بەر لە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ، بە تاک و بە کۆمەڵ بەم گردەدا و لە هەموو لایەکەوە سەرکەوتوون بۆ ئەوەی نمایشی شانۆییەکان، ریتواڵە ئاینییەکان و ئاهەنگەکانیان ببینن.

تا ئێستاش لەملا و لای ئەم گردەوە، لە قەدپاڵی چیاکان، لەنێو دارستانەکان و لە نزیک کەناری زەریاکەوە، گوندی بچووک هەن و خەڵکیان تێدا دەژین، بەتایبەتی ئەوانەی بە ماسیگرتن و ڕاوەوە خەریکن.

لەسەر گردەکەوە، لە شانۆ دێرینەکەوە دەڕوانمە خوارەوە، لیسا و دالیا لە گوێ ئاوەکە، لەنێو ئاسەوارەکانی کولتوورێکی چوارسەد هەزار ساڵیدا گەمە دەکەن، بەرد فڕێ دەدەنە ئاوەکەوە و بەدوای باڵندەکاندا ڕادەکەن.

پەراوێزەکان

١- شاری کەڤاڵە بۆ چەندین جار بووەتە گۆڕەپانی جەنگی گەورەی خوێناوی و لەلایەن هێزی وڵاتانی ترەوە داگیر کراوە. هەر لە سەرەتاوە سیزەرەکانی ڕۆما، دوای ئەوان فێنیسیاییەکان، بێزەنتینییەکان، تورک و بولگارییەکان تەراتێنیان لەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەریدا کردووە. ئەم شارە لە ساڵی ١١٨٥دا بە تەواوەتی خاپوور کراوە. کە بێزەنتینییەکان کەڤاڵە داگیر دەکەن، ناوەکەی لە نیاپۆلیسەوە دەگۆڕن بە (کریستۆپۆلیس)، تورکەکانیش لە نێوان ساڵانی ١٣٨٧-١٣٩١دا کەڤاڵە داگیر دەکەن و بەتەواوەتی وێرانی دەکەن، دواتر شارێکی تری تازە لەسەر ئاسەوارەکانی کریستۆپۆلیس دروست دەکەن و ئەو شارە نوێیە دەبێتە کەڤاڵە.

بولگارییەکان لە ساڵی ١٩١٢ و لە شەڕی یەکەمی بەڵکاندا بە تەواوەتی کەڤاڵە دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کەشتییە جەنگییەکانی گرێکییەکانیش لە ساڵی ١٩١٣دا و لە جەنگی دووەمی بەڵکاندا دێنەوە کەڤاڵە. ئەم شارە سەرلەنوێ و لە نێوان ساڵانی ١٩٤١- ١٩٤٤دا و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، لەلایەن بولگاریاوە داگیر کراوەتەوە. لە کۆتاییی دەیەی پەنجا و بۆ یەکەم جار کەڤاڵە دەتوانێت هەموو بەندەر و ناوچەکانی دەوروبەر و تەواوی شارەکە بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

٢- ئێستا ئەم شارە لە رووی چڕیی دانیشتوان و ڕووبەرەوە بە دووەم شاری گەورەی باکوری گرێکلاند دادەنرێت. کەڤاڵە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە کە گرێکلاند لەگەڵ تورکیادا مۆری دەکات. بەپێی ئەم

ڕێککەوتننامەیە هەموو ئەو گریکییانەی لە تورکیا دەژیان، ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ گریکلاند و بەشێکی زۆریان لە کەڤالە جێگیر کران.

٣- لەودەمەدا شاری کەڤالە بەشێک بووە لە وڵاتی مەکەدۆنیا.

٤- یەکەتیی نووسەرانی سوێد لە چەند وڵاتێک، بۆ نموونە لە (ئەسینا) و (کەڤالە)، لە فرەنسا و لە ئەڵمانیا خانووبەرەیان هەیە و بۆ حەوانەوە و شوێنی کارکردنی نووسەر و هونەرمەندەکانیان بەکاری دێنن.

٥- هەر لە سەدەی هەژدەوە کەڤالە ناوەندێکی گرنگ و گەورەی بازرگانیی تووتن بووە. سوێدییەکان لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەم خانووبەرەیەیان دروستکردووە بۆ بازرگان و کارمەند و کرێکار و میوانەکانیان کە لە کەڤالە بەکاری بازرگانیی تووتنەوە خەریک بوون. لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە بازرگانیی تووتن و پێوەندییەکانی سوێد و کەڤالە، ئەو گرینگییەی نامێنێت، بەم شێوەیە خانووەکەش چۆڵ دەبێت. لە ساڵی ١٩٦٤ەوە سەرلەنوێ ئەم خانووە ئاوەدان دەکرێتەوە و دەکرێتە ماڵێکی میوانداری بۆ هونەرمەند، نووسەر و لێکۆڵەرەوە ئەکادیمییەکان. لە ساڵی ١٩٧٦ەوە بووە بە موڵکی دەزگای سوێدی لە ئەسینا و بە تەواوەتی تەرخان کراوە بۆ حەوانەوە و کات بەسەربردنی نووسەر و هونەرمەندە سوێدییەکان. ئەم شارە تا ئێستاش چەندین خانووبەرەی جیاواز بۆ هەڵگرتن، وشککردنەوە و ئامادەکردنی تووتنی تێدا ماوە و هەندێکیشیان بوونەتە مۆزەخانە.

٦- ئەوەی ئێستا لەم قەڵایە ماوەتەوە، ئاسەوارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی چواردە.

٧- ئەکڤادۆکت سیستەمێکی کردەیی هێنانی ئاوی سەرچاوەکانە. ئەم سیستەمە ڕۆمانییەکان دایان هێناوە و هەر ئەوانیش دروستیان کردووە، بەم شێوەیە و بەهۆی ئەم ئەکڤادۆکتەوە ئاویان لەسەر چیا و سەرچاوە دوورەدەستەکانەوە گەیاندووەتە هەموو ناوچە و شارەکانیان. بیزەنتینییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم ئەکڤادۆکتەیان لە کەڤالە دروست کردووە، دواتر عوسمانییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی سلێمان پادشادا و لە ساڵەکانی ١٥٣٠دا بە تەواوەتی نۆژەنیان کردووەتەوە و بەکاریان هێناوە. ئەم ئەکڤادۆکتە بەشێوەی دوو تاقی گەورە بەنێو ئەم دوورگەیەدا درێژ بووەتەوە، دەسپێکی لە چیاکانی (لێکانی)ییەوە دەست پێ دەکات و بە نیوەدوورگەی کەڤاڵدا درێژ دەبێتەوە تا ئەوسەری بەشە دێرینەکەی شار دەڕوات. ئەم ئەکڤادۆکتە شەش کیلۆمەتر لە ناوجەرگەی شارەوە درێژ بووەتەوە، لە بەرزاییی چوارسەد مەترەوە ئاو دەهێنێت، دووسەد و هەشتا مەتریش درێژە و شەش تاقی جۆرەوجۆریش لەخۆ دەگرێت، بیست و پێنج مەتریش لە ڕووی زەوییەوە بەرزە.

٨- کە تورکەکان شاری کەڤالە داگیر دەکەن، ئەم قەڵایە بەرفراوان دەکەن، گرتیگەیەکی تێدا دروست دەکەن و هەموو قەڵاکەش دەکەنە بنکەیەکی سەربازی و سیستەمێکی بەرگریی تێدا جێگیر دەکەن.

٩- ئەم تاوەرە شوێنی پاسەوان و سەربازەکان بووە، لێرەوە چاودێریی هاتوچۆی کەشتییەکانی نێو زەریاکانیان کردووە، هەر لێرەوە پاسەوانی ڕێگاکانی دەوروبەر و هاتوچۆیان لە قەڵاکەوە بۆ ناو شار و لەناو شارەوە بۆ قەڵاکە کردووە.

١٠- فیستیڤاڵی فیلیپی یەکێکە لە گرینگترین چالاکییە کولتوورییەکانی شاری فیلیپی و هەموو گریکلاند و

ناوبانگێکی نێونەتەوەییی هەیە. گرێکلاند و فۆندی ئەوروپا ساڵانە پارە و بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. لەم فیستیڤاڵەدا جگە لە هونەرمەندە گەورەکانی گرێکلاند، زۆربەی شانۆکار، ریژیسۆر و هونەرمەندە گەورەکانی ئەوروپا و جیهان بەشداریی تێدا دەکەن.

١١- ئەمە نەریتێکی دێرینە و لە سەردەمی کۆندا، نووسەر و فەیلەسووفەکان لە گۆڕەپانەکانی ئەسینادا، لەگەڵ خوێنەر/ بینەرەکانیاندا لە پێوەندییەکی راستەوخۆدا بوون. لەو سەردەمە دێرینانەدا کتێب نەبووە و چاپەمەنییەکان لە کتێبخانەکاندا نەفرۆشراون و بەسەر خەڵکدا بڵاو نەکراونەتەوە، بگرە نووسەرەکان ئەوەی نووسیویانە، ڕاستەوخۆ بۆ گوێگرەکانیان خوێندووەتەوە و ئەوانیش خۆبەخۆ و بەشێوەیەکی خۆڕسک کاردانەوەیان هەبووە و رای خۆیان دەربڕیوە.

١٢- بەر لە گرێکییەکان ئاگر، لای میسرییە کۆنەکانیش بەهایەکی تایبەتیی هەبووە، بۆ نموونە ئاگر هێمای ئاژەڵێکی دڕندە بووە، هەموو شتێکی هەڵلوشیوە بۆ ئەوەی لە دواییدا کە تێری خوارد هێدی هێدی دامرکێتەوە و بمرێت.

١٣- ئەم پەیکەرە لە ساڵی ١٩٣٤دا وەک رێز لێنانێک لە محەمەد عەلی پاشا لەلایەن پەیکەرتاشێکی گەورەی گرێکییەوە دروست کراوە. محەمەد عەلی پاشا رۆڵێکی گەورەی لە بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەڤاڵەدا بینیوە.

١٤- ئەم خانووە تا ئێستاش موڵکی وڵاتی میسرە و جگە لە ئاڵا کۆنەکەی کەڤاڵە و محەمەد عەلی، ئاڵای میسریش بەسەر ئەم خانووەوە هەڵکراوە.

١٥- محەمەد عەلی پاشا نە گرێکی و نە عەرەب بووە، بەڵام موسڵمان بووە. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە محەمەد عەلی ئەلبانی بووە، لێرە و لەوێش باس لەوە دەکرێت کە کورد بووبێت. بەهەرحاڵ ئەم پیاوە لە ساڵی ١٧٦٩ لە کەڤاڵە لەدایک بووە، تا ساڵی ١٧٩٨ بازرگانی تووتن بووە، دواتر لە کەڤاڵە دەبێتە سەرباز و لە ساڵی ١٧٩٨دا دەبێتە ئەفسەری لەشکری عوسمانی و دژی سوپای فرەنسا لە میسر شەڕ دەکات. لە ساڵی ١٨٠٥دا دەبێتە محەمەد عەلی پاشای یەکەم لە میسر و دواتر لە ئەسکەندەرییە کۆچی دوایی دەکات.

١٦- ئەم سەنتەری لێکۆڵینەوەیە راستەوخۆ پێوەندیی بە وەزارەتی دەرەوەی گرێکلاندەوە هەیە، چونکە ماڵی محەمەد عەلی پاشا تا ئێستاش هەر موڵکی میسرە. لەم سەنتەرەدا لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەرییەکانی و و شارستانییەتی میسر لە گرێکلاند دەکرێت. لە هەمان کاتدا دەزگایەکە بۆ دیالۆگ و لێکۆڵینەوەی کولتوور و بڵاوکردنەوەی هونەر لە هەردوو وڵاتی گرێکلاند و میسردا. یەکێک لە کارەکانی ئەم مەڵبەندە ئەوەیە کە کاریگەری و میراتی محەمەد عەلی و بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە لە گرێکلاند و لە میسریش بە دۆکیۆمێنت بکەن و بەشێوەیەکی هاوچەرخ و دیجیتاڵ بیپارێزن.

# چۆن دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێ

بیوگرافیای ئامووس ئۆزە

١ لە ٢

ئەوانەی حەز لەو پرۆژەی ئێمە لەسەر خاکی ئیسرائیل ناکەن، لەسەر ئەو پارچە زەوییە بە زەلکاو و بەردین و بیاوانەش حەسوودیمان پێوە دەبەن. لەسەر هەموو دیوارەکانی ئەو جیهانە دروشمی دژ بەئێمە زۆرن، کە دەنووسرێ:

(ئەی جوولەکەی حەقیر، بگەڕێوە بۆ فەلەستین).

بۆیەش وا گەڕاینەوە فەلەستین و هەموو جیهانیش بە ڕووماندا هاوار دەکات و دەڵێن:

(ئەی جوولەکەی حەقیر، لە فەلەستین برۆنە دەرەوە).

کەسە پێشەنگەکان لە پشتی ئاسۆوە دەژیان، لە جەلیل، لە شارۆن و لە مەزرای ئین عامر. گەنجەکان کەسی بەهێز بوون، دڵگەرم بوون، بەڵام لە بێدەنگیدا بیریان دەکردەوە، کیژەکان جەستە گەرم و خۆش بوون، ڕاشکاوانە قسەیان دەکرد، جڵەوی خۆیان بەدەستەوە بوو، وەک ئەوە وابوون کە هەموو شتێک دەزانن و لە هەموو شتێکیش حاڵی دەبن، تۆیان دەناسی و لە هەموو شڵەژانەکانمان شارەزا و ئاگەدار بوون، سەرەڕای ئەوانەش زۆر بە لوتف و بە سەرڕاستانە و بەڕێزەوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرد، نەک تەنیا وەک کوڕەکان وا بوون، ئەوان وەک پیاوەکانیش بوون، وەک هەموو پیاوەکان، بەڵام هێشتا کورتەباڵان.

(ئێمە هەموو دەمێک چاوەڕوانی یەک ئیشارەت دەبین)،

(نەوەکانت ئاشتیخوازن، گاسنیان لە دەستە، ئیمڕۆش بە چەکانیانەوە ئاشتییان بەرقەرار کردووە)،

(بۆ کێندەرێمان رەوانە بکەن، دەچینە ئەوێندەرێ)،

.........................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی



دەتوانن ئەسپە کێوەکانیش ماڵی بکەن و بچینە سەرپشتیان، تراکتۆرە خەرماشە گەورەکانیش بەکار دەهێنین، عەرەبیزانن، ئەشکەوتەکان دەناسن، لە دۆڵەکاندا گووم نابن، لە بەکارهێنانی چەک و دەمانچە و نارنجۆکی دەستی لێزانن، لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەوانە حەز بەشیعر و خوێندنەوەی کتێبیش دەکەن، زۆر ئاگەدار و چاوکراوەن، هەستەکانیان بە شاراوەییش دەهێڵنەوە، لە دوا ساتەکانی شەوە بەسامەکان و لەبەر رووناکیی مۆمێکەوە بەمەندی و بەنەرمی قسە لەسەر ژیان و ماناکانی ژیان دەکەن، دەتوانن سەرپشک بن لە بژاری ئەڤین و ئەرکەکانی سەرشانیان بۆ پێویستییەکانی نەتەوەیی و لەگەڵ هەق.

هەندێ جار لەگەڵ هاورێیەکانم دەچووینە گۆڕەپانی تنوفا، لەوێ بارەبەرەکان بارەکانیان لێ دادەگرت، لەوێ دەمبینی ئەوانە چۆن بە لۆرییەکانی هەڵگری، بەرهەمی کشتوکاڵی لەپشت چیا تاریکەکانەوە دەهاتن، (ئەوان جلوبەرگی بەریان ئاسایی بوو، قایشیان لە پشتدا بوو، پێڵاوی ئەستووریان لە پێدا بوو).

لە چواردەورەیان دەسووڕامەوە، تا من بۆنی کا و پووشیان لێ بکەم، تا بۆنی رێگە دوورەکان بکەم، لەوێ، لەلای ئەوانەوە، بەراستی نەبەردی گەورە دەقەوما، لەوێ وڵاتەکەیان بنیات دەنا، جیهانیان چاک دەکردەوە، کۆمەڵگەیەکی نوێیان سەرلەنوێ دادەمەزراندەوە، شوێنپێیان لەسەر مێژوو، لەسەر خاک دادەنا، لەوێ ئەوان خاک دەکێڵن و دارمێو دەچەقێنن، لەوێ شیعری نوێیان دەنووسی، دەست بەچەکەوە لەوێ سواری ئەسپەکانیان دەبوون و بە تەقە وەڵامی ئاگری شۆڕشگێڕە عەرەبەکانیان دەدایەوە، لەوێ مرۆڤی بێدەسەڵات و بەرەڵاکانیان کۆ دەکردەوە و میللەتێکی شەرکەریان لێ دروست دەکردن.

لەو رۆژانە تەلئەبیبیش لەپشت ئەو چیا تاریکانەدا بوو، ئەو شوێنە سەیرەی ڕۆژنامەکانمان بۆ دەهات، لەوێیەوە قسە لەسەر شانۆ و ئۆپرا و کەبارییەکان و لەسەر هونەری نوێ و لەسەر حزبەکان دەکرا، دەنگۆی دانوستاندنە گەرموگوڕەکان هەبوو، هەروەها لەوێیەوە دەمانزانی قسە و بەڵێنی داپۆشراویش هەیە، دەمانزانی وەرزشوانی مەزن هەیە، لەوێ دەریا هەیە، دەریاکە مشت ئەو جوولەکە گەرمانەیە کە مەلەوانی باش دەزانن. کێ لە یورشەلیم مەلەوانی دەزانێت؟ کێ، لە ئەساسدا زانیویەتی کە جوولەکە مەلەوانی دەکەن؟ ئەوانە لە ڕەگەزێکی ترن، گۆڕانێکە، (سەیرە کە پەپوولەیەک لە کرمێکەوە لەدایک ببێت).

وشەی تەلئەبیب، تەنیا ناوەکەی سیحرێکی شاراوەی تایبەتی هەبوو، کە دەوترا (تەلئەبیب) وێنەی کوڕێکی گەنجی بەهێزم دەهاتە بەرچاو، کە فانیلایەکی شینی کاری لەبەر بێت، کوڕە سووتاوەکانی بەرخۆر بوو، چوارشانە، شاعیر و کرێکار و شۆڕشگێڕ بوو، کوڕە گەنجێکە و ترس ناناسێت، دەیانووت (هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئاسانە)، قژ بەگڵوازەیە، کاسکێتێک بەنەرمی و بەبێ بایەخەوە دەهاوێتە سەر سەری، جگەرەی (ماتوسیان) دەکێشێت، ئەوەشیان خۆماڵییە لەو جیهانەدا. ڕۆژانە لە قیرتاوکردن و چیمەنتۆدا کار دەکات، ئێوارەکانیش کەمانچەیەکی بەدەستەوەیە و کەمانچە دەژەنێت، شەوانەش لەگەڵ کیژاندا سەما دەکات، یان گۆرانیی خەمگینی لەگەڵ تریفەی مانگدا و لەسەر لم دەڵێتەوە، پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێت، دەمانچەکەی لە کونە نهێنییەکە، یان تفەنگەکەی بەدزییەوە لە جەرگەی تاریکییەوە دەردەهێنێت و کێڵگە و ماڵەکانیش دەپارێزێت.

ئای کە تەلئەبیب لە ئێمە دوور بوو! لە منداڵیمدا تەنیا پێنج شەش جارێک سەردانی تەلئەبیبم کردبوو، هەر ئەوەندە و زۆرتر نا، لەگەڵ پوورەکانم بۆ بەسەربردنی جەژنەکان دەچووم. نەک تەنیا ڕووناکی لەو شارەدا جیاوازیی هەبوو لەگەڵ یورشەلیم، هەموو شتەکان جیاوازییان هەبووە، کە ئێستا جیاوازییەکان زۆرترن، هەتا یاساکانی جازیبیەش لەوێ جیاواز بوو، لە تەلئەبیب بە شێوەی جۆرەوجۆر خەڵکەکە ڕێیان دەکرد، دەڕۆیشتن، هەڵدەبەزین، هەڵدەپەڕین وەک چۆن نیل ئارمسترۆنگ لەسەر مانگ هەڵدەبەزییەوە.

جارێکیان بۆ جەژنی بەرۆژووبوون سەردانی تەلئەبیبمان کردبوو، بەیانییەکەی زوو، هەموو خەویان لێ کەوتبوو، من جلی خۆم لەبەر کرد و لە ماڵەوە دەرچووم، بە تەنیا لەناو گۆڕەپانێکی گچکە گەمەم دەکرد، لەوێ یەک دوو کورسیشی تێدا بوو، جۆلانەیەک بەسترابوو، سندووقێکی بۆ یاریکردن مشت لم کرابوو، سێ چوار دارەکەی تەنیشتم پاسارییان لەسەر بوو، جریوەیان دەهات. پاش چەند مانگێک و لە جەژنی سەری ساڵ جارێکی تر چووینەوە تەلئەبیب، بینیم گۆڕەپانەکە نەمابوو، دارە گچکەکان و جۆلانە و دوو کورسییەکە و پاسارییەکان و سندووقە لمەکەیان گواستبووەوە، چۆن بێ گۆڕیۆن و دامەزراوە بەرپرسەکان، چۆن بواریان داوە ئەو کارە بکەن، ئەوە چۆن کراوە؟ کێ وا خێرا ئەو گۆڕەپانەی گواستیتەوە؟ ئەوە چ بووە، ڕەنگە بەیانی چیای زەیتوونیش بگوازنەوە؟ بورجەکەی داوودیش بگوازنەوە؟ ڕەنگە دیواری گریانەکەش بگوازنەوە؟

له کن ئێمەوە بە شانازی و بە حەسوودییەوە باسی تەلئەبیبیان دەکرد، بەجۆرێک لە نهێنییەوە ڕێزی ئەو شارەیان دەگرت، وەک ئەوەی تەلئەبیب پرۆژەیەکی میللەتی جوولەکەی نهێنی و زیندوو بێت، ئەو پرۆژە ناوازەیە کە باش نییە زۆر و زیاد لە پێویست باسی بکەین، دیوارەکان گوێیان هەیە، رق لە دڵەکان و دوژمنەکان لە هەموو شوێنێک بوونیان هەیە.

تەلئەبیب، دەریا، رووناکی، ئاسمانی شین، لەکان، ئەستوونەکانی دروستکردن، جوولەکە، کۆشکەکانی ناو شەقامەکان، شارێکی عیبریی سپی بەهێڵێکی سادە و لەناو جۆخینەکان و گومبەتەکان هەڵدەچوو، ئەوێ تەنیا شوێنی کڕینی پلیت نییە بۆ سەفەرکردن بە پاسەکانی کۆمپانیای ئەیجد، بگرە پارزەوینێکی ترە.

***

دایکم لە زانکۆی براغ خوێندبووی، خوێندنی زانکۆیییەکەی لە یورشەلیم تەواو کردبوو، دەرسی تایبەتی مێژوو و ئەدەبی بەخوێندکاران دەوتەوە، باوکم بەکالۆریسی لە ئەدەب لە زانکۆی ڤیلنا و ماجستێری لە زانکۆ وەرگرتبوو کە کەوتبووە سەر چیای سکۆبوس، لەبەرئەوەی کەسانێکی زۆر خاوەن بڕوانامەی بەرز و پسپۆڕ زۆربوون، بۆیە بۆ باوکم ئاسان نەبوو وەک وانەبێژ لە زانکۆی عیبری دامەزرێت، چونکە ژمارەی مامۆستاکان لە ژمارەی خوێندکارەکان زۆرتر بوو، زۆر لە وانەبێژەکان بڕوانامەیان لە زانکۆیە دێرینە ئەڵمانییەکان هەبوو، نەک وەک باوکم بڕوانامەکەی شڕی پۆڵۆنیی یورشەلیمی هەبوو، بۆیەش ئەو وەک ئەمینی کتێبخانەی نەتەوەیی لە چیای سکۆبوس دادەمەزرێ، شەوانە خەریکی نووسینی توێژینەوە بوو لەسەر رۆمان لە ئەدەبی عیبری و مێژووی ئەدەب بەگشتی. باوکم ئەمینێکی رۆشنبیری کتێبخانەکە بوو، کەسێکی بەڕێز و بڕیاردەر بوو، بەڵام کەسێکی سەرلێشێواو بوو، بە ملپێچ و چاویلکە و چاکێتە شڕەکەی دەناسرایەوە، ئەو سەری بۆ کەسانی لە خۆی بەتەمەنتر دەهەژاند، بەخێرایی دەرگەی بۆ ژنەکان دەکردەوە، لەسەر مافە کەمەکانی سوور بوو، داکۆکیی زۆری دەکرد، بە دە زمان شیعری لەبەر دەخوێندەوە، زۆر حەزی دەکرد خۆی وەک کەسێکی رووخۆش و نەرم نیشان بدات، بەردەوام نوکتەکانی هەموو جارەکانی پێشووتری دەگێڕایەوە، بەڵام نوکتە لە زاری ئەو بەگرێ دەردەچوو، نەک گاڵتەجاڕییەکی زیندوو، بگرە بە راگەیاندنێکی نیەت باشە سەبارەت بەو ئەرکەی لەسەرشانی دانرابوو، کە لە کاتی تەنگاوی و ئەستەمدا نوکتە بگێڕینەوە.

زۆربەی هاوسێیەکانمان فەرمانبەری گچکە بوون، وردە بازرگان و لە بانکەکان ئەمین سندووق بوون، یان لە سینەماکان کاریان دەکرد، مامۆستا و مامۆستای تایبەتی بوون، دوکتۆری ددان. ئەوانە کەسانی ئیماندار نەبوون، تەنیا لە رۆژانی غوفرانەکان دەچوونە کڵێسا و لە چواردەورەی مەنبەرەکە دەست بە تەوراتەوە لە رۆژی دابەزینەوە لە هەشتەم رۆژی جەژنە تایبەتییەکاندا دەسووڕانەوە و شەوانەی شەمووان مۆمیان دادەگیرساند، تا ڕێز لە مانەوەی کولتووری جوولەکە بگرن، بەوەش بۆ زۆرتر ئارامی بوو و خۆپاراستنە لە هەموو ئەو شەڕ و نەهامەتییە

چاوەڕوانکراوەکان.

هەمووویان کەسانی ڕۆشنبیر بوون، هەموو لەبەر ئەو ڕەوشە زۆر مورتاح نەبوون، هەمووویان بۆچوونی بڕیاردەریان لەسەر ئینتیداب و دوارۆژی سەهیۆنیەت و چینی کرێکاران و ژیانی ڕۆشنبیری لە وڵاتەکە و ناکۆکییەکانی نێوان مارکس و دیرینجم و ڕۆمانەکانی کنوت هامسون و دۆزی عەرەبی و دۆزی ژنان هەبوو. لەوانە هەندێکیان خاوەن هزر بوون، لەوانە داواکار بوون بۆ نموونە، هەڵوەشاندنەوەی حورمانەکەی سەر سپینۆزام تا بۆ عەرەبەکان هەموو شتەکان ڕاڤە بکرێت و پێیان بڵێن ئێوەی عەرەبی ناو وڵاتەکەمان لە ڕاستیدا ئێوە عەرەب نین. ئەوان لە ڕەچەڵەکەوە دەگەڕێنەوە سەر عیبرانییە کۆنەکان، یان کار بکرێت هزرەکانی کانت و هیگل لەگەڵ بیردۆزەکانی تۆلستۆی و لەگەڵ بیردۆزەکانی سەهیۆنیەت نزیک بن، بەو ئاوێتەبوونە لەو وڵاتە ژیانێکی خاوێن و تەندروستو دڵخواز دادەمەزرێ، یان کار بۆ ئەوە بکەن شیری بزن زۆرتر بخورێتەوە، یان دەرکردنی ئینگلیز و بۆ ئەوەش پەیمان لەگەڵ ئەمەریکا هەتا لەگەڵ ستالینیش بکرێت، یان کۆشش بکرێت وەرزشی سادە بۆ بەهێزکردنی خۆپاراستن لە خەم و پاکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤی مەشقکراو بکرێت.

هاوسێیەکانمان بۆ خواردنەوەی چای ڕووسی هەموو ڕۆژانی شەموان و لەپاش نیوەڕۆ لە حەوشە گچکەکەمان کۆ دەبوونەوە، ئەوان هەموویان کەسانی دەستوپێ سپی بوون، هیچ کاری دەستیان لەدەست دەرنەدەچوو، کە پلاکێکی کارەباییان دەسووتا یان شێرەیەکی ئاویان تێک دەچوو، یان کاری کونکردنی دیواریان هەبووایە، بەپەلە دەچوونە خزمەت باروخ، ئەو تاکەکەس بوو لەو گەڕەکە دەستی ڕەنگین بوو، ئەو کارانەی لەدەست دەردەچوو، بۆیەش ناویان نابوو (باروخی دەستزێڕین)، ئەوانەی تریش دەیانزانی چۆن بەجۆشێکی گەرمەوە شرۆڤەی ئەوە بکەن بۆ گەڕانەوەی جوولەکە بۆ ژیان و گوزەران بە چاندن و کارە دەستییەکان چەند گرینگە و پێویستە بگەڕێنەوە سەر ئەو بەرنامەیە، ئەوەی لێیان کەمە و پێویستیان پێیەتی نەبوونی کرێکاری سادە و ڕاستکار بوو. بەڵام لە گەڕەکەکەی ئێمە ئەگەر باروخی دەستزێڕینمان لێی دەرهێنابووایە هیچ کرێکارێکی سادەمان نەدەدۆزییەوە، کەسانی ڕووناکبیرمان نەبوو چیا هەڵکۆڵیت، هەمووویان ڕۆژانە چەندین ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە، هەموویان حەزیان لە ئاخاوتن بوو، بەشێکیان لە هەندێ بابەتدا پسپۆڕ بوون، هەندێک ڕەنگە کەسانی لێهاتوو و بیرتیژ بوون، بەڵام زۆربەیان قسەی ناو ڕۆژنامەکان و وتارە بە مەزندەکان و بڵاوکراوە حزبەکانیان دەوتەوە. وەک منداڵێک منیش دەمتوانی بەشێوەیەکی سادە نێوانی زۆری جۆشیان بۆ چاکسازیی ئەو دنیایە و شێوەی کڵاوتەکاندنیان کە چایەکەیان پێشکێش دەکردن مەزندە بکەم، یان کە دایکم بۆ ئەوەی چایەکەیان بۆ کەمێک پڕ شەکرتر و شیرینتر بکات، خۆی نەوی دەکرد و دەرزی کراوەی سینگی بۆشاییەکەی گەورەتر دەبوو، بەو شەرمکردنە و بەو نیگایە هەستم دەکرد سوور هەڵدەگەڕان و بەوەش پەنجەکانیان ئاڵۆز دەبوون و دەچوونەوە ناویەک، ئاکاری پەنجەیان پێوە نەدەما.

هەموو ئەوانە بابەتی چیخۆفی بوون، هەروەها هەستکردن بە تەنیاییەکەش، لەوێ لەو جیهانەدا شوێن هەیە هەموو ژیانی راستەقینەیی بەرقەرارە، لێرە دوور، لە ئەوروپا و پێش هیتلەر، ئێواران چرای رووناکی زۆر داگیرساون، ژن و پیاوە بەرێزەکان بۆ قاوە خواردنەوەیەک یەکتری دەبینن، بەیەکەوە قاوەی بەکرێم لە هۆڵە سەربەدارگیراوەکان دەخۆنەوە، دڵخۆش لەو شوێنە پایەدارە نەخشکراوە بە باڵکۆنە زێرینەکان دادەنیشن، دەستی یەکتری دەگرن و بەرەو ئۆپراکان و بالییەکان دەچن، لە نزیکەوە داهێنانی هونەرمەندە گەورەکان سەیر دەکەن، گوێ لە بەسەرهاتی ئەڤینی بەردەوام ڕادەگرن، دڵە شکاوەکان دەبینن، ژنە نیگارکێشە ئەڤینەکە کە لە ناکاو عاشقی یەکێک لە هاوڕێیەکانی دەبێت، موزیکسازەکە، لە نیوەشەودا ژنەکە بەدڵی شکاوەوە لەبن نەرمە بارانێک تەنیا لەسەر پردە کۆنەکە رادەوەستێت و خەیاڵەکەی لەسەر ئاوی ڕووبارەکە دەلەرزێت.

***

لە ڕۆژانی ئەڤینی ئێمەدا، هەرگیز ئەوانە رووی نەداوە، ئەو رووداوانە لەپشتی چیاکانی تاریکییەوە روویان داوە، لەو شوێنانەی کە تێدا مرۆڤ بەبێ لێپرسینەوە ژیاوە، بۆ نموونە لە ئەمەریکا، لەوێ ئەرز هەڵدەکۆڵن و زێڕ دەدۆزنەوە، ترێنەکانی پۆستە دەدزن، بەدرێژایی بیاوانەکان مێگەلەکانی گا و گۆڵک بەڕێدەکەن، کە تێدا لەوێ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە هیندە سوورەکان بکوژێت، کیژێکی جوانی دەست دەکەوێت. لە سینەماکانی ئەدیسون ئەمەریکا بەو شێوەیە بوو، کیژە جوانەکە دەبووە پاداشتی ئەو شەڕوانی باشترین نیشانە دەپێکێت. ئەوان چ لەو خەڵاتە دەکەن؟ من هیچ بیرۆکەیەکم لەسەر ئەوەدا نەبووە. ئەگەر لەو فیلمە ئەمەریکایانەدا لە جیاتیی ئەوە فیلمی تریان نیشان دابووایە و کوڕە نیشانەشکێنەکە لە جیاتیی کیژێک کوڕێکی هیندی سووریان خەڵات کردبووایە، بێگومان بڕواشمان بەوەش دەکرد. بەهەرحاڵ مەسەلەکان لەو شوێنە دوورانە وایە، خەڵکەکە لە ئەمریکا وا دەژین، ئەوە و لە زۆر لە شوێنە عەنتیکەکانی ناو ئەلبوومی پوولەکانم، لە پاریس، لە ئەسکەندەریە، لە ڕۆتردام، لە لۆگانوو، لە بیاریتس، لە سان موریس، لەو شوێنانەی تێدا کەسەکان سەربەرزن، بە ئەدەبەوە عەشق و ململانێی دەکەن، بزر دەبن، سازش دەکەن، لەسەر روویان بزر دەبن، شەوانە و بەتەنیا لەسەر کورسییە درێژەکان، لە باڕە تاریکەکان نیوەی شەوان، لە هوتێلەکان، لە شەقامەکان لەو شارانەی بارانی زۆر لێ دەبارێت، بۆ خۆیان بەبێ لێپرسینەوە دەژین.

لە ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و دویستۆیفسکی، ئەوانەی خەڵکەکە دانوستاندنی زۆریان لەسەر دەکرد، پاڵەوانەکانی ئەو رووداوانە بەبێ لێپرسینەوە دەژین، لەناو گەرمەی ژوانی ئەڤینیش دەمرن، یان لەسەر مەسەلەی لەوە شکۆدارتر دەمرن، یان بە وەرەم دەمردن، یان لەناو خەفەتدا دەمردن. ئەو پێشەنگە سووتاوانەی بەرخۆرەکە، لەسەر ئەو گردۆڵکەکانی جەلیل، ئەوانیش بەبێ لێپرسینەوە دەژین، لە گەڕەکەکەی ئێمە نەمزانیوە کەس بە نەخۆشیی وەرەم مردبێت، یان لە ئاکامی ئەڤینێکی سەرنەکەوتوو گیانی لەدەست دابێت، یان لە پێناوی رەفتارێکی باڵا مردبێت، هەموویان بە حیساب

دەژیان، هەر باوکم وا نەژیاوە، هەموویان بەو جۆرە دەژیان.

***

جاران لەناو ئێمەدا یاسایەکی توند هەبوو، نەدەبوو کەس کالای هاوردە بکڕێت، کالای دەرەوە قەدەغە بوو، چونکە دەکرا هەمان شتی خۆماڵیی دەست بکەوێت، بەلام کە دەچووینە دوکانەکەی بەڕێز ئوستر لە گۆشەی شەقامی ئوفادیا و شەقامی ئامووس، دەبووایە بژارێک لە نێوان پەنیری جۆری کیبوتس کە لە بەرهەمی تنوفا بوو، لەگەڵ پەنیری عەرەبی، پەنیرە عەرەبییەکە کە لە گوندەکانی نزیک لفتاوە دەهات، ئەوەیان پەنیر و بەرهەمی دەرەوە بوو یان بەرهەمی ولاتەکەمان بوو؟ مەسەلەکە ئالۆز بوو؟ راستە پەنیرە عەرەبییەکە زۆریش هەرزانتر بوو، بەلام ئەگەر پەنیری عەرەبییەکەت کڕیبووایە، ئەوە تۆ کەمێک خیانەتت لە سەهیۆنیەت کردووە. لەوێ و لە شوێنێکی تر لەناو کێڵگەکانی جیزریلو لە کیبوتس یان جەلیل لەوێ کیژێک لە پێشەنگەکان لەگەڵ فرمێسک ڕشتندا ئەو پەنیرە عیبرییەی بۆ ئێمە و لە پێناوی ئێمەدا بەر کردووە، چۆن دەکرێ ئێمە پشت لەو پەنیرە بکەین و بچین پەنیرێکی تری بێگانە بکڕین؟ ئاخۆ ئەو دەستانەی بۆ کڕینی ئەو پەنیرە دەچێت نالەرزێت؟ لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئێمە بایکۆتی کالای عەرەبە دراوسێیەکانمان کرد، ئێمە بەدەستی خۆمان و بە خۆمان رق و ناتەباییمان قووڵ کرد و خوێنڕشتنی هەردوو نەتەوە زۆرتر دەکەین، خوا هەڵناگرێت، ئەوە لەسەر ویژدانمان دەبێتە بار، ئەو جووتیارە عەرەبەش کەسێکی سادەیە و جووتیارێکی دڵگەورە و پاکە و دەستی وەک خەڵکی شارە گەورەکان پیس نەبووە، ئەو جووتیارە گەنمڕەنگە و لە راستییدا برای (موجییەک ـ جووتیاری رووسی)یەکەیە، ئەویش کەسێکی سادە و شەریفە، لە چیرۆکەکانی تۆلستۆیە! ئاخۆ راستە و رەوای هەقە ئێمە پشت لە پەنیرە گوندییەکە بکەین؟ رەوای هەقە ئێمە دڵڕەق بین و سزای خەڵک بدەین؟ بۆچی؟ لەبەرئەوەی بەریتانیای فێڵباز و ئەفەندییە گەندەڵەکان ئەو جووتیارە سادەیە لەسەر دژایەتیکردنی ئێمە و ئەزموونەکەمان هان دەدەن؟ نەخێر. ئەوجارە بەدڵنیاییەوە بەهەموو قەناعەتەوە پەنیرە گوندییەکەی عەرەبەکان دەکڕین، ئەوەی، با لە بیرمان نەچێت، لە پەنیرەکەی تنوفا بەتامترە و ئەوە و کەمێک هەرزانتریشە. بەلام بەئاراستەی سێیەمەوە، سەرەڕای ئەوە، کێ دەزانێت، رەنگە ئەوان لە سازکردنی پەنیرەکە وەک پێویست زۆر خاوێن نەبن؟ کێ دەزانێت لەوێ حاڵەتی شیرهەژانەکەیان چۆنە؟ ئەگەر بۆمان روون کرایەوە و تێگەیشتین چ روو دەدات، ئەگەر پاشان ئەوەمان زانی کە پەنیرەکەی ئەو میکرۆبی زۆرە و پیسە؟

میکرۆب یەکێکە لە دێوەزمە تاریکەکانی ئێمە، ئەوەش وەک ئەنتی سامییەتە. رۆژێکیان تۆ رووبەڕووی کەسێکی ئەنتی سامییەت و میکرۆب نەبوویتەوە، دڵنیابە و باش بزانە ئەوانە لە هەموو شوێنێکیدا بوونیان هەیە، دەبینن و نابینرێن. بەپراکتیک، راست نییە یەکێک لە ئێمە بڵێت لە ژیانمدا من بەچاوی خۆم میکرۆبم نەدیوە. من ئەوم دیوە. کە زۆر بەوردی و زۆر بەسەرنجەوە سەیری پارچەیەکی کۆنی پەنیرم دەکرد، ئەوەم دیوە، لە ناکاو هەستم کرد لێم دیارە کە وردە شت دەجووڵێنەوە. دەجوولان وەک جازبییەکەی یورشەلیم، کە جاران لە ئێستا زۆرتر و بەهێزتر بوو،

هەروەها میکرۆبەکانیش گەورەتر بوون، بەهێز تربوون، من ئەوەم دیوە.

لەناو دوکانە گچکەکەی بەڕێز ئوستر لە نێوان کڕیارەکاندا دانوستاندن گەرم دەبوو، کامیان بکڕین، پەنیرەکەی خۆمان، یان پەنیرەکەی جووتیارەکان؟ بەئاراستەیەکی تریش (کەسە نزیکەکان بۆ مەعرووف لەپێشترن)، بۆیەش هەق وایە پەنیرەکەی خۆمان تنوفا بکڕین. لەلایەکی تریشەوە (لەسەر ئێوە و بێگانەکانی کە لەناو ئێوەدا دەژین، یەک یاسا پەیڕەو دەبێت).

بۆیەش وا باشە و دەبێت پەنیرە عەرەبییەکەش بکڕین. لەبەرئەوەی (چونکە ئێوە لەسەر خاکی میسر بێگانە بوون).

ئای لەو شەرمەزارییە، شەرمەزارییە! ژیان تژییە لە کار و کردەوەی شەرمەزاری و بێئابڕووی لەو جۆرە.

***

من بەتەنیا دەستم بەخوێندنەوە کرد، زۆر گچکە بووم کە کتێبم خوێندووەتەوە، هەر دەبوایە ئەوە بکەم، چیی تر هەبوو تا بیکەم...؟ ئەودەمانە شەوەکان درێژتر بوون، درێژتر بوون چونکە گۆی زەوی سەبرتر دەسووڕایەوە، راکێشانی زەوییش لە یورشەلیم بەهێزتر بوو، وەک ئیمڕۆ نەبوو. رووناکیی گڵۆپەکان کزتر بوون، لەبەر کوژانەوەی کارەبا زۆرجار گڵۆپەکانیان بەسەردا دەکوژاندەوە. هەتا ئیمڕۆش بۆنی دووکەڵی چرای شەوانەم لە بیر ماوە، ئەو چرایانە بە گاز دەسووتان و لەمپاکەی بە تەنی رەش دەکرد، بۆیەش خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەودەمانەم لە بیر ماوە. بەریتانیاییەکان پاش سەعات حەوتی ئێواران لە یورشەلیم هاتوچۆیان قەدەغە کردبوو، بۆیە شەوانە لە ماڵەکانمان حەپس دەبووین. ئەگەر ئەوانیش هاتوچۆیان قەدەغە نەکردبووایە، خەڵکەکە بەو شەوە تاریکانە کێوە دەچوون، لەناو یورشەلیم چییان کردبووایە...؟ هەموو شتەکان یان داخرا بوون یان کلیل بوون. شەقامە بەردڕێژەکان کەسی تێدا نەبوو، هەر سێبەرێک لەسەر ئەو شەقامانەدا ڕۆیشتبووایە لەسەر ئەسفەلتەکە تارماییی سێ چوار سێبەری بەدوای خۆی جێ دەهێشت.

***

ئەگەر کارەباش نەکوژابووایەوە، ئەوە ئێمە لەبەر رووناکییەکی کز و لاواز دادەنیشتین، چونکە دەبووایە دەست بە وزەی کارەباکەوە بگرین، لەمپا چل واتەکەمان دەگۆڕییەوە بە لەمپایەکی سووکتر، دەمانکردەوە بیست و پێنج واتی، ئەوەمان دەکرد نەک لەبەرئەوەی ئەو گڵۆپانە هەرزانتر بوون، لەبەر ئەوە بوو ئەو گڵۆپانە کارەبایان کەمتر دەویست، وامان دەزانی نابێت رووناکییەکان خەسار بکەین، دەستبلاوی و زێدە مەسرەفیش سیفەتێکی بێ ڕەوشتی بوو.

ماڵە گچکەکەمان تژی خەڵک بوو، ئەو خەڵکە بوون کە لە هیندستان منداڵەکانیان برسی بوون، لەبەر ئەوانە بوو کە دەبووایە هەموو خواردنەکەی ناو قاپەکەم تەواو بکەم و هیچی بەفیڕۆ نەدەم. کۆچبەرە ناشەرعییەکان، ئەوانەی لەبەر زەبری هیتلەر رایان کردبوو، ئەوانەی بەریتانیاییەکان

دەریان کردبوونو  لەناو کوخە تەنکەکانی قوبرس دەژیان. منداڵە بێ باوکەکان ئەوانەی بەڕووتی و بەبێ پۆشاک لەناو دارستانە بەفرینەکانی ئەورووپا رووخاوەکە مابوونەوە. باوکم تا سەعات دووی پاش نیوەی شەو لە دیار چرا کزە بیست و پێنج واتییەکە دەمایەوە، ئەو چرایەی تووشی کەمیی خوێن هاتبوو. ئەو رووناکییە چاوەکانی باوکمی ماندوو کردبوو، نەدەکرا باوکم رووناکیی زۆرتر بەکار بهێنێت. نیشتەجێبووە پێشەنگەکانی گوندەکانی جەلیل لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان بەدرێژاییی شەوەکان لەناو خێوەتەکانیاندا و لەبەر رووناکیی لەرزۆکی چراکانیان شیعریان دەنووسی، یان تێزی فەلسەفەیان ساز دەکرد. دەکرێ هیچ کەسێک ئەوانە لە بیر بکات...؟ یان وەک رۆچیلد لەبەر رووناکیی گڵۆپێکی چل واتی دابنیشێت...؟ ئەگەر لە ناکاو هاوسێیەکانت تۆیان لەو ئاهەنگە رووناکانە بینیبووایە. چاوەکانت لەسەر دابنێت نەک بکەویتە بەرچاوی حەسوودەکان، ئەو بژارە باشترە.

***

ئێمە زۆر هەژار نەبووین، باوکم کارمەندێکی دائیمیی پەڕتووکخانەی نەتەوەیی بوو، مووچەکەی مامناوەندی بوو. دایکم وانەی تایبەتی بە منداڵان دەوتەوە. من بەدرێژاییی رۆژانی هەینی بەرانبەر یەک شیلین باخچەکەی بەڕێز کۆهینم لە تەلئەرزە ئاو دەدا. رۆژانی چوارشەمووانیش لەلای بەڕێز ئوستری بەقال شووشە بەتاڵەکانم لەناو سندووقەکان دادەنایەوە و لە بریی ئەو کارەش چوار قروشم وەردەگرت، بە دوو قروشیش دەرسی نەخشەم بە کوڕەکەی ڤینستر دەوتەوە (بەڵام ئەوەیان بە قەرز بوو، تا ئیمڕۆش ئەو بنەماڵەیە پارەی قەرزەکەیان هەر نەدا).

***

لەگەڵ ئەو هەموو دەستکەوتانە ئێمە هەر ڕەزیلیمان دەکرد و بەبگر بووین. ژیانی ئێمە لەو خێزانە گچکەیە وەک ژیانی ناو ئەو غەواسەیە بوو کە لە سینەمای ئەدیسون فیلمەکەم دیبوو، کارمەندەکانی ناو غەواسەکە لە بەشەکاندا دەسووڕانەوە و لە دوای خۆیان بەربەستەکانیان توند گاڵ دەدا. من کە دەچوومە توالێتەکە بە دەستێک گڵۆپەکەم دادەگیرساند و بەدەستەکەی ترم گڵۆپی کۆڵانەکەم دەکوژاندەوە، ئەوەشمان بۆ ئەوە بوو کارەبا سەرف نەکەین. تا بەلوعەکەمان تک تک ئاوی لێ نەچووڕێتەوە و ئاوەکە خەسار نەبێت، شێرەکەم سەبر سەبر و لەسەرخۆ دەگرتەوە، دەموت بەو تنۆکە ئاوانەی لەو شێرانە دەچووڕێتەوە تەنکییەک پڕ دەکات، زۆریش ئاگەدار دەکراینەوە بۆ میزکردنێک یەک تەنکیی ئاو سەرەف مەکەن. ئاو لە کاری وا بەکار دەهات (لەناو ئێمە ناویان نەبوو) رێژەکەی دەگەیشتە تەنکییەک. بەڵام میزکردنێک؟ تەنکییەکی تەواو؟ نیشتەجێبووە پێشەنگەکان بۆ ددان شووشتنێک ئاوی زۆریان دەڕشت تا شینبوونی گوڵ لەبەر ئاوەکە ببینن، ئاویان زۆر دەڕشت. لەناو ئۆردوگاکانی ئاوارەکانی قوبرس یەک دەوڵک ئاو بەشی سێ رۆژی خێزانێکی ئەوێندەرێی دەکرد، وایە...؟ بەشێوەیەکی هاوجووت، رووناکییەکەی کۆڵانەکەم ڕادەگرت، کە لە توالێتەوە دەچوومە دەرەوە دووبارە بەدەستی چەپم گڵۆپێکم

دەکوژاندەوە و بە دەستی راستیشم گڵۆپەکەی ترم هەڵدەکرد. کارەساتەکە دوێنێ رووی دابوو، چونکە هێشتا ئەو جوولەکانەی لەناو کەشتییە ناشەرعییەکە دەریان پەڕاندن، لەنێو چیاکانی کربات و دولمیت لەناو ئوردوگاکان ماونەتەوە و رەوشیان خراپە، جل و پۆشاکانیان داڕزیوە و ئێسقانەکانیان بەدەرەوەیە، لەوێ لە چەندین گۆشەی تری ئەو جیهانە کەسانی لانەواز زۆرن، کۆلیونیەکانی چین، کرێکارە پەمۆرەنە هەژارەکانی ویلایەتی مسیسیبی، کوڕەکانی ئەفریقیا، ڕاوچییەکانی دوورگەی سیسیلیا، بۆیە دەبێ پاشکەفتی بکەین.

***

ئەوە و خۆمان نازانین بەیانی چارەنووسمان دەگاتە کێندەرێ، لێرە چیمان بەسەردێت...؟ هێشتا کارەساتەکان کۆتا نەهاتووە، بەدڵنیاییەوە دیارە کە ئەوەی دێتە پێشمان باش و چاکە نییە. راستە نازییەکان تێک شکاون و نەمان، بەڵام هێشتا ئەنتی سامییەت لەو جیهانەدا دەست دەوەشێنن، لە پۆڵۆنیا کۆمەڵکوژی هەر بەردەوامە، لە رووسیا ئەوانەی بە زمانی عیبری دەپەیڤن راویان دەنێن، لێرە هێشتا بەریتانیاییەکان دواقسە و بڕیاری خۆیان نەداوە، موفتییش باس لە سەربڕینی جوولەکە دەکات، کێ دەزانی وڵاتانی عەرەبی دەرهەق بە ئێمە چییان لەژێر سەردایە، لەبەر سامان و پترۆڵ و بەرژەوەندییەکان و گەرمەی بازاڕەکانی جیهانی بێ ئابڕووش پشتیوانیی عەرەبەکان دەکات، بۆیەش روون و ئاشکرا دیارە کە چارەنووسمان ئارام نابێت.

***

تەنیا کتێب بوو بەبێ ژماردن لەلای ئێمە زۆر بوو، دیوارەکان تژی کتێب بوون، کتێبەکان لەناو کۆلانی ماڵەکەمان، لەناو ناندینەکەمان، لە دەروازەکەمان، لەسەر رۆخی پەنجەرەکان کتێب رێز



کرابوون، لە هەموو گۆشەکانی ماڵەکەمان هەزاران کتێب هەبوون. هەست و بۆچوونێکی وا هەبوو کە مرۆڤ ئامادە دەبن و گووم دەبن، لەدایک دەبن و دەمرن، بەڵام کتێب دەمێنێتەوە و هەتاهەتایێ دەمێنێتەوە. لە منداڵییەوە بیرۆکەیەکم لە هزردا چەقیبوو کە من گەورە بم دەبمە کتێبێک، نابمە نووسەر، دەبمە کتێب. مرۆڤ وەک مێرووله کوشتنی ئاسانە، نووسەرێش مرۆڤە، ئەویش بەئاسانی دەکوژرێت. بەڵام کتێب لەناو ناچێت، ئەگەر بە بەرنامەش لەناو ببردرێت، شیمانەی ئەوە هەیە دانەیەک لەو کتێبە بمێنێتەوە و دەربازی بێت، رەنگە دانەیەکیان بەزیندوویی لەسەر تاقێکی لاچەپی دوورەدەستی ریکیاڤیک، یان لە ڤالادولید، یان لە ڤانکۆڤەر دەمێنێتەوە.

یەک دووجار وا رووی داوە رۆژانی شەمووان پارەی کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوەمان نەبووە، دایکم سەیری باوکمی کردووە، لەو نیگاکردنەوە باوکم لە دایکم حاڵی بووە کە دەبێ قوربانییەک بدات، بەرخی قوربانییەکە دەستنیشان بکات، بۆیەش باوکم بۆ هەڵبژاردنی قوربانییەکە بەرەو گەنجینەی کتێبەکان خشیوە. ئەو کەسێکی زۆر رەوشتبەرز بوو، دەیزانی نان لە کتێب گرینگترە، بەرژەوەندیی کوڕەکەی لە سەرووی هەموو شتێکە. من پشتە کۆماوەکەی ئەوم لە بەرچاوە، کە لە ماڵەوە دەرچووە و سێ چوار کتێبی خۆشەویستی لەبن هەنگڵیدا بوو، دڵی پڕ ژان بوو، بەو رەوشە دەچووە پەڕتووکخانەکەی بەڕێز مایر تا چەند بەرگێکی بەنرخی کتێبەکانی بفرۆشێت، وا دەیزانی پارچەیەک لە جەستەی دەفرۆشیت. باوکە پشت کۆماوەکەم بەو بەیانییە زووە بووبووە ئیبراهیم و لە خێوەتەکە دەردەچوو، ئیسحاقی لەسەرشان بوو بەرەو چیای موریای دەبرد.

***

کە باوکم دەچووە دەرەوە، زۆرجار پاش یەک دوو سەعات دەگەڕایەوە و کتێبەکانی پێ نەمابوو، لە جیاتیی کتێبەکان کیسەی کاغەزی رەنگ خاکی دەهێنایەوە، کیسەکان پڕ بوون لە نان و هێڵکە و پەنیر و هەندێ جاریش گۆشتی ناو قووتیشی دەهێنایەوە. باوکم بینیوە بە رووی خۆش و بەبزەوە دەگەڕایەوە، نە کتێبەکانی دەهێنایەوە و نە خواردنیشی پێ بوو، کە کتێبەکانی فرۆشتبوو، لە جیاتیی پارەکە بە نان و خواردن بدات، دووبارە کتێبی تری بە پارەکە کڕیبوو، ئەو بۆ کڕینی کتێب نەڕۆیشتبوو، ئەو بۆ فرۆشتنی کتێب دەرچووبوو، بەڵام لە ناکاو لەناو پەڕتووکخانەکە گەنجینەی گرانبەهای بینیبوو، دەیزانی ئەوانە دەرفەتی تەمەنن، خۆی پێ ڕانەدەگیرا و نەدەکرا کتێبە نازدارەکان نەکڕیت، ئەو جارانە دایکم هیچی نەدەوت و لێی دەبووری، منیش لە باوکم دەبووری، من هیچم نەدەویست تەنها گەنمەشامیو ساردەمەنیم دەویست، من ڕقم لە ئوملێتی هێلکە و گوشتی قووتی بوو. راستییەک هەیە و دەمەوێ بیڵێم من زۆرجار ئیرەییم بە منداڵە برسییەکانی هیندستان دەهات، ئەوانەی کەس زۆری لێیان نەدەکرد هەموو خواردەمەنیی ناو قاپەکانیان تەواو بکەن.

***

تەمەنم شەش ساڵان بوو، کە رووداوێکی مەزن لە ژیانمدا رووی دا، لەو تەمەنەدا باوکم

ڕووبەرێکی گـچکەی یەکێک لە کتێبخانەکانی بۆ چۆڵ کـردم، بواری پێم دا من کـتێبـەکانم لەو ڕووبەرەدا دابنێم، با ڕووداوەکە بەڕاسـتی وەک خۆی بگێڕمـەوە، ئەو ڕووبەری سی سانتیمەتری بە من بەخشیبوو، ئەو میراتەم بەرکەوت.

ئەو ڕووبەرەش دەیکردە چارەگێک لە بەشی خـوارووی تاقەکە. هەتا ئەودەمـانە من کتێبـەکانم لەسەر مێزێکی دووپایە و لە تەنیشت سیسەمەکەم دادەنا، کتێبەکانم بۆ بەشێک لە کتێبخانەکەی باوکم لە باوەش کـرد، کتێبەکانم بە پێوە و شـایستـە بە پایەدارییەوە ڕیز کـردن، پشـتم لە رووی دەرەوە و ڕووم لە دیوار کردن.

ئەو سرووتە نیشانەی پێگەیشتنم بوو، سرووتی پێشوازییە ڕاستەقینەکەم بوو، ئەوەی بتوانی کتێبەکانی قیت ڕابگرێت، دیارە کە بوویتە پیاو و لە قۆناخی منداڵی دەربازی بووە، منیش وەک باوکم لێ هاتووە، کتێبەکانی منیش وەک کتێبەکانی باوکم ڕێز کراون.

هەڵەیەکی مەزنم کرد، باوکم لەسـەر کار بوو، من لەو ڕووبەرەی ناو کتێبخانەکەی باوکم ئازاد بووم، منداڵ بووم، نەمدەزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پێشهاتە بکەم. من کتێبەکانم بەگوێرەی باڵاکانیانەوە دانابوو، من وام دەزانی کتێبە بەباڵاکان لە من ناوەشێنەوە، ئەوانە کتێبی گونجاو نین، کە منداڵ بووم ئەو کتێبە وێنەدارانەیان بۆم دەخوێندەوە. بۆیە من کتێبەکانم وا دانابوو تا هەموو بۆشاییی ڕووبەرەکەم لەناو کتێبخانەکەی باوکم پڕ بکەمەوە. منیش وەک باوکم دەمویست بەشەکەی منیش وەک کتێبخانەکەی ئەو تژی کتێب بێت، دەوڵەمەند بێت، چاوم لەو دەکردەوە. ئەو ڕۆژە کە باوکم لەسەر کار گەڕایەوە، سەیری ڕێزەکانی کتێبەکانی منی کرد، بێدەنگ لە دیاریان وەستا، ئەو ئاکارەی باوکم هەتاهەتایێ لە بیر ناچێتەوە، بینینەکەی زۆر ڕقکار بوو، سەیرکردنەکە منی نائومێد کرد، ئەو دیمەنە ناکرێ بە وشە و دەربڕین گوزارشتی لێ بکرێت، سەیرکردنێکی لاوازی میراتگیرانە بوو. لە کۆتاییدا باوکم لەناو دوو لێوە داخراوەکەی قسەیەکی دەربڕی و وتی:

بەرووخسەتی جەنابتان پێم بڵێ، تۆ بەڕاستی شێتی؟ بەدرێژی؟ ئەوانەی تۆ ڕێزت کردوون کتێبن یان سەربازن؟ ئەوانە پاسەوانی شەرەفن؟ یان کاروانی ڕێزبوونی پیاوانی ئاگرکوژێنەوەن؟

پاش ئەو چەند وشەیە، باوکم دووبارە بێدەنگ مایەوە، بێدەنگییە ترسناکەکەی زۆری خایاند، لە کپبوونەکەی جریجۆر سامسا دەچوو، من لەپێش چاوی ئەو بوومە سیسرکەیەک. منیش وەک کەسێکی تاوانبار بێدەنگ بووم، وەک ئەوەی من جۆرێک بووم لە خشۆکە بەدە ناشیرینەکان، ئێستاش لەو حاڵەتەدا هەموو شتەکانم ئاشکرا بوون و هەتاهەتایە دەستبەتاڵ مامەوە.

***

بە بیست دەقە باوکم هەموو شتەکانی بۆ ئاشکرا کردم، ڕاستییەکانی ژیانی تێ گەیاندم، هیچی شاراوەی بۆم نەهێشتەوە، منی بردە ناو قووڵاییی نهێنییەکانی جیهانی کتێبخانەکان. ئەو ڕێگە سەرەکییەکانی بۆ دۆزیمەوە، ڕێگە لاوەکییەکانی دەستنیشان کرد، ڕێگە کوێرەکان، دیمەنە سروشتییە سەرنج ڕاکێشە بەجوولەکان، لەو ماوەیەدا فانتازیا و جیاوازییەکانی حاڵیی کردم،

شەقامە دوورەکان و دروستکراوە زەقەکان و گۆشە لادەرەکان لە ناوەندەکانەوە نیشان دام. کتێب دەکرێ بەگوێری ناونیشانەکان، بەپێی پیتەکانی ئەبجەدیی نووسەرەکان و بەپێی ژمارەی زنجیرەکان و خانەکانی پەخش ڕێزبەند بکرێن، یان کتێب دەکرێ بەپێی زنجیرەی ساڵ و بەروارییان، بەپێی زمانەکان، بابەتەکان، بابەت و بوار، یان شوێنی چاپکردنیان ڕۆڵی هەیە، بەو شێوە و بەشێوەی تریش دەکرێن.

بەو جۆرە نهێنییەکانی لۆجیک فێر بووم، زانیم کەوا ژیان بریتییە لە چەندین توێژی جیاواز، هەموو شتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان دەقەومێن، پرۆسەکە لەسەر هێڵی جیاواز و بەپێی بواری لۆجیکی تەریب دەبن. هەموو لایەنێک لەو بابەتە تەریبانە لۆجیکێکی هاوکارە و بەشێوازی خۆیەوە بەیەکەوە بەستراون، سەربەخۆییی تەواوی هەیە و بایەخ بەوانی ترەوە نادەن.

من لەو کتێبانەوە فێری هونەری ڕێکخستن و سازکردن بووم، تەنیا لە نووسینەکانی ناو کتێبەکانمەوە فێر نەبووم، لە کتێبەکانیش فێر بووم، لە کەینوونە و بوونە فیزیکییەکەی فێر بووم. کتێبەکان ڕووبەرە سەیرە فراوانەکانی بۆم کردەوە، دەڤەرەکانی قەتیسماوی نێوان ڕێگەپێدراو و ڕێگە گیراوەکانی بۆ کردمەوە، جیاوازیی نێوان یاساپێدراو و یاساخەکان، نێوان پێوەرەکان و لادەرەکانی دەستنیشان کرد. ئەو وانەیە لەگەڵ تەمەن و ژیانم بەردەوام بوو. کە گەیشتمە ناو ئەڤین، من کەسێکی زۆر نەزان نەبووم، لە قۆناخی مەشق و ڕاهێنان بووم. دەمزانی چەندین بواری جیاواز و هەمەجۆر هەیە، ڕێگەی گوندەکان دیمەنی سروشتی نازداری تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگای دوورەدەستیش زۆرە کە هێشتا کەس بەسەریاندا گوزەری نەکردووە. بابەتی کراوە و ڕێگەپێدراو هەیە، لەگەڵ ئەوانەشدا هەیە لە قەدەغەکردن نزیکە، یان لە بوارپێدان نزیکە، لەوێ و لەوێش.

***

هەندێ جار باوکم بواری دەدام کتێبەکانی لەناو کتێبخانەکە دەربهێنم و بیانهێنمە دەرەوە و لەناو حەوشەکە تۆزیان لێ داوەشێنم، تا ڕیزبەندیی کتێبەکان ئاڵۆز نەبن، تا ڕیزەکان نەشێوێندرێن لە سێ کتێبم زۆرترم دەرنەدەهێنا، بەوەش دڵنیا دەبووم کە کتێبەکانم دەگەڕاندەوە شوێنی خۆیان، ئەوەش بەرپرسیاریەتییەکی گران و بەتام بوو، من بۆنی کتێبەکان سەرنجی ڕادەکێشام، تا ڕادەیەک وەزیفە و بەرپرسیاریەتی و ڕێزگرتنە زاتییەکەم لە بیر دەچوو، لەناو حەوشەکە دەمامەوە و خۆم لە بیر دەچوو، دایکە نیگەرانەکەم باوکمی وەک تیمی فریاگوزاری دەنارده شوێنم، دایکم باوکمی دەنارد نەوەک سەگێک پەلاماری دابم، یان بە تیشکی خۆر کەوتبم، کە باوکم دەهاتە فریام منی دەبینی کتێبکم لەناو لینگە و دەخوێنمەوە، سەرم لەسەر کتێبێک شۆڕکردووەتەوە و هەردوو قاچم بەیەکەوە بەستاوە و دەمم کەمێک کردووەتەوە، بە هەناسەیەکی گەف و سۆزەوە دەگەیشتە سەر سەرم و دەیوت:

دیسان چیت لێ هات؟

تا بگەڕێمەوە ناو جیهانەکەمان کاتێکی باشم دەویست، وەک کەسێکی ئاوبردوو بووم، کەسێک بووم بورابوومەوە و سەبر سەبر بەهۆش خۆم دەهاتمەوە، هیچ ئاگادار نەبووم، من زۆر دوور ڕۆیشبووم کەس مەزەندەی نەدەکرد من لە چ واقیعێکی تاڵ و بەرپرسیاریەتیی ڕۆژانەمدا بووم.

من هەر لە منداڵییەوە حەزم دەکرد شتەکان ریز و پۆلێن بکەم، ریزەکانم هەڵدەوەشاندەوە و دووبارە ریزم دەکردنەوە، کە دووبارەم دەکردنەوە شێوازەکەم دەگۆڕی. سێ چوار گلاسە هێلکەی بەتاڵ دەبوونە سەنگەر و منیان دەپاراست، یا رەوە غەواسەیەک، کۆنگرەی لووتکەی وڵاتە زلهێزە کۆبووەکانی یالتا. جاروبار هێرشم دەبردە سەر مەملەکەتە فەوزاکەی تەنیشتم. ئەو کارانە جۆرێک لە وروژاندن و ئازایەتیی تێدا بوو. لەناو ژوورەکەم پاکێتی شەخاتەم بەو گۆڕە وەردەکرد و شێوازی جیاجیام لێیان ساز دەکرد، چەندین دیمەنم دەگونجاند و کە سەروبنیان دیار نەبێت.

لەسەر دیواری کۆلانی ماڵەکەمان لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهاندا نەخشەیەکی گەورەی مەیدانی شەڕەکانی ئەوروپامان هەڵواسیبوو، چەندین دەبووس و ئاڵای گچکەی هەمەڕەنگمان لێ دابوو. بەپێی هەواڵەکان و ڕووداوەکان لە نێوان دوو سێ ڕۆژدا باوکم شوێنی ئەو خاڵانەی دەگۆڕی. من واقیعێکی تەریب و تایبەتیم دامەزراندبوو، لەسەر حەسیرەیەک مەیدانێکی شەڕی تایبەتی خۆم ساز کردبوو، واقیعێکی ئیفترازیی بوو، سوپاکەمان دەجوولاند، سوپاکانم دەسووڕاند و فێڵم دەکرد، بەرانبەرەکەم هەڵدەخەڵەتاند، سەر پردەکەم دەگرت، گەمارۆم دەدان، تەنگاوم دەکردن، کێشانەوەی تاکتیکیم دەکرد و ئەوەشم بۆ چوونە پێشەوەی ستراتیجی دەکرد.

***

من زۆر حەزم لە مێژوو دەکرد، بیرم لەوە دەکردە هەڵەکانی کۆن راست بکەمەوە و لەسەر بەرنامەی دروست سازم دەکردنەوە، بۆ نموونە شۆڕشە گەورەکەی جوولەکەم دژ بە ڕۆمانەکان نۆژەن کردەوە، شاری یورشەلیمم لە کاوڵبوون دەرباز کرد و لەبن دەستی تیتوسەکانم دەرهێنا، شەڕەکەم گواستەوە ناو خاکی دوژمن، دەستەکانی بار کوخباسم دەگەیاندە سەر شوورەی ڕۆما، بە هێرشێکی لە ناکاوی دژوار کۆلۆسیۆمم دەگرت و لەسەر گردەکەی کاپتۆلیوم ئاڵایەکی جوولەکەکانم داچەقاند. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بریگادا جوولەکەی کارکەر لە سوپای بەریتانیم گێڕایەوە سەدەی یەکەمی پێش زاین و سەردەمی هەیکەلی دووەم، تا ڕەشاش بەدەستەکان بتوانن سوپاکەی ئادریانوس و تیتسەکان بەزێنن.

***

لە یورشەلیم زۆر پێشهات قەومان، شارەکە خاپوور بوو، سەرلەنوێ بنیات نرایەوە، دووبارە کرایەوە بە کەلاوە و نۆژەن کرایەوە، داگیرکەرێک لەبن دەستی داگیرکەرێکی تر دەری هێنا، یەکێک ماوەیەکی کورت جڵەوی حکوومەتیی بەدەستەوە بوو، یەکێکی تر لەپاش ئەو پەیدا بوو و لەپاش خۆیدا چەند دیوار و کەلوو و چەند نەخشی لەسەر بەرد جێ هێشت، ئەوانە نەخش و نیگار و بەڵگەنامەیان لەپاش بەجێ ما، ئەوانە هەمووش لەناوچوون و فەوتان، وەک سیحرەکان چۆن لەسەر

تیشەشاخەکان هەڵدەوەرێن، بەو شێوەیە ئەوانەش هەڵفڕین. ئەو فریشتەیەکی دێرینەو تا دوا دڵۆپە دۆستەکانی دەکوشێت و کە تێر دەبێت لەسەریەک کەڵەکەیان دەکات، وەک مێیینەی جاڵجاڵۆکەیە نێرییە هاوسەرەکەی لەناو ئامێزدایە کە قووتی دەدات.

لەوسەری دنیا پاپۆڕەکان بۆ دۆزینەوەی دەڤەر و جیهانی نوێ دەریا شەق دەکەن، پارزەوین و دوورگەی زۆری تریش دەدۆزنەوە. جاران دایکم دەیوت، کوڕەکەم دەزانی تۆ لە پاشەوەیت، دواکەوتوویت، واز بهێنە، ماجەلان و کۆلۆمبس گەیشتنە دوورگە دوورەکان و هەموویان دۆزییەوە، من هەر دانوستاندنم لەگەڵ دایکم دەکرد، بە دایکمم دەووت، بەپراکتیک، تۆ چۆن ئەوەندە زۆر بڕوات بەخۆت هەیە؟ خەڵکەکە پێش کۆلۆمبسیش دەیانزانی، ئەو مەسەلانە هەموو دیار و روون بوو، بەڵام کەس ئەو شوێنانەی نەدۆزیوەتەوە.

لە نێوان حەسیرەکەم و هەر چوارپەلی کەرەستەکانی ژوورەکەم و بۆشاییی ژێر سیسەمەکەم لەوێ منیش نەک هەر دوورگە نادیارەکانم دەدۆزییەوە، چەندین هەسارەی نوێم دەدۆزییەوە، کۆمەڵە خۆری نوێم دەدۆزییەوە، گەلاسکەی تەواوم دەدۆزییەوە. من ئەگەر بکەومە گرتووخانەش، دڵتەنگ نابم، پەکم ناکەوێت، ئەگەر دەستەدۆمینۆ، یان چەند کارتۆن و پاکێتە شەخاتەیەکم بکەوێتە دەست، ئەگەر ئەوانەشم نەبێت، ئەوا دەرزەنێک وردە پارە، یان مستە قۆپچەیەکم لێوە نزیک بێت، بەوانە رۆژانە باش خەریک دەبم کۆیان دەکەمەوە، دەیانکەمەوە و دەیانبەستمەوە و لەیەکیان نزیک دەکەمەوەو دووریان دەکەمەوە و شێواز و چوارچێوەی گچکەی نوێیان لێوە ساز دەکەم. لەبەرئەوەی من منداڵێکی تاقانە بووم، خوشک و برای ترم نەبوو، برادەریشم زۆر کەم بوو، ئەوانەی منیان دەناسی، لە من بێزار بوون و دوور دەکەوتنەوە، ئەوان دەیانویست من (ئەکشن)یان لەگەڵدا بکەم، ئەوان بۆیان نەکرا لەگەڵ جیهانەکەی من بگونجێن، لەگەڵ من هەڵیان نەکرد و دوور کەوتنەوە و کەیفیان بەگەمەکانی من نەدەهات و زەوقیان پێ نەدەهات.

ساردییەکەی ناوماڵەکەمان دژوار بوو، باوکم فێری کردبووم تا خۆم لە سەرماکە بپارێزم پاڵتۆی دووەم بکەمە بەرم، بەڵام من تەنیا بۆ دە دەقە سۆبە کارەباییەکەم دادەگیرساند، سۆبەکە شیشێکی گەرمکردنی هەبوو، لەولاشەوە دوگمەیەکی پاشکەوتی هەبوو، کە دەکرا بەو دوگمەیە تەنیا یەک لە شیشەکان داگیرسێنیت، شیشی خوارەوە نەک هەردووکیان، من سەیری ئەوەم دەکرد شیشەکە چۆن گەرم دادێت و سوور دەبێتەوە. شیشەکە سەبر سەبر گەرم دادەهات و گەش دەبووەوە، سەرەتا گوێم لە هیچ خشپەیەک نەدەبوو، تەنیا دەنگی چەند تەقینەوەی ورد دەنگی دەهات، وەک ئەوەی پێت لەسەر شەکری رژاو دابنێیت. پاش تەقینەوەکان لە هەردووسەری شیشەکە رووناکییەکی کزی وەنەوشەیی دەبینرا، پاشان رووناکییەکە دەگەیشتە ناوەڕاستی شیشەکەش، رەنگی شیشەکە سوور هەڵدەگەڕا و پەمبە دەبوو وەک روومەتی کیژۆڵەیەکی شەرمن، پاشان رەنگەکە دەبووە پەمبەیەکی تاریک، وەک هەستکردن بەشەرمەزاری، پاشان شیشەکە بەبێ شەرم دەگەشایەوە و کە بەکەس نەکوژێتەوە. ئێستا ئاگرە سوورەکە گەیشتووەتە پلەی سپیبوون،

وەک تیشکی گڕگرتووی خۆر لەناو کەرتە کانزایەک کە لەناو پێکهاتەیەکی زیوینی ڕەنگکراوە دەبینرا، ئەوەش گەرمییەکی دەبەخشی، کە سەیرت دەکرد نەدەکرا پێڵووی چاوەکانت بۆی نەترووکێنیت، شیشەکە گەش دەبوو چاوی لە سەروبنەوە دەکردەوە و نەدەکرا لەوەندە زۆرتر بکرێتەوە، پاش چەند ساتێک بورکانەکە لەبەر گەرمییەکە و دژواری دەتەقی، پرشنگەکەی دەتەقییەوە و پاشان زۆر دەبوو، هەڵدەچوو دەگەیشتە سەر حەسیرەکەی دەریای سپیی ناوەڕاست وەک بورکانە هەڵچووەکە شلەیەکی گڕداری لێ دەباری و پاپۆڕەکانی دەسووتاند، پاپۆڕە کاولکەرەکان و غەواسەکەی دەسووتاند.

***

لەودەمانە شیشی هاوڕێی دووەم خەوی لێ کەوتبوو، سارد و بێدەنگ ئاگای لە هیچ نەبوو، هەرچەند شیشەکە گەرم دەبوو، دادەگیرسا ئەو زۆرتر بەساردی دەمایەوە، گوێی نەدەدایە هیچ، هەردوو شانی دەهەژاند، تووڕە و نیگەران نەبوو، زۆر بەوریایی و بەبایەخەوە نیگای لە ڕەوشەکە دەکرد بەڵام دەستەوەستان نەدەجووڵایەوە. منیش لەودەمانەدا وەک ئەوەی بزانم و هەست بکەم کەوا کەشێکی هەڵچوون و نیگەران لە نێوان شیشە سارد و شیشە سوورەکەدا پەیدا بووە، وەک ئەوەی من بزانم کە بوارێکی ئاسان و خێرا هەیە تا وا لە شیشی دووەم بکات لە بەردەمی ئەودا بلەرزێت، وەک ئەوەی لەبەر تەوژمی گەرماییەکە کە لە هەردوو سەریەوە دەڕژێت بیەوێت بتەقێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەوانە قەدەغە بوون. زۆر قەدەغەیە و ناکرێ هەردوو شیشی سۆبەکەمان بەیەکەوە داگیرسێنین، ناکرێ و بوار نییە، ئەوەش نەک تەنیا لەبەر زۆر سەرفکردنی وزەی کارەباکە، بگرە لەبەرئەوەش بوو لۆدی کارەباکەش مەترسیی هەبوو، بەوەش فیوزەکە شۆرتی دەکرد و کارەباکەمان دەکوژایەوە و ماڵەکەمان تاریک دەبوو، لەودەمانە و لەو نیوەشەوە درەنگەش کێمان هەبوو، بچێتە گژ باروخی دەستزێڕین تا فیوزەکەمان بۆ چاک بکاتەوە.

بێگومان ئەگەر من شێت بوومایە و شیشی دووەمم داگیرساندبووایە، ئەوەیان شێتبوون بوو، چ ڕووی دەدا، ئەوەی نەقەومابوو دەقەوما. چ ڕووی دەدا ئەگەر لەودەمانە باوکم لە کاتی گەڕانەوەی ئەوەی دیتبووایە و دەستم بەوە ڕانەگەیشتبووایە کوژاندنەوەی شیشە زیادەکە؟ یان دەستیشم بەو کوژاندنەوەیە ڕاگەیشتبووایە، بەڵام شیشە داگیرساوە سوورەکە سارد نەبووایە و وەک مردوو خۆی نەنواندبووایە، دەبوایە چۆن بەرگری لە خۆم بکەم؟ دەبوایە بەرگە بگرم و شیشەکە دانەگیرسێنم، ئەوە نەکەم و دەبووایە کەلوپەلەکانی سەر حەسیرەکەش کۆ بکەمەوە و شتەکان جوان لە شوێنەکەی خۆیان ڕیز بکەمەوە.

ئەو دەقە بەشێکە لە ڕۆمانە ناودارەکەی ئامووس ئۆز حیکایەتێک لە خۆشەویستی و تاریکی، کە برێتییە لە بیۆگرافیای خۆی، ئەو نووسەرێکی ئیسرائیلییە و ماوەیەکە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلی ئەدەب دەستنیشان دەکرێت. کە لە زمانی عیبرییەوە لەلایەن دوکتۆر جەمیل غەنایم کراوە بە عەرەبی، ئەو دەقەش دووجار کراوە بە سویدی و بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهانیش وەرگێڕدراوە.

# جوولەکەکان لە فرەنسا کۆچ دەکەن

جیل یارۆن

بەشێوەیەکی زۆر جوولەکەکانی فرەنسا خانوو و ماڵ لە ئیسرائیل دەکڕن، رۆژ لە دوای رۆژیش ژمارەی ئەو کەسانە ڕوو لە زیادبوونە. دیارە بەماوەیەکی زۆر پێش کوشتارەکەی ئەم دواییيە، جوولەکەکانی فرەنسا، زیاتر هەستیان بە ئارامی لە وڵاتە دێرینەکەی خۆیان دەکرد. پێ دەچێت کوشتارەکەی توولوز[١]، تەوژمی کۆچکردن بەهێزتر بکات.

پاش ڕووداوە دڵتەزێنەکەی توولوز، بەڕێوبەری قوتابخانەکە گوتی:

(ئەم ڕووداوە کاتە تراجیدیاکانی ئۆردووگای زۆرەملێکانی نازییەکانمان بیر





.................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دەهێنێتەوە.)

پاشتر خوێندکارەکانی کۆ کردەوە و داوای لێ کردن، کە واز لە خوێندن بهێنن و پێوەندی بەو خوێندکارانەوە بکەن، کە لە شوێنێکی ئارامتر و ئەمنیتر دەخوێنن. بچن لەوێ بەردەوامی بە خوێندنەکەیان بدەن.

## باشترە لەژێر رەحمەتی راکێتەکاندا بژیت، هەتاوەکو لە فەرەنسا

لەپاش رووداوەکەی توولوز ، داوا لە جوولەکەکانی فەرەنسا کرا، کە لە حاڵەتێکی ئامادەسازیدا بن. بەڵام ئەم رووداوەش ئەو ڕاستییەی بۆ دەرخستین، کە تا چەندە کەمینەی جوولەکە لە فەرەنسادا، لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژین و چەندە ئەم کەمینەیە لەژێر پاڵەپەستۆی زۆرینەدایە. هەر بۆیە ساڵانە بەهەزاران جوولەکە دوا بڕیاری تراجیدیی خۆیان دەدەن، کە ئەویش بریتییە لە: کۆکردنەوەی هەموو جانتاکانیان و چوون بۆ ئیسرائیل، کە ئەویش خۆی لە شەڕێکی درێژخایاندا دەبینێت. لەوێ زیاتر هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکەن و ژیانیان لەوێندەر زیاتر پارێزراوە تا فەرەنسا.

"لیندا" پێش پێنج ساڵ لە پاریسەوە هاتەوە بۆ ئاشدۆدی ئیسرائیلی. پێش هەفتەیەک خۆی و مێردەکەی و دوو منداڵەکەی، لە نزیک کەرتی غەزە دەژیان، لە ترسی راکێتەکانی حەماس بۆ شوێنێکی تر گوێزرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا "لیندا" کە ئامادە نییە ناوەکەشی بگۆڕێت، حەز ناکات لە فەرەنسا بژی. لیندا گوتی:

"لێرە زیاتر هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکەم، هەتاوەکو فەرەنسا."

لەوێندەر (مەبەستی فەرەنسایە... وەرگێر) تەوژمی " ئەنتی سیمیتیزم[٢]" زۆر بەهێز بووە و تەشەنەی کردووە. لیندا گوتی:

"منداڵەکان لە کوچە و کۆڵانەکاندا، پەلامار دەدرێن و ئازار دەدرێن، چونکە جوولەکەن."

ئەو خۆشی تووشی ئەو پەلاماردانە بووە. کاتێک لە ناوەڕاستی شەقامی Champs-Elysées" کەسێک پەلاماری داوە. هەروەک خۆی دەڵێت:

"لە کاتێکدا کە ملوانکەیەکم لە مل بوو، ئەستێرەی داودی پێوە بوو، کەسێک پاڵێکی پێوە نام. منیش گوتم بۆ وا دەکەیت، پێویستە داوای لێبووردن بکەیت. کابراش بە توورەییەوە سەیری کردم و وەڵامی دامەوە: من هیچ کاتێک داوای لێبووردن لە جوولەکەیەک ناکەم."

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی ئیسرائیلی، حاڵی حازر نزیکەی ٢٠٠٠ جوولەکەی فەرەنسی کۆچیان بۆ ئیسرائیل کردووە. کۆی گشتیی جوولەکە کۆچبەرەکانی فەرەنسا،

ژمارەیان دەگاتە، سەدهەزار کۆچبەر. جێگەی گوتنە حکوومەتی ئیسرائیلیش بەم وەزعە دڵخۆشە، چونکە هێزی کڕین لە بازاڕدا بەهێز دەبێت و، جوولەکەکانی فرەنسـاش، هەمـوویان خـاوەنی شەهادە و پلەیەکی باشی خوێندنن. واتە ڕەوەندێکی خوێندەوار و پسپۆڕ و زانا دێتە وڵاتەوە.

ساڵی ٢٠٠٤ کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی (ئێریل شـارۆن ) لە پاریس، باسی کـۆچی جوولەکەکانی فرەنسای کرد، بووە هۆی دروستبوونی گرژییەک لە نێوان پێوەندییەکانی فرەنسا و ئیسرائیل. جێگەی گوتنە پێوەندیی نێوان ئیسرائیل و فرەنسا، بە پێوەندییەکی ستراتیجی و گرینگ دێتە ژماردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمی کۆچ هەر بەرەو زیادبوونە.

بەڵام ئایڤـا زانا، بەڕێوەبەری ڕێکخـراوی یارمـەتی و هاوکـاریی فـرانکۆفـۆنی، بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و ئەو بە کۆواری شپیگلی ڕاگەیاند:

(ئەم کۆچە هیچ پێوەندیی بە " ئەنتی سیمیتیزمەوە نییە" بەشێک لە جوولەکەکان لەبەر هۆکـاری ئایینیش کـۆچ بۆ ئیـسـرائیل دەکـەن، یان بۆ ئەوەی لەوێندەر (ژن، یان مێرد)ێکی جوولەکە بدۆزنەوە.)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریشم لە بەردەمدایە، کە باس لە شتێکی تر دەکەن. بەپێی ئامارێک کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا کراوە، چواریەکی جوولەکەکانی فرەنسا، کە ژمارەیان دەگـاتە نزیکەی ٥٠٠ هەزار، (ترسیـان لە چارەنووسی منداڵەکـانیـان هەیە ) هەست بە ئارامی و ئاسایش لە فرەنسا ناکەن. بەواتایەکی تر لە ترس و لەبەر زیادبوونی ئەنتی سیمیتیزم، فرەنسا بەجێ دەهێڵن و بۆ ئیسرائیل کۆچ دەکەن.

## ئاخۆ تا چەندە کامێراکان دەتوانن پارێزگاریمان بکەن؟

ساڵی ٢٠٠٦ ترس گەیشتە لووتکەی، کاتێک " ئیلان هالیمی" تەمەن ٢٤ ساڵ، لەلایەن گرووپێکی دژە جوولەکە و بە ڕەگەز عەرەبەوە دەفرێنرێت و، بۆ ماوەی سێ هەفتە زیندانیی دەکەن. لە زیندان بەدڕندەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت و پاشانیش بە قێزەونترین شێوە دەکوژرێت. ئەم رووداوەش وایکرد، کە ڕێژەی کۆچی جوولەکەکانی فرەنسا بۆ ئیسرائیل، بۆ ٥٠٪ بەرزبێتەوە.

دانێل بین سیمۆن، کە ئەندامی کنێسێت (پەرلەمانی ئیسرائیل)ە، لە کتێبێکیدا لەژێر ناوی Franzoesischer Biss باسی فێنۆمێنی کۆچی جوولەکەکانی فرەنسا دەکات. دانێل زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەی لەبارەی کۆچی جوولەکەکانی فرەنسا بۆ ئیسرائیل کردووە.

دانێیل بین سیمۆن بە کۆواری شپیگلی ڕاگەیاند:

(جـوولەکـەکـانی فـرەنسـا، لەو رۆژە دەترسـن، کـە مـوسـڵـمـانەکـانی فـرەنسـا ببنە فاکتۆرێکی بەهێزی ناو فرەنسا و هەژمـوونی خۆیان بەسـەر سیاسـەتی ناوەخۆی فرەنسـادا بسـەپێنن. ئا لەو کاتەشدا، ئەمانیش چی یتر ناتوانن هەست بەئارامی و

ئاسایش بکەن لەم وڵاتەدا و ناچار دەبن فرەنسا بەجێ بهێڵن."

پاشتر ئایڤا زانا  بە کۆواری شپیگلی گوت:

"ئەمڕۆ ساڵانە سەدان حاڵەتی  ئەنتی سیمیتیزم " دژایەتیکردنی جوولەکە" ڕوو دەدات، کە زۆر ئەم حالەتانەش لەلایەن فەرەنسییە بە ڕەگەز عەرەبەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە پاڵپەستۆیەکی زۆر لە کەمینەی جوولەکە لەم وڵاتەدا بکات و  هیچ هەست بە ئارامی نەکەن. لە ڕاستیدا ئێمە نازانین تا چەندە کامێراکانی پارێزگاریی ئەمنی، دەتوانێت ئەم کەمینەیە لە هێرش و پەلاماردان بپارێزێت؟"

## بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە لە پایەتەخت بەشێوەیەکی دراماتیکی

JitzchakTouitou کە نووسینگەی خانووبەرەی لە تەلئەبیب هەیە، پێی گوتین:

"سێ یەکی موشتەرییەکانم بریتین لە جوولەکەکانی فرەنسا."

پاشتریش پێی ڕاگەیاندین:

"نەک تەنیا دەوڵەمەندە جوولەکەکانی فرەنسا، بگرە هەر جوولەکەیەکی فرەنسی هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەک بووە، پارە پەیدا بکات و، لە ئیسرائیل خانوویەک بکڕێت."

پاشتریش بین سیمۆنیش پێی ڕاگەیاندین:

"لە دوو جوولەکەی  فرەنسادا، یەکێکیان هەوڵ دەدات لە ئیسرائیل خانوویەک بکڕێت، کە ئەمەش وەکو سیاسەتێکی ئەمنی وایە، گەر هاتوو ژیانیان لە فرنسا تێک چوو، چیی تر نەیانتوانی لە فرەنسا بژین، ڕاست بێنەوە بۆ ئیسرائیل و لێرە بژین."

JitzchakTouitou دەڵێت:

"کاتێک موشتەرییەکانم دەبەم بۆ سەیری خانوو، باسی زۆر شتی سەیرم بۆ دەکەن. ئەوان دەڵێن وەزعەکە لە فرەنسا زۆر خراپ و ترسناکە. هەموو جوولەکەیەک خۆی لە بەردەم هەڕەشە و پەلاماردانا دەبینێتەوە، بەشێوەیەک کاتێک بەسەر شەقامەکاندا تێ دەپەڕن ناوێرن[٣] Kippa لەسەر بکەن. ئەوان دەترسن کە خەڵکی پێیان بزانێت کە جوولەکەن و پەلاماریان بدەن."

JitzchakTouitou خەسووی ژنی ئەو مامۆستایەیە کە لە تولووز کوژراوە، ناوی "OzarHatorah، ئەو  گوتی:

"پەلاماردانی ئەو قوتابخانەیە  وەکو تراجیدیایەکی ئیرۆنی دەبینم. من ئەو مامۆستایە لە نزیکەوە دەناسم. ئەو تا ماوەیەکی کەم پێش ئەم کارەساتە لێرە لە ئیسرائیل دەژیا. پێشتر لەبارەی چوونی بۆ توولوز زۆر قسەمان لەگەڵدا کرد، ئەو لەوێ وانەی زمانی

عیبری و ئایینی بە منداڵان دەگووتەوە. بەڵام ئەو ناوچەی ناوەڕاستی ناڤینی بەجێ هێشت، کە پڕیەتی لە کێشە، چوو بۆ فرەنسا و خۆی و دوو منداڵەکەی لەوێندەر کوژران."

جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل Silvan Schalom سیلڤان شالۆم هەمان هەنگاوی شارۆنی ساڵی ٢٠٠٤ی نایەوە و داوای لە جوولەکەکانی فرەنسا کرد، کە ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن و بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن. بەڵام ئەمجارەیان ئەم بەشێوەیەکی زۆر هەستیارانە ئەم باسەی کرد، چونکە ئەمە دەچێتە قاڵبی تەداخولکردن لە کاروباری وڵاتانەوە و، فرەنساش بە دۆستێکی نزیکی ئیسرائیل دێتە ژماردن.

بەڵام بین سیمۆن پێی وایە، کە ئەم پەیامەی ئیسرائیل بۆ جوولەکەکانی فرەنسا، ئەمجارەیان سەردەکەوێت. ئەو دەڵێت:

"گەر بێتو بەرەنجامەکانی ئەم پەلاماردانە تیرۆریستییە ئەوە دەربخەن، کە بەشێوەیەکی تەواوەتی جوولەکەکان بوونەتە ئامانجی پەلاماردان و هێرشکردنە سەریان، ئەوا ئیسرائیل خۆی لە بەرامبەر تەوژمێکی گەورەی کۆچبەرانی جوولەکە فرەنسییەکان دەبینێتەوە."

پەراوێزەکان:

١. جێگەی گوتنە لە ٢٠١٢/٣/٢٠ دا، تیرۆریستێکی عەرەبی خەڵکی جەزائیر کە لە وڵاتی دەژی، لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، پەلاماری قوتابخانەیەکی جوولەکەی لە شاری تولوزی فرەنسا دا و، لە ئەنجامدا سێ منداڵ و مامۆستایەک بوونە قووربانی. ئەم ڕووداوەش بووە هۆی تووڕەبوونی هەموو کۆمەڵگەی فرەنسی و ئەوروپی و ڕۆئاوا بەگشتی.

2. Antisemitis ئەنتی سیمیتیزم، دەستەواژەیەکی سیاسییە. لە سەدەکانی پێشوودا هەڵمەتێکی زۆر ترسناک و قێزەون دژی جوولەکەکانی ئەوروپا هەبوو. بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە پەلاماری جوولەکەکان دەدرا و سووکایەتییان پێ دەکرا و ئازار دەدران. ئەم دەستەواژەیە زیاتر بەو سیاسەتە دەوترێت کە دژ بە جوولەکەکان دەکرێت. جێگەی گوتنە لە ئەوروپادا، جوولەکەکان بە سامی دادەنران و بە ڕەگەزێکی نامۆ بە ڕەگەزی ئوروپایی سەیر دەکران.

3. Kippa کڵاوێکی ڕەشی چکۆلانەیە، کە جوولەکەکان لەسەری دەکەن. ئەمەش وەکو سیمبولێکی ئاینی وایە بەلای جوولەکەکانەوە.

تێبینی: ئەم وتارە نووسەر ناونیشانێکی تری بۆ هەڵبژاردووە، بەڵام من ئەم ناونیشانەم بۆ هەڵبژارد، چونکە باشتر لەگەڵ کرۆکی وتارەکەدا دێتەوە.

سەرچاوە: کۆواری شپیگڵی ئەڵمانی ٢٠١٢/٣/٢١

Gil Yaron.JudischeFluchtwelle.www.Spiegelonline.De.21.03.2012

# نەمانی سامانی نەوت لە لیبیا

میشاییل ڕۆل

ئەو قسەیەی کە لەپاش مردنی قەزافی دووبارە دەبێتەوە و زۆرجاریش باسی لێوە دەکرێت، بریتییە لەوەی کە ڕێگە خۆش بکرێت بۆ دامەزراندنی لیبیایەکی دیموکراتی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی لیبیا. لێ هیچ وەختێک باس لەو ڕێگرە گەورەییە ناکرێت، کە لە بەردەم ئەم ڕێگە سەختەدا هەیە، کە ئەویش بریتییە لە بوونی سامانی زۆری نەوت لەم وڵاتەدا. کە بەبۆچوونی من گەورەترین ڕێگرە لە بەردەم پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی لیبیا.

سامانی نەوتی ئەم وڵاتە، زۆر بەگرینگتر دادەنرێت هەتاوەکو پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵات. بوونی ئەم سامانە وا دەکات، کە لیبیا سەربەخۆییەکی ئابووری و دارایی باشی هەبێت، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی هاتنی سەرمایەگوزاریی بیانی بەڕێژەیەکی زۆر بۆ ناوەوەی وڵات. هەر ئەم دوو خاڵەش وا دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەداهاتووی ئەم وڵاتە ئۆمتیمیس " Optimis گەشبین " بن.

بەڵام پارادۆکس لەوەدایە، کە لە هەمان کاتدا بوونی سامانێکی زۆری نەوت، ببێتە کۆڵکەیەکی پتەوو فاکتەرێکی گرینگ، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی لیبیا. دیارە پێویستە سەرەتا ریفۆرم لە بواری دابەشکردن و بەکارهێنانی داهاتی سامانی نەوتدا بکرێت. خاڵێکی گرینگی تر بریتییە لەوەی، کە خەڵکی بەشداریی بڕیاری سیاسیی خۆی و وڵاتەکەی بکات، دیارە ئەویش لە ڕێگەی گرتنەبەری پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادەوە دەبێت. بەبڕوای من، پێویستە ئەمە دووەمین هەنگاوی گرینگی شۆڕشی لیبیایی بێت.

.......................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



## جبەخانەکانی قەزافی لیبیاییەکان پڕ چەک دەکات

لەگەڵ نەمانی قەزافی، دوژمنی هاوبەشیش نەما. کە پێشتر هەموو گرووپە سیاسییە جیاوازە ڕاپەڕیوەکانی پێکەوە کۆ کردبووەوە و جۆرە یەکەتییەکی لە نێواندا بۆ دروست کردبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتیی پێک هێنراوە، هەروەها بڕیارێش دراوە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی لیبیادا، هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە بچێت و هەموو گرووپە سیاسییە جیاوازەکانی وڵات تێیدا بەشدار بن.

هەر لەبەر ئەوە دەسەڵات گرتنەدەست، کە لە هەمان کاتیشدا مانای دەسەڵات گرتنەدەستی سامانی نەوتی وڵات دەگەیەنێت، بۆ گرووپ و لایەنە سیاسییەکان زۆر گرینگە و، دەسەڵات بووەتە ئامانج و خەونی سەرەکیی هەموو لایەنێکی سیاسیی لیبیایی.

لەلایەکی تریشەوە، نەبوونی کولتوورێکی دیموکراسی لەم وڵاتەدا و، نەبوونی جەوێکی سیاسیی ئارام و لەبار، ترسی ئەوەی لێ دەکرێت، کە ببێتە هۆی دروستبوونی چەند لایەنێکی سیاسی، کە تەنیا ئامانجی تایبەتیی خۆیان هەبێت و، ئامانجی گشتی و خەڵکی لە بیر بکەن و بخەنە دواوە. بەبڕوای منیش، ئەمە یەکێکە لە ترسە گەورەکان، کە ڕووبەڕووی لیبیای نوێ دەبێتەوە.

## پاش نەمانی قەزافی چی ڕوو دەدات؟

لیبیا یەکەمین وڵات نییە، کە سامانی نەوتی زۆر و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵات دژ بەیەکتری دەوەستنەوە. ئەم وڵاتە نموونەیەکی تەقلیدی ئەو وڵاتانەیە کە بە وڵاتانی پێترۆکراتی Petrokratie* دەناسرێن. ئەم وڵاتانە بەشێکی زۆری داهاتی دەوڵەت لە فرۆشتنی نەوتەوە دەستدەکەوێت و ڕێژەیەکی زۆری داهاتی وڵات، پشت بەهەناردەی نەوت دەبەستێت.

دیارە ئەو وڵاتانەی کە نەوت ڕێژەیەکی زۆر لە داهاتی وڵات پێک دەهێنێت، دیموکراتی لەم وڵاتانەدا کێشەیەکی زۆری دەبێت و زۆر ئاستەنگە پرۆسەی دیموکراتیزەبوون سەربکەوێت. بۆ نموونە وەکو وڵاتانی کەنداوی فارسی، رووسیا، فەنزوێلا، نەیجیریا. گەورەترین ڤێتۆمین لەم وڵاتانەدا کە دروست دەبێت ئەوەیە، چەندە یەدەگ و سامانی نەوتی زۆر بێت، هێندەش ئازادی و مافە مەدەنییەکان کەمتر دەکرێنەوە. بەواتایەکی تر بوونی ئەم سامانە نەوتییە زۆرە، وا دەکات کە وەکو یەدەگێکی سیاسی بەکار بهێنرێت.

بوونی یەدەگێکی زۆری سامانی نەوتی زۆر، دەبێتە کارتێکی پاڵەپەستۆی گەورە بە دەست فەرمانڕەواکانەوە. ئەم سامانە سروشتییە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە سیاسەتێکی تەواو ئاڵۆز دروست بکات، لە ڕێگەی ئەم سامانەوە فەرمانڕەواکان دەتوانن باشترین خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دابین بکەن، لە بەرامبەردا ئازادییەکانیان کەم بکەنەوە یان نەیهێڵن. تەنانەت گەر هەڵبژاردنیش بکرێت، چینە سیاسییەکە پێویستی بەخەڵکی نییە، هەتا ئەو کاتەی نەوت هەبێت، ئەمان هاووڵاتیانیان بەلاوە گرینگ نییە.

بەپێچەوانەی ئەو مۆدێلە دیموکراتییەی کە لە ڕۆئاوا هەیە، تێیدا دیموکراتی پشت بە باجی گەل دەبەستێت و هەموو کاتێک چینە سیاسییەکان پێویستییان بە هاووڵاتییانە. بەڵام لەم وڵاتانەدا ( واتە ئەوانەی کە نەوتییان هەیە... وەرگێڕ) چینە سیاسییەکە هیچ پشت بە باجی خەڵکی نابەستێت و تەواو لە خەڵکی سەربەخۆیە. بەبڕوای من بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتیزەبوون لەم وڵاتەدا سەربکەوێت، پێویستە لە پەنا پرۆسەی هەڵبژاردندا، سەربەخۆییەکی تەواو لە نێوان هاووڵاتی و حکوومەتدا هەبێت و، سنووری هەردووکیان بە جوانی دیاری بکرێت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دابمەزرێت و ئەرک و مافی هەردووکیان دیاری بکرێت.

دیارە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە ئاڵۆزە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەوەی نەوت وەکو کارتێکی پاڵەپەستۆی سیاسی دژ بە هاووڵاتییان بەکار نەهێنرێت، چەند ڕێگەچارەیەک هەیە.

نیکۆلاس ساکسۆن Nicholas Shaxson: کە پرۆفیسۆر و پسپۆڕێکی بەریتانیاییە لە دەزگای internationale Politik Chatham Houseکاردەکات. هەروەها پرۆفیسۆر Todd Moss کە پسپۆڕێکی ئەمەریکاییە وە لە دەزگای amerikanischen Center for Global Development کار دەکات. ئەمان پێیان وایە، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، پێویستە بەشێک لە

داهاتی سامانی نەوت بەسەر خەڵکیدا دابەش بکرێت. وە بەم شێوەیەش سامانەکە بۆ خەڵکی دەبێت و نابێتە کارتێکی پاڵەپەستۆی سیاسی بەدەستی فەرمانڕەواکانەوە. دیارە منیش تەواو لەگەڵ بۆچوونی ئەم دوو بەڕێزەدام.

## دیموکراتی لە ڕێگەی بەشداربوونی هاووڵاتییانەوە

لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە و ئەم مۆدێلە تایبەتییەی باج وەرگرتن، هیچ فەرمانڕەوایەکی سیاسی یان گرووپێکی سیاسی، ناتوانێت سامانی نەوتی بەکار بهێنێت و نەوت بکاتە چەکێکی سیاسی لە دژی هاووڵاتییان. بەم شێوەیەش بەلایەنی کەمەوە دەکرێت، ئەو حکوومەتە جۆرە شەرعییەتێک لەلایەن هاووڵاتییانەوە بەدەست بهێنێت و، بەم شێوەیەش دەتوانن سیستەمێکی باجدانی سەرکەوتوو بەدەست بهێنێت.

وە بەم شێوەیەش هاووڵاتییان بایەخیان زیاتر دەبێت بۆ حکوموەتەکەیان و، هەست بەوە دەکەن کە چۆن حکوومەت پارە و داهاتی وڵاتەکەیان بە باشی دەبات بەڕێوە. لە هەمان کاتیشدا پێوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات باشتر دەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەم مۆدێلە سیاسییە دەتوانێت، ئاستی هەژاری کەم بکاتەوەو لە هەمان کاتیشدا ئابووریی لۆکاڵی باشتر بکات، ئەوەیش لە ڕێگەی بوونی سەرمایەگوزاری و بەرزبوونەوەی ئاستی کڕینی خەڵکی، وە بەم شێوەیەش ئابووریی ناوچە جیاوازەکانی وڵات بەهێز دەبێت. هەر بەم شێوەیەش هاووڵاتییان ئینتیمایان بۆ خێڵەکانیان نابێت و سەربەخۆ دەبن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش، سوود لە داهات و سامانی سروشتیی دەبینن.

دیارە بۆ ئەوەی ئاستی هەژاری لە وڵاتدا کەم بکرێتەوە، دەکرێت چەند ڕێگەیەک بگیرێتە بەر لەوانە، هەموو تێچوونێکی خوێندنی هاووڵاتییان لەسەر حکومەت بێت (واتە خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا خۆڕایی بێت... وەرگێڕ)، هەروەها خزمەتگوزاریی تەندروستیش بۆ هاولاتییان خۆڕایی بێت، نەخۆشەکان لەسەر ئەرکی دەوڵەت چارەسەر بکرێن. وەکو هەموو دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان کە خاوەنی سامانێکی نەوتی زۆرن، دەکرێت لیبیاش، بەشێکی داهاتی نەوتەکەی، بەسەر هاووڵاتییانی لیبیادا دابەش بکات.

لەلایەکی ترەوە پێویستە بەشێک لە داهاتی نەوت، بۆ پشتگیریکردن لە دراوی نیشتمانی دابنرێت، هەروەها بەشێکیشی لە سندووقی تایبەتی بانکیدا** دابنرێت. هەروەها پێویستە بەشێکی تری داهاتی نەوت، بۆ باشکردن و بەهێزکردنی بواری ژێرخانی ئابووری بەکار بهێنرێت، کە ئەمەش وەکو سەرمایەگوزارییەکی ڕاستەوخۆیە و سوودی زۆری بۆ هاووڵاتییان دەبێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت، کە دەبێت تەنیا حکوومەت پشت بەباجی هاووڵاتییان ببەستێت. چونکە تەنیا بەم شێوەیە دەتوانرێت، پێوەندییەکی دروست لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتییان بخوڵقێت و، کۆمەڵگاییەکی مەدەنی و دیموکراسی سەربکەوێت.

ئەو حکوومەتە نوێیەی کە ئێستا خەریکە لە لیبیا دروست دەکرێت و، حکوومەتی ئەڵمانیاش یەکێکە لەو حکوومەتانەی جیهان، کە پشتگیری لەم حکوومەتە نوێیەی لیبیا دەکات. ئێستا باشترین و گونجاوترین کاتە، بۆ ئەوەی دەستوورێکی باش و گونجاو بۆ لیبیا دابنرێت و ئەو مۆدێلە سیاسییە نوێیە جێبەجێ بکرێت. کە تێیدا دەستوورێکی مۆدێرن بۆ لیبیا دابنرێت، هەروەها ئامادەکاری بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد دەست پێ بکات. وە ئەو مۆدێلە نوێیەی باج کە پێشتر باسم کرد (دابەشکردنی بەشێک لە داهاتی نەوت بەسەر هاوولاتییاندا)، دەکرێت ببێتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی بۆ سەقامگیربوونی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی لیبیا.

ئەو نەوە سیاسییە نوێیەی لیبیا، دەتوانن لە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونەوە، بەشێوەیەکی ڕیشەیی کۆتایی بەو گرژییە سەختە بهێنن کە باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە، لەلایەکەوە کەمینەییەک خاوەنی هەموو شتێکە و، ژیانێکی زۆر لوکسۆس (ڕەفاهی) دەژیی و، لە بەرامبەردا زۆرینەی خەڵکیش، لەژێر هەژاری و کەمدەرامەتییدا دەژی و دەچەوسێتەوە.

دیارە ئەو نیقاشە زۆرەی کە ئەمڕۆ لەبارەی چۆنێتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ داهاتی نەوتی لیبیاوە دەکرێت، دەتوانێت ئەو مۆدێلە کۆنە سیاسییەی جاران نەهێڵێت، واتە پێوەندیی نێوان هاوولاتییان و دەسەڵات. وە تەنیا لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی لەو جۆرەوە دەتوانرێت، داهاتی نەوتی، بۆ خزمەتی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی لیبیا بەکار بهێنرێت و، داهاتی نەوت ڕۆڵێکی باشی هەبێت، نەک ڕۆڵێکی خراپ وماڵوێرانی.

چەند دێڕێک لەسەر نووسەر

میشاییل ڕۆل پسپۆڕە لە بواری ئەفریقیادا بۆ ڕۆژنامەی فایناشڵ تایمزی ئەڵمانیایی کار دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی ئەنستیتوی Friedrich-Ebert-Stiftung( FES) لە شاری بەرلین.

پەراوێزەکان:

*Petrokratie پێترۆکراتی: دەستەواژەیەکی سیاسیی نوێیە، کە تێکەڵاوێکە لە پێترۆل و بیرۆکراتی. واتە ئەو لاتانەی کە خاوەنی سامانێکی زۆری نەوت و گازن، لە هەمان کاتدا لە ڕووی سیاسییەوە خاوەنی سیستەمێکی بیرۆکراتین.

** سندووقی بانکی نیشتمانی، کە بەشێکی زۆری وڵاتانی کەنداوی فارسی هەیانە، بریتییە لەوەی کە ئەم وڵاتانە برێک لە داهاتی نەوتەکانیان، لە سندووقی تایبەتی بانکیدا لە دەرەوەی وڵات دادەنێن. بەشێکی زۆری ئەم پارەیەش، لە دەرەوەی وولات دەخرێتە کاروباری بازرگانی و سەرمایەگوزارییەوە. جێگەی گوتنە سندووقی تایبەتی بانکی ئیماراتی، گەورەترین سندووقی نیشتمانییە و پاش ئەویش وڵاتی قەتەر دێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی فایناشڵ تایمزی ئەڵمانی

Michael Roll.Bodenschätze: Libyen und der Fluch des Ölreichtums.www.ftd.de.

لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی ئەفغانی عەتیقی ڕەحیمی:


# هەوڵم داوە تەنیا ڤیگۆری قوربانی نەدەمە ژن، بگرە وێنەیەکی جوانتر بە ژنان ببەخشم



لە ئێوارەیەکی ساردی پاریسدا، لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی ساڵی نوێدا، لە قاوەخانەیەکی کۆندا، چاوم بە نووسەری ئەفغانی عەتیق ڕەحیمی کەوت. ئەمە یەکەمین نووسەرو کەسایەتیی ئەفغانی بوو کە ناسیم. لە هەمان کاتیشدا یەکەمین نووسەری ناوداری جیهانییش بوو، کە چاوم پێ کەوت. عەتیق ڕەحیمی ناوێکە لە ڕۆئاوا بە گشتی و لە فەرەنسا بەتایبەتی ناسراوە. بەداخەوە ئێمەی کورد ئەم نووسەرە مەزنەی ئەفغانستان ناناسین. ئێمە ئەو وێنەیەی کە لەبارەی ئەفغانستانەوە هەمانە، هەمووی وێنەی نێگەتیڤ و خراپە لەسەر ئەم وڵاتە. زۆر کەم لەبارەی ئەدەب و فەرهەنگی ئەفغانییەوە شارەزاییمان هەیە. هەموومان کاتێک باسی ئەفغانستان دەکەین، یەکسەر وێنەی " مەلا و ڕیشی پان و ڕشک و دواکەوتوویی و ژنی پەچەدار دەبینین". بەڵام لە ڕاستیدا ئەفغانستان

..........................................

سازدانی: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی ئەفغانی عەتیقی ڕەحیمی

وێنەی زۆر جوانی هەیە، کە ئێمە نەماندیوە یان شارەزاییمان لەبارەییەوە نییە. یەکێک لەو وێنە جوان و گەشانەی ئەفغانستانیش، بوونی چەند نووسەرێکی مەزنی ئەفغانییە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ناوبانگی باشیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە. یەکێکیش لەوانە عەتیقی رەحیمییە.

دیارە من لە رێگەی برای هێژام کاک ئازاد بەرزنجی ناوی عەتیقی رەحیمیم بیستبوو. ئەو ئێستا خەریکی وەرگێرانی یەکێک لە رۆمانە جوانەکانی ئەم کەڵەنووسەرەیە. کاتێک گەیشتمە فەرەنسا، زۆر حەزم کرد کە لە نزیکەوە بیناسم. لە رێگەی کتێبخانەیەکی فارسییەوە توانیم ئیمەیل و تەلەفۆنی وەربگرم. کاتێک بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد، زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەعوەتنامەکەی قبووڵ کردم. رۆژی چوارشەممە تەلەفۆنم بۆ کرد، بەداخەوە لەوێ نەبوو. پاشان خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و رۆژی یەکشەمە لە یەکێک لە قاوەخانەکانی پاریسدا یەکتریمان بینی. دیارە ئەو نووسەرانەی کە ناو دەردەکەن و ناوبانگیان هەیە، هەروا ئاسان نییە کاتی خۆیانت پێ بدەن و بهێڵن چاوپێکەوتن لەگەڵیان بکەیت. گەر شانسیشت هەبوو، ئەوا دەبێت چەند مانگێک چاوەڕێ بکەیت، ئینجا دەتوانیت بیانبینیت. بەڵام عەتیقی رەحیمی، کەسێکی زۆر خاکی و ئاسایی دەپەیڤی و هیچ دیوارێکی لە نێوان خۆی و خەڵکی دانەناوە. ئەمەش هێندەی تر، ئەم نووسەرەی لام خۆشەویست کرد.

لەگەڵ ئەوەی عەتیقی رەحیمی کەسایەتییەکی ناسراوە و کۆمەڵێک خەڵاتی گەورەی وەرگرتووە، بەڵام زۆر کەسێکی ئاسایی و خاکی هاتە بەرچاوم. رێک وەکو نووسەرێکی نەناسراو دەپەیڤی و هیچ جۆرە کەپووبڵندییەکی پێوە دیارنەبوو.

* سەرەتای پرسیارەکەم لەبارەی ئەوەوە بوو، کە چۆن وە کەی تێکەڵی جیهانی ئەدەب بووە.

– هەر لەتەمەنی دوازدە ساڵیمەوە حەزم بە شیعر هەبوو. پاشان لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، کۆمەڵێک شیعری کورتم نووسی. ئەو شیعرانە چەند دێرێک بوون، بە شێوازێکی ئاسایی باسی ژیانم دەکرد.

* دەتوانین بڵێین وەکو شیعری هایکۆی ژاپۆنی بوون؟

– نا، بەو شێوەیە نەبوو، بگرە زیاتر چەند دێرە شیعرێکی ئاسان بوون. کە ناتوانم ناوی شیعریان لێ بنێم. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی تێکەڵی جیهانی ئەدەب بم. پاشان وازم لە ئەدەب هێنا و ژیانی ئاوارەیی و تراجیدیای ئەفغانی هەمووی لە بیر بردمەوە. هەتا گەیشتمە فەرەنسا، لێرە دەستم بە خوێندن کرد. پاشان لە کۆتایی ساڵەکانی نەوەتەوە، جارێکی تر دەستم بە نووسین کردەوە.

* رۆڵی ژن لە کارەکانتاندا چۆنە؟، ئاخۆ چ ڤیگۆرێکت لە کارەکاندا بە ژن پێ بەخشیوە؟.

– من هەوڵم داوە تەنیا ڤیگۆری قوربانی نەدەمە ژن. بگرە هەوڵم داوە وێنەیەکی جوانتر بە ژنان ببەخشم. ژن وەکو خۆشەویست و هاوسەر و ژیان پیشان بدەم. دیارە ڕاستە هەموو کاتێک ژنان و منداڵان یەکەمین قوربانیی جەنگن. لە تراجیدیای ئەفغانیش ئەوان بەشی شێریان هەیە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا من هەوڵم داوە باسی وێنەیەکی تری ژن بکەم. بۆ نموونە لە رۆمانی " سنگی صبور" باسی ژنێک دەکەم، کە پیاوەکەی کەسێکی ئیفلیجە و هیچ نابیستێت و لە جێگەدا کەوتووە. بەڵام ژنەکەی هەر قسەی لەگەڵدا دەکات بەبێ ئەوەی مێردەکەی وەڵامی بداتەوە. ژنەکە باسی چیرۆکی ژیانی خۆی دەکات، باسی دۆستەکانی دەکات، چۆن لەگەڵیان نووستوە. لەم رۆمانەدا وێنەیەکی تری ژنم پێشان داوە. کە دوورە لەو وێنانەی کە دەیبینین.

* بەڕای ئێوە ئاخۆ ئەدەب دەتوانێت کێشەکانی جەنگ و سیاسەت چارەسەربکات؟

– نیتچە دەڵێت "ئەگەر هونەر نەبوایە ئەوا هەقیقەت دەیکوشتین". من زۆر لەم بارەیەوە گەشبین نیم. پێ دەچێت ئەدەب بەشێوەیەکی کەم و سنووردار، کاریگەری بەسەر تاکەکانەوە هەبێت، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانێت چارەسەری کێشەکانی جەنگ و سیاسەت بکات. گەر ئەدەب هێندە کاریگەر بوایە، بۆچی ئەمڕۆ هێندە جەنگ و ناعەداڵەتی و گەندەڵی و کارە نامرۆڤیانەمان دەبینی. دەزانیت هیتلەر پێش ئەوەی بڕیاری سووتاندنی شاری " وارشۆ، پایەتەختی پۆلۆنیا " بدات، سەیری فیلمی دیکتاتۆری چارلی چاپلێنی دەکرد. بەڵام پاش ئەوەی فیلمەکە تەواو بوو، بڕیاری سووتاندنی ئەم شارەی دا. یان گەر سەیری رووسیا بکەین، بوونی کەسانی مەزنی وەکو " تۆڵستۆی، دۆستیۆڤسکی، پوشکین، گۆگۆل" لە رووسیا، کە رۆڵێی مەزنیان لە ئەدەبی جیهاندا بینی، بەڵام ئەم کەسانە نەیانتوانی ڕێگری لە تاوانە زۆرەکانی ستالین بگرن. ستالین بە ملیۆنان کەسی کردە قوربانی. لەبەر ئەوە من هێندە گەشبین نیم.

* با لێرەشەوە بچینە سەر باسی سیاسی. ئاخۆ بە ڕای بەڕێزتان، پاکستان چارەسەرە یان کێشەیە بۆ ئەفغانستان؟

– "کەمێک وەستا و زەردەخەنەیەکی کرد " سەرەتا پێم خۆشە باسی چۆنێتیی دروستبوونی دوو دەوڵەت بکەم، کە لەلایەن ئینگلیزەوە ساڵی ١٩٤٧ دروست کران. ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر بنەمای کولتووری و نەتەوە و رەگەزەوە دانەنران، بگرە تەنیا لەبەر بەرژەوەندیی ستراتیجیی ئینگلیز دامەزرێنران. یەکەمیان پاکستان، دووەمیان ئیسرائیلە. پاکستان ئینگلیزەکان لە ناوچەیەکدا دروستیان کرد، کە هەموویان بە دژی ئینگلیز دادەنران. ئەم دەوڵەتە نزیکی ئاسیای ناڤین، چین،

هیندستـان، یەکـەتیی سۆڤـیـەت، ئەفغـانسـتـان بوو. پاشـان چ هـیندسـتـان و چ ئەفـغـانسـتـان، هەردووکـیـان سـیـاسـەتی سـەربەخـۆییی خـۆیان هەبوو و دژی رۆئـاوا بوون. چین و یەکـەتیی سـۆڤـیـەتیش، کـەبە دوژمـنی رۆئاوا دەناسـران. لەم نـاوەندەدا، ئەم دەوڵەتە دروست کـرا تـەنیـا بۆ ئەوەی خزمـەتی بەرژەوەندیی ئینگلیز و رۆئاوا بکات و وەکو داشی دامـە دژی ئەم دەوڵەتانە بەکاری بهێنن. پاشان ئینگلیزەکان کاتێک وڵاتی ئیسرائیلیان دروست کرد، بۆ ئەوەی بە گێتیی ئیسلامیش بڵـێن، ئەوا دەوڵەتێکی ئیـسـلامیـشـمـان بۆ ئێوە دروست کردووە. پاشـان گـەر سـەیری ئەم دوو ناوچەیەش بکەین، دەبینین هەردووکیان پڕ کێشەترین شوێنی جیهانن. خاڵێکی تر دەمەوێت ئاماژە پێ بدەم، گـەر سـەیری نـاوی " پاکسـتـان " بکەیت. واتە خـاکی پـاک. کە ئەمـەش خـۆی لە خـۆیدا، هێمایەکی شـۆڤینیـانە دەداتە ئەم وڵاتە. چونکە مـانای ئەم خاکە پاکە و خـاکی تر پیسـە. هـەروەها ناوی پایەتەخـتی پاکسـتـانیش، " ئیـسـلام ئاباد" واتە شـار ئیـسـلام. ئەمـەش ئاماژەیەکی ئێجگار ئاینی بەم دەوڵـەتە داوە. ئینگلیـزەکـان کـاتێک پاکـسـتـانیـان دروست کـرد، لە رۆهـەڵاتەوە کـێشـەی کشـمیریان لەگەڵ هیندستان بۆ دروست کرد. پاشانیش لەسەرسنووری ئەفغانستانیش، ناوچەی وەزیرستانیان دروست کـرد، کە هـەموو کاتێک جێگەی کێشـە و ململانێی ئەفغانستان و پاکیستان بووە.

* عەرەبستانی سعوودی

– ئەم وڵاتەش لە سـاڵی ١٩٨٤وە بەهـەزاران موجـاهید و خـەڵکی ئیـسلامی بۆ پاکسـتـان نارد، بۆ ئەوەی دژی سـۆڤـیـەت شـەر بکەن. هـەتاوەکـو ئەمـرۆش عـەرەبسـتـانی سـعـوودی لە رێگەی ئەو مـوجاهیدانە و ئیـسـلامی سیاسـییەوە، دەسـتی بەسەر پاکسـتان و ئەفغـانسـتان گرتووە. هـەردوو وڵات پاکسـتـان و عـەرەبسـتـانی سـعـوودی، رۆڵی سـەرەکیـان لە کێشـەکـانی ئەفـغـانسـتـادا هـەیە و هۆکارێکی سەرەکیی کێشەکانی ئەفگانیستان بوون.

* بابێـینە سـەر ئـەمـەریکا. ئاخـۆ ئەم دەوڵەتە فـریـادڕەسـە یان ئەویش هۆکـاری سەرەکیی کێشەکانی ئەفغانستان بووە؟

– ئەمەریکایەکان هەموو کاتێک چارەسەری جوانت پێشکێش دەکەن، بەڵام دوایی سەیر دەکەیت ئەم چـارەسـەرانـە دەبنە کـێـشـەی گـەورە بۆت. بە دڵنیـاییـیـەوە ئەمـەریکاش هۆکـارێکی تری تراجیدیاکانی گەلی ئەفغـانییە. من لەو کەسـانە نیم کە پۆزەتیـڤانـە بۆ ئەمـەریکا بڕوانم. پاشـان نابێت لە بیرشمان بچێت، کە ئەمـەریکا هێزێکی ئیمپریالیستی گەورەیە و ئامـانجی داگیرکردنی دەوڵەتانی جیهانە و دەیەوێت خۆی بەسـەر جیهاندا بسەپێنێت.

* ئەی چۆن سـەیری حکوومـەتی ئێستـای ئەفـغـانسـتـان دەکەن؟ حـامید کـارزی تا چەندە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە؟

– هیچ گەشبین نیم بەرامبەر بەم حکوومەتەش. حامید کارزای بە ڕێککەوت بوو بە سەرۆک، چونکە ئۆپۆزسیۆنی ئەفغانی لەسەر کەسێک ڕێک نەدەکەوتن، ئەمیش کابرایەک بوو کە نەناسراو بوو. پاشانیش پشتۆن بوو، ئەمەش هاوکاری کرد. دیارە مەبەستیش لەوە ئەوە بوو کە ئەم کابرایە بتوانێت ڕێگە لە تالیبان بگرێت، چونکە تالیبان لە ناوچەی پشتۆن بەهێز بوون. دیارە ڕاستە باوکی حامید کارزای ڕۆڵێکی گەورەی لە بزاڤی رزگاریخوازی و رۆشنبیری ئەفغانی هەبووە، بەڵام ئەم خۆی هیچ ئەزموونێکی سیاسیی وای نییە. ئەو دەیەوێت هەموو لایەکان ڕازی بکات. بەیانی گەر کەسێک بچێت بۆ لای پێی بڵێت ئەمەریکا خراپە. ئەویش دەڵێت ڕاست دەکەیت ئەمەریکا خراپە. کاتێک ئێوارە سەفیری ئەمەریکا دەچێت بۆ لای، پێی دەڵێت بۆ وات گوتووە، دەڵێت وام نەگوتووە ئێوە ڕاست دەکەن.

* مەبەستتان ئەوەیە، کە حامید کارزای کەسێکی دووڕووە؟

– نا، ئەو ئەسڵەن هەر ڕووی نییە. مەبەستم لەوەیە کابرایەکە هیچ شتێک لەبارەی سیاسەتەوە نازانێت و هەر لە خۆیەوە قسە دەکات.

* ئاخۆ هیچ گەشبینیت بە داهاتووی ئەفغانستان؟

– نا، هیچ گەشبین نیم. دەزانیت کێشەکە چییە، ئێمە ئەمڕۆ لە جیهانێکی ناعەدالەتی و کێشەداردا دەژین. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا کێشە هەیە. ئاساییشە لەناو ئەم سیستەمە خراپەی جیهاندا، وەزعی ئێمەش بەم شێوەیە خراپ بێت.

## خۆمان لاوازین

خاڵێکی تریش ئەوەیە، کە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە. بۆ نموونە گەر ئێمە خۆمان لاواز نەبین بۆچی دەبینە کارتێک بەدەستی پاکستان و ئەمەریکاوە. بۆچی دەبینە داشی دەستی خەڵکی تر. کێشەی سەرەکی لە خۆمانەوەیە، ئێمە خۆمان لاوازین بۆیە ئەوە حاڵمانە. ڕێک وەکو کورد واین.

* بابێینە سەر باسی کورد. ئاخۆ چەندە زانیاریتان لەبارەی کوردەوە هەیە؟

– بەداخەوە هێندە زانیارییەکی وا زۆرم نییە. بگرە شارەزاییەکی زۆر کەمم هەیە. زیاتر بەهۆی کچێکی خوێندکاری کوردەوە زانیاریی زۆرم دەست کەوت. ئەو کچە خوێندکارەم زانیاریی زۆری لەبارەی کوردەوە پێ دام. هەروەها باوکیشی ئیهتیمامی زۆری بۆ ئەفغانستان هەبوو، ئێستاش پەیوەندیمان هەیە. کاتێک سەیری گەلی کورد دەکەم، زۆر نزیکن لە گەلی ئەفغانییەوە بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاین و عادات و تەقالیدەوە.

نوکتەی کوردی

– شتێک له کورددا که زۆر به دڵمه، نوکتەی کوردییه. زۆر حەزم به نوکتەی کوردی هەیه.

* ئاخۆ هیچ نوکتەیەکی کوردیت له بیره؟

– برادەرێکی کوردم نوکتەیەکی بۆ کردم زۆر به دڵم بوو.

– کوڕ دەڵێت: ڕابردوویەکی تراجیدیمان هەیه، ئێستامان کارەساته. خۆشبەختانه چاومان داهاتوو نابینێت.

* ئاخۆ حەز دەکەیت سەردانی کوردستان بکەیت؟

– بەڵێ، زۆر حەز دەکەم له نزیکەوە چاوم به کوردستان و خەڵکی کوردستان بکەوێت. هیوادارم له داهاتوودا بتوانم سەردانی کوردستان بکەم.

* دواین کاری ئەدەبیتان چییه؟

– دواین رۆمانم بەناوی "لعنت بر داستایوفسکی". ئەم رۆمانه باسی کوڕێک دەکات که هۆگری نووسینەکانی دۆستیۆڤسکییه. بەتایبەت رۆمانی " تاوان و سزا". ئەویش وەکو ڕاسکۆلۆنیۆف، پیرەژنێک دەکوژێت. پاشان خۆی تەسلیمی پۆلیس و دادگه دەکات. بەڵام کێشەکه لەوەدایه، خودی دادوەریش بۆ خۆی تاوانباره و ئەم کێشەیەش بۆ ئەوان شتێکی ئاساییه. من دەمەوێت لەم رۆمانەدا ئەوە بڵێم، که خودی سیستەمی ئەفغانی، تاوانباره به کوشتن و سزادانی ژنان.

لەبواری سینەماییشدا ئێستا خەریکی فیلمێکم لەسەر ئەفغانستان و یەکێک لەو ئەکتەرانەش که رۆڵی تێدا بینیوه، ئەکتەرێکی فارسه که پێشتر له فیلمێکی کوردیدا بەشدار بووه.

بەرهەمەکانی عەتیقی رەحیمی

عەتیقی رەحیمی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی هەیه، که بۆ زمانەکانی " فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، هۆڵەندایی" وەرگێڕاوه. لەوانه:

(١) خاکستر و خاک.ساڵی ١٩٩٨ نووسیویەتی. ساڵی ٢٠٠٠ خەڵاتی یەڵدای له ئێران وەرگرتووه.

(٢) هەزار خانەی خواب و اختناق. ٢٠٠٢ نووسیویەتی. کراوه به فەرەنسی و ئەڵمانی.

(٣) بازگشت تصویری. ٢٠٠٥. سەفەرنامە.

(٤) سنگ صبور. ساڵی ٢٠٠٠. خەڵاتی کۆنکووری فەرەنسیی وەرگرتووه.


(٥) لعنت بر داستایوفسکی ٢٠١١.

له بواری سینەمایشدا فیلمێکی دۆکۆمێنتی ساڵی ٢٠٠٤ له میهرەجانی کانت پێشکێش کرد و جێگەی ڕێز و بایەخی ئامادەبووان بوو.

# فەرمانبەر و سیاسی

## هەوڵێک بۆ شیکردنەوەی ڕەوشی بەڕێوەبەرایەتی لە کوردستاندا

هیوا عەبدوڵڵا



یەکێک لە کێشە هەرە بە ئازارەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و کوردستان بەتایبەتی کێشەی بەڕێوەبردنی وڵاتە. ئەو تەنگژە گەورەیەی ئەوڕۆ ئێمە تێیدا دەژین بەشی هەرە زۆری تەنگژەی بەڕێوەبەرایەتییە. ئەگەر تەماشای داودەزگاکانی کوردستان بکەین، زوو هەست بە تێکەڵ و پێکەڵی و بێ سەروبەری... هتد دەکەین. گەلێک جار بۆ یەک کاغەز، بۆ یەک ئیمزا، مرۆڤ ناچار دەبێ دەیان ژوور، دەیان دەزگا لە شوێنی جیاواز بەسەر بکاتەوە کە لە

ڕاستیدا ئەگەر سیستەمێکی ڕێکوپێکت هەبێ، کاری چەند خولەکێکە. ئەگەرچی چارەسەرکردنی کێشەی ئیداریی کوردستان بەتەنیا بە حکوومەتێکی دوو ساڵی ئەنجام نادرێ، بەڵام بە بۆنەی سەرلەنوێ دەستاودەستکردنی دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێویستی دەزانم جارێکی دیکە سیستەمی ئیداری و بەتایبەتی پێوەندیی نێوان "فەرمانبەری و سیاسەت" بخەمە بەرچاو حکوومەتی نوێ.

پێوەندیی نێوان فەرمانبەر و سیاسی کە بەردی بناخەی زانستی بەڕێوەبەرایەتییە، چەندین هەوراز و نشێوی تێدایە. بەشێک لە زانا ئیدارییەکان دەڵێن ئەگەر ویستت سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتێک تێ بگەی، تەماشای پێوەندیی نێوان فەرمانبەر و سیاسییەکانی بکە. بەپێی زانستی کۆنی بەڕێوەبەرایەتی یان پێوەندیی کۆن باس لە دوو جیهانی جیاواز دەکران کە ئەمانە بوون:

جیهانی سیاسی: ئەو جیهانەیە کە وەزیرەکان، سەرۆک شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوچەکان وەک نوێنەری پارتێکی سیاسی لەناو سیستێمی دیموکراسیدا نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە ئاڵوگۆڕی بە پۆستەکانیان دەکەن.

جیهانی فەرمانبەر: ئەو کەسانەن کە بڕیاری سیاسییەکان بەشێوەیەکی گونجاو و بێلایەنانە جێبەجێ دەکەن. بەپێی هەلومەرج و کات هەندێک جار فەرمانبەران و سیاسییەکان ناچار دەبن لەگەڵ یەک کار بکەن، بەڵام زۆربەی جار پێوەندیی نێوان ئەو دوو جیهانە گرژی و ئاڵۆزی و کێشمەکێشی تێدایە.

سیاسی، وەزیر، سەرۆک شارەوانی و ئەندامانی لێژنەی ناوچەکان نەوەک بەتەنیا نوێنەری پارتە هەڵبژێردراوەکانیانن، بگرە لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری حکوومەتن. کەچی فەرمانبەر لەلایەک دەبێ سەربەخۆ بێ و ڕۆڵی ئامۆژگاریی سیاسی ببینێ، لەلایەکی تر ناچارە پشتگیری لە حکوومەت و کاروبارەکانی بکات.

## تیۆری پێوەندیی نێوان فەرمانبەر و سیاسی یان سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتی

١- مۆدێلی دابەشکاری کلاسیکی؛

بەپێی ئەو تیۆرە، سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتی دوو جیهانی لەیەک جیاوازن و باشترین شت ئەوەیە هەر بە جیاوازی بمێننەوە. هەر بەگوێرەی ئەوە سیاسییەکان کەسانێکن لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی سیاسەت بکەن. ئەوان ناچارن بە سیاسەتی خۆیان وەڵامی ئەو کەسانە بدەنەوە کە هەڵیان بژاردوون. سیاسییەکان سیاسەت دەستنیشان دەکەن و فەرمانبەران ئەو سیاسەتە بەڕێکوپێکی جێبەجێ دەکەن. بەپێی ئەو تیۆرە فەرمانبەر پابەندە بەسیاسی. ئەو مۆدێلە کلاسیکییە بەو شێوەیە ئەو دوو جیهانە لەیەک جیا دەکاتەوە.

| سیاسیی | فەرمانبەر |
|---|---|
| خۆگونجێنەرە | ململانێ دەکات بۆ ئامانجەکانی |
| بەرژەوەندیی گشتی دەپارێزێ | بەرژەوەندیی حزبی دەپارێزێ |
| ڕێژەییە | هەستیە |
| لەسەر بنەمای ئامراز کار دەکات | لەسەر بنەمای ئامانج کار دەکات |
| جێبەجێکارە | داڕێژەری سیاسەتە |
| بەڕێوەبەرە | سیاسییە |
| یاریدەرە | بالادەستە |
| کەسێکی پسپۆڕە | کەسێکە شارەزاییی کەمە |
| لەسەر بنەمای بیرۆکراسی کار دەکات | لەسەر بنەمای دیموکراسی یان هیرارکی کار دەکات |
| دڵسۆزە | بە کێشمەکێشە |
| لەسەر بنەمای یاسایی کار دەکات | لەسەر بنەمای دەستەڵات کار دەکات |

ئەو دیدە "مۆدێلی دابەشکاری کلاسیکی" کە بەبۆچوون یان مۆدێلی (وێدرۆ ویلسۆن و ماکس وێبەر) دەناسرێ، ئەوڕۆ ڕاستی خۆی تا ڕادەیەک لەدەست داوە، یان لەگەڵ ڕاستینەی ئەو ڕۆژگارە ناگونجێ. ئەگەر سەیری ئەمەریکا و ئەوروپا بکەین کە سیاسییەکان ناتوانن تەعین و تەرفیع بە ئارەزوویی خۆیان هەڵسوڕێنن و یاسا سەروەرە، فەرمانبەران لەوێ سەربەخۆ نین یان بێلایەن نین وەک ئەوەی وێبەر و ویلسۆن باسی دەکەن. ئەوڕۆ هیچ کەس ناتوانێ باس لەوە بکات کە فەرمانبەران کەسانی بێلایەنن و بەتەنیا بەرژەوەندیی گشتی دەپارێزن. هەرگیز وا نییە چونکە فەرمانبەرانیش وەک سیاسییەکان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و کاریاری خۆیان هەیە و کار بۆ مانەوەی خۆیان دەکەن. فەرمانبەران بەتەنیا کاری دەستەڵاتی جێبەجێکردن لە ئەستۆ ناگرن، بگرە زۆرجار کاریگەریان لەسەر داڕشتنی سیاسەت هەیە. فەرمانبەران زۆرجار بەپێچەوانەی سیاسییەکان، چۆنیان بوێ وا کار دەبەن بەڕێوە. لەو وڵاتانەی کە سیستێمی دیمۆکراسی واتە هەڵبژاردن بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەچی، سیاسییەکان دوای چوار ساڵ کارەکانیان نامێنێ و دەچنە ماڵەوە واتە کاتین، بەڵام فەرمانبەران جێگیرن. لە ڕۆژی ئەوڕۆماندا فەرمانبەران لە سیاسییەکان زیاتر پێوەندییان لەگەڵ خەڵک هەیە.

٢- مۆدێلی جۆرەوجۆر؛

لەو مۆدێلەدا چەندین تیۆریسیان هەوڵ دەدەن پێوەندیی نێوان بەڕێوەبەر و سیاسی جیاوازتر لە

مۆدێلی کلاسیکی لێک بدەنەوە. پۆلتیکۆلۆجی ئەمەریکایی "مایکل لێپسکای" لە تیۆری خۆیدا بەناوی Street-level bureaucracy واتە بیرۆکراسی لە ئاستی شەقامدا دەڵێ؛ فەرمانبەران بەردەوام لە پێوەندییەکی چڕوپڕدان لەگەڵ خەڵک، ئەوان دەزانن و ئاگەدارن لەناو خەڵک و شەقامەکاندا چی دەگوزەرێ و گوێیان لە هەموو شتێکە، چاویان هەموو شتێک دەبینێ، بۆیەش بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی سیاسییەکان دەبنەوە و بەهۆی زانیارییە زۆرەکانیان دەتوانن پاڵەپەستۆ بخەنە سەر سیاسییەکان و ڕۆڵ ببینن لە داڕشتنی سیاسەت و بڕیارداندا. ئەو باڵادەستییەی فەرمانبەران و ڕۆڵیان لە بڕیارداندا لە ئەمەریکا بە ئاشکرا دەبیندرێ.

ئابێرباک Aberbach لە تیۆری خۆیدا بەو شێوەیە باس لە پێوەندیی هەردوو لایەن دەکات؛ مۆدێلی کلاسیکی تا ئێستاش بەردەوامە. سیاسییەکان بە فەرمانبەران و ئیدارییەکان دەڵێن بێ دەنگ بە و کاری خۆت بکە. لە هەمان کاتدا فەرمانبەران زانیاریی زیاتریان هەیە لە سیاسییەکان لەبارەی کارەکانیانەوە. ئەوان دەتوانن ئەو زانیارییانە ئاشکرا نەکەن، واتە فەرمانبەر دەستەڵاتی شاردنەوەی زانیاریی هەیە و ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی نەدرکاندنیی زانیاری سیاسی بێ کاریگەر بکەن. فەرمانبەران دەتوانن لە ڕێگەی پسپۆڕی و شارەزاییەوە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر سیاسییەکان. کەواتە هەڵسوکەوتی فەرمانبەر و تواناکانی ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ. ئەو پێی وایە فەرمانبەران جۆرێکن لە سیاسییەکان و جیاوازییان نییە چونکە ئەوانیش چاو لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. لە دواین خاڵدا ئابێرباک دەڵێ پێوەندیی نێوان فەرمانبەر و سیاسی ئاڵۆزە و تێکەڵاوی یەکترن.

پێتەرس Peters پێی وایە مۆدێلی کلاسیک کە ئەو پێی دەڵێ Formal-Legal مۆدێلێکی هیرارکییە و سیاسییەکان سیاسەت دەستنیشان دەکەن و فەرمانبەران جێبەجێی دەکەن. بەڵام لە خاڵی دووەمدا کە ئەو ناوی ناوە Village Life پێی وایە فەرمانبەران و سیاسییەکان لە بوارەکانی توانایی، خوێندن و پسپۆڕی یەک ئاستیان هەیە، جگە لەوەی خەڵک لە دێهات و شارە بچووکەکاندا یەکتری دەناسن و خاوەنی یەک زمان، یەک کولتوور و یەک ناسنامەی لۆکاڵین. لە هەلومەرجێکی وادا پەیوەندیەکان هاوسەنگن لە نێوان هەردوولادا، ئەو مۆدێلە زیاتر لە فەرەنسا بەدی دەکرێ. بەپێی ئەو فەرمانبەرانەی شارەوانییەکان کە خاوەنی کەرتی تایبەت و گشتیی خۆیانن بەهێزترن لە فەرمانبەرانی تر. پێتەرس پێی وایە هەردوولا خاوەنی توانا و دەستەڵاتی بەهێزن هەر بۆیەش ململانێ و کێشمەکێش بەردەوامە لە نێوانیاندا. بۆ نموونە لە شارێکی وەک نیویۆرک کە هەڵبژاردن دوو ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێ، سیاسییەکان تەمەنیان کورتە، بەڵام فەرمانبەران لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە و بەو شێوەیە دەستەڵاتیان لە سیاسییەکان زیاترە.

لە هەمان کاتدا هوود Hood لە تیۆری خۆیدا باس لە خاڵێکی سەرنج ڕاکێش ئەکات. ئەو پێی وایە لە هەر شوێنێکدا کە سیاسی وەیان وەزیر بتوانێ فەرمانبەرێک تەعین بکات، لەوێ فەرمانبەر یان ئیداری بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پابەند دەبێ بە سیاسی.

کوردستانی عێراق/ خواروو تا ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە دەستی حکوومەتێکی دیکتاتۆری سەنتراڵ دابوو. هەموو کارەکان، ڕێنوێنییەکان و فەرمانەکان لە حزبێکەوە، لە پایەتەختێکەوە لە حکوومەتێکەوە ئاراستە دەکران. ئەو حکوومەتە بەتەنیا پشتی بەداهاتی نەوت دەبەست و مەبەستە سەرەکییەکەی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی حزبی، سەربازی و ئەمنی بوو. بۆ ئەوە حکوومەت هەوڵی دەدا، لە ڕێگەی ئیدارەوە هەموو کۆمەڵگەی عێراق بکاتە کامپێکی سەربازی و حزبی. نەک بەتەنیا فەرمانبەران بگرە دەبوایە کارمەندانی داودەزگاکانیش کەسانی حزبی بن و یەک دەنگ و ڕەنگ و بۆنیان هەبێ. ئەگەر کورد لەلایەک تێکۆشانی بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی ئەنجام دابێ، لەلایەکی تر بەردەوام باسی لە دیموکراسی، ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسین کردووە. ئەوڕۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ دوای جۆرە سەربەخۆییەک لە ئیدارەی کوردستاندا، هەست ئەکەین بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری ئەو سیستێمە درێژەی هەیە. من بەکورتی دەتوانم لە سێ خاڵدا باسی مێژووی ئیدارەی کوردستان بکەم کە ئەمانەن:

١- سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی فەرمانبەران؛ دوای شەڕی ناوەخۆیی، کوردستان دەبێت بە دوو هەرێم و سیاسییە حزبییەکان دەست بەسەر سەرجەم داودەزگاکانی حکوومەتدا دەگرن و چاودێری دەخەنە سەر فەرمانبەران و کارمەندان. لەبەرئەوەی زۆربەی سیاسییەکانی ئەو کاتە کەسانێک بوون بەتەنیا ئاشنایەتییان لەگەڵ کولتووری ئیداریی بەعس و کولتووری شاخ هەبوو، درێژەیان بەهەمان سیستێم دا. سیاسییەکان هەوڵیان دا لە سەروو فەرمانبەرانی خۆیان دامەزرێنن و لە ڕێگای ئەوانەوە سەرجەم کارمەند و دەزگاکان بە حزبی بکەن. هەر کەسێک بەپێی ویستی سیاسی و حزبی سیاسیی دەستەڵاتدار لەو ناوچەیە نەجووڵابوایەوە، جێگەی لە دەزگاکانی حکوومەتدا نەدەبووەوە. دەزگاکان کران بە دەزگای پڕوپاگەندەی شەڕ و شوێنی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپۆرت نووسین. جیاوازییەکی وا بەدی نەدەکرا لە نێوان دەزگای نەخۆشخانە و دەزگایەکی ئاسایشی حزبی، جیاوازی کەم دەدیترا لە نێوان کارمەندی حکوومەت و کارمەندێکی حزبی. ئەو مۆدێلە، ئەو ئاکارە، نەوەک بەتەنیا نزیکەی دە ساڵ بەرهەمی نەبوو، بگرە گەورەترین زەبری لە گیانی پێکەوەژیان و دیموکراسیی گەلەکەماندا کە تا ئێستاش ژانی ئەچێژین.

٢- کولتوری (المحسوبية و المنسوبية) یان Clientelism؛ لە سەروبەندی شەڕی کەنداوی دووەم و ڕووخاندنی ڕێژیمی سەدامدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی ماندووبوونیان لە شەڕی ناوەخۆیی و پاڵەپەستۆی ناوەخۆ و دەرەوە، ناچار بوون کۆتا بە شەڕی چەکداریی نێوانیان بێنن. کادیرە ی ئەو شەڕەیان لە داودەزگا حکوومەتییەکاندا چڕ کردەوە و سەدان هەزار کەسیان بەبێ گوێدانە ئاستی خوێندن، هۆشیاری، توانایی کردە کارمەند و فەرمانبەر. سوپایەک کارمەند و فەرمانبەر بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی ئەوتۆیان هەبێ،

خزانە ناو داودەزگا ئیداری، سەربازی، خزمەتگوزاری، پەروەردەییەکان و ... هتد. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەوانە بوونەتە چینێک کە هەرگیز حەز بە گۆڕانکاری و ڕیفۆرم ناکەن و ئاستەنگن لە بەردەمیدا.

٣- سەردەمی Pacification Politics؛ ئەو یەکە بەردەوامیی هەردوو قۆناغی پێشووە. چ لە عێراق و چ لە کوردستاندا خەڵکانێک هەن، هەر ماوەیە لە شوێنێک شتێک داوا دەکەن و شتێک بەدەست دەخەن. سیاسییەکان بەو شێوەیە فەرمانبەر و کارمەندانی دەزگا گشتییەکان بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن. ئەوە زیاتر بەرهەمی هاوپەیمانی ستراتیجیی نێوان یەکێتی و پارتی و ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر سیستێمی ئیداریی کوردستاندا. بەڵام لە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە حزبی سیاسی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لەناو کۆمەڵگە و دەوڵەتدا ئەو یەکە ئەبیندرێ، بۆ نموونە بەلجیکا یەکێک لەو وڵاتانەیە، کە بەمەبەستی ڕێگرتن لە شەڕی ناوەخۆیی یان شەڕ لە نێوان ئایدیۆلۆجییە سەرەکییەکان، هەوڵ درا لە ڕێگەی سیستەمی ئاشتیی سیاسی ئەو ئامانجە بپێکێندرێ.

ئەو سێ تابلۆیەی سەرەوە کەم تا زۆر ڕاستینەی کوردستان نیشان دەدەن. لایەنەکان وەک ئۆپۆزسیۆن، دەستەڵات و ڕووناکبیران بە گشتی هەرکەسەو بەپێی ئەجێندای خۆی باس لە چارەسەری وەک "چارەسەری ڕادیکاڵانە وەیان شۆڕش و چارەسەرکردنی ڕیفۆرمخوازانە دەکەن. گۆڕانی ڕادیکاڵانە لە ناوچەکە بەڕێوەیە، بەڵام ئەو گۆڕانە بەلای زۆر کەس ئەوڕۆ چارەسەرییەکی ناڕوونە. لە میسر و تونس لاوان و خوێندکاران شۆڕشیان کرد بەڵام ئیسلامی سیاسی هاتە سەر دەستەڵات. دوای ماوەیەکی کەم لە ئەزموونی حوکمڕانیی میسر، سەلەفییەکان عادل ئیمامی گەورە هونەرمەندیان سزا دا لەبەرئەوەی گوایە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا سووکایەتیی بە ئاینی ئیسلام کردووە. من دژی ئەوە نیم ئاین یان ئیسلامی سیاسی ڕۆڵی سیاسیی هەبێت، بەڵام ئەو ئیسلامیە سیاسییەی ئەوڕۆ لە هەر چوار گۆشەی جیهان دەیبینین ئەوەیە کە دەیانەوێ لە یەکەمین چرکەی دەستەڵاتیاندا ژیانی مرۆڤ بکوژن، هەر ئایدیۆلۆجیایەک هەوڵی دا کۆمەڵگە بەئایدیۆلۆجیا بکات یان لە چوارچێوەی یەک ئایدیۆلۆجیادا ڕێکی بخات لەوێ زەوینەی فاشیەت دەبێ. بەهاری عەرەبی ئەگەرچی لە سەرەتادا شۆڕشی لاوان و خوێندکاران بوو کە جیلێکی تەواو جیاوازن لە سیاسییە کۆنەکان، لە کۆتاییدا گۆڕا بۆ شۆڕشی دزراو. ئەوڕۆ ئەمەریکا، ئەوروپا، وڵاتانی کەنداو و تورکیا دەستی تەواویان هەیە لەو ڕاپەرینانەی بەناوی بەردەوامیی بەهاری عەرەبی دێنە ئاراوە. مرۆڤ کاتێک تەماشای ڕەوشی لیبیا و یەمەن و سووریا دەکات هیچ هیوایەکی بەو گۆڕانکارییە نامێنێ. من بەشێوەیەکی تەواو دژی بیرکردنەوەی چەپ نیم لەبارەی چەمکی شۆڕش و شەقامەوە، چونکە ئەگەر شۆڕشەکان نەبوونایە هەرگیز کرێکاران نەدەگەیشتنە مافەکانی ئەوڕۆیان. بەڵام من لەو لایەنەوە دژی شۆڕشی جەماوەریم کە هەندێک کەس ڕادەپەڕن و قوربانی دەدەن، هەندێک کەسی تر دێنە سەر دەستەڵات. لە زۆربەی وڵاتان ئەو ئامانجەی شۆڕشی پێ دەکرێ نایێتە دی.

ڕاپەڕینەکەی ١٧ی شوبات لە شاری سلێمانی، لە ماوەیەکی کورتدا کەوتە ژێر ڕەحمەتی حزبە سیاسییەکان. ئەوان گەرمیان کرد و دوایی ساردیان کردەوە و نەیانتوانی تا دوایی بەرپرسیارێتیی ئەو ڕاپەرینە بگرنە ئەستۆ. ئەوان لە کۆتاییدا لەسەر چوار خاڵ لەگەڵ دەستەڵاتدا ڕێک کەوتن کە یەکێکیان جێبەجێ کرا، ئەویش گەڕاندنەوەی مووچەی ئۆپۆزسیۆن بوو.

ئەورۆ ئۆپۆزسیۆن لە کوردستانی عێراق بە ڕوونی دروشمی شۆڕش بەرز ناکاتەوە، بەڵام کارتی شەقام بەکار دێنێ. ئەوان باس لە ڕیفۆرم دەکەن، بەڵام باس لە میکانیزمی جێبەجێکردنی ناکەن. لەلایەکی تر زۆربەی کادیر و لایەنگرانی دەستەڵات یەک قسەیان هەیە "خەڵک برسیە و دەبێ تێر بێ، ئەوەی خانوویەکی هەیە با بیکات بە دوو، ئەوەی وەزیفەیەکی هەیە بیکات بە سێ". سیاسییە کۆنەکان هێشتان تێ ناگەن شۆڕشی تێکنۆلۆجی و ئامرازەکانی گەیاندن گەنجێک، ئافرەتێک و مرۆڤێکی جیاوازیان ئافراندووە کە زۆر ڕەخنەگر و گازندەکارە، دەیەوێ وەک شۆڕشی تەکنۆلۆجی هەموو شتێک خێرا ئەنجام بدرێ و لە هەمووی گرینگتر زانیارییی لە سیاسییەکان زیاترە. ئەو گەنجە تایبەتە ئەورۆ تەنانەت باوەڕی بەوەش نییە کەسێک هەڵبژێرێت و بیباتە پەرلەمان و لە جیاتیی ئەو بڕیار بدات. لەلای ئەو کەسە سیستێمی نوێنەرایەتیکردن "ڕێپرێزەنتاتیڤ" باوی نەماوە. ئەو دەیەوێ خۆی بڕیار بدات نەک کەسێکی تر لە جیاتیی ئەو. ئەوە کێشەیەکە دەبێ سیاسییەکان بیبینن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە کە هەرگیز ئاسان نییە. چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە لە جیاتیی گرتن و هەڕەشە و بەیاساییکردنی هەموو شتێک، پێویستی بە دۆزینەوەی فۆرمێکی نوێی بەشداریی سیاسی هەیە. هەر ئەوەیە وای لە سیاسییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو کردووە ئەورۆ لە بیرۆکانیان بێنە دەرەوە و بکەونە ناو جادەکان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو توێژە نوێیە لە پێوەندیدا بن. هەر ئەو هۆکارەیە پاڵی بە زۆربەی سیستێمە سیاسییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە ناوە تاکو بڕیارەکانیان لە ناوەندێکی زلەوە بۆ ناوچەکان شۆڕ بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە هەموو سیاسییەکانی کوردستان لەوە نەگەیشتوون.

ئەوەی بەدی دەکرێ ئەوەیە یان ریفۆرم لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی سیاسی، ئیداری و ئابووری یان ئەوەتا دەبێ چاوەڕێی ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییە بکەین کە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەیە و ئەزموونی یەکەمینیان لە میسر و لیبیا بێ هیوای کردین. ئەو گۆڕانکارییە نەک بەتەنیا عێراق و کوردستان، بگرە پێم وایە وڵاتانی کەنداویش دەگرێتەوە. ئیتر مومکین نییە تا ١٠ ساڵی تر پاشاکانی کەنداو بەو شێوەیەی ئێستا بمێننەوە.

لە هەلومەرجێکی وادا، جارێکی تر واتە دوای دوو ساڵ لە بەجێهێشتنی دەستەڵات، سیاسیی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستان "نێچیرڤان بارزانی" دەستەڵات دەگرێتەوە دەست. وا دیارە لایەنگران و دژبەرانی زۆر باسیان لە ئەزموونی "نێچیرڤان بارزانی" کردووە، بۆیە من لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە و قسە لەسەر ئەو یەکە ناکەم. من قسە لەسەر باسێک دەکەم کە نە ئۆپۆزسیۆن، نە دەستەڵات و نە ڕووناکبیران گرینگیی پێ نادەن. ئەوەی لێرەدا پێویستە، دەکرێ

چەند پێشنیازێک لەبارەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتی داودەزگا گشتییەکان بخەینە ڕوو، کە من بە سەرەتایەک لە کرانەوەی دەرگەی ریفۆرمخوازی لە کوردستاندا دەزانم. من پێم باشە حکوومەتی هەرێم ئەوجارە دەستوباسکی لێ هەڵکات و لەو بوارەدا ڕیفۆرم و گۆڕانکاری تاقی بکاتەوە.

١- بەپێچەوانەی کابینەی پێشووی "کابینەی پێنجەم" پێویستە حکوومەتی نوێ کارەکانی خۆی نەک بەتەنیا لە بازنەی نەوت و بازرگانیدا بگرە لەگەڵ مەسەلەی ئاشتەوانیی نیشتمانی، بەرنامەکانی خۆی دەرهەق بە "بەشداریی سیاسی بەگشتی" و بەڕێوەبەرایەتیی ناوەخۆییدا چڕ بکاتەوە. بەپێچەوانەی حکوومەتی سەنترالّی مالیکی، دەبێ حکوومەتی کوردستان بیر لە شێوازی مۆدێرنی بەڕێوەبردنی دیموکراتیکی ناسەنترالیانە وەک "ئۆتۆنۆمیی دەزگاکان، پێدانی کەسایەتیی یاسایی بەپێی توانا و ماف، نامەرکەزیەت و سەربەخۆکردنی دەزگاکانی حکوومەت بکاتەوە. ئەوە لە بواری سیاسیدا ڕۆڵێکی گرینگی دەبێ و کورد دەتوانێ ئەزموونی خۆی بەشێوەیەکی جیاوازتر و شارستانیانەتر بەبەراورد لەگەڵ حکوومەتی کۆن و ئێستای عێراق، نیشانی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست بدات. لە هەمان کاتدا ئەو شێوازە کوردستان لەو تەمبەڵییە ئیدارییەی ئێستا ڕزگار دەکات.

٢- بابەتی دامەزراندن و دەرخستن لە کاردا سەرلەنوێ لەسەر بنەمای پیشە ڕێک بخرێتەوە. ئەوڕۆ داودەزگاکانی کوردستان لەسەر بنەمای حزبی، خزمایەتی و هاوڕێیەتی پڕ کراون لە کەسی نیمچە نەخوێندەوار و ناشارەزا. ژمارەی کارمەندان زیاترە لە پێویستیی دەزگاکان. پێویستە حکوومەتێک کە خۆی بە دیموکرات و نوێخواز دەزانێ بەپێی تیۆری Post-New Public Man-agement واتە فەراهەمکردنی ئازادی کار بۆ فەرمانبەر و کارمەندان لە بەرانبەر بەرهەمێکی ڕوون و ئاشکرا، هەڵسوکەوت لەگەڵ کارمەند و فەرمانبەران بکات. تیۆری ئاماژە بۆکراو لەسەر ٣ کۆڵەکەی سەرەکی دەوەستێ کە ئەمانەن: (ئابووری، چالاکی _ توانایی و بەکاریگەری). گرینگترین خاڵ لێرەدا ئەوەیە، دامەزراندن لەسەر بنەمای پلە، بڕوانامە و توانستی کارە. درێژکردنەوەی کۆنتراکتی/گرێبەستی کار لەسەر بنەمای بەرهەم و ئەنجامی ساڵێکی فەرمانبەر و کارمەندە. کارمەندان و فەرمانبەران ساڵێک یان دوو ساڵ جارێک لە تاقیکردنەوەدا تێ دەپەڕن و ئەگەر سەرکەوتوو بوون کۆنتراکتی کارەکانیان بۆ نوێ دەکرێتەوە. ئەو یەکە ڕێگرە لەوەی فەرمانبەر دوای دامەزراندنی بێ منەت بێ لە حکوومەت و بەرپرسیارێتی نەگرێتە ئەستۆ. ئەگەرچی ئەو تیۆرییە لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە بەلام دەکرێ بۆ ماوەیەک کولتووری فەرمانبەرێتی لە کوردستاندا بگۆڕێ. بە کورتی حکوومەت دەبێ سیستێم و مێتۆدی بەڕێوەبەرایەتیی کەرتی تایبەت، لە کەرتی گشتیدا جێبەجێ بکات. لەبەئەوەی تا ئێستاش سیاسی یان حزب بەسەر فەرمانبەرێتی و ئیدارەدا زاڵە، دەبێ سیستێمی Post-New Public Management لە کوردستاندا جیاواز لە ئەورووپا یان ئەمەریکا جێبەجێ بکرێ، مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و نابێ ئەو یەکە بە مەستی سیاسی بەکار بهێندرێ.

لەبەرئەوەی کاریگەری حزب و سیاسەت بەسەر فەرمانبەران دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٨٠ ساڵ بەر لە ئێستا، دەبێ حکوومەتی هەرێم لەگەڵ جێبەجێکردنی سیستەمی Post-New Public Management ئاوڕێک لە بەشێک لە مۆدێلی بیرۆکراسی (ماکس ویبەر) بداتەوە کە هەوڵ دەدات فەرمانبەران لە بەرانبەر دەستێوەردانی سیاسییەکان بپارێزێ.

٣- کاتێ سەیری داودەزگا گشتییەکانی حکوومەت دەکەین ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر و کارمەندی تەمەن بەسەرچوو دەبینین. لەگەڵ ئەوەی ئەوانە دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت و پاداشت بکرێن کە چەندین ساڵ لەو داودەزگایانەدا خزمەتیان کردووە، بەڵام ناکرێ هەتا ماون لەوێ بمێننەوە. ئەوڕۆ ژمارەیەکی زۆری گەنجی بەتوانا لە جادە و کۆڵانەکان دەسووڕێنەوە و بێ کارن، دەبێ ئەوانە جێگەیان بگرنەوە. بۆیە حکوومەت پێویستە دوای تەمەنێک خانەنشینکردن بسەپێنێ. نابێ لەژێر ناوی ئەوەی کەس نییە و ئەوانە شارەزان کەسانی تەمەن بەسەرچوو لە دائیرەکان بهێڵدرێنەوە و کەسانی گەنج و پێگەیشتووش بێ کار بن.

٤- پارەی نەوت کە داهاتێکی زۆر بەڵام کاتییە، بەمەبەستی سازکردنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی تەرخان بکرێ، نەک بە مەبەستی تر وەک ئەوەی ئێستا ٣/٢ بۆ مووچەیە. هیچ حکوومەتێک نییە لە جیهاندا سەدی سەد بەشێوەی "دیموکراتی، ڕاستگۆ یان دڵسۆز و بەتەواوی یاسایی" کارەکان بەڕێوە ببات. تەنانەت لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووش ئەوە نییە، بۆیە حکوومەتەکان پارەی باج تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی سەرجەم داوودەزگاکان ناچار بکرێن بەکۆمپیوتەر کار بکەن و لە ڕێگەی سیستێمی نێتوۆرک کارەکان کۆنترۆڵ بکرێن. ئەوەش ڕێگە لە گەندەڵی و ناڕاستگۆیی و ناعەدالەتی دەگرێ کە کۆمەڵگەی کوردستان پێیەوە دەناڵێنێ.

٥- بیرۆکراسیی حکوومەتی سەنتراڵی ٨٠ ساڵەی عێراق کە بە میرات بۆمان ماوەتەوە گەورەترین کۆسپە لە بەردەم بەڕێوەچوونی کاروباری داودەزگاکانی حکوومەت. بیرۆکراسیی حکوومەتی سەنتراڵ کارەکان دوادەخات و تەنگژە لە سەروو ساز دەکات. هیچ ناوەندێک بەتەنیا ناتوانێ چەند پارێزگا و شار و شارۆکەیەک کۆنترۆڵ بکات یان بڕیاری لەسەر بدا، چونکە بێ سەروبەری، قەڵەقی و نائیداری بەرهەم دێنێ. دەبێ حکوومەت میتۆدی نامەرکەزیەت لەسەر هەندێک داودەزگا تاقی بکاتەوە کە بە زەحمەت لە سەروو تا خواروو کۆنترۆڵ ئەکرێن و بەڕێوە دەبرێن.

٦- دەبێ سەرجەم دەزگاکانی حکوومەت پەیڕەوی ناوەخۆیان هەبێ و ئەو پەیڕەوە لە چوارچێوەی دەستووردا بنووسرێتەوە و پەرلەمان ئیمزای لەسەر بکات. لەو پەیڕەوەدا، چەندین ڕێوشوێنی پێویست بگردرێتە بەر بۆ ئەوەی چیی تر حزب لە ڕێگەی وەزیر، وەزارەت و کاربەدەستە حکوومەتییەکانیەوە نەتوانێ دەست لە کاروباری دەزگا گشتییەکان وەربدات.

٨- بەداخەوە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام و کرانەوەی دەرگەی کوردستان بەرەو بازاڕەکانی دەرەوەدا، بەشێک لە سیاسییەکان کەرتی تایبەتیشیان کۆنترۆڵ کرد. ئەو یەکە هەڕەشەیە لەسەر

دیموکراسی لە داهاتوودا، ئەو یەکە وا لە هاووڵاتی دەکات خۆی بەکەم بزانێ و هەست بەهاووڵاتیبوون نەکات. ئەویەکە وەکو بۆ نموونە وەک وڵاتی یۆنان شیمانەی سازکردنی تەنگژەی سیاسی و ئیداری و ئابووریشی لێ دەکەوێتەوە. بۆ ئەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەبێ، لەو بوارەیەوە بەپێی پێوەرە لیبراڵەکان ڕەچاوی یاسای بازرگانی و کەرتی تایبەت بکەن. دەبێ کەرتی تایبەت بەتایبەتی ئەوانەی ڕاستەوخۆ سوودیان بۆ کۆمەڵگە، ئابووری و خزمەتگوزاریی کوردستان هەیە بە یاسا بپارێزرێن. حکوومەتی هەرێم دەتوانێ لە ڕێگەی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت و هاوسەنگکردنی لەگەڵ کەرتی گشتی، کارێکی زۆر بۆ هاووڵاتییانی کوردستان بدۆزێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی خەڵک هان بدەی بۆ ئەو کارە، دەبێ ژیانی کارمەندانی کەرتی تایبەتی گەرەنتی بکرێ و یاسا بیانپارێزێ. بۆ ئەوە پەرلەمانی کوردستان پێویستە یاسای تایبەت بە کەرتی تایبەت دەربخات و کەرتی تایبەتیش دەبێ بەپێی پێوەرە ئەتیکییە مۆدێرنەکان بەپێی کۆنتراکتی ئاشکرا کار لەژێر دروشمی "نەک بەتەنیا قازانج، بگرە لە هەمان کاتدا خزمەتکردن بە دەوروبەر، تاک و ژینگە" بکات.

ئەو ئەرکانە پێویستییەکی ژیانی ئەوڕۆمانن کە حکوومەتەکانی پێشوو کەمتەرخەم یان نەیانتوانیوە خۆیان لە قەرەی بدەن. بەڵام ئەوڕۆ تەنگژەی ئابووری و سیاسی و ئیداری زۆربەی زۆری وڵاتانی گرتووەتەوە، سیستێمی سەنترالی ٨٠ ساڵەی عێراقی و نووری مالیکی لە هەموو بوارەکاندا شکستی هێناوە، کاریگەری بەهاری عەرەبی و دروستبوونی گەنجێکی یاخی، تووڕە و ڕەخنەگر و لە هەمووشی گرینگتر بەبێکار هێشتنەوەی ئەو گەنجە، وامان لێ دەکات دووبارە و سێبارە جێبەجێکردنی ئەو پێویستییە زۆر گرینگ و ڕۆژانەییە بەبیر حکوومەتی هەرێم بێنینەوە. جێبەجێکردنی ئەو یەکە کارێکی ئاسان نییە، ئەوە پێویستی بە ئیرادە و فیداکارییە، بەڵام تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگاربوون لەو تەنگژانەی ناوچەکە و سیستەمی سیاسیی تێی کەوتووە.

http://www.afic.am/CG/CG-Antidote.pdf

http://www.oecd.org/dataoecd/37/29/35144020.pdf

http://www.deloitte.com/assets/Dcom-Belgium/Local%20Assets/Documents/be(nl_be)fiduciaire_dialoog03-goedbestuur(1)_230609.pdf

http://www.mo.be/sites/default/files/fileadmin/pdf/MO-paper43_goed_bestuur.pdf http://www.bondbeterleefmilieu.be/downloads_ftp/ledenpagina/bewegingswerk/bestuur/080123_Vergadertips_voor_bestuursvergaderingen.pdf

http://www.kennislink.nl/publicaties/modern-bestuur-luistert-naar-de-professionals

http://www.transparencybelgium.be/activiteiten/lunch-seminar.html?PHPSESSID=7c0ffbd13cf3b8321541b4119c96810f

- Een Platte-Grond van de Macht (Carl Devos).

- Participation by Crisis-Affected Populations in Humanitarian Action.

- Publics, Politics and Participation: Locating the Public Sphere in the Middle East and North Africa.

- Handboek (Bestuurskunde) KUL-UA-Hogeschool Gent.

# تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای نووسینەکان

## "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام"

ئیبن وەحشییەی نەبەتی

٢ لە ٢

---

**بابەتی حەوتەم**

(لە کتێبی شەوقولموستەهام فی مەعریفەت ڕموزیلئەقلام)

لە باسی خەتەکانی ئەو شایانەی باسیان لێوە کرا

لە شایەکانی سوریان و هرمسیان و فیرعەونان و کەنعانییان و کلدانییان

و

نەبەتییان و کوردان و کەسدانییان و فارسەکان و قیبتییانەوەیە

*


بەشی یەکەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی شا بەردەویس-ی سوریانی

گشت کتێبەکان و نهێنییەکانی بەم خەتە هێمابەند کردووە کە لە داناییەکانی خواییە وردەکان و نامووسە سروشتییەکانی داهێناوە، ئەمەش پەسنەکەیەتی وەک دەبینن:

.........................................................


وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە




بەشی دووەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی شا رسیۆت –ی فیرعەونی میسری


کە ڕوانگە و تەلەسمە سەی هەمووشی بەم خەتە کۆنە دانراون




بەشی سێیەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی شا کیمیاس–ی هیرمسی


کە نزیکەی دووسەد کتێبی لەبارەی گەردووناسییەوە نووسیوە و لەبارەی نهێنییەکانی سروشت و تایبەتمەندییەکانی ڕووەک و دەرمانە شلەمەنییەکانەوە نووسیوە، پەسنیشی بەمجۆرەیە:



## بەشی چوارەم لە بابەتی حەوتەم

## لە باسی خەتی شا میهراریش


کە زێوانێکی بەهرەمەندی زانستە داناییەکان و نامۆویە خواییەکان بووە. کتێبێکی زۆری لە هونەرە جوداکانەوە داناوە، ئەم خەتەش یەک لە کۆمەڵە خەتەکانیەتی وەک دەیبینی:




## بەشی پێنجەم لە بابەتی حەوتەم

## لە باسی خەتی شا تەبریانوس–ی زێوان


کە لەو خەتانەیە کە فیرعەونەکان لەسەر ناووس " سندووقی تەرم "یان پێ دەنووسی:




## بەشی شەشەم لە بابەتی حەوتەم

## لە باسی خەتی دیۆس مووس _ ی میسری


یەک لە فیرعەونە بە کەهەنووت و جادوو و جۆران تەلیسم و نەیرەنگ بەناوبانگەکانە، ئەمەش وێنەیەتی بەمجۆرە:




بەشی حەوتەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی بەرهمیوس–ی میسری


ئەم خەتە، لە دێرزەمانەوە، جادووگەرەکانی فیرعەون و میسر بەکاریان هێناوە ، ئینجا بۆ زێوانانی وڵاتی هیندستان و چین گواستراوەتەوە.




بەشی هەشتەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی شا سائا–ی زێوان


کە یەکێکە لەو حەوت جادووگەرانەی لە میسر شا و دانا و زێوان و جادووگەر و فەیلەسووف بوون و شاهێتییان کردووە و ئاوەدانیان کردووە و شارەیلی گەورە گەورەیان تێدا بنیات ناوە.



بەشی نۆیەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی شا بەلبیس


ئەوەی وا شارێکی بە درێژاییی چوار فەرسەخ بنیات ناوە و سەیروسەمەرەیەکی زۆریشی تێیاندا دروست کردووە و کتێبێکی زۆری بەم خەتە نووسیوە، ئەویش ئەمەیە:




بەشی دەیەم لە بابەتی حەوتەم

لە باسی خەتی شا قەفەتریم-ی میسریدا

کە خاوەنی تەلیسمەیل و ڕوانگە سەیرەکان و وێنەگەل و گەنجینە سەیرەکان بووە، ئەم خەتەش هەموو زانستەکانی پێ نووسراوەتەوە، ئەمەش وێنەیەتی:




**بابەتی هەشتەم**

(لە کتێبی شەوقولموستەهام فی مەعریفەت ڕموزیلئەقلام)

لە باسی خەتەکانی ئەو هرمسانەی لە کتێبی کۆنەکاندا دیتومانن

چونکە هەریەک لە هرمسەکان خەتێکی بە دانایی و هێزی تێگەیشتنی خۆی داناوە، بۆ ئەوەی زانست و نهێنییەکانی خۆی پێ بشارێتەوە دا جگە لە دانایان کەس شارەزای نەبێ، بۆیە لە سەردەمماندا کەم کەس دەیزانن، چونکە لە شێوەی وێنە و نموونەیان داناون، بە جۆران ئامێر و

درەخت و ڕووەک و گیانلەبەر و مەل و هەندێک لە بەشەکانی و هەندێک لە وێنەی ئەستێرە و هەسارە. بۆیە نایێنە ژماردن و سنووریان بۆ دانانرێ هەروەک خەتەکانی وڵاتی هیندستان و چین، کە خەتی ئەوتۆیان هەیە وەک ڕیزبەندیی ئێمە لەسەر پیتەکانی ئەلفوبێ نییە.. تاد. بگرە لەوەدا ڕێککەوتن و زاراوەی ئەوتۆیان هەیە لە بۆچوونی خاوەنانی خەت و نووسینان ناچن. بگرە لەبەر هۆیەک لە وێنەکێشی و ڕیزبەندیدا لێمان جودان، ئەوەش ئەوەیە کە شتە سروشتییەکانیان وەک پێویستە بەپێی ئاوەزیان زانیون، زایان بەباش زانیوە بۆ هەر بابەتێک وێنەیەکی شیاوی بۆ دابنێن کە بە وێنەکەی ئەو شتە بنوێنێ.

ڕێبازی دووەمیش، لە وێنەکێشانیدا پشتیان بە بنەما ئەندازەییەکان بەستووە و لە یەکترییان هەڵهێنجاوە، وەک کووفی لە سوریانی و عیبرانی لە کلدانی و لاتینی لە یۆنانی و هی تر لە نووسینە ڕەنەکان و نووسینە لاوەکییەکان، کە بە زۆری بەم شێوەیەن. ئەوەی دەیەوێ ڕاستییەکانی هونەری نووسینەکان ببینێ با بگەڕێتەوە سەر کتێبی:

(حل الرموز ومفاتيح الكنوز)

واتە:

" شیکردنەوەی هێماکان و کلیلەکانی گەنجینەکان "ی جابری کوڕی حەییانی سۆفی

کە بە درێژی و بە کورتی، پێویستییەکانی ئەم پیشەیەی بەدەستەوە داوە. ئەوەی مەبەستمان بێ لەم کتێبە باسکردنی ئەو نووسینانەی هرمسییەکانە کە بینیومانن، بەڵام هێما تایبەتەکانیان کەسی ئەم سەردەمەمان نەیزانیون.

سەرکەوتنی بۆ ڕاستەڕێش لە خواوەیە.

## بەشی یەکەم لە بابەتی هەشتەم

### لە باسی نووسینی هرمسی دانای هەرە گەورە

ئەمەش ئەو نووسینەیە کە لەسەر " باربی "یەکان و هەرەمەکان و ناووس و بەرد و هەیکەلە کۆنەکاندا، لە سەردەمی فیرعەونە بەراییەکانەوە پێی نووسراوە. ئەوەش بزانە، ئەم نووسینە وەک نووسینەکانی تر بەپێی پیتەکان ڕێک نەخراون، بگرە هێما و ئاماژەیەلێکن بەپێی ئەوەی هرمسی هەرە گەورە لەسەری ڕێک کەوتووە، کە وێنە و شێوەگەلێکن لە ژمارە و دەستنیشانکردن نایەن، بگرە بنەمایان بۆ داناون، بەمانە پەی بە شتە داواکراوەکان ببرێ، نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە: وێنەی شێوەیەک دادەنێن کە ناوی خوا بگەیەنێ، مەزنی و ڕەهایی. ئەگەر ناوێک لە ناوەکانی پەسنی بدرێتە پاڵ بەشێکی لە شێوەیەکی تر دەخەنە سەر شتە ڕەسەنەکە و بەم پەسنە بەپێی ویستیان تەواوی دەکەن و لەسەر ئەم بنەمایەی کە نموونەی دێ وەک دەبینی، ئەمەشمان بە سێ پلە دانا جگە لە باڵاکان.

جارێ بە شوێنەوارە باڵاکان و وێنەی ئەو شێوانەیانەوە دەست پێ دەکەین کە بە زمانی هرمسییان ناویان دەگەیەنێ هەر وەکو دیتومانە و ئەمەش وێنەیەتی وەک دەبینی:



ئەمانە ئەو شێوە هرمسییانەن کە بینیومانن و شوێنەوارە باڵاکان دەگەیەنن و کاتی ئەوەشمان هاتووە ئەو سێ پلانە باس بکەین وا بەڵێنی باسکردنیانمان دا. واتە هەریەکە لە پلەکانی باس دەکەین، لەگەڵ ئەو ناو و شێوانەی لە هرمسیدا بینیومانن.

## پلەی یەکەم

لە باسی ناوە گیانلەبەرانەکان و یەکە یەکەی شێوەکانیان لە گشت جۆرەکان و کار و بزاوەکانیان







پەسلان - سەعات
ڕۆژگار
زانست
نەزانی
هەڵە
حەق - ماف
ناهەق
ژمارە
ئەندازە
سەرۆکی
ڕووخاندن
بنیات نان
بەرد
درەخت
گەوهەر
ئێسك
شاخ - قۆچ
خوێن
بەڵغەم
ڕەش
زەرد
سپێتی
سوورێتی
ڕەش
زەردی


سەوزی
بەریش
بەرتەسکی ( تەنگی )
زۆرداری
دوژمنایەتی
دزی
داد
سووتاندن
فەرمانڕەوایی و سندووقی تەرم
چوونەژوورەوە
هاتنەدەرەوە
هەڵسان
دەرمان
ڕۆیشتن
سواربوون
ئامادەکاری
پەرستن
نوێژ
ملکەچی
پێشەوا و زێوان
سەڵتەنەت
پیاوچاك
گەندەڵ
زانا
دەرمانساز


فەلسەفە
زمانپاراوی
جودابۆجوون
درۆ
نهێنییە سروشتییەکان
تایبەتمەندییەکان
نهێنییە گیانییەکان
بیشە
کێش
گەردوونزانیی باڵا
تەلیسمەکان
جادوو
مەخرەقە ( ) و



ئەم شـێوەیەش، لەلایاندا بە گشـتی ئەو نهـێنییـەیە کـە " هومیـد و خـروف !! "ی پـێ دەڵێن، واتە نهـێنیی لاهووتی سـروشـتی هەمـوو جـیهـانەکـانە، پێشـی دەگوترێ نهـێنیی نـهـێنی نـهـێنی و دەرخـەر و دووبارەکەرەوە، قسـەیەکی دوور و درێژیشیان لەبارەی ئەم شـێوەیەوە هـەیە ئەم کتێبە بەخۆیەوەیان ناگرێ، ئەوەی دەیەوێ نـهـێنییـەکانی هرمسـان بزانێ با بگەڕێتەوە سـەر ئەو کتێبـەی لە زمانی نەبەتیمانەوە وەرم گێڕاوە کە ناوی لێ نراوە کتێبی:

" شمس الشموس وقمر الاقمار، في كشف رموز الهرامسة ومالهم من الخفايا والاسرار "

واتە:

" خـۆری خـۆران و مـانگی مـانگان، لە ڕوونکردنەوەی هێـمـاکـانی هرمـسـەکـان و ئەو نـهـێنی و شـاراوانەی هەیانە " کە ئەو شتانەی تێدا کۆ کردووەتەوە. کە بۆ ئەوانە زۆر پێویستن بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە نهێنییەکانی ئەم نەتەوەیە بگەن.

ئەمەش ئەو دوا وێنەی شێوە گیانلەبەرانەن وا پلەی یەکەممان کۆتاییی پێ هاورد.

## پلەی دووەم

### لە باسی وێنەی ئەو شێوانەی خودی تاکە ڕووەکییەکان و چەشنەکانی دەگەیەنێ:

بزانە، ئەی دانای زانا، هەڵبژاردەی هرمسەکان نەوەکانی ڕەگەزی خۆیان نەبێ کەسیان شارەزای نهێنییەکانیان نەکردوون. لە ترسی ئەوەی نهێنییـەکانیان بکەونە بەردەستی ناپیـاو و تێکدەرانی جیـهان و ڕووخـێنەران. لەوانەی شایـەنی ئەم نهێنییانە نین. بۆیە ئەم هێمایانەیان کردە پەردەیەک بۆ زانست و گەنجینە و پاشەکەوتەکانیان و ئەو شتە شاراوانەی دایان ناون کە، کەسێکی جگە لە دانستخوازە شایستەکانیان نەیاندیتوە، لەمەشدا چوار ڕێبازیان هەیە:

(١) یەکەمی ئەمانە پێیان گوتراوە: هرمسە هوومییەکان، کە نەوەی هرمسە هەرە گەورەکەن لەوانەی ژنیان لە دەرەوەی ڕەگەزی خۆیان نەخواستووە و نە تێکەڵی بیان بوون و نە بیانی تێکەڵیان بوون، هیچ کەسێک لە جیهاندا هێماکانیانی نەزانیوە و جگە لە خۆیان کەس نەیبینیون و هەر بەخۆیان خاوەنی نووسراوە ئیدریسییەکان و پەیکەرە گیانییەکان و بەربییەکانی دانستن، لەم سەردەمەی ئێستایەماندا وەچەیان کەم بووە و ئەنجام لە هەندێک دوورگەی لای سنووری چیندان سەقامیان گرت و هەر لەسەر داوونەریتی خۆیاندان.

(٢) دووەمیان: هرمسە " ناولووزە؟ "کانن، ئەمانەش برازاکانی هرمسن، مەبەستم، ئەسقلیبیانووس_ە، ژن و ژنخوازییان کردو وەچەیان لە بنجی خۆیان خستەوە و لە هیچ شتێکدا بەشداریی خەڵکانی سەردەمی خۆیان نەکردووە، بەڵکو خەڵک لە هەموو شێکدا پێویستییان پێیان بووە، جیاوازیی نێوانی هوومییەکان و ئەمانە لە قوربتنیدان و دووکەڵ کردنەوە (*) ، لە سەرە مانگ و کەلوو و وەرز و قۆناخەکاندا، لە هەر وەرزێکیشدا حەوت ڕۆژ جەژنیان بووە، کەچی هوومییەکان لە گشتیاندا جگە لە پاڕانەوە و نووسراو خوێندنەوە و پەرستن و ڕۆژووگرتن هیچی تریان نەبووە. یەک جەژنیان لە ساڵێکدا هەبووە، بیست و هەشت ڕۆژ بووە، لە سەرەتای چوونە کەلووی کاوڕەوەی خۆرەوە تا کۆتاییی بیست و هەشت ڕۆژەکە، قوربانیی تێدا قوربان دەکەن و بخوورد دەسووتێنن و هی تر و دان بە تاک و تەنیاییی خوای مەزن دەنێن کە هەموو بوونەوەرانی ئەفراندووە، ناوی هەر پیرۆز بێ!

بەڵام ئەم تایەفەیەش کەسێک لە نەتەوەکانی تر ئاشنای نهێنییە شاراوەکان و کەلەپووریی هرمسی ئاشنا ناکەن، بگرە تا ئەمڕۆ نەوە دوای نەوە لەنێو خۆیاندا بەکاریان دەهێنن. ئەگەر منداڵیشیان لەدایک بوایە دایکی دەیبرد و دەچووە لای زێوانێک لە خزمەتکارانی ئەو هەیکەلەی بۆ تاقیکردنەوەی تازە زاوەکان ئامادە کراوە و منداڵۆکەی لەسەر ڕێسمانی هەیکەلەکە دادەنا و دایکەکە هیچ قسەیەکی نەدەکرد و زێوانەکە دەهات و جامێکی زێڕینی تژی لە ئاوی بەدەستەوە و لەسەری دەخوێند و شەشی تریشی لەگەڵدا دەبوو و بەو ئاوە دەیپرژاند، ئەگەر منداڵەکە جووڵەی بکردبا و ڕووی بەرەو ڕێسمان بکردایە زێوان بە دەستی خۆی دەیبردە خانووی نهێنیی ناو هەیکەلەکە و لەسەر تابووتێکی بۆ ئەوە ئامادەکراوی دادەنا و دەستیان بە خوێندن دەکرد و سەعاتێک بخووردیان دەسووتاند، ئینجا زێوانی سەرۆک دەستەسرێکی ئاوریشمینی دەهێنا، کە بۆ مێیینە سەوز و بۆ نێرینە سوور، دەموچاوی منداڵەکەی پێ دادەپۆشی و لەناو تابووتەکەی دادەنا و بەسەریدا دای دەخست، ئینجا داریدەستێکی زیوینی بە هەوهەر و نقێمی بەنرخ ڕازاوەی سەر سێگۆشەی بەدەستەوە دەگرت و دایک و باوک و خزمەکانی دەهاتن و بە گوێڕایەڵی و بەبێدەنگی، دەم بە ناوی خوا و خوێندن و سوبحانەڵلاکردنەوە. ئینجا زێوان بەو دارە سێ جاران لە تابووتەکەی دەدا و بانگی دەکرد:

– " بەناوی خودا، ئەو خوایە کە بە داناییی خۆی پێکی هێنایت و پەروەردەی کردی. تۆ بە

نهێنیی ڕەوشە گیانییەکانت، هەموو ڕووداوەکانی ژیانت گۆ بکە. ئامین، ئامین تاهەتایە و دەمی سەردەمان. "

ئینجا هەمووان حەوت جاران کڕنۆشیان دەبرد و سەریان بەرز دەکردەوە و منداڵە تازە زاوەکە درووود و فەڕی گۆ دەکرد و سەرۆک وەڵامی دەدایەوە و لێی دەپرسی:

"ناوت چییە؟ قوربانییەکەت چییە؟ گەرەکتە چی بکەی بۆ ڕاستکردنەوەی کاروبارت و دابینکردنی گوزەرانت؟ لە چ سەعاتێکدا لەم بیاتە (تەن) پیرۆزە و وێنە میهرەبانەدایت؟ داخۆ وەک ئاوەڵانت ماندەی یان میوانی و ڕەوتەنیت؟ بە ناوی خوای زیندووی ماندە هەتاهەتایی بێ کۆتایی، ئەوەی وا ئەوەی دەبینرێ و نابینرێ هەیە، خوای زەوییەکان و ئاسمانەیلی ئاڵا، لێت دەپرسم وەڵاممان بدەوە و پەیمانت دەدەینێ بە پێوەندییەکانمان و باوەڕوان، ئەگەر لە جیهانی بوون و گەندەڵیدا مایتەوە، نهێنیمان بۆ ئەوانەی لە ڕەگەزی ئێمە نین دەرنەخەی."

منداڵەکە وەڵامی دەداتەوە و ئەو ناوە ڕاستەقینەی پێ دەڵێ کە لە سەر تەختەی هەمیشەییی یەکەم سەرەتادا نووسراوە و ئەم لە خاوەنانی دانایی و زانستەکانە، یان لەوانەیە کە پیشەسازی و کاری دەستی و هونەرییان هەڵبژاردووە، یان وەک یەکێکە لەمانە. هەموو ئەوانەیان پێ دەڵێ کە داوایان کردووە و ئەوانیش وەڵامەکە دەبیەن و زێوانیش لەلای خۆیدا دەیانچەسپێنێ و لەسەر تەختە بەردێکی دەنەقشێنێ و لە هەیکەلی هەڵدەواسێ، ئینجا داوای بۆ دەکا و دەرگەی تابووتی بۆ دەکاتەوە و جۆرە بخوردەکەی خۆی بۆ دەسووتێنن و قوربانییەکی بۆ سەردەبڕن مەلێک بێ یان ئاژەڵ، خوێنەکەی دەسووتێنن و لەشەکە خاوێن دەکەنەوە، ئینجا بە کاڵایەکی سپیی نەرمی دەپێچنەوە و سەت و بیست پێچی بۆ نێرینە و شەست پێچیشی بۆ مێیینە لێ دەکەن و لەناو دەفرێکی گۆزەی دەکەن و لەناو بیری قوربانی دادەنێن و لەمەشدا کاروباری ئەوتۆیان هەیە ئاماژە بۆ نهێنیی شاراوە دەکا کەسی جگە لە خۆیان درکی پێ ناکا.

ئەم تابووتەش چون سندووقێکی بچووک ئەوەندەی منداڵە تازە زاوەکە، لە داری زەیتوون و بە زێڕ و گەوهەرەیل ڕازاوە، ئەگەر خۆ ئەم نهێنییە مەزنە لە منداڵەکە دەرنەکەوت، نایکەنە ژوورەوە و وەری ناگرن و دەڵێن: "ئەمە جێی متمانەی نهێنی و کارە شاراوەکانمان نییە ". دووریش نییە لەناویانەوە دەری بهێنن و دەڵێن : "ئەم منداڵە هاوبەشیی تێدایە" یان " منداڵێکی بەدە "، خۆ ئەگەر منداڵەکە گەورە بوو و ویستی دەرچێ لە میللەتەکەیانەوە، ئەوا بە سێ ڕۆژ دەمرێ.

نهێنییەکی تریان هەیە لە گەورەترینی نهێنییەکانیانە، لە ڕۆژی جێژنەیاندا حەوت گا و حەوت کاوڕ دەهێنن، ڕووەکی بە "گیای گوڵ " و " ئەفسەری شاهان "ی پێ دەڵێن، کە بە زمانی خۆیان " شیکەرک"ی پێ دەڵێن و حەوت ڕۆژ ئەو ئالیکەی دەدەنێ و ئاوی خاوێنی دەدەنێ، کە بووە ڕۆژی حەوتەم ئەفسەرەکانیان بە زێڕ و جۆران گەوهەر دەڕازێننەوە و بە زریزەی ئاسن دەیانبەستنەوە و زێوانەکان دەست بە نوێژ و بەرز ڕاگرتنی خوا و لە هەیکەلی گەورەی گشتگیردا دەخوێننەوە،

خەڵکییش لە پایەی خۆیاندا بە گوێڕایەڵیی خوا کڕنووش دەبەن، ئینجا سەرۆکی کوشتیگە بەرەو قوربانییەکان دەچێ و بەداری سەر سێگۆشە ئاماژە بۆ گایەکان و کاوڕەکان دەکا، بەندەکانیان بێ ئەوەی کەس ئەوە بکا دەکرێنەوە و پێشڕەوی بۆ سەربڕان دەکەن و بە ویستی خۆیان ملیان درێژ دەکەن، سەرۆکیش سەریان دەبڕێ و کەللەسەرەکان دەبا و دەیانخاتە سەر تابووتی نهێنی، ئینجا لاشە سووتێنراوەکان بە جۆران بۆن و بەرامەی وەک عوود و عەنبەر و میسک و کافوور و جاجک و ئوستورەک بەخش دەکەن، هەروەها بۆ نوێژە هەرە گەورەکەیان هەڵدەستن و هەریەکە شێوە جلوبەرگی خۆی لەبەر کردووە و نووسراو دەخوێننەوە و ئینجا سەعاتێک کڕنووش دەبەن و سەر بەرز دەکەنەوە، ئەوجا یەکەم کەللەسەرێکی قوربانییە سەربڕاوەکان دەست بە قسە دەکا و هەموو ئەو ڕووداوانە باس دەکا کە لەو سەردەمەدا ڕوو دەدەن و ئینجا ئەوەی دووەم و ئیندا سێیەم و بەمجۆرە تا کۆتاییان دێ. زێوان هەموو ئەوانە دەچەسپێنێ کە دەیانبینێ و خۆیان بۆ ڕووداننیان ئامادە دەکەن.

بەمجۆرە کاروباری ئەوتۆیان هەیە لە خۆیان بەولاوە کەس لە ڕاستییەکانیان نازانێ. هەموو ئەم شتانەش ئاماژە بۆ توندیی شاردنەوەی نهێنییە شاراوەکانیان دەدا و دەڵێن: " ئادەم ـــی باوک و شیت و هرمس بەمجۆرە فەرمانیان پێ کردووین ". واتە ئیدریسی سێگۆشە بە بژێوی، درووديان لێ بێ. هەروەها کارەوباری تریشیان هەیە لەم کتێبەماندا جێیان نابێتەوە نەک لە مەبەستمان بچینە دەرێ.

(٣) چینی سێیەمیان کە (ئیشراقییەکان)ن، خوارزاکانی هرمسی سێگۆشە، کە بە زمانی یۆنانی پێی دەگوترێت " تریسیجیستوموس تووسیلیۆس"، ئەمانەش بنەچەیان تێکەڵ بەبنەچەی هەندێک لە ڕەوەندە عەرەبەکان بووە و هەندێ خەڵک زاراوە و کردنەوەی هێماکانیان زانی و کۆمەڵێک لە زانست و هونەریانمان پێ گەیشتووە.

(٤) چینی چوارەمیشیان هاتوچۆکاران " المشاؤون "، ئەمانەش ئەو نەوانەی ڕەوەندە عەرەبەکانن کە تێکەڵی نەوەی هرمسەکان بوون. ئەمانەش ئەوانەن دەستیان بە پەرستنی بتە وێنە ئەستێرەیییەکانە و وازیان لە پەرستنی خوای خوایی هێنا، جگە لەو خوای تر نییە.

هەر لێرەوەش پەرت بوون، ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە لەم دوو چینەوە بووە، واتە ئیشراقییەکان و هاتوچۆکاران، ئەو نهێنی و گەنجینە دێرینە هرمسییانەی کەس وێنەی نەبیستووە و ڕێ بەکەس نەدراوە ئاشکرایان بکا، دەسا تێ بگە. ئەم شتانەشم بە ڕەنج و سامانێکی گەورە و ماوەیەکی دوور و ڕاگوزارییەکی درێژ نەبێ دەست نەکەوتووە. ئەی ئەوەی دەستت بەم گەنجینانە گەییوە، پێویستە بەوپەڕی بایەخ پێدان و توانستەوە بیانپارێزی و بیانشاریتەوە و ئاگادارییان لێ بکەی، دانا شارەزاکان و زانا پێگەییوەکان نەبێ کەسیان لێ شارەزا نەکەی.

کاتی ئەوەش هاتووە دەست بەو مەبەستە بکەم لەم پایەیەدا بەڵێنم دانێ باسیا بکەم، ئەگەر خوای گەورە ویستی.

# له عەممانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی*

## بەشی یەکەم

## پێشەکی

ئەوەی بۆ ئەم گەڕان و نووسینەوەی هان دام چەند هۆیەک بوو: بۆ زانینی ڕاستی و ناڕاستیی ئەو شتانەی لە کتێبەیلی ڕۆئاواییەکان، لە ئینگلیز و ئەمریکاییەکاندا، لەبارەی کورد و وڵاتەکەیانەوەم دەخوێندنەوە، هەروەها پڕکردنەوەی کەلێنێک لە مێژووی ئیسلامی و جوگرافیای ڕۆهەڵاتی نزیکدا و پێشکێشکردنی زانیاریی ڕاست لەبارەی کوردەوە بەو هاوسێیانەیان کە شتێکی زۆریان لەبارەوە نازانن، تەنانەت بە بڕوای من تاکە یەک کتێب لەنێو کتێبەکانیاندا نابینییەوە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی ئەم بابەتە باس بکا. وا دیارە کەمیی ئارەزووی هاتنە مەیدان و خۆشەویستیی دۆزینەوە، کە نەتەوە ڕۆئاواییەکانی پێ تایبەتمەندن، لە گەورەترینی ئەو هۆیانە بوون کە ڕێیان لە نەتەوەکانی ڕۆهەڵات گرتووە بۆ ئەوەی بەم لایەدا نەچن.

تەنیا ئەمەش نییە، بگرە ئەوانەی بە دوای مێژووی ڕۆهەڵاتی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەچن، کە نەتەوەکانی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا ڕووبەڕووی تری بوونەوە و کێشەیان لەسەر دەست بەسەرداگرتنی خاکە پیرۆزەکان و ڕۆخەکانی ڕۆهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست هەبوو، خۆی لە خۆیدا پێویستییەکی زۆری زانینی کاروباری نەتەوە ڕۆهەڵاتییەکان دەبینێ. بەتایبەتی کورد کە بەشدارییان لە زۆربەی ئەو شەڕانەی سەردەمی دوو دەوڵەتی نووری و سەلاحیدا(*) کردووە. بۆ ئەوەی بۆی بلوێ لەبەر تیشکی ڕاستیدا، هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەو ماوەیەی ڕۆهەڵاتە بخوێنێتەوە.

هەموو ئەمانە هانیان دام، گەشتێک لە کوردستاندا بکەم، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٢٨ لە بەیرووت

.........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

کۆتاییم بە خوێندنی زانکۆی ئەمەریکایی هێنا، دەستم بە خۆئامادەکردن کرد. ساڵی ١٩٣١ بۆم ڕێک کەوت سەردانی ئەو بەشەی بکەم کە دەکەوێتە عێراقەوە. هەوڵی ئەوەشم دا تا دەتوانم ڕاستیی ئەو شتانە بنووسم کە دەیانبینم.

کتێبەکەش سێ لایەن بەخۆوە دەگرێ: لایەنێک وڵاتی کوردمان بەگشتی بۆ دەردەخا و بەتایبەتیش کوردستانی باشوور (باکوری عێراق) و لایەنێکیش مێژووی کوردمان بەگشتی بەشێوەیەکی کورت، لە سەردەمە مێژووییە هەرە کۆنەکانەوە تا ئێستا بۆ ڕوون دەکاتەوە. لایەنی سێیەمیش پەردە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی کوردمان لادەدا.

هیوادارم ئەم کارە پێزانیی نەتەوەکەم وەدەست بهێنێ و نووسەرانی ڕۆهەڵاتیش بانگهێشتن بکا بۆ پتر بایەخدان بەم وڵاتە ئیسلامییە باس لێوە نەکراوە، بۆ خوێندنەوەی زانستییانەی ڕاست و دروستی ئێستا و ڕابردووی. ئەم کتێبەش لەم بابەتە سەختەدا لە دەستپێکێک پتر نییە. ئاساییشە کە لە هەڵە و کەموکووڕی خاڵی نەبێ، کە بێ هەڵەیی تەنیا بۆ خوایە بە تەنیا و داوا لە خوای مەزن دەکەم کە هەمووومان لەوەدا سەربخا کە خێر و سوودی گشتیی تێدایە.

عەممان لە ١٢ی سێپتەمبەر " ئەیلوول "ی ١٩٣٨

عەلی سیدۆ گەورانی

***

## بەشی یەکەم

## عەممان – دیمەشق

### " عەممان "

١– کورتەیەکی مێژوویی

عەممان – پایەتەختی میرنشینیی ڕۆهەڵاتی ئوردن–ی ئەمڕۆ(*) و عەموونییانی سەدە بەراییەکان، پێش ئەمانیش پایەتەختی عووج ی شای " باشان " بووە، عەموونییان دەستیان بەسەردا گرتووە و کردوویانەتە بنکەی حکوومەتەکەی خۆیان، ئەمەش بەدڵی ئیسرائیلییان نەبووە کە لە بەری ڕۆهەڵاتی ئوردندا دەوڵەتێکی بەهێز ببینن ڕێ لە فرانبوونەوەیان لێ بگرێ. بۆیە داود–ی شایان، یوئاب ـی سەرکردەی لەشکریانی ناردووەتە سەر عەموونییان و جەنگی لەگەڵدا کردوون و ڕەببەت عەمموون "عەممانی ژووروو "ی دوای دوو ساڵی گەمارۆدان لێیان ئەستاندووە، هەروەک لە " ئیسحاح "ی پازدە و دوازدەی کتێب " سیفر "ی سەموئێلی دووەمدا باس کراوە. گەمارۆدراوەکان لەم ماوەیەدا لە ئاوی ڕووباریان دەخواردەوە. کە یووئاب دەستی بەسەر شاری ئاوان " عەممانی خواروو "دا گرت، خەڵکەکە لە ڕووبار دابڕان و تەنیا لەسەر ئاوی سیهریجەکانی " ڕەبەت " مانەوە و بەوەش یووئاب دڵنیا بوو کە لە کاتێکی نزیکدا شارەکەی بەدەستەوە دەدرێ، بۆ

داودی نووسی و هانی دا بێت و گوتی:" وەرە و شارەکە وەربگرە بۆ ئەوەی نەڵێن لەسەر دەستی من گیراوە. " بەدکارییەکانی لەشکری ئیسرائیلی لەگەڵ عەموونییان گەورە بوو، دەستکەوت و تالآنیان برد کە ئەفسەری شاشی تێدا بوو و لەسەر داودیان نا. ئینجا عەموونییەکان هاتنەوە و شارەکەیان گەڕاندەوە لەگەڵ ئەو شمەکانەدا کە ئیسرائیلییان لێیان داگیر کردبوو. کە جووەکان لە دیلێتی گەڕانەوە، لەگەڵ عەموونییاندا جەنگین و یەهوودای موکابی "ڕەبەت"ی لێ وەرگرتنەوە.

دوای سێ سەدە، واتە ساڵی ٢٨٥ ی پ. ز، بەتلیمۆس فیلادلفیۆس ـی ڕۆمانی داگیری کرد و بنیاتی نایەوە و شوورەی بۆ کرد و ناوی نا " فیلادلفیا ". ئینجا هیرۆدرۆس دوای کوشتارێکی گەلێک گەورەی ناو قەلایدا دەستی بەسەردا گرت. لە ڕۆژگاری بیزەنتییاندا گەشەی کرد و بووە یەک لەو دە شارە بیزەنتییانەی بە دیکاپۆڵوس دەناسرا. کە بیزەنتییەکان بوونە خرستیان کردیانە کورسیی ئوسقوفێتیی هەرێمی عەموون یان بەلقا کە لە سەردەمیاندا بە " پیرێ " دەناسرا و تا گرتنی ئیسلامی بە گەشەداری مایەوە، کە ئیدی دوای ئەوەی خەڵکەکەی لەگەڵ لەشکری کشاوەی ڕۆمانیدا کۆچیان کرد، دەستی بە داکەوتن کرد.

دوای ئەوە لە کتێبە عەرەبییەکاندا باسی لێوە کراوە، یاقووت باسی دەکا و دەڵێ: "عەممان شارێکە لە بان شمشێرەی ڕەوەندستاندا(*) گوندەیل و کێڵگەی هەن. ڕوستاق " دەشت و دەوروبەر " ەکەی بەلقا ـیە، کە کانیی دانەوێڵە و مالآتە"، ئومەوییان چاودێریی عەممان و شارە گچکەکانی تری بەلقایان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر ڕێی حاجییان و نزیکی ڕەوەندستاندا بوون کە شایەکانیان هاوینان بەشێکیان لە کات لێ بەسەر دەبرد. لە: خیتەت ئەلشام " خطط الشام "ی مامۆستا محەمەد کورد عەلی ـدا باس لەوە کراوە، (کە ئومەوییەکان ساڵی ١٢٦ی کۆچی بارودۆخیان شڵەژاوە و ئاژاوە بەرپا بووە و " سولەیمانی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولەلیک " لە گرتیگەی عەممان دەرچووە – کە وەلید تێیدا بەندی کردووە – و وەلیدی لە عەممان کوشتووە و هەرچی سامانێکی تێدا بووە بردوویەتی و چووەتە دیمەشق).

لەسەردەمی عەباسیشدا والیێتیی عەممان و چیای شورات بەدەست محەمەدی کوڕی تەغج بووە، کە نازناوی " ئیخشید " بووە و ساڵی ٣٠٦ ی کۆچی لە سەردەمیدا حاجییانی شام، کە کۆمەڵێکی خەڵکی عێراقیشیان تێدا بووە، لە ڕێی بەرەو حەجدا بەلقا–یان ڕەت کرد، کۆمەڵێک لە عەشابەرەکانی لەخم و جوزام (لە نەوەی سەخر) بۆیان لە بۆسەدا دانیشتبوون، ئیخشید لەشکری خۆی کۆ کردەوە و لەگەڵ عەلیی کوڕی تەغجی برایدا پێکەوە چووە سەریان و بەزاندنی، بەوەش پایەی لە عێراقدا بەرز بووەوە و بووە هۆی ئەوەی ساڵی ٣١٦ی کۆچی لەسەر " ڕەملە "ی دامەزرێنن. ئینجا موقتەدیر ساڵی ٣١٨ی کۆچی والیێتیی دیمەشق ـی بۆ نووسی. کە " ڕازی " بووە جێنشین ساڵی ٣٢٣ی کۆچی بە والیی سەر میسری دانا و وڵاتی شامیشی خستە پاڵ.

دوای ئەوە بایەخی عەممان دەستی بە داکەوتن کرد و دوای جەنگەکانی خاچپەرستان پایەی لە سستبووندا و لە زۆربەی حوکمی عوسمانیدا بە کەلاوەیی مایەوە و دواتر ساڵی ١٣٠٢ی کۆچی

دەستی بەدەرکەوتنەوە کردەوە، کاتێک کە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ چەند دێیەکی دەوروبەریدا کە تایبەتمەندیی بەپیتیی خاکەکەی و ئاوزۆری بۆ ئەو چەرکەسانە دابڕی، کە دوای داگیرکردنی قەفقاس لەلایەن ڕووسیاوە ناچاری جێهێشتنی وڵاتەکەیان کران.

تورکەکان دوای ئەوەی چەرکەسەکان خانووبەرەکانیان لێ بنیات نا، عەممانیان کردە ناوچە " ناحیە " و تا ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩١٨ بەو جۆرە مایەوە کە لە دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکان دەرچوو و دوای شەڕێکی سەخت کەوتە دەستی هێزە عەرەبییە شۆڕشگێڕەکان و لەشکرەکانی ئینگلیز، کە سێیەمین هێرشی بەریتانییان بوو دەکرایە سەری. کە لە دوو مانگی ئادار و نیساندا هێرشیان کردە سەری و لێی کشانەوە. لە جاری سێیەمیشدا نیوزیلاندییەکان و ئوسترالییەکان بەشدارییان تێدا کرد و بە سەرکردایەتیی جایتر. کە لیوای دووەمی سوارەی ئوسترالی شارەکەیان گرت و لیوای نیوزیلاندی سوارەی " ئۆتۆمبێل و زرێپۆش " قەڵای گرت.

کاتێک کە ساڵی ١٩١٩ی. ز لە سووریای ناوەندا حکوومەتێکی عەرەبی پێک هات، وڵاتی ڕۆهەڵاتی ئوردنی درایە پاڵ. لە کاتی هەڵوەشانەوەشیدا لە ئەنجامی چوونە ناو دیمەشقی فەرەنساییدا لە ٢٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٠ی. ز دا، دوای شەڕی مەیسەلوون، لیواکانی عەجلوون و کەرەک و مەعان لە سووریا جودا بوونەوە و کرانە حکوومەتێک لەژێر چاودێریی بەریتانیا کە میر عەبدوڵڵای یەک لە کوڕانی شا حوسێن، کە عەممانی کردە پایەتەختی حکوومەتە تازەکەی، لەبەرئەوەی لە سەرەڕێی ئاسنینی حیجازدا بووە و لە ناوەڕاستی وڵاتی ئوردنیدایە و بەریتانییان پێی قایل بوون لەبەر بایەخی ناوەندی بۆ فڕگە.

٢ – شوێنەوارەکانی

خانووەکانی " فیلادلفیا " لە لاپاڵی گردی قەڵاتدا دروست کرابوون، زەویلەرزە زۆربەی ڕووخاندن و بەژێر داروپەردووەوە بوون. بەڵام شوێنەوارەکانی " ڕەبە " هیچێکیان لەبارەوە نەزانراوە و وای بۆ دەچن کە ئەو شوێنەوارانەی شاندی ئیتاڵیایی لەسەر گردی قەڵادا دۆزیویانەنەوە، هەندێکیان لە بیناکانی " ڕەبەت عەموون" بن، ئەو بینا دیارانەش کە ماونەتەوە، قەڵایەکی ڕۆمانییە لە سێ بینا پێکهاتووە، یەکیان کە ڕۆهەڵاتییەکەیانە ڕووخا و جگە لە بەشی باشووری بە ڕواڵەت هیچی لێ نەما. دوو بیناکەی تریان لەلای ڕۆئاوادان و یەکیان لە باشووری ئەوی تردایە. ئەوەی باشووریان بینایەکی یەک ژووری و بانیژەیەکە بەسەر شاردا دەڕوانێ میچەکەی ڕماوە و دیوارەکانی بەپێوە ماونەتەوە. ئیتاڵیاییەکان ساڵی ڕابورد(*) لە دووریی بیست مەتری باکوری ئەم ژوورەدا هەڵکۆڵینیان ئەنجام داوە و کۆگایەکی گەورەی ئاویان دۆزیوەتەوە بە تاوێری زل زل دەورە دراوە درێژیی هەندێکیان لە دوو مەتر و پانییەکەشی لە مەترێک و شتێک کەمتر نییە.

شوێنەوارەکەی باکوریش کۆشکێکە دوو ژووری لە پێشەوە و هەیوانێک و دوو ژووریشی لە پشتەوە هەیە و هەر هەموو سەریان بە کەوانەی ڕۆمانی گیراوە. کۆشکەکە دوو دەرگەی هەیە

یەکیان لە باشوور و ئەوی تر لە باکوردان.

لە شـوێنەواری ناودۆڵەکـەش شـوێنـەواری ڕۆمـانـی نەبێ هیـچی نەمـاوە، ئەمـیش کڵـێسـایەک و یاریگەیەک و مـزگـەوتێکە ڕۆهـەڵاتناسـەکـان ناکـۆکـیـان لەبارەیەوە هەیە. هەندێکیـان دەڵێن موسڵمانەکان لە بەردە ڕۆمانییەکان بە مزگەوتیان بنیات ناوە و ئەم تیپەش لەم بۆچوونەیاندا پشتیان بە ئەندازەی میحراب و منارەکەی بەستووە. میری وڵات فەرمانی ڕووخاندنی ئەم مزگەوتە و بنیاتنانەوەی بە شێوەیەکی نوێ دا. کڵێساکەش دەکەوێتە لای ڕۆهەڵاتی ئەم مزگەوتە لە لا ڕۆخی جۆگەلەی یەبووق-دایە، کە ناوە کۆنەکەی سێڵاوی عەممانە.

ئەندازەکەی لە دەرەوە لە قەڵاتان دەچێ. لەلای دەستە ڕاستییەوە پردێک دروست کراوە پێوەی نووساوە، باراناویی زیادەی بەژێردا دەڕوا و لەلای دەستە چەپیشیدا پردێکی کە لەسەر ئاوەکانی یەبووقـدا دروست کـراوە و هێـشـتـاکە هـەردووکیـان لە شـوێنی خـۆیاندا ماونـەتـەوە و لە دووریی نزیکەی ٢٥٠ مـەتر بەلای ڕۆهەڵاتی پردی دواییـنەوە و لەسـەر ڕۆخی جـۆگـەلەی دەسـتـە ڕاسـتـدا یاریگەی ڕۆمـانیی لێـیـە کـە چاکـتـرینی ئەو شـوێنەوارە ڕۆمـانـیـیـانەیە کـە مـاونـەتەوە، جێدانیشتنەکانیان لە بەردی ڕەق هەڵکۆڵراون. چینەکانیشی دەگەنە چل و سێ چین لە خوارەوە بە تەسکی دەست پێ دەکەن ئینجا تا بەرز دەبنەوە دەست بە بەرینبوونەوە دەکەن و بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەبن لە نێویاندا ڕێی پلە پلە هەیە و لە سەرەوەیدا ژووری دانیشتنی فەرمانڕەوا دروست کـراوە. لە بـەردەمی یاریگەشـدا گـۆڕەپانێک هەیە بـە کـۆڵەکـە دەورە دراوە و زۆربەشـیـان ڕووخـاون و چەند دانەیەکی کەمیان نەبێ کە دە قل ڕەت ناکەن نەماون. لە نزیکیشیەوە سەرای میری وڵات و ئۆتێلێک هەیە کە کۆمپانیای نیۆن ـ ی ئینگلیزی بنیاتی ناوە و بە ناوی فیلادلفیای شاری کۆنەوە ناو نراوە.

٣ - عەممانی نوێ:

عەممانی ئەمڕۆ شـارێکی تازە گەشە کردووە، ئاوەدانیی بەسەر ئەو گردانەی دەورەی دۆڵەکانیان داوە بڵاو بوونەتەوە. لوولەی ئاو لە سەرچاوەی جۆگەوە گەیشتووەتە ماڵان و شەقامەکانیان بەرین بوونەتەوە و قـیرتاو کراون و بازرگـانی گەشـەی کردووە و ژمـارەی دانیشـتـووانی بە وانەوە وا لە دیمەشق و بانیاس و دێیەکانی ڕۆهەڵاتی ئوردن و جێی ترەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی هاتوون زیادی کردووە و دوو کارگەی تووتن " جگەرە " و خانەی سینەمایەکی لێ دروست کراوە.

یەکـەم کـەس کـە بنیـاتیـان ناوەتـەوە چەرکـەسـەکـان بوون کـە دۆڵی نزیکی ئاویان بۆ نیشتەجێبوونیان هەڵبژاردووە، دا خۆیان لە پێکدادانی لەگەڵ ئەو ڕەوەندانەی لە دەوروبەری شاردا بوون دوور ڕابگرن.

چەرکەسەکان لە نەتەوە ڕەسەنەکانی قەفقاسن و نیشتمانیان باکووری ڕۆئاوای قەفقاسە و ئەمڕۆ دوو کۆماری کۆمۆنیستیان لەوێدا هەیە (١) قەبردینۆ - بەلقار و (٢) ئەدیغە - چەرکەس.

یەکەمیان ساڵی ١٩٢٤ پێکهاتووە و دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٢٦ی زایندا. بەر لە سەدەی هەژدەم وڵاتەکەی ئەمان و وڵاتەکانی تری قەفقاس سەر بە دەوڵەتی ڕووسیا نەبوون، لەم سەدەیەی ئێستادا دەوڵەتی ڕووسیا دەستی بە هێرشبردنە سەر قەفقاس کرد و تا ناوەڕاستی کۆتایی سەدەی نۆزدەم داگیرکارییەکەی پێ ئەنجام نەدرا. چەرکەسەکان و ئەوانی تری موسڵمانانی قەفقاس ئازایەتیی زۆریان لەم شەڕانەدا نواندووە، بەڵام زۆری و هێزی دوژمنیان ماندوویانی کرد و دەوڵەتی عوسمانیش لە " جیهادیاندا " تەنیای خستن و بەریتانیاش وازی لە پشتگیریکردنیان هاورد، کە بە نهێنی بەڵێنی پێیان دابوو، بەمجۆرە ڕووسیا وڵاتەکەیانی داگیر کرد و هەموو زۆردارییەک و کارێکی دڕندانەی لەگەڵ منداڵە بێتاوانەکان و ژن و پیاوانی بێچەکدا ئەنجام دا، بەرامبەر بەمەش جگە لە کۆچکردن بۆ وڵاتەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و جێهێشتنی ئەو وڵاتەیان کە خۆیان لە پێناوی بەرگریکردنیدا بەخت کرد هیچیان پێ نەکرا و هۆزەکانیان لە ساڵی (١٨٦٤)ەوە یەک بە دوای یەکدا دەستیان بە کۆچ کرد . ژمارەی ئەوانەی دەرچوون بە نیو ملیۆن دادەنرێ، ئەمڕۆکە زۆربەیان لە ویلایەتەکانی ئەنادۆڵی وڵاتی کۆماری تورکیا و قەزای قونەیتەرەی سەر بەدیمەشق و شوێنانی تری قەزاکانی سووریای باکور و عەممان و چەند گوندێکی سەر بە لیوای بەلقائی وڵاتی ڕۆهەڵاتی ئوردندا دادەنیشن. ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەم میرنشینییەدا (*) _ هەرچەند لە دە هەزار کەس پتر نین _ زمان و شێوەی جلوبەرگ و داوونەریتی خۆیان پاراستووە. بە سوارچاکی و شەنگ و شۆخی و حەز لە کار کردن و دەستپاکی و خاوێنیی ناوماڵ و تەڕپۆشی تایبەتمەندن. تاسەی گەڕانەوەشیان بۆ نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆیانیان هەیە. لە ئەنجوومەنی یاسادانانی ئوردونیدا لە کۆی بیست و یەک ئەندام دوو ئەندامیان هەیە و کۆمەڵەیەکی خێرخوازیشیان هەیە، ئامانجی هاوکاریی دەستکورتانیان و پێوەندیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریکردن بە چەرکەسەکانی وڵاتانی ترە. زمانیشیان نە سامییە و نە مەنگۆلی، بگرە یەکێکە لە زمانانی تیپی قەفقاسی ڕۆژئاوایی (Indo european) و لە زمانە ئارییەکان نزیکترە، کە لە هەندێک بنکەی گەردانکردندا هاوبەشن بە تایبەتی لە ئامرازی کۆدا، کە لەلایاندا (ها)یە وەک ئەوەی لە فارسیدا هەیە و هەروەها لە پێکهێنانی چاوگدا کە کۆتاییی بە نوون هاتووە، وەک لە فارسی و کوردی و ئەڵمانیدا هەیە، هەروەها لە کاری بوون_دا کە لای ئەوان یان (ت) یان (س)ە و بەرامبەرەکەی لە فارسیدا (است) و لە کوردیدا (ات) و لە ئینگلیزیدا (is) و لە فرەنسیدا (etre) و لە ئیتاڵیدا (essere) و هەروەها لە تاک تاکەی وشەگەلێکیشدا هاوبەشن و کۆمەڵێکم لەوانە کۆ کردووەتەوە کە بەگۆکردنیش و واتاشیانەوە لەیەک دەچن.

بۆ ئاسانکردنی گۆکردنیش وا باشە خوێندەواران سەرنجی ئەوە بدەن کە (x) بەرامبەرەکەی (خ)یە و (x)ی یەک خاڵ بەرامبەر (غ)یە و (x)ی دوو خاڵی بەرامبەرەکەی (ح)ی یۆنانی و ئەڵمانییە و (٣) بەرامبەر بە هەمزەیە و (c) بەرامبەر (ج)ەو (ç) بەرامبەر (چ)ە و (_) بەرامبەر (ش) و (E) بەرامبەر (AI)ی ئینگلیزییە و (_) بەرامبەر (u)ی ئینگلیزییە و (u) کە هەشت ()ی لەسەرە بەرامبەر (oo)ی ئینگلیزییە و لە خوارەوە هەندێک لەمانەتان بۆ دادەنێین:

| Çircasian | Kafiri | Kurdi | English | German | Persian | Afgani | Arabic |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Adam | Dai | | | | | | أب |
| Ban | | Ban | Bane | | | | صياح/نداء |
| Bee | | | Bje | | | | نحلة |
| Bo | | Ramis | | | Bus | | البوس/القبلة |
| Bze | | Ziman | | | Zeban | Zabe | لسان |
| C3ale | | Çéli | Child | | | | طفل غلام |
| C3en | | Zanin | Ken | | | | المعرفة |
| Cakx | | C3axwe | | | | | حسن جميل |
| Ci - cih | | C3igu | | | | | مكان ارض |
| | | | | | | | قشعريرة |
| Çile | | Çile | Chill | | | | البرد شديد |
| Çipxle | | Chips | | | | | قطع خشبية |
| Dane | | Ta | | | | | خيط |
| Daxe | | | | | | Tixeé | جميل |
| Dixe | | Tav | | Ta | | | شمس |
| | | | | | | | لص |
| Dux | | Diz | | Dib | | | |
| Eda | | Edi édin | Then | | | | إذن |
| Guse | | Dergus | | | | | سرير مهد |
| Gerez | | Gerin | | | | | جولان |
| Hel | | | Wheel | | | | عجل |
| Juwe | | Zu | Soon | | Zud | | سرعه/باكر |
| Kate | Kate | | | | | | صيف |
| Ku | | Kur | | | | | عميق |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Ketu | | Ketik | Cat | | | | قطه |
| Mate | | | Mat | | | | حصيرة |
| Maze | Mas | Meh | Month | | Mah | | شهر |
| Pe | | | Place | | | | موضع |
| Qwa | | Çu | Go | | | | ذهب يذهب |
| Se | Zu | Şir | | | Şir | | حليب |
| Sta | | | Stay | | | | بقي |
| She | Sha | Ser | | | Ser | | رأس |
| Tse | Dont | Didan | Teeth | | | | أسنان |
| Ta | | Da | | | | | أعطي |
| The | Dé | Xwe-dé | Cood | | Xuda | | الله |
| Wes | Wash | | | | | | مطر |
| We | | Ewr | | | | | سحاب |

٤- عەممان (١١) تەمووزی ساڵی ١٩٣١ی ز:

قیتارەکەمان لە عەممانەوە دەرچوو، زەویی بەرەو دیمەشق دەپێچایەوە، ڕەسیفەی یەکەم وێستگەی دوای عەممانی جێ هێلا، دانیشتوانی چەرکەسن و فۆسفات و ئاوێکی زۆری لێیە. ئینجا زەرقای ڕەت کرد کە دووەم ئێستگەیە و دانیشتوانی چەچانی قەفقاسین و هێزی سەرسنووری ڕۆهەڵاتی ئوردن کردوویەتییە ناوەندی خۆی. ئینجا قیتارەکە بە مەفریقدا ڕەت بوو کە دانیشتوانی " مەغریبین " و وا دەزانرێ ببێتە ناوەندێکی بەبایەخ لە ناوەندەکانی لوولە نەوتەکانی عیراق. ئینجا بە سێ وێستگەی گچکەدا ڕەت بوو دوای ئەوە گەیشتینە دەرعای بەیەک گەیشتنی هێڵەکانی دیمەشق _ حەیفا _ عەممان. ڕێبواری ئوردنی و هی تر پێویستە پەساپۆرتەکەی دەربهێنێ و نیشانەی تەماشاکردنی لەسەر دانرێ بەر لە چوونە ناو خاکی سووریا و نێوانی عەممان و دەرعا سەت کیلۆمەترە.

لە دەرعاوە بەرەو باکور ڕۆیشتین و بە کەلاوەی غەزالەدا ڕەت بووین کە بەهاندانی دەستوپێوەندەکانی شا فەیسەڵ، " عەلائەدین بەگی دورووبی "ی سەرەک وەزیرانی حکوومەتی سووریا و عەبدوڕەحمان پاشای یووسفی کورد "ی سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاوێژ " شوورا " حۆرانییەکانی لێ کوژران. ئینجا بە "ئەدروع "دا ڕەت بووین کە فرەنساییەکان دوای شۆڕشی

سووریا، کردوویانەتە بنکەیەکی هەندێک لە تیپەکانیان، ئینجا بە خەبەب و موسەممییە و دێر عەلی کە گوندێکی درووزەکانە لە قەزای "وادیلعەجەم"دا. مستەر تۆمسن Thomso ـی خاوەنی کتێبی (The Lanof anuf the Book) پێی وایە ناوی دێری بۆیە لێ نراوە، دراوەتە پاڵ دێرێکی دێرین کە ئەو نووسینە یۆنانییانەی تێیدایە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە هی هاوڕێیانی مارشیۆنی هەرتووقییە کە ڕەسەنی دەچێتە سەر شارۆکەی سینۆپی سەر دەریای ڕەش. بڕوای بە تەورات و ئینجیلی لۆقا هاوردووە و ژیانەوە و ڕێنوێنییە ئەرتۆدۆکسییەکانی تری ڕەت کردووەتەوە، بۆیە لە برایەتیی خرستیانی " نەسرانی " بێبەش کراوە. دوا وێستگەی بەر لە دیمەشقیش کوسوەیە کە گەورەترینی گوندەکانی " وادیلعەجەم "ە، زێی ئەعرەج زەوییەکانی ئاو دەدا.

## سەرنجێک لەبارەی دیمەشق-ەوە

### مێژووی بەر لە ئیسلامەتی

دیمەشق دەمەسک-ی ئارامیی پایەتەختی ئارام دەمەسک-ە. بەپێی گێڕانەوەی " یوسیفۆس " یەکەم کەس کە بنیاتی ناوە، ئوزین ئارامی نەوەی سامە و شایەکانیان نازناوی " هودەد عەززەر"یان دراوەتێ، میسرییەکان و ئاشوورییەکان و بابلییەکان و غارسەکان هێرشیان بردووەتە سەری و کەوتە بەردەستی هەر هەموویان. ساڵی ٣٣٣ی پ. ز -یش خۆی دا بەدەستی پارمیۆی سەرکردەی ئەسکەندەری مەکدۆنی و ئینجا کەوتە دەست ڕۆمانەکان و ئینجا بیزەنتییەکان. لە ڕۆژگاری ئەمانیشدا بووژاوەتەوە و بووەتە بنکەیەکی سەرەکیی بەبایەخی سووریا. پۆمپێ کردییە بنکەیەکی پێشوازیکردنی باڵیۆزەکانی سووریا و یەهوودا.

لە دەوروبەری ساڵی (١١٠ - ١٢٠ی. پ. ز) دا خەڵکی دیمەشق کەوتنە ژێر دەسەڵاتی نەبەتییانی خاوەنانی بەترا. لە سەردەمی مالقۆس-دا نەبەتییەکان بێهێز بوون و دیمەشقیان لەدەست دا. ئینجا ساڵی ١٠٦ی زاین لە سەردەمی تراجان _دا دەوڵەتەکەیان تێدا چوو. وڵاتەکەیان بووە وڵایەتێکی سەر بە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی. لە ساڵی ٦١٣ _ ٦١٤ی زاینیشدا دیمەشق کەوتە دەست کیسرا پەرویز و دواتر، ساڵی ٦٢٦ی زاین هیرەقل (هەرقل) لێیانی سەندەوە. لە ساڵی ٦٣٦ی زاین / ١٤ ی کۆچیشدا عەرەب لە یەرمووکدا هێرشیان کردە سەر ڕۆماییان و بەزاندیانن و ئینجا ڕۆم لە " مورج سەفەر "ی نێوانی دیمەشق و جۆلاندا خۆیان کۆکردەوە بەڵام دیسانەوە شکستیان خوارد، ئەبوعوبەیدەی جەڕاح تا دیمەشق بە دوویان کەوت و لێرەدا _ هەروەک گیبۆن " دەیگێڕێتەوە، حەفتا ڕۆژ گەمارۆی دا و ئینجا نیوەی بەزۆر گرت و نیوەکەی تری بە ئاشتەوایی و عومەری کوڕی خەتاب _ی جێنشینیش گشتی بە ئاشتەوایی دانا و حەوت شوێنی بۆ پەرستن و نیو کڵێساشی بۆ یۆحەننای قدیس دانا. (خطط الشام)

ساڵی ٤٠ ی کۆچی کە کارەکە بۆ ئومەوییان دابین بوو کردییانە پایەتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی ئیسلامی کە لە ڕۆهەڵاتدا تا هیندستان و لە ڕۆئاوادا تا ئۆقیانووسی ئەتڵەسی ڕادەکشا. یەک لە شوێنەوارەکانی ئەوێیان مزگەوتی ئومەویی بەناوبانگە. ساڵی ١٣٢ی کۆچیش کەوتە دەستی عەبدوڵڵای کوڕی عەلی _ی مامی ئەبولعەباس ئەلسەففاح و بەمەش گواسترایەوە بۆ عەباسییان. ساڵی ٢٦٤ی کۆچی ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن _ی تورک، ئەوەی دەوڵەتی تۆڵۆنیی لە میسر و شامدا بنیات ناوە دەستی بەسەردا گرتووە. ساڵی ٣٢٣ی کۆچیش محەمەدی کوڕی تۆغوجی تورک کە نازناوی ئیخشید بووە لە دیمەشق جێگیر بوو، دوای ئەوەی لە دەست محەمەدی کوڕی ڕائیق _ی نوێنەری جێنشینی عەباسیی دەرهێنا، ساڵی ٣٣٠ی کۆچی محەمەدی کوڕی یەزدادی شارەزووریی کوردی لەسەر دانا. دوای ئەوە بەچەند ساڵێکی کەم سەیفولدەولەی حەمدانی دەستی بەسەردا گرتووە و لە ساڵی ٣٣٥ی کۆچیدا بۆ ئیخشیدییەکانی بەجێ هێشت، دواتر ساڵی ٣٦٨ی کۆچی لەشکری فاتیمییان لە ئەفتەکین –ی کارمەندی ئیخشیدییانی وەرگرتەوە و بەدەست فاتیمییانەوە بووە تا ئاتسز _ی تورکمانی سەلجووقی ساڵی ٤٦٨ی کۆچی بە ئاشتەوایی لە دەستیانی دەرکرد و لێدوانی بۆ عەباسییان تێدا بە خوێندن دا ئینجا کەوتە دەست تاغتەکین ئەتابەگ و ٥٢ ساڵ بەدەست دەوڵەتەکەیەوە بوو. ساڵی ٥٤٩ی کۆچی نوورەدینی زەنکی کە ئەمیش لە سەلجووقییان بوو دەستی بەسەردا گرت و لە ڕۆژگاریدا ئاوەدانیی پتر بوو و خانەی نەخۆشخانەکان و مزگەوت و قوتابخانەی تێدا زۆر بوون. ساڵی ٥٦٩ی کۆچیش نوورەدین مرد و بە مردنیشی فەرمانڕەوایی سەلجووقییان لە شامدا کۆتایی هات و دیمەشق دوای ساڵێک کەوتە دەست ئەو کوردانەی دەوڵەتی ئەیووبییان دامەزراند. لە ساڵی ٦٥٨ی کۆچیشدا هۆلاکۆی تەتەر چووە سەر دیمەشق و دوای ئەوەی بەسەر ئەلناسر یووسف _ی دوا شای ئەیووبییاندا سەرکەوت داگیری کرد. ئینجا بۆ بەرگری لە تەتەر، کۆیلەمەند (مەمالیک)ە تورکەکانی سوڵتانانی میسر پەیمانیان لەگەڵ ئەو شایە ئەیووبییانەی شامدا بەست کە مابوونەوە و لە " عەین جالووت "ی نێوان بیسان و نابولسدا بەیەک گەیشتن و بەسەریاندا زاڵ بوون و دیمەشق و وڵاتی شامیان لێ گەڕاندەوە و کۆیلەمەندەکان خستیانە سەر دەوڵەتەکەیان. تەتەر لە ساڵی ٦٩٩ی کۆچیدا هێرشەکەیان بە سەرکردایەتیی غازان خان _ی نەوەی جەنگیز خان دووبارە کردەوە و گرتیان و زۆربەی خانووەکانی ساڵحییە و شاغوور و دەوروبەریان تێک دا و چوار مانگ بە دەستیانەوە مایەوە و ئینجا بۆ کۆیلەمەندە تورکەکانیان جێ هێشت، کە تا ساڵی ٧٨٤ی کۆچی بەدەستیانەوە بووە. ئینجا کەوتە دەست کۆیلەمەندە چەرکەسەکان کە دوای ئەوان حوکمیان کەوتە دەست.

لە ساڵی ٨٠٢ی کۆچیشدا تەیمووری لەنگ بەسەر شامدا هات و هەموو شارەکانی کەوتنە دەست جگە لە فەلەستین و لیواکانی مەعان و کەرەک لە ڕۆهەڵاتی ئوردن. دیمەشقی نەکەوتووەتە

دەست تا داوای گفتوگۆی ئاشتەواییی لەگەڵ دانیشتوانیدا نەخواست، بە دەمیەوە هاتوون بەڵام فریوی دان و بەزۆر چووە ناویەوە و هەشتا ڕۆژی تێدا مایەوە کە لەم ماوەیەدا خەڵکی دیمەشق بەدکارییان زۆریان لە دەستبینی و دەستدرێژیی ناموسیان لێ کرا و خەڵکێکی زۆریان لێ کوژرا و گەلێکیش لە برسان مردن و ئافرەتیان بەدیل بران و شارەکە سووتێنرا و ئاگرەکە سێ ڕۆژ و سێ شەو درێژەی بووە، ئینجا بەهۆی نەخۆشییەکەوە کە تووشی بوو جێی هێشت و کۆیلەمەندەکان گەڕاندیانەوە و تا ساڵی ٩٢٢ی کۆچی بەدەستیانەوە بوو. کە کەوتە دەست عوسمانییەکان کە ساڵی ١٩١٩ دوای ٤١٤ ساڵی فەرمانڕەوایی ناچار بوون بیدەنە دەست هێزە عەرەبییەکان و لەشکری بەریتانیایی.

لە ئاداری ١٩١ی زاین ئەندامانی کۆنگرەی سووریایی لە دیمەشق کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا:

(١) سەربەخۆییی دیمەشق لەناو چوارچێوەی سروشتیدا لە باشووردا لە نیمچە دوورگەی سیناوە تا چیای تۆروس لە باکور و لە ڕۆهەڵاتیشەوە لە دەشت " بادییە "ی شامەوە تا دەریای سپیی ناوەڕاست لە ڕۆئاوادا، بەبێ پارێزگاری و چاودێریی " ئینتیداب "، یان هەر جۆرە دەست تێوەردانێکی بیانی.

(٢) شایێتیی میر فەیسەڵی کوڕی شا حوسێنی شای حیجاز بەسەر تەختی سووریادا.

(٣) خزمەتی سەربازی بکرێتە تەوزیمی.

هەریەک لە ئینگلتەرا و فرەنسا ڕەتیان کردەوە ئەم بڕیارە بە ڕاست دابنێن و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بەریتانیا سەربازەکانی خۆی لە سووریا بباتە دەرێ، بەمەرجی ئەوەی سەربازی فرەنسی نەچنە ناو چوار شاری _ حەڵەب و حەما و حیمس و دیمەشق _ کە ئەوە دەگەیەنێ لەسەر پەسندکردنی شایێتیی فەیسەڵ بەسەر ئەم بەشەی سووریادا ڕێک کەوتوون.

لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٠ی زایندا جەنەراڵ غۆرۆی فرەنسی بە شا فەیسەڵی ڕاگەیاند کۆتا بە خزمەتی سەربازی بهێنێ کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٩دا بۆ یەکەم جار لە سووریا دەست بەجێبەجێکردنی درابوو و هەروەها چاودێریی فرەنسا بەسەر سووریاوە پەسند بکا. ماوەی وەڵامدانەوەی ئەم هۆشدارییەش ٢٤ سەعات بووە، دواتر بۆ ئەوەندەی کە درێژ کراوەتەوە. کاتێک وەڵامەکە دواکەوتووە، لەشکری فرەنسا لەسەر هێڵی ئاسنینی بەیرووت- دیمەشقدا پێشڕەویی کرد و لە مەیسەلووندا لەگەڵ سەربازی سووریاییدا پێکیان دادا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و هەڵشانەوەی بەرەو دیمەشقی درێژە پێ دا و لە ٢٤ی تەمووزدا چووە ناویەوە و سەربەخۆییی سووریای لەناوبرد و خستییە ژێر چاودێری.

دیمەشق:

دەمەوئێوارە چوومە ناو شارەوە، چەند ڕۆژێکی تێدا مامەوە بۆ توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و توانیم لەم ماوەیەدا سەردانی ساڵحییە و مورجە و مەیدان بکەم، ئێستاکە باسی

بینراوەکانم دەکەم و بە ساڵحییە دەست پێ دەکەم:

سالحییە:

باشترینی بەشەکانی دیمەشقە، لە لاپاڵی قاسیوون-دایە و لە شەقامی بەغدا و عەرنووسەوە دەست پێ دەکا. ئەوەی سەری لێ بدا دەبێ بە مورجەی ناوەندی شاردا تێ بپەڕێ، ئینجا ڕوو بکاتە لای باکور کە لە ڕێیدا باخچەگەلێکی بە خشت سوورەوەکراو دەبینێ بە دوو جۆباری تۆرا و یەزید ئاو دەدرێن کە لە ڕووباری بەرەدا (باردین)وە دێن، بەشی هەرە زۆری سالحییەش لە دەشتاییی شار و باخچەکانی بەرزترن و بە کەشە خۆشەکەی و بینا گەورەکانیەوە بەناوبانگە کە بەسەر لاپاڵی چیای قاسیووندا پەرت بووە و ئەم بەشەش دوو گەڕەکە:

(١) گەڕەکی کۆچەران و دانیشتوانی لە دەسترۆکانی دیمەشق و تێکەڵەیەکی تورک و چەرکەس پێک هاتووە.

(٢) گەڕەکی کوردان " حي الاكراد "، کە دانیشتوانی هەر هەموو کورد و ئەم گەڕەکە بینای گەورە و نۆژەنکراوی تێدا نییە وەک گەڕەکی یەکەم. خەڵک لە مانگەکانی هاویندا لەم بەشە و شوێنی تری دیمەشقدا، بەسەر ڕۆخەکانی ڕووبار و ژێر سێبەری داراندا بڵاو دەبنەوە. دیمەشقییەکان لە قرچەی گەرماوە هەڵدێن و زۆربەیان خۆراکیان لەگەڵ خۆیان دەبەن دا ڕۆژەکەیان لەوێ بەسەر ببەن.

مورجە:

گۆڕەپانێکی جوانی سەر ڕۆخی دەستەڕاستی بەرەدایە، سەوزایی دای پۆشیوە و مورجەی حەشیش "مێرگی گیا "ی پێ دەگوترێ، ئەمەش لە گۆڕەپانە گشتییەکە جودایە، دیمەشقییەکان بە پیاو و ژن و منداڵەوە بۆ ڕابواردن و حەساندنەوەی دەروونیان دەچنە ئەوێ و لەبەری ئەوبەریشیدا تەکیەی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیی لێیە کە لە سەدەی شازدەی زایندا بنیاتی ناوە و لە سەردەمی دواییی سووریادا بووە بەشێک لە زانکۆی سووریایی.

مەیدان:

ئەمە بەشی باشووری دیمەشقە، خوێنی عەرەبی بەسەر دانیشتوانیدا زاڵە و هەروەها زۆرترینی ئەو دیمەشقییانەن کە بازرگانی لەگەڵ ناوەوە و تیرە ڕەوەندەکاندا ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەمانە لە شارەکانی حۆران و ڕۆهەڵاتی ئوردندا چینی بازرگانانن. شۆڕشی دواینی ساڵی ١٩٢٥ی سووریا زیانی بەم بەشە داوە و زۆربەی بیناکانیان بە بۆمباکانی فەرەنسا ڕووخاون. بیناکانیشی هەروەک زۆربەی بیناکانی دیمەشق لە قوڕ و تەختە پێکهاتوون، بۆیە کاریگەریی بۆمباکانی تێدا گەورە بووە.

ئەوەی کە بیەوێ گەشتەکەی لە دیمەشقدا کۆتا پێ بهێنێ لە مەیدانەوە بەرەو گۆشەی شوورەی

باشووری ڕۆهەڵاتی شار ڕێ دەکا و بەلای باکورییەوە بە دەرگەی گچکە " الباب الصغیر " دا تێ دەپەڕێ کە یەک لە دەرگەکانی دیمەشقە و ڕێی بەرەو گۆڕستانی گەڕەکە نزیکەکانە، ئەم بینایەی ئێستای ئیسلامییە و دەڵێن: یەکەم جار ڕۆمانەکان بنیاتیان ناوە و لە گۆشەی باشووری ڕۆهەڵاتەوە کە زۆر لە دەرگەی " کەیسان " ەوە تا دەرگەی ڕۆهەڵات " الباب الشرقی " ڕێ دەکا، کە بینایەکی بەردینی بە ڕەسەن ڕۆمانییە. ئەم دەرگەی ڕۆهەڵاتەش شەقامێکی درێژ بە شارەوەی دەبەستێ و بە گەڕەکی خرستیانان و جوولەکاندا ڕەت دەبێ. بە کورتی شارەکە شارێکی ڕۆهەڵاتیی ئاپۆڕە بە خەڵک و ناوەندێکی ڕۆشنبیریی عەرەبییە لە سووریا و بە پیشەسازی چنراوە ئاوریشمییەکان و کەلپەل و زێڕنگەری و دەفری مسین و زینە ڕۆهەڵاتییەکان بەناوبانگە.

## ئەدەب و زانست لە سەردەمە ئیسلامییەکاندا

ئەدەب و شیعر لە سەردەمی ئومەویدا لە دیمەشق بەهەرمێن بووە، چونکە جێنشینەکانی ئومەوییان بۆ پڕوپاگەندەی چەسپاندنی بنکەکانیان بەکار هێناون. ئینجا خانەیەکی وەرگێڕان و عەرەباندن لە زمانانی یۆنانی و نەبەتی و سریانی و فارسی ـیەوە دامەزراندووە و کتێبەیلی هونەری لە نۆشداری و ئەندازیاری و فەلسەفە و کیمیاوە وەرگێڕراوە.

کە دەوڵەتی ئومەوییانیش لەناوچوون زانا و وەرگێڕەکان گواستیانەوە بەغدا، کە پشتگیرییەکی کردەنییان لە جێنشینانیان و ئازادییەکی فراوان و لێبووردەییی گەورەیان لەوێ بینی. بەمەش ماوەیەک ئەدەب و زانستی تێدا کز بوو و دواتر لە سەردەمی حەمدانییاندا ئەدەب و شیعر، زانستیش لە سەردەمی زەنگییان و ئەیووبییاندا بووژایەوە. لەم سەردەمەدا زاناکان لە هەموو بنەچە ئیسلامییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکیانەوە کۆ بوونەوە و کێبەرکێیان لە خزمەتکردنی زانستدا دەکرد کە ئەمانە عەرەب و کورد و فارس و تورکیان تێدا بووە و سێ قوتابخانەی نۆشداری و قوتابخانەیەکی ئەندازیاری و چەندێک بیمارستان " نەخۆشخانە " و قوتابخانەی ئاینی " مەدرەسە "ی تێدا دروست کردووە.

لە سەردەمی کۆیلەمەندەکانیشدا پێشەنگەکانی داکەوتنی ئەدەب و زانست هێدی ڕێی دەکرد ئینجا لە سەردەمی عوسمانییاندا گەلێک زیادی کرد، وای لێ هات ئەگەر هەندێک بنەماڵە کاریان لە زانستە ئاینییەکاندا نەکردایە، خەریک بوو شار ببێتە بیاوان، بە نەمانی تورکە عوسمانییەکانیش هۆکاری داکەوتن لەناوچوو و حکوومەتی سووریا بۆ ژیاندنەوەی دەستی بە چالاکی کرد و قوتابخانەیەکی بۆ ماف و یەکی تری بۆ پزیشکی و هی تری بۆ مامۆستایان و چەند قوتابخانەیەکی ئامادەکاری بنیات نا.

**

بەشی دووەم

**دیمەشق – بەغدا**

دیمەشق ١٤ی تەمووز:

ئەمڕۆ سەعات حەوت و نیو بە ئۆتۆمۆبێلی دبش و عوکاش دیمەشقم بەرەو بەغدا جێ هێشت. بەشەقامی بەغدادا ڕەت بووم، ئینجا بە دەرگەی قەساع و بەگوندی جووبەردا. ئینجا بە حرستای سەر ڕێیەکی قیرتاوکراودا ڕۆیشتین تا دەرگەی قەساغ و لەوێشەوە بۆ حرستا بەسەر ڕێگەیەکی بن سێبەری دارستانی چڕ، کە بەبایەخەکەیان گوێز و زەیتوون و قەیسین. ماوەی بۆ ئەم گوندەش بە ئۆتۆمۆبێل نزیکەی بیست خولەک دەبێ.

دوای حرستا ڕوومان لە دەشتی " بادیە الشام " کرد کە درێژیی لە دیمەشقەوە تا بەغدا ٨٧٠ کم دەبێ، چەند وێستگەیەکی لێ لەلایەن دوو حکوومەتی سووریا و عێراقەوە دروست کراوە، یەکەمیان پاسگەی "خان ئەبی ئەلشامات "ی هەیە کە ئۆتۆمۆبێلی لێ ڕادەوەستێ و سەیری پاسپۆرت بۆ چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوە لە سووریا دەکرێ . ئینجا ساباتێک کە لەسەر ترۆپکێکی بەرزدایە ئامێری بێتەلی لێ دانراوە. دووەمیش ڕوتبەیە کە سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ گەیشتینێ، ئەمەش ئێستگەیەک و پاسگەیەکی هێزێکی پارێزگاریی عێراقیی لێیە پتر لە قەلا دەچێ، گۆڕەپانێکی چوارگۆشەیە و بینایەکی لە بەردی بەهێزکراو دەورەی داوە، بەشی باکوری ئوتێلێی کۆمپانیای نێرنی ئینگلیزیی لێیە ڕێبوارەکان زۆری تێدا دەحەسێنەوە. بەشەکانی تر لە فەرمانگەی پۆستە و وێستگەیەکی بێتەل و فرۆکەوانی پێک دێ.

بەشی هەرە زۆری لە بادییەی شام دەکەوێتە ناوچەی عێراق بە دوو لەسەر سێی دادەنرێ و سێ یەکەکەی تر لە سووریایە. بادییەش بیاوانێکە نە ئاو، نە درەختی تێدایە و چاو لە تراویلکە بەولاوە چاوی بە سەوزاییی تر ناکەوێ. نیو سەعات لە ڕوتبەماینەوە و ئینجا ڕوومان کردە ڕەمادی، کە دووەم ئێستگەیە و لە سەرڕێماندا بە عەرەبە ڕەوەندەکانی کوبێسە کەوت. ڕەمادیش ناوەندی لیوای دلێمە، گوندێکی گەورەیە لەسەر ڕووباری فوراتدا، دارخورمای زۆر لێیە، حکوومەتی عێراق بنکەیەکی بۆ باجەکان و پاسگەیەکی پۆلیس و وێستگەیەکی ئۆتۆمۆبێل و فرۆکەی تێدا بنیات ناوە، هەروەها کۆمپانیای نێرنیش چێشتخانەیەکی لێ دروست کردووە. دوای ئەوەی کاروباری پاسپۆرتمان ئەنجام دا، بەرەو بەغدا بە ڕێماندا بەردەوام بووین لە ڕێگەی " ئوممووززوببان "ەوە بە هۆی لافاوی ڕووباری فوراتەوە و لەم شوێنەشدا بە عەببارە " ئامێری پەڕینەوە " لە فورات پەڕینەوە. ئەمەش پردێکە لەسەر دوو بەلەم دروست کراوە لە ڕووباردا لە ڕۆخێکەوە بۆ ڕۆخی تر دەچن. تەلێکیان پێوە بەستراوە بۆ ئەوەی ڕێڕەویان نەگۆڕن.

لەو زەوییە چێنراوانەی دەوری ڕووباریان داوە بەولاوە، ڕێگەی لە ڕومادییەوە تا فەلووجە نە ئاو نە ڕووەک نە مرۆیان لێ نییە. فەلووجە دێیەکی گەورەی سەر ڕووباری فوراتە، پاسگەیەکی پۆلیس

و قـوتابخـانەیەکی سـەرەتایی و حکوومـەتیی لێـیـە و لـە نێـوانی ئێـرەو بـەغـدادا لە کـێـڵـگەکـانی جـارسییـەی شـا فـەیسەڵ بـەولاوە هیـچی تـری لـێ نییـە، کـە جـۆران ڕەیحـانـە و گـوڵ و داری مـیـوە و سـایەداری تێـدایە. بەر لـەوەی بگەینە فـەلووجـە بە دێـی سـەقـلاویـیـەدا ڕەت بـووین ئەوە سـەرنجی ڕاکێشـام کە ئافـرەتەکانیـان چەناگەیان کوترا بوو، کوتانیش هێڵی ئەستوندییە لە دەمـەوە دەست پێ دەکا و تا دەگاتە کۆتـایی چەناگە، لە دوو سەرەتایـدا خاڵ هەیە و لووتیان خـەزێمی گەورەیان پێـوەیە، ئـەم ئافـرەتانە تـا ڕادەیەکی زۆر لە ئافـرەتـانی غـەور (قـوولایی)ی ڕۆهـەڵاتـی ئوردن دەچن. زەوییەکانیشیان شۆرەکاتە و لەو زەوییانەی نێـو پردی ئەللینبیی سـەر ڕووباری ئوردن و دەریای " مەییت " و ئەریحا دەکا.

بەغدا – ١٥ی تەمووز:

ئەمـڕۆ سـەعـات یازدەی بەر لە نیـوەڕۆ گەیشـتـینە بەغدا و ئـۆتۆمـۆبیلەکە لە ئێـسـتگەی هێڵـە ئاسنینـە گەورەکەدا ڕای گرتین کە نـاوەندی ئەو هێڵـە ئاسنینانەیە کە بەرەو باشـوور، بۆ بەسـرە دەچێ و بـەرەو باکـور بـۆ کـەرکـووک و بۆ ڕۆئـاوا بەرەو خـانەقین دەچێ، کـە جـانتـاکـانمـان دایە فەرمانبەری باج بۆ پشکنین، ئینجا بەسـەر پردی مۆددا چووینە ناو شار و لە مەیداندا لە ئوتێلێکدا دابەزیم. لەپێشـدا لەبەر جودایی شـێوەزمانی بەغدا لەگەڵ خزمەتکاری ئوتێل و هـی تر لە یەکتری گـەیشـتـنمـان زەحـمـەت بوو، بەهـۆی ئەوەوە کـە لە ڕابردوودا تـاک تاکـە لە زمـانەکـانـی ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست و نزیکەوە چووەتە ناویەوە و لە دوای جەنگی گەردوونیشەوە ئینگلیزیی تێکەڵ بووە.

گـەیشـتنە بەغدامـان لە گـەرمـترین دەمی هـاویندا بوو، بـۆیە تـا ئێـوارە نەمـتـوانی لە ئوتێل بچـمـە دەرەوە، خـۆ ئەگەر پانکە کـارەباییـیەکـان نەبووایە لەبەر گـەرمی نەمـدەتوانی لە ئوتێل دابنیـشـم. لەم کـاتەدا چوومـە دەرێ بۆ سـەردانی یاریدەری بـەڕێوەبەری گـشـتـیی نـاوەخـۆ و وەزیری کـارەکـان " ئەشـغـال " لە ئەعزەمییە، کە هـەردووکیان کوردن. ئۆتۆمـۆبێلەکە منی بەلای دەسـتـەڕاستی دەرباری شـاهـانەدا، بە شـەقامێکی جوانی قیرتاوکراودا برد، لە چەند چرکـەیەکدا گەیشتە " ئەعزەمییە "، کە ئارامگەی پێشـەوای هـەرە گەورە ئەبوحەنیفە (الامام الاعظم ابوحنیفة)ی لێیە بۆیە بە ئەعزەمییە ناو نراوە، خانووبـەرەیان هـەموو لە خشتی سوورەوەکراوی سوورە و لەسـەر شێوەی نوێ بنیات نراون.

سـەرم لە ساڵح زەکی بەگی یاریدەری بەڕێوەبەری ناوەخـۆم دا و ئارەزووی سـەردانی کوردستانی باشوورم پێ ڕاگەیاند، گەلێکی پێ خـۆش بوو و پێی باش بوو بەڕێوەبەری گشتیی ناوەخۆ ببینم بۆ ئەوەی فـەرمـانـی ئاسـانکاری بۆ ئەم سـەردانـە بدا، سـەردانی ئەمین زەکی بەگی وەزیری " ئەشـغـال "یشم کرد کـە کـتـێـبـێکی خـۆی بە کوردی لەبارەی کوردەوە پێشکێش کـردم تازە بەناوی (کورتەی مێژووی کورد و کوردستان)ەوە چاپی کردبوو.

ڕۆژی سـێیـەم بە عـەبدوڵڵا بەگ سـانـع –ی بەڕێوەبەری ناوەخـۆ کـۆ بوومـەوە و ڕێپـێدان " تەسـریح "ێکم بۆ گـەشـتێکی کوردسـتانی بـاشـوور لـێ وەرگـرت، یانیش وەک حکوومـەتی عیراق پـێی خـۆشـە بە (لیواکانی باکوری عێراق) ناو ببرێ. ڕۆژی چوارەم بەغدام بەرەو کەرکووک جێ هێشت. بەپێویستی

دەزانم بەر لەوەی باسی ڕێگوزاری بۆ کەرکووک بکەم باسێکی بەغدا بکەم و لە مێژووی بکۆڵمەوە، هەروەک لە باسی دیمەشقدا  کردم، بۆ ئەوەی بایەخی مێژوویی شایستە بەم شارە بدەم.

بەغدا:

شارێکی بە ڕووبارە بەدرێژاییی دیجلەدا پتر لە چوار کیلۆمەتر ڕادەکشێ و پانیی لە درێژییەکەی کەمترە، ئەگەر دیجلە نەبووایە جیاوازیی لەگەڵ ڕەوەندگەی شامدا نەدەبوو کە تا ئەوێ کشاوە. میوان لەپێشدا دەبێ سەر لە پردی بەلەمەکان بدا کە کەرخی بەری ڕۆئاوا بە بەشە هەرە گەورەکەی بەغدا دەگەیەنێ کە بە ڕەسافە ناسراوە، کەرخیش بەشێکە لە بەغدا، خانووبەرەی نوێ بنیاتنراوی لە تەک خانووەیلی کۆن کە بەباخەکانی دارخورما دەورە دراون، شەقامەکانیان ڕێکوپێک و قیرتاو کراون، تەلاری باوەڕ پێکراوی بەریتانیا و پەیکەری جەنەراڵ مۆدی لێیە کە لە جەنگی گەورەدا(*) بەغدای گرتووە. زۆربەی ئەم بینا گەورانەش بەسەر ڕووباری دیجلەدا دەنۆڕن و لەسەر ڕۆخیدان. ئاوی خواردنەوەش لەوەی ڕەسافە ڕوونتر و پاڵێوراوترە.

لێرەدا ئەم دێرە شیعرەم بیر کەوتەوە کە دەڵێ:

عیون المها بین الرصافه والجسر

جلبن الهوی من حیث ادری و لاادری(*)

ماوەیەک لەسەر پردەکەدا هاتم و چووم بە تاسەی ئەوەوە کە دیمەنێکم بەرچاو بکەوێ پاساوی ئەوە بداتەوە ئەم پەسنەی کردووە، پێم نەکرا، لەبەرئەوەی ئافرەتەکان بە عەباوە ئاڵابوون.

زۆربەی شەقامەکانی بەغدا تەریبی ڕووبارن و ناودارترینیان شەقامێکی درێژە هەر لە ئەعزەمییەی باکوری ڕۆئاواوە تا کەڕادە و هنێدی، کە دوو گەڕەکن لە گەڕەکەکانی بەغدا لە باشوور و باشووری ڕۆهەڵاتدا. هەروەها زۆربەی کۆگاکانی شار و خانە بازرگانییەکان لەبان ئەم شەقامە قیرتاوکراوەدان. بازاڕە دێرینەکانیش لەسەر شێوەی ڕۆهەڵاتی سەریان گیراوە و ئەندازەی زۆربەی خانووبەرەکانی بەغداش ئەوروپایین و بە کەرخ و ئەعزەمییە و کەڕادەدا بڵاو بوونەتەوە. ئەمەشیان دوا گەڕەکە لە بەغدا و خانووەکانی لەوانەی دیمەشق دەچن. مرۆ بەهەر لایەکیشدا دەچێ منارە و گومەزە.

هەروەها بەغدا وەک پایەتەختەکانی تر، ڕەگەزی جۆرەوجۆری لێیە و تایبەتمەندیی لەگەڵ هی تردا جیاوازییەکانی ڕەگەزەکانن. ڕەگەزی عەرەبیی سامیی تێدا باڵادەستە و سامییەکانی جگە لە عەرەب کە جوولەکەن بازاڕە بازرگانییەکان و سامانی وڵاتیان بەدەستەوەیە، ئینجا کلدان و ئاشوورییەکان و سریانەکان، بەرامبەر بەم برە سامییە برە ئارییەکی تر هەیە فورسەکان دەگرێتەوە، کە گەشتیار لە دوکانەکانیاندا دەیانبینێ مافوور و چنراوی فارسیی تر و شا دەفرۆشن لەشیان مەیلەو قەڵەون، هەروەها کور، لەشیان وەک خاوەنی کتێبی (لە کەنداوەوە تا ئەرارات)ی ئینگلیز پەسنیان دەدا، چاکترین نموونەی مرۆڤن کە زۆرینەیان ڕووخۆش و سپی

پێستن یەکەم جار پیاو بە سەکسۆن یان تێ دەگا. ژمارەیەکی زۆری کورد لە بەغدا هەن لە بازرگانیدا کار دەکەن و زۆریشیان فەرمانبەرن لە سوپا و فەرمانگە حکوومەتییەکان، هەروەها بەشێکیان هەیە کۆڵهەڵگری دەکەن و ڕەگەزێکی تریش هەن کە هیندین و هیندییەکانیش یان بازرگانن یانیش گەشتیاری ئارامگەی (عەبدولقادری گەیلانی)ن، ئەرمەن و ئاشوورییەکان لە جێی تایبەتی خۆیاندا نیشتەجێن کە بەشێکە لە زەوی لە دەرەوەی بەغدا، ئەوێیان بۆیە دراوەتێ بۆ ئەوەی لە دانیشتوانەکە دوور بن.

کە گەیشتمە بەغدا شار مانی گرتبوو، بۆ نارەزایی لە باجە گەورەکانی حکوومەت، بەڵام دوای گەڕانەوەی (نووری پاشا سەعید)ی سەرەک وەزیران لە ئەنقەرە، جودایی خستە نێو گەلەوە، باجە سەپێنراوەکانی سەر چینی گچکەی کەم کردەوە، کە زۆربەیان بازرگانی جوولەکە بوون، بەوەش بازاڕەکان پاش دوو ڕۆژی مانگرتن گەڕانەوە سەر چالاکییە بازرگانییەکانیان. ئەوساکە توانیم سەر لە گەڕەکە جوداجوداکان بدەم و یەکەم شتێکیش سەرنجی ڕاکێشام شێوەی جلوبەرگی ئافرەتان بوو، کە لە عەبا و پەچەیەک بۆ خۆپێچانەوە و خەزێم (لووتەوانە) لە لووت و خڕخاڵی زێڕ یان زیو لە پێدا و بە دەستەواژەیەکی کە شێوە جلوبەرگەکانی عێراقی عەرەب کۆنە وەک هەر شتێکی تری چیانی کۆمەڵایەتی. ئەگەر هەندێک لە ئافرەتانی چینی باڵا و کیژە قوتابییەکانی قوتابخانەکانیان لێ هەڵبوێرین.

ژوورەکانی میوان (دیوەخان) لای چینە مامناوەندییەکان و خوارەوە، جێدانیشتنی لە تەختەی لێیە، هاوینان کە گەرمایی زۆر دەبێ میوانەکانی لەسەر دادەنیشن. بەڵام چینە باڵاکان ڕایەخیان لە ڕایەخی دیوەخانانی وڵاتی شام، بە پانکە گەورەکان نەبێ کە بۆ کەمکردنەوەی گەرمی بەکار دەهێنرێن، جودا نین.

بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونیش لەبارەی خاوێنیی ناو کۆڵانەکانەوە بەدەستەوە بدەم، دەڵێم کە بە شەقامی گشتیدا ڕەت دەبووم گەلێک کەسم لە چینە هەژارەکان دەبینی لەبەردەمی دوکانەکاندا، لە سای میچەکانی چینە باڵاکاندا ڕاکشاون و زۆریشیان شەرواڵیان لە پێدا نییە و بە شێوەیەکی سەیر شووتی دەخۆن(*)، دوو کەرتی دەکەن و ئینجا بە دەست ناوەکەی دەردەکەن و ناوەکەی دەخۆن و توێکڵەکان توورەدەدەنە سەر شەقام و لێی پڕ دەبێ.

کۆڵانەکان کۆگەی پیساین، بۆیە جۆران نەخۆشی بڵاوە و مردنی زۆر لێیە بە تایبەتی لەناو منداڵاندا. لەبەر ئەوە کۆمەڵەیەک بۆ پاراستنی منداڵانی ئەو هەژارانە پێکهاتووە کە پێیان ناکرێ منداڵانیان دەرمان بکەن. شارەوانیش لەلای خۆیەوە بایەخی داوە و چەندین باخچەی لە مەیدان بۆ ئافرەتان و پیاوان و منداڵان بە جودا جودا دروست کردووە، بە شێوەیەکی جوان ڕێک خراون، خەڵکی بۆ سەیران دەچن لەژێر دارەکانیانیدا دادەنیشن بێ بەرامبەر، هیوام خواست کە لە وڵاتی ئوردنیشدا باخچەی وەک ئەمانە دروست بکرێن.

پیشەسازی و ڕستن و چنین

بەغدا بە ڕستنی کالاّ ئاوریشمینەکانی وەک عەبا و چارشێو و کووفییە(*) و قەنبیز(*) و چنراوە خوورییەکان بەناوبانگە، دوای جەنگی گەورە خەڵکی بەغدا بایەخیان بە کارگەکانی چنین و ڕستن داوە و دەستپێشخەریی دامەزراندنیان کردووە، فەتاح پاشا کە یەکێکە لە کوردە ناودارەکان کارگەیەکی ڕستن و چنینی لە تەک کازمییە دامەزراندووە کە سێیەمین شارێکی پیرۆزی شیعەکانە لە عێراق کە ئارامگەی هەردوو پێشەوا مووسای کازم و محەمەد ئەلجەوادی لێیە. ئەم جێیە گومەزی زێڕی هەیە لەبەر تیشکی ڕۆژدا دەبریقێتەوە و بەهای ئەو گەوهەر و بەردە بەنرخانەی لێن بە ملیۆنان جونەیە دادەنرێن. ئەو کالاّ خوورییانەی کارگەی فەتاح پاشا بەرهەمیان دەهێنێ لە هەموو لایەکی عێراقدا بەناوبانگە. حکوومەتی عێراقیش کارگەیەکی هەیە وەزارەتی بەرگری دای مەزراندووە بۆ ئاسنگەری و سەڕاجی و چاککردنەوەی پێداویستییە سەربازییەکان و چەکەکان، هەروەها کارگەیەکی تر هەیە فەرمانگەی بەندیخانان بۆ چنین و دارتاشی و بەرگکردنی کتێب، هەندێک لە پێداویستییەکانی سوپا و پۆلیس و قوتابخانەکان لە ڕایەخ و پۆشاک و گۆرەوی دابین دەکا. ئەو داو و بەنە ڕێسراوانەی لە چنینی ڕایەخدا بەکاری دەهێنن لە کارگەی فەتاح پاشاوە دەستیان دەکەوێ. هەروەها کارگەی تریش بۆ دڵۆپاندنی ئەلکوول و لۆکە شیکردنەوە و جگەرە دروستکردن دامەزرێنراوە و کارگەی بیانیشی لێیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و شیکردنەوەی لۆکە، کۆمپانیایەکی پەرەپێدانی لۆکەی بەریتانیایی دروستی کردووە و خانەیەکی پیشەسازی لە هنێدی بۆ لەشکری بەریتانیایی _ش هەیە.

زێڕنگەریش ب شێوەیەکی گشتی لە ئاستی زێڕنگەری و گەوهەرفرۆشیی دیمەشق نزمترە و بەدەست جوولەکانەوەیە. زیوگەریش سوببییەکانی بەدووکەوتووانی یوحەننای مەعمەدانی تێدا پسپۆڕن و ناوبانگی زۆریان تێیدا هەیە. سابیئییەکان یان سوببەکان وەک لێرەدا دەناسرێن زەوینەیەک لە عێراقی ڕۆژئاوادا پێک دەهێنن و زۆربەیان لە عیمارە و ناسرییە و سوقوششیووخ دادەنیشن و ئەوانی تر لە گوندەکانی لیوای مونتەفیک و عیمارە نیشتەجێن. ژمارەیان وەک لە جوگرافیای گشتیی عێراق _ی تەها هاشمی باس کراوە، بە هەشت هەزار دادەنرێن و هیچێکی ڕوونیش لەبارەی ئاینەکەیانەوە نازانرێ. ئەوەی باویشە ئەوەیە کە پاشماوەی ئارامییانی ئەستێرەپەرستانن و یەحیای پێغەمبەر - یوحەننای مەعمەدان-(*) بە پیرۆز دەزانن و خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشن، بۆیە دەبینی خانووەکانیان لە نزیک ئاوەکاندایە. وا دیارە پەرستنیان کۆمەڵێکە لە پەرستنە جیاجیاکان کە بنچینەییەکەی بزر بووە و خەڵکەکە دەستیان بە هەندێک لە فەرمانەکانی تریانەوە گرتووە بێ ئەوەی تێ بگەن یان هۆی دانانیان شی بکەنەوە. کاریشیان لە چوارچێوەی زیوگەری و چەکی بڕندە و کەشتی دروستکردن ناچێتە دەرەوە. ئەمانەش دەبنە چەند تیپێک و لە کاری ئاینییاندا دووی شێخەکانیان دەکەون.

## کورتەیەک لەبارەی مێژووی بەغداوە

مێژووی دامەزراندنی بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٥ی کۆچی یان ٧٦٢ی زاین. یەکەم کەسیش کە دای مەزراندووە (ئەبوجەعفەری مەنسوور) بووە کە کردوویەتییە بنکەی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی، ئینجا ئاوەدانی زۆرتر بووە و فراوان بووەتەوە و لە سەردەمی هارونە ڕەشیدی جێنشیندا گەیشتووەتە لووتکە و ئینجا کە موعتەسیم (سامەڕرا)ی کردووەتە بنکەی سەربازانی تورک، کەوتووەتە لێژی. لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی = ١٢٥٨ی زایینیشدا تەتەر چوونەتە ناو بەغدا و لە ٢٠ی موحەڕڕەمی هەر ئەو ساڵە موستەعسیم-ی جێنشینیان کوشتووە و دابەشیان کردووە و هەر سەرکردەیەک و لایەکی بردووە و شمشێریش ٣٤ ڕۆژی تێدا هەر لە کاردا بووە و خانەی جێنشینێتی و شارەکە بەتالان براوە و ئینجا، هەروەک دیمەشق سووتێنراوە ئەمیش سووتێنراوە و بەکوشتنی موستەعسیم جێنشینێتی لە بەغدا لەناو چووە.

بەغدا تا ساڵی ٧٩٥ی کۆچی، یان تا ئابی ساڵی ١٣٩٣ی زاین بەدەست ئەو تەتەرانەی نەوەی هۆلاکۆدا بووە کە چوونە ناو بەغدا. ئینجا تەیمووری لەنگ هاتووە و لە دەستی ئەحمەدی کوڕی وەیسی جلائیریی دەرهێناوە، کە هەڵاتووە و چووەتە میسر و پەنای بردووەتە بەر سوڵتان بەرقووق و بۆ داواکردنی وڵاتەکەی، ئەوەش لە بەهاری ساڵی ٧٩٦ی کۆچیدا بووە. چوونە ناو بەغدای تەیموورلەنگ ڕۆژی جەژنی قوربان بووە، کە فەرمانی بەسەربازانی خۆی دا و لە هەریەکێکیان داوای دوو کەللەسەری خەڵکی بەغدای کرد و کۆی کردنەوە و چەندین منارەی لێ دروست کردن و ئازووقەکانی سوڵتان ئەحمەدی پەرت کرد و سامانی دەوڵەمەند و هەژارانی بەغدای داگیر کرد و شارەکەی کردە چۆڵەوانی. لە ساڵی ٨٠٦ی کۆچیشدا قەرە یووسفی فەرمانڕەوای ئازەربایجان چووە سەر سوڵتان ئەحمەدی کوڕی وەیس و بەغدای لە دەست دەرهێنا، چووە حەڵەب ئینجا تەیموور هێرشی بردەوە سەر و داگیری کرد و قەرە یووسف هەڵهات چووە شام. بەغدا بە دەست تەیموور و خەلیلی کوڕی ئەمیر شای کوڕەزایەوە مایەوە، ئینجا کەوتە دەست تورکمانە قەرەقۆینلووە سەرکەوتووەکان و لە ساڵی ١٤١٠ی زاینەوە تا ١٥٠٨ی زاین بەدەستیانەوە بوو. لە سەردەمی دواییدا لە فەرمانڕەوایی قەرەقۆینلووەوە کەوتە دەست فارسە سەفەوییەکان و تا ساڵی ١٥٢٣ی زاین بنکەی والییەکانیان بووە.

هەر لەم ساڵەشدا زولفیقارخانی میری کورد بەیارمەتیی هۆزەکانی (کەڵهوڕ)ە کوردەکان، دەستی بەسەر بەغدادا گرت و تێیدا سەربەخۆ بوو و لێدوانی بەناوی سوڵتانە عوسمانییە سوننییەکانەوە بە خوێندن دا و سکەی بەناویانەوە لێ دا و فەرمانڕەواییەکەی شەش ساڵ درێژەی هەبوو تا شا تەهماسپ گەمارۆی دا و بە ڕێککەوتن لەگەڵ دوو برای زولفیقار کە ناپاکییان لەگەڵدا کرد، داگیری کرد.

ساڵی ١٥٣٤ی زاینیش سوڵتان سولەیمانی قانوونی دوای ئەوەی بەسەر لەشکری ئێرانیدا سەرکەوت چووە ناو بەغدا، چوونەکەشی بە ئارەزووی خەڵکەکەی بووە کە حاکمی شا تەهماسپیان

دەرکرد و سوڵتان چوار مانگی تێدا مایەوە کاروبارەکەی دەچەسپاند و ئینجا لە ڕێی مووسڵەوە گەڕایەوە ئاستانە.

ئینجا دواتر کەوتەوە دەست شا عەباسی ئێرانی و مایەوە تا لە ساڵی ١٦٣٨ی زاینیدا سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی گەڕاندییەوە. بەدەستیانەوە ماوەتەوە تا لە ١١ی ئاداری ١٩١٧دا لەشکرەکانی بەریتانیا بە سەرکردایەتیی جەنەراڵ مۆد چوونە ناوی. ئەمڕۆ بە یادی گرتنی پایەتەختی عەباسییانەوەی لە کەرخدا پەیکەرێک بۆ ئەم جەنەراڵە کراوە. لە ساڵی ١٩١٠ی زاینیشدا عێراقی عەرەبی شۆڕشی لە دژی بەرپا کرد و پێکدادان و شەڕ لەنێو شۆڕشگێڕان و سەربازی بەریتانیادا ڕووی دا و کۆتا بەوە هات کە حکوومەتی بەریتانیا داواکانی شۆڕشگێڕانی پەسند کرد، کە لە پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانیی کاتیدا چڕ کرابووەوە. ساڵی ١٩٢١ی زاین بەریتانیایی ڕاپرسییەکی خەڵکی وڵاتیان ئەنجام دا بۆ ئەو میرەی دەبێتە شایان و لەسەر دەنگ بە میر فەیسەڵی کوڕی شا حوسێن دان ڕێککەوتن و بە شای عێراقیان هەڵبژارد کە ئێستاکە لە عیراقی عەرەبی و کوردستانی باشوور پێکهاتووە و خاوەن شکۆ لە ٢١ی ئەغستۆسی ساڵی ١٩٢١ی زاین چووە سەر تەختی عێراق. دواتر کە باسی بەشەکانی کوردستانی باشوور و هەڵوێستی میرەکانیان بەرامبەر تورک و فارسەکان دەکەین، بە دوور و درێژی دێینەوە سەر باسی بەغدای دوای سوڵتان سولەیمانی قانوونی.

***

(*) مەبەست لە دەوڵەتی "نووری"، دەوڵەتی نوورەدین زەنگی و لە "سەلاحییە "ش دەوڵەتی "سەلاحەدینی ئەیووبی "یە.

(*) دواتر و تا ئێستاش "شانشینیی ئوردنیی هاشمی ".

(*) ڕەوەندستان "بادیە": لە بەدووی عەرەبییەوە هاتووە، بەدوو واتە ڕەوەند و کۆچەر، بادیەش ناوچەی ڕەوەند و کۆچەرانە. بۆیە منیش ڕەوەندستانم لە بەرامبەریدا دانا.

(*) مەبەست جەنگی یەکەمی جیهانییە.

(*) ئەمە یەک لەو شیعرە بەناوبانگانەی (عەلیی کوڕی جوهەم)ە کە بۆ (موتەوەککیل)ی جێنشینی دەوڵەتی عەباسیی گوتووە، واتە:

چاوەکانی مامز لە نێوانی پرد و ڕەسافەدا

ڤینیان هێنا کە دەزانم و ناشزانم لە کوێیان هێنا

(*) نووسەر کە باس دەکا دەڵێ (بطیخ) دەخۆن کە لەلایان بە (رقی) زانراوە، دیارە عەرەبی عێراق بە کاڵەک " گوندۆرە " دەڵێن (بطیخ – بەتتیخ) و بە شووتی " شامی، شفتی، زەبەش " دەڵێن (رقی – ڕەققی).

(*) کووفییە: سەرپۆشی پیاوانەی عەرەبانە، کە بە عگاڵەوە لەسەر دەکرێ.

(*) قەنبیز: جۆرە قەفتانێکە.

(*) مەعمەدان: واتە خۆلەئاوهەڵکێش.

* سکرتێری ئەنجوومەنی یاسادانانی ئوردنی

پێڕست


بارزانی لە سی و سێیەمین ساڵوەگەڕی کۆچکردنیدا. د. عەبدولحوسێن شەعبان ........ 3
کارتە کوردییەکانی سووریا. دێنیس ناتالی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەوبدلڕەحمان ........ 18
دادی قۆناغبەند: ئەزموونێکی عەرەبی لەناو ئەزموونە ناودەوڵەتییەکەدا. د. عەبدولحوسێن شەعبان ... 28
رووناکبیران و سیاسەت. ئەکرەمی میهداد ........ 62
پیاوێک و زمانێک. میر جەلادەت عالی بەدرخان ........ 87
چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو، لە سلێمانی. حەمەفەریق حەسەن ........ 90
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران – ئەڵقەی پێنجەم. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵلا ........ 102
ئەفسانەی کوردی لە نێوان دێرین و سەردەمدا. سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 115
فێمینیزم. ئەندریو هیۆد. لە فارسییەوە: گوڵباخ بەهرامی ........ 131
نووسینەوەی رەوشی چینەکانی بنەوەی ناو چین. لیاو ییمو. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 153
قۆناغە مەزنەکانی فەلسەفەی ئەورووپا. هاشم سالح. لە عەرەبییەوە: ئەردەلان عەبدوڵلا ........ 158
عەقڵی رەوشتی عەرەبی لای ئەلجابری. سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 166
نەمانی چینی مامناوەند هەڕەشەیە بۆ داهاتووی دیموکراسی. فرانسیس فۆکۆیاما ........ 180
بنەواکانی رۆژنامەوانی – بەشی چوارەم. بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ ........ 188
ئاخۆ NGOکان دەتوانن هەواڵەکان بگۆڕن؟ – بەشی دووەم. سیلڤیو وەیسبۆرد ........ 212
خەونە نمایشێک 'کۆرپەی ژانە بەسۆکانی ستریندباری'. دانا ڕەئووف ........ 237
بژی بارام حاجۆ. ئاغاله ........ 257
چۆنیەتیی پێشخستنی پێوەندی لەسەر کاردا. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی ........ 273
باوڵەکەی باوکم. ئۆرهان پاموک. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 281
فوزووڵی لەیلا و مەجنوون. حەمید ئەراسلی. لە ئازەربایجانییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 295
پێشوەچوونی مێدیاییەکان – بەشی سێیەم. رۆژنامەی ژورنالیستێن ........ 310
کەڤاڵە... فیستیڤاڵی فیلیپی و ئۆتێللۆ. دانا رەئووف ........ 346
چۆن دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێ – بەشی دووەم. بیوگرافیای ئامووس ئۆزە ........ 364
جوولەکەکان لە فرەنسا کۆچ دەکەن. جیل یارۆن. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵلا ........ 380
نەمانی سامانی نەوت لە لیبیا. میشاییل ڕۆل. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵلا ........ 385
لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی ئەفغانی عەتیقی رەحیمی ........ 390
فەرمانبەر و سیاسی. هیوا عەبدوڵلا ........ 397
تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای نووسینەکان – بەشی دووەم. ئیبن وەحشییەی نەبەتی ........ 407
لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ........ 420